حقيقة الليبرالية و موقف الاسلام منها

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی 64

د. عبدالرحيم صمايل السلمي



# حەقیقەتی لیبرالیەت و هەڵوێستی ئیسلام لەبەرامبەریدا

وەرگێرانی

زنیار عزیزخان مهاجر

بسم الله الرحمن الرحيم

# حەقیقەتی لیبراڵیەت و

# هەڵوێستی ئیسلام

# لە بەرامبەریدا

# حەقیقەتی لیبڕالیەت
# و
# هەڵوێستی ئیسلام
# لە بەرامبەریدا

نوسەر
د. عبدالرحيم صمايل السلمي
وەرگێڕانی
زێبار عزيزخان مهاجير
بڵاوکردنەوەی
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
خـەت
نـەوزاد کۆیــی
نەخشەسازی ناوەوە
هیوا کۆمپیوتەر
بــەرگ
محمد سيامەند
قەبارەی کتێب
٢٤x١٧ - (٧٦٤) لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦
تـیراژ
١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٥)
ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright © Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

# حەقیقەتی لیبڕاڵیەت

# و

# هەڵوێستی ئیسلام

# لە بەرامبەریدا

نووسینی : د. عبدالرحیم صمایل السلمی

بەکوردی کردنی : زێبار عەزیزخان مهاجیر

التفسير

# مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین.
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابوونی ئیسلامین.
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەندو بۆچونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی.
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێزتر بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد، تا توانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە.

دەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە، مەرجیش نییە ئێمە پابەندی هەموو بیرو بۆچونەکانیان بین.

با دەستوریشمان لەوە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت:

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای زانا و خاوەن توانا، درودو سڵاو بڕژێ بەسەر پێغەمبەری خاوەن پەیامی ڕەوا و، بەسەر خانەوادە و یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی جیاکردنەوەی ڕەواو ناڕەوا.

پاشان!

**لە جیهانی هزرو بیریدا، کۆمەڵێك چەمك و زاراوە ڕەگیان داکوتاوەو کاریگەریان لەسەر واقیع بەجێهێشتووە، یەکێك لەم چەمکانە بریتییە لە (لیبڕالییەت) کە بازاری گەرمە و زۆر جار بەر گوێمان دەکەوێت.**

**ئەم کتێبەی بەردەستمان خستنەڕووی تێروتەسەلی بابەتی لیبڕالییەتە و لایەنە زمانەوانی و سیاسی و ئابووریەکەی لێك دەداتەوەو ئاڕاستەکانی شرۆڤە دەکات.**

**لەبەر ئەوەی کتێبی ئەکادیمی لەسەر ئەم زاراوەیە کەمن، ئەوا هەڵسام بە وەرگێڕانی ئەم کتێبەی بەردەستت، بە هیوای دەوڵەمەندترکردنی کتێبخانەی کوردی و سوود گەیاندن بە خوێنەری ئازیز.**

**لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسی هەر یەکێك لەوانە بکەم کە بە پیتێکیش یارمەتیان داوم لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بەتایبەت (م. سەفین عەزیز، مەلا ڕەقیب ڕەسول ڕوستایی).**

**زێیار عەزیزخان مهاجیر**

# پێشەکی نووسەر

سوپاس و ستایش بۆ خوا، درود و سڵاو لەسەر پێغەمبەر، پاشان؛

**بێگومان ئەمڕۆ ئوممەتی ئیسلام لە سەختترین قۆناغە مێژووییەکانیدا ژیان دەگوزەرێنێت، بەهۆیی ئەوەی خۆرئاوای خاچهەڵگر (صلیبی) جڵەوی سیاسەت و ئابووری نێودەوڵەتی بەدەستەوە گرتووە، ئەم ئوممەتە وایلێهاتووە لاوازو پاشکەوتووەو دوژمنان حوکمی بەسەردا دەکەن، دەستدەخەنە ناو کاروبارە تایبەتیەکانی و سیستەم و بەرنامە و ڕێبازی جیاوازی بەسەردا دەسەپێنن.**

**جا لە میانەی داگیرکاری ڕاستەوخۆ و فشاری سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندنی ئامانجدار و تێکشکانی دەروونی و بۆشایی بیروباوەڕیی ئەوا بەرنامە و هزرو ڕەفتاری وا بەسەر ئوممەتدا سەپێنران کە هەڵقوڵوی فەلسەفەی ماددی بێ باوەڕن لە ژێر دروشمی فریودەر وەك: ئازادی، لێبوردەیی، کرانەوە، چاکسازی، مافی مرۆڤ، نوێسازی، ڕۆیشتن لەگەڵ کاروانی شارستانیەت و جگەلەوانە.**

**ئەم ڕێبازانە شوێنەواری ڕوونیان هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی، دەستە و پێڕە لادەرەکان ئەم فەلسەفە بێ باوەڕانەیان کردە بنەمای بیرو ڕەفتاریان،**

**بەرگریان لەو فەلسەفانە کرد و خاڵە باشەکانیان بەدیار خستن، بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە دژو پێچەوانەی ئیسلام نین.**

**یەکێك لەم ڕێبازە بێ باوەڕانە (ڕێبازی لیبڕالییەتە)، کە ڕێبازێکی خۆرئاواییە لە سەردەمی ڕابوون و گەشەسەندنی ئەوروپی لە سەدەی پازدەمی زایینی دەرکەوت، لە بارودۆخێکی ناسروشتی سەریهەڵدا، جا وەك کاردانەوەی ئەو بارودۆخانە هاتە کایە، لە سەرەتادا دەرکەوت بە ئاڕاستەی خۆ داماڵین لە کۆت و بەندەکانی ئایین و بەرنامە ئابووری و سیاسیانەی خزمەتکەری دەرەبەگایەتی و خاوەندارێتی بوونە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە چاکی لەخۆی تێنەگەیشتبوو، بەڵکو بە ماوەی کاتێکی زۆر پێکهاتەی خۆی وەرگرت،وێنەکانی فرەجۆر بوون لە هەر ماوەیەکدا بەپێی بارودۆخ و سروشتی ئەو ماوەیە، دواتر بە تەواوی گەڵاڵە بوو و وایلێهات بنچینەی هزری گشتی هەبێت.**

**پەیوەستبوونی هزری لیبڕالی بە حەزو ئارەزووەکانی سەرمایەدارەکان کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لە فرەجۆری لیبڕالییەت و گۆڕانکاری ڕوودان تیایدا، هەروەها جیاواز بوونی شێوەکانی بەپێی کات و شوێن.**

**بەشێوەیەکی گشتی لیبڕالییەت (ڕێبازی نەفامی خۆرئاوای هاوچەرخە)، دەستکەوتە پیشەسازییە مادییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بانگەشەکردن بۆی، هاندان لەسەری، تەنانەت سەپاندنی تا ببێتە تاکە بژاردەی مرۆڤایەتی.**

**هزری لیبڕاڵی هاوچەرخ دەستی بە پەرە و گەشەسەندن کرد لە حەفتاکانی زایینی لەسەر دەستی (ڕەحیانیە) و (تاتشریە) کە ناسراوە بە لیبڕالییەتی نوێ لە میانەی قوتابخانەی ڕەخنەیی کە ناسراو بوو بە (قوتابخانەی شیکاگۆ)، زیاتر**

**بەدەرکەوت لە دوو توێی هزری خۆرئاوایی لە دوای کەوتنی شیوعییەت، ڕەخنەگەراکان گومانیان وابوو کە کەوتنی شیوعیەت جەخت لەسەر سەرجەم شرۆڤە و بۆچوونەکانیان دەکاتەوە.**

**لیبڕالییەتی نوێ بریتییە لەو بنچینە هزریە کە هزری جیهانگەرایی (العولمة)ی لەسەر دامەزراوە لەو پەڕی وێنە دڕندە و خۆویستە قێزونەکەیدا.**

**سەرسوڕمانی لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازەدا نییە تا وایلێهاتووە ئامرازی بیستن و بینینی پڕ کردووە، چونکە دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان وەستاون لە پشت بڵاوکردنەوەی بەهەموو ئەو هێزە سیاسی و ئابووری و سەربازی و ڕاگەیاندنەی هەیانە، هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەم هزرەی وەك بنچینە وەرگرتووەو لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لاوەکییەکانیشدا شۆڕی کردۆتەوە بە بنەماکردووە وەك: سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بەنکی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردن و ئاوەدان کردنەوە، بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتە هەژارو تازە پێگەیشتووەکان لە میانەی بەرنامەی چاکسازی ئابووری و گونجاندنی پەیکەری.**

**ئەگەر ئەم مەزهەبە هەر لە ناو چوارچێوەی دیوارەکانی ئەوڕوپا مابایەوە ئەوا بۆمان نەبوو ئاوڕی لێبدەینەوە، بەڵام ئەمڕۆ دیارترین ڕێبازە کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر ژیانی موسڵمانان‌دا، بەتایبەت کە پشت دەبەستێت بە واتای گشتی و پڕشنگدار، وەك: ئازادی، یەکسانی، لێبوردەیی، دیموکراسی و هاووێنەی ئەمانە.**

دەویستڕێ ئەم مەزهەبە ببێتە مەزهەبی سەرتاپای جیهان لە میانەی فریودانی ڕاگەیاندنی یان فشاری سیاسی یاخود دابڕانی ئابووروری یان دەستدرێژی سەربازی چەکدار.

هزری لیبڕالی هزرێکی داگیرکارییە، مەبەست لێی دەستگرتنە بەسەر تەواوی جیهاندا، ئەم هزرە پشت دەبەستێت بە تاکێتی خۆویست و کێبڕکێ و ڕەچاوکردنی هێز وەك پێوەری ڕاستی هەق، چونکە مانەوە بۆ چاکترو شیاوترە، هەر بۆیە سەدەی نۆزدەمی زایینی (سەدەی جەنگە جیهانییەکان) و (داگیرکردنی ڕاستەوخۆ) بوو، ئەم سەدەیە سەدەی زێڕینی لیبڕالییەت بوو، دوای دەرچوونی داگیرکەر بەبێ حەزی خۆی، ئەوا وڵاتە داگیرکراوەکان خرانە ناو سیاسەت و ئابووری دەوڵەتە مەزنەکان لەسەر بنچینەی (ناوەند و دەورووبەر)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مانەوەی داگیرکاری بەشێوەیەکی نوێ.

وایلێهاتووە وڵاتانی ئیسلامی دەناڵێنن بەدەست پاشماوەکانی ئەم هزرە جا ئەمەش چ بە لە دەستدانی ئازادییەکەی بێت لە داڕشتنی دامەزراوەو بەرنامەکانی بەپێی بەرژەوەندییەکان و پەیڕەوی خوایی کە بەهۆیەوە خواپەرستی دەکات یان بەهۆی بوونی هەندێك دەستە و پێڕی پاڵپشتی کراو بێت لەلایەن دەوڵەتە مەزنەکان کە دامەزراوەکانی وڵاتانی ئیسلامی دروست دەکات بەشێوەیەك کە پێچەوانەی ئایین و بەرژەوەندی گەلانی وڵاتانی ئیسلامی بێت.

بەمەش ئوممەتی ئیسلامی کەوتۆتە نێوان دوو ڕاکێشەردا، لایەکی بریتییە لە لایەنی دەرەکی کە خاوەنی هێزێکی سەربازی و ئابووری مەزنە، هەڵدەستێت بە فشاری بەردەوام بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی، گەمارۆدانی هەر هەوڵێك لە

**پێناو ڕابوون و بە ئاگاهاتنەوەو سەربەخۆیی، لایەنەکەی تر: لایەنی ناوخۆییە، کە هەڵدەستێت بە کرچ و کاڵی و کەم و کورتی خستنە ناو ڕیزەکان و دژایەتی کردنی هەر یەکێك کە هەوڵدەدات ڕابکات لە حوکمڕانی و قەڵەمڕەوی نەفامی خۆرئاوا.**

**لەسەر ئاستی هزری، هیچ پاساوێك نییە بۆ لەئامێزگرتنی ڕێبازێکی نەفامی هاتوو، هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی لە ژینگەیەکی ئیسلامی کە خاوەنی سەرچاوەی ڕووناکی و خێرو بێرو سەرفرازی مرۆڤایەتییە.**

**تێکڕای ڕێبازەکانی خۆرئاوا پێگەیشتوون لە ناو کۆمەڵگەیەك کە ئایینی ڕاست و دروستیان نەناسیوە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، بەڵکو ئایینێکی شێوێنراویان ناسیوە کە قەشە و ڕاهیبەکان دایانهێنا، هەروەها ژیانیان گوزەراند لەناو کەشکۆڵی بەرنامە سیاسی و ئابوورییە سەرکەش و ستەمکارەکان کە مرۆڤایەتی هاووێنەی نەدیوە، ئەم ڕێبازانە کاردانەوەی ئەمانە بوونە، ئەمە لە وڵاتانی ئیسلامی بوونیان نەبووە. هەر بۆیە کاتێك توێژەر بەراوردی ئەوە دەکات کە عەلمانیە خۆرئاواییەکان ڕەخنەی لێدەگرن لەگەڵ ئەوەی عەلمانیە عەرەبەکان ڕەخنەی ئاڕاستە دەکەن دەبینێت جیاوازییەکی زۆر هەیە.**

**هەر چەند کەم و کورتی لە ژیانی موسڵمانان‌دا هەبێت، ئەوا چاکسازی کردن تیایدا بەوە نابێت کە ڕێبازە لادەرەکان هاوردە بکرێن، سەرچاوەی چاکسازی پارێزراوە، پەیڕەوەکەی ڕوون و ئاشکرایە، وەك چۆن لەم فەرمایشتەی خوای مەزندا هاتووە:** ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ﴿٩﴾ ﴾ الإسراء. **واتە: (بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنوێنی**

**بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێبازو بەرنامە، مژدەیش دەدات بەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوە چاکەکان دەکەن کە بێگومان پاداشتی زۆرو بێ سنوور چاوەڕێیانە).**

**هەر چەندە شتی بیدعە زۆر بێت، تاقمە گومڕاکان بڵاوببنەوە، دەستە و پێڕ واز لەم ئوممەتە بێنن، ئەوا هەرگیز ناکرێت ڕاستی لەناوبچێت، خوای پایەبەرز دەفەرمووێت:** ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر. **واتە: (ئێمە یاد _ قورئان _مان ناردۆتە خوارەوە هەرخوشمان دەیپارێزین و چاودێری دەکەین). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:** ((لا تزال طائفة من أمتي على الحق ظاهرين، لا يضرهم من خذلهم ولا من خالفهم حتي يأتي أمر الله وهم على ذلك))[1] **واتە: هەردەم کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر ڕاستین و پشتگیری لێ دەکەن، ئەوەی دەیەوێت سەرشۆڕیان بکات و دژیان بوەستێت ئەوا زیانیان پێ ناگەیەنێت تا فەرمانی خوا دێت ئەوان هەر بەوشێوەیەن. هەروەها فەرموویەتی:** ((إن الله يبعث على رأس كل مائة عام لهذه الأمة من يجدد لها أمر دينها))[2] **واتە: خوای گەورە لەسەر هەر سەد ساڵێك یەکێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت کە ئاینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە. ئەم ئایینە بە دەربڕین و دەقەکانی لە شێواندن و دەستکاری کردن و لە واتاکانیشی لە لێکدانەوە (تأويل) و گۆڕین پارێزراوە.**

**لیبڕاڵییەکان پەیڕەوێکی نوێی جیاوازیان گرتۆتەبەر لەوەی لە پێش حەفتاکان لەسەری بوون لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەم پەیڕەوە هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی تازەی پەیڕەوی لیبڕالییەت لە خۆرئاوا، پەیڕەوی نوێی لیبڕالییەت**

---

**(١)** موسلیم گێڕاویەتیەوە (٤٩٠٦)، لە فەرموودەی سەوبان (ڕەزای خوای لێبێت).

**(٢)** ئەبو داود لە سونەنەکەیدا (بە ژمارە: ٣٧٤٠) و حاکم لە موستەدرەکەکەیدا (بە ژمارە: ٤٥٢٢) گێڕاویانەتەوە، لە فەرموودەی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت).

**بریتییە لە ڕەگ داکوتان و بە ڕەسەنکردنی هزری لیبڕالییەت لە ناو کەلەپوری ئیسلامیدا، هەروەها گۆڕینی گوتاری لیبڕالی لە گوتارێکی دژ بە ئیسلام بۆ گوتارێك کە پۆشاکی ئیسلامی لەبەرە و ڕەخنە و کاولکاری لە ناوخۆدا پیادە دەکات، ئەمەش لە میانەی ئەو پرۆژە هزریانەی ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی دەگرن و لیبڕالییەت بنیات دەنێت لەناو شەریعەتی ئیسلامیدا[١].**

**پاڵنەری ئەم پرۆژە و پرۆسەیە بریتییە لە شکستی هێرش و دوورخستنەوەی ئەم ئاینەیە، گەشەسەندنی گیانی ئیسلامییە لە ناو ئوممەتدا، هەروەها لەبەر ئەوەی لەناوبردنی بناغە بە بناغە دەبێت وەك چۆن هەندێکیان ئەمە دەڵێن.**

**ئەم بزوتنەوە هزریە گوتارێکی شکستخواردوو و سستی ئیسلامی لەبەرامبەر دەستکەوتەکانی شارستانیەتی خۆرئاوای خزاندە ناو ڕیزی لیبڕاڵیەکان کە هەوڵ دەدات ئیسلام نزیك بکاتەوە لە واقیعی هاوچەرخ و پیادەی لێکدانەوەی دەقە شەرعییەکان بکات تا ئەم مەبەستە بەدەستەوە بدات.**

**لەبەردەم ئەم ئاشوبە مەزنە، بێ ئاگایی زۆرێك لە موسڵمانان لە مەترسییەکەی و دژ بوونی لەگەڵ بنچینەی ئایین، دەرکەوتنی کەسانی تر بەم چەمکە نوێیە، بۆیە پێویست بوو ئەم ڕێبازە ئاشکرا بکرێت و مەترسی و شوێنەوارە کاولکەرەکانی ڕوون بکرێنەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمداوە بەم**

---

**(١) نموونەش لەسەر ئەمە کتێب و نووسینەکانی محەممەد عابد جابری و محەممەد ئەرکون و نەصر حامد ئەبو زەید و حەسەن حەنەفی و عەبدولەجید شەوقی و نووسەرەکانی تری جگەلەمانە.**

ڕوونکارییە هەڵبستم، داواکارم لە خوای مەزن ئەم کارەم تەنها لە پێناو ڕەزامەندی ئەو بێت.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لە میانەی توێژینەوەم لەسەر ئەم بابەتە وەستام لەسەر نامەیەکی زانستی بە ناونیشانی ((چەمکی لیبڕالییەت لەلای جون دیوی)) کە لەلایەن توێژەر: یاسر عەبدولموصەننەف قنسوە ئامادەکراوە، ئەم توێژینەوەیە نامەی ماجستێر بووە لە بەشی فەلسەفە _ زانکۆی قاهیرە، ئەمە تاکە نامەی زانکۆییە[١] لەبارەی بابەتی لیبڕالییەت بەپێی زانیاریەکەم، بەڕاستی نامەیەکی بەسوودە لەبارەی بابەتەکە، جیاوازی نێوان ئەم نامەیە و بابەتی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**یەکەم**: بابەتەی نامەکە کورت هەڵهاتووە لە (چەمکی لیبڕالییەتدا)، نەچووەتە سەر سەرهەڵدان و گەشەسەندن و ئاڕاستە و بوارەکانی، هەروەها ئاماژەی بە لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا و هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەریدا نەکردووە، باسی زۆر بابەتی تریشی نەکردووە کە من بە خەستی لەسەری دوواوم.

---

(١) زۆر توێژینەوەی سەربەخۆ و نامەی زانکۆیی هەن لەبارەی بابەتی ئازادی و دیموکراسی و سەرمایەداری، سەختە هەژمار بکرێن بەهۆی فرەجۆری ئەو بوارانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت (وەك: سیاسەت و ئابووری و پەروەردە و جگەلەمانە)، لێرەدا مەبەستم لە نامەی زانکۆیی بریتییە لەوەی پەیوەستە بە بابەتی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی تایبەت (لیبڕالیەت).

**دووەم**: نامەی ناوبراو تایبەتە بە یەك ئاڕاستە لە ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت، کە (لیبڕالییەتی بورجماتیە)، کەچی من هەڵساوم بە توێژینەوەی دیارترین ئاڕاستەکانی تری لیبڕالییەت لە باسی ئاڕاستەکانی لیبڕالییەتدا.

سێیەم: لە نامەی ڕابردوودا توێژەر باسی هەڵوێستی شەرعی نەکردووە لە بەرامبەر لیبڕالییەتدا، کەچی ئەم توێژینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە کە هەڵساوە بە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام لەهەمبەر لیبڕالییەت، چەمکەکانی لیبڕالییەتی خستۆتەڕوو بەسەر بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی.

## پەیڕەوی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پشتم بەستووە بە کۆمەڵێك لە پەیڕەو و ڕێبازی زانستی بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکانی:

١_ **پەیڕەوی مێژوویی**: ئەمەش لە میانەی بەدواداچوون بۆ هزری لیبڕالییەت بەر لە دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و ڕۆڵی سەرمایەداران تیایدا، دواتر دوای دەرکەوتنی و جیاوازی قۆناغ و ئاڕاستەکانی تا ئەو واقیعە هاوچەرخەی ئێمە تیایدا دەژین.

٢_ **پەیڕەوی وەسفی**: هەڵساوم بە وەسفکردنی هزرەکانی لیبڕالییەت لە میانەی سەرچاوە ڕەسەنەکانی، وتەی دامەزرێنەکەی بێ هیچ لێل و شێلو کردنێك، ئەمەش لە میانەی گواستنەوەی دەقەکان و پشتڕاست کردنەوەیان.

٣_ **پەیڕەوی شیکاری**: ئەمەش بە بەراورد کردنی بۆچوونەکانی دامەزرێنەرەکە لە سەرەتا، ئەو بۆچوونانەی دواتر هاتنە کایە، هەروەها هەوڵدان

**بۆ خستنەڕووی هۆکارەکانی ناڕۆشنی و شلەژان و فێڵبازی هزری لیبڕالییەت، جیاوازی بۆچوون و هزری فەیلەسوفەکانی تا ئاستی دژ یەك بوون، بەراوردکردنی ئاڕاستەکانی. ئەم هەوڵە ڕاڤەکارییە شیکارییە دەرەنجامی زۆر سەرسوڕهێنەری بۆ من دەرخستووە کە توێژینەوەکە لە خۆیان دەگرێت.**

**٤ـ پەیڕەوی ڕەخنەیی: هەڵساوم بە پڕۆسەیەکی ڕەخنەیی فراوان سەبارەت بە بناغەی هزری لیبڕالی، دژیەك بوونی لەناو خۆیدا، هەروەها نەتوانینی جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی تیۆری تەواو، تیشکم خستۆتەسەر شوێنەوارە کاولکەرەکانی و شلەژان و ناجێگریەکەی لە جێبەجێ کردنە جیاوازەکانیدا، هەروەها بنچینەکانی ئەم هزرەم خستۆتەڕوو لەبەردەم پەیڕەوی ئیسلام لە بیروباوەڕو ڕەوشتدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی دیارترین ئەو گومانانەی وروژێنراون سەبارەت بە بیرۆکە ڕەخنەییەکانی ئەم هزرە.**

**پلانی توێژینەوەکە وایخواست کە بیرۆکەکانی بخرێنەڕوو لە میانەی ئەم لایەنانەی خوارەوە کە بەش و دەروازەکانی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە:**

**یەکەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی لیبڕالییەت، بەدواداچوون بۆ پاشخانی مێژوویی و دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە، دیارترین کارتێکەرە ئاینی و هزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی لە دایکبوونی ئەم هزرە، بەدواداچوون بۆ ڕەوڕەوی ئەم هزرە لە هەڵکشان و داکشان هەر لە خاڵی سەرەتاکەیەوە تا واقیعی هاوچەرخ، ئەم لایەنە بەشی یەکەمی تەنیوە بە دەروازەکانیەوە.**

**دووەم: چەمکی لیبڕالییەت و ئاڕاستەکانی، ڕوونکردنەوەی ڕووی ڕاستی چەمکەکە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی و بنچینە هزریەکانی کە پێکهێنەری**

بناغەی هزرەکەن، تیشك خستنەسەر گرنگترین ئاڕاستە و قوتابخانە هزریەکانی و جیاوازییە پەیڕەویەکان تیایدا، ئەمە لە بەشی دووەمدا بە تەواوی ڕووماڵ کراوە.

**سێیەم**: بوارەکانی لیبڕالییەت، تێبینی کردنی جێبەجێکردنە کرداریيەکانی لە سیاسەت و ئابووریدا، هەروەها ئەو قەیرانە خنکێنەرانەی پێیدا تێدەپەڕن، هەروەها چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی هزری لیبڕالی لەگەڵ ئەو قەیرانانە، ئەم جێبەجێکردنانە و ئاستەنگ و کێشەکانیان نمایشکراوە لە بەشی سێیەمدا.

**چوارەم**: لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا، چۆنیەتی هاتنە ناوەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ ناو جیهانی ئیسلامی، لە میانەی خستنەڕوو هۆکارە یارمەتیدەرەکان، ئەو لایەنانەی کاریگەر بوون بەم هزرانە، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئاڕاستەکانی لیبڕالییەتی عەرەبی و هەندێك لە پرۆژەکانی لە جیهانی ئیسلامیدا، هەوڵی شکستخواردوو بۆ نزیك کردنەوەی ئیسلام و لیبڕالییەت، ئەمە لە بەشی چوارەم بە تەواوی تیشکی خراوەتەسەر.

**پێنجەم**: هەڵوێستی ئیسلام لەهەمبەر لیبڕالییەت، هەڵوێستی ئیسلام لەبەرامبەر ئازادی وەك بەهایەکی گرنگی مرۆیی، دواتر خستنەڕووی بیرۆکەکانی لیبڕالییەت بەسەر شتە چەسپاو و یەك واتا هەڵگرو پێویستەکانی ئیسلام جا چ بیروباوەڕی یان ڕەوشتی، ئەمەش لە بەشی پێنجەم بە تێروتەسەلی شیکراوەتەوە.

ڕەچاوی تێڕوانینی گشتگیری بابەتەکەم کردووە سەرباری فراوانی و تێرو تەسەلی و زۆری کەرستەکانی ئەم بابەتە، هەر ئەوەشم دەوێت کە ئەم توێژینەوەیە دەستی خستبێت لە بابەتێکی نوێ و زیندوودا لە واقیعی هاوچەرخماندا.

**داواکارم لە خوای گەورە دڵسۆزیم پێ ببەخشێت و ئەم کارەم لێبوەربگرێت، بەڕاستی خاوەن دەسەڵاتە و لەدەستی دێت ئەمە بکات[١].**

**عبدالرحیم صمایل سەلیمی**

alsolamia@gmail.com

**١) یەکێك لە برایان _ خوا ڕاستی بکاتەوە _ هەڵسا بە دەرهێنانی چەند بەشێك لەم کتێبە _ بێ ئەوەی پێشوەختە مۆڵەتی پێبدەم _ و دایە پاڵ خۆی لەسەر بەرگەکە و لەگەڵ ئاماژەدانێکی شەرمنانە لە پێشەکیدا بەوەی ئەم کتێبەی پوخت و کورت کردۆتەوە، ئەوەی پێی هەڵساوە بریتی نییە لە پاڵفتە و پوختە کردن یان کورت کردنەوەیەکی پەیڕەوی، بەڵکو تەنها سڕینەوەی ئەو شتانە بووە کە پێی وابووە گرنگ نییە، ئەم کارەش دەستوەردانە لە پڕۆژەی کەسانی تر کە هیچ پاساوێکی نییە جگە لە پەلەکردن و خراپ ڕەفتارکردن، هەروەها فەرامۆشکردنی ماڤی زانست و برایەتی. ئەو کارەی ئەم برایە پێی هەڵساوە ئەوا پێی ڕازی نابم و چەند تێبینی پەیڕەوی (منهجی) لەسەری هەن، من هەڵدەستم بە کورت و پوخت کردنەوەیەکی پەیڕەوی (منهجی) ئەم کارە، داواکارم لە خوای گەورە بمانپارێزێت لە خراپەی دەروون و کردارەکانمان بەڕاستی بیسەرو وەڵامگۆیە.**

## بەشی یەکەم

# سەرهەڵدان و پەرەسەندنی لیبڕالییەت

لە چوار دەروازە پێکهاتووە:

دەروازەی یەکەم: ئەورووپا لە نێوان لادانی ئاینی و زۆرداری سیاسی.

دەروازەی دووەم: وەرچەرخانە هزرییەکانی ئەورووپا بەرەو لیبڕالییەت.

دەروازەی سێیەم: ڕۆڵی چینی ناوەند لە دەرکەوتنی لیبڕالییەت.

دەروازەی چوارەم: لیبڕالییەت لە نێوان هەڵکشان و داکشان.

# ســـەرەتا

**بەدواداچوون بە دوای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی لیبڕالییەت پێویستی بە تاوتوێکردنی دوو پرسی گرنگ هەیە:**

**یەکەمیان: ئەو ژینگە ئاینی و کۆمەڵایەتیەی تیایدا سەریهەڵداوە؛ چونکە وەك کاردانەوەیەکی ئەو بارودۆخە نالەبارە سەریهەڵدا کە لە ئەوروپا زاڵ بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەوروپا خاوەنی ئاینێکی شێوێنراو بوو، کە جۆرێك لە دەستدرێژی و ستەمی هێنابووە کایە بەسەر ئازادییەکان کە وێنەی نەبێ، ڕژێمە سیاسییەکەشی ڕژێمێکی ستەمکاری خۆسەپێنەری توندو تیژ بوو، کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەم کۆت و بەندەیان شکاند بەشێوەیەکی پلەبەندی، هەر لەو ساتەی کە وەرچەرخانە هزرییەکان لە کۆمەڵگەدا بەدەردەکەوتن، گرنگترینیان:**

**_ خواستی مرۆیی و زیندووکردنەوەی داب و نەریتی یۆنانی بتپەرستی کۆن.**

**_ بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی (پرۆستانتی).**

**_ هزری ماددی تاقیکاری، بیردۆزی نوێی زانستی دەرکەوتن.**

**هاوکات لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە هزریانە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیش هاتنە کایە، ئەمەش بەدەرکەوت لە سەرهەڵدانی چینی کۆمەڵایەتی تازە کە (بۆرژوازیەت) بوو، ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە خۆیکێشا بە بارودۆخی ئاینی و سیاسی و ئابووری کە ئەو کات هەبوون، ئەمەش وایکرد ململانێ هەڵبگیرسێت**

لە نێوان سەرمایەدارە تازە پێشەنگەکان و ئەم بارودۆخانە کە بە کۆسپ هەژمار دەکران لەبەردەم پێشکەوتنی ئەم چینە نوێیە.

ئەمەش هاریکاری خواست لە نێوان ئاڕاستەی هزری نوێ کە بەرهەمی وەرچەرخانە هزرییە کۆنەکان بوو و ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی نوێ (بۆرژوازیەت) کە بەرهەمی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان بوو، ئەم هاریکارییە سەریکێشا بۆ دەرکەوتنی (ڕێبازی لیبڕالییەت) وەك ڕێبازێك کە دەیەوێت بارودۆخە هزرییە هەنووکەییەکان بگۆڕێت و بواری ئازادی بێنێتە بەرهەم لەسەرجەم بوارەکاندا، بۆرژوازیەکان ئامانجی خۆیان تێدا بەدی کرد بۆ گۆڕینی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان کە ئاستەنگ بوو لە بەرەوپێشچوونیان، جا پارە و هزر یارمەتیدەر بوون بۆ گۆڕینی ژینگەی کۆن بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێی تەواو جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگە کۆنەکە.

لیستەر سرۆ دەڵێت: ((سەرمایەداری پێویستی بە جیهانێك بوو کە چڵێسی تیایدا چاکەکاری و باشی بێت، بازرگان زیاتر خوا لە خۆی ڕازی بکات، ئەمەش ئەوەی خواست کە تاك بڕوای وابێت کە تەنها ڕاستی بەدەست نییە بەهۆی کۆکردنەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە دارایی، بەڵکو پێویستی ئەمە بەسەریدا دەسەپێنێت، ئەو هزرەی کە پرسی بەگەورەدانانی بەکاربردنی کەسی بە ناوەندی خۆشگوزەرانی تاك دادەنێت بۆ بەر لە کەمتر لە دوو سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، جا بەبێ ئەم بڕوایە ئەوا هیچ مانایەك نییە بۆ پەیکەری پاڵنەرەکان لە سەرمایەداریدا، هەروەها هیچ ئامانجێك نییە بۆ گەشەی ئابووری))[١].

---

(١) مستقبل الرأسمالية ٤٢ _ ٤٣.

**گومان لەوەدا نییە کە جولەکەکان ڕۆڵێکی بەهێزیان هەیە لە قۆستنەوەی ئەم وەرچەرخانانە جا چ لەسەر ئاستی هزری یان دارایی بێت، بەتایبەت کە دەرەنجامەکانی ئەم وەرچەرخانانە دەڕژێنە بەرژەوەندی ئەوانەوە، وایلێهاتووە جولەکەکان زۆر کاریگەرن لە کۆمەڵگەی نوێدا لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵەی کۆندا فڕێدراو و نەویستراو بوون.**

**دووەم: بەدواداچوون بۆ داکشان و هەڵکشانی ڕێبازی لیبڕالی هەر لە یەکەم پێکهاتنیەوە، تا قۆناغی هاوچەرخ، ئەم بەدواداچوونە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هزری لیبڕالی بیرۆەیەکی گۆڕاوەو چەسپاو نییە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی بنەمای چەسپاو کە بتوانی بەراوردیان پێ بکات لەلای لیبڕالییەکان.**

**لە میانەی ئەو شتەی ڕابردوو سەرهەڵدان و پەرەسەندنی لیبڕالییەتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەشێوەیەکی تەواو، دەروازەکانی ئەم بەشە بەسەر ئەم بابەتانەدا دابەشکراون، سێ دەروازەکەی یەکەم لە دەوری ئەو ژینگەیە دەخولێنەوە کە لیبڕالییەت و وەرچەرخانە هزری و کۆمەڵایەتیەکان تیایدا سەریانهەڵدا، دەروازەی چوارەم تاوتوێی ڕەوتی مێژوویی لیبڕالییەت دەکات هەر لە زوو هەڵکشانی لە سەردەمی گەشەسەندندا تا واقیعی هاوچەرخ لە هێڵێکی پێچاوپێچ لە هەڵکشان و داکشان.**

## دەروازەی یەکەم

# ئەوروپا لە نێوان لادانی ئاینی و زۆرداری سیاسی

### یەکەم: لادانی ئاینی

بانگەوازی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵات بەردەکەوت کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا بوون، ئەمە ئیمپڕاتۆریەتێکی بتپەرست بوو، تەنها باوەڕی بە شتە بەرهەستەکان هەبوو، زۆر بایەخی دەدا بە هەواو هەوەسی جەستەیی، مرۆڤی بە سەرووەری بوونەوەرەکان دادەنا[1].

ڕۆمانییەکان شوێنکەوتووانی ئاینە نوێکەیان چەوساندنەوەو ئەشکەنجە و ئازاریاندا، لەمەشدا جولەکەکان پشتیوانیان کرد، ئەو جولەکانەی قین لە دڵ بوون لە بەرامبەر عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) و حەوارییەکان، ئەمەش وای لە شوێنکەوتووانی ئاینە تازەکە کرد ڕابکەن و خۆیان بشارنەوە لەگەڵ ئاینەکەیان.

لەم کەش و هەوا دڵڕەقانەدا نەصرانیەت ژیانی دەگوزەراند، لە دوو توێی چەوسانەوەو ڕاوەدوونان و کوشتن و ئەشکەنجە شوێنکەوتووانی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) پەروەردە کران، ڕۆمانیەکان پێیان وابوو بە لە خاچدان و کوشتنی پێغەمبەرەکە ئاینە تازەکەیان لە ناوبردووە.

---

[1] بڕوانە: التاريخ اليوناني ١٩٥ _ ١٩٦، و ماذا خسر العالم بإنحطاط المسلمين ١٥٧ _ ١٥٨.

جولەکەکان هەڵسان بە ڕۆڵێکی تری مەترسیدار بۆ لەناوبردنی نەصرانییەکان، ئەویش بریتی بوو لە دەستکاری کردن و شێواندن لە ناوخۆوە، ئەوەش بەوەی پیاوێکی جولەکە هاتە ناو نەصرانیەتەوە پێی دەوترێت (شاول)، جولەکە بووە، سەرەتا بە چەوساندنەوەی نەصرانیەکان ناسراو بووە[١]، دواتر بە شێوەیەکی لەناکاو بووە نەصرانی، خۆی ناونا (پۆڵس).

مێژوونووسی ئینگلیزی (ویلز) دەڵێت: ((بۆ کات و سات مامۆستایەکی تر دەرکەوت کە زۆرێك لە ڕەخنەگرە هاوچەرخەکان بە دامەزرێنەری مەسیحیەتی ڕاستەقینە[٢] دادەنێن، ئەویش (شاول تەرتوسییە) یان (پۆڵسە)، لە ڕاستیدا ئەو وەك جولەکە لە دایك بوو، ئەگەرچی هەندێك نووسەری جولەکە نکۆڵی لەمە دەکەن، قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەو فێری زانست بووە لەسەر دەستی مامۆستا جولەکەکان، لە کاتێکدا قوڵبووەوە لە زەریای لاهوتیەتی ئیسکەندەریەی هیلینی))[٣].

هەروەها دەڵێت: ((کاریگەرە بە ڕێبازەکانی دەربڕینی فەلسەفی قوتابخانە هیلینیەکان، شێوازی ڕواقییەکان، خاوەن تیۆرێکی ئاینی بووەو مامۆستا بووەو خەڵکی فێر کردووە، بەرلەوەی شت ببیستێ سەبارەت بە یوسعی نەصاری بە کاتێکی زۆر))[٤]. یەکەم کەس بوو کە (لاهوت و ناسوت)ی دەربارەی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) داهێنا، بەر لە (پۆڵس) نەصرانیەکان وشەیان یەك بوو،

---

(١) لە بەشی کارەکانی پێغەمبەراندا هاتووە: ((شاول بەردەوام فووی دەکرد بە ئاگری هەڕەشە و کوشتنی قوتابیەکانی خوا _ مەبەستی عیسایە "وەرگێڕ" _)) کارەکانی پێغەمبەران، ئیصحاح: ٩.

(٢) مەبەستی مەسیحیەتی فەرمییە دوای ئەوەی دەوڵەتی ڕۆمانی مەسیحیەتی لە باوەش گرت.

(٣) معالم تاريخ الإنسانية ٣/ ٧٠٥.

(٤) هەمان سەرچاوە ٣/ ٧٠٥.

ئەویش ئەوەبوو کە عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) بەندە و نێردراو و بەدیهێنراو و پەروەردەکراوەو هیچ یەکێك لە نەصرانیەك ڕاجیاییان نەبوو لەمەدا، پۆڵس _ یەکەم کەس بوو کە ئاینی نەصرانی گەندەڵ کرد _ وتی: سەروەرمان عیسای مەسیح لە لاهوتەوە دروستکراوە وەك مرۆڤ بەشێوەی هەر یەکێك لە ئێمە لە کرۆکی خۆیدا، منداڵەکە لە مەریەمەوە دەستی پێکرد، عیسای مەسیح هەڵبژێراوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگارکەری گەوهەری مرۆیی، نازو نیعمەتی خوایی ئەویان داگرت و پڕ بوو لە ویست و خۆشەویستی، بۆیە ناونرا: کوڕی خوا))[١].

ئەم شێواندنە سەرەتای هاتنە ناوەوەی زۆرێك لە ڕەگەزو توخمە بتپەرستییەکان بوو بۆ ناو ئاینی نەصرانیەت[٢].

ئەگەر ورد ببینەوە دەبینین دوای شێوێنرانی بیروباوەڕی نەصرانیەکان دەبینین زۆر بەو بیروباوەڕە فەلسەفیانە دەچێت کە لە حەوزی دەریای ناوەڕاستدا هەن، وەك: بیروباوەڕی میترائی، ئەفلاتۆنیەتی هاوچەرخ، فەلسەفەی ڕواقیەی هاوچەرخ و جگەلەمانەش[٣].

ئیمپراتۆری ڕۆمانی (قوستەنتین) لە ساڵی ٣٢٥ز دوای شێوێنرانی ئینجیل نەصرانیەتی لەباوەش گرت، کە زیاتر بە چیرۆك و ژیاننامە و هەواڵ دەچوو، _ هەروەها _ دوای لادانی بیروباوەڕی نەصرانیەت لە یەکتاناسی بەرەو بیروباوەڕی

---

(١) هدایة الحیاری ٢٩٣.
(٢) بڕوانە: الأصول الوثنیة للمسیحیة ٣١.
(٣) سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە: العلمانیة ٢٩ و لاپەڕەکانی دواتر.

سێ کۆچکەیی، کە گوایە خوا بریتییە لە: باوك، کوڕو گیانی پیرۆز، چەندین شتی داهێنراوی تریش کە عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) نەیهێنابوو.

دەکرێ ئاماژە بکرێت بە چەند نموونەیەك لە شێواندن و گۆڕانکاری کە بەسەر نەصرانیەتدا هات لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

## ١ـ دەستکاری کردنی ئینجیل[١]:

باوەڕ بە کتێبە ئاسمانییەکان کە خوای پایەبەرز بەسەر پێغەمبەرەکانیدا (درود و سڵاوی خوایان لێبێت) دایبەزاندووە بە یەکێك لە بنچینەکانی باوەڕ دادەنرێت، باوەڕی بەندە تەنها بەوەوە تەواو دەبێت، جا یەکێك لەو کتێبانە: ئینجیلە، ئەویش یەك ئینجیلە کە خوای گەورە لەسەر نەصرانیەکی پێویست کردبووە داوەری پێبکەن بەر لە ئیسلام، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ المائدة. واتە: (دەبا شوێنکەوتووانی ئینجیل بەو ڕێنوویی و ئامۆژگاریانە هەڵسوکەوت بکەن کە خوای گەورە دایبەزاندووە، بێ گومان ئەوەی حوکم داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە ناپاك و تاوانبارو لە سنوور دەرچوون). خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی ئینجیلی نەدا وەك چۆن بەڵێنی پاراستنی قورئانی پیرۆزیدا، بەڵکو ئەرکی پاراستنی ئینجیلی بە زاناکانی نەصرانیەکان سپارد، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی:﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا

---

(١) ئینجیل وشەیەکی بەعەرەبی کراوە، چاوگەکەی لە یۆنانیدا (ئینکلیۆس)ە، لە قیبتیدا (ئینکلیۆن)ە، واتاکەشی: فێرکردن و مژدە و هەواڵی خۆشە. بڕوانە: مختصر إظهار الحق ١٢.

ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ ﴾ المائدة. واتە: (بەڕاستی ئێمە کاتێك تەوڕاتمان ناردە خوارەوە ڕێنمویی و نوورو ڕووناکیش بوو، ئەو پێغەمبەرانەی کە هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەردار بوون حوکمی ئەوانەیان پێدەکرد کە ببوونە جولەکە، هەروەها زانا پەروەردگار ناسەکانیان و شەرعناسەکانیشیان حوکمیان دەکرد بەوەی داوایان لێکرا بوو بیپارێزن، کە ئەویش کتێبی خوا _ تەوڕاتە _).

ئەو ئینجیلەی _ ئێستا هەیە _ بریتییە لە بەڵێنی نوێ (العهد الجدید) کە بەشی دووەمە لە کتێبی پیرۆز، وشەی ئینجیل بەکاردێت بۆ ئینجیلی: (مەتا، مرقس، لۆقا[1]، یوحەننا) بەڵام نەصرانیەکان وشەی ئینجیل بەشێوەیەکی ڕەها بە خوازراوی بەکاردێنن بۆ کۆی بەڵێنی نوێ (العهد الجدید)[2].

لەگەڵ زۆری ژمارەی ئینجلەکان، نەناسراوی خاوەن ئینجیلەکان کە دراوەتە پاڵیان، نەبوونی زنجیرەی ڕاست و دروست کە بگەنە خاوەن ئینجیلەکان، ئەوا چوار ئینجیل هەڵبژێردران (مەتا، لۆقا، مەرقص، یۆحەننا) لە کۆڕبەندی نیقیە لە ساڵی ٣٢٥ز لەسەر ئەوەی ئەوانە ئینجیلی پشت پێبەستراون، هەموو ئینجیلەکانی تریش بە درۆ و ناڕاست دانران، لەگەڵ ئەوەی ئەو ئینجیلەی لەلایەن خواوە دابەزی یەك ئینجلە، ئەوا کۆڕبەندەکە هەر بڕیاریدا کە چوار ئینجیلن.

---

(١) قەشە لۆقا لە ئەنتاکییە لە دایك بووە، هاوڕێی پۆڵس بووە لە گەشتەکانیدا بۆ یۆنان و مەقدۆنیا بۆ بانگ کردنی خەڵکی بۆ سەر نەصرانیەت، ئەوەی لەبارەیەوە دەزانرێ ئەوەیە کە لەوانەیە پزیشك بووبێت، ئینجیلی لۆقا و ئینجیلی کرداری پێغەمبەرانی دەدرێتە پاڵی، لە کەرتی یۆبۆتیای یۆنانی کۆچی دوایی کردووە. معجم أعلام المورد ٣٩٢.

(٢) بڕوانە: مختصر إظهار الحق ١٢.

ئەم کۆڕبەندە لە دیارترین وێنەی دەستوەردان بوون لە هەڵبژاردنی ئاینی بێ هیچ پاڵپشتییەکی زانستی کە ئینجیلە وەرگیراوەکان بە پەسەندتر دابنێت لە ئینجیلە فەرامۆش کراوەکان.

لە ڕووی مێژووییەوە چەسپاوە کە ئیمپراتۆر قوستەنتین ڕاستەوخۆ ڕۆیشتووەتە ناو کۆڕبەندەکە و بڕیارەکانی بە هێز سەپاندووە[1]، ئەم ئینجیلانە هیچ زنجیرەیەکی لکاویان نییە، هیچ ماوەیەك نییە بۆ نەصرانیەکان کە پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن کە ئەو کتێبە ناسراوانە بە خورپە (ئیلهام) نووسراونەتەوە.

پسپۆران لە لاهوتدا دانیان بەوەدا ناوە کە پێویست نییە ئەوەی لە بەڵێنی نوێدا (العهد الجديد)دا هاتوە خورپە و نیگا بێت، بەتایبەت کە زنجیرەی ڕاست و دروست نین کە ئەم کتێبانە بە خاوەنەکانی بگەیەنێتەوە چ جای درانە پاڵی ئەم کتێبانە بۆ لای خوا.

لە ((فەرمانگەی زانیاری بەریتانیدا هاتووە کە زۆرێك لە زانایان وتویانە: هەر وتە و بارودۆخێك کە لە دوو توێی کتێبی پیرۆزدا هاتووە خورپە و نیگا نییە، ئەوانەش کە دەڵێن هەموو وتەکانی کتێبی پیرۆز بە نیگا تیایدا هاتوون، ئەوا ناتوانن ئەم بانگەشەیان بە ئاسانی بسەلمێنن))[2]، ئا لێرەوە هەر گێڕەرەوەیەك ئینجیلێکی سەربەخۆی نووسی، چەندین ئینجیلی درۆین هەن،

---

(١) بڕوانە: اضمحلال الإمبراطورية الرومانية ١/ ٦٢٦ _ ٦٢٧، ومحاضرات في النصرانية ١٥٢.

(٢) وەرگیراوە لە: مختصر إظهار الحق ٣١. هەروەها بڕوانە: محاضرات في النصرانية ٥١ و لاپەڕەکانی دواتر.

**(ئادەم کلارڕك) کە یەکێکە لە ڕاڤەکارانی ئینجلەکان باسی ئەوەی کردووە کە زیاتر لە حەفتا ئینجیلی درۆین هەیە[١].**

**لۆرد هیدلی دەڵێت: ((ئینجل تەنها کۆمەڵێك کتێبە، کە لە چەند ماوەیەکی لە یەکتر دوورەوە نووسران))[٢]، هەروەك دەبینین ئینجیلی (مەتا) بە زمانی (عیبرِی) نووسراوە، بەڵام ونکرا بەهۆی شێوێنرانی لەلایەن تاقمە نەصرانیەکان و ئەو ئاشووبە مەزنانەی بەسەر نەصرانیەکاندا هاتن لە سێ سەدەی یەکەم بەر لەوەی (قوستەنتین)ی ڕۆمانی ببێتە نەصرانی، سەبارەت بە ئینجیلی (مەتا) کە ئێستا بە زمانی عیبرِی هەیە ئەوا بریتی نییە لە دانە ڕەسەنەکەی، بەڵکو بریتییە لە وەرگێڕاوی ئەو دانە یۆنانیەی کە پێشتر لە دانە عیبرِیە ڕەسەنەکە وەرگێڕدراوە، هیچ زنجیرەیەکی ئەم وەرگێڕانەیان لا نییە، ناوی وەرگێڕەکە نەناسراوە، بارودۆخی وەرگێڕەکەش نەزانراوە، هەروەك (جیرۆم) کە یەکێکە لە ڕاڤەکارانی ئینجیل باسی لێوە دەکات، بەڵام ئەوەندە نەبێت بە گومان و خەملاندن دەڵێن: لەوانەیە وەرگێڕەکە فلان یان فیسار بێت، بێ بوونی زنجیرەیەکی ڕاست کە کتێبەکە بگەیەنێتە خاوەنەکەی[٣].**

**ئەمە شتێکە کۆدەنگی لەسەرە لەلایەن زانایانی لاهوتەوە، دەقی وتەی زیاتر لە پەنجا زانا هەیە کە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەو ئینجیلە دەدرێتە پاڵ مەتا،**

---

**١)** بڕوانە: إظهار الحق ١/٢٩٢.
**٢)** وەرگیراوە لە: الجفوة المفتعلة بين العلم و الدين ١٣.
**٣)** بڕوانە: مختصر إظهار الحق ٢٦، و محاضرات في النصرانية ٥٢.

بەڵام بە دڵنیاییەوە لە نووسینی مەتا نییە، لە کاتێکدا ئینجیلی مەتا یەکەم و کۆنترین ئینجیلە لای ئەوان[١].

ئا بەم شێوەیە ئینجیلی یۆحەننا بارودۆخی باشتر نییە لە ئینجلی مەتا و سەرجەم پەیامەکانی بەڵێنی نوێ (العهد الجديد) کە لەو ئاست نزمترن[٢]، زۆربەیان پەیامی پۆڵسن کە تۆمەتبارە بە شێواندنی بیروباوەڕی نەصرانیەکان.

لۆقا هەڵساوە بە نووسینی ئینجیلەکەی، وەك چۆن لە وتەکەیدا بەدەردەکەوێت لە پێشەکی ئینجیلەکەیدا: ((ئەگەر کەسانێکی زۆر هەڵسابن بە نووسین و دانانی چیرۆك لەو شتانەی کە گومان هەڵنەگرن لەلامان، وەك چۆن ئەو کەسانە ڕادەستی ئێمەیان کرد کە هەر لەسەرەتاوە بایەخدەرو خزمەتکاری وشە بوون، منیش پێم وابوو کە دوای ئەوەی بەدواداچوون بۆ هەموو شتێك کردووە هەر لەسەرتاوە شتەکان بەدوای یەکەوە بۆت بنووسم ئەی خۆشەویست "ساوفیلس" تا ڕاستی ئەو وتەیە بزانیت کە پێی فێربوویت))[٣].

ئەمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو ئینجیلانەی ئێستا نووسراونەتەوە فەرمایشتی خوا نین، بەڵکو پڕن لە شێواندن و دەستکاری کران و تێکگیران، ئەمانە چەند نموونەیەك لەسەر تێکگیرانی نێوان ئینجیلەکان:

---

(١) بڕوانە: مختصر إظهار الحق ٢٦، و محاضرات في النصرانية ٦٠.
(٢) مختصر إظهار الحق ٢٨.
(٣) ئینجیل لۆقا _ ئیصحاح: ١.

**لە سیفری[1] (کرداری پێغەمبەراندا) هاتووە: ((جا "فیلوبوس" وتی: ئایا تۆ باوەڕت وایە پڕ بەدڵ ئەمە دروست بێت؟ وەڵامی دایەوەو وتی: باوەڕم وایە کە یوسعی مەسیح کوڕی خوایە))[2].**

**ئەم بڕگەیە: ((یوسعی مەسیح کوڕی خوایە))، لکێنراوە، یەکێك لە هەڵگرانی بیروباوەڕی سێکوچەکەیی ئەمە زیاد کردووە، (کریستاخ) و (شولز) کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمە لکاندنێکی درۆزنانەیە[3].**

**ئەوەش کە لە ئینجیلی مەتادا هاتووە: ((خۆشبەختی بۆ دروستکەرانی ئاشتی، چونکە ئەوانە کوڕی خوان و بانگەوازی بۆ دەکەن))[4]، هەروەها لە ئینجیلی لۆقادا هاتووە: ((چونکە ئادەمیزاد نەهاتووە بۆ ئەوەی خەڵکی لەناوبەرێت بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی خەڵك هاتووە)).**

**لە ئینجیلی مەتادا هاتووە: ((گومان مەبەن کە من هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی لە زەویدا بەرپابکەم، بەڵکو تەنها بۆ ئەوە هاتووم کە شمشێر لەسەر زەوی دابنێم نەك ئاشتی))[5].**

---

**(١) سیفر واتە کتێب یاخود کتێبی گەورە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢا﴾، هەروەها ناوە بۆ بەشێك لە تەورات. بڕوانە (قاموسی ڕستە "س، ف، ر"، ٣/١١٨٠، مەلا مەحموودی گەڵاڵی). (وەرگێڕ).**

**(٢) أعمال الرسل: ٨/ ٣٧.**

**(٣) مختصر إظهار الحق ٧٥ _ ٧٦.**

**(٤) ئینجیل مەتا _ ئیصحاح ٥ بڕگەی ٩.**

**(٥) سەرچاوەی پێشوو ١٠، بڕگەی ٣٤.**

**لە ئینجیلی لۆقادا هاتووە: ((هاتووم بۆ ئەوەی ئاگر لەسەر زەوی دابنێم، جا من چیم دەوێت ئەگەر ئاگرەکە هەڵگیرسا، ئایا پێتان وایە کە من هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی لەسەر زەوی بڵاو بکەمەوە، پێتان دەڵێم ئەم گومانەتان ڕاست نییە بەڵکو هاتووم پەرتەوازەیی بەرپا بکەم))[١].**

**((تێکگیران و جیاوازی ڕوون و ئاشکرایە، لە دوو دەقەکەی یەکەم و دووەمدا ستایشی دروستکەرانی ئاشتی کراوە بە وشەی "خۆشبەختی"، ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە نەهاتووە بۆ لەناوبردنی خەڵك بەڵکو بۆ ڕزگارکردنیان هاتووە، لە دوو دەقەکەی سێیەم و چوارەم ئاشتی لەسەر خۆی لاداوەو ڕەت کردۆتەوە: نەهاتوە بۆ ڕزگارکردن، بەڵکو ئامانجی لەناوبردنە، نابێتە یەکێك لەوانەی کە لەبارەیانەوە وتراوە: خۆشبەختی بۆ دروستکەرانی ئاشتی))[٢].**

**جگەلەمانەش لەو نموونانەی بەڵگە و ئاماژەن لەسەر تێکگیران و شێواندن[٣].**

---

**١)** ئینجیل لۆقا _ ئیصحاح ١٢، بڕگەی ٤٩ _ ٥١.

**٢)** مختصر إظهار الحق ٤٩.

**٣)** سەبارەت بە تێکگیران و شێوێنرانی ئینجیلەکان بڕوانە: مختصر إظهار الحق ٥٠، دواین شێواندن ئەوەبوو کە پاپا پۆڵس یۆحەنناى دووەم پێی هەڵسا، لە سڕینەوەی ئەو دەقەی ئینجیل کە سەرزەنشتی جولەکە دەکات لەسەر زمانی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت)، ئەویش ئەم فەرمایشتەیەتی: ((ئەی گەلی مل ئەستوور، ئەی نەوەی مارەکان، ئەی کوڕانی شەیتان، ئێوە نەوەی ئیبراهیم نین، ئێوە نەوەی شەیتانن))، ئەمەش لە میانەی پاکانە کردن بوو بۆ جولەکەکان لە خوێنی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت)هەموو ئەو دەقانەی کتێبی پیرۆزی سڕیەوە کە دژایەتی ژەهراوەی لەخۆ دەگرێت.

## ٢_ بڕواهێنان بە بیروباوەڕی سێکۆچکەیی:

قورئانی پیرۆز سەلماندوویەتی کە عیسای مەسیحی کوڕی مەریەم (سڵاوی خوای لێبێت) بانگەوازی کردووە بۆ یەکتاناسی پاك و پوخت، تەنها خواپەرستی بێ بڕیاردانی هاوبەش بۆی، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِى كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾﴾ المائدة. واتە: (کاتێکیش خوا "هەر لە قیامەتدا" فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا ئەوە تۆ بە خەڵکیت وتوە: منیش و دایکیشم بە دوو خوا دابنێن لە ئاست خوای پەروەردگارەوە؟ عیسا لەوەڵامدا وتی: پاکی و بێگەردی و بێ هاوەڵی شایستەی تۆیە، بۆم نییە شتێك بڵێم بۆ خۆم کە مافی من نەبێت؟! "چۆن حەق بەخۆم دەدەم شتی وابێت بە دەممدا؟!" خۆ ئەگەر شتی وام وتبێت ئەوە بەڕاستی تۆ دەیزانیت و لێت شاراوە نییە، چونکە تۆ دەزانیت بەهەرچی لە دڵ و دەروونمدا هەیە، بەڵام من نازانم بەوەی کە لە دەریای علیم و زانستی بێ پایانی تۆدایە، چونکە بەڕاستی هەر تۆ زانا و شارەزای نهێنی و پەنهانی. _ بێگومان تۆ چاك دەزانیت _: من هیچ شتێکم پێ نەوتوون جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێداوم، ئەویش ئەوەیە تەنها خواپەرستن کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە، من شایەت بووم بەسەریانەوە هەتا لەناویاندا بووم، ئینجا

**کاتێك منت مراند و گیانت کێشام، ئەوە هەر خۆت چاودێرو ئاگادار بوویت لێیان و هەر تۆش شایەتیت بەسەر هەموو شتێکەوە).**

**خوای گەورە ڕەتیکردۆتەوە کە منداڵێکی هەبێت، هەروەك خوای تاك و پاك فەرموویەتی:** ﴿ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِى فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴿٣٤﴾ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ ۖ سُبْحَٰنَهُۥٓ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ ﴾ **مريم. واتە: (ئا ئەوەیە عیسای کوڕی مەریەم، هەر ئەوەشە قسەی ڕاست و دروست دەربارەی، کە ئەوانە _ واتە: جولەکەکان گومان بەدەوریدا دروست دەکەن _ "گاورەکانیش بە کوڕی خوا دایدەنێن"، بێگومان ناگونجێت بۆ خوای گەورە، کەس بکاتە ڕۆڵەی خۆی "چونکە پێویستی پێ نییە"، پاکی و بێگەردی شایستەی ئەوە، کاتێك هەر شتێك بڕیار بدات، ئەوە بەڕاستی تەنها ئەوەندەی دەوێت کە فەرمان بدات و بفەرمووێت: ببە، دەستبەجێ دەبێت).**

**بەڵام نەصرانیەتی فەرمی کە (قوستەنتین)ی ڕۆمانی پەسەندی کرد لە ساڵی ٣٢٥ز سەپاندی بەسەر دەوڵەتی ڕۆمانیدا و بەردەوامیش بوو تا ئەمڕۆ، بریتی نییە لە ئاینی ڕاست و دروست کە عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) هێناویەتی.**

**ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سێکوچکەیی لە (شاول)ی جولەکەوە هات کە بە (پۆڵس) ناونراوە، ناوبراو هاتە ناو نەصرانیەتەوە تا گەندەڵی بکات، ئەمەشی کرد[1].**

---

**[1]) بڕوانە: منهاج السنة ٦/١، محاضرات في النصرانية ٨٥ و لاپەڕەکانی دواتری.**

درابر دەڵێت: ((بتپەرستی و هاوبەشدانان هاتنە ناو نەصرانیەتەوە بە کاریگەری ئەو دووڕووانەی کە پۆست و کاری مەترسیدارو پلەی بەرزیان لە ئەستۆ گرت لە ناو دەوڵەتی ڕۆمانیدا، لە ڕووکەشدا خۆیان بە نەصرانیەت ڕووپۆشکرد، هەرگیز هیچ ڕۆژێك گرنگیان بە ئایین نەداوەو ساتێك لە ساتەکانی دڵسۆز نەبووینە بۆی، قوستەنتینیش بەهەمان شێوە بوو کە نیوەی تەمەنی بەڕێ کردبوو لەناو ستەم و دەستدرێژی، پابەند نەبوو بە بڕیارەکانی کڵێسای ئاینی تەنها کەمێك نەبێت لە کۆتایی تەمەنی لەساڵی ٣٣٧ز))[١].

بیروباوەڕی سێکوچکەیی ڕوون دەبێتەوە لە میانەی وتەی دکتۆر (بۆست[٢]) سەبارەت بە مێژووی کتێبی پیرۆز، جا دەڵێت: ((سروشتی خوا پێکهاتووە لە سێ جەمسەری یەکسان)) خوای باوك، خوای کوڕ، خوای گیانی پیرۆز، بەدیهێنراوان دەدرێنە پاڵ باوك بەهۆی کوڕەکەوە، قوربانیش دەدرێتە پاڵ کوڕەکە، پاکسازیش دەدرێتە پاڵ گیانی پیرۆز))[٣].

لەم تیڕوانینەدا بەدیار دەکەوێت کە ئەم بیروباوەڕە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ئاینە ئاسمانیەکانەوە کە ڕاوەستاون لەسەر یەکتاپەرستی، ئەمەش بەڵگەیە

---

(١) وەرگیراوە لە: مذاهب فكرية معاصرة ١٠.

(٢) جۆرج ئیدوارد بۆست پزیشکێکی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٨٣٨ز لە دایك بووە، زانستی لاهوتی خوێندووە لە نیۆیۆرك، دواتر هاتە تەرابلوس لە شام و وەك پزیشك و بانگخوازی نەصرانیەت کاری کرد، تەمەنی خۆی بەڕێکرد لە وتنەوەی وانەی پزیشکی و ڕووەك لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، لە پاشماوە عەرەبیەکانی: (مبادء علم النبات) و (علم الحيوان) و (الصباح في صناعة الجراح)، لە ساڵی ١٩٠٩ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ١١٨.

(٣) وەرگیراوە لە: محاضرات في النصرانية ٤٥.

لەسەر ئەوەی بیروباوەڕی سێکوچکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفی بیانی.

هەروەها ڕەگ و ڕیشەکانی بیروباوەڕی سێکوچکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتۆنیەتی هاوچەرخ، ئەمەش بیروباوەڕێکی فەلسەفییە کە پوخت دەبێتەوەی لەوەی کە هەموو گیانەکان گەلی یەك گیانن، پەیوەستن بە دروستکەری یەکەم بەهۆی عەقڵەوە.

بەڕێوەبردنی جیهان ملکەچە بۆ ئەم سیانە: بەدیهێنەری یەکەمی بێ سەرەتا، ئەو عەقڵەی لەوەوە لەدایك بووە، کە بریتییە لە ڕایەڵ و بەستەری نێوان بەدیهێنەری یەکەم و ئەو ڕۆحەی کە پەیوەستە بە بەدیهێنەری یەکەمەوە[1].

لە کۆڕبەند و کۆنگرەی (نیقیە) دانرا بە چەمکی سێکوچکەیی و بووە بیروباوەڕی فەرمی، لە بڕیاری ئەم کۆنگرەیەدا هاتووە: ((زانکۆی پیرۆزو کڵێسای پێغەمبەرایەتی ئەوە قەدەغە دەکات کە یەکێك بڵێت کاتێك هەبووە کە کوڕی خوای تێدا نەبووبێت و کوڕی خوا پێش لە دایکبوونی نەبووە، کوڕی خوا لە نەبوونەوە هاتۆتە بوون یان وتنی ئەوەی: کوڕی خوا لە مادده یان گەوهەرێك دروست بووە جیاواز لە گەوهەری باوك، هەروەها ئەوەش کە دەڵێت بەدیهێنراوە یان شیاوی گۆڕانە، هەموو ئەو شتانە قەدەغەن))[2].

جا هەڵسان بە شێواندنی ئینجیل بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بیروباوەڕە تازەکە، لە یەکەم پەیامی یۆحەنناندا هاتووە: ((ئەوانەی }لە ئاسمانەوە شایەتی

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٤٤،

(٢) وەرگیراوە لە: محاضرات في النصرانية ٤٥.

دەدەن بریتین لە باوك و وشە[1] و گیانی پرۆز، ئەم سێیانە هەر یەكن، ئەوانەش كە لەسەر زەوی} گەواهی دەدەن سێ شتن: گیان، ئاو و خوێن. ئەوانەش سێن لە یەك شتدا))[2].

ئەوەی لە ناو دوو كەوانەكەیە زیادەیەكی لكێنراوە كە پێش ساڵی ١٨٦٥ز نەبووە، ئەمە زیادەیەكە بۆ سەرخستنی بیروباوەڕی سێكوچكەیی، بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەم زیادەیە درۆیە گەلێك زۆرن لەوانە:

١_ ئەم دەربڕینە لە هیچ دانەیەك لە دانەكانی یۆنانیدا بوونی نییە كە پێش سەدەی شازدەیەمی زایینی نووسرابوونەوە.

٢_ ئەم دەربڕینە لەو دانە ئینجیلانەدا نییە كە بە پشكنین و بایەخێكی تەواو لە چاپدراون.

٣_ ئەم دەربڕینە لە زۆربەی دانە كۆنە لاتینییەكاندا نییە، لە هیچ وەرگێڕانێكی كۆندا نییە جگە لە وەرگێڕانە لاتینیەكە.

٤_ هیچ یەكێك لە پێشینان و مێژوونووسانی كڵێسا دەستی بەم دەربڕینەوە نەگرتووە.

ئەم زیاد كردنە بە شێوێنران و زیادكردنی لكاندن دادەنرێت بە دانپێدانانی گەورە لێكۆڵەرەكانی نەصرانی وەك: كریسباخ و شولزو هۆرن و ئادەم كلارك و جگەلەوانیش[1].

---

[1] مەبەستی عیسایە (سڵاوی خوای لێبێت). (وەرگێڕ).

[2] رسالة یوحنا الأولی ٥/ ٧_٨.

## ٣_ شتە داهێنراوەکانی ناو نەصرانیەت

### _ بیروباوەڕی لە خاچدان و کردنە قوربانی

بیروباوەڕی لە سێدارەدان و کردنە قوربانی بە دیارترین بیروباوەڕی نەصرانی دادەنرێت، ئەم بیروباوەڕە پشت بەوە دەبەستێت کە هەڵەی ئادەم بە خواردنی لە دارەکە لەناو ڕەچەڵەکەکەیدا هەر مایەوە، خوای پایەبەرز ویستی ڕەگەزی مرۆیی پاك بکاتەوە، بۆیە تاکە کوڕەکەی خۆی ناردە خوارەوە بۆ ئەوەی لەسەر زەوی لە خاچ بدرێت وەك قوربانی و بۆ سڕینەوەی هەڵەی ئادەم، ئەمە ئەنجامدرا بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە هەڵەکە[٢].

نەصرانیەکان باوەڕیان وایە عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) لە دوای لە خاچدرانی نێژراوە، بەڵام دوای سێ ڕۆژ هەڵساوەتەوەو گۆڕەکەی لەت بووە، بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە دونیادا ماوەتەوەو پاشان بۆ ئاسمان بەرز کراوەتەوە، لە پاڵ خوای گەورە دانیشتووە، بەر لە ڕۆژی دوایی دادەبەزێت، لێپێچینەوە لەگەڵ خەڵك دەکات، جڵەوی هەموو جیهان بەدەستەوە دەگرێت.

هەر بۆیە نەصرانیەکان خاچ بە پیرۆز دادەنێن و بەگەورەی دەزانن، بە گرنگترین دروشمی ئاینی دایدەنێن، چونکە وێنای ئەم بیروباوەڕە دەکات[٣].

ئەم بیروباوەڕە زنجیرەیەکی ڕاست و دروستی نییە، عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) دانی نەناوە بە ڕاستی هەڵە و قوربانیدان، ئەمە لە شتە دەستکاری

(١) بڕوانە: مختصر إظهار الحق ٧٣.
(٢) بڕوانە: محاضرات في النصرانية ١٢٠.
(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٢٩_١٣٤.

کراو و شێوێنراوەکانە، هەروەها بە ڕوونی پێچەوانەی عەقڵ و ژیرییە، نەوەکانی ئادەم هەڵەیان نەکردووە، بۆیە نابێت سزا بدرێن لەسەر شتێك کە نەیانکردبێت، ئەوەش کە عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) کوڕی خوا بێت و لە خاچدرابێت وەك قوربانی هەڵەی یەکێکی تر ئەوا پێچەوانەی ئەو شتەیە کە خاوەن ئاینەکان لەسەری کۆبوونەتەوە لە وەسف کردنی خوا بە دادگەرو بە بەزەیی.

## _ دەسەڵاتی کەهەنوتی:

یەکێك لە شتە داهێنراوەکان، کە وایلێهات زۆرترین کاریگەری هەبێت لە ناو کۆمەڵگەی ئەوروپی، بریتییە لە: دەسەڵاتی کەهەنوتی، کە پێی وایە کڵێسا تاکە گوتەبێژی فەرمییە بەناوی ئاینەوە، تەواوکەریەتی، بڕیارەکانی کڵێسا و وتەکانی ڕاهیبەکان پارێزراون.

ئەم شتە داهێنراوە پەرەیسەند تا گەیشتە ئاستی بەخوازانین و دەستوەردانە ناو ژیانی تایبەتی خەڵك بەناوی ئاینەوە، گوایە ڕزگار بوون لە ئاگرو ڕۆیشتنە دۆزەخ بەدەستی ئەوە، نەفرەت لێکران و دوورخرانەوە لە میهرەبانی ئەوە دەخوازێت کە لەلایەن خواوە بێ بەش بکرێت لە میهرەبانی. بەمەش کڵێسا خۆی کردۆتە نوێنەری بڕیاردەر لە نێوان خواو بەدیهێنراوەکانی.

ویلز دەڵێت: ((مەسیحیەتی سەدەی چوارەم تەواو پێگەیشت، ئەگەرچی وەك تۆوێك دەستی گرتبێت بە ڕێنماییەکانی یوسەع لە ئینجیلەکاندا، لە کرۆکیدا ئاینێکی کەهەنووتی هەبووە بەر لە هەزاران ساڵ کە خەڵکەکە ئاشنای بووە، قەسابخانە ناوەندی ڕێورەسمە ئاینیە نەخشێنراوەکانی بوو، کاری سەرەکی لە پەرستشدا بریتی بووە لەو قوربانیەی کە قەشە موتەکرس پێشکەشی قەداسی

**دەکات، ئەمە شێوەیەکی هەیە کە بەخێرایی گەشە دەکات کە پێکهاتووە لە شەمامسە و قەساوسە و ئەساقفە))[١].**

**شوێنەواری زۆر خراپ لەسەر دەسەڵاتی کەهەنووتی کەڵەکە بوون، لەوانە: قۆرغکردنی خوێندنەوەو ڕاڤەی ئینجیل لەلایەن پیاوانی ئایینی، دواتر گاڵتەجاری بلیتی لێخۆشبوون، جەنگە ئاینیە کاولکەرەکان، ئەمەش هۆکارێك بوو لە ناڕازی بوونی خوانەناسەکانی سەردەمی بوژانەوەو ڕۆشنبیری دژی ئاینەکان بەگشتی و مەسیحییەت بە تایبەتی[٢].**

## _ ڕەهبانیەت:

**یەکێك لە شتە داهێنراوەکانی تر بریتییە لە ڕەهبانیەت، کە دونیای کردە دژی دواڕۆژ، نەك کێڵگەی دواڕۆژ، ژن هێنانی لە پیاوانی ئاینی قەدەغە کرد، هانی مرۆڤیدا لەسەر خەساندن و ڕەبەنی.**

**پەرستشی بەردەوام لە وێنەی پەرستشێکی دونیا نەویست، بەمەش کڵێسا بەشداربووە لە دەرکەوتنی عەلمانیەتی بە واتای لادەر لە ئایین[٣].**

## _ نهێنیە پیرۆزەکان:

**یەکێکی تر لە شتە داهێنراوەکان بیرۆکەی (نهێنیە پیرۆزەکانە)، کە بە دەرچە دادەنرێت بۆ کڵێسا لە پرسیارە سەرگەردانکەرەکان دەربارەی هەندێك**

---

**١)** معالم تاريخ الإنسانية ٣/ ٧٢٠.

**٢)** بڕوانە: العلمانية ٨٠.

**٣)** سەبارەت بە زانیاری تێروتەسەل دەربارەی ڕەهبانیەت بڕوانە: العلمانية.

بابەتی بیروباوەڕ یان پەرستشە داهێنراوەکان، بیروباوەڕی سێکوچکەیی و کێشەکانی لەخاچدان و کردنە قوربانی نهێنیەکن لە نهێنیەکان، بەهەمان شێوە بیروباوەڕی خوانی خوایی کە یەکێکە لە ڕێوڕەسمە نەصرانیەکان، چاوگی ڕەوابوونی وەرگیراوە لە ئینجیلی مەتا، کە لەوبارەوە هاتووە: ((لەوانەی ئەوان دەیخۆن، یوسەع نانەکەی هەڵگرت و فەرو بەرەکەتدار و لەت لەتی کرد و بە قوتابییەکانیدا، جا وتی: بخۆن، ئەوە جەستەی منە، پەرداغەکەی هەڵگرت و خواردیەوەو بەوانیدا و وتی: هەمووتان لێی بخۆنەوە؛ ئەوە خوێنی منە کە بۆ بەڵێنی نوێ و کەسانێکی دەڕژێت تا گوناهەکان پاك ببنەوە))[1]، ئەمە بیدعەیەکە وەرگیراوە لە بنپەرستنی میسرائیە وەك چۆن غوستاف لۆبۆن بۆچوونی وایە[2].

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە نەصرانیەت لە سەرچاوەی یەکەمیەوە شێوێنراوە، لە بیروباوەڕە سەرەکییەکەی کە یەکتاناسییە دەستکاری کراوە، چەنین شتی داهێنراوی بۆ زیادکران کە شوێنەواری مەزنیان هەبوو لە دەرکەوتنی ڕێبازە بێ باوەڕەکان کە دان نانێن بە ئاینەکاندا.

### دووەم: زۆرداری سیاسی:

ئەو سیستەمە سیاسیەی کە حوکمڕانی کۆمەڵگەی ئەوروپی دەکرد لە سەردەمی ناوەڕاستدا، بریتی بوو لە (ڕژێمی دەرەبەگایەتی)، ئەمەش ڕژێمێکی نەفامی ستەمکارە، گەیشتە چڵەپۆپەی دەستدرێژی و داپڵۆسینی ئازادی مرۆڤەکان. ئەم سیستەمە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و هاتنە

---

[1] ئینجیل متی ٢٦/٢٧_٢٩.

[2] بڕوانە: حیاة الحقائق ٦٥.

ناوەوەی بەربەریەکان بۆ ناو ڕۆما و دارمانی ئیمپراتۆریەتی خۆرئاواو لێکترازانی ئەو دەوڵەتانەی پێیەوە لکابوون پێکهات[1].

دەرەبەگایەتی بە ڕۆشنی لە خۆرئاوای ئەوروپا بەدەرکەوت هەر لە سەدەی نۆی زاینیەوە، ئەمەش بە زیاد بوونی دەسەڵاتی خاوەن موڵکەکان، لەناوچوونی حوکمەتە ناوەندییەکان، بەمەش وێنەی سیاسی کیشوەری ئەوروپای خۆرئاوا بریتییە لە بوونی هەندێك پادشا کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە و کرداریان نییە، دەوڵەتێك دابەشی سەر کۆمەڵێك دەرەبەگایەتی بوون کە خانەدانەکان[2] یان گەورەکان بەڕێوەیان دەبرد و فەرمانیان بە جوتیارەکان دەکرد بەتەواوی[3].

کۆیلە هەبوون لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا، ئەگەرچی بەندە نەبووبێت بە واتای ناسراو، ئەوا حوکمی بەندەی هەیە، چونکە هیچ مافێکی شارستانی بەسەر گەورەکەیەوە نییە.

دەرەبەگەکان سێ جۆریان هەبوو: کڵێسا، گەورەکان، پادشاکان، جۆرەها خۆسەپاندن و ستەم و زۆرداریان پیادەکرد دژی تێکڕای خەڵك کە ئەوانیش جوتیارەکان بوون، دەکرێ پوختەیەك باس بکەین لە زۆرداری سیاسی هێزە دەرەبەگەکان: کڵێسا، گەورە و خانەدانەکان، پاشاکان، بەوشێوەی خوارەوە:

---

(١) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ١٣.

(٢) نازناوی گەورە و خانەدانەکان جیاواز بوو، بەپێی ڕاجیاوازی پلە و جۆرێتی دەرەبەگایەتیەکەیان، لەو نازناوانە: دوق، مەرکیز، کونت، فیکونت و جگەلەمانەش. بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ١٤.

(٣) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ١٣.

## ١ـ زۆرداری کڵێسا:

کڵێسا دانینا بە سیستەمی دەرەبەگایەتی بەهەموو شتە خراپ و نەرێنیەکانی و وایلێهات کڵێسا بووە دامەزراوەیەك لە دامەزراوە دەرەبەگایەتیە گەورەکان، ((دانی نا بەو چەوساندنەوە ناشرینە کە دووچاری کۆیلە و بەندەکان هاتبوو سەرباری تێکگیرانی لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئینجیل))[1]، پێویست بوو کڵێسا بوەستابا لە دژی ستەم و زۆرداری و دەرەبەگایەتی لە جیاتی ئەوەی دانی پێدا بنێت و پیادەی بکات بەسەر گەلان بەناوی ئایین، بەڵام کڵێسا خودی ئاینەکەی شێواند، جا شتەکانی تر جگە لە ئایین دەکرێ دەستکاری بکرێت و بشێوێنرێت.

زۆرداری سیاسی کڵێسا خۆی لە چەندین شێوە بینیوە، لەوانە:

### ـ وەستان دژی ئازادی هزری:

پێشتر باسمکرد کە کڵێسا باوەڕی بە ئاینێکی شێوێنراوە، نەشیتوانی قەناعەتی خەڵکی پێ بهێنێت تەنها بەوە نەبێت کە لە نهێنیە پیرۆزەکانە و پرسیار لەبارە کردنی دروست نییە، بەڵام پێویستە باوەڕی پێبهێنرێت بەبێ بەڵگە، بۆیە لە هەستی کۆمەڵگەی خۆرئاوادا جێگیر بوو کە ئیمان بریتییە لە دانپێدانان و بەڕاستدانان بێ بەڵگە یان نیشانەیەکی قەناعەتپێکەر، هەروەها ئیمان بەرامبەر بەڵگەی زانستی عەقڵ دەوەستێت.

---

[1] العلمانية: ٢٦٠.

**کڵێسا فەلسەفەی یۆنانی وەرگرت و بەگەڕیخست لە پێناو بەرژەوەندی ئاینی مەسیحی، جا بەم پێیە فەلسفە بە لاهوت تێکەڵ بوو، ئەمەش ناسرا بە فەلسەفەی قوتابخانەیی[1].**

**فەلسەفەی مەسیحیەت بەوە نەوەستا کە فەلسەفەی یۆنانی و لاهوتی مەسیحی دوای شێوێنرانی ئاوێتە بکات، بەڵکو ئەمەی تێپەڕاند بۆ پرسی سروشتی و عەقڵی، ئەمەشی بە بەشێك لە بنەماکانی ئایین و بە بیروباوەڕی پێویست بۆ ئیمان دانا.**

**کاتێك بیردۆزەکان دەرکەوتن، کە لەسەر پەیڕەوی تاقیکاری دامەزرابوون، ئەوا پیاوانی کڵێسا هەڵوێستێکی زۆر توندیان لەبەرامبەر گرتەبەر و بە دژ و پێچەوانەی ئاینیان لە قەڵەمدا، هەڵسان بە ئەشکەنجەدان و بێ بەشکردن و سووتاندنی زانایان.**

**لەو زانایانە (کوبرنیق)، خاوەنی بیردۆزی گەردووناسی پەیوەست بە جوڵەی تەنە ئاسمانیەکان، (گالیلۆ) کە تەلیسکۆبی دروست کرد، کڵێسا پێی وابوو ئەم بیردۆزانەیان بێ ئاینیە، بۆیە کتێبی ئەو زانایانەیان سووتاند؛ چونکە ئەمە پێچەوانەی بیروباوەڕی مەسیحیەتە، ئەمەش زیاتر لەوە نییە کە پێچەوانەی بیردۆزی بەتلیمۆس بێت سەبارەت بەوەی زەوی چەقی گەردوونە، تەنە ئاسمانییەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە، کڵێسا لەسەر ئەمە هۆدارکردنێکی تری**

---

[1] بڕوانە: الفلسفة الحديثة ٢٤، ئەم فەلسەفەیە بریتییە لە (زانستی کەلامی مەسیحی) ئامانجی بریتییە لە دامەزراندنی بیروباوەڕی مەسیحی لەسەر لۆژیکی ئەرستۆ و بەرگری لێکردنی بە ڕێگەی دەمەقاڵێ و مشتومڕ کە وەرگیراوە لە فەلسەفەی یۆنانی.

داتاشی ئەویش ئەوەیە کە کوڕی خوا لە سەر ئەم زەویە لە خاچدراوە، بۆیە دەبێت ئەم زەویە جێگیرو نەجوڵاو بێت[1].

ئا بەم شێوەیە کڵێسا هەڵسا بە گەورەترین کرداری بەدواداچوون و ڕاوەدوونانی زانا سروشتگەراکان و ئەشکەنجەدانیان و قەدەغەکردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە، (دادگاکانی لێکۆڵینەوە) دروستکران بۆ سزادانی ئەو یاخی بووانەی ملکەچی بۆچوونی کڵێسا نابن لە زانا سروشتگەراکان و شوێنکەوتووانی چاکسازی ئاینی و جگەلەوانیش.

ئەم دادگایانە هەڵسان بە پیادەکردنی جۆرەها وێنەی ئەشکەنجە و کوشتن و سووتاندن و زێدەڕەوی کردن لە دەستدرێژی و ستەمکاری، بەفیڕۆدانی ئادەمیەت و بەهای مرۆڤ.

ئەوەی سووربوونی کڵێسا ڕوون دەکاتەوە لەسەر بەرتەسککردنەوەی هزری، قەدەغەکردنی ئازادی بیرکردنەوەو ڕاو بۆچوون، دانانی پێچەوانە جوڵانەوەی ڕای تایبەتی کڵێسا بە بێ دینی، ئەم وتەیەی پاپا پۆڵسی چوارەمە (١٥٥٥ _ ١٥٥٩): ((پێویستە بێ دینی لە ناوببرێت بەهەموو جۆرێکی توندو تیژی، وەك چۆن مرۆڤ تاعون لەناودەبات، چونکە بێ دینی دەردێکە دووچاری ڕۆح دەبێت. جا ئەگەر جل و بەرگی پیس بوو بە تاعون لە شوێنی خۆیان هەڵبگیرێن و بسوتێنرێن، ئەوا بۆچی لەسەرمان پێویست نییە کە بە هەناسەیەکی توندەوە بێ دینی ڕیشەکێش بکەین و لەناوی ببەین. بێ گومان بێ دینی نەخۆشییەکە تووشی

---

[1] بڕوانە: قصة النزاع بين الدين والفلسفة ٢٠٣ _ ٢٠٥.

**عەقڵ و ژیری دەبێت، بەڕاستی عەقڵ بەنرخ و بەهادارترین پارچەی لاشەی مرۆڤە، ناکرێت بەراورد بکرێت بە هیچ بەشێکی تر لە جەستەی مرۆڤ))[1].**

**کڵێسا سەرجەم شێوازەکانی هەڕەشە و ئەشکەنجەدانی بەکارهێنا، وەك: پڕوپاگەندە و تۆمەتبارکردن بە بێ دینی، سووتاندنی کتێبەکان و قەدەغەکردنیان، بێ بەش کردن، دادگایی کردن، بەوەی کابرای خاوەن بۆچوون و هزری پێچەوانەی کڵێسا دەهێنرا لە ڕۆژێکی شیاودا و خەڵکیش کۆدەکرایەوە، دەخرایە سەر کۆمەڵێك دار وەك ئامادەباشی بۆ سووتاندنی و دادگاشی لەبەردەمە لە دیمەنێکی مەزندا، داوای لێدەکرا پاشگەزببێتەوە لە بۆچوونەکەی ئەگەرنا دەسووتێنرێت تا ئەو کاتەی بۆنی برژانی بەسەر هەموو شوێنەکەدا بڵاودەبێتەوە، جگەلەمانەش لە شێوازە دڕندانەکان[2].**

## _ زاڵبوونی سیاسەتی ستەمکارانە:

**کڵێسا وەرچەرخا بەرەو هێزێکی سیاسی حوکمڕان، هەموو ئەو کردارانەی پیادە دەکرد کە حوکمڕانە ستەمکارەکان پیادەیان دەکرد، ئەمەش دوای ململانێیەکی تاڵ لەگەڵ پاشا و گەورەکانی ئەوروپا، کە بەردەوام بوو هەر لە سەدەی چوارەمی زایینی تا کاتی سەرکەوتنی مەزنی کڵێسا بەسەر پادشا و خانەدانەکان لە سەردەمی (جریجوری حەوتەم)دا (١٠٧٣ _ ١٠٨٥)، جەنگە سەربازییەکان بەردەوام بوون بۆ سێ سەدە لە نێوان پاپا و پشتیوانەکانی لەگەڵ پادشایەتی و لەشکرەکانیان، لە دەرەنجامدا پاپایەتی سەرکەوت و جڵەوی بڕیاری**

---

**(١) بڕوانە: قصة النزاع بين الدين والفلسفة ٢٠٣ _ ٢٠٥.**

**(٢) بڕوانە: قصة النزاع بين الدين والفلسفة ٢٠٣ _ ٢٠٥.**

سیاسی ئەوڕوپی بەدەستەوە گرت، هەڵسوکەوتی کرد وەك ئیمپراتۆریەتێکی سیاسی حوکمڕان بێ ئەوەی جیاواز بێت لە هەر ئیمپراتۆریەتێکی تر[1].

بەمەش کڵێسا گواسترایەوە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا هەر یەك لە پاشاکان و پیاوانی ئاینی لە شوێنی وێنەیی خۆیدا مایەوە.

کتێبەکانی مێژوو باسی ئەوە دەکەن کە جیاوازی کەوتۆتە نێوان پاپا (جریجۆری حەوتەم) و پاشا (هینری چوارەم) دەربارەی ئەوەی کە بە (لاساییکردنەوەی عەلمانی) ناودەبرێت، پاپا پاشای ناوبراوی بێ بەش کرد و ڕێگەی بە ئەمیرەکاندا گوێڕایەڵی نەکەن، ئەمیرەکان بە پاشایان ڕاگەیاند کە لەوانەیە موڵك و دەسەڵاتی خۆی لە دەستبدات ئەگەر پاپا لێی ڕازی نەبێت، بۆیە پاشا هەڵسا بە خۆ خەجاڵەت کردن و لە کەناری قەڵادا لەسەر بەفر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕاوەستا لە کاتێکدا جل و بەرگی ڕاهیبەکانی لەبەر بوو، بە پێخواسی (ڕووتی) و سەر کۆتی، گۆچانەکەی بەدەست بوو، نیشانەکانی سەرشۆڕی و پەشیمانی داوای لێخۆشبوونی پاپای دەردەخست[2].

هاووێنەی ئەم ڕووداوە لە نێوان پاپا (ئەدریانی چوارەم) و (فریدریك بربروسا) ڕوویدا، بەهەمان شێوە جەنگ لە نێوان (جریجوری حەوتەم) و ئیمپراتۆر (فریدریکی دووەم)دا ڕوویدا[3]، کە تۆمەتبارکرا بە وەرگرتنی هزری ئیسلامی و کاریگەر بوون پێی.

---

(١) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ٢٦ _ ٢٧.

(٢) بڕوانە: معالم تاريخ الإنسانية ٣/ ٩١٠، و قصة الحضارة ١٥/ ١٩٧.

(٣) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ٥٠.

ئەم زاڵبوونە سیاسییە بەرپرسیارێتی تەواو دەخاتە ئەستۆی کڵێسا سەبارەت بە هەرچی لەوەی ڕوویدا لە ئەوروپا لەو ماوەیەی کە شتی دژ بە ئاینی تێدا ڕوویداوە، پاپاکان شێوازی سیاسەتی وایان پیادە کرد کە دژی ڕەوشت بوو، دانیاننا بە سیستەمی دەرەبەگایەتی ستەمکار و ڕێگریان لێنەدەکرد، کڵێسا بووە یەکێك لە گەورەترین دەرەبەگایەتییەکان کە ستەمکار بوون لە ئاست ئەو جوتیارانەی کە خەڵکی لە دەرەبەگایەتییە گەورەکەیان دابوون.

## ـ کۆکردنەوەی باجەکان و کاری بەخۆڕایی:

کڵێسا هەڵسا بە گێڕانی ڕۆڵێکی سیاسی کاریگەرو سەربەخۆو جیاواز لە دەوڵەت، جا هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی باج و دە یەك، ئەمەش وای لێکرد کڵێسا ببێتە خاوەنی سەرمایەیەکی ئەوەندە مەزن کە زۆرتر بێت لە سەرمایەی گەورە دەرەبەگ و پاشا و خانەدانەکانی ئەوروپا.

ویلز دەڵێت: ((کڵێسا باجەکانی کۆدەکردەوە، تەنها موڵك و کەل و پەلی فراوان و داهاتێکی مەزنی لە باج نەبوو، بەڵکو هەڵسا بە سەپاندنی باجی دەیەك لەسەر خەڵکەکەی، ئەمەشی داوا نەکرد وەك کارێکی چاك و خێر، بەڵکو وەك مافێك داوایکرد))[1].

سەرباری سەپاندنی باج لە بارودۆخی تایبەتدا؛ وەك بۆنەکان و جەنگەکانی خاچهەڵگرەکان، ئەم باجانە دەکەوتنە سەر ئەستۆی کرێکارو جوتیارەکان، سەرباری باجی خانەدان و کەسایەتییەکان کە جێگرەوەی یەکتر نەبوون.

---

[1]) معالم في تاريخ الإنسانية ٣/ ٨٩٥.

پاپا یۆحەننای دوازدەم باجی (ساڵی سەرەتا)ی پێویست کرد، ئەم باجە لەو فەرمانبەرە وەردەگیرێت کە ساڵی یەکەمی فەرمانبەرایەتیەتی، ئەمەش دوای ساڵی یەکەمی[1].

کڵێسا کۆیلەی تایبەتی خۆی هەبوون وەك سەرجەم دەرەبەگەکانی تر، ئەمە بەشی کڵێسای نەکرد، بۆیە ئەوەشی زیاد کرد کە پێی دەوترا (ڕامکراوەکان).

ئەمەش بریتی بوو لە کارکردنی بێ بەرامبەر لە کێڵگە تایبەتەکانی کڵێسا و گلکۆکان، ئەمە کارێکی پێویست بوو و هیچ یەکێك بۆی نەبوو نەیکات و تیایدا سەرپشك بێت[2].

ئەم سێ نموونەیە ئەو ڕۆڵە سیاسییە ستەمکارانە ڕوون دەکاتەوە کە کڵێسا پیادەی دەکرد، سەرباری دانان بە زۆرداری و دەستدرێژی تاغوتەکان و پاساوی بەوەی کە بەهۆی هەڵەی یەکەمەوە بووە، ئەمەش پاساودانێکی بێ کەڵك و ناژیرانەیە و پێچەوانەی بیروباوەڕی لە خاچدرانە، کە وادادەنرێت هەڵەکە کۆتایی هاتبێت دوای ئەوەی خوا کوڕە تاقانەکەی لە خاچدا، بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیە بسڕێتەوە، وەك چۆن نەصرانیەکان وای بۆچوون.

## ٢ـ زۆرداری خانەدانەکان:

خانەدان و گەورەکان بریتین لە حوکمڕانە ڕاستەقینەکان لە خۆرئاوای ئەوروپا دوای داڕوخانی ڕۆما لەسەر دەستی بەربەریەکان، ئەو بەربەرییانەی کە سنووریان دانا بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ساڵی ٤٧٦ز.

---

(١) بڕوانە: تاريخ أوروبا (العصور الوسطى) ٢/٣٨٠.

(٢) بڕوانە: العلمانية ١٤٣.

**ئەو کاتە دەوڵەتەکان ناوەندی نەبوون و (لا مرکزی) بوون، هیچ کاریگەرییەکی کرداری پاشاکانی تێدا نەبوو، بەهۆی دابەش بوونی تاکە دەوڵەتێك بۆ کۆمەڵێك دەرەبەگایەتی، هەر یەکە لەلایەن گەورە یان خانەدانێکەوە سەرۆکایەتی دەکرا، سەرجەم گەلیش بریتی بوون لە کۆیلە و بەندە لە ناو ئەم دەرەبەگایەتیانەدا بێ ئەوەی هیچ مافێکی شارستانیان هەبێت.**

**بەمەش چینە کۆمەڵایەتیەکان لەمانە پێکهاتبوون: گەورەو خانەدان و پاشاکان، پیاوانی ئایینی، تێکڕای گەل. تاك سەرۆکایەتی و گەورایەتی لە ڕێگەی میراتگری بۆی دەمایەوەو بەدەستی دەخست و هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە بەدەستهێنان یان کارەوە.**

**لەکاتی وردبینی کردن دەبینین کۆمەڵگەی ئەوڕوپی دوو جۆرە، جۆری یەکەم: سەرۆك و گەورەکان کە بریتین لە خانەدان و پاشاکان و پیاوانی ئاینی، جۆری دووەم: کۆیلەکانی ژێر نیرو چەپۆکی چەوساندنەوەو کۆت و بەندی بەندایەتی، کە بریتی بوون لە تێکڕای گەل (جوتیارەکان).**

**تەنها مافەکانی هی گەورە دەرەبەگەکان بوون نەك ئەرکەکان، ئەرکەکانیش لە ئەستۆی جوتیاران بێ ئەوەی هیچ مافێکی هەبێت ((دەرەبەگ مافی ئەوەی هەبوو لە کۆیلەکەی سەر زەویەکەی خۆی بدات یان لە هەندێك شوێنی زەویەکەدا یاخود لە هەندێك بارودۆخدا بیکوژێت بێ ئەوەی لە هیچ سزایەك بترسێت))، ((دەرەبەگ لە سەر موڵك و زەوییەکەیدا خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکی دادوەری و سەربازی هەبوو، زۆر لە سنووری خۆی زیاتر سوودمەند بوو لەو باج و سزایانەی کە دادگاکانی ناوچە دەیانسەپاند))، ((خانەدانی دەرەبەگ بۆی هەیە زیاد لە**

ناوچەیەك لە دەست بگرێت))، ((لەوانە کۆشکێکی پارێزراوی لە هەموو ناوچەکاندا هەبێت، ئەم کۆشکەی زیاتر بۆ پاسەوانی و چاودێری کردنی دانیشتوانەکەی بوو نەك حەسانەوەیان))، چاڵێکی قووڵ و پان و دیواری بەیەکەوە بەستراو و بەرز و دەرگای ئاسنین دەوری زەوی و ناوچەی دەرەبەگەکەی دابوو لە ناوەڕاستیشیدا قوللەیەکی بازنەیی هەبوو، گەورەکە بەخۆی و خێزانەکەی تێیدا نیشتەجێ بوو، دیوارە بەردینە بەهێزەکانی کۆڵەگەی هێزی دەرەبەگەکە بوو لە دژی بەکرێگیراو و پاشا)).

((ئەو پیاوەی سەربەرزی و لووتبەرزیەکەی ڕێگەی پێ نەدەدا ببێتە کۆیلەی هیچ زەویەك، بەڵام لاوازترە لەوەی ئامرازەکانی بەرگری سەربازی بۆ خۆی ئامادە بکات، ئەوا هەڵدەستا بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی دەربڕینی خۆشەویستی و لایەنگیری خانەدانە دەرەبەگەکە و لەبەردەمیدا چۆکی دادەدا بە سەر کۆتی و بێ چەك دەستی دەخستە ناو دەستی دەرەبەگەکە و ڕایدەگەیاند کە ئەو پیاوی ئەو دەرەبەگەیە، دواتر سوێندی دەخوارد لەسەر هەندێك سوێندی پیرۆز))[1].

بەڵێنی نێوان گەورە و بەندە ڕێوڕەسمی تایبەتی هەبوو کە سوێندی بۆ دەخوارد لەسەر خۆشویستنی و لایەنگیری کردن و دەیوت: ((سوێند دەخۆم کە دڵسۆز بم بۆت و پشتیوانیت بکەم، دڵسۆزیەك کە خۆشەویستی و پشتیوانیەکەی تەنها بۆ تۆ بێت، بەڵێن دەدەم ئەمە بکەم هەتا شوێنکەوتووی تۆ بم و لەسەر پارچە زەویەکی تۆ جێگیر بم))[2]، دواتر هەڵدەستا بە لاساییکردنەوەی، ئەمەش بەوەی گەورەکە ئاڵا و گۆچانێکی بە کۆیلەکەی دەدا و گەواهی دەدا لەسەر ئەوەی

---

(1) ئەم دەقانە هی کتێبی: قصة الحضارة ١٤/ ٤١٨ _ ٤٢٤.

(2) مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ١٦ _ ١٧.

زەویەکەی بە بەندەکەی داوە[١]. لە سیستەمی دەرەبەگایەتی (دادگای دەرەبەگایەتی) هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە یەکێك لە ئامرازەکانی فشار خستنەسەر کۆیلە و یاساکانی ئەم دادگایە لە بەرژەوەندی گەورە و دەربەگەکە دانرابوون، جا هەر دەرەبەگەکە یاسادانەرو دادوەرو جێبەجێکارە، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەت وازیهێنا لە دەسەڵاتە ناوەندییەکەی[٢]، سەرباری دادگا ئاینی و دادگا پاشاییەکان.

کۆیلەی زەوی هیچ مافێکی سیاسی و ئابووری نییە، ئەو مەرجانەی لە گرێبەستی کاردا هەن لایەنی ئەرێنی تێدایە بۆ گەورەکە، نەرێنیشی تێدایە بۆ کۆیلەی خاکەکە. گەورە توانای دەرکردنی کۆیلەکەی هەیە لەسەر زەویەکەی دەربکات لە هەر کاتێکدا بێت، تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە بۆ گەورەکە دروستە کۆیلە بفرۆشێت بێجگە لە زەوی لە وڵاتی فەرەنسا، بەڵام سەبارەت بە فرۆشتنی کۆیلە و زەویەکە بەیەکەوە بە گەورەیەکی تر ئەوا شتێکی ئاساییە لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا.

لە بەریتانیا کۆیلەی زەوی بەندکراوی خاکی گەورەکەیەتی و قەدەغەیە لەسەر زەویەکە جێبهێڵێت، ئەوەش کە هەڵدێت ئەوا دەستگیر دەکرێت وەك بەندەی هەڵاتوو، لەگەڵ ئەوەی کۆیلەی زەوی وەك موڵکی دارایی موڵکی گەورەکەی نییە.

---

(١) الإقطاع والعصور الوسطى في غرب أوروبا ٤.

(٢) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ١٧.

لێرەدا چەندین ئەرك هەیە لەسەر ئەستۆی كۆیلەی زەوی، كەچی هیچ مافێكی نییە بەرهایی، لەوانە: سێ باجی نەختینەیی لە یەك ساڵدا بێجگەلە باجەكانی كڵێسا، هەروەها بەشێك لە داهات و مەرو ماڵاتەكەی، كاری بە خۆڕایی لە كاتی جیاوازی ساڵدا، هەروەها كرێدان لەسەر بەكارهێنانی ئامرازەكانی سەید لە خواردن و خواردنەوەیدا، هەروەها كرێدانێك لەسەر مۆڵەتدان بە ڕاوكردنی ماسی و گیانلەبەری وشكانی، دانی باج ئەگەر سكاڵایەكی بەرز كردەوە لەبەردەم دادگاكانی خاوەن موڵك، باجدان لەكاتی هەڵگیرسانی جەنگ و پێویستە لەسەری بچێتە ناو لەشكرەوە، ئەگەر گەورەكەی بە دیلگیرا ئەوا پێویستە شت ببەخشێت بۆ ئازادكردنی، پێویسە لەسەری دیاری ببەخشێت بە كوڕی دەرەبەگەكە ئەگەر گەیشتە پلەی سوارچاك، پێویستە باج بدات لەسەر فرۆشتنی هەر كەل و پەلێك لە بازاردا، ناكرێت هیچ كەل و پەلێك بفرۆشێت تەنها دوای فرۆشرانی كەل و پەلی گەورەكەی نەبێت بە دوو هەفتە، پێویستە لەسەری هەندێك شتومەكی گەورەكەی بكرێت، پێویستە بڕە پارەیەك بدات ئەگەر هاتوو كوڕی خۆی ناردە بەر خوێندن یان بەخشییە كڵێسا، هەروەها دەبێت باجێك بداتە گەورەكەی لە كاتی ژن هێنانی یان ژن هێنانی یەكێك لە كوڕەكانی لە دەرەوەی ناوچەی دەرەبەگەكە.

پێویستە لەسەری (مافی شەوی یەكەم)ی پێبدات، ئەویش بریتییە لەوەی گەورەكە شەوی یەكەمی ژن گواستنەوەكە لەگەڵ بوكەكە بەسەر ببات یان كرێ لە جیاتی بوكەكەی بدات، بەمەش سەید هەڵدەستێت بەمیراتگرتنی شتەكانی لە دوای مردنی[1].

---

[1]) بڕوانە: قصة الحضارة _ الجزء ١٤ _ فصل الإقطاع.

هەموو ئەو ئەرکانە کە گەلانی ئەوڕووپای وەرچەرخاند بوو بەرەو ئەوەی کە زیاتر بە گیانلەبەران دەچوون یان کەمتریش، بەردەوامیش بوون بۆ زیاتر لە دە سەدە.

مرۆڤ سەری دەسوڕمێت کە چۆن دەکرێت گەلێك بەرگەی ئەم بارە قوڕسە و دەستدرێژییە مەزنە بگرێت بۆ سەر ئازادییەکان؟ بەڵام ئەمە بەکرداری ڕوویدا، ئەم بارودۆخەش وێنای ڕەق و توندی خۆسەپاندن و دەستدرێژی دەکات کە پیادە دەکرا بەسەر گەلانی ئەوڕوپی لەلایەن کلێسا و خانەدان و پاشاکان وەك چۆن خرایەڕوو.

## ٣_ زۆرداری پاشایەتی:

دوای داڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی، ئەوڕوپای خۆرئاوا بووە چەندین حکومەتی نا ناوەندی (لا مرکزی)، پاشا تەنها ئەوەی بە بەس دەزانی کە باجە زۆر و زەبەندەکان لە خانەدان و گەورەکان وەربگرێت.

بەڵام لەگەڵ سەرەتای دەوڵەتی هاوچەرخ، پاشایەتی ڕۆڵی خۆی گێڕایەوە بە دەستگرتن بە سەر گوند و شارەکان، بە پاڵپشتییەکی مەزن لە چینی تازە هەڵکشاو کە چینی ناوەڕاست (بۆرژوازیەت)ە، کە بەرژەوەندییە بازرگانییەکەی وابوو خانەدان و گەورەکان لاواز بکات کە کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە بەردەم بازرگانیەکەیان.

سوتشکوف دەڵێت: ((خودی گەورە دەرەبەگەکان کە کۆیلەکان ملکەچی دەسەڵاتیان بوون، ئەوا ملیان کەچ کردبوو بۆ سایەی حوکمی ڕەها. ئەو سەرمایەی

کۆکرابووەوە لەلایەن گەنجینەی پاشایەتیەوە هێدی هێدی دەگوازرایەوە بۆ خەزێنەکانی بەنك و سووکارەکان، بۆ نموونە خانەوادەی فۆجیر خاوەنی دەسەڵاتێکی ئەوەندە مەزن بوون کە کەمتر نەبوو لە سەرۆکەکان، بۆرژوازیەت تێدەکۆشا بە بەردەوامی دژی چینی خانەدانەکان بۆ ئەوەی شوێنێکی لە ژێر خۆر دەستبکەوێت)).

ژمارەیەکی زۆر لە تاقمە سەرکێشەکان زەریاکانیان دەبڕی بەمەبەستی گەڕان بەدوای زێڕ، کە ببووە پێوەر بۆ چاکی و خراپی و ئازادی و بەختەوەری))[1].

پاشایەتی پارە و داراییەکی زۆر سوودمەند بوو لەسەر شێوەی بەخشش و قەرز، لەبەرامبەر ئەو ئاسانکارییەی پاشایەتی دەیکرد بۆ کارە بازرگانیەکانیان، بەرگری کردن لێیان لە ناڕازی بوونی کڵێسا لێیان لەسەر ڕیبا.

هەروەك پاشایەتی بەسەرکەوت لەسەر خانەدان و گەورەکان _ هەروەها _ سەرکەوت بەسەر کڵێساشدا دوای ئەوەی لە دەرەنجامی چاکسازی ئاینی دابەش بوو بۆ کاسۆلیکی و پرۆستانتی.

وایلێهات کڵێسا بووە دامەزراوەیەکی پاشکۆی پاشا و دەسەڵاتدارەکان و بە کەیفی خۆیان دەستیان لە کاروبارە تایبەتەکانی کڵێسایان وەردەدا، هەروەك پاشای فەڕەنسا ئەمەی کرد کاتێك پەیماننامەی ساڵی ١٥١٦ز سەپاند کە مافی هەڵبژاردنی قەشەکان و سەرۆکی کڵێسا و پەرستگەکانی پێدرا[2].پاشایەتی سیستەمێکی خۆسەپێن و حوکمێکی ڕەهای سەپاند بەسەر خەڵکەکەدا کە پشت

---

(١) المصائر التاريخية ١٤.

(٢) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ١٩٥.

دەبەستێت بە ((تیۆری مافی خوایی)) ڕەگ و ڕیشەی ئەم تیۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی یۆنانی کە پێی وایە ئیمپڕاتۆر نیوەی خوای خێرە، ئەم بزوتنەوەیە گواستڕایەوە لە ڕێگەی وێژەی ئیتاڵیایەوە کە داب و نەریتەکانی یۆنانی زیندوو کردەوە[1].

پاشاکان پێیان وابوو کە ئەو حوکمە ڕەهایەی جێبەجێیان کردووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حوکمیان لقێکە لە حوکمی خوا، ((لویسی چواردەم[2])) ئەمەی لە یاداشتەکەیدا دەربڕیوە بەو وتەیەی: ((دەسەڵاتی پاشاکان سەرچاوەیان گرتووە لە ڕاسپاردنی خوای بەدیهێنەرەوە، خوا چاوگی ئەو دەسەڵاتەیە نەك گەل، بۆیە پاشاکان تەنها لەبەردەم خوا بەرپرسیارن سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی))[3]. هەروەها دەڵێت: ((ئێمە تاجمان تەنها لە خوا وەرگرتووە، دەسەڵاتی کارکردن بە یاساکان پسپۆری ئێمەیە و هیچ یەکێك تیایدا هاوبەشمان نییە، لە کارەکەشمان ملکەچی هیچ یەکێك نابین))[4].

هەندێك لە فەیلەسوفەکان هەڵسان بە پاساودان بە دەستدرێژی و خۆسەپاندنی پاشاکان لەوانە (جان بوندان) لەم وتەیەیدا: ((ئەگەر ئەمیر

---

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٢) لویسی چواردەم: پاشای فەرەنسا، کوڕی لویسی سێزدەم، لە ساڵی ١٦٤٣ز لە دایك بوو، بە پاشای خۆر ناسراوە، پاشایەتی ڕەها گەیشتە ئەوپەڕی لە سەردەمی ئەو لە فەرەنسا، لەسەر حیسابی خانەوادەی هابسبۆرغ دەوڵەتی ڕووەو خۆرهەڵات فراوان کرد، بانگەشەی ئەوەی کرد کە (نێزرلاند)ی ئیسپانی لە ڕێگەی ژنە ئیسپانیەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو، ئەم بانگەشەیەی بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی میراتگری، هانیدا لەسەر هونەرو پیشەسازی، کۆشکی فیرسای دروستکرد. لە ساڵی ١٧١٥ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ٣٩٤_٣٩٥.

(٣) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٤) وەرگیراوە لە: المدخل لدراسة التاريخ الأوروبي (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

**نەتوانێت یاسا دابنێت تەنها دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەوە نەبێت کە لەو بەرزترە ئەوا بە ئەمیر دانەدەنرا))[١]، هەروەها (بوسویە)ش دەڵێت: ((تەختی پاشایی بریتیی نییە لە تەختی مرۆڤ بەڵکو عەرشی خودی خوایە))[٢]، هوبز گەیشتۆتە ئەوەی کە زۆرداری و خۆسەپاندن پێویستە بۆ ڕێگری گرتن لە جەنگ کردنی هەمووان لەگەڵ هەمووان، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپەکارە.**

**دواتر (هیگڵ) فەلسەفەی خۆسەپاندنی پەرەپێدا و ڕووێکی ئاینی بۆ دانا کاتێك دەوڵەتی بە تێڕوانێکی ڕەها وێنا کرد، هەروەها ڕووێکی فەلسەفیشی بۆ دانا ئەویش گەشەسەندنی مێژووە بەپێی یاسای دەمەقاڵێی (جەدەلی) تا لە کۆتاییدا گەیشتە دەوڵەتێك لە ڕوسیا  کە لەوێ ڕەهایی و ئازادی و خوایەتی بەرجەستە بوو[٣].**

**لەبەر ئەمە پاشا ئەوڕوپییەکان ستەم و زۆرداری و خۆسەپاندنیان پیادەکرد بە هۆشیارییەکی تەواو و پاساوداکردنێکی  ڕوون کە سەرچاوە دەگرێت لەوەی ئەوان ڕاستن لە پیادەکردنی زۆرداری و ستەم و دەستدرێژی. وتەی (لویسی پازدەم) ئەمە ڕوون دەکاتەوە: ((تەنها لە خۆمدا دەسەڵاتی باڵا دەوەستێت، دەسەڵاتی یاسادانانیش بێ بەستراناوەو بەشداری بۆ خۆم دەگەڕێتەوە، لە منەوە تێکڕای سیستەم دەردەچێت، مافەکانی ئوممەت و بەرژەوەندییەکانی بە پێویست بوون ئاوێتە و یەکگرتووە لەگەڵ ماف و بەرژەوەندییەکانم، تەنها لەبەردەم**

---

**(١)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(٢)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(٣)** بڕوانە: تاريخ الفلسفة الحديثة ٧٤.

دەستەکان دەحەسێتەوە))[١]، لە ساڵی ١٧٧٠ز لە پەرلەمان ڕایگەیاند: ((ئێمە تاجی خۆمان تەنها لە خواوە وەردەگرین، ماڤی دەرکردنی یاساکان تەنها بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، کە بەپێی ئەو یاسایانە خەڵکەکەمان بەڕێوە دەبەین و حوکمیان دەکەین بێ هیچ بەسترانەوەو بەشداریەك))[٢].

لادانی ئاینی و خۆسەپاندن و زۆرداری سیاسی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بوونی هزری لیبڕاڵی، چونکە کۆمەڵگەی ئەوروپی کردە بەندە و کۆیلە، ئازادی تاکەکانی تا ئاستی بەندایەتی تەواو سەرکوت کرد، ئەم دەرستدرێژی کردنە سەر ئازادی کاردانەوەیەکی پێچەوانەی هێنایە بوون، بێگومان ئەمە شتێکی سروشتییە، یاسایەکی نەگۆڕی گەردوونیە.

لە ناو سکی چەرمەسەری و دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی بزوتنەوەی وەرچەرخانە هزری و کۆمەڵایەتییەکان چەکەرەی کرد، ئەم وەرچەرخانانە سەرەتای کرداری بوون بۆ ڕزگار بوون لە کۆت و بەندی ئاینی و سیاسی و ئابووری بەرەو پانتانی ئازادی مەزن بێ تێڕوانینێکی ژیرانە و دیدێکی ڕۆشن بۆ چۆنیەتی بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ.

ئەمەش فرە هزریمان بۆ ڕاڤە دەکات لە تێگەیشتن لە ((لیبڕالییەت)) و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە واقیعدا، بەڕاستی دەرچوون لە ژێر چەپۆکی بە کۆیلەکردن لە خودی خۆیدا ئامانجێك بوو، هەروەها ئاڕاستەکران بەرەو ئازادی بەرێنمایی کورت بر بێ تێڕوانینی تێروتەسەل، چونکە لە کەشێکی ئارامدا

---

١) تاريخ الثورة الفرنسية ٦٧، ئەم دەقە ئەو وتە ناودارەی ئەو ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێت: ((من دەوڵەتم)).

٢) هەمان سەرچاوە ٦٦.

**چەکەرەی نەکردووە، دەرەنجامی بیرکردنەوەیەکی هۆشمەندانە نەبووە، بەڵکو لە کەش و هەوایەکی تووند و تیژو بارودۆخێکی سەختدا لە دایك بووە، خودی ئەورووپییەکان خۆیان لەبەردەم ئەوەدا بینیەوە کە پێویستیان بە ئاینێکی نوێ و دیدێکی تازە هەیە بۆ هزری سیاسی و ئابووری، خۆ ڕزگارکردن ئامرازیان بوو لە بنیاتنانی پەیڕەوێکی ڕۆشنبیری تەواوە**

## دەروازەی دووەم:

# گۆڕانکارییە هزرییەکانی ئەوروپا بەرەو لیبڕالییەت

لە سەردەی گەشەسەندندا وەرچەرخانە هزرییەکان لە ئەوروپا دەستیان پێکرد، سەردەمی گەشەسەندن بریتییە لەو سەدەمەی درێژبووەتەوە لە سەدەی چواردەمی زایینی تا سەدەی حەڤدەمی زایینی، ئەم وەرچەرخانانە بە پلەبەندی بوون و سەرەتای کردارییەکەی لە ئیتاڵیا بوو لە میانەی بزوتنەوەی وێژەیی (ئەدەبی) کە هەڵسا بە زیندووکردنەوەی داب و نەریتی یۆنانی بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بارودۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی، دواتر بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی هات کە بە توندی کۆمەڵگەی خۆرئاوای هەژاند، ڕۆڵەکەی لە ئاڕاستەکران بەرەو لیبڕالییەت بەهێزتر بوو لە بزوتنەوەی وێژەیی (ئەدەبی)، ئەم بزوتنەوە ئاینیە نیوەی ڕێگای بڕی بەرەو ڕزگار بوون، یەکێك لە شوێنەوارەکانی پێگەیشتنی هزری تاقیکارییە کە زانا سروشتناسەکانی گەیاندە بیردۆزی گەردوونی نوێ سەبارەت بە کۆمەڵگەی خۆرئاوا، لە میانەی ئەم مەشخەڵانە ئەم وەرچەرخانە هزریانە هاتنە کایە، لوتکەی ئەم وەرچەرخانانە بریتی بوون لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی و بەتایبەت شۆڕشی فەرەنسی؛ چونکە ڕووخساری کیشوەری ئەوروپی گۆڕی.

لەوەی دەخرێتەڕوو بە تێروتەسەلی ئەو نیشانە و مەشخەڵانە ڕوون دەکرێنەوە کە ڕۆڵی هەرە سەرەکیان هەبووە لە ئاڕاستەکردن بەرەو لیبڕالییەت:

## یەکەم: بزوتنەوەی ئەدەبی هەڵگری ئاڕاستەی مرۆیی (زیندووکردنەوەی داب و نەریتی ئیغریقی):

بزوتنەوەی وێژەیی (ئەدەبی) خاوەن ڕەوتی مرۆیی لە ئیتاڵیا دەرکەوت لەگەڵ سەرەتاکانی سەردەمی گەشەسەندن و ڕابوونی ئەوڕوپی لە سەدەی چواردەمی کۆچی، ئەم بزوتنەوەیە هەڵسا بە زیندووکردنەوەی داب و نەریتی یۆنانی و هەموو ئەورووپای گرتەوە دوای بەرگە گرتنی یاخی بوون و خۆ ڕزگارکردن لە چنگی کڵێسا، هەڵکەندەرو وێنەگرو هونەرمەندان و شاعیران هەڵدەستان بە گێڕانەوەی بتپەرستی بێ دینی کە لەلایەن یۆنانیەکان هەبوو، لە دیارترین کەسایەتی و ڕابەرە دیارەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەوانە بوون: (بەرتراك)[1]، (شکسپیر)[2]، (دانتی)[3] و جگەلەوانیش[1]، ئەم بزوتنەوەیە بنەما

---

(١) فرانسیسکۆ بەترارکا بەترارك: زانا و شاعیرێکی ئیتاڵییە، لە ساڵی ١٣٤٠ز لە دایك بووە، بە باوکی (بزوتنەوەی مرۆیی) دادەنرێت، کۆمەڵێك لە دەستنووسی کلاسیکی کۆکردەوەو هەندێکی وەرگێڕا، بە چامە پیاهەڵدانەکانی بە خۆشەویستەکەی (لۆرا) ناسرا، ئەم چامانە زۆرترین کاریگەریان هەبوو لە گەشانەوەی شیعری گۆرانی لە ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئیسپانیا و ئینگەلتەرا، لە ساڵی ١٣٧٤ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ٩٥.

(٢) ولیەم شکسپیر: گەورە شاعیرانی ئینگلیزە، لە ساڵی ١٥٦٤ز لەدایك بووە، نمایشکارو نووسەرێکی شانۆیی بوو، لە شانۆکانیدا قوڵایی دەروونی مرۆڤی تاقیکردەوەو شرۆڤەیکرد لە کۆشکێکی هەماهەنگ وایلێکرد کە زیاتر بە سەمفۆنیاتی شیعری دەچوو، لە شوێنەوارە کۆمیدییەکانی: ((کۆمیدیای هەڵەکان)) و ((بازرگانی تفەنگ))، لە دیارترین نووسراوەکانی لە بواری مەرگەساتدا: ((ڕۆمیۆ و جولیەت)) و ((یۆلیۆسی قەیسەر)) و ((هەملت)) و ((عوتەیل))، لە ساڵی ١٦١٦ز کۆچی دوایی کردووە. معجم أعلام المورد ٢٦٧.

(٣)دانتی ئالیغیری: گەورە شاعیرانی ئیتاڵیایە، لە ساڵی ١٢٦٥ز لە دایك بووە، نیوەی ژیانی خۆی لە ئاوارەیی بەسەر بردووە، خۆشەویستەکەی کە ناوی (بیاتریس) سەرچاوەی نیگا شیعرییەکانی بووە، لە شوێنەوارەکانی: (الکومیدیا الإلهیة) ئەمە بریتییە لە داستانێك کە بابەتەکەی دەخولێتەوە بە دەوری گەشتێکی خەیاڵی کە دانتی پێی هەڵساوە بۆ دۆزەخ و پاککەرەوەو بەهەشت، تیایدا خۆشەویستی

**کلاسیکییەکانی زیندوو کردەوە لە وێژە (ئەدەب) و هونەرو ڕزگار بوو لە کۆت و بەندە ئاینییەکانی کڵێسا، ئەمەش پێکهێنەری ڕاستەقینەی ئاڕاستەکەرانە بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی و سەربەستی هزری و ڕەوشتی و وێژەیی لە مەرج و ڕێکخەرەکانی کڵێسا.**

**لەو ئاماژانەی کە بەڵگەن لەسەر ڕۆڵی ئەم بزوتنەوەیە لە وەرچەرخان بەرەو لیبڕالییەت ئەمانەن:**

## ١ _ زیندووکردنەوەی کەلەپوری ئیغریقی:

**زیندووکردنەوەی کەلەپوری یۆنانی لەم بزوتنەوەیە پشت دەبەستێت بە ڕازی نەبوون بە بارودۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان، بۆیە هزر گەڕایەوە بۆ قۆناغی بەر لە ئاینی مەسیحی بۆ دەرچوون لە جیهانی بەرتەسك و کۆت و بەنددار.**

**جا کرداری زیندووکردنەوەی کەلەپوری یۆنانی هزری خۆرئاوای پاڵنا بەرەو لیبڕالییەت لە دوو لایەنەوە:**

**یەکەم: لەلایەنی ڕزگار بوون لە بیروباوەڕی لاهوتی و یاخی بوون لە هزری کۆن بە هۆی زیندووکردنەوەی هزرێکی تازەی نەبەستراو بە ئایین یان نەریتی کۆمەڵایەتی.**

---

**شاعیرو ڕۆشنبیرییە فراوانەکەی دەردەکەوێت، لە ساڵی ١٣٢١ز کۆچی دوایی کردووە. معجم أعلام المورد ١٨٥.**

**) بڕوانە: أبطال من التاریخ ٢٣١ و لاپەڕەکانی دواتر.**

دووەم: لە لایەنی ئەوەی کە هزری یۆنانی کۆمەڵێك بیرۆکە لە خۆی هەڵدەگرێت کە بە چەشنی ڕەگ و ڕیشەی هزری وان وەك تاکایەتی و ئازادی بێ کۆت و بەند و جگەلەمانە. جا گواستنەوەی هزری یۆنانی ئەنجامدرا لە ڕێگەی شیعرو وێنە و گێڕانەوەو وەرگێڕان و شانۆو جگەلەمانە[1].

## ٢_ ئاراستەی مرۆیی:

بزوتنەوەی ویژەیی (ئەدەبی)ەکە خاوەن ڕەوت و ئاراستەیەکی مرۆیی بوو، ڕۆڵی مرۆڤ و تاکی بەرزو مەزن دەگرت، جەختی دەکردەوە لەسەر خولگەییەکەی لە بەرامبەر ڕەوت و ئاراستەی لاهوتی.

ئەم ڕەوتە لە دایك بوو لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی و هەستی مرۆیی لە مەسیحییەتدا، مرۆڤی دانا جێگەی خوا، بەهۆی ئەو گرنگی دانە مەزنەی بەو لایەنەیدا.

داونز دەڵێت: ((دانتی وەك هاوڕێ و هاوچەرخەکەی وێنەکێش (جیۆتۆ) وەستاوە لەسەر لوتکەی کاتی نوێ لە گەشەسەندنی هزری مرۆیی، لەبەر ئەوەی هەر دووکیان هونەرمەندی مەزن بوون، ئەوا بە ڕاستترین دەربڕین وێنای شتی نوێیان کرد کە لەوانەیە لە سینەی زۆرێك لە هاوچەرخەکانیاندا هەبوو، بەڵام نەیاندەتوانی بە ڕەوانی دەریببڕن.

ئەم شتە نوێیەش بریتی بوو لە مرۆڤایەتی، کە بریتییە لە گرنگی دان بە کاروبارو شتەکانی مرۆڤ لە ژیانی دونیادا، دەتوانین لە مەترسی ئەم شتە نوێیە

[1]) بڕوانە: أبطال من التاريخ ٢٣١.

تێبگەین کە ململانێ لەگەڵ کۆنەکە دەکات ئەگەر بەراوردی بکەین بەو بیروباوەڕەی زاڵبوو بەسەر گوێچکەی خەڵك لەو سەردەمەدا لە ژیان و گەردووندا))[1].

جا (الکومیدیا الإلهیة)ی دانتی بە ڕووداوێکی مەزن دادەنرێت، چونکە بوارێکی نوێ دەکاتەوە بۆ بیرکردنەوە کە ئەوروپییەکان هیچ زانیارییەکان لەسەر نییە، ئەم کۆمیدیایە ڕەوتێکی تازە لە بیرکردنەوە دەردەخات کە باو نییە.

مەبەست لە ((مرۆڤایەتی)) لێرەدا ئەوەیە کە بەرامبەرە لەگەڵ (لاهوتیەت)، لە جیاتی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ مەبەست لێی بریتی بوو لە کارکردن بۆ دواڕۆژ و دینداری کردن بۆ خوا بووە ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی ویستراو بێت و ببێتە ئامانج کە وایکرد بکەوێتە بەرامبەر خوا، دواتر بایەخدان لە خواوە گواسترایەوە لە خوا بۆ مرۆڤ.

ئەم بیرکردنەوەیە نوێیە بریتییە لە ڕەگ و ڕیشەی لیبڕالییەت و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی، ئەم وەرچەرخانە بریتییە لە سەرەتا بچوکەکان کە لیبڕالییەت هان دەدات، چونکە لیبڕالییەت بانگەوازێکی مرۆییە بە واتای ئەوەی مرۆڤی تاك دەکاتە ئامانجی هەرە مەزن و تاکایەتییەکەی بریتییە لە کۆتایی کار.

## ٣_ ئازادی بەرەڵایی:

ئەم ئازادییە بێ کۆت و بەندە وەك کاردانەوەی ڕەهبانیەت و دونیانەویستی و قەدەغە کردنی شتە خۆش و پاکەکان هات کە دراوەتە پاڵ ئایین وەك چۆن

---

[1]) کتب غیرت وجه العالم ٣٦٢.

**کڵێسا وادەڵێت، جا ئەم بزوتنەوەیە هات بە قوڵبوونەوە لە خۆشی و هەواو هەوەس و حەزو ڕابواردنی جەستەیی.**

**ئەم بەڕەڵاییەش دەرهاویشتەی بایەخدانە بە مرۆڤایەتی، زیندووکردنەوەی (ئەبیقۆریەت)ە، جا بەهۆی ئەمەوە جۆرێك لە گۆرانی بەڕەڵایی بڵاوبوونەوە کە خۆشی کردن و ڕابواردن بە خۆشییەکانی ژیان بە بەرزو مەزن دادەنا، ئەم گۆرانیانە زۆر بەرەڵا بوون و زێدەڕەویان کردبوو لە وەسفکردنی لایەنە ئاژڵییەکاندا، وێژە (ئەدەبی) بەڕەڵایی دەرکەوت لە میانەی شیعرو چیرۆکی خۆشەویستی و وێنەی ڕووت لە بارودۆخی وا کە کرچ و کاڵی دەخستە ناو داب و نەریتی گشتی[1].**

**ئەم سەرنج ڕادەکێشێت بەرەو گەشەی بیرۆکەی ئازادی و بە مەزن دانانی وەك بەهایەکی مرۆیی، ڕەنگدانەوەی ئەم واتایە لەسەر ڕەوشت، جا وێژە (ئەدەب) بەشێوەو وێنەی جیاواز ئەمەی دەربڕی.**

**گومان لەوەدا نییە کە ئەم جۆرە نوێیەی بیرکردنەوە کە پێشتر نەناسرابوو کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە گەشەکردنی کەش و هەوای شیاو بۆ هزری لیبڕالییەت.**

**ئا لێرەوە دەزانین کە بزوتنەوە وێژەیی (ئەدەبی)یەکە پێکهاتەکانی لیبڕالییەت لەخۆ دەگرێت، وەك نیشانەیەکی دیارە لە وەرچەرخانی هزری ئەوروپی لە هزری سەدەکانی ناوەڕاست (دەرەبەگایەتی) بۆ هزری سەردەمی گەشەسەندنی نوێ.**

---

**(1) کتب غیرت وجه العالم ٣٦٢.**

## ٤_ ڕۆڵی بۆرژوازییەت لە پاڵپشتی کردنی بزوتنەوەی ئەدەبی مرۆیی:

هزری سەردەمی گەشەسەندن بە پلەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە بۆرژوازییەکان لە هاتنە دەرەوە بۆ دۆخی بوون، بازرگانەکان ئامانجی ئابووریان هەبوو لە هێنانە کایەی بیرۆکەی گەشەسەندن کە بەرەنگاری هزری دەرەبەگایەتی ببێتەوە.

بزوتنەوەی ویژەیی (ئەدەبی) بەستراوەیە بە بازرگانی و پیشەسازی، ئیتاڵیا لە سەروەت و پیشەسازی و بازرگانی بەسەر هەموو ئەورووپادا پێشکەوت، دواتر ئەم بزوتنەوەیە لە پێش هەموو دەوڵەتانی ئەورووپادا دەرکەوت کە تەنها لە سەدەی شازدەمی زایینی لە وڵاتانی تری ئەورووپا دەرکەوت[1].

ویل دیورانت[2] دەڵێت: ((پارە بنچینەی هەموو شارستانیەتێکە، دارایی بازرگان و خاوەن گەنجینەکان و کڵێسا نرخی ئەو دەستنووسانەیان دەدا کە لە کۆنەوە بە زیندووی مابوونەوە. لە بنەڕەتدا ئەم دەستنووسانە نەبوو کە عەقڵ و هەستی ڕابوونی ڕزگار کردبێت؛ بەڵکو ڕەوتی عەلمانیەت بوو کە لە چینە ناوەڕاستەکانی خەڵکەوە هات؛ کە ڕووی لە زانکۆکان و زانست و زانیاری و فەلسەفە و سەرنجی واقیعی بوو بۆ عەقڵەکان بە لێکۆڵینەوە لە مێژوو و یاساکان، هەروەها فراوانکردنی گوێچکەکان بە زیاتر ناسینی جیهان بە شێوەیەکی فراوانتر.

---

(١) بڕوانە: أبطال من التاريخ ٢٣٦.

(٢) ویل دیورانت: پەروەردەکارو نووسەرێکی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٨٨٥ز لە دایکبووە، بە یەکێك لە دیاترین ئەو نووسەرانە دادەنرێت کە هەوڵیانداوە بۆ ئاسانکردنی مێژوو و فەلسەفە، لە پاشماوەکانی: (الفلسفة والمشكلة الإجتماعية) و (قصة الفلسفة) و (قصة الحضارة) لە ساڵی ١٩٨١ز کۆچی دوایی کردووە. معجم أعلام المورد ١٩٨.

تاکی ئیتاڵی ڕۆنشبیر _ بەهۆی بەگومان بوونی لە شتە سەلمێنراوەکانی بیروباوەڕ کە گواستراونەتەوەو تێڕوانینەکەی بۆ پیاوانی ئایین بەوپێیەی بریتین لە ئەبیقۆری وەك زۆربەی باوەڕداران _ ئەوا خۆی ڕزگار کردوە لە کۆت و بەندە هزری و ڕەوشتییەکان، بەمەش هەستە ئازاد کراوەکانی گەشانەوە بەبێ هیچ بەرپەرچێك بە ڕووی هەموو درەوشانەوەی جوانیەکان لە سروشت و ئافرەت و پیاو و هونەر.

ئازادییە نوێیەکەی وایلێکرد تاکە ئیتاڵییەکە ببێتە داهێنەری سەدەیەکی قەشەنگ (١٤٣٤ _ ١٥٣٤) بەر لەوە تێکی بشکێنێت بە گەڕەلاوژێی ڕەوشتی و تاکایەتییە تواوەو نەتەوایەتییە شکاوەکەی. ئەو ماوەی کەوتە نێوان دوو سیستەمەکە بریتی بوو لە گەشە و ڕابوون))[1].

بۆرژوازییەت خودی لیبڕالییەتی دروستکرد، شێوەکانی لیبڕالییەتی گۆڕی بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندییە کاتی و شوێنییەکان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بزوتنەوەی وێژەیی (ئەدەبی) بریتی بوو لە سەرەتای وەرچەرخانی هزری بەرەو لیبڕالییەت، هەر لەسەر خودی ئەم چینەش گەشەی کرد، دواتر پەرەی سەند کە چەندین فرە ڕێباز پێکبهێنێت، لەوانە لیبڕالییەتی خزمەتکاری ئەمینداری ئەم چینە.

---

(1) أبطال من التاريخ ٢٣٥، و بڕوانە ڕۆڵی خانەوادەی میدیتشی بۆرژوازی لە هاندانی بزوتنەوەی ئەدەبی ٢٣٤ و لاپەڕەکانی دواتر.

## دووەم: بزوتنەوەی چاکسازیی ئایینی:

بەهۆی زۆرداری و ستەمکاری کڵێسا کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو لە ڕوودانی نیشانەی پێشوەختە سەبارەت بە گۆڕان و وەرچەرخان لە هزری ئەوروپا. بەڕاستی کڵێسا گەیشتە چڵەپۆپەی دەستدرێژی و چەوساندنەوەو ستەمکاری لە سەپاندنی ڕێنماییە هزرییەکانی بەسەر زانا و پاشا و تێکڕای خەڵکدا، کڵێسا دەرچوونی لە بۆچوونەکانی پیاوانی ئاینی بە یاخی بوون دانا لە خودی ئایین و بە بێ دینیەکەی وای دانا کە کوشتن و سزا و ئەشکەنجە پێویست دەکات.

سەرباری بیروباوەڕە پڕوپووچەکانی دژ بە عەقڵ، کە پیاوانی ئاینی کردبووە نێوەند و ڕایەڵی نێوان خەڵك و خوا. بیرۆکەی (بلیتی لێخۆش بوون) بریتی بوو لەو پریشکەی کە ئاگری بەرەنگاربوونەوەی هەڵگیرساند دژی زۆرداری کڵێسا و یاخی بوونەکەی لەسەر دەستی پاوێکی ئاینی ئۆغستینی ئەڵمانی کە (مارتن لوسەر)[1] بوو.

ترازان و جیابوونەوەی لوسەر لە کڵێسا ڕووداوێکی هزری مەزن بوو کە شوێنەواری زۆر هەبوو لە پەرەسەندنی هزری لیبڕالییەت لە دواتردا. بەرهەڵستی خۆی بۆ کڵێسا نووسی لە بەڵگەنامەیەکدا کە لە حەفتاو پێنج بڕگە پێکهاتبوو و لەسەر دەرگای کڵێسای ویتینبیرغ لە ساڵی ١٥١٧ هەڵیواسی، جا کاتێك پاپا

(١) مارتن لۆسەر: ڕاهیبێکی ئەڵمانیە، سەرکردەی بزوتنەوەی چاکسازی پڕۆستانتییە لە ئەڵمانیا. لە ساڵی ١٤٨٣ز لە دایك بووە. هێرشی کردە سەر بازرگانی کردنی کڵێسا بە بلیتی لێخۆشبوون، لەسەر دەرگای کڵێسای (ویتینبرغ) ناڕازی بوونی خۆی نووسی کە لە حەفتاو پێنج بڕگە پێکهاتووە، پاپا (لیۆی دەیەم) بێ بەشی کرد لە بەشداری کردنی باوەڕداران، کتێبی پیرۆزی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، ئەمەش کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو لە ویژەی ئەڵمانی. لە ساڵی ١٥٤٦ز مردووە. معجم أعلام المورد ٣٨٩.

بڕیارێکی فەرمی دەرکرد بە دەرکردنی لوسەر لە کڵێسا ئەوا لە بەردەم ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە ساڵی ١٥٢٠ز سووتاندی.

لە دوای مەجلیسی ساڵی ١٥٢١ز لوسەر بۆ ماوەی دە مانگ بە شاراوەیی مایەوە، لەو ماوەیەدا ئینجیلی وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئەڵمانی (زمانی جەماوەری). دەکرێ بوترێت ئەم بەڵگەنامە وێژەیی (ئەدەبی)یە (وەرگێڕانی ئینجیل) ڕۆڵی هەبوو لە جوڵاندنی ڕەوڕەوەی خۆڕزگارکردن لە تەواوی ئەوروپادا.

دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژە بکرێت بە هزرە ئازادبووەکانی لای (لۆسەر)[1]:

١_ تاکە دەسەڵاتی ئاینی بریتییە لە دەقەکانی ئینجیل، نەك ڕاو بۆچوونەکانی ئایین و تێگەیشتنە تایبەتەکەیان، تێگەیشتنی ئینجیل شتێکی ئاسانە بۆ هەر یەکێکی خاوەن ڕۆشنبیری و بە توانا لەسەر تێگەیشتن، ئینجلیش وەرگێڕدراوە بۆ ئەوەی فەراهەم بێت بۆ هەر کەسێك کە توانای خوێندنەوەی هەبێت، بەمەش خەڵکی ئاگادار کردەوە بۆ ئەو جیاوازیە مەزنەی هەیە لە نێوان ڕێنماییەکانی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) و سیستەمی کڵێسایی کە لە ڕۆما هەبوو.

ئەمەش ئەندازەیەکی مەزنی لە ئازادی دایە خەڵك لە ڕزگار بوون لە پیاوانی ئاینی و خاڵە نەرێنیە زۆرداریيەکانیان.

[1]) بڕوانە: محاضرات في النصرانية ٢٢٤.

ئەم مەسەلەیە وایکرد هەستکردن بە چەوسانەوە لە ناخی جوتیاران لە ئەڵمانیا زیندوو ببێتەوە، دواتر جوتیاران شۆڕشیان دژی خانەدانەکان کرد لە ساڵی ١٥٢٤ز، بەڵام لۆسەر لیبڕالییەکی ڕاستەقینە نەبو، بە خودی خۆی لە پاڵ خانەدانەکان وەستا دژی جوتیاران، بەمەش هۆکاری شکستی شۆڕشەکە بوو[1].

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بزوتنەوەی چاکسازی کاریگەری هەبوو لەسەر هزری ئەوروپی لە ڕۆیشتن بەرەو لای لیبڕالییەت، خودی لیبڕالییەت نەبوو.

٢_نکوڵی کردنی لە ڕێکخستنی کڵێسای پاپایی کە گوێڕایەڵی خۆی لەوەوە بەدەستدەهێنا بەوەی جێنشینی عیسایە، بۆیە پرۆستانتییەکان بۆ هەر کڵێسایەك سەرۆکایەتیەکی دانا، دەسەڵاتی کڵێسا تایبەتە بە ئامۆژگاری و ئەنجامدانی فەرزەکان و ڕوونکردنەوەی ئایین بۆ ئەوەی کە ناتوانێت خۆی لە ئایین تێبگات، ئەمەش ئاماژەیە لەسەر ئەوەی دەوڵەت لەسەر پێویست نییە ملکەچی کڵێسا بێت.

ئەمە ڕزگاربوونی ئەمیر و پاشاکانە لە زاڵبوونی سیاسەتی کڵێسا و پیاوەکانی، هەر بۆیە سەرباری بێ بەشکرانی لەلایەن پاپا و مەجلیسی فەرمز ئەوا لۆسەر پاسەوانی سیاسی هەبوو.

سیاییەکان ئاواتەکانی خۆیان لەم بۆچوونانەی لۆسەردا بینیوە، چونکە ڕزگاریان دەکات لە چەپۆکی پیاوانی ئایین و حوکم کردنیان بەناوی ئایین، کە تەنها بریتین لە ڕاو بۆچوونی تایبەت بە پیاوانی ئایین کە بە بەشێك لە ئایین دانراون.

---

[1]) بڕوانە: حكمة الغرب ٢/ ٤٥.

٣_ بیروباوەڕی لێخۆشبوون و بێبەشبوون لە میهرەبانی ڕەتکردەوە، بەمەش کلێسا تەنها ڕوونکردنەوەو ئامۆژگاری کردنی بۆ هەیە، دەسەڵاتی نییە لە سڕینەوەی تاوان یان بوران لە هەڵە، هەروەها دەسەڵاتیشی نییە لە بڕیاردان لەسەر هیچ یەکێك بە بێ بەش کردن و دەرکردن و دوورخستنەوە لە میهرەبانی و بەزەیی خوا.

لێخۆشبوون و بێبەش بوون لێی لە مافە تایبەتەکانی خوا، بۆ هیچ یەکێك نییە لە کەس خۆش بێت یان سزای بدات، ئەمەش بانگەشەی کلێسا سەبارەت بەم مافە بە درۆ دەخاتەوە.

بەمەش گەلی ئەوروپی ڕزگاری بوو لە ترس و چڵێسی پیاوانی ئایین و کورسی دانپێدانان و بلیتی لێخۆشبوون و قۆستانەوەیان لە ڕووی ماددییەوە، هەروەها دەربازیان بوو لە باج و جگەلەمەش.

٤_ بانگەوازیکردن بۆ ئازادی هزری و دەرچوون لە بە کۆیلەکران لەلایەن پیاوانی ئاینی و قۆرغ کردنیان بۆ بۆچوونە تایبەتەکان و تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز و بانگەشەی نهێنیە پیرۆزەکان و فەرامۆشکردنی عەقڵ و لەگەڵ تێکگیرانی بەناوی ئاینەوە.

لەو بۆچوونانەی کە بزوتنەوەی چاکسازی هێنایە کایەوە: بریتی بوو لە نوێژ نەکردن بە زمانێك کە لێی تێناگەن، ((نوێژی قەشە بە زمانێك کە نوێژکەران لێی تێنەگەن ئەوا لای کاسۆلیکەکان پەسەند بوو، چونکە بنچینەی ئەوە ئەمەیە کە پەرستشی قەشە پەرستشە بۆ ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەون))، هەروەها دروست نەبوونی ئەوەی خوانی خوایی بریتی بێت لە وەرچەرخانی نانی خوراو

بۆ جەستە و مەیی بۆ خوێنی عیسا، بەڵکو تەنها برێتییە لە یادخستنەوەی قوربانی عیسای مەسیح بۆ ئەو هەڵەیەی کە ئادەم ئەنجامیدا[1].

زۆرێك لە چاکخوازان کاریگەر بوون بە بزوتنەوەی مارتن لۆسەر، وەك: (جۆن کالفن) و (زۆنغلی) و جگەلەوانیش، ئەگەرچی چەند جیاوازییەکیش لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام هەموویان بانگەوازی دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە زەبرو زەنگی پیاوانی ئاینی و ڕاستکردنەوەی ئاستی سەرکێشی کڵێسا.

بەهەر شێوەیەك بێت ئەوا ئەم بزوتنەوەیە هەڵسا بە جوڵاندنی ئاوە وەستاوەکە لە ئەوروپا و ئاڕاستەکرا بەرەو (ڕزگاربوون) و (عەقڵانیەت) و ((بیرکردنەوەی ماددی))[2].

گومان لەوەدا نییە کە بەیەکدادانی نێوان ئەوروپا و موسڵمانان کاریگەری دیاری هەبوو لە دەرکەوتنی بزوتنەوەی هزری ئاینی بەتایبەت ئەو بیرۆکەیەی ئینجیل بە بەڵگەی دادەنێت نەك ڕاو بۆچوون و کۆشش، هەروەها فەراهەم بوونی تێگەیشتن لە ئینجیل بێ دەستوەردانی پیاوانی کڵێسا، نکوڵی کردن لە ڕەهبانیەت و جگەلەوەش، لۆسەرو جگەلەویش ئەم بیرۆکە و هزرانەی لە موسڵمانان وەرگرت[3].

شوێنەواری هزری چاکسازی بۆچوونە ڕووتەکان تێدەپەڕێنێت، تەنانەت بووە بزوتنەوەیەك بۆ چاکسازی کڵێسا، لۆسەر پێشبینی نەدەکرد ئەم بۆچوونانە

---

(١) بڕوانە: محاضرات في النصرانية ٢٢٦.

(٢) بڕوانە: عصر الإلحاد ٥٠.

(٣) بڕوانە: تراث الإسلام ٢٢؛ الحضارة الغربية ٢٢٧.

وەربچەرخێن بۆ ڕێبازێکی نوێی ئاینی، چ جای ئەوەی ببێتە یەکێك لە پاساوەکانی دەرکەوتنی ڕێبازێکی بێ دینی کە پشت ببەستێت بە ئازادی و یەکسازی، بەڵام بارودۆخە هزری و سیاسییەکان، بارودۆخە داڕووخاوە کۆمەڵایەتیەکە ئەم بزوتنەوەیەی وەرچەرخاند بۆ ڕێبازێکی نوێ کە هزری ئاینی لەت و پەت کرد و یەکێتیەکەی لەناوبرد[1].

ئەم شوێنەوارو کاریگەرییە هزرییە خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆیشتن بەرەو خۆ داڕنین لە کۆت و بەندەکان، بەمەش ڕێگەی والاکرد لە بەردەم لیبڕالییەت لە پەرەپێدان بە هزری لیبڕالییەت کە دەڵێت: لەسەر هەموو تاکێك پێویستە شتەکانی لەگەڵ خوا یەکلایی بکاتەوە بە ڕێگەیەکی دڵسۆزانە و دەمارگیری زیان بە کاروباری ئابووری دەگەیەنێت.

هەر بۆیە لیبڕالییەت هەڵسا بە بانگەشەکردن بۆ لێبوردەیی، بەتایبەت کە جەنگە ئاینیەکان و خۆسەپاندنی پاشایەتی وەك کۆسپ کەوتبوونە سەر ڕێگەی چینی بازرگانی هەڵکشاو.

دەوڵەتە پرۆستانتیەکان وەك کۆماری هۆڵەندا پەناگەیەکی ئارام بوو بۆ ئەوانەی ڕاوەدوویان دەنا بەهۆی بیرۆکەکانیان ((ئەمەش لەبەر ئەوەی کلێسا پرۆستانتیەکان هەرگیز ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیان بەدەست نەهێناوە کە کلێسا کاسۆلیکییەکان هەیانبوو لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئا لێرەوە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەسەڵاتی دەوڵەت گرنگی و بایەخی زیاتر بوو))[2].

---

(1) بڕوانە: حکمة الغرب ٢/ ٤٢.

(2) بڕوانە: حکمة الغرب ٢/ ١٠٣ _ ١٠٤.

**لاهوتی پرۆستانتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوە کردەوە کە مافی دەسەڵات نییە یاسا بۆ ئەو شتانە دابنێت کە پەیوەستن بە ناخ و ویژدانەوە، بەڵکو هەر کەسێك پێویستە بەپێی ئەندازەگیری ویژدانی خۆی پێویستە هەڵسوکەوت بکات.**

**بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی[١] کاریگەرییەکی دیارو پشکدارییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لە پێکهێنان و پاڵپشتی کردنی لیبڕالییەتی سەرمایەداری، لۆسەرییەت تاکی ئەوروپی ڕزگارکرد لە دەست کڵێسا، بەڵام لۆسەرییەت لە خاڵە سەرەکییەکانی هەر کۆك بوو لەگەڵ بیرۆکەی دەرەبەگایەتی، ئەمەش لە بانگەوازەکەی لۆسەردا بۆ نەڕۆیشتن لە گوندەوە بۆ شار، پشتگوێ نەخستنی پەیڕە ناسراوەکانی کۆمەڵیەتی، کارنەکردن بە سوو (ڕیبا)، ڕازی بوون بە کەم، هەر بۆیە (نیتشە) ئەم بزوتنەوەیەی بە دروستکراوی دەرەبەگایەتی دانا لە چوارچێوەی ڕابوون و گەشە لە ئەوروپا، بەتایبەت کە بزوتنەوەی لۆسەرییەت بەردەوام بوو لە ملکەچ بوون بۆ پاشایەتی و هزری دەرەبەگایەتی بێ بەرهەڵستی کردنی بەڵکو جەختی لەسەر دەکردەوەو بەرگری لێدەکرد[٢].**

**سەبارەت بە کالفینیەت و پیۆریتانیەت ئەوا پاڵپشتی بزوتنەوەی بۆرژوازیەتیان کرد، یاریدەدەری دەرکەوتنی بۆرژوازیەتیش بوون لە میانەی ئەمانەی خوارەوە[٣]:**

---

**(١) بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی تەنها یەك بزوتنەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بزوتنەوەیە لە ناودارترینیان: (لۆسەرییە) و (کالفینیە) و (بیۆریتان ئەنجلوسکون).**

**(٢) بڕوانە: الرأسمالية الناشئة ١٩ _ ٥٣، ٥٣.**

**(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.**

_ دژایەتی نەکردن و بەکەم نەزانینی شۆڕش، جا (کالفین) پێی وابوو سەرکەوتنی ماددی بەڵگەیە لەسەر هەڵبژاردنی خوایی، کارکردن و داواکردنی سەرمایە جەختکردنەوەیە لەسەر هەڵبژاردن، ئەمەش ئەوە پێویست دەکات کە وزەی مرۆڤ ئاڕاستە بکرێت بۆ سەرکەوتنی ماددی، بەمە (کالفین) خەسڵەتێکی ئاینی دەداتە کارو کاسبی.

_ ڕەوایی ڕۆیشتن و هەوڵدان بۆ سەروەت و سامان بێ زیادەڕەوی و دەستبڵاوی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هاندان بۆ پاشەکەوت کردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە.

_ بە پیرۆزدانانی کارو کاسبی وەك ئامرازێك بۆ دەستەبەرکردنی ویستی خوایی، دواتر هاندانی پەرەسەندنی ماددی.

_ ڕەوایی و ڕێپێدراوی سوو (ڕیبا)، ئەم بە ڕەوادانانەی سوو زۆر شتی سەخت و گرانی لەسەر ئەستۆی بازرگان و دەوڵەمەند و بەنکەکان لابرد، ئەوانی ڕزگارکردن لە هەر کۆت و بەندێکی ئاینی لەوەی کە پەیوەستە بە قەرزی سوودار، دواتر کەڵەکەبوونی سەرمایە، ئەمەش دەرووازەی واڵاکرد بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە و بەتایبەت جولەکەکان ئەمەیان کرد.

کالفین کە سوو (ڕیبا)ی بە ڕەوا دانا ئەوا پەیوەستی کرد بە سوودی بازرگانی بەدەستخراو لەو بازرگانانەی کە قەرز دەکەن بۆ زیادکردنی بەرهەمەکانیان، سەبارەت بە قەرزدان بە هەژاران ئەوا سوودی تێدا هەر قەدەغەیە.

ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کالفینیەت گوێچکەکانی خۆشکرد و سازاند بۆ سیستەمی سەرمایەداری کە وەستاوە لەسەر ئازای واڵا سەبارەت بە

سەرمایە و بوارەکانی کارپێکردنی، ئەمەش بە هێنانە کایەی ژینگەیەکی هزری لەبار کە یاریدەدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداری.

ئابەم شێوەیە بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی پاڵپشتی (لیبڕالییەت)ی کرد بە هزری ئاینی نوێ، دەسەڵاتی سیاسی کڵێساشی لاواز کرد، هانی هزرەکانی لیبڕالییەتی دا کە خاوەن ڕەوتێکی تاکی بوون، هەروەها هانی کاری ئابووری ئازاد و پاشەکەوت و کەڵەکەبوونی سەرمایە و جگەلەوەشی دا، کۆمەڵگەی ئەوروپی هاتە ناو سەردەمی بوژانەوەو گەشەسەندنەوە لە میانەی شوێنەواری ڕەوتی مرۆیی و زیندووکردنەوەی داب و نەریتی یۆنانی و بزوتنەوەکانی چاکسازی ئایینی و هزری تاقیکاری(١).

سەردەمی بوژانەوە بریتییە لە سەرەتای ڕاستەقینەی هزری بۆ سەرهەڵدانی لیبڕالییەت، بەوەی هزرە لیبڕالییەکان تیایدا نەش و نمایان کرد، دواتر لە سەردەمی ڕۆشن فکری پەرەیسەند و لە سەدەی نۆزدەمی زاینی بەم ناوە ناسرا.

## سێیەم: هزری تاقیکاریی ماددی:

هزری زانستی کڵێسا پشتی بە فەلسەفەی یۆنانی بەست، بەتایبەت فەلسەفەی ئەرستۆ، دواتر پیاوانی ئاینی مەسیحی کۆششیان کرد بۆ گونجاندنی لاهوتی ئاینی و فەلسەفەی یۆنانی کە بە (فەلسەفەی مەسیحی قوتابخانەیی) ناسرا، ئەوانە ناودارترین پیاوەکانی بوون: قەشە (ئۆغستین) و (تۆما ئەکوینی)، وایلێهات بیرۆکە فەلسەفەییە یۆنانییەکان بوونە ئاینێکی خوایی کە دەرچوون لێی بە بێ باوەڕی دادەنرا کە سزاو ئەشکەنجەی پێویست دەکرد.

---

(١) بڕوانە: حكمة الغرب ٢/ ٦٥.

ئەم فەلسەفەیەی مەسیحییەت کۆمەڵێك زانیاری گەردوونی و سروشتی هەڵەی لە خۆ گرتبوو لە لایەنی زانستیەوە، یەکێ لەو زانیارییانە زەوی ڕاستە و گۆیی نییە، زەوی ناجولێت چونکە شوێنی ڕزگار بوونە، خوای گەورە جیهانی دروستکردووە لە سەرەتا ساڵی ٤٠٠٤پ.ز، خوای گەورە ماوەی نێوان دابەزاندنی کوڕی خۆی و کۆتایی دونیا بە هەزار ساڵ دیاریکردووە[1]. بەڵام بزوتنەوەی وێژەیی (ئەدەبی) ئیتاڵی هەڵسا بە زیندوو کردنەوەی داب و نەریتی یۆنانی، یەکێك لەو شتانەی هەڵسا بە زیندوو کردنەوەو دەرخستنی بریتی بوو لە کەلەپوری ئەفلاتۆنی فیساگۆرسی، کە _ وەك چۆن (ڕەسل) پێی وایە _ دژی چەقبەستوویی و دۆگمای عەقڵییە لەوەی پشتی بە دەقەکان نەدەبەست بەڵکو تەنها پشتی بە زانستی ژمارە دەبەست[2].

ڕەسل وەرچەرخان لە هزری ئەوروپی بەرەو (پەیڕەوی تاقیکاری) دەداتە پاڵ لایەنێکی تری هەزری یۆنانی (ئەفلاتۆنیەت و فیساگۆرسییەت)، هزری ئیتاڵی بەهۆیەوە ئاڕاستەی هزری ئەرستۆیی گرتبەر[3].

بەڵام لە ڕاستیدا لێرەدا کاریگەرییەکی تری بەهێزتر هەیە لە داڕووخاندنی لۆژیکی ئەرستۆیی، بیرمەندانی خۆرئاوا و بەتایبەت بیکۆن لە ناوەندەکانی

---

(1) بڕوانە: قصة الحضارة ١٤/ ٣٧٩، معالم تاريخ الإنسانية ١/ ١٦، هێشتا جیهانی خۆرئاوا لە هەر هەزاریەکەی نوێدا چاوەڕوانی کۆتایی جیهان دەکات.

(2) بڕوانە: حكمة الغرب ٢/ ٤٩.

(3) بڕوانە: حكمة الغرب ٢/ ٤٦ و لاپەڕەکانی دواتر.

زانستی ئیسلامی لە لەندەن وەریانگرتووە، ئەویش هزری سوننیە و بە تایبەت بۆچوونەکانی شێخی ئیسلام (ئیبن تەیمیە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _)[1].

هەر ئەو لۆژیکی ئەرستۆیی تێکشکاند و ڕەخنەی لە لۆژیکی گشتێتی گرت، ڕوونیشی کردەوە کە ئەم پەیرەوە نەزۆکە، چونکە پشت دەبەستێت بە وێنەی ڕووتی بەراوردکردن (قیاس)، گرنگی نادات بە زانینی هەستی و تاقیکاری و ئەزموونی[2].

سەرباری پەیڕەوی مەزن لە تێڕامانی زانستی کە موسڵمانان توانیان لە میانەیدا زانستەکان بپارێزن، ئەویش زانستێکی پێوانەیی وردە، زانایانی زانستی بنەماکانی فیقھ بەکاریانھێناوە لە دەرھێنانی ھۆ (العلة) لە دەروازەکانی بەراورد (قیاس)دا.

جا لە تێکشکانی لۆژیکی ئەرستۆیی و بنیاتنانی لۆژیکێکی نوێ پشت دەبەستێت بە ھەست، گریمانیش دادەنێت و تاقیشیان دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە

(١) ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلیمی کوڕی عەبدوسەلامی حەڕانی دیمەشقی، باوکی عەبباس تەقییەدینی کوڕی ئیبن تەیمییە، شێخی ئیسلامە، ساڵی ٦٦١ك _ ١٢٦٣ز لە حەڕان لە دایك بووە، ڕۆیشتووەتە دیمەشق، زیرەك و ناودار بوو، وانەی وتەوەو فەتوایدا لە کاتێکدا تەمەنی بچوکتر بوو لە بیست ساڵ، بەھۆی فەتوایەکی کە دەریکرد لە میصر خرایە بەندیخانەوە، دواتر گواسترایەوە دیمەشق و لەوێ خرایە بەندیخانەوە، چەندین دانراوی ھەن لەوانە: (الإيمان) و (الجمع بين العقل والنقل) و (منهاج السنة) و (والتوسل والوسيلة)، لە قەڵای دیمەشق بە بەندکراوی کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ٧٢٨ك _ ١٣٢٨ز. بڕوانە: ژیاننامەی ئیبن تەیمیە بە تێروتەسەلی لە کتێبی: ((الجامع لسيرة الشيخ الإسلام ابن تيمية خلال سبعة قرون)).

(٢) بڕوانە: الرد على المنطقيين.

**گریمانەی ڕاست و دروست، جا ڕابوون و گەشەسەندنی ئەوروپی دەستی پێکرد لە زانستی ماددی لە تێکڕای پسپۆرییەکاندا.**

**یەکەم تیۆری زانستی کە پشتی دەبەست بە پەیڕەوی تاقیکاری جیاواز لەگەڵ هزری ئەرستۆیی کڵێسا بریتی بوو لە تیۆری (چەقێتی خۆر) کە هی پیاوێکی ئاینی پۆڵەندی بوو کە پێی دەوترا (کوبرنیق) "١٤٧٣ _ ١٥٤٣ز"، ڕەسل پێی وایە ئەم تیۆریە بریتییە لە جۆرێکی زیندووکردنەوەی تیۆری (ئەرستارخوس)(١).**

**ئەم تۆرە دوچاری دژایەتییەکی توند بووەوە، چونکە پێچەوانەی ڕای کڵێسا بوو کە پێی وابوو زەوی چەقی گەردوونە، بەهۆی ئەوەی عیسای مەسیح لەسەری لە خاچدراوە، کڵێسا هەڵسا بە قەدەغەکردنی کتێبی کوبرنیق کە ناوی (جوڵەی تەنە ئاسمانیەکان) بوو، کڵێسا پێی وابوو ئەم بۆچوونە دەرچوونە لە ئاینی نەصرانیەت و وەستانە لە دژی.**

**برتراند ڕەسل دەڵێت: ((تیۆری کوبرنیقیە زۆر بە توندی دژایەتی کرا لەلایەن لۆسەرییەکانەوە چ جای کاسۆلیکەکان، چونکە بەڕاستی هەستیان بەوە کرد کە ئەمە سەرەتای بزوتنەوەیەکی تازەیە کە دژی چەقبەستوویی بیروباوەڕە، لە بارانیدا هەیە ئەگەر خودی بیروباوەڕەکەشیان نەڕوخێنێت ئەوا بە لایەنی کەمەوە ئەو بنەما زەبرو زەنگانە دەڕووخێنێت کە دامەزراوە ئاینیەکان پشتی پێ دەبەستن))(٢).**

---

**(١) بڕوانە: حکمة الغرب ٢/ ٥٠.**

**(٢) حکمة الغرب ٢/٥١.**

**بیردۆزە زانستییەکان بەردەوام بوون، جا تیکوباهی (١٥٤٦ – ١٦٠١ز) و جردانوبرنۆ (١٦٠٠ز) و کیبلر[1] (١٥٧١ - ١٦٣٠ز) و گالیلۆ (١٥٦٤ – ١٦٤٢ز) بەردەوام بوون لەسەر ئەم بیردۆزانەدا و پەرەیانپێدا، زۆر دووچاری چەوساندنەوەو دەستدرێژی و سووتاندن بوونەوە.**

**((ئەو هەنگاوەی کە زۆرترین کاریگەری هەبوو لە ڕێگەکەدا بریتی بوو لە دانانی تیۆرێکی گشتی لە دینامیکیا کە بریتییە لەوەی ئیسحاق نیوتن[2] "١٦٤٢ – ١٧٢٧ز" هێلی بۆ کێشا لە کتێبەکەیدا (بنەما بیرکارییەکان بۆ فەلسەفەی سروشت) کە لە ساڵی ١٦٨٧ز دەرچوو[3].**

**پوختەکەی ئەوەیە: ((دەکرێ دیاردە ڕووکەشییەکانی سروشت شرۆڤە بکرێن بە گرێدانی هەندێکیان بە هەندێکی ترەوە بێ ئەوەی پێویست بە دەست تێوەردانی هێزێکی دەرەکی بکات))[4].**

---

**(١) جوهانس کیبلر: زانای گەردووناسی و بیرکاری و بینراوەکانی ئەڵمانییە، لە ساڵی ١٥٧١ز لە دایك بووە، بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی زانستی گەردووناسی هاوچەرخ دادەنرێت، هاوچەرخی هەر یەکێك لە گالیلۆ و ویتکوباهی بوو، سێ یاسای تایبەتی دانا کە بە ڕێساکانی کیلبر دەناسرێن، کیبلر گێڕانەوەیەکی هەیە بەناوی (سعر منیوم) کە بە یەکێك لە کۆنترین هەوڵەکان دادەنرێت لە کێڵگەی گێڕانەوەی زانستیدا، لە ساڵی ١٦٣٠ز مردووە. معجم أعلام المورد ٣٦٠.**

**(٢) ئیسحاق نیوتن، زانایەکی فیزیایی و بیرکاری ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٦٤٢ز لە دایك بووە، دۆزەرەوەی بیردۆزی هێزی کێشندەی زەوییە، سروشتی ڕووناکی و پێکهاتەی تەلیسکۆبی توێژیوەتەوە، ئەمەش ئەوی بردووە بەرەو دۆزینەوەی (بناغەی ڕووناکی)، لە دۆزینەوەکانی (ژمێرکاری تێروتەسل و یاساکانی لە جوڵەدا) کە بە بناغەی زانستی جوڵە دادەنرێت لەسەردەمی هاوچەرخدا. لە ساڵی ١٧٢٨ز کۆچی دوایی کردووە. ألف شخصية عظيمة ٢١٥ _ ٢١٦.**

**(٣) حكمة الغرب ٥٦/٢.**

**(٤) العلم والدين ١٩.**

**ئەم بیردۆزە زانستیانە ئەنجامی کاریگەریان هەبوو لەسەر هزری ئەوروپی و ئاراستەکران بەرەو ڕزگار بوون لە ئایین و هزری نەزۆك کە کڵێسا بازاری گەرم دەکرد و پۆشاکی ئاینی بە بەردا دەکرد.**

**برتراند راسل دەرەنجامی بیردۆزە زانستییەکانی لەمانەی خوارەوەدا پوخت کردۆتەوە:**

**١_ داننان بە ڕاستییەکاندا دەبێت لەسەر تێبینی و سەرنجدان بنیات بنرێت نەك لەسەر گێڕانەوەی پشتگیری نەکراو.**

**٢_ جیهانی بێگیان سیستەمێکی کارلێککراوە لە خودی خۆیدا و پێش خۆی کەوتۆتەوە، هەموو بگۆڕەکان لەگەڵ یاسا سروشتییەکان تێیدا جێبەجێ دەبن.**

**٣_ زەوی چەقی گەردوون نییە، لەوانەیە مرۆڤ نەبێتە ئامانجی بوونی، ئەگەر هیچ ئامانجێك لە بوونیدا هەبێت، لەسەرووی ئەمەشەوە بیرۆکەی ئامانج لەلایەنی زانستییەوە هیچ سوودێکی نییە[1].**

**فرانسیس بیکۆن یەکەم کەس بوو کە ڕێبازی تاقیکاری دانا لەسەر شێوەی یاسای فەلسەفی، ناوبراو بە یەکێك لەو فەیلەسوفانە دادەنرێت کە بیرکردنەوەی ئەوروپیان گۆڕی لە هزرو مەنتیقی تیۆری ڕووتی ئەرستۆوە بۆ سەرنجدان و تاقیکردنەوە[2].**

---

**(١)** أثر العلم في المجتمع ٦.

**(٢)** بڕوانە: المنطق الحديث ٨٧.

**هەر بۆیە کتێبەکەی بە (الإرجانون الجدید) ناونا، (أرجانون) واتە: ئامراز، (الجدید) واتە: دژی لۆژیکی کۆن، کە لۆژیکی وێنەیی ئەرستۆییە.**

**دەکرا ئەم لۆژیکە بدۆزرێتەوەو سوود لە دەرەنجامەکانی ببینرایە بێ گەیشتن بە ماددیەتی چەقبەستوو کە هزری ئەوروپی ئێستا لەسەریەتی. بەڵام هەڵوێستە توند و تیژ و ناهەموارەکەی کڵێسا سەبارەت بەم ڕەوتە نوێیە هزرییە و بڕوابوون بەوەی کە دژی ئاینە _ کەچی بە دژی لۆژیکی ئەرِستۆیی دانانرێت _ کاردانەوەیەکی توندی دروست لەلایەن شوێنکەوتووانی ئەم هزرە و وایکرد کە پێیان وابێت زانستی دڵنیایی هاوچەرخ هەردەم لەسەر شتێکی پێچەوانەی ئایین دامەزراوە، وەك چۆن ((هوایت هد)) وادەڵێت: ((لە هەر بابەتێکدا زانست لەگەڵ ئایین تێکگیرا بێت ئەوا ڕاستی لای زانست و هەڵەش بەشی ئایین بووە))[1].**

**وەك چۆن ڕەسل پێشتر باسی کرد، هزری تاقیکاری سەریکێشا بۆ ڕەتکردنەوەی ئامانجداری و کۆتایی هەبوون، هەڵاتن لە بێژەی خوا بەرەو سروشت یاخود خۆبەستنەوە بە نادیار.**

**لە سەدەی نۆزدەمی زاینی بەتایبەتی کە لیبڕالییەت تیایدا دەرکەوت ژیانی ئەوروپایی لێوان لێو بوو لەگەڵ ژیانی ماددەگەرایی و باوەڕ بە هیچ شتێکی نادیاری نا بەرهەستیان نەدەکرد، یاسا دەستکردەکان بوونە فەلسەفەی باو کە سەردەم فەلسەفەکانی تر بۆی دەگەڕانەوە، تا پلەی گومان بردن بەوەی ژیانی پەیوەستە بەیەکەوە لەسەر بنچینەی (لەدایك بوونی خودی)، هەروەها مرۆڤ حوکم بەسەر سروشتدا دەکات تا ئەندازەی بەدیهێنان، لەگەڵ ئەوەی واقیع ئەم**

---

**(1) الجفوة المفتعلة بین العلم والدین ١٢.**

بیرۆکانە بەدرۆ دەخاتەوە بەڵام لەخۆبایی بوون بە توانای مرۆڤ لێهاتوویی و زاڵبوونی بەسەر سرۆشتدا پاڵی نا بۆ ئەم بۆچوونە[1].

وەك چۆن بیرتراند ڕەسل دەڵێت: ((سەرکەوتنی زۆر دیاری زانست لە تاقیکردنەوە تەکنەلۆژییەکانی جۆرێك لە مەترسی هێنا، وایلێهات زۆربەیان باوەڕیان وابوو شتێك نییە کە مرۆڤ دەستەوەسان بکات ئەگەر کۆششەکانی مرۆڤی ئاڕاستە بکرێن و بە ڕێگەی شیاو پیادە بکرێت))[2].

پوختە ئەوەیە کە هزری تاقیکاری بووە یەکێك لە ئامرازەکانی ئازادبوون لە ڕۆشنبیری سەدەکانی ناوەڕاست _ ئاینی و دەرەبەگایەتی _، ئەمەی تێپەڕاند بۆ ماددەگەرایی سنووربەزێن کە نکوڵی لە جیهانی نادیارو پەیوەستکردنی ڕەوشت و بەهاکان بە ماددە، دواتر لیبڕالییەتی ئابووری (سەرمایەداری) ئەمەی قۆستەوەو مرۆڤی وەرچەرخاند بۆ کاڵایەکی ماددی بەکاربەر، لە میانەی بە دەستهاتووی ماددییە ڕووتەکەی سەیری دەکرێت.

ئەم وەرچەرخانە هزرییە نوێیان لەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپی وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی تری لەگەڵدا ڕوویدا، ئەویش گەشەسەندنی کاری بازرگانی و دەرکەوتنی چینی کۆمەڵایەتی نوێ (بۆرژوازیەت)ە، ئاینی کڵێسا و سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە کۆسپێکی مەزن لە بەردەمی ئەم وەرچەرخانە هزری و کۆمەڵایەتیانە، ئەم چینە کۆمەڵایەتیە نوێیە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە تێپەڕاندنی ئەم لەمپەڕەدا، ئەمەشمان بۆ دەچەسپێت لە دەروازەی داهاتوودا.

---

(١) بڕوانە:العلم وأسراره وخفاياه ٣٠٤.

(٢) حكمة الغرب ٢/ ٢٠ _ ٢١.

## دەروازەی سێیەم

# ڕۆڵی چینی ناوەند لە دەرکەوتنی لیبرالییەت

سیستەمی دەرەبەگایەتی کە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا دەستی بەسەر ئەوروپادا گرت بە توندو تیژترین سیستەم و دەمارگیرترین و چینگەراییترین سیستەم دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. کۆمەڵگەی دابەش کرد بۆ دوو چین: یەکەمیان: گەورەکان (خانەدان و پاشاکان)، ئەوانە پێکهێنەری چینی سیاسەتمەدارن، هەروەها پیاوانی ئاینی (ئیکلیروس)، ئەوانەش چینی ئاینین، دووەمیان: جوتیاران (کۆیلەکان)، کە بریتین لە تێکڕای گەل.

ئەم سیستەمە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە: چەقبەستوویی و وەستاوی و پشت بەستن بە کشتوکاڵ، ئاڵوگۆری کردن بە خودی شتەکان، لاوازی جوڵەی دارایی و بازرگانی. زۆربەی گەلی ئەوروپی لەو کرێکارانە بوون کە لە ناو سنووری دەرەبەگایەتی خانەدانەکاندا کاریاندەکرد، ئەوان بە واتای ڕاستەقینە کۆیلە نین، بەڵام بەندە و کۆیلەی ئەو زەویەن کە خانەدانەکە خاوەنیەتی و ناتوانن بەجێی بهێڵن، بەهۆی نەبوونی جێگرەوەیەك کە ببێتە هۆی تێرکردنیان یان پاراستنیان.

لە ناو تێکڕای گەلدا چینی ناوەڕاست سەریهەڵدا، ئەم چینە نە لە خانەدانەکان بوو، نە لە کۆیلەکان، پشتی دەبەست بە بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و کاسبی بێ ئەوەی کۆیلەی هیچ خاکێك بن. جا بازرگان و مامۆستا و پزیشك و

**ئەندازیارو و خاوەن پیشە سەربەستەکانیش دەچنە ناو ئەم چینەوە. ئەم چینە بە چینی ناوەڕاست (بۆرژوازیەت) ناسرا[١].**

**بازرگانەکان لە ئەوڕوپادا سنوردار بوون، جا قورسایی ئابووری جیهانی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بوو، نیوەی گەورەی زێری جیهان لەوێ بوو بەهۆی سوود و کەڵکە مەزنەکە و زاڵبوون بەسەر دەریا و ڕووبارەکان، هەروەها قازانج و سەرمایە زۆرەکەی بازرگانان لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقایی و ئاسیایی و ئەوڕوپی[٢].**

**((سەبارەت بە دەوڵەتە ئەوڕوپییەکان کە سەرسام بوون بە بەرهەمەکانی خۆرهەڵات، ئەوا بازرگانە دەرەکییەکانی لە واقیعدا تەنها بریتی بوون لە بازرگانی هاوردەکار، چونکە هیچ کەل و پەلێکی گرانبەها یان بەرهەمێکی تایبەتی نەبوو کە پێی ناسرابێت و قەرەبووی ئەوەی پێ بکاتەوە کە هاوردەی دەکرد، بۆیە پێویست بوو لەسەری زێڕ بدات لە بەرامبەر ئەو کەل و پەلە گرانبەهایانەی کە لە خۆرهەڵات کڕدراون وەك قوماش، هەر بۆیە مێژوونووس "لویس لومپار" پێی**

---

**(١)** بۆرژوازیەت (Bourgeoisie) چینی کۆمەڵایەتییە، لە بازرگان و پیشەوەرەکان پێکهاتووە. ئەمەش وەك خاڵی جیاوازبوونی لەگەڵ چینی ئەرستۆقراتی خاوەنی زەوییەکان و جوتیارو بەکرێگیراو یان ئەوانەی لە پێناو مووچە یان پاداشتێك کار دەکەن، ناوی بۆرژوازیەت بە فراوانی بۆ چینی ناوەڕاست بەکاردێت. بەڵام لە تیۆری مارکسیەتدا: ئەوا بۆرژوازییەت هاوڵاتیانی چینی سەرمایەدارییە. چەمکەکە لە بنەڕەتدا فەڕەنسییە، مەبەست لەم چەمکە لەسەرەتادا بریتی بوو لەو کرێکارانە کە کاری دەست دەکەن لە شارە ناوەندەکان کە خاوەن دیوار بوون و بە (بورجات) ناسراو بوون. موسوعة المورد ٢/ ١٠١.

**(٢)** بڕوانە: گۆڤاری ئەلعەرەبی، ژمارە ٤٠٥، ئۆغستس ١٩٩٢ز.

وایە دەوڵەتە ئەوڕپاییەکان لە واقیعدا بریتی بوون لە سەرچاوەیەکی زێڕ کە خەڵکی خۆرهەڵاتی دەیقۆستەوە تا لێی بنۆشێت))[١].

لەگەڵ سەرەتاکانی چاخی بوژانەوە جوڵەی بازرگانی ئەوڕوپی زیادی کرد، بازرگان و خاوەن کارەکان هەڵسان بە هاندانی بزوتنەوەی زانستی تازە دەرکەوتوو، لە دوای دروستکردنی باڕوت پێشەوکەوتنی پیشەسازی کەرستەکان و دروستکردنی کەشتییەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کە بەکاردەهێنرێن لە پیشەسازی و دۆزینەوەی قیبلە نوما و تەلسکۆب و پێشکەوتنی زانستی جوگرافیا، هەموو ئەمانە بازرگانی ئەوڕوپای وەرچەرخاند بەرەو قۆناغێکی نوێ، جا دۆزینەوە جوگرافیاییەکان و گەشتە دەریاییەکان بۆ دوو ئامانجی سەرەکی بەرپاکران کە ئەوان: گەڕان بەدوای زێڕو سەرچاوەکانی، شکاندنی قۆرغکاری جیهانی ئیسلامی بۆ ڕێگەکانی بازرگانی و زاڵبوون بەسەریدا[٢].

لە میانەی ئەم گەشت و دۆزینەوانە، ئەوڕوپا جیهانی نوێی دۆزیەوە (کیشوەری ئەمریکا)، ئەم کیشوەرەی داگیر کرد و بەسەریدا زاڵ بوو، پاشا و دەسەڵاتدارەکانی ئەوڕوپا کێبڕکێیان کرد لەسەر گەشت و دۆزینەوەکان و هێنانی زێڕ بۆ ئەوڕوپا[٣]، ئا لێرەوە بازرگانی لە ئەوڕوپادا زۆربوو و شارەکان فراوان

---

(١) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو؟

(٢) سەبارەت بە دۆزینەوە جوگرافیا دەریاییەکان بڕوانە: طلب النوابل، سونیاي هاو، مجلة العربي (ژمارەی پێشوو).

(٣) ئەوڕوپییەکان هەڵسان بە دزینی ئەو زێڕەی لە وڵاتە نوێیەکان هەبوو، خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو وڵاتانەشیان کردە کۆیلە، زۆرێکیشیان لێکوشتن، بە دڕندانە و نامرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن کە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی ڕەوشت و بەها لە ناخ و دەروونی جەنگاوەرە ئەوڕوپییەکان، ڕوانینە ئەم ڕاستییانە بەڵگە دەخاتەڕوو لەسەر عەقڵیەتی خۆرئاوای دواکەوتوو لە کاتی داگیرکردنی وڵاتان و

**بوون، زۆربەی کۆیلەی زەوییەکان ڕۆیشتن بۆ ئەوەی کارێك بدۆزنەوە شیاوی خۆیان بێت.**

**بەڵام سیستەمی دەرەبەگایەتی هەر بە کۆسپ و لەمپەڕ مایەوە لەبەردەم فراوانبوونی بازرگانی، ئەمەش لە میانەی زۆربوونی باجەکان و ڕێگە نەدان بە کرێکارەکان و گواستنەوەی سەرمایە بە ئاسانی، بازرگان و سەرمایەدارەکان دڵتەنگ بوون لەو کۆت و بەند و داخرانەی کە بووە ڕێگر لەبەردەم نەشو نماکردنی سەرمایەکانیان و فراوان کردنی ئارەزوە ماددییەکانیان، ئەم چینە تازەیە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو لە دامەزراندنی بازارێکی وەستاو لەسەر ململانێ و کێبڕکێ، هەروەك چۆن کاریگەری هەبوو لەسەر وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەوروپا و وەستان دژی دەرەبەگایەتی و کڵێسا.**

**تیۆری فەلسەفی ئەم چینەی دەوروژاند و هاریکاریان بوون لە دەرچوون لە چنگی دەرەبەگایەتی و کڵێسا، جا ئاواتی خۆیان لە لیبڕالییەتدا بینیەوە، کە دامەزراوە لەسەر ئازادی ئابووری و لابردنی کۆسپەکان لەبەردەم ئارمرازەکانی بازارو وازهێنان لە جوڵەی بازار بێ چاودێری و دەست تێوەردان.**

**فەلسەفەی هۆبز لەبارەی بارودۆخی باری سروشتی مرۆڤ بە هاریکاری چینی ناوەندە دادەنرێت، کە پاساوی عەقڵی بۆ دەخاتەڕوو بۆ ئەو کارانەی پێی هەڵدەستێت؛ چونکە لەسەر هەستی تاکایەتی خۆویستی شیاو بۆ کۆمەڵگەی بازار دامەزراوە، بەڵام ئەم فەلسەفەیە گونجاو نەبوو بۆ ئەم چینە، چونکە**

---

زاڵبوون بەسەریاندا، ئەم وێنە و دیمەنە دزێوانە دەستکردی دژەکانی ئەوروپاییەکان نین، بەڵکو لەلایەن نووسەرو مێژوونووسانیان پشت ڕاست کراوەتەوە. لەم بارەوە بڕوانە: التصدع العالمي، العالم الثالث يشب عن الطريق، ل . س. ستافريانوس. ترجمة موسى الزغبي و عبدالكريم محفوظ.

دەرەنجامەکانی سەردەکێشێت بۆ خۆسەپاندن و حوکم کردنی دەوڵەت لە هەموو شتێکدا، سەرباری ئەوەی هۆبز بێ باوەڕ بوو، ئەمەش ئەو شتەیە کە گونجاو نییە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەو ماوەیەدا.

تیۆری (جۆن لۆك) سەبارەت بە (خاوەنداریێتی تایبەت) وەك باشترین نموونە هات کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەم سروشتە، چونکە بڕیاریدا کە (خاوەنداریێتی تایبەت) بریتییە لە بارودۆخی سروشتی مرۆڤ، دواتر ئەمەی شیکردەوە لەسەر بنچینەیەکی ئاینی کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەوەی: خوای گەورە زەوی دروستکردووە بە هاوبەشی بۆ هەموو مرۆڤەکان، پاسای خاوەنداریێتی تایبەت تیایدا لەسەر بنچینەی کار وەستاوە، هەر بۆیە (جۆن لۆك)دەستکەوتەکانی سەرمایەداری لەسەر بنچینەیەکی ڕەوشتی و پاساوی عەقڵی و ئاینی دامەزراندووە، جا خۆویستی و دڕندەیی و دەستدرێژی سەرمایەداری بۆ سەر مافەکانی هەژاران پاساوی ڕەوشتی و عەقڵی و ئاینی هەیە لەلای ئەوان لە دوای ئەم تیۆرە[١]. ئا لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆیشتن بەرەو ئازادی ئابووری لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، جا هیچ پاساوێك نەبوو بۆ فەلسەفەی ئازادی ئابووری لەلایەنی هزرییەوە ئەگەر هاتوو چینێکی ناوەند نەبووبا کە خەمی پاساوپێدانی عەقڵی و ڕەواپێدانی هزری نەبووبێت کە _ بەلایەنی کەمەوە _ لەبەرامبەر خەڵکدا پێی هەڵدەستا[٢]، جا لەبەر ئەوەی تێکەڵ کردنی هزری ئازاد و چینی ناوەند شتی وا هەیە کە

(١) بڕوانە:اللبرالية إشكالية المفهوم ٦٣.

(٢) بڕوانە: الغرب والعالم ٢/ ٢٦٨.

هاریکاری ڕووخاندنی سیستەمی کۆنە کە لە دژی بیرمەند و بۆرژوازییەکان وەستابوو، ئەوا ئەمە ئەو هاوپەیمانیەی نێوان ئەوانی خواست.

چینی ناوەند هانی بیردۆزە زانستییەکانی دا، کە ڕۆڵی خۆی گێڕا لە هێنانە کایەی (شۆڕشی پیشەسازی)، ئەمەش وایکرد ئەم چینە بە شێوەیەکی بەهێزتر دەربکەوێت لە میانەی دەوڵەمەندی بێ سنوور کە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و فراوانبوونی بازارەکانەوە پێی گەیشت ((وایلێهات هزری ئابووری سەربەخۆیی و جیابوونەوەی وەرگرت لە چەمکە ئاینیەکان کە لەو کاتدا باوبوو، جا بانکەکان دامەزران و سەرمایەداری سوودار دەرکەوت و هەندێك یاسای ئابووری دانران کە گونجاو بوو لەگەڵ هەندێك لە داواکارییەکانی چینی ناوەند))[1].

کاتێك سیستەمی دەرەبەگایەتی وەك لەمپەرو سەدێکی تۆکمە وەستا لەبەردەم ئەم فروانبوونە بازرگانییە بە دامەزراوە خۆسەپێنەکانی و سروشتە نەگۆڕەکەی، ئەوا کارکردن بۆ گۆڕینی بە پێویست زانرا.

برتراند ڕەسل دەڵێت: ((کاتێك تیۆری چاخە ناوەندەکان لە جیهاندا لە میانەی سەدەی چواردەمەوە ڕووی لە ئاوابوون و نەمان کرد، هێزێکی نوێ پلە بە پلە دەستی بەدەرکەوتن کرد و کاریکرد لەسەر دروستکردنی جیهانێکی نوێ و هاوچەرخ وەك چۆن ئەمڕۆ دەیناسین. لە ڕووی تێڕوانینی کۆمەڵایەتیەوە وایلێهات کۆشکی دەرەبەگایەتی بۆ کۆمەڵگەی نێوەند ناجێگیر بوو بەهۆی دەرکەوتنی چینێکی بەهێز لە بازرگانان کە هاوپەیمانیان بەست لەگەڵ حوکمڕانان دژی خاوەن زەویەکانی دەرەوەی دەسەڵات. لە ڕووی تێڕوانینی

---

[1]) مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ٨٠.

سیاسیشەوە خانەدانەکان ئەندازەیەك لە پارێزراوی خۆیان لە دەستدا کاتێك چەکی هێرشبردنی چاکتر دەرکەوت کە ئەستەم بوو خۆیان لەبەردەمیدا بگرن لە قەڵا کۆن و لاساییکەرەوکانیان. جا ئەگەر تەورو داس و گۆچانی جوتیاران دەستەوەسان بن لە ئاست تێکشکاندنی دیوارەکانی قەڵاکە، ئەوا بە دڵنیاییەوە باڕوت ئەم کارە دەکات))[1].

هەروەها سوتشکوف دەڵێت: ((خەڵکی لە سەرەتای سەردەمی نوێوە بەشێکی چاکیان لە ئەزموون وەرگرتبوو سەبارەت بە مەرجەکانی ڕەتکردنەوەی سیستەمی پەیوەندی خاوەندارێتی تایبەت: خانەدانە دەرەبەگەکان ئەوانەی کە کۆیلەکان ملکەچیان بوون، ئەوانیش ملکەچی دەسەڵاتی ڕەهابوون. ئەو سەرمایە کەڵەکە بووەی گەنجینەی پاشایەتی هێدی هێدی دەگوازرایەوە بۆ خەزێنەکانی خاوەن بەنك و سووخۆرەکان. بۆ نموونە خانەوادەی فۆجیر خاوەنی دەسەڵاتێك بوون کە کەمتر نەبوو لە سەرۆکەکان. بۆرژوازیەت بە بەردەوامی و بە هەموو توانایەکیەوە تێدەکۆشا دژی چینی خانەدانەکان، بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ خۆی مسۆگەر بکات لە ژێر خۆردا. ژمارەیەکی زۆر لە تاقمە سەرکێشەکان زەریاکانیان دەبڕی بەمەبەستی گەڕان بەدوای زێڕ، کە ببووە پێوەر بۆ چاکی و خراپی و ئازادی و بەختەوەری))[2].

بۆرژوازیەت لە ململانێتیەکەیدا لەگەڵ سیستەمی دەرەبەگایەتیدا چەندین هەڵوێستی جۆراوجۆری جیاوازی هەبوو، ڕابەری ئەم هەڵوێستانەش بریتی بوو لە بەرژەوەندی خودی گونجاو لەگەڵ بارودۆخە قۆناغیەکان. پشتیوانی لە

---

(١) حكمة الغرب ٢/ ١٧.

(٢) مصائر التاريخية ١٤.

**دەسەڵاتدارو پاشاکان کرد دژ بە خانەدان و پیاوانی ئاینی، دواتر شۆڕشەکانی هەڵگیرساند دژی ڕژێمی پاشایی ئەرستۆقراتی بە پلەی جیاواز، جا کاتێك لە ڕێگەی شۆڕشی فەرەنساوە دەستی زاڵ بوو بەسەر فەرەنسادا و بارودۆخەکان شڵەژان، ئەوا وەرچەرخا بەرەو دیکتاتۆریەتی ئاشکرا لە میانەی ئیمپڕاتۆریەتی (ناپلیۆن پۆناپەرت)[١]. ئەم چینە لە دیارترین هۆکارەکانی تێکشکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆن و هێنانی سیستەمێك بوو کە پشتی دەبەست بە ئازادی تاك و خزمەتیش بە بەرژەوەندییەکانی بکات.**

**بەمەش دەتوانین بڵێین: لیبڕالییەت بریتییە لە هزرو پەیڕەوی چینی ناوەند، بەوپێیەی لەسەر تاکایەتی دامەزراوە، بەتایبەت لە میانەی ڕاوبۆچوونەکانی (جۆن لوك) سەبارەت بە خاوەندارێتی تایبەت. لیبڕالییەت لە هزری ڕووتەوە وەرچەرخا بۆ واقیعێکی کرداری لە میانەی: پاشایەتی دەستووری لە ئینگەلتەرا ١٦٨٨ز، شۆڕشی ئەمریکی ١٧٧٥ز، شۆڕشی فەرەنسی ١٧٩٨ز.**

**برتراند ڕاسل دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی لیبڕالییەت بەرهەمی چینی ناوەندی هەڵکشاو بوو، کە پێشکەوتنی بازرگانی و پیشەسازی لەسەر دەستی دەهاتە کایە، ئەوا دژی ئەو نەریتانە بوو کە لەسەر جیاوازی دامەزرابوون و ڕەگیان داکوتابوو لەلایەن چینی ئەرستۆقراتی و خاوەندارێتی بە یەکسانی))[٢].**

**دەرکەوتنی لیبڕالییەت پەیوەست بوو بە ژینگەی دەوروبەر و بارودۆخی گشتی سەردەم، سەد ساڵ لە ئینگەلتەرا و هۆڵەندا بەر لە فەرەنسا لیبڕالییەت وەك**

---

**(١) بڕوانە: كتاب الصراع بين البورجوازية والإقطاع (كله).**

**(٢) سەبارەت بە دۆزینەوە جوگرافیا دەریاییەکان بڕوانە: طلب النوابل، سونياي هاو، مجلة العربي (ژمارەی پێشوو).**

سیستەمی حوکمڕانی پەیڕەوکرا بێ هیچ شۆڕشێکی خوێناوی، لە کاتێکدا لیبڕالییەت لە فەڕەنسا و ئەمریکا لە دوای شۆڕشی چەکداری پیادەکرا[1].

لە خوارەوە چەند نموونەیەکی ئەو شۆڕشانە خراونەتەڕوو کە بۆرژوازییەکان بەسەر خاوەندارێتی ڕەهادا ئەنجامیاندا، کە ئەمانەن:

## یەکەم: شۆڕشی ئینگلیزی (١٦٨٨ز):

بۆژوازیەتی ئینگلیزی سەرکەوتنێکی ئابووری مەزنی بەدەستهێنا بەهۆی سیاسەتی پاشاکانی خانەوادەی (تیۆدۆر)، کە پاڵپشتی کراو بوو لەلایەن بارودۆخی گشتی کە جەنگی سەد ساڵە و جەنگە ئاینیەکان بەجێیان هێشتبوو لە پاش خۆیان. پاشاکان پشتیوانی بازرگانە ناوخۆییەکانیان کرد بە لابردنی گومرگ لە نێوان بەشەکانی وڵات، هەروەها لەبەردەم بازرگانی دەرەکی کاتێك ڕێگەی نوێ دۆزرایەوە کە وایکرد جوڵەی بازرگانی بگوازرێتەوە بۆ زەریاکان دوای ئەوەی شارەکانی ناوەڕاست بازرگانیان قۆرغ دەکرد بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاست[2].

ژمارەی چینی ناوەند زیادی کرد، دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ بەشداری کردن لە حوکمڕانیدا هەر لەوەتەی سەدەی حەڤدەمی زاینی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، ئەوەی ئەم چینەی بەهێزکرد و توانای زیاتری پێدا لە دوای ساڵی ١٦٤٠ز ئەوەبوو کە پەرلەمان پاشای ناچارکردلەسەر دانانان بە یاسایەك کە بانگهێشتی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە پەسەند بکات هەر سێ ساڵ جارێك، ئەمەش دوای ئەوەی

---

(١) بڕوانە: حكمة الغرب ٢/ ١٠٥، ١٠٧.

(٢) بڕوانە: تاريخ الأوروبا الإقتصادي في القرن تاسع عشر ٧٧، ومدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ٢٢٢ _ ٢٢٣.

پاشا لە ساڵی ١٦٢٩ز پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، هەروەك چۆن چاكسازی لە سیستەمی باجدا ئەنجامدا، دادگا خۆسەپێنەرەكانی ڕەتكردەوە. بەمەش ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان پەرلەمان و پاشادا دروست بوو، ئەمەش بە خۆبەدەستەوەدانی پاشای ئینگەلتەرا لە ساڵی ١٦٤٧ز كۆتایی هات كە حوكمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و لە ١٩ ئایاری ساڵی ١٦٤٩ز جێبەجێ كرا.

دواتر پاشاكان تا ساڵی ١٦٨٨ز دەستیان بەسەر ئینگەلتەرادا گرت، لەو ماوەیەدا حیزبە ئینگلیزەكان داوایان لە حوكمڕانی هۆڵەندا كرد هێرش بكاتە سەر ئینگەلتەرا بۆ ڕزگار كردنی لە دەست پاشا (جەیمسی دووەم) كە كاسۆلیكیەتی بە زۆری سەپاند، حوكمڕانی هۆڵەندا ئەمەی جێبەجێ كرد، (جەیمسی دووەم) هەڵات بۆ فەرەنسا، حوكمڕانی هۆڵەندا بووە پاشا دوای ئەوەی (بەڵگەنامەی مافەكان) و (یاسای لێبوردەیی ئاینی) پەسەند كرد كە لەلایەن پەرلەمانەوە دانی پێدانرابوو[1]. (بەڵگەنامەی مافەكان) سەروەری پەرلەمانی لەخۆ گرتبوو لە كاروبارەكانی یاسادانان و دەقی هێنابوووەوە لەسەر خۆهەڵنەقورتاندن لە ئازادی هاوڵاتی و بەند نەكردنی بێ دادگای یاسایی[2]، ئەمە یەكەم بەڵگەنامەی لیبڕالییە كە بە دەسەڵات بگات لەلایەن پەرلەمانێكەوە كە لە تێكڕای ئەوروپادا هەڵبژێردراوە.

.بەمەش بۆرژوازییەكان و گەورە خاوەندارو خاوەنی پیشەسازییەكان بوونە حوكمڕانی ڕاستەقینە لە ئینگەلتەرا، ئەگەرچی وشەی پاشایەتی وەك دەربڕین نەك وەك ڕاستی هەر مابێت.

---

(١) بڕوانە: مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي ٢٢٤ _ ٢٣٢، وصاعو أوروبا الحديثة ١٦٠ _ ١٧٦.
(٢) مدخل لدراسة تاريخ أوروبا ٢٣٢.

## دووەم: شۆڕشی ئەمریکی (١٧٧٥ز):

جیهانی نوێ (ئەمریکا) دوای گەشتە دەریاییەکە ناسرا، کە (کرستۆف کۆلۆمبوس[1]) ئەنجامیدا لە ساڵی ١٤٩٢ز، دواتر گەشتەکان ئەنجامدران، وایلێهات دەوڵەتە ئەوڕوپاییەکان ململانێیان دەکرد لەسەر داگیرکردنی جیهانی نوێ و تاڵان کردنی ئەو زێڕو زیو و کەرەستە خاوەکانی تر.

لە ساڵی ١٦٠٧ز کۆمپانیای فریجینیای بازرگانی پشکدار کە بارەگاکەی لە لەندەن بوو توانی ڕاسپاردنی پاشا (جەیمسی دووەم) بەدەستبێنێت بۆ دروستکردنی یەکەم کۆمەڵگە و شوێنی نیشتەجێ بوون لەسەر کەناری خۆرهەڵاتی بەرامبەر بەریتانیا[2]، ئا بەم شێوەیە شوێنە ئاوەدانکراوەکان دەستیان بە دروست بوون کرد لەسەر دەستی بۆرژوازییە ئینگلیزەکان، دواتر دەستە و شانی ئینگلیزەکان بۆ کیشوەری نوێ زیادی کرد بە مەبەستی بازرگانی و ئاینی، هەیانبوو بازرگان بوون کە مەبەستیان بازرگانی و قازانج و کەڵك و سوود بوو، هەیانبوو بانگخوازی نەصرانی بوو وەك حاڵی کۆچبەرەکان کە ناوی

---

(١) کریستۆف کۆلۆمبوس، کەشتیوانێکی ئیتاڵییە. لە ساڵی ١٤٥١ز لە دایك بووە. بۆ خزمەتی ئیسپانیا کاری دەکرد. چوار گەشتەکەی بۆ جیهانی نوێ ڕێگەی خۆشکرد لەبەردەم بزوتنەوەی دۆزینەوەو داگیرکاری ئەوروپی و ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی. باوەڕی بەوە هەبوو لە ڕێگەی دەریاییەوە دەتوانێت لە خۆرئاواوە بگاتە خۆرهەڵات، لە ساڵی ١٤٩٢ز هەڵسا بە یەکەم گەشتی لە چوار گەشتەکانی بە ڕۆیشتن لە کەناری بالوس بە هەر سێ کەشتییەکەیەوە، گەیشتە دوورگەکانی بەهاما و بەمەش ئەمریکای دۆزیەوە بێ ئەوەی بزانێت کە ئەمەی کردووە. لە ساڵی ١٥٠٦ز مردووە، معجم أعلام المورد ٣٧٦.

(٢) بڕوانە: الإمبراطورية الأمريكية ١/ ٣٥ _ ٤٦.

**(حەجاجەکان)یان لێنرا، ئەوانە کۆمەڵێك بوون لە پرۆستانتەکان کە بە (بیۆرریتان: پاکخوازان) ناسراو بوون، ویلایەتی ماساشوستسیان دامەزراند[١].**

**نیشانە ڕێخۆشکەرەکانی شۆڕشی ئەمریکی بەدەرکەوتن لە میانەی زۆری ئەو باجانەی سەپێنرابوونە سەر دانیشتووانی شوێنە ئاوەدانەکان بێ ئەوەی ئەو خەڵکە هیچ نوێنەرایەتییەکان هەبێت لە پەرلەمانی ئینگلیزدا، سەرباری پیادەکردنی هەڵسوکەوتی نا مرۆڤانە کە بەریتانیا خووی پێوەگرتبوو لە شوێنە ئاوەدانکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیدا پێی هەڵبستێت، هەر بۆیە نوێنەرانی ولایەتەکان لە فیلادلفیا لە ساڵی ١٧٧٤ز کۆبوونەوە، ڕێککەوتن لەسەر پچڕاندنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بەریتانیا و ئەم کۆبوونەوەیە بە (کۆنگرەی یەکەمی کیشوەری) ناسرا.**

**لە ساڵی دواتردا ١٧٧٥ز (کۆنگرەی دووەمی کیشوەری) کۆبووەوە بە سەرۆکایەتی کەسایەتی بۆرژوازی دەوڵەمەند (جۆن هانکوك[٢]) و (جۆرج واشنتۆن)[٣] و (تۆماس جیفرسۆن و (بنیامین فرانکلین[٤])یش تیایدا ئامادە بوون،**

---

**١)** بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١/ ٣٩.

**٢)** جۆن هانکۆك، سیاسەتمەدارێکی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٧٣٧ز لە دایك بووە. ڕۆڵێکی زۆر دیاری بینی لە جەنگی سەربەخۆییدا، بووە سەرۆکی کۆنگرێسی دووەمی کیشوەری. بەمەش یەکەم کەس بوو کە بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی واژوو کرد. لە ساڵی ١٧٩٣ز مرد. معجم أعلام المورد ٤٦٧.

**٣)** جۆرج واشنتۆن، یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لە ساڵی ١٧٣٢ز لە دایك بووە، لە سەرەتادا سەرۆکی هێزەکانی شوێنە ئاوەدانکراوەکانی باکوری ئەمریکا بووە، لە دژی حوکمی ئینگلیزی ڕاپەڕی، سەرکەوتوو بوو لە ناچارکردنی ئینگەڵتەرا لەسەر دانان بە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە چواری مانگی تەمووزی ساڵی ١٧٧٦ز ڕاگەیەنرا، سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بەدەستهێنا کاتێك ئەمریکییەکان یەکەم سەرۆکی خۆیان هەڵبژارد، بۆ ماوەی دوو خولی سەرۆکایەتی لە پۆستی سەرۆکایەتیدا مایەوە، لە ساڵی ١٧٩٩ز مرد، ألف شخصية عظيمة ٢٤٢.

**لەگەڵ کۆمەڵێك لە بژاردە بیرمەند و سیاسەتمەدارەکان، تیایدا جەخت لەسەر ململانێی چەکداری کرایەوە لە دژی بەریتانیا، هیچ ڕێکەوتنێکیش نەبوو لەسەر بیرۆکەی سەربەخۆیی تا کتێبی (عەقڵی سەلامەت) دانراوی (تۆماس بین)[٢] دەرنەچوو، دوای دەرچوونی ئەم کتێبە ڕیزەکانی ئەمریکییەکان یەکگرتوو بوون بۆ سەربەخۆیی[٣].**

**جەنگ حەوت ساڵی خایاند، لە ساڵی ١٧٨٢ز ڕێکەوتن کرا لەسەر سەربەخۆیی و لە ساڵی ١٧٨٣ز جێبەجێ کرا، چوار بەڵگەنامەی مێژوویی _ لە چەند کاتێکی جیاوازدا _ نووسران وێنای ڕەوتی هزری کۆمەڵگەی نوێ دەکات کە تێدەکۆشێت بۆ سەربەخۆیی، کە ئێستا بەهێزترین دەوڵەتە لە جیهاندا. ئەم بەڵگەنامە مێژووییانە بریتین لە: کتێبی (عەقڵی سەلامەت) دانراوی (تۆماس بین)، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، دەستووری ئەمریکی، بەڵگەنامەی مافەکان.**

---

**(١)** بنیامین فرانکلین، زانا و پیاوێکی دەوڵەتی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٧٠٦ز لەدایك بووە، لە سەدەی هەژدەمی زایینی لە دیارترین کەسە ئەمریکییەکان بوو، لە تەمەنی لاوێتیدا هەڵسا بە چاپ و بڵاوکردنەوەی (ڕۆژنامەی پەنسلفانیا)، زۆری نەخایاند بووە خاوەن دەسەڵات و کاریگەری لە سیاسەتی ویلایەتی پەنسلفانیا، زۆر گرنگی بە فیزیا دەدا، هەڵسا بە کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی تایبەت بە کارەبا، هەڵسا بە داهێنانی ڕێڕەوی بروسکە. لە ساڵی ١٧٩٠ز مردووە. ألف شخصية عظيمة ٢٣٣.

**(٢)** تۆماس بین، بیرمەندێکی سیاسی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٧٣٧ز لە دایك بووە، بەرگری لە شۆڕشی فەڕەنسی کردووە، کتێبی (مافەکانی مرۆڤ)ی نووسیوە، تیایدا بەرگری لە شۆڕشی فەڕەنسی دەکات، داوا لە ئینگلیز دەکات پاشایەتی فڕێبدەن و حوکمێکی شۆڕشگێڕانە بەرپا بکەن، ناچار بوو ئینگەڵتەرا جێبهێڵێت، ڕۆیشتە فەڕەنسا بۆ هاریکاری حکومەت بە ئەندامی حکومەت هەڵبژێردرا، لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگی سەربەخۆیی کۆچی کرد بۆ ئەمریکا، کتێبێکی قەبارە بچوکی نووسی ناوینا (هەستی گەل) تیایدا بەرگری لە سەربەخۆیی کۆمەڵگەکانی ئەمریکی کرد، ئەم کتێبە کاریگەری خۆی هەبوو لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٧٧٦ز. لە ساڵی ١٨٠٩ز مردووە. ألف شخصية عظيمة ٢٤٧.

**(٣)** الإمبراطورية الأمريكية ٢/ ١٢٨ _ ١٣١.

## _ کتێبی (عەقڵی سەلامەت[1]) دانراوی (تۆماس بین):

تۆماس بین کتێبەکەی خۆی نووسی لە سەرەتای ململنێی چەکدارانە لە ساڵی ١٧٧٥ز، دواتر پیشانی چەند هاوڕێیەکی دا، یەکێك لە هاوەڵانی ناونیشانی کتێبەکەی بۆ پێشنیار کرد و یارمەتیدا بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕێگەی ڕۆبیرت بیل[2] کە خاوەنی کتێبخانە و چاپخانە بوو لە فیلادلفیا، ئەمە کتێبێکە قەبارەکەی بچوکە (٤٧ لاپەڕە)، کاریگەرییەکی زۆرو بێ ئەندازەی هەبوو، نیو ملیۆن دانەی لێ چاپدرا، ئەمە ژمارەیەکی گەلێك بەرزە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی سەردەمەکەی[3].

داونز دەڵێت: ((لە مێژووی وێژە "ئەدەب"دا نەمانزانیوە کتێبێك کاریگەرییە ڕاستەوخۆکەی ئەوەندە بەهێز بێت کە گەیشتبێتە ئاستی کتێبی "بین"))[4].

---

(١) هەندێك جار ئەم کتێبە وەردەگێڕدرێت بەناوێکی تر ئەویش: (پەیی پێبردنی گشتییە) یان (هەستی گەل).

(٢) ڕۆبێرت بیل، بیرمەندێکی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٧٨٨ز لەدایك بووە، وەزارەتی ناوخۆیی بەڕێوەبردووە، هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانەی دەنواند لەگەڵ بەندکراوەکان کە یاسا ڕێگەی پێدابوو، باجی دەرامەت و سیستەمی نوێ کە سەرپەرشتی بانکەکانی دەکرد خستەگەڕ، هەروەها هەڵسا بە هەوڵدان بۆ چاکسازی کردن لە سیستەمی زەوییە کشتوکاڵییە ئیرلەندییەکان، گومرگ و یاساکانی پارەسەندن لە هاوڵاتی ڕەتکردەوە، بەهۆی ئەمەوە حیزبەکەی بووە دوو بەش: پارێزکارو سەربەستەکان، لە ساڵی ١٨٥٠ز مرد. موسوعة العظماء والمشاهیر ٥٤، ناوبراو کەسایەییەکی لیبڕالییە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر یاساکانی پارە و سەرانە وەرگرتن لە خەڵك. لە قوتابخانەی مانچستەرە لە ڕەوتی کلاسیکی.

(٣) بڕوانە: کتب غیرت وجه العالم ٤٨.

(٤) کتب غیرت وجه العالم ٥٠ _ ٥١.

ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سەرکردەکانی بیرمەند و سیاسەت پێی کاریگەر بوون، جۆرج واشنتۆن ڕاڕا بوو سەبارەت بە بنچینەی سەربەخۆیی، بەڵام دوای خوێندنەوەی کتێبەکە دوودڵیەکەی کردە دڵنیایی، جا فرانکلین دەڵێت: ((ئەم کتێبە قەبارە بچوکە دوورترین و سەیرترین شوێنەواری دروستکرد))، هەروەها (ولیەم درایتۆن) دەڵێت: ((ئەم کتێبە وەك بروسکە کاریگەی لەسەر ناخی ئەندامانی کۆنگرێس دروست کرد))[١].

تۆماس بین لەم کتێبەدا لە هزرە لیبڕالییە لاساییکەرەوەکان هەنگاو دەنێت بەتایبەت هزرە ئینگلیزییەکان و بەتایبەتی بۆچوونەکانی جۆن لوك. یەکێك لە بۆچوونەکانی تۆماس بریتییە لە پێویستی دوورکەوتنەوەی دەوڵەت لە ئابووری و ئازادی گشتی لە کۆمەڵگەدا مەدەنیدا، جا دەڵێت: ((حکومەت لە چاکترین بارو حاڵەتیدا بریتییە لە ئاشوبێك کە دەبێت هەر ببێت، لە خراپترین باریشیدا ئاشوب و خراپەیەکە بەرگەی ناگیرێت، حوکمەت زیاتر بە عەبا دەچێت، کە پێویستە بۆ شاردنەوەی شەرمگە "عەورەت"، کۆشکی پاشاکان تەنیا بریتین لەو لوتکانەی کە شوێنگەیان سەر کەناری بەهەشتە، جا پێشکەوتووترین مەدەنیەت ئەوەیە کە کەمترین پێویستی بە حوکمەت هەبێت))[٢].

تۆماس بین ڕەخنەی لە حکومەتەکانی پاشایی و بۆماوەیی گرت و پێی وابوو ستەم و زۆرداری و خۆسەپاندنە، زۆر ستایشی نوێنەرایەتی گەلی کرد لە پەرلەمان، پێشنیاری کرد کە یەم ئەنجومەنی یاسادانان هەڵبژێردرێت بە دیموکراسیانە بۆ نوێنەرایەتی کردنی سەرجەم ویلایەتەکانی ئەمریکا، هەروەك

---

[١] کتب غیرت وجه العالم ٦٢.
[٢] هەمان سەرچاوە ٥٢، سیستەمی سیاسی ئەمریکی ئەمڕۆش کار بەمە دەکات.

**پێشنیاری کرد کۆماری ویلایەت سەرۆك و وەزارەتی هەبێت کە بەرپرس بن لە بەرامبەر کۆنگرێسدا[١].**

**سەرباری بچوکی کتێبەکە و بایەخدانە مەزنەکەی بە جۆش و خرۆشی بۆ شۆڕش کردن و سەربەخۆیی، ئەوا هەندێك ناوەڕۆکی لیبڕالییەتی گشتی لەخۆ گرت کە ئەمریکا تا ئەمڕۆش لەسەری دەڕۆیشت.**

**هەندێك شتی ناودارم بینی لە کاریگەربوون بە بۆچوونە لیبڕالییەکانی تۆماس بین لەوانە ئەم وتە دانایە بەناوبانگەی لۆرد ئەکتۆن ((دەسەڵاتی ڕەها، گەندەڵی ڕەهایە))[٢].**

## _ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (٤/٧/١٧٧٦ز):

**لە کۆنگرەی دووەم کە بە (کۆنگرەی دووەمی کیشوەری) ناسرا سەربەخۆیی ڕاگەیەنرا، لیژنەیەك دانرا بۆ ئامادەکردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی فەرمی، لەسەرووشیانەوە تۆماس جیفرسۆن سەرۆکی سێیەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو (١٨٠١ _ ١٨٠٩ز).**

**تۆماس جیفرسۆن لە داڕشتنی ڕاگەیاندراوی سەربەخۆیی بەتەواوی پشتی بە لیبڕالییەت بەست و بەتایبەت بۆچوون و هزرە فەلسەفییەکانی جۆن لوك.**

**برتراند ڕەسل دەڵێت: ((خودی ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکی هەڵگری سروشتێکی لیبڕالییە بە ئاشکرایی و ڕۆشنی. جا کاتێك فرانکلین**

---

**(١)** سەرچاوەی پێشوو ٥٣.

**(٢)** بڕوانە: الإمبراطورية الأمريكية ٢/ ١٣٥.

دەربڕینەکەی جیفرسۆنی هەموارکرد کە دەیوت: ((باوەڕمان وایە ئەم ڕاستیانە پیرۆزن و هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ نکۆڵی لێکردنی))، جا دەربڕینی (پیرۆزن و هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ نکۆڵی لێکردنی) گۆڕی بە (ڕوون و ئاشکران بەهۆی خۆیان و هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ نکۆڵی لێکردنی) ئەمەی بە زمانی فەلسەفی لوك دەردەبڕی))[١].

لەو شتانەی لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا هاتووە: ((باوەڕمان وایە تێکڕای خەڵك بە یەکسانی دروستکراون، بەدیهێنەریان چەند مافێکی پێداون کە ناکرێت دەستیان لێهەڵبگیرێت، لەوانە: مافی ژیان، مافی ئازادی و تێکۆشان بۆ دەستخستنی بەختەوەری. حکومەت لە نێوان خەڵك بەرپا دەبێت بە مسۆگەرکردنی ئەم مافانە، دەسەڵاتە دادگەرەکەی لە ڕەزامەندی هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتەکەی وەردەگرێت. ئەگەر حکومەت یەکێك لەم ئامانجانەی پشتگوێخست ئەوا مافی گەلە بیگۆڕێت... بەڵام ئەگەر خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات و داگیرکردنی دووبارە بووەوە، ڕوونیش بووەوە کە مەبەست لێی ئەوەیە گەل بخرێتە ژێر چەتری زۆرداری، ئەوا مافی گەلە بەڵکو پێویستە لەسەری نموونەی ئەو حکومەتە بڕوخێنێت و بە ڕێگەی نوێ ڕاستی بکاتەوە تا بیمەی ئایندەی بکات))[٢].

## ــ دەستووری ئەمریکی و بەڵگەنامەی مافەکان ١٧٨٧/٩/١٧ز:

دوای سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر هێزەکانی بەریتانیا، ئەوا دوو ڕەوت هەبوون لە بارەی تێڕوانینی دەوڵەتی تازە، یەکەمیان: حکومەتێکی فیدڕاڵی

---

١) حکمة الغرب ٢/ ١١٧ ــ ١١٨.

٢) الإمبراطورية الأمريكية ٢/ ١٢٣.

بەهێز، ئەمە خواستی هاملتۆن[1] بوو، دووەمیان: دەیەویت دەسەڵاتەکانی حکومەت بە ویلایەتەکان بدرێت، تۆماس جیفرسۆن ڕابەرایەتی ئەمەی دەکرد، دواتر ڕێککەوتن لەسەر دەستورێکی لیبڕاڵی گشتی کە لە حەوت مادده پێکدەهات و نەدەچووە سەر شتەکان بە وردی و ئەرکی ڕوونکردنەوەو ڕاڤەی خستەسەر ئەستۆی دادگای دەستووری.

بەڵگەنامە دەستورییەکە ئەوەی لەخۆ گرتووە کە هەموو دەسەڵات لە گەلەوە سەرچاوەی گرتووە، جیاکاری کردن لە نێوان سێ دەسەڵاتەکان: یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکار. دووپات کردەوە لەسەر کۆت و بەندکردنی دەسەڵات و دانانی سنوورێك بۆی، وەك ڕێگە گرتنێك لە دەستدرێژی و زۆرداری.

لەگەڵ ئەم دەستورە لیبڕاڵییە ڕۆشنەشدا ئەوا دەستووری ماڤی هندییە سوورەکانی فەرامۆش کرد کە خاوەنی ڕەسەنی وڵاتەکەن، بە کۆیلەکردنی ئەفریقییەکانیش بەردەوامی بوو[2].

یەکەم جار گەل دەستورەکەی ڕەتکردەوە، لەترسی خۆسەپاندنی حکومەتی یەکگرتووی نوێ، بەڵام ئەم مەترسییە نەما دوای ئەوەی بیرمەندان و سیاسەتمەداران ئەوەیان بۆ دووپاتکردنەوە کە دەوڵەت دەستەوەرنادات ئازادییە گشتییەکان، هەر بۆیە بەڵگەنامەی مافەکانیان هاوپێچی دەستوور کرد، کە تۆماس

---

(١) ئەلیکسەندەر هاملتۆن، سیاسەتمەدارێکی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٧٥٥ز لە دایك بووە، بەشداری لە جەنگی سەربەخۆییدا کردووە، سەرۆکایەتی حیزبی فیدراڵی کردووە، یەکەم کەس بوو کە وەزیرایەتی دارایی کردووە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ململانێیەکدا مرد کە لە نێوان ئەو و یەکێك لە دژە سیاسییەکانی ئەنجامدرا لە ساڵی ١٩٧٥ز. معجم أعلام المورد ٤٦٨.

(٢) بڕوانە: الإمبراطورية الأمريكية ٢/ ١٣٨.

جیفرسۆن دایڕشت، کە یەکێکە لەو سەرکردە ئەمریکیانەی دەسەڵاتی دەوڵەتیان سنووردار کرد لە دەستێوەردان، ناوبراو لە سەرۆکەکانی تر لیبڕالتر بوو.

بنەماکانی بەڵگەنامەکە بە ((دروست نییە...)) دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی دەوڵەت کۆت و بەند بکات و ڕێگەی لێبگرێت لە خۆسەپاندن و ستەم و زۆرداری. بەڵگەنامەکە زیاتر لە دە هەمووارکردنی لە خۆ گرتووە، لەوانە: ئازادی پەرستش و قسەکردن و ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی چەك، بەکارهێنانی سەربازەکان بۆ پاسەوانی کردن لە خانووی دانیشتووان قەدەغە کرد، مافی تۆمەتباریشی لە خۆگرتبوو لە دادگاییکردنێکی دادگەرانە و خێرا و ئاشکرا و یارمەتی وەرگرتنی بە بەرگری لە خۆ کردن، هەروەها ئەوەشی تێدا خرابووەڕوو کە کەس نابێت دەستگیر بکرێ تەنها دواى دەرچوونی بڕیاری تۆمەتبارکردن نەبێت لە سوێندخۆرانەوە[1].

لەوەی خرایەڕوو بەدەردەکەوێت کە لیبڕالییەت کاریگەری هەبووە لە بەڵگەنامەی مافەکان کە پەیوەستە بە دەسەڵات و مافی تاك و ئازادییە گشتییەکان و سەروەری گەل و دەستەوەرنەدانی کڵێسا (ئایین) لە دەوڵەتدا.

## سێیەم: شۆڕشی فەڕەنسی (١٧٩٨ز):

شۆڕشی فەڕەنسا بەهێزترین و کاریگەرترین و توندو تیژو خوێناویی ترین شۆڕش بوو، کە بریتی بوو لە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هەزری لە فەڕەنسا بەرلە شۆڕش. شۆڕشی فەڕەنسا بریتی نەبوو لە تەنها چەند بازنەیەکی مێژوویی لە ڕووداوی یەك لە دواى یەك، بەڵکو بزوتنەوەیەکی هزریش بوو، واتە:

---

[1]) بڕوانە: الإمبراطورية الأمريكية ٢/ ١٣٦_١٣٧.

**بزوتنەوەی بۆچوون و بنچینەکان بوو تا کۆتایی هاتنی کودەتای شۆڕش و پوختەکردنی لەسەر ئاستی سیاسی ئەوا هەر وەك ڕێبازێکی هزری مایەوە، هەروەها دوای دارووخانی پاشایەتی بە تەواوی ئەوا بە دیاری مایەوە، شوێنەوارە هزری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەوڕوپادا دیارن، ئەو گۆڕانکارییە سەرەکی و وەرچەرخانە ڕاستییانەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتن جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە، ئەمەش وایکرد ببێتە چەرخێکی نوێی تەواو جیاواز لەگەڵ چەرخی پێشوو[1].**

**کۆمەڵێك لە هۆکارو پاڵنەر هاریکار بوون بۆ ڕوودانی ئەم شۆڕشە لەوانە[2]:**

**١ــ هزری لیبڕالی نا ئاینی:**

**ئەمە هزری زاڵبوو لە سەردەمی ڕووناکگەراییدا، بزوتنەوەی ڕووناکگەرایی پەیوەست نەبوو بە قوتابخانەیەکی فەلسەفەی دیاریکراو[3]، بەڵام یەك ڕایەڵی هاوبەشیان هەیە، ئەویش بریتییە لە وەستان دژی ئایین و سیستەمی دەرەبەگایەتی و هەنگاونان لە ئازادییەوە وەك بەهایەکی مرۆیی.**

**لەکاتی وردبوونەوە لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی ئەو ماوەیەدا، دەبینین لە هزرە سیاسی و ئابوورییەکەیاندا لیبڕالین، وەك نووسەرانی: ((دائرة المعارف))، بە (فەرهەنگییەکان) ناسراون، کە لە نێوان ساڵانی ١٧٥١ ــ ١٧٦٥ز بڵاوکرایەوەو سەرۆکایەتیان دەکرا لەلایەن دیدرۆ[4] و جان جاك ڕۆسۆ (١٧٧٨ز) خاوەنی**

---

**(١)** بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/١٣٧.

**(٢)** بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/١٣٧ و لاپەڕەکانی دواتری.

**(٣)** بڕوانە: حكمة الغرب ٢/ ١٤٣.

**(٤)** دونی دیدرۆ: فەیلەسوف و ڕەخنەگرو زانایەکی فەرهەنگی فەڕەنسییە، لە ساڵی ١٧١٣ز لە دایك بووە، بە یەکێك لە دیارترین نوێنەرەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنفکری دادەنرێت، ئەو و دالمبیر هەڵسان بە

**بیردۆزو کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) کە بە ئینجیلی شۆڕشی فەڕەنسی دادەنرێ، و مۆنتیشکیۆ[1] (١٧٥٥ز) خاوەنی (گیانی یاساکان)، هەروەها ڕابەرەکانی ڕێبازی فیزیۆقراتی و ئیسپینۆزا دانەری (رسالة في اللاهوت والسياسة) و ڤۆلتێر (فرانسۆ) ١٧٧٨ز و دولباغ ١٧٧٩ز و ئابیە رینال ١٧٩٦ز، هزرەکانی ئەم قوتابخانانە لە سێ پرسی سەرەکیدا درەوشانەوە:**

**یەکەم: بانگەشەکردن بۆ حوکمی نوێنەرایەتی دیموکراسی، وەستان دژی زۆرداری و خاوەن تایبەتمەندییە تایبەتەکان، سەروەری بۆ گەلە. هەندێکیشیان وەکو مونتسکیۆ ستایشی پاشایەتی دەستووری ئینگلیزیان کرد.**

**دووەم: جەختکردنەوە لەسەر ئازادی بازرگانی، نەوەستانی دەوڵەت لە بەرامبەر ئابووری یان هەوڵنەدان بۆ ڕێکخستنی، هەلگرتنی هەموو کۆسپ و لەمپەڕێك لە بەردەم بزوتنەوەی بازرگانی و گوێزرانەوەی دارایی و کرێکاران..**

**سێیەم: ڕەتکردنەوەی ئایین، ڕێگەگرتن لەوەی پیاوانی ئاینی حوکم بەسەر خەڵکدا بکەن یان کاریگەری لەسەر دەوڵەت دروست بکەن، زۆرێك لە**

---

نووسینی ((الموسوعة الفرنسية)) یان ((المعجم العقلاني للعلوم والفنون والحرف))، ژمارەیەك گێڕانەوەو شانۆ و توێژینەوەی فەلسەفی و زانستی دانا، لە شوێنەوارەکانی: ((خواطر في تعليل الطبيعة)) و ((مبادء الفيسيولوجيا))، لە ساڵی ١٧٨٤ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ١٩٥.

(1) ئەلبارۆن دۆلابرید واتە دۆمۆنتیسکیۆ: نووسەرو فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، یەکێکە لە دیارترین فەیلەسوفە سیاسییەکانی سەدەی هەژدەم، لە ساڵی ١٦٨٩ز لە دایك بووە، گرنگترین شوێنەوارەکانی: ((رسائل فارسية)) تیایدا گاڵتەی کردووە بە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی فەڕەنسی لە سەردەمی خۆیدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە پەرەپێدانی هزری سیاسی، لە ساڵی ١٧٥٥ز مرد. معجم أعلام المورد ٤٤٣ ــ ٤٤٤.

**فەیلەسوفەکان سەریان لە بێ باوەڕی دەرچوو، هەندێکیان تەنها لە ئاست ئەوەدا مانەوە کە وتیان ئایین دژی زانست و عەقڵە.**

**زۆربەی ئەم فەیلەسوفانە لە چینی ناوەڕاستن، لەوانەیە دیارترینیان کە شۆڕشیان دژی ئایین و خاوەن پلەو جیاوك (إمتیازات)ە تایبەتەکان (خانەدان _ پیاوانی ئایین) کردبێت ڤۆڵتێر بووە، کە پیاوێکی بازرگان و کەسایەتییەکی سەرمایەداری ناودارە[1].**

**٢_ چینی ناوەند (بۆرژوازییەت):**

**ئەم چینە لە ناو دەمارو و ناخی کۆمەڵگەدا هەبوو، فەیلەسوف و خانەدان و پیاوانی ئایینی بچوك و جگەلەوانیشی تێدا بوو، ئەوانە لە هەمووان زیاتر سوودمەندبوون لە داڕووخانی سیستەمی کۆن.**

**هەڵگیرسانی شۆڕش دەدرێتە پاڵ ڕق و کینەی چینی ناوەند (بۆرژوازیەت) بەرامبەر بە چینە خاوەن پلەو جیاوکەکان (إمتیازات)، ئەوەی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ئەوەیە کە تەنها دوای ئەوەی دەسەڵات ملی کەچکرد بۆ برۆرژوازییەت، ئەوا بۆرژوازییەت هەڵسا بە داگیرکردنی دارایی و موڵك وماڵی خانەدان و پیاوانی ئایینی (ئەکلیروس) کە شکستیان خواردبوو[2].**

**دوای شکستخواردنی خاوەن پلەو جیاوکەکان، ئەوا ئەم چینە بووە خاوەن دەسەڵاتی زاڵ لە سیستەمی نوێدا، لە ڕووە سیاسییەکەیدا لەسەر بنچینە لیبڕالییەکان (حوکمی دیموکراسی) خۆی ڕێکخست، لە لایەنە ئابوورییەکەیدا**

---

(1) بڕوانە: أبطال من التاريخ ١٣٤.

(2) الصراع بين البورجوازية والإقطاع ١/ ١٤٤.

پشتی بە (سیستەمی سەرمایەداری) بەست، لایەنە کۆمەڵایەتیەکەشی خۆی دەبینیەوە لە ئازادی کراوە بێ کۆت و بەند و سنوور. شتێکی تر کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی چینی ناوەندد لە ئامادەکاری بۆ شۆڕشکردن و وەستان لە پشت سەربەخۆبوون بریتی بوو لە دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لە نامە و توێژینەوەکان کە داواکاری و بنەماکانی ئەم چینە دیاریدەکەن:

لەوانە: نامەی (کامیل دی مولان) بە ناونیشانی (فەڕەنسای ئازاد)، نامەی دووەم بە ناونیشانی (سکاڵانامەکەم)، ئەم نامانە وایانکرد چینی سێیەم ببێتە باسی سەر زمانی هەموو خەڵك.

لە گرنگترین ئەو پەیامانەی ئەو کات بڵاوکرانەوە پەیامی (ئابیە سیس) بوو بە ناونیشانی ((چینی سێیەم چییە؟))[1].

ناوی ئەم چینە تەنها بریتی نییە لە وەسفێك بۆ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ناوێکی ناسراوەو نوێنەرایەتی و ئامادەگی هەیە وەك ناوی خانەدان و پیاوانی ئاینی، جا ڕاجیاییەکی ناودار ڕوویدا دەربارەی نوێنەرایەتی هەر چینێك لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی چینەکانی گەلدا[2]. لویس فیلای مێژوونووسی فەڕەنسی دەڵێت: ((ئا بەم شێوەیە ئەو ئەنجومەنەی کە لویسی شادەزمی ناردە بەر سەرپەڕاندن و ترس و تۆقاندنی ڕێکخست، سەرکەوت بەسەر ئەو ئەوروپایەی کە هاوپەیمان بوو لە دژی، ئەوا لە کۆتاییدا سەری لەوە دەرکرد کە گەلی بێ بەشکرد لە بەشداریکردن یان پشکداری لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا، دەسەڵاتیشی دا

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٨٦.
[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١/ ١٩١.

بەو بۆرژوازیانەی کە موڵکی پیاوانی ئایینی و کۆچبەرانیان بە کرچ و کاڵ و کەم و کورت دانا بۆ ئەوەی بە نرخێکی کەم دەستی بەسەردا بگرن))[١]، گۆستاف لۆبۆن لە کتێبەکەیدا (الثورة الفرنسية وسيكولوجية الثورات)دا دەڵێت: ((ئا بەم شێوەیە بینرا کە ناو و پلەو جیاوك "إمتيازات"ەکانی سەردەمی کۆن کە هات و هاوار لە دژی بەرزبووەوە گەڕایەوە بەڵام بۆ بەرژەوەندی چینی ناوەڕاست "بۆرژوازییەت"))[٢].

### ٣_ ڕۆڵی جولەکەکان لە شۆڕشی فەڕەنسەدا:

جولەکەکان ژیانێکی سەرشۆڕانەیان لە ئەوروپا بەسەربرد، چونکە وێنەیان لای ئەوروپییەکان خۆی دەبینێتەوە لە پیاوی فێڵباز، دڵپڕ لە قین، زۆر خۆشویستنی ماڵ و سەرمایە و کۆکردنەوەی، لەوانەیە ئەم وێنەیە ڕۆشن بێت لە گێڕانەوەکەی شکسپیردا (بازرگانی تفەنگەکە)، لەگەڵ کەلەپوری ئاینی مەسیحی کە بەرپرسیارێتی خوێنی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) دەخاتە ئەستۆی جولەکە. پەیوەستبوونی جولەکە بە دارایی و سامان و زۆر سووخواردن و فۆرخکارییەکەی شتێکە مشتومڕی لەسەر نییە، جولەکەکان لەسەرووی لیستی چینی ناوەند (بۆرژوازیەت)ەوەن.

جولەکەکان بە دیدێکی تایبەت بۆ خۆیان دەڕوانن، جیاوازن لە تێکڕای مرۆڤایەتی، لە یاساکانی تەلموددا هاتووە: ((گیان و ڕۆحی جولەکەکان جیاوازە لەگەڵ ڕۆحەکانی تر بەوەی بەشێکە لە خوا، وەك چۆن کوڕ بەشێکە لە

---

(١) الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/ ٣٤١.
(٢) لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە ١/ ٣٤٢.

باوکی))[١]، هەر لە یاساکانی ناوبراودا هاتووە: ((ئەوەی لە دەرەوەی ئاینی جولکەیە گیانلەبەر جا ناوی بنێ سەگ یان گوێدرێژ یاخود بەراز، ئەو تۆواوەی لێوە دروست بووە تۆواوی گیانلەبەرە))[٢]، ئەم جۆرە هەستە خۆ بەزلگرە لوتبەرزە ئەگەر هۆکارێك لە هۆکارەکانی هێز (دارایی) بەدەست بوو لەگەڵ فرسەتێکی فەراهەم بوو کە دەکرێ جارێکی تر دووبارە فەراهەم نەبێتەوە (شۆڕش کردن دژی سیستەمی کۆن)، لەگەڵ پشت بەستن بە دروشمی گشتی (ئازادی و یەکسانی) کە دەکرێ بە چەندین وێنەی جیاواز بگونجێنرێت، ناچێتە خەیاڵەوە ئەم فرسەتە فەرامۆش بکات بەڵکو بۆ ئامانجە تایبەتەکانی دەیقۆزێتەوە، هەر بەکردار ئەمە ڕوویدا؛ دەرەنجامە مەزنەکانی شۆڕشی فەڕەنسا ڕژانە ناو بەرژەوەندی جولەکە، جولەکەکان هەڵسان بە قۆستنەوەی پەرەسەندنە نوێکان کە شوێنەواریان لە واقیعی هاوچەرخماندا دەردەکەوێت لە میانەی زاڵبوون بەسەر ئابووری جیهانی و پاڵپشتی کردنی هزرو ڕێبازە بێ باوەڕەکان و گۆڕینی خەسڵەت و بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگە، کاریگەری دروستکردن لەسەر سیاسەتی جیهانی لە ئەوروپا و ئەمریکا، پاڵپشتی کردن لە داگیرکردنی فەڵەستین، ئەمەی دواتر بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ هەموو جیهان دەرکەوت، بێگومان بەڵگەشە لەسەر زاڵبوونی دەسەڵاتی جولەکە بەسەر جیهانی خۆرئاوادا.

بەڵام ئەمە مانای وانییە کە ئەو وێنەیەی بۆ ڕۆڵی جولەکە کێشراوە ڕاست بێت لە کێبی (أحجار على رقعة الشطرنج) و کتێبی (حكومة العالم الخفية) و (بروتوكولات حكماء صهيون).

---

(١) الكنز المرصود في قواعد اليهود ٦٠.

(٢) هەمان سەرچاوە ٦٨.

ئەم کتێبانە زێدەڕەویان کردووە لە وێناکردنی ڕۆڵی جولەکە، دوور نییە ئامانج لێی چاندنی شکستی دەروون و ڕۆحی بێت لە دڵی دژەکانی جولەکەدا، هەروەها پیشاندانی جولەکە بێت بەوەی هێزێکە شکست ناخوات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە ڕۆڵی سەرەکی جولەکە ڕەتناکاتەوە کە شوێنەوارو دەرەنجامەکانی بە جوانی دەرەکەون.

بێگومان هۆکاری ڕاستەوخۆی شۆڕش بریتی بوو لە داڕووخانی بارودۆخی ئابووری و قەرزە کەڵەکە بووەکان و بەتاڵ بوونی خێزێنەی دەوڵەت لە دارایی، ماڵ و سەروەتی دەوڵەت بەفیڕۆچوو لە شتی تایبەت بە پاشا و دەستوپێوەندەکەی، ئەلبیر سوبۆل مێژنووسی شۆڕشی فەڕەنسی بەڵگەنامەیەك دەخاتەڕوو کە بارودۆخی دارایی ڕوون دەکاتەوە لە پێش شۆڕش کە دوایین بودجە بوو لە سەردەمی پاشایی پێشکەشکرا و تیایدا هاتووە: ((ئا بەم شێوەیە قەرز لە ساڵی ١٧٨٩ز گەیشتە پێنج ملیار، لە کاتێکدا پارەی نەختینەیی دەستاودەست پێکراو بە دوو ملیارو نیو دەخەملێنرا))[1].

کالۆن وەزیری دارایی لە سەردەمی پاشایەتی هۆکاری داڕووخانە ئابوورییە ترسناکەکەی ڕوونکردەوەو گێڕاندییەوە بۆ خانەدان و پیاوانی کڵێسا[2].

_ دەرەنجامەکانی شۆڕش:

شۆڕشی فەڕەنسی کۆمەڵگەی ئەوروپی گواستەوە بۆ سەردەمێکی نوێ کە تایبەتمەند بوو بەوەی خانەدان و پیاوانی ئاینی هیچ جیاوازی و

---

(١) تاريخ الثورة الفرنسية ٨٥.

(٢) بڕوانە: تاريخ أوروبا في العصر الحديث (فيشر) ٩.

**تایبەتمەندیەکیان نەما، پاشایەتی ڕەها کۆتایی هات، ئازادی هزرو بازرگانی و نموونەی دیموکراسییەت لە حوکم و جگەلەمانەش لە شتە نوێکان لە ئەوڕوپادا سەریانهەڵدا. لە ڕاستیدا شۆڕشەکە زۆر ئاڵۆزبوو و پابەند نەبوو بەو بنەمایانەی کە وەك دروشم بەرزی کردبووەوە، کوشتارو دەستدرێژی و زۆرداری و تێکدان لەسەر دەستی شۆڕش گەلێك زۆربوو، گۆستاف لۆبۆن دەیوت: ((لە پێناو گەیشتن بەم دەرەنجامە[1] وایلێهات کە داڕووخانی فەڕەنسا پێویست بێت، سەرتاپای زۆر شوێن کاولکران، حوکمی ئەشکەنجە و لە سێدارەدان بەسەر زۆرێك لە خەڵکی کۆلەدا سەپێنرا، زۆرێك لە خانەوادە و خێزانەکان ناچار بوون کە بێ هیوایی بژین، ئەوڕوپا سەراوژێر بوو، سەدان هەزار لە پیاوان کوژران لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا))[2].**

**کار بە گومان دەکرێ بێ بوونی بەڵگە و نیشانەی تەواو، جا لە سێپتێمبەری ساڵی ١٧٩٣ز یاسای گومانلێکراوان دەرچوو، بەمەش بە مەقصەڵە[3] هەزاران هاوڵاتی کوژران تەنها بەهۆی گومانەوە، ئابەم شێوەیە _ وەك چۆن تاین دەڵێت _ شۆڕش وایلێهات پیاوەکانی خۆی بخوات))[4].**

**دوای ئەم بێ سەروبەرییەی دووچاری شۆڕش هات لەوەتەی (کۆمکاری نیشتمانی دامەزراوەیی) و بە تێپەڕبوون بە (کۆمکاری یاسادانان) تا گەیشتنە**

---

**(١) دەرەنجامەکە بریتیی بوو لە کۆتایی هاتنی ناوو جیاوك و پلەکانی سەردەمی کۆن بۆ بەرژەوەندی بۆرژوازییەت.**

**(٢) وەرگیراوە لە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/٣٤٢.**

**(٣) ئامرازێکی کوشتنە، ملی تاوانبارەکە دەخرایە ناو دوو تەختە، چەقۆیەکی تیژی گەورەو قوڕس بە دوو داری درێژ هەڵواسرا بوو و ئینجا کە دەهاتە خوارەوە ملی تاوانبارەکەی دەقرتاند. (وەرگێڕ).**

**(٤) بڕوانە: نماذج وصور من إرهاب الثورة في الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/ ٣١٧.**

(کۆنگرەی نیشتمانی) ئەوا شۆڕش بووە دیکتاتۆرێك کە بریتییە لە (حوکمەتی کارگێڕی)، لە کۆتاییدا گەیشتە ئیمپڕاتۆریەتی ناپلیۆن، ئەم ئیمپڕاتۆریەتە سیستەمێکی دیکتاتۆرییە پێچەوانەی هەموو بنەما و هزرەکانی شۆڕش بوو هەر لە سەرەتاوە، ئەمەش ئاماژە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆرژوازییەت پێکدێت لە وێنەی جیاوازو دژیەك بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان.

بەڵام لەگەڵ ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی ناپلیۆنی و کۆتایی هاتنی شۆڕش، دەستهەڵگرتنی ناپلیۆن لە تەخت لە ٦ی ئەپریلی ١٨١٤ز و گەڕانەوەی پاشایەتی سەرلەنوێ، ئەوا شوێنەوارەکانی ئەم شۆڕشە هێشتا ماونەتەوەو بەهێزن لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا.

ئەمانەش دیارترین دەرەنجامەکانی شۆڕشەکەن:

_ بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی لە ٢٦ ئابی ساڵی ١٧٨٩ز، ئەم بەڵگەنامەیە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وێناکەری ئەو لیبڕالییەتەیە کە لە ناو جومگە و پێکهاتە هزرییەکەی شۆڕشدا هەبوو، ئەم بەڵگەنامەیە لە پێشەکییەك و حەڤدە ماددە پێکهاتووە، لە دەقی بەڵگەنامەکەدا هاتووە:

((نوێنەرانی گەلی فەڕەنسا کە کۆبوونەتەوە لەشێوەی دەستەیەکی نیشتمانی _ کاتێك ئەو ئاشوب و بەدبەختی و گەندەڵی حوکمەتەکانیان بینی کە دووچاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ یەك هۆکار ئەویش فەرامۆشکردنی مافەکانی مرۆڤە یان پشتگوێخستن یاخود گاڵتەپێکردنیەتی _ بڕیاریانداوە ڕاگەیەندراوێکی گشتی دەربکەن تیایدا مافە سروشتییە پیرۆزەکانی مرۆڤ ڕوون بکەنەوە کە ناکرێ دەستی گاڵتە و بازرگانی پێکردنی بۆ درێژ بکرێت،

**ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە قوڵ و جێگیر بێت لە گوێچکەکانی ئادەمیزاد و بە بەردەوامی ماف و ئەرکەکانیان بیربێنێتەوە، ڕێز لە کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار بگرێت کە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو مەبەست و ئامانجانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ دەدات، هەروەها بۆ ئەوەی کە خەڵك داوای مافەکانیان دەکەن ئەوا ئەم داوایانەیان لە ئێستاوە دامەزرابێت لەسەر بنەمای ڕوون و ئاشکرا کە مشتومڕ هەڵنەگرێت، بەمەش ڕاگری ئەم مافە پاراستنی دەستوورو مسۆگەرکردنی بەختەوەری کۆمەڵانی خەڵ دەبێت.**

**١_ خەڵکی بە ئازادی لە دایك دەبن، یەکسانن لە مافەکاندا، هیچ جیاوازیی و پلەبەندییەکیان لە نێواندا نییە، تەنها لەو شتەدا نەبێت کە بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت.**

**٢_ ئامانجی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بریتییە لە پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، ئەو مافانەی کە هەر چەند ڕۆژگاری بەسەردا بچێت هەر دەمێنن و کۆن نابن، کە ئەمانە: ئازادی، خاوەنداریێتی، ئارامی دەروون، بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوە.**

**٣_ تەنها گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە، بۆ هیچ تاك یان کۆمەڵێك نیی فەرمان دەربکات بە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدان، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دەسەڵاتیان لەگەلەوە وەرگرتبێت.**

**٤_ ئازادی سنووردارە لە چوارچێوەی ئەوەی کە زیان بە بەرامبەر نەگەیەنرێت، بۆ هەر تاکێك هەیە مافە سروشتییەکانی خۆی پیادە بکات لەو**

**بازنەیەی کە ئێش و ئازار بە خەڵك نەگەیەنێت کە ئەوانیش مافەکانیان پیادە دەکەن، جا دیاریکردنی سنووری ئەم بازنەیە بە یاسا ڕاسپێرراوە.**

**٥_ بۆ یاسا نییە ڕێگری لە خەڵك بکات لە ئەنجامدانی هیچ کارێك مەگەر بە زیان بشکێتەوە بۆ سەر کۆمەڵگە، هەر شتێك یاسا قەدەغەی نەکات ئەوا ڕێپێدراوە، نابێ کەس ناچار بکرێت لەسەر ئەنجامدانی کارێك کە یاسا پێویستی نەکردبێت.**

**٦_ یاسا دەرخەری ویستی گشتی گەلە، سەرجەم خەڵکی وڵات مافیان هەیە لە دانانی یاسا بە خۆیان یان بە نوێنەرەکانیان، یاسا بۆ هەمووان یەکە جا کەسەکە یاسادانەر یان یاسادانەر نەبێت، پارێزراو یان پارێزراو نەبێت، خەڵکی لەبەردەم پلە و کاروبارە گشتییەکان یەکسانن، جیاوازیان لە نێواندا نییە تەنها لە جیاوازبوونی لێهاتووییاندا نەبێت، پلەبەندیان لە نێواندا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە زیرەکی و تواناکانیان دەیخوازنێت.**

**٧_ نابێ مرۆڤ تۆمەتبار یان بەند یاخود دەستگیر بکرێت تەنها لەو بارودۆخانەدا نەبێت کە لە یاسادا ڕوونکراوەتەوە بە مەرجی لێپێچینەوە، هەر کەسێك فەرمانێکی زۆردارو خۆسەپێنانەی پێچەوانەی یاسا جێبەجێ بکات یان فەرمانی پێ بکات یاخود ڕێنمایی دەربکات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی لەوجۆرە ئەوا شایەنی سزایە، لەسەر هەموو کەسێك پێویستە کە بانگدەکرێت یان دەستگیر دەکرێت بەپێی یاسا ئەوا دەبێ دەستبەجێ ملکەچ بێت، ئەگەر سەرپێچی کرد یان بەرەنگاری فەرمانەکە وەستا ئەوا شایەنی سزایە.**

٨_ یاسا دەبێ تەنها ئەو سزایانە لە خۆ بگرێت کە پێویستی کۆمەڵگە دەیخوازێت، نابێ هیچ مرۆڤێك سزا بدرێت تەنها بەپێی ئەو یاسایە نەبێت کە دەرچووەو بڵاوبووەتەوە پێش ئەنجامدانی کارەکە.

٩_ هەموو مرۆڤێك پاکە، تا تۆمەتەکەی لەسەر ساغ دەبێتەوە، ئەگەر پێویست بوو کەسێك دەستگیر بکرێت بەر لە ساغ بوونەوەی تاوانەکە لەسەری ئەوا هەر توونددو تیژییەك کە لەگەڵی بەکاربێت بێ ئەوەی پێویست بکات لە مانەوەی کەسەکە لە ژێر چنگی دەسەڵات ئەوا دەبێتە هۆی سزای توند.

١٠_ مرۆڤ بەهۆی بۆچوونەکانیەوە سزا نادرێت، ئەگەر بۆچوونەکانی ئاینیش بن، مادەم زیان بە سیستەمی گشتی نەگەیەنێت کە یاسا دانی پێداناوە.

١١_ ئازادی ڕادەربڕین و بیروبۆچوون لە مافە پیرۆزەکانی مرۆڤە، هەموو کەسێك بۆی هەیە بدوێت و بنووسێت و لە چاپ بدات بەوپەڕی ئازادییەوە بەو مەرجەی ئەم ئازادییە بە خراپ بەکارنەهێنێت لەو بارودۆخانەی کە یاسا ڕوونی کردۆتەوە.

١٢_ فەراهەم کردنی مافەکانی خەڵك و کەڵك و سوود لێبینینی پێویستی بە هێنانە کایەی دەسەڵاتێکی گشتییە، ئەم دەسەڵاتەش بۆ بەرژەوەندی هەمووان دادەمەزرێت نەك بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسەی کار ڕاییکردنی خەڵکی پێدەسپێردرێت.

١٣_ بۆ مانەوەی ئەم دەسەڵاتە گشتییە و بەڕێوەبردنی حکومەت بە گشتێتی، پێویستە باجە گشتییەکان کۆبکرێنەوە، دەبێت ئەم باجانە لە نێوان تاکەکان دابەش بکرێن بەیەکسانی و هەر یەکە بەپێی وزەکەی.

**١٤_ خەڵکی وڵات مافی ئەوەیان هەیە بە خۆیان یان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە ئەو باجە دیاری بکەن کە بەرژەوەندی گشتی پێویستی پێیەتی، دانانان پێیدا بە ئازادی تەواوەوە دەبێت، بۆیان هەیە ڕێگەکانی بەیەك بەستنەوەو کۆکردنەوەو ئەندازە و ڕێگەی خەرج کردنیشی دیاریی بکەن.**

**١٥_ دەستەی کۆمەڵایەتی بۆی هەیە لێپێچینەوە بکات لەگەڵ هەر فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی و چاودێری بکات لە کارو ئەرکەکانیدا.**

**١٦_ هەر دەستەیەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا مافەکانی مرۆڤی پارێزراو نەبێت و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەیەکتر جیانەکرێنەوە، ئەوا لە دەستوور بێ بەش دەکرێت.**

**١٧_ لەبەر ئەوەی خاوەندارێتی مافێکی پیرۆزە، ئەوا نابێت گاڵتەی پێبکرێ، ناشبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاساکان. لەم بارودۆخەشدا پێویستە خاوەن موڵك قەرەبوو بکرێتەوە))[1].**

**هەروەها بەڵگەنامەی مافەکان گوزارشت لە هزری لیبڕالی دەکات کە لە پاڵ شۆڕشەکەوە بوو، ئەمەش لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:**

- **بنچینەی هزری بۆ مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە ((یاسای سروشتی))، ئەویش یاسای ماددی نارۆشنە، کە دەکرێ چەندین شتی پێ ببەسترێتەوە، فیزیۆقرات پشتی بەمە بەستووە لە بنچینەدا بۆ تیۆرە ئابوورییەکەیان.**

---

**(١) الثورة الفرنسية ١٣٦.**

- جەختکردنەوە لەسەر ئازادی، ئەمەش ڕێسایەکی فەلسەفی لیبڕالییە.
- پێداگیری کردن لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی، گێڕانی بە مافێکی پیرۆز کە ناکرێت گاڵتەی پێ بکرێت.
- دانانی گەل بە سەرچاوەی دەسەڵات و یاسا و بنچینەی ڕەوایی پێدان.
- هەنگاونان لە بیرۆکە و بۆچوونەکانی فەیلەسوفە لیبڕلییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، بۆ نموونە: ((جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)) لە مۆنتیسکیۆ و (ویستی گشتی) لە ڕۆسۆ و ((مافی سروشتی و خاوەندارێتی تایبەت)) لە لوك وەرگیراوەو جگەلەمانەش.
- دانانی ئازادی ڕادەڕبڕین بە مافێکی پیرۆز.

ڕاگەیەندراوەکە خەسڵەتی سوودگەرایی هەڵگرتووە، واتە: ئارەزووی سوودبینین هەیە لە دەرکردنی، کاتێك ئامانجی یەکەم لە دانان بە بنەماکان کە هەر حەوت ماددەکە لە خۆدەگرێت بریتی بێ لە چارەسەر و دوورکەوتنەوە لە یاخی بوون یان شۆڕشێکی نوێ، ئەوا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕاگەیاندنی مافەکان لە بارودۆخی تایبەتدا دەرکراوە، ملکەچی ڕێنووسی ڕووداوەکان بووە، هەر بۆیە ڕاگەیاندنی مافەکان لەم لایەنەوە بە کار یان بادانەوەیەکی سیاسی دادەنرێت(١).

تێبینیەکی گرنگ لەسەر بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنەکە هەیە، کە بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر ئازادی خاوەندارێتی و دانانی وەك مافێکی پیرۆز ئەوا تەنها

(١) بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع (الجزء الأول).

چینی ناوەند لێی سوودمەند دەبێت، چونکە زۆربەی گەل هیچی نییە، ئەمەش بەڵگە و نیشانەیە کە دارشتنی بەڵگەنامەکە لەلایەن پەنجەی بۆرژوازییەکانەوە کراوە[1].

لەگەڵ دانانن بە بنەمای یەکسانی لە بەڵگەنامەکەدا، ئەوا کۆت و بەندێکی لەسەرە کە خەسڵەتی تایبەتی بۆرژوازییەت دەپارێزێت، لەگەڵ یەکسانی مافەکان و ڕەتکردنەوەی تایبەتمەندێتی کۆمەڵایەتی ئەوا هەڵاواردنێکی تایبەت هەیە کە ئەم تایبەتمەندێتییە لەسەر بنچینەی سوود و قازانج دەهێڵێتەوە، بۆیە ماددەکە بەوشێوەیە دارێژراوە: ((خەڵك بە ئازادی لە دایك دەبن و یەکسانن لە مافەکاندا، هەر بە ئازادی و یەکسانی لە مافەکاندا دەمێننەوە، بە هیچ شێوەیەك نابێت تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بەرپابن تەنها لەسەر سوودی گشتی یان قازانجی هاوبەش نەبێت)).

هەروەها تێکگیران لە ماددەی (١٠)دا ڕوویداوە، بەوپێیەی بەڵگەنامەکە بنەمای ئازادی ڕادەربڕینی پەسەندکردووە بەڵام بە مەرجی داناوە ((کە ئەم ئازادییە خراپ بەکارنەهێنرێت لەو بارودۆخانەی یاسا ڕوونی کردۆتەوە)).

هەر بۆیە ((میرابۆ))[2] لە وتارێکدا ڕەخنەی لەم بنەمایە گرت و وتی: ((ئەمە بەڵگەیە کە ئەنجومەن دەیەوێت دانبنێت بە بیروباوەڕی ئاینی باو)) (کاسۆلیکییەت)[1].

---

(١) بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/ ٢٢٠.

(٢) کۆنت میرابو، سیاسەتمەدارو شۆڕشگێڕێکی فەڕەنسییە، لە ساڵی ١٧٤٩ز لە دایك بووە. وتاربێژی شۆڕشی فەڕەنسیە و یەکێك بوو لە دیارترین کەسەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوو

**نووسینەوەی بەڵگەنامەکە بەشێوەیەکی گشتی بە هەست و هەناسەیەکی لیبڕالی نووسراوەتەوە، لە (یاسای سروشتی) دەستپێدەکات و پشت بە خاوەندارێتی تایبەت دەبەستێت وەك بنچینەی تاکایەتی، هەروەها سەروەری گەل وەك سەرچاوەی یاسادانان.**

**_ یەکێك لە دەرەنجامەکانی شۆڕش هەڵوەشاندنەوەی سەردەمی کۆن و نەمانی بەها و ڕەوشت و هزرەکانی بوو، پایەداربوونی هزری سەربەست و ئەستێرەکانی، سیستەمی نوێنەرایەتی دیموکراسی لیبڕالی جێگەی سیستەمی پاشایەتی گرتەوە کە لەسەر بیرۆکەی مافی خوایی دامەزرابوو، ئازادی بازرگانی و گواستنەوەی بێ کۆسپ و لەمپەڕ جێگەی سیستەمی دەرەبەگایەتی گرتەوە، وەرچەرخانی نوێی پیشەسازی بەشداربوو لە پاڵنانی ئاڕاستەی ئازاد لە جەنگەکەی دژ بە دەرەبەگایەتی و کەلتورەکەی.**

**_ یەکێکی تر لە شوێنەوارەکانی شۆڕش سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو بە وێنە هاوچەرخەکەی، وێنەی نوێی دەوڵەت تایبەتمەندە بە ناوندێتی (المركزية)ی تووند، حوکم کردنی دەوڵەت لە ژیانی گشتی، ئەمە لە هیچ سیستەمێکی کۆندا نەبوو، دەوڵەتە کۆنەکان هەموو کاروبارەکانی گەلانیان ڕێکنەدەخست، بەڵام دەوڵەتە هاوچەرخەکان هەموو کاروباری خەڵکیان ڕێکخست،**

---

**لەو دەستەیەی حوکمی فەڕەنسای کرد لە میانەی قۆناغەکانی سەرەتای شۆڕش، ناوبراو بە میانڕەوی و بانگەوازکردن بۆ پاشایەتی دەستووری ناسراوە. لە ساڵی ١٧٩١ز مرد پێش ئەوەی شۆڕ بگاتە چڵەپۆپە. معجم أعلام المورد ٤٤٦.**

**() وەرگیراوە لە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/ ٢٢٠.**

ڕێگە بە هیچ کەسێك نادرێت بە هیچ کارێك هەڵسێت تەنها بە مۆڵەتی پێشوەختی دەوڵەت نەبێت.

ئەم وێنەیەی دەوڵەت لە ئیمپڕاتۆریەتی ناپلیۆنیدا دەرکەوت، هەر بۆیە لیبڕالییەکان پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەبوو بۆ ئەنجامدانی گونجاندن لە نێوان دەوڵەتی هاوچەرخ و بنچینەی هزری لیبڕال کە دامەزراوە لەسەر ئەوەی دەوڵەت ئاشوبێکە دەبێت هەر هەبێت، هەروەها پێویستی کەم کردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت تا ئاستێکی هەرە دوور، ئا لێرەوە ئەوە دەرکەوت کە ناودەبرێن بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی دەوڵەتی لیبڕالی بتوانێت بنەمای لیبڕالی جێبەجێ بکات لە دانی مافەکان بە تاك، بەڕاستی شۆڕشی فەڕەنسی _ تا ئەندازەیەکی دوور _ دەرەنجامی هزری و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبوو، شۆڕشی پیشەسازی زیاد کرد، هێزی ڕێبازی لیبڕالی بەهێزتر کرد، کۆمەڵگە لە ڕووی ڕەوشتییەوە هەڵوەشایەوە، وایلێهات گەل بووە بەکاربەری ئەو شتانەی سەرمایەداران بەرهەمی دێنن، وایلێهات ئەو کۆمەڵگەیەی کە شوێنەوارەکانی شۆڕشی تێدا دەرکەوت بووە نموونەیەکی بچوککراوی لیبڕالییەتی هاوچەرخ(١).

تیۆرو بیردۆزە بێ باوەڕەکان (مولحیدەکان) بە ناوی ئازادی هرز، لادانی ڕەوشتی بە ناوی ئازادی تاکەکەسی بڵاوبووەوە. سەرمایەداران بە جولەکە سووکارەکان (ڕیباخۆرەکان)ەوە جڵەوی حوکمیان بەدەستەوەگرت بەناوی ئازادی ئابووری و سیاسەت.

---

(١) بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع (الجزء الأول).

# دەروازەی چوارەم

# لیبڕالییەت لە نێوان هەڵکشان و داکشان

لیبڕالییەت لە سەردەمی بوژانەوەی ئەوروپی دەستی پێکرد، پاشان لە سەردەمی ڕۆشنگەریی پەرەیسەند و گەشەیکرد، بەرزترین ماوە کە تیایدا هەڵکشا بێت سەدەی نۆزدەمی زایینی بوو، ئەویش بریتییە لەو لوتکەیەی لیبڕالییەت پێیگەیشت و دواتر نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، لە سەدەی بیستەمدا لیبڕالییەت داکشانێکی مەزنی بەخۆوە بینی دوای دەرکەوتنی دەرەنجامە پڕ لە کارەساتەکانی، بەڵام لە دوای داڕوخانی شیوعییەت و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆفیەت دەستی بە قۆناغێکی نوێ کرد، جا لە میانەی بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنی لیبڕالییەت دەبینین کە بۆ چوار قۆناغ دابەش بووە، وەك چۆن لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:

## قۆناغی یەکەم: پێکهاتنی لیبڕالییەت (لە سەدەی ١٥ز تا سەدەی ١٨ز):

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیان و گوزەرانی ئەوروپیدا هات لە هەر دوو سەدەی پازدەم و شازدەم ئەوا بیرۆکە و هزرەکانی لیبڕالییەت پێکهاتن، کە لە دەستپێکی پاشەکشەی سەدەکانی ناوەڕاست تا بازدانە گەورەکە لە سەدەی حەڤدەمی زایینی درێژبووەوە.

بنچینەی هزری لیبڕالییەت لەسەرەتادا لای (تۆماس هۆبز)ەوە دروست بوو لە تێڕوانینەکەی سەبارەت بە بارودۆخی سروشت لەلای مرۆڤ، (جۆن لوك)یش بە خاوەنداریێتی تایبەت بەستییەوە، (جۆن ستیوارت میل)یش گواستیەوە بۆ ئازادی بیرکردنەوە.

**لیبڕالییەت لە پێكهاتەیەكی جیاوازی هزرە كۆنەكان و فرە كارلێكی فیكرە هاوچەرخەكان پێكهات، هزری یۆنانی كۆن كاریگەری تێكرد، هەروەك كارلێكی كرد لەگەڵ چەندین فرە پێكهاتەی وەك: ڕابوونی ئەوڕوپی و بزوتنەوەی چاكسازی ئاینی و جەنگە ئاینیە گەورەكان و هزری تاقیكاری ماددی، لەگەڵ كاردانەوە لە هەمبەر لادانی ئاینی و خۆسەپاندن و زۆرداری هزری و سیاسی كە چینی خانەدان و پیاوانی ئاینی مەسیحی دروستیان كردبوو.**

**هەر لە بەرەبەیانی هەنگاونانی كۆمەڵگەی كۆن بەرەو داڕووخان هزرەكانی لیبڕالییەت دەركەوتن، كۆمەڵگەی نوێش نەش و نمای كرد كە چینی ناوەند دروستی كردبوو، چوارچێوەو بازنە تیۆرییەكەی گونجاو بوو بۆ پێداویستییەكانی كۆمەڵگە نوێیەكە.**

**پێشینەكانی لیبڕالییەت بیرۆكە و هزرەكانیان دروست كرد پێش هاتنە كایەی ئەو زاراوەی گوزارشت لەو هزرانە دەكات، ئەم چەمكەش تەنها دوای هەڵكشانی لیبڕالییەت لە سەدەی نۆزەدەمی زاینیدا دەركەوت.**

**گرنگترین پرس و مەسەلە لە قۆناغی پێكهاتندا، هەنگاونانی چەمكی لیبڕالییەتە لە (ئازادی تاكەكەسی) و قوڵكردنەوەی ئەم چەمكەیە لە ڕووی فەلسەفی و كۆكردنەوەی بەڵگەیە لەسەری، هەروەها فراوانكردنی بوارەكانیەتی لە سیاسەت و ئابووری و لایەنی كەسێتیدا.**

**گیانی خۆدارِنین لە كۆت و بەندەكان بووە هاودەمی هەموو ڕێبازە هزرییەكان كە لە سەردەم و كۆمەڵگە و بەهای نوێدا دەركەوتن، چونكە لە**

**بنەڕەتدا دامەزراوە لەسەر خۆدارِنین لە كۆت و بەند و خۆسەپاندنی سەردەمی كۆن و بەها دواكەوتووەكانی وەك چۆن بانگخوازانی هزری ئازاد بانگەشەیان كرد.**

**بەڵام لیبڕالییەت وەك ڕێبازێكی هزری دیاریكراو، تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ ئازادی و چۆنیەتی جێبەجێ كردنی هەیە، پێكهێنەرە سەرەكییەكانی ئازادی لە (ڕەوتی تاكێتی)دا دەركەوتن، ئەویش ئەو شتەیە كە بە دڵی چینی ناوەند بوو، ئەمە وای لەو چینە كرد پاڵی پێوە بدات بەو پێیەی ڕێبازێكی هزرییە و خزمەتكاری ئارەزوو و حەزەكانیەتی.**

**لە كاتێكدا چینی ناوەند پابەند بوو بەم ڕێبازە لە ماوەیەك لە ماوەكان بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی ماددی، ڕەواییدان بە كارەكانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتگوێی خست، لە قۆناغەكانی تردا فەرامۆشی كرد، لەوانەیە دیارترینیان قۆناغی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆنی بووبێت، كە بریتی بوو لە گوزارشت كردن لە گێڕانەوەی پاشایەتی ڕەها بە ناوێكی تر، شتەكە بەتاڵ نەبوو لە داڕووخاندنی سیستەمی خاوەن ماف و جیاوك (إمتيازات)ە تایبەتەكان بۆ لایەنێكی دیاریكراو (ئەرستۆقراتیەت) بۆ سیستەمێكی نوێی خاوەن ماف و جیاوكە تایبەتەكان بۆ لایەنێكی تر (چینی ناوەند)[1].**

## قۆناغی دووەم: هەڵكشانی لیبڕالییەت (لیبڕالییەتی كلاسیكی) (١٧٧٦ _ ١٩١٤ز):

[1]) بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع ١/ ٣٤٢.

قۆناغی هەڵکشانی لیبڕالییەت لە سەدەی هەژدەم ڕۆشن بوو، ئەمەش دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئینگلیزی و ئەمریکی و فەڕەنسی دژی سیستەمی کۆن، بەتایبەت شۆڕشی فەڕەنسی کە کاریگەری دروستکرد لەسەر هەموو ئەوروپا.

لە دوای شۆڕشەکە لیبڕالییەت چووە قۆناغی نوێ، کە یەك سەدەی تەواوی خایاند (سەدەی نۆزدەمی زاینی)، ئەمەش ماوەی زێڕینی لیبڕالییەتە.

کافین ڕایلی نێوان ساڵانی ١٧٧٦ز _ ١٩١٤ز دیاریکردووە لەسەر ئەوەی ئەم ماوەیە ماوەی بەهێزی هزری لیبڕالییە، هەروەها وتی: ((سەدەی نۆزدەم تاکە سەرکەوتنی لیبڕالییەتی بەخۆوە بینیوە))[1]، دیاریکردنی ساڵی ١٧٧٦ز ئاماژەیەکی تایبەتی هەیە، لەم ساڵەدا ئادەم سمیس کتێبەکەی خۆی (شۆڕشی گەلان)ی دەرکرد، وادەردەکەوێت کە ئەمە سەرەتای کرداریيە بۆ زاڵبوونی لیبڕالییەت.

لیبڕالییەتی کلاسیکی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، بیردۆز و تیۆرەکانی لە سیاسەت و ئابووریدا جێبەجێکران، گەشەیەکی بەرچاوی کرد لە ئابووریدا لە بەرژەوەندی چینی دەوڵەمەند لەگەڵ سەرەتاکانی سکاڵاکردنی رێکاران و هەست کردنیان بە ستەم و زیادبوونی دیاردەی هەژاری و بڵاوبوونەوەی گیانی یاخی بوون و هەڵوەشانەوەی ڕەوشتی.

بەڵام ئەم قۆناغە پاك و پوخت نەبوو لە تێکدەرو پیسکەرەکان، شۆڕش وەرچەرخا بەرەو ئیمپڕاتیۆریەتێکی تاکڕەو و دیکتاتۆر لە ماوەی دەسەڵاتی

[1]) الغرب والعالم ٢٧٩.

**ناپلیۆن پۆناپەرت، دواتر ئەم ئیمپڕاتیۆریەتە ڕووخا و پاشایەتی گەڕایەوە دوای شکستخواردنی ناپلیۆن لەبەرامبەر هاوپەیمانان.**

**لەگەڵ ئەمەشدا هزری لیبڕالی و بنەماکانی لە ئەوروپا کاریگەریان هەر هەبوو، دەوڵەت و دامەزراوەی دەستووری لەسەری دامەزراند و پیشەسازی تیایدا گەشەیەکی بەرچاوی کرد، بەشێوەیەك کە ئازادی کێبڕکێ لە هەموو کۆت و بەندێك داماڵرا، دەوڵەت دەستی وەرنەدا ناو بواری ئابووری و کاروبارەکانی بازار، ئەمەش بریتییە لە بنچینەی لیبڕالی ((لێیگەڕێ با کار بکات))، ((لێیگەڕێ با تێپەڕێ)).**

**لە ژێر کاریگەری ئەم جۆرەی هزری لیبڕالی، بۆرژوازییەتی پیشەسازی هەڵکشاو هەڵسا بە ئەنجامدانی چەند هەڵمەتێکی تووند (لە ئینگەڵتەرا و شوێنەکانی تریش) بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاسادانانەکانی کارو کرێ و سیستەمی دەستە پیشەییان و سەندیکاکانی کرێکاران و کەم کردنەوەی یارمەتیدانی کرێکاران، ڕەتکردنەوەی یاساکانی تۆو کەشتیوانی، ڕەهاکردنی ئازادی بازرگانی لە دەریاکاندا، سنووردارکردنی چاڵاکی حوکمی، کەم کردنەوەی باجەکان[1].**

**لیبڕالییەت لە لوتکەی تواناکەیدا هۆکارو پاڵنەرێکی گرنگ بوو لە تەقاندنەوەی تواناکانی شۆڕشی پیشەسازی (١٧٥٠ _ ١٨٥٠ز) و دروستکردنی پێشکەوتنێکی مەزن لە بەرهەم و داهات و کەڵەکەبوونی سەرمایە.**

**لەم ماوە مێژووییەدا، سیستەمی سەرمایەداری پێکهات لە میانەی شۆڕشی پیشەسازی (١٧٥٠ _ ١٨٥٠ز)، لیبڕالییەتی کلاسیکی هێزی ئابووری بۆ ئەوروپا**

---

(1) بڕوانە: الليبرالية المتوحشة ٢٠.

زیاتر لە قۆناغی بازرگانی (میریکانتیلیە) گێڕاندەوە _ کە جیهانی نوێی دۆزیەوە _ و بە چڵێسییەکی زۆرەوە بەدوای زێڕو زیودا دەگەڕا لەو شوێنانەی داگیری کردبوو بە زاڵبوون بەسەر ڕێگەکانی بازرگانی و جیهانی نوێ کە دۆزرابووەوە.

سەرمایەدارییە تازە پێگەیشتووەکە بەرهەمی بەهێزترو شوێنەواری زیاتر بوو، بەشێوەیەك کە کۆمەڵگەی ئەوڕوپی گواستەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی، سیاسەتە ئابوورییەکەی لەسەر هزرێکی نا ئاینی هۆشیار دامەزراند.

پێکهاتنی نێوان قۆناغی بازرگانی (میرکانتیلیە) و لیبڕالییەتی کلاسیکی بریتی بوو لە هەڵکشانی ئابووری، بێگومان قۆناغی بازرگانی سەرەتای ڕاستەقینەی چینی ناوەند (بۆرژوازیەت) بوو، هەروەها یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە زاڵبوونی لایەنی ئابووری بوو لە لیبڕالییەتدا بەسەر تێکڕای لایەنەکانی تردا.

لەگەڵ ئەوەی هزری لیبڕالی لە سەدەی هەژدەمدا پێکهاتەیەکی کامڵ لە هزرەکانی لە خۆگرت، دەرخستنی ڕووخساری ئابووریانە لە لیبڕالییەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بۆرژوازییەت کە بایەخی بە بەرژەوەندییە تایبەتییە خوودییەکانیدا[1].

---

[1]) بڕوانە: الصراع بين البرجوازية والإقطاع (الجزء الأول كله).

ئەمەش شڵەژانی بارودۆخی سیاسیمان بۆ ڕاڤە دەکات لە دوای شۆڕشی فەرەنسی، کە وەرچەرخا بەرەو دیکتاتۆریەت (حوکمەتی کارگێڕی)، دواتر بەرەو ئیمپڕاتۆریەت لەسەر دەستی بۆرژوازییەت[1].

ململانێی نێوان سەرمایەدار (بۆرژوازی)ەکان گەیشتە ئاستی ململانێ کردن لەسەر پیشەسازی چەکی کۆمەڵکوژو لەناوبەر، هەروەها ناکۆکی لەسەر ناوچەی دەسەڵات و زاڵبوون، ئەمەش سەریکێشا بۆ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، کە ملیۆنان مرۆڤ بوونە قوربانی.

ئەم جەنگانە سنووریێکیان دانا بۆ هەڵکشانی لیبڕالی، لیبڕالییەت لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕووی لە داکشان کرد، لە پاش جەنگی جیهانی دووەم زیاتر دابەزی.

بەرپرسیاری ڕاستەقینە لە جەنگی جیهانی بریتییە لە ((هزری لیبڕالی))، کە کۆمەڵگەی ئەوروپی گەیاندە قۆناغی هەڵکشانی هزری پێچەوانە و دژی ئەویش هزری ((ئیشتراکیەت))ە[2]، ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان گەیشتە ئاستێك کە جەنگی کاولکەری لێکەوتەوە.

لە شتە سەیرو سەمەرەکان ئەوەیە کە ململانێی چەکداری لە جەنگدا لە بەرژەوەندی سەرمایەداراندا کۆتاییهات، لە کاتێکدا ئەو شتەی لە بواری هزریدا ڕوویدا دواکەتنی لیبرالیەتی کلاسیکی بوو، دەستپێکردنی جۆرێکی نوێی

---

(١) بڕوانە: الليبرالية المتوحشة ٢٠ _ ٤٦.

(٢) ئەم هزرە بوونی هەیە لە نازیەت و فاشیەت و شیوعییەت و هەندێك ڕوو و بەشەکانی دیموکراسییەتدا.

**لیبڕالییەت بوو پێچەوانەی لیبرالی کلاسیکی، کە نزیك بوو لە ئیشتراکیەتەوە، ئەمەش بەڵگە و نیشانەیە لەسەر تێکشکانی هزری لیبڕالی سەرباری سەرکەوتنی لە جەنگدا.**

**دابەزینی لیبڕالییەتی کلاسیکی و سەرکەوتنە سەربازییەکەی هەر پاساوێکی هەبێت، ئەوا ئەمە بە کۆتایی ڕاستەقینەی کلاسیکییەت دانرا کە وێنەیەك بوو گوزارشتی لە ڕووی ڕاستەقینەی لیبڕالییەت دەکرد.**

## قۆناغی سێیەم: داکشانی لیبڕالییەت (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی) (١٩١٧ _ ١٩٧٠ز):

**هەندێك ئاماژە و نیشانە پێش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم دەرکەوتن لەسەر داکشانی لیبڕالییەت، جا لیبڕالییەتی ئابووری دووچاری زۆرێك لە شڵەژان و لەرزین و قەیران بووەوە، بەهۆی قۆرخکارییە ئابوورییە مەزنەکانەوە. دیارترین ئەم قەیران و شڵەژانانە بریتی بوو لە قەیرانی قەرزو قەرەبووەکانی ئەڵمانیا لە دوای پەیماننامەی ڤێرسای ساڵی ١٩١٩ز، شۆڕشی کرێکاران لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩١٨ز، گەیشتنی ئیشتراکیەت بۆ سەر تەختی حوکمڕانی لە ڕوسیای قەیسەری لە شۆڕشی بەلفەشی ساڵی ١٩١٧ز، قەیرانی بێ بازاری مەزن (١٩٣٣ز _ ١٩٣٩ز) کە سروشتی قەیرانەکانی سەرمایەداری دەرخست کە هاوپێچی خودی سەرمایەدارین، ئەمە وایکرد چەمکی لیبڕالییەت ببێتە سەرزەنشت و توانج بۆ خاوەنەکەی و درانە پاڵی مایەی ڕێزو حورمەت نەبێت لە ناو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، بەمەش شوێنکەوتووانی لیبڕالییەت**

**ناچاربوون چەمکی ((لیبرتاریەت))[١] دابێنن، هەروەها قەیرانی دارویش دەرکەوت لە میانەی جەنگی دراو و کوتلەی بازرگانی و داڕووخانی بنچینەی ئاڵگۆڕی بە زێڕ.**

**خەڵك قەیرانی ڕاستەقینەی سەرمایەداری دۆزیەوە، ئەمەش وایکرد دەستێوەردانی حوکمی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری پێویست بێت، بنەمای دەستێوەردانی حوکمی ئاڕاستەیەکی تازەیەی لە لیبڕالییەتدا دەرخست ئەویش (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی) یان (دیموکراسییەتی ئیشتراکییە).**

**ئەم بنەمای نوێیەی لیبڕالییەت، بریتییە لە پاشەکشەی ڕاستەقینەی لیبڕالییەت، ملدانەواندنێکی ناچارییە لەلایەن سەرمایەدارانەوە بۆ داواکارییەکانی کرێکاران، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی ڕەوتە هزرییە توندڕەوەکانی دژ بە دڕندایەتی لیبڕالییەت وەك: فاشییەت، نازییەت، شیوعییەت.**

**دیارترین نموونە لەسەر دەستێوەردانی حوکمی، ئەزموونی دکتۆر ((شاخت))[٢] بوو لە ئەڵمانیا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، هەروەها ئەزموونی ((ڕۆزفلێت)) لە ماوەی ساڵانی بێ بازاری مەزن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[٣].**

---

**(١) بڕوانە: الرأس مالية والحرية ٨ _ ٩.**

**(٢) شاخت عزیلی، بازرگانی پارە و پسپۆڕێکی دارایی ئەڵمانیە، لە ساڵی ١٨٧٧ز لە دایك بووە، بە سەرۆکی بەنکی ڕایخ دیاریکرا، دراوی ئەڵمانی چەسپاند، سیستەمێکی تۆکمەی دانا بۆ گۆڕینەوەی دراوی ئەڵمانی لەگەڵ دراوە بیانیەکان و ئاڵگۆڕی بازرگانیلەگەڵ دەوڵەتە بیانیەکان. موسوعة العلماء ومشاهير ٨٢.**

**(٣) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧١٩، ٢٥ أكتوبر ١٩٨٢، ص ٢٧ _ ٣٠.**

فەلسەفەیەکی تەواوکار دەرکەوت دەربارەی ڕەوتی نوێ لەسەر دەستی (جۆن ماینارد کینز) لە ساڵی ١٩٣٦ز کە ناسراوە بە ((تیۆری گشتی بۆ خستنەگەرو قازانج و نەختینە)).

بۆرژوازییەت تیۆری کینزی پەسەندکرد، چونکە لە بەرژەوەندی ئەودا بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی هەستی کرد بەوەی کینز ڕزگارکەری سیستەمی سەرمایەدارییە کە لەسەر لێواری داڕووخانە.

لەم ماوەیەدا کەرتی گشتی فراوان بوو، دەوڵەت بووە خاوەنی زۆرێك لە پیشەسازییە گرنگەکان، وەك: ئاسن، کەرستەی بیناکاری، گواستنەوەو وزە، هەروەها خەرجی حوکمی لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان زیادی کرد؛ وەك: تەندروستی و خوێندن و نیشتەجێبوونی گشتی، بیمەی کۆمەڵایەتی، پاڵپشتی کردنی کەرستەی ئازوقە بۆ بەرژەوەندی هەژارو دەستکورتەکان[1].

لەم قۆناغەدا دەوڵەتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکان گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، هەروەك چۆن کۆی گشتی کرێی ڕاستەقینەی کرێکارەکان و چینی ناوەند بەرزبووەوە، ئاستی بێ کاری بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان زیاد بوون بە پلەیەکی بەرز دژی مەترسی نەخۆشی و بێکاری.

لەم قۆناغەدا چەمکی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی) بەدەرکەوت بۆ گوزارشت کردن لە باشبوونی ئاستی بژێوی ژیان و هەڵسانی دەوڵەت بە دانی مافی هاوڵاتی لە ژیانێکی ڕێزدارانە و گوزەرانێکی باش.

---

[1]) بڕوانە: الأزمة الإقتصادية العالمية الراهنة _ د. رمزي زكي (كاملا).

**بەڵام ئەم پرسیارەی خۆی دەخاتەڕوو ئەوەیە: کە ئایا هۆکاری ئەم بوژانەوەو گەشە مەزنەی ئەو قۆناغە چی بوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم؟.**

**لەلای زۆرێك لە ئابووریناسان وا دەرکەوت کە ئەم بوژانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ چوار هۆکار:**

**یەکەم: دەستێوەردانی حکومی لە چالاکی ئابووری بەپێی ڕێبازی (کینزی)، چونکە سیستەمەکەی دڵنیاکردەوە لە گۆڕانکاری لەناکاو، کە بەسەر قەبارەی خواستی گشتی کارادا دێت، دواتریش قەیرانە خولییەکانی سەرمایەداری کەم کردەوە.**

**دووەم: خواستی بەکاربردنی زۆر لەسەر بازاری ناوخۆیی، لە دەرەنجامی هەڵکشانی ئاشکرا لە کرێیە ڕاستەقینەکان، دوای دەستێوەردانی حوکمی بەپێی ڕێبازی (کینزی).**

**سێیەم: ئاسایشی ئابووری بۆ بەرهەمهێنەران لە هەمبەر مەترسی شڵەژانە کۆمەڵایەتییەکان، بڕینی خەرجی حکومی لەسەر خزمەتگوزاری و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بووە بەڵگەی هەبوونی بزوتنەوەی سەندیکاکان و پاساوی ئیشتراکییەت.**

**چوارەم: بەرهەمهێنەران خۆیان یەکلاکردەوە بۆ ئەو بوارانەی زیاتر گەشە بەخۆوە دەبینن و سەرمایە بەرهەم دێنن، دوای ئەوەی دەوڵەت پیشەسازییە گرنگرە سەرەکییەکانی بۆ هاوڵاتیان لە ئەستۆگرت، لەگەڵ ئەوەی پێویستە بۆ**

**خولانەوەی پڕۆسەی بەرهەمهێنان، جا دەوڵەت خزمەتی سەرمایەداری کرد وەك چۆن خزمەتی خەڵکەکەی کرد[١].**

**لەم بۆچوونەوە بەدەردەکەوێت کە ئەمە بۆ یەك مەسەلە دەگەڕێتەوە ئەویش بریتییە لە سیاسەتەکانی دەستێوەردانی حوکمی، ئەم دەستێوەردانە بە هۆکاری بوژانەوەی ئابووری دانرا لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی دوای جەنگ.**

**لە کاتێکدا ئابووریناسی ناودار ((جۆن هیکس))[٢] لە کتێبەکەیدا (قەیران لە ئابووری کینزیدا) پێیوایە بوژانەوەی ئابووری هەر ڕوویدەدا لە دوای جەنگەکە ئەگەر دەوڵەت دەستەوەرنەدانیشی نەکردبا و سیاسیەتەکانی کینزیشی جێبەجێ نەکردبا، کەچی گومانی تێدا نییە کە ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبوو لەم بوژانەوەیە، ئەگەرچی بە تەنها بەرپرسیاریش نەبێت[٣].**

**(١) مجلة الفكر الإستراتيجي العربي، بيروت، العدد ٤١ _ يوليو ١٩٩٢م.**

**(٢) جۆن ڕیتشارد هیکس، لە ساڵی ١٩٠٤ز لە بەریتانیا لە دایك بووە، یەکێك لە پیاوانی ئابووری کە فراوانترین دەسەڵاتی هەبوو لە سەدەی بیستەم لە بواری بیرکردنەوەی گشتی لە لایەنی زانستی ئابووریدا، لە ساڵی ١٩٦٤ز نازناوی (ڕێزدار، سید، sir)ی پێدرا (ئەمە نازناوێکە بە مەبەستی ڕێزلێنان بەکاردێت، لە زۆربەی زمانە ئەوڕوپییەکاندا ئەم مەبەستەی وەرگرتووە، بۆ کەسی پایەدار بەکاردەهێنرێت. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٢٩٧ز لە ئینگەلتەرا بەکارهێنرا _ وەرگێڕ _)، لە ساڵی ١٩٦٥ز خەڵاتی نۆبڵی لە زانستەکانی ئابووری بەدەستهێنا، چەندین کاری گرنگی هەن سەبارەت بە تیۆری (خۆشگوزەرانی، خولەکان، گەشە، تیۆریی سەرمایە، ئابووری نێودەوڵەتی، مێژووی هزر، لەگەڵ کۆمەڵێك چارەسەرییەکانی بۆ بوارەکانی ئابووری جێبەجێکاری و سیاسەتی ئابووری، داڕشتەیەکی نوێی پێشنیارکرد بۆ تیۆری نرخی تایبەت بە ئابووری کەرتی، لە ساڵی ١٩٨٩ز مرد. معجم الإقتصاديين المعاصرين ٢٦٥.**

**(٣) مجلة الفكر الإستراتيجي العربي، بيروت، العدد ٤١ _ يوليو ١٩٩٢م.**

**چەندین هۆکاری تر هەبوون جگەلە دەستێوەردانی حوکمی، کە بوونە هۆکاری بوژانەوە لە دوای جەنگ، دکتۆر (ڕەمزی زەکی) لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختی کردوونەتەوە:**

**١_ زیادبوونی قەبارەیەکی مەزن لە خواستی بەکاربردن و بەرهەمهێنان، بەهۆی پرۆسەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی جیهان لە دوای جەنگەکە.**

**٢_ مانەوەی ئاراستەی دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی لە بەرژەوندی وڵاتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکان.**

**٣_ پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی زەبەلاح و گەورە، کە بەسەر ڕێگەکانی بەرهەمهێناندا هات.**

**٤_ هەڵسانی دەوڵەتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکان بە دەستخستنی کەرستەکانی وزە (نەوت) و زۆرێك لە کەرستە خاوەکان بە نرخێکی زۆر کەم لەلایەن وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان.**

**٥_ بوژانەوەی جوڵەی بازرگانی نێودەوڵەتی و جێگیربوونی نرخی دراو[1].**

**هەروەها بەرزبوونەوەی کرێ و گەشەی ئابووری لەم قۆناغەدا پەیوەست نییە لیبرالییەتەوە، چونکە ئەمە لە کاتی دابەزینی لیبرالییەت و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروبارەکانی ئابووریدا ڕوویدا، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گەشەی ئابوری کورتهەڵنەهاتووە لە ئابوری نێردراو وەك چۆن بیرمەندانی لیبرالی وێنای دەکەن، تێبینی ئەوەش دەکەین کە گەشەکردنەکە پەیوەستە بە**

---

**[1]) بڕوانە: الأزمة الإقتصادية الراهنة ٦٩ _ ٧١.**

چەند پرسێکی بابەتیانەی فرەجۆر، بەڵام شتێکی دڵنیاکەرەوەیە کە هزری لیبڕالییەت قەیرانی ڕاستەقینەی هەیە کە هاودەمی ئەم هزرەن، چونکە _ لە لایەنی هزرییەوە _ لەسەر خۆویستی و خۆپێشخستن دامەزراوە، کە زیان دەگەیەنێت بە کرێکارو هەژارو دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، ململانێ و کێبڕکێیەك دێنێتە کایە کە بە جەنگی خوێناوی کۆتایی پێدێت .

## قۆناغی چوارەم: دووبارە هەڵکشانەوە (لیبڕالییەتی نوێ) (١٩٨٠ تا ئێستا):

قۆناغی گەشەی ئابووری لە دەرەوەی چوارچێوەو دیوارەکانی لیبرالییەت بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٠ز، لە حەفتاکان قۆناغی پاشەکشە دەستی پێکرد، ڕێژەی بێکاری بەرز بووەوە، ڕێژەی هەڵاوسان بەرەو سەرەوە بازیدا، دەستەوەسانی بودجە گشتییەکان زیاتر بوو، ئاستی بەرهەمهێنان داکشا، سەرمایە کەڵەکە بوو، جا لە ساڵی ١٩٧١ز سیستەمی نەختینەی نێودەوڵەتی داڕووخا بە هۆی هەڵسانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕاگەیاندنی بڕینی پەیوەندی نێوان دۆلارو زێڕ، لەم ماوەیەدا قەیرانی نەوت هاتە کایە (١٩٧٣ _ ١٩٧٤ز) (١٩٧٩ _ ١٩٨٠ز)، بەمەش کەرستەکانی وزە بەرز بوونەوەیان بەخۆوە بینی[1].

بەهەر حاڵ قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، کە بەرپرسیارێتی داڕووخانی بەردەوامی ئابووری خستە ئەستۆی تیۆری کینزی و هەموو دەستێوەردانێك، نیشانەکانی لیبرالییەت دووبارە هەڵبەزین و دابەزینیان بەخۆوە بینی. ئەم ماوەیە درێژەی کێشا لەگەڵ بردنەوەی (ڕۆنالد ریجان) و بوونی بە سەرۆکی ویلایەتە

[1] بڕوانە: مجلة الفكر الإستراتيجي العربي، بيروت، العدد ٤١ _ يوليو ١٩٩٢م.

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بردنەوەی (مارگریت تاتشر) و بوونی بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، هەر دوو ناوبراو لیبڕالییەتی کلاسیکیان پەسەند کرد، تا ئەو قۆناغە بە (ریجانیە) و (تاتشرییە) ناونرا، بەڵام بە چەند گۆڕانکارییەکی نوێ لە چارەسەرکردنی قەیرانی هاودەمی سەرمایەداری، ئەویش ((قازانجی سەرمایە)) بوو، ئەم قۆناغە زیاتر بەهێزبوو دوای داڕوخانی شیوعییەت لە یەکێتی سۆفیەتی و هاوپەیمانەکانی، ئەمەش وایکرد بەخۆسەرسام بوون و لەخۆبایی بوون بچێتە ناخی خۆرئاواییەکان دوای سەرکەوتنی لیبرالییەت، بۆیە هەڵسان بەکارکردن بۆ ئەوەی لیبرالییەت بکەنە هزرێکی جیهانی، لەسەر هەموو جیهان جێبەجێ بکرێت لە میانەی باڵەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (نەتەوە یەکگرتووەکان)، ئەمەش ئەوەیە کە بە (جیهانگەرایی) ناسراوە، هەندێك لە ڕۆشنبیرە جیهانگەراکان پێیان وابوو ئەمە ((کۆتایی مێژووە)) بەوەی لە توانای مرۆڤدا نییە تیۆرێکی سیاسی و ئابووری دابهێنێت جگەلە ((لیبرالییەت)).

ئەم قۆناغە تایبەتمەندە بە جەنگ و ململانێیە خوێناوییەکان بۆ ملکەچ کردنی سەرجەم گەلانی تر بۆ جیهانگەرایی و پاراستنی بارازی ئابووری لیبڕالییەت بە زەبری هێز، هەروەها تاقیکردنەوەی جۆرەکانی چەکی لەناوبەر لەسەر جەستەی مرۆڤ، بەمەش کۆمپانیا مەزنەکانی چەك کە یەکگرتوون لەگەڵ دامەزراوەکانی خۆرئاوا سەرمایەیەکی زۆریان دەستخست، هەروەك چۆن کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوەو ئەوەی لە ناو بازنەکەیدا دەخولێتەوە سوودێکی زۆریان بینی لە دووبارە ئاوەدان کردنەوەی شوێنە کاولکراوەکان لەسەر ئەستۆی دەرامەتی نیشتمانی وڵاتی کاولکراو.

**ئەم قۆناغە پشت دەبەستێت بە پێدانی فرە خزمەتگوزاری مەزن بە کۆمپانیا گەورەکان بۆ دەستخستنی قازانجی زیاتر لە میانەی جەنگە تێکدەرەکان، ئەم کۆمپانیایانەش بەرۆڵی خۆیان هەڵدەستن لە ڕێگە خۆشکردن بۆ کۆمپانیاکانی تر لە میانەی دروستکردنی بازارێکی جیهانی (جیهانگەرایی) ملکەچی هێزی چەکدار.**

**هزری لیبڕالی ئەمەی دەوێت، هەر بۆیە چەمکی (ئاسایشی نەرم و نیان)ی هێناوە، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەم هزرانە بکاتەوە، بەڵام ئایا دەتوانێت بەم ڕێگەیە ئارەزووەکانی بێنێتەجێ؟، هاوبەڵگە هەنوکەییەکان و کارتێکەرە واقیعییەکان جەخت لەسەر شکستخواردنی ئەم هزرە دەکەنەوە لەسەر دەستی بەرهەڵستی کردنی ئەم جەنگانە، هەروەها ئاماژە دەکات بۆ ئایندەیەکی گەش بەویستی خوا بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکان کە داخوازی ڕزگاربوونیان هەیە لە کۆت و بەندی داگیرکاری خۆرئاوا.**

# بەشی دووەم

# چەمکی لیبڕالییەت و ئاڕاستەکانی

سێ دەروازە لەخۆ دەگرێت:

دەروازەی یەکەم: **واتای چەمکی لیبڕالییەت.**

دەروازەی دووەم: **بنچینە هزرییەکانی لیبڕالییەت.**

دەروازەی سێیەم: **ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت.**

## دەروازەی یەکەم

# واتای چەمکی لیبڕالییەت

لیبڕالییەت چەمکێکی بیانی بە عەرەبی کراوە، وەرگیراوە لە (Liberalism) لە زمانی ئینگلیزی و لە (Liberalisme) لە فەرەنسی، واتاکەی بریتییە لە (ئازاد و سەربەستبوون)، ئەم وشەیە لە (Liberty) لە ئینگلیزی یان (Liberté) فەرەنسییەوە داتاشراوە، واتاکەی ئازادییە[1].

ئەمە ڕێبازێکی هزرییە جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەسی دەکاتەوە، پێیوایە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی تاکەکان پێویستە، باوەڕیشی وایە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت پاراستنی ئازادی هاوڵاتیانە وەك: ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و خاوەندارێتی تایبەت و ئازادی کەسی و جگەلەمانەش.

هەر بۆیە ئەم ڕێبازە هەوڵدەدات چەند کۆت و بەندێك لەسەر دەسەڵات دابنێت، ڕۆڵی کەم بکاتەوە، حوکمەت لە بازار دوور بخاتەوە، ئازادیە مەدەنییەکان فراوان بکات.

ئەم ڕێبازە لەسەر بنچینەیەکی دونیاگەرایی (عەلمانی) بە گەورەدانانی مرۆڤ وەستاوە، پێی وایە مرۆڤ بە خودی خۆی سەربەخۆیە لە پەیبردن بە پێداویستییەکانی، فەرهەنگی ئەکادیمیای ئەمریکی دەڵێت: ((سیستەمی نوێی لیبڕالییەت _ کە لە هزری سەردەمی ڕۆشنگەریدا خۆی دەبینێتەوە _ مرۆڤی لە

---

[1] بڕوانە: المعجم الفلسفي ١/ ٤٦١.

**جیاتی خوا لە ناوەڕاستی شتەکاندا دانا، جا خەڵك بە عەقڵە بیرکەرەوەکانیان دەتوانن لە هەموو شتێك تێبگەن، هەروەها دەتوانن خۆیان و کۆمەڵگەکانیان پێشبخەن لە میانەی کاری سیستەم و عەقڵمەندانە))[١].**

**جەمیل صەلیبا دەڵێت: ((ڕێبازی سەربەستی _ Liberalism _ بەهەمان شێوە ڕێبازێکی سیاسی فەلسەفییە، داندەنێت بەوەی یەکێتی ئایین پێویست نییە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی باش، پێویستە یاسا ئازادی بیروباوەڕو ڕادەربڕین فەراهەم بکات))[٢].**

**چەمکی ((لیبڕالییەت)) لە مێژووی هزری خۆرئاوادا بۆ چەندین شت بەکارهاتووە، کە ئەمانەن:**

**١_ ڕێبازێکی سیاسی: دەستێوەردانی دەوڵەت قەدەغە دەکات و ((پێی وایە واباشە تا ئەوپەڕی سنوور دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بن لە ئاست دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کار ڕاییکردن، گەورەترین ڕێژەی دەستەبەری بە هاوڵاتی بدرێت لە بەرامبەر تووند و تیژی حوکم))[٣].**

**فەرهەنگی ئەکادیمیای ئەمریکی دەڵێت: ((لیبڕالییەت فەلسەفەیەکی سیاسییە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی تاکە کەسی))[٤]، هەروەها ((لیبڕالییەت تێکۆشا بۆ فراوانکردنی ئازادییە مەدەنییەکان، بەستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ**

---

(١) Academic american Encyclopedia.(liberalism)
(٢) المعجم الفلسفي ١/ ٤٦٥.
(٣) موسوعة لالاند الفلسفية ٢/ ٧٩٨.
(٤) Academic american Encyclopedia.(liberalism)

**بەرژەوەندی حوکمەتی نوێنەرایەتی دەستووری، بەهێزکردنی مافی خاوەندارێتی و لێبوردەیی ئاینی))[١].**

**فەرمانگەی زانیاری بەریتانی دەڵێت: ((لیبڕالییەت ڕێبازی ئەوانەیە کە باوەڕیان بە ئازادی تاکەکەسی هەیە، بە دیاریکراوی لەوەتەی ((لوک))[٢] وتویەتی: ((هیچ حکومەتێك نییە مۆڵەت بە ئازادی ڕەها بدات))، مەبەست لە واتای لیبڕالییەت بریتییە لەوەی: باوەڕبوون بە فراوانکردنی قەبارەی ئازادی لە دەوڵەتدا شتێکە خواستی لەسەرە و خۆشەویستە... لیبڕالییەت پێی وایە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی مافی هاوڵاتیان، زۆربەی جاران ئەم مافانە دەدرێنە پاڵ سروشت (مافە سروشتییەکان) کە لە زۆر وتە و وتارو خواستی حکومەت و بەڵگەنامەی مافەکان و ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و جگەلەوانەشدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، لە سەرەتای بزوتنەوە لیبڕالییەکاندا ئەوا لیبڕالییەکان خۆیان بە چاکخوازو دژی دامەزراوەو داب و نەریتەکان دادەنا کە زاڵن و دەستدرێژی دەکەنە سەر مافەکان، دواتر بەرنامەی لیبڕالییەت تێدەکۆشێت بۆ دانانی کۆت و بەند لەسەر دەسەڵاتی حکومەت، لەوانەیە هەندێك جار ئەمە لە خودی پەیکەری حوکمەتدا بەرپا ببێت، ئەمەش لە میانەی سیستەمی پەرلەمانی بۆ حکومەت یان پاشایەتییەکی دەستووری یاخود جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی**

---

(١) Academic american Encyclopedia.(liberalism)

(٢) جون لوك: فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٦٣٢ز، ناوبانگی دەرکرد بە بانگەشەکردن بۆ لێبوردەیی ئاینی و بەرگری کردنی لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، ڕووبەڕووبەڕووی تیۆری مافی خوایی بووەوە، هەروەها وتی: تاقیکردنەوە بنچینەی زانینە. بە دامەزرێنەری قوتابخانەی هەستگەرایی تاقیکاری هاوچەرخ دادەنرێت، زۆرێك لە پیاوانی ئەمریکی و فەڕەنسی شۆڕشگێر کاریگەربوون بە بۆچوونە ئازادیخوازەکانی، ساڵی ١٧٠٤ز مردووە. بڕوانە: معجم أعلام المورد٣٩٢.

**حوكمی و دابەشكردنیان بەسەر دامەزراوە جیاوازەكان، وەك یەكەی جێبەجێكارو یاسایی و دادوەری، نموونەی لاساییكەرەوە لەسەر ئەمە: حكومەتەكەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە.**

**لەوانەیە ئەم كۆت و بەندانە دوورخستنەوەی حوكمەتیش بگرێتەوە بەگوێرەی توانا لە بازار، وەك چۆن لە سیاسەتە ناسراوەكاندا هەیە بەناوی ئابووری (لێیگەڕێ با كار بكات)، لە كۆتاییدا دەكرێ ئەم بەندانەی سەر حكومەت لە شێوەی چەند كۆتێك بخرێنەپێش كە زیاتر دەسەڵاتی حكومەت دیاری بكات وەك: فەرمان بە ئامادەبوون، دەستەبەری (كەفالەت) و مافی قسەكردن و كۆبوونەوەو جگەلەمانەش))[1].**

**لە فەرهەنگی گشتگیردا هاتووە: ((مافی یاخی بوون لەو حكومەتەی كە ئازادی كەسی سنووردار دەكرد یەكێك بوو لە ڕێبازە سەرەكییەكانی لیبڕالییەتی سەرەتا، هزرە سەرەتاكانی لیبڕالییەت بوونە ڕێگە خۆشكەری شۆڕشی ئینگلیزی لە ساڵی ١٧٨٨ز و شۆڕشی ئەمریكی ١٧٧٥ز و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ز، شۆڕشەكانی لیبڕالییەت بوونە هۆی دروستبوونی چەندین حكومەت كە پشتیان دەبەست بەو دەستوورەی كە لەسەر ڕەزامەندی و پێكهاتنی هاوڵاتیان دروست ببوو، وێنەی ئەم حكومەتە دەستووریانە چەندین لیست و خشتەی مافیان دانا كە مافی تاكەكانی ڕاگەیاند لە بوارەكانی ڕاو بۆچوون و ڕۆژنامەوانی و كۆمەڵایەتی و ئایین، هەروەها ئەو خشتانە هەوڵیاندا دەستەبەری ئەوە بكەن كە دەسەڵات خراپ بەكارنەهێنرێت وەك: پۆلیس و دادگاكان.**

---

(1) Academic american Encyclopedia.(liberalism)

**لیبڕالییە سەرەتاکان لایەنگیری حوکمەتی دەستووریان کرد، بەڵام نەریتیان وایە زۆر متمانەیان بە دیموکراسییەت نییە، هەوڵیاندا پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی کورت بکەنەوە لەسەر ئەندامانی چینی ناوەند لە خاوەن موڵکەکان، بەڵام هەر کە چینی کرێکاری پیشەسازی گەشەی زیاد بوو ئەوا ئەو لیبڕالییەتەی پەسەند کرد کە بەدەق ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە حکومەت پشت ببەستێت بە ڕەزامەندی هاوڵاتیان، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمی زاینی لیبڕالییەت کەسایەتییەکی پشتگیری دیموکراسییەت بوو، هەروەها دەنگی دەدا لە بەرژەوەندی مافی هاوڵاتییە بەرچاوڕۆشنەکان))[1].**

**ئەم بەکارهێنانە ڕەهایە گوزارشت لە لیبڕالییەتی کلاسیکی دەکات لە بواری سیاسیدا، ئەم ڕێبازە پێی وایە دەوڵەت ئاشوبێکە کە دەبێ هەبێت، هەر بۆیە باشترە سنووردار و کۆت و بەند بکرێت، ڕێگری لێبکرێت لە دەستوەردانە ناو ئازادییەکان، ئازادی تاکەکان بە تاکەکان بدرێت بێ بەندوبار مەگەر زۆر پێویست بکات کە کۆت و بەندی بۆ دابنرێت.**

**٢_ ڕێبازێکی ئابووریی: ڕێگری دەکات لەوەی دەوڵەت دەستێوەربداتە ناو بازار، کۆك و تەبایە لەگەڵ ڕێبازی پێشتر لە ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی حکومەت بەتایبەت لە ئابووریدا، جا لەم بارەوە فەرهەنگی (لالاندی فەلسەفی) دەڵێت: ((ڕێبازێکی ئابوورییە، پێی وایە نابێت دەوڵەت ئەرکە پیشەسازی و بازرگانیەکان بگرێتەدەست، هەروەها بۆی نییە دەستوەربداتە ناو پەیوەندییە ئابوورییەکان کە لە نێوان تاك و چین و گەلاندا بەرپا دەبێت.**

---

(1) The word book encyclopedia 12/204

بەم واتایە زۆربەی جاران دەوترێت لیبڕالییەتی ئابووری، لەگەڵ دۆلانیەت یان بەشێوەیەکی گشتی تر لەگەڵ ئیشتراکییەت تێکدەگیرێت))[١].

بەعلەبەکی دەڵێت: ((وشەی لیبڕالییەت بەکاردەهێنرێت بۆ سیاسەتێکی ئابووریانە کە لە سەدەی نۆزدەم سەریهەڵداوە بەتایبەت لە میانەی کاریگەربوون بە ڕاو بۆچوونەکانی (ئادەم سمیس)[٢]، جەختی کردەوە لەسەر ئازادی بازرگانی و کێبڕکێ و دژی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا وەستا))[٣].

فەرهەنگی گشتگیر بەراوردی نێوان ڕێبازی سیاسی و ڕێبازی ئابووری لیبڕالییەت دەکات، دەڵێت: ((لیبڕالییەتی ئابووری و لیبڕالییەتی سیاسی پەیوەندییەکی تۆکمەیان هەبوو، لیبڕالییەکانی باوەڕیان وایە ئەو حکومەتەی حوکم بە ئاستی هەرە نزم دەکات ئەوا حوکمەکەی باشتر دەبێت، پێشیان وایە کە هەموو خەڵك تا ئەوپەڕی سنوور سوودمەند دەبن کاتێك بۆ هەر تاکێك فەراهەم ببێت بەدوای بەرژەوەندییە خودییەکانیدا بچێت، ئەو تاکە ئافرەت یان پیاو بێت، هەروەك چۆن باوەڕیان وایە ئابووری بەخۆی خۆی ڕێکدەخات ئەگەر ڕێگەی

---

(١) موسوعة لالاند الفلسفية ٢/٧٢٦.

(٢) ئادەم سمیس: ئابووریناسێکی ئیسکۆتلەندییە، لە ساڵی ١٧٢٣ز لە دایك بووە. یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆمەڵەی شایستە و ژیرمەندان کە دەستیان گرتبوو بەسەر ئەو ڕۆشنبیرییەی بەناوی ئینگلیزەوە دەدوا لە ناوەندەکانی سەدەی هەژدەمدا، لە ساڵی ١٧٦٧ز ئامادەکاری کرد بۆ کارێکی شۆڕشگێڕانە لە زانستی ئابووریدا، ئەم کارەی ناونرا بە (لێکۆڵینەوە لە سروشت و هۆکارەکانی شۆڕشی گەلان) بە کورتی بە ناوی (شۆڕشی گەلان ناسرا)، ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە دابەشکردنی کارو سامان و نرخ و کرێ و ڕێگەکانی دابەشکردنی داهات، ئەم کارە کاریگەرییەکی تایبەتمەندی هەبوو لە ناوەندە سیاسییەکانی جیهانی خۆرئاوادا. هەروەها سمیس ئەندام بوو لە کۆڕبەندی دکتۆر جۆنسنی ئەدەبی ناودار. لە ساڵی ١٧٩٠ز کۆچی دوایی کرد. ألف شخصية عظيمة ٢٣٣.

(٣) المورد ٦/ ١١٤.

پێدرا ئابووری بە تەنها کاری خۆی بکات بەپێی بنەما و یاسا تایبەتەکانی، هەر بۆیە ئەو دەرەنجامە هەڵدەهێنجن کە ڕێکخستنی حکومی پێویست نییە، زانای ئیسکۆتلەندی ئادەم سمیس کۆمەڵێك بیرۆکەی تایبەت ڕێکخست تایبەت بە ئابووری لیبڕالی، بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێك و پێك تاوتوێی کرد لە کتێبەکەیدا (شۆڕشی گەلان)، ناوی سەرمایەداری یان پرۆژەی ئازادی لە سیستەمەکە نا))[1].

ئەم ڕێبازە وێنای ڕێنمایی لیبڕالییەتی کلاسیکی دەکات لە بواری ئابووریدا، پێی وایە هێزێکی سروشتی کاروبارەکانی بازار ڕێکدەخات بێ پێویست بوون بە دەستێوەردانی دەوڵەت، هەر چەندە مرۆڤ زیاتر بایەخ بدات بە خود و تاکێتی خۆی ئەوا یاساکانی سروشت هەڵدەستن بە ڕۆڵی ڕێکخستنی تاکەکان تا بەمە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە بەرپا ببێت بێ نەخشە و پلانی پێشوەختە، دەستێوەردانی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەکدەخات نەك سنووردای بکات.

ئەم ڕێبازە و ئەوەی پێشتریش دوو ڕووی یەك ڕاستین، پێی وایە پێویستە دەستێوەردانی دەوڵەت بوەستێنرێت لە ئاست سنووری پێویست وەك: پاراستنی ئاسایش و سەرپەرشتی کردنی بێ ئەوەی هیچ کارێکی ئەرێنی هەبێت لە زیادکردنی ئازادی، چونکە ئەم دەستێوەردانە سەردەکێشێت بۆ بەندایەتی و خۆسەپاندن، ئەوەی لە دەوڵەت داواکراوە بریتییە لە گێڕانی ڕۆڵێکی نەرێنی کە لە ئاست (ناچار نەکردن) بوەستێت.

---

(1) The word book encyclopedia 12/204

٣ _ **ڕێبازێکی سیاسی و ئابووری:** پێی وایە لەسەر دەوڵەت پێویستە دەستێوەردانی ئەرێنی بکات بۆ پاڵپشتی کردنی ئازادی، ئەم ڕێبازە لە ماوەیەکی پاشتردا دەرکەوت دوای سەرهەڵدانی دەرەنجامە کاوڵکەرەکانی لیبڕالییەت، بەتایبەتی لە دوای داڕوخانی ئابووری کە بە بێ بازاری مەزن ناسراوە لە ساڵی ١٩٣٩ز و هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی.

فەرهەنگی گشتگیر دەڵێت: لە سەدەی بیستەمدا لیبڕالییەت دووچاری گۆڕان بووەوە لە جەختکردنەوە لەسەر واتاکانی، جا لەوەتەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا چەندین لیبڕالی دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە مەرجەکانی ئازادی قۆستنەوەی هەل و فرسەتەکان زیاتر لە بیرکردنەوە لە مەرجەکانی خۆ ڕزگارکردن لە فلان و فیسار کۆت و بەندە، لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەوەی کە ڕۆڵی دەوڵەت پێویستە بەلایەنی کەم لە پێناو فەراهەم کردنی ئەو مەرجانەی تاکەکان بەهۆیەوە دەتوانن تواناکایان بەرپا بکەن بەو وەسفەی مرۆڤن. ئەمڕۆ لیبڕالییەکان[1] ڕێکخستنی چالاکی حکومەت بۆ ئابووری بە باش دەزانن لە پێناو بەرژەوەندی سوودی گشتی.

لە واقیعدا پشتیوانی بەرنامەی حکومەت دەکەن بۆ فەراهەم کردنی دەستەبەری ئابووری و سووککردنی چەرمەسەرییەکانی مرۆڤ، ئەم بەرنامەش ئەم

---

(١) ئەم فەرهەنگە ئەم وتەیە دەڵێت بەرلە گۆڕانکارییە نوێیەکەی تر کە بە لیبڕالییەتی تازە ناسراوە، ئەویش گوزارشتە لە گەڕانەوەی لیبڕالییەتی کۆن کە بە لیبڕالییەتی کلاسیکی ناسراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نووسینی ئەم دەقە بەر لە شەستەکانی سەدەی بیستەم بووە کە لیڕالییەتی تازە تیایدا هەڵکشاوە.

**شتانە لەخۆ دەگرێت: دڵنیاکردنەوەی دژی بێکاری، یاساکانی ئاستی هەرە نزم بۆ کرێکان، مووچەی بەساڵاچووان، بیمەی تەندروستی.**

**لیبڕالییە هاوچەرخەکان باوەڕیان وایە بایەخی سەرەکی بدرێت بە ئازادی تاك، بەڵام ئەوەندە هەیە دەست بەوە دەگرن کە لەسەر حکومەت پێویستە بە شێوەیەکی کارا ئەو کۆسپ و لەمپەڕانە لابدات کە دێنە سەر ڕێگەی بوون بە خاوەن ئازادی.**

**ئەمڕۆش ناوی (پارێزگاران) لەوانە دەنرێت کە پشتیوانی هزرە کۆنەکانی لیبڕالییەت دەکەن))[1].**

**فەرهەنگی ئەکادیمیای ئەمریکی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەم گۆڕانکارییە لە چەمکی لیبڕالییەتدا و دەڵێت: ((لە سەدەی بیستەمدا بیرکردنەوەی سیاسی و ئابووری لە نێوان لیبڕالییەکان دەستی بە گۆڕانکاری کرد لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی فراوان و ئاڵۆزبوونی ئابووری.**

**لیبڕالییەکان دەستیان کرد بە پشتیوانی کردن لەو بیرۆکەی کە دەیوت: لە توانای حکومەتدایە ڕێزو ئازادی تاك زیاد بکات لە میانەی دەستوەردان لە ئابووری و دامەزراندنی دەوڵەتێك کە بایەخ دەدات بە فەراهەم کردنی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی.**

**لەگەڵ دەرکەوتنی ئەوەی بە (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی) ناودەبرا، لیبڕالییە نوێیەکان بایەخیان بە حکومەتدا بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێك نەخۆشی و کەم و**

---

(1) The word book encyclopedia 12/204

**کورتی کە پێیان وابوو بەهۆی سەرمایەدارییەوە نارێکخراوە، پشتگیریان کرد لە سەپاندنی باج و یاسای کرێی هەرە نزم و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و یاساکانی خوێندنی گشتی و سەلامەتی و تەندروستی و جگەلەوانیش لەو ڕێککارییانەی کە ئامانجیان پاراستنی بەکاربەرو ژینگەیە.**

**هەندێك لە لیبڕالییەکان بوونە لیبڕالی ئیشتراکی، هەر چەندە دژی ڕێنماییەکانی مارکسییەتی شیوعیەتن، لیبڕالییە لاساییکەرەوەکان کە پابەند بوون بە بۆچوونەکانی (ئادەم سمیس) و (جۆن ستیوارت میل)[١] بەوەی خۆیان بە ویژدانن بەهۆی ئەوەی لە پارێزگارانن[٢].**

**٤_ بزوتنەوەیەکی هزری لە چوارچێوەی پرۆستانتیەتی هاوچەرخ:** **ناوی لیبڕالییەت لەم ڕێبازە نرا، چونکە پشت دەبەستێت بە ئازادی بیرکردنەوەو گرتنەبەری هزری عەقڵانی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەقە ئاینییەکاندا. برتراند ڕەسل[٣] دەڵێت: ((لە دوای سەردەمی چاکسازی ئاینی هەڵوێستێکی تازە دەستی بەدەرکەوتن کرد لە هەمبەر سیاسەت و فەلسەفە لە باکوری ئەوڕوپا، ئەم هەڵوێستە دەرکەوت بەو وەسفەی کاردانەوەی ماوەی جەنگە ئاینیەکان و ملکەچ**

---

(١) جۆن ستیوارت میل: ئابووریناس و فەیلەسوفێکی بەریتانییە، کوڕی جەیمس میلە، لە ساڵی ١٨٠٦ز لە دایك بووە، بانگەشەی ئازادی تاکی کرد، بانگەوازی کرد بۆ دەستگرتن بە ڕێبازی سوودگەرایی، لە ناودارترین شوێنەوارەکانی: (بنچینەکانی ئابووری سیاسی)، (دەربارەی ئازادی)، ساڵی ١٨٧٣ز مرد. بڕوانە: معجم أعلام المورد ٤٣١.

(٢) Academic american Encyclopedia.(liberalism).

(٣) براتراند ڕەسل: بیرکاریناس و فەیلەسوف و بانگخوازێکی ئاشتی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٨٧٢ز لە دایك بووە، ناوبراو لەگەڵ (ئەلفرێد هوایتهد) بە دامەزرێنەری زانستی ژیربێژی (لۆژیکی) ئاماژەیی یان بیرکاری دادەنرێن، لە شوێنەوارەکانی: (ئایین و زانست) و (مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا) و (دەسەڵات و تاك)، لە ساڵی ١٩٧٠ز مرد. معجم أعلام المورد ٢٠٢.

بوون بۆ ڕۆما وەك ناوەندێك بۆ ئینگەلتەرا و هۆڵەندا... ناوی لیبڕالییەت بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم هەڵوێستە نوێیە لە هەمبەر کێشەکانی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ئەمە ناونانێکی نارۆشنە، لە دوو توێیدا مرۆڤ دەتوانێت پەیی ببات بە چەندین خەسڵەتی جیاکەرەوە، لیبڕالییەت یەکەم جار پڕۆستانتی بوو، بەڵام نەك لەسەر ڕێبازی کالفینیەتی تەسك، لە واقیعدا زۆر نزیك بوو لەوەی گەشەیەکی بیرۆکەی پڕۆستانی بێت کە دەڵێت: لەسەر هەر تاکێك پێویستە کاروبارەکانی لەگەڵ خوا ڕێك بخات بە ڕێگەیەکی تایبەت، سەرباری ئەوەی کە دەمارگیری و توندگیری زیان بە کاروباری ئابووری دەگەیەنێت))[1].

پڕۆستانتیەت بە خودی خۆی ڕێگەی کورت کردەوە لەبەرامبەر لیبڕالییەتی ژیرمەندانەی پوخت، جا ناوی لیبڕالییەت لەم بزوتنەوەیە نرا هەر چەندە هێشتا هەر بزوتنەوەیەکی ئایینە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە ئاینی بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕاڤەکرد کە گونجاوبێ لەگەڵ عەلمانیەت[2].

منیر بەعلەبەکی دەڵێت: ((هەروەك چۆن بێژەی لیبڕالییەت بەکاردەهێنرێت بۆ بزوتنەوەی پڕۆستانتی هاوچەرخ، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی ژیرمەندیێتی (حرية العقلية) و ناوەرۆکی ڕۆحی و ڕەوشتی نەصرانیەت، یەکێك

---

(١) حكمة الغرب ٢/ ١٠٣ _ ١٠٤.

(٢) ئەم بزوتنەوەیە بە ناوی (سەردەمگەرایی) ناسراوە، ئەمە لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا بوونی هەیە و پشت دەبەستێت بە ڕەتکردنەوەی واتای دەقی ئاینی و بانگەشە کردنی ئەوەی مێژووییە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ سەردەم، لەوانەیە ئەو دەقەی لە بەعلەبەکییەوە وەرگیراوە ڕووی ڕاستی ئەم بزوتنەوەیە ڕوون بکاتەوە.

لە پاشماوەو شوێنەوارەکانی ئەم بزوتنەوەیە بریتی بوو لە گرتنەبەری ڕێبازی مێژوویی لە شیرکردنەوەی ئینجیلەکان))[1].

٥_ ناوی لیبڕالییەت بەکاردێت بۆ ((ئەو بۆچوونەی پێی وایە ڕێزگرتن لە سەربەستی تاك پێویستە یان ئەم وتەیەی کە دەڵێت: لێبوردەیی لەگەڵ تاکەکان لە کاروبارەکاندا پێویستە یاخود ئەو تێڕوانینەی پێی وایە پێویستە متمانە بکرێت بەو دەرەنجامە خۆشبەختکەرانەی لە سیستەمی ئازادییەوە دێنەبەرهەم))[2].

## چەند چەمکێکی نزیك لە لیبڕالییەت:

هەندێك چەمکی نزیك لە چەمکی لیبڕالییەت بەکارهێنران، لەوانە:

_ **لیبەرتاریەت** (Libertarianism): ئەمە چەمکێکە لەم دواییانەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی بەدەر لە ئەوروپا دەرکەوت، مەبەست لێی لیبڕالییەتی کلاسیکییە، چونکە چەمکی لیبڕالییەت زۆر شڵەژا لە ئەمریکا، وایلێهات تەنها مەبەستی لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی لێ دەفامرایەوە، لە کاتێکدا بە لیبڕالییە کلاسیکییەکان دەوترێت (پارێزگاران).

لە ڕووی داتاشرانە سەرەکییەکەی لە ئازادییەوە نزیکە لە لیبڕالییەت، گوزارشت دەکات لە جۆرێکی تایبەتی لیبڕالییەت کە بەهێزترە لە پابەند بوون بە ئازادییەوە، دوورترە لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئازادی ئابووری کەسی، هەروەها

---

(١) المورد ٦/١١٤.

(٢) المعجم الفلسفي ١/٤٦٦، بڕوانە: موسوعة لالاند الفلسفية ٢/٧٢٦.

پێی وایە ڕۆڵی دەوڵەت کورت هەڵهاتووە لە ئاسایشی گشتی و بەرگری، نایانەوێ دامەزراوەی حکومی هەبێ لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی یان ئابووری لەگەڵ ئازادی تاکەکەسی کامڵ لە هەموو بوارەکانی گوزەراندا.

بیرۆکە و هزرە سەرەکییەکانیان ئەمانەن: (سەربەستی) بەو واتایەی تاك ژیانی خۆی بگوزەرێنێت، مافی ئەوەی هەبێت هەڵبژاردنەکانی ئەنجام بدات مادام زیان بەوانی تر نەگەیەنێت، یاسای زێڕین لای ئەوان بریتییە لە: ((بژی و لەوانی تر بگەڕێ با بژین...))، هەروەها (بەرپرسیارێتی) بەواتای ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی هێز دژی ئەوانی تر جگەلە بارو حاڵەتی بەرگری نەبێت، (بەرگەگرتن) بەواتای ڕێزگرتن لە هەڵبژاردنە دروستەکانی ئەوانی تر.

هەروەها پێیان وایە حوکمەتی سنووردارو بازاری ئازاد و حوکمی یاسا پێویستە، دەبێ ئازادی لە ژێر سایەی یاسا بێت.

_ **ڕێبازی ئازادی** (Libertism): ئەمە چەمکێکی تایبەتە (بێرغسۆن) بەکاریهێنا بۆ گوزارشت کردن لە جۆرێك لەو ڕێبازانەی کە فەلسەفەی کەسایەتی دەدرێتە پاڵی[1].

_ **ئاژاوەگەرایی** (Libertaire): ئەم زاراوەیە لە چەند کاتێکی دەگمەندا دێت وەك هاوواتای لیبڕالییەت، بەڵام هاومانایەکی ورد نییە، چونکە واتاکەی بریتییە لە: ((ڕزگاربوونی ڕەها، خۆدارڕنین))، بەڵام بەمانای ئاژاوەگەراییش

[1]) موسوعة لالاند الفلسفية ٢/٧٣٤.

بەکاردێت، زۆر دەستاودەستی پێ دەکرێت، تەنها بە واتای تیۆری دەردەبڕدرێت، چونکە خۆداڕنینی ڕەها ئەستەمە لە واقیعدا[1].

هەمیۆن پێی وایە لیبڕالییەت لە بەرامبەر تیۆری خۆداڕنین دابنرێت، چونکە لیبڕالییەت تیۆرێکی ڕەوشتی و سیاسییە و داوای ئازادی تاك دەکات، بەڵام کاتێك ئەم ئازادییە دەبێتە بەڕەڵایی زیانگەیەنەر بە بەرامبەر ئەوا سنوورداری دەکات[2].

_ **بەڕەڵاگەرایی** (Libertinism): ئەمە ڕێبازێکە پشت دەبەستێ بە ڕووت و قوتی و تاوانکاری و و گوناهکاری بەشێوەیەکی هۆشیارانە، پاساوی ژێرمەندانەشی بۆ دێنێتەوە.

ئەم چەمکە پەیوەندی بە لیبڕالییەتەوە نییە وەك چەمکێکی سیاسی و ئابووری، لەوانەیە زیاتر بە بەڕەڵایی ڕەوشتی بەکاربێت.

## ناڕۆشنی چەمکی لیبڕالییەت و هۆکارەکانی:

چەمکی لیبڕالییەت لە چەمکە لێڵ و ناڕۆشنەکان دادەنرێت، جا لیبڕالییەت چەندین شێوەی وەرگرتووە، ئەم چەمکە بۆ چەندین هزری جیاوازو لەیەك دوور بەکارهاتووە، لەوانەیە بەکاربهێنرێت بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە بەرهەم هێنان و ڕێکخستنی بازارو ئازادی تاکەکان، جا قۆناغی کۆت و بەند و سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت گەیشتە چڵەپۆپە بە کۆت و بەندکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە چاودێریکردنی هاوڵاتیان لە تەندروستی و خوێندن و دەستەبەری

[1] موسوعة لالاند الفلسفية ٢/٧٢٦.
[2] سەرچاوەی پێشوو ٢/ ٧٢٦ _ ٧٢٧.

**کۆمەڵایەتی و پشتیوانی کردن لە کەل و پەلە پێویستەکان و جگەلەوانە، ئەم هزرە لیبڕالییە ڕۆڵی دەوڵەتی بە نەرێنی دانا کە ئەوەی بە بەس دەزانی (ناچارکردن قەدەغە بکات)، لە کاتێکدا ناوی لیبڕالییەت بەکارهات بۆ هزرێکی لیبڕالی جیاواز، کە پێی وایە دەستێوەردانی دەوڵەت پێویستە بۆ پشتیوانی کردن لە ئازادییەکان، ڕێکخستنی بازارو پشتیوانی کردنی هاوڵاتیان بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی جیاجیا دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیە، هەر یەك لەم دوو هزرانە ناوی لیبڕالییەتیان لەخۆناوەو ڕەخنە لەوەی تر دەگرێت و پێی وایە لیبڕالی نییە.**

**لەلایەکی ترەوە لیبڕالییە سەرەتاکان دژی دیموکراسییەت بوون، پێیان وابوو خۆسەپاندنی دادگەرانە ئازادی زیاتر لە دیموکراسییەت فەراهەم دێنێت، بەڵام شتەکە لەلای لیبڕالییەکانی دواتر جیاواز بوو، ئەوانەی هزری دیموکراسییان پەسەند کرد و بەرگریشیان لێکرد[١].**

**هەر بۆیە لیبڕالییەتی ڕۆسۆ[٢] جیاواز بوو لە لیبڕالییەتی لوك و جۆن ستیوارت میل، هەر بیرمەندێك تێڕوانینێکی هەیە سەبارەت بەم هزرە نوێیە و**

---

**(١) بڕوانە: لیبڕالییەت لە بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسییەتدا لەم توێژینەوەیەدا.**

**(٢) جان جاك ڕۆسۆ: فەیلەسوف و نووسەرێکی فەڕەنسییە، لە ساڵە ١٧١٢ز لە دایك بووە، بە وتارەکانی ناسرا لە بواری هونەرو زانست، هەڵسا بە دانانی هزرەکەی بەوەی مرۆڤی دڕەندە خانەدانترە لە مرۆڤی شارستانی، لە ناودارترین کتێبە فەلسەفییەکانی کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)یە، تیایدا پشتگیری لیبڕالییەت دەکات و بەتایبەت دیموکراسییەت، تیایدا نووسی (خەڵك بە ئازادی لە دایك دەبن بەڵام لە هەموو شوێنێك بە بەسترانەوە بە کۆت و بەند دەژین)، لە کتێبەکانی: (دان پێدانانەکان)، کتێبەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبوو لەسەر ئەو هێزە سیاسیانەی ئاگری شۆڕشیان هەڵگیرساند لە ساڵی ١١٧٨٩ز، نیگایەکی هزری پێشکەش کرد بەرەو بزوتنەوەی ڕۆمنتیکیەت، لە ساڵی ١٧٧٨ز مرد، ألف شخصیة عظیمة ٢٢٨ _ ٢٢٩.**

جیاواز لە دیدو تێڕوانینی ئەوەی تر، لەگەڵ ئەوەی کۆکن لە چەمکە گشتییەکاندا، بەڵام تێڕوانینە تێروتەسەلەکان جیاوازن.

لیبڕالییەکان تێڕوانینیان جیاواز بوو سەبارەت بە پێکهێنەرە سەرتاییەکانی هزری لیبڕالی، کە ئەمانەن: (ئازادی) و (تاکێتی)، بەم پێیە وایلێهات جێبەجێکردنی لیبڕالییەت لەکات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی تر جیاواز بوو.

لە ڕووی مێژووییشەوە ئەوا هیچ خاڵێکی دەستپێك نەدۆزرایەوە بۆ گەڵاڵە بوونی لیبڕالییەت لە ڕووی کات و شوێنەوە، جا لیبڕالییەت وەك کاردانەوەیەکی هۆشیارانە سەریهەڵدا دژ بە زۆرداری کڵێسا و دەرەبەگایەتی، دواتر لە هەر وڵاتێك بەشێوەیەکی تایبەت وێنەی دروست بوو، هەر ئەم لیبڕالییەتە لە پاڵ شۆڕشە مەزنەکانەوە بوو لە جیهانی خۆرئاوادا (شۆڕشی ئینگلیزی، شۆڕشی ئەمریکی، شۆڕشی فەڕەنسی)، بەڵام خاڵی بەیەکگەیشتن بە پلەی پێویست ڕۆشن نەبوو، ئەمە تیشك دەخاتە سەر فرە ڕەوت و ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت.

جۆن دیوی[1] دەڵێت: ((ئەمڕۆ لیبڕالییەت لە بارو حاڵەتێکی هزری زیاتر نییە. بە ناڕۆشنی ناوی هەنگاونان بەرەو پێشەوەی لێ دەنرێت بێ ئەوەی دڵنیا بێت لەو ئاڕاستەی هەنگاوی بۆ دەنێت و ئەو شتانەی ئامانجیەتی، گومان لەوەدا

---

(١) جۆن دیوی: فەیلەسوف و زانایەکی دەروونناس و پەروەردکارێکی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٨٥٩ز لە دایك بووە. بە یەکێك لە دیارترین نوێنەرانی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی دادەنرێت لە زانستی پەروەردە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. فەلسەفەی پاساوگورایی یان براغماتیەتی پێشخست. ڕێبازێکی نوێی فەلسەفی داهێنا کە بە (هۆکارگەرایی) ناسراوە، لە پاشماوەکانی: (قوتابخانە و کۆمەڵگە) و (ئەزموون و سروشت) و (ئازادی و ڕۆشنبیری)، لە ساڵی ١٩٥٢ز مردووە. معجم أعلام المورد ١٩٩.

**نییە کە ئەم ڕاستییە بۆ زۆرێك لە تاکەکان و دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی لە مەرگە ساتێك کەمتر نییە، لەوانەیە جەماوەر بە تەواوی هەستی پێ نەکات، لە کاتێکدا بیرمەندان بەشێوەیەکی هۆشیارانە پێی سەغڵەت دەبن، چونکە سروشتی مرۆڤ کاروباری خۆی بەدەستەوە نابێت مەگەر هەندێك ئامانج بەدی بکات کە خۆی پێ ببەستێتەوە))[١].**

**دۆنالد سترومبرج: ((لە ڕاستیدا وشەی لیبڕالییەت زاراوەیەکی پان و پۆڕو ناڕۆشنە، لەمەدا وەك زاراوەی ڕۆمانسییەتە، تا ئەمڕۆش جۆرێك لە ناڕۆشنی و نادیاری هەیە))[٢].**

**لە فەرهەنگی گشتگیردا هاتووە: ((لیبڕالییەت بە چەمکێکی ناڕۆشن دادەنرێت، چونکە واتا و ئاماژە و دووپاتکردنەوەکانی بەپێی تێپەڕ بوونی ساڵان گۆڕانیان بەسەردا هات بەشێوەیەکی بەرچاو))[٣].**

**فەرهەنگی بەریتانی دەڵێت: ((دەگمەنە بزوتنەوەیەکی لیبڕالی هەبێت و تووشی ناڕۆشنی نەبووبێت، بەڵکو هەندێك لە بزوتنەوەی ناوبراو بەهۆی ناڕۆشنی دەڕوخێت))[٤].**

**جا ئەگەر ناوی لیبڕالییەت هێنرا _ ئەوا وەك چۆن ڕەسل _ دەڵێت: ((ناونانێکە لە ناڕۆشنییەوە نزیکترە، مرۆڤ دەتوانێت لە دوو توێیدا پەیی ببات بە ژمارەیەك خەسڵەتی جیاکەرەوە))[١].**

---

**(١)** الفردية قديما و حديثا ٥٨.

**(٢)** تاريخ الفكر الأوروبي الحديث ٣٣٧.

**(٣)** The word book encyclopedia (Liberalism).

**(٤)** Encyclopedia Birtannica (Liberalism).

هۆکارەکانی ناڕۆشنی چەمکی لیبڕالییەت:

**دەکرێ پەی بە ناڕۆشنی چەمکی لیبڕالی ببرێت لە میانەی ئەم هۆکارانەی خوارەوە:**

## یەکەم: ناڕۆشنی بنەمای ئازادی:

**چەمکی لیبڕالییەت بە تەواوی پشت دەبەستێت بە ئازادی، ناکرێ چەمکی (ئازادی) لە زاراوەی لیبڕالیدا دەربهێنرێت لەلای هەر ڕەوتێك کە خۆی بە لیبڕالی بزانێت.**

**بەڵام لەگەڵ ئاسانی چەمکی ئازادی و زۆری قسەی خەڵك تێیدا، ناکرێت دیارو سنووردارو ڕێك بخرێت، چونکە خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان لە ئازادی لیبڕالییەتدا ئەوا هەر یەکەیان پشت بە ئازادی دەبەستێت بۆ گەیشتن بە بیرۆکەکەی.**

**فەرهەنگی بەریتانی دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی وشەی "Liberty: ئازادی" بریتییە لە وشەیەکی ناڕۆشن، ئەوا وشەی لیبڕالیش ناڕۆشنی باڵی بەسەردا کێشاوە. کابرای لیبڕالی لەوانەیە پێی وابێت ئازادی پرسێکی تایبەتە بەتاك نەك کەسانی تر، هەروەها دەبێت ڕۆڵی دەوڵەت سنووردار بێت، یاخود لەوانەیە باوەڕی وابێت کە ئازادی شتێکی تایبەتە بە دەوڵەت، بەوپێیەی دەوڵەت دەتوانێت یان دەکرێ دەوڵەت بەکاربهێنرێت وەك ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی ئازادی))[٢].**

---

١) حكمة الغرب ٢/ ١٠٣.

٢) Encyclopedia Birtannica (Liberalism).

**لە منداڵدانی ئازادیدا چەندین هزری دژ بە لیبڕالییەت دەرکەوتن، لە کاتێکدا ئازادی بە پێکهێنەری سەرەکی لیبڕالییەت دادەنرێت، لەم هزرانە: فاشییەت، نازییەت، شیوعییەت، هەر یەکێك لەم ڕێبازانە بانگەشەی ئازادی دەکات، خۆی بە نوێنەری ڕەوای سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنێت و جگەلە خۆی تۆمەتبار دەکات بەوەی دژی ئازادییە.**

**ململانێ لە نێوان ئاڕاستەکانی لیبڕالییەتدا بەرپابوون لە بارەی چۆنیەتی گونجاندنی (ئازادی) و ئەو بەرنامەیەی ئازادی بەرپا دەکات، ئا لەم خاڵەوە چەمکی نەرێنی و ئەرێنی ئازادی سەریهەڵدا.**

## دووەم: ناتەبابوون و نەگونجان (دژیەك بوون):

**ئاماژە و واتاکانی لیبڕالییەت جیاوازو فرە جۆرن تا ئاستی دژیەك بوون و تێکگیران، تەنانەت گەیشتە ئاستێك کە سەختە ڕێك بخرێت و دیاری بکرێت.**

**لیبڕالییەت بە ڕەوت و هەستێکی تاکی ڕەها دەستی پێکرد، ئەمەیە ئەو وێنەی پێویستی لیبڕالییەتە، بەڵام لە ژێر فشاری واقیع و شکستە یەك لە دوای یەکەکان پێویستی خۆی گۆڕی و بەرەو بەکۆمەڵ بوون ڕۆیشت، ململانێ لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەی لیبڕالییەتدا ڕوویدا، هەر ڕەوتێك ئەوەی تری تۆمەتبار دەکرد بە دەرچوون لە ئازادی کە گەوهەر و کرۆکی هزری لیبڕالییە[1].**

---

**()** بڕوانە: الطريق إلى العبودية ٣١.

جا ((فریدریك هایك))[1] كتێبی (ڕێگەی بەرەو بەندایەتی) نووسی، تیایدا وەسفی چەند هزرێكی لیبڕالی دەكات بەوەی پێچەوانەی ئازادییە، ((هرمان فینز)) لە كتێبی ((ڕێگەی بەرەو دواكەوتوویی)) لە ساڵی ١٩٤٥ز وەڵامی فریدریكی دایەوەو وەسفی كرد بەوەی كە پارێزگارە و لیبڕالی نییە كاتی ڕۆیشتن بەرەو ئازادی.

لە میانەی ڕەخنەگرتن لە كۆمەڵێك هزر، كە خاوەنەكانیان بە لیبڕالی پوخت دادەنرێن، فریدریك هایك دەڵێت: ((هێشتا باوەڕمان وابوو، تا كاتێكی نزیك كە ئێمە حوكم كراوین بە دەربڕینی نارۆشن: هزرەكانی سەدەی نۆزدەم یان ئەو بنەمایەی دەڵێت: لێبگەڕێ با ڕووبدات.

لە بەراورد كردن لەگەڵ وڵاتانی تردا، لە دیدی ئەو پووچگەرایانەی پێداگیری لەسەر خێراكردنی گەشەپێدان دەكەنەوە، وا دەردەكەوێت ئەم بیروباوەڕە پاساوێك بێت، بە دڵنیاییەوە تا ساڵی ١٩٣١ز ئینگەلتەرا بە هێدی شوێنی ئەو ڕێگەیە نەكەوت كە پێشتر دەوڵەتانی تر پێیدا ڕۆیشت بوون. بەڵام لەوەتەی ئەم ماوەیە، ئێمە زۆر دوور ڕۆیشتبووین تا ئاستێك كە پێمان وابوو

---

(١) هایك، فریدریك ئۆجوست: لە ڤیەننا لە ساڵی ١٨٩٩ز لە دایك بووە. بڕوانامەی دكتۆرای بەدەستهێناوە لە یاسا و زانستە سیاسییەكان. پەیمانگەی نەمساوی بۆ توێژینەوەی دامەزراند و خۆیشی سەرۆكایەتی كرد، هەروەها ڕێكخراوی (كێوی بەلران)ی دامەزراند كە ڕۆشنبیری وای لەخۆگرتبوو كە خۆیان تەرخان كردبوو بۆ توێژینەوە لە لیبڕالییەت و بەرگری كردن لێی. لە ساڵی ١٩٧٤ز خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا بۆ زانستە ئابورییەكان. چەندین بیردۆزی ئابووری هەیە، كە دایمەزراندووە لەسەر سیاسەتی (دەستگرتنەوەو ڕێككاری نەختینەیی). خۆی سەپاند بەوپێیەی كە دیمەنی سەرەكی هاوچەرخی لیبڕالییەتە. لە كتێبەكانی: ((لەخۆبایی بوونی بكوژ))، ((ڕێگە بەرەو بەندایەتی))، ((چەمكی ئازادی)) و جگەلەمانەش. لە ساڵی ١٩٩٢ز مردووە. دوایین كتێبی پەردەی لادا لەسەر ڕەشبینیەكەی لەهەمبەر ئایندەی مرۆڤایەتی. معجم الإقتصاديين المعاصرين: ٢٦٠ _ ٢٦٤.

**تەنها ئەوانە دەزانن بەها و بنەماکانی لیبڕالییەت چییە کە یادی ماوەیەك دەکەنەوە پێش جەنگی جیهانی دووەم))[١].**

**دەبینین یەکێکی تری لیبڕالّی بۆچوونی پێچەوانەی هزری (هایك)ی لیبڕالییە و لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی پەسەند دەکات، (داکشان و لاوازی ئابووری) بە بناغەی تێکشکانی لیبڕالییەت دادەنێت.**

**جا دەڵێت: ((ئازادی تاك دووچاری مەترسی نابێتەوە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئابووری کۆمەڵگە ڕوو لە لاوازی و داکشان دەکات))[٢].**

**لاسکی[٣] ویستی پشتگیری چەمکی لیبڕالییەت دیاریکراو بکات دژی لیبڕالییەتی دیکە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەو پشت دەبەستێت بە بەڵگەیەك کە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت ئەویش ((داکشانی ئابوورییە))، دواتر ئەم بەڵگەیە بووە بەهێزترین بەڵگەی دژەکانی لە هەڵبژاردنی چەمکی لیبڕالی پێچەوانە، بەهۆی شکست خواردنی ئابوورییەکانی دەستێوەردان و لاوازی بەرهەمەکەی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی بازاری ئازاد.**

---

**(١) الطريق إلى العبودية ٢٣. هایك دەیەوێت بەرپەرچی ئەوانە بداتەوە کە ڕەخنە لە ((لیبڕالییەتی کلاسیکی)) دەگرن، ئەوانەی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دەرکەوتن: بەوەی ئەم لیبڕالییەتە کە ڕەخنەی لێدەگرن بریتییە لە ڕاستکەرەوەی جیهانی لیبڕالی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هایك داننانێت بە ڕێبازی لیبڕالییەتی نوێ و پێی وایە لە دەرەوەی چوارچێوەی سەردەمی ڕۆشنگەرایی و شارستانیەتی خۆرئاوایە.**

**(٢) الحريات في الدول الحديثة _ هارولد لاسكی _ ٣١.**

**(٣) هارولد جۆزیف لاسکی، سەرکردەیەکی ئیشتراکی بەریتانییە، لە ساڵی ١٨٩٣ز لە دایك بووە. لە شوێنەوارەکانی: ئەو سەختییە ئابوورییانەی سیستەمی سەرمایەداری بەدەستییەوە دەیناڵێنێت لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووخانی دیموکراسییەتی سیاسی، ((دەوڵەت لە تیۆرو جێبەجێ کردندا)) و ((باوەڕ)) و (عەقڵ و شارستانیەت)، لە ساڵی ١٩٥٠ز مردووە. معجم أعلام المورد ٣٨٣.**

دانانی لاوازی و داکشانی ئابووری وەك پێوەرێك بۆ هزری لیبڕالیی ئاماژەیە بۆ ئەندازەی ئەو تێکگیرانەی ڕوودەدات لە دەرەنجامی ئەم پێوەرە نا ڕێکخراوە، هەر کاتێك ئابووری داکشا ئەوا لەسەر لیبڕالییەت پێویستە پێستی خۆی بگۆڕێت و دژی خۆی بوەستێتەوە بۆ ئەوەی ئابووری جارێکی تر بەرز ببێتەوە، ئەمە لە هەموو جارێکدا ڕوودەدات، بەمە هزری لیبڕالی ڕێبازەکەی دەگۆڕێت بە ئەندازەی ژمارەی دابەزینەکانی ئابووری و بێ بازاری.

ئەمە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لیبڕالییەت هاتووە تا خزمەتی سەرمایەداری بکات، هەر ئەمەش لە مێژووەکەیدا ڕوویدا لە سەرەتای پێکهاتنیەوە تا سەردەمی جیهانگیری هاوچەرخ.

جا ئەگەر هایك پێی وابێت بانگخوازانی پلاندانانی ناوەندی دەکەونە ژێر نارۆشنیەوە لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی دوو لایەنە و دژیەك لە نێوان پلاندانان و مافەکانی مرۆڤ[1]، ئەوا دژەڕاکانی پێیان وایە تێکگیران بەرپا بووە لە بانگەشەی ئابووری هاودەم لەگەڵ دیموکراسییەت.

## سێیەم: ڕاجیایی سەبارەت بە چەمکی (لیبڕالییەت):

چەمکی لیبڕالییەت لە ئەوروپا بە واتای لیبڕالییەتی کلاسیکی بەکارهێنرا، بەڵام بەهۆی شکستە گەورەکەی هزری لیبڕاڵی کلاسیکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای بێ بازارییە مەزنەکەی ١٩٢٩ز، وایلێهات ئەم هزرە بە ((پارێزگار)) ناودەبرا، لیبڕالییەت بە واتای ((لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی)) بەکارهات.

---

[1]) بڕوانە: الطريق إلى العبودية ٩٧.

وایلیێهات خودی ئەم چەمکە لە ئەمریکا جیاواز بوو لەگەڵ هەمان چەمك لە ئەوڕوپا، جا لە ئەوڕوپا ئەم چەمکە وایلیێهات ناوبانگی ناشرین بوو بەهۆی خراپی ئەو دەرەنجامانەی هێنایە کایە، بەڵام لە ئەمریکا ئەم چەمکە بەکارهات بۆ واتای جیاواز لە دەستێوەرنەدانی دەوڵەت بەمەش واتا نوێیەکە بریتی بوو لە ((پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت))، ئەمەش وای لە خاوەنانی چەمکی سەرەتا کرد چەمکێکی نوێ وەك ناو بۆ خۆیان بەکاربێنن ئەویش بریتییە لە: ((لیبەرتارییەت)).

لە دوای گەڕانەوەی چەمکی یەکەم لە پاش حەفتاکان، بیرمەندی ئەمریکی (میلتۆن فریدمان) نەیتوانی ناوی لیبڕالییەت لەم چەمکە بنێت، کتێبەکەشی بەمە ناونەنا، جا دەڵێت: ((ئاسانە ناوێکمان لەلا هەبێت بۆ تێڕوانینێکی سیاسی و ئابووری کە ئەم کتێبە ڕوونی دەکاتەوە، ناوی دروست و شیاو بریتییە لە لیبڕالییەت، بەهۆی بێ بەختیەوە ئەوا وشەی لیبڕالییەت واتایەکی جیاوازی هەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەو واتایەی کە ناسراو بوو لە سەدەی نۆزدەم یان ئێستا لە زۆربەی کیشوەری ئەوڕوپا ناسراوە.

کاتێك بزوتنەوەی هزری گەشەیکرد، کە بەناوی لیبڕالییەت ناسرا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم، ئەوا جەختی لەسەر ئازادی کردەوە وەك ئامانجێکی سەرەکی و تاك وەك قەواریەك لە کۆمەڵگەدا، پشتگیری سیاسەتی دەستوەرنەدانی کرد لە ناوخۆدا وەك ئامرازێك بۆ کەم کردنەوەی ڕۆڵی حکومەت لە کاروباری ئابووریدا، بەمەش ڕۆڵی تاك فراوان بوو و پشتگیری بازرگانی ئازادی کرد وەك ئامرازێك بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی گەلانی جیهان بە یەکترەوە بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراسیانە.

لە ڕووی سیاسیشەوە، گەشەی حکومەتی پەرلەمانی و دامەزراوە پەرلەمانیەکان و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی زۆرەملێی حکومەت و پاراستنی ئازادی شارستانی تاك سەرهەڵدا.

لە دەستپێکی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٣٠ز لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، چەمکی لیبڕالییەت بەستراپەوە بە جەختکردنەوەیەکی تەواو جیاواز، بەتایبەت لە سیاسەت و ئابووریدا.

وایلیێهات بەستراپەوە بە ئامادەکاری بۆ پشت بەستن بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەوڵەت لە جیاتی ڕێکخستنە خۆبەخشییە تایبەتەکان لە پێناو بەرپاکردنی ئەو ئامانجانەی کە بەهاو بەنرخ دادەنران، هەروەها دروشمەکانی ((خۆشگوزەرانی)) و ((یەکسانی)) بوونە جێگرەوەی ((ئازادی))، کەسی لیبڕالی لە سەدەی نۆزدەمدا فراوانکردنی ئازادی بە ئامرازێکی چاڵاکی دانا بۆ گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی و یەکسانی. لە کاتێکدا کەسی لیبڕالی لە سەدەی بیستەمدا خۆشگوزەرانی و یەکسانی بە مەرجێکی سەرەکی یان بە دوو جێگرەوەی ئازادی دادەنێ. جا بەناوی خۆشگوزەرانی و یەکسانی وایلیێهات کەسی لیبڕالی لە سەدەی بیستەمدا پێی باشتر بوو سیاسەتەکانی دەستێوەردانی حکومەت و تێڕوانینی بێ کۆتایی زیندوو بکاتەوە کە لیبڕالییەتی کلاسیکی دژایەتی دەکرد...

بەڕاستی گۆڕان لە واتای پەیوەست بە چەمکی لیبڕالییەت لە بواری ئابووریدا سەرنج ڕاکێشترە لە بواری سیاسی، جا بەهۆی گەندەڵی چەمکی لیبڕالییەت، ئەوا

ئەو ڕاو بۆچوونانەی پێشتر ڕوونکرانەوە لە ژێر ئەو ناوەدا ئەوا ئێستا بە پارێزگار وەسف دەکرێن، بەڵام ئەمە جێگرەوەیەکی تەواو نییە))[1].

## چوارەم: دروشمی خۆکاری کرداری مرۆیی:

لیبڕالییەت دامەزراوە لەسەر بنچینەی: بەرەڵاکردنی تاکەکان لە کردنی ئەوەی حەزیان لێیە بە شێوەیەکی خۆکاری بێ دەستێوەردانی دەوڵەت، جا هێزێکی سروشتی هەڵدەستێت بە ڕێك و پێك کردنی ئەم ڕەفتارە شێوە خۆکارییانەی تاك بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە ڕێکخەرێکی تر ڕێکی بخات، چونکە ڕێکخەر پشت بە ژێری خۆی دەبەستێت لە تێڕوانینە ئایندەییەکەی سەبارەت بە ئازادی تاکەکان، بەڕاستی ئەمە لەخۆبایی بوونێکی عەقڵییە و واقیع پاڵپشتی ناکات، چونکە واقیع گەواهی دەدات لەسەر نەزانی مرۆڤ و پێویستی مرۆڤ بە کرداری خۆکاری کە سەردەکێشێت بۆ دەرەنجامی دروست لە میانەی ڕاست و هەڵە، هەروەك چۆن هێزی سروشت و یاساکانی بەسن بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری خۆکارییەکانی تاك بێ ئەوەی پێویست بە دەستێوەردان بکات کە ئازادی سنووردار دەکات و دەبەستێتەوە.

هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست نییە لەسەر ڕێکخستنی دەرەنجامە دژیەکەکانی بۆ ئەوەی بە وێنەیەکی هەماهەنك بێنە کایە، هەروەك چۆن فەرامۆش کردنی کرداری مرۆیی سەردەکێشێت بۆ نانەوەی کەم و کورتی بە هاوسەنگی ئابووری و هەڵوەشانەوەو بەرەڵایی ڕەوشتی، هەر بۆیە لە دەرەنجامی ئەم کەم و کورتییانە دواکەوتنی گەورە هاتنە کایە لە ژیانی خۆرئاوادا،

---

[1]) الرأسمالية والحرة ٨ _ ٩.

دیارترینیان: جەنگە جیهانییە کاولکەرەکان، بێ بازاری مەزن ١٩٢٩ز، ناجێگری بازارە جیهانیەکان، نموونەی بەرچاو لەم بارەوە قەیرانی گەشەی ئاسیایی بوو.

## پێنجەم: پەیوەست بوونی چەمکی لیبڕالییەت بە سەرمایەداریەوە:

چەمکی لیبڕالییەت پەیوەست بوو بە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەدارییەوە، ئەمەش لە ماوەیەکی زۆر زوودا ڕوویدا، ((جۆن لوك)) جەختی لەسەر خاوەنداریێتی تاکەکەسی کردەوە، هەروەها ئەم خاوەنداریێتییە بەشێوەیەکی بەرایی دەچێتە ناو مافە سەرەکییەکانی تاکەوە، هەر بۆیە مافی خۆ هەڵبژاردن درایە سەرمایەدارو خاوەندارەکان، لە کاتێکدا ئەم مافەی نەدایە هەژارو نەدارەکان، ئەم پەیوەستبوونەی لیبڕالییەت بەم چینەوە وایکرد لیبڕالییەت ببێتە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی بەرژەوەندییە خودییەکانی سەرمایەداریی، شتێکی زانراویشە کە بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێن بەپێی گۆڕانی کات و شوێنەکان، ئەمەش وایکرد ئەم چەمکە وەرچەرخانی بەسەردا بێت و جیاواز بێت بەپێ کات و شوێن.

## دەروازەی دووەم

# بنچینە هزرییەکانی لیبراڵییەت

لیبڕالییەت لەسەر بنچینەیەکی هزری دامەزراوە کە بریتییە لە ئەندازەی هاوبەشی نێوان سەرجەم ئاڕاستە و ڕەوتە جیاوازەکانی، ناکرێ هیچ یەکێك بە لیبڕالی دابنرێت لە کاتێکدا دان بەم بنچینەیە دانانێت و پەسەندی ناکات، چونکە ئەمە ئەو بەشانەن کە ڕێبازی لیبڕالییەت پێکدێنن و جیای دەکەنەوە لە جگەلە خۆیان.

ئەم بنچینانە کە لیبڕالییەت پێکدەهێنن بۆ دوو بەش دابەش دەبەن:

١_ بەشێکیان بنچینەی خودی لیبڕالییەتن و جیای دەکەنەوە لە ڕێبازە هزرییەکانی خۆرئاوا کە لە سەردەمی بوژانەوەو ڕۆشنگەرایی دەرکەوت، ئەم بەشە ئەم دوو بنچینەیەن: ((ئازادی)) و ((تاکێتی)).

٢_ بەشی دووەمی بنچینە پێکهێنەرەکانی لیبڕالییەت هاوبەشن لە نێوان لیبڕالییەت و ڕێبازە هزرییەکانی تری خۆرئاوا، ئەویش یەك بنچینەیە کە بریتییە لە: ((ژیرمەندی: عەقلانیەت))، جا هەموو ئەو ڕێبازانەی کە لە ئەوروپا سەریانهەڵدا لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەوا لە هزری ژیرمەندی (عەقلانیەت)ەوە دەرچوون، کە پێی وایە ژیری (عەقڵ) سەربەخۆیە لە پەیی بردن بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو کاروبارێکدا بێ ئەوەی پێویست بە ئایین بکات.

لیبڕالییەتی ڕاستەقینە بە تەواوی پێکهاتووە لە ((ئازادی، تاکێتی، ژیرمەندی: عەقڵانیەت))، بەڵام ئەم بنچینانە پێکهێنەری کورتبڕو پوختی لیبڕالییەتن، لیبڕالییەکان فرە تێڕوانینیان هەبوو سەبارەت بە درێژەی خاڵە هزرییەکانی ئەم بنچینانە، سەرباری جێکەوتە کردارییەکان و ڕێگە جێبەجێ کارییەکان لە ماوەی کاری سیاسی یان ئابووری.

جۆن دیوی دەڵێت: ((بیرۆکەی "ئازادی" لە داب و نەریتەکانی ئازادیخوازاندا _ هەر یەك لە ئەمریکی و ئینگلیزەکان _ پەیوەست بوو بە بیرۆکەی "تاکێتی" واتە: پەیوەست بە تاکەوە بەوپێیەی کە تاکە. ئەم پەیوەست بوونە زۆر تووندو تۆڵ بوو و گەڵێك بەسەر زمانەکاندا دەهات، تا خەڵك وا بەخەیاڵیاندا هات کە ئەمە شتێکی خودی ڕەسەنە. زۆرێك سەریان سوڕدەما کاتێك گوێبیستی ئەوە دەبوون کە یەکێك پێی وایە ئازادی سەرچاوەیەکی تر یان بنچینەیەکی تری هەیە جگە لە سروشتی تاکێتی، لەگەڵ ئەوەشدا لەلای ئازادیخوازانی کیشوەری ئەوروپا ئەوە وەك شوێنەوار ماوەتەوە کە بیرۆکەی ئازادی پەیوەستە بەلایەنی: ((ژیری و بەلگەهێنانەوە)). ئازایخوازەکان: ئەوانەن ڕەفتار دەکەن و کاروباریان ڕایی دەکەن بەپێی ئاوازی ژیریان، سەبارەت بەوانەش کە شوێن حەزو ئارەزووەکانیان دەکەون و فەرمانی هەواو هەوەسیان پیادە دەکەن، ئەوا ئازادیخواز نین))[1].

ئەم بنچینانە لەوە زیاتر نین کە نزیکەی وێنەی گشتی هزری لیبڕالییەت بن، چونکە کێشە لەم هزرەدا ئەوەیە فرە ڕەنگ و وێنەیی وەردەگرێت، لەسەر یەکلایی نەکردنەوە وەستاوە، ئا ئەمە ئەرکی فەیلەسوفی لیبڕالییە لە

(1) الحرية والثقافة: ٣٣.

چارەسەرکردنی کێشەکاندا، ڕەسل دەڵێت: ((فەیلەسوفی لیبڕالی ناڵێت: ئەمە ڕاستە، بەڵکو دەڵێت: لە وێنەی ئەم بارودۆخەدا وا بۆم دەردەکەوێت کە ئەم بۆچوونە ڕاسترە لە بۆچوونەکانی تر))[١]، لە هزری لیبڕالییدا هیچ ڕاستینەیەکی بێ کۆتایی نییە، بەڵکو ڕاستینەکان دەگۆڕن بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان، ڕاستی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش وایکردووە لیبڕالییەت شێوەو ئاڕاستەکانی جیاواز بێت، لیبڕالییەت گونجاوە بۆ دابەش بوون و فرەیی بەپێی بارودۆخ و ژینگە جیاوازەکان، جا ئەم بنچینانە بریتیین لە گوزارشت کردن لە چوارچێوەی گشتی ڕێبازی لیبڕالییەت، ئەمەش چوارچێوەیەکی فراوانە بەپێی فراوانی ئەو چەمکانەی لەخۆی دەگرێت.

لەوەی دەخرێتەڕوو ئەم چەمکانە بە تێروتەسەلی ڕوون دەکرێنەوە:

## بنچینەی یەکەم: ئازادی[٢]:

ئازادی یەکێکە لە فراوانترین چەمکە مرۆڤایەتییەکان، زۆرترین پێناسەی بۆ کراوە، هەندێك لە توێژەران باسیان کردووە کە زیاتر لە دوو سەد پێناسەی هەیە[٣]، ئازادی پرسێکی کۆنە لەوەتەی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی پەیدابووە.

---

(١) وەرگیراوە لە: الفلسفة السياسية من أفلاطون إلى ماركس ٩٣.

(٢) لە زمانی ئینگلیزیدا دوو وشە بە واتای ئازادی بەکاردەهێنرێن: (Freedom) و (Liberty)، لەوانە هەندێك وشەی دووەم بەکاربهێنن، چونکە پێیان وایە کە گونجاوترە بۆ گوزارشت کردن لە واتاکە، لەگەڵ ئاستی هەرە نزم لە خراپ بەکارهێنانی وشەکە، و (Freedom) بە واتای ئازادی شارستانی دێت، هەروەها (Liberty) بە واتای (نەبوونی ناچارکردن) دێت، ئەمە نزیکترە لە وەسف کردنی لیبڕالییەت و ناساندنیدا. بڕوانە: مفهوم الحرية في اللبرالية المعاصرة ٦٦.

(٣) بڕوانە: حدود الحرية ١١.

ئازادی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت، کە ئەمانەن:

## یەکەم: ئازادی ویست:

مەبەستی ئەوەیە کە تاك سەرپشکە لە ڕەفتارو کردارەکانی، ئازادی ڕەهای هەیە بۆ ویست و هەڵبژاردنەکانی، هیچ هێزێکی دەرەکی نییە دەستوەربداتە ناو ویست و کرداری تاك، ((بۆسیه))[1] دەڵێت: ((لە خودی خۆمدا گەڕام بەدوای ئەو هۆکارەی پاڵم دەنێت بۆ کارکردن، بەڕاستی هەست بەوە دەکەم کە هیچ هۆکارێك نییە پاڵنەرم بێ بۆ کردارەکانم جگە لە ئازادییەکەم، دواتر بە ڕوونی هەست دەکەم کە ئازادییەکەم کورت هەڵدێت لە وێنەی ئەم هەڵبژاردنە))[2].

ئەم جۆرە ئازادییە پەیوەستە بە قەزاو قەدەرەوە، پەیوەندی کردارەکانی خوای گەورە بە کردارەکانی بەندەوە، زۆرێك لە فەیلەسوفە لیبڕالییەکان لەم بوارەدا باوەڕیان وایە ویستی تاك ناچارکراوە بە هۆکارێکی دەرەکی کارتێکەر کە ناتوانێت هیچ بکات تەنها لە میانەی پاڵنەری ئەم هۆکارەوە نەبێت، لەم بارەوە ((سپینۆزا))[3] دەڵێت: ((دەروون هیچ ویستێکی ئازاد یان ڕەهای نییە، بەڵکو لە

---

(١) جاك بۆسیه: قەشە و مێژنووس و بیرمەندێکی سیاسی فەڕەنسییە، لە ساڵی ١٦٢٧ز لە دایك بووە، بە تووندی هێرشی پڕۆستانتیەتی کرد، هەڵمەتێکی پەرش و بڵاوی کردە سەر ئارامگەرایی کە بانگەشەی ڕەتکردنەوەو پوچەڵکردنەوەی ویست و قوڵبوونەوە لە ڕامان لە خواو هەرچی شتێکی پیرۆزە دەکرد، وتاربێژێکی ڕەوانبێژ بوو، وتارە ڕوونکەرەوەکانی بە نموونەی بەرز دانران لە نموونەکانی ڕەوانبێژی فەڕەنسی، ساڵی ١٧٠٤ز مردووە. معجم أعلام المورد ١١٨.

(٢) وەرگیراوە لە: مشكلة الحرية ٢٠.

(٣) بارۆف سپینۆزا: فەیلەسوف و بیرمەندێکی ئاینی هۆڵەندییە، لە ساڵی ١٦٣٢ز لە دایك بووە، جەختی لەسەر ڕۆڵی ژیری دەکردەوە لەسەر ڕەوشت و ئەودیو سروشت، یەکێك بوو لە گەورترین ئەوانەی باوەڕیان بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) هەبوو و بەرگریشی لێدەکرد، زۆرێکیان

**خودی خۆیدا هۆکارێکە و پەیوەستە بە هۆکارێکی ترەوە، بەم شێوە بێ کۆتایی بەیەکەوە بەستراونەتەوە))[١]. جۆن ستیوارت میل پێی وایە هیچ ویستێکی ئازاد بوونی نییە، بەڵام بۆچوونی وایە ئەگەر پاڵنەری دیاریکراو هەبوون ئەوا دەبێت کرداری دیاریکراوی پێش بکەون، ئەوەی لە دەروونی مرۆڤدا هەیە تەنها بەدوای یەکداهاتنی شتە ڕووکەشییەکانە، لە ڕاستیدا هیچ کرۆکێکی ویستدار نییە[٢].**

**ڤۆلتێر[٣] جەخت لەسەر بیرۆکەی ناچاری (جەبریەت)ی پێشکەوتوو دەکاتەوەو دەڵێت: ((ئێمە بریتین لە چەند ڕەو ڕەوەو تایەك لە ئامێرێکی هەرە مەزندا، عەقڵەکانمان بیر دەکەنەوە وەك ئەوەی ئازاد بن، چونکە خودی ئەم هەست کردنە بە ئازادی ڕەو ڕەوەیەکە لەم ئامێرە مەزنەدا))[٤]، هەروەها دەڵێت: ((بێگومان پێچەوانە و دژ یەکە ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە ئەوەی ڕوودەدات**

---

**تۆمەتباریان کرد بە بێ باوەڕی، سەرباری ئەو هەستە ئاینیە قوڵەی لە کتێبەکەدا هەیە، لە دیارترین کتێبەکانی: ((کتێبی ڕەوشت))، لە ساڵی ١٦٧٧ز مردووە، معجم أعلام المورد ٢٣٣.**

**(١) وەرگیراوە لە: مشكلة الحرية ٤٨ _ ٤٩.**

**(٢) بڕوانە: مشكلة الحرية ٥٠.**

**(٣) فەڕانسۆ ڤۆلتێر: نووسەرو فەیلەسوف و مێژوونووسێکی فەڕەنسییە، لە ساڵی ١٦٩٤ز لە دایك بووە، زۆر بلیمەت بوو، بەڵام تواناکەی لەسەر گاڵتە پێکردن کە بەر جەستە بوو لە گرنگترین کاری (پاکانەیدا) ئەوا دەسەڵاتی فەڕانسا پێی خۆش نەبوو، بۆیە دوو جار لە تەمەنی لاوێتیدا خرایە بەندیخانەوە لە گرتگەی باستیل لە پاریس، بەشەکەی تری تەمەنی لە سویسرا بەسەر برد بەهۆی ئەوەی بۆ ئەوێ دوورخرابووەوە، لە نووسینەکانی: ((داستانی سەردەمی لویسی چواردەم))، هزرو بیرۆکەکانی کاریگەری زۆریان هەبوو کە سەریکێشا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ز، لە ساڵی ١٧٧٨ز مرد. ألف شخصية عظيمة ٢٢٧ _ ٢٢٨.**

**(٤) وەرگیراوە لە: مشكلة الحرية ٥٠ _ ٥١.**

**دەکرێت ڕوونەدات))[1]. بەهەمان شێوە دەڵێت: ((ئازادی تەنها دەرەنجامی هۆکارو پاڵنەرێکی نەناسراوە))[2].**

**ئەو سەپاندن و ناچاریەی ئەو لیبڕالییانە دانی پێدا دەنێن دوو جۆرن:**

**یەکەم: ناچاری سەخت (الجبرية الصعبة): ئەم جۆریان مەبەست لێی ئەوەیە کە ئازادی مرۆڤ بەستراوەتە وەك هەڵبژاردنی خودی، لە ڕاستیدا هیچ ویستێکی نییە، ئەم جۆرە ئەوەیە کە چەند دەقێکمان گواستەوە کەمێك پێشتر لە هەڵگرانی ئەم بۆچوونە.**

**دووەم: ناچاری سووك (الجبرية الهينة)[3]: ئەم جۆرە پێی وایە ویستی مرۆڤ ئازادە بەپێی هەڵبژاردنی ئازادانی خودی، دەتوانێت کرداری خۆی هەڵبژێرێت بێ بوونی هیچ ڕێگرێکی خودی، بەڵام ئەم ئازادییە بەستراوەتەوە بە دەستەوسانی خودی لە مرۆڤدا، هەروەها بەستراوەتەوە بە یاساکانی گەردوون، یەکێك لەو لیبڕالییانەی باوەڕیان بەم جۆرە هەیە ((هۆبز))ە[4]، ناوبراو دەڵێت: ((ئازادی هەیە**

---

**[1]** وەرگیراوە لە: مشكلة الحرية ٥١.

**[2]** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**[3]** بناغەی ئەم چەمکە (ناچاری سوك) لە بەکارهێنانی فەیلەسوفی ئەمریکی ولیەم جیمسەوەیە، ئەم چەمکە بۆ ئازادی بەکارهێنا، بە مەبەستی گاڵتە پێکردن، بەڵام ئەم چەمکە پەیوەست بوونی بەخۆوە بینی تا ئێستاش، واتای ئەم چەمکە لەلای ئەوەی بەکاری هێناوە بۆ ئازادی ئەوەیە کە ئازادی: بریتییە لە ویستی ئازادی دوور لە کۆسپ و لەمپەڕە دەرەکییە نا هۆکارییەکان. بڕوانە گۆڤاری عەرەبی بۆ زاانستە مرۆییەکان ژمارە ٧٧ لا ٥٨.

**[4]** تۆماس هۆبز فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٥٨٨ز لە دایك بووە، پشتگیری حوکمڕانی پاشایەتی ڕەهای کرد، وتی: خەڵك بە سروشتی خۆیان خۆویستن، _ بۆ نەهێشتنی ئاژاوە _ هاتوونەتە ناو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیەوەو بەو پێیە بەڵێنیان داوە گوێڕایەڵی دەسەڵات بن. لە شوێنەوارەکانی: سێکوچکە بەناوبانگەکەی (لەبارەی هاوڵاتیان، جەستە، مرۆڤ)، لە ساڵی ١٦٧٦ز مردووە. بڕوانە

لە میانەی نەبوونی ئەو کۆسپانەی دەبنە لەمپەر لە ئەنجامدانی کردەوەکە، ئەو کۆسپانەی کە پێکهێنەرو بەشێك نین لە سروشتی بکەرەکە؛ واتە: لە سیفە خودییە سەرەکییەکان نییە))[١].

ئەوە لەسەر کرداری سەربەست و ئازاد دەدوێت، ئاماژەی ئازادییەکەیشی نەبوونی کۆسپ و لەمپەڕە، مەبەست لەم کۆسپانە بریتین لە کۆسپ و تەگەرەی دەرەکی، زۆر بەڕوونی دەستەوسانی خودی هەڵاواردووە بەم وتەیەی: ((کە بەشێك نییە لە سروشتی بکەر))، جا تەگەرە و کۆسپە خودییەکان لە ناو سروشتی بکەردا ئاماژە و بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ویستی بکەرەکە ئازاد نییە، جا هەمان شت سەبارەت بە کۆسپە هۆکارییەکانی دەرەکی وەك یاساکانی سروشت.

بەڵام کێشەی ئازادی لای هۆبز خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئازادی وەسفێکی ویست نییە، بەڵکو وەسفێکی توانایە، هەر بۆیە هۆبز پێی وایە ئازادی ویست کە بە ((ئازادی ڕەوشتی)) ناودەبرێت تەنها بریتییە لە خەیاڵێکی درۆو بێ بنەما، ناوبراو بۆچوونی وایە کە ئێمە تەنها ئازادی سروشتی یان فیزیاییمان هەیە، ئەمەش تەنها بریتییە لە توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی زۆر بە خەستی بکەر حەزی لێدەکات؛ واتە: تەنها دەنگدانەوەیەکە بۆ ئەو حەزو ئارەزووانەمان کە تێکناشکێن[٢].

---

معجم أعلم المورد ٤٨٠. لە دەرەنجامەکانیدا لیبڕالی نییە، بەڵکو لە ڕەگ و ڕیشە هزرییەکانیدا لیبڕالییە.

(١) وەرگیراوە لە گۆڤاری عەرەبی بۆ زانستە مرۆییەکان ژمارە ٧٧ لا ٥٤.

(٢) بڕوانە: مشکلة الحریة ٤٩.

**بەهەمان شێوە دەبینی شتەکە لەلای ((هیوٚم))یش[١] دووبارە بووەتەوە، ناوبراو دەڵێت: ((مەبەستمان لە وشەی "ئازادی" چییە لە ناوکوٚ _ سیاق _ ی قسەکردن لەسەر کردارە ویستییەکان؟ شتێکی چەسپاوە کە مەبەستمان لێی ئەوە نییە کە کردارەکان پەیوەست نین بە پاڵنەرو حەزو بارودوٚخەکان، یاخود کردارێك شوێنی یەکێکی تر ناکەوێت بە پلەیەکی دیاریکراو لە ڕێکخران))؛ دواتر وتی: ((کەواتە تەنها ئەوە لە تواناماندایە کە مەبەستمان لە ئازادی بریتی بێت لە هەبوونی توانای ئەنجام دان و ئەنجام نەدانی کردار، ئەمەش بەپێی دیاریکردنی ویستمان، واتە: ئەگەر ئێمە ڕاوەستانمان هەڵبژارد ئەوا ڕادەوەستین، ئەگەر جوڵەشمان هەڵبژارد دەجوڵێین))[٢].**

**وتەکانی فەیلەسوفەکانی لیبڕالی هەر دوو جوٚری پێشووی ناچاری (جەبریەت)یان لە خوٚی گرتووە، بەڵام دەکرێ چەمکی (ناچاری سوك) بە بنچینەی سەرەکی دابنرێت بوٚ تێڕوانینی لیبڕالی بوٚ ئازادی[٣].**

---

**(١) داڤید هیوٚم: مێژوونووس و فەیلەسوفێکی ئیسکوٚتلەندییە. لە ساڵی ١٧١١ز لە دایك بووە. بە بلیمەت و کەسە دیارەکانی فەلسەفە دادەنرێت لە سەدەی هەژدەمی کوٚچی، لە دوای مردنی شوێنەوارێکی زوٚر دوورو درێژو پان و پوٚڕی جێهێشت لە هزری ئەودیو سروشت (میتافیزیکی)دا، یاسای خوێندووەو کاری لە بواری سیاسەتدا کردووە. چەندین کاری گرنگی نووسی لەوانە: ((توێژینەوەیەك سەبارەت بە سروشتی مروٚیی))، ((مێژووی ئینگەلتەرا)). ساڵی ١٧٧٦ز مرد. ألف شخصية عظيمة ٢٢٧.**

**(٢) وەرگیراوە لە گوٚڤاری عەرەبی بوٚ زانستە مروٚییەکان ژمارە ٧٧ لا ٥٥ _ ٥٦.**

**(٣) بڕوانە: ئەو ڕوونکردنەوەیەی دراوە سەبارەت بەوەی دەکرێ چەمکی (ناچاری سوك) وەك بنچینەی تیوٚریی ئازادی لیبڕالی دابنرێ، گوٚڤاری عەرەبی بوٚ زانستە مروٚییەکان، ژمارە ٧٧، لا ٥٧ و دواتریشی.**

## دووەم: ئازادی شارستانی:

ئازادی شارستانی ئەوە دەگەیەنێت کە تاك ئازادە لە کردەوەکانیدا، سەربەخۆیە لە هەڵسوکەوتەکانیدا بێ هیچ دەستێوەردانێکی دەوڵەت و جگەلەویش، ئەرکی دەوڵەت پاراستن و فراوانکردنی ئەم مافانەیە، هەروەها کاری پاڵپشتی کردنی مافەکان و سەربەخۆکردنی دەسەڵاتەکان و پێدانی گەورەترین ئەندازە لە دەستەبەری بە تاکەکان لە هەمبەر زۆرداری و ستەمی کۆمەڵایەتی.

ئەم ئازادییە ئەوەیە کە هزری لیبڕالییەت گرنگی پێداوە بەوپێیەی بابەتێکی سیاسییە و پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت، پەیوەندی تاك بەوانی ترەوە، جا بەم پێیە ئازادی خاوەن سروشتێکی کرداری واقیعییە.

جۆن ستیوارت میل جیاکاری کردووە لە نێوان ئازادی ویست و ئازادی شارستانی، ئەوەی ڕاگەیاندووە کە نایەوێت ((لەسەر ئازادی ویست قسە بکات، بەڵکو دەیەوێت لەسەر پرسی ئازادی شارستانی یان کۆمەڵایەتی بدوێت))[1].

ئەوەی مایەی نامۆبوونە ئەوەیە کە هەندێك لەو لیبڕالییانەی بانگەشە دەکەن بۆ ئازادی شارستانی دەبینین هەڵگری بیرۆکەی ناچاری (جەبریەت)ن لە ئازادی ویستدا، وەك: ((سپینۆزا)) و ((ڤۆڵتێر))، ((جۆن ستیوارت میل)) و جگەلەوانیش، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی لیبڕالییەت بەرهەمی

---

(١) لە کتێبی (الحرية ١١٧)دا هاتووە، جۆن میل ئەم کتێبەی نووسیوە سەبارەت بە ئازادی شارستانی بەپێی ڕێبازی لیبڕالی، نەینووسیوە دەربارەی پرسی قەزاو قەدەر، هەر بۆیە جیاوازی کردووە لە نێوان دوو جۆری پێشوو لە جۆرەکانی ئازادی.

**واقیعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە نەك دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی دیاریکراو بێت.**

**برتراند ڕەسل دەڵێت: ((ڕەوتی لیبڕالییەت کاریگەری خۆی هەبوو لە کەش و هەوای ژیرمەندی لای ڕای گشتی، ئا لێرەوە شتێکی نامۆ نەبوو کە هەندێك لە بیرمەندان ببینین هەڵوێستی لیبڕالی بگرنەبەر لە بیردۆزە سیاسییەکانیاندا، لەگەڵ ئەوەی لە گۆڕەپانەکانی تردا ڕاو بۆچوونی فەلسەفی وایان هەیە کە لە ڕیشەوە لەگەڵ لیبڕالییەت جیاوازن، سپینۆزا بە ئەندازەی ئەزموونگەراکانی ئینگلیز لیبڕالی بوو))[1].**

**لەمەدا ئاماژە هەیە لەسەر ئەوەی لیبڕالییەت کاردانەوەیەکی نا هۆشیار بوو بە خودی خۆی لە بەرامبەر بارودۆخێکی دزێو و ناپەسەند، تێڕوانینێکی فەلسەفی توێژراوە نییە هەر لە بەراییدا، لەوانەیە ئەم بارودۆخە نامۆیە ئاماژەیەکی بەهێز بێ لەسەر ئەم دەرەنجامە.**

**ئەم ئازادییە بریتییە لە بناغەی توێژینەوە لە هزری لیبڕالیدا، جا لیبڕالییەت ڕێبازێکی سیاسی و ئابوورییە تێدەکۆشێت بۆ قوڵکردنەوەی ئازادی کۆمەڵایەتی، ڕێبازێکی پەنهانگەرا (غەیبی) نییە کە تاوتوێی بابەتی قەزاو قەدەرو ئەندازەی توانای بەندە بکات لەسەر کردەوەکەی.**

**ئازادی شارستانی (مەدەنی) لە هزری لیبڕالییدا بە یاسا بەستراوەتەوە، چونکە یاسا پێویستییەکە لە پێویستییەکانی مرۆیی، جا مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەرپابوونی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ڕایەڵەکانی**

---

**[1]) حکمة الغرب ٢/ ١٠٦.**

پەیوەستە بە بوونی یاساوە، بەڵام وێنە یاسا جیاوازە لە هەر ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی تر لە چوارچێوەی هزری لیبڕالییدا، بەمە دەزانین یاساکان لای لیبڕالییەکان وێنای جۆرێك لە سەپاندن و ناچارکردن ناگەیەنن لە دەرەوەی تاك کە ئازادییەکەی دەبەستنەوە لە کاتێکدا مافێکی سروشتی مرۆڤە، جا لەڕووی بنەماوە یاسا لەلای لیبڕالییەکان پەسەندە، بەڵام ڕاجیا لە بارەی یاسا تاکەکان و پەیڕەوی دانانی لە ڕووی بەرپاکردنی ئازادی یان کپ کردنەوەی[1].

## چەمکی ئازادی لە نێوان ئەرێنی و نەرێنیدا:

ڕاو بۆچوونەکانی لیبڕالییەکان جیاواز بوون دەربارەی سنووررو ڕۆڵی ئازادی لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش لە دوای ئەوەی لیبڕالییەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی ئازادی بێ کۆت و بەند جۆرێك لە بەیەکدادان و شڵەژانی کۆمەڵایەتی بێ سنوور دێنێتە کایە، چونکە ناتوانرێ ئەندێشەی بوونی ئازادی بێ کۆت و بەند بکرێ لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی پابەند بە یاسا، چونکە دژی یاسایە، یاساش بناغەی ڕێك و پێك و هەماهەنگی کۆمەڵگەیە.

ڕاو بۆچوونەکانی لیبڕالییەکان سەبارەت بە ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی نەرێنی، کە پێی وایە لەسەر دەوڵەت پێویستە ئازادییەکان ڕێك بخات و دەستی تێوەرنەدات، چونکە لەسەر مرۆڤ پێوست دەکات توانای بەکارهێنانی ئازادییەکەی هەبێت بە شێوازێکی بەرچاو ڕۆشن و بێ چاودێری. هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی ئەرێنی: کە پێی وایە دەستێوەردانی دەوڵەت پێویستە بۆ بەهێزکردنی ئازادییەکان و ڕێکخستنیان بەوشێوەی بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی

---

[1]) بڕوانە: الطريق إلى العبودية ٨٦.

تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت لەبارەی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە بۆ ئەم دوو چەمکە دەگەڕێنەوە، لە خوارەوە بە تێروتەسەلی ئەم دوو چەمکە ڕوون دەکرێنەوە:

## یەکەم: واتای نەرێنی ئازادی:

ئازادی بەپێی ئەم چەمکە واتە: ((ناچار نەکران))، فریدریك هایك بەم وتەیەی ئەمە ڕوون دەکاتەوە: ((بەڕاستی ئازادی بریتییە لەو بارودۆخەی کە مرۆڤ تیایدا بە ناچاری ملکەچی ویستی خۆسەپێنی ئەوەی تر نابێت. ئازادی لیبڕالی بەشێوەیەکی تەواو جیاوازە لە بێ سەروبەری و گەڕەلاوژێیی، پێویستە هەموو لەمپەرە مرۆییەکان لاببرێن کە کۆششی تاك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سنووردار دەکات لە سایەی یاسادا))[١].

ئەم چەمکە بەشێوەیەکی تۆکمە بە یاساوە بەستراوەتەوە، چونکە خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکان بۆ حکومەت، دواتر ئازادی تاك لە کارکردندا ڕەها دەکرێت. هایك بانگەشەی بێ کوت و بەندی ئازادی و نەبوونی ڕێکخەری کردەوەی مرۆیی ڕەت دەکاتەوەو بە دڕندەیی و دواکەوتوویی دادەنێت.

هەر بۆیە نکۆڵی کرد لە فراوانکردنی بێ کوت و بەندی تا ئەندازەی دەرچوون لە کۆت و بەندی یاسا و بنچینە ڕەوشتییەکان، جا وتی: ((ئەوانەی بەرگری لەم جۆرە ئازادییە دەکەن، ئەوا بنچینەکانی ئازادی تێکدەشکێنن))[٢]، ئەم چەمکە پشت بە واتای ((ناچاری و سەپاندن)) دەبەستێت، مەبەست لێی

---

١) وەرگیراوە لە: الليبرالية إشكالية المفهوم ١١١.

٢) وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية ٦٥.

**ناچارکردنی ویستی تاکە لەسەر ئەنجامدانی کارێك کە پێی خۆش نییە لەلایەن ویستێکی ترەوە، واتە: هەڵسوکەوتی زۆرەملێ جا بە مەرجی سەپێنراو بێ لەلایەن بەرامبەرەوە یان بە دانانی جێگرەوەی هەڵبژاردن بێت، هەر دەم لەبارەیەوە دەڵێت: دەستێوەردانێکی دادگەرانە نییە))[1]، جا ((بە شێوەیەکی یەکسان، هەر یەك لە هەڕەشە بە زیانگەیشتن بە تاکێکی دیاریکراو، هەروەها سەپاندنی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بەسەر بەرامبەر لەخۆ دەگرێت))[2].**

**ئیزایا بەرلین دەڵێت: ((نەریت وایە دەوترێت: من ئازادم بە ئەندازەی ئەو پلەیەی مۆڵەت دەدات بە دەستێوەردانی هەر تاك یان کۆمەڵێك لە چالاکی و کارەکانمدا... من ئازاد نابم ئەگەر کەسانی تر لە هەر کارێکمدا ڕێگری و بەرهەڵستیان کردم، هەر کە بواری ئازادییەکەم بەرتەسك کرایەوە بۆ کەمتر لە ئاستی نزم، ئەو کاتە من ناچارکراوم لەسەر کردنی کارێك کە خۆشم ناوێت یان لەوانەیە بە کۆیلە کرابم بەهۆی ئەم نارچارکرانە))[3].**

**دەستەوسانی سروشتی خودی ناچێتە ناو بازنەی ناچارکردنەوە، زۆرلێکران و ناچارکران دەبەسترێتەوە بە هێزێکی دەرەکی کە شتێك بەسەر ویستدا دەسەپێنێت کە حەزی لێ نییە[4].**

**بوونی ئەندازەیەك لە زۆرلێکردن ڕێگری دەکات لە بێ سەروبەری و ئاژاوەو ناچێتە ناو ئەم پێناسەیەوە؛ چونکە یاسا پێویستە بۆ ڕێکخستنی ژیان، بەڵام ئەوە**

---

**(١)** مفهوم الحرية ١٢٨.

**(٢)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(٣)** حدود الحرية ١٢.

**(٤)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

گرنگە یاسا بەکارنەهێنرێت بۆ زۆرلێکردن لەوانی تر و دەستوەردان لە ئازادییەکانیان.

جا ((میل)) ڕوونی کردۆتەوە کە بنەمای ئازادی بریتییە لەوەی : ((تاکە ئامانج کە ڕەوایی بە خەڵك دەدات بە تاك و کۆمەڵ کە دەستوەر بدەنە ناو ئازادی کردەوەو هەڵسوکەوتی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکان بریتییە لە پاراستنی خۆیان لێی، واتاکەی ئەوەیە: کە تاکە مەبەست کە دەسەڵات تیایدا بەکاردەهێنرێت بە شێوەیکی ڕەوا دژی تاك یان ئەندامێکی کۆمەڵگەی یەکگرتوو، مەبەستم دژی ویستەکەی بریتییە لە ڕێگری کردن لە تاك لە زیان گەیاندن بەوانی تر یان ئێشاندنی بەرامبەر، بەڵام بەرژەوەندییە تایبەتییە ماددی یان وێژەیی _ تەنانەت جەستەیی و ڕەوشتییەکەشی _ پاساوێکی تەواو نییە بۆ دەستێوەردان))[1].

ئا بەم شێوەیە دەکرێ بڕوانرێتە ئەم چەمکەی ئازادی بەوەی بریتییە لە ڕێگەگرتن لە هەر دەسەڵاتێکی حکومی یان نا حکومی لە دەستوەردانە ناو ئازادی تاك تەنها لە یاسادا نەبێ کە ڕێکخەری ئازادی تاکەکانە، ئەمەش وا لە دەسەڵاتەکان دەکات کە لە توانایدا نەبێت ئامانجە تایبەتەکانی بەدەستبهێنێت، دەبێ دەستوور ئەم چەمکە لە خۆی بگرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە یاسادانەر بگرێت لە دانانی یاسایەکی خۆسەپێنی زۆردارانە و زاڵ بەسەر ئازادی مرۆڤدا.

ئەم چەمکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕێگەگرتن لە دەستێوەردانی ئەوانی تر، بەڵام تاك بەڕەڵا دەکات بێ ڕێنمایی کردن، چونکە ئەم ڕێنماییکردنە دەروازەی

---

(١) وەرگیراوە لە: الحرية ٢٠٧.

**دەستێوەردانی ستەمکارانە دەکاتەوە، تەنها کاری خۆکاری بەردەوامی مرۆڤ بە بەس دادەنێت.**

**میل دەڵێت: ((ئەو شتەی وا دەکات کۆششی تاکی مرۆڤ بەنرخ بێت ئەوا لەسەر ئەوە دەوەستێت کە تا چ ئەندازەیەك کۆت و بەند دەخاتە سەر کردەوەکانی کەسانی تر، هەر بۆیە هەندێك یاسای ڕەوشت هەن دەبێت لە پێگەی یەکەمدا بسەپێنرێت یان سنووردار بکرێن بە ڕای گشتی لەو بابەتانەی کە نابێ یاسا دەستێوەردان بکات))[1]. دواتر پرسیار لەبارەی ئەم یاسایانە دەکات و بە ناڕۆشن وەسفیان دەکات، دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرچاوەی یاساکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەبێ ژیری (عەقڵی) بێ، چونکە بۆچوونەکانی خەڵك باش و خراپی تێدایە و کاریگەر دەبن بە چەندەها ڕەنگ کە پاساوی بێ سنووریان هەیە، لەوانەیە زۆرێك لەو بۆچوونانە پەسەند و ژیربێژانە نەبن[2].**

**ئەگەر ویستمان چەمکی نەرێنی ئازادی لە ناوکۆ (سیاق)ێکی لکاودا دابنێین، ئەوا واتاکەی بریتییە لە نەبوونی ناچاری و زۆرلێکران و بەندایەتی و کۆیلایەتی و کۆت و بەندکردنی ئازادی تاکەکان، بەمەش کرداری مرۆڤ خۆکاری دەبێ بێ ڕێکخران و پلان بۆ دانران، پاڵپشتی تیۆروانینی فەلسەفی بۆ کرداری خۆکاری مرۆڤ ئەوەیە کە زانین و زانیاری مرۆیی بە ڕێبازی تاقیکاری پێکدێت، کە پشت دەبەستێت بە سنوورداری زانیاری مرۆڤ دەربارەی بابەتە گشتییە ڕووتەکان، هەروەها کەڵەکە بوونی ئەزموون و پسپۆری سەردەکێشێت بۆ زانیاری دڵنیاکەرەوە، مرۆڤیش توانای نییە بەسەر تیۆروانینە گشتییەکان کە مۆڵەت بە**

---

**(١) هەمان سەرچاوە ٢٠٧ _ ٢٠٨.**

**(٢) هەمان سەرچاوە ٢٠٨، هەروەها بڕوانە لا ١٢٢.**

**مرۆڤ دەدات بە پلاندانان و ڕێکخستنی سەلامەت، ڕەنگدانەوەشی لەسەر ئازادی لیبڕالیدا لەو لایەنەوە دەبێت کە حکومەت دەستوەرنەداتە ناو ئازادی تاکەکانەوەو بەرەڵا کردنی ئازادی تا بە شێوەیەکی خۆکاری گەشە بکات لە پەیڕەوی تاقیکاریدا.**

**دەستەبەر بوونی ئازادی تاك بریتییە لە ڕێگەی شارستانیەت، شارستانیەتیش بەرهەمێکی زانیاری مرۆیی تەواو و پلان بۆ دانراو نییە، بەڵکو لە دایك بووی گەشەی خۆکارییە کە بەشێوەیکی جەخت لەسەرکراو و چالاك بەشدارە لە دروستکردنی شارستانیەتدا.**

**ئەزموونی کەڵەکە بوو لە ماوەی دوورو درێژدا وەك هۆکارێکی کارا دێت لە بنیاتنانی شارستانیەتدا، هەر چەندە ئەزموونی کەڵەکە بوو زیاد بێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئەوا پێشکەوتنی شارستانیەت زۆرتر دەبێت بێ هیچ دەستێوەردانێك لە حکومەت بۆ گەیشتن بە شارستانیەت بەوشێوەیەی کە خوازراوە. یەکێك لە دیاریترین کارابیەکانی شارستانیەت بریتییە لە ئازادی بیرکردنەوەو کارکردن، بەڵام ئازادی کارکردن بریتیە لە بنیات و بناغە، چونکە داهێنانەکانی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ئامرازی نوێ بۆ ئازادییەکەی بە هۆی ئازادی کارەوە دەبێت، بە ئازادی کار ئەوا ئازادی بیرو هزریش دەبێت.**

**گرنگترین ڕەگەزەکانی ئازادی کار بریتییە لە ئازادی کێبڕکێ، ئەویش بریتییە لە ئازادی هەڵبژاردن لە ڕێگەی ئازادی بازار کە لەسەر کێبڕکێ وەستاوە،**

ئەمەش گوزارشت دەکات لە نا ناوەندی (لا مرکزیة) و ڕێکنەخستنی بواری ئابووری[1].

دەبینین ئەم چەشنە هزرییە زۆر بە ڕۆشنی دیارە لەلای فەیلەسوفی ئەمریکی ((فریدریك هایك))، ئەویش یەکێکە لە دیارترین فەیلەسوفە هاوچەرخەکان کە گوزارشت لەم چەمکە دەکەن، جا لە کتێبەکەیدا ((ڕێگەی بەرەو بەندایەتی)) ئەمەی ڕوون کردۆتەوە، دەبینین کە لادانی لەم هزرە کلاسیکییە بە جۆرێك لە بەندایەتی دادەنێت، دروستیش نییە چەمکەکانی دەستێوەردان و پلاندانان تێکەڵ بکرێن لەگەڵ چەمکی ئازادی تاك.

هایك بەم وتەیەی دان بەمەدا دەنێت: ((ئەم ئیشتراکییەتەی[2] کە هەر زوو تیایدا هەستمان بەوە کرد کە مەترسی هەرە مەزنە لەسەر ئازادی و وەك کاردانەوەی لیبڕالییەتی شۆڕشگێڕی هەنگاوی ناوە، ئەوا بەردەوام هەمووان ئەم ئیشتراکییەتەیان پەسەند کرد لە ژێر ئاڵای ئازادی.

بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر نامۆو سەرسوڕهێنە، زۆر دەگمەن ئەمڕۆ باس لەوە دەکەین و دێنینەوە یادمان کە ئیشتراکییەت لە سەرەتاکانیدا بەڕوونی زاڵ و زۆردار بوو.

ئەو نووسەرە فەرەنسیانەی بنچینەکانی ئیشتراکییەتی هاوچەرخیان دانا، ئەوا دڵنیابوون لەوەی کە ناکرێ هزرەکانیان جێبەجێ بکرێت تەنها لە ڕێگەی

---

(١) بڕوانە: مفهوم الحرية في الليبرالية المعاصرة ٥٨.

(٢) مەبەستی هایك لە بەکارهێنانی چەمکی ئیشتراکییەت: ((ئیشتراکیەتی کۆمەڵایەتییە)) نەك ئیشتراکییەتی شیوعییەت کە جێگای ڕەخنەی سەرجەم لیبڕالییەکانە بە (کلاسیکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان).

حکومەت دیکتاتۆرییەوە نەبێت. جا لە تێڕوانینە ئیشتراکییەکەیاندا بریتییە لە هەوڵی (کامڵ کردنی شۆڕش) بە دووبارە ڕێکخستنەوەی هۆشیارانەی کۆمەڵگە بەپێی پلانێکی ڕێك و پێ کردن و پیادەکردنی ((دەسەڵاتی هزری)) بە زۆرلێکردن، مەبەستەکانی دامەزرێنەرە ئیشتراکییەکان لە هەمبەر ئازادیدا نهێنیەك نەبووە لە نهێنیەکان.

ئەم ئیشتراکییانە ئازادی بیرکردنەوەیان وەك کانگای هەموو خراپە و ئاشوبەکانی سەدەی نۆزدەم دادەنا، یەکەم پلاندانەری هاوچەرخ (سان سیمون) پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئەوانەی ملکەچی ئەم نەخشانە دەبن ئەوا وەك ئاژەڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت))[1]. پاشان دەڵێت: ((ئیشتراکییەت دەستی نەکرد بە گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزی ئازادی _ تەنها _ لە ژێر کاریگەری ڕەوتە بەهێزەکانی دیموکراسییەت نەبێت کە پێ شۆڕشی ١٨٤٨ کەوتنەوە، بەڵام لەسەر ئیشتراکییەتی دیموکراسی هاوچەرخ پێویست بوو بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بێ تا پاساو بدات بەو گومانانەی بەهۆی پێشینەکەیەوە هاتبوونە کایە))[2].

چەمکی نەرێنی ئازادی داوا لە حکومەت دەکات هەڵسوکەوت بە شێوەیەکی نەرێنی بکات بۆ بەرپا بوونی ئازادی، بەتایبەت کە پێناسەی ئازادی بەسیفەتێکی یاسایی هاتووە، جا چەمکی ئازادی بە یاسا بەستراوە، وایلێهات قسەکردن لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت ببێتە شتێکی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی ئازادی لەلایان.

(١) الطريق إلى العبودية ٣٧.
(٢) هەمان سەرچاوە ٣٨.

هایك دەڵێت: ((ئەو ئەركەی لەسەر دەوڵەت پێویستە بەرپای بكات بریتییە لە پاراستنی بوارەكانی كارایی تاك كە ناسراوە بە دەستێوەرنەدانی ئەوانی تر، هەروەها دیاریكردن یان ڕوونكردنەوەی ئەم بوارانە تایبەتن بە تاك، نەك بە تایبەتكردنی هەندێك بواری دیاركراو، بەڵكو بە فەراهەم كردنی هەل و فرسەت بۆ حاڵەتەكانی داهێنان لەو بوارانەی تاك بەهۆی دیاری دەكات، بە پشت بەستن بەو یاسایانەی كە حوكمی ئەو كردارانەی ئەنجامی دەدات و بۆی ڕوون دەكاتەوە لە سایەی هەڵوێستە جیاوازەكان))[١].

هەروەها دەڵێت: ((بەندە ئازاد نابێت ئەگەر تەنها مافی دەنگدانی بە دەستهێنا یان كە گەیشتە پلەیەك لە ئازادی دەروونی، ئەگەر بیكەیە هەر شتێك، بەڵام هەر چەندە فەیلەسوفە نموونەگەراكان هەوڵ بدەن ئەوا ناتوانن قەناعەتمان پێ بكەن بە بۆچوونی پێچەوانە))[٢].

هایك سەرباری ئەوەی دژی پلاندانانی ناوەندی (مركزی) وەستاوە، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا پلاندانان بە تەواوی ڕەت ناكاتەوە؛ چونكە نەبوونی پلاندانان بە مایەی شڵەژان و بێ سەروبەری دادەنێت، جا هەموو پلاندانانێك دزێو نییە، بەڵكو ئەو پلاندانانە دزێوە كە زیان بە ئازادی تاك و كێبڕكێ دەگەیەنێت، جا هایك بە ڕۆشنی ئەمە ڕوون دەكاتەوەو دەڵێت: ((لیبڕالییەت دەیەوێت هەڵبستێت بە باشترین بەرهەمهێنانی گونجاو بۆ هێزە كێبڕكێكارەكان وەك هۆكارێك بۆ هەماهەنگ كردنی كۆششە مرۆییەكان، لیبڕالییەت نایەوێت شتەكان چۆنن هەر ئاوا بمێننەوە، لیبڕالییەت بنیاتنراوە لەسەر باوەڕو قەناعەت هەبوون بەوەی

---

١) وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية ٧٢.

٢) الغرور القاتل ٥٠.

کێبڕکێ بریتییە لە باشترین ئامراز بۆ ئاڕاستەکردنی هەوڵ و کۆششە تاکییەکان، لیبڕالییەت دژی پلان نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە دەبێ پشتیوانی یاسایی پاڵێوراو و بایەخدار دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی کێبڕکێ بتوانێت ڕۆڵێکی سوودبەخش بگێڕێت، هەروەها دانیش بەوەدا دەنێت کە یاسا کۆن و هەنووکەییەکان کەم و کورتی ڕاستەقینەیان هەیە، هەروەك چۆن لەلایەکی تریشەوە نکۆڵی لەوە ناکات کە بۆ کاراکردنی کێبڕکێ ئەوا پێویستە پەنا ببرێتە بەر ڕێنماییکردنی چالاکی ئابووری))[1].

ئەم تێڕوانینە بۆ ئازادی وا دەکات دەوڵەت تەنها ئامرازێك بێ بەدەستی سەرمایەداران، چونکە دەوڵەت دادەماڵرێت لە پاراستنی هاوڵاتیان بە هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی پاراستن.

ئەم تێڕوانینە پێی وایە نارچارکردن و سەرکۆنەکردنی ئازادییە ئەگەر دەوڵەت هەڵسا بە پێشکەش کردنی دەستەبەرییە کۆمەڵایەتییەکان و پاڵپشتی کردنی شتومەکی پێویست و پاراستنی ژینگە و جگەلەمانەش لەو شتانەی کۆت و بەندیان تێدایە بۆ چڵێسی و نەوسنی و یاخی بوونی سەرمایەداران.

هەروەك چۆن پێشتر خرایەڕوو ئەوا پەیڕەوێکی ڕۆشنبیری کامڵ دامەزرا بۆ بنیاتنانی ئەم چەمکە کە دەستپێدەکات بە دانانی پەیڕەوی تاقیکاری بە پەیڕەوی ڕاست و دروست لە دەستخستنی زانیاری و زانست، کۆتاییش دێت بە دیاریکردن و کورت هەڵهێنانی ئەرك و کاری دەوڵەت لە دانانی ئەو یاسایانەی ئازادی

---

(1) الطرق إلى العبودية ٤٧.

سەرمایەداران دەپارێزن، کۆت و بەندکردنی دەوڵەت لە هەڵسان بە گێڕانی ڕۆڵی پێویستی خۆی لە یارمەتیدانی هاوڵاتییە دەستکورت و هەژارەکان.

یەکێك لە شتە تێکگیراو و دژیەکەکانی ئەم چەمکە ئەوەیە کە کردەوەی خۆکاری سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی شارستانیەت، لەگەڵ ئەوەی کردەوەی خۆکاری لە چەمکی لیبڕالییدا پێویستە تاکی بێ و هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی نەبێ، کەچی لێرەدا کردەوەی خۆکاری بە ئامرازێکی داناوە بۆ دروستکردنی شارستانیەت، سەرباری هەماهەنگ نەبوونی درزی هزری نێوان ناچارنەکران و پێویستی هەبوونی یاسایەکی ڕێکخەر بۆ ئازادی، لەگەڵ ئەوەی پەیڕەوی لیبڕالی سەربەخۆبوونی کێبڕکێ و دووربوونی لە هەر دەستێوەردانێك بە پێویست دەزانێت، چونکە دەستێوەردانی گەندەڵی دەکات.

دەکرێ بەدواداچوون بکرێ بۆ جێبەجێکارییەکانی ئەم چەمکە لە ((لیبڕالییەتی کلاسیکی)) و بۆچوونە سیاسی و ئابوورییەکانی، دواتر بەدواداچوون بۆ ((لیبڕالییەتی تازە)) بکرێت کە ژیانی بۆ لیبڕالییەتی کلاسیکی گێڕاندەوە، دوای ئەوەی سیس هەڵگەڕا بوون لە سەدەی بیستەمدا، ئەمەش پاش دەرکەوتنی دەرەنجامە لەناوبەرەکانی ئەم زاراوەیە.

## دووەم: واتای ئەرێنی ئازادی:

لەم چەمکەدا مانای ئازادی بریتییە لە: ((حەزی تاك لەوەی ببێتە گەورەی خۆی))[1]، ئەم چەمکە پشت دەبەستێت بە گەشەپێدانی توانا لەسەر ئەنجامدانی کردەوە.

تۆماس جرین ئازادی بەپێی ئەم چەمکە پێناسە کردووەو وتویەتی: ((هێز یان وزەی ئەرێنی لەسەر ئەنجامدانی کردەوەیەك یان هەبوونی شتێك کە نرخێکی گەورەتری هەبێت لەوەی تەنها کردەوەیەك یان خۆشییەك بێت، هەروەها بەشداری کەسانی لەگەڵمان لەو شتەی هەڵدەستین بە ئەنجامدانی یان دەمانەوێ هەمان بێ و خۆشی لێ ببینین))[2].

ئیزایا بەرلین _ حەزی تاك لەوەی گەورەی خۆی بێت _ بەم وتەیەی ڕوون دەکاتەوە: ((حەز دەکەم لە ژیاندا و لە بڕیارداندا پشت بەخۆم ببەستم، نەك ببمە ئامرازێك لەلایەن کەسانی ترەوە دیاری بکرێم جا بە هەر جۆرێك بێت، دەمەوێت ئامرازێك بم بەدەست خۆمەوە نەك بە دەست کەسانی ترەوە، ئارەزوو دەکەم خۆم بکەر بم، نەك ئەوەی کاریگەری کردەوەکەی دەکەوێتە سەر، بەپێی ئامانج و مەبەستی کەسی هۆشیار هەنگاو بنێم، نەك بجوڵێم بەپێی ئەو ئامانجانەی بەسەرمدا دەسەپێن، دەمەوێت خاوەن کەسایەتی و بەقیمەت بم نەوەك بێ نرخ و بەهابم، بەخۆم بڕیار بدەم سەبارەت بەوەی حەزی لێدەکەم، نەك ئەوە پیادە بکەم کە بەسەرمدا دەسەپێنرێت، دەمەوێت خۆم ڕێنمایی بکەم

---

(١) حدود الحرية ٢٣.

(٢) وەرگیراوە لە: الليبرالية إشكالية مفهوم ١٠٠.

نەك ڕێنمایی بکرێم لەلایەن ئەوانی ترەوە وەك ئەوەی من ئاژەڵ یان کۆیلەیەك بم نەتوانم هەڵبستم بە ڕۆڵی مرۆڤێك کە پەیی بە ئامانجەکانی ببات و بیر بکاتەوەو شێوازو ڕێبازەکانی کەسایەتییەك دیاری بکات کە دەیەوێت دەستەبەری بکات. بەڕاستی ئەمە بە کەمترین خەملاندن بەشێکە لەوەی دەمەوێت کاتێك دەڵێم: من بیرکردنەوەو ژیریم تەواو و سەلامەتە))[١].

لەم چەمکەدا جەخت لەسەر کردەوە دەکرێتەوە بەشێوەیەکی ژیرانە، هەروەها شیاوێتی گەشەپێدانی لە چوارچێوەی تاکایەتی سەربەست کە هیچ شتێکی بەسەردا نەسەپێنرێت تەنها ئەوە نەبێ کە بە ویستی خۆی پێی ڕازی بووەو هەڵیبژاردووە.

وێنەی ژیرانەی کردەوە بریتییە لە مۆرکی ئازادی و بەرجەستەکەری خود و ڕاست، جا بە ژیرمەندێتی سنووری جیاکەرەوەی نێوان تاك و کەسانی تر ڕوون دەبێتەوە.

((دەوڵەتی ژیرمەندانە _ یان ئازاد _ بریتییە لەو دەوڵەتەی دەڕوات بەپێی ئەو یاسایانەی کە تاکە ژیرمەندەکان بە ئازادی و ڕەزامەندی پەسەندی دەکەن، واتە: ئەو یاسایانەی تاکەکان خۆیان دادەنێن وەك کەسانی ژیرمەند ئەگەر داوایان لێکرا، ئا بەم شێوە سنوورەکان گونجاو و دروست و پەسەند دەبن بۆ هەمووان))[٢].

((ئەم ئازادییە (ئازادی هەبوونی توانا لەسەر کردەوە) ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٣.

(٢) الليبرالية إشكالية مفهوم ٤٣.

**یەکەم: لێهاتوویی لە کاردا، تواناداری لەسەر جێبەجێ کردنی پلان و نەخشەکان.**

**دووەم: توانا جۆراو جۆری پلانەکان و داهێنانی گۆڕانکاری لە کارو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەموو شتێکی تازە لە خۆ دەگرێت.**

**سێیەم: ئەوە دەگەیەنێ کە توانای ئەوە هەبێت حەزو هەڵبژاردن ببنە دوو پاڵنەرو هۆکاری کاریگەر لەسەر ڕووداوەکان))[1].**

**ئەم چەمکەی ئازادی جەخت لە ژیرمەندێتی مرۆڤ دەکاتەوە، ئاماژەش بەوە دەکات کە نیشانەی ئازادییەکەیەتی، دواتر یاسا دەرەنجامی ئەم ئازادییە ژیرمەندانەیە.**

**بەهەمان شێوە لە توانای مرۆڤدایە چارەسەر بۆ هەر کێشەیەك بدۆزێتەوە بە ڕێگەیەکی ژیرمەندانە، لە توانای تاکەکاندا هەیە بەرنامەیەکی گشتی دابنێن کە تاکەکان تێیدا بڕۆن بەپێی یاسایەکی ژیرمەندانە کە هەموو کاروبارەکانیان ڕێك بخات.**

**ئەم بیردۆزە لەسەر ڕێبازی ژیرانەی نموونەگەرایی لە زانیندا دامەزراوە، بەم پێیە توانا دەشکێ بەسەر پلانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێچەوانەی ئازادییەکان نییە بەڵکو ئازادییەکان گەشەی پێدەدات و دەیپارێزێت.**

**ئیزایا بەرلین _ کە یەکێکە لەو بیرمەندانەی بەرگری لە ئازادی ئەرێنی دەکەن _ دەڵێت: ((ئەگەر جیهان لەسەر ڕێبازێکی لۆژیکیانە ڕۆیشتبا ئەوا**

---

**(١) وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية ٦٤.**

پێویستی بە زۆرلێکردن و ناچارکردن نەدەکرد، چونکە ئەو کات ژیان بەپێی پلانێکی ڕێك و پێك دەڕواتە ڕێ کە خزمەتی هەمووان دەکات و ئازادی خودی بۆ ڕەوتی ژێرمەندانە دابین دەکات، ئەمەش دەستەبەر نابێت تەنها لە میانەی پلاندانانی ڕاستەقینەی ڕەسەنەوە نەبێت))[1]. ژیرمەندێتی و ژیربێژی دوو ئاڕاستەکەری ڕاستەقینەی ئازادین، ئەمەش هەردەم لە بەرژەوەندی تاکدا دەبێت.

هەر بۆیە سپینۆزا منداڵان بە کۆیلە دانانێت، هەر چەندە ناچارکرابن لەسەر ئەنجامدانی ئەوەی داوایان لێکراوە؛ چونکە ((گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە دەکەن کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە))[2]، جا هەروەك لوك دەڵێت: ((نەبوونی یاسا، واتە: نەبوونی ئازادی و سەربەستی))[3]، مەبەستی ئەوەیە کە نوێنەرانی گەل یاسا دادەنێن، بەمەش یاساکە گوزارشت لە هەموو تاکەکان دەکات، لەسەر هەڵبژاردنە ئازادەکەیان هاتووە بێ هیچ دەستێوەردانێك، دواتر دەستێوەردانەکانی یاسا لە دوای ئەمە ڕەتکردنەوەی ئازادی نییە، چونکە ئەمە بە ئازادییەکی تەواو ئەنجامدراوە.

برلین چەمکی ئازادی ئەرێنی بە پلەیەکی ڕۆشن پەسەند دەکات لەم وتەیەیدا: ((ئامانجە ژیرمەندییەکانی سروشتە ڕاستەقینەکەمان پێویستە هەماهەنگ و کۆك بن یان ناچار بکرێن لەسەر ئەمە، جا هەر چەندە خودە ساکارو نەفام و بەجۆش و خرۆشەکەمان هاواری نارەزایی لێ بەرز ببێتەوە دژی ئەم بانگەوازە، ئازادی مانای ئەوە نییە هەڵبستیت بە کارێکی گێلانە یان هەڵە

(١) حدود الحرية ٤٥ _ ٤٦.
(٢) هەمان سەرچاوە ٤٦.
(٣) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**یاخود نا ژیرانە، هەروەك چۆن ناچارکردنی خود کە حەزی لە تاقیکردنەوەو هەڵبژاردنە لەسەر گرتنەبەری هەڵسوکەوتی ڕاست خۆسەپاندن و زۆرلێکران نییە، بەڵکو ئازاد کردنە))(١).**

**ئەم چەمکەی ئازادی بریتییە لە ناوەڕۆکی هزری (جان جاك ڕۆسۆ) و (تۆماس گرین) و (هویهاوس) و (ڤۆلتێر) و (جۆن دیوی) و (ڕەسل) و جگەلەوانیش، بەهەمان شێوە بریتییە لە ناواخنی بیرۆکەی شۆڕشی فەڕەنسی و زمانی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ لە سەدەی هەژدەم (سەردەمی ڕۆشنگەریی)(٢).**

**هەڵگرانی ئەم چەمکەی ئازادی ئەوا ئازادی تاکەکەسی و یەکسانی لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا بەیەکەوە کۆ دەکەنەوە، بەو شێوەیەی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی گشتی دەستەبەر بکات. چەندین ڕەگەزی جیاواز دەچنە ناو ئەم چەمکە لە گونجاندنی ئازادی و ڕێکخستنی وەك ژیرمەندی و ڕۆشنبیری، چونکە نەزانی سەردەکێشێت بۆ نا ژیرمەندی و پاشکۆیەتی و ملکەچ بوون.**

**لەوەی پێشتر خرایەڕوو ئەوە ڕوون بووەوە کە گۆشەنیگای ئەم چەمکە بریتییە لەوەی بە ڕێبازی ژیرانە پەیی بە زانین دەبرێت، ژیری توانای هەیە پەیی بە شتە گشتییەکان ببات و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بزانێت و ئەندێشەی ئایندە بکات بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، هەر لەبەر ئەمە ژیری (عەقڵ) لە توانایدایە کاروبارەکانی سیاسی و ئابووری ڕێك بخات بەوپێیەی بگونجێت لەگەڵ ئازادی تاك و گەشەپێدانی تواناکەی لەسەر ئەنجامدانی کردار.**

---

**(١) هەمان سەرچاوە** ٤٧.

**(٢) بڕوانە: حدود الحرية** ٤٩.

**جا لەم چەمکەدا ((لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی)) بەرهەم هات کە پێی وایە پلاندانانی ئابووری و پاڵپشتی کردنی دەستەبەرییە کۆمەڵایەتیەکان پێویستن، لەگەڵ مانەوەی ئازادی تاکەکەسی و هزری وسیاسی.**

**لێرەدا چەمکێکی ئەرێنی تر هەیە بۆ ئازادی، کە لە چەمکی پێشتر جیاوازە، ئەمیش بریتییە لە چەمکی براگماتی واتە: ئازادی توانا لەسەر ئەنجامدانی کردار لەپاڵ هەبوونی توانا لەسەر هەڵبژاردن، جۆن دیوی گوزارشت لەم چەمکە دەکات و پێی وایە ئازادی چەمکێکی ڕەسەن نییە لە سروشتی مرۆڤدا، بەشێوەیەك ئەگەر خۆسەپاندن و زۆرداری پیادەکراوی کڵێسا و دەوڵەت ڕەتبکرێنەوە ئەوا لە دەرەنجامی ئەمەدا دامەزراوەی ئازاد ناهێنە بەرهەم، لەسەر ئەو بنەڕەتەی ئازادی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە بەڵام سەرکوت کراوە.**

**پێی وایە بوونی توانا لەسەر ئەنجامدانی کردار هاودەمە لەگەڵ هەوڵدان بۆ هێز، ئەم هێزە لە بنەڕەتدا دامەزراوە لەسەر زیرەکی کە کلیلی ئازادییە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئازادی ڕاست و دروست.**

**ئازادی سروشت نییە، بەڵکو لە میانەی کارو ڕووداوەکانی واقیع دەردەکەوێت، دیوی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە بە دیاریکردنی سێ ڕەگەز کە واتای ڕاستەقینەی ئازادی پوخت دەکاتەوە، ئەم سێ ڕەگەزانەش ئەمانەن:**

**١_ ئازادی لێهاتووی لە کارو توانای جێبەجێکردنی پلان و لادانی کۆسپ و لەمپەرەکان لە خۆ دەگرێت.**

**٢_ بەهەمان شێوە ئازادی توانای جۆراو جۆری لە پلان و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە کارو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ شتی تازە لەخۆ دەگرێت.**

٣_ ئازادی ئەوە دەگەیەنێت کە بگونجێت ئارەزوو و هەڵبژاردن ببنە دوو هۆکاری کاریگەر لە ڕووداوەکاندا.

ئەم چەمکەی براگماتی بۆ ئازادی ڕێگر نییە لە دەستێوەردانی دەوڵەت، سەرباری ئەوەی وتویەتی دەبێ ئازادی لە میانەی کاردا پێك بێت، ئەمە بیرۆکەیەکی نوێیە، ڕەگەزی کاری خستەپاڵ ئازادی کۆمەڵایەتی(١).

لەم ناوکۆ _ سیاق _ەدا خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی چەمکی ئەرێنی و نەرێنی ئازادی دەردەکەوێت، لەوانە:

_ هەنگاونان لە ئازادی تاکەکەسی وەك چەمکێکی هاوبەش و خاڵی پشکدار لە نێوان چەمکی ئەرێنی و نەرێنی لە تێگەیشتن لە واتا و ئاماژەی ئازادی.

_ جەختکردنەوەی چەمکی نەرێنی لەسەر دەستێوەرنەدانی دەرەکی، بەوپێیەی ئەمە پێوەری ئازادییە، لە کاتێکدا چەمکی ئەرێنی پشت دەبەستێت بە توانای ئەنجامدانی کار و گەشەپێدان و ڕێکخستنی بەو شێوەیەی بەرژەوەندی تایبەت و گشتی دەستەبەر دەکات.

_ چەمکی نەرێنی لە ڕێبازی ماددی تاقیکارییەوە هەنگاو دەنێت، وەك پەیڕەوێك بۆ بەڵگە هێنانەوە لە دەستخستنی زانیاری مرۆیی، هەروەها ئەوەی لەسەر ئەمە کەڵەکە دەبێت لە کرداری خۆکاری پلان بۆ دانەنراوە، کە بە سروشتی خۆی سەردەکێشێت بۆ بنیاتنانی شارستانیەت بەشێوەی کەڵەکەبوون، لە کاتێکدا چەمکی ئەرێنی پشت بە ڕێبازی عەقڵی نموونەگەرایی دەبەستێت وەك

(١) بڕوانە: مفهوم الليبرالية عند جون ديوي ١٩٨ _ ٢٠٥.

پەیڕەوێکی بەڵگە هێنانەوە لە زانین و زانیاریدا، کە سەردەکێشێت بۆ پلاندانانی ژیرانەی گشتی بۆ هەموو شتێك. چەمکی نەرێنی باوەڕ بە توانای گشتگیری عەقڵ ناکات ، کەچی چەمکی ئەرێنی بە ڕەگەزێکی پێویست دایدەنێت لە تێگەیشتنی ئازادیدا.

_ جەختکردنەوەی چەمکی نەرێنی لەسەر نەزانی مرۆڤ و پێویستی خۆکاری بۆ بنیاتنانی زانیاری کەڵەکە بوو کە سەردەکێشێت بۆ دروستکردنی شارستانیەت کە گرنگترین شتە کە ئازادی کاری تێدا بێت، لە کاتێکدا چەمکی ئەرێنی سەرزەنشتی نەزانی دەکات و ستایشی توانای فراوانی ژیری دەکات، جا نەزانی مرۆڤ بەپێی چەمکی نەرێنی بنچینەی ئازادییە و پلاندانان بناغەی بەندایەتییە، سەبارەت بە نەزانی لە چەمکی ئەرێنیدا سەردەکێشێت بۆ پاشکۆیەتی و بەندایەتی، بەڵام پلاندانانی ژیرمەندانە سەردەکێشێت بۆ ئازادی و گەشەپێدانی سەربەستی.

هەڵگرانی بیرۆکەی ئازادی ئەرێنی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مەسەلە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان کرد بەشێوەی چارەسەرکردنی پرس و کێشەکان بەوپێیەی لە زانستی سروشتیدا چارەسەر دەکرێن.

ئۆغیست کۆنت[١] ئەمەی ڕوون کردۆتەوە لەسەر شێوەی پرسیارکردن: ((ئەگەر ئێمە مۆڵەت بە بیرکردنەوەی ئازاد نەدەین لە زانستەکانی زیندووەرزانی و کیمیادا، ئەوا بۆچی مۆڵەتی پێدەدەین لە بواری سیاسەت و ڕەوشتدا))[٢].

---

(١) ئۆگست کۆنت: بیرکاریناس و فەیلەسوفێکی فەرەنسییە. لە ساڵی ١٧٩٨ز لە دایك بووە. بە دامەزرێنەری فەلسەفەی دەستکرد دادەنرێت، کە تەنها بایەخ دەدات بە ڕووکەش و دیاردە و ڕووداوە

واتای ئەمە ئەوەیە کە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی بیرکاری ماددی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە یاسای دەرچووو بەسەر ڕێکخراوی گشتیدا، جا یاسای سیاسی وەك یاسای بیرکاری لێی دێت، شیاوی مشتومڕو فرە بۆچوونی نابێت، بێگومان ئەمە سەردەکێشێت بۆ زۆرداری و خۆسەپاندن.

ئیزایا بەرلین دەڵێت: ((لە بارو حاڵەتە نموونەییەکاندا ئازادی تاکەکەسی کۆك دەبێت لەگەڵ یاسا و لەگەڵی دەڕوات بێ ئەوەی بەیەکدادان دروست ببێت؛ واتە: حوکمی خودی لەگەڵ دەسەڵات. ئەو یاسایەی ڕێگریم لێدەکات لە ئەنجامدانی کارێك کە ناتوانم پێی هەڵسم وەك کەسێکی ژیر، جا یاسا ئەم ڕێگرییە ناکات تا ئازادییەکەم کۆت و بەند بکات، جا لە کۆمەڵگەی نموونەگەراییدا کە پێکهاتووە لە چەند تاکێك کە لە ئاست بەرپرسیارێتین، ئەوا زۆر کەم تاك هەست بە بوونی یاساکان دەکات، چونکە ئەم هەستکردنە بە پلەبەندی کەم دەکات لەبەردەم پابەندبوونیان بە یاسا بێ زۆرلێکران))[٢].

فریدریك هایك ڕەخنەی لەم جۆرە هەڵسوکەوت کردنە گرت لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، جا بیردۆزەکانی دەستێوەردان دروست بوون و درانە پاڵ ئازادی بەهۆی جێبەجێکردنی ڕێبازەکانی زانستە سروشتییەکان بەسەر زانستە

دڵنیاکەرەوەو سەلمێنراوەکان، هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ڕووت یان لە ئەودیو سروشت فەرامۆش دەکات. هەندێك لە توێژەران بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵایەتیش دادەنێن. لە سەرەتای لاوێتیدا کاریگەر بوو بە فەلسەفەی سان سیمۆنی ئیشتراکی. بانگەوازی کرد بۆ باوەڕهێنان بە ئاینێکی نوێ کە ناوی نا (ئاینی مرۆڤایەتی). لە ناودارترین شوێنەوارەکانی: کتێبی (چەند باسێك لە فەلسەفەی دەستکرد). لە ساڵی ١٨٥٧ز بە شێرپەنجە مرد. معجم أعلام المورد ٣٨٨.

(١) وەرگیراوە لە: حدود الحرية ٥٠.

(٢) حدود الحرية ٤٧ _ ٤٨.

کۆمەڵایەتییەکان، کە گەیاندییە پلاندانانی ناوەندی (التخطيط المركزي) کە ئازادی ڕەت دەکاتەوە بەپێی تێڕوانینی ((هایك))[1].

کانت بوارەکانی ئەرێنی و نەرێنی چەمکی ئازادی پوخت کردۆتەوە لە سێ بنچینەی گشتیدا، ئەم بنچینانە بوونەتە ناونیشانی هاوڵاتی بوون، کە ئەمانەن:

١_ ئازادی دەستووری:

مەبەست لێی چەسپاندن و داننانە بە مافی هاوڵاتی لەوەی ملکەچی حوکمی هیچ یاسایەك نەبێت، کە بەخۆی ڕازی نەبووە لەسەر دانانی ئەو یاسایە بەبێ ناچارکران و زۆرلێکردن.

٢_ یەکسانی شارستانی (مەدەنی):

مەبەست لێی چەسپاندن و داننانە بە مافی هاوڵاتی لەوەی داننەنێت بە باشترو لەپێشتربوونی ئەوانی تر لە هەر جۆرو پلەیەکدا لە پەیوەندییان بەوەوە وەك هاوڵاتی، بە جیاکردنەوەی ئەوانەی مافی ڕەوشتیان هەیە لە سەپاندنی هەندێك ئەرکی دیاریکراو لەسەر ئەوانی تر کە یەکسانە لەگەڵ مافی ئەو، وەك هاوڵاتی، لە سەپاندنی هەندێك ئەرکی بەسەر ئەوەی دیکە.

٣_ سەربەخۆیی سیاسی:

مەبەست لێی ئەوەیە کە یەکێك لە مافە چەسپاو و دانپێدانراوەکانی هاوڵاتی بوون بریتییە لەوەی هاوڵاتی لە بوون و بەردەوامی هەبوونیدا پشت نەبەستێت

---

(١) فریدریك هایك کتێبەکەی خۆی نووسی (شۆڕشی دژی زانست) لە ساڵی ١٩٥٢ز سەبارەت بەم بابەتە، ڕەخنەی لێگرت، بڕوانە: مفهوم الحرية ١٨.

بە ویستی ناچارکاری ئەوانی تر، بەڵکو پشت ببەستێت بە توانای خودی خۆی وەك تاك لە ناو کۆمەڵێکی یەکگرتوو. بەم پێیە هاوڵاتی کەسایەتییەکی شارستانی (مەدەنی) بەدەستدەخات کە ناکرێت کەسێکی تر وێنای بکات و گوزارشتی لێ بکات تەنها بە خودی خۆی نەبێت[1].

## ئازادی و یەکسانی:

لیبڕالییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ((یەکسانی)) کرد، بەهەمان ئەو ڕێگەیەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ چەمکی ئازادی کرد. جا یەکسانی لەلای ((فریدریك هایك)) واتایەکی نەرێنی وەردەگرێت، پشت دەبەستێت بە خۆکاری کرداری مرۆڤ، کە بەخۆی دەبێتە هۆی دروست بونی ڕێسای هەندێك هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دادگەرانە، شەقڵی ئەم یاسایانە بریتییە لە گشتێتی و یەکسانی، هیچ ڕێکخستنێك بۆ کرداری مرۆیی لەخۆی ناگرێت، بەڵکو بریتین لە یاسا و ڕێسای ڕووت کە پەیوەست نین بە مەبەست یاخود ئامانجی دیاریکراوەوە.

ئەم یاسایانەش بریتین لە بواری کاری ئازادی خۆکاری پلان بۆ دانەنراو کە سەردەکێشێت بۆ خاوەندارێتی تایبەت. چونکە بنیاتنانی شارستانیەت دەوەستێتە سەر خاوەندارێتی تایبەت، حکومەتی دادگەر بریتییە لەوەی ئەم خاوەندارێتییە تایبەتە دەپارێزێت بە دانانی سنوورێك بۆ دەستدرێژی ئەوانی تر، بەمەش

---

[1]) وەرگیراوە لە: الحرية في العقل الكلامي والفلسفي الإسلامي، مجلة إسلامية المعرفة، ژ ٣١، ٣٢، لا ٦٠.

**چەمكی نەرێنی زاڵ دەبێت بەسەر هەموو چەمكەكانەوە هەر لە ئازادی و سیستەمی خۆكاری و ڕێساكانی ڕەوشتی دادگەر تا دەگاتە دادگەری و یەكسانی[١].**

**هایك دەڵێت: ((نەوەكەمان ئەوەی بیرچۆتەوە كە سیستەمی خاوەندارێتی تایبەت بریتییە لە گرنگترین دەستەبەری بۆ ئازادی، نەك تەنها بۆ ئەوانەی خاوەندارن، بەڵام بە دەگمەن وایە بەڕێژەی كەمتر بێ بۆ ئەوانەی خاوەندار نین، چونكە دەسەڵات بەسەر ئامرازەكانی بەرهەمهێنان دابەشكراوە لە نێوان ژمارەیەك لەو خەڵكەی كە بەشێوەیەكی سەربەخۆ كار دەكەن، هیچ یەكێك دەسەڵاتی تەواوی نییە بەسەرماندا، ئێمەش وەك تاك لە تواناماندا هەیە بڕیار بدەین لەوەی دەمانەوێت بە خۆمان بیكەین))[٢].**

**هەر بۆیە كلاسیكییەكان هەڵوێستێكی نەرێنیان هەبوو لە هەمبەر ((دادگەری كۆمەڵایەتی)) و ((دابەشكردنی سەروەت و دەرامەت)) بەوپێیەی ئەم هزرانە ئازادی دەبەستنەوەو كۆت و بەندی دەكەن بۆ بەرژەوەندی یەكسانی، ئەمەش لە كۆتاییدا دەگاتە سەر ڕێگەی ئیشتراكییەكان[٣]. هایك پێی وایە وشەی ئیشتراكییەت تەنها شتێكی درەوشاوەیە و بەتاڵە لە واتا و مانا[٤].**

**هایك ڕازی نییە بەوەی كۆمەڵایەتی بۆ دادگەری زیاد بكرێت، بەهۆی دوو هۆكار:**

---

**[١]** بڕوانە: مفهوم الحرية ١٩٥.

**[٢]** وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية ٢١٩.

**[٣]** بڕوانە: الطريق إلى العبودية ١٣٥.

**[٤]** وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية ٢٢٢.

یەکەم: لەبەر ئەوەی چەمکی دادگەری دەبێت چەمکێکی نەرێنی بێت، کە مەبەست لێی فەراهەم کردنی ئازادی کار بێت بۆ هەموو تاکەکان بێ دەستێوەردان، ماناکەی بریتی نییە لە یەکسانی دەستێوەردان یان پێشکەش کردنی هاریکاری بۆ ئەوانەی سەرکەوتوو نەبوونە لە دەستخستنی سەروەت و ساماندا.

دووەم: ئەم زیاد کردنە ئیشتراکییەکان لەسەر ئاستێکی فراوان بەکاریان هێناوە، ئەمە جۆرێك لە پلاندانان یان ڕێکخستن و دەستوەردانی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی بازار بەدەستەوە دەدات، هایك بە توندی دژی ئەمەیە[1].

بە هەمان ئەو ڕێگەیە (میلتۆن فریدمان) هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەکسانی کردووە، بەوەی واتا ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکەی ڕەتکردەوە، واتاکەی بە شێوەیەکی نەرێنی وەرچەرخاند کە لە ڕاستینە (حەقیقەت)کەی ڕۆیشتە دەرەوە.

میلتۆن فریدمان دەڵێت: ((ناوەڕۆکی فەلسەفەی لیبڕالییەت بریتییە لە باوەڕ بوون بە ڕێزی تاك و ئازادییەکەی لە قۆستنەوەی ئەوپەڕی تواناکەی و هەل و فرسەتەکان بەپێی فەلسەفەی ژیانی. تەنها ملکەچی ئەو مەرجە دەبێ کە دەستوەرنەداتە ناو ئازادی تاکەکانی تر لەوەی هەمان شت بکەن. ئەمەش ئەوە لە خۆ دەگرێت کە دەبێت باوەڕ بهێنرێ بە یەکسانی کەسەکان لە یەك مانادا، یەکسان نەبوونیان لە ماناکەی تردا.

هەر کەسێك دەیەوێت کاری جیاواز بکات بە ئازادی خۆی، لەم ماوەیەدا زیاتر لە تاکێك دەتوانن بەشدار بن لە ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە کە چەندین کەس تیایدا دەژین، هەر بۆیە کەسی لیبڕالی زۆر بەهێز جیاوازی دەکات لە نێوان

[1]) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٢٦.

یەکسانی ماف و یەکسانی هەلەکان لەلایەك و یەکسانی ماددی یان یەکسانی لە دەرەنجامدا لەلایەکی ترەوە.

لەوانە لە ڕاستیدا پێشوازی بکات لەوەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد حەز دەکات بە ڕۆیشتن بە یەکسانی ماددی زیاتر لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر.

بەڵام ئەمە وەك دەرەنجامێکی لاوەکی خوازراو لەلایەن کۆمەڵگەی ئازاد دادەنێت، نەك پاساوە سەرەکییەکەی بێ.

پێشوازی دەکات بە گرتنەبەری بەو ڕێوشوێنانەی گەشە دەدات بە هەر یەك لە ئازادی و یەکسانی _ بۆ نموونە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنەی هێزی قۆرغکاری لادەبات و کاری بازار باش دەکات _. چاکەی تایبەت کە ئاڕاستەکراوە بەرەو هاریکاری بەشی زۆر کەم دەبێت، وەك: نموونەیەك بۆ بەکارهێنانی ڕاست و دروستی ئازادی. کاری حکومی بەرەو کەمکردنەوەی هەژاری وەك ڕێگەیەکی کارا ببێتە هۆی ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆر لە میانەیدا ئامانجێکی هاوبەش دەستەبەر بکەن. جا ئەمە بە داخ و پەژارەوە دەکات، چونکە ناچاربووە کاری ناچاری بگۆڕێتەوە بەکاری خۆبەخشانە. ئەوەی باوەڕیشی بە یەکسانی هەیە هەر بەمە دەگات.

بەڵام دەیەوێت بۆ دوورتر بڕوات، بەرگری دەکات لە وەرگرتن لە هەندێك بۆ بەخشین بە هەندێکی تر، ئەمەش لەسەر بنچینەی دادگەری نەك وەك ئامرازێکی کارا کە هەندێك بەهۆیەوە بتوانن ئامانجێکی پێ دەستەبەر بکەن کە حەزیان لێیەتی. لەم خاڵەدا یەکسانی لەگەڵ ئازادی تێکدەگیرێت، لەسەر مرۆڤ پێویستە

هەڵبژاردن بکات، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بەو واتایە باوەڕی بە یەکسانی هەبێت و لیبڕالیش بێ))[١].

بەم پێیە چەمکی یەکسانی شوێنکەوتووی چەمکی ئازادی دەبێت، جا بانگەشەکارانی چەمکی نەرێنی یەکسانی و فەراهەمکردنی هەلەکان کورت هەڵدێنن لە توانینی دەوڵەت بە هەڵسان بە دابینکردنی کارو بیرکردنەوە بۆ تاکەکان بێ دەستێوەردان، بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵگەدا دەستەو تاقمی خاوەنداری جیاواز هەبوون، ئەوا بۆ دەوڵەت نییە دەستوەردان بکات بۆ پاڵپشتی کردنی دەستەیەکی دیاریکراو بە پاساوی پێویستییە ماددییەکەی، لە کاتێکدا بانگخوازانی چەمکی ئەرێنی پێیان وایە دەستوەردانی دەوڵەت پێویستە بۆ پاڵپشتی کردنی نەدارو هەژاران دژی قۆرغکاری و قۆستنەوەی سەرمایەرداری لەگەڵ مانەوەی ئازادی فەراهەم بوو بۆ سەرمایەداران.

## بنچینەی دووەم: تاکایەتی:

تاکایەتی بریتییە لە شەقڵی سەرەکی و یەکەمی سەردەمی بوژانەوە، ئا ئەمە سەردەمی بوژانەوەیە وەك کاردانەوەی هزری سەدەکانی ناوەڕاست دێت، تاك ڕزگاری دەبێ لە ڕێوشوێنی کاسۆلیکی دوورو درێژ))[٢].

ئازادی بە تاکایەتی بەستراوە بەشێوەیەکی تۆکمە، وایلێهات تاکایەتی ماناکەی بووە سەربەخۆیی و ئازادی تاك، جا لەم بارەوە ((جۆن دیوی)) دەڵێت: ((بیرۆکەی "ئازادی" لە داب و نەریتەکانی ڕێبازی ئازادیخوازان _ لەلای هەر یەك لە

---

[١]) الديمقراطية والحرية ١٧٩.

[٢]) تاريخ الفكر السياسي ١٧٩.

**ئەمریکی و ئینگلیزەکان _ پەیوەست بوو بە هزری "تاکایەتی"؛ واتە: پەیوەست بوو بە تاکەوە بەوپێیە تاکە. ئەم پەیوەست بوونە زۆر تووند و بەند بوو و لەسەر زمانەکانیش زۆر باسی لێوە دەکرا، تا خەڵکی وا خەیاڵیان کرد ئەمە شتێکی خودی ڕەسەنە))(١).**

ئەم تاکایەتییە بە دوو واتای جیاواز هاتووە:

**یەکەم: تاکایەتی بە واتای خۆویستی و خۆشویستنی خود، ئەم واتایە زاڵ بووە بەسەر هزری خۆرئاوا هەر لەوەتەی سەردەمی بوژانەوە تا سەدەی بیستەم، ئەمە بریتییە لە ئاڕاستەی لاساییکەرەوە لە فەرهەنگی لیبڕالییەتدا.**

**دووەم: تاکایەتی بە واتای سەربەخۆیی تاك لە میانەی کاری بەردەوام و پشت بەخۆبەستن، ئەمە ئاڕاستەی براگماتییە، ئەمە چەمکی هاوچەرخی تاکایەتییە.**

**لە میانەی ئەم دوو واتایەدا ڕووی ڕاستەقینەی تاکایەتی لە هزری لیبڕالیدا ڕوون دەبێتەوە، ئەمەش ئەو بنچینەیەیە کە لیبڕالییەت بۆی دەگەڕێتەوەو لە میانەیدا واتاکەی ڕوون دەبێتەوە.**

## یەکەم: تاکایەتیی لاساییکەرەوە:

**لیبڕالییەکان تاکایەتی بە سروشتی مرۆییەوە دەبەستنەوە، جا باری سروشتی یەکەم و سەرەتا بریتییە لە وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤ، ((هۆبز)) پێی وایە کە سروشتی مرۆیی خراپەکارو خۆپەرستە و جەخت لەسەر خود (ذات) دەکاتەوەو هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی و دابین کردنی**

**(١) الحرية والثقافة** ٣٣.

**پاراستن و ئاسایشەکەی، بەڵام ((جۆن لوك)) ڕای جیاوازە لەگەڵ ((هۆبز)) لەسەر ئەوەی مرۆڤ خراپەکارە، بەڵام کۆکە لەگەڵ لەوەی مرۆڤ پێداگیری لەسەر خودپەسەندی دەکاتەوە[1].**

**جا ((هۆبز)) لە ((جۆن لوك))[2] ڕەسەنتر بوو لە تێڕوانینە لیبڕالییەکەی بۆ ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەی ((لوك)) گەیشتە هەمان دەرەنجام بە ڕێگەیەکی تر بەوەی دانی نا بە خاوەندارێتی تایبەت بە شێوەیەکی تەواو خۆپەرستانە.**

**لوك ڕایگەیاند کە خوای گەورە زەوی بە ئادەمیزادی داوەو لە نێوان ئەواندا دابەشی کردووە، (کار)یشی کردە تاکە پاساوی خاوەندارێتی[3]، بەڵام ((لوك)) کەوتە ناو تێکگیرانێکی مەترسیدارەوە، جا پێی وابوو خوای مەزن زەوی بە ئادەمیزاد داوە بە دابەشکردنی لە نێوان تاك و کەسەکان لەسەر بنچینەیەکی هەواڵ (خەبەر)ی، دواتر باوەڕی وابوو کە (کار) تاکە ئامرازی خاوەندارێتییە بە پشت بەستن بەوەی سروشت دانی پێداناوە، جا ئەمە پشت پێبەستنێکی عەقڵییە،**

---

(١) بڕوانە: في فلسفة السياسة ١٠٠.

(٢) هۆکاری ڕاجیایی لوك لەگەڵ هۆبز، ئەوە بوو کە چینی بۆرژوازی ویستی بیرۆکەی ئازادی تاکەکەسی بخاتە بازارەوەو بازاری گەرم بکات، ئەم بیرۆکەیە دەستخستنی سەروەت و سامان بە ڕەوا دادەنێت بە هەر ڕێگەیەك بێت، بەڵام ئەم چینە لە ڕای هۆبز لایدا، چونکە بۆی نییە پەسەندی بکات وەك پیاوێکی بێ باوەڕ، سەرباری ئەوەی ئەو دڕندایەتیەی کە مرۆڤی پێ وێناکردووە ئەوا هیچ پەسەندییەکی دەروونی نییە، هەروەها ئەو دەرەنجامەش ڕەتکراوەیە کە پێی دەگات ئەویش بریتییە لە پێویستی خۆسەپاندن بۆ دەرچوون لە باری سروشتی، بۆیە ئەم چینە بۆچوونەکانی لوکی پەسەند کرد، چونکە ئەو نەصرانی بوو، بەشێوەو ڕێگەیەکی ئاینی لەگەڵ کۆمەڵگە دوا کە ئامانج و مەبەستەکە دەستەبەر دەکات. بڕوانە: الليبرالية إشكالية مفهوم ٦٨ _ ٧٠.

(٣) بڕوانە دەقەکانی جۆن لوك لە کتێبی: الليبرالية إشكالية مفهوم ٧٠ _ ٧٤.

((لوك)) ویستی نرخ و بەهای باڵا بدات بە (کار)، بۆیە کردیە بنچینەی ئازادی تاکەکەسی.

کانت تیۆرە ڕەوشتییەکەی بنیاتنا لەسەر سەربەخۆیی ویستی تاك، هەروەك لە وتە ناودارەکەیدا هاتووە: ((ڕەوشتگەرایی کورت هەڵدێت لە هەڵسوکەوتی تاکەکان وەك ئامانج))[1]، هەر بۆیە دەڵێت: هەمیشە کار بکە بەوەی لە تواناتدا هەبێت لە بناغەی کارەکەت یاسایەکی گشتی بۆ سروشت دابنێیت... هەر دەم کار بکە بەوەی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بکە لە کەسێتی خۆت و کەسانی تر وەك ئامانج نەك تەنها ئامراز... کار بکە بەوەی ویستەکەت _ بەوەی بوونەوەرێکی گۆیایی _ بریتی بێ لە ویستی یاسادانەری گشتی))[2].

کانت مەبەستی جەختکردنەوەیە لەسەر سەربەخۆیی خودی تاك، هەروەها لەسەر ئەوەی کە دەبێ ویستەکەی دەبێ ویستێکی ئازادی سەربەخۆ بێت، بەڵام تێڕوانینی کانت وەك لایەنی تیۆری هات نەك وەك لایەنی کرداری، هەر بۆیە (جۆن دیوی) ئەم تێڕوانینەی کانتی بە ڕەوشتی وێنەیی دانا[3].

تاکایەتی بە سوود بەستراوە، کە پێی وایە ((خێرو چاکە بریتییە لە چێژ، خراپەش بریتییە لە تاوان، هەر لێرەوە باشترین بارودۆخ کە دەکرێ تاك پێی

---

[1] تطور الفكر السياسي ٤/ ٨٩.
[2] كانت أو الفلسفة النقدية ١٩٩، ٢٠٢، ٢٠٣.
[3] بڕوانە: مفهوم الليبرالية عند جون ديوي ٦٥.

بگات بریتییە لەو بارودۆخەی چێژ بەسەر تاواندا بەرز دەبێتەوەو دەگاتە چڵەپۆپەی))[١].

ئەم جۆرە تاکایەتییە لەلای ((بنسام))[٢] بەدی دەکەین، بیرۆکە و هزرە فەلسەفییەکەی پشت بە سوودی تاك دەبەستێت لە میانەی ئەو بەختەوەرییەی بە دەستدەهێنرێ لە ڕێگەی خاوەنداریێتی تایبەت، کە پوختەی وێنەکەی مەبەستی بریتییە لە سوودگەرایی، ئەویش بریتییە لە خاوەنداریێتی هەر شتێك کە لەوانەیە سوود یان بەرژەوەندی یاخود چێژ یان چاکە یاخود بەختەوەری لێ بەدەست بهێنرێ[٣]. سوودی (بنسام) بریتیی بوو لەو ڕایەڵەی نزیکی کردەوە لە لیبڕالییەت بۆ بۆ پاڵپشتی کردنی بەرنامە یاساییەکەی کە لەسەر سوود دامەزراوە.

تاکایەتی و سوودگەرایی و خۆویستی و خۆپەرستی زۆر بە توند و تۆڵی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ((ستیفن لوکس)) لە کتێبەکەیدا (الفردية) دەڵێت: ((ڕێبازی خۆویستی و خۆپەرستی لە ڕەوشتدا بریتییە لەو ڕێبازەی دان بە بنەما ڕەوشتییەکاندا دەنێت بەو وەسفەی بریتین لە بنەمای تاکی بەشێوەیەکی براوە. بەڵام لێرەدا ڕێبازێك هەیە ئەم ((بنچینانەی تاکایەتی)) دەگەیەننە ئەوپەڕی ئاستی شیاو، دەکرێ مێژووی ئەم ڕێبازە دیاری بکەین بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە

---

(١) حكمة الغرب ٢/ ٢١٣ _ ٢١٤.

(٢) جیرمی بنسام: فەیلەسوف و زانایەکی ئابووریناسی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٧٤٨ز لە دایك بووە، فەلسەفەکەی بە (بنسامیەت) ناسراوە، پوختەکەی ئەوەیە: ((کە خۆشیکردن ئامانجی سەرەکی ژیانە، ئامانجی یاسا بریتییە لە دابینکردنی ئەندازەی هەرە مەزن لە بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارە لە خەڵك))، هەوڵەکانی ناوبراو بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگەیەکی زانستی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە هزری چاکسازی لە سەدەی نۆزدەمدا، ناودارترین دانراوەکانی: ((پێشەکییەك بۆ بنەماکانی ڕەوشت و یاسادانان))، ساڵی ١٨٣١ز مرد. معجم أعلام المورد ١١٢.

(٣) وەرگیراوە لە: الليبرالية إشكالية مفهوم ٧٠ _ ٧٤.

سەدەی نۆزدەمدا، کە لە ئێستاوە تا دواتر ناوی لێ دەنێین (ڕێبازی تاکی لە ڕەوشتدا)[1]. دەکرێ بوترێ گەشەی تاکایەتی و خۆویستی بریتییە لە گەشەی ئاوێتە کە ڕووێکی ئەرێنی لە خۆی دەگرێت، واتە: کەسایەتی تاکایەتی پێشدەخات، هەروەك چۆن ڕووێکی نەرێنیش هەڵدەگرێت، واتە: خۆویستی لە تێڕوانینی کۆمەڵگە و تاکدا لە یەك ساتدا پێشدەخات[2].

مرۆڤ کە تاکایەتی خۆی بەرپا دەکات ئەوا تێکناگیرێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی گشتی، لەبەر ئەوەی کۆششی تاك چەندە زیاد بێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتییەکەی ئەوا یاسا هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی فرە کاروبارە تاکییەکان کە سەردەکێشێت بۆ سوود و کەڵکی کۆمەڵایەتی گشتی، ئەمە پرۆسەیەکی سەرخراوە لە نێوان تاك و کۆمەڵگەدا و لیبڕالییەکان داویانەتە پاڵ سروشت، ((ئادەم سمیس)) بە: ((دەستی شاراوە)) ناوی ناوە، ئەمە ئەوەیە کە ((ڕیکاردۆ))[3] لەبارەیەوە وتویەتی: ((هەوڵدان و ڕۆیشتن بە دوای تایبەتمەندی تاکایەتی بەشێوەیەکی سەرەنج ڕاکێش پەیوەستە بە سوودی گشتییەوە))[4].

---

(1) هەمان سەرچاوە ٥٠.

(2) المعجم النقدي لعلم الإجتماع ٤١٥.

(3) دایڤید ڕیکاردۆ: ئابووریناسێکی ئینگلیزییە. لە ساڵی ١٧٧٢ز لە دایك بووە. بە دامەزرێنەری قوتابخانەی کلاسیکی دادەنرێت لە ز انستی ئابووریدا، هەر یەك لە ((تۆماس روبارت مالتۆس)) و ((جۆن ستیوارت میل)) و ((کارڵ مارکس)) کاریگەر بوون بە ڕاو بۆچوونەکانی، گرنگترین شوێنەوارەکانی: ((بنەماکانی ئابووری سیاسی و سەپاندنی باجەکان)). ساڵی ١٨٢٣ز مرد. معجم أعلام المورد ٢١٦.

(4) وەرگیراوە لە: التطور الفكر السياسي ٤/ ٩١٣.

## دووەم: تاکایەتیی نوێ:

تاکایەتی هات بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاك بە خودی خۆی، لە میانەی گوزارشت کردنی هەر تاکێك لە تێڕوانینە تایبەتەکەی، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئازادی بیرکردنەوەو دەربڕین و خاوەنداریێتی و هەڵبژاردن، ئەمە ئەو تاکەیە کە ((ڕالف ئیمرسۆن)) مەبەستییەتی لە وتارەکەیدا ((پشت بەخۆبەستن)) کاتێك وتەکەی خۆی ئاڕاستەی دەکات: ((بلیمەتی ئەوەیە باوەڕت بە ڕاو بۆچوونت هەبێت، باوەڕیشت وابێت ئەوەی گومان هەڵناگرێت و سەلمێنراوە لە دەروونی تۆدا ئەوا لای هەموو خەڵك سەلمێنراوە))(١).

ئیمرسۆن مەبەستی ئەوەبوو کە تاك گوزارشت لە تاکایەتی دەکات، خۆی ئامرازی سەرکەوتنە بۆ خۆی و کۆمەڵگە، ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ تاکایەتی دامەزراوە لەسەر بنیاتێکی جیاواز لە بنیاتی خۆویستی سودگەرایی، ئەو بنیاتەش کە لەسەری دامەزراوە بریتییە لە باوەڕ بوون بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) لە مرۆڤدا، چونکە خوا لە گیان و ڕۆحی مرۆڤدایە، هەر بۆیە مرۆڤ لە سروشت بەرزو باڵاترە(٢).

ئەم تاکایەتییە نوێیە کە لە مرۆڤە هەنگاوی ناوەو بەرزترە لە سروشت، ئەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا لە کاتێکدا پەیوەست بوو بە هزری براگماتی باڵا و بەرز.

---

(١) وەرگیراوە لە: مفهوم الليبرالية عند جون ديوي ١٦٥.

(٢) هەمان سەرچاوە ١٦٧، هەر لەم گۆشە نیگایەوە هزری لیبڕالی باڵا دروست بوو لە لیبڕالییەتی ئەمریکی هاوچەرخدا.

**تاکایەتی نوێ باوەڕی نییە بەوەی لێرەدا بارو حاڵەتێکی سروشتی مرۆڤ هەیە کە تاکایەتی لە دوو توێی خۆیدا حەشار بدات، هەروەها بەشێوەیەکی خۆکاری دەردەکەوێت لەکاتی نەبوونی ناچاری و زۆرلێکران وەك چۆن ڕەوتی لاساییکرەوە پێی وایە، بەڵکو تاکایەتی نوێ پێی وایە تاکایەتی لە میانەی کارو متمانە بوونی مرۆڤ بەخۆی و خۆدارنین لە کۆت و بەندەکانی جیهانی سروشت و خۆ بە بەرزتردانان لێ و هەست کردن بە تواناداری لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێك بە متمانەیەکی تەواو پێکدێت.**

**بارودۆخە ماددییە تازەکان ئەم وەرچەرخانە لە تاکایەتی کۆن بەرەو تاکایەتی نوێیان سەپاند، ئەویش بریتی بوو لە گەشەسەندنی سەرسوڕهێنی پیشەسازی، زاڵبوون بەسەر هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا، ئەمەش بووە هۆی کوژاندنەوەی وێنەی پێشووی تاکایەتی بۆ ئەوەی وێنەیەکی نوێی تاکایەتی دەربکەوێت کە دەستکەوتە تازەکان و زاڵبوونی مەترسیداری ماددەگەرایی سەپاندیان[1].**

**ئەم چەمکەی تاکایەتی لە ئەمریکا بە گەشەی پیشەسازی بەستراوەیەوە، جا بەهۆی بوونی بوونی تاکایەتی خۆ بە گەورەدانەر وایلێهات ئەمریکییەکان هەستیان دەکرد بەوەی تاکی ئاسایی نین، جا نموونەی تاکی ئەمریکی بە (بازدان)ێکی مەزن دادەنرێ لە شارستانیەتدا، تواناکانی شارستانیەتی ئەمریکی بە تایبەتی بەسەر هەموو شارستانیەتەکانی پێشوودا سەردەکەوێت.**

---

**(1) بڕوانە: الفردية قديما و حديثا ١٨.**

((لەوانەیە باشترین گوزارشت لەم (بازدانە) وتاری (فان ویك ریکی) بێ لە کتێبەکەیدا (نبیذ المتطهرین): ئێمەی ئەمریکییەکان هەموومان لە کۆت و بازنەکە دەرچووین، بێگومان ئێمە لە هەموو ڕەگەزەکانی جیهان گەشەمان زیاترە، بەڵام وا بەدەردەکەوێت وڵاتەکەمان (ئەمریکا) هەرگیز تەمەنی منداڵی بەخۆوە نەبینیوە، چونکە تێکۆشان لە پێناو ژیاندا هیچ هەل و فرسەتێکی بۆمان جێنەهێشت بۆ چاندنی هەستی زیندوو کە بەشێوەیەکی بەرچاو زاڵدەبێ بەسەر کۆسپ و لەمپەرەکانی ژیان کە بۆ زۆربەمان خۆی دەبینێتەوە لە تێکۆشان لە پێناوی کەرستەی ژیان بێ بیرکردنەوە لە خودی واتای ژیان، ئێمە شوێنی ئەو شتە کەوتووین کە ژیان بۆمان دەیهێنێت، بە دوای خودی ژیان نەکەتووین))[1]. ((جۆن دیوی)) دان بەوەدا دەنێت کە تاکایەتی ئەمریکی نوێ جیاوازە لە تاکایەتی ئەوڕوپی لاساییکەرەوە بەوەی حەزو ئارەزووە ئاژەڵییەکانی مرۆڤی بەرەڵا کرد، لە کاتێکدا داب و نەریتە کۆنەکانی ئەوڕوپا ئەم حەزو ئارەزووانەی بە قوڵێ بەستکراوی هێشتەوەو ملی پێکەچ کرد بەشێوەیەکی بەرنامەدار بۆ شتێکی باڵاتر کە بانگەشەی ئەوە دەکرێ زۆر نارۆشنە: ئەویش ڕۆحانییەتە[2].

مەبەستی جۆن دیوی لە ڕۆحانیەت بریتییە لە تێڕوانینی بە پیرۆزگرتنی تاك و مافەکانی لە تاکایەتی لاساییکەرەوەدا، کە ماددییەتی ئەمریکی تێکیشکاند لە ڕێگەی براگماتیەتە دڕندانەکەی کە هەموو نموونەیەکی باڵای بۆ چەمکی ئازادی تاك ڕەتکردەوە. گەشەسەندنی پیشەسازی و دۆزینەوەی ئامێر بریتییە لە

---

(١) تطور الفكر الأدبي الأمريكي في القرن العشرين ١٠٨. وەرگیراوە لە: مفهوم الليبرالية عند جون ديوي ١٦٩.

(٢) بڕوانە: الفردية قديما و حديثا ٢٧.

**تاکە پاساوی گۆڕانکاری لە چەمکی تاکایەتیدا، چونکە ئازادی بریتییە لە توانای گۆڕانکاری و نوێسازی لەگەڵ توانای کارکردن، پیشەسازی هۆکاری لەخۆبایی بوون و خۆپەسندێتی ئەمریکییە، دواتر ئەمە نهێنی تایبەتمەندێتی و شارستانیەتی ئەمریکییە، هەر بۆیە (دیوی) وتەی ئەوانە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن ئامرازی پیشەسازی بریتییە لە چاوکی چەرمەسەرییەکانی (تاك)، ناوبراو پێی وایە ئەمە زێدەڕەویی کردنێکی مناڵانەیە لە ڕۆحانییەتی ئەوروپیدا، جا ئامێر هێزی پاڵنەر بەرەو پێشەوە فەراهەم دەکات، لە کاتی دەستپێکردن بە پلاندانانی ڕێك و پێك بۆ هێنانە کایەی هاوسەنگی لە نێوان ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەی ئامێر بەدەستی هێناوە لەگەڵ بەرپاکردنی بەها هاوێنەکانی ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە، ئەوا مرۆڤێکی نوێ یان تاکێکی تازە لە بارو حاڵەتی ئاشتبوونەوە لەگەڵ دەستکەوتەکانی ئەو چاخەی کە تێیدا دەژی ئەوا دەست دەکات بە دروست بوون و گەشەکردن[1].**

**تاکایەتی تازە لەگەڵ تاکایەتی لاساییکەرەوە هاوبەشە لە ماددەگەرایی شارستانیەتی خۆرئاوا و بەتاڵ بوونی لە بەها ڕاستە ڕەوشتییەکان و فرێدانی ئایین و دامەزراندنی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەرژەوەندی خودی تایبەت و جگەلەمانە، بەڵام تاکایەتی نوێ چەند شتێکی زیاترە لەمەدا لەگەڵ تاکایەتی لاساییکەرەوە، لەوانە:**

**_ بەستنەوەی بەمها مرۆییەکان بە کار، دانانی ئەمە بە بەهای ڕاست و دروست و جیاکەرەوەی نێوان باش و خراپ، ئەم تێڕوانینە ماددییە نرخی**

---

[1]) الفردية قديما و حديثا ٩٢. بڕوانە: مفهوم الليبرالية عند جون ديوي ١٧٠ _ ١٧١.

سەرمایەداری بەرز دەکاتەوە بەو پێیەی دەستەی سەرکەوتوون لە ڕووی کردارییەوە، دانانی ئەو ڕەوشتەی کە لە کارەوە بەرهەم هاتووە بە ڕەوشتی بەرز.

_ پاساودانی گۆڕانی هزری بە ئامێری پیشەسازی، هەروەها نوێسازی پیشەسازی نوێکاری هزری بێ سنوور پێویست دەکات، ڕۆیشتن لەگەڵ کاروانی گۆڕاوەکان پێویستی بە گۆڕانە لە هزردا، ئەمەش بەڵگە و ئاماژەیە لەسەر ئەوەی جێگیری لە هزردا بوونی نییە، چونکە پەیوەستە بە شتێکی گۆڕاوەوە.

_ خۆپەسندێتی و لەخۆبایی بوونی ئەوەی پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی هەیە لەسەر ئەو بنچینەیەی ئەوە تاکێکی پێشکەوتووە، هەر لەبەر ئەمە بەردەوام بوونی لەسەر خۆپەسەندێتی و لە خۆبایی بوونی پێویستی بە بەکارهێنانی هەموو ڕوو و شێوەکانی هێز هەیە بۆ ئەوەی هەر بە تایبەتمەند بمێنێتەوە.

ئەم سیفەتانە لە ژیان و گوزەرانی ئەمریکیدا هەن، گوزارشت لە تاکایەتی تازە دەکەن، خۆپەرستی تاکایەتی لاساییکەرەوەو ڕەهەندی کارو پیشەی ماددی بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە.

## بنچینەی سێیەم: ژیرمەندی (عەقڵانیەت: عەلمانیەت)[1]:

ژیرمەندی (عەقڵانیەت) واتە: سەربەخۆیی ژیری (عەقڵ)ی مرۆڤ لە پەیی بردن بە بەرژەوەندی و سوودەکان بێ ئەوەی پێویست بە هێزو توانایەکی دەرەکی بکات، سەربەخۆیی وەرگرت لە دەرەنجامی ڕزگاربوون لە پشت بەستن بە دەسەڵاتی لاهوتی ستەمکار.

ئەم تێڕوانینە عەلمانیە بۆ ڕۆڵی عەقڵ، وایکرد عەقڵ بخرێتە بەرامبەر ئایین، (بیکۆن)[2] دەڵێت: ((وەك چۆن بەشێك لە ئاو لە ئاسمانەوە دادەبەزێت، بەشێکیشی لە زەویدا هەڵدەقوڵێت، زانستی مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە، بەشێکی لە ژیری (عەقڵ) و بەشەکەی تری لە سروشی خوایی وەردەگیرێ))[3]، (دیکارت)[4]

---

(١) لیبرالییەت ڕێبازێکی عەلمانییە، زۆر بەتووندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئایین ئازادییەکانی تاك کۆت و بەند بکات، لیبرالییەت ئازادی تاکەکەسی دوور لە ئایین پەسەند دەکات، عەلمانیەت یەکێك لە ڕەگ و ڕیشە سەرەکییەکانی لیبرالییەتە، پەیوەندی نێوان بریتییە لەوەی کە هەموو لیبرالییەك عەلمانییە، بەڵام هەموو عەلمانییەك لیبراڵی نییە، جا عەلمانیەت گشتگیرترە، بەوەی ئیشتراکیەت و نازیەتیش دەچنە ناو عەلمانیەتەوە، لە کاتێکدا ئەم دوو هزرە ناوبراوە دژی هزری لیبراڵین.

(٢) فرەنسیس بیکۆن: سیاسەتمەدارو فەیلەسوف و نووسەرێکی ئینگلیزییە. لە ساڵی ١٥٦١ز لە دایك بووە. بە یەکێك لە ڕابەرەکانی زانستی تاقیکاری هاوچەرخ دادەنرێت، یەکەم بەش بەشکردنی زانستەکانی دانا، هەندێك لە ڕەخنەگرەکان بۆ ئەوە دەچن کە بیکۆن ئەو شانۆگەرییانەی نووسیوە کە نەریت وایە دەدرێنە پاڵ شکسپیر، دوای تۆمەتبار کرانی بە وەرگرتنی بەرتیل لە ساڵی ١٦٢١ز وازی لە کاری سیاسەت هێنا، لە ناودارترین شوێنەوارەکانی: ((ئەرغانونی نوێ))، لەم کتێبەیدا ڕێبازە زانستییەکەی ڕوون کردۆتەوە. ساڵی ١٦٢٦ز مرد. معجم أعلام المورد ٩٤ _ ٩٥.

(٣) وەرگیراوە لە: الفلسفة الحدیثة ٩٤.

(٤) رینیە دیکارت: فەیلەسوف و فیزیاناس و بیرکارناسێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٥٩٦ز لە دایك بووە. لە بۆچوونی زۆرێك لە توێژەران بە باوك و دامەزرێنەری فەلسەفەی هاوچەرخ دادەنرێ. ئەندازەی شرۆڤەکاری دۆزیەوە. بە کتێبەکەی ناوبانگی دەرکرد: ((وتارێك سەبارەت بە پەیڕەو))، لەم کتێبەیدا هەموو بیرو باوەڕەکانی پێشووی فڕێدا و دووبارە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی بە

دەڵێت: ((بنەمای زانستی سروشتی و بابەتی قۆستنەوەی هێزو وزەی سروشتی، ئامرازە بیرکاری و تاقیکارییەکانی ئەوا ئایین تایبەت دەکات بە چارەنووسەکانی ڕۆح و دەروون لە جیهانەکەی تردا، هەروەها پشت دەبەستێت بە باوەڕبوون و ملکەچ بوون کەواتە هیچ بەرتەنگیەك لە نێوان زانست و ئایندا نییە، هیچ یەکێکیان دەسەڵاتی بەسەر ئەوەی تردا نییە))[١].

هزری دیکارتی بە سەرەتای یەکەم دادەنرێت بۆ خۆداڕنینی هزری لە ئایین، گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی تر بۆ زانین و زانیاری جگەلە سەرچاوەی ئاینی، ((جۆن لوی)) دەڵێت: ((بەڕاستی دیکارت توێژینەوەی ئازادی لە جێگەی ملکەچی بۆ دەسەڵات و بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی لە جێگەی باوەڕی دانا، بەمەش دامەزرێنەری فەلسەفەی ڕۆشنگەرییە))[٢].

ژیرمەندی (عەقڵانیەت) بە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی لیبڕالییەت دادەنرێت بە چەمك و واتای پێشکەوتوو، ئەم وتەیەی (جۆن لوك) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە: ((هەر کەسێك ژیری (عەقڵ)ی کردە کۆیلە بۆ ئەوەی ماوەیەك بکاتەوە بۆ سروش (وحی) ئەوا ڕووناکی هەر دووکیانی کوژاندۆتەوە، نموونەی ئەو کەسە وەك ئەوە وایە مرۆڤێك ڕازی بکات کە هەر دوو چاوەکانی بێنێتە دەرەوە، لە

---

گومان کردن لە هەموو شتێك تەنها یەك ڕاستی نەبێ کە ئەو گومان دەکات، ئا لێرەوە وتە ناودارەکەی هات: ((من گومانم هەیە کەواتە بیر دەکەمەوە، من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)). ساڵی ١٦٥٩ز مرد. معجم أعلام المورد ١٩٦.

(١) العلم والدين في الفلسفة المعاصر ١٩.

(٢) وەرگیراوە لە: الفلسفة الحديثة ١٥٤.

**جیاتی دوو چاوەکانی پشت بە ڕووناکیەکی لاواز ببەستێت و ئەو ڕووناکییە وەربگرێت بەهۆی دووربینەوە لە ئەستێرەیەکی دوورەوە))[١].**

**تێبینی ئەوە دەکرێ کە پشت بەستن بە ژیری (عەقڵ) و وەلانانی ئایین بەشێوەیەکی پلەبەند هات، بەڵام لە چەرخی ڕۆشنگەریدا حوکمی کرد، زیاتر ڕەگ و ڕیشەی چەسپاند وەك تاکە سەرچاوە بۆ زانین و زانیاری لە سەدەی نۆزدەمدا، کە لوتکەی هەرەمی لیبڕالییە.**

**وایلێهات پشت بەستن بە عەقڵ و ژیری ڕووت و دوورخستنەوەی ئایین و بەها و ڕەوشتە باڵاکان بوونە دیارترین تایبەتمەندییەکانی هزری ئەوڕوپی هاوچەرخ.**

**ژیرمەندی (عەقڵانیەت) لە هزری لیبڕالیدا لە میانەی ئەم شتانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

**یەکەم: مافە سەرەکییەکانی تاك پشت بە یاسای سروشتی دەبەستێت، ئەمە یاساییەکی ماددییە، لیبڕالییەکان پێیان وایە بنچینەی فەلسەفی ئەم مافانەی تێدایە، خەڵك لە باری سروشتی سەرەتادا مافی سروشتیان هەیە وەك مافی ئازادی تاکەکەسی و مافی خاوەندارێتی تاکەکەسی و جگەلەمانەش.**

**لیبڕاییەکان سیاسەت و ئابووریان بەستەوە بەم بنچینە فەلسەفییە، دەوڵەت بە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دروست دەبێت کە ئەم مافانە ڕێکدەخات و دەپارێزێت، سروشت وادەکات کە ئازادی خاوەندارێتی تاکەکەسی لە بەرژەوەندی**

---

**(١) وەرگیراوە لە: قضية النزاع بين العلم و الدين** ٢١٤.

**کۆمەڵگەدا بێت، لەگەڵ ئەوەی تاك ئەم مەبەستەی نییە، نازانێت ئەمە چۆن ڕوودەدات.**

**مەبەستەکە ئەوەیە کە ئازادییەکان بریتیین لەو مافانەی کە پاڵپشتەکەیان ڕەواو سروشتین و شتێك نین لە دەرەوەی سروشتی ماددی بینراو، ڕێگەی ناسینی سروشت بریتییە لە عەقڵ و ئامرازەکانی وەك هەست و تاقیکردنەوە.**

**جۆرج سول دەڵێت: ((پێویستە لەسەر ئەوانەی باوەڕ بەخوا بوونیان ڕەتکردەوە بە تەواوی ئەوا بە دوای جێگرەوەیەکدا بگەڕێن بۆ ئەمە، جا ئەمەیان لە سروشتدا بەدی کرد، بەڵام ئەوانەی بەردەوام بوون لە دەستگرتن بە ئاینەوە، ئەگەر تەنها بە زمانیش بێ و لە واقیعدا ڕەنگ نەداتەوە وەك چۆن زۆربەیان وایان کردووە، ئەوا باوەڕیان وابوو کە خوای گەورە گوزارشت لە ویستی خۆی دەکات لە میانەی سروشت و ڕێسا و یاساکانی، نەك بە ئامرازو هۆکارێکی ڕاستەوخۆ، بەمەش چیتر سروشت وەك شتێك نەمایەوە کە بوونی هەبێ و بەس، بەڵکو شتێکە دەبێ گوێڕایەڵی بکرێت، یاخی بوون لە سروشت بە بەڵگە دانرا لەسەر بوونی کەم و کورتی لە پارێزکاری و ڕەوشتدا، ئێمەش تا ئەمڕۆ گوزارشتی (ڕەوشتی ناسروشتی) بۆ ئەم مانایە بەکاردێنین))[1].**

**دووەم: دەوڵەت بێ لایەنە لەوەی پەیوەستە بە بیروباوەڕی ئاینی، چونکە ئازادی وادەخوازێت شتەکان یەکلایی نەکرێنەوە، چونکە ناکرێ ڕاستی دەستەبەر بکرێت مەگەر لە ڕێگەی عەقڵەوە نەبێ ئەویش لە میانەی تاقیکردنەوە، جا مرۆڤ بەر لە تاقیکاری شتە هەمەکییە گشتییەکان و ڕەها ڕووتەکان نازانێت، ئەمەش وا**

---

[1]) المذاهب الإقتصادية الكبرى ٥١.

لە مرۆڤ دەکات توانای یەکلاکردنەوەو بڕاندنەوەی نەبێت، ئەم بنەمایەش بە ((بنەمای لێبوردەیی))[١] دادەنرێت، ڕووی ڕاستەقینەی ئەم بنەمایەش ڕەتکردنەوەی پابەندبوونی ئاینییە، چونکە مافی ئەوەی بە مرۆڤداوە باوەڕی بە هەر شتێك هەبێ و ڕایبگەیەنێت، بە کافر دانەنرێت ئەگەر بێ باوەڕیش بێ، هەروەها لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەم مافە بۆ هاوڵاتیانی دەستەبەر بکات، چونکە دەوڵەت پێکهاتووە بۆ پاراستنی مافی سروشتی هاوڵاتیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ دەوڵەت بێ لایەن بێ لە سەرجەم ئایین و ڕێبازەکاندا[٢].

گومان لەوەدا نییە کە ئەو بنچینەیەی ئەو بیرۆکەیەی پێشووی لەسەر بنیاتنرا بریتییە لە عەقڵی ڕووت، ئەمەش عەقڵێکی ماددییە و باوەڕی بە جگە لە بەرهەستەکان نییە، پێشی وایە ئایین بەشێوەیەکی نا زانستی بنیاتنراوە؛ بۆیە دروست نییە ئایین بکرێتە سەرچاوەیەکی زانیاری و زانین.

سێیەم: ئەو یاسایەی ئازادی ڕێکدەخات لە بەرەڵایی و بێ کۆت و بەندی _ لەلای هەموو ڕەوت و ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت _ بریتییە لە یاسای دەستکرد کە پشت دەبەستێت بە عەقڵی ڕووت لە یاسادانان، جا سەرچاوەی متمانە پێکراو لە یاسا و لە بواری تایبەت بۆ تاك بریتییە لە ژیرمەندی (عەقڵانیەت)، ڤۆلتێر دەڵێت: ((ئاوێتەکردن و یەکخستنی ئایین و دەوڵەت بریتییە لە دزێوترین بەرنامە و سیستەم، هەر بۆیە دەبێت ئەم سیستەمە ڕەت بکرێتەوەو سیستەمێکی تر بەرپا بکرێت کە تیایدا پیاوی ئاینی بۆ بەرنامەکانی دەوڵەت ملکەچ بکرێت،

---

(١) جۆن لوك لە کتێبەکەیدا (پەیامێك لەبارەی لێبوردەیی) ئەم بنەمایەی پەسەند کردووە.

(٢) بڕوانە: مشكلات الحرية ٢٣٣.

**راهیب ملکەچی دادوەر بێت))[١]، هەروەها دەڵێت: ((ناکرێ گوێڕایەڵی مرۆڤ بکرێت بەناوی گوێڕایەڵی کردنی خوا، دەبێ گوێڕایەڵی مرۆڤ بکرێت بەناوی یاساکانی دەوڵەت))[٢]، مەبەستی ڤۆڵتێر ئاینێکی دەستکاری کراو نییە کە کەسەکان بخاتە شوێنی خوای باڵادەستەوە، بەڵکو مەبەستی هەموو ئاینێکە، هەر بۆیە لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((شتێکی ڕوونە کە خوا لە زەویناسی (جوگرافیا)دا بەهێز نەبووە))[٣]، لەبارەی پەرستشە ئاینەکانەوە دەڵێت: ((ڕێوڕەسم و دروشم و پەرستش و بۆنە و ئاهەنگە ئاینیەکان تاوانی ناوخۆیین، هەر یەکێك ئالۆدەیان ببێت ئەوا سزا دەدرێت، چونکە زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە بەشێوەیەکی تایبەت ئەگەر هاتوو بەوێنەی قوربانی کردن ئەنجام بدرێ))[٤]، ئەم دەقە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لیبڕالییەکان پابەند نین بە ئازادی ڕای بەرامبەر، ئەمەش وێنە و نموونەیەکی دووبارە بووەوەیە لەلای بانگەشەکارانی ئازادی و هەڵوێستێکی ناسراوە لە دژی ئەوانەی پێچەوانەی ئەوان بیر بکاتەوە.**

**لەلای لیبڕالییەکان ئاینێکی تر دروست بوو ناویاننا ((ئاینی سروشتی))، ئەمە ئاینێکی عەقڵییە، عەقڵ بە پیرۆز دەگرێت و دادەنێتە پێگەی پەرستن، جا لەم بارەوە ڤۆڵتێر دەڵێت: ((تاکە ئاینی ڕاست و دروست کە بەرهەمی بەکارهێنانی ژیری و عەقڵە بریتییە لە بە پاکگرتنی ڕەها کە لە ڕەوشتی کرداریدا دەردەکەوێت))[٥].**

---

١) تراث الإنسانية ٨/ ٧٥.
٢) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.
٣) هەمان سەرچاوە ٨/ ٧٨.
٤) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.
٥) تراث الإنسانية ٨/ ٧٥.

**لە میانەی سێ قۆناغ پەیوەندی لیبڕالییەت بە ژێرمەندی** (عەقڵانیەت)**ەوە دروست بوو، کە ئەمانەن:**

**١ـ قۆناغی نوێسازی** (مرحلة التحدیث)**: تایبەتمەندە بە زاڵبوونی هزری سوودگەرایی بەسەر لایەنەکانی ژیاندا، لە میانەی زیادی بێ سنووری بەرهەم و پاڵپشتی کردنی ئازادی تاکی ماددەگەرایی وەك هزرێکی کرداری کە بەرهەم هێنانی ماددی زیاد بکات، هەر بۆیە دەوڵەتی نەتەوەیی عەلمانی لە ناوەوەی ئەوروپا و داگیرکاری لە دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا دەرکەوت بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە، ئەمەش ڕەنگی دایەوە لەسەر ڕەوشت و خێزان.**

**٢ـ قۆناغی نوێبوونەوە** (مرحلة الحداثة)**: ئەمە بەردەوامی قۆناغی پێشووە، لەگەڵ قوڵکردنەوەی شوێنەواری تاکایەتی سوودگەرایی، لەم قۆناغەدا دەوڵەتی نەتەوەیی ڕووبەڕووی چەندین تەحەددا بووەوە لە میانەی جوڵەی نارێکی بازاری و دوور لە بەها و گۆڕانی داگیرکاری ڕاستەوخۆ بە داگیرکاری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری، ڕەوشت و هەڵسوکەوتی گشتی بەرەو بەکاربردن ئاڕاستە بوو.**

**٣ـ قۆناغی دوای نوێبوونەوە** (مرحلة ما بعد الحداثة)**: ((بەکاربردن بریتییە لە ئامانجی کۆتایی لە بووندا، جوڵێنەری چێژی تایبەتی، ڕێژەکانی جیهانگەرایی[1] فراوان بوو بۆ ئەوەی دامەزراوەی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و ڕێکخراوە نا حکومییە نا نێودەوڵەتییەکان گەورە ببن و ببنە پرسی جیهانی لە داگیرکاری و ڕزگاریخوازی بۆ پرسەکانی ژینگە و ئایدز و شۆڕشی زانیاری، دامەزراوە کۆمەڵایەتییە نێوەندگیرەکانیش لاواز بوون وەك: خێزان تا وایلێهات پێناسەی نوێ**

---

**(1)** جیهانگەرایی دەرەنجامی لیبڕالییەتی کلاسیکی و ڕەنگدانەوەیەتی.

**بۆ خێزان جێگە بگرێت، کە بریتییە لە: دوو پیاو و چەند منداڵێك _ ئافرەتێك و منداڵێك _، دوو ئافرەت لەگەڵ چەند منداڵێك...، هەموو ئەمەش لە میانەی پشت بەستن بە پاشخانێك کە تیایدا شتە چەسپاو و پێوەرە بڕیاردەرەکان بۆ ڕەوشتی کۆمەڵگە و گەشەی تەکنەلۆژی بوونی نییە، کە جێگرەوانێك دێنێتە بەرهەم کە پێشتر لە بواری ئەندازەی بۆ ماوەیی بوونی نەبووە))[١].**

**لە دوای ئەمە لیبڕالییەتی ژیرمەندانە (عەقڵانی) بووە: ((تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ واقیع کە بەهەموو نەبەردییەکەوە هەوڵ دەدات پەیوەندی ئایین و بەها ڕەهاکان و پەنهانەکان جیا بکاتەوە لە تێکڕای لایەنەکانی ژیاندا، لەم تێڕوانینەدا بیردۆزی وا دێتە کایە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەهەندی ماددی بۆ گەردوون و لەسەر ئەوەی کە زانینی ماددی: تاکە سەرچاوەیە بۆ ڕەوشت، هەروەها مرۆڤ سروشتی ماددی نەك ڕۆحی بەسەردا زاڵە))[٢] ئەوەی جەخت لەسەر ئەم تێڕوانینە دەکاتەوە بریتییە لە پەیوەندی بەهێزی نێوان لیبڕالییەت و سەرمایەداری.**

---

**(١) العلمانية _ د. عبدالوهاب المسيري _ (شبكة إسلام أون لاين _ مفاهيم و مصطلحات).**

**(٢) هەمان سەرچاوە.**

## دەروازەی سێیەم

# ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت

### سەرەتا:

لیبڕالییەت سەریهەڵدا و دەستی بە هەنگاونان کرد وەك هرزو بیرۆکەیەکی ناهۆشیار سەبارەت بە خودی خۆی _ وەك چۆن پێشتر خرایەڕوو _، کاردانەوەی واقیعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بوو[1]، هەروەم هەندێك شتی زیادی هاتە ناو لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بووە هۆی جیابوونەوەی هەندێك جۆری لیبڕالییەت لە هەندێکی تر.

کاتێك بەدواداچوون دەکەین بۆ گەشەکردن و مێژووی لیبڕالییەت دەبینین بۆ دوو کەلەپوور دەگەڕێتەوە، هەر یەك لەم کەلەپوورانەش لە گۆشەنیگا و هزرەکانیانەوە جیاوازن لەگەڵ یەکتر، ڕێبازی ئازادی تایبەتیان هەیە.

ئەم کەلەپورانەش بریتیین لە:

### کەلەپوری ئینگلیزی:

ئەم کەلەپووره بەم خاسیەتانەی خوارەوە تایبەتمەندە:

---

(1) پێشتر باسی واقیعی کۆمەڵایەتی خۆرئاوا کرا لەکاتی دەرکەوتنی لیبڕالییەت: لادانی ئاینی، زۆرداری سیاسی، وەرچەرخانە هزرییەکان، وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەکان (دەرکەوتنی بۆرژوازییەت).

**١_ هەنگاونان لە ڕێبازی تاقیکارییەوە لە تێڕوانین بۆ لیبڕالییەت، جا بەوپێیە ناکرێ ڕاستییەکان بەشێوەیەکی دڵنیاییەوە بزانرێن تەنها لە دەرەنجامی تاقیکردەوە زانستییەکانەوە نەبێ، ئەمە ئەوە دەخوازێ کە پێشتر زانیاری لەسەر نەبووە، خاوەنی تایبەتمەندی هاکەزایی و خۆکارییە، جا ئازادی بریتییە لە بەروبوومی کەڵەکەبوونی پسپۆری و شارەزاییە زانستییەکان کە دەمانەوێت پێیان بگەین، پێش ئەم تاقیکردنەوانە نەزانی باڵی بەسەر مرۆڤدا کێشاوە لە دەرەنجامی ئەم کردارە کەڵەکە بووانە، جا ئەگەر مرۆڤ لە توانایدا هەبووبا بە عەقڵی ڕووت پەیی بە ئازادی ببات ئەوا تاقیکردنەوەکان هیچ کەڵك و سوودێکیان نەدەبوو، عەقڵ بە کەم و کورتییەوە درك بە ئازادی دەبات، بۆیە دەبێ لە میانەی تاقیکردەوە پێی بگات، ناکرێ ئازادی بێتە کایە بێ پلانی پێشوەختە.**

**٢_ پشت بەستن بە چەمکی نەرێنی ئازادی، کە بریتییە لە ((نەبوونی ناچاری، زۆرلێنەکران))، ئەمەش پێویستی بەوەیە دەوڵەت دەستوەرنەداتە ناو ئازادی تاکەکان، چونکە ئازادی تاك بوارێکی تایبەتە بە تاکەوە، بانگەشەی دەستوەردان بۆ بەرپاکردنی ئازادی سەردەکێشێت بۆ بەستنەوەی ئازادی، بەتایبەت کە عەقڵ توانای نییە درك بکات بە ئازادییە پێویستەکان بەر لە تاقیکردنەوە، چونکە تاقیکردنەوە پێوەری ڕاستییە.**

**٣_ پێویستی دوورخستنەوەی دەوڵەت لە دەستەوەردانە ناو ئازادییەکان، بەتایبەت ((ئازادی ئابووری))؛ چونکە ئەمە تەواو ئاشوب و خراپەیە، کۆسپێکە لە کۆسپەکانی پێشکەوتنی ئازادی، دەستوەردانی دەوڵەت سەردەکێشێت بۆ خۆسەپاندن و دەستدرێژی کردنە سەر ئازادییەکان.**

**٤ _ زاڵکردنی ئازادی بەسەر یەکسانیدا، گەڕاندنەوەی چەمکەکانی دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی هەلەکان بۆ گونجانی فەراهەمکردنی ئازادی بۆ تاکەکان لە سەرەتاکاندا، سەبارەت بە دەرەنجامەکان ئەوا یەکسانی ناچێتە ناو ئەمەوە، هەر بۆیە پاڵپشتی و هاریکاری دەوڵەت بۆ هەژاران بە دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی دەوڵەمەندان دادەنرێ، چونکە لەسەر دەوڵەت پێویستە ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵێك فەراهەم بکات، بەڵام بەرپرسیارێتی دەرەنجامەکانی ئازادی لە ئەستۆی دەوڵەتدا نییە.**

**٥ _ دیموکراسییەت دەبێ لیبڕالی بێ و ئازادی تاك بپارێزێت، ئەرك و بەرپرسیارێتیەکەی دەبێ نەرێنی بێ و دەستوەردان نەکات بەهۆی دەستەبەری و پاڵپشتی و هاریکاری کۆمەڵایەتییەوە.**

**ئەم بیرۆکانە بریتین لە وێنەی درەوشاوەی لیبڕالییەت بێ هیچ دەستکاری و هەموارکردنێك، ئەمە نزیکترین نموونەی لیبڕالییە بۆ ئازادی بێ کۆت و بەند و بەرەڵا، جا بە لیبڕالییەتی کلاسیکی دەستی پێکرد و تا قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەمڕۆ بەردەوام بوو.**

**ئەم کەلەپوورە هزرییە گوزارشت و نوێنەرایەتی دەکرێ لەلایەن هەر یەك لە: (جۆن لوك، ئادەم سمیس، دەیڤید هیۆم، تۆماس بین، ئادەم جیفرسۆن) و ڕابەڕانی شۆڕشی ئەمریکی و فریدریك هایك و میلتۆن فریدمان و جگەلەوانیش. ئەم هزرانە پاشەکشەیان کرد لە بەریتانیا لە دوای ساڵی ١٨٧٠ز، ئەمەش لە دوای دەرکەوتنی دەرەنجامە کاولکەرەکانی، دوای ئەم بەروارو مێژووە ڕێبازە ئیشتراکییەکان زاڵ و باو بوون، کە پێیان وایە دەستوەردانی دەوڵەت پێویستە لە**

پلاندانانی ئابووری و ڕێکخستنی و پێشکەشکردنی هاریکاری کۆمەڵایەتی بۆ زیان بەرکەوتووانی شوێنەواری سەرمایەداری لیبڕالی، هەر یەك لە هارولد لاسکی و حیزبی کاری بەریتانی کە دواتر (تیۆریی ڕێگەی سێیەم)ی پەسەند کرد گوزارشتیان لەم قۆناغە کرد، لەوانەی کۆك بوون لەگەڵ ئاراستەکانی ئیشتراکییەت لە بەریتانیا کە ئەم کەلەپوورەشی لە باوەش گرتبوو، ئەمانەن: ((جودین، بریستلی، براسی)) و جگەلەوانیش[1].

### کەلەپوری فەرەنسی:

ئەم کەلەپوورە بەم خەسڵەتانەی خوارەوە تایبەتمەندە:

١ _ هەنگاونان لە ڕێبازی ژیری (عەقڵی)یەوە لە تێڕوانین بۆ ئازادی لیبڕالی بە کاریگەر بوون بە ڕێبازی ((دیکارت))، ئەوەش ئەوە بەدەستەوە دەدات کە عەقڵ توانای ناسینی ئازادی گونجاوی هەیە بەر لە ڕوودانی، چونکە عەقڵ توانای هەیە بەسەر پەیی بردن بە بابەت و شتە هەمەکییەکان بە دڵنیاییەوە، جا ئا لێرەوە دەکرێ پلان بۆ ئازادی دابنرێ بەر لە دەستکردن بە تاقیکردنەوەی.

٢ _ پشتبەستن بە چەمکی نەرێنی بۆ ئازادی، ئەمەش بریتییە لە ((توانای ئەنجامدانی کردەوە))، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ بەهێزکردنی ئازادییەکان پێویست بێت؛ چونکە بەرەڵاکردنی تاکەکان دەبێتە هۆی بەیەکدادانی ئازادییەکانیان، بۆیە دەبێ دەوڵەت دەستوەردان بکات بۆ

---

[1] دەربارەی ئەم کەلەپورە بەشێوەیەکی گشتی بڕوانە: مفهوم الحرية في الليبرالية المعاصرة ٩١ _ ٩٦، ئەم کەلەپورە زاڵە بەسەر ((لیبڕالییەتی بەریتانیا)) و ((لیبڕالییەتی ئەمریکی))دا.

**ڕێکخستنی ئازادییەکان، بەتایبەت کە عەقڵ و ژیری توانای پلاندانانی هەیە بۆ ئازادییەکان بەر لەوەی ئازادی بوونی ببێ، جا دەوڵەت پێویستە بەمە هەڵبستێت.**

**٣ _ پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی ئابووری و پلان بۆ دارشتنی بۆ ئەوەی باشترین بەرهەم و بەهێزترین پلەی بەدەستبهێنرێ، چونکە فەراموشکردنی بێ پلان دەبێتە هۆی حوکم کردنی دەستەیەکی دیاریکراو تێیدا، زیانگەیاندن بە ئازادی ئابووری ئەوانی تر، ئەمەش دەستوەردانی دەوڵەت پێویست دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بازارو زیانەکانی، پاراستنی هاوڵاتیان لەو قۆرغکارییانەی زیانیان پێ دەگەیەنێت.**

**٤ _ زاڵبوونی یەکسانی بەسەر ئازادی، چونکە بنچینەی دیموکراسییەتە، هەروەها بایەخداری پێشخستنی پاڵپشتی و هاریکاری و دەستەبەرییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەژاران و هاریکاری هاوڵاتیان بەسەر بارودۆخە سەختەکان و پاڵپشتی کردنی کەل و پەلە پێویستەکان و جگەلەوانەش.**

**ئیشتراکییەت لەم کەلەپووردا زیاتر لە هەر کەلەپوورێکی تر بەدەرکەوت، ئەم ڕەوتە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەرکەوت، پاش ئەوەی تیۆری (کینزی) دەرکەوت، بەڵام لە دوای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە پاشەکشەی کرد بەهۆی هەڵکشانی ((لیبڕالییەتی نوێ)) کە پشتی بەستبوو بە کەلەپووری ئینگلیزی، جا ڕۆسۆ و کوندرسییە و فراوانخوازەکان و جگەلەوانیش گوزارشت لەم کەلەپوورە دەکەن[1].**

---

**(1) سەبارەت بەم کەلەپورە بەشێوەیەکی گشتی بڕوانە: مفهوم الحرية في الليبرالية المعاصرة ٩١ _ ٩٦، ئەم کەلەپورە زاڵە بەسەر ((لیبڕالییەتی فەرەنسی)) و ((لیبڕالییەتی ئەڵمانی))دا.**

هەر یەك لەم لیبڕالییەتانە[1] تێکەڵ بوون، سەرباری تێڕوانینە لیبڕالییە تایبەتەکەی، جا بۆ نموونە: لیبڕاڵییەتی ئینگلیزی زۆر کاریگەر بوو بە تیۆریی سوودگەرایی (بنسام) و مەسیحییەتی ئینگلیزی و سەرباری ڕاو بۆچوونەکانی (جۆن لوك، ئادەم سمیس، ڕیکاردۆ)، ئەم فرە جۆرییە لە سەرچاوەکاندا لە حیزبی ئازادیخوازی بەریتانیدا کۆبووەو (سباین)یش بەم وتەیەی خۆی ئاماژەی بۆ کردووە: ((لیبڕالییەت لە ئینگەڵتەرا وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی کاریگەر، پێکهاتبوو لە چەندین ڕەگەز کە فێرکرابوو هاریکاری و یارمەتی یەکتر بدەن لە پێناو مەبەستی دیاریکراو و بێ سووربوون لەسەر یەکبوونی هزری))[2].

لە ئەڵمانیا لیبڕالییەت بووە خاوەن سروشتێکی ئەکادیمی، بنەمای نەتەوەیی کە لە دەروون و بیرکرنەوەی ئەڵمانیدا ڕۆچووبوو بیرۆکەی حوکمەتی دەستووری لیبڕالی داپۆشی[3]، ئەمەش وایکرد هەل فەراهەم ببێت بۆ هزرە دەستێوەردەرە ئیشتراکییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە (پلاندانان، ئاڕاستەکردن) کە زاڵ بن بەسەر هزری ئەڵمانیدا تا ئێستا، جا لیبڕالییەکان وەك ئاسایشی خاوەنداریێتی و ئازادییە مەدەنییەکان بەرپا نەبوون تەنها لە میانەی دادوەری ئەڵمانیەوە نەبێت[4]. هەر بۆیە لیبڕالییەتی ئەڵمانی بە فیقهی دادوەری دانرا زیاتر لەوەی بە سیاسی و ئابووری دابنرێت.

---

(١) لیبڕالییەتی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەمریکی و ئەڵمانیا.

(٢) تطور الفكر السياسي ٤/ ٨٩٣.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٤/ ٨٩٢.

(٤) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

**لیبڕالییەتی ئەمریکی هزری براگماتی بۆ خۆی زیاد کرد، لە کاتێکدا لیبڕالییەتی فەڕەنسی کارلێکی کرد لە نێوان هاوپەیمانی بەرژەوەندی هەزاران خاوەندارو جوتیاران لەگەڵ بۆرژوازییەکان، هەر بۆیە بزوتنەوەیەکی کرێکاری لێکەوتەوە کە کاریگەری هەبوو لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵایەتی لە هزری سیاسی و ئابووریدا[1].**

## ئاڕاستەکانی لیبرالیەت:

### یەکەم: لیبرالیەتی کلاسیکی[2]:

**ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە نموونەی پشت پێبەستراوی لیبڕالییەت، جا لە ڕووی سەرهەڵدانەوە کۆنترینە، چونکە لە سەدەی هەژدەمدا دەرکەوتووە، هەروەها هزرە لیبڕالییە کۆنەکانیشی بۆ دەگەڕێنەوە، ئەم ئاڕاستەیە پشت دەبەستێت بە ئازادی تاك و ڕێگەگرتن لە دەستەوەردانی دەوڵەت و جگەلەویش لە ئابووری و شتەکانی تردا، کلاسیکییەکان باوەڕیان وایە کە فەرامۆشکردنی تاك تا بەرژەوەندییە خودییە تایبەتەکەی بەرپا دەکات ئەوا دەستەبەرکەری بەرژەوەندی گشتییە بۆ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی سروشتی بێ دەستوەردانی مرۆیی.**

**جا ئەگەر کتێبی (ئەمیر) کە دانراوی ((میکافیلی))ییە[3] سیاسەت و دەوڵەتی ڕزگارکردبێ لە سەردەمانی ناوەڕاستدا لە ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی (ڕەوشت)،**

---

**(١)** بڕوانە: هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

**(٢)** کلاسیکی، واتە: لاساییکراوەو نەریتی.

**(٣)** نیکۆلا میکافیلی: فەیلەسوف و سیاسەتمەدارێکی ئیتاڵییە، لە فلوڕەنسا لە ساڵی ١٤٦٩ز لە دایك و باوکێکی هەژارەوە لە دایك بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتوو بوو لە بەڕێوەبردنی پۆستە کارگێڕی و دیبلۆماسییە باڵاکان لە کۆماری فلۆڕەنسا، بە تیۆرە سیاسییەکەی کە بە میکافیلییەت ناسراوەی

ئەوا بێگومان کلاسیکییەکان دەرکەوتن و هەڵسان بە ڕزگارکردنی ئابووری لە چنگی خووڕەوشت.

بێرنارد ماندفیل لە کلاسیکییە بەراییەکان بوو لە سەدەی هەژدەمدا، کتێبی ((چیرۆکەکانی هەنگ))ی نووسی، لەم کتێبە ناونیشانێکی لاوەکی هەیە کە ئاماژەی مەترسیداری هەیە ئەویش ئەمەیە: ((پەستی و نزمییەکانی تاکایەتی و چاکە و بەرزییەکانی گشتی))، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەکرێ سوودی گشتی لەسەر خۆویستی تاکایەتی کەڵەکە ببێ کە بناغەی هزری لیبڕالییە و بەتایبەت لیبڕالییەتی کلاسیکی[1].

ئەم ئاڕاستە و ڕەوتە هزرییە کۆمەڵێك قوتابخانەی مێژوویی لەخۆدەگرێت، ئەمانەش هەندێ لە گرنگترین قوتابخانەکانن:

- **قوتابخانەی سروشتی (فیزیۆقرات) (١٧٤٨ز _ ١٧٨٩ز):**

دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە ((فرانسۆ کیناى))یە[2]، هەر لەوەتەی دەرچوونی کتێبی کیناى (تابلۆی ئابووری) لە ساڵی ١٧٥٨ز ئەم

ناویدەرکرد، نیکۆلا ئەم تیۆرەی لە کتێبەکەیدا (ئەمیر) بە تێروتەسەلی خستۆتەڕوو، لە ساڵی ١٥٢٧ز مردووە. معجم أعلام المورد ٤٣١.

(١) بڕوانە: دلیل الفكر الإقتصادي ٥٢.

(٢) فرانسۆ کیناى: پزیشك و ئابووریناسێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٦٩٤ز لە دایك بووە، بە دامەزرێنەری قوتابخانەی فیزیۆقراتیەت دادەنرێت، کە بۆچوونی وایە نرخ و بەها لە سروشتەوە وەردەگیرێت، هەروەها بۆچوونی وایە سەرچاوەی سەروەتی ڕاستەقینە بریتییە لە خاك یان زەوی، ئەمەش وایخواست ئەو کۆت و بەندانە ڕەت بکرێنەوە کە دروستکراون و دانراونەتە سەر ئابووری، ساڵی ١٧٧٤ز مرد. معجم أعلام المورد ٣٨١.

قوتابخانەیە ناوبانگی دەرکرد، ئەم ڕەوتە هزرییە لە فەرەنسادا زاڵ بوو تا ساڵی ١٧٨٩ز.

بیرۆکەی هاوبەشی لای سروشتگەراکان بریتییە لە پشت بەستن بە یاسای سروشتی، کە دەسەڵاتدارە بەسەر ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و جوڵەی مرۆڤایەتی بەگشتی، یەکێك لە بنچینەکانی ئەم یاسایە خاوەندارێتی تایبەتە بەوپێیەی مافێکی سروشتی تاکەکانە، هەر لەبەر ئەمە دەبێ ئازادی بازرگانی و کار بەرەڵا بکرێ، دەبێ شتەکان بەجێبهێڵرێن تا بەپێی سروشتی خۆیان بەڕێوە بچن بێ دەستێوەردانی ناوخۆیی.

سروشتگەراکان زەوی بە سەرچاوەی هەموو بەرهەمێك و بناغەی هەموو سەرمایەیەك دادەنێن، بازرگانی و پیشەسازی نرخێکی ڕاستەقینەی بەرهەمداری نییە، لەوەی ڕابردوو کاردانەوە لە هەمبەر هزری بازرگانی بەدەردەکەوێت کە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا باوبوو.

تۆرغۆ (١٧٨١ز) و (دی نیمور) یەکێکن لەو بیرمەندانەی دەدرێنە پاڵ ئەم قوتابخانەیە[1].

- **قوتابخانەی ئیسکۆتلەندی** (١٧١٤ز _ ١٨١٧):

قوتابخانەی سروشتگەرایی بناغەی هزری دانابوو بۆ چاخی دوای خۆی، ئەو چاخەی کە (ئادەم سمیس) و (دەیڤید هیوم) و (ڕیکاردۆ) و جگەلەوانیش تێیدا دەرکەوتن بۆ ئەوەی ڕێبازێکی ئابووری یەکگرتوو

---

[1]) بڕوانە: الإقتصاد السياسي ٣٧.

پێکبهێنن، کتێبی (توێژنەوەیەك دەربارەی سروشت و هۆکارەکانی سەرمایەی گەلان) کە دانراوی (ئادەم سمیس)ە و لە ساڵی ١٧٧٦ز دەرچوو، یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو کتێبانەی گوزارشت دەکەن لە ڕەوتی کلاسیکی، ئەم کتێبە شۆڕشێکە لە هزری ئابووری هاوچەرخدا. جا (سمیس) هزرە ئابوورییەکەی لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی سروشتگەراکان دامەزراند ئەویش یاسای سروشتە. جیاوازی بنەڕەتی نێوان قوتابخانەی ئیسکۆتلەندی و سروشتی بریتییە لە (تیۆری نرخ)، لەو کاتەی سروشتگەراکان زەوی بە نرخدار دادەنێن لە بەهای بەرهەمدا، ئەوا ئیسکۆتلەندییەکان پێیان وایە کار بریتییە لە کارتێکەری بەهێز لە نرخدا، (سمیس) پێی وایە کار پێوەری نرخی کەرستەکانە، نرخی بەرهەم بریتییە لەوەی یەکسانە بەو کاتەی خەرجکراوە لە بەرهەمهێنانیدا. هەر بۆیە (سمیس) تیۆرە ناودارەکەی لکاند بەم بیرۆکەیەوە دەربارەی دابەشکردنی کار، هەروەها بانگەشەی پێویستی هاندانی کرد لەسەر پێویستی پسپۆری[1]. هەر چەندە (سمیس) لە فەیلەسوفە ڕەوشتگەراکان دادەنرێت، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەسی دەکاتەوە بێ هیچ دەستێوەردانێك و یاسای سروشتی بریتییە لە شێوازی نموونەیی بۆ دەستەبەرکردنی خواستی هەمووان[2].

---

(١) بڕوانە: الإقتصاد السياسي ٤٤.

(٢) بڕوانە: الليبرالية التقليدية ص ٦، پەیمانگەی لوك سمیس (ئینتەرنیت).

قوتابخانەی ئیسکۆتلەندی لە ڕۆشنگەریدا هەر بە بنچینە دەمێنێتەوە لە بەخشینی شێوەی تەواو بە داب و نەریتی لیبڕالییەت، بەتایبەت لەگەڵ (دەیڤید هیۆم) و (ئادەم سمیس)[1].

- **ڕۆشنگەری فەرەنسی** (١٧١٧ز _ ١٧٨١ز):

لیبڕالییەتی کلاسیکی لە بەریتانیا دەرکەوت پێش ئەوەی لە فەرەنسا دەربکەوێت، کە دەینالاند بەدەست زۆرداری دەرەبەگایەتی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری.

ئازادیخوازی نەریتی لە فەرەنسا دەستی پێکرد لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پەیامی فارسی لە ساڵی ١٧١٧ز، ئەم پەیامانە لە بەهێزترین بەڵگەنامەی ئەوروپین لە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی کۆن، دانەری ئەم پەیامانە (مۆنتیسکۆ)یە، کە ناسراوبوو بە سەرسام بوون و کاریگەربوونی بە لیبڕالییەتی ئینگلیزی.

ئەم نووسەرە جەختی لەسەر مافی تاکایەتی کردەوە بە مافی خاوەندارێتی تایبەتیشەوە، ئەم مافانەی خستەڕوو بەهەمان ئەو ڕێگەیەی لای ئینگلز هەیە.

ڤۆڵتێر یەکێك بوو لەوانەی زۆر کاریگەر بوو بە لیبڕالییەتی کلاسیکی، سەرباری بەشداربوونە کارایەکەی لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەری فەرەنسی لە میانەی ئەم کتێبەی (فەرهەنگی فەلسەفی)[1].

---

[1] بڕوانە: الفكر الليبرالي، جريدة الأهرام ٣ _ ٤ مايو، ١٩٩٢م.

- **قوتابخانەی مانشستەر** (١٨٣٢ز_ ١٨٤٩ز)[٢]:

ئەمە کۆمەڵەیەکە لە مانشستەر پێکهات لە هەندێك پیاوی بازرگانی و پیشەسازی لە هاووێنەی (ڕیتشارد کوبدن) و (جون وایت) بۆ دژایەتی کردنی ئەو یاسایانەی لە ئینگەلتەرا لە ساڵی ١٨١٥ز دەرچوون بۆ پاراستنی یاسای دانەوێڵە بەهۆی نەتوانینی هاوردەکردنی گەنم.

ئەم یاسایانە زیانیان بە سەرمایەداران گەیاند، چونکە ناچار بوون بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کرێکاران بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیادەی هاتۆتە سەر نرخی خۆراك، ئەمەش وای لە کرێکاران کرد نزیك بن لەوەی بمرن لە برسان. ئەم بارودۆخە کە بەستراوەبوو بە بازرگانی و زیانی گەیاند بە بەرژەوەندی بازرگانان نەگۆڕا تەنها دوای دەرچوونی یاسای چاکسازی نوێنەرایەتی نەبێ لە ساڵی ١٨٣٢ز، کە بەپێی ئەم یاسایە ژمارەی ئەوانەی مافی خۆ پاڵاوتنیان هەیە زیاد بوو.

ئا لەم کاتەدا ئەم قوتابخانەیە پێکهات بۆ بەرگری کردن لە ئازادی بازرگانی، ڕێگری کردن لە دەستێوەردانی بازار، جا ئەم قوتابخانەیە سەرکەوتوو بوو لە گەیشتن بەم ئامانجە و بەتایبەت دوای ئەوەی سۆزی سەرۆك وەزیران (ڕۆبێرت بیلْ)ی دەستخست، چونکە باوکی ناوبراو لە پیاوانی پیشەسازی بوو.

---

(١) بڕوانە: الليبرالية التقليدية ٧ _ ٨.

(٢) بڕوانە: المذاهب الإقتصادية الكبرى ١٢٩، و تاريخ الفكر السياسي ٤١٧.

**((پشتگیری ئەم باسە کرا لە ساڵی ١٨٤٥ز، کاتێك بەرهەمی گەنم کەمی کرد لە ئینگەڵتەرا، هەر لە دوای ئەمە لە ئیرلەندا برسێتی بەهۆی نەبوونی پەتاتەوە هاتە کایە، ساڵی دواتر لە کۆتاییدا توانی زاڵبێت بەسەر بەرەنگاری خاوەنداران و بەمەش یاساکانی هاوردەکردنی ڕەتکردەوە هەر لە دەسپێکی ساڵی ١٨٤٩ز، ئینگەڵتەرا سیاسەتی ئازادی بازرگانی گرتەبەر، بەدرێژایی حەفتا ساڵ لەسەر ئەمە بەردەوام بوو))[1].**

**ئەم قوتابخانەیە لە ڕووی هزرییەوە بەشێکە لە لیبڕالییەتی کلاسیکی، تەنها یەك خاڵی جیاوازی هەیە، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی یاساکانی گرانییە.**

**سول دەڵێت: ((بەڕاستی (کوبدن) و (برایت) هیچ شتێکی نوێیان بۆ تیۆریی ئابووری زیاد نەکردووە، بەڵام ڕەوانبێژییە ئاستبەرزەکەیان وای کرد خەڵك ئەوان بە دامەزرێنەری قوتابخانەی مانشستەر دابنێن، ئەو دووانە لە شوێنکەوتووە دیارەکانی ڕێبازە سیاسییە کلاسیکییەکانن لە ئازادی بازرگانیدا))[2].**

---

(١) المذاهب الإقتصادية الكبرى ١٣١.

(٢) المذاهب الإقتصادية الكبرى ١٣١.

## دووەم: ڕادیکاڵی[١] فەلسەفی (ڕێبازی سوودگەرای یاسایی):

ئەم ڕەوت و ئاڕاستەیە لە کرۆکی خۆیدا بە بەرنامەیەك دادەنرێت لە چاکسازی یاسایی و ئابووری و سیاسی، پشت دەبەستێت بە بنەمای: ((دەستەبەرکردنی بەختەوەری بۆ زۆرترین کەس)).

ئەم ئاڕاستەیە بۆ ((جیڕمی بنسام)) و ((جیمس میل))[٢] و جگەلەوانیش دەگەڕێتەوە، ئەم ئاڕاستەیە لەسەر بنچینەیەکی ڕەوشتی بنیاتنراوە، ئەویش ئەوەیە کە بنەمای سوود بریتییە لە پێوەری هەڵە و ڕاستی، سوود و کەڵك بریتییە لە دەستەبەرکردنی چێژو ڕزگاربوون لە ئازار، چێژ و ڕزگاربوون لە ئێش بریتییە تاکە مەبەستی خواست و ویست. بەڵگە بەوە دێننەوە کە پێویستی دەروونی وادەخوازێت هەر یەك بەو ڕێگەیە کار بکات کە باوەڕی وایە گەورەترین ئەندازە لە چێژی بۆ دابین دەکات و ڕزگاری دەکات لە ئێش و ئازار.

کرۆکی ڕێبازی سوودگەرایی بریتییە لە دەستەبەرکردنی چێژو بەرژەوەندی خودی تایبەت، ئەمەش بە پێوەری ڕاست و هەڵە و باش و خراپ دادەنێت.

---

(١) ڕادیکاڵی: ڕێباز نییە، بەڵکو بارو حاڵەتێکی هزرییە: (بڕوانە: تاریخ الفکر الفلسفی ٥٢)، هەروەها ڕێبازێکی فەلسەفیش نییە، چونکە شوێنەوارەکانی بنسام لە سوودگەراییدا، بۆچوونی فەلسەفی تایبەت نین، بنسام ناسراو نەبووە بە ڕەسەنایەتی فەلسەفی هەروەك مێژوونووس جۆرج سباین بۆچوونی وایە، (بڕوانە: تطور الفکر السیاسي)، بەڵام نووسەران ڕاهاتوون لەسەر ناونانی ئەم ئاڕاستەیە بەوناوە، ئەوەی نێوان دوو کەوانەدایە ڕوونکردنەوەیە بە بۆچوونی خۆم.

(٢) جیمس میل: مێژوونووس و فەیلەسوف و زانایەکی ئابووریناسی بەریتانییە، باوکی جۆن ستیوارتە، ساڵی ١٧٧٣ز لە دایك بووە، بە دیارترین نوێنەری ڕێبازی سوودگەرایی دادەنرێ، بەوە ناسراوە کە زۆر جەختی کردۆتەوە لەسەر پێویستی هەبوونی بنیاتێکی زانستی بۆ فەلسەفە و سەرپەرشتی مرۆیی بۆ سیاسەت و زانستی ئابووری، ساڵی ١٨٣٦ز مردووە. معجم أعلام المورد ٤٣١ _ ٤٣٢.

بەمەش ڕاستی سروشتی مرۆیی خۆویستی و خۆپێشخستن دەبێ، بەمەش بنسام و سەرجەم سوودگەراکان کۆکن لەگەڵ لیبڕالییەکان لە بنچینەی هزرییدا، ئەگەرچی بنسام لە میانەی سوودگەرایی پێی گەیشتبێت، کەچی لیبڕالییەکان لە میانەی تاکایەتی پێیگەیشتوون. بنسام بەختەوەری تاکایەتی و کۆمەڵگە بەهەمان ئەو ڕێگەیە کۆ دەکاتەوە کە کلاسیکیەکان ئازادی تاك و کۆمەڵگەیان بەیەکەوە کۆکردەوە، جا بنسام پێی وابوو: ((بەختەوەری کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی خۆویستی ئەو تاکانە پێکدێت کە کۆمەڵگەکەیان لێ پێکهاتووە))[١].

میل دەڵێت: ((ئەو تیۆرەی سوودگەرایی لەخۆی دەگرێت یان دامەزراوە لەسەر بنەمای (گەورەترین قەبارەی بەختەوەری وەك بناغەی ڕەوشت) پێی وایە کردارەکان ڕاستن بەو ئەندازەیەی هاریکارن بۆ زیادبوونی بەختەوەری، هەروەها کردارەکان هەڵەن بەو ئەندازەی یارمەتیدەری بەرهەمهێنانی پێچەوانەی بەختەوەرین، ئێمە مەبەستمان لە بەختەوەری بریتییە لە: چێژو نەبوونی ئێش، مەبەستشمان لە بەدبەختی: ئێش و نەبوونی چێژە))[٢].

بنسام لە چاکسازییە لیبڕالییەکەیدا لە سوودگەراییەوە هەنگاوی ناوە، لەگەڵ ئەوەی پێی وابووە پرسی چاکسازی یاسایی بریتییە لە مەسەلەی سەرەکی لەلایەنی کردارییەوە، جا لە میانەی بەستنەوەی بنەمای سوودگەرایی وەك بنچینەیەکی فەلسەفی و چاکسازی یاسایی و ڕێسادانان وەك بنچینەیەکی سیاسی ئەوا (ڕادیکاڵییەتی فەلسەفی) پێکهات.

---

١) مدخل كتاب مذهب المنفعة العامة ٢١ _ مؤلفه ليندساي.

٢) مذهب المنفعة العامة (ضمن أساس الليبرالية السياسية) ٤٤.

بنسام پێی وایە ئەرکی تێگەیشتنی ڕاست پەیوەستە بە چاودیری بە واتای ڕەخنەگرتن لە سیستەمی یاسایی بە ئامانجی باشکردنی، ئەم ڕەخنەیەش پێویستە لەسەر پێوەرێکی ڕاست بۆ نرخ و بەها بەرپا ببێت، ئەم پێوەرەش بریتییە لە بنەما سوودگەرایی، دواتر بەستنەوەی ئەمە بەوەی زانایانی ڕەوشتاناس لەسەری ڕێکەوتوون، کە چێژو ئێش شیاوی پێوانەکردنن.

ئا لێرەوە سوود بووە بنچینە لە یاسادانانادا، ڕاست و هەڵەبوونی یاسا درکی پێدەکرێ لە میانەی پێوانەکردنی بە تاقکردنەوەو ئەزموون لەسەر بنچینەی سوود.

لە پێوانەکردنی سووددا لە جێبەجێکردنی یاساییدا دەبێ ڕەچاوی چێژو ئێش بکرێت لە میانەی (تووندی و بەردەوامییەکەی، جەختکردنەوە کە بەوپێیە یەك هەڵسوکەوت دەگرێتەبەر، هەروەها ڕەهەندی ئەو کاتەی تێیدا ڕوودەدات)، ڕەهەندی پێوانەی تاقیکاری بۆ سوودگەرایی یاسایی دەکرێ دانی پێدابنرێ یان ڕەت بکرێتەوە.

لە سوودگەرایی خۆویستی بنسام لەگەڵ کلاسیکییەکان یەکی گرت، وەك چۆن سباین وا دەڵێت: ((ئابووری کلاسیکی لە ڕەوت و تێڕوانینە هزرییەکەیدا تەواو کۆك بوو لەگەڵ فەلسەفەی بنسام))[1].

هەر چەندە پرۆژە سەرەکییەکەی بنسام تەواو یاساییە، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەکەی ئاماژەی ئابووری هەن، قوتابخانەی مانشستەر گوزارشتی لێدەکات لە داواکارییەکەیدا بۆ ئەنجامدانی چاکسازی یاسایی بۆ ڕێساکانی دانەوێڵە و گەنم، جا

[1]) تطور الفكر السياسي ٩٠٩.

لەمەدا گەیشتە ئازادی بازرگانی بە سیفەتی لیبڕالییەتە کلاسیکییەکەی. جا لەم قوتابخانەیەدا لیبڕالییەتی کلاسیکی و ڕادیکاڵی فەلسەفی هاتە کایە.

ڕادیکاڵی فەلسەفی جیاواز بوو لەگەڵ لاساییکردنەوەی لیبڕالی باو لە سیاسەتدا، بنچینەی حوکم لای ڕادیکاڵییە فەلسەفییەکان پێویستی مرۆڤایەتییە، نەك گرێبەست، وەك چۆن ناسراوە لە بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لای هۆبز و لوك و ڕۆسۆ، چونکە گۆشەنیگا هزرییەکە بریتییە لە سوود، جا پێویستی بریتییە لە بنچینەی حوکم، تاکە پاساوی حوکمیش بریتییە لە تێرکردن و دابینکردنی پێداویستییە مرۆڤایەتییەکان.

بنسام دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بە شتێکی خەیاڵی بێ نرخ دانا، پێی وابوو ناکرێ دەسەڵاتەکان جیابن لەبەر بەرژەوەندی یاسا، تاکە پاڵپشتی دەسەڵات بریتییە لە دەستەبەرکردنی کەڵك و سوود.

پیشبینی ئەوەی دەکرد کە چاکسازییە یاساییەکەی لە ڕێگەی حوکمڕانیەکی خۆسەپێنی بەرچاوڕۆشندا بکرێت زیاتر لە بەرپاکرانی لە ڕێگەی سیاسیەتی لیبڕالیدا، بەڵام هاوڕێکەی ((جیمی میل)) توانی قەناعەتی پێ بکات کە چاکسازی یاسایی لە ئینگەڵتەرا دەوەستێتە سەر ئەوەی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان بکرێتە لیبڕالی[1].

بنسام لەگەڵ لیبڕالییەکانی تردا یەکی گرت لە بنچینە هزرییەکەی کە تاکایەتییە، بەڵام لە میانەی سوودەوە، هەروەك کۆك بوو لەگەڵیان لەسەر ئازادی

---

[1]) بڕوانە: مذهب المنفعة العامة ٧٠.

بازرگانی لە میانەی یاسا، ئەمەش دوای ئەوەی سەلماندی کە ئازادی بازرگانی سوود و کەڵك دەستەبەر دەکات.

سباین لە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەم ئاراستە و شوێنەوارەکانی دەڵێت: ((خەریك بوو فەلسەفەی یاسا هەمووی لە نیگای بنسامەوە بێ))[١]، شتێکی زانراوە کە ئەو لایەنەی هزری بنسام لە لیبڕالییەت ڕوومالّی کردووە بریتییە لە لایەنی یاسایی، هەروەك لیبڕالییەکانی تری وەك سمس و ڕیکاردۆ لایەنی ئابووری و ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ لایەنی سیاسەتیان ڕوومالّ کردووە))[٢].

پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە بنسام لیبڕالی نەبووە لە تێڕوانینە سیاسییەکەی بۆ دەوڵەت، بەڵکو لە لیبڕالییەتدا سیاسەتێکی دۆزیەوە کە هزرەکانی بەرپا دەکات، لەگەڵ ئەوەی بنسام لە بنچینە هزرییەکەی لە گۆشەنیگای تاکایەتی بە واتای سودگەرایی هەنگاو دەنێت.

## سێیەم: لیبڕالییەتی هزری:

لیبڕالییەت لە بواری هزریدا بەستراوە بە کۆششەکانی ((جۆن ستیوارت میل))، کۆششەکانی لە ماوەیەکی زۆر گرنگی مێژووی لیبڕالییەتدا هاتن، ئەم ماوەیە وایخواست ڕاوبۆچوونی نوێخوازی هەبێ، چونکە پوچەڵی دروشمەکانی لیبڕالییەت دەرکەوتن، بۆیە پێویستی دەکرد دووبارە لیبڕالییەت ڕاست بکرێتەوە.

جۆن میل هەوڵ و کۆششی پەرەپێدەری هەبوو لە چەندین بواردا، ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەبێ بریتییە لە هەڵسانی بە دەرخستنی ئازادی بیرو

---

١) تطور الفكر السياسي ٤/ ٩٠٨.

٢) دەربارەی ڕەوتەکانی ڕادیکاڵی فەلسەفی بڕوانە: تطور الفكر السياسي ٤/ ٨٨٩ و لاپەڕەکانی دواتر.

بۆچوون، ڕۆیشتنی لە قسەکردن لەسەر لیبڕالییەتی دەوڵەت بۆ لیبڕالییەتی کۆمەڵگە، لە میانەی ئازادی بیرو بۆچوون جۆن میل ڕاو بۆچوونە سیاسییەکانی خستەڕوو.

سباین لەبارەی نوێکارییەکانی ((جۆن میل))ەوە دەڵێت: ((ئەوەی جۆن میلّ دانی پێدانا ئەوا هەرگیز لیبڕالییەتی کۆن نەیبینیوە: کە دەبیّ لە پالّ هەر حکومەتێکی لیبڕالیەوە کۆمەڵگەیەکی لیبڕالی هەبیّ... جا کۆمەڵگە یان کۆمەلّ دەبێتە هۆکارێکی پڕ بایەخی سێیەم، هۆکارێك دەسەڵات و زاڵبوونی هەیە لە پەیوەندی تاك و حکومەت و دەستەبەری ئازادی تاکدا))[1].

جا لە گۆشەی ئازادی بیرو بۆچوونەوە _ بەهەمان شێوە _ جۆن میلّ هەنگاوی نا بۆ بنیاتنانی شارستانیەت لەسەر بنچینەی لێبوردەیی ئاینی کە ئایین یاخود بۆچوونێکی تایبەت بەسەر خاوەنەکەدا ناسەپێنێت[2].

## چوارەم: شرۆڤەی پێناسەیی (قوتابخانەی کلاسیکی هاوچەرخ):

ئەم ئاڕاستەیە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی تێکگیراودا دەرکەوت، کە ڕق و کینەی هەبوو لە هەمبەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئەمە ئاڕاستەیەکی هزری ئابووری لیبڕالییە، نموونەیەکی نوێی داهێنراوە بۆ شرۆڤەی ئابووری، ئەم ئاڕاستەیە لەسەر هزری سیّ ئابووریناسی لیبڕالی دامەزرا، کە بریتین لە: ((ستانلی جیفونز، لیۆن فالراس، کارل منجر)).

---

(١) تطور الفكر السياسي ٤/ ٩٣٨.

(٢) بڕوانە: تطور الفكر السياسي ٩٣٢.

ئەم ئاڕاستەیە بە هزری (ڕادیکاڵی فەلسەفی) کاریگەر بوو، جا پێیان وایە کێشەی زانستی ئابووری بریتییە لە تێرکردنی پێداویستییەکانمان تا بەرزترین ئاست بە کەمترین هەوڵ و کۆشش.

لەسەر ئەم بنچینەیە تیۆرێکیان دانا لەبارەی نرخ، خەیاڵی ئەوەیان کرد کە ئەم تیۆرە لە هزری ئابووری پوخت دەرچووە بێ ئەوەی هیچ جۆرە بەسترانەوەیەکی هەبێ بەهەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەهۆی پشتبەستنی بە سوود و کەڵکەوە[١].

ئەم ئاڕاستەیە لەگەڵ لیبڕالییەتی کلاسیکی هاوبەشە لە بیرۆکەی ئازادی ئابووری و کارایی هێزی بازار لە دروستکردنی هاوسەنگی و بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵگە، هەروەها بەوەستان دژی دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەر ئامانجێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەلفرد مارشاڵ[٢] _ کەسایەتییەکی بەرزە لەناو ئەم ڕەوتەدا _ بەردەوام لە باوەڕ بوون بە یاسای (سای بۆ بازارەکان)، ناوبراو پێی وابوو خستنەڕوو خواست بەرهەم دێنێت، بنەچە ئەوەیە کە ئابووری هاوسەنگی بەخۆوە دەبینێ لەکاتی بەگەڕخستنی گشتگیر، ئەمەش لە کلاسیکەوە وەرگیراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نوێکاری شرۆڤەی پێناسەیی و نوێسازییەکەی بۆ کلاسیکییەت لە شێوە شرۆڤەی ئابووری تێناپەڕێت نەك ناوەڕۆکی هزری ئابووری بێ.

---

(١) بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١١٤.

(٢) ئەلفرد مارشاڵ: ئابووریناسێکی ئینگلیزییە، ساڵی ١٨٤٢ز لە دایك بووە، مامۆستای ئابووری سیاسییە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و زانکۆی کامبریج، ناودارترین پاشماوەکانی: ((بنچینەکانی زانستی ئابووری)) و ((پیشەسازی و بازرگانی)). ساڵی ١٩٢٤ز مردووە. معجم أعلام المورد ٤٠٥.

قوتابخانەکانی ئەم ئاڕاستەیە فرە جۆر بوون لەگەڵ بەشدار بوونیان لە بیرۆکەی سەرەکی وەکو: قوتابخانەی نەمساوی لە ئابووریدا[1]، قوتابخانەی وەرزشی[2]، قوتابخانەی سویدی[3]، لە ناودارترین ئابووریناسانی ئەم ئاڕاستەیە بریتین لە: ئەلفرد مارشاڵ و شۆمبیتر و جگەلەوانیش[4].

## پێنجەم: لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی:

ئەم ئاڕاستەیە بە بەهێزترین و ناودارترین ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت دادەنرێن لە بەرامبەر لیبڕالییەتی کلاسیکی، ئەمە وێنەیەکە لە وێنەکانی دابەزینی لیبڕالییەت لە جێبەجێکردنی پەیڕەوەکەی کە خۆی دەبینێتەوە لە کلاسیکییەتدا، پاساوی دەرکەوتنی ئەم ئاڕاستەیەش بریتییە لە تەنگو چەڵەمە کۆمەڵایەتییە توونددەکان و فرە قەیرانەکانی لیبڕالییەت، لە دیارترین ئەم قەیرانانە قەیرانی بێ بازاری مەزن لە ساڵی ١٩٢٩ز و دواتری، هەروەها بڵاوبوونەوەی بێکاری و گەیشتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ سەر لێواری مەرگ و نەبوونی هیچ دەستەبەری و بیمەیەکی تەندروستی و فێرکردن و جگەلەوانیش.

لەبەر ئەمە دەنگ و هاوارەکان بەرز بوونەوە سەبارەت بە پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت و هەڵسانی بە گێڕانی ڕۆڵی ئەرێنی خۆی، فەرامۆش نەکردنی کۆمەڵگە بۆ دڕندایەتی سەرمایەداران، سەرباری ئەوەی نموونەی

---

(١) بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١١٠.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١١٣.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١١٩.

(٤) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٠٥ _ ١٢٦، والإقتصاد السياسى ٧٩ _ ٩٣.

**کلاسیکی گوزارشت لە لیبڕالییەتی کلاسیکی دەکات ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا کەلەپوری لیبڕالی هەندێك بۆچوونی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت کە هەندێك لە زیانەکانی لیبڕالییەت چارەسەر دەکات، ئەم زیانانە لە خودی لیبڕالییەت و پێکهاتە بنەڕەتییەکانی سەریانهەڵداوە.**

**ئەم ئاڕاستەیە چەندین قوتابخانەی لێکەوتەوە، دیارترین ئەم قوتابخانانە بریتین لەم دوو قوتابخانانە:**

- **قوتابخانەی کینزی:**

**ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندی ئابووریناس ((جۆن ماینارد کینز))[1] (١٨٨٣ _ ١٩٤٦ز) و تیۆرە ناسراوەکەی بە تیۆری (گشتی) کە لە کتێبەکەیدا (تیۆری گشتی بۆ بەگەڕخستن و نرخی سوود و دراو) پەسەندی کردووە. کینز لە ناودارترین بیرمەندە ئابووریناسەکانە، تیۆری کینز شۆڕشێکی بەرپاکرد لە هزری ئابووری لیبڕالیدا. کتێبی کینز لەوەتەی کتێبی (شۆڕشی گەلان)ی ئادەم سمیسی باوکی ئابووری سیاسی هاوچەرخ بە یەکێك لە ناودارترین کتێبەکان.**

---

**(1) جۆن ماینارد کینز، ئابووریناسێکی بەریتانیە، ساڵی ١٨٨٣ز لە دایك بووە، یەکێکە لە دیارترین زانایانی ئابووریناس لە سەردەمی هاوچەرخدا، بانگەوازی ئەوەی کرد کە پێویستە دەوڵەت خەرجی بۆ پرۆژە گشتییەکان زیاد بکات بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر بێکاریدا، بانگەشەی دووبارە دابەشتکردنەوەی داهاتی کرد تا توانای کڕینی بەکاربەران یەکسان بێت لەگەڵ گەشە و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان. معجم أعلام المورد ٣٨١.**

حازم بیلاوی دەڵێت: ((ئابووری لە دوای کینز وەك ئەوە نەمایەوە کە پێشتر هەبوو، سەرباری ئەو ڕەخنە و بەرهەڵستییەی دووچاری بووەوە))[1].

ناوبانگ و گرنگی تیۆرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەرچەرخان و گۆڕانەی دروستیکرد لە هزری سەرمایەداری لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، هەروەها چارەسەکردنی کێشەی بێ بازاری مەزن، بە پشت بەستن بە بیرکردنەوەی پێچەوانەی تیۆری کلاسیکی، کە بریتییە لەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووریی پێویستە.

تیۆری کینزی بەوە تۆمەتبارکرا کە لە لیبڕالییەت دەرچووە بەرەو ئیشتراکییەت، لە ڕاستیدا کینزیەت بریتییە لە هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی لیبڕالییەت و ڕزگارکردنی لە دەست قەیرانەکەی. بەڵام تیۆری کینزی دژە لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەکانی لیبڕالییەت سەرباری مانەوەی چوارچێوەی گشتی تیۆری کینز لەسەر هزری لیبڕالی.

- **قوتابخانەی ڕێگای سێیەم:**

ئەم قوتابخانەیە بە هەوڵێك دادەنرێت بۆ نوێکردنەوەی لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی دوای دەرکەوتنی کەم و کورتییەکانی تیۆری کینز، بیرۆکەی دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی دەوڵەت لە بواری ئابووریدا نزم بووەوە.

لەلایەنی تیۆرییەوە هەوڵێکە بۆ نێوانگیری لە نێوان قوتابخانەی کینزی _ کە هەموو ئەوروپای گرتەوە هەر لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە (کە بریتییە لە

---

[1]) دلیل الفکر السیاسي ١٢٧.

دەستێوەردانی دەوڵەت لە بوارەکانی ئابووری بۆ ڕێگەگرتن لە قەیرانەکانی ئابووری و پاڵپشتی کردنی لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆیی) _، و بیرۆکەی بەرەڵاکردنی هێزی خۆکاری بازار بێ دەستێوەردان، ئەمە بیرۆکەیەکی بنەڕەتییە لە ڕێبازی کلاسیکیدا.

لەلایەنی جێبەجێکردنەوە ئەم تیۆرە دەرکەوت کاتێك (تۆنی بلێر) دروشمی ڕێگەی سێیەمی بەرزکردەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەکەمی خۆی کە پاڵێوراوی حیزبی کرێکارانی نوێ بوو لە هەڵبژاردنی بەریتانیا، کە تیایدا سەرکەوت و بووە سەرۆك وەزیران بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٧ز.

هەروەها لەکاتی گەیشتنی دیموکراسییە تازەکان بۆ کۆشکی سپی لەژێر سەرۆکایەتی ((بیل کلینتۆن))، دواتر جەماوەری زیاد بوو لەلایەن حیزبە دیموکراسییە ئیشتراکییەکان لە ئەوروپا وەك بزوتنەوەیەکی تازە ئامانجی چاکسازی کردنە لە کەلەپوری لیبڕلییەتی کۆمەڵایەتی، دەیەوێت لە قەیرانەکەی دەربێنێت لە بەرامبەر ڕەوتی جیانگەرایی (لیبڕالییەتی کلاسیکی نوێ)[1].

لەبەر ئەمە ڕاوێژکاری ئەڵمانی (گیر هارد شرویدر) پەسەندی کرد، دروشمەکانی ڕێگەی سێیەمی بەکارهێنا، ئەمەش وایکرد لە هاوینی ساڵی ١٩٩٨ز لە هەڵبژاردندا بباتەوە.

دواتر چوارچێوەی ڕێگەی سێیەم فراوان بوو تا وایلێهات بووە هزرێکی جیهانی، جا سەرۆکی وڵاتی کۆریای باشور (کیم دای یونگ) و سەرۆکی بەڕازیل (فرناندۆ هرنیکو) ئەم بیرۆکەیان پەسەند کرد.

---

[1]) بڕوانە: الطريق الثالث ٣٠.

**ئەنتۆنی جیدنز کە چەپگەراییەکی کۆنە بە عەقڵێکی بیرمەند و بانگەشەکاری هەرە دیار دادەنرێت بۆ پێشنیازی ڕێگەی سێیەم، هەروەها بە نەخشەدانەری هەڵمەتی هەڵبژاردنی تۆنی بلێر دادەنرێت لە میانەی دانراوە ناودارەکەی ((ڕێگەی سێیەم _ نوێکردنەوەی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی)).**

**ئا بەم شێوەیە ڕێگەی سێیەم لە هزری بەریتانیەوە کە دەیەوێ دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی چاك بکات وەرچەرخا بەرەو هزرێکی جیهانی کە کێبڕکێ دەکات لەگەڵ لیبڕالییەتی تازە، زۆرێك لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەمە خولانەوەیە بۆ گەیشتن بە لیبڕالییەتی نوێ لەگەڵ پاراستنی ناوە کۆنەکە (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی).**

**لەوانەیە هەڵوێستە سیاسیەکانی بەریتانیا و ڕازی بوونی تۆنی بلێر بە هەڵوێستەکانی سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش جەخت لەسەر ئەم شرۆڤەیە بکاتەوەو پشتڕاستی بکاتەوە، بەتایبەت کە حەزی گەلانی ئەوروپی خۆی دەبینیتەوە لە ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی دڕندایەتی جیانگەرایی، هەروەها هەڵوێستە دووبارە بووەوەکان لە ڕەتکردنەوەی دەستووری یەکێتی ئەوروپی لە فەرەنسا و هۆڵەندا و جگەلەوانیش ئەمە دووپات دەکەنەوە[1].**

---

**(١) بڕوانە: پێشنووسی محەممەد جەوهەری بۆ کتێبی (ڕێگای سێیەم) دانراوی ئەنتونی جیدنز (کە بەعەرەبی کراوە)، هەروەها بڕوانە کتێبی (دژی ڕێگەی سێیەم) دانراوی ئەلیکس کالینیوس بکە (کە وەرنەگێڕدراوە) لەسەر پێگەی (جەزیرە نێت).**

## شەشەم: لیبڕالییەتی براگماتی:

ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە ئاڕاستەی (لیبڕالییەتی ئەمریکی)، لیبڕالییەتی ئەمریکی بە کاریگەربوون بە ((جۆن لوك)) دەستی پێکرد وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەڵام زۆری نەخایەند گەشەی کرد لە دوای شۆڕشی پیشەسازی مەزن بۆ ئەوەی زیاتر بە زانستی و ماددی بێ، دواتر فەلسەفەیەکی نوێ لەخۆگرت کە پشتی دەبەست بە دەرەنجامە زانستییەکان لە تێڕوانین بۆ ژیان، ئەویش تیۆری (براگماتییە)، تێڕوانینی تازەی ئەمریکی بۆ ژیان بووە (براگماتی)، ئەمەش وەك چاکسازی و هەموارکردنی هزری لیبڕالی بوو تا بگونجێت لەگەڵ ڕۆحی چەرخ و بارودۆخە گۆڕاوەکانی، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێك بۆ پێشکەوتن و گەشەکەی لەژێر سایەی گۆڕانە تەکنەلۆژییەکان.

براگماتیەت فەلسەفەیەکی ئەمریکی پوختە، جەخت دەکاتەوە لەسەر تاکایەتی مرۆڤ و سوودگەرایی تاك بەشێوەیەکی زانستی ئایندەیی، ئەم وتەیەی ((ولیەم جیمس)) بەڵگەیە لەسەر کۆك بوونی لیبڕالییەت و براگماتیەت: ((لە مرۆڤ بگەڕێ تا ئەو بوارە هەڵبژێرێت کە حەزی لێیەتی، مەبەستم ئەو لایەنەیە کە بەختەوەری بۆ دەروون و ناخی دێنێت و ژیانێکی ئارامی بۆ فەراهەم دەکات کە تیایدا ژیان بگوزەرێنێت بەوپێیەی پێی ڕازییە، لێیبگەڕێ با ئایندە بڕیار لەسەر هەڵوێستەکەی بدات بە ڕاست یان چەوت))[1]، ئەم دەقە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی براگماتیەت ئازادی تاکایەتی سوودگەرایی لەخۆی دەگرێ.

---

(1) وەرگیراوە لە: مفهوم الليبرالية عند جون ديوي ١٩١.

بەڵام براگماتیەت بەوە جیادەکرێتەوە کە فەلسەفەیەکی زانستییە، هەر بۆیە لیبڕالییەتی ئەمریکی وەریگرت وەك پێوەرێك کە دەرەنجامەکانی هزری لیبڕالییەتی پێ دەپێورێ، چونکە براگماتیەت دەرەنجامی سەرکەوتوو بە بەڵگە دادەنێ لەسەر ڕاست و دروستی، جا ڕاست و دروستی دروست دەکرێ لە میانەی هێزو توانا لە گۆڕەپانی فراوانی ژیان.

بەمە دەتوانین بڵێین براگماتیەت پایەکانی لیبڕالییەتی لە کۆمەڵگەی ئەوڕوپی جێگیر کرد لە میانەی جەختکردنەوە لەسەر تاکایەتی سوودگەرا و پێداگیری لەسەر کار وەك هەڵسەنگێنەرو دەرخەری ڕاست و دروستی، لە میانەی پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کێشەکانی ڕۆژانە کە ژیانی تاکەکان دەتەنێت و پێشکەوتنیان دەوەستێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم کێشانە ئازادی مرۆڤەکان دەبەستنەوە لە پێکهێنانی بوونی مرۆیی بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر، ئەم وێنەیە خزمەت بە پێشکەوتنی زانستی دەکات و بوارێکی فراوانتر واڵا دەکات بۆ کاری مرۆیی، جا براگماتیەت و لیبڕالییەت دوو ڕووی یەك کارن، ئەم دراوە بریتییە لە بەرەڵاکردنی هەموو توانا تاکییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتن و کارکردن لەسەر لابردنی هەموو ئەو کۆسپانەی هیمەت و وەرەی پێشکەوتن و هزرەکانی لای تاك سست و دوادەخەن، ئەم دووانە پاڵپشتی بەهێزن بۆ سەرمایەداران بە بەڵگەی هێزیان لەسەر کارو دەرەنجامە مەزنەکانیان کە خزمەت بە تاکەکان دەکەن بەپێی تێڕوانینی ئەوان[1].

---

(1) دەربارەی بابەتی لیبڕالییەتی براگماتی بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٨٦ _ ١٩٦، و حياة الفكر في العالم الجديد ١٦٨، ١٧٣، ١٧٦.

## حەوتەم: لیبڕالییەتی نوێ:

ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە دواین قۆناغی لیبڕالییەت، ئەمە ئەو لیبڕالییەتەیە کە دەوڵەتە مەزنەکانی پیشەسازی و ڕێکخراو نێودەوڵەتییەکان پەسەندیان کردووە وەك: نەختینەی نێودەوڵەتی، بەنکی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردن و ئاوەدان کردنەوە، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، شوێنەوارو مەشخەڵەکانی هێدی هێدی زیاتر دەردەکەون بە ڕۆشنی.

وایلێهات ئەم ئاڕاستەیە بووەتە چلەپۆپە بەهۆی ئەوەی ئیمپڕاتۆریەتی ئەمریکی پەسەندی کردووە، بەتایبەت لە سایەی سیستەمی یەك جەمسەری، هەموو دەوڵەتەکانی تر کە بیرۆکەی تری ئابووریان پەسەند کردووە هەستیان بەوە کرد کە ناکرێ ئەم لیبڕالییەتە پشتگوێ بخرێ، هەر بۆیە ئەو بیرۆکانەی وەرگرتبوو هەڵسا بە هەموارکردنی تا لەگەڵ بگونجێت، هەروەك چۆن لە یەکێتی ئەوڕوپیدا ڕوویدا کە زۆربەی ئەندامەکانی باوەڕیان بە لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی هەیە. کۆمەڵێك قوتابخانە گوزارشت لەم ئاڕاستەیە دەکەن لەوانە:

- **قوتابخانەی ڕەخنەیی (قوتابخانەی شیکاگۆ):**

ئەم قوتابخانەیە لە بیرۆکە سەرەکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هزری قوتابخانەی کلاسیکی، وەك: ئازادی ئابووری، پشت بەستن بە ئابووری بەردەوام و بێ بوونی کۆت و بەند یان دەستێوەردانی دەوڵەت، باوەڕبوون بە کارایی هێزی خۆکاری بازارو هاووێنەی ئەمانە[1].

---

[1]) بڕوانە: معجم الإقتصاديين المعاصرين ٢٢٠.

ئەم قوتابخانەیە بە قوتابخانەی شیکاگۆ ناسراوە، بەهۆی درانەپاڵ ئەو مامۆستایانەی هەڵسان بە هەڵگرتنی ئاڵای بانگەوازی کردن بۆ هزرەکانی ئەم قوتابخانەیە لە زانکۆی شیکاگۆ، وەك: ((میلتۆن فریدمان)) و ((کارل برونز)) و ((م. ملتزر)) و ((فیلیب کاجان)) و ((د. لیدلر)) و جگەلەوانیش[1].

ئەم قوتابخانەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر دراو و سیاسەتی نەختینەیی و گرنگیەکی زۆری بەم دووانە داوە لە ڕێڕەوی سیستەمی سەرمایەداریدا و ڕاڤەی هەموو شتێکی کردووە لە ئابووریدا جا ئەو شتە ئەرێنی یان نەرێنی بێ لە میانەی دەستاودەستکردنی نەختینەیی بێ ڕەچاوکردنی بەرهەم یان بەکاربردن یاخود کار. سیاسەتی نەختینەیی لە هەر دوو دەوڵەتی هەرە مەزنی جیهاندا جێبەجێ کرا کە بریتین لە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو شکستی هێنا[2]، ئەم ئەزموونە بە (تاتشرییە) ناسرا بەهۆی درانە پاڵ (مارگریت تاتشر)[3] سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەوەتەی ساڵی ١٩٧٩ز، هەروەها بە (ڕەیگانیە)ش ناسرا

---

(١) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧٢٧، ٢٠ ديسمبر ١٩٨٢، ص ٣٢ _ ٣٦.

(٢) بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١٥٦.

(٣) مارگرێت ساتشر: ئافرەتێکی سیاسەتمەداری بەریتانیە (سەرۆك وەزیران بوو)، لە ساڵی ١٩١٨ز لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ز بە سەرۆکی حیزبی پارێزکاران هەڵبژێردرا، دواتر سەرۆك وەزیرانی پێ سپێررا، دوای ئەوەی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بردیەوە، بەمەش یەکەم ئافرەت بوو لە بەریتانیا بەڵکو لە تەواوی جیهان ئەم پۆستە وەربگرێت. معجم أعلام المورد ١٥٢.

بەهۆی درانەپاڵ (ڕۆناڵد ڕیگان)[1] سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨١ز.

## _ قوتابخانەی هەڵبژاردنی ئازاد:

ئەمە قوتابخانەیەکە بایەخ دەدات بە ڕەوشتی سیاسەتمەداران و کارگێڕەکان بۆ زانینی پاڵنەرەکانیان لە هەڵسانیان بەم کارە، بەوپێیەی کە ئەوان جیاواز نین لە جگەلە خۆیان لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان[2]، دامەزرێنەرەکەی (جەیمس بوکانن)ە[3] (کە لە ساڵی ١٩١٩ز لە دایك بووە)، ناوبراو ئابووریناسێکی دیارو بەرچاوی ئەمریکییە[4]. (حازم بیلاوی) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە تیۆری هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی گشتی ئازاد ((بناغەی ژێربێژی دارشتووە بۆ لێنەهاتووی و سەلامەت نەبوونی بڕیارە گشتییەکان لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، بەمەش دەبێ بەشدار بووبێ لە پاڵپشتی کردنی

---

[1] ڕۆناڵد ڕیگان: سیاسەتمەدارێکی ئەمریکییە، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، یەکێکە لە کەسایەتییە سەنگینەکانی حیزبی کۆماری، ساڵی ١٩١١ز لە دایك بووە، بە ڕاستڕەوی و دژایەتی کردنی شیوعییەت ناسراوە، ژیانی دەستپێکرد بە نمایشکارێکی شانۆیی، بۆیە لە نزیکەی پەنجا فلیمدا دەرکەوت، تایبەتمەند بوو بە گێڕانی ڕۆڵی مانگا بەخێوکەران، دواتر هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوەو لە کاتی هەڵبژاردنیدا بووە سەرۆکی ویلایەتی کالیفۆڕنیا. معجم أعلام المورد ٢١٦.

[2] بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١٧٨.

[3] جەیمس بوکنان: ساڵی ١٩١٩ لە ولایەتی تنسی ئەمریکی لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٦٨ز بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا لە زانکۆی شیکاگۆ، کاری لە چەند زانکۆیکی ئەمریکیدا کرد، لەگەڵ جۆردۆن تولوك ڕێکخراوی هەڵبژاردنی ئازادی لە ساڵی ١٩٦٣ز دامەزراند، گۆڤارێکی بەناوی ڕێکخراوەکە دەرکرد، لە ساڵی ١٩٦٩ز تا ساڵی ١٩٨٣ز سەرۆکایەتی ناوەندی هەڵبژاردنی ئازادی لە زانکۆی ڤێرجینا گرتەدەست، بوکانن لە گەنجێتیدا ئیشتراکی بوو، دواتر بووە یەکێك لە پشتگیرانی ئابووری بازار. معجم الإقتصاديين المعاصرين ٢٢٤.

[4] دەربارەی هزری جیمس بۆکانن بڕوانە: معجم الإقتصاديين المعاصرين ٢٢٤.

ئاڕاستەکانی لیبڕالییەتی نوێ، هەروەها پێویستی دانانی سنوورو کۆت و بەند لەسەر چالاکییەکانی دەوڵەت))[1].

کۆی کارەکانی (جەیمس بۆکانن) پشت دەبەستێت بە جێبەجێکردنی ڕێکخراوی تاکایەتی پەیڕەودار لە توێژینەوەی دارایی گشتیدا، بەمەش ئەو پێشنیازە نەریتییە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت: ((حکومەت ڕەگەزێکی کارایە و لەسەری پێویستە بەرژەوەندی گشتی دیاری بکات و ڕێزو حورمەتی بسەپێنێت))، هەروەها پێی وایە هەڵبژاردنی ئازادی تاکی هاوڵاتی دەبێ بخوڵێتەوە بە دەوری شرۆڤەی ئابووری[2].

---

(١) دليل الفكر اللاإقتصادي ١٨٠.

(٢) بڕوانە: معجم الإقتصاديين المعاصرين ٢٩٨.

# بەشی سێیەم

# بوارەکانی لیبڕالییەت

**لە دوو دەروازە پێکهاتووە:**

**دەروازەی یەکەم: لیبڕالییەتی سیاسی**

**دەروازەی دووەم: لیبڕالییەتی ئابووری**

# ســـەرەتا

## پەیوەندی نێوان ئازادی سیاسی و ئازادی ئابووری.

سیاسەت و ئابووری بە گۆڕەپان و مەیدانی سەرەکی لیبڕالییەت دادەنرێن، لیبڕالییەت بەم دوو بوارە بەستراوەتەوە بەوپێیەی هزرێکی سیاسی و ئابووری بانگەشە دەکات بۆ ئازادی تاکەکەسی، خۆسەپاندن و کۆت و بەندە سەپێنراوەکانی سەر ئازادی و سەربەستی تاك ڕەت دەکاتەوە.

تێڕوانینی لیبڕالییەت بۆ پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئابووری بە دوو جۆر هاتووە:

یەکەمیان: باوەڕی وایە لە میانەی ئازادی سیاسی دەتوانرێ ئازادی تاك بەرپا بکرێ، ئەمەش بە جێبەجێکردنی دیموکراسییەت لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی تاك و بەڕێوەبردنی ئابووری بەوپێیەی ئەو بەرژەوەندییە دەستەبەر بکات، ئەم تێڕوانینە هەوڵ دەدات دیموکراسییەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکەوە کۆ بکاتەوە، هەروەها پێی وایە دەستێوەردانی دەوڵەت دەبێتە مایەی گەشەی ئابووری بە هاندانی ئەو خواستەی کە دەستەبەری ئامانج و مەبەست دەکات، لەمەشدا هیچ زیانێك نییە بۆ سەر ئازادی تاك بەڵکو ئەمە پاڵپشتی کردنی ئازادی و سەربەستی تاکەکەسییە.

ئەم تێڕوانینە ((ئیشتراکییەتی تاکڕەوی)) ڕەتدەکاتەوە کە شیوعییەت لە ڕوسیا جێبەجێی کرد، چونکە ئازادی تاکەکەسی لەناوبرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

(ئیشتراکییەتی دیموکراسی) ڕەت ناکاتەوە، ئەوانە پێیان وایە ئازادی ئابووری بێ کۆت و بەند و بەرەڵا سەردەکێشێت بۆ تاکڕەوی سەرمایەداران و زاڵ دەبێ بەسەر ئازادی تاك لە کۆتایی ڕێگاکەدا.

دووەمیان: پێی وایە تەنها لە ڕێگەی ئازادی ئابووری دەتوانرێ ئازادی سیاسی دەستەبەر بکرێ، ((ئازادی ئابووری لە خودی خۆیدا بەشێکی گرنگە لە ئازادی گشتی))[1]، هەروەها هۆکارێکی پێویستە بۆ ئازادی سیاسی.

ئەم تێڕوانینە پێی وایە دەوڵەت نابێ دەستوەربداتە ناو ئابوورییەوە، چونکە ئەمە سەردەکێشێت بۆ لەناوبردنی ئازادی تاکەکەسی، کردنەوەی دەرگای زاڵبوون و کۆت و بەندکردنی ئازادییەکان و دیکتاتۆرییەتی داخراو بە دیموکراسییەت.

جیاوازی زۆر بە ئاشکرا دیارە لە نێوان ئەم دوو تێڕوانینە، جا هەر دووکیان کۆکن لەسەر ئازادی تاکەکەسی وەك خاڵی هەنگاونانی سەرەکی لە بواری سیاسی و ئابووری، بەڵام یەکێك لە تێڕوانینەکان لە دەرگای سیاسەتەوە هاتە ژوورەوەو ئابووری کردە پاشکۆیەکەی، تێڕوانینەکەی تر مەسەلەکەی پێچەوانە کردەوە، بەمەش دەرەنجامەکان جیاواز بوون لە نێوانیاندا.

لیبڕالییەت لەم دوو بوارەدا شوێنەوارو ڕەنگدانەوەی زۆر مەزنی هەیە لەسەر هزرو ڕەوشت و جگەلەوانیش، لیبڕالییەت دەروازەی بێ باوەڕی کردەوە بە هەموو وێنەکانی لە میانەی ئازادی بیرو هزردا، لەوانەیە ڕێبازە هزرییە بێ باوەڕو خوانەناسەکان بریتی بن لە شوێنەواری ئەم ئازادییە گومان پێبراوە، بەهەمان شێوە بەرەڵایی و هەڵوەشانەوەی ڕەوشت دەرەنجامی ئازادی تاکەکەسییە، فرێدانی

---

(1) بڕوانە: معجم الإقتصاديين المعاصرين ٢٩٨.

**کۆت و بەندەکانی ڕەوشت لەلایەن ئافرەتەوەو بڵاوبوونەوەی لادان لە پەیوەندی جنسی و خێزانی و جگەلەوانەش دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە.**

**بەڵام ئازادی بیرو بۆچوون و کەسی لە هزری لیبڕالییدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێ بەوپێیەی بریتییە لە مافی تاکەکان و پێویستە لەسەر دەوڵەتی لیبڕالی بەهاوڵاتیانی ببەخشێت بێ دەستێوەردان، هەر چەندە هەر دەرەنجامێکی هزری و ڕەوشتی هەبێ.**

**توێژینەوەکەم کورت هەڵدێ لەسەر بوارەکانی لیبڕالییەت لەسەر لیبڕالییەتی سیاسی و ئابووری بێ خستنەڕووی ئەو شوێنەوارانەی لەسەری کەڵکە دەبن، چونکە دەکرێ پەیی پێببرێ و تاکو کورتبڕیش ڕەچاو بکرێت، بۆ زانیاری ئاماژەم بەم شوێنەوارانە داوە بەڵام بەتێروتەسەلی و دوورو درێژی نا.**

**ڕێبازی لیبڕالی لەم دوو بورانەدا دەخەینەڕوو (سیاسەت و ئابووری) بە شێوەیەکی تێروتەسەل، هەر بوارێك لەم دوو بوارانە کۆتایی پێدێنین بە ڕوونکردنەوەی قەیران و چەرمەسەرییەکەی کە دارووخان و پڕوپوچی و تێکگیرانەکەی ئاشکرا دەکات.**

## دەروازەی یەکەم

# لیبڕالییەتی سیاسی

لیبڕالییەت پشت بە (ئازادی تاکایەتی) دەبەستێت وەك چەمکێکی سەرەکی، بەڵام ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سروشتی دەبێتەوە لە ژیانی مرۆییدا ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتییە، (ژیانی سیاسی) یەکێك لە وێنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، لیبڕالییەت هەندێك بیرۆکەی سیاسی تێدا هاتنە کایە کە هەوڵیان دەدا پێویستی پاراستنی ئازادی تاکەکان و ڕێکخستنی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی بەیەکەوە کۆ بکەنەوە.

پرسی پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگەوە (پرسێکی سەرەکییە) لە هزری لیبڕالییدا، بنچینەی هاوبەشی نێوان هەموو لیبڕالییەکان بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئازادی تاك و دەستیوەرنەدانی دەوڵەت، لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەو شێوەیەی بگونجێت لەگەڵ ئەم ئازادییە. هەر بۆیە لیبڕالییەکان ڕاجیان سەبارەت بە ڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەپێ ئەندازەی دەستەبەرکردنی ئازادی یان دەسیوەردانی مۆڵەت پێدراو و مۆڵەت پێنەدراو، بنیاتی ئەم ڕاجیاییە بریتییە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکگرتنەی هەیە لە نێوان ((چەمکی ئازادی و یەکسانی))، جا ئازادی تاکایەتی ئەگەر بە تەنها بوو ئەوا زیان بە یەکسانی دەگەیەنێت، یەکسانی تەواویش زیان بە ئازادی تاکایەتی دەگەیەنێت.

هەندێك لە لیبڕالییەكان بۆ ئەوەی ڕۆیشتوون كە لایەنی ئازادی زاڵ بكەن _ هەر ئەمەش لە هزری لیبڕالییدا بنچینەیە _، جا دەستێوەردانی دەوڵەتی قەدەغە كرد تەنانەت لەسەر ئاستی یارمەتیدانی هەژاران و نەداران و پاراستنی ژینگە، لیبڕالییەكانی تر لاینكی یەكسانیان زاڵ كرد، بەم پێیە داوایان كرد ئازادییەكان سنووردار بكرێن لەبەر بەرژەوەندی یەكسانی كۆمەڵایەتی. هەروەها ڕاجیایی دروست دەبێ سەبارەت بە شێوەو وێنەكانی حكومەت و جۆرەكانی دەستێوەردانی ڕەواو ناڕەوا لە بواری تایبەتی تاكدا.

ئەم پرسە لەم بەشەدا و لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا چارەسەر دەكەم:

١_ تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتی، بەوپێیەی تیۆری سەرەكییە لە پێكهێنانی دەوڵەتدا، پەیوەندی ئەم تیۆرە بە تاكەوە.

٢_ مافە سەرەكییەكانی تاك.

٣_ جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان، بەوپێیەی گرنگترین دەستەبەری ئازادی تاكن.

٤_ سنووری دەسەڵاتی كۆمەڵگە بەسەر تاكەوە.

٥_ ئازادی بیرو بۆچوون و كردنەوەی بۆشایی بۆ ڕاجیایی و فرەبۆچوونی.

٦_ لیبڕالییەت لە بەرامبەر دیموكراسییەتدا، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان لیبڕالییەت وەك هزرێك كە پشت بە ئازادی تاك دەبەستێت و دیموكراسییەت وەك سیستەمێك كە پشت بە یەكسانی دەبەستێت.

٧_ قەیرانی سیستەمی دیموکراسییەت، ڕوونکردنەوەی تێکگیران و کێشەکانی.

## یەکەم: تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی:

بیرۆکەی بوونی گرێبەست لە نێوان دەسەڵاتدارو ژێردەست یان دەوڵەت و تاکەکان لە هزری ئەوڕوپیدا دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی، جا زۆرێك لە سۆفستائییەکان تێڕوانینی خۆیان بۆ دەوڵەت بنیاتناوە لەسەر بنچینەیەکی گرێبەستی، لە هزری یۆنانیدا ((کارتیادس)) بۆ ئەوە چووە کە خەڵك پێشتر بێ یاسا ژیاون، هەر یەکێك دەستدرێژی دەکردە سەر ئەوەی تر؛ ئەمەش سەریکێشا بۆ بڵاوبوونەوەی ترس و بیم و دڵەڕاوکێ، هەر بۆیە گرێبەستێکیان لە نێوان خۆیاندا ئەنجامدا کە بەپێی ئەم گرێبەستە ملکەچی ئەو بەرنامەیە بن کە هەڵیدەبژێرن))[1] ((زۆرێك لە ئەبیقۆرییەکان ئەم بۆچوونەیان وەرگرتووە، قوتابخانەگەراکان ئەم بیرۆکەیان گواستۆتەوە بۆ ناو مەسیحییەت و هەوڵیانداوە ئەم بیرۆکە و کتێبی پیرۆز لەگەڵ یەك بگونجێنن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە بایەخی خۆی هەبوو لە سەرەتای سەردەمی هاوچەرخدا لەسەر دەستی ((تۆماس هۆبز))، ناوبراو ئەم بیرۆکەیەی بە شێوەیەکی دونیاگەرایی (عەلمانی) پوخت خستەڕوو، جا ئەندێشەی ئەنجامدانی گرێبەستەکەی کرد بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە هەبێ، وایلێهات بووە بنچینەی تیۆری بۆ یاسای دەستکرد و سیاسەتی هاوچەرخ[2].

---

(١) تراث الإنسانية _ العقد الإجتماعي _ ١/ ٥٧٤.

(٢) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

بانگەشەکارانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێکنەهاتن لەسەر ئەندێشەکردنی ئەم گرێبەستە و پاساوەکانی و ئەندازەی واقیعی بوونی و ئەو دەرەنجامانەی لەسەری کەڵەکە دەبن و ئەم سیستەمە سیاسیەی لەگەڵ دەگونجێت. هۆبز لە بارودۆخی سروشتی مرۆڤەوە[١] هەنگاوی نا، ناوبراو پێی وابوو ((مرۆڤ بە سروشتی خۆی تەنها تاکێکی خۆویستە، تەنها لە پێناو خۆی یان بەرەو خودی خۆی دەجولێت، خۆویستی دیاردەیەك نییە لە دیاردەکانی ژیانی مرۆیی، بەڵکو ناوەڕۆکی بوونی مرۆییە بەوپێیەی بوونێکی ماددی سوودگەرایە و لەسەر تێکۆشان بەرەو مانەوەو کارکردن لەپێناو زاڵبوونی زیاتر دەوەستێت))[٢].

هۆبز گومانی وابوو: ((تاکە یاسای سروشتی کە ئامێرەکانی مرۆڤ دەجولێنێت بریتییە لە یاسای خۆویستی یان سوود یاخود هێز))[٣].

بیرۆکەی (خۆویستی و خۆپەسەندی) وەك سروشتێکی خودی تاك گوایە تاکە جوڵێنەری سەرەکی مرۆڤە لە ((میکافیلییەوە)) بۆ ((هۆبز)) گوێزرایەوە، ئەوە یەکەم بیرمەندە پاساو دەدات بەلادانی ڕەوشتی سیاسی بەسەر کۆمەڵگەدا لە لایەنی عەقڵیەوە بە ڕاڤەیەکی عەلمانی نوێ[٤].

---

(١) لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ((باری سروشتی مرۆڤ)) لای هۆبز، کە مەبەست لێی: سروشتی خودی مرۆڤە، لەگەڵ ((باری سروشتی)) لای لوك، کە مەبەست پێی: گریمانەکردنی بارودۆخێکە کە دەوڵەت و سیستەمی تێدا نەبێ.

(٢) تراث الإنسانية ((اللواثان)) ١/ ٢٥٦.

(٣) هەمان سەرچاوە ١/ ٢٥٧.

(٤) تطور الفكر السياسي (سباين) ٣/٤٨٠، و حكمة الغرب ٢/٢٩ _ ٣٣.

**هۆبز پشتی بە کەڵك و سوود وەرگرت وەك بنچینەیەکی فەلسەفی لە تێڕوانینی بۆ مرۆڤ، جا وتی: ((سەغڵەت نابین ئەگەر وتمان: کەڵك و سوود تاکە ڕێسای ڕەوشتیمانە))[1].**

**ئەم بارە تاریکە بۆ سروشتی مرۆڤ وای لە (هۆبز) کرد کە پێی وابێت ((هەمووان لە جەنگدان دژ بە یەکتری))؛ چونکە بارودۆخی مرۆڤ وایلێکردووە پشت بە ((هێز)) ببەستێت لە دەستخستنی بێ سنوور، ئەمەش بارو حاڵەتێکی لە ترس و بیم هێنا کایە کە ئەوانی ناچارکرد بۆ دروستکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی شارستانی تا ئاشتی تێدا بەرپا ببێت.**

**ئەم تێڕوانینەی هۆبز، تێڕوانینێکی گریمانەکردنە و ڕاستی بۆ نییە، بەم تێڕوانینە ویستوویەتی پاساو بدات بە بوونی دەوڵەت و سروشتی ئەو سیستەمەی حوکمڕانە تێیدا، لەم تێڕوانینەیدا پشتی بەستووە بە تێبینی کردنی ڕەوشتی مرۆڤ.**

**لەگەڵ ئەوەی هۆبز لە گۆشە نیگاکەیدا لیبڕالییە بەپێی پشت بەستنی بە تاکایەتی وەك سروشتی مرۆڤ، ئەوا تێڕوانینەکەی لیبڕالی نەبوو کاتێك بڕیاریدا پێویستە دەسەڵاتەکان لە یەك دەستدا کۆ بکرێنەوە[2]، بەمەش گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بوونی دەوڵەتی خۆسەپێنی بە پێویست بزانێت، دواتر پاساوی بە خاوەنداریێتی و پاشایەتی ڕەهادا.**

---

**(١)** تراث الإنسانية ((اللواثان)) ١/ ٢٥٦.

**(٢)** هەمان سەرچاوە ١/ ٢٥٩.

خەڵك دەستیان هەڵگرت لە ئازادییەکانیان بۆ دەسەڵاتداری خۆسەپێن لە پێناو گەیشتن بە ئارامی و ئاسایش و دادگەری، بۆیە نابێ شۆڕش دژی ئەم سیستەمە بکرێ، پاشگەزبوونەوەش لە گرێبەستەکەدا نییە، هیچ بژاردەیەکی تر لە بەردەم تاکدا نییە جگەلە دەسەڵاتی ڕەها یان شلەژانی تەواو[1].

هۆبز یەکەم کەس بوو کە بنچینەکانی تیۆری ((گرێبەستی کۆمەڵایەت)) دانا بە وێنە هاوچەرخەکەی[2]، دوای ئەو ((جۆن لوك)) هات و کۆك بوو لەگەڵی لە هزرە کۆمەڵایەتییەکەیدا، بەڵام ڕاجیا بوو لەگەڵی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، لوك مرۆڤ بە چاکەخواز دانا بە سروشتی خۆی، بارودۆخی سروشتی لای لوك بریتییە لە باری ئاشتی و ویستی باش و هاریکاری ئاڵوگۆڕ پێکراو و ئازادی و یەکسانی.

ئازادی لە بارو حاڵەتی سروشتیدا سنووردار نییە، بەڵام حوکم کراوە بە یاسایەکی سروشتی، ئەم یاسایە سەپێنراوە بەسەر هەمووان و هیچ دەسەڵاتێکی باڵا لێرەدا نییە، کەس سەروەری بەسەر کەسدا نییە، ئەم ئازادی و یەکسانیە لە نێوان خەڵکدا لە باری سروشتیدا بریتییە لە بنچینەی هەبوونی خاوەندارێتی تایبەت کە بەکار پاساو بەخۆی دەدات، بەردەوام دەبێ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و حکومەتێك کە ئەرکی بریتی بێ لە پاراستنی ئەم خاوەندارێتیە[3].

لە میانەی وردبوونەوە لە تێڕوانینی ((لوك)) بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت کە مرۆڤ لە پاش گرێبەستەکە پێشکەوتووترە لە پێش گرێبەستەکە،

---

(١) بڕوانە: تطور الفكر السياسي (سباين) ٣/ ٥٨٥.

(٢) بڕوانە: تراث الإنسانية ((اللواثان)) ١/ ٢٥٩.

(٣) بڕوانە: الليبرالية إشكالية المفهوم ٧٢ _ ٧٣.

مرۆڤ لە پاش گرێبەستەکە جیاواز نییە لەگەڵ پێش گرێبەستەکە، بەڵکو کەڵك و سوودی گرێبەستەکە بریتییە لە ڕێکخستنی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەت و پێدانی ڕەوایی بە کۆمەڵگەی نوێ کە ئەم خاوەندارێتییە دەپارێزێت.

جا ئەگەر دەسەڵاتدار پابەند نەبێ بە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستەی نێوان ئەو و تاکەکاندا هەیە، ئەوا بۆ تاکەکان دروستە شۆڕش بکەن لە پێناو گێڕانەوەی مافەکانیان، بەمە لوك شۆڕشکردن بە ڕەوا دادەنێت بەسەر ڕژێمە پاشاییە ڕەهاکان و ئەرستۆقراتییەکان کە ئازادی و سەرو ماڵی تاکەکان ناپارێزێت. بەمەش لوك پاساو دەداتە شۆڕشی ئینگلیزی دژی پاشایەتی و پشتیوانی حکومەتی کۆت و بەندکراو دەکات وەك ((پاشایەتی دەستووری)) .

لەگەڵ ئەوەی جۆن لوك تێڕوانینی جیاواز بوو لەگەڵ هۆبز بۆ سروشتی مرۆڤ، هەروەها لوك ڕای لەوەشدا جیاواز بوو کە مرۆڤ لە جەنگدا بێ لەگەڵ ئەوانی تردا، بەڵام ناوبراو کۆك بوو لەگەڵ هۆبز سەبارەت بە سروشتی تاکی خۆویستی مرۆڤ، لەسەر ئەوەش کۆك بوون کە ئەم خۆویستییە تا دوای گرێبەستەکەش هەر بەردەوام دەبێت، ئەمەش لە میانەی خاوەندارێتی تایبەت، بێگومان خاوەندارێتی تایبەتیش دەروازەی لیبڕالییە بۆ هزری سیاسی و ئابووری لوك.

دواتر بیرۆکەی ((گرێبەستی کۆمەڵایەتی)) بۆ جان جاك ڕۆسۆ گوازراویەوە، ناوبراو گەشەی بەم بیرۆکەیەدا و کتێبە بەناوبانگەکەی سەبارەت بەم بیرۆکەیە نووسی (دەربارەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی).

ڕۆسۆ لە ئەندێشەکردنی گرێبەست لە وێنەی گریمانەکراوی خەیاڵییەوە[١] هەنگاوی ناوە سەبارەت بە بارودۆخی سروشتی مرۆڤ و کۆك بوو لەگەڵ جۆن لوك لە سروشتی چاکەخوازی مرۆڤ، هەروەها ناونانی باری سروشتی بە ئازادی و یەکسانی و بەختەوەری، ڕەخنەشی لە تێڕوانینی هۆبز گرت کە پێی وایە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ پەیوەندی شەڕو جەنگی بەردەوامە، چونکە جەنگ ناکرێ لە بارودۆخی سروشتیدا هەبێ کە خاوەندارێتی تایبەتی تێدا نییە، جەنگەکانی دایە پاڵ دەوڵەتە خۆسەپێنەکان کە دژی ڕاستی و مافی سروشتین[٢].

بەڵام بارو حاڵەتی سروشتی لەسەر وێنە نموونەییەکەی بەردەوام نەبوو، بەهۆی زیاد بوونی دانیشتووان و گەشەی ئابووری و وازهێنانی ژیانی مرۆڤایەتی لە سروشتەکەی ئەمەش ململانێ و نەبوونی ئاسایشی هێنایە کایە، جا بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش کۆمەڵگەی شارستانی بنیاتنرا لەسەر بنەڕەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی[٣].

ئەم گرێبەستە چەند مەرجێکی هەن کە وایانخواست واز لە ئازادییە سروشتییەکانی بهێنێت، ناکرێ کەم و کورتی پێ بگەیەنرێ، چونکە کەمترین

---

(١) جۆن لوك پێی وایە گرێبەست ڕاستییەکی مێژوویی واقیعییە، جا سەرباری ئەوەی ئەم بۆچوونە پێچەوانەی واقیعە ئەوا بەهەمان شێوە پێچەوانەی ڕای زۆربەی ئەو بیرمەندانەیە کە بانگەشەیان بۆ گرێبەستەکە کردووەو وێنەکەیان ڕوون کردۆتەوە، هەر بۆیە کانت پێی وایە گرێبەست تەنها ئەفسانیەکی مێژووییە، بەڵام ڕاستینەیەکی فەلسەفی هەڵدەگرێت، (الليبرالية إشكالية مفهوم).

(٢) بڕوانە: في العقد الإجتماعي ٤٣.

(٣) بڕوانە: السياسة بين النظرية والتطبيق ٣١٥.

**هەموارکردنی وایلێدەکات پوچەڵ بێ، ڕۆڵی گرێبەست و پێویستییەکانی ڕەتدەکاتەوە[١].**

**ڕۆسۆ لەبارەی ئەم مەرجانەوە دەڵێت: ((دەکرێ هەموو ئەو مەرجانە لە یەك مەرجدا کورت بکرێنەوە، ئەویش بریتییە لە وازهێنان و دەستهەڵگرتنی تەواوی هەر یەك لە بەشداربووان لە گشت مافەکانی لە پێناو کۆمەڵ؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی _ هەر لە سەرتاوە _ هەر کەسێك بە تەواوی خۆی پێشکەش کردووە، حاڵەتەکە بۆ هەمووان یەکسانە، جا بەلەبەرچاوگرتنی حاڵەتی یەکسانی هەمووان ئەوا بەرژەوەندی هیچ یەکێك لەوەدا نییە ئەم مەرجە بکاتە ئەرك بەسەر ئەوانی تردا. بێ خۆپارێزی دەستهەڵگرتن ئەنجامدرا و یەکگرتن تەواوترین شت دەبێ کە بکرێ ئەنجام بدرێ و هیچ شتێك بۆ کەس نامێنێتەوە کە داوای بکات؛ چونکە ئەگەر هەندێك ماف بۆ تاکەکان مابانەوە، ئەوا هیچ سەرچاوەیەکی باڵای هاوبەش نەدەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی شتەکان لە نێوان ئەوان و جەماوەردا، جا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەر یەکێك لە هەر خاڵێکدا بانگەشەی حوکمی تایبەت بەخۆی دەکات، ئەوا حاڵەتی سروشتی بەردەوام دەبوو و یەکگرتن بەشێوەیەکی پێویست دەبووە خۆسەپاندن و نەزۆکی))[٢].**

**ئەگەر جگە لە ڕۆسۆ ئەم قسەیەی کردبووبا ئەوا دەوترا: ئەمە ڕەتکردنەوەی لیبڕالییەت و پاڵپشتی کردنی خۆسەپاندن و چەسپاندنی تاکڕەوی و ڕەهاییە؛ چونکە ڕاشکاوانە تیایدا ئاماژە بە وازهێنانی و دەستهەڵگرتنی تاك دەکات لە ئازادییەکەی لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەی شارستانی نوێ.**

---

**(١) بڕوانە: في العقد الإجتماعي ٤٩.**

**(٢) بڕوانە: في العقد الإجتماعي ٤٩.**

بەڵام ڕۆسۆ بانگەشە بۆ ئازادی دەکات، دژی پاشایەتی خۆسەپێن دەوەستێتەوە[1]، هەروەها ناوبراو چەمکێکی دیاریکراو بۆ ئازادی پەسەند دەکات، پێی وایە پێویستە ئازادی کۆت و بەند بکرێت بە یەکسانی.

جا دەستهەڵگرتن لە ئازادی تاکەکەسی کە بەوپێیە تاك لە حاڵەتی سروشتی دەگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی کۆمەڵگەی شارستانی ئەوا مانای بریتی نییە لە دابەزین و دەستهەڵگرتنی زۆرەملێیانە، چونکە بۆ هەمووان دەستهەڵدەگرێ، نەك بۆ تاکێکی تر یان لایەنێکی دیاریکراو.

((هەر یەکێك کە خۆی بۆ هەمووان دەبەخشێت، ئەوا خۆی بۆ هیچ تاك نابەخشێت))[2]، ویستی گشتی کە پێکهاتووە لە دەستهەڵگرتنی تاکەکان لە مافەکانیان بۆ یەکتری بریتییە لە خودی ئازادی و بەرزترین وێنەکانی.

هەر بۆیە ڕۆسۆ ڕەخنە لەوە دەگرێ تاك واز بهێنێ لە ئازادی خۆی بۆ کەسێکی تر، جا دەڵێت: ((مرۆڤ کە واز لە ئازادی خۆی دێنێت، ئەوا واز دەهێنێت لە خەسڵەتی مرۆڤی خۆی... چونکە وازهێنانێکی لەو جۆرە دژی سروشتی مرۆڤە، داماڵینی هەر ئازادییەك لە خواستی خۆی بریتییە لە داماڵینی هەموو ڕەوشتێك لە کردارەکانی))[3].

ڕۆسۆ ئەو گرێبەستەی نێوان تاکێك کە وازدەهێنێت لە ئازادی خۆی بۆ کەسێکی تر بە گرێبەستێکی پوچەڵ دادەنێت، لەوبارەوە دەڵێت: ((بەڕاستی

---

(١) هەمان سەرچاوە ٣٥.
(٢) هەمان سەرچاوە ٤٩.
(٣) هەمان سەرچاوە ٤٢.

پێکهاتنێکی پوچەڵ و دژ یەکە، کە لەلایەك دەسەڵاتی ڕەها و لەلایەکەی تر گوێڕایەڵی بێ سنوور بە مەرج بگریت))[١].

بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆسۆ جیاوازی دەکات لە نێوان دوو جۆری وازهێنان لە ئازادی، یەکەم: وازهێنان لە پێناو تاکێکی تر، ئەمە سەپاندن و بەندایەتییە، دووەمیان: لە پێناو بەرژەوەندی هەمووان نەك بۆ تاکێکی دیاریکراو، ئەم جۆرەی دووەمی ئازادی کۆمەڵگەی شارستانی پێ دروست دەبێت.

ڕۆسۆ پەیماننامەی کۆمەڵایەتی کورت کردۆتەوە دوای دوورخستنەوەی ئەوەی بەشێك نییە لە ناوەڕۆکی ئەو پەیماننامەیە، لەم دەربڕینەدا: ((هەر یەکێکمان لە ناو کۆمەڵگەدا بەخۆی و تواناکانیەوە لە ژێر سایەی خواستی گشتی باڵا بەشدارە، لەسەر شێوەی دەستەیەك بەیەك دەگات، کە هەر ئەندامێکی وەك بەشێکی جیا نەبووەویە لە گشت))[٢].

ویستی گشتی بریتییە لەو ویستەی پێکدێت لە هەموو ویستە گشتییەکانی کۆمەڵگە و گوزارشت لە خواستی گەل دەکات، لە میانەی ئەمە تاکەکان وەك ئەوەیان لێهاتووە کە یەك بەش و یەك ویست بن.

ئەم ویستە گشتییە خاوەنی سەروەری ڕەهایە، هەوڵ بۆ بەرژەوەندی هاوبەش دەدات،[٣] ئەگەر هەر تاکێك خواستی خۆی پێش ویستی گشتی خست، ئەوا دەبێت ناچار بکرێت لەسەر ملکەچ بوون بۆ ویستی گشتی.

---

(١) في العقد الإجتماعي ٤٢.
(٢) هەمان سەرچاوە ٥٠.
(٣) هەمان سەرچاوە ٥٤.

ڕۆسۆ دەڵێت: ((هەر یەكێك ئەوە ڕەت بكاتەوە ملكەچی ویستی گشتی بێت ئەوا ناچار دەكرێت ملكەچی بێت لەلایەن تەواوی دەستەوە، ئەمە هیچ مانایەك نادات جگەلەوەی ناچار دەكرێ كە ئازاد بێ))[1].

یاسای دەوڵەتە جەماوەرییەكان بریتین لە دەرەنجامی ویستی گشتی، ئەمە مانای وایە ڕۆسۆ پێی وایە دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە تاكەكان ناچار بكات لەسەر پابەند بوون بە یاساكانیەوە، چونكە ئەمە خواستی ویستی گشتییە.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر جیاوازی تێڕوانینی ڕۆسۆ لەگەڵ تێڕوانینی لوك لە ئەندێشەكردنی دەوڵەتی لیبڕالی، ئا لێرەوە هەندێك لە لیبڕالییەكان ڕۆسۆیان بە دژی لیبڕالییەت دانا، هزرەكەی ڕۆسۆ ڕێگەیەكی شیاوە بۆ ڕەواییدان بە خۆسەپاندن.

لە گوێزرانەوە تاك لە حاڵەتی سروشتی بۆ باری شارستی ئازادی شارستانی و خاوەندارێتی هەموو ئەو شتانەی لە ژێر باڵی تاكن بەدەست دێت[2].

جیاوازی نێوان ئازادی لە باری سروشتی و باری شارستانیدا بریتییە لەوەی لە باری شارستانی بەستراوەتەوە بە ویستی گشتی كە دادگەری لێ بەرهەم دێت، لە كاتێكدا ئازادی سروشتی پشت بە حەزو ئارەزوو دەبەستێت، دواتر ئەمە ئازادییەكی بەرەڵاو بێ كۆت و بەندە، جا لەو بارەوە ڕۆسۆ دەڵێت: ((تەنها ئازادی واتایی (مەعنەوی) وا دەكات بەشێوەیەكی ڕاستەقینە مرۆڤ ببێتە سەروەری خۆی،

---

(١) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

(٢) بڕوانە: في العقد الإجتماعي ٥٥.

چونكە تەنها حەزی ئارەزوو بەندایەتییە، گوێڕایەڵی كردنی ئەو یاسایەش كە ئێمە دایدەنێین بریتییە لە ئازادی))[1].

ڕۆسۆ ڕۆڵی دەوڵەتی بەگەورە دانا بەوپێیەی بریتییە لە ویستی گشتی، بە پێچەوانەی ڕێبازی لیبڕالییەكانی تر كە دەوڵەت بە ئاشوب و شەڕێك دادەنێن كە دەبێ هەبێ و كەم كردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بە زیاد بوونی لیبڕالییەت دادەنرێت، لە كاتێكدا زیاد دەستێوەردانی دەوڵەت بە دەستدرێژی بۆ سەر تاك دادەنرێ.

ڕۆسۆ دانانی دەوڵەتی خاوەن دامەزراوەی كۆمەڵی بە ویستی گشتی پارێزراو تێپەڕاند بۆ ئەوەی دەكرێ فەرمانی سەرۆكەكان بە خواستی گشتی دابنرێ، لەم بارەوە وتویەتی: ((ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت كە فەرمانی سەرۆكەكانی ناكرێ بە ویستی گشتی دابنرێن، تا ئەو كاتەی خاوەن سەروەری ئازاد بێ لە بەرهەڵستی كردنی و بەرهەڵستی دەرنەبڕێ، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەكرێ بێ دەنگی گشتی بخەملێنین بەوەی گەل ڕازییە))[2].

لەگەڵ ئەو وەسفانەی ڕۆسۆ ویستی گشتی پێ ڕەنگ كرد وەك ئەم وتەیەی: ((ویستی گشتی هەردەم دادگەر دەبێ، بەلای سوودی گشتیدا دەچێت))[3]، هەروەها ئەم وتەیەی: ((ویستی گشتی هەردەم ڕاستپێك دەبێت، بەڵام ئەو حوكم و بڕیارەی دەریدەكات هەمیشە ڕاست و بەرچاو ڕۆشن نابێ))[4]، ڕۆسۆ ڕووی

---

(١) هەمان سەرچاوە ٥٦.
(٢) هەمان سەرچاوە ٦٤.
(٣) هەمان سەرچاوە ٦٨.
(٤) هەمان سەرچاوە ٨١.

**ڕاستەقینەی ویستی گشتی بەشێوەیەکی ورد ڕوون نەکردۆتەوە، جارێکیان گەل بەهەموو تاکەکانی و کەرەتێکی یاسادانەر و جارێکی تر دەوڵەت بە ویستی گشتی دادەنێت، هەندێك کات وا لە وتەکانی دەخوازرێ کە تاکە، ئەوەی دیارە ئەوەیە کە هەموو گەل بە ویستی گشتی داناوە، هەر بۆیە بە دیموکراسییەتێکی ڕاستەوخۆ وێنای دەکات، باوەڕیشی وایە زۆری خەڵ لە دەوڵەتدا ئازادی و دیموکراسی لاواز دەکات[١].**

**بەهۆی بۆچوونە پێشووەکانی (ڕۆسۆ) دووچاری ڕەخنەی توند بووەوە لەلایەن بیرمەندە لیبڕالییەکانەوە، (بنجامین کونستانت[٢]) لەبارەی ڕۆسۆوە وتویەتی: ((ناشرینترین هاوپەیمانی یاخی بوون و ستەمکارییە لە گشت وێنە و شێوەکانیدا))[٣]، (دیجوی) مامۆستای یاسای گشتی دەڵێت: ((ڕۆسۆ بە باوکی یاخی بوونی یەعقوبی و خۆسەپاندنی قەیسەری دادەنرێ، بنەماکانی حوکمڕانی ڕەها دەخاتەڕوو کە کانت و هیگڵ گوزارشتیان لێکردووە))[٤]، (کوبان) دەڵێ: ((بیرۆکەی پێشکەوتن یەکێکە لەو بیرۆکانەی کە ناکرێ بدەینە پاڵ ڕۆسۆ))[٥]. هەروەها (ویلز) دەڵێت: ((بەڕاستی ڕۆسۆ دەستی بە هێنانەوەی پاساو و بیانۆ دەکرد بۆ**

**(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١١٨ _ ١١٩.**

**(٢) بنجامین کونستانت: سیاسەتمەدارو نووسەرێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٧٦٧ز لە دایك بووە، لە سویسرا لە دایك بووە، بە یەکێك لە پێشەنگەکانی گێڕانەوەی سایکۆلۆژی دادەنرێ و هاوسۆزی بووە لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی، لە ساڵی ١٧٩٥ز ئینگەڵتەراوە ڕۆیشتە پاریس، بەرەنگاری ڕژێمی ناپلیۆن بۆناپەرت بووەوە، بۆیە ناچار بوو لە فەرەنسا بڕوات و بچێتە سویسرا. دواتر بڕواتە ئەڵمانیا. گرنگترین شوێنەوارەکانی: گێڕانەوەی ((ئەدلف))، لە ساڵی ١٨٣٠ز مرد. معجم أعلام المورد ٣٧٨.**

**(٣) تراث الإنسانية (العقد الإجتماعي) ١/ ٥٨٦.**

**(٤) تراث الإنسانية (العقد الإجتماعي) ١/ ٥٨٦.**

**(٥) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.**

هەڵوەشاندنەوەو لەناوبردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی زیاتر لەوەی کە جەخت لەسەر پێویستی هەبوونی دەکاتەوە))[١].

هەندێکی تر ستایشی ڕۆسۆیان کردووە، جا (برجسۆن) بۆچوونی وایە کە فەلسەفەی ڕۆسۆ _ لە دوای فەلسەفەی دیکارت _ بە بەهێزترین کارتێکەر دادەنرێ لەسەر ژیرمەندی مرۆڤایەتی لە سەردەمی هاوچەرخدا[٢].

گومان لەوەدا نییە کە تیۆری ڕۆسۆ شڵەژان و ناڕۆشنی تێدایە، بەوەی ڕاستینەی ویستی گشتی بە وێنەیەکی دیاریکراو ڕوون نەکردۆتەوە، توێژەری هێشتۆتەوە لە ناو سەرگەردانییەکی قوڵدا دەربارەی ڕاستینەی تێڕوانینی خۆی بۆ شێوەی دەوڵەت لەلایەنی کرداریدا، سەرباری ئەوەی قسەی لەسەر یاساکانی خواستی گشتی کردووە وەك ئەوەی قسە لەبارەی دەستوورەوە دەکات، لە کاتێکدا یاسا تێڕوتەسەل و لاوەکییەکانی فەرامۆش کردووە، هەروەها ڕۆڵی ویستی گشتیشی لەم یاسایانە و چۆنیەتی دانانی پشتگوێ خستووە.

ئەو لیبڕالییانەی ڕەخنەیان لە ڕۆسۆ گرتووە بەهۆی ئەوەوە بووە کە ڕۆڵی دەوڵەتی زۆر گەورە کردووە لەسەر حیسابی تاك، هەروەها دەسەڵاتی ڕەهاشی داوە بە دەوڵەت سەبارەت بە کۆت و بەند کردنی ئازادییەکان، چونکە دەوڵەت _ لە تێڕوانینی ((ڕۆسۆ))دا _ بریتییە لە بەرهەمی خواستی گشتی کە هەڵە و ستەم ناکات، هەوڵ بۆ بەرژەوەندی هاوبەش دەدات وەك چۆن پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

---

(١) معالم تاريخ الإنسانية ٤/ ١١٨.

(٢) التراث الإنسانية (العقد الإجتماعي) ١/ ٥٨٦.

جا ڕۆڵی دەوڵەت و پەیوەندییەکەی بە تاکەوە بە یەکێك لەو باسانە دادەنرێ کە لیبڕالییەکان تێیدا ڕاجیان.

لە میانەی ئەوەی پێشتر خرایەڕوو، تێبینی ئەوە دەکرێ کە سەروەری لە دەوڵەتدا کە بەرهەمی گرێبەستە پشت بە ڕێکەوتنی تاکەکان دەبەستێت، ڕەوایەتی سیستەمی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتن لە نێوان لایەنەکانی گرێبەستەکە، ڕەچاوکردنی مافی سروشتی تاکەکان، ئەمانە چەند مافێکن وەرگیراون لە یاسای سروشتی عەقڵییەوە. جا هیچ پاشخان و سەرچاوەیەکی ئاینی پەنهان (غەیبی) نییە کە تاکەکان بۆی بگرێنەوە بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت لە پاش گرێبەست، جا فەیلەسوفەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پاشخان و سەرچاوەی خۆیان بە ڕۆشنی دیاریکردووە ئەویش بریتییە لە ((یاسای سروشتی)) ماددی.

## دووەم: مافە سەرەکییەکانی تاك:

یاسای سروشتی بە بناغە و پاشخان و سەرچاوە دادەنرێ بۆ مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ لە هزری لیبڕالییدا، جا سەرچاوەی سەرەکییە لە ڕێکخستنیدا لەسەر شێوەی ماددە و کەرستەی دیارکراو.

هەر حوکمێکی یاسایی یان دادوەری پێچەوانەی ئەم مافانە بێ ئەوا ڕەتکراوەیە و هیچ نرخێکی بۆ نییە، چونکە ئەم مافانە بنچینەی یاسادانانن. ئەم مافانە بە لکێنراو بە تاکەکانەوە دادەنرێن، پێش یاسا هەبوونە، لە یاساش

پایەبەرزترن، چونکە ئەم مافانە کۆنترن لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەوڵەت و گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئەم مافانە لە باری سروشتی سەرەتادا وەرگیراون[١].

ئەم مافانە دەرکەوتن لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی لە ٢٦ ئۆغستۆسی ١٧٨٩ز و دەستووری ئەمریکی لە ١٧ سێپتێمبەری ١٧٨٧ز، دواتر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیەنراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ز پەسەندی کرد.

لەو مافانە: مافی ئازادی، ژیان، کار، بیرو بۆچوون، بیروباوەڕ، ئازادی تاکەکەسی و جگەلەمانەش.

تاکی ئازاد لە هزری لیبڕالی هاوچەرخدا واتە: ((ئەو تاکەی ملکەچ نییە بۆ ویستی بەرامبەر بە ناچاری تا مەبەستەکانی پێ بێنێتەدی، بەمەش سیفەتی کۆیلایەتی لەسەر لادەچێ، تاکی ئازاد ئەوەیە کە کۆیلە نییە، کۆیلایەتی بریتییە لە ناچارکردنی کەسەکان. کاتێك تاك ڕزگاری دەبێ لە کۆت و بەندی زۆرلێکران ئەوا دەتوانێت بوارە تایبەتەکەی بەدەستبهێنێت. ئەم بوارە ئازادەش هەموو کردارەکانی دەگرێتەوە کە کۆت و بەندکراو نین بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لە ڕێگەی ((یاسای گشتی))[٢].

هایك پێی وایە ناکرێ ئەم مافانە کورت بکرێنەوە لە یاساکان و چەند ڕێسایەکی دیارکراودا، چونکە دەکرێ هەندێك ماف پێش بێن بێن کە پێشتر نەبووبن، جا پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و گەشە لە هونەری پەیوەندی چەند مافێکی نوێ

(١) بڕوانە: الوجيز في النظريات والأنظمة السياسية ٣٣١.
(٢) مفهوم الحرية في الليبرالية المعاصرة ١٥٤.

دەسەپێنێت کە پێشتر نەناسرابوون. هەر شتێك کە بکرێ ئازادی سروشتی مرۆڤ کۆت و بەند بکات ئەوا بە پێشێل کردنی ئەو مافانە دادەنرێ، بۆ نموونە: ڕێگری کردن لە گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات بە دەرنەکردنی مۆڵەتی گەشت بۆ ئەو کەسەی خواستی گەشتی هەیە، بەرنامەدارکردنی عەقڵی مرۆڤ یان ئەوەی بە ((شووشتنەوەی مێشك)) ناودەبرێ و جگەلەمەش.

بەڵام ئەوەی مسۆگەری پاراستنی ئەم مافانە دەکات بریتییە لەوەی ناسراوە بە ((دەستەبەرە ڕێوشوێنییەکان))، کە بە ((ڕێوشوێنەکانی دادگایی دادگەرانە)) گوزارشتی لێ دەکرێ بە واتای: ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤایەتی دەکات وەك: سەربەخۆیی دادگا، پێدانی ماڤ بەرگری کردن لە خۆی یان گرتنی پارێزەر بە تۆمەتبار، تووندی نەنواندن لە دەستەبەسەرکردن یان لە لێکۆڵینەوەدا، دوانەکەوتن لە دادگایی کردنی دەستبەسەرکراو، یارمەتیدانی ئەوەی پارێزەری نییە بۆ بەرگری کردن لە خۆی و هاووێنەی ئەم مافانە[١].

ئەم مافە سەرەکییانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها نییە، دەوڵەت توانای ئەوەی نییە یاسای وا دەربکات کە زیان بەم مافانە بگەینێت، بەهەمان شێوە لەسەر دەوڵەت پێویستە ڕێز بگرێت لەم مافانە چ لە ئامرازو هۆکارەکان یان لە ئامانجەکاندا[٢].

---

(١) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

(٢) بڕوانە: الوجيز في النظريات والأنظمة السياسية ٣٣٢.

## سێیەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

پێویستی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی سیاسی لیبڕالییدا سەریهەڵدا، بەوپێیەی گەورەترین مسۆگەرکەری ئازادی سیاسییە، واتای ئەمە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن بۆ: دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکاری، دادوەری، بەشێوەیەك کە هەر یەکیان سەربەخۆ بێ لە یاسادانان و جێبەجێکردنی ڕێساکان و دادوەریدا، هیچ کامیان دەست لە کاروباری ئەویتریان وەرنەدات[١].

کاتێك دەسەڵات لە دەستی کەسێکدا دەبێت ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ خۆسەپاندن و دەستدرێژی و ستەمکاری، هەر بۆیە ((مۆنتیسکیۆ)) دەڵێت: ((یەکێك لە ئەزموونە نەمرەکان ئەوەیە کە هەر مرۆڤێك دەسەڵاتی بە دەست بێت حەزی لەوەیە بە زیادەڕەوی بەکاری بهێنێت، جا ئەم دەسەڵاتەی بەکاردێنێت تا سنوور بەدی دەکات))، ((بۆ ئەوەی زێدەڕەوی نەکرێ لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا ئەوا پێویستە دەسەڵات سنووری بۆ دەسەڵات دابنێت بەپێی پێویستی و خواستنی کاروبارەکان))[٢].

مۆنتیسکیۆ دەڵێت: ((ئەگەر دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکاری لە دەستی یەك کەس یان تاکە دەستەیەکدا کۆبوونەوە، ئەوا ئازادی نامێنێت))[٣].

---

(١) بڕوانە: تراث الإنسانية (روح القوانين) ١/ ٧٠٩.

(٢) وەرگیراوە لە: المثقفون الديمقراطية ٣٣.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

هەروەها دەڵێت: ((هەر دەسەڵاتێك پێویستە لە ئاست سنووری خۆی بوەستێت بەهۆی دەسەڵاتەکانی تر، بەشێوەیەك کە هیچ کەسێك نەتوانێت بە خراپە دەسەڵات بەکاربهێنێت یان زۆرداری پێ بکات و خۆی پێ بسەپێنێت))(١).

دەکرێ (جۆن لوك) یەکەم کەس بووبێ کە ئاماژەی بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کردبێ، ناوبراو پێی وایە دەبێ دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە وەك دەستەبەرییەکی ئازادی، جا حکومەتەکە هەر شێوەیەکی هەبێت. تاك لە باری سروشتیدا دوو دەسەڵاتی هەن: دەسەڵاتی بڕیاردان (دەسەڵاتی یاسادانان)، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)، ئەگەر تاك وازی لە باری سروشتی هێنا و گوازرایەوە بۆ کۆمەڵگەی شارستانی لە ڕێگەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیەوە، ئەوا دوو دەسەڵاتەکەی ناوبراو دەبنە دەسەڵاتی بە کۆمەڵ دوای ئەوەی بریتی بوون لە دەسەڵاتی تاکەکەسی. (لوك) پێی وایە جیاکردنەوەی دوو دەسەڵاتەکە پێویستە، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان بە دەسەڵاتی باڵا دادەنێت. پاساوی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە تێڕوانینی (جۆن لوك)دا بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە:

١ _ پێویستی هەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ جێبەجێکردن و بەرپاکردنی یاسا، هەر بۆیە دەبێ یاسایەك (دەسەڵاتی یاسایی هەبێت)، لایەنێکی دیاریکراویش هەبێت بۆ جێبەجێکردنی، ناشکرێت سەرچاوەیان یەك بێت.

---

(١) بڕوانە: تراث الإنسانية (روح القوانين) ١/ ٧٠٩.

**٢_ دانانی هەر دوو دەسەڵاتەکە لە دەستی یەك کەسدا، سەردەکێشێت بۆ خۆسەپاندن و ستەم، مرۆڤ بە سروشتی خۆی ڕاهاتووە لەسەر قۆستنەوەی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستی دایە[١].**

**لوك دەسەڵاتی دادوەری فەرامۆش کردووە، وا دەردەکەوێت کە ناوبراو ئەم دەسەڵاتە بە کاری دەسەڵاتی جێبەجێکاری دادەنێت، لیبڕالییەکانی سەدەی نۆزدەم ئەمەیان بەپاساو دانا بۆ نەبوونی بێ لایەنی پێویست کە دەبێ لە دادوەریدا بێتەجێ، جا سەربەخۆ بوونی دادوەری یەکێکە لە گەورەترین دەستەبەرییەکانی ئازادی، سەرباری ڕێککارییە دیموکراسییەکان لە وەستاندن و لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن.**

**مۆنتیسکیۆ بە بانگەشەکەری یەکەمی ئەم بنەمایە دادەنرێت، سەرچاوەی مۆنتیسکیۆ لەم بنەمایە بریتییە لە سیستەمی سیاسی ئینگلیزی (پاشایەتی دەستووری)، کە زۆر پێی سەرسام بوو، لەگەڵ ئەنجامدانی چەند چاکسازییەك تیایدا[٢]، ئەم بنەمایەی لە کتێبەکەیدا (گیانی یاساکان) ڕوون کردۆتەوە.**

**مۆنتیسکیۆ دەسەڵاتی دادوەری زیاد کرد کە جۆن لوك باسی نەکردبوو، ئەمەش کاتێك مۆنتیسکیۆ وەسفی دەستووری ئینگلیزی کرد بەوەی بە نموونەی هەرە بەرزی دادەنێت لە وەسفی یاسای ئازادیدا، جا لەبارەی جۆرەکانی دەسەڵاتەوە دەڵێت: ((لە دەوڵەتدا سێ جۆرە دەسەڵات هەن: هێزی یاسادانان،**

---

(١) بڕوانە دەقەکانی لوك لە بارەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان: الفكر السياسي العالمي ٢/ ٥٣.

(٢) بڕوانە: تراث الإنسانية (روح القوانين) ١/ ٧٠٩.

**هێزی ڕاییکاریی کە کاروبارەکانی پەیوەست بە خەڵك لە خۆ دەگرێت، هێزی ڕاییکاری کە بەرگری لە مافی شارستانی دەکات))[١].**

**هەر یەك لە ((بلاکستۆن)) و ((بیرك))[٢] لە دوای مۆنتیسکیۆ جەختیان لەسەر ئەم بیرۆکەیە کردەوە، وایلێهات بابەتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە زۆربەی دەستوورەکانی ئەوروپا بوونیان هەبوو، ئەگەرچی جێبەجێ کردنەکەش بەوشێوەیە نەبێت، ((بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دووچاری هێرشی کارا نەبووەوە تەنها دوای ئەوە نەبێ کە بنسام ڕەخنەی ئاڕاستەی بلاکستۆن کرد لە کتێبەکەیدا: پوختەیەك دەربارەی حوکمڕانی ١٧٦٦ز))[٣].**

**ئەم بنەما سیاسییە دووچاری ڕەخنە بووەوە لەلایەن لیبڕالییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بابەتێکی بنەڕەتی لە ئاڕاستەی لیبڕالییەتی ڕۆسۆیی، ئەویش بریتییە لە گرنگی ڕۆڵی ئەرێنی دەوڵەت، چونکە گوزارشت لە خواستی گشتی گەل دەکات، ئەم ئاڕاستەیە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە ڕۆڵی نەرێنی دەوڵەت دادەنێت.**

---

**(١)** وەرگیراوە لە: المثقفون والديمقراطية ٣٣.

**(٢)** ئادموند بیرك: سیاسەتمەدارێکی بەریتانییە، ساڵی ١٧٢٩ز لە دایك بووە، بە دیارترین پیاوانی دەوڵەتی بەریتانی دادەنرێ، وەك سەرکردەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمان دەرکەوت. داوایکرد ڕەزامەندی بدرێ لەسەر لێکتێگەیشتن لەگەڵ سێزدە ناوچە داگیرکراوەکەی ئەمریکی ژێر دەسەڵاتی بەریتانی. ناسرابوو بە دوژمنکارییەکەی بۆ شۆڕشی فەرەنسی، لە کتێبەکەیدا (چەند دارمانێك لە شۆڕشی فەرەنسیدا) بە توندی هێرشی کردە سەر شۆڕشیی ناوبراو، لە ساڵی ١٧٩٧ز مرد. معجم أعلام المورد ١٢٧.

**(٣)** تطور الفكر السياسي ٤/ ٧٥٨.

**هەر بۆیە ڕۆسۆ لە دیارترین بیرمەندە لیبڕالییەکان بوو کە ڕەخنەیان لەم بنەمایە گرت، جا دەڵێت: ((سەروەری بەش بەش نابێت بۆ هەمان ئەو هۆکارەی وایلێدەکات شیاوی دابەزین نەبێ، چونکە خواستەکە گشتی دەبێت))[١]، دواتر دەڵێت: ((بەڵام سیاسەتمەدارەکانمان ئەگەر نەیانتوانی سەروەری لە بنچینەکەیدا بەش بەش بکەن، ئەوا لە بابەتەکەیدا دابەشی دەکەن، جا دابەشی دەکەن بۆ هێزو ویست، بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکاری و یاسادانان، بۆ مافەکانی سەپاندنی باجەکان و بەرپاکردنی دادگەری و ڕاگەیاندنی جەنگ و خواستی ناوخۆیی و دەسەڵاتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بیانی: جارێك هەموو ئەو بەشانە تێکەڵ دەکەن، جارێکی تر جیایان دەکەنەوە لە یەکتر، خاوەن سەروەری دەکەنە بوونەوەرێکی خەیاڵی و پێکهاتەیەکی دروستکراو لە پارچەی هاوردە، وەك ئەوەی مرۆڤێك لە چەندین جەستە دروست بکەن... نزیکەی سیاسییەکان ئەمە دەکەن، دوای ئەوەی ڕایەڵەکانی دەستەی کۆمەڵایەتی دەبڕن بە جادوویەك کە شیاوی بازار بێت، ئەوا ئەو بەشانە کۆ دەکەنەوە بەشێوەیەك کە هیچ کەسێك نازانێت))[٢].**

**بەڵام ڕۆسۆ بۆچوونی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە لە شوێنێکی تر، جا وتویەتی: ((هەر کارێکی ئازاد دوو هۆکاری هەیە کە یارمەتیدەرن بۆ ڕوودانی، یەکەمیان: واتایی (مەعنەوی)یە، کە بریتییە لەو خواستەی کردەوەکە دیاری دەکات، دووەمیان: ماددییە، کە بریتییە لەو توانایەی جێبەجێی دەکات))، دواتر وتی: ((دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان هێزو ویست، بەوەی ویست بەناوی دەسەڵاتی یاسادانان بێت، هێزیش بەناوی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێ، جا هەر شتێك لە**

---

**(١)** العقد الإجتماعي ٦٥.

**(٢)** هەمان سەرچاوە.

کاری ئازاد ئەنجامبدرێ یان ئەنجام نەدرێ ئەوا بێ یارمەتی ئەم دوو دەسەڵاتە نابێ))[1].

هەروەها وتی: ((بینیمان دەسەڵاتی یاسادانان تایبەتە بە گەل، شتێکی ئاسانە کە پێچەوانەی بنەما دانپێدانراوەکانی پێشتر خرانەڕوو ببینین کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن نابێ تایبەت بێ بە کۆمەڵە خەڵکێك بەو وەسفەی ئەم کۆمەڵەیە یاسادانەر یان خاوەن سەروەرییە، چونکە ئەم دەسەڵاتە تەنها لە کرداری کەسانی تایبەت پێکدێت و هەرگیز پسپۆری و کاری یاسا نییە، هەروەها کاری خاوەن سەروەریش نییە کە کردارەکانی تەنها بریتین لە یاسا))[2].

هەندێك لە بیرمەندان ڕەخنەیان گرتووە لە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە، ئەمەش چەند دەقێکن لەو بارەوە:

_ جۆرج بۆردۆ دەڵێت: ((جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەو شتە نییە کە سەردەکێشێت بۆ ڕێکخستنی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانە بەوشێوەیەی ئاسایشی هاوڵاتی دەستەبەر بکات، بەڵکو ویستی مسۆگەرکردنی ئەم ئاسایشە بە هاوسەنگی دەسەڵاتەکان سەردەکێشێت بۆ جیاکردنەوەی گریمانەکراوی ئەرك و فەرمانبەرییەکان))[3].

---

(١) هەمان سەرچاوە ١٠٥.
(٢) هەمان سەرچاوە ١٠٦.
(٣) وەرگیراوە لە: المثقفون والديمقراطية ٣٣.

_ میشال دبریه دەڵێت: ((دەسەڵات جیاکردنەوە بوونی نییە، چونکە بەرپرسیارێتی ژیانی کۆمەڵایەتی بەش بەش ناکرێت، ئەو دەستوورانەش کە دەسەڵات دابەش دەکەن ئەوا کۆمەڵگە بەرەو گەڕەلاوژێ دەبەن))[١].

_ جۆرج بۆردۆ دەڵێت: ((ئەوەی بەلامانەوە گرنگە تیشکی بخرێتەسەر بریتییە لەو کاتەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نمایش دەکرێت، وەك ئەوەی بنچینەی زێڕینی ڕێکخستنی دەستووری بێ، بەڵام ناشکرێ شوێنەوارە لەناوبەرەکانی پشتگوێ بخرێن. تەواو بە پێچەوانەوە چاکەی ئەم بنەمایە لە جێگای شوێنەوارەکەی دادەنرێ، بەمەش خراپ نابێ ئەگەر جۆرێك لە پەککەوتوویی لە دەسەڵاتدا دروست کرد، چونکە ئەوەی مایەی ترسە لاوازیەکەی نییە بەڵکو بەهێزییە بێ سنوورەکەیەتی))[٢].

_ هەروەها جۆرج بۆردۆ دەڵێت: ((هەموو هەوڵ و کۆششەکانی دەستووری ئەمریکی کۆگیر بوونەتەوە لەسەر ڕێکخستنی ئەوەی مۆنتیسکیۆ بە (هێزی ڕێگریکردن) ناوی دەبرد، هیچ هەوڵ و کۆششێك خەرج ناکات بۆ هاندنی ((توانای کارکردن و ئەنجامدان))[٣])).

١) هەمان سەرچاوە ٣٤.
٢) المثقفون والديمقراطية ٣٤.
٣) هەمان سەرچاوە ٣٥.

_ بانكرۆفت دەڵێت: ((ئەم دەستوورەی ئەمریکی بەرهەڵستی کردنی دەسەڵاتی بەرزکردۆتەوە تا ئەندازەی بنەمای ڕێکخستنی سیاسی، (گارنەر) بە ئامرازێك دایدەنێت بۆ قەدەغەکردنی دەسەڵات))[١].

مۆنتیسکیۆ تیۆرەکەی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دامەزراند لەسەر بنچینەی ئەوەی دەسەڵات سنوور بۆ دەسەڵات دادەنێ، ئەمەش جیابوونەوەی تەواو دەخوازێ، بەڵام ئەگەر ئەم جیابوونەوەیە بە تەواوی ئەنجامدار ئەوا لە کاتی ڕاجیایی سیاسی شتەکە بەوە کۆتایی پێدێت کە هەر بەشێك بۆ مەبەستی دژیەك کار بکات، چونکە حکومەت بریتییە لە هەر ئەندامێکی یەکگرتوو، ئەستەمە حکومەت بەرپا ببێت لە حاڵەتی جیابوونەوەی تەواو، دابڕانی دەسەڵاتەکانی لە یەکتر. هەروەها ئەمە سەریدەکێشا بۆ بەفیڕۆچوونی لێهاتوویی کارگێڕی، جا ئەمە بە مەبەست یان بێ مەبەست بووبێ، ئەوا دەستەی جێبەجێکردن یاساکانی وڵات جێبەجێ ناکات بەپێی ئەو ڕۆحەی کە یاساکانی پێ دانراون[٢].

لەوانەیە نزیکترین نموونەی جێبەجێکاری بۆ هەوڵی جیاکردنەوەی تەواو لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٧٩١ز بێ، بەڵام ئەم سیستەمە شکستی خوارد و سەریکێشا بۆ ئاژاوەو کودەتا و شۆڕشی یەك لە دوای یەك[٣].

---

(١) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

(٢) ئەم ڕەخنەی لە جۆن ستیوارت میل لە کتێبەکەیدا هاتووە: ((حکومەتی سیاسی)). بڕوانە: في النظريات والنظم السياسية ٥١٩.

(٣) بڕوانە: الوجيز في النظريات والأنظمة السياسية ٢٦٦.

**هەر بۆیە ئەم تیۆرە بەشێوە تیۆرییەکەی جێبەجێ نەکرا، جا لە ئینگەڵتەرا کە مۆنتیسکیۆ ئەم تیۆرەی لێ بەرهەمهێنا دەبینین کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان دەگەڕێتەوە، لە ئینگەڵتەرا پەرلەمان بە هەموو شتێك دادەنرێت.**

**ئەمەش وای لە (واڵتەر باجوت) کرد ڕەخنە لە تیۆری جیاکردنەوە بگرێت، بانگەوازی بکات بۆ ئاوێتەکردنی هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بانگەشەی ئەوەش بکات کە ئەمە سیستەمە حوکمڕانی وەزارییە لە ئینگەڵتەرادا[١].**

**دەستەی دادوەری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دیاری دەکرێت، دەستەی ناوبراو بەهەمان شێوە هەڵدەستێت بە شرۆڤەی یاساکان، بەمەش هەڵدەستێت بە هەندێك زیادە بەتایبەت لە بوارە نوێیەکاندا کە هیچ سیستەمێکی پێشتر لەو بوارەدا نەبووبێ.**

**ڕاڤە و شرۆڤەکانی دەستەی دادوەری ناکرێ گونجاو بن لەگەڵ مەبەستەکانی دەستەی یاسادانان، دەکرێ وشەکان ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ و هەندێك یاسا بە هەندێکی ترەوە ببەسترێنەوە بۆ دەرهێنانی حوکمێك کە یاسادانەران مەبەستیان نەبووبێت[٢].**

---

**(١) بڕوانە: دەقەکانی واڵتەر باجوت لە کتێبەکەیدا (دەستووری ئینگلیزی) لە: الوجيز في النظريات والأنظمة السياسية ٥١٥.**

**(٢) بڕوانە چەند نموونەیەکی واقیعی لەبارەی پەیوەندی نێوان دەستەی یاسادانان و جێبەجێکردن لە: النظريات والنظم السياسية ٥٢٠ _ ٥٢٥.**

## چوارەم: سنووری دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەسەر تاك:

تاکایەتی بە یەکێك لە شتە سەرەکییەکانی لیبڕالییەت دادەنرێ، جا بەڕەڵاکردنی ئازادی بۆ گەشەکردنی کەسایەتی و سەربەخۆبوونی یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی چاك بوونی ژییان و گوزەران، گەشە کردنی کەسایەتی ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ شارستانیەت و ژیاری لەلای لیبڕالییەکان[١]، سەربەخۆبوونی تاك و جێبەجێکردنی حەزی خۆی نرخ و بەهایەکی گرنگە، شایستەی لەبەرچاوگرتنە، شایەنی ڕێز لێگرتنە، چونکە گەشەکردنی لێهاتووییە ژیرییەکان بەشێوەیەکی ڕیشەیی پێیەوە بەستراون لە هزری لیبڕالیدا.

جۆن میل دەڵێت: ((مرۆڤایەتی سوودمەند دەبێت لە بەڕەڵاکردنی تاکەکان بە سەربەستی تا ژیان بەپێی هەڵبژاردنی خۆیان بەرنەسەر، چەندان ئەوەندە سوود بەدەستدەخەن زیاتر لەوەی تاك لەسەری ناچار دەکرێ و بە ویستی جگەلەخۆی دەبەسترێتەوەو بەحوکمی ئەوانی تر کار دەکات))[٢].

هەروەها ((فۆن همبولت))[٣] دەڵێت: ((ئامانجی مرۆڤ، یان ئەو مەبەستەی عەقڵەکانی پێشوو و یاسا بەردەوامەکانی بۆی ئاڕاستەکراون، نەك ئەوەی حەزو

---

(١) بڕوانە: الحرية ٩٨.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣٤.

(٣) ئەلیکسەندر فۆن همبۆلت: زانا و دۆزەرەوەیەکی ئەڵمانییە،ساڵی ١٧٦٩ز لە دایك بووە، هەڵسا بە ئەنجامدانی گەشتێکی زانستی بۆ ئەمریکای ناوەڕاست و ئەمریکای باشور، لە میانەی ئەم گەشتەیدا چەندین نموونەی لە ڕووەك کۆکردەوەو زۆرێك لە تێبینیەکانی کۆکردەوە بە یارمەتی وردبین، لە سی

ئارەزووەکان هەنگاوی بۆ دەنێن، بریتییە لە پەروەردەکردنی تواناکانی، هەروەها گەشەدان بە هێزو تواناکەی لەسەر تووند و تۆڵترین سیستەم و فراوانترین سنوور، تا کۆمەڵێکی تەواو شیاوی لێ فەراهەم ببێ. بەم پێیە ئەو مەبەستەی کە پێویستە هەر مرۆڤێك بیکاتە ڕووگەی کۆششەکانی، جۆرێك لە دەسەڵات لەناو خەڵکدا لە کەسی مەبەست داوا دەکات، بریتییە لە سەربەخۆیی کەسایەتی لە هێزو گەشەیدا، ئەمەش تەنها بە هاتنەجێی دوو مەرج دەبێت: بەرەڵاکردنی ئازادی، هەمەجۆرکردنی هەڵوێستەکان. بە کۆبوونەوەی ئەم دوو مەرجە ورەی تاکایەتی و فرە ڕێبازی دێتە کایە، لەم دووانەشدا هێزی داهێنان و پەیداکردن پێکدێت))[1].

بنچینەی سەرەکی لە ڕێبازو بەرنامەی لیبڕالییدا بریتییە لە پاراستنی تاك لە دەستوەردانە ناو ئازادییەکەی و هەوڵدانی کۆت و بەند کردنی و ڕێگری کردنی لە هەڵسوکەوت تێداکردنی، جا مادەم خەڵك پێویستی بە پێکەوەژیانە ئەوا بەرەڵاکردن ئازادی تاکەکان بە ڕەهایی شتێکی سەخت و ئەستەمە، بەڵکو دەبێ بە ئەندازەی پێویست ئازادی سنووردار بکرێ کە بەیەکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی بێ شلەژان بپارێزێ.

بەڵام ئەو سنوورە چەندە بۆ دەستێوەردانی کۆمەڵگە لە ئازادی تاکدا؟

جۆن ستیوارت میلێ گرنگی بەم بابەتە داوەو دەریخستووە لە کتێبەکەیدا ((ئازادی)) و ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم بابەتە بە پوختی قسە هەڵناگرێ، بەڵام ڕاجیایی لە خاڵە لاوەکییەکاندا هەیە.

---

ساڵی کۆتایی ژیاندا بایەخی دا بە توێژینەوەی موگناتیسی و دانانی کتێبە گەورەکەی بەناوی ((گەردوون)). لە ساڵی ١٨٥٩ز مرد. معجم أعلام النبلاء ٤٧٥.

(1) وەرگیراوە لە: الحرية ٩٨ _ ٩٩.

((هێشتا بابەتی زانینی ئەوپەڕی سنوور و ڕێگەی گونجاندنی سەربەخۆیی تاك و دەسەڵاتی کومەڵگە لە کێشە هەر سەخت و گرێ کوێرەکانە))[1].

جۆن میلێ پێی وایە چارەسەری کێشەکە بە دانانی یاسا دەبێ بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان کە خەڵك پەیرەوی بکەن، ئەم یاسایانە بسەپێنرێن چ بە زەبری یاسا یاخود بەهێزی ڕای گشتی ئەو کاتەی دەستێوەردانی یاسا ئەستەم بێ[2].

بەڵام کێشەکە هێشتا بەردەوامە سەبارەت بە ڕاستینەی ((ڕێساکانی ڕەوشت و هەڵسوکەوت))، چونکە نەوە کۆنەکان پێیان وایە حوکم کردن بە نەریت یان شوێنکەوتی هەواو ئارەزوو لەسەر ئەو یاسایانەوە دروست بووە کە واگومان دەبرێ ڕای ڕاست و دروستە[3].

بەڵام تاکە بنچینەی ڕاست کە پاساو دەدات بە دەستوەردانی کۆمەڵگە لە ئازادی تاکدا _ بەپێی بۆچوونی جۆن میلێ _ بریتییە لە ((پاراستنی کۆمەڵگە لە زیانی تاك))، ((ڕێگری کردن لە تاك لە زیان گەیاندن بە جگەلەخۆی بریتییە لە تاکە ئامانج کە ڕەوایی دەدات بە بەکارهێنانی دەسەڵات بەسەر هەر تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەی شارستانی))[4]، سەبارەت بە دەستوەردانی کۆمەڵگە لە ئازادی تاکدا بە بانگەشەی ئەوەی ئەمە لە بەرژەوەندی خودی ئەودایە ئەوا ئەمە نابێتە پاساوێکی تەواو، جا نابێ تاك ناچار بکرێ لەسەر کردنی کارێك یاخود نەکردنی

---

[1] هەمان سەرچاوە ٢٣.
[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٤ _ ٢٥.
[3] بڕوانە هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
[4] الحرية ٢٩.

**لەسەر ئەو بنچینەیەی ئەمە لە بەرژەوەندی ئەودایە یاخود بۆ کەڵك و سوودی ئەوە[١].**

**تاکە پاساو بریتییە لە پاراستنی ئەوانی تر لە تاك، جا ئەگەر هەر زیانێك بەوانی تر گەیشت لە دەرەنجامی هەڵسوکەوتی تاك ئەوا دەبێ دەستێوەردان بکرێ بۆ وەستاندنی ئەم زیانە.**

**جۆن میلْ تاکە دەستوپێ سپییەکان و گەلانی دواکەوتووی لەم پاسایەدا هەڵاواردووە[٢].**

**بەڵام جۆن میلْ ڕێکخەرەکەی پێشووی بە بەس دانەنا، بەڵکو کۆمەڵێك کاری ئەرێنی بەسەردا زیاد کرد کە ڕێگە دەدات بە ناچارکردنی تاك لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارانە لە پێناو سوودی کەسانی تر[٣]، دواتر نموونەی بۆ ئەم کارانە هێناوەتەوە، ((وەك: گەواهی و شایەتی دان لە دادگاکان، هەروەها پێشبینی بەشی دادگەرانەکەی لە ئەرکی بەرگری گشتی یان هەر کارێك کە بەرژەوەندی دەیخوازێت و لە سایەیدا دەحەسێتەوە، هەروەها وەك هەڵسان بە هەندێك کاری چاکەخوازی تاکەکەسی لە ڕزگارکردنی ئەوەی لەسەر لێواری تیاچوونە و بەهاناوەچوونی چەوساوەکان و ڕزگارکردنیان))[٤].**

---

**(١)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(٢)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٩ _ ٣٠.

**(٣)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣١.

**(٤)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

هۆكاری ئەمەش ئەوەیە ((لەوانە تاك ئازاری جگەلەخۆی بدات بە ئەنجامدانی كارێك یاخود بە ئەنجام نەدانی كارێك))[١]، ((یاسای ئەم بوارەش: لێپێچینەوەیە لەگەڵ تاك سەبارەت بەو زیانەی بە جگەلەخۆی دەگەینێت))[٢].

جۆن میلْ بۆچوونی وایە لادانی زیان لەسەر كەسانی تر، پاساوی ناچاركردنی تاك نییە تەنها لە كاتە مەترسیدارەكاندا نەبێت كە گومان و دوودڵی تێدا بوونی نابێ[٣].

هەر بۆیە ڕەوشت و هەڵسوكەوتی تاك كە پێویستە ڕەچاوی بكات لەگەڵ تێكڕای تاكەكانی تری كۆمەڵگە:

یەكەم: زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندی ئەوانی تر، بەلایەنی كەم ڕێزگرتن لە مافی ئەوانی تر، جا ئەم مافانە بە دەقی ڕاشكاوی یاسایی باسكرا بن یان بە تێگەیشتنی ناڕاشكاوی باسكرا بن.

دووەم: تاك ئەو بەشە بەرپرسیارێتییەی خۆی لە ئەستۆ بگرێ كە بەرگری كردن لە كۆمەڵگە و پاراستنی ئەندامەكانی لە ئێش و ئازار دەیخاتە ئەستۆی. ((مافی كۆمەڵگەیە ئەم دوو مەرجە لەسەر ئەندامانیدا بسەپێنێت، جا هەر چەندە هەوڵی هەڵاتن لەم دوو مەرجە زۆر بێ))[٤]. جا ئەگەر هەڵسوكەوتەكانی تاك ئازار بەوانی تر بگەینێت یان كرچ و كاڵی بخاتە ناو ئەركەكە بێ ئەوەی بگاتە ئاستی

---

(١) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٢) وەرگیراوە لە: الحرية ٣١.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو (ضمن أسس لليبرالية الأساسية) ٢٠٠٧.

**پێشێل کردنی مافیان، ئەوا دروستە سەرکۆنەیان بکرێ بەهۆی ڕای گشتی نەوەك یاسا[1].**

**لێرەدا بازنەیەك بۆ تاك هەیە كە كۆمەڵگە هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆی تێدا نییە، بەڵكو بەرژەوەندی ناڕاستەوخۆی تێدایە، ئەم بازنەیە ژیان و ڕەوشتی كەسەكە دەگرێتەوە كە تەنها كاریگەری لەسەر خۆی هەیە، هەتا ئەگەر كاریگەری لەسەر ئەوانی تریش هەبێ بە ڕەزامەندی ئەوان بێ ناچاركردن یان فێڵ كردن و هەڵخەڵەتاندن، ئەم بازنەیە بریتییە لە ئازادی تاكەكەسی كە ((هیچ كۆمەڵگەیەك بێ ئەم ئازادییە ناونانرێ كۆمەڵگەی ئازاد)).**

**ئەم ئازادییانە ئەم شتانە دەگرێتەوە:**

**١_ بواری هۆشیاری دەروونی كە داوای ئازادی ویژدان و بیرو هەست و ئازادی ڕەها بۆ بۆچوون و سۆز دەكات.**

**٢_ ئازادی چێژو حەز و ڕۆیشتن بەدوای ئامانجە تایبەتەكان، ئازادی لە پلاندانان بۆ ژیان بەوشێوەیەی گونجاوە لەگەڵ كەسایەتی و سروشت و ئازادی كار.**

**٣_ ئازادی كۆبوونەوەی تاك، ئازادی یەكگرتن و هاریكاری بۆ دەستەبەركردنی مەبەستێكی دیاریكراو، بەو مەرجەی زیان بەوانی تر نەگەیەنێت[2].**

---

**(١)** بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٢٠٧ _ ٢٠٨.

**(٢)** بڕوانە: الحرية ٢١٥.

دروست نییە کۆمەڵگە دەستوەربداتە ناو ئەم ئازادییە کەسییە بە هەر پاساوێك بێت، ئەمە لە دیارترین ئازادییەکانی تاکەکەسییە کە دەوڵەتی لیبڕالی فەراهەمی کردووە، جا بەبێ ڕێزگرتن لەم ئازادییە ئەوا لیبڕالییەت هیچ ڕووێکی ڕاستەقینە و واتایەکی بۆ نامێنێتەوە.

لێرەدا چەند شتێکی لاوەکی ماون کە لەوانەیە لیبڕالییەکان ڕاجیابن دەربارەی لە ڕووی چوونی ئەم شتانە بۆ ناو بازنەی دەسەڵاتی کۆمەڵگە یان چوونە ناو بازنەی تایبەتی تاکەکەسی.

یەکێك لەو شتانەی کە ئەندازەگیری بۆ کردنی ڕاجیایی تێکەوتووە بەوپێیەی کە ئایا دەچێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵگە بەوەی زیان بەوانی تر دەگەیەنێت، یان دەچێتە ناو چوارچێوەی بازنەی تاکەکەسی بەوپێیەی شوێنەوارو کاریگەری لەسەر ئەوانی تر نییە، بەڵکو لە شتە تایبەتەکانە، ئەمانەش چەند نموونەیەکن:

_ ئامۆژگاری، کە دەسەڵات بەکارهێنان لەخۆ ناگرێت، ((جۆن میلّ)) پێی وایە کە ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردن بریتی نییە لە دەستێوەردانی زۆرەملێ لە کاروباری تایبەتی تاکدا، بەڵکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هاندانە بۆ خزمەتێکی بەسوود، کەڵکێکە بە تەواوی کامڵ دەبێت، واقیع وایە کە شتێکی چاکە ئەم خزمەتگوزارییە زیاد بکەین زیاتر لەوەی نەریتە باو و بڵاوەکان ڕێگەی پێدەدەن و لەو ڕۆژانەی ئێستادا کاریان پێ دەکرێت))[1].

---

[1]) سەرچاوەی پێشوو (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ٢١٠.

لە کاتێکدا ((جۆن میڵ)) دژی فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لە خراپە دەوەستێتەوە، چونکە پێی وایە ئەمە دانانی خودە لە جێگەی خوا، تۆمەتبارکردنی مرۆڤە بەوەی لە بەرژەوەندی خۆی نازانێت، بەڵام ناوبراو دژی خۆی وەستاوەتەوە لەو بۆچوونەیدا کە پێی وایە دەستێوەردانی دەوڵەت پێویستە ئەگەر مرۆڤ نەیخوێند یان خۆی فرۆشت یاخود لە دیاریکردنی ڕەچەڵەکدا.

_ ڕق لێبوونەوە لە ڕاو هەڵسوکەوتی ئەوانی تر، ((جۆن میڵ)) پێی وایە مافی تاکە ڕقی لە هەر کەسێك ببێتەوە، بەڵام بێ چەوساندنەوەی کەسایەتی تاکەکەسییەکە، جا دەڵێت: ((هەروەك چۆن بۆمان هەیە ڕقمان ببێتەوە لە ڕاوبۆچوونی هەر کەسێك بە ڕێگەی جیاواز، بەڵام تا ئەو ئاستە نا کە وامان لێبکات کەسایەتییە تاکەکەسییەکەی بچەوسێنینەوە، بەڵکو تا ئەو ئاستەی وامان لێدەکات ئێمە پیادەی کەسایەتی خۆمان دەکەین))[1].

_ ئاگادار کردنەوەی کەسانی تر لێی، ((جۆن میڵ)) پێی وایە کە لەوانەیە ئەم ئاگادار کردنەوەیە پێویست بێت ئەگەر لە ڕەوشت یان مشتومڕەکانیدا شوێنەواری زیانگەیەنەرمان بینی لەسەر ئەو کەسەی بەوەوە پەیوەستە[2]، جا ئامۆژگاری کردنی کەس و ڕق لێبوونەوە لە ڕاو بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی و ئاگادارکردنەوەی ئەوانی تر لێ بێگومان تاك حەزی لێ ناکات، لەوانە هەست بە ناڕەحەتی بکات، لەوانەیە هۆکارێکی چاڵاك بێت لە جێهێشتنی بۆچوونەکانی یان کردارەکانی لە ژێر ئەم فشارە کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ ئەوەی لەوە زیاتر نییە لەوەی بریتی بێ لە بۆچوونی ئەو کەسەی ئەو شتانەی پێشووی پیادە کردووە دژی تاك،

---

(١) سەرچاوەی پێشوو (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ٢١٠.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**لەگەڵ ئەمەشدا ((جۆن میل)) بە دەستێوەردان بۆ ناو بازنەی ئازادی تایبەت دایئەنێت، پاساویش بەوە دێنێتەوە کە ئەم سزایە و هاوشێوەکانی لەگەڵ ناڵاندنی کەسەکە بەدەستیەوە بریتییە لە بەرهەمێکی سروشتی هەڵسوکەوتەکانی کە مەبەست لە سزادانی بریتی نییە لە سزادانی[1]، جا هەر یەکێك کارێکی خراپ بکات ئەوا بۆی نییە سکاڵا لە دەست ئەمە بکات[2].**

**بەڵام کێشەکە هەر ماوە، چونکە ئەو کارەی هەندێك بە کارێکی خراپ دایدەنێن لەوانەیە هەندێکی تر بە خراپی دانەنێن، بەتایبەت لەگەڵ بوونی هەندێك ڕێباز کە بەرگری دەکەن لە ڕێژەیی بوونی ڕاستی و ڕەوشت، جا بە چ سەرچاوەیەك ڕاو کردارەکە بە خراپ دادەنرێ، لەوانەیە کەسانێك پیادەی ئەم سزایانە بکەن دژی کەسانێك کە بە کاری چاك هەڵدەستن.**

**جۆن میلّ لە گۆشە نیگا تایبەتەکەیەوە قسەی کردووە، کەچی بنچینە هزرییەکەی دیاریکردنێکی ورد و سنوورێکی جیاکەرەوە دەخوازێت، سەبارەت بەوەی بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی تاك یان بەشێکە لە کاروبارەکانی کۆمەڵگە بەگشتی، هەروەك چۆن ڕێکخەری زیان و چۆنیەتی پێوانەکردنی و ئەو پێوەرەشی دیاری نەکردووە کە دەکرێ زیانی پێ دیاری بکرێت.**

**هەندێك جار بە چەندین جۆر زیان گەیاندن بەوانی تر قەدەغە دەکات، هەندێك جاری تر ڕێگە ناگرێت لە زیان پێ گەیاندن، چونکە پێی وایە دەستێوەردان پێویستە و ئەو پێویستییەش پاساودار ناکات.**

---

**(١)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(٢)** بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٢١٠ _ ٢١١.

بابەتە سەرەکییەکەش کە ((جۆن میڵ)) جەختی لەسەر دەکاتەوە بریتییە لەوەی تاك واز لە شوێنکەوتنی هەواو هەوەسی خۆی بێنێت لە کاروبارە تایبەتییەکاندا بێ دەستێوەردان، هەروەها هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی نموونە پێشنیازکراوەکان بۆ ئەم ڕێسایە.

ڕەخنە لە ڕێساکەی گیراوە بەوەی هەر کارێك کە تاك پێی هەڵبستێت ئەوا هەر چەندە تایبەت بێت ئەوا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، چونکە ئەندامی گەندەڵ کار لە ئەندامانی تریش دەکات، دەشتوانێ ڕۆڵێکی سوودبەخش لە ناو کۆمەڵگەدا بگرێت، جا ئەوەی زیان بە شتومەکە تایبەتەکانی بگەینێت یان لایەنی جەستەیی خۆی فەرامۆش کرد و لایەنی تەندروستی داڕوخا و جگەلەمانەش ئەوا بێگومان بەمە زیان بە کۆمەڵگە دەگات ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت ئەوا زیان بە هەژاران و داهاتی گشتی کۆمەڵگە و خێزان دەگات، ئەگەر ئەمەش بڵاوبووەوە ئەوا کۆمەڵگە تێکدەشکێ[1].

جۆن میڵ هەوڵیدا وەڵامی ئەم ڕەخنەیە بداتەوە، بەوەی هەر کارێك زیان بگەیەنێت بە ڕێکەوتن یان مافی ئەوانی دیکە پێویستە تاك پێی پابەند بکرێ ((سەبارەت بە زیانگەیاندنی ڕووکەشی یان ئەوەی بە زیانگەیاندنی بەرهەمهێنی ناودەبرێ و تاك بە کۆمەڵگەی دەگەیەنێت لە کاتێکدا تاك بەوشێوەیە ئەم کردارە پیادە بکات کە زیان بە ئەرکە تایبەتەکان نەگەیەنێت بەرامبەر بە جەماوەر، کەمترین زیانی بەرهەست بە جگە لەخۆی نەگەیەنێت، ئەوا ئەمە زیانێکی بێ

---

(1) سەرچاوەی پێشوو (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ٢١٣.

کەڵك و سووك و چ نەییە و دەبێ کۆمەڵگە بەرگەی بگرێت لە پێناو سوود و چاکەیەکی گەورەتر بۆ ئازادی مرۆڤایەتی))[١].

جۆن میڵ پاساوی قەدەغەکردنی دەستێوەردان بەوە دێنێتەوە کە جەماوەر ڕێگەی دەستێوەردان بە خراپ بەکاردێنێت، شوێنەکەشی بە ناشیاو هەڵدەبژێرێت، چونکە سەرچاوەی جەماوەر تەنیا نەریتە[٢]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ((جۆن میڵ)) خاوەنی پاشخانی ڕەوشتی و ئاینی نییە لە کاتی پابەندبووندا. ئەم پاشخانانە ڕاستی ڕەهان کە دەکرێ بە دڵنیاییەوە دانی پێدابنرێ، بەڵام ناوبراو لە تێڕوانینی دا بۆ ئازادی پشت بە عەقڵی ڕووت دەبەستن، ئەمەیە حاڵی هزر (ئایدۆلۆژی)یە عەلمانییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، چونکە پێی وایە ئایین دژی زانست و عەقڵە و کۆك و تەبایە لەگەڵ خوراِفات و شتی پڕوپوچ.

بنیات نەنانی قەدەغەکردن لەسەر ئایین بەوە پاساوداوە کە ڕاوبۆچوونی ئاینی گەڵێك زۆرن، نموونەش بۆ ئەمە دێنێتەوە بە خواردنەوەی مەیی و خواردنی بەراز[٣]، لە کاتێکدا ئەم دوو نموونەی هێناویەتیەوە قەدەغەکراون لە هەموو ئاینە ئاسمانیەکان، یەکێکە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان سەرجەم ئاینی پێغەمبەران.

جۆن میڵ بەشێکی سەربەخۆی لە کتێبەکەیدا (دەربارەی ئازادی) داناوە بۆ جێبەجێکردنەکانی بنەما و ڕێسای ئازادی لە سنووری دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەسەر تاك، چەندین نموونەی زۆری باسکردووە، هەوڵیداوە سنوور بۆ دەسەڵات دابنێت

---

(١) سەرچاوەی پێشوو (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ٢١٥.
(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٢١٧.
(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢١٩.

**لە میانەی دیاریکردنی (ئەرك) بۆ پۆلیس، چونکە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی حکومەت کە پەیوەستە بە تاکەکانەوە.**

**لەوانە: ((گرتنەبەرو دانانی جێگرەوەی شیاو بۆ قەدەغەکردنی تاوان))، بەڵام ئەمەی بەوەوە بەستۆتەوە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت، ڕەتی کردەوە فرۆشتنی ژەهرەکان کۆت و بەند بکرێ _ سەرباری ئەوەی لە تاواندا بەکاردێت _،چونکە بۆ مەبەستی باش دەفرۆشرێ[١].**

**هەروەها: ((گرتنەبەری خۆپارێزی پێش کەوتنە ناو ڕووداوەوە))، نموونەی بۆ ئەمە هێناوەتەوە بە ڕۆیشتنی کەسێك بەسەر پردێکی نا سەلامەتەوە، جا پێی وایە پێویستە ڕێگری لێ بکرێ و ڕابکێشرێ ((چونکە ئازادی بریتییە لەوەی مرۆڤ ئەوە بکات کە حەزی لێیەتی، مرۆڤیش حەز ناکات بکەوێتە ناو ڕووبارەوە))[٢]، بەڵام جۆن میلْ ئەمەی بە دڵنیابوون و گریمانە نەکردن ڕێکخستووە.**

**لە ناوکۆ (سیاق)ی ئەمەدا چەندین پرسی جۆراو جۆری باس کردووە: وەك هەڵوێست لەبەرامبەر هەندێك کردار کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن لە کاتی ڕاگەیاندنی[٣]، ئەندازەی ئازادی لە هاندان دژی ئەوانی تر[٤]، هەڵسانی حکومەت بە دانانی باج و کۆت و بەند لەسەر کاری خراپ[٥].**

---

**١)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٣٣.

**٢)** بڕوانە: الحرية (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ٢٣٤.

**٣)** بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٢٣٦.

**٤)** بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**٥)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٣٨.

## پێنجەم: ئازادی بیر و بۆچوون:

گۆشەنیگای سەرەکی لیبڕالییەت بریتییە لە ((ئازادی)) وەك بەهایەکی مرۆڤایەتی پێویست، هەر بۆیە یەکێك لە ئەرکەکانی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی ئازادییەکان، ئازادی بیرو بۆچوونیش لە گرنگترین ئازادییەکانە، ئازادی دەستەبەری پێویستە بۆ پاراستنی تاك لە خۆسەپاندن و خراپەکاری حکومەتەکان[١].

جۆن میل پێی وایە ناکرێ ئازادی ڕاو بۆچوون قەدەغە بکرێت ئەگەر هەموو گەل یەك دەنگ بێ تەنها یەك کەس ڕاجیا بێ لەگەڵیان، جا لەو بارەوە دەڵێت: ((ئەگەر هەموو خەڵك لەسەر یەك بۆچوون کۆبوونەوە، تەنها یەك تاکی دەگمەن ڕاجیا بوو لەگەڵیان، ماڤی ئەوان لە بێ دەنگ کردنی ئەو تاکە زیاتر نییە لە ماڤی تاکەکە لە بێ دەنگ کردنی ئەوان ئەگەر توانی شتێکی وا بکات؛ کەمی پشتیوانان و لایەنگران نابنە هۆی کەم بوونەوەی بایەخی ڕاو بۆچوون))[٢].

پاساویشی بەوە هێناوەتەوە: ((کە ئەگەر بۆچوونەکە ڕاست بێ، ئەوا خەڵك بێ بەش بوونە لە هەلێکی گرانبەها و دەگمەن کە تیایدا ڕاست بە هەڵە بگۆڕنەوەو گومڕایی بە ڕێنوێنی بفرۆشن، ئەگەر بۆچوونەکەش هەڵە بێ ئەوا فرسەتەکە کەمتر نییە لەوەی پێشتر لە ڕووی دەگمەنی و سوودبەخشییەوە، ئەویش بریتییە لە فرسەتی زیاتر جێ پێ جێگیر بوون لە ڕاستیدا و قوڵبوونەوە

(١) بڕوانە: الحرية ٣٧.
(٢) هەمان سەرچاوە ٣٧ _ ٣٨.

لە زانستدا بەهۆی بەریەککەوتنی ڕاست و ناڕاست، بەراوردکردنی ڕاست و هەڵە))(١).

پاساوە عەقڵییەکان کە لیبڕالییەکان پشتی پێدەبەستن لە بە پێویست دانانی ئازادی بیرو گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە ئازادی و گەشەی گەلان و هەڵکشانی شارستانیەت ئەمانەن، وەك لە خوارەوەدا دەخرێنەڕوو:

یەکەم: مرۆڤ پارێزراو نییە لە هەڵە، هیچ یەکێك مافی ئەوەی نییە بانگەشەی ڕاست و دروستی بۆچوونەکەی بکات بێ بژارکردن و پوختەکردن، زانینی بۆچوونەکانی تر پێویستە بۆ گەیشتن بە ڕاستی(٢).

ئەم بەڵگە لە بەهێزترین بەڵگەکانی لیبڕالییەتە لە بەرەڵاکردنی ئازادی بیرو بۆچوون، هەر بۆیە ((جۆن میڵ) لەبارەی وەسفەکەیەوە دەڵێت: ((ئەگەر تەنها ئەم بەڵگە گشتیە هەبێ ئەوا بەسە ببێتە بەڵگەیەکی بڕاوەو نیشانەیەکی درەوشاوە لەسەر هەڵەی ئەوانەی باوەڕیان بە بەستنەوەو کۆت و بەندکردنی بیرو گفتوگۆ هەیە))(٣).

دووەم: مرۆڤ ناتوانێ بزانێ تا چەندە ئەوەی دۆزیویەتیەوە ڕاستە، تێڕوانینەکەی تا چەندە دروستە، تەنها دوای زانینی بۆچوونی ئەوانی دیکە و خستنەڕووی بۆچوونی خۆشی بۆ ئەوانی تر نەبێ، بۆچوونەکانی خەڵك یەکتر

---

(١) هەمان سەرچاوە ٣٨.
(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
(٣) هەمان سەرچاوە ٣٩.

ڕێکدەخەن، نەزانینی ڕای بەرامبەر و تەنها دەستگرتن بە بۆچوونی خودییەوە سەرناکێشێ بۆ ڕاستی.

تیۆدۆر غرین دەڵێت: ((ئەمە تەنها چارەسەرە کە لەبەردەست بێ بۆ ڕزگار بوون لە هەڵەکان، کە جڵەوگیری مرۆڤ دەکەن و تێڕوانینەکەی دەشێوێنن و دەیکەنە دوژمنی هاودەمەکانی، مرۆڤ ناتوانێ پەیی پێبردنەکانی فراوان بکات و زانینی ڕاستی قوڵتر بکاتەوەو خەملاندنەکانی زیاتر ڕاست و دروست بکات تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ئەزموونەکانی دەوڵەمەند بکات بە پشکداری پێکردن ئەزموونی ئەوانی دیکە، ڕا لە بەرامبەر ڕایەکی تر دابنێ وەك هەوڵێکی هاوبەش بۆ بەرزبوونەوە لە سەرووی شیکاری تاکەکەسی))[1].

سێیەم: هەر چەندە بۆچوون کۆك بێ لەگەڵ ڕاستی، ئەوا بیروباوەڕێکی مردووە، نابێتە ڕاستییەکی کارا و کارتێکەر، تا زۆر گفتوگۆ و تاوتوێ نەکرێ بە تووندی، مشتومڕی بەهێزی لەسەر ئەنجام نەدرێ بێ دوودڵی یان ترس[2].

چوارەم: دەکرێ ڕاستی لەگەڵ کەسی ئاساییدا بێت، لەوانە هەڵەش لەگەڵ کۆمەڵەی تایبەتمەنددا بێ، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات متمانەی بە بۆچوونی خۆی هەبێت؛ چونکە گەیشتن بە دانایی بەوە دروست دەبێ کە ڕەخنە و بژارکردنی بۆچوون پەسەند بکرێ، لەوانەیە ڕاستی لەگەڵ مرۆڤێکدا بێ کە گرنگی پێ

---

(١) الليبرالية والموقف الليبرالي ٤٥.

(٢) بڕوانە: الحرية ٦٤.

نەدات، هەر بۆیە تێبینی دەکرێ کە لە سەردەمی نەمافیدا چاکەخوازان کەمینەیەکی ڕاجیان لەگەڵ زۆرینەیەکی نەفام[1].

لیبڕالییەکان پێیان وایە فراوانکردنی ڕاجیایی و فرە بیرو بۆچوونی دیاردەیەکی ئەرێنیە و گەشە بە بیرو هێز بە بۆچوون دەدات، داهێنان دەردەخات.

تیۆدۆر غرین دەڵێت: ((ئەگەر تێڕوانینی جیاوازو بیروباوەڕی لە یەکتر دوو بەرپا بوون ئەوا ئەمە شتێکی چاکە، شتێکی خراپ نییە ئەگەر توانیمان ڕاجیاییەکەمان بەشێوەیەکی ئەرێنی بەکاربێنین))[2].

ڕاجیایی بۆ دەرکەوتنی ڕاستی گرنگە، چونکە ئەگەر ڕا باو پوچەڵ بوو ئەوا دەبێ بۆچوونێکی تر هەبێ کە ڕاست و دروست بێ، هەروەها ئەگەر ڕای باو ڕاست بوو ئەوا دەرکەوتنی ڕای پێچەوانەکەی شتێکی گەوهەرییە بۆ ئەوەی بە ڕوونی لە ڕووی ڕاستەقینە بۆچوونە دروستەکە بگەین، ئەگەر هاتوو هەر بۆچوونێکیش بەشێکی لە ڕاستی هەڵگرت، ئەوا پێویستە هەموو بۆچوونەکان بزانرێن بۆ کۆکردنەوەی ڕاستی و زانینی هەق[3].

کردنەوەی بوار بۆ بیرکردنەوەو ڕاجیایی ئەوا عەقڵ و هۆش چالاك دەکات، پاڵپشتی کردنی گونجاوی گفتوگۆ و فرەبۆچوونی سەردەکێشێت بۆ چالاکی لە بیرکردنەوەدا، هەر بۆیە دەبێ بەڵگەی دژەکان ئەندێشە بکرێن وەك چۆن دژەکان

---

[1] بڕوانە: الحرية (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ١٤١.
[2] الليبرالية والموقف الليبرالي ٤٥.
[3] بڕوانە: الحرية (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ١٧٣.

بۆی دەڕوانن بە وردی و ڕووتی تا بەم پێیە کرداری گەیشتن بە ڕاستی بچێتەسەر[١].

جۆن میڵ دەڵێت: ((ڕاجیایی تاکە هەل و فرسەتە لە بارودۆخی هەنووکەدا بۆ عەقڵی مرۆیی بۆ دەرخستنی هەموو ڕووەکانی ڕاستی))[٢].

ئەم تێڕوانینە دروستە ئەگەر بۆ ڕاو بۆچون زانیاری مرۆیی ئاسایی بوو، بە مەرجی ویستی دروست لە لێکۆڵینەوە کردن دەربارەی ڕاستی، فریونەدران و بەکارهێنانی نەریت و ڕێ و شوێنەکانی مشتومڕ و گفتوگۆ کە سەردەکێشێت بۆ کەڵك و سوود. ئەم تێڕوانینە ناکرێ دەربارەی بیروباوەڕی ئیمانی ئاینی ڕاست و دروست بوترێ، چونکە ئەمە جۆرێکە لە گومان، ئەم بیروباوەڕانە بنیاتنراون بەشێوەیەکی زانستی و عەقڵی ڕاست و دروست، پێغەمبەری پارێزراو لە خوای مەزنەوە هێناویەتی، بەڵام سەبارەت بە ئاینە دەستکاری کراوەکان ئەوا بەشێکن لە هزری مرۆیی درۆزن، پێویستە ڕەخنەیان لێبگیرێت.

لێرەدا دوو پرس و مەسەلەی زۆر گرنگ هەن کە زۆر بە توندی پەیوەستن بە ئازادی بیرو بۆچوون کە بریتین لە:

١_ یەکێك لە پێویستییەکانی ئازادی بیرو هزر بریتییە لە باوەڕ بوون بەوەی کەس خاوەنی ((ڕاستی ڕەها)) نییە، چونکە بانگەشە کردنی هەبوونی ئەم ڕاستیانە ڕێگر دەبێ لە بیرکردنەوەی ئازاد، ((غرین)) دەڵێت: ((لە واقیعدا ئەوانەی باوەڕیان وایە مرۆڤ دەتوانێت ڕاستییە ڕەهاکان بزانێت بێ ئەوەی گومان

---

(١) بڕوانە: الحرية (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ١٦٣.
(٢) هەمان سرچاوە ١٧٦.

**توخنیان بکەوێ، هەروەها ئەوانەش باوەڕیان وایە هاووێنەی ئەم ڕاستیانەیان پێیە، هەرگیز ناتوانن ملکەچی ڕەخنە یان ڕووبەڕوو بوونەوە ببن، بەهەمان شێوە هیچ نەرمییەك نانوێنن لە بیروباوەڕیاندا، جا ئەوەی ڕاستی ڕەهای پێیە چۆن دەتوانێ نەرمی بنوێنێت لەگەڵ ئەو شتەی پێی وایە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵەیە))[١].**

**غرین لاری نییە لە باوەڕ بوون بە بابەتێك لە بابەتەکان تا ئەندازەی ئامادەبوون بۆ مردن لە پێناو ئەم بابەتەدا، بەڵام ((بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەمە ڕاستی پاکە یان پارێزراوە لە هەڵە))[٢]؛ ((هیچ یەکێمان ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕەها دان بنێت بەوەی ئەو بیروباوەڕەی باوەڕی پێ هەیە تەواو ڕاست و دروستە یان ئەو بەهایانەی دەستی پێوە دەگرێ بریتییە لە بەهای ڕاست و دروست تا ئەو پلە و ئەندازەیەی ئەندێشەی دەکا))[٣].**

**جا باوەڕی ڕەها کە کەمترین گومان توخنی ناکەوێت ئەوا کۆك نییە لەگەڵ هزری لیبڕالی، ئەو هزرەی کە بیروباوەڕێکی دیاریکراوی دڵنیاکەرەوە بە بنەما پەسەند ناکات، چونکە ئەمە تێکدەگیرێت لەگەڵ ئازادی بیرو گفتوگۆ بەپێی تێڕوانینی لیبڕالییەکان.**

**لەبەر ئەمە _ لەلای لیبڕالییەکان _ بیروباوەڕی ئاینی دەمارگیرییە؛ لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی باوەڕدارە پێی ئەوا بە دڵنیاییەوە دان بە بیروباوەڕەکەیدا دادەنێت و پێی وایە ئاینەکانی تر پوچەڵن. ((غرین)) دەڵێت: ((هەیانە**

**(١) اللیبرالیة والموقف الیبرالي ٦١.**
**(٢) اللیبرالیة والموقف اللیبرالي ٦٢.**
**(٣) هەمان سەرچاوە ٦٣.**

**بیروباوەڕەکانیان هەڵدەگرن بە گیانی پێوە پەیوەست بوونی بێ کۆتا و ئەوپەڕی نیازپاکی، دەکرێ بە (دەمارگیرەکان) ناویان بنێین، ئەوانەی سەرباری نیازپاکیان ئەوا خاوەنی ڕۆشنبیری یان توانادار نین لەسەر پشکنینی ڕاست و دروستی بیروباوەڕەکانیان، ئەگەر گفتوگۆت لەگەڵ کردن ئەوا بە کۆمەڵێك ڕستە و وشە و دەربڕینی لەبەرکراو وەڵامت دەدەنەوە یان دەتسپێرن بە دەسەڵاتێکی پەنهانی باڵا. جا هاووێنەی ئەمانە ناتوانن هەڵوێستی لیبڕالی بگرنەبەرو پەسەندی بکەن))[١]. ((غرین)) وەسفی هەڵوێستی لیبرالی کردووە لە بەرامبەر دەمارگیرەکان _ وەك خۆی ناویان دەنێت _ بە کرانەوەی هزری بێ ناچاری یان فشار[٢].**

**٢_ یەکێکی تر لە پێویستییەکانی ئازادی ((لێبوردەیی ئاینی))یە، ئەمە هەڵوێستێکی لیبڕالییە لە سەرەتادا لە دوای چاخی چاکسازی ئاینی دەرکەوت وەك کاردانەوەیەکی جەنگە ئاینیەکان، جا لێبوردەیی بووە چەقی خولگەی ((هزری لیبڕالی)). جا لیبڕالییەت دژی جۆش و خرۆشی کوێرانە بوو کە دەستە و تاقمە توندڕەوەکانی پرۆستانتی هەیانبوو[٣].**

**ئەم هەڵوێستە (لێبوردەیی) واتە : مرۆڤ بە دڵنیاییەوە باوەڕی نەبێ بە بۆچوون یان هزر یان ڕێباز یاخود ئاینەکەی، چونکە ئەم باوەڕە دژە لەگەڵ**

---

**(١) اللیبرالیة والموقف اللیبرالي ١٣٦. شتێکی سروشتییە (غرین) ئەم وتەیە دەربارەی ئاینی خۆی بڵێت، چونکە ئەو تەنها ئاینێك دەناسێت کە شێواوە دژی عەقڵە، بەڵام ئاینی ئیسلام لەسەر بەڵگەی ڕۆشنی عەقڵی براوە دامەزراوەو هیچ شتێکی تێدا نییە دژی عەقڵ بێت، جا نابێ ئەم وتەیە بەسەر ئاینێکی ڕاست و دروستدا بدرێت کە لەسەر ڕێبازو پەیڕەوێکی زانینی دڵنیاکەرەوەو سەلمێنراو وەستاوە.**

**(٢) اللیبرالیة والموقف اللیبرالي ١٣٦.**

**(٣) بڕوانە: حکمة الغرب ٢/ ١٠٣ _ ١٠٥.**

**لێبوردەیی لە هزری لیبڕالیدا. لێبوردەیی ئەوە دەخوازێ دان بە بەرامبەردا بنرێ، بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر هزرەکان نەدرێ و گریمانەی دروستی ڕای بەرامبەر هەر بهێڵرێتەوە[١].**

**غرین دەڵێت: ((نموونەی ئەم دڵنیاییە بیروباوەڕییە کە ڕووبەڕووبوونەوە قبوڵ ناکات ئەوا لە هەڵگرانی دەکان لێبوردە نەبن لەگەڵ ئەوانی تردا و هەڵوێستی تەواو دژ بگرنەبەر لەگەڵ ئەوەی وەسفمان کرد بە هەڵوێستی لیبڕالی))[٢].**

**ئەوەی جەخت دەکاتەوە لە پەیوەست بوونی چەمکی لێبوردەیی بە دڵنیانەبوون و یەکلا نەکردنەوەوە ئەم وتەیەی ((هایك))ە کە دەڵێت: ((پوختەی لیبڕالییەتی کلاسیکی لەسەر داڕشتەی لێبوردەیی دامەزراوە، کە (جۆن میلتۆن)[٣] و (جۆن لوك) خستیانەڕوو، (ستیوارت میل)یش سەر لەنوێ دانی پێدانا، (والتەر باجیوت)یش دانی پێدانا لەگەڵ پەیی بردنمان بەوەی ناکرێ ڕای یەکلاکەرەوە بزانن))[٤].**

---

**(١) ئەم هەڵوێستە لای ئەوان بیروباوەڕی سەرەکی ئاینی دەگرێتەوە وەك: باوەڕبوون بەخوا و ڕۆژی دوایی و پێغەمبەران و فریشتەکان و جگەلەمانەش، هەڵوێستی لیبڕالی وا دەخوازێت دان بە ڕاست و دروستی ئەم بیروباوەڕانە و جگەلەوانەشدا نەنرێ.**

**(٢) الليبرالية والموقف الليبرالي ٦١.**

**(٣) جۆن میلتۆن: شاعیرێکی ئینگلیزییە، ساڵی ١٦٠٨ز لە دایك بووە. بە گەورەترین شاعیری ئینگلیز دادەنرێ لە دوای شکسپیر، خۆی یەکلاکردەوە بۆ نووسینی وتار وەك بەرگری کردن لە ئازادییە سیاسی و ئاینییەکان. لە کۆتایی ژیانی تووشی کوێری بوو. لە ناودارترین شوێنەوارەکانی: داستانی (فیردەوسی ونبوو) و داستانی (فیردەوسی خوازراو))، ساڵی ١٦٧٤ز مرد. معجم أعلام المورد ٤٣٢.**

**(٤) وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية الليبرالية المعاصرة ٨٤.**

جا ئەم لێبوردەییە بنیاتنراوە لەسەر ئەوەی زانیاری مرۆیی کرچ و کاڵە، مرۆڤ بە نەزانی وەسف کراوە، گەیشتن بە ڕاستی بە ڕێگەیەکی خۆکاری دەبێ کە پێشتر لە ڕووی عەقڵییەوە پلانی بۆ دانەنرا بوو، ئەم ڕاستییەش کە دەویسترێ بەدەستبهێنرێ یەکلابووەو دڵنیاکەرەوە نییە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆکاری مرۆیی و نەبوونی پلاندانانی کرداری بریتین لە بناغەی ئازادی هزری.

بەڵام هایك پێی وایە ئازادی بیر شوێنکەوتووی ئازادی کارکردنە، بۆ جەختکردنەوە لەسەر چەمکی خۆکاری، ئەمەش چەمکێکی کردارییە، پێشخستنی هزرو بیر بەسەر کرداردا ڕەتکراوەیە، چونکە ڕێبازی ماددی وەلادەنێت کە فەلسەفەکەی لەسەر بنیاتناوە.

هەر بۆیە دەڵێت: ((ئەم پرۆسە ژیرمەندییە تەنها بە دەرەنجامی کرداری هەڵبژاردن و کارسازی مرۆیی و دورخستنەوەی هزرە پێشوەختە ئامادەکراوەکان و هەڵقوڵانی هزری نوێ لەسەر ئاستێکی فراوان دادەنرێ، هەموو ئەمە لە بواری کرداری مرۆییدا دروست دەبێت، کە زۆربەی جاران بە کارێکی نا ژیرمەندانە دادەنرێ، لەوانەیە ئەم شتە شایەنی ڕەچاوکردن بێت تەنها ئەو کاتەی ئازادی سەر بکەوێ بەسەر بواری هزریدا))[1].

---

[1] وەرگیراوە لە: مفهوم الحرية الليبرالية المعاصرة ٨٦.

## شەشەم: لیبڕالییەت لە بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسیەت:

هیچ پەیوەستبوونێکی تەواو لە نێوان لیبڕالییەت و دیموکراسییەتدا نییە، جا دەکرێ ئازادی لیبڕال لە ناو ڕژێمی پاشایی یان ئەرستۆقراتیدا هەبێ، هەروەك دەکرێ دیموکراسییەت لە سەر بنچینەی نا لیبڕالی هەبێ.

بناغەی هزری لیبڕالی بریتییە لە ڕێزگرتن لە ئازادی تاکەکەسی و خاوەنداریێتی تایبەت و دەستەبەرکردنی ئازادی ڕادەبڕین، دەستوەرنەدانە ناو ئازادی تاکەکەسی، دیاریکردنی دەستوەردانی دەوڵەت.

دەکرێ ئەم بنچینانە دەستەبەر ببن لە سایەی سیستەمی پاشایەتی یان ئەرستۆقراتی، زۆرێك لە لیبڕالییەکان ستایشی ڕژێمە پاشایەتییەکانیان کردووە بەهۆی ئەوەی بنەما لیبڕالییەکانیان دەستەبەر کردووە بێ ڕەچاوکردنی جێبەجێکردنی سیستەمی دیموکراسی[1].

دیموکراسییەت وەك سیستەمێکی سیاسی پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنی گەل، پێویستیش نییە ئەم هەڵبژاردنە سەر بکێشێت بۆ ئازادی، بەڵکو لەوانەیە سەر بکێشێت بۆ خۆسەپاندن، هێتلەرو مۆسۆلینی[2] بە ڕێگەی دیموکراسی

---

(١) بڕوانە: تاريخ الفكر السياسي ٣٠٧.

(٢) پینیتۆ مۆسۆلینی: سەرکردەی ئیتاڵیای فاشییە بوو، دامەزرێنەری حیزبی فاشییە، ساڵی ١٨٨٣ز لە دایك بووە، سەرۆك وەزیرانی پێدرا، لەگەڵ هێتلەر خولگەی ڕۆما _ بەرلینی دروستکرد. جەنگی دژی هاوپەیمانان ڕاگەیاند، بەڵام شکستی هێزەکانی بووە هۆی لە ناوچوونی لە ساڵی ١٩٤٣ز. ئەڵمانیا ئەوی گێڕایەوە سەر دەسەڵات لە ئیتاڵیای باکور، مۆسۆلینی بە (دۆکشی) واتە: سەرکردە ناسراوە. هەندێك لە دژەکانی ئەوویان کوشت لە ساڵی ١٩٤٥ز. معجم أعلام المورد ٤٤٠.

گەیشتنە تەختی حوکمڕانی، دەوڵەتەکانیان هەڵسان بەشێوەیەکی تاکڕەوی بەڕێوەبرد نەك بەشێوەیەکی لیبڕالییانە.

ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەکرێ دیموکراسییەتێکی نا لیبڕالی هەبێ کە بریتییە لە نموونەی ((دیموکراسییەتی ئیشتراکی))؛ واتە: ئەو دیموکراسییەتەی حکومەتەکەی پشت دەبەستێت بە ڕێکخستن و پلاندانان بۆ ئابووری، دەستێوەردان لە فەراهەم کردنی کەرتی خوێندن و تەندروستی بێ بەرامبەر، پاڵپشتی کردنی کەل و پەلی پێویست، دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ بێوەژنەکان و بە ساڵاچوو و بێکارەکان.

ئەم نموونەیە لە ئەوروپا بەربڵاوە لەوەتەی جەنگی جیهانی دووەم، بەڵام گوزارشت لە لیبڕالییەت ناکات بە وێنە دروەوشاوەکەی[1].

دەکرێ پەیی بە لیبڕالییەتی نا دیموکراسی ببرێ لە میانەی پشتیوانی بیرمەندانی لیبڕالی _ وەك مۆنتیسکیۆ _ بۆ خۆسەپاندنی ئاشکرا کە لە سەدەی هەژدەمی کۆچی دەرکەوت[2].

جۆن میل هۆشداری داوە لەبارەی ستەمکاری و یاخی بوونی زۆرینە لە ڕژێم و سیستەمە دیموکراسییەکاندا و وتویەتی: ((خواستی گەل بە سیفەتێکی تایبەت واتە ئەو لایەنەی ژمارەیان زۆرە یان لایەنی چالاك و ئەرێنی گەل، کە بریتین لە زۆرینەی گەل... دواتر لەوانەیە گەل حەز بکات لە داپلۆسینی ژمارەیەك لە تاکەکانی؛ بۆیە پێویستە هۆشیاری لەهەمبەر ئەو جۆرە کارانە هەبێ، هەروەك

(1) بڕوانە: الطريق إلى العبودية ٤١، ٤٦، ٨٠.
(2) بڕوانە: تاريخ الفكر السياسي ٣١٣.

دەبێ ئاگاداری هەبێ لەوەی ئەوەی تر دەسەڵات خراپ بەکاربهێنێ. بەم پێیە کۆت و بەندکردنی دەسەڵاتی حکومەت لەهەمبەر تاکەکان هیچ بایەخێکی لێ کەم نابێتەوە، کاتێك دەسەڵاتدارانی حکومەت بەرپرسیار دەبن بەرێك و پێکی لە بەرامبەر کۆمەڵ، مەبەستم ئەوەیە لە بەرامبەر بەهێزترین حیزبەکانی کۆمەڵگە[١].

بنجامین کونستانت یەکێك بوو لە دیارترین ئەو لیبڕالییانەی دژی سیستەمی دیموکراسی وەستان، چونکە پشت بە ڕای زۆرینە و شێوازی جەماوەری لە حوکمڕانیدا دەبەستێت، ئەمەش دژە لەگەڵ تاکایەتی لیبڕالی، جا دەبینین ناوبراو دەڵێت: ((بە درێژایی چل ساڵ بەرگریم لە خودی ئەو بنەمایە کرد، ئازادی لە هەموو شتێکدا: لە ئایین و وێژە (ئەدەب) و فەلسەفە و پیشەسازی و سیاسەت، مەبەستم لە ئازادی سەرکەوتنی تاکایەتیە جا چ بەسەر ئەو دەسەڵاتەی دەیەوێت بە خۆسەپاندن حوکم بکات یان بەسەر ئەو جەماوەرەی داوا دەکات کەمینە بکاتە کۆیلە))[٢].

لە بەرامبەر کێشەی پاراستنی تاك لە دەستدرێژی و یاخی بوون، کونستانت پێی وایە پێویستە ئەو سیفەتە دامەزراوەییانە جێبەجێ بکرێن کە دەکرێ بەهۆیانەوە تاك ڕزگاری ببێ لە خۆسەپاندن، ئەمەش بە لاوازکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، بە دوور لە چارەسەری دیموکراسی جەماوەری[٣].

---

(١) الحرية (ضمن أسس الليبرالية السياسية) ١٢١.
(٢) وەرگیراوە لە: تاريخ الأفكار السياسية ١٦٣.
(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٦٢.

لیبڕالییەت وەستاونەتەوە لە بەرامبەر کۆت و بەندکردنی دەسەڵاتی حکومەت، پەیوەندی ئەمەش بە ئازادییەوە بە دوو ڕێگەی جیاوازەوەیە:

یەکەمیان: جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی ناچارکردنی دەسەڵات لەسەر پێدانی چەند دەستەبەرییەك کە دەستدرێژی کردنەسەری بە کەم و کورتی گەیاندن دابنرێ بە ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی گەل، ڕێگە بە تاکەکان بدات بەرهەڵستی بکەن و شۆڕشی لە دژ بکەن، ئەم وێنەیە گوزارشت لە تیۆری (جۆن لوك) دەکات، حکومەتە ئەوروپیەکانی ناچارکرد لەسەر دابینکردنی ئەم دەستەبەریانە، بەڵام نموونەی لیبڕالی شتێك تر بە مەرج دەگرێ کە بریتییە لە: ((بەرپاکردنی سنووری دەستووری، بەم پێیە ڕێکەوتنی گەل یان بەشێك لەو دەستانەی نوێنەرایەتی گەلیان تێدا پێویستە مەرجێکی پێویستە بۆ ڕاییکردنی کۆمەڵێك لە کردارەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان))، ئەم کارە ((سەرکەوتوو نەبوو، وایلێهات هەوڵدان بۆ هێنانە کایەی و کارکردن لەسەر فراوانکردنی سنوورەکەی لە هەر شوێنێك کە دەستخستنی ئاسان بێ بووە ئامانجی مەزن و هیوای هەرە گەورە بۆ عاشقانی ئازادی لە هەموو شوێنێك))[1].

دووەمیان: ڕێککەوتنی خواستی دەسەڵات و گەل پێویست دەکات، بەهۆی ڕێکەوتنی بەرژەوەندییەکانیان، بەمەش خواستی دەسەڵاتدارو ویستی گەل دەبێتە یەك شت، جا ترس لەهەمبەر خۆسەپاندن نامێنێ بەهۆی بوونی یەکسانی ڕەها،

---

[1]) الحرية ١٨١.

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە تیۆری ((ڕۆسۆ)) لەبارەی خواستی گشتی، ئەم بۆچوونە بڵاو بوو لە ئەوروپا، کەچی بۆچوونی یەکەم لە ئینگەلتەرا باو و بڵاو بوو[١].

بۆچوونی دووەم دیموکراسییەت و یەکسانی بەسەر لیبڕالییەت و تاکایەتیدا زاڵ دەکات، کەچی بۆچوونی یەکەم لیبڕالییەت بەسەر دیموکراسییەتدا زاڵ دەکات[٢]. ئەمەش ڕاڤەی هێرشی (کونستانت) دەکات بۆ سەر (ڕۆسۆ) لەم وتەیەیدا لەبارەی ڕۆسوە کە دەڵێت: ((ناشرینترین هاوپەیمانی یاخی بوون و ستەمکارییە لە گشت وێنە و شێوەکانیدا))[٣].

شێوەی حکومەت و ڕێگەی بەڕێوەبردنی شتێکی لاوەکی بوو لەلای پێشەنگە سەرەتاییەکانی لیبڕالییەت، چونکە گرنك بەرپاکردنی ئازادی تاکەکەسییە، هەروەها دیاریکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە جا حوکمەکەی هەر چەشن و شێوەیەکی هەبێ، هەر بۆیە دیدرۆ و فراوانخوازان پاشایەتیان نەپاراست، لە کاتی بەدواداچوون بۆ جۆری سیستەمی سیاسی کە لەلای فراوانخوازان پەسەندە ئەوا دەبینین نە دیموکراسیی نە شۆڕشگێڕیە[٤].

جۆن لوك هەوڵ و کۆششی زۆریداوە لە چەسپاندنی پاشایەتی دەستووری و حکومەتی سنووردارو کۆت و بەندکراو، ((ڤۆڵتێر)) ستایشی دەستووری ئینگلیزی کردووە، کاتێك ((ڤۆڵتێر)) ستایشی ئازادییەکان دەکات ئەوا مەبەست لێی ئازادییە شارستانییەکانە کە بە دەوری ئازادی تاکەکەسی و خاوەنداریێتی تاکەکەسیدا

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٢٠.
(٢) بڕوانە: تاريخ الفكر السياسي ٣٠٦.
(٣) تراث الإنسانية _ العقد الإجتماعي _ ١/ ٥٨٦.
(٤) بڕوانە: تاريخ الفكر السياسي ٣٢١.

**دەخولێتەوە، گرنگی بە ئازادییە سیاسییەکان نادات، چونکە متمانەی بە دەستە نێوەندگیرەکان ناکات وەك پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل و هاوشێوەیان. ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵوێستی نەرێنی ڤۆڵتێر لە هەمبەر لیبڕالییەت بریتییە لە باوەڕ نەبوونی بە یەکسانی، ناوبراو پێی وایە سەرباری بەڵگە نەویستی یەکسانی ئەوا یەکسانی زیاتر خەیاڵە، بناغەی فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر هزری بۆرژوازی دامەزراوە[1].**

**هەروەها هەر چەندە فیزیۆقڕات لە بەهێزترین ڕێبازە لیبڕالییە لاساییکەرەوەکانە، ئەوا لیبڕالییەتە توندڕەوەکەیان وای لەوان نەکردووە باوەڕیان بە دیموکراسییەت هەبێت، ڕێبازەکەیان گوزارشت دەکات لە تێکەڵەیەکی لیبڕالییەتی ئابووری و خۆسەپاندنی بەرچاوڕۆشن.**

**جان توشار دەڵێت: ((لە نێوان هەموو بیروباوەڕگەراکاندا لە چاخی هەژدەمدا، تەنها فیزیۆقڕاتییەکان ئەوەیان بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند کە لەگەڵ خۆسەپاندنی ڕەوادان))[2].**

**هامڵتۆن و جۆن ئادەمز[3] یەکێك بوون لە پێشەنگە دامەزرێنەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، حکومەتێکی بەهێزیان پێ باشتر بوو ئەگەر**

---

**(1) بڕوانە: تاریخ الفكر السياسي ٣١٨.**

**(2) هەمان سەرچاوە ٣٢٣.**

**(3) جۆن کوینسی ئادەمز: شەشەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ساڵی ١٧٦٧ز لە دایك بووە، لە بواری دیبلۆماسییەت کاری کردووە، بەمەش وەك شاند سەردانی ژمارەیەك پایتەختی ئەوروپی کردووە، وەزیری ڕاسپێرراوی دیبلۆماسی بووە لە ڕوسیا و بەریتانیا، بەوەوە ناسراوە کە دژی بە کۆلیەکردن بووە. یاداشتەکانی نووسیوە کە لە دوازدە بەرگدایە. ساڵی ١٨٤٨ز مردووە. معجم ألام المورد ٨.**

لەسەر حیسابی دیموکراسییەتیش بێ، هاملتۆن گرنگی بە بەرهەمداری و گەشەی ئابووری دەدات، زۆر کەم دڵی بەلای حکومەتی جەماوەریدا دەڕۆیشت، پێی وابوو ئەوەی بەسوود بێ بۆ کۆمەڵەی ئابووری و سەرمایەداری زاڵ ئەوا ئەمە مایەی کەڵکە بۆ هەموو گەلی ئەمریکی))[١].

سەبارەت بە ((جۆن ئادەمز)) ئەوا کەسێکی لیبڕالی ئەرستۆقراتی دژی دیموکراسییەت بوو، تێڕوانین و هەڵوێستەکەی لە بەرامبەر دیموکراسییەت جیاواز بوو لەگەڵ تێڕوانینی جێفرسۆن کە لە دوای ئەو لە ساڵی ١٨٠١ز حوکمڕانی کرد[٢].

جیڤرسۆن لیبڕالییەکی دیموکراسی بوو و بەوە لە ئادەمز جیا دەکرایەوە کە حەزی بە فراوانکردنی دیموکراسی دەکرد، جیفرسۆن یەکێك بوو لە پشتیوانانی دەستووری ئینگلیزی[٣].

تۆکفیل وێنەی دیموکراسییەتی گواستەوە لە ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی جێڤرسۆندا، ئەمەش بەراوردی هزری نێوان ئەو و کونستانت ڕاڤە دەکات))[٤].

لەوانەیە دیارترین شوێن کە بەرهەڵستی تێدا دەربکەوێت لە نێوان دیموکراسییەت و لیبڕالییەتدا بریتییە لەوەی پەیوەستە بە ڕووخساری ئابووری لیبڕالییەت، لەم بارەوە ((لیستەر سرۆ)) دەڵێت: ((لێرەدا بیروباوەڕی تەواو جیاواز

---

١) بڕوانە: تاريخ الفكر السياسي ٣٥٣.

٢) بڕوانە: تاريخ الفكر السياسي ٣٥٣.

٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٦٣، ١٦٨.

**هەیە لە دیموکراسییەت و سەرمایەداریدا دەربارەی دابەشکردنی هێزو توانا بە ڕاست و دروست.**

**جا دیموکراسییەت باوەڕی بە دابەشکردنێکی یەکسانی هێزی سیاسییە ((یەك كەس _ یەك دەنگ))، لە کاتێکدا سەرمایەداری باوەڕی وایە کە پێویستە ئەوەی سەرکەوتوو بووە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوا کەسی شکستخواردوو لە بازرگانی دەر بکات و لە ئابووری دووری بخاتەوە، مانەوە بۆ کەسی باشترینە و یەکسانی بوونی نییە لە توانای کڕیندا، ئەو دوو شتانە لە بریتین لە هەموو ئەوەی لە توانا و لێهاتوویی سەرمایەداریدا هەیە. تاکەکان و دامەزراوەکان وایان لێدێت لێهاتووبن بۆ سەرمایە دەستخستن. ئەگەر سەرمایەدار بە پوختی بخەینەڕوو ئەوا بە تەواوی کۆك دەبێ لەگەڵ کۆیلایەتی... بەڵام دیموکراسییەت کۆك نییە لەگەڵ کۆیلایەتی))[1].**

**لیستەر سرۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئابووری بازار نا هەماهەنگە لەگەڵ دیموکراسییەت، چونکە پلەبەندی و جیاوازی ئابووری هێناوەتە کایە، ئەمەش وایکردووە دیموکراسییەتەکانی ئەوڕوپا بەرەو کینزیەتەوە بڕۆن، پێیان وابێت دەستوەردانە ناو بازار پێویست بێ بۆ بەهێزکردنی یەکسانی[2].**

**کێشەی پەیوەندی نێوان دیموکراسییەت و لیبڕالییەت دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان ((ئازادی)) و ((یەکسانی)) و چۆنیەتی بەیەکەوە گونجاندنیان. هەر کەسێك ئازادی زاڵ بکات ئەوا زیانی بە یەکسانی گەیاندووە، بەرەو**

---

**(١)** مستقبل الرأسمالية ٥٣٩.

**(٢)** بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٥٤٥.

لیبڕالییەت لایداوە، دواتر دیموکراسییەتی ڕاڤە کردووە بەوەی چەمکی یەکسانی لە دیموکراسییدا ڕەت بکاتەوەو گەڕاندۆتیەوە بۆ واتای تاکی پوخت[1]. ئەوەی یەکسانی زاڵ بکات ئەوا زیانی بە ئازادی ڕەها گەیاندووە، هەوڵی کۆت و بەند کردنی داوە، لایەنی دیموکراسییەتی زاڵ کردووەو دواتر ئازادی لەبەر ڕۆشنایی دیموکراسییەتدا شرۆڤە کردووە[2]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کۆك نەبوون لەسەر چەمکێکی یەکگرتوو بۆ دیموکراسییەت، ئەو زاراوەیە بانی فراوانە دەکرێ چەمکی وا لە خۆ بگرێ کە دژ یەك بێ و دەکرێ هەر یەکێك بانگەشەی یەکێك لەو چەمکە دژیەکانە بکات.

ئەوە ماوەتەوە ئاماژە بەو ڕاو بۆچوونانە بکەم کە دژی دیموکراسییەتن بەتایبەت لە تێڕوانینی دەمارگیرانەی لای بیرمەندە لیبڕالییەکان لە هەمبەر گەلانی تردا، جا بنەمای ئازادی تاکەکەسی وەرگیراوە لە سروشتی مرۆڤ وەك مرۆڤ، ناکرێ بەسەر ئەوەدا جێبەجێ بکرێ کە ((جۆن میلٚ)) ناوی ناوە: ((گەلانی دواکەوتوو لە شەمەندەفەرِی ژیان))، جا ئەم گەلانەی لە پێگەی دەستەوساندا داناوە کە پێویستیان بە سەرپەرشتی هەیە، ((جۆن میلٚ)) دەڵێت: ((هەر بۆیە خۆسەپاندن ڕێگە و ئامرازێکی ڕەوا بوو بۆ حوکم کردن بەسەر گەلانی دواکەوتوو مادەم چاکسازی ئامانج و مەبەست بێ... ئەوە بنچینەیە کە ئازادی ناکرێ بە گەلێك بدرێ پێش ئەوەی وای لێبێت ئامادەبێ بۆ چاککردنی کاروبارەکانی، جا

---

(١) هەروەك جۆن هایك وایکرد، کاتێك لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی دیموکراسییەت دانا، لە کاتێکدا لیبڕالییەتی نوێ و کرانەوەی بازار بریتییە لە نموونەی ڕاست و دروستی دیموکراسی. بڕوانە: الطریق إلی العبودیة ٨٠، بەشەکە بە تەواوی.

(٢) وەك جۆن دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی ئەنجامیدا.

مادەم گەل نەگەیشتبووە ئەم پلەیە ئەوا جگەلە ملکەچی و گوێڕایەڵی هیچی تری بۆ نییە))[١].

ناوبراو پێی وایە گەلانی خۆرئاوا گەیشتوونەتە پلەیەکی پێشکەوتوو لە شارستانیەت کە مۆڵەتی ئەوەی بەوان داوە ئازاد بن، بەڵام سەرجەم گەلانی تر هێشا تەواو پێنەگەیشتوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بنەمای لیبڕالی ڕەوایی دەدات بە پرۆسەی داگیرکاری و لەسەریشی پێویست دەکات سەرپەرشتی گەلانی تر بکات بۆ ئەوەی گەشە و پێشکەوتنیان پێ بدات بەرەو شارستانیەت و دواتر بەرەو ئازادی.

ئەمە تێڕوانینێکی خۆپەسەندی و لوت بەرزانەیە، هەست کردنە بە کەمی و بێ نرخی ئەوانی تر، دەکرێ مێژووی هاوچەرخی خۆرئاوا ڕاڤە و شرۆڤە بکرێ لە میانەی ئەم تێڕوانینە دەمارگیرانەیە بۆ بەرامبەر.

ئەم بۆچوونە بە نامۆ دانانرێ لە هزری لیبڕالییەت، جا (مۆنتیسکیۆ) پشتیوانی لە بە کۆیلەکردنی ڕەش پێستەکانی دەکرد لە ئەفریقیا، چونکە پێی وابوو بە کۆیلەکردنی ئەوان زۆر پێویستە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە مەزنەکان کە ئابووری ئەوروپا دەیخوازێت[٢].

ئەمە پاساو دەدات _ بە ڕێگەیەکی نقوم بوو لە ڕەگەزپەرستی _ بەوەی بانگەشەی ئەوە دەکات ڕەچەڵەکی ڕەش پێستەکان گیان و ناخی چاک و عەقڵی گشتیان نییە، جا دەڵێت: ((ناتوانین لەوە تێبگەین کە خوای گەورە هەیە و دانا و

---

١) الحرية ٣٠.

٢) تراث الإنسانية _ روح القوانين _ ١/ ٧١٢.

شارەزاو کارزانە گیانی چاکخوازی خستووەتە ناو جەستەی ڕەش پێستەوە))[١].
هەروەها دەڵێت: ((هەروەها ئێمە ناتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە تاکەکانی ئەم گەلانە خەڵکانێکن، ئەگەرنا دووبارە باوەڕمان بەوە دەهێنایەوە کە ئێمە مەسیحی نین))[٢]، لەم وتەیەیدا مۆنتیسکیۆ پشت دەبەستێت بە دەقە شێوێنراوەکانی ئینجیل بەوەی نەوەکانی حام (ڕەش پێستەکان) بەدیهێنراون بۆ ئەوەی خزمەتی نەوەکانی سام (سپی پێستەکان) بکەن[٣].

ئەمەش ئەو کردارەی ئەوڕوپی و ئەمریکییەکانمان بۆ ڕاڤە دەکات کە هەڵسان بە کۆیلەکردنی ملیۆنان کەسی ئەفریقی بە زەبری هێزو تاڵان کردنی ماڵەکانیان، ئەمریکییەکان هەمان شتیان کرد لەبەرامبەر هیندییە سوورەکان، لەگەڵ ئەوە لە چڵەپۆپەی پێگەیشتنی لیبڕالییەتدا بوون (لە سەدەی نۆزدەمی زاینی)، بەهەمان شێوە بزوتنەوەی داگیرکاری هاوچەرخ کە بەردەوامە تا ئەمڕۆ.

## حەوتەم: قەیرانی سیستەمی دیموکراسی:

دیموکراسییەت لە دوای شۆڕشە مەزنەکانی دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی دەرکەوت، بۆ ئەوەی گوزارشت بکات لە ڕۆشنبیری هاوچەرخ و نوێ، خەڵکی پێ هەڵخەڵەتان، دروشمەکانی سەرنجی هەمووان ڕاکێشا وەك: ئازادی، دەستەبەری ڕێ و شوێنەکان لە تۆمەتبارکردن و دادگایی کردن و مافەکانی مرۆڤ، ئازادی پەرستشکردن، ئازادییە کەسییەکان، هەر بۆیە پاڵنران بەرەو دیموکراسییەت، وایلێهات دیموکراسییەت بووە ئاینی نوێ لە سەردەمی هاوچەرخدا.

---

(١) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.
(٢) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.
(٣) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.

کارڵ بیکەر دەڵێت: ((وەك چۆن خەڵك ئامادەییان هەبوو بجەنگن لە پێناو ئایین و کڵێسا، وایلێهات تاك ئامادە بوو بۆ جەنگ و مردن لە پێناو دەوڵەت و گەلەکەی))[١].

بەڵام ئەم پێ سەرسام بوونە دەستی بە لەناوچوون کرد، دوای ئاوابوونی هەوری جۆش و خرۆش، جا سەرخۆشییەکە نەما و بیرۆکەکە مایەوە، قەیرانە یەك لە دوای یەکەکانی دیموکراسییەت دەستیان پێکرد، متمانە بەو سیستەمە کەم بووەوە لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی جێبەجێیان کرد، هەروەك چۆن ((بارسلی)) دەڵێت: ((هەندێك لە بیرمەندی ئازادیخواز لە سەدەی نۆزدەمدا متمانەی زۆریان هەبوو بە سیستەمی حکومەتی دیموکراسی نوێنەرایەتی، بەڵام ئەم متمانە گەرمە سارد بوونەوەی بەخۆوەبینی لە سەردەمی نوێدا))[٢]، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی زۆر سیستەمی ئیشتراکییەت بە بنەما بکەن وەك دەوڵەتەکانی ئەوروپا خۆرهەڵات و هاوشێوەکانی.

دیاردەکانی ئەم قەیرانە لە چەندین بواری جیا جیا و خاڵی جیاوازدا دەرکەوتن کە دەکرێ لە میانەیاندا وێنەی ڕووی ڕاستەقینەی قەیرانەکە بکرێ لە ناو سیستەمە دیموکراسییەکاندا:

### ١_ زاراوەی دیموکراسییەت:

زاراوەی دیموکراسییەت بە یەکێك لە زاراوە ناڕۆشن و شڵەژاوەکان دادەنرێ، چونکە بەکاردێت بۆ چەندین شێوەی جیاواز کە سەختە واتای ڕاست و دروست لە

---

١) السبيل إلى العالم الأفضل ٧٢..

٢) وەرگیراوە لە: أزمة الأنظمة الديمقراطية ١٠١.

**واتای ساختە جیا بکرێتەوە، هەر هەوڵێك بۆ دیارکردنی واتای لیبڕالییەت بە وردی زانستی بدرێ ئەوا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵۆزی دەبێتەوە.**

**لەوانەیە بیرۆکە هزرییە جیاوازەکانی دەوری پەیوەندی نێوان ((ئازادی)) و ((یەکسانی)) یەکێك بن لە دیارترین هۆکارەکانی نارۆشنی و لێڵ بوونی، جا ((ئارنۆڵد توینبی))(١) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە کاتێك وتی: ((وایلێهاتووە بە کارهێنانی زاراوەی لیبڕالییەت بووەتە دروشمێکی ڕووت لە دووکەڵ بۆ شاردنەوەی ململانێی ڕاستەقینە لە نێوان هەر دوو بنەمای ئازادی و یەکسانی))(٢). هەر بۆیە چەندین چەشنی دیموکراسییەت دەرکەوتن، هەیانە بە دیموکراسییەتی لیبڕالی، هەشیانە بە دیموکراسییەتی جەماوەری و دیموکراسییەتی ئیشتراکی ناسراوە، سەرباری بوونی جیاوازی بەهێز لە نێوان سیستەمە دیموکراسییەکان لەبارەی سیستەمی حیزبەکان و هەڵبژاردن و شێوەی دروستکردنی حکومەت و ڕۆڵی حکومەت و هاوشێوەی ئەمە.**

## ٢ _ حیزبە سیاسییەکان:

**ستوون و ڕاگری سیستەمە دیموکراسییەکان بریتییە لە حیزبە سیاسییەکان، ناکرێ پرۆسەی دیموکراسییەت سەرکەوتوو بێ بوونی حیزبی سیاسی، بەڵام**

---

**(١) ئارنۆڵد جۆزیف توینبی: مێژوونووس و فەیلەسوفێکی بەریتانیە، ساڵی ١٨٨٩ز لە دایك بووە، تیۆری (تەحەددا و وەڵامدانەوەی) دانا لە کتێبە گەورەکەیدا (توێژینەوەی مێژوو)، پوختەی تیۆرەکەی ئەوەیە: شارستانیەت تەنها لەو کات و شوێنە دروست دەبێت کە ژینگە گونجاو بێت بۆ تەحەددا کردنی گەلێك، ئەو گەلەش لە باشترین ئامادەباشدا دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی تەحەدداکە، شارستانیەت دەڕووخێت کاتێك بلیمەتی (کەمینەی داهێنەر) لەناودەچێ، لە ساڵی ١٩٧٥ز مردووە. معجم أعلام المورد ١٤٧.**

**(٢) تراث الإنسانية ٣/ ٧٣.**

حیزبە سیاسییەکانیش _ بەهەمان شێوە _ بریتین لە خەست و قوڵترین قەیرانەکانی دیموکراسییەت. جا لەگەڵ ئەو پێگەیەی حیزبەکان هەیانە لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەوا ژمارەیەك لە دامەزرێنەرانی سیستەمی دیموکراسی گومانیان لێهەبووە بەهۆی دەرەنجامە خراپەکانی گیانی حیزبایەتی، ((جۆرج واشنتۆن)) پێی وایە کە: ((گیانی حیزبی لە وڵاتی دیموکراسییە پەرلەمانییەکان بریتین لەو گیانەی کە ناکرێ هانی بدرێ))[1].

کەمینەیەکی دیاریکراو زاڵدەبن بەسەر حیزبەکان، بەتایبەت ئەگەر ژمارەی ئەندامانی حیزب زۆر بێ، بەشێوەیەك کە چاودێری بەسەر سەرکردایەتی حیزب شێوەیی و وێنەیی دەبێ، ((شتەکە کۆتایی دێت بەوەی تەنها بە کورتی ئاگاداری هەبێ دەربارەی زانیارییەکانی پەیوەست بە کارەکانی حیزب... ئا بەم شێوەیە سەرۆکی حیزب ڕادێت لەسەر چارەسەرکردنی زۆر پرس و دۆزی گرنگ بێ ئەوەی بیخاتەڕوو بۆ ئەو کەسانەی ئەندامی حیزبن))[2].

بەمەش حیزبە سیاسییەکان گوزارشت لە خواستی خۆیان ناکەن چ جای گوزارشت لە ویستی گەل بکەن. کەسە دیموکراسییەکان پێیان وایە سیستەمی حیزبی فرە ڕاو بۆچوونی دەخوازێ کە سەردەکێشێ بۆ باشترین ڕاو بۆچوون، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ململانێی حیزبی ململانێیەك نییە ئامانجی گەیشتن بێ بە دەرەنجامێکی بابەتیانە بێ ڕەچاوکردنی کەسەکان، بەڵکو کوتلەبازی و حیزبایەتی لەتکەری گەل دەخوازێت، ئەمەش ڕق و کینە و تورەیی لە ناو گەلدا دەچێنێت، وا دەکات کۆبوونەوە لە دەوری تاکەکان بێتە کایە بێ ڕەچاوکردنی

(1) وەرگیراوە لە: أزمة الأنظمة الديمقراطية ٢٠.
(2) أزمة الأنظمة الديمقراطية ٢١.

باشترین، لەبەر ئەمە ململانێ پەرتەواوزەیی دروست دەکات، ((هارۆڵد لاسکی)) دەڵێت: ((سیستەمی کۆمەڵە حەزی بە کۆکردنەوەی دەسەڵاتە زیاتر لە دەوری کەسەکان نەك بنەماکان))[١].

حیزبەکان سوورن لەسەر ئەوەی بەرنامەیان هەبێ، بەڵام زۆر بەکەمی بەوەفا دەبن سەبارەت بە بنەما و بەرنامەکانیان، ((گارنەر)) دەڵێت: ((بەڕاستی دوو حیزبە گەورەکەی ئەمریکا بەردەوام نەبوون لە پابەند بوون و دەستگرتن بە بنەما و بەرنامەکانیان چ لە ڕووی تیۆرییەوە یان لە ڕووی کردارییەوە))[٢].

کاتێك فرە حیزبی زۆر دەبێ، ئەوا نەریت وایە سەخت دەبێ حیزبێك زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێت، دواتر پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی پێویست دەبێت، ئەم جۆرە حکومەتانە لەگەڵ ئەو ئاڵۆزی و دابەشکردنەی دەسەڵات وەك لایەنی جیاواز و لەیەك دووریان تێدایە، بەهەمان شێوە ناجێگیری وەزاریش لە خۆی دەگرێ، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ نەبوونی گیانی بەردەوامی لە ژیانی سیاسیدا، چونکە وەزارەت کاتی تەواوی بەدەست نابێ بۆ گرنگی دان بەو پرسانەی پێویستن ئەنجام بدرێن چ جای تێدا سەرکەوتنی، ئەمەش وادەکات وەزارت هەست بە بەرپرسیارێتی نەکات، دواتر سەردەکێشێت بۆ گرنگی نەدان بە بەرژەوەندییە باڵاکان.

---

١) مدخل إلى علم السياسة ٨٥.

٢) وەرگیراوە لە: أزمة الأنظمة الديمقراطية ٤٤.

مارلیۆ دەڵێت: ((نا جێگیری بریتییە لە نەخۆشی کوشندەی سیستەمی پەرلەمانی بەتایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا))[1].

## ٢ _ سیستەمی هەڵبژاردن:

قەیرانی دیموکراسییەت دەردەکەوێت لە هەڵبژاردندا لە لایەنی ئەوەی دەنگدەر لە یەك ئاستدا نین لە زانست و بەرچاوڕۆشنیدا، یەکسانی لە نێوان دەنگی زانا و نەزان و دانا و گێل یەکسانییەکە لە جێگەی خۆیدا نییە، هەر بۆیە دەنگدەران دەکرێ هەڵبخەڵەتێنرێن، چەندین شێوازی ساختەکردن و فێڵ و بەرتیل هەیە کە حیزبەکان پەنای بۆ دەبەن بۆ کڕینی دەنگی دەنگدەران.

ئەمە زاڵ دەبێت بەسەر تایبەتمەندی تاکەکەسی و لێهاتوویی و تواناکان، یەکسانی لە نێوان تاکەکان لە هەڵبژاردندا پێچەوانەی سروشت و عەقڵە کە جیاوازی دەکات لە نێوان زانا و نەزان و پسپۆڕ و نا پسپۆڕ.

ئەگەر هەڵبژاردن بریتی بێ لەو پرۆسەیەی کە دەنگدەر پاڵێوراوێك بۆ خۆی دیاری بکات تا نوێنەرایەتی ئەو بکات لە پەرلەمان، ئەمە کۆك نییە لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردنەکەی لە کاروبارە تایبەتەکانی، چونکە نەزانی دەنگدەر و کەمی دەسەڵاتەکانی وا دەکات هەڵبژاردنەکەی کۆك نەبێ لەگەڵ بەرژەوەندیدا.

هەڵبژاردن پێویستی بە هۆشیاری و ڕۆشنبیری و توانا هەیە لەسەر جیاکاری کردن لە نێوان ڕاست و دروست و هەڵە و ساختە، ئەمە لەلای دەنگدەران بوونی نییە، ڕاگەیاندن ئەم ئامانجە دەستەبەر ناکات، چونکە موڵکی لایەنێکە و ئەو

---

[1]) وەرگیراوە لە: أزمة الأنظمة الديمقراطية ٤٨.

لایەنەش بۆ مەبەستە تایبەتەکانی بەکاریدەهێنێت، هەر بۆیە درۆ و هەڵخەڵەتاندن بەکاردەهێنرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەت.

هەڵبژاردن پرۆسەیەك نییە کە دەبێ هەر سەر بکێشێ بۆ هەڵبژاردنی کەسانی شیاو، بەڵکو دەکرێ هەڵخەڵەتاندن و فێڵ و تەڵەکەی تێدا بەکار بهێنرێ.

لاسکی لەبارەی هەڵخەڵەتاندن و فێڵ و درۆو دەلەسە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەڵێت: ((یەکێك لەو شتانەی کە لای هەموومان زانراوە ئەوەیە کە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکا گوزارشتە لە چوار مانگی گەندەڵ))[١].

هەروەها دەڵێت: ((زۆربەی هەرە زۆری دەنگدەران گرنگی نادەن یان نەشارەزان سەبارەت بە ڕەو ڕەوەی کاروباری سیاسەت، بەشێوەیەکی شایستە پەروەردە نەکراون تا لە ئاست ئەوە بن بەم کارە سیاسییە هەڵبستن))[٢].

## ٤ _ لێنەهاتووی و کارامە نەبوونی پەرلەمان:

پەرلەمان بریتییە لە دەرەنجامی هەڵبژاردن، کە پشت بە فرەیی دەبەستێت، حیزبەکان دروست بوون بۆ کێشکردنی دەنگدەران و دانانی بەرنامە بۆ ڕازی کردنیان، ئەمانە بەرنامەی وان کە بیروباوەڕی سیاسی لە خۆ دەگرن کە بیرمەند و نووسەری دیاریکراویان هەن. پێشتر شوێنەوارە نەرێنییەکانی حیزبە سیاسییەکان ڕوون کرایەوە، ئەوەش خرایەڕوو کە حیزبی سیاسی گوزارشت لە بۆچوونی تەواوی ئەندامانی ناکات، چ جای ئەوەی گوزارشت لە خواستی گەل

(١) وەرگیراوە لە: أزمة الأنظمة الديمقراطية ٧٧.
(٢) أزمة الأنظمة الديمقراطية ٨٠.

بکات، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هەڵبژاردن سیستەمێکی نەزۆکە لە گەیشتن بە کەسانی لێهاتوو، هەر بۆیە نامۆ نییە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکەی لاواز بێت، هەر بۆیە کەسێك دیاری دەکرێت کە شیاوی ئەوە نییە کار بکات لە هەر شوێنێك لە شوێنەکانی کارکردنی فەرمی وەك چۆن ((بارسلی)) وا دەڵێت[1].

حکومەتی جێبەجێکاری لە سیستەمی پەرلەمانیدا لە پەرلەمانەوە دیاری دەکرێ، بەهەمان شێوە هەمان ئەو خاڵە نەرێنیانە وەردەگرێ کە لە پەرلەمانەوە هەن، بەڵام لە سیستەمی کۆماریدا حکومەت وەك پەرلەمان دەبێ کە ڕاستەوخۆ دەنگدان لەسەر ئەندامانی دەکرێ.

ئەمەش وا دەکات پسپۆری کەم ببێتەوە لەو وەزاراتانەی پشت بە پاڵێوراوان دەبەستن، ئەمەش شوێنەواری خراپی هەن لەسەر کارگێڕی وەزارەتەکان و گەیشتن بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی تاك. لەلایەکی ترەوە پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل ناکات، ئەو یاسایەش کە لەوێ دەردەچێ گوزارشت لەگەل ناکات، _ لە ڕاستیدا _ پەرلەمان تەنها گوزارشت لە کەمینەیەکی هەڵبژێردراو دەکات، ئەمەش کاتێك کە ژمارەی ئەوانەی بەشدارنەبوون لە دەنگدان و دەنگە شکستخواردووەکان و ژمارەی ئەوانەی مەرجی بەشداری هەڵبژاردنیان تێدا نییە لابدەین، سەبارەت بە پرسیارەکان ئەوا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەردەچێ و ڕوونیشمان کردەوە کە گوزارشت لە هەموو گەل ناکات[2].

---

(١) وەرگیراوە لە: أزمة الأنظمة الديمقراطية ٨٣.

(٢) أزمة الأنظمة الديمقراطية.

### ٥_ چینی دەوڵەمەندی زاڵبوو (تاکڕەوی: دیکتاتۆری):

دیموکراسییەت وەردەچەرخێ بەرەو تاکڕەوی لە ڕێگەی سەرمایەدارانەوە، ئەوانەی هێزی ماددیان بە دەستە، سیاسەتیش بەکاردێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

ئەمەش لە دیارترین نەنگی و کەم و کورتییەکانی دیموکراسییەتی لیبڕالییە، چونکە دەسەڵات و هێزی سەرمایەداران لەسەر ڕەو ڕەوەی هەڵبژاردن نوێنەرانی دەوڵەت و دەسەڵاتداران ناچار دەکات بە پلە یەك ڕەچاوی حەزو ئارەزووی سەرمایەداران بکەن[1].

لاسکی دەڵێت: ((ئەو ئازادی و یەکسانیە کە بەدەستمان هێناوە ئەوا سەرەتا و پێش هەموو شتێك ئازادی و یەکسانی خاوەن سەرمایە بووە))[2].

هەر حیزب و پاڵێوراوێك پێویستی بە پارەدارکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی و هێزی ڕاگەیاندنە کە خەڵکی پێ ڕازی بکات، ئەمەش بە بەهێزترین ئامرازەکانی کارتێکردنن لەسەر پرۆسەی دیموکراسییەت، بێگومان هەر دەوڵەمەندەکان خاوەنی ئەمەن.

### ٦_ ساختەکردنی ڕای گشتی:

پرۆسەی دیموکراسییەت تا ئەندازەیەکی زۆر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، ئەم ئامرازانەش توانایان هەیە لەسەر پێکهێنانی ڕایەکی گشتی

---

(١) بڕوانە: مدخل إلى علم السياسة ٥٠.

(٢) هەمان سەرچاوە ٦٤.

**دیارکراو لە میانەی ئەوەی بۆ خەڵکی پەخش دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندان خاوەنی ئەم ئامرازانەن، ئەوا ئەمە فرسەتی کاریگەری دروستکردنی بۆ ئەوان فەراهەم کردووە لەسەر پرۆسەی سیاسی و ملکەچ بوونی نوێنەران بۆیان.**

**دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت دەبەستن بە دابینکردنی دیموکراسییەت بۆ ئازادی ڕادەربڕین و لادانی کۆسپە یاساییەکانی بەردەم قسە و نووسین، بەڵام _ بەهۆی سەرمایەوە _ ئازادی لەلایەن دەستەیەکی دیاریکراوەوە قۆرغ دەکرێ، هەزاران توانایان نییە لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم ئازادییە بە کرداری، سەرباری ئەوەی یاسا ڕێگەیان پێدەدات.**

**بەمەش کەمینەیەك لە سەرمایەداران دەتوانن عەقڵی خەڵك ڕێکبخەن و مێشکیان بشۆنەوە، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی ئەو توێژینەوانەی کە زانستی دەروونزانی و پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن بەیەکەوە دەبەستنەوە.**

**ئەم کێشەیە _ وەك چۆن ((میشێل ستیوارت)) دەڵێت _: ((پڕ مەترسیترین کێشەیە، چونکە لە پاشماوەکانی پێشوو نییە، بەڵکو بریتییە لە هێزی ((بلۆتۆقراتیەت))ی[١] نوێ کە ئێستا دەرکەوتووە))[٢].**

**لاسکی دەڵێت : ((زۆربەی تاکەکان پشت بە ڕۆژنامەکان دەبەستن لە وەرگرتنی زانیارییەکاندا، ئەم ڕۆژنامانەش بۆ مانەوەی خۆیان پشت بەو**

---

**(١) بلۆتۆقراتیەت، بریتییە لە: زاڵبوونی سەرمایە.**

**(٢) نظم الحكم الحديثة ٣٣٣.**

پڕوپاگەندانە دەبەستن کە دەستیان دەکەوێ، هەروەك چۆن دەرکردنی ڕۆژنامە بەهاکەی قورسە کە تەنها دەوڵەمەندەکان دەتوانن دایبمەزرێنن))[١].

((لەبەر ئەوەی ڕۆژنامە پشت دەبەستێت بە ڕاگەیەندراو ئەوا هەردەم لەسەریەتی ئەو هەواڵ و سەرنجانە بڵاو بکاتەوە کە سەرمایەداران ڕازی بکەن. لە دەرەنجامدا لایەنگیریەکی ڕاشکاو دەبێ لە بوونی هەواڵی ڕووداوە ڕاستەکان کە چینی دەوڵەمەند دەشڵەژێنێ یان سەغڵەتی دەکات))[٢].

تەلەفزیۆن کاریگەری لە ڕۆژنامەکان زیاترە، بەهەمان شێوە ئەویش پشت بە پڕوپاگەندەکان دەبەستێت، ئەمڕۆ کەناڵەکان موڵکی چینێکی دیارکراون و ئەو چینە عەقڵ و حەزی خەڵك دادەڕێژن، هەمان شت سەبارەت بە ((تۆڕەکانی ڕاگەیاندن)) کە هەواڵی وا دروست دەکات کە کاریگەری بەهێزی دەبێ لە پێکهێنانی ڕای گشتی و توانای ساختەکردنی ڕای گشتی بۆ بەرژەوەندی دەستەیەکی دیارکراو. لەم ساتەدا ئەمریکا زاڵە بەسەر زیاتر لە ٩٠٪ تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و دروستکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان، هەر لەویشەوە هەموو سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا شتی لێ دەگوازنەوە. بەمە ڕوون دەبێتەوە کە هاوڵاتی ئاسایی هیچ کاریگەرییەکی نییە لە سیستەمی دیموکراسییەتدا، تەنها دامەزراوە زەبەلاحەکان و دەستە و پێڕەکانی فشارو حیزبە سیاسییەکان کاریگەریان دەبێ، بەمەش دەنگەکەی بەفیڕۆچووەو کەوتۆتە ژێر فشاری ئەو ڕاگەیاندنەی ڕاستییەکانی ساختە کردووە.

---

(١) مدخل إلى علم السياسة ١٠٩.

(٢) هەمان سەرچاوە ١١٠.

## ٧_ کەمی ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردن:

ئەمەش ئەو بانگەشەیەی دیموکراسییەت ڕەتدەکاتەوە کە دیموکراسییەت بریتییە لە ((حوکمی گەل))، بەشداربوون لە پڕۆسەی دیموکراسییەتدا لاوازە لە بەردەم بانگەشەی ((حوکمی گەل))دا، هەندێك دەوڵەت هەندێك مەرجی دیاریکراو دادەنێن بۆ دەنگدەران بەمەش ڕێگە دەگرێ لە زۆرێك لە گەل لە بەشداربوون لە پڕۆسەی دەنگدان، وەك: ڕێگەگرتن لە ئافرەتان یان ڕەش پێستەکان یاخود دەستەیەکی دیاریکرلو، ئەمەش وا دەکات کەم بوونەوەی ڕێژەی بەشداربووان شتێکی تێبینی کراو بێ.

ئەگەر ئەوانەش زیاد بکەین کە بیرۆکەی هەڵبژاردن ڕەت دەکەنەوە یان گرنگی پێ نادەن، ئەوا دەبینین براوە کەمینەیەکی دیاریکراون کە ناکرێ گوزارشت و نوێنەرایەتی زۆرینە بکەن بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی گەل کە ملکەچی ئەو یاسایەیە کە لەلایەن کەمینەی براوە دانراوە.

جا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێژەی دەنگدەران لە ٦٦٪ تێپەڕی نەکرد لەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی دەنگدان، هەندێك کات لە ٥٥٪ کەمتر بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ز ڕێژەی بەشدار بووان تەنها ٦٠,٥٪ بوو[1].

ئەمەش گەندەڵی بیرۆکەی بردنەوەی زۆرینە لە دیموکراسییەتدا دەسەلمێنێت، براوەکان کەمینەن لە بەرامبەر بەرهەڵستکارو شکستخواردوو و ئەوانەی پڕۆسەکەیان پشتگوێ خستووەو ئەوانەش بە مەرجی ڕەگەزپەرستی لێی بێ بەشکراون.

---

[1]) بڕوانە: نظام الحكم والسياسة في الولايات المتحدة ١١٩، والعلمانية ٣٤٨.

## ٨_ پەیوەست نەبوونی ئازادی و دیموکراسی بەیەکەوە:

بە جێبەجێکردنی دیموکراسییەت بوونی ئازادی بۆ گەل پێویست نابێ، کەسانی نامۆو بیانی و منداڵەکان و ئەوانەش مافی دەنگدانیان نییە بەشدار نابن لە پرۆسەی دیموکراسییەتدا، گریمانەکردنی بوونی پەیوەست بوون لە نێوان ئازادی و دیموکراسییەت ئەوە دەخوازێ کە ناوبراوان ئازادیان نەبێ.

وەك چۆن دیموکراسییەتی ئەسینا نە نووسرابووەوە، هەر بۆیە بڕیاری لە سێدارەدران بەسەر سۆقڕاتدا درا بە پاساوی تێکدانی مێشکی گەنجان و لاوان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دیموکراسییەتی ئەسینا ئازادی ڕادەبڕین بە دروست دانانێ.

لەلایەکی ترەوە تاك ئەرکە سیاسییەکەی کۆتایی پێ دێت بە هەڵبژاردنی حوکمڕان؛ لەوانەیە حوکمڕان کار بکات بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی وڵاتەکەی وەك ماستاوکردن بۆ دەستەیەکی دیاریکراو، وەك: هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناو چەندین جەنگی جیا جیاوە بۆ دەستخستنی داهات بۆ کۆمپانیاکانی چەك بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم جەنگانە چەندە بەرژەوەندی نیشتمانی ئەمریکی دەستەبەر دەکەن، هەمان شت هەیە دەربارەی پەیوەندییە ستراتیژییەکەی لەگەڵ ئیسرائیل کە وایلێدەکات یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بشکێنێت. دوڕاندنی پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر کاریگەری دەبێ لەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی ئەمریکی، بەمەش سەرکردە ئەمریکییەکان ناچار دەبن بۆ فەراهەم کردنی پەردەیەکی نا ڕاسەقینە بۆ ڕازیکردنی گەلی ئەمریکی، سەرباری ئەوەی دەزانن ئەمە فێڵە و بۆ بەرژەوەندی دەستەیەکی

دیاریکراوە کە بەردەوامی مسۆگەر دەکات لە مانەوە بۆ ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی.

ئەوەی بەڵگەیە لەسەر پەیوەست نەبوونی ئازادی و دیموکراسییەت بەیەکەوە بریتییە لە: نەدانی مافی کەمینەکان لە ئەنجومەنی ڕاوێژدا، بۆ نموونە: لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا موسڵمان یان ڕەشپێست یان ئیسپانی بوونیان نییە، هەروەها: داننانێن بە ڕێسای فرەژنی لەگەڵ ئەوەی موسڵمانەکان و مۆڕمەنەکان باوەڕیان پێ هەیە[1].

## ٩ _ دەستە و کۆمەڵەی فشارو بەرژەوەندیخواز:

دەستە و پێڕەکانی فشارو بەرژەوەندیخوازەکان هەڵدەستن بە دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر تاك لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، چەمکی ((هێزە فشارکارەکان)) وەرگیراوە لە فەرهەنگی سیاسی لە دەوڵەتە ئەنگلۆسکسۆنیەت بۆ گوزارشت کردن لە دەستە و کۆمەڵە هەماهەنگەکان کە فشار بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

سیستەمی دیموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکات کە بوونی ئەم دەستە و کۆمەڵانە پەیوەستە بە تیۆری دیموکراسییەتەوە وەك چاودێرێك بەسەر بڕیارەکانی دەوڵەتەوە، بەڵام ڕوویێکی تری هەیە کە دژی ئازادی و لیبڕالییەتە. ئەم دەستە و کۆمەڵانە وا لە تاك دەکەن پیادەی مافە سیاسییەکانی بکات بە پێی ڕێسای کۆمەڵی کە لەوانەیە کۆك نەبێ لەگەڵ تاکایەتییە تایبەتەکەی، هەروەك

---

[1] بە تێروتەسەلی بڕوانە: إعاقة الديمقراطية _ نعوم تشومسكي _ (بە تەواوی).

چۆن ئەو ڕەخنەیەش دەگرێتەوە کە پێشتر ئاڕاستەی حیزبە سیاسییەکان کرابووەوە.

ئەم کۆمەڵانە مافی کارکردن بە ناوی هاوڵاتیان بە خۆیان دەدەن، ڕاستەوخۆ ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتدا دەکەن بێ ئاگاداری تاکەکان، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ دیموکراسییەت.

لەوانەیە بەهێزترین خاڵی نەرێنی ئەم کۆمەڵانە بریتی بێ لەوەی دەستدرێژی دەکەنە سەر دادگەری و سیستەمی حوکمڕان لەو حاڵەتەی پابەند دەبێ بە بەرژەوەندی گشتییەوە، هەروەك بڕیارەکان دەلەقێنێ و هاوسەنگی سیستەمەکە ناهێڵێ بە گرتنبەری ڕێ و شوێنی بە پەلە و یەکلا کەرەوە لە ژێر فشار کە لەوانەیە باشتر نەبێ یان توێژینەوەی لەسەر نەکرابێ[1].

---

[1]) بڕوانە: الديمقراطية ما لها وما عليها ٤١٥.

## دەروازەی دووەم

# لیبڕالییەتی ئابووری

پێشتر ڕوونمان کردەوە ((لیبڕالییەت)) لە هەڵکشان و برۆکەکانیدا پەیوەست بوو بە چینی ناوەند ((بۆرژوازیەت))ەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لایەنی ئابووری ڕەسەنترە لە لایەنی سیاسی لە ڕێبازی لیبڕالییدا. پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە ((جۆن لوك)) خاوەنداریێتی تایبەتی بە یەکێك لە گرنگترین مافە سەرەکییەکانی تاکی دانا، هەر بۆیە مافی خۆپاڵاوتنی بە خاوەندارەکاندا، جگەلەوانی بێ بەشکرد لەم مافە، جا ململانێی هزری لە نێوان لیبڕالییەکان و دەرەبەگایەتی خۆی دەبینیەوە لە ((ئازادی کارکردن))، هەمان ئەم ململانێیە کە لە نێوان سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو و دەربەگایەتیدا هەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ((لیبڕالییەت)) هزرو ئایدۆلۆژیای سەرمایەدارییە.

لیبڕالییەت بۆچوونی زۆر جیاوازی هەبوو لەبارەی ئازادی ئابووری و پەیوەندی دەوڵەت پێیەوە، ڕووداوە سیاسییە جیهانیەکان کاریگەرییەکی ئاشکرایان هەبوو لەسەر ئەم ڕاو بۆچوونانە، بەتایبەت هەر دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم.

ئەو ڕاو بۆچوونانە دەخەمەڕوو لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

## یەکەم: ڕێبازی سروشتی کلاسیکی:

هزرێکی نوێ زاڵبوو بەسەر سەدەی هەژدەمدا کە بە سەدەی ڕۆشنگەری ناسرابوو، ئەو هزرە پێی وایە ژیانی مرۆیی بنیاتنراوە لەسەر یاسای سروشتی، ئەو یاسایە بنچینەیە لە بەڕێوبردن و جوڵاندنی. تێکڕای سیستەم و یاساکان بەم یاسایەوە بەستراونەوە، جا _ وەك پێشتر خرایەڕوو _ دیموکراسییەت بنیاتنراوە لەسەر مافی سروشتی تاکەکان، سەرمایەداریش _ وەك دەخرێتەڕوو _ بەهەمان شێوە لەسەر ئەم یاسایە بنیاتنراوە.

یاسای سروشتی گوزارشتە لە کۆمەڵێك یاسا کە هەماهەنگی و یەکگرتوویی دەستەبەر دەکات لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەدا[1]. ئەم سیستەمە پەیوەست نییە بە خواستی مرۆڤەوە، بەڵکو شتێکی گەردوونی گشتییە و مرۆڤ و هیچ بەدیهێنراوێکی تر دەستیان تێدا نییە.

دەکرێ بە ڕێگەی جیاواز ئەم یاسایە بناسرێ، هەموو ئەو ڕێگانەش دەگەڕێنەوە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خودی خۆی و سروشتەکە تا یاساکانی سروشت بدۆزێتەوە، جا بەمە سیستەمی سروشتی گشتگیر بۆ جیهان بدۆزێتەوە بێ گۆڕانکاری، جا سەرچاوەی ناسینی ئەم یاسایانە عەقڵ و ژ یرییە. تەنها ناسینی بەس نییە، بەڵکو دەبێ حوکمەکانی پیادە بکرێن و شوێن پێی یاساکانی هەڵبگیرێ.

---

[1]) بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ٤٣.

ئەم یاسا یان سیستەمە جڵەوی چالاکی ئابووری تاك بەدەستەوە دەگرێ، یەكێك لە بنەماكانی ئەوەیە كە (كینیای) دەڵێت: ((بەدەستخستنی زۆرترین زیادەی شیاو لە چێژ بینیندا بە گەورەترین ڕێژەی كەم بوونی خەرجییەكان، ئا ئەمە كامڵ بوونە لە ڕەوشتی ئابووریدا))[١]، ئەمەش بۆ نەبوونی بەهای مەعنەوی دەگەڕێتەوە، چونكە یاسای سروشتی تەواو مادديە.

مارسییە دی لارفییر جەخت لەسەر ماددی بوونی یاسای سروشتی و تاكایەتییە خۆویستە ئاشكراكەی دەكاتەوە بەم وتەیەی: ((یەكێك لە شتە سەرەكییەكانی بەرنامەی سروشتی ئەوەیە كە بەرژەوەندی تایبەتی هەر تاكێك نابێ بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی گشتی هەمووان جیا ببێتەوە. ئەمە لە سایەی ئازادیدا ڕوودەدات. لەم بارو حاڵەتەدا جیهان لە خۆیەوە دەچێتە ڕێ، ئارەزووی تاكایەتی دابین دەكات لە چێژ وەرگرتن بۆ هەمووان وەك جوڵە و ڕەوتێكی پاڵنراو بەرەو ئاراستەی دابین كردنی باشترین حاڵەتی شیاو))[٢].

ئەم یاسایە بریتییە لە بناغەی هزری ڕێبازی كلاسیكی لە ئابووریدا، بیرۆكە بنەڕەتییەكەی ئەم ڕێبازە كورت دەبێتەوە لەوەی یاسای سروشتی حوكم دەكات بەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان وەك چۆن حوكم دەكات بەسەر هەموو لایەنەكانی تری مرۆیی، ئەم یاسایە دەستەبەری گەیشتن دەكات بە باشترین دەرەنجامی ئابووری ئەگەر ڕێگەی پێدرا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ بە ئازادی _ وەك چۆن لارفییر ئاماژەی كرد _ دواتر لەسەر دەوڵەت پێویستە ڕێگە بەخۆی نەدات دەستوەربداتە ناو ژیانی ئابووری تا كاری ئەم یاسایە پەكنەخات.

---

(١) وەرگیراوە لە:الرأسمالية الناشئة ١٢٣.

(٢) الرأسمالية الناشئة ١٢٣ _ ١٢٤.

**یەکێك لە بنچینەکانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە بە یاسای (سای) ناسراوە واتە: (یاسای بازارەکان) کە دراوەتە پاڵ ئابووری فەڕەنسی ((جان باتست سای)) ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە: خستنەڕوو خواستی یەکسان بە خستنەڕوو دێنێتە بەرهەم، خستنەڕووی کەل و پەل واتە دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنان بە هەمان بەها و نرخ، ئەم داهاتانە دەگۆڕێن بۆ خواست لەسەر بەرهەم، دواتر ئەندێشە ناکرێت خستنەڕوو زیاتر بێ لە خواست، ئەگەر کەم و کورتییەك ڕوویدا ئەوا لاوەکی دەبێ لە خودی کەل و پەلەکەدا، بەڵام ناکرێ کەم و کورتییەکە گشتی و هەمەلایەن بێ، بێ بوونی زیادەیەکی ڕەها لە خستنەڕوودا[1].**

**ئەم یاسایە وای لە سەرمایەداران کرد هانبدرێن بۆ بەرهەم هێنان و هانی دەوڵەتانیشی دا بۆ بە بنەماکردنی ئازادی بازرگانی، لادانی کۆت و بەندەکان لەسەر سەرمایەکان و ڕێکخستنی بازار.**

**ئەم یاسایە هەر بە گەورەیی مایەوە لەلای سەرمایەداران تا ڕوودانی قەیرانی ((بێ بازاری مەزن)) لە سییەکانی سەدەی بیستەم، کە ئەم یاسایەی سەراو ژێر کرد، دواتر هەموار کردنەکانی (کینزی) هاتن کە دژی ئەم یاسایە بوون و جەختی دەکردەوە لەسەر خواستی گشتی و دەستێوەردانی دەوڵەت وەك چۆن دەخرێتەڕوو.**

**فەراهەم کردنی هاوسەنگی ئابووری لای کلاسیك لە دوای یاسای ((سای)) دەبێ کە بە ((بەگەڕخستنی تەواو)) ناودەبرێ، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ زاڵبوون بەسەر بێکاریدا، بەگەڕخستنی تەواویش بە هەڵگرتنی کۆت و بەندەکان دەبێ**

---

**(1) بڕوانە: دلیل الفکر الإقتصادي ٧٤، ١٣٧.**

**لەسەر بازار، لابردنی کۆت و بەندەکان هاوسەنگی دابین دەکەن، هێزی خۆکاری بازار توانای زاڵبوونی هەیە بەسەر بێکاریدا[١].**

**وایلێهات دەربرینە ناودارەکە بووە دروشمی ئەم ڕێبازە کە بریتییە لە: ((لێیگەڕێ با کار بکات، لێیگەڕێ با بڕوات)) یان ((لێیگەڕێ با شتەکان بە ڕێڕەوی خۆیاندا بڕۆن))، هەروەها ناوی ((ئابووری بازار))یشی وەرگرت، بۆ ئەوەی ئەم ڕێبازە پشت ببەستێت بە هێزی خۆکاری بازار لە داهێنانی هاوسەنگی ئابووری.**

**بە ڕاستی زۆر نامۆیە یەکێك لە کەسە ئابوورییەکانی عەرەب ببینین کە ئەویش (د. حازم بیلاوی)یە ئەوە ڕەت بکاتەوە کە دروشمی ((لێیگەڕێ با کار بکات، لێیگەڕێ با بڕوات)) لە ڕێنماییەکانی هزری لیبڕالی بێ، دواتر دەڵێت: ((هەردەم سیستەمە لیبڕالییەکان دانیان ناوە بە ڕۆڵی گرنگی دەوڵەت، بەڵام لەگەڵ پێویست بوونی ڕێزگرتنی تەواو لە ماف و ئازادی تاکەکان. ئەمەش شتێکە پێچەوانەی بنەمای دەستێوەردانی دەوڵەت نییە))[٢].**

**ڕەوت و شێوازی هزری لیبڕالی ئەمە ڕەت دەکاتەوە کە ((دەوڵەت بە پاسەوان)) دادەنێت، ئەمە ڕۆڵی ڕاستەقینە و چەمکی سەرەکی ڕۆڵی دەوڵەتە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەوڵەت متمانەپێکراو نییە، دەکرێ سەربکێشێ بۆ خۆسەپاندن و تاکڕەوی.**

**دکتۆر ڕەمزی زەکی پایەکانی ڕێبازی کلاسیکی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاریکردووە:**

---

**(١) بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١٣٨.**

**(٢) دور الدولة في الإقتصاد ١٧٥.**

**_ چەندین یاسای سروشتی هەمیشەیی هەن، حوکم دەکەن بەسەر ڕەوڕەوەی کاروباری سروشت و گەردوون و کۆمەڵگە.**

**_ ڕێکەوتن و هەماهەنگی لە نێوان بەرژەوەندی تایبەت و بەرژەوەندی گشتی دێتە ئاراوە ئەگەر چوارچێوەی ئازادی ئابووری ((لێیگەڕێ با کار بکات، لێیگەڕێ با بڕوات)) فەراهەم ببێ، لێرەدا دەستێکی شاراوە هەیە هەڵدەستێ بە فەراهەم کردنی ئەم ڕێکەوتن و هەماهەنگییە.**

**_ دەبێ حکومەت دەستوەرنەداتە ناو ژیانی ئابووری، ڕۆڵی کورت هەڵبهێنرێ لە فەراهەم کردنی ئەوەی ناودەبرێ بە بیرۆکەی ((دەوڵەت پاسەوانە)) لە میانەی هەڵسانی دەوڵەت بە فەراهەم کردنی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی.**

**_ ململانێی تەواو و ئەو نەرم و نیانیەی فەراهەم دێنێ لە گۆڕانی نرخ و کرێ ئەوا مسۆگەرکەری ئەوەیە کە هەر هەڵەیەك ڕاست بکاتەوە کە هاوسەنگی ئابووری دەستەبەر بکات.**

**_ خستنەڕوو خواستی یەکسان بەخۆی دێنێتە بوون (یاسای سای بۆ بازارەکان)، دواتر خواستی گشتی یەکسان بە خستنەڕووی هەمەکی، پاشان ئەندێشە ناکرێ قەیرانی زێدەڕەوی لە بەرهەمی گشتیدا ڕووبدات.**

**_ هەردەم هەل و فرسەتی بێ کۆتایی هەن بۆ بەرهەم هێنان، دواتر هاوسەنگی لە نێوان پاشەکەوت و بەرهەم هێنان شتێکی پێویست یان سروشتییە.**

_ نرخی سوو بریتییە لە پاداشتی پاشەکەوت کردن یان پاداشتی قوربانیدانە بە بەکارهێنانی هەنووکە، ئەمە دیاردەیەکی خودییە بە بەیەکگەیشتنی چەماوەی پاشەکەوت و چەماوەی بەرهەمهێنان دیاری دەکرێن.

_ دراو هیچ ڕۆڵێك ناگێڕێ لە ژیانی ئابووریدا جگەلەوەی ئامرازێکە بۆ گۆڕینەوەو ژمێرکاری، پۆشەرێکی ناسکە شتە ڕاستەقینەکانی پێ دادەپۆشرێن، ئەگەر چەندێتی دراو کەم یان زیادی کرد، ئەوا کاریگەرییەکەی تەنها کورت دەبێتەوە لە ئاستی گشتی نرخەکان و کار ناکاتە سەر نرخە ڕێژەییەکان، بەو ڕۆن (زەیت)ە دەچێت کە ڕەو ڕەوەی چالاکی ئابووری ئاسانتر دەکات بۆ خولانەوە.

_ بەرهەم هێنان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ملکەچی دژ یەك بوون و تێکگیرانی دەستکەوت دەبێتەوە.

_ کرێی کرێکاران یەکدەگرێ و جێگیر دەبێ بەپێ تێپەڕینی ماوەیەکی درێژ لە ئاست خەرجی بژێوی ژیانی، چونکە یاسایەکی ئاسنین هەیە کە حوکمی دەکات بەهۆی دەرەنجامی پەیوەندی ڕاستەوانەی نێوان ئاستی کرێ و زیادەی ڕەچەڵەك و خستنەڕووی کار، هەروەها بەهۆی ئەو پەیوەندیە ئەرێنیەی هەیە لە نێوان کەمی ئاستی کرێکان و دابەزینی ئاستی ڕەچەڵەك و کەم بوونی خستنەڕوو کار لە ماوەی دوورو درێژدا.

_ قازانج بریتییە لەو بەشەی بەرهەمی زەوی کە بە خاوەنەکە دەدرێ لە بەرامبەر بەکارهێنانی هێزە سروشتییە لەبن نەهاتووەکانی زەوی، ئەم قازانجە دیاری دەکرێ لە میانەی نرخی کەل و پەلە کشتوکاڵییەکان، قازانج ئەم نرخانە

دیار ناکات... بەڵکو قازانج بریتییە لە دەرەنجامی بەرزبوونەوەی نرخەکان نەك هۆکاری بەرزبوونەوەکە.

_ گەشەی ئابووری دەوەستێتە سەر ڕێژەی کەڵەکە بوون، ڕێژەی کەڵەکە بوونیش دەوەستێتە سەر ئاستی قازانجەکان، ئاستی قازانجەکانیش دەوەستێتە سەر ئاستی کرێیەکان، ئاستی کرێیەکانیش دەوەستێتە سەر ئاستی نرخی شتومەکی کشتوکاڵی خۆراکی، ئاستی نرخ کەل و پەلی کشتوکاڵی قەبارەی قازانج دیاری دەکات.

_ بازرگانی نێودەوڵەتی لە نێوان وڵاتاندا بەرپا دەبێ بەهۆی دیاردەی پلەبەندی ڕێژەیی خەرجییەکان، سەریش دەکێشێ بۆ زیاد بوونی پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لێ دەپشکوێتەوە بە دابەشکردنی ڕاستەوانەی کارو فراوان بوونی قەبارەی بازارو دراو و دراو گۆڕینەوە[1].

لە دیارترین بیرمەندەکانی ئەم ڕێبازە بریتین لە: ((ئادەم سمیس)) و ((ڕیکاردۆ)) و ((تۆماس مالتس))[2]، لەوەی دەخرێتەڕوو بە پوختی بۆچوونەکانی ئەوانە دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە.

---

(١) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧١٧، ١١/ أكتوبر/ ١٩٨٢ز، لا ٣٤ _ ٣٥.

(٢) تۆماس ڕۆبێرت مالتس: ئابووریناسێکی ئینگلیزی و جێگری سەرۆکی کەرتی سورییە، لە ساڵی ١٧٦٦ز لە دایك بووە، خاوەنی تیۆری سنووردارکردنی ڕەچەڵەکە کە لە ساڵی ١٧٩٨ز بڵاوکرایەوە کە تیایدا دەڵێت: (ئەگەر ڕەچەڵەك و وەچە سنووردار نەکرێ ئەوا زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووان تێدەپەڕێت لە سەرچاوەکانی بیمەی خۆراك و پێداویستییەکانی تر بۆ گەلان، جێگرەوەی ڕێکخستنی وەچە نانەوە بریتییە لە نەخۆشی و هەژاری و جەنگ)، ئەم تیۆرە لە کاتی خۆیدا هەراو هۆریایەکی

**١_ ئادەم سمیس (١٧٢٣ _ ١٧٩٠ز): ئابووریناسی ئیسکۆتلەندیە، بە سەرکردەی هزری ئابووری سەرمایەداری هاوچەرخ دادەنرێ، کتێبەکەیشی ((شۆڕشی گەلان)) بەناوبانگترین کتێبی تۆری ئابوورییە بە ڕەهایی.**

**سمیس پشتی بە ((یاسای سروشتی)) بەست لە بانگەشەکەیدا بۆ ئازادی ئابووری و پێویستی دوورکەوتنەوەی دەوڵەت لە ڕێکخستنی ئابووری، یاسای سروشتی دەستەبەرکەری ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوورییەکانە.**

**سمیس پێی وایە سەرمایەی ڕاستەقینە بریتییە لە بەرهەم، سەرچاوەکەشی کارە، جا دەڵێت: ((کاری ساڵانە کە هەر گەلێك لە گەلان پێی هەڵسابێ ئەوا ئەو سەرچاوەیە کە هەموو ئەو بەرهەمانەی لێ هەڵدەقوڵێن کە ئەم گەلە ساڵانە بەکاری دێنێت، جا ئەم بەرهەمان یان دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم کارەن، یاخود کڕدراون لە گەلانی تر لە بەرامبەر هەندێك لەو بەرهەمانی ئەم کارە ساڵانەییە بەرهەمی هێناوە))[1].**

**هەر کاتێك وزەی کار زیاد بوو سەرمایەی گەلان زیاد دەبێ، دەستەبەربوونی ئەم زیاد بوونەش لە میانەی پسپۆری و دابەشکردنی کارو بەکارهێنانی ئامێرەکان دەبێ لە بەرهەم هێناندا. کار لەلای سمس بە بەرژەوەندی کەسی (تاکایەتی) بەستراوەتەوە بەوپێیەی پاڵنەری سەرەکییە بۆ چاڵاکی ئابووری بە هەموو وێنەیەکەوە، هەروەها بناغەی گەشەی ئابووری تاك و کۆمەڵەیە بە یەکسانی بەو**

---

**گەورەی نایەوە، ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توند بووەوە، ساڵی ١٨٣٤ز مرد. ألف شخصیة عظیمة ٢٦٣.**

**[1]) وەرگیراوە لە: الرأسمالیة الناشئة ١٢٦، و تراث الإنسانیة _ ثروة الأمم _ ١/ ٥٨.**

مەرجەی لە سایەی ئازادی ئابووریدا بێ، بێ بوونی کۆت و بەندی دەستێوەردان و ڕێکخستن.

سمیس لەم بارەوە دەڵێت: ((هەوڵ و تەقەڵای سروشتی کە هەر تاکێك بۆ باش کردنی حاڵەتەکەی خەرجی دەکات کاتێك لە ئازادی و ئاسایشدا هەنگاو دەنێ بۆ گەیشتن بە ئاستێك لە بەهێز بوون کە بە بێ یارمەتی کەس و بە تەنها شایستەی بکات نەك بۆ ئەوەی کۆمەڵ ببات بەرەو پایەکانی سەروەت و خۆشگوزەرانی و بەس، بەڵکو بۆ ئاستێك کە وایلێ بکات بتوانێت سەدان کۆسپ تێبپەڕێنێت وەك ئەنجامدانی ئەوەی شتی یاسا مرۆڤایەتییەکانی لێ دەپشکوێتەوە لەو حاڵەتانەی سنووری ئەوە تێبپەڕێنێ کە دەکرێ ئەندێشە بکرێ))[1].

سمیس تیۆرە سەرمایەدارییەکەی تۆکمە کرد بە ئەنجامدانی سازان لە نێوان بەرژەوەندی تایبەت _ کە بنچینەی کارە _ و سەروەت و گەشە و بەرژەوەندی کۆمەڵ لەسەر بنیاتێکی فەلسەفی کە بریتییە لە یاسای سروشت کە سەردەمی ڕۆشنگەری پێ جیابووەتەوە، لە میانەی ئەمەشدا خۆی دزیوەتەوە لە داننان بە پەرستراویێتی خوا بەرەو ماددەگەرایی تەواو کە هزری ئەورووپی هاوچەرخی لەسەر بنیات نا.

ئەمەش لە میانەی ((دەستی شاراوە))دا ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندییە ئابوورییەکان ڕێکدەخات بێ هەوڵ و تەقەڵای مرۆڤ یان خواستی مرۆڤایەتی، ئەم ((دەستی شاراوەیە)) سەرکێشی بەرژەوەندییە کەسییەکان دەکات و خواستە کەسییە دژییەکەکان ڕێکدەخات بۆ بەرپاکردنی بەرژەوەندی گشتی.

---

[1]) تراث الإنسانية _ تراث الأمم ١/٥٦.

یاسای سروشتی لەلای سمیس سیستەمێکە پشت دەبەستێت بە هاکەزایی و خۆکاری، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ئەو کارانەی بەرهەم هاتوون لە دەرەنجامی پاڵنەری خۆویستی مرۆیی، کە تەنها لەسەر بەرژەوەندی تایبەت هاندەدات، سەردەکێشێ بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ هیچ دەستێوەردانێکی مرۆیی[1].

بەم پێیە سمیس جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی ئابووری ڕەها، دەستێوەردانی دەوڵەت بە فراوانکردنی چوارچێوەی بازار و ئازادکردنی بازرگانی و پیشەسازی دەبێ، پێویستە لەسەر دەوڵەت هاریکارییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەت بکاتەوە، ئازادی تەواو بۆ کارو سەرمایە دابین بکات، چونکە لەم حاڵەتە سەرمایە بەشێوەیەکی خۆکاری دەچێ بەرەو بەرپاکردنی بەرژەوەندی خودی، هەروەها سەردەکێشێ بەرەو زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی گشتی[2].

سوودمەندی مەزن لە بیرۆکەی دەستی شاراوەو یاسای سروشتی کە دەبنە هۆی کێبڕکێی تەواو و ئازادی بازرگانی و باوەڕ بوون بە هێزی خۆکاری بازار تەنها بریتین لە خاوەن سەرمایەکان، ئەم بیرۆکەیە دەرگای ئەوانە بۆ زاڵبوون بەسەر جوڵەی پارە و سەرمایە و ئاڵوگۆڕ پێکردنی، دۆڕاوی هەرە مەزنیش لەم بیرۆکە خۆپەسەندە دڕندەدا بریتین لە کرێکاران و هەژارو نەدارەکان.

لەگەڵ بۆچوونە تووندڕەوەکانی پێشووی (ئادەم سمیس)دا، ئەوا ناوبراو هەر ناچار بوو دانبنێت بە گرنگی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا، ڕەت

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١/ ٥٨.
(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١/ ٥٩.

نەکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت بە تەواوی، لە هەندێك وتەیدا ڕاشکاوانە ئاماژەی کردووە بەپێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت، ئەمەش لە میانەی ئەم شتانەی خوارەوە[1]:

- ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەو یاسایانی قازانجی سوو دیاری دەکەن، لە پێناو بڵاو نەبوونەوەی مەترسی سوود، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زۆربەی لیبڕالییەکان دانیاننناوە بە مەترسیداری ڕیبا.
- بانگەشەی ئەوەی کرد کە پێویستە دەرکردنی دراو ڕێك بخرێ کە نابێتە هۆی مەترسی لەسەر کۆمەڵگە لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی دیاریکراو، لەمەدا نەختینەگەراکان ڕایان پێچەوانەی ڕای مامۆستاکەیانە، جا نەختینەگەراکان وێنەی هاوچەرخی لیبڕالییەتن.
- مۆڵەتی بە پاسەوانی بازرگانی و پیشەسازیدا کە بە پێویست دادەنرێ بۆ بەرگری نەتەوەیی.
- مۆڵەتی دا بە سەپاندنی باجی قەربووکردنەوە لەسەر داهاتەکان هاوشێوەی باجە سەپێنراوەکانی سەر بەرهەمی ناوخۆیی.
- مۆڵەتی بە ئاڵوگۆڕی هاووێنەدا بۆ ئەو دەوڵەتانەی ڕێ و شوێنی پاراستن دەگرنەبەر دژی دەرکردە نیشتمانییەکان.
- پلەبەندی لە کاتی ڕەتکردنەوەی سیستەمی پاراستنی بازرگانی لە پێناو پاراستنی پیشەسازی نیشتمانی.

[1] بڕوانە: تراث الإنسانية _ تراث الأمم ١/ ٥٩.

ئەم بۆچوونانەی سمیس بە دەرچوون دادەنرێ لە ڕەوتی باوی لیبڕالییەت، کە دەستێوەردانی دەوڵەت بە ڕەهایی ڕەت دەکاتەوە.

تیۆری ئابووری کلاسیکی تۆرێکی خەیاڵاویە، ئەستەمە بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ بکرێ، نەزانراوە لە مێژووی ئەم تیۆرەدا ئەم تیۆرە بە تەواوی جێبەجێکرابێ، پاشگەزبوونەوەی ئادەم سمیس و داننانی بە پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت وەك چۆن پێشتر خرایەڕوو بەڵگەیە لەسەر ئەستەم بوونی جێبەجێکردنی ئازادی ئابووری بە تەواوی، هەروەك بەڵگەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنچینە هزریانەی لەسەر بنیاتنراوە،

داونز لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ کتێبی (شۆڕشی گەلان)ی ئادەم سمیس دەڵێت: ((تیۆری سەرەکی لە کتێبی (شۆڕشی گەلان) تیۆرێکە خاوەن ئاڕاستەیەکی میکافیلییە، ئەویش بریتییە لەوەی هۆکاری یەکەم لە چالاکی مرۆڤدا بریتییە لە بەرژەوەندی تایبەتی، کارکردن لەسەر کۆکردنەوەی سەرمایە تەنها دیاردەیەکە لە دیاردەکانی، هەر بۆیە بڕیاریدا کە خۆویستی و بەرژەوەندی تاکەکەسی لە پاڵ هەموو چالاکییەکی ڕەگەزی مرۆڤەوەیە، بە ڕاشکاوانە باوەڕی خۆی بە خەڵك ڕاگەیاند کە ئەمانە سیفەتی بێزراو نین کە لێ دوورکەوتنەوەی پێویست بێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمانە بریتین لەو هۆکارانەی کە سوود و کەڵك بۆ هەموو کۆمەڵگە دەهێنن، بەپێی بۆچوونی سمیس ئەگەر ویسترا خۆشگوزەرانی بۆ گەل دابین بکرێ ئەوا پێویستە هەر تاکێك بەرەڵا بکرێ بۆ ئەوەی ئەوپەڕی تواناکانی بەکاربێنێ بۆ چاککردنی ناوەندی خۆی بەشێوەیەکی چەسپا و ڕێك و پێك، بێ بەسترانەوە بە هیچ کۆت و بەندێك. بۆ دەستخستنی خۆراکمان پێویست ناکات پشت ببەستین بە بەخشندەیی چێشت لێنەر یان نانەوا یاخود قەساب، بەڵکو

ئەوان ئەو شتانەمان پێشکەش دەکەن بە پاڵنەری بەرژەوەندی خۆیان، ئێمەش کاتێك لەگەڵیان دەدوێین بەهۆی پاڵنەرە مرۆییەکانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی بەرژەوەندییە ماددیەکانەوەیە، سەبارەت بە پێداویستییەکانمان قسەیان لەگەڵ ناکەین، بەڵکو دەبارەی سوود و قازانجی ئەوان لەگەڵیان دەدوێین))[١].

دەربارەی ڕوونکردنەوەی ڕاستی پشتگیرانی هزری سمیس ئەوا (مارکس لرنەر) دەڵێت: ((زۆربەی ئەوانەی بایەخیان دەدا بە خوێندنەوەی کتێبی سمیس ئەوانە بوون کە کەڵك و سوودێکی کەسیان بینی لەو بۆچوونانەی تێیدا هاتبوون، ئەوانەش بریتی بوون لە بازرگانە نوێکان و هاوپەیمانەکانیان لە ئەندام پەرلەمانەکانی جیهان و لیژنە جێبەجێکارەکانیان لە زانکۆکان، لە ڕێگەی ئەوانەوە کتێبەکە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەو کەسانەی پشتیوانی ئەوانیان دەکرد لە گەلانی جیهان، سەرباری ئەوەی ئەم پشتیوان و شوێنکەوتووانە هیچ شتێکیان نەدەزانی دەبارەی خودی کتێبەکە، هەروەك کتێبەکە لە ڕێگەی ئەوانەوەی کاریگەرییە مەزنەکەی دروستکرد لە بواری بیرکردنەوەی ئابووری و سیاسەتی جیهانیدا))[٢].

٢_ دیڤید ڕیکاردۆ (١٧٧٢ز – ١٨٢٣ز): ڕیکاردۆ بە ئابووریناسێکی دیار دادەنرێ لە ڕێبازی کلاسیکیدا، ناوبراو جولەکەیەکی دەوڵەمەند بوو، کاری کرد و سەرقاڵ بوو بە کاروباری دراو و هەر لەمەشەوە سەرمایە مەزنەکەی پێکهێنا. تیۆرە ئابوورییەکەی لەسەر بیرۆکەکانی ئادەم سمیس بنیاتنا کە لە نرخی خاوەن

---

١) کتب غيرت وجه العالم ٧٣.

٢) کتب غيرت وجه العالم ٨٧ – ٨٨، بۆ وتەکانی ئابووری ناسی ئینگلیزی (ماریۆت) بڕوانە هەمان سەرچاوە.

**زەویەکانی کەم کردەوە، سەرچاوەی ڕاستەقینەی بۆ کار گەڕاندەوە، نرخ و قیمەتی ئابووری بۆ پیشەسازی و بازرگانیە، کاتێك ڕیکاردۆ هات ئەوا بەرپرسیارێتی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و پەیڕەوانی ئابوورییەکانی خستە ئەستۆی خاوەن زەوییەکان لە میانەی بەرهەم و قازانجەوە، ئەوە دەرەنجامی ئەوەیە کە خاوەن زەویەکە سەرچاوەیەکی سروشتی هەیە کە هیچ کارێکی تێدا ناکریٚ[1].**

**نرخی ئابووری _ وەك چۆن سمیس بۆی چووە _ بریتییە لە کار، لە پێناو کاردا مرۆڤ شایستەی قازانج کردنە، دواتر ڕیکاردۆ لە پوچەڵکردنەوەی نرخی زەویەوە ڕۆیشتە سەر کرێی کرێکاران، ئەوا کار کە پێوەری نرخی کەل و پەلە، وایکرد نرخی ئەو کارە دیاری بکریٚ بە کاتژمێرەکانی کار کە پێویستە بۆ بەرهەم هێنانی شتومەکەکە، نرخی کاتەکانی کار بریتییە لە ئاستی هەرە نزمی بژێوی کە ژیان بۆ کرێکار دابین دەکات ئەویش بژێوی ڕۆژانەیە[2].**

**لەبارەی دیاریکردنی کرێی کرێکاران ڕیکاردۆ دەڵێت: ((کرێیەکان پێویستە بۆ کێبڕکێی ئازاد و دادگەرانە لە بازار بەجێبهێڵرێن، هەرگیز نابیٚ دەسەڵاتی یاسادانان حوکمی تێدا بکەن))[3].**

**بەم تیۆرە ڕیکاردۆ دژایەتی: خاوەن زەوی و کرێکارەکانی کرد لە یەك کاتدا، قوتابخانەی مانشستەر لەسەر بیرۆکەکانی ڕێکاردۆ جەنگی خۆی کرد لەگەڵ**

---

**(١) ئەوە نامۆیە کە ڕیکاردۆ پرسیاری لە خۆی نەکردووە دەربارەی نرخی سوو لە نرخی دراوی دارایی کە بە چ کارێك دەستی خستووە؟! بە چ مافێك وەریگرتووە؟! لەگەڵ ئەوەی سەرمایەکەی پێکهێناوە بیٚ کارکردن بەڵکو بە قەرزی سوودار بووە.**
**(٢) بڕوانە: دليل الفكر الاللإقتصادي ٦٥.**
**(٣) وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ٢١.**

**یاساکانی دانەوێڵە، داوایکرد دانەوێڵە لە دەرەوە هاوردە بکرێ و ئازادی بازرگانی پیادە بکرێ.**

**دەبێ مرۆڤ لە دژایەتی کردنی یاساکانی دانەوێلە بگات لە میانەی چوارچێوە مێژوویی و هزرییەکەی، گۆڕەپانی جەنگ دابەش ببوو لە نێوان خاوەن زەوییەکان کە بریتی بوون لە پاشماوەی دەرەبەگەکان و لیبڕالییە کلاسیکییەکان، جا کلاسیکییەکان لە یەك کاتدا سەرکەوتن بەسەر خاوەن زەوی و کرێکارەکاندا.**

**٣_ ڕۆبێرت ماڵتس (١٧٦٦ز - ١٨٣٦ز): ناوداری (ماڵتس) لە هزری ئابووری لیبڕالییدا دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرەکەی سەبارەت بە دانیشتووان، پوختەی ئەم تیۆرەش ئەوەیە: کە کەم و کورتییەك هەیە لە پێوەری زیاد بوونی دانیشتووان و دەرامەتە سروشتییەکان، تاکەکان _ بە کاریگەری حەزە جنسییەکان و پاراستنی جۆرەکەیان _ بە ڕێژەیەکی زۆر زیاد دەبن، لە کاتێکدا بەرهەم هێنانی خۆراك ملکەچی کۆت و بەندی سروشتییە، دواتر هیچ هاوسەنگییەك نابێ لە نێوان ژمارەی دانیشتووان و دەرامەتە خۆراکییەکان، ئەمەش کارەسات و برسێتی دێنێتە ئارا.**

**ماڵتس پێی وایە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووان ملکەچی زنجیرەیەکی ئەندازەییە (١، ٢، ٤، ٨، ١٨...) لە کاتێکدا زیاد بوونی دەرامەتەکانی بژێوی ملکەچی زنجیرەیەکی ژمێرکارییە (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦...).**

**ماڵتس پێی وایە هاوسەنگی لە نێوان زیادبوونی دانیشتووان و دەرامەتە بژێوییەکان تەنها بەهۆی ئەوەوە دەبێ کە ناوی ناوە (پەرچە ئەرێنیەکان: موانع الإيجابية) وەك: جەنگ، برسێتییەکان و دیاریکردنی وەچە. ماڵتس ئەم پەرچ و**

**ڕێگرانە بە سوودبەخش دادەنێ، چونکە هەڵدەستێت بە دەستێوەردان لە پێناو گێڕانەوەی هاوسەنگی لە نێوان دانیشتوان و دەرامەت.**

**ئا لێرەوە ناوبراو پێی وایە نابێ جەنگ و برسێتی و کارەساتەکان شەرمەزار بکرێن، مادەم بریتی بن لە هۆکاری سروشتی و پێویست بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان دانیشتووان و دەرامەت و بەتایبەت خۆراك[١].**

**مالتس هانی داوە تەمنی شووکردن دوابخرێ، ڕێگرەکانی سکپڕبوون بەکاربهێنرێن، قەرەبووی پێویستی جنسی سروشتی بکرێتەوە بە پەیوەندی و برادەرایەتی بێ پێکهێنانی خێزان[٢].**

**مالتس دژی هەژارو نەداران وەستایەوە، ڕووبەڕووی دەستێوەردانی دەوڵەت بووەوە لە کاروباری ئابووریدا، چونکە هاریکاری کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی هەژاران هانیان دەدات بۆ وەچە خستنەوە لە کاتێکدا ناتوانن یەك گوڵە گەنم بەرهەم بێنن. هەر لەبەر ئەمە بە توندی ڕەخنەی لە یاسای هەژاران گرت لە ئینگەڵتەرا کە گوزارشتە لە بڕێك پارە دەدرێ بە هەژارو بێ کارەکان، حکومەت پێیان دەدات تا لە برسان نەمرن.**

**جا مالتس وتی: ((یاساکانی هەژاری لە ئینگەڵتەرا سەردەکێشێ بۆ کەڵەکەبوونی باری هەژاری بە گشتی لە دوو لایەنەوە:**

**یەکەم: کار دەکات لەسەر زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووان بێ زیاد بوونی دەرامەتی زەوی بۆ دابین کردنی بژێویان...**

---

**(١)** بڕوانە: دلیل الفکر الإقتصادي ٧٣، والإقتصاد السیاسي ٤٧.

**(٢)** بڕوانە: المذاهب الإقتصادیة ٢٥.

دووەم: ڕێژەی ئەو پێداویستیانەی بەکاردەبرێن لە پەناگەی هەژاراندا کە بریتین لە چینی نا بەرهەم هێن ئەوا لە ئەندازەی ئەوە کەم دەکاتەوە کە پێویست بوو بە تەواوی بدرێ بە چینی هەژاران))[1].

لەمەدا ڕوون دەبێتەوە کە مالتس بەوە وازی نەهێناوە کە مرۆڤ بە بەرپرسیار بزانێ لە مشوورخواردن لە کاروباری بەدیهێنراوان و بژێویان کە کاری خوایە، بە قوڵترکردنەوەی خۆپەسەندیش و قەدەغەکردنی چاکە و لەخۆبوردەیی دەستی هەڵنەگرتووە، بەڵکو ئەوەشی زیاد کردووە کە بریتییە لە دژایەتی کردنی چاکەکاری و قەدەغەکردنی، ستایشکردنی لەناوبردنی مرۆڤایەتی بە جەنگ، دانانی جەنگ بەوەی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە و نابێ شەرمەزار بکرێ و ڕێگری لێبکرێ. ((لەسەر کۆمەڵگە پێویستە هاریکاری و چاکەکردن یان یارمەتییەکان کە پێشکەشی هەژاران دەکات بوەستێنێ))[2].

داونز دەڵێت: ((بە بۆچوونی مالتس چاکەکاری لەلایەن تاك یان دەوڵەتەوە بەهیچ شێوەیەك پێویست نییە، چونکە دارایی و سامان دەدرێتە هەژاران بێ ئەوەی هیچ زیادەیەك ڕووبدات لە دەرامەتە خۆراکییەکان، بەمەش نرخەکان بەرز دەبنەوەو خستنەڕووش کەم دەبێتەوە. مالتس دژی بیرۆکەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی جەماوەرییە، چونکە هانی ژن هێنانی زوو دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی کێشەی دانیشتووان، هەروەك چۆن زیاد بوونی کرێی کار سەردەکێشێ بۆ هەمان کارەسات... لە واقیعدا هەر پرۆژەیەك بۆ چاکتر کردنی

---

[1] كتب غيرت وجه العالم ٩٧، ٩٨.
[2] المذاهب الإقتصادية الكبرى ٧٤..

باری کۆمەڵگە و سوککردنی بەرپرسیارێتیەکەی بەپێی بۆچوونی ماڵتس بە کارەسات کۆتایی دێت، خراپی و ئاڵۆزی زیاد دەکات))[١].

گومان لەوەدا نییە ڕێبازی ماڵتس خزمەتی بەرژەوەندی سەرمایەدارە لیبڕالییەکان دەکات، ماڵتس بەرگری تەواو لەو کارانەی ئەوان کردووە لە هەڵسانیان بە هەراسان کردنی مرۆڤایەتی، کۆکردنەوەی قازانجی گەورە لەسەر ئەستۆی هەژارە کرێکارو خاوەن پیشە ساکارەکان، بەرگری کردنەکەی ماڵتس لە میانەی هاندان و ئاڵۆزکردنی چڵێسی لیبڕالیەوە بوو، ئەمەش لە تیۆرەکەیدا (یاسای زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتووان).

## دووەم: ڕێبازی کیتزی (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی):

بنەمای دەستێوەردان و زاڵبوونی دەوڵەت بەسەر ئابووریدا لە کاتێکی زوودا ناسرا، ئەم بنەمایە بریتی بوو لە بنچینە و بناغە لە تیۆری ئابووریدا، لەوەتەی بیرۆکەی یۆنانی تا قوناغی میرکەنتلیەت (بازرگانی) ئەوا ڕێبازی ئابووری زاڵ بریتی بوو لە (دەستێوەردانی دەوڵەت)[٢]، کاتێك ڕێبازی ئازاد (لیبڕالییەت) لە بواری ئابووریدا بە قوتابخانە جۆراو جۆرەکانی دەرکەوت ئەوا ئەم بنەمایە پاشەکشەی کرد، بە درێژایی سەدەی نۆزدەمی زاینی ڕێبازی ئازاد هەر زاڵ بوو، لە سەدەی بیستەمدا گۆڕەپانی ئابووری گەشەی ڕێبازە دەستێوەردەر خوازەکانی

---

(١) کتب غیرت وجه العالم ٩٧. ئەگەر بۆچوونەکانی کۆ بکەینەوە دەربارەی جەنگەکان و هەژاران ئەو دەرەنجامە هەڵدەهێنجین کە دەوڵەتان لەخۆبایی دەکات بە دانانی پیلان بۆ کوشتنیان لە پێناو ڕزگارکردنی زەوی لە خراپەی ئەوان، چونکە زیادە و بارگرانین لەسەر ئەستۆی زەوی و سوود لە بوونی ئەواندا نییە، بۆیە نەبوونیان سوودی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەیە!!!.

(٢) بڕوانە: المذاهب الإقتصادیة ١١ – ١٩.

بەخۆوە بینی، لەسەر یەك شێوە نەبوو، بەڵكو پلەكانی جیاواز بوو، لە نێوان خۆماڵیكردنی سەرچاوەكانی دەرامەت یان هەندێكیان یان پلاندانانی ئابووری یاخود ڕێكخستنی ئابووری[١] یان هەندێك كات دەستێوەردان و هەندێكی كاتی تر دەستێوەرنەجان بێ ڕێكخەرێكی دیاركراو.

لە میانەی ڕێبازە دەستێوەردەرخوازەكان ژمارەیەك ناو دەركەوتن كە گوزارشتیان لێ دەكرد لەوانە: ((لیبڕالییەتی كۆمەڵایەتی))، ((دیموكراسییەتی كۆمەڵایەتی))، ((دیموكراسییەتی ئیشتراكی)) و جگەلەوانەش[٢].

---

(١) سەبارەت بە جیاوازی پلاندانان و ڕێكخستنی ئابووری بڕوانە: المذاهب الإقتصادية ١٠٨، ١١٠.

(٢) ئەم ناوانە بەشێوەیەكی گشتی بەكاردێن بۆ گوزارشت كردن لە ڕەوتە دەستێوەردەر خوازەكان، هەر ناونانێك ڕەچاوی لایەنێكی گرنگ دەكات لای خۆی لە دەستێوەردان، جا ((لیبڕالییەتی كۆمەڵایەتی)) تیایدا جەختی كردۆتەوە لەسەر ئەوەی ئازادی لیبڕالی لاری نییە لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە پێناو بەرژەوەندی كۆمەڵگە لە كاروباری كۆمەڵایەتیدا وەك: خوێندن و تەندروستی و پاراستنی ژینگە و هاریكاری نەهێشتنی بێكاری، جا كۆمەڵایەتی بۆ زیاد كراوە تا جیاواز بێ لە لیبڕالییەتی كلاسیكی كە دژی دەستێوەردانە لە پێناو بەرژەوەندی كۆمەڵگە، سەبارەت بە ((دیموكراسییەتی كۆمەڵایەتی)) ئەوا شتە كۆمەڵایەتییەكانی ڕابردووی بەستۆتەوە بە سیستەمی سیاسی لیبڕالی ((دیموكراسی))، ئەمەش لەلای ئەوەی وا لە دیموكراسییەت گەیشتووە كە ڕەچاوی كاروبارە كۆمەڵایەتییەكان دەكات بە جیاوازی دیموكراسییەت دادەنرێ لە ڕەوتی لیبڕالی كلاسیكی كە پێی وایە دەوڵەت پاسەوانی خاوەندارێتی تایبەت و بەرژەوەندی سەرمایەدارانە، لەو كاتەی دەستێوەردانیان بە تێكدانی ئازادییەكان و سەركێش بەرەو تاكڕەوەی دادەنا.
سەبارەت بە دیموكراسییەتی ئیشتراكی ئەوا زیادەی (ئیشتراكیەت)ی پێوەیە كە بۆ دوو جۆر بەكاردێ: یەكەمیان: ئیشتراكییەتێك: كە واتاكەی بریتییە لە دەستێوەردان بۆ ڕێكخستنی ئابووری تا قەیران و كارەساتی ئابووری ڕوونەدەن، هەروەها بۆ پاراستنی كۆمەڵگە و بەرژەوەندییە سەرەكییەكانی (خوێندن، تەندروستی، هاریكاری كۆمەڵایەتی، ژینگە...) لەوانەیە بە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (ڕەفاهییەت) گوزارشتی لێ بكرێ، ئەم جۆرەیان بریتییە لە لیبڕالییەتی كۆمەڵایەتی یان دیموكراسییەتی كۆمەڵایەتی، دەوڵەتە ئەوروپییەكان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەمەیان هەڵبژارد.

**ئەم گوزارشتانە ئاماژە دەکەن بە فراوانی بازنەکەی و لەخۆگرتنی بزوتنەوەو کۆمەڵە و حیزبی خاوەن قەناعەت و ئاراستەی سیاسی جیاواز، هەندێك خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبوو لەوانە: دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، زاڵبوونی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەی شارستانیدا، ئاراستەی ڕێکخراوەیی، بەڕێوەبردنی خواست بەشێوەی تیۆری کینزی، دانانی ڕۆڵێکی دیاریکراو بۆ بازارەکان، پشت بەستن بە ئابووری تێکەڵ، لادانی هێزەکان زیاتر بەرەو لای یەکسانی لەلادان بەرەو لای ئازادی، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی هەمەلایەن پاراستنی هاوڵاتیان بە ئەرکی خۆی دەزانێ[1].**

**بەڵام دیارترین ئەم ڕێبازانە بریتییە لە ڕێبازی کینزی، کە بە بزوتنەوەیەکی ڕاستکەرەوە دادەنرێ لە هزری لیبڕالیدا، دوای ئەوەی ئەو دەردەسەری و بەدبەختیەی ئەم هزرە بۆ مرۆڤایەتی هێنا. دەرکەوتنی تیۆری کینزی لەوە تێناپەڕێ کە گوزارشتێکی لیبڕالی بێ لە هەمبەر گۆڕانی بارودۆخە ئابوورییەکان، جا ئەمە ڕوویێکە لە ڕووەکانی دەوڵەتی پیشەسازی، ڕاهێنانەکەیەتی لە جێبەجێ کردنی لیبڕالی دڕندە.**

**ڕابەری ئەم ڕێبازە (جۆن ماینارد کینز)ە، لە سەرەتادا لەسەر ڕێبازی کلاسیکی بوو، تیۆرەکەی بەناوی (تیۆری گشتی) ناسرا. کینز یەکێك بوو لە ئەندامانی شاندی بەریتانی کە لە فێرسای دانوستانیان دەکرد لەبارەی ئەو**

---

دووەم: ئیشتراکییەتی زانستی، کە بریتییە لە ئیشتراکییەتی شیوعیەت کە بانگەشە دەکات بۆ خۆماڵیکردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان حوکم کردنی ڕەها لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر ئابووریدا، ئەم جۆرە دژی لیبڕالییەتە، ئەمە لە یەکێتی سۆفیەتی و ئەوروپای خۆرهەڵات جێبەجێ کرا بەر لە ڕووخانی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا.

[1] الطریق الثالث ٤٠.

**قەرەبووی جەنگی جیهانی کە لەسەر ئەڵمانیا سەپاند بوو، بەڵام دەرەنجامەکانی ڕەت کردەوەو دەستی لەکارکێشایەوە، هەڵسا بە نووسینی ((ئاکامە ئابوورییەکانی ئاشتی)) لە دێسەمبەری ساڵی ١٩١٩ز بڵاوکرایەوە، تیایدا ڕوونی کردەوە کە جیهان خەریکە قوناغەکە تێپەڕێنێ، هێڵە سەرەکییەکانی لیبڕالییەتی تازەی دیاریکرد کە دواتر قوربانی بۆدا و بەرگری لێکرد بێ ماندووبوون[1].**

**ئەگەر بمانەوێ ئەندێشەی ڕێبازی کینزی بکەین کە چۆن کودەتای کردووە بەسەر لیبڕالییەتی کلاسیکیدا ئەوا دەبێ بارودۆخی کاتی سەرهەڵدانی بزانین، ئەو کات کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان لە سییەکاندا لە بێ بازاریدا ژیانیان دەگوزەراند، ئەمەش وای لەم کۆمەڵگەیانە کرد متمانەیان لاواز بێ بە لیبڕالییەت، کینز لە ساڵی ١٩٣٦ز هەڵسا بە نووسینی کتێبەکەی ((تیۆری گشتی بۆ بەگەڕخستن و سوود و دراو))، بەمەش سیستەمی سەرمایەداری نوێ کردەوە لە میانەی فەلسەفە سەرەکییە لیبڕالییەکەی.**

**کینز ڕەخنەی لە ڕێبازی کلاسیکی گرت بەوەی بێکاری و هەژاری بەرهەم دێنێت، هەروەها ڕەخنەی گرت لە بەرگری هۆشیارانە لە بوونی ئەو دوو دەردە کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ قەدەغەکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت و یاسای (سای بۆ بازارەکان))[2].**

**کینز پێی وایە دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ژیانی ئابووریدا بۆ دەستەبەرکردنی بەگەڕخستن، بەرزکردنەوەی ئاستی خواست، لەم بارەوە دەڵێت:**

---

(١) بڕوانە: تاريخ الفكر الإقتصادي منذ كينز ٢٧.

(٢) بڕوانە: الإقتصاد السياسي ٩٧.

**((بۆمان دەردەکەوێت کە فراوانکردنی ئەرکەکانی دەوڵەت تاکە هۆکارە بۆ چارەسەر تا دامەزراوە ئابوورییە هەنووکەییەکان نەڕووخێن و مەرجیشە بۆ پیادەکردنی سەرکەوتووانەی هەوڵ و تەقەڵای تاك))[1]. هەر بۆیە تیۆری کینزی بووە ناودارترین ڕێبازی دەستێوەردەرخوازی لیبڕالی.**

**هەروەك کینز پێی وایە خواست خستنەڕوو دێنێتە کایە، بەپێچەوانەی یاسای (سای) ناودار، جا بەرهەم هێنەران ئەو ڕێژەیە بەرهەم دێنن کە دەزانن بازاریان دەبێ و دەکرێ تێیدا ساغ بکرێنەوە، دواتر بوونی خواست لە بازار سەردەکێشێت بۆ بەرهەمهێنانی شتومەك و خزمەتگوزاری پێویست بۆ تێرکردنی ئەم خواستە[2].**

**ئامانجی سەرەکی کە تیۆری کینزی هەوڵی بۆ دەدات بریتییە لە دەستەبەرکردنی بەگەڕخستنی تەواو، نەهێشتنی بێکاری، ئەمەش زیادکردنی خەرجی گشتی لەسەر دەوڵەت پێویست دەکات، دەبێ دەوڵەت دەستوەربداتە ناو چالاکی ئابووری، زیادکردنی خەرجی سەردەکێشێ بۆ کورتهێنان لە بودجەی گشتیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی دەرکردنی دراو، بەم ڕێگە کێشەی هەڵاوسان دەردەکەوێت.**

**دەرەنجامەکە _ کە بریتییە لە بەگەڕخستنی تەواو و زاڵبوونی بەسەر بێکاریدا سەردەکێشێ بۆ هەڵاوسان بەپێی هەنگاوەکانی ڕابردوو _ پێشبینی نەکراو بوو لەلایەن ڕەوتی کینزیەوە، بەڵکو لە بنەما سەرەکییەکانیاندا هەبوو کە**

---

**(١)** وەرگیراوە لە سەرچاوەی پێشوو ١٠٠.

**(٢)** بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١٣٩.

**پێچەوانەی دەرەنجامی ڕابردوو بوو، شتێکی تر هاریکاری چەسپانی بیرۆکەی کینزی و چالاك بوونەکەی کرد لە بواری گەشەی ئابووریدا کە بە (چەماوەی فلیپس) دەناسرا، کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان ڕێژەی هەڵاوسان و ڕێژەی بێکاری، بەپێچەوانەشەوە، بەڵام قەیران تیۆری کینزی پوچەڵکردەوە کە بە ((هەڵاوسانی چەقبەستوو)) ناسرا.**

**جا ((چەماوەی فلیپس)) نکۆڵی ناکات لە پەیوەندی نێوان هەڵاوسان و بێکاری، بەڵکو پێی وایە هێشتا لە ناو چوارچێوەی پەسەندداپە، کەچی لە حەفتاکاندا تەواو پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا[1].**

**بیرۆکەکانی کینزی لە ناو ئابووریگەراکان بڵاوبووەوەو پشتیوانی پەیداکرد بەتایبەت گەنج و لاوەکان، ((لێرەوە بەشێوەیەکی تایبەت ئاماژە دەکەین بە ڕاگەیەندراوە ناودارەکە کە کۆمەڵەی لاوانی کینزی دەریانکرد، کە لە کامبریج لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٨ز بە ناونیشانی: ((بەرنامەیەکی ئابووری بۆ دیموکراسییەتی ئەمریکی)) دەرچوو. حەوت کەسی ئابووریناس ئەم ڕاگەیەندراوەیان واژوو کرد کە دواتر ناویان درەوشایەوە وەك: ((پۆڵ سویزی)) و ((جۆرج ه)) و ((هیلد براند))، هەروەك ژمارەیەکی دیارو بەرچاو لە ئابووریناسان بەشداربوون لەگەڵیان لە نووسینی ئەم ڕاگەیەندراوە ئەگەرچی داوایان کردبوو کە ناویان نەنووسرێ.**

**ئەم ڕاگەیەندراوە یان بەرنامەیە لە بنەڕەتدا لەژێر ڕۆشنایی بیرۆکەکانی کینزی داڕێژرا بوو، هەروەها لە گۆشەنیگای بیرۆکەکانی ((ئێڵفن هانسن))**

---

[1]) بڕوانە: التضخم المستورد ٨٧.

هەنگاوی نا بوو لەبارەی ((چەقبەستوویی نیشتەجێ بوون، پوختەی ئەوەی لەو بەرنامەیەدا هاتبوو بریتی بوو لەوەی: ((ئەزموونی بێ بازاری کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیدا تێپەڕی لە ساڵانی ١٩٣٨/٣٧ جارێکی تر جەختی کردەوە لەسەر پێویستی ئەنجامدانی دەستکاری و هەموارکردنەوەی سەرەکی و بنەڕەتی لە سیاسەتی ئابووریدا، بەشێوەیەك کە هەموارکردنەوەی دامەزراوەکانیش لەخۆ بگرێت و ئەو کۆسپانە لاببات کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشە و جێگیری خواستی گشتی کارا تا مەترسی بێکاری وەلابنرێ، ئا لێرەوە لاوە کینزییەکان کۆمەڵێك پێشنیاریان کرد، جا بۆ نموونە هەڵسان بە پێشنیارکردنی بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی و هزرەکانی کینز، گرتنەبەری هەندێك ڕێ و شوێنی تایبەت بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی، لەسەر بنچینەی دووبارە دابەشکردنەوەی دەرامەت لە بەرژەوەندی هەژاران و خاوەن دەرامەتە سنووردارەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی قەبارەی خواستی گشتی کارا بەهۆی بەرزبوونەوەی حەزی نوێ و مام ناوەند بۆ بەکاربردن.

هەروەك پێشنیاری ئەوەشیان کرد حکومەت هەڵبستێت بە بنیاتنانی ژمارەیەك خانوو و قوتابخانە و دایەنگە بۆ هەژاران و فراوانکردنی بازنەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەك چۆن بانگەشەیان کرد بۆ زیاد بوونی ئاستی باجە ڕاستەوخۆکان بەشێوەی هەڵکشان))[1].

لە میانەی پێشنیارە پێشووەکانی تیۆری کینزی دەردەکەوێ کە ئامانج لە دەستێوەردانی دەوڵەت بریتییە لە گەڕاندنەوەی گەشە بۆ سەرمایەداری لیبڕالی،

---

[1]) مجلة الأهرام اللإقتصادي، ژمارە ٧١٩، ٢٥/ أكتوبر / ١٩٨٢ز، لا ٢٩.

چونکە ئەم دەستێوەردانە لەبارەی دووبارە دابەشکردنەوە لە پێناو بەرژەوەندی هەژاران پاڵ دەنێت بە جوڵەی خواست، بێگومان خواستیش خستنەڕوو دێنێتە بەرهەم کە سامانی سەرمایەداران دەجولێنێ.

ئامانجی ڕێبازی کلاسیکی و ڕێبازی کینزی یەك شتە، بەڵام هەر دوو ڕێبازەکە ڕاجیا بوون دەربارەی ئەو ئامرازەی سەردەکێشێ بۆ ئەم ئامانجە، ئەم ڕاجیاییە جیاوازی و لێك دووری لە سیاسەتە ئابوورییەکاندا هێنایە کایە، هەروەك وایکرد نموونەی کلاسیکی دڕندانەتر بێ لە بواری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی.

لە سەرنجەکانی ڕێبازی کینزی کۆمەڵێك پڕۆژە و کاری ئابووری دروست بوون، ئەمانەش چەند نموونەیەك:

_سیاسەتی (ڕێبازی نوێ _ یان ئەلنیودیل)ی سەرۆکی ئەمریکی ((فرانکلین ڕۆزفیلت))[1]، ئەمە سیاسەتێکە بۆ چارەسەرکردنی شوێنەواری ئەو کاولکارییەی بێ بازاری مەزنەکە دروستی کرد، چەند ڕێ و شوێن و سیاسەتێك لە خۆ دەگرێ لە بیرۆکەی ئابووری جیاواز، ئەم سیاسەتە ئەگەر ڕاستەوخۆ دەرەنجامی کینزیش نەبێ ئەوا جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕاست و دروستی دەرەنجامی تیۆری کینزی[2].

---

(١) فران ڕۆزفێلت: سیاسەتمەدارێکی ئەمریکییە، سەرۆکی حیزبی دیموکرات بوو، سەرۆکی سی و دووهەمینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ساڵی ١٨٨٢ز لە دایك بووە، بەرنامەیەکی چاکسازی دانا کە ناسراوە بە (بەرنامەی نوێ) بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ز، لە سەردەمی ئەودا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە ناو جەنگی جیهانی دووەمەوە، ساڵی ١٩٤٥ز مرد. معجم أعلام المورد ٢١٠ – ٢١١.

(٢) مجلة الأهرام الإقتصادي ٧١٩، لا ٣٠.

**بەڵام تیۆری کینزی دواتر بووە بابەتی هەنووکەیی و باوی ناو دەوڵەتە ئەوروپییەکان، بە ناوی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی) ناسرا.**

**_ پرۆژە یاسای بەگەڕخستنی تەواو، کە سیناتۆر ((جەیمس. أ. مۆڕای)) لە ٢٢ یەنایەری ١٩٤٥ز پێشکەشی کرد، ئەمە پرۆژەیەکە ئامانج لەخۆ دەگرێ بۆ سیاسەتی ئابووری ئەمریکی، ناوەڕۆکی ئەم یاسایە ئەوەیە کە هەموو کرێکارە ئەمریکییەکان کە توانای کارکردنیان هەیە، حەزیشیان لەکارە، مافی کاری بەردەوام و بەسوود هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەت دەبێ دەستوەردان بکات لە پێناو بەگەڕخستنی تەواو[1]. گەشەی ئابووری بەرزبووەوە لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان لە نێوان ساڵی ١٩٥٠ _ ١٩٧٠ز و یارمەتی سەرکەوتن و دەرکەوتنی تیۆری کینزیاندا.**

**لەوانەیە دیارترین دەرەنجامی تیۆری کینزی ئەوە بێ چەسپاندی کە سەرمایەداری لیبڕالی گەشە و سوود گەیاندن بە مرۆڤ لە ڕووی خودی و ئەندامییەوە لەدەستداوە، ئەمەش بێ کارتێکەری دەرەکی ڕوویداوە، کینز و قوتابییەکانی دان بەم دەرەنجامەدا نانێن، بەڵکو ئەمە دەرەنجامێکی بڕاوەیە و تیۆری کینز ئاماژەی پێدەکات.**

**تیۆری کینزی حاڵی باشتر نەبوو لە تیۆری کلاسیکی سەبارەت بە بوونی قەیران لە ناوەڕۆکیدا، کاتێك ئاشکرایان کرد کە کەم و کورتی هەیە، دیارترینیان:**

---

**[1]) هەمان سەرچاوە.**

١_ شرۆڤەکەی کینز کاتییە بۆ ماوەیەکی کورتە، وەك ئەوەی هێورکەرەوەی ئێشی سەرمایەداری بێ، داوای لێبوردنی کردووە دەربارەی ئەم کەم و کورتییە و وتویەتی: ((لە ماوەیەکی دوورو درێژدا هەمووومان دەمرین))[1].

٢_ لایەنی وەستاوی لە تیۆری کینزدا، وایدانا کە ڕێژەی دانیشتووان جێگیرە، قەبارەی سەرمایە و بەرهەمیشی دیاری کرد، ئەمەش پێچەوانەی سروشتی بەردەوام گۆڕاوی سەرمایەدارییە[2].

٣_تێڕوانینی داخراو بۆ ئابووری، تیۆری ڕەشبینی کینز دەربارەی ئابووری سەرمایەداری بەوپێیەی کرچ و کاڵییەکی کوشندەی هەیە لە خواستی گشتی کارادا، ئەمەش وایکرد کە خستنەڕوو ئەگەر خواستی لە بەرامبەردا نەبێ ئەوا بێ بازاری مەزن بەرهەم بێنێت، هەر بۆیە کینز بیرۆکەی کلاسیکی سەراو ژێر کرد و خواستی کردە بەرهەمێنەری ڕاستەقینەی خستنەڕوو، تێڕوانینی داخراو لەوە دەردەکەوێت کە (کینز) تەنها ئاگاداری چەند بازارێکی دیارکراو بووە لە دەوڵەتە پیشەسازییەکاندا، هەر بۆیە لیبڕالییەتی نوێ بازاری خستنەڕووی بەرهەمی سەرمایەداری فراوان کرد تا ئەوەش لە خۆ بگرێ کە بە دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو ناودەبرێ بەپێ پیلانێکی داگیرکاری[3] کە ئامانجی ملکەچ کردنی دەوڵەتانی ترە، دژی توانا ئابوورییەکانیەتی و وەرچەرخاندیەتی بۆ بازارێکی بەکاربەری بەرهەمەکانی خۆرئاوا.

(1) بڕوانە: دليل الفكر الإقتصادي ١٣٤.

(2) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٣٣.

(3) بڕوانە: هذه هي الرأسمالية ١٢٢.

ئەم کەم و کورتییانە و جگەلەوانەش کاردانەوەی دروست کرد دەربارەی تیۆری کینز، لەو کاردانەوانە هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی تیۆرەکە، دووبارە بنیاتنانەوەی سەر لە نوێ[1]، هەروەك چۆن ((سامۆلسۆن)) و جگەلەویش هەوڵیاندا ئاشتەوایی دروست بکەن لە نێوان تیۆری کینز و ڕێبازی کلاسیکدا بە کۆکردنەوەیان و ڕەتکردنەوەی وتنی ئەوەی تێکگیرانیان لە نێواندا هەیە[2]، هەروەها بە بەهێز بوونی بیرۆکەی کلاسیکی کە خۆی لە قوتابخانەی ڕەخنەییدا دەبینیەوە، هەروەها کارکردن لەسەر داڕوخاندنی ڕێبازی کینزی و دووبارە چاککردنەوەی ڕێبازی کلاسیکی بەشێوەیەکی توندڕەوانەتر وەك چۆن بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

## سێیەم: تیۆری ڕێگەی سێیەم:

ئەم تیۆرە دەبەسترێتەوە بە بیرمەندی کۆمەڵایەتی ((ئەنتۆنی جیدنز))، پڕ بایەخیەکەی دەردەکەوێ لە میانەی سەرۆکایەتی کردنی قوتابخانەی لەندەن بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان، هەروەها ئەنتۆنی عەقڵی داڕێژەری هەڵمەتی ((تۆنی بلێر))ی سەرۆکی حیزبی کرێکارە نوێیەکانی بەریتانی بوو. ئەم تیۆرە ڕێگەیەکی دیاریکراو نا نەخشێنێت کە مەشخەڵەکانی نەگۆڕ بن، چونکە دیارترین کارو دەستکەوتەکانی و بەهێزترین داواکارییەکانی بریتین لە بانگەوازی کردن بۆ نوێسازی و دووبارە چاوخشاندنەوەو پێداچوونەوە بە چەسپاوەکان، ڕوانینە ئایندە لە میانەی نوێکردنەوەی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی دوای پاشەکشەکردنەکەی و هەڵکشانی پشکەکانی جیهانگیری ((لیبڕالییەتی نوێ)).

---

(١) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي ٧٢٠، ١/ نوفمبر/ ١٩٨٢ز، لا ٢٨.

(٢) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي ٧٢٠، ١/ نوفمبر/ ١٩٨٢ز، لا ٢٩.

زاراوەی ((ڕێگەی سێیەم)) _ وەك چۆن (جیدنز) دەڵێت _: ((لە خودی خۆیدا واتایەکی تایبەت هەڵناگرێت. پێشتر _ زۆرێك _ لە: نووسەرو سیاسەتمەدارە خاوەن ڕێبازە جیاوازەکان بەکاریان هێناوە بە درێژایی مێژووی دیموکراسییەت))[١].

بەڵام جیدنز وێنەی هاوچەرخی بەکارهێنانی ئەم چەمکە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: ((من ئەم زاراوەیە بەکاردێنم بۆ ئاماژە کردن بە نوێکردنەوەی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی؛ واتە: بۆ ئاماژەکردن بە تێڕوانینی هاوچەرخ بۆ پێداچوونەوەو دووبارە بیرکردنەوە کە دیموکراسییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریان هێناوە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو))[٢].

پرۆسەی پێداچوونەوەی سیاسیانە و ئابووریانە بۆ دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئەوروپا دەستی پێکرد لە کۆتاییەکانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان، داڕووخانی شوعییەت لە یەکێتی سۆفیەتی و ئەوروپای خۆرهەڵات بووە هۆی دووبارە چاوخشاندنەوە بە بەرنامەی حیزبە دیموکراسییە کۆمەڵاییە و تا چەند لایەنگیری چەپگەرای سوودی هەی، لەگەڵ ئەوەی دیموکراسییە کۆمەڵایەتییەکان خۆی بە دژی شیوعییەت دادەنێن.

دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی جیهانی دوو جەمسەریدا سەریهەڵدا لە ماوەی پاش جەنگی جیهانی دووەم، پاش ڕووخانی یەکێتی سۆفیەتی ئەوا هیچ پاساوێك نەما بۆ بوونی هزریان، بەتایبەت لەگەڵ ڕێکەوتنیان لەگەڵ

---

(١) الطريق الثالث ٢٩.
(٢) هەمان سەرچاوە ٣٠.

ئیشتراکییەتی شیوعی لە چوارچێوەی گشتیدا بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە پێناو ڕێکخستنی ئابووری[1].

لەم سەرو بەندەدا ((ڕێگەی سێیەم)) دەرکەوت وەك بیرۆکەیەکی نوێسازی بۆ قۆناغێکی نوێ کە تیایدا دەستی هەڵگرت لە ناوەڕۆکی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی و بەرەو لیبڕالییەتی نوێ ڕۆیشت، بەڵام لەگەڵ مانەوەی ئەو پرسە کۆمەڵایەتیانەی کە دەبێ هەر بمێننەوە.

مشتومڕ دروست بوو لە نێوان کەسە دیموکراسییە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی پرسە هاوچەرخەکان، ڕاجیاییەکی زۆریان تێکەوت لەبارەیەوە، لە کاتێکدا خۆی دەبینێتەوە لە گرنگترین بنەما گشتییەکان.

لە دیارترین ئەم دۆزو پرسانە ئەمانەن:

١ _ جیهانگیری (العولمة):

کەسە دیموکراسییە کۆمەڵایەتیەکان تا کاتێکی نزیك پێیان وابوو جیهانگیری شیاوی جیابەجێکردن نییە، خەیاڵاویە و لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ بناغە هزرییەکەیدا تێکیان نەدەکردەوە کە بریتی بوو لە ڕێبازی کلاسیکی.

بەڵام (جیدنز) پێ وایە: ((جیهانگیری ئابووری بە کرداری گوزارشت لە واقیعێك دەکات، تەنها بریتی نییە لە بەردەوام بوونی ئاراستە مێژووییەکانی ڕابردوو یان گێڕانەوەی ئەم ئاراستانە بێ. جا لەو کاتەی زۆربەی چالاکییە

[1]) بڕوانە: الطریق الثالث ٥٨.

**ئابوورییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی ئەنجام دەدرێن، ئەوا ئابووری جیهانی دێتە ئارا لەسەر ئاستی بازاری دارایی))[1].**

**جیدنز دەیەوێ بەمە هزری دیموکراسی کۆمەڵایەتی دەربێنێ لەو تێڕوانینە هەرێمیەی پێیەوە بەستراوەتەوەو دەربازی بکات لە هەستکردنی بەوەی کە ناتوانێت ببێتە هزرێکی جیهانی، بۆ هزرێکی جیهانی ململانێکار، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە دەیەوێ نزیك ببێتەوە لە ئابووری بازارو لیبڕالییەتی نوێ؛ چونکە وەرچەرخانی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی بەرەو هزرێکی جیهانی ڕوونادات لە میانەی دەستگرتن بە هزری کۆن کە لەسەر چاودێری و خۆشگوزەرانی وەستاوە.**

٢_ ئاڕاستەی تاکایەتی:

**ئەمە گونجاو نییە لەگەڵ ((دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی)) کە زاڵ بووە بەسەر لایەنی یەکسانی و لایەنگیر هەستی کۆمەڵایەتی، هاریکاری و دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بەڵام _ وەك چۆن (جیدنز) دەڵێت_: ((ئەم بیرۆکانە دەستیان بە پاشەکشە کرد لە کۆتاییەکانی حەفتاکان، پێویست بوو لەسەر کەسە دیموکراسییە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامی تەحەدداکەی لیبڕالییەتی نوێ بدەنەوە، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەو گۆڕانکاریانە بوون کە لە ئەوروپای خۆرئاوا ڕوویاندا و یارمەتیدەر بوون بۆ بڵاوبوونەوەی ڕێبازی تاتشرییەت وەك ئایدۆلۆژیا. بە ساکاری دەکرێ بوترێ دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی کلاسیکی توانی گەورەترین سەرکەوتن و تەواوترین پێشکەوتن بەدەستبێنێ لە دەوڵەتە بچوکەکان یان لەو دەوڵەتانەی**

---

[1]) بڕوانە: الطريق الثالث ٦٤.

**خاوەن ڕۆشنبیری جۆراو جۆر و فرە شێوەی گوزەران و ژیانن، ئەمەش دەرەنجامی ئەو هەبوون و دەوڵەمەندییە بوو کە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران پێی جیا دەکرایەوە))(١).**

**هەڵگرانی هزری دیموکراسی کۆمەڵایەتی تێکۆشان تا خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئاڕاستەی تاکایەتی، چونکە هەڵوێستە نوێیەکەیان پاشگەزبوونەوەی بەردەوام دەخوازێ لە ڕاو بۆچوونە کۆنەکان.**

**جیدنز تێڕوانینە نوێیەکەی بۆ تاکایەتی بنیاتنا لەسەر ئەوەی ئاڕاستە و حەزی خۆویستی نییە، دواتر مەترسیشی نییە لەسەر هاریکاری کۆمەڵایەتی، پاشان هەوڵ دەدات ئەم تاکایەتییە دیاری بکات بە هۆشدارییەکی زۆرەوەو دەڵێت: ((تاکایەتی واتە پێویستە بڕوانینە ئەم شێوازە نوێیانە تا ئەم هاریکاری و لەگەڵ یەکتر گونجانە دروست بکەین. ناکرێ دەستەبەری یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بکەین لە میانەی کارێك کە لەسەرەوە دێت و دەوڵەت پێی هەڵدەستێ یان پەنا بردنەبەر کەلەپوور.**

**پێویستە لەسەرمان ژیانمان دابمەزرێنین بەشێوەیەکی چاڵاکتر لە ژیانی نەوەکانی پێشوو، هەروەك ئێمە پێویستمان بەوەیە بەرپرسیارێتی جێکەوتی کردارەکانمان و نەریتی شێوازی ژیانمان کە پەسەندیان دەکەین هەڵبگرین. بێگومان بابەتی بەرپرسیارێتی یان پابەندی ئاڵوگۆڕ کراو یەکێك بوو لە بابەتە سەرەکییەکانی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی کۆن، بەڵام بابەتێکی وەستاو بوو مادەم ئاوێتە ببوو بە چەمکی ئامادەکاری دەستە و کۆمەڵی. ئەمڕۆ پێویستە**

---

**(١) الطريق الثالث ٦٥.**

**بەدوای هاوسەنگیەکی نوێدا بگەڕێین لە نێوان بەرپرسیارێتییەکانی تاکایەتی و کۆمەڵی))[1].**

٣_ ڕۆڵی حکومەت:

**لیبڕالییەتی نوێ باوەڕی وایە بازارەکانی لە ئایندەدا شوێنی حکومەت دەگرنەوە، سەروەری بەدەست بازارەوە دەبێ، ئەم بیرکردنەوە ڕەگ و ڕیشەی هەیە لە لیبڕالییەتدا هەر لەوەتەی ڕۆژانی ڕێبازی کلاسیکی، دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی پێچەوانەی ئەمەیە.**

**جیدنز جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە وتن و ڕاگەیاندنی ئەوەی حکومەت یان دەوڵەت بایەخێکی ئەوتۆیان نییە وتەیەکی بێ واتایە؛ چونکە ڕۆڵی وایان هەیە کە ناکرێ بازار پێیان هەڵبستێ، باسی لیستێکی درێژی کرد، ئێمەش ژمارەیەکی لێ باس دەکەین:**

**- دابینکردنی ئامرازەکانی بۆ نوێنەرایەتی کردنی فرە بەرژەوەندییەکان.**

**- پێشکەشکردنی ڕوکارێك بۆ ئاشتەوایی نێوان بۆچوونە ململانێکارەکان دەربارەی ئەم بەرژەوەندییانە.**

**- پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە میانەی جڵەوگیرکردنی هۆکارەکانی توندو تیژی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پۆلیسی.**

**- پاراستنی بەرنامەیەکی یاسایی کارا.**

---

[1]) الطريق الثالث ٧١.

**- پاراستنی هاوپەیمانیە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، دەستەبەرکردنی ئامانجەکان لەسەر ئاستی جیهانی[١].**

**جیدنز پێی وایە بیرۆکەی ئەوەی کە دەڵێ بازار و سەرمایە جێگەی دەسەڵات دەگرنەوە بیرۆکەیەکی خەیاڵاوییە[٢]، ئەوەش کە جەخت لەسەر دروستی تێڕوانینی جیدنز دەکات ئەوەیە کە گەورەترین سەرپەرشتیکاری ئابووری بازار (ئەمریکا) وازی لە ئەرکەکانی نەهێناوەو هێشتا سەرپەرشتی بەڕێوەربردنی بازار دەکات، یەکێك لەو وێنانەی سەرپەرشتییەکە پاراستنی ئابوورییە لە پێناو پیشەسازی نیشتمانی، لەم ڕۆژانەدا ململانێ لە نێوان چین و ئەمریکا بەرپا بووە لەم بارەوە، دانوستانەکان بەردەامن بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئەمریکا هاتنی بەرهەمی چینی بۆ ناو بازارەکان سنووردار دەکات.**

**بیرۆکە پوختەکەی لیبڕالییەت بە وێنە تیۆرییە دڕندانەکەی شیاوی جێبەجێکردن نییە؛ چونکە سەردەکێشێ بۆ ڕووخان و کاوڵکاری کۆمەڵگەکان، بەو کۆمەڵگانەشەوە کە لیبڕالییەت جێبەجێ دەکەن.**

بەرنامەی ڕیگەی سێیەم:

**لێرەدا دەبێ ئاماژەیەکی گشتی بکەین بە بەرنامەی ((ڕێگەی سێیەم))، سیاسەتی ڕێگەی سێیەم لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:**

---

**(١) بڕوانە: الطريق الثالث ٨١ - ٨٢.**

**(٢) بڕوانە: الطريق الثالث ٧٧.**

_ ئامانجی گشتی ڕێگەی سێیەم بریتییە لە: هاریکاری هاوڵاتیان بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان ببڕن لە سایەی جیهانگیری و وەرچەرخان لە ژیانی تاکەکەسی و پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە[1].

_ پەسەندکردنی سیاسەتێکی ئەرێنی دەربارەی جیهانگیری، بەڵام بەوپێیەی دیاردەیەکە کە فراوانترو ڕەهەند دوورتە لە بازاری جیهانی[2].

_ پاراستنی نرخی دادگەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی یەکسانی دەکرێ لەگەڵ ئازادی تاکەکەسی تێکبگیرێ، بەڵام ئەگەر ڕێژەی یەکسانی زیاد بکرێ ئەوا دەبێتە هۆی فراوان کردنی سنووری ئازادییەکانی بەردەم تاك. سیاسەتی ڕێگەی سێیەم واتای یەکسانی دیاری دەکات بەوەی بریتییە لە: گرتنەخۆ، نا یەکسانیش واتە: بە کۆیلەکردن، واتای لەخۆگرتن گوزارشت لە: هاوڵاتی بوون و ماف و ئەرکە شارستانی و سیاسی و فەراهەم کردنی هەلی یەکسان دەکات[3]. تێبینی ئەوە دەکرێ کە جەخت لەسەر لایەنی ڕەچاوکردن دەکرێتەوە بێ قسەکردن لەسەر یەکسانی ئابووری وەك چۆن بۆچوونی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی وایە.

_ پێویستی بەستنەوەی مافی هاوڵاتیان بە بوونی بەرپرسیارێتی لای هاوڵاتی، جا فەرەبووەکانی بێکاری کە حکومەت دەیدات پێویستە پابەندکردنی لەگەڵدابێ بە گەڕانی بەردەوام بەدوای کاردا، پێویستە لەسەر حکومەت دەستەبەری ئەوە بکات کە هانی بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی نەدات لەسەر تەمبەڵی کردن لە گەڕان

---

(1) بڕوانە: الطریق الثالث ٩٩.

(2) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(3) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٤١.

**بەدوای کاردا. هەر لەبەر ئەمە سیاسەتی ڕێگەی سێیەم دروشمێکی سەرەکی بۆ خۆی دانا کە بریتییە لەوەی: ((هیچ مافێك بێ بەرپرسیارێی نییە))، ئەمەشی بە بنەمایەکی ڕەوشتی دانا[١].**

**_ دۆزینەوەی وێنەیەکی هاوسەنگ بۆ ئابووری تێکەڵاو، چەمکی ڕێگەی سێیەم بۆ ئابووری تێکەڵاو پشت دەبەستێت بە: ((فەراهەم کردنی هاوسەنگی لە نێوان هەر دوو کەرتی تایبەت و گشتی، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بازار، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی. ئەمە ئەوەش لەخۆ دەگرێ کە دەبێ هاوسەنگی بدۆزرێتەوە بۆ زاڵ بوون و زاڵنەبوون بەسەر ئاستی ئەوەی ڕێڕەوەکان دەبڕێ بۆ نەتەوەکان))[٢].**

**_ چاککردنی دەوڵەتی ڕەفاهیەت بە دۆزینەوەی جێگرەوە بۆی ئەویش بریتییە لە دەوڵەتی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی نەرێنی، هەروەها کاراکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی بۆ بەشداربوون لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵگەیە، سوکردنی ئەرکی سەر شانی دەوڵەت لەم بوارەدا.**

**جیدنز دەڵێت: ((دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دوای چاکسازی تێداکردنی چۆن دەبێتە چاکسازی تێداکراوی ڕیشەیی (واتە: دەوڵەتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی ئەرێنیدا؟ ئا لێرەوە بە واتا ئەرێنیەکەی دارایی خەرج دەکرێ لە خۆشگوزەرانی)، دابەشکردنی خۆشگوزەرانی تەنها لە ئەستۆی**

---

**(١) بڕوانە: الطريق الثالث ١٠٠.**
**(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٣٧.**

**دەوڵەت نییە، بەڵكو بە بەشداری دەوڵەت دەستەكانی ترە كە پرۆژەی كەرتی كرێكارانیش دەگرێتەوە. ئەم كۆمەڵگەی خۆشگوزەرانییە بریتی نییە لە خودی نەتەوایەتی بەڵكو بۆ پێش و پاش نەتەوایەتیش درێژبووەتەوە.**

**بۆ نموونە زاڵبوون بەسەر پیسكردنی ژینگە ناكرێ تەنها ئەگەر ئەركی حكومەتی نەتەوەیی بێت، بە دڵنیاییەوە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە خۆشگوزەرانیەوە.**

**لە كۆمەڵگەی خۆشگوزەرانیدا گۆڕان ڕوودەدات لە گرێبەستی كۆمەڵایەتی نێوان تاك و كۆمەڵگە، چونكە سەربەخۆیی خود و هاوشێوەكەی _ كە بەو نێوەندگیرە دادەنرێ كە بازنەی بەرپرسیارێتی فراوان دەكات _ بووەتە سەرچاوەی بایەخ پێدانی سەرەكی. خوشگوزەرانی بەم واتا سەرەكییە مایەی بایەخی دەوڵەمەندان و هەژارانە لە یەك كاتدا[1].**

**لێرەدا ناتوانین بە تێروتەسەلی بدوێین لەسەر بەرنامەی هزری و كرداری (ڕێگەی سێیەم)، بەڵام ئاماژەكان پێشوو پەیڕەوی هزری ئەم بەرنامەیە و ئەندازەی پەیوەست بوونی بە لیبڕالییەتەوە ڕوون دەكاتەوە.**

**چەند پرسێكی تریش هەن كە ڕێگەی سێیەم چارەسەری كردووە وەك: پاڵپشتی كردن و بەهێزكرنی دیموكراسییەت، دۆزی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەرهەمهێنان و ستراتیژییەت، بابەتەكانی ژینگە، خێزان، داب و نەریت، بازار لە**

---

**(1) الطريق الثالث ١٦٨.**

نێوان بەڕەڵاکردنی ململانێ و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جگەلەوانە[1]. لە میانەی خوێندنەوەی هزرەکانی ڕێگەی سێیەم بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وازی هێناوەو دەستی هەڵگرتووە بەشێوەیەکی سەرەکی لە بنچینەکانی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی، نزیك بووەتەوە لە لیبڕالییەتی نوێ، هەوڵیداوە لێکدانەوە بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان بکات و واتاکانی بگۆڕێ بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەی کە لیبڕالییەتی نوێ سەپاندوویەتی.

هەروەك چۆن دەردەکەوێ کە تەواو قەناعەتی بە ئامرازو شێوازەکانی بازارو کەم کردنەوەی پەیوەندی دەوڵەت بە ئابوورییەوە هەیە، هەوڵیداوە دەوڵەت دوور بخاتەوە لە بازارو خەرجی گشتی لەگەڵ مانەوەی هەندێك دروشمی کۆمەڵایەتی کە پێم وایە ئامانج لە مانەوەی بریتییە لە تێکنەگیران لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەوروپی بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگەی بەریتانی بەشێوەیەکی تایبەتی. لەوانەیە پاشکۆیەتی سیاسی حزبی کرێکارانی نوێ لە بەریتانیا بۆ پارێزگارە نوێکان لە ئەمریکا ئەم دیدە نزیك دەکاتەوە بەڵکو جەختی لەسەر دەکاتەوە.

---

(١) بگەڕێوە بۆ سەرجەم ئەم بابەتانە بۆ کتێبی: (ڕێگەی سێیەم، نوێکردنەوەی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی) دانراوی ئەنتۆنی جیدنز، ئەم کتێبە سەرچاوەی سەرەکی ئەم هزرەیە.

## چوارەم: لیبڕالییەتی نوێ (قوتابخانەی شیکاگۆ)[1]:

قوتابخانەی شیکاگۆ لەلایەنی هزرییەوە دەدرێتە پاڵ کلاسیکییەتی نوێ، هەوڵێکە بۆ زیندوو کردنەوەی هزری کلاسیکی لەلایەنی ئازادی تاکایەتی و قەدەغەکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت، ئازادییە سەرەکییەکانی تاك، ئەم قوتابخانەیە ناوی لەخۆنا: لیبڕالییەتی نوێ (نیولیبڕالی یان قوتابخانەی نەختینەیی).

لە ناو ڕەوتی کلاسیکیدا ئەم قوتابخانەیە بە چەند خەسڵەتێك تایبەتمەند بوو، بە هەندێ بیرۆکە جیاواز بوو، لە دیارترینیان جیاکردنەوەی ئابووری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەگەورە دانانی ڕۆڵی دراو لە گەشەی ئابووری یان شکستخواردنی، هەر بۆیە لە ڕەوتی نەختینەیی یان قوتابخانەی ڕەخنەیی یاخود قوتابخانەی نەختینەیی.

ئەم قوتابخانەیە لە ماوەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، _ سەرەتا _ کورت ببووە لە هۆڵەکانی خوێندنی ئەکادیمی و دەرکراو و کتێبە

[1] ئەم قوتابخانەیە دەدرێتە پاڵ مامۆستاکانی هزری ئابووری لە زانکۆی شیکاگۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم مامۆستایانە ڕەوتێکی هزریان پێکهێنا، سەرەتاکانی لە هۆڵەکانی زانکۆ و توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا بوو، دوای نزیکەی سی ساڵ بووە سیاسەتێکی ئابووری بۆ دوو دەوڵەتە مەزنەکەی جیهان (ئەمریکا - بەریتانیا)، ئێستاش وەرچەرخا و بووە هزرێکی جیهانی کە دەوڵەتە پیشەسازییە مەزنەکان وەریانگرت، دەویسترێ بسەپێنرێ لە میانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، جیهانگیری ئەم هزرەی داهێنا و دایڕشت و بەرگری لێکرد. دیارترین بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە: میلتۆن فریدمان (کە هێشتا زیندووە) و فریدریك هایك کە لە ساڵی ١٩٩٢ز مرد.

زانستییەکان، بەڵام لە هەشتاکان بووە سیاسەتی گەورەترین دوو دەوڵەتی سەرمایەداری (ئەمریکا، بەریتانیا)، ئەم سیاسەتە بە (ریگانیەت) یان (تاتشریەت) ناسرا، ئەم دوو ناوە جێبەجێکردنی بۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەیەن.

ئەم قوتابخانەیە بە عەقڵی بیرکەرەوەی بانگەشەی جیهانگیری دادەنرێ، نموونەی لیبڕالی سەپاند بەسەر جیهاندا لە میانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتە پیشەسازییە مەزنەکان.

ئەم قوتابخانەیە دژی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی و بیرۆکەکانی (کینز) وەستا، ئەم قوتابخانەیە پێی وابوو دەستێوەردانی حکومی سەردەکێشێت بۆ پێشێلکردنی ئازادی تاکەکەسی و تاکڕەوی، ئەم ئاڕاستەیەی کینزیەت کە پۆشاکی لیبڕالییەتی پۆشیوە لە ڕاستیدا بریتییە لە ئیشتراکییەتی تاکڕەوی هەمەلایەن، پلاندانان گەشەی شارستانیەت لاواز دەکات، چونکە گەشە پەیوەستە بە نا ناوەندنی بوون (اللامركزية) و بەرپاکردنی ململانێی تەوا[1]، لەبەر گرنگی ئەم قوتابخانەیە شوێنەوارە کاولکەرەکانی لە واقیعی هاوچەرخدا، ئەوا لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوە قسەی لەسەر دەکەین:

یەکەم: خەسڵەتە سەرەکییەکانی هزری نەختینەگەراکان.

دووەم: جێبەجێکردنەکانی لیبڕالییەتی نوێ و شوێنەوارەکانی.

سێیەم: ڕەخنەگرتن لە دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی.

---

(1) بڕوانە: الطريق الثالث ٦٢.

## یەکەم: خەسڵەتە سەرەکییەکانی هزری نەختینەگەراکان:

نەختینەگەراکان سوودیان بینی لە قەیرانی ئابووری کە دووچار تیۆری کینزی هات، وەك چۆن پێشتر کینزییەکان سوودیان بینی لە قەیرانی بێ بازاری مەزن (١٩٢٩ز)، ئەم قەیرانانە ئاماژەی ترسناکیان هەیە، ئەم ئاماژانەش ئەوەن کە سیستەمی سەرمایەداری کە لەسەر هزری لیبڕالی دامەزراوە بەشێوەیەکی خودی و ئەندامی قەیرانەکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ناکرێ قەیرانەکان لێی جیا ببنەوە.

هیچ ئاڕاستەیەك لە ئاڕاستەکانی سەرمایەداری لیبڕالی نایەوێت دان بنێت بەم ئاماژە مەترسیدارانە کە کەم و کورتییەکە دەگێڕێتەوە بۆ ڕێگەی جێبەجێکردن.

دەکرێ ئاماژە بە گرنگترین نیشانە سەرەکییەکانی هزری نەختینەگەراکان بکرێ لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

أ_ پێدانی بەرایی و بایەخی سەرەکی بە دراو لە سیاسەتی ئابووریدا، ڕاڤەکردنی ناجێگیری سیستەمی سەرمایەداری لە میانەی نەختینەیی ئاڵوگۆڕ کراو بێ پەیوەست بوون بە جوڵەی بەرهەمهێنان و بەکاربردن. پێیان وایە دەکرا ناهەمواری بێ بازاری مەزن تێپەڕێنرێت ئەگەر دەستەڵاتداری نەختینەیی ئەمریکی لێشاوی تەواوی دراوی بۆ بانکەکان دابینکردبا، دەسەڵاتدارەکان ئەمەیان

نەکرد، بۆیە دەرەنجام بێ بازاری زیاتر بوو[١]. ئەوپەڕی گرنگی دراوە بە دراو لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵاوسان، چونکە دیاردەیەکی دراوی پوختە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ڕێگەی جێبەجێ کردنی ڕاستەقینەی سیستەمی سەرمایەداری[٢].

ب_ بێکاری دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابووریدا کە کارایی جوڵەی نرخی پەکخستووە لە بازاری کاردا، ئەوەی بەرپرسە لە بێکاری ئەو دەوڵەتانەن کە دەیانەوێ بەگەڕخستنی تەواو فەراهەم بکەن، چارەسەری نموونەیی بۆ بێکاری لە ڕێگەی هێزی بازارەوە دەبێ لە میانەی کەم کردنەوەی کرێی کار، نەختینەگەراکان پێیان وایە داواکارییەکانی سەندیکای کرێکاران سەبارەت بە بەرزکردنەوەی کرێیەکان و هاریکاری دەوڵەتان بۆ بێکاران کارایی بازار پەکدەخات و دواتر بێکاری زیاد دەبێ نەك کەم[٣].

لە چارەسەرییەکەی نەختینەگەراکان بۆ بێکاری ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کۆکە لەگەڵ هزری کلاسیکی و تێڕوانینی کلاسیکی بۆ هێزی بازارو یاسای کرێ و دەستێوەردانی دەوڵەت و جگەلەوانە.

تووندڕەوی و سەختگیری وای لە نەختینەگەراکان کرد کە چاکە و باشە ڕەت بکەنەوە لە هەر لایەکەوە بێ، دژی هاریکاری کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی مرۆیی هەژاران و نەداران بێ، ڕەگ و ڕیشەی ئەم هزرانە دەگەڕێنەوە بۆ ((ڕۆبێرت ماڵتس)) کە جەنگەکانی پێ چاکترە لە هاریکاری و یارمەتییەکان.

---

(١) بڕوانە: دلیل الفكر الإقتصادي ١٥٦.

(٢) بڕوانە: الأهرام الإقتصادي، العدد ٢٢٧، ٢٠/ ديسمبر/ ١٩٨٢ز، لا ٣٤.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٣٥.

یەکێك لە مامۆستاکانی ئابووری لە زانکۆی شیکاگۆ کە (د. لیدلز)ە شەرمەزار نابێ کاتێك واگومان دەبات چارەسەری کێشەی بێکاری پێویستە لە میانەی زیادکردنی ڕێژەی پەسەندی بێکارییەوە بێ، ئەمەش پاساو دەدات بەوەی بەرز بوونەوەی ئەم ڕێژەیە کرێیەکان کەم دەکاتەوە، دواتریش تێچووەکانی بەرهەم دادەبەزێت، پاڵنەرەکانی بەکرێگرتنی کرێکاران و خستنەکاریان زیاد دەبێ، ناوبراو پێی وایە جگەلەم بەرزبوونەوەیە هیچی تر نییە[1].

لە ڕاستیدا هیچ بەگەڕخستنێك بۆ کرێکاران لە دوای بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بوونی نییە، بەڵکو تاکە سوودمەندی سەرەکی بریتین لە دەوڵەمەندان لەسەر حیسابی هەژارو نەدارو دەستکورت و خاوەن بارودۆخە تایبەتەکان.

پ_ دەستەبەرکردنی ئابووری خستنەڕوو، ئەمە زاراوەی نەختینەگەراکانە مەبەستیان لێی زیندووکردنەوەی یاسای ((سای))ە بۆ بازارەکان. ئەم هزرە پشت بەوە دەبەستێت کە خستنەڕوو بریتییە لە بنچینە و بنیات لە سیاسەت و ئابووریدا، چونکە پیاوانی کار هاندەدات بۆ بەرهەمهێنان، بەمەش خواستی یەکسان بە خستنەڕوو دێتە کایە، بەمەش هاوسەنگی دروست دەبێت لە نێوان خستنەڕوو و خواست بەشێوەیەکی خۆبزێو لەلایەن هێزی سروشتی بازار (دەستی شاراوە). ئەمە سەردەکێشێت بۆ زیادبوونی بەرهەم و بەگەڕخستنی کرێکاران لە یەك کاتدا، بەمەش بەگەڕخستنی تەواو فەراهەم دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی خەرجی حکومی و چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە و کێشەی قەرزەکان.

---

[1]) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٣٥.

بەڵام بۆ فەراهەم کردنی ئەمە نەختینەییەکان پێویستیان بە فەراهەم کردنی ئاسایش و ئازادی ڕەها و دەستەبەرکردنی سامان و کارکردن هەیە لەسەر پاڵنەرەکانی بەرهەم هێنان لە میانەی کەم کردنەوەی باجی داهاتی سەپێنراوە سەر قازانجە جیهانییەکانی دەوڵەمەندان و کەم کردنەوەی باجەکانی سەر سەرمایە[1].

ئەم وێناکردنە نموونەییە ئامانجە سەرەکییەکەی دابەزاندنی باجەکان و دەستهەڵگرتنی حکومەتە لە دەستوەردانە ناو ئابووری لەلایەنی ڕێکخستنی یان هاریکاری کۆمەڵایەتی یاخود کارکردن لەهەمبەر بەرپرسیارێتیەکانی وەك فەراهەمکردنی خوێندن و تەندروستی بێ بەرامبەر، پاراستنی ژینگە لە ژەهری ئەو کارگانەی زیان بە هاوڵاتیان دەبەخشن و هاوشێوەی ئەمانە، بەڵام بێ هیچ پێشکەوتنێك لە بەدەستهێنانی دابەزاندنی ڕێژەی بێکاری یان بەگەڕخستنی تەواو یاخود هەر بەڵێنێکی تری خەیاڵاوی و خەونخۆش.

ت_ بانگەشەکردن بۆ ئازادی ڕەها لە ئابووریدا، گێڕانەوەی ڕاو بۆچوونەکانی ڕێبازی کلاسیکی لەوەی پەیوەستە بە یاسای سروشتی و دەستی شاراوە کە بازار ڕێك دەخات بێ دەستێوەردان، چاککردنی کێشەی بێکاری لە میانەی یاسای کرێی ئاسنین، نوێکردنەوەی تاکایەتی بە واتا تەواو خۆویستەکەی، بە کورتی گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی: ((ئادەم سمیس و ڕیکاردۆ و مالتس)) و هاوشێوەکانیان. ((میلتۆن فریدمان)) لە کتێبەکەیدا ((سەرمایەداری و ئازادی)) ئازادی ئابووری بە مەرج دادەنێ بۆ ئازادی سیاسی، چونکە زیادبوونی دەستێوەردانی دەوڵەت لە

---

[1]) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣٦.

**کاروباری ئابووریدا پەیوەستە بە کۆت و بەندکردنی ئازادییە سیاسی و کەسییەکان و ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەوڵەتی تاکڕەوی هەمەلایەن[1].**

**لە میانەی خەسڵەت و نیشانە سەرەکییەکانی ڕابردوو بەدەردەکەوێ کە نەختینەگەراکان پابەندن بە بیرۆکەکانی ڕێبازی کلاسیکی تەنها لە تیۆری (نەختینەیی)دا نەبێ کە کلاسیکییەکان ئەو بایەخەی پێ نادەن لە کاتێکدا نەختینەگەراکان بەشتێکی سەرەکی دەزانن لە تیۆری ئابووریدا، هەر بۆیە بەم تیۆرە جیاکرانەوەو درانە پاڵی. سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە ئازادی تاکەکەسی و خاوەندارێتی تایبەت و یاسای سروشتی و یاسای کرێ ئاسنین و جگەلەوانەش ئەوا هەر دوو ڕێبازەکە تەواو کۆکن، بەڵکو لەوانەیە لە ڕێبازی کلاسیکی توندڕەو تر بێ وەك لە جێبەجێکردنەکاندا دەخرێتەڕوو.**

## دووەم: جێبەجێکردنەکانی لیبرالییەتی نوێ و شوێنەوارەکانی (دەرەنجامی کرداری ڕەخنەگران):

**بیرۆکەکانی قوتابخانەی شیکاگۆ (قوتابخانەی نەختینەیی/ نەختینەگەراکان) لە سایەی شکستی تیۆری کینزی دەرکەوت، ڕووبەڕووی دەردو نەخۆشییەکانی ئابووری سەرمایەداری لیبڕالی بووەوە، لە حەفتاکان زیاتر گەشەی کرد؛ ئەمەش وایکرد کۆمەڵێك دەوڵەتی پیشەسازی ئامادەبن بۆ جێبەجێکردنی وەسفی نەختینەیی بۆ کێشەکانی ئابووری.**

**سەرەتای ئەم ئامادەییەش ئەو ڕاپۆرتە بەناوبانگە بوو کە لەلایەن ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری بۆ گەشەپێدان دەرچوو (کە ٢٤ دەوڵەتی**

---

**[1]** بڕوانە: الرأسمالية والحرية ١٤.

سەرمایەداری لەخۆ دەگرێت)، بە پێشنیاری سکرتاریەتی ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵێك لە پسپۆرانی نێودەوڵەتی هەڵسان بە دارِشتنی.

ئەم ڕاپۆرتە ناوی ((بەرەو بەگەڕخستنی تەواو و جێگری نەختینەیی)) هەڵگرتبوو _ لە ساڵی ١٩٧٧ز لە پاریس دەرچوو _ ئەم ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی ڕوون ڕەخنەی گرتووە لە سیاسەتەکانی تیۆری کینزی و بەرپرسیارێتی کێشە هەنووکەییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەخاتە ئەستۆی تیۆری کینزی. لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا حکومەتەکان ڕاسپێردران بە وەرگرتنی پوختەی بۆچوونەکانی ((قوتابخانەی شیکاگۆ))[1].

دواتر گەشەی ئەم قوتابخانەیە زیادی کرد تا وایلێهات چووە ناو بەرنامەی هەڵبژاردنی زۆرێك لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی خۆرئاواو ئەمریکای باکور. ئەم بیرۆکانەی قوتابخانەی شیکاگۆ گەیشتنە سەر تەختی دەسەڵات لە دوو ئەزموون و لە یەك کاتدا لە دوو دەوڵەتی مەزنی پیشەسازیدا کە بریتی بوون لە: بەریتانیا ساڵی ١٩٧٩ز، ئەمریکا ١٩٨١ز.

ئەزموونی بەرِتانیا بە تاتشرییەت ناسرا، هەروەك ئەزموونی ئەمریکاش بە ڕیگانیەت ناسرا، ئەم دوو ئەزموونە و شوێنەوارەکانیان ڕوون دەکەینەوە، لە میانەی ئەمە هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکانی قوتابخانەی شیکاگۆ (لیبرالییەتی تازە) دەردەکەوێت.

---

(1) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٢٢٨، ٢٧/ ديسمبر/ ١٩٨٢ز، لا ٣٥.

## ١_ تاتشرییەت:

مارگرێت تاتشر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا سەرکەوت بەسەر حیزبی کرێکاران کە ململانێی ئەویان دەکرد، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیری گرتەدەست لە ساڵی ١٩٧٩ز، ئەمەش لە سایەی چەندین سەختی و ناهەمواری نوێ بوو کە ئابووری بەریتانی پێیدا تێدەپەڕی[1]، بەتایبەت کە حیزبی کرێکاران تیۆری کینزی داڕووخاوی پەیڕەو دەکرد.

تاتشر سیاسەتی ئابووری گۆڕی، بەرنامەی کینزی کە حیزبی کرێکاران پەسەندی کرد بوو ڕەتی کردەوە، ڕایگەیاند کە ئەرکی سەرەکی گەڵاڵە دەبێ لە دەستەبەربوونی جێگیری نەختینەیی.

بەرنامەی ئابوریەکەی (تاتشر) خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینیەوە:

١_پێویستی گرتنەبەری سیاسەتێکی نەختینەیی نەگۆڕ کە کار بکات لەسەر چوارچێوەیەك لە چەندێنی دراوی دەستاودەست پێکراو.

٢ _ جێبەجێکردنی ڕێککاری دابینکردن لە بواری خەرجی گشتی، بەتایبەت لە بوارەکانی خزمەتگوزاری شارستانی و چاودێری کۆمەڵایەتی بە پاساوی چارەسەرکردنی کورتهێنان لە بودجەی گشتی و کەم کردنەوەی پێویستی قەرزکردن.

---

(١) بڕوانە سەختی و ناهەمواریەکان بە ئامار: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٢٢٨، ٢٧/ دیسمبر/ ١٩٨٢ز، لا ٣٥.

٣_ کەم کردنەوەی گەشەی کەرتی گشتی بە فرۆشتنی بەشێکی بە کەرتی تایبەت یان پوختەکردن و بژارکردنی دۆڕاو بۆ زیادکردنی لێهاتوویی بەرهەمهێنان.

٤_ دانانی باجی زیاتر بەسەر کەل و پەل و خزمەتگوزارییە بەکاربەرییەکان، پێویست و نا پێویستەکان.

٥_ کەم کردنەوەی باجەکانی سەر داهاتە باڵاکان بۆ ئەوەی پاڵنەری نوێ بدرێتە بەرهەمهێنان بۆ بەرهەمهێنان.

٦_ کۆت و بەند هەڵگرتن لەسەر تێچووە دەرەکییەکان.

٧_ بە توندی ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی سەندیکاکانی کرێکاران لە بواری داواکاریان سەبارەت بە داوا بەردەوامەکەیان بۆ زیادکردنی کرێ[1].

لە میانەی ئەم بەرنامەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تا چەند تاتشر پەیوەستە بە بیرۆکە و هزرەکانی نەختینەگەراکان، چەندە لایەنگیری پیاوانی کارو بازرگانان دەکات، دژی خەرجی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت دەوەستێتەوە، ئەمەش زیان بە هەژارو نەداران دەگەیەنێ.

دەرەنجامی ئەم وەسفە نەختینەییە و شوێنەوارەکانی پێچەوانەی ئەوەبوو کە مامۆستاکانی زانکۆی شیکاگۆ پێشبینیان کرد، دەکرێ بەوپێیەی لە خوارەوە دەخرێتەڕوو ئەم شوێنەوارانە ڕوون بکرێنەوە:

- قوڵکردنەوەی بێ بازاری لە ئابووری بەریتانیا، بەهۆی سیاسەتی داکشانی تۆکمە، جا بۆ نموونە ڕێژەی گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی لە ٤,١٪ (بە سالیب) لە

[1]) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٢٢٨، ٢٧/ دیسمبر/ ١٩٨٢ز، لا ٣٦.

ساڵی ١٩٨٠ز بووە ٩, ١٪ لە ساڵی ١٩٨١ز. بەرهەمی پیشەسازی بەریتانی لە ساڵی ١٩٨٠ز بە ڕێژەی ٦, ٦٪ لە چاو ساڵی پێشتر دابەزی، لە ساڵی ١٩٨١ز ٤٪ دابەزینەکە زیاتر بوو، قەبارەی کەل و پەلی کۆگا کراو زیادی کرد لە دەرەنجامی لاوازی توانای کڕینی دانیشتووان و زیاد بوونی بێکاری، ئەمەش بووە هۆی مایەپووچ بوونی کارگەکان.

- دابەزینێکی بەرچاو لە حەز کردن بە بەرهەمهێنان، جا لە ساڵی ١٩٨١ز ئەم حەزە بە ڕێژەی ٤, ٨٪ لە چاو ساڵی پێشتر دابەزی، لە ساڵی ١٩٨٢ز بە ڕێژەی ١٪ دابەزیەوە، ئەم دابەزینە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخەکان، هەڵاتنی سەرمایەکان بۆ بازارەکانی ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکان دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆت و بەندەکانی سەر سەرمایە.
- زیاد بوونی بێکاری لە دەرەنجامی بێ بازاری پێشوو، سەرباری ئەوە ئەوا ڕێژەی گەشە و نزم بوونەوەی بەرهەم و حاڵەتەکانی مایەپووچی داخستنی کارگەکان و حەزکردن بە بەرهەم هێنان باڵی کێشا.

بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٠ز ڕێژەی بێکاری بۆ ٦, ٧٪ بەرزبووەوە کەچی لە ساڵی ١٩٧٩ز ٦٪ بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ز ڕێژەی بێکاری گەیشتە ٩, ١٢٪، لە ساڵی ١٩٨٢ز ڕێژەکە بەرزبووەوە تا گەیشتە ٣, ١٣٪، ئەمە گەورەترین ڕێژەی بێکارییە لەوەتەی بێ بازاری مەزن لە سییەکان.

- بەرزبوونەوەی شت و مەکەکانی بەکاربردن، کەل و پەل لە ساڵی ١٩٨٠ز بە ڕێژەی ١٨٪ زیاتر بوو لە چاو ساڵی پێشوو، بەرزبوونەوەکە لە ساڵی ١٩٨١ز زیاد بوو بە ڕێژەی ٩, ١١٪، لە ساڵی ١٩٨٢ز بە ڕێژەی ٥, ٩٪ زیادبوو، جا زیاد بوونی کەل و پەل لە ساڵی ١٩٨٢ز لە چاو ساڵی ١٩٧٩ز بە ڕێژەی ٤, ٣٩٪

بووە، ئەمە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە و هەژاران و نەداران و خاوەن داهاتە سنووردارەکان ناخۆشییەکانیان چێژت، لەو کاتەی دەوڵەت لایەنی دەوڵەمەندانی گرت لە میانەی کەم کردنەوەی باجەکان و ئازادی ئابووری.

## ٢_ ریگانیەت:

سەرۆکی ئەمریکا ڕۆلاند ڕیگان بەرنامە ئابوورییەکەی پێشکەش کرد بەناوی (بەرنامەیەك بۆ گەشەی ئابووری) لە ١٨ فەبرایەری ١٩٨١ز، لەسەر تیۆری نەختینەیی بەرنامەکەی دارشتبوو، کە پێشتر بنەماکانی ئەم تیۆرەمان ڕوون کردەوە. ئەم گۆڕانە بە ڕیشەیی دادەنرێ لە سیاسەتی ئابووری ئەمریکیدا، کە پێشتر لە ساڵی ١٩٤٥ز تا ١٩٨٠ز لەسەر ڕێبازی کینز بوو، هەر بۆیە ڕیگان و ڕاوێژکارەکانی بەوە گوزارشتیان لە بەرنامەکەیان کرد کە جیابوونەوەیەکی ڕیشەییە لە ڕابردوو، لە ڕاستیدا بەرنامەکەی دووبارە کردنەوەی ئەزموونەکەی تاتشریەتە، ڕەگ و ڕیشەکانیشی دەگەڕێنەوە بۆ هزری کلاسیکی کە بە درێژایی سەدەی نۆزدەم جێبەجێکرابوو.

وەك نەریتی باوی لیبڕالی بەرنامەکە جەختی کردبووە لەسەر سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت، گواستنەوەی کەرستەکان بۆ کەرتی تایبەت، کەمکردنەوەی خەرجی حکومی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ خەرجکردن بە دەستکراوانە لە بواری پڕچەك کردندا.

بەرنامەی ڕیگانی لە خەسڵەت و نیشانە سەرەکییەکاندا جیاواز نییە لەگەڵ بەرنامەی تاتشری، ئەمەش لە: کەم کردنەوەی خەرجی حکومی، کەم کردنەوەی

باجی سەر شانی دەوڵەمەندان، گرتنەبەری سیاسەتێکی نەختینەیی جێگیر، ڕازی بوون بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بەوپێیەی شتێکی سروشتییە.

لەوانەیە ئەوەی خاڵی جیاوازی ڕیگانی بێت بریتی بێ لە زیادەی بەرچاو لە خەرج کردن لە بواری پرچەککردندا. هەر بۆیە دەرەنجامەکانی ئەم بەرنامەیە کۆك بوو لەگەڵ دەرەنجامەکانی بەرنامەی تاتشریەت لە ڕووی: قوڵکردنەوەی بێ بازاری لە ئابووری ئەمریکیدا، شکست هێنان لە دابەزاندنی کورتهێنانی بودجە بەتایبەت کە لەبەرامبەر کەم خەرج کردن لە بواری کۆمەڵایەتی ئەوا خەرجی لە بواری پرچەککردندا زیادکراوە، جا لە بودجەی ساڵی ١٩٨١ز خەرجی پرچەککردن گەیشتە ١٥٩, ٨ ملیار دۆلار، ئەمە یەکسانە بە دوو جار و نیو ئەوەندەی کورت هێنان لە بودجەی فیدراڵیدا، دواتر بودجەی پڕ چەککردن بەرز بووە تا لە ساڵی ١٩٨٢ز گەیشتە ١٨٧, ٥ ملیار دۆلار، وا دەردەکەوێت کە جوڵاندنی کۆمپانیاکانی چەك و بیروباوەڕی ئاینی[1] _ بۆ نموونە: ڕیگان باوەڕی بە جەنگی (هەرمەجدۆن) هەبوو _ کاریگەری هەرە بەرچاویان هەبوو لەسەر ئەم خەرجییە مەزنە لە بواری پڕ چەککردندا[2]. کۆمەڵگە ئەم بەرنامە ئابوورییەی ڕەتکردەوە، چونکە لایەنگیری دەوڵەمەندانی دەکرد و ستەمی لە هەژارو نەداران دەکرد، هیچ پێشکەوتنێکی بەدەست نەهێنا لە دەرچوون لە قەیرانەکە، کاریگەری قەیرانی ڕیگانیەت لە جیهاندا هۆکار بوو بۆ ئەوەی ((هلمۆت سمیت))[3] ڕاوێژکاری

---

(١) بڕوانە: النبوءة والسياسة (كاملا)، والبعد الديني في السياسة الأمريكية (كاملا).

(٢) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧٣٢، ٢٤/ يناير/ ١٩٨٣، لا ٤١ – ٤٤، والرأسمالية ضد الرأسمالية ٤٥ ـ ٦٦.

(٣) هلمۆت سمیت: سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانیە، سەرۆکی حیزبی دیموکراسی کۆمەڵایەتییە، لە دوای ئابڕوچوونی جاسووسی کردن دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، بە میانڕەو ناسرا بوو، هەروەها بەوەش

حکومەتی یەکگرتووی ئەڵمانیا بڵێت: ((حکومەتەکەی ڕیگان لە ڕیزی ئەو حکومەتانە بوو کە هەنگاوی ئابووری هاوێشت بێ ڕەچاوکردنی دەرەنجامەکانی، بەمەش بەشداربوو لە دروستکردنی قەیرانەکە، بەشێوەیەك وایلێهاتووە ئێستا ڕووبەڕووی زیاد لە یەك کێشەی دارایی بووینەتەوە، ڕووبەڕووی قەیرانێکی ترسناك وەستاوین... لەسەرووی ئەمەشەوە لەوانەیە پێش بەهاری داهاتوو پێویست بێ هەوڵ و تەقەڵای زۆر بدەین بۆ ئەوەی هەندێك لە دەوڵەتە مەزنەکان لە مایەپووچ بوون ڕزگار بکەین... ئەو کاتە هەست دەکەین کە جیهان پێویستی بەڕابەرایەتی کردن هەیە))[1].

## لایەنەکانی لیبڕالییەتی نوێ:

ڕەوتی لیبڕالی نوێ دابەش بووە بۆ چەندین لایەن لە بانگەشەکردن بۆ ئازادی ئابووری ڕەها و هەڵسوکەوت کردن بە خۆویستی لە پڕوپاگەندە کردن بۆ هزری ئابووری.

لەم دوو لایەنانە دوو لایەنی سەرەکی کە گوزارشت دەکەن لە ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ڕەوتە بریتین لە:

## أ ـ سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت و دەست تێوەردانی لە چالاکی ئابووری:

بیرۆکەی سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی کلاسیکی کە دەوڵەت بە ئاشووبێك دادەنێ کە دەبێ هەر هەبێ، هەروەها بەرەڵاکردنی

ناسرابوو کە لایەنگیری ئەوە دەکات کە جەخت بکرێتەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی بە پلەیەك. معجم أعلام المورد ٢٦١ ـ ٢٦٢.

[1]) جريدة الأخبار المصرية ٢٤ نوفمبر ١٩٨٢.

ئازادییەکان بە ئازادی ئابووریشەوە بریتییە لە بنچینەی سروشتی تاك و کۆمەڵگە، مەرج و ڕێکخەرەکان باری لە ناکاون، ئازادی بنچینە و بناغەیە، تێکگیران نییە لە نێوان بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگە، هەوڵدانی تاك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەشێوەیەکی خۆپەسەندانە سەردەکێشێ بەرەو بەرژەوەندی کۆمەڵگە لە ڕێگەی هێزی بازار کە دەستی شاراوە دەیجوڵێنێت و دەستەبەری ڕاستکردنەوەی هەموو هەڵەیەك دەکات لە بازاردا، لەسەر دەوڵەت پێویستە ئاسایش و پاراستنی بۆ سەرمایەکان دابین بکات بێ کۆت یان مەرج دانان بۆ جوڵە یاخود گواستنەوەی لە ناوەوە یان لە دەرەوە، هەروەها دابەزاندنی باجەکان لەسەر دەوڵەمەندان بە پاساوی هاندان لەسەر بەرهەمهێنان، _ کەواتە _ ئەرکی دەوڵەت بریتی دەبێ لە خزمەتی سەرمایەداران نەك یارمەتیدان و پاراستنی هاوڵاتیان لە چنگی قۆستنەوەو پرۆسەی هەژارو نەدارکردن، تاڵانکردنی سەروەت سامانی وڵات و کاریگەری کردنە سەر بەها و ڕەوشتەکانی.

ئەم ڕەوتە هەڵوێستی نەرێنی هەیە لە یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەوڵەت پێشکەشی دەکات، وەك: پاڵپشتی کردنی کەل و پەلە پێویستەکان، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، خوێندن و تەندروستی و نیشتەجێکردنی بێ بەرامبەرو جگەلەمانەش، پاساوی ئەم هەڵوێستە نەرێنیە بەوە دێننەوە کە ئەم یارمەتییە کۆمەڵایەتیانە دەبنە هۆی کورتهێنانی بودجەی گشتی دەوڵەت، هەر بۆیە لە ڕێگەی وەرگرتن و قەرز ئەم کورت هێنانە پڕ دەکرێتەوە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ کێشانەوەی پاشەکەوتکراوەکان و فراوانکردنی خستنەڕووی دراو، ئەمەش دەبێتە مایەی لاوازی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی نرخەکان، بێگومان ئەمە زیان بە

**هاوڵاتی دەگەیەنێت[١]، بەمە لیبڕالییە نوێیەکان پێیان وایە خۆیان سورترن لەسەر چاکبوونی باری کۆمەڵاتی لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا!!.**

**سەبارەت بە بێکاری، ئەوە خرایەڕوو کە ئەم ڕەوتە پێی وایە دەبێت هەر هەبێ، چارەسەرکردنیشی بە دابەزاندنی کرێ کرێکاران و قەدەغەکردنی یارمەتی دانی هەژاران و کەم کردنەوەی باجی سەر شانی دەوڵەمەندان دەبێت، دوای ئەم شتە زۆردارانە پێیان وایە ڕێژەی بێکاری دادەبەزێ، گەشە بەرز دەبێتەوە، بەڵام هیچ یەکێك لەم بەڵێنانە لە واقیعدا ڕوویان نەدا[٢].**

## ب_ دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و سەرمایە لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان:

**پاڵپشتی کرانی دەوڵەمەندان لەلایەن لیبڕالییەتەوە بە دیاردەیەکی هزری دیار دادەنرێت. ئەگەر تیۆری کینزی پاڵپشتی لیبڕالییەکانی کردبێ لە ڕووی خواستی گشتی کارا و بەهۆی پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ هاوڵاتیان لە پێناو هاندانیان لە سەر خواست، خواستیش لەلای کینزییەکان نهێنی گەشەیە، ئەوا لیبڕالییە نوێیەکان ئەم ڕێبازەیان وەلانا، ئەوەیان هەڵبژارد کە دەرامەت و سەرووەت ڕاستەوخۆ دابەش بکرێ لە بەرژەوەندی دەوڵەمەنداندا، ئەمەش بە بانگەشەکردن بۆ دابەزاندنی باجەکانی سەر سەرووەتە مەزنەکان، فرۆشتنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و گواستنەوەی خاوەندارێتییەکی بۆ کەرتی تایبەت.**

**دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە ئەمە ڕوون بکرێتەوە:**

---

(١) بڕوانە: الليبرالية المتوحشة ٨٩.

(٢) بڕوانە: التضخم المستورد ٨٧ و لاپەڕەکانی دواتر.

**١ _ دابەزاندنی باجەکانی سەر سەروەت و سامانە مەزنەکان:**

**داواکردنی دابەزاندنی باجەکان پشت دەبەستێت بەوەی کە باجەکان بەرپرسن لە داڕوخانی پاڵنەرەکانی کار و بەرهەمهێنان. هەروەك بەرپرسە لە خۆدزینەوە لە باجدان، جا بەرزبوونەوەی باجەکان کارو بەرهەمهێنان کەم دەکەنەوە، دواتر هەلی کار کەم دەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆکاری کەڵەکەبوونی بێکاری.**

**لیبڕالییە نوێیەکان باوەڕیان وایە چارەسەری ئەم قەیرانە بە دابینکردنی ئاسایش و ئازادی ڕەها دەبێ بۆ سەروەتە مەزنەکان و دەستێوەرنەدانی دەوڵەت بە دانانی باجی زۆر، بەمە جوڵەی سەرمایە زۆر دەبێ و هاوردەکردن زیاد دەبێ بەهۆی کەمی باج، ئەم گەشەیە بەرهەم هێنانی زیاتر دێنێتە ئارا، ئەگەر بەرهەمهێنان زۆر بوو خستنەڕووش زۆر دەبێ، زیاد بوونی خستنەڕووش هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نابێت وەك چۆن نەختینەگەراکان بۆی دەچن؛ چونکە هێزی بازارو ئامرازەکانی وا دەکەن خستنەڕووی زیاد خواستی زیاد ڕابکێشێت بەمەش یەکسان دەبن، لەمەدا پشت دەبەستن بە یاسای (سای) کە لەسەر ڕێسای سروشتی و بیرۆکەی دەستی شاراوەی لای ((سمیس)) بنیاتنراوە[1].**

**بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە گەشەی ئابووری لەسەر بەرهەمهێنان وەستاوە، ئەم زیاد بەرهەمهێنانەش وەستاوەتە سەر بوونی پاڵنەرەکانی بەرهەم هێنان، پاڵنەرەکانیش پەیوەست دەبن بە ئازادی سەرمایە و کەمی کۆت و بەندەکان، لەو**

---

**(1) بڕوانە: اللیبرالیة المتوحشة ٩٢ _ ٩٣.**

**کۆت و بەندانە: باجە زۆرەکان، دامەزراوە پارێزرەکان کە دەوڵەت پشتیوانیان دەکات.**

**لێرەوە دەکرێ ڕەخنە لەم تێڕوانینەی لیبڕاڵییەتە بگیرێ بەوەی کەم کردنەوەی باجەکان سەر دەکێشێت بۆ کورت هێنانی بودجەی گشتی دەوڵەت، کورت هێنانی بودجە ئەو شتەیە کە لیبڕالییەکان گەلانیان پێ دەترساند لە کاتی باسکردنی یارمەتی کۆمەڵایەتی و مرۆیی، بەڵام لیبڕالییەکان بە ((چەماوەی لافر))[1] وەڵامی ئەم ڕەخنەیان داوەتەوە، چەماوەی ناوبراو بە دەق ئاماژە دەکات ئەگەر ڕێژەی باج سفر بێت، ئەوا بەرهەمیش سفر دەبێت، ئەگەر ڕێژەی باج ١٠٠٪ بێ ئەوا بەرهەمی باج تەواو لەناودەچێ، لە نێوان ئەم دوو لایە تاکە خاڵێك بوونی هەیە، لەسەر چەماوەکە کە دەکرێ لەلای ئەم خاڵە قەبارەی بەرهەمی باج گەورە بکرێ[2].**

**دەوڵەتە پیشەسازییەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا کێبڕکێیان کرد بۆ جێبەجێکردنی ((چەماوەی لافر))، باجەکانیان دابەزاند لەسەر سەرمایە زۆرەکان، جا لەم بارەوە ئابووریناس ((میهریبوز)) دەڵێت: ((دوای بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی (لافر) ڕێگان درکی بەوە برد کە پێویست ناکات بەدوای چارەسەرەکاندا بگەڕێت، بەڵکو چارەسەری بینیوەتەوە لەسەر هێڵی ڕوونکردنەوەی لافر. بۆشی دەرکەوت کە لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی کاتێك باجی زیادکراو لەسەر داهات ٩٠٪ ئەوا ناتوانێت کار نواندن بکات لە زیاتر لە چوار فیلمی**

---

(١) دراوەتە پاڵ ئابووریناسی ئەمریکی ئارسەر لافر.

(٢) بڕوانە: الليبرالية المتوحشة ٩٣، ململانێی کۆمەڵایەتی و هزری دەربارەی کورتهێنانی بودجەی گشتی وڵات لە جیهانی سێیەمدا _ ڕەمزی زەکی _ (بە تەواوی).

**سینەمایی لە ساڵێکدا[١]، چونکە هەر فیلمێکی زیاتر کاری نواندنی تێدا بکات ئەوا بە چوار فیلمەکەشەوە داهاتەکەی وەك باج دەچێتە گیرفانی دەوڵەتەوە، بەم پێیە و لە ئەنجامی شارەزاییە کەسییەکەی ئەوا بەتەواوی بیرۆکەی لافری بەدڵ بوو))[٢].**

**دەرەنجامی جێبەجێکردنی ((چەماوەی لافر)) و دابەزاندنی باجەکان لەسەر سەرمایە قەبارە مەزنەکان بریتی بوو لە:**

**١_ زیاد بوونی دەرامەتی کەرتی تایبەت، بەمەش دووبارە داهات دابەشکرایەوە لە بەرژەوەندی خاوەن کەرتی تایبەتی، ئەوانیش دەوڵەمەندەکان بوون.**

**٢_ زیادبوونی کورتهێنان لە بودجەی گشتی دەوڵەتدا، ئەمەش بەهۆی بەفیڕۆچوونی مەزنی بەرهەمی باج کە لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان دابەزێنرا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پوچەڵی دەرەنجامی ((چەماوەی لافر)) و ئەڵمانی لیبڕالی لەبارەی زیاد بوونی بودجە وەك خرایەڕوو.**

**لە نموونە ڕوونەکانی ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ((دێڤید ستۆکۆمان)) بەرپرسی بودجەی گشتی لە کارگێڕی (ئیدارە)ی ڕیگان دوو سیناریۆی دانا، کە تیایاندا ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە بە هاتنی ساڵی ١٩٨٦ز بە ئەندازەی ٢٨**

---

**(١)** ڕیگان یەکێك بوو لە نمایشکارە لێهاتووەکانی فیلمە سینەماییەکان کە هۆلیوود بەرهەمی دەهێنا پێش ئەوەی ناوبراو سەرۆکایەتی ئەمریکا بگرێتە ئەستۆ.

**(٢)** الإنهيار – يوم الإثنين الأسود ١٩ أكتوبر ١٩٨٧ز، لا ١٧١.

ملیار دۆلار بودجە زیاد دەبێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی هەمان کاتدا ئەوا ڕوون بووەوە کە کورتهێنان هەیە لە بودجەدا بە ڕێژەی ٢٢٦ ملیار دۆلار[1].

٢_ فرۆشتنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و گواستنەوەی خاوەندارێتییەکەی بۆ کەرتی تایبەت:

ئەمە ڕوویدا لەسەر بنچینەی دیدو تێڕوانینی قوتابخانەی شیکاگۆ (لیبڕالییەتی تازە) سەبارەت بەوەی دەوڵەت خراپترین بەرهەمهێنەرە، بۆیە دەبێ واز لە بەرهەمهێنان بهێنێ بۆ کەرتی تایبەت؛ چونکە فراوانکاری دەوڵەت لە بەرهەم هێناندا هەلەکانی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت کەم دەکاتەوەو ئازادییەکەی کۆت و بەند دەکات. جا دامەزراوەکانی گەشەپێدان درانە سەرمایەداران وەك: بەرهەمهێنانی حکومی لە کارەبا و پەیوەندی تەندروستی و خوێندن و تێکڕای کەرتە گشتییەکان.

سەرەتای ئەمە لە بەریتانیا بوو لە ماوەی سەرۆکایەتی تاتشر کە سەرۆك وەزیران بوو، دواتر هەموو دەوڵەتە پیشەسازییەکانی تر هاتنەسەر ئەم ئاڕاستەیە وەك: فەرەنسا، ئیتاڵیا، کەنەدا، سەنگافورا و جگەلەوانیش[2]. بەم پێیە دەوڵەمەندان دەستیان گرت بەسەر جومگەکانی بەرهەمهێنانی دەوڵەت و دایانماڵی لە هەر جۆرە هەڵسوکەوت کردنێك لەگەڵ هاوڵاتیان سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە چالاکی ئابوورییەوە.

---

(١) بڕوانە: الليبرالية المتوحشة ١٢٣.

(٢) بڕوانە: الليبرالية المتوحشة ٩٤.

لە میانەی ئەم زاڵبوونەی دەوڵەمەندان بەسەر ئابووریدا، قەیرانە یەك لە دوای یەکەکانی سەرمایەداری دەرکەوتن، دیارترینیان: بێکاری، بێ بازاری، بڵاوبوونەوەی هەژاری، دەرکەوتنی گیانی داگیرکاری و جگەلەمانەش.

## سێیەم: ڕەخنەگرتن لە دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی:

بانگخوازانی لیبڕالییەتی نوێ هێرشێکی توونديان کردە سەر دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی، هەموو تۆمەتێکیان دایە پاڵ بەو قەیرانە هەنووکەییەی هەشبوو لە ئابووری سەرمایەداریدا، هەروەها تۆمەتباريان کرد بەوەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی دژی ئازادی و شارستانیەت و مافی مرۆڤە.

لە دیارترین بیرمەندانی لیبڕالی کە بیرۆکەی دەستێوەردەرخوازیان هەڵوەشاندەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە تایبەت دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی: (فریدریك هایك)ە، دەتوانین دەستەبژێرێکی بۆچوونەکانی بکەین بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك لایەنی ڕەخنەکانی کە لە هزری دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی گرتووە:

هایك پێی وابوو دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە چالاکی ئابووریدا مەترسییە لەسەر ئازادییە تاکەکەسییەکان و ڕێگەیەکە سەردەکێشێت بۆ بەندایەتی، هایك ئەمە بە (ئیشتراکییەت) ناودەبات.

هایك لەم بارەوە دەڵێت: ((ئەم ئیشتراکییەتە _ کە هەر زوو _ زانیمان مەترسی هەرە گەورەیە لەسەر ئازادی، کە وەك کاردانەوەیەکی لیبڕالییەتی شۆڕشی فەڕەنسی بوو و زۆری نەخایاند هەمووان پەسەندیان کرد لە سایەی ئاڵای

ئازادیدا. بەڕاستی ئەمە زۆر نامۆیە. کەم وایە _ ئەمڕۆ _ باسی ئەوە بکەین کە ئیشتراکییەت _ لە سەرەتاکەیدا _ زۆر بە ڕوونی تاکڕەو بوو. نووسەرە فەڕەنسییەکانیش کە بنچینەکانی ئیشتراکییەتی نوێیان دانا تەواو دڵنیابوون کە ناکرێ بۆچوون و هزرەکانیان جێبەجێ بکرێن مەگەر لەلایەن حکومەتێکی تاکڕەوەوە نەبێ))[١].

هایك دەیەوێ نهێنی پاڵ پەیوەستبوونی ڕەوتی دەستێوەردەرخواز بە ئازادییەوە ئاشکرا بکات و لەم بارەوە دەڵێت: ((ئیشتراکییەتی دەستی نەکرد بە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزی ئازادی تەنها لە ژێر کاریگەری ڕەوتە دیموکراسییە بەهێزەکانەوە نەبێ کە پێش شۆڕشی ١٨٤٨ز هەبوون. بەڵام پێویست بوو لەسەر ئیشتراکییەتی دیموکراسی نوێ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکات تا پاساو بۆ ئەو گومانانە بێنێتەوە کە بەهۆی پێشینەکەیەوە دروست ببوون. هیچ کەسێك ئەوەندەی (دی توکفیل) بەڕوونی نەیبینیوە کە دەڵێت: دیموکراسییەت سیستەمێکی تاکگەرایە بە تایبەت، ناکرێ یەکبگرێ لەگەڵ ئیشتراکییەتدا))[٢].

هایك ئەوە تێپەڕ دەکات کە دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی دژی لیبڕالییەت بێت، بەڵکو پێی وایە ئەم ئاڕاستەیە نوێیە و تازە هاتۆتە ناو شارستانیەتی خۆرئاواوە و ئەگەر بە توووند و تۆڵی بەرهەڵستی نەکات ئەوا تێکی دەشکێنێت، هایك لیبڕالییەتی بە بناغەی ڕاستەقینەی شارستانیەتی خۆرئاوای داناوە[٣].

---

١) الطريق إلى العبودية ٣٥.
٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٣٦.
٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٣١، ٣٣.

**هایك پێی وایە پلاندانان و ڕێکخستنی بواری ئابووری گەشەی ئابووری لاواز دەکات، پیشەسازی نەشونما و گەشە دەکات لە ناو بازنەی ئازادی ئابووری ڕەها، چونکە شێوازی ناوەندی (مرکزی) لە بەڕێوبردنی ئابووریدا شێوازێکی هونەری سەرەتاییە، ڕەهەندەکانی دیارە، بنیاتنانی شارستانی لە سایەی کێبڕکێ و نا ناوەندی بوون (اللا مرکزیة)دا دەبێ[1].**

**هایك جەخت لەسەر ئەوەی دەکاتەوە کە لیبڕالیيەتی کۆمەڵایەتی دژی ئازادی تاکەکەسییە، بە ڕوونکردنەوەی تێکگیران لە نێوان پلاندانان و مافی مرۆڤ، جا دەڵێت: ((هیچ شتێك بە بەڵگە ناهێنرێتەوە لە سایەی ئەو نارۆشنیەی بیرمەندەکانمان پێی گەیشتوون لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی دوو سەرە و تێکگیراو، تەنها وێنەی (ویلز) نەبێ، کە سەرباری ئەوەی پشتگیری پلاندانانی گشتی و ناوەندی (مرکزی) دەکات، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا لە کتێب و نووسینەکانیدا تێدەکۆشێ لە پێناو مافەکانی مرۆڤ. ئەو مافانەی تاك کە ویلز هەوڵ دەدات بیپارێزێ لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدان و ئاڵۆزی بەڵام نابێتە هۆی تێکدانی ئەو پلاندانانەی کە ویلز بە هەموو ئەندامەکانی بانگەشەی بۆ دەکات))[2].**

**هایك بەڵێنەکانی تیۆری کینزی سەبارەت بە گەشەی مەزنی سەروەت بە بەڵێنی درۆین دادەنێ، پێی وایە تراویلکەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە کە لە واقیعدا هیچ ڕاستییەکی بۆ نییە، چونکە زاڵبوون گەشە بەرهەم ناهێنێت و سەریش بۆ ئەوە ناکێشێت[3].**

---

**(1)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٦٢.

**(2)** هەمان سەرچاوە ٩٧، شڵەژانی ڕستەکە لەوانەیە بۆ وەرگێڕانەکە بگەڕێتەوە.

**(3)** بڕوانە: هەمان سەرچاوەی ٣٧.

سەبارەت بەوەی کە دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی بەڵێنی داوە ئازادی فەراهەم بکات، هایك دەڵێت: ((لە دەرەوە هەموو گومانەکانەوەیە کە بوترێ: بەڵێندان بە دابین کردنی ئازادییەکی مەزنتر وایلێهاتووە بووەتە یەکێك لە چەکە سەختە کاراکانی بانگەشە کردن بۆ ئیشتراکییەت، خەڵك بە ئاشکراو دڵسۆزانە باوەڕیان وایە: ئیشتراکییەت ئازادی دێنێ. بەڵام مەرگەساتەکە زۆر ناخۆشترە ئەگەر دڵنیا بووەوە کە ڕێگەی بەرەو ئازادی خوازراو تەنها سەردەکێشێ بۆ بەندایەتی و کۆیلایەتی))[١].

هالفی دەڵێت: ((ئیشتراکییەکان باوەڕیان بە دوو شتی تەواو جیاواز هەیە، تەنانەت لەوانەیە تەواو دژ یەك بن: ئازادی و ڕێکخستن))[٢].

لەوانەیە بەهێزترین بەڵگەکانی ڕەوت و ڕێبازە دەستێوەردەرەکان _ کە لیبڕالییەتی کلاسیکی هەراسان دەکات _ ئەوەیە کە پاڵنەری دەستێوەردان بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئابووری بەتایبەت کە ئاسایش یەکێکە لە ئەرکەکانی دەوڵەت ئەمە پاساوی هەبوونی حکومەتەکانە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر متمانە نەبوون بە یاسای سروشتی و دەستی شاراوە کە بەپێی تێڕوانینی لیبڕالییەتی کلاسیکی ئاسایش فەراهەم دەکات. ئاسایشی ئابووری پاساو دەدات بە دەستێوەردانی دەوڵەت لە چەند بواردا وەك: دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کێشەی بێکاری و هەژاری و دەستکورتی و بێ توانایی[٣]، هەڵوێست وەرگرتن لە هەمبەر

---

١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣٨.
٢) وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە ٤٣.
٣) بڕوانە: الطرق إلى العبودية ١٣٤ _ ١٣٥.

شەپۆڵەکانی ئابووری و بەرزو نزمییە تێکگیراوەکەی[1] و پاراستنی تاك لە دابەزینی داهات[2].

لیبڕالییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێستیان زۆر ڕوون بوو لە هەمبەر ئازادی لە کاتی تێکگیرانی و دژبوونی لەگەڵ ئاسایشی ئابووریدا، جا جەختیان دەکردەوە کە ئازادی هیچ نرخێکی نییە بێ ئاسایشی ئابووری، ئامادەن قوربانی بە ئازادی خۆیان بدەن لە پێناو ئاسایشدا.

هارۆڵد لاسکی بە ڕاشکاوانە ئەمەی دەربڕیوە: ((هەر کەسێك شارەزای ژیانی ڕۆژانەی هەژار بێت، بزانێت لە برسان هەمیشە سکی دەسوتێتەوە، هەردەم بە هاکەزایی بە دوای جوانیدا وێڵە، تەواو بۆی دەردەکەوێت کە ئازادی هیچ شتێك ناهێنێ بێ ئاسایشی ئابووری))[3].

ئەو ئازادییەی لیبڕالییەکان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوا بەروبوومەکەی تەنها بۆ بارۆونەکان[4] و سەرمایەدارە مەزنەکانە و هەژاران سوودیان لێ نەبینیوە، هەر بۆیە مافیانە ئاسایش پێش ئازادی بێ سنووربخەن کە وڵات وەك دارستان لێدەکات و هاوڵاتیان وەك دڕندە لە سایەی ئەو ململانێیەی لیبڕالییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن.

توێژەر سەری دەسوڕمێ کاتێك دەبینێ ئازادییەکان قەدەغە دەکرێن لەلایەن ئەوانەی بانگەشەی ئازادی دەکەن، لەوانەی دەقی (بنیامین فرانکلین) نموونەیەك

---

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٣٥.
[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٣٦.
[3] الحريات في الدولة الحديثة ٥١.
[4] بارۆن: نازناوێکە لە نازناوەکانی دەرەبەگەکان، نەریت وایە بۆ دەوڵەمەندەکان بەکاردێ.

بێ لەم بارەوە کە دەڵێت: ((ئەوانەی ئامادەن بۆ ئەوەی واز لە ئازادییە سەرەکییەکانیان بێنن لەبەرامبەر ئاسایشێکی خەیاڵی و تێپەڕ ئەوا شایستەی هیچ ئازادی و ئاسایشێك نین))[1].

هایك گرنگی داوە بە ڕەخنەگرتنی تێروتەسەل لە دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا (لەخۆبایی بوونی کوشندە) و (ڕێگە بەرەو کۆیلایەتی) جا ناوەڕۆکی سەرەکی هەر دوو کتێبەکەی کردۆتە: ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئیشتراکییەت بە هەموو جۆرەکانی ئازادی تاکەکەسی ڕووخاندووەو ڕێگەیەکە بەرەو بەندایەتی و کۆیلایەتی یان خۆسەپاندن و تاکڕەوی.

هایك ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە زۆرێك وازیان لە لیبڕالییەت هێنا بەهۆی بانگەشەی چڕو پڕ بۆ ئیشتراکییەت، ئەو بانگەشەیەی کە بەشێوەیەکی مەزن لە ئەڵمانیا دەستیپێکرد لەوەتەی ساڵی ١٨٧٠ز تا نزیکەی ١٩٣٠ز[2]، دواتر تیشکی خستۆتە سەر تراویلکەی هەڵخەڵەتێنەری بانگەشەی ئازادی کە لەلایەن ئیشتراکییەکانەوە دەکرێ بەهۆی ڕێکخستنی ئابوورییەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم بانگەشەیە بریتییە لە ڕێگەی کۆیلایەتی، هەندێك کەسی لیبڕالی بەدوای سەرلێشێواوی ئیشتراکییەت کەوتن[3].

---

(1) وەرگیراوە لە هایك لە کتێبی: الطريق إلى العبودية ١٤٦، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێ مەبەست لە بەراورد کردنی ئازادی و ئاسایش بنچینەکانی ئازادی نییە، بەڵکو ئازادی بەرەڵایە، لیبڕالییە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە ئاسایش پێش ئازادی بەرەڵا بخرێ، بەشێوەیەك کە ئازادی سنووردار بکرێ لە پێناو بەرژەوەندی ئاسایش، جا هایك و فرانکلین و هاووێنەکانیان ڕەخنە لەسەر ئەمە لەوان دەگرن.

(2) بڕوانە: الطريق إلى العبودية ٢١ – ٣٣.

(3) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣٦ – ٤٢.

دواتر بەڵگە و پاساوەکانی پلاندانان و ئەوەش کە دەڵێت پلاندانان پێویستە خستووەتەڕوو، بە تێرو تەسەلیش وەڵامی داوەتەوە[1]. هەروەك ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ئەستەمە پلاندانان و دیموکراسییەت بەیەکەوە کۆببنەوە، جەختی کردۆتەوە لەسەر دژیەك بوونیان[2]، تیشکی خستۆتەسەر ئەندازەی کۆیلایەتی و سنووردارکردنی مەزنی ئازادی کاتێك دەوڵەت دەستێوەردان دەکات لە ڕێگەی پلاندانانی ڕاستەوخۆ بۆ ئابووری[3].

هایك هەڵەی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی (کە پلاندانانە) دەگێڕێتەوە بۆ بنچینە فەلسەفییەکەی، ئەویش بریتییە لە هەنگاونان لە گۆشەنیگای بەگەورەدانانی ڕۆڵی عەقڵ و تواناکەی لەسەر پەیی بردن بە پرسە گشتییە ئایندەییەکان، ئەم لەخۆبایی بوونە سەبارەت بە پێگەی عەقڵ بریتییە لە بنچینەی پلاندانانی ئابووری، لە کاتێکدا هایك پێی وایە عەقڵ باوەڕی پێ نییە، نەزانی مرۆڤ و لێکۆڵینەوە بەردەوامەکەی لە میانەی کەڵەکەبوونی سوودەکان بەڕێگەیەکی خۆکاری پلان بۆ دانەنراو تاکە ڕێگەی ئازادییە[4].

## پێنجەم: قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری:

قەیرانەکان لە سیستەمی سەرمایەداری ڕووداوێکی لەناکاو نین، دەرەنجامی هەڵەش نین بۆ جێبەجێکردنی نا سەلامەتی سیاسەتەکانی ئەم سیستەمە، بەڵکو

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٥٥ – ٦٨.
(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٦٧ – ٨٤.
(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٨٥ – ٩٩.
(٤) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢١٩ و لاپەڕەکانی دواتر، ئەم باسەی بە تێروتەسەلی لە کتێبەکەیدا باسکردووە: (لەخۆبایی بوونی کوشندە)، بڕوانە هەموو کتێبەکە.

قەیرانەکان شتێکی پەیوەستن بە پێکهاتەی ئەم سیستەمەوە، جا قەیران پرسێکی بابەتی خودیی و هەڵقوڵاوی ناوەوەی سیستەمی سەرمایەداری لیبڕالییە، پەیوەندی زۆر تۆکمەیە بە بنچینەی هزری کە ئەم سیستەمەی لەسەر بنیاتنراوە. هەر بۆیە قەیرانەکانی زۆر بوون، کێشەکانی جۆراو جۆر بوون، داڕوخان و زیانە مەزنەکانی کە گەیاندییە تاك و کۆمەڵەکان بەڵکو مرۆڤایەتی فرە جۆر بوون.

جا (سرۆ) داڕووخانە دڵنیایەکەی سیستەمی سەرمایەداری چواند بە ڕووخانی دەوڵەتی ڕۆمانی، کە ئاستی داهاتی تاك بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد، دەوڵەتی ڕۆمانی سوود و کەڵکی نەبینی لەو تەکنەلۆژیایەی بۆی فەراهەم بوو، ئەمەش دوای ئەوەی گەڕەلاوژێ و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی خزایە ناوی، بەها ڕەوشتییەکان بارگەیان تێکنا و نەمان[١].

پاشان وتی: ((ئەگەر یەکێك بڕوانێتە ئەوڕوپا لە کاتی خلیسکانی بۆ ناو چاخە تاریکەکان و گەشەی دەرەبەگایەتی، ئەوا تێبینی هەندێك ڕووی وێکچوو دەکات کە دوودڵکەرن و شایستەی تێڕامانن، کەوتنی ڕۆما بە زەبرێکی دەرەکی نەبوو، بەڵکو دەستی پێکرد بە ماوەیەکی پڕ لە دڵنیا نەبوون))[٢].

دەکرێ ئەم ڕاستیانە بخرێنەڕوو لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١_ داڕووخانە ئابوورییەکان.

٢_ بێکاری و ستەمکردن لە کرێکاران.

---

(١) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٥٨٠.

(٢) مستقبل الرأسمالية ٥٨٢.

**٣_ دارمانی خێزانی و کۆمەڵایەتی.**

**٤_ داڕووخانی بەها ڕەوشتی و ڕۆشنبیرییەکان.**

**٥_ جەنگ و داگیرکردن.**

**٦_ قەیرانی زیادەی سەرمایە.**

**٧_ خەیاڵاوی هزری سەرمایەداری لیبڕالی و شیاو نەبوونی بۆ جێبەجێکردن.**

**١_ داڕووخانە ئابوورییەکان:**

**ئەزموونی سیستەمی سەرمایەداری لە هەر دوو سەدەی ڕابردوودا چەندین داڕووخانی مەزنی ئابووری بەخۆوە بینی، ئەم داڕوخانانەش بەڵگەن لەسەر نەزۆکی ئەم سیستەمە، ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە ئامرازەکانی خۆ لە ناوبردنی لە ناوخۆدایە.**

**جۆرج سوروس دەڵێت: ((داڕوخانەکانی بازاری جیهانی دەبێتە ڕووداوێکی بە ئێش کە دەرەنجامی وای دروست دەبێ کە ئەستەمە ئەندێشە بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ئەندێشەکردنی ئەم داڕووخانە ئاسانترە لە ئەندێشەکردنی بەردەوام بوونی ئەم سیستەمە هەنووکەییە))[1]. ئەم داڕووخانانەش گەواهیدەری ماددین لەسەر پێکهاتەی خودی سەرمایەداری لیبڕالی و لەخۆگرتنی تێکگیران لە ناخی خۆیدا و دژبوونی لەگەڵ یاسا خواییە سروشتییەکان کە جیهانی لەسەر دروستکردووە. هەروەها بەڵگەشە لەسەر درۆبوونی بانگەشە بەناوبانگەکەی**

---

**[1]) وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ٧.**

لیبڕالییەکان سەبارەت بەوەی کە یاسای سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخات بێ دەستێوەردان.

جا (جرینسبان) دانی بەمەدانا لە وتارێکیدا کە لە ناوەندی (ودر ولسۆن) لە یۆنیۆی ساڵی ١٩٩٧ز پێشکەشی کرد سەبارەت بەوەی ئاشکرای کردووە: ((لایەنکی مەزن کە ئێمە لە سەلێنراوەکانی بازاری ئازادمان هەژمار دەکرد ئەوا بەشێك نەبووە لە سروشت بەهیچ شێوەیەك، بەڵکو بەشێك بووە لە ڕۆشنبیری. جا هەڵوەشاندنەوەی پلاندانانی ناوەندی (مرکزی) بەشێوەیەکی خۆبزێو _ وەك چۆن هەندێك پێیان وایە _ سەرناکێشێ بۆ دامەزراندنی سەرمایەداری بازار))[1].

ئەمە دانپێدانانێکی گرنگە بەوەی ئابووری بازار لەسەر تێڕوانینی ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە، نەك لەسەر ڕاستییەکی زانستی و بە پاڵپشتی یاسای سروشتی، ئەمە بیرۆکەیەکە بەخۆی ناسراوە، بەڵام دانپێدانانی (جرینسبان) وادەکات ئەو ڕەخنەیەی لەوان دەگیرێ بەهێز بێ. یەکێك لەم داڕووخان و قەیرانانە: بێ بازاری مەزن، تاتشریەت، ڕیگانیەت، بازاری مەکسیکی، ئەزموونە نیوزلەندییەکە، قەیرانی دەوڵەتانی نمووری ئاسیا و جگەلەوانەش[2].

---

[1] وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ٢٧٨.

[2] لەوانە: داڕووخانی بازاری پشکەکان، ئەمە لە گەورەترین ئەو کارەساتانە بوون کە نزیکەی سەد ساڵە ڕوویانداوە. ئەمەش بە هەمان کێشەوە بەستراوەتەوە، هۆکارەکەشی بریتییە لە هەڵخەڵەتان بە سیستەمە خۆرئاواییەکان، گومان لەوەدا نییە کە ئەم داڕووخانە جێکەوتی نەرێنی و خراپی هەیە لەسەر کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا.

باسی چەند نموونەیەکی ئەم داڕووخانانە دەکەین کە لە میانەیدا گەندەڵی و بێ کەڵکی سیستەمی سەرمایەداری ڕوون دەبێتەوە، کە لەسەر هزری لیبڕالی سەختگیر دامەزراوە:

- **بێ بازاری گەورە:**

سیستەمی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەمدا کۆمەڵێك قەیرانی بەخۆوە بینی _ لە کاتێکدا ئەم سەدەیە سەدەی سەرکەوتنی لیبڕالییەت بوو لە هەموو بوارەکاندا _، بەهۆی زیادەڕەوی کردن لە بەرهەمهێناندا بەپێی یاسای (سای) کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، بۆ نموونە ئەو شتانەی ڕوویاندا لە ساڵی ١٨١٠، ١٨٢٤، ١٨٣٦، ١٨٤٧، ١٨٦٤، ١٨٧٣، ١٨٩٠.... تاد. لیبڕالییەت پاساوی بۆ ئەم قەیرانانە دەهێنایەوە بەوەی شتی لەناکاون و بۆ سیاسەتی ئابووری جیهانی و بۆ هەڵوێستی پەڕگیرانەی سەندیکای کرێکاران دەگەڕێتەوە کە داوای زیادکردنی کرێکان و جگەلەوانیش دەکەن.

بەڵام داڕووخان (بێ بازار مەزنەکە) شتەکانی سەراوژێر کرد، چونکە پێشتر هاووێنەی نەبووە لە هێزو ماوەکەیدا و گشتگیریش بوو بەوەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و شوێنەوارەکانیشی گرتەوە، هەر بۆیە بە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕەش ناسرا.

ئەمە لە ئەمریکا دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٢٩ز، بە دیاریکراوی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٤ ئۆکتۆبەر، لە بازاری پشکەکان لەم ڕۆژەدا ئەندازەی زۆر لە پشك و پەڕاوی دارایی فرۆشران کە هی کۆمپانیا پیشەسازییە مەزنەکان بوون، بەڵام نرخەکانیان تا ئەوپەڕی نزمی دابەزی، زۆرێکیان سەروەت و پاشەکەوت

کراوەکانیان لە دەستدا لە چەند کاتژمێرێکی کەمدا، دواتر زنجیرەی زەرەرو زیان و قەلۆش بوونەکان بەدوای یەکدا هات، شتەکە زیاتر خەست بووە بەهۆی ئەوەی بیانیەکان شتە دانراوەکانیان بە ئەندازەی مەزن کێشایەوە، جا بەمە بارودۆخی بێ بازاری هەموو دەوڵەتە پیشەسازییە سەرمایەدارییەکانی گرتەوە(١).

دکتۆر ڕەمزی زەکی وێنەیەکی پوختی خستۆتەڕوو سەبارەت بە زەرەرو زیانەکان لەم بێ بازارییەدا، بەم شێوەی خوارەوە:

_ دابەزینی قەبارەی بەرهەم هێنانی نەتەوەیی لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بە ڕێژەی ٤٥ – ٦٠٪.

_ بڵاوبوونەوەی بێکاری لەسەر ئاستێکی فراوان، کە بە ١٠٠ ملیۆن بێکار دەخەملێنرێت.

_ قەلۆش بوونی زۆرێك لە کۆمپانیا و پیشەسازی و دامەزراوە بانکییەکان.

_ ئەو داڕووخانەی ڕوویدا لە ناو کەل و پەلی بەرهەم هاتووی ماوەی بێ بازاری مەزن زیاترە لەو داڕووخانەی کە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دروست بوو.

_ داڕووخانی نرخی دراوی ٥٦ دەوڵەتی سەرمایەدار، ڕوودانی تێکشکانی ترسناك لە قەبارەی بازرگانی نێودەوڵەتی.

(١) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧١٨، ١١/ أكتوبر/ ١٩٨٢ز، لا ٢٠ – ٢٢.

_ داڕووخانی سیستەمی نەختینەیی نێودەوڵەتی بەهۆی کێشانەوەی بارمتەکراوە گەورەکان لە بانکە جیهانییەکان[١].

داڤید شانۆن باسی بارودۆخی ڕاستەوانەی کردووە لە ناو کۆمەڵگەی ئەمریکی، جا لەوبارەوە دەڵێت: ((دەتبینی پشك فرۆشەکانی ڕابردوو لەسەر کەناری شەقامەکان ڕاوەستاون سێویان دەفرۆشت. لە کاتێکدا نووسەرەکانی پێشوو بە پارەی زیندووەوە دەگەڕان و دەسوڕان تا لەسەر بریقەدارکردنی پێڵاوەکانیان و سڕینەوەیان بژین. بێکارەکان و یاخی بووەکان پێشوازییەکی گەرمیان دەکرد لە دەستبەسەرداگرتن بەهۆی تۆمەتی یاخی بوون، ئەمەش بۆ ئەوەی گەرمی و خواردنیان دەستدەکەوت لە بەندیخانەدا. زیاتر لە سەد کارکەری ئەمریکی داوای کاریان کرد لە یەکێتی سۆڤیەتیدا))[٢].

یەکێك لە شوێنەوارەکانی ئەم بێ بازارییە بریتی بوو لە کەوتنی هزری لیبڕالی کە پشتی بەستبوو بە هێزی بازارو ئامرازە سروشتییەکانی، کورێلی بارنت دەڵێت: ((داڕووخانی جیهانی بوو لە کۆتاییدا زاڵ بوو بەسەر پیرۆزی ڕێبازی ئابووری لیبڕالی لە بەریتانیا، هەروەها لە ساڵی ١٩٣١ز واز لە بازرگانی ئازاد هێنرا. ئەمەش دوای نزیکەی سەد ساڵ بوو لەوەتەی بەریتانیا ڕێگەی خۆشکرد بۆ پشت بەستن بە بازارەکان و پاڵپشتییەکانی ئەودیو دەریاکان لە پێناو بوونی خۆی))[٣].

---

(١) بڕوانە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧١٨، ١١/ أكتوبر/ ١٩٨٢ز، لا ٢٣.

(٢) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەیرانی ئابووریدا ١١، وەگێراوە لە: مجلة الأهرام الإقتصادي، العدد ٧١٨، ١١/ أكتوبر/ ١٩٨٢ز، لا ٢١.

(٣) وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ٢٦.

یەکێکی تر لە شوێنەوارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی بوو، تیۆری کینزی بەتایبەتی، وەك دەرچەیەك بۆ لیبڕالییەت لە دارمان، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی لیبڕالییەت کە بە چەندین وێنە خۆی دادەڕێژێت بەپێی قۆناغەکان، گونجانی زۆری هەیە، چونکە ڕێبازێکی بەرژەوەندیخوازی سوودگەرایە، ئەمەش نهێنی بەردەوام بوون و نەڕووخانیەتی بە شێوەیەکی خێرا لەگەڵ بوونی هۆکارەکانی داڕووخان لە پێکهاتە ئەندامییەکەیدا.

- **ئەزموونی مەکسیکی**:

سەرباری ئەوەی ئەم ئەزموونە ئاماژە دەکات بە کەوتنی هزری لیبڕالی ئابووری ئەوا تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە کە ئاماژەیەکی هاوچەرخە دەربارەی داڕووخانی لیبڕالییەتی نوێ و جیهانگیری، چونکە لیبڕالییەتی نوێ ئەزموونێکە تازە جێبەجێکراوە لە دوای دەرکەوتنی جیهانگیری و بیرۆکە و هزرە نوێیەکەی کە لیبڕالییەتی نوێیە.

مەکسیك ئەو شێوەیەی لیبڕالییەتی جێبەجێکرد کە دوای ئەوەی صندۆقی دراوی نێودەوڵەتی ئەمەی کردە ئاڕاستەی خۆی لە میانەی گونجاندنی پەیکەری یان چەسپاندنی ئابووری، ئەمەش ئەو شتەیە کە بە ڕێکەوتنی واشنتۆن ناسراوە.

پشت دەبەستێت بە سیاسەتی کراوەی ئابووری و بنەمای حکومەتی ئاست نزم[1]، کردنەوەی دەرگاکانی وڵات بەڕووی وەربەرهێنانی بیانی بێ کۆت و بەند، دابەزاندنی باجەکانی سەر سەرمایەکان و ئاسانکردنی گواستنەوەی پارە و هاتنە ناوەو چوونە دەرەوەی بێ ئاڵۆی، ئەمانە هەمان بیرۆکەی لیبڕالی و قوتابخانەی

(١) پێم وابێ مەبەستی ئەوەیە: کەمترین دەستێوەردانی هەبێ. (وەرگێڕ).

**شكاگۆیە، دەرەنجامەكە زۆر بە ئێش و ناخۆش بوو، زەرەری كۆمپانیا مەكسیكییەكان لە بازاری دراودا گەیشتە نزیكەی ٧٠ بلیۆن دۆلار، لە نێوان چارێگە ملیۆنێك تا یەك ملیۆن كەس ئەركەكانی خۆیانیان لە دەستدا لەگەڵ كۆتایی ساڵی ١٩٩٥ز، مەكسیك بینی سەرمایەكان ڕادەكەن بەشێوەیەكی بەرفراوان كە پێشتر شتی وا نەبووە، هەڵاوسان زیاد بوو و نرخ هەڵكشا، سەرباری شكستە مەزنەكان لە فەرمانگە كارگێڕییەكان و بانەكەكان، لە پاڵ دیوەزمەی قەڵۆش بوونی هەندێك حكومەتی هەرێمی[١].**

## • قەیرانی دەوڵەتانی نمووری ئاسیا[٢]:

**وڵاتە ئاسیاییەكان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هەنگاویاننا بەرەو گەشەی ئابووری، ئەمە كاریگەری كردە سەر نەخشەی بەرهەمهێنانی جیهانی، وایلێهات ئەو دەوڵەتە پیشەسازییانە پێشبڕكێیان دەكرد لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازییەكانی تر، جا هەناردەی دەوڵەتانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا و بەرهەمە پیشەسازییەكان لە ساڵی ١٩٩٥ز ڕێژەی ٨٥٪ هەناردەی كەل و پەلیان پێكهێنا، هەروەك لە ساڵی ١٩٩٦ز چارەگی بازرگانی جیهانی دەستخست كە نزیكەی دە هەزار ملیار بوو، هەروەك بەرهەمی نەتەوەییەكەی كێبڕكێی دەكرد لەگەڵ پوختەی بەرهەمی نەتەوەیی ئەمریكای باشورو ئەوروپا[٣].**

---

(١) بڕوانە: الفجر الكاذب ٦٥ و لاپەڕەكانی دواتر.

(٢) دەوڵەتانی نموور بریتین لە: (نەوەی یەكەم) سەنگافورە، تایوان، كۆریای باشور، هۆنگ كۆنگ، (نەوەی دووەم): مالیزیا، تایلاند، ئیندۆنوسیا، (نەوەی سێیەم): چین، هیند، فێتنام. لە نەوەی یەكەم و دووەم ڕێكخراوی ئاسیان دروست بوو.

(٣) بڕوانە: قراءة في أزمة دول النمور ٢٦.

**هەر بۆیە ڕاگەیاندنی جیهانی ناوی (دەوڵەتە پڵینگەکانی ئاسیا)ی لێنا، (ڕۆبێرت واد) کە ئابووریناسە لە پەیمانگەی گەشەپێدان و شارەزاییە لە بانکی نێودەوڵەتی ناوی لەو وڵاتانەنا بە دیاردەی دەگمەن کە پەیوەستە بە بارودۆخی کات و شوێنەوە کە شیاوی دووبارە بوونەوە نییە[1].**

**دەوڵەتانی نموور بە نموونەیەکی جیهانگیری و دەرەنجامە خراپەکانی دادەنرێن، ئەم دەوڵەتانە هەموو بەرنامەکانی جیهانگیریان جێبەجێکرد وەك: ئازادی بازرگانی و کەم کردنەوەی باجەکان، کردنەوەی دەرگا لە بەردەم بەرهەمهێنانی بیانی لە بواری دامەزراوە داراییەکاندا.**

**بەشێوەیەکی لە ناکاو قەیرانەکە ڕوویدا، بەڵام زۆر بەهێزو توند و سەخت بوو، جا بازاری پشك و دراو داڕوخا، ئەمە وایکرد ئەم دەوڵەتانە لە ماوەی چەند مانگێکدا ٤٠٪ تا ٥٠٪ سەروەتی خۆیان لە دەستدا، ئەم قەیرانە بەرهەمی چوار دەیەی تێکشکاند لە گەشە و کاری بەردەوام.**

**سەرۆك وەزیرانی سەنگافورە (جۆه جوك تونغ) وەسفی ئەم قەیرانەی کرد بەوەی گەورەترین کارەساتە لەوەتەی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی[2].**

**ئەم قەیرانە ئاماژە دەکات بە ململانێی هزری و شارستانی نێوان گەلان؛ چونکە قەیرانێکی هەڵگیرساوەو مەبەست لێی تێکشکاندنی هەر یەکێکە کە ململانێ بکات لەگەڵ ئابووری خۆرئاوا، لە بەرامبەر ئەم فێڵەدا هەندێك دەوڵەت بە سادەیی بازارەکانی خۆیان کردەوە لەبەردەم هەڵپڕژانی سەرمایەی خۆرئاوا، جا ((ڕەگ و**

---

**(1) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٧.**

**(2) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣٠ – ٣١.**

ڕیشەی قەیرانی نەختینە و دراو لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئابووری کە بانکی ناوەندی ئەمریکی گرتیەبەر لە ساڵی ١٩٩٣ بە دابەزاندنی دەستکردی ڕێژەی ٣٪ نرخی قەواڵە داراییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاش شکستی ئابووری لە ساڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ز، دەوڵەتانی باشوری خۆرئاوای ئاسیا پێویستیان بەم ڕێ و شوێنە نییە، چونکە نرخەکانی دراو گۆڕینەوە تیایاندا پەیوەستە بە کاراییی دۆلارەوە، نرخی سوو لای ئەوان نزیکەی ٦٪ نزمە لە ژێر نرخە بەدەستهاتووەکانی مامەڵە ئابوورییەکانی وڵاتانی نموری هەڵکشاو))[1].

لە دەرەنجامدا سەرمایە زۆربوو و دراوەکانی هیچ نرخێکی نەما، زنجیرەی داڕووخانەکان دەستیان پێکرد لە دامەزراوە دراییی ە بازرگانیە مەزنەکاندا، دواتر لە دامەزراوە بچوکەکان، داڕووخانەکان بەدوای یەکداهاتن تا وایلێهات هەموو شتێکی گرتەوە[2].

لە ڕاستیدا هەڵگیرساندنی قەیرانەکە لەلایەن هێزی داگیرکارەوە هەموو شتێك نەبوو، ئەگەرچی هۆکاری هەر بەهێزیش بووبێ، بەڵام کەم و کورتی خود _ کە سەرمایەداری جیهانی هێنایە کایە وەك خەرج کردنی نا بەرچاو ڕۆشنانە، ڕۆیشتن بە دوای گورسی خەیاڵی دەوڵەمەندی و گەشە بێ خۆپارێزی _ ڕۆڵی خۆی هەبوو بەهەمان شێوە لە قەیرانەکەدا[3].

دراو لێدەرە جیهانیەکان لە بواری پشك و قەواڵەکان ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لە گەشەپێدانی قەیرانەکە و پێشتریش ڕۆڵیان لە درستکردنیدا هەبوو، وەك

---

(1) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٣١.
(2) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٢٩.
(3) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٤٢ – ٤٦.

ملیۆنێری جولەکە (جۆرج سوروس)، کە هەڵسا بە فرۆشتنی ژمارەیەکی زۆر لە پشکەکان کە دوایکرد پشکەکان بە پلەیەکی زۆر دابەزین بەخۆوە ببینن، لەو پێناوەدا دەوڵەتانی نموور سەروەتی خۆیانیان لە دەستدا[١]، جولەکە فێبازو پیلانگێڕو حیلەبازن، ئەمڕۆ سەرکردەی سەرمایەداری لیبڕالین.

ئەم نموونانە (بێ بازاری مەزن، ئەزموونی مەکسیکی، قەیرانی دەوڵەتانی نمووری ئاسیایی) گوزارشتن دەکەن لە نموونەکانی داڕووخانە ئابوورییەکان کە ئەوە ڕوون دەکەنەوە قەیران لە ڕەگ و ڕیشەی سەرمایەداری لیبڕالیدا هەیە، ڕووداوێکی لەناکاو و شتێکی لاوەکی نییە[٢].

## ٢_ بێکاری و ستەمکردن لە کرێکاران:

خودی لیبڕالییەت خۆی بە بەرگریکاری یەکەم دادەنێت لە مافەکانی مرۆڤ، پێی وایە گرنگترین ئەرکی حکومەت بریتییە لە پاراستنی مافە سەرەکییەکانی تاك، بەڵام لیبڕالییەت شڵەژاو و نا جێگیرو تێکگیراوە، هەڵوێستێکی نەرێنی هەیە لە بەرامبەر کرێکارو هەژاران لەلایەن دیاریکردنی کرێ و بەگەڕخستنی تەواوی چاودێری کۆمەڵایەتی.

ئەم شڵەژان و تێکگیرانە دەردەکەوێت لە ململانێی تاڵی نێوان کرێکارو خاوەن کارەکان، جا تاکایەتی بێزراو کە لیبڕالییەت پێیداهەڵدەدات وای لە خاوەن

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٥١، سەرۆکی مالیزی بە ئاشکرایی تۆمەتباری کرد بەوەی بەرپرسە لە قەیرانەکە و مەبەستی خراپ بووە.

(٢) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە: الفجر الكاذب ٢٧٣ و ٢٨٢ و ٣٠٤، مستقبل الرأسمالية ٤١٧، ٤٨٣ و لاپەڕەکانی دواتری، ٥٠٢، ٥٠٧.

**کارەکان کردووە تا ئەندازەیەکی زۆر سوربن لەسەر ئەنجامدانی کارەکانیان بە کەمترین وزەی کرێکار و بەکەمترین کرێ.**

**بۆیە وایلێهاتووە کەمکردنەوەی ڕێژەی کرێکاران و لە کار لابردنیان لە دامەزراوەکاندا بووەتە دیاردە لە ناو کۆمەڵگەی خۆرئاوادا، لە کۆتاییەکانی هەشتاکان و سەرەتاکانی نەوەدەکان ٥ ,٢ ملیۆن کاری کرێی نوێ ڕەتکرایەوە[١].**

**ئەو دامەزراوانەی ڕێگەی کەم کردنەوەی کرێکارانیان دەگرتەبەر ئەوا قازانجی زۆر مەزنیان دەکرد لەگەڵ ئەم دارِنین و داتاشینانە، وا دەردەکەوێت ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی ئەم دامەزراوانە بۆ زیاتر قازانج کردن لەسەر حیسای کرێی کرێکاران، کرێکارە خاوەن کرێیە زۆرەکان لەسەر کار لابران، خاوەن کرێیە کەمەکان لە جێگاکەیان دانران، بەمە دەستکەوتی بەرهەمهێنانی ئاسان دەستەبەر بوو کە بریتی بوو لە: هێزی کاری نوێی پاڵنراو بۆ بەرهەمهێنان بە کرێ کەم بەراورد بە کرێکارەکانی پێش خۆیان[٢].**

**وایلێهاتووە تەکنەلۆژیا بووەتە هۆکاری لەکار لابردنی کرێکاران و پێویست نەبوون بە خزمەتگوزارییەکانیان، بەمەش کۆمپانیاکان دادەماڵرێن لە ڕۆڵی خۆیان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەم خۆی سوودمەندە و هەم سوودبەخشیشە، تەنانەت وایلێهاتووە کۆمپانیا جیهانیەکان کە خاوەن**

---

**(١) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٧٣.**

**(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٧٤ – ٧٩.**

**تەکنەلۆژیای بەرزن لە هەموو جیهاندا بەڕێوەدەبرێن بە چەند هەزار کەسێك، کەچی پێشتر سەدان هەزار کارمەندی دەخستە کارەوە[1].**

**ڕیکاردۆ دانی ناوە بە مەترسیداری داهێنانە نوێیەکان لەسەر کارکردن و ئەو تەنگوچەڵەمەی بۆ کرێکاران دێنێت و دەڵێت: ((دۆزینەوەی ئامێرەکان و بەکارهێنانیان لەوانەیە ببێتە هۆی کەم بوون لە پوختەی قازانجدا، جا ئەم حاڵەتە لە هەر کوێیەك هەبێت ئەوا ئەم زەرەرە بە چینی ماندوو دەگات، چونکە چەندین کرێکار فڕێدەدرێنە دەرەوەی بازنەی کارەوەو دانیشتووان ژمارەیان زیاد لە پێویست دەبێت... جا ئەو بۆچوونەی چینە ماندووەکان بۆی دەچن کە بریتییە لەوەی بەکارهێنانی ئامێرەکان زۆر جار زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێ، ئەوا ئەم بۆچوونە لایەنگیری و هەڵەی تێدا نییە، بەڵکو کۆکە لەگەڵ بنەما ڕاست و دروستەکانی ئابووری سیاسی))[2].**

**بەهۆی سوربوون لەسەر قازانج بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییە باڵاکان ئەوا وایلێهاتووە سەرمایە لە وڵاتە ڕەسەنەکەی دەگوێزرێتەوەی بۆ وڵاتی بیانی بە ئامانجی گەڕان بەدوای کرێکاری کرێ هەرزان.**

**شتێکی زانراوە کە کۆچکردنی پارەی خۆرئاوایی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەوا بناغەی بوونی تایبەتمەندییە لەم دەوڵەتە هەژارانەدا، لە دوای ئەم کۆچکردنە ئەوا سەرمایە هەڵدێت لە کرێیە بەرزەکان و لە داواکاری بەردەوامی سەندیکای کرێکاران سەبارەت بە بەرزکردنەوەی کرێیەکان.**

---

**(1) وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ٧٤ – ٧٩.**

**(2) وەرگیراوە لە: مستقبل الرأسمالية ١٢٠.**

**بەڵام شتی سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە پێچەوانەی ئەمە ڕوویدات، کە کرێکاری هەرزان بێ، جا لە ساڵی ١٩٩٧ز کارگەی کۆری بەناوبانگ (جولْد ستار) بڕیاریدا کارگەیەك لە (نیۆ بۆرت _ ویلز) لە بەریتانیا دابمەزرێنێت بەهۆی نزمی کرێی کرێکارانەوە. بە ساڵێك بەرلەمە کۆمپانیای (ڕۆنسۆن) کەرتە تایبەتەکانی کە چەرخ و چەخماغی دروست دەکرد لە کۆریاوە گواستییەوە بۆ ویلز. بەم گواستنەوەیە توانی ٢٠٪ کرێیەکە دابین بکات[١].**

**لەم بارودۆخە ناخۆشەدا ئاسایشی کارکردنی کرێکاران نابێ، چیتر کێشەکە تایبەت نییە بە کۆمەڵگەی خۆرئاواوە، بەڵکو گشتییە لەسەر ئاستی جیهان، مادەم هزری لیبڕالی تاکە ڕەواج پێدەری ئابوورییە.**

**لەوانەیە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە (سول) لە یەنایەری ساڵی ١٩٩٧ز[٢] ئاماژە بن لەسەر قەیرانی جیهانی، پەیوەستیش بن بە هزری لیبڕالییەوە کە هۆکاری هەبوونی ئەم کێشانەیە.**

**لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆفیەتی و ئەوروپای خۆرهەڵات ئەوا کرێکاری لە جیهاندا زیاد بوو، _ بەهەمان شێوە _ تەنگوچەڵەمەکانیشی زیاد بوون لە کەمی کرێ و خراپ قۆستنەوەو فێڵ کردن و سوکایەتی پێکردنیان لە سایەی دەوڵەتانێك کە وازیان هێنابوو لە ئەرکە پێویستەکانی سەر شانیان لە پێناو خۆویستی و چڵێسی دەوڵەمەندان لە ژێر فشاری هزری لیبڕالی لاڕێ.**

---

(١) وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە ١١٧.

(٢) وەرگیراوە لە: سەرچاوەی پێشوو ١١٧.

ئەم پشتگوێ خستنەی کرێکاران و لەکارلابردنیان بەڵگەیە لەسەر درۆبوونی بانگەشەی لیبڕالییەت لە گەیشتنی بە بەگەڕخستنی تەواو و بانگەشەی ئەوە گەل سوودمەند دەبێ لە هەموو وزە و لێهاتوویيەك.

یەکێك لە توێژینەوەکانی کەم و کورتی دەرخست لە بەکارهێنانی وزە نیشتمانیەکان لە بەریتانیا بە ڕێژەی ١٠٪ وزەی کار، ئەم ژمارەیە ٤,٥ ملیۆن تاك لەخۆدەگرێ کە هەندێك کات کار دەکەن و حەزیان لە کارە لە هەموو کاتێکدا، هەروەك ئەو کرێکارانەش لەخۆ دەگرێت کە سەرکەوتوو نەبوون لە دۆزینەوەی کاری بەردەوام لە ماوەی تەواوی ساڵدا[1].

لێرەدا ئەوە دەخەینەوە یاد کە لیبڕالییە کلاسیکییەکان دژی یارمەتی و هاریکاری و چاکەکردن وەستاون کە پێشکەشی هەژاران و نەداران دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کلاسیکییانە کەمتر توندڕەون (لەگەڵ ئەوەی هەموویان هەر توندڕەون) لە چاو لیبڕالییەتی نوێ، لەبەر ئەوەی لیبڕالییە کلاسیکییەکان پێیان وایە کرێکار ئەگەر نەیتوانی کاسبی بکات ئەوا مافی ئەوەی هەیە لە ژیاندا بمێنێتەوە (ئەمە ئاستی هەرە نزمە و نابێ پێشێل بکرێ) لە ڕێگەی کۆمەڵەوە، بەڵام لیبڕالییە نوێیەکان پێیان وایە دەبێ خەڵك ئەو ئەرکانە پەسەند بکەن کە بازار فەراهەمیان دەکات، ئەو ئەرکانە لە هەر شوێنێك و بە هەر کرێیەك بن، دەکرێ _ ئەمە قسەی ئەوانە _ پیاوی ژێر پاشەکەوت بکات بۆ ڕووداو و باری نەخۆشی و پیربوون لە ڕێگەی بیمە و زەخیرە کردنەوە[2].

---

[1]) وەرگیراوە لە: مستقبل الرأسمالية ١٥٥.

[2]) بڕوانە دەقی هویسۆن لە: مستقبل الرأسمالية ١٩.

**پێشتر خستمانەڕوو کە ((نەختینەگەراکان)) پێیان وایە بێکاری دیاردەیەکی سروشتییە، تاکە چارەسەری زیاد بەرهەم هێنانە، نەك بەگەڕخستنی تەواو، هەر لەبەر ئەمە لەلای ئەم لیبڕالییەتە خۆویستە پاڵنەری کرێکار بریتییە لە ترسان لە کارلادان، نەك زیادەی کرێیەکان[1].**

**یەکێك لە بیرۆکە دۆزەخییەکانی خاوەن سەرمایەکان بریتییە لە نەبوونی کرێکاری چەسپاو، بەڵکو پشت بەستن بە کرێکاری کاتی بەشێوەی کارکردنی بەشی و لاوەکی، هەروەها بە گرێبەستی کاتی و بە کرێی زۆر کەمتر لە کرێکاری چەسپاو، تایبەت کە مەشق و ڕاهێنان لەسەر حیسابی کرێکارە کاتییەکەیە، هیچ ئەرکێکی تەندروستی یان خانەنشینی یان جگەلەمانە لەسەر ئەستۆی خاوەن کار نییە[2].**

**ئەم دڕندایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ پەستی تاکایەتی کە بیرمەندانی لیبڕالییەت حەزیان لێیەتی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ وازهێنانی دەوڵەت لە ئەرکەکانی لە هەمبەر هاوڵاتیانی، ئەمە بەڵگەیە لەسەر تێکگیرانی لیبڕالییەت لە نێوان ئەم وێنە خۆویستانە و بانگەشەی مافی مرۆڤ.**

**یەکێك لە شێوەکانی ستەمی گێلانە ئەو یاسایەیە کە حکومەتی بەریتانیا دایهێنا لە ڕۆژانی تاتشریەت کە یاسای (باجی سەرانە)[3] بوو، ئەمە واتای ئەوەیە**

---

**(1) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٧٠.**

**(2) بڕوانە: فخ العولمة ١٥٣.**

**(3) ناوی باجی سەرانە، بۆ ئەو باجە بەکاردێ کە دەرەبەگایەتی لە ئەڵمانیا سەپاندی، ئەم باجە هۆکاری شۆڕشی کرێکاران بوو لە ساڵی ١٣٨١ز، ئینگلیز باجی خانووەکانی بەم باجە چوواند بەهۆی کێشەی گەورە و پلەیەکی بەرزی ڕووبەڕوو بوونەوەی.**

باج بسەپێنرێتە سەر ئەو کەسەی نیشتەجێ ناو خانووەکەیە نەك خانووەکە، ئەمەش وا دەکات باجی دەوڵەمەند وەك هی هەژار بێت، ئەمە بووە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی تاتشر بەهۆی زۆر ڕەخنەگرتن و بەرهەڵستی کرانی ئەم بڕیارە[1].

کاتێ ڕوانینە کۆمەڵگە سەرمایەدارە لیبڕالییەکان ئەوا بارودۆخی ئاوەرەکان بە ڕۆشنی دیار بوو، ئەو ئاوارانە کۆمەڵەیەکی زۆر گەورە بوون کە ژمارەیان دەگاتە پێنج ملیۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا[2]. ئەم ژمارە ئاوارەیە ژیان بەشێوەیەکی ئاسایی پیادە ناکەن، کلینتۆن ڕاستی پێکا کاتێك وتی: ((دەرکراو و ئاوارەکان کە دوورخراونەتەوە لە هەناسەدانی ئابووری لە هەشتاکاندا ئەوا ئێستا لە جیهانێکی تردا دەژین، ئەوانە دەنگ نادەن، کار ناکەن، سکاڵا لەدەست تاوانەکان ناکەن، منداڵەکانیان نانێرنە قوتابخانە، هەندێك کات تەنانەت یەك تەلەفۆنیشیان نییە تا وەڵامی پەیوەندییەکان بدەنەوە، جا لە ناو ئەو گێژەلووکە بێکاریەی کە تیایدا دەژین ئەوا ڕۆشن نییە کە کۆمەڵگە هیچ شتێکیان لێ داوا دەکات یان توانای هەیە لەسەر بەرپەرچدانەوەیان))[3].

ئەمەیە بەرهەم و دەستکەوتی هزری لیبڕالی لە مافی مرۆڤدا، ئەمەش دەرەنجامی دووربوونە لە ڕێبازو بەرنامەی خواو پەسەندکردنی بیرۆکەی شەیتانی کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەوشت و بەهاکانەوە نییە.

---

(١) بڕوانە: الفجر الکاذب ٣٩.
(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٨١.
(٣) وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە ٨٣.

### ٣ـ دارمانی خێزانی و کۆمەڵایەتی:

لیبڕالییەتی سەرمایەداری کاریگەرییەکی زۆر دروستکرد لەسەر خێزان و کۆمەڵگە لەو وڵاتانەی ئەم هزرەی تێدا پیادەکرا، گەڕان بەدوای کاردا وایکرد خێزان لەت لەت ببێ، زۆر جار پیاو لە شارێك و خێزانەکەی لە شارێکی تر کار دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەهەدەرچوونی نەوەکان. سەرباری جیاوازی کاتەکانی کارکردن؛ کە وایکردووە بە یەکگەیشتن بۆ نانخواردن بەیەکەوە لە جگە لە کاتی پشووی هەفتانە دەگمەن بێ.

لە جیهانی پێشکەوتوودا ڕێژەی تەڵاق هەر زیاتر دەبێ، چونکە ژیان لە کارکردندا سەختە و وایکردووە خێزان خاوەن نرخێکی نزم بێ، هەر بۆیە لەم کۆمەڵگەیانە خێزانی وا بڵاو دەبنەوە کە سەرپەرشتیاریان ئافرەتانن: ئەمەش یان بەهۆی نەبوونی پیاوە بۆ کارکردن یاخود بەهۆی لە دایك بوونە لە ڕێگەی نافەرمی (زینا)یەوە.

بەڕاستی بێکاری ڕۆڵی هەبوو لە دارووخانی کۆمەڵایەتی، هەر کەسێك گەشت بکات بۆ بەریتانیا و ئەمریکا دەتوانێ شوێنەواری هەڵوەشانەوەی خێزانی ببینێ بەشێوەیەکی ڕوون.

جۆن گرای دەڵێت: ((تێکگیرانی هەرە قووڵی بازاری ئازاد ئەوەیە کە کار دەکات لەسەر لاوازکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان کە لە ڕابردوودا پشتی پێدەبەست و جەختی لەسەر دەکردەوە، خێزانیش باشترین نموونەیە، لاواز

**بوونی خێزانی نەریتی و کەم بوونەوەی بایەخەکەی زیادبوو بە درێژایی قۆناغی تاتشرییەت، ڕێژەی ئافرەتانی بەشوودراو کە تەمەنیان لە نێوان هەژدە ساڵ تا چل و پێنج ساڵە لە ٧٤٪ بۆ ٦١٪ دابەزی، لە کاتێکدا کات لەگەڵ یەك بەسەربردن و پێکەوەژیان بەشێوەی ژن و مێرد لە ١١٪ بۆ ٢٢٪ زیادی کرد لە هەمان ماوەدا.**

**هەروەك ڕێژەی لە دایك بوون لە دەرەوەی باری خێزانداری لە ماوەی هەشتاکاندا بۆ زیاد لە دوو ئەوەندەی خۆی زیادیکرد، ڕێی ئەو خێزانانەی کە تەنها باوکیان هەیە لە ١٢٪ لە ساڵی ١٩٧٩ز بۆ ٢١٪ لە ساڵی ١٩٩٢ز زیای کرد، ئەمە یەك زیادبوونی نوێ بوو هەبێ سەبارەت بە ڕێژەی ئەو دایکە بێوەژنانەی کە پێشتر مێردیان نەکردووە. لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٩١ز حاڵەتی تەڵاق بۆ هەر یەك لە ژن یان مێرد هەبوو، ئەمە گەیشتە بەرزترین ئاست کە لە هیچ وڵاتێکی یەکێتی ئەوڕوپیدا شتی وانەبوو، هاوشێوەشی نەبوو جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبێ))[1]. بازاری ئازاد بەسترایەوە بە هەڵوەشاندنەوەی خێزانی، بەرزبوونەوەی باری تەڵاق و لەباریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە.**

**گرای لە بارەی هەڵوەشانەوەی خێزانی لە ئەمریکا دەڵێت: ((لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بازارە ئازادەکان بەشداربوون لە پرۆسەی داڕووخانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان کە شتی وا لە هیچ وڵاتێکی تری پێشکەوتوودا نەزانراوە. خێزانی ئەمریکی لاوازترە لە خێزانی هەر وڵاتێکی تر. لە هەمان کاتدا پاڵپشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکرێ بە سیاسەتێك کە کۆڵەگەکەی بریتییە لە کردنەوەی دەرگاکانی بەندیخانەکان و خستنە سەر پشتیان. هیچ وڵاتێکی تری**

---

**[1]** الفجر الكاذب ٤٥.

**پیشەسازی بەم جۆرە نییە، واز لە ڕووسیای دوای شیوعییەت بهێنە، لە ئەمریکا بەندیخانە وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی فراوان. بازارە ئازادەکان و تێکچوونی خێزان و کۆمەڵگەی ناوخۆیی و بەکارهێنانی سزای تاوانەکان وەك تاکە پەناگەی کۆتاییە دژی داڕووخانی کۆمەڵایەتی کە پارچە دوای پارچە دەڕووخێت))[1].**

**سرۆ دەڵێت ((لە ئەمریکا ٣٢٪ هەموو پیاوان کە تەمەنیان دەگاتە ٢٥ – ٤٥ ساڵ کەمترە لەو ڕێژە پێویستە بەدەستدەخەن بۆ هێشتنەوەی ئەو خێزانەی کە لە چوار کەس پێکهاتووە لە سەرووی هێڵی هەژارییەوە، دایك ناچار دەبێت بچێت کار بکات ئەگەر خێزان ویستی ئاستێکی بژێوی پەسەندی هەبێت.**

**ئەوەندە هەیە کە ئەم بارودۆخە پەیامی دوو لایەنەی بۆ ئافرەتانی بەمێرد پێیە ئەویش ئەوەیە: بڕۆنە کار، دارایی و پارە کۆبکەنەوە کە خێزان پێویستیەتی، بەڵام لە ماڵیش بمێننەوەو گرنگی بە منداڵان بدەن.**

**ژن پەنا دەباتە بەر کارکردن لە پێناو کرێ تا بارودۆخی ئابووری خێزان ڕزگار بکات، کەچی بەهەمان شێوە لە ماڵیش کار دەکات، ئا بەم شێوەیە ئەمە بە ئەندازەی دوو ئەوەندەی مێردەکەی کار دەکات، زیاتر هەست بە ماندوێتی دەکات، چونکە بە کرداری ماندووە))[2].**

---

**(١)** هەمان سەرچاوە ١٠.

**(٢)** مستقبل الرأسمالية ٨٥، ئەم بارودۆخە لە وڵاتانی موسڵمانیشدا دووبارەبووەوە، بەوەی ئافرەتی خزاندە ناو بازاری کارەوە، لەبیری کرد کە ئافرەت کارکەری ماڵ و پەروەردەکاری منداڵەکانیەتی.

بەهەمان شێوە سرۆ لەبارەی ڕوونکردنەوەی شوێنەواری کارکردنی ئافرەت بۆ تەواو دابینکردنی پێداویستی خێزان دەڵێت: ((جا لەگەڵ بوونی ئافرەت لە کارکردندا، ئەوا زیاتر لە دوو ملیۆن منداڵ لە ژێر تەمەنی سێزدە ساڵیدا پێش دەوامی قوتابخانە و دواتریشی بێ سەرپەرشتی کەسێکی پێگەیشتوو دەمێننەوە، لەلایەنی کردارییەوە بەوە کۆتایی دێ بەوەی کە کەسێك نابێ سەرپەرشتی منداڵەکان بکات، بەڵکو منداڵەکان بە تەنیا دەمێننەوە، چونکە دانی پارە بە ئافرەتی دایەنگا زۆربەی پاداشتی کارکردنی دایکەکە دەبات، بە پلەیەك مەبەستی ڕوو لە کارکردنی دایکەکە پوچەڵ دەکاتەوە))[1].

لە دوای لەبارچوونی خێزانی کاتێك منداڵەکان گەورە دەبن ئەوا ناچار دەبن کار بکەن لە شوێنە دوورەکان کە زیاتر سۆزی جیابوونەوەیان بەسەردا زاڵ دەبێت بەهۆی گەڕان بەدوای کاردا. بەمەش ئەندامانی خێزان پەرت دەبن، سۆزدارو یەکتر خۆشویستن و دەستەبەری کۆمەڵایەتیان لە نێواندا نامێنێت، ئەمەش زیاتر ڕەگ و ڕیشەی تاکایەتی و خۆویستی جێگیرو پتەو دەکرێن، دەوڵەت جێگەی خێزان دەگرێتەوە، جا لەگەڵ پاشەکشەی دەوڵەت _ کە ئەمە داواکاری لیبڕالییەتە _ ئەوا خێزان هیچ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ناگێڕێت، ڕایەڵەکانی هاریکاری تێکشکان لە میانەی ئەو ڕەوست و شێوە کۆمەڵایەتییانەی سەرمایەداری لیبڕالی سەپاندی کە دوورن لە هاریکاری کۆمەڵایەتی. بیرکردنەوەی سەرمایەداری ماددیانە منداڵەکان بە ناوەندەکانی خەرج دەزانن نەك ناوەندی قازانج، کە منداڵەکان پێویستیان بە باوانە ئەوا نابێتە ئەوەی باوان پێویستیان بە منداڵانە[2]، ئەم

---

(١) هەمان سەرچاوە ٨٦.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٨٧.

**تێڕوانینە ماددیە هەموو پەیوەندی و ڕایەڵە خێزانی و ڕەوشتی و سروشتییەکان دەسڕێتەوە.**

**سەرمایەداری لە پاڵی گۆڕینی چەمکی مێژوویی و سروشتی خێزانەوە بوو کە بڕیار دەدات باوك کار دەکات تا خەرجی خێزان دابین بکات، دایکیش هەڵدەستێت بە پڕۆسەی پەروەردە و چاودێری خێزانی.**

**هەر بۆیە ئەم چەمکە گۆڕا بۆ تەرز و شێوەی نامۆی پێکهاتەی خێزانی پەیوەندی لاواز تا ئەندازەیەك _ کە هەندێك جار _ تەنها شێوەکەی دەمێنێتەوە.**

**یەکگرتوویی سەرمایەداری کۆمەڵایەتی ناگەڕێتەوە بۆ یەکگرتوویی هزری کۆمەڵایەتی، چونکە بەڵگەکانی دارووخانی کۆمەڵایەتی بە ڕۆشنی دیارن، بەڵکو نهێنی یەکگرتووییەکەی بریتییە لە وەستان لە دژی شیوعییەت[1]، هەر بۆیە پێستی خۆی گۆڕی و باروخی خۆی چاك کردووە هەر کاتێك پێویست بێ و بزانێ خەریکە بەتەواوی لە ناو بچێت وەك چۆن لە تیۆری کینزیدا بینیمان.**

**جا لەم بارەوە (سرۆ) دەڵێت: ((لێرەدا کۆمەڵێك ڕێگە هەن کە لە میانەیاندا کۆمەڵگەکان دەتوانن بەهۆیەوە یەکگرتوو بن بێ ئەوەی دید و تێڕوانینێکیان هەبێت، لە توانای کۆمەڵگەکاندا هەیە یەکگرتوو بن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی. بە درێژایی شەست ساڵ هەڕەشە هزری و سەربازییەکانی نازیەت و دواتر شیوعییەت وایانکرد دیموکراسییەتی خۆرئاوا یەکگرتوو بێت. ئەو**

---

**(1) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٣٥٩.**

کاتە دەتوانرا کێشە ناوخۆییەکان دوابخرێن و فەرامۆش بکرێن بێ چارەسەرکردن. بەڵام ئێستا هیچ هەڕەشە و گۆڕەشەیەکی دەرەکی نییە))[1].

دوای نەمانی شیوعییەت، ئەمریکا ئیسلامی کردە جێگرەوەی شیوعییەت بۆ هەمان مەبەست، ئەمە هەڵاتنە لە کێشەی ناوخۆیی، چونکە هیچ چارەیەك نییە جگەلە گۆڕینی پێکهاتەی هزری لیبڕالی و گەڕانەوەی ڕاستگۆیانە بۆ لای خوا، ئەگەرنا بێ سەروبەری و شوێنەوارە کاولکەرەکانی لەسەر کۆمەڵگە بەردەوام و زیاد دەبێت.

٤_ داڕووخانی بەها ڕەوشتی و ڕۆشنبیرییەکان:

سەرمایەداری لیبڕالی بە گەورەترین سەرچاوەکانی داڕووخاندن و شێواندنی بەها ڕەوشتی و ڕۆشنبیرییەکان دادەنرێ، هزری سەرمایەداری مرۆڤەی وەرچەرخاند بەرەو ماددەیەکی ئابووری بێ هیچ بەها یان ڕەوشت یاخود سۆزێکی ڕۆحی.

لیبڕالییەکان زانستی ئابووری نوێیان بنیاتنا لەسەر ئەندێشەکردنی (مرۆڤی ڕووت و پوخت) کە تەنها پاڵنەرە ئابوورییەکان بێجگە لە پاڵنەرەکانی تر دەیجوڵێنن، ئەمە ئەوەیە کە (ئادەم سمس) بە: ((مرۆڤی ئابووری)) ناوی ناوە[2].

---

(1) هەمان سەرچاوە ٥٧٢، بەڵام خۆرئاوا دوژمنێکی دەرەکی دروستکرد لە جیاتی شوعییەت ئەویش ئیسلامە و دروشمێکی ڕاگەیاندنیشی بۆ دانا کە (ئیرهاب: ترس و تۆقاندنە)، بەمەش سەرمایەداران _ لە سەرووشیانەوە جولەکەکان _ لە یەك کاتدا زیاد لە ئامانجێك دەپێکن، ئەم ئامانجانەش ئەمانەن: دژایەتی کردنی ئیسلام، سەرقاڵکردنی گەلانی خۆرئاوا و بێ ئاگاکردنیان لە کێشە ڕاستەقینەکانیان، جوڵاندنی کۆمپانیاکانی چەك و جگەلەمانەش.

(2) بڕوانە: الفجر الکاذب ٢٤.

**ئەم تێڕوانینە ساختەیە وایکردووە مرۆڤ بوونەوەرێکی ماددی بێ کە هیچ بەهایەکی دیاریکراو و ڕەوشتی چەسپاوی نییە، مرۆڤ لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە کە هەرگیز ڕانەوەستێت، ئامانجە ئابوورییەکان دەیجوڵێنن بۆ پەلەکردن بەرەو دەستخستنی ئەندازەیەکی زیاتری دەستکەوت لە ڕێگەی کارەوە، ژیان لە هەستی ئەم مرۆڤەدا ڕەوت و تەزووێکی جوڵاوە بەرەو دەستکەوتە ئابوورییەکان بێ ئامانجی ڕەوشتی یان ڕۆشنبیری[1].**

**سەرمایەداری لیبڕالی کۆمەڵگەی کردووەتە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی سوودگەرا، پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕیوە بۆ کەل و پەلی بەکاربردن لە هەموو بوارەکانیدا.**

**جۆن گرای دەڵێت: ((شۆڕشی بەردەوام کە بازاری ئازاد بووە هۆکاری دروستبوونی ئەوا هیچ نرخ و بایەخێك بۆ ڕابردوو دانانێ، پێشینەکان ڕەتدەکاتەوە، هێڵەکانی هۆش و یاد دادەبڕێ، کۆسپ دەخاتە بەردەم زانیارییە ناوخۆییەکان، هەروەك شتە کەسییەکان زاڵ دەکات بەسەر سوودی گشتی، واشدەکات پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك ببنە پەیوەندی کاتی و شیاوی پچڕان بن)).**

**تەنانەت مرۆڤی خستووەتە ناو ڕۆشنبیرییەکەوە کە سەرپشك بوون تاکە نرخە کە مشتومڕی تێدا نییە، بەپێی ئەم ڕۆشنبیرییە باوەڕی وایە کە هەرگیز پێداویستییەکان بە تەواوی دابین ناکرێن: جا جیاوازی چییە لە نێوان**

---

**(1) بڕوانە: الفكر الأوروبي الحديث ٧.**

دەستپێشخەری کردن لە ئازاد کردندا لەگەڵ بازرگانی کردن لە ئوتۆمبیلێکی بەکارهێنراودا))[1].

هزری لیبڕالی هەموو ژیانی گۆڕی و کردیە ئامانجی ئابووری، پێوەری باشی بریتییە لە کاسبی ڕووت، پێوەری خراپیش بریتییە لە زیانی ماددی، ئەمەش بریتییە لە بیرۆکەی (بە کەل و پەلکردنی مرۆڤ).

(بە کەل و پەلکردنی مرۆڤ) واتە: ڕەتکردنەوەی نرخ و ڕەوشت و ڕۆشنبیری و ئاینەکەی، سەیرکردنی مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانیەوە بەوەی بوارێکە بۆ قازانج و زەرەرو زیانی ماددی ڕووت.

هەر بۆیە قەڵاکانی زانست و ڕۆشنبیری (زانکۆکان) گۆڕان بۆ (سوپەر مارکێت) کە ئەو شتومەکانەی تێدا نمایش دەکران کە کڕیار پێویستیان پێیەتی نەك شتی تر، هەر بۆیە وایلێهات زانکۆکان بوونە ناوەندێك کە ئامانجیان بریتی بوو لە هێنانە کایەی مرۆڤێکی ئابووری کە کۆك بێ لەگەڵ بازاری کاردا، بێ هیچ ڕەچاوکردنێکی فێرکردن و خوێندنی ڕەوشتی یان ئاینی یاخود کۆمەڵایەتی.

شتێکی سروشتییە لەم کۆمەڵگەیەدا ڕێژەی تاوان بە هەموو شێوەو وێنەکانی بڵاو ببێتەوە، ئەمەش وایکردووە دەوڵەتی سەرمایەداری هەرە مەزن کە ئەمریکایە سیاسەتێك پەیڕەو بکات کە بەهۆیەوە سەدان هەزار کەس بخاتە بەندیخانەوە وەك

[1]) الفجر الكاذب ٥٥.

جێگرەوەیەك بۆ دانانی ڕێكخەرو مەرج لەسەر سەرمایەكان كە كۆمەڵگەیان تەفروتونا كرد[1].

لە كۆتایی ساڵی ١٩٩٤ز نزیكەی زیاتر لە پێنج ملیۆن ئەمریكی لە ژێر جۆرێك لە كۆت و بەندی یاساییدا بوون، جا بەپێی زانیاری وەزارەتی دادی ئەمریكی نزیكەی ملیۆن و نیوێك كەس لە بەندیخانەكاندا بوون، جا بەندیخانەی ویلایەتەكان یان فیدراڵییەكان یاخود نێوخۆییەكان بن.

واتای وایە كە هەر یەك ئەمریكی پێگەیشتوو لە ١٩٣ ئەمریكی پێگەیشتوو خراوەتە بەندیخانەوە، كەواتە ٣٧٣ كەس لە هەر سەد هەزار كەسێكی ئەمریكی بەندكراون، ئەمە لەبەرامبەر ١٠٣ كەس لە هەر سەد هەزار كەس كاتێك ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆكایەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی گرتەدەست لە ساڵی ١٩٨٠ز[2]، ئەم بازدانە پەیوەستە بە گۆڕانكاری لە پەیڕەوی حكومەتی ئەمریكادا كە وەرچەرخانی مەزن بەرەو لیبڕالییەتی تازە ئەنجامدرا، ئەمەش لیبڕالییەتێكی سەخت و دڵڕەقە و پێشتر قسەی لەسەركرا[3]. هەر كە پەیڕەوی لیبڕالییەت لە بواری ئابووریدا بەردەوام بوو ئەوا تاوانكاری زۆر دەبێت، جا بە هاتنی ساڵی ١٩٩٧ز ئەوا هەر یەك كەس لە پەنجا كەسی ئەمریكی بەندكراو بوو، نزیكەی

---

(1) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٦٠.

(2) سەرچاوەی ئەم ئامارانە: ڕۆژنامەی تایمز، ژمارە ژڗ، دێسەمبەری ساڵی ١٩٩٥ز، لا ٣٨، وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ١٦١.

(3) بڕوانە: الفجر الكاذب ١٦١.

هەر یەك لە بیست كەس ڕێگەی مۆڵەت و ڕێگەی پێدرابوو لە ژێر مەرج یان مەرجی تاقیكردنەوە[١].

لە میانەی سەرمایەداری لیبڕالییدا پەستی و بێ ڕەوشتی و بازرگانی كردن بە ئافرەت و منداڵان بڵاوبووەوە لە میانەی ئەو دەستە و پێڕانەی بەڵێنی كاریان بەوان دەدا و دواتر لە بواری خراپەكاری بەكاریان دەهێنان، ئەمەش ئەوەیە كە بە بازرگانی كردن بە كۆیلە سپییەكان ناسراوە. جا لە ژێر سایەی بێكاری و پێویست بوون بە پارە و نەبوونی چاودێری كۆمەڵایەتی ئەوا سەدان هەزار ئافرەت و منداڵ لە ڕووی جنسییەوە دەستدرێژیان كرایەسەر.

سەبارەت بە خراپ بەكارهێنانی منداڵ و ئافرەتان لە كاردا بە ڕێگەی ناشەرعی ئەوا لە دیارترین كاری سەرمایەدارە تاوانبارەكانن، ئەوانەی سورن لەسەر قازانج بێ هیچ سۆز یان ڕەوشت و ویژدانێك.

كۆمپانیاكان هەموو جۆرێكی فێڵ و تەڵەكەبازیان بەكارهێنا بۆ گەیشتن بە دەستكەوتەكانیان بێ ڕەوچاوكردنی لایەنە ڕەوشتییەكانی ئەم كارە، لەوانەیە دڵی سەركردە ناوخۆییەكان بەدەست بخرێ بەهۆی سوود و دیارییەكان بەتایبەت لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەكاندا. هەروەك هونەری بازارگەری و پڕوپاگەندە بەكاردەهێنرێ بۆ وروژاندنی هەستی بەكاربردن، درۆ و سەر لێشێواندنیش لەم پڕوپاگەندانەدا بەكاردەهێنرێ[٢]، لەلای سەرمایەداران ئاساییە بازرگانی بە مادە

---

(١) سەرچاوەی ئەم ئامارانە: ڕۆژنامەی فیناشیال تایمز، ٨ – ٩ مارسی ساڵی ١٩٩٧ز، لا ٧؛ وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ١٦١.

(٢) بڕوانە: العولمة نقيض التنمية ١٣٧.

هۆشبەرەکان و ڕووتکردنەوەی ئافرەت و کەسە لادەرەکان بکرێ بەناوی بانگەشەی ئازادییەوە[١].

لەسەردەمی ئێستادا سەرمایەداران بایەخیان داوە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك ئامرازێکی بەهێز بۆ کەڵەکەکردنی قەبارەی مەزنی قازانج، لە میانەی ئەم ئامرازانە ڕۆشنبیری و بەها مرۆییەکان پێکهێنران بە ڕێگەیەکی خۆسەپێنانەی نا ڕاستەوخۆ و بەشێوازی فێڵ و تەڵەکەبازی؛ هەر بۆیە وایلێهات ئەستێرەکانی سینەما و گۆرانی و سەماکردن بوونە پێشەنگ بۆ نەوەکانی داهاتوو، جا قازانجی خەیاڵیان دەستخست لە میانەی بانگەشە و ڕاگەیاندن بۆ کێشکردنی خەڵك بۆ ماددە بەکاربەرە دیاریکراوەکان[٢].

### ٥_ جەنگ و داگیرکردن:

سروشتی گیانی ململانێکارو خۆویستی لیبڕالییەت وایکردووە: پشت بەستن بە جەنگ و زاڵبوون و داگیرکردن و پەراوێزخستنی گەلان ببنە دەرەنجامی سروشتی لیبڕالییەت.

---

(١) بەڕیتانیا ڕۆیشتە ناو جەنگەوە لەگەڵ چین کە بە جەنگی ئەفیۆن ناسرا لە ساڵی ١٨٣٩ – ١٨٤٢ز بەناوی ئازادی بازرگانیەوە، بڕوانە: وتاری دەربارەی جەنگی ئەفیۆن لە گۆڤاری عەرەبی، ژمارە ٤٠٩، دێسەمبەری ١٩٩٢ز، لا ٣٠ – ٣٥. لەبارەی بازرگانی ئەمریکا بە ماددە هۆشبەرەکانەوە لە ئەمریکای لاتینی و جگەلەویش بڕوانە: كتاب إعاقة الديمقراطية ١٣٧.

(٢) بڕوانە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (وەك: تەلەفزیۆن، سینەما، ئینتەر نێت) لەسەر بەها و ڕەوشت و ڕۆڵی سەرمایەداری لیبڕالی لەم بوارەدا: مستقبل الرأسمالية ١٩٢ – ٢٠٣.

جا گیانی زاڵبوون و خۆسەپاندن و بردنی ئەوەی لە دەستی خەڵکدایە پەیوەستە بە سەرمایەداری لیبڕالییەوە لەوەتەی گەشتە دەریاییەکان و دۆزینەوە جوگرافییەکان و هێنانی زێڕ بۆ ئەوروپا بە هەر ئامرازێك بێت.

ماگدۆف دەڵێت: ((بەڕاستی داگیرکردن بژاردەیەك نەبووە لە بەردەم هەر کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا، بەڵکو ڕەوت و شێوازی ژیانی بووە))[١]. سەرمایەداری کاری کرد تا خۆی ببێتە چەقی ئابووری جیهانی و ئەوانی تر وەك لێو و کەنار بن و پەراوێزخستن و دوورخستنەوە لەگەڵ ئەم لێو و کەنارانەدا پیادە بکات[٢].

سرۆ دەڵێت: ((ئابووری جیهانی چاوەڕێ بەستزانی کۆڕبەندێکی جیهانی ناکات، جا لە میانەی نەبوونی ئەم کۆڕبەندە یاساکانی سیستەمی نوێی جیهانی ئێستا لە برۆکسل دادەنرێن. هەنووکە بازاری هاوبەش بەگەورەترین بازاری دونیا دادەنرێ، ئەوانەش کە بڕیار بەدەستن سەبارەت بە مەرجەکانی هاتنە ناوەوە بۆ ناو بازاری هەرە مەزن لە جیهاندا ئەوا ئەوانەن کە هەردەم ڕێسا و بنچینەکانی بازرگانی جیهانیان داناوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە بەریتانیای گەورە ڕێساکانی بازرگانی جیهانی دارشت لە سەدەی نۆزدەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە سەدەی بیستدا دایناوە، دەکرێ ئەم ڕاستییە بدرەوشێتەوە لە پێوەرەکانی کۆنترۆڵی جۆرێتی (iso ٩٠٠٠) کە زۆربەی کارگەکان لە جیهاندا هەوڵ دەدەن

---

(١) العولمة نقيض التنمية ٢٠٧.

(٢) دەربارەی تیۆری پەراوێزخستن و ناوەندەکان بڕوانە: العولمة نقيض التنمية ٣٢ – ٣١٣.

دەستەبەری بکەن، لە کاتی فرۆشتنی بەرهەم زۆر باش لە بازاری جیهانیدا ئەوا دەبێت بەپێی ئەم پێوەرە پشت پێ بەستراوەبێ))[١].

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر بەرپرسیارێتی سەرمایەداری لیبڕالی لەهەمبەر جەنگ و پرۆسەی داگیرکاری بریتییە لە دانپێدانانی بیرمەندەکانی _ وەك هایك _ بەوەی سەرمایەداری لیبڕالی بەرپرسە لە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم[٢].

لە میانەی بزوتنەوەی سەرمایەداری لیبڕالی لە سەدەی ڕابردوودا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەوڵەتانی سەرمایەدار داگیرکاری و قۆستنەوەیان پیادەکردووە لە ناشرینترین وێنەکانیدا، ئەمەش لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

أ _ داگیرکردنی بازارەکان و زاڵبوون بەسەریدا، تا شتومەکەکانی خۆی ڕەواج پێبدات، هەروەها بۆ لاوازکردنی هەر هێزێکی تری ئابووری.

ب _ زاڵبوون بەسەر کەرستە سەرەتاییەکان، بەتایبەت کێڵگەکانی نەوت لە دوای شۆڕشی پیشەسازی، گەیشتن بەو ئامانجە بە هەر ڕێگەیەك بێت ئەگەر بە جەنگی کاولکەریش بێ.

(١) مستقبل الرأسمالية ٣٠٨ ـ ٣٠٩.

(٢) بڕوانە: الطريق إلى العبودية ٢٠٤ – ٢٠٦.

پ_ جەختکردنەوەی لەسەر پرۆسەی کۆگیر (ترکیز) کردن، پەراوێزخستنی گەلانی تر لە میانەی زاڵبوون بە زەبری هێزی سەربازی، خۆسەپاندنی سیاسی[١].

سیستەمە لیبڕالییە خۆرئاواییەکان جۆرەها وێنەی داگیرکاری ئابووریان پیادەکرد لە میانەی دەستە نێودەوڵەتییەکان وەك صندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتیان بەسەردا هەیە، سەپاندنی لیبڕالییەتی نوێ لە میانەی ئەم دەستانە وەك: بەرنامە گونجانی پەیکەری یان ئەوەی ناودەبرێ بە: چاکسازی ئابووری خشتەی قەرزە دەرەکییەکان.

هەروەها (سرۆ) لەبارەی شێوەکانی سەرمایەداری دەڵێت: ((هەڕەشە و گوڕەشەی سەربازی دەرەکی و شڵەژانە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان و بیروباوەڕە جێگرەوە مێژووییەکان بەکارهێنران وەك پاساو بۆ زاڵبوون بەسەر بەرژەوەندییە بەدەستهاتووەکانی هەنووکە، هەر ئەمەش وایکرد سەرمایەداری بمێنێت و ببوژێتەوە))[٢].

سەرمایەداری لیبڕالی ((جەنگی)) بەکارهێنا وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان، یەکێك لەو نموونانەی ڕاستی ئەم قەیرانە ئابوورییە قوڵە لە ئەمریکا ڕوون دەکەنەوە لە کۆتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو، بە دیاریکراوی لە بەرواری ٤٨/ ١٩٤٩ز ((ئاستی بەرهەمهێنانی پیشەسازی دابەزی لە ساڵی ناوبراودا بە ڕێژەی ١٥٪، بەرهەمهێنان دابەزینی بەخۆوە بینی لە پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بە ڕێژەی ٨ ,١٨٪، ٦٩ کۆمپانیا مایەپووچ

---

١) بڕوانە: العولمة نقيض التنمية ٢٠٨.

٢) مستقبل الرأسمالية ٢٧.

بوون، کەل و پەلەکان بە هەرزانترین نرخ فرۆشران، قازانجەکانی کۆمپانیا سەرمایەدارەکان بە ڕێژەی ١٢ تا ١٤٪ داکشا، بە سەدان هەزار هێکتاری پەتاتەی چێنراو بەفیڕۆچوون، ڕێژەی کرێکاری بێکارەکان گەیشتە ٣,٤ ملیۆن بێکار لە یەنایەری ١٩٤٩ز. ئەم قەیرانە چارەسەر نەبوو تەنها بە هەڵگیرسانی جەنگی کۆری ١٩٥٠ – ١٩٥٤ز نەبێ، ئەمەش دوای ئەوەی سیستەمی ئابووری بە سەربازی کرا، خەرجی گشتی زیادی کرد لە بوارەکان جەنگ و پرچەك کردن))[1].

پێشتر خرایەڕوو کە لیبڕالییەتی نوێ (قوتابخانەی شیکاگۆ) ڕێگر نەبووە لە خەرجکردنی زۆری حکومەتی ئەمریکا لە بواری چەکدا، لە کاتێکدا بەهەموو شێوەیەك ڕەتی دەکردەوە هەر جۆرە خەرجییەك بکرێ لە بواری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی یان پێشکەشکردنی هاریکاری حکومی بۆ کەل و پەلە پێویستەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی هەناسەی جەنگخوازی و بیرکردنەوەی ململانێکار لە هزری لیبڕالییەتدا، قورەکە خەستتر بووەوە بە هاوپەیمانی شومی نێوان ئەوان و بنەماگەرا ئینجلییەکان، لەگەڵ ئامادەییەکی بەهێزی هزری پارێزگار لە لیبڕالییەتی نوێدا، جا هەموو ئەو جەنگە بەردەوامانەی دەیبینین و ئەو هەڕەشە ڕاستەوخۆیانەش کە دەکرێن لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە بە (خولگەی ئاشوب) دانراون ئەوا بریتین لە دەرهاویشتەی ئەم (تێکەڵە هزرییە).

لەوانەیە دەقی میلتۆن فریدمان (سەرکردەی دەستەی نەختینەگەراکان) کە تیایدا سوودە جۆراو جۆرە مەزنەکانی داگیرکردن ڕوون دەکاتەوە جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی جەنگ و داگیرکردن یەکێکە لە پێکهێنەرە هزرییەکانیان، ئەمەشی لە کاتی سەردانەکەیدا وت بۆ ئیسرائیل و کەرتی خۆرئاوای داگیرکراودا ئەنجامیدا

[1]) گۆڤاری ئەهرامی ئابووری، ژمارە ٧٢٠، ١/ نۆڤەمبەری/ ١٩٨٢ز، لا ٢٧.

لە ساڵی ١٩٦٩ز، جا وتی: ((زۆر سەرم سوڕما کاتێك گەڕام و سوڕام بەناو ناوچەی کەرتی خۆرئاوای ڕووباری ئەردەن لەهەمبەر کەمبوونی بوونی سەربازی ئیسڕائیلی. عەرەبەکانی دێنە ناوچەکە بە ئارامی تا ئەندازەیەك کە هەست ناکەن لە وڵاتێکی داگیرکراودان، چەندین جار سنووری نێوان ئیسڕائیل و کەرتی خۆرئاوامان بڕی بێ چاوکەوتن بە هێزی سەربازی و بێ تێبینی کردنی هیچ کۆسپێك لەبەردەم ئازادی هاتوچۆدا.... لەوانەیە ئامادەنەبوونی هێزی سەربازی مەبەستی خۆی هەبێت، هەر لە سەرەتا پڕۆسەی داگیرکردنی ئەم وڵاتە[1] سیاسەتەکە لەسەر ئەوە هەنگاوی نا کە ئازادی فەراهەم ببێ بەواتای ئەوەی دەستێوەردانی ئیسڕائیلی زۆر کەم بێ و بە ڕاوێژ بێ بەپێی توانا و بۆ لوان لەگەڵ کۆمەڵە ناوخۆییەکان لە جیاتی بڕیار دەرکردن... ئەم سیاسەتە دانایانە ئازادی لەخۆ دەگرێ لە بواری ئابووریدا... بەڕاستی نموونەیەکی جوانە لەسەر پارچە زەویەك کە بۆمان دەردەخات کە چۆن بنەمای گشتی ئازادی بازار ئامادەسازی دەکات بۆ هاریکاری لە هەندێك شوێندا لە پێناو بەرژەوەندی هاوبەشیان لەو کاتەی ڕێگە دراوە بە گوزەراندنی ژیانیان بەشێوەیەکی سروشتی لە ناوچەکانی تردا... ئەم بنەمایە هۆکاری ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەدەی نۆزدەم بە فەلسەفەکەی کە لەسەر ئازادی بازرگانی دامەزراوە ئەوا سەردەمێکی تایبەتمەند بووە بە ئاشتی نێودەوڵەتی و هاریکاری ئابووری... لەکاتێکدا سەدەی بیستەم بە پلاندانانە ئامانجدارەکانی و دەستێوەردانە حکومییەکان گۆڕەپانی جۆرەها

(1) ئەوە نامۆیە کە دەوڵەتی ئیسڕائیل بە داگیرکەر ناودەبات، دواتر باسی خاڵە باشەکانی دەکات!!.

ململانێی یەك لە دوای یەکی نێودەوڵەتی بووە، هەروەك چۆن وتویانە: ((بازرگانی یەکخەرە، سیاسەتیش پەرتکەرە))[١].

هەڕەشەی شیوعییەت لە گرنگترین هۆکارەکانی وازهێنانی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بوو لە داگیرکردنی ڕاستەوخۆ لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم، سەرباری گەشەی ئاراستە ئیشتراکییە ناوخۆییەکان، هەروەها تێچووە بەرزەکەی داگیرکردنی سەربازی ڕاستەوخۆ[٢] کە لیستێك لە باج دەخاتەڕوو، ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ خواستی سەرمایەداران سەبارەت بە دابەزاندنی باج لەسەر داهاتە زۆرەکان.

لە هەمان کاتدا هەڕەشەی شیوعییەتی بەکارهێناوە وەك ئامرازێك بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەلی ئەمریکی دەربارەی زیادکردنی خەرجی سەربازی، هەروەها بەردەوام بوون لە ئاراستەی پێشبڕکێ پەرچەك کردندا[٣].

دوای کەوتن و داڕوخانی شیوعییەت و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکانی و پەسەندکردنی ئابووری بازار، ئەمریکا دەستی کرد بە داگیرکردنی ڕاستەوخۆی ئەو شوێنانەی بایەخی ئابووریان هەیە، ئەم جارەیان تیرۆرو هەڕەشەی ئیسلامی وەك جێگرەوەی هەڕەشەی شیوعی دانا ئەمەش بە سەربازی کردنی ئامانجە سەرمایەدارییە لیبڕالییە جیهانییەکان. لەو شوێنە گرنگانە ((دەریاری قەزوین)) و

---

(١) بڕوانە: گۆڤاری نیوزویك، ژمارە ٥/ ٥/ ١٩٦٩ز، وەرگیراوە لە گۆڤاری ئەهرامی ئابووری، ژمارە ٧٣٥، ١٤/ فەبرایەر/ ١٩٨٣ز، لا ٤٠.

(٢) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٢٦٥.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٦٤. دەربارەی ئاشکراکردنی ئەم ڕاستییە بە تێروتەسەلی بڕوانە: إعاقة الديمقراطية ١٩ ــ ٨٥.

((کەناراوەکانی عەربی)) و جگەلەوانەش، جەنگی دژی ئەفغانستان و عێراق لەم ڕووەوە هات.

ڕەوتی ئەمریکی نێودەوڵەتی نوێ (داگیرکاری لە پۆشاکە نوێکەیدا) هات بۆ دوو مەبەستی گرنگ[١]:

أ_ زاڵبوون بەسەر جەمسەرە ئابوورییە نوێیەکان، وەك: بازاری ئەوڕوپی، یابان، چین و جگەلەوانەش، لە میانەی بەدەستگرتنی جڵەوی سەرچاوەکانی نەوت، ناودارترین ئەو سەرچاوانە: نەوتی کەنداو و نەوتی قەزوین. ئەم زاڵبوونە ئامانجی بریتییە لە شۆڕکردن و چەماندنەوەی بازووی ئەم دەوڵەتانە تا بچنە ناو خانی فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی ئەمریکی، بەمەش دەبێ بەدوای جێبەجێکردنی بەرنامەی ئابووری و سیاسی ئەمریکی دەکەوێت.

ب_ دەستەبەرکردنی ئامانجی هەندێك هزری دیکەی وەك: پارێزگارە نوێیەکان، بنەماگەرا ئینجیلییەکان. بانگخوازانی لیبڕالییەتی نوێ (جیهانگیری) خۆیان بەستووەتەوە بە بنەماگەرا جولەکەکان[٢]، هەر بۆیە ئەم دەرەنجامە نالەبارانە پشکوتنەوە لە داگیرکاری ئەمریکی نوێ.

سرۆ بۆچوونی وایە قۆناغی تاك جەمسەری کە هەیە چیتر بەردەوام نابێت، کۆتایی پێ دێت، سیستەمێکی فرەیی نوێ سەرهەڵدەدات کە جیاوازە لە سیستەمی تاك جەمسەری کاتی جەنگی سارد، بە سیستەمی جەمسەری نێوان دوو جەنگەکە

---

(١) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٣٤٨.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٦٧٨، و کتێبی: البعد الديني للسياسة الأمريكية – د. يوسف الحسن (بە تەواوی).

**دەچێت، هەروەك (سرۆ) پێی وایە ئەمریکا توانای نییە بەردەوام بێت لەسەر زاڵبوونی بەردەوام بەسەر ئابووری و سیاسەتدا، چونکە ئەمریکا توانای نییە بەرگەی بەرپرسیارێتی جیهان لە ئەستۆ بگرێت[1]. دەکرێ ئەو بەرگرییە تێکۆشەرییەشی بۆ زیاد بکرێ کە ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانسان ڕووبەڕووی بووەوە، هێزی ئەمریکی توانای هەیە دەوڵەتان بڕوخێنێت بەڵام توانای نییە زاڵبێت بەسەریدا.**

## ٦_ قەیرانی زیادەی سەرمایە[2]:

**کێشەی (لەخۆگرتنی زیادەی سەرمایە) لە سەرمایەداری هاوچەرخدا بە ناوەڕۆکی تەنگ و چەڵەمەی ئەم سیستەمە دادەنرێ، زیادە بریتییە لە دەرەنجامی کاری بەردەوامی سەرمایەداری، چونکە زۆری بەرهەمهێنان و فراوانکردنی بازارەکان سەردەکێشێ بۆ زیادە قازانجی زۆر زەبەلاح، لە کاتی بوونی ئەم زیادەیە کێشە ڕوودەدات دەربارەی چۆنیەتی بەگەڕخستنی.**

**چونکە ئەگەر فەرامۆشکرا ئەوا سەردەکێشێ بۆ چەقبەستوویی، ئەگەر ویستی سەرمایەگوزاری پێبکات ئەوا سەرمایەداری دەستەوەسان دەوەستێت لە**

[1]) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٣٤٣.

[2] پۆڵ باران و پۆڵ سویزی توێژینەوەیەکی زانستیان ئەنجامدا لە دەربارەی زیادەی سەرمایە بە ناونیشانی: سەرمایەی قۆرغکاری: توێژینەوەیەك لەسەر سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکی، حوسەین فەهمی موصتەففا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دەستەی گشتی میصر بۆ دانان و بڵاوکردنەوە لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٧١ز بڵاویکردەوە. ئەم توێژینەوەیە لەم بابەتەدا زۆر گرنگە، پێش دەرکەوتنی (لیبڕالییەتی نوێ) نووسرابوو، دواتر ڕووداوەکان جەختیان لەسەر هەموو شرۆڤەکانی توێژینەوەکە کردەوە.

بەرامبەریدا و هیچ دەرچەیەکی خەرجکردن یان سەرمایەگوزاری تەواو بەدی ناکات.

ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی سەرمایەداری هۆکارەکانی قەیرانی خۆی لە ناخی خۆیدایە، لەبەردەم ئەم کێشەیەدا بە سەرلێشێواوی دەوەستێت و ڕێگەیەك نابینێتەوە بۆ مژینی ئەو زیادە سەرمایەی کە هێزی خودی سەرمایەداری هەوڵی دەستخستنی دەدات، بەمەش دواتر ئەمە دەبێتە کێشە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بەوێنەی هەر نموونەیی.

سەرمایەداری هەندێك ڕێگەی داناوە بۆ مژینی ئەم زیادەیە، ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوەن:

أ_ هەڵسانی حکومەت بە مژینی زیادەی ئابووری لە میانەی خەرجی سەربازی، لە ناوخۆدا لە ڕێگەی کڕینی چەك لە کۆمپانیا چەك بەرهەمهێنەکان یان لە دەرەوەدا لە میانەی هاوپەیمانی و هاریکاری سەربازی، ئەم شتە وادەکات هەڵگیرسانی جەنگ شتێکی گرنگ بێت بۆ بەتاڵکردنەوەی کۆگای کۆمپانیاکانی چەك و تەقەمەنی، هەروەها داگیرساندنی ئاگری جەنگ لە نێوان وڵاتان بۆ ئەوەی ناچاربن چەك بکڕن، کاتێك جیهان پڕبێ لە ململانێکان ئەوا پرۆسەی پڕچەککردن بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستپێدەکات، دەوڵەتان زیاتر بایەخ دەدەن بە بەکاربردنی چەك و هەڵگرتنی.

ب_ هێنانی سەرمایە، کردنەوەی بازاری نوێ بۆ بەگەڕخستنی زیادەی سەرمایە تیایدا، لە میانەی ئەم ڕێگەیەدا بیرۆکەی (جیهانگیری) پێکهات.

**پ_ فراوانکاری لە بازارگەری و خزمەتگوزاری و پڕوپاگەندن و بانگەشەکردن[١].**

**بەڵام ئەم ڕێگەیانە قازانجەکانی دەستی سەرمایەداران زیاد دەکەن، کێشەی زیادەی سەرمایە هەر پەیوەست دەبێت بە زیادبوونی قازانج، ئەمەش وادەکات سەرمایەداری بەدوای ڕێگەی نوێدا بۆ چارەسەری کێشەکە، ئەمەش دڕندەیی و کارەساتباری لە هزری لیبڕالییدا ڕوون دەکاتەوە کە پاڵنەری سەرەکی و ڕێبازی فەرمی سەرمایەداری هاوچەرخە.**

٧_ خەیاڵاوی هزری سەرمایەداری لیبڕالی و شیاو نەبوونی بۆ جێبەجێکردن:

**هزری لیبڕالی بە هزرێکی نموونەگەرایی خەیاڵی دادەنرێ کە شیاوی جێبەجێکردن نییە لە بواری واقیعیدا، کارل پۆلاینی ڕاستی وتوە کاتێك وتویەتی: ((سەرچاوەی کارەساتەکە خۆی دەبینێتەوە لە ئامانجی یۆتۆبی[٢] لیبڕالییەتی ئابووری بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بازاری کە خۆی توانای ڕێکخستنی خۆی هەبێت[٣].**

**لە ڕاستیدا تێڕوانینی ئەوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کارەکانیان فەرامۆش بکەن و لەلایەنی کردارییەوە بێ کاریگەر بن و جیهان بکرێتە بازارێکی ئازاد کە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەگان شوێنی دەوڵەتان تیایدا بگرنەوە، ئەمە تێڕوانینێکی**

---

**(١)** بڕوانە تێروتەسەلی ئەم بابەتە و لێکۆڵینەوەی قوڵی ئابووری: التضخم المستورد، دراسة في أثر التضخم بالبلاد الرأسمالية على البلاد العربية، د. رمزي زكي، ٨٠ و لاپەڕەکانی دواتری.

**(٢)** یۆتۆبی واتە: خەیاڵی.

**(٣)** وەرگیراوە لە: الفجر الكاذب ٧.

خەیاڵییە و شیاوی جێبەجێکردن نییە، هزری لیبڕالی لەلایەنی تیۆریی ڕووت بەمە دەگات.

لەم بارەوە (جۆن گرای) دەڵێت: ((جگەلە کەمینەیەك لە یۆتۆبییەکان لە ناو کۆڕبەندی فەرمانگەی کارەکاندا پێشبینی دەکەن جیهان ببێتە یەك بازارێك و دەوڵەتە نەتەوەییەکانیش تەفروتونا ببن، لە جیاتی دەوڵەتەکان کۆمپانیا فرە ڕەگەز جێگایان بگرنەوە، نموونەی ئەم بارودۆخانە بریتییە لە یەکێك لە خەیاڵی کۆمپانیاکان، ڕۆڵی ئەمەش بریتییە لە بەهێزکردنی خەیاڵ و ئەندێشەی بەرپاکردنی بازارێکی جیهانی))[1]. ئەو ئەندێشەیەی کە (گرای) بە خەیاڵی دایدەنێت بریتییە لە هزری لیبڕالی نوێ کە بە تیۆری خرایەڕوو.

لە بەرامبەردا بانگخوازانی جیهانگیری خەیاڵی توندڕەو باوەڕیان وایە جیهانگیری دیاردەیەکی نوێ نییە، کاریگەری کرداریشی نابێ بەپێی تێڕوانینی بانگخوازانی[2]، بەڵام ڕاست ئەوەیە کە جیهانگیری ڕاستییەکی واقیعییە لە ڕووی بوونە کردارییەکەی، ئەگەرچی نەگەیشتووەتە وێنە توندڕەوەکەی پێشوو کە خرایەڕوو، واقیعیش گەواهیدەرە[3].

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر خەیاڵی بوونی ئەم هزرە بریتییە لە پشتگوێخستنی تێڕوانینە سەرەکییەکەی، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت ئاشوبێکە و

---

(١) الفجر الکاذب ٩٢.

(٢) بڕوانە: فخ العولمة، وەك نموونەیەك بۆ ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییە.

(٣) بڕوانە: الفجر الکاذب ٩٢ و لاپەڕەکانی دواتر، واقیع گەواهیدەرە لەسەر گوێزرانەوەی سەرمایەکان، تەکنەلۆژیای پەیوەندی وایکردووە جیهان وەك لادێیەك بێ لەلایەنی ئابوورییەوە، جا کڕینی پشك و قەواڵە و دراو لە هەر شوێنێکی دونیادا بە خێراییەکی گەڵێك زۆر ئەنجام دەدرێت، کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئینتەر نێتەوە کارێکی بەرچاوە.

**دەبێ هەر هەبێ، هەروەها داواکردنی ڕۆڵێکی کەمتر بۆ دەوڵەت و سنووردارکردنی تەنها لە بواری پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی.**

**ئەم پشتگوێخستنە بەوێنەیەکی ئاشکراهات لە ڕووی پشتبەستنی تەواو بە دەوڵەت لە سەپاندنی لیبڕالییەت بەسەر بازاردا، هەروەها دانانی یاسای پشتگیری ئەم هزرە یان ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی دژن لەگەڵ ئەم هزرە.**

**گەواهی لەسەر ئەم: ڕەتکردنەوەی یاسای دانەوێڵە(١)، هەمووارکردنی یاسای هەژاران(٢)، لادانی کۆسپەکانی بەردەم دیاریکردنی کرێیەکان(٣)، کەم کردنەوەی باجەکان، یاسای باجی سەرانە(٤) و جگەلەمانەش.**

**جۆن گرای دەڵێت: ((سیاسەتی (لێیگەڕێ با کار بکات) بووە هۆی ڕوودانی وەرچەرخانی مەزن لە ئینگەڵتەرا لە سەدەی نۆزدەمدا کە بناغەکەی بریتی بوو**

---

**(١)** یاسای دانەوێڵ: بریتییە لە یاسای خاوەن زەوییەکان لە ئینگەڵتەرا کە ساڵی ١٨١٥ز دەرچووە، دانەوێڵە _ بەتایبەت گەنم _ی هاوردەی ملکەچی باجە گومرگییەکان کرد، بەمەش نرخی بەرز بووەوە، کرێی کرێکارانیش بەرزبووەوە، ساڵی ١٨٤٦ز ئەم یاسایە هەڵوەشێنرایەوە لە دوای هەوڵ و کۆششی لیبڕالییەکان، بەتایبەت قوتابخانەی مانچستەر.

**(٢)** یاسای هەژاران: یاسایەکە ئەو یارمەتییەی پێشکەشی هەژاران دەکرێ ڕێکدەخات، ئەم یاسایە هەموار کرایەوە بە هەوڵ و کۆششی لیبڕالییەت بە شێوەیەك کە ئاستی مووچەی خانەنشینی بەکەمتر دیاریکرا لە نزمترین کرێی بازار، مەرجی ڕیسواکەرو سەختی بۆ دانا، لەم هەموارکردنەدا داننرا بە یاسای (لێیگەڕێ با کار بکات). بڕوانە: الفجر الكاذب ١٩.

**(٣)** لە بارەی ئەم بابەتە بڕوانە: الفجر الكاذب ٢١.

**(٤)** باجی سەرانە: ئەمە یاسای باجی نیشتەجێ ناو خانووە، لە سەردەمی تاتشرییەتدا، ئامانجی دانانی باجێك بوو لەسەر بنچینەی ئەو کەسەی نیشتەجێیە نەك لەسەر بناغەی نرخی خانوو، بەمەش دەوڵەمەند و هەژار وەك یەکیان لێهات، بەریتانییەکان دژی وەستان، ناویان لێنا باجی سەرانە وەك وێچواندن بە یاسای سەرانە کە بووە هۆکاری شۆڕشی کرێکاران لە ئەڵمانیا. بڕوانە: الفجر الكاذب ٥٣.

لەو تیۆرەی کە دەڵێت: ئازادییەکانی بازار شتێکی سروشتییە، ئەو کۆت و بەندانەی خراونەتە سەر بازارەکان دەستکردن.

لە ڕاستیدا بازاری ئازاد دەستکردی دەسەڵاتی دەوڵەتە، ئەم بازارەش بەردەوام دەبێ مادەم لە توانای دەوڵەتدایە چارەسەری شتەکان بکات بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ پێویستیان بە ئاسایش و مەترسییە ئابوورییەکان پێویستیان بە جڵەوگیرکردن بێ بەشێوەیەکی سیاسیانە))[١].

ناوبراو جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەندنەبوون بە چەمکی کەمترین دەستێوەردانی دەوڵەت، بەهۆی ئەوەی کە گەورەترین ئیمپڕاتیۆریەتی لیبڕال لە جیهاندا کە ئەمریکایە پێی پابەند نەبووە، گەشە ئابوورییەکەی دەستەبەر بووە لە ڕێگەی پاراستنی گومرگی باڵا، دامەزراندنی کارای هێڵە ئاسنینەکان و ڕێگە بە پەلەکان و جگەلەوانەش[٢].

ئەو ڕاستییەی دووپاتکراوەتەوە ئەوەیە کە بازاری ئازادی هاوچەرخ زیاتر پرۆژەیەکی سیاسی ئەمریکییە بۆ دەستخستنی دەستکەوتی تایبەت لەوەی بیرۆکەیەکی ئابووری بێ و هەوڵ بدات بۆ دەستەبەری گەشەی ئابووری.

دەویسترێ لە میانەی ئەم پرۆژەیە جیهان گەمارۆ بدرێ و جڵەوگیر بکرێ، دەستبگیرێ بەسەر سەرچاوەکانی دەرامەتی جیهانی، ئەمەش دەستەبەر نابێ،

---

(١) الفجر الكاذب ٢٩.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٤٤.

نیشانەکان و دەرەنجامەکانی ئەمە لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابوورییدا دەرکەوتووە[1].

## ڕۆڵی جولەکە لە هزری ئابووری لیبڕالیدا:

نیشانە و مەشخەڵەکانی ڕۆڵی جولەکە لە شارستانیەتی هاوچەرخدا ڕوونە، ئەمەش لە میانەی تێڕوانینی ئاینی جولەکە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نا جولەکە، هەروەها شوێنەوارە دیارەکان لە زاڵبوونی جولەکە بەسەر بڕیاری سیاسیدا لە جیهانی خۆرئاوای ئەمڕۆدا، قەبارە مەزنەکەی دەسەڵاتی جولەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[2] و دەوڵەتە ئەوروپییەکان نهێنیەك نییە، دەکرێ تێبینی ئەوە بکرێ لە میانەی دروشمی ((دژایەتی کردنی سامیەت)) کە جولەکە هەموو بەرهەڵستکارانی پێ دەترسێنن، ئەوەی زیاتر جەخت دەکاتەوە زاڵبوونی جولەکەیە بەسەر ڕاگەیاندنی جیهانی[3]، کۆتایی هاتنی پرۆسەی داگیرکاری لە هەموو جیهاندا تەنها لە فەلەستین نەبێ و وەستانی ئەمریکا و ئەوروپا لەگەڵ قەوارەی جولەکە لەگەڵ ئەوەی تەواو ئەمە پێچەوانەی ((شەرعییەتی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی))یە.

ڕۆڵی جولەکە لە پێکهێنانی لیبڕالییەتدا چ لە بواری سیاسیدا یان لە بواری ئابووریدا ئەوا نیشانە و شوێنەوارەکانی بە ڕۆشنی و واقیعی دیارن، جا

---

[1] بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٣٤٦.

[2] بڕوانە: كتاب الصحوة، النفوذ اليهودي في الولايات المتحدة الأمريكية _ ديفيد ديوك (هەموو کتێبەکە).

[3] بڕوانە: الإعلام العالمي و دور اليهود _ يوسف الرفاعي (هەموو کتێبەکە).

(سۆمبارت) لە کتێبەکەیدا کە بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی ((جولەکە و ژیانی ئابووری)) ڕۆڵی سەرەکی جولەکەی ڕوون کردۆتەوە لە پێکهێنانی سەرمایەداری لیبرالییدا.

ئەم ڕۆڵەی لە میانەی ئەم شتانەی خوارەوەدا ڕوون کردۆتەوە:

_ بەسترانەوەی بوونی جولەکە لە کۆمەڵێك لە وڵاتانی ئەوروپی لەوەتەی سەدەی شازدەمەوە بە پێشخستنی کارو جوڵەی بازرگانی نەتەوەیی و پرۆسەکانی قەرزدان بە ڕیبا بەشێوەیەکی فراوان، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە داڕووخانی چاڵاکی ئابووری لەو شوێنانەدا هەن کە جولەکە بەجێیان هێشتووە بەهۆی دادگاکانی لێکۆڵینەوە یان لەبەر هەر بارودۆخێکی تر، ئەوانەی تێبینی کەسانی هاوچەرخیان گواستۆتەوە دەربارەی ئەم دیاردەیە و ئەوانە جولەکەش نەبووینە ئەمانەن، وەك: ((ئۆلیفەر کرومویل))[1] و ((جان باتیس کولبیر)) و جگەلەوانیش.

_ هەڵسانی جولەکە بە دروستکردنی دامەزراوەی ئابووری لە ئەمریکای باکور، دەریای کاریبی و ئەمریکای لاتینی، جا قەوالەی بازرگانی و قەرزی سوودارو ئامرازی دارایی و بازاری کەل و پەل و دراوی داراییان دروستکرد.

---

(١) ئۆلیڤەر کرومیول: سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازری و ئاینی ئینگلیزییە، ساڵی ١٥٩٩ز لە دایك بووە، سەرکردایەتی کۆمەڵەی بیۆرتیانی کرد، لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لە ساڵی ١٦٤٢ز، توانی شکست بە پاشاییەکان بگەیەنێت، جەختی کردەوە لەسەر پێویستی لە سێدارەدانی پاشا چارلزی یەکەم، ئەوەی ویستی هاتەجێ، بەمەش بە کردار بووە گەورەی ئینگەڵتەرا و سیستەمی کۆماری ڕاگەیاند لە ساڵی ١٦٥٣ز، بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ فەرەنسا ئیسپانیای تێکشکاند، نازناوەکەی (ڕێزدار حامی کومنولس)ە، لە ساڵی ١٦٥٨ز مرد. معجم أعلام المورد ٣٦٤.

_پاڵپشتی ئاینی بیروباوەڕی جولەکە بۆ سوربوون لەسەر کۆکردنەوەی سەروەت، لەو کاتەی نەصرانیە بەراییەکان جەختیان دەکردەوە لەسەر دونیا بەکەمزانی، ئەمەش وایکرد جولەکە لە کاتێکی زووەوە زاڵ بێت بەسەر چالاکی ئابووریدا.

سومبارت لەم بارەوە دەڵێت: ((زانستی لاهوتی ڕەوشتی جولەکە ڕێبازی سەختگیری عەقڵی فێردەکرد، ئەمە لە قۆناغێکدا کە مەسیحییەکان هێشا هەر دەستیان گرتبوو بە ئاینی خۆشەویستی کە قەشە پۆڵس و ئۆغستین بازاریان گەرم دەکرد، ئا بەم شێوەیە جولەکەکان _ بە درێژایی دە سەدە _ ئەو بنەما و بنچینە ڕەوشتیانەیان گەشەپێدا بۆ پاڵنانی پرۆسەی گەشەی سەرمایەداری))[1].

سەرباری ئەم تێگەیشتنە ئاینیە کە وایکرد کە جولەکەکان ببنە دامەزرێنەری ئابووری جیهانی بەوشێوەیەی ئێستا، ئەوا لێرەدا چەند چەمکێکی تر هەن کە بایەخیان لەمە کەمتر نییە:

_ بنەما وەرگرتنی سوو لە کەسی نا جولەکە، جا کەسی بیانی _ غەیرە جولەکە _ پێویستە سوود لە هەلەکان وەربگرێت بێ سوو، ئەم بنەمایە لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزپەرستی دروست دەکات، ئەوا یەکێکە لە دیارترین ئەو پاڵنەرانەی پارە و دارایی جولەکەکانی گەشە پێدا بەشێوەیەکی بەرچاو، بەتایبەت لە پارەدارکردنی پیشەسازیدا لە میانەی گوێزرانەوەی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیی.

---

(١) وەرگیراوە لە: العولمة نقيض التنمية ١٥٠.

**_ هاندنی لاهوتی جولەکە بۆ چەمکەکانی ئازادی بازرگانی، هەر بۆیە بوونە پێشەنگەکانی سەرمایەداری هاوچەرخ.**

**_ مۆڵەتدان بە فرۆشتنی شتومەك بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بازار.**

**_ مۆڵەت دان سەبارەت بە شت کڕین لە بیانیەکان ئەگەر نرخەکەی کەم بوو.**

**سومبارت ئەوەی لەم بەڵگانەوە دەستخست، کە جولەکە پێشەنگی ئازادی بازارەکانن و هەر ئەوانیش سەرمایەداری هاوچەرخیان دامەزراند[1].**

**[1]) لەبارەی بڕگەکانی پێشوو بڕوانە: العولمة نقیض التنمیة ١٤٩ _ ١٥٢.**

# بەشی چوارەم

# لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا

**دوو دەروازەیە:**

دەروازەی یەکەم: **هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا.**

دەروازەی دووەم: **دیمەنەکانی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا.**

# پێشەکی

زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لە ژێر حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون لە سەردەمی گەشەسەندنی ئەوڕوپی، دەوڵەتی ناوبراو بەشێوەیەکی گشتی کاری بە شەریعەت دەکرد، دەوڵەتی عوسمانی شکۆمەندی ئیسلامی دەپاراست و زانست و زانیاری بڵاو دەکردەوەو ڕێزی لە زانایان دەگرت، فەرمانی بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکرد، ئاڵای تێکۆشانی لە پێناوی خوا هەڵگرتبوو، چەندین هەرێمی فراوانی ڕزگارکرد لە کیشوەری ئەوڕوپا و ملکەچی حوکمڕانی ئیسلامی کرد[١].

لە میانەی ڕێکخراو و کۆمەڵە نهێنیەکان لیبڕالییەت خزایە ناو وڵاتانی ئیسلامی، کەسانێك ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵانەیان دامەزراند کە کاریگەر بوون بە هزری خۆرئاواو مەندەهۆش ببوون بە شارستانیەتە ماددەیەکەی. تێکرای کەسانی دیکەی ناو ئوممەت چەسپاوبوون لەسەر ئاینیان و پێویستیان بە بیرۆکە و سیستەمە خۆرئاواییەکان نەبوو، سەربەرزبوون بە ئایینەکەیان و متمانەی بە تەندروستی خۆیان هەبوو، باوەڕیان بەوەش هەبوو ئاینەکەی شیاوی حوکمڕانی و کارپێکردنە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

بەڵام چەند هۆکارێك دروست بوون کە متمانەی ئوممەتیان بە ئاینەکەیان لاوازکرد، کۆمەڵگەی ئیسلامی ئامادەکرد بۆ پەسەندکردنی لیبڕالییەت و ڕەت

---

١) ئەمە لە سەرەتاکەدا بوو و کەمتر لە کۆتاییەکەیدا، بەتایبەت کاتێك پەیوەست بوو بە زیادەڕۆچووە صۆفییەکانەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فێڵ و دووڕوویی لەخۆی نەگرت وەك چۆن دواتر ڕوویدا لە ناو ئوممەتدا.

**نەکردنەوەی، ئەم هۆکارانەش بریتین لە: لادان لە بیروباوەڕدا، خۆسەپاندنی سیاسی، چەقبەستوویی و لاساییکردنەوە، ئەمانە بریتی نین لە هۆکاری ڕاستەوخۆی بوونی لیبڕالییەت، بەڵام ئەم هۆکارانە زەمینەیەکی ناجێگیرو کەش و هەوایەکیان سازاند کە ڕازی بێ بە لیبڕالییەت و لێی بێ دەنگ بێت.**

**گومان لەوەدا نییە هۆکاری ڕاستەوخۆی هاتنە ناوەوەی لیبڕالییەت بۆ ناو جیهانی ئیسلامی بریتی بوون لە (داگیرکردن و پاشکۆکانی) لە بانگخوازانی بە خۆرئاواکردن، ئەوانەی کە مەندەهۆش ببوون بە شارستانیەتی خۆرئاوا، بەڵام لیبڕالییەت نەیدەتوانی بێتە ناوەوە ئەگەر هۆکاری دیاریکراو نەبووبان کە یارمەتی دەربوون لەسەر بەرهەڵستی نەکردنی ئەم هزرە بێ باوەڕیانە.**

**لادان هەموو ئەو هۆکارانە کۆدەکاتەوە، ئەم لادانە لەسەر دەستی تاقمە سەرلێشێواوەکان ڕوویدا وەك: مورجیئە و صۆفییەکان و بانگخوازانی مەزهەبگەرایی، هەندێك لە زانایانی پەیڕەوانی سوننەت و جەماعەتیش بەشداربوون، ئەو زانایانەی خۆسەپاندنی سیاسییان زیاتر داکوتا و پاساویاندا و زیادەڕەویان کرد لە گوێڕایەڵی حوکمڕان و بە گەورەگرتنی سەرباری ئەوەی حوکمڕان گوناهی گەورەی دەکرد[1]، ئەم لادانانە یارمەتیدەر بوون بۆ بوونی هزری لیبڕالی کاتێك ئەو هزرە لەگەڵ شەپۆلی داگیرکردندا هات، داگیرکەران بە**

---

(1) نازانم دانەر چۆن ئەو بوێرییە بەخۆی دەدات بەوشێوەیە ناو لە صۆفییەکان و بانگخوازانی مەزهەبگەرایی دەنێت سەرلێشێواو، ئەگەر ناوی لە بەشێکی ئەو تاقمانەش نابا ئەوا هەر ڕێی تێدەچوو، بەڵام بەم شێوە ڕەتیدەکەمەوە، چونکە پێم وابێ بێوژدانیە. لەولاشەوە باسی لادانی حوکمڕانە عوسمانیەکان دەکات و خۆیشی لەسایەی سێبەری ڕژێمی پاشایەتی سعودیەی خۆسەپێن و بێ کەڵکدا ژیان دەگوزەرێنێت، لە ناو ئەو وڵاتەی کە پشت و پەنای خۆرئاوایە لە جیاتی خوا، بەڕاستی سەیرە دانەر موو لە چاو ئەواندا ئەبینێ و گا لە چاوی خۆیدا نابینێ. (وەگێڕ).

**ناشرینترین شێوە ئەم لادانانەیان قۆستەوە، لە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێنا.**

**کاتێك وڵاتانی ئیسلامی داگیرکران ئەوا سیستەمی سیاسی لە بواری سیاسی و ئابووریدا سەپێنرا، کاتێك داگیرکەران بینیان موسڵمانان هیچ شتێك قبوڵ ناکەن کە پەیوەست نەبێ بە ئیسلامەوە، ئەوا هەڵسان بە هێنانی بیرۆکەی ((گەشەپێدانی ئیسلام و نوێکردنەوەی))، هەر لەم بیرۆکەوە پرۆژەی ئیسلامی لیبڕالی هاتەبوون.**

**هەڵدەستم بە ڕوونکردنەوەی باسی ئەم بەشە لە میانەی دوو دەروازە:**

**یەکەم: هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا.**

**دووەم: دیمەنەکانی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا.**

## دەروازەی یەکەم

# هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا

### یەکەم: لادانی بیروباوەڕی:

لادان لە بیروباوەڕدا هۆکاری ڕاستەوخۆی لاوازی و دواکەوتوویی ئوممەتی ئیسلامییە، کاریگەری ئەم تاوانە (لادانی بیروباوەڕی) لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە ڕووی حەقیقەتێکی شەرعییە، ڕێسایەکی خواییە کە پەروەردگار لەم ئوممەتەدا دایناوە، ئەمە دەچێتە ناو بازنەی سزادان لەسەر تاوان بە لێقەومان، ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن ئاماژە بەمە دەکات:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴿١١﴾ ﴾ الرعد. واتە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ گەل و قەومێك ناگۆڕێت، هەتا ئەوەی ئەوان بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴿٥٣﴾ ﴾ الأنفال. واتە: (بێگومان خوا هیچ نازو نیعمەتێکی نەگۆڕیوە کە بەخشیبێ بە گەلێك، هەتا ئەوەی ئەوان بەخۆیان نەکرێت نەیگۆڕن). لاوازی و ڕیسوایی و شیاوبوونی وەرگرتنی بنەمای لادەر کاتێك لە ناو ئوممەتی ئیسلامدا جێگیر بوو کە گۆڕانکاری ڕوویدا لە بیروباوەڕو تێڕوانیندا.

**خوای گەورە وا بڕیاریداوە کە دوژمنی ئەم ئوممەتە بەسەریدا زاڵ نەکات، وەك چۆن لەم فەرمایشتەی پێغەمبەردا هاتووە (ﷺ): ((داوام لە پەروەردگارم کردووە ئوممەتەکەم بە وشکەساڵی و قات و قوڕی لەناو نەبات، دوژمنی دەرەکی جگەلە خۆیان بەسەریاندا زاڵ نەکات بەشێوەیەك ڕیشەکێشیان بکات، تا هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریان نەجەنگن))[١]، بەڵام لادانی ناوخۆیی کار دەکاتە سەر ئوممەت و بێ هێزی دەکات لە بەرامبەر دوژمنە دەکییەکەی، ئەو کاتە لادان دەبێتە ئەو درزەی کە دوژمنی تێدا دێتە ژوورەوە، لەو درزەوە دوژمن کاریگەری دروست دەکات لەسەر لایەنی تێڕوانین و چەمکەکان یان لایەنی هێزی سەربازی و ئابووری.**

**ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە: ((ئەگەر کرین و فرۆشتنتان کرد بە "عەیینە[٢]" و دەستتان بە کلکی مانگاوە گرت و تەنها بە کشتوکاڵکردن ڕازی بوون و تێکوشانتان فەرامۆش کرد، ئەوا خوا**

---

**(١) موسلیم گێڕاویەتیەوە: كتاب الفتن وأشراط الساعة، باب هلاك هذه الأمة بعضهم ببعض، رقم ٢٨٨٩، ٤/ ٢٢١٥، و أبو داود: كتاب الفتن والملاحم، باب ذكر الفتن ودلائلها، رقم ٤٢٥٢، ٤/ ٤٥٠، والترمذي: كتاب الفتن، باب ما جاء في سؤال النبي ﷺ ثلاثا لأمته، رقم ٢١٧٦، ٤/ ٤١٠؛ وأحمد في المسند: ٥/ ٢٧٨، بلفظ (سألت ربي)، و إبن أبي شيبة في المصنف، كتاب الفضائل: باب ما أعطى الله تعالى محمد، رقم ٣١٦٨٥، ٦/ ٣١٥؛ والبيهقي في السنن الكبرى، كتاب السير، باب إظهار دين النبي ﷺ على الأديان ٩/ ١٨.**

**(٢) واتە: شتێك بفرۆشی بە یەكێك بە پارەی زیاتر بەوپێیەی لە ئایندەدا پارەكەت بداتێ، بەڵام هەر بەخۆت لێی بكڕیەوە لە هەمان كاتدا بەنرخێكی كەمتر. (وەگێڕ).**

سەرشۆڕییەکتان بەسەردا دەسەپێنێت کە تەنها بە گەڕانەوە بۆ ئاینەکەتان لەسەرتان هەڵدەگرێت))[١]. سەرشۆڕی و ڕیسوایی وەك دەرەنجامی لادانی داناوە.

هەروەها ئەم فەرمایشتە: ((نزیکە ڕۆژێك بێ کە کۆمەڵانی کافر لێتان کۆ ببنەوەو دەستتان بۆ درێژ بکەن، وەك چۆن کە کۆمەڵە خەڵکێك لەسەر سفرەی خواردنەکەیان دادەنیشن و هەر یەکەیان دەستی بۆ درێژ دەکات و بەشی خۆی دەپچڕێنێت. یەکێك وتی: ئایا لەم ڕۆژەدا ئێمە کەمین، لەبەر کەمی ژمارە وامان لێدێت؟ فەرمووی: نەخێر ئێوە زۆرن، بەڵام وەك کەفی سەر ئاو وان، خوا ترسی ئێوەی لە دڵی دوژمنانتاندا دەردێنێ و بێهێزی دەخاتە دڵی ئێوەوە، یەکێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بێ هێزی (وهن) چییە؟ فەرمووی: خۆشویستنی دونیاو ڕق بوونەوە لە مردن))[٢].

جا خۆشویستنی دونیا و ڕق لێبوونەوە لە مردن گوزارشتە لە تێنەکۆشان، جا فەرامۆشکردنی تێکۆشان لە ناو ئوممەتدا ڕوودەدات لە دەرەنجامی نغرۆ بوون لە دونیا و پێشخستنی بەسەر دواڕۆژدا، جا چەندەها ڕەنگی لادان دێنە ژێر ئەمەوە، دەرەنجامیش شکست دەبێ لە بەرامبەر دوژمنی دەرەکی.

---

(١) ئەبو داود گێڕوایەتەوە: کتاب الإجارة، باب النهي عن العينة، رقم ٣١٧٣، ٣/ ٥١٨؛ وأحمد في المسند: ٢/ ٢٨، والبيهقي في السنن الكبرى، كتاب البيوع، باب المزابنة والمحاقلة، ٥/ ٣١٦، والطبراني في المعجم الكبير، رقم ١٣٠٨، ١١/ ٦٣، وصححه الشيخ الألباني في السلسة الصحيحة، رقم ١٠، والشيخ أحمد شاكر تحقيق المسند رقم ٤٨٢٥، ٢٧/٧ من حديث ابن عمر رضي الله عنه.

(٢) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە: كتاب الملاحم: باب تداعي الأمم على الإسلام، برقم ٤٢٩٧، ٥/ ٣٨، وأحمد في المسند ٥/ ٢٧٨، والبيهقي في دلائل النبوة، جماع أبواب إخبار النبي ﷺ بالكوائن بعده، باب إخبار النبي بتداعي الأمم على من شاء الله من أمته إذا ضعفت نيتهم ٦/ ٥٣٤، وصححه الشبخ الألباني في صحيح سنن أبي داود، رقم ٢٦١٠، ٣/ ٨١٠، من حديث ثوبان رضي الله عنه.

**جا ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی پابەند بوو بە ئاینەکەیەوە لە ڕووی بیروباوەڕو کردارو هەڵسوکەوتەوە ئەوا دوژمن ناتوانێت درزی تێبخات، چونکە دوورە لە گیانی شکستخواردن و متمانەی بە ئاینی خۆی هەیە، بەشێوەیەك ئەم ئاینە پیادە دەکات کە کۆك بێت لەگەڵ بەرنامەی خوای گەورەدا.**

**لادانی بیروباوەڕی لە ناو ئوممەتدا لە کاتێکی زوودا ڕوویدا، جا تاقمە گومڕاکان لە دوای ڕووداوی کوژرانی خەلیفەی ڕێنوێنیکراو عوسمانی کوڕی عەففان** (ڕەزای خوای لێبێت)[1] **دەرکەوتن، خەواریجەکان یەکەم تاقم بوون لەو تاقمانە. پاشان شیعەکان دەرکەوتن و ئینجا یەك لە دوای یەك تاقمە سەرلێشێواوەکان سەریانهەڵدا. بەڵام ئەم تاقمە گوزارشتن لە چەند تاکێکی دیاریکراو، کاریگەرییەکی زۆریان نەبووە لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی کە دەستگربووە بە قورئان و سوننەتەوە، بەردەوام بووە لەسەر تێکۆشان بەهەموو جۆرەکانیەوە.**

**خوێنەری مێژوو پەیی بەوە دەبات کە ئەم تاقمانە کاریان نەکردە سەر کەرتی دوورو درێژو پان و پۆڕی ئوممەتی ئیسلامی، هەر بۆیە ئوممەت بەردەوام بوو لە زانست و بنیاتنانی شارستانیەت و پرۆسەی ڕزگارکردن و ڕووخاندنی دەوڵەتە بێ باوەڕەکان کە ڕێگربوون لە بەردەم ڕێنماییکرانی خەڵك. ئەوەی مەبەستمانە بریتییە لە لادانی بیروباوەڕی بەتایبەت لە سەدەکانی دواییدا؛ چونکە وایلێهات بووە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی کە ناوەندە گەورەکانی زانست و زانا ناوادارەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی گرتەوە، دەوڵەت و**

---

**(١) باوکی عەمرو، عوسمانی کوڕی عەففانی ئومەوی، ئەمیری باوەڕداران، خاوەن دوو نوورەکە، ئوممەتی لەسەر یەك مەصحەف کۆکردەوە، ڕۆژی هەینی هەژدەی زولحیجەجەی ساڵی ٣٥ك شەهیدکرا کە تەمەنی هەشتا و شتێك ساڵ بوو. شذرات الذهب ١/ ٢٠١.**

**حکومەتەکان ئەم لادانەیان پەسەندکرد وەك بنەما بەهەموو ئەو شوێنەوارو دەرەنجامە کارەساتبارەی هەی بوو.**

**ئەم لادانە سەرباری هۆکاری تر _ کە قسەیان لەسەر دەکرێ _ وایکرد شیاوبوونێکی خودی هەبێ لەلایەن موسڵمانان کە ڕێبازە هزرییە هاتووەکان پەسەند بکەن، هەر بۆیە لە جیهانی ئیسلامیدا ڕێبازی هزری هاتوو سەریانهەڵدا وەك لیبڕالییەت و عەلمانیەت و داروینیەت و بوونگەرایی و جگەلەمانە، ڕەواجێکی زۆریان هەبوو، چەندان دەستە و کۆمەڵە لە نەوەکانی موسڵمانان درانە پاڵ ئەم هزرو ڕێبازە نوێیانە و بنەماکانیان پەسەندکرد و وایلێهات پەیڕەوەکانیان لە زانکۆکان و قوتابخانەکاندا دەخوێندران، سیستەمە سیاسی و ئابوورییەکان گۆڕدران بۆ ئەوەی کۆك بن لەگەڵ بیرۆکەکانی ئەم مەزهەب و ڕێبازانە. لە هیچ سەردەمێك لە سەردەمانی پێشوودا بەم شێوەیە شتی بیانی هاوردەکراو قبوڵ نەکراوە سەرباری ئەوەی لە سەردەمانی پێشووشدا کەسانێك هەبوون کاریگەر ببوون بە بنەماکانی فەلسەفە بیانیەکان، بەڵام شتەکە نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی ئێستا.**

**جا بۆ ڕوونکردنەوەی لادانی بیروباوەڕی لە ژیانی ئوممەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، شوێنەوارە قوڵەکانی، پێویستە لەسەرمان لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:**

## أ_ تاقمە شاراوەگەرا (باتینییە) لاڕێیووەکان و شوێنەوارەکانیان:

**شاراوەگەرا (باتینییە)کان: ناوێکی گشتییە، ژمارەیەکی زۆر مەزن لە دەستە و تاقمەکان کە لە ڕاستیدا بێ باوەڕن دەچنە ژێر ئەم ناوە، سەرباری ئەوەی لە**

ڕووکەشدا دەدرێنە پاڵ ئیسلام و بەناو موسڵمانن، لەوانە: ئیسماعیلییەکان، نەصیرییەکان، دروز، قادیانیەکان، بەهائییەکان، ڕافیزەکان، بەتایبەت لە چاخەکانی دواتردا.

ئەم تاقمانە کۆکن لە باوەڕبوون بەوەی دەقەکانی شەریعەت ڕووکەشیان هەیە، ئەم ڕووکەشەش مەبەست نییە، ئەو تێگەیشتنەی کە موسڵمانان بە گشتی لەو دەقانە وەریانگرتووە، ئەوەش مەبەست نییە، بەڵکو ئەم دەقانە لایەنی شاراوەیان هەیە، ئەمەش مەبەستەکەیە، دەقە شەرعییەکانیان لێکداوەتەوە بە واتای نامۆ و بێ ئەوەی هاوبەڵگەیەك ئاماژەی پێبکات، وەك: لێکدانەوەی واتای نوێژ بەوەی بریتییە لە باسکردنی ناوی هەندێك کەسی دیاریکراو، لێدانەوەی ڕۆژوو بەوەی بریتییە لە پاراستنی نهێنییەکان کۆمەڵە و جگەلەوانەش. دەستە و کۆمەڵە شاراوەگەراکان جیاوازن لەو واتایەی لێکی دەدەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کۆکن لەسەر لێکدانەوە هاکەزایی و بێ بەڵگە.

ئەم دەستە و تاقمانە لە ڕابردوودا سەریانهەڵدا بێجگەلە قادیانیەکان و بەهائییەکان کە لە دواتردا دەرکەوتن، بەڵام ئەم کۆمەڵانە بە خۆپارێزی (توقییە) خۆیان دەشاردەوە، ڕێوشوێنی نهێنیان دەگرتەبەر لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و هزرو بیرو باوەڕەکەیاندا.

لە چاخەکانی دواییدا چالاکییەکانی ئەم دەستە و تاقمانە زۆر بوون، بەتایبەت پێش پرۆسەی داگیرکاری خاچهەڵگرەکان بۆ وڵاتانی موسڵمانان و لە کاتی ئەم پرۆسەیە و دواتریشیدا، ئەم تاقمانەی کە شاراوە بوون لە نهێنی بوون و شاراوەییەکەیاندا دەرچوون بۆ قۆناغی ئاشکرایی و خۆ ڕاگەیاندن.

ئەو كتێبانەی كە پێشتر بە جۆرێك لە نەبوو دادەنران لەم ماوەیەدا لە چاپدران، بیروباوەڕە پوچەڵەكانیان دەرخست، پەرستشە شێواوەكانیان خستەڕوو، ئا ئەمە حاڵی دووڕووییە لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیەوە، كە پشت بە نهێنی بوون دەبەستێ لەكاتی بەهێزی موسڵماناندا و حوكمە شەرعییەكان جێبەجێ دەكات، لە كاتی لاوازی موسڵمانان و زاڵبوونی بێ باوەڕان خۆی ڕادەگەیەنێت.

بیروباوەڕەكانی ئەم تاقمانە پێچەوانەی بنەما و بیروباوەڕە سەرەكییەكانی ئیسلامن، هیچ موسڵمانێك گومان و دوودڵی بەدی ناكات لە وەسفكردنی ئەم شاراوەگەرایانە بە بێ باوەڕی و دەرچوون لە بازنەی ئیسلام.

بەڵام ئەم تاقمانە لە ناو موسڵماناندا بڵاو بوونەوە، بەهۆی زاڵبوونی نەزانی و كەم زانستی، هەڵسانی ئەم تاقمانە بە بەكارهێنانی ئامرازو شێوازە پلەبەندییەكان بۆ گەیاندنی بیروباوەڕە پوچەڵەكانیان بە كەسی خوازراو. لێرەدا هۆكارێكی گرنگ هەیە لە بوونی ژینگەیەكی شیاو بۆ ئەم تاقمە لاڕێیانە، ئەویش بریتییە لە بڵاوبوونەوەی مورجیئایەتی و تەصەوف، وەرچەرخانی ئەم ناوبراوانە بۆ دیاردەیەكی گشتی زاڵبوو بەسەر وڵاتانی موسڵماناندا وەك چۆن ڕوون دەكرێتەوە.

لە بیروباوەڕەكەیان: بانگەشەی خوایەتی كردن، نكۆڵی كردن لە زیندووبوونەوە، لێكدانەوەی واتایەكی تر بۆ یاسا كردارییەكانی شەریعەت، نكۆڵی

کردن لە پێغەمبەرایەتی، هەر بۆیە (ئەبو حامدی غەزالی[1]) لەبارەیانەوە وتویەتی: ((ڕووکەشیان ڕەتکردنەوەیە، ناوەڕۆکشیان کوفری تەواوە))[2].

لێرەدا نامانەوێ بیروباوەڕەکانیان بە تێروتەسەلی ڕوون بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێ شوێنەواری ئەم دەستەو تاقمانە ڕوون بکەینەوە لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەو شوێنەوارانە:

_ **بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە کوفرییەکان لە ناو موسڵماناندا**: لکاندنی ئەم بیروباوەڕانە بە ئیسلام، ئەم تاقمانە بانگەشەی ئەوە ناکەن کە ئاینی سەربەخۆو جیان لە ئاینی ئیسلام، بەڵکو خاوەنی ئەم بیروباوەڕانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان موسڵمانن سەرباری بوونی تێکگیران و دژیەکی تەواو لە نێوان بیروباوەڕی ئەوان و ئیسلامدا.

لەوانە: ڕەتکردنەوەی خوایەتی بەشێوە ڕاستەقینەکە، باوەڕبوون بە ڕێبازی فەیلەسوفەکان سەبارەت بە ڕێژنە و دەرکەوتن (الفيض و الصدور) و داماڵینی خوا کە واتاکەیان چەسپاندووە بێ ناوو سیفەت و کردارەکان، بنچینەی بیرۆکەکەیان لە بارەی خوایەتی لە ئەفلاتۆنی تازەوە وەرگیراوە. هەر بۆیە هەندێکیان بانگەشەی خوایەتیان کرد، لەو کەسە هاوچەرخانەی بانگەشەی خوایەتیان کرد

---

(1) باوکی حامد، محەممەدی کوڕی محەممەدی غەزالی توسی، حوججەتولئیسلام، فەیلەسوف، صۆفی، لە تابیران (شارۆچکەی توس لە خوراسان) لە ساڵی ٤٥٠ک _ ١٠٥٨ز، دەدرێتە پاڵ پیشەی خوری _ لەلای ئەوەی پیتی "ز" قوڕس بکات _ یان پاڵ غەزالە (یەکێکە لە گوندەکانی توس) _ لەلای ئەوەی پیتی "ز" بە سوك بخوێنێتەوە _ نزیکەی دوو سەد دانراوی هەن لەوانە: (إحياء علوم الدين) و (تهافت الفلاسفة) و (المستصفى من علم الأصول) و (الإقتصاد في الإعتقاد)، لە تابیران لە ساڵی ٥٠٥ک _ ١١١١ز کۆچی دوایی کرد. شذرات الذهب ٤/ ١٠٤، الإعلام ٧/ ٢٢.

(2) وەرگیراوە لە: مجموع الفتاوى (فتوى تكفير النصيرية) ب ٣٥.

**ئەمانەن: (سەلمان مورشیدی نەصیری[١]) ناوی پەروەردگاری لەخۆنا، تاهیر سەیفەددین _ لە ئیسماعیلییە بەهرییەکانە _ بانگەشەی کرد کە لەسەر زەوی خوایەك هەیە کە خاوەنی هەموو ئەو دەسەڵات و تایبەتمەندییانەیە کە پێغەمبەری خوا هەیبووە، مافی گۆڕین و دەستکاری کردنی هەیە لە حوکمەکانی قورئانی پیرۆزدا، بۆی هەیە سوو (ڕیبا) وەربگرێت، خاوەنی گشتی گیان و باوەڕە، بەهەمان شێوە خاوەنی هەموو ئامانجەکانی تاکەکانی کۆمەڵەکەیە[٢].**

**شوێنکەوتووانی محەممەد بورهانەددین (بانگەشەکاری ڕەهای بەهرییەکان) هەڵسان بە پەرستنی ڕاستەقینەی ناوبراو؛ وەك سوژدە و نزاکردن، وێچواندنی بە خوا لە هەڵگرتنی لەسەر تەخت خوێندنەوەی ئەم ئایەتە:** ﴿ وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ ١٧ ﴾ الحاقه.

---

**(١) سەلمانی کوڕی مورشیدی کوڕی یونس، عەلەوی نەصیری، نازناوی پەروەردگاری لەخۆنا! لە خەڵکی گوندی (جوبە برغال)ی خۆرهەڵاتی لازیقییەی سوریا بووە، لە ١٩٢٠ز دەستی بە کاروانەکەی کرد، لە ساڵی ١٩٢٣ز بەندکرا، دوورخرایەوە بۆ ناوچەی (رقە) تا ساڵی ١٩٢٥ز، گەڕایەوە ئەو شوێنەی بۆی دوورخرابووەوە، سەرکردایەتی نەصیرییەکانی کرد کە تاقمێکن لە باتینیەکان، بە عەلەوییەکان ناودەبرێن (عەلی بەخوا دادەنێن، باوەڕیان بە ئاوێتەبوونی خوا لەگەڵ مرۆڤ هەیە)، هاریکاری فەڕەنسییەکانی کرد دژی حکومەتی سوریا، بەمەش فەڕەنسییەکان سیستەمێکی تایبەتیان بۆ وڵاتی عەلەوییەکان دانا و بەمەش بەهێز بوون و نازناوی (سەرۆکی گەلی عەلەوی حەیدەری غەسانی) لەخۆینا، کاتێك سوریا ئازادکرا و فەڕەنسییەکان لێی دەرکران، حکومەتی سوریا ناوبراوی دەستگیرکرد و دواتر لە دیمەشق لە ساڵی ١٣٦٦ك _ ١٩٤٦ز لە سێدارەدرا. ئەمین حەداد کتێبێکی لەسەر ژیانی ناوبراو هەیە، ناوی ناوە: (ئەوەی بانگەشەی خوایەتی کرد لە سەدەی بیستەمدا). الأعلام ٣/ ١١٢.**

**(٢) بڕوانە: ڕۆژنامەی موسلیمون ژمارە ٢٣٧، ١٧ موحەڕەمی ١٤١٠ك، لا ٨.**

**هەروەها وەك (محەممەد  شاه حوسەینی) پێشەوای پێشووی ئاغاخانیەت، تا ئێستاش پێشەواکەیان کەریم خان بانگەشەی خوایەتی دەکات، شوێنکەوتووانی جگەلە خوا ئەو دەپەرستن[١].**

**بەهەمان شێوە تاقمە شاراوەگەرا (باتینیە) هاوچەرخەکان نکۆڵیان کرد لە پێغەمبەرایەتی و زیندووبوونەوەو جیهانی نەبینراو بە گشتی، دەقە کردارییەکانی شەریعەتیان شێواند[٢].**

**ـ پەرتکردنی ڕیزی موسڵمانان و نانەوەی شڵەژان و ئاژەوە لە ناویاندا، ئەوانە دەوڵەت و حکومەت و بزوتنەوەو کۆمەڵەیان هەبووە، هەڵساون بە جەنگی گەرم لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا، دەوڵەتانی ئیسلامیان سەرقاڵ کردووە بە بەرەنگاربوونەوەو ڕەتکردنەوەی پیلانەکانیان[٣].**

---

(١) بڕوانە: الإسماعيلية المعاصرة ٨٠.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٨١ و لاپەڕەکانی دواتر.

(٣) ئیبراهیمی کوڕی سەلمان ئاغا هنانۆی باوی تاریق. یەکێکە لە گەورە تێکۆشەرانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی سوریا، لە شارۆچکەی (کفر حارم)ی خۆرئاوای حەلەب لە ساڵی ١٢٨٦ك – ١٨٦٩ز لە دایك بووە. زانستی خوێندووە لە قوتابخانەی پاشایی لە ئەستانە (واتە: ئیستانبۆڵ)، چەندین شاری تورکیای کردووە، دواتر لە ساڵی ١٣٢٦ك گەڕاوەتەوە شارۆچکەکەی، بە ئەندامی ئەنجومەنی گشتی حەلەب هەڵبژێردرا. دواتر بووە ئەندامی کۆنگرەی سوری لە دیمەشق. هەروەها بووە ئەندامی کۆمەڵەی تورکیای لاوی نهێنی. کاتێك فەڕەنسییەکان هەڵسان بە داگیرکردنی شاری ئەنتاکییە ئەوا دەستی کرد بە دروستکردنی پێڕ و دەستە بۆ سەرقاڵکردنی فەڕەنسییەکان، بارەگاکەی لە حەلەب دانا، بووە سەرۆکی دیوانی والی حەلەب. فەڕەنسییەکان لەگەڵی جەنگان و ئەو سەرکەوت و حکومەتی نیشتمانی پێکهێنا و ناوی لە خۆینا (موتەوکیل عەلەڵا). بیست و حەوت جەنگی کرد و شتی لە هیچ کامیاندا نەخوارد، تا بەریتانیەکان لە فەڵەستین گرتیان و ڕادەستی فەڕەنسییەکانیان کرد، لە حەلەب چەند مانگێك حوکم درا، بەڵام دواتر حوکمەکەی کۆتایی هات بەوپێیەی شۆڕشەکەی (بە سیاسەتێکی ڕەوا) دانرا و بەمەش سەربەست کرا، بۆیە هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسی و دروشمەکەی بریتی بوو لەوەی:

_ **یارمەتی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ جولەکە و نەصڕانیەکان** بۆ پیلانگێڕان دژی موسڵمانان، ڕۆڵێکی خراپیان هەبوو لە هاریکاری و کۆمەکی کردن بۆ داگیرکەران لە داگیرکردنی وڵاتانی موسڵمانان.

کاتێك فەڕەنسییەکان سوریایان داگیرکرد، موسڵمانان هەڵسان تێکۆشان دژ بەوان بکەن، نەصیرییەکان لەگەڵ داگیرکەرە فەڕەنسییەکان دژی تێکۆشەر (ئیبڕاهیم هنانۆ[1]) و ئەو تێکۆشەرانەی لەگەڵدا بوون وەستانەوە[2].

ئینگلیز یارمەتی حەسەن عەلی شاهی دا (١٢١٩ – ١٢٩٨ك)، کە یەکێکە لە ئەندامانی تاقمی ئیسماعیلییەکان و هیوای حوکمڕانی فارسیان پێدا، جا هەڵسا بە شۆڕشێکی شکستخواردوو لە ئێران، دوای دەستگیرکرانی ئەوا ئینگلیز دەستێوەردانیان کرد بۆ ڕزگارکردنی، دواتر کردیانە پێشەوای ئیسماعیلیە نزاریەکان و نازناوی ئاغاخانیان لێنا، ئیسماعیلییەکان لە هیند لە دەوری کۆبوونەوە[3].

---

(داننانرێ بە دەوڵەتی داگیرکارو هاریکاریشی ناکرێ)، بەردەوام بوو تا لە حەلەب لە ساڵی ١٣٥٤ك – ١٩٣٥ز مرد. الأعلام ١/ ٤١ – ٤٢.

(١) بڕوانە: الإسماعيلية المعاصرة ٨٠.

(٢) بڕوانە: الأعلام ١/ ٤٢.

(٣) بڕوانە: دراسة عن الفرق ٢٣٩.

**دواتر فەڕەنسییەکان _ دوای داگیرکردنی شام _ ئەوا کردیانە دەوڵەت بۆ نەصیرییەکان و ناویاننا دەوڵەتی (عەلەوییەکان) وەك پاداشتێك بۆ هاریکاری ئەوان بۆ فەڕەنسییەکان[١].**

**یەکێك لە خزمەتکردنی فەڕەنسییەکان بە کرداری بریتی بوو لە بەشداری چالاکانە لە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش کاتێك سەرکردەی نەصیری (صالح عەلی)[٢] هەڵسا بە بڕینی ئەو ڕێگایەی تەرتوس بە حەما دەگەیەنێت، ئەمەش وایکرد تورکەکان قوربانی زۆر بدەن، کاتێك (کەمال ئەتاتورك[٣]) هەڵسا بە ڕووخاندنی خەلافەت ئەوا ڕێکەوتنێکی لەگەڵ صالح عەلی ئەنجامدا، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشێك کە وا گومان دەبرا دژی فەڕەنسییەکان بێ، ئەوا**

---

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢٥٨. و بڕاوانە چەندین گەواهی تر لە کتێبی: الحركات الباطنية في العالم الإسلامي ٣٣٤ و لاپەڕەکانی دواتر.

(٢) صالح عەلی عەلەوی، لە گوندی مریقیب لە ساڵی ١٣٠٠ – ١٨٨٣ز لە دایك بووە. خاوەنی سەرکردایەتی بوو لە چیای عەلەوییەکان _ لە نزیك لازیقییە _ و بەخۆی لە شارۆچکەی شێخ بەدر لە قەزای تەرتوس نیشتەجێ بوو. فەڕەنسییەکان ڕایانگەیاند کە لە سێدارەی دەدەن، بەڵام نەیاندۆزیەوە، دواتر ڕاگەیەنرا کە ئازادە، ئەو کاتە خۆی بەدەستەوەدا و خۆی دوورگرت لە بوارە گشتییەکانی ژیان، تا سەردەمی سەربەخۆیی لە وڵاتی خۆیدا بەدی کرد، لە گوندی مریقب لە ساڵی ١٣٦٩ _ ١٩٥٠ز مرد. الأعلام ٣/ ١٩٣.

(٣) کەمال ئەتاتورك، موستەفا، دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ، ساڵی ١٨٨١ز لە دایك بووە، لە شاری سالۆنیك کە یەکێکە لە شارەکانی یۆنان. سەرباز بوو لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، حوکمی عوسمانی بە دڵ نەبوو، بۆیە هەڵیان بە دامەزراندنی حیزبی نیشتمانی تورکی، حکومەتی کاتی ئەوی وەك سەرۆکی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٠ز هەڵبژارد. باڵاپۆشی ئیسلامی بۆ ئافرەتی ڕەتکردەوە، جلی فەڕەنسی لە جیاتی جلی عەرەبی سەپاند، هانیدا لەسەر بەکارهێنانی ئەلف و بێی ڕۆمانی لە جیاتی ئەلف و بێی عەرەبی، نموونەی خۆرئاوایی هاوردەکرد لە دراو و یاسا و گواستنەوە. ساڵی ١٩٣٨ز مرد. ألف شخصية عظيمة ٣٥٢ – ٣٥٣.

**فەڕەنسییەکان لە صالح عەلی خۆش بوون، جا فەڕەنسییەکان هەرگیز شتی وایان لەگەڵ تێکۆشەرە ڕاستگۆکاندا نەکردووە[١].**

**ناپاکی دروزەکان و هاریکاریان بۆ داگیرکەرە خاچهەڵگرەکان دژی موسڵمانان لە تاقمەکانی تری شاراوەگەرا کەمتر نەبوو، تا ئەمڕۆش دروزەکان لە ناو لەشکری جولەکەدا هەن، جا سەرۆکی پاسەوانانی سنوور لە ناو دەوڵەتی جولەکە کەسێکی دروزە[٢].**

**سەبارەت بە ڕافیزەکان ئەوا بیروباوەڕەکەیان لە چەندین لاوە کۆکە لەگەڵ شاراوەگەراکان، ئەگەرچی زیادەڕۆچوون لە ناو ڕافیزەکان کەمترە لەوەی هەیە لە ناو ئیسماعیلی و نەصیرییەکان، بەهەمان شێوە ڕافیزەکانیش دەچنە ناو تاقمە شاراوەگەراکان، چونکە پێیان وایە دەق ڕووی دیارو شاراوەی هەیە[٣]، زۆربەی کتێبەکانیان ڕانەگەیەنراون[٤]، زۆرێکیان لە چاپدران بەتایبەت لە دەوڵەتی صەفەوی و ئێرانیدا، کە لایەنی شاراوەی بیروباوەڕی ئەوانی دەرخست.**

---

**(١)** بڕوانە: رؤية الإسلام في الصراع العربي الإسرائيلي ١/ ٢٦٣.

**(٢)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١/ ٣١ و لاپەڕەکانی دواتر، والإنحرافات العقدية والعلمية ٥٧٤.

**(٣)** بڕوانە چەندین دەقی زۆر لە کتێبەکانی پێشەواکانی شیعەی دوازدە ئیمامی (ڕافیزەکان) لە کێبی: أصول مذهب الشيعة ١/ ١٥٠ و لاپەڕەکانی دواتر، هۆکاری زۆر کەس بیروباوەڕی ڕافیزە شاراوەگەراکان نازانن ئەوەیە کە پشت دەبەستن بەو کتێبانەی کە شیعەکان بانگەشەی پێدەکەن بۆ ڕێبازی خۆیان و دەیرازێننەوە، باسی ئەم بیروباوەڕانە ناکەن، بەڵام شارەزابوون لە کتێبە ڕەسەن و فەرموودەییەکان بەتایبەت ئەوەی گێڕانەوەکان دەگوازنەوە ئەوا بیروباوەڕی شیعە بەشێوەی ڕاستەقینە ڕوون دەکەنەوە. بڕوانە: رؤية إسلامية في الصراع الغربي الإسرائيلي ١/ ١٩٣.

**(٤)** تا ئاستێك کە زانایەکی فەرهەنگی کە ئیبن تەیمیەیە لە کتێبە مەزنەکەیدا (منهاج السنه) هیچ دەقێکی لە کافی کولەینی نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕێبازی ڕافیزەکانە و دانەرەکەی پێش ئیبن تەیمیە بە ماوەیەکی زۆر مردووە.

ڕافیزەکان هاریکاری داگیرکەرانیان کرد دژی پەیڕەوانی سوننە[١]، هەروەك چۆن دەستیان تێکەڵکرد لەگەڵ ئەواندا بۆ گەیشتن بە حوکم لە ئێران[٢]، تا ئێستاش هاریکاریان لەگەڵ یەکتر بەردەوامە لەگەڵ ئەمریکای داگیرکەر لە عێراق دژی پەیڕەوانی سوننە، ئەمە شتێکی بەرچاوە.

سەبارەت بە بەهائیەکان و قادیانیەکان ئەوا بیروباوەڕەکانیان مەترسی کەمتر نییە لەسەر موسڵمانان[٣] لە ئیسماعیلی و نەصیری و دروزەکان، ئەمانە بە چاودێری و سەرپەرشتی و پاڵپشتی هێزی داگیرکەر دروستکران.

بەهائییەکان لە سەرەتای دەرکەوتنی لەلایەن ڕووسیاوە گرنگی پێدرا و سەرپەرشتی کرا، کە کاری دەکرد لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبازە لە ئێران و وڵاتی عوسمانی[٤].

گومان لەوەدا نییە کە بەهائییەکان نەهاتوونەتە بوون تا ببنە بیروباوەڕێکی ڕێزدار و مەبەستی پەیڕەوکارانی گەیشتن بێ بە ڕاستی هەر چەند لە ئیسلام دووربێ، ئەو بیروباوەڕانەی بەهائی بانگەشەی بۆ دەکات بەڵگەن لەسەر ئەمە، سەرەتا بانگەشەی مەهدیبوونی کرد، دواتر بانگەشەی پێغەمبەرایەتی، ئینجا بانگەشەی خوایەتی[٥]، گومان لەوەدا نییە مرۆڤ هەر چەندە لاڕێ و هەڵەکار بێ

---

(١) بڕوانە گەواهیدەرەکان لەم بارەوە لە: الإنحرافات العقدیة والعلمیة ٥٧٨ – ٥٨٢، و سلسلە کتب (وجاو دور المجوس).

(٢) بڕوانە ڕەهەندە بیروباوەڕی و سیاسی و مێژوویەکانی شۆڕشی ئێران (وجاء دور المجوس) عبدالله غریب.

(٣) دەربارەی بیروباوەڕی بەهائییەکان و قادیانیەکان بڕوانە: عقیدة ختم النبوة، أحمد سعد حمدان.

(٤) بڕوانە: الإنحرافات العقدیة والعلمیة ٥٨٧.

(٥) بڕوانە: الإنحرافات العقدیة والعلمیة ٥٨٧.

ئەم بانگەشەیە ناکات ئەگەر هاتوو هاتبێت بەدوای بیروباوەڕێکی ڕاستەقینەدا بگەڕێت تا باوەڕی پێ بهێنێت، لەبەر ئەمە نامۆ نییە ئەم جۆرە مرۆڤەی ئەم بانگەشەیە دەکات پەیوەست بێت بە دوژمنی دەرەکی و ببێتە خەنجەرێك لە پشتی ئوممەتی ئیسلامیدا، _ وەك پێشتر خستمانەڕوو _ لەژێر چاودێری ڕووسیای داگیرکەر پێگەیشت، دواتر لە ژێر سەرپەرشتی ئینگلیزی داگیرکەردا بە ئامانجی تێکدانی بیروباوەڕی ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی یەکڕیزی موسڵمانان و بێ ئاگا کردنیان لە پرسە سەرەکییەکانیان[1].

ئەبو زەهرە[2] دەڵێت: ((لە ڕاستیدا بەهائییەکان چالاکییان توندتر دەبوو لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە سەردەمانی بانگەوازی کردن بۆ بێ ڕەوشتی، لەلایەن دوژمنانی ئەم ئاینە گەشەی پێدەدرا، بۆیە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم بەهێز بوو، پاشان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بەهێزتر بوو، ئێستاش سەری بەرز

---

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

(٢) محەممەد ی کوڕی ئەحمەدی باوکی زەهرە، یەکێکە لە گەورەترین زانایانی سەردەمی خۆی، لە شاری (محلەی کوبرا) لە ساڵی ١٣١٦ك – ١٨٩٨ز لە دایك بووە. لە مزگەوتی ئەحمەدی پەروەردەکرا، زانستی خوێند لە قوتابخانەی قەزای شەرعی، ئاڕاستەکەی بەرەو توێژینەوەی زانستی دەستی پێکرد لە کۆلیژی بنەماکانی ئایین لە ساڵی ١٩٣٣ز، بە مامۆستای ئامادەنەبوو دیاریکرا بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆکە، کرایە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای توێژینەوەی زانستی، وەك بریکار کاریکرد بۆ کۆلیژی ماف لە زانکۆی قاهیرە، هەروەها بووە بریکاری پەیمانگەی توێژینەوەی ئیسلامی، زیاتر لە چل کتێبی هەیە، لەوانە: (تاريخ الجدل في الإسلام) و (الملكية ونظرية العقد في الشريعة الإسلامية) و (الأحوال الشخصية) و (محاضرات في مقارنات الأديان)، ساڵی ١٣٩٤ك – ١٩٧٤ز لە شاری قاهیرە مرد. الأعلام ٦/ ٢٥.

**کردۆتەوە، جا دەبێ ئەم سەرە ببڕدرێ یان بگەڕێتەوە بۆ شیکاگۆ کە نیشتمانی پڕوپاگەندەکردنیەتی))[١].**

**هەمان شت سەبارەت بە قادیانیەت کە ئینگلیز دایمەزراند بە ئامانجی دوورخستنەوەی موسڵمانان لە تێکۆشان بەناوی ئیسلام دژ بە ئینگلیز، هەر بۆیە (غولام ئەحمەدی قادیانی)[٢] لایەنگیری تۆخی خۆی بۆ ئینگلیز دەرخست و خزمەتی ئامانجەکانیانی کرد لە وڵاتی هیند، زۆر سووربوو لەسەر**

---

(١) تاريخ المذاهب الإسلامية ١/ ٢٤٨.

(٢) ئەحمەدی کوڕی مورتەزای کوڕی محەممەدی قادیانی، بە میرزا غولام ئەحمەدیش ناودەبرێ، هەروەها نازناوی (مەسیحی دووەم)یشی هەیە، سەرکردەی قادیانیەکان و دامەزرێنەری ڕێبازەکەیانە، هیندییە و کتێبی بە زمانی عەرەبی هەن، لە گوندی قادیان _ هەر دەدرێتە پاڵ ئەم گوندە _ لە گوندەکانی (پەنجاب) لە ساڵی ١٢٥٥ك – ١٨٣٩ز لە دایك بووە. شتێکی لە ئەدەبی عەرەبی خوێندووە، سەرقاڵی زانستی کەلام بووە، کاتێك حکومەتی ئینگلیز هیندی داگیر کرد ناوبراو پشتیوانی لە ئینگلیز کرد، کاتێك سەدەی سێزدەمی کۆچی تەواو بوو خۆی بە نوێکەرەوەی سەدە دانا، پاشان ڕایگەیاند کە خۆی مەهدییە، دواتر ڕایگەیاند کە ئەو پێغەمبەرە و شوێنکەوتووی شەریعەتی ئیسلامە، ژمارەیەك لە هیندییەکان باوەڕیان پێهێنا، کتێبی هەن بە زمانی عەرەبی و ئوردی، هەیانە عەرەبی بەسەریدا زاڵە، وەك: (کۆتری مژدە بۆ مەککە و پیاوچاکانی دایکی شارەکان) و (ڕاستینەی سروش)، لە کتێبەکانی: (بەخشراوەکانی خوای میهرەبان)، لەم کتێبەیدا لە لا ٣ هاتووە: (من کەسێکم پەروەردگارم قسەم لەگەڵ دەکات، لەلایەن خۆیەوە زانیارم فێر دەکات، بە چاکی پەروەردەم دەکات، لەلایەن خۆیەوە سروشم بۆ دەنێرێت لە سۆزو بەزەیی خۆیەوە، منیش شوێنی ئەو سروشە دەکەوم)، لە لا ٢٩ هاتووە: (من مەسیحی بەڵێن لەبارەوە دراوم و پێشەوا چاوەڕوانکراوم)، لە لا ٤٤ هاتووە: (لەسەر هەموو باوەڕدارێك قەدەغەیە بە ناوی تێکۆشانەوە ڕووبەڕووی ئەم حکومەتە ببێتەوە، بێگومان تێکۆشان ناشرینترین جۆری گەندەڵی و خراپەکارییە!)، تا ئەمرۆش لە پاکستان و هیند شوێنکەوتووی هەن، دکتۆر محەممەد ئیقبال ئەم کتێبەی هەیە: (قادیانیەت شۆڕشێك دژی پێغەمبەرایەتی محەممەد ﷺ، پیلانگێڕییەك دژی ئیسلام، ئاینێکی سەربەخۆ). الأعلام ١/ ٢٥٦.

پوچەڵکردنەوەی تێکۆشان، بەڵکو هانی شوێنکەوتووانیدا تا هێزی داگیرکەر سەربخەن بەوەی ئەم هێزە خێرو بێرە بۆ وڵاتی هیند[1].

ئەم تاقمە شاراوەگەرایە بارودۆخ و زەمینەیەکی بە پیتی سازاند بۆ چاندنی ڕێبازە هزرییە بێ باوەڕییەکان، وەك: عەلمانیەت و لیبڕالییەت و نوێخوازی و جگەلەوانەش وەك چۆن ڕوونکرایەوە.

## ب_ مورجیئایەتی و شوێنەوارەکانی:

مورجیئایەتی بە یەکێك لە ترسناکترین لادانە بیروباوەڕییەکان دادەنرێ کە کاریگەریان هەبوو لەسەر ژیانی موسڵمانان، جا مەسەلەی باوەڕو ئیمان گرنگترین مەسەلەی بیروباوەڕە، چونکە بنچینە و بنەمای ئاینە، پێوەری ناسین و جیاکردنەوەی باوەڕدارە لە بێ باوەڕ، یەکتاناس لە هاوبەشدانەر، جا لاڕێ بوون لە ئیمان دەبێ شوێنەواری مەزنی هەبێ لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی.

مورجیئایەتی وەك کاردانەوەی زیادەڕۆچوونی خەواریجەکان دەستی پێکرد، کاردانەوەکەش پێویستی بە سوككردنی بنچینەیەکی سەرەکی دەکرد لە ئیماندا ئەویش (کردار)ە، هەر بۆیە مورجیئە شەرعزانەکان[2] ئیمانیان پێناسەکردووە

(١) بڕوانە دەقەکانی قادیانی کە تیایدا هانی شوێنکەوتووانی دەدات لەسەر هاریکاری داگیرکەران و قەدەغەکردنی تێکۆشان دژیان و بە گومڕادانانی ئەوەی ئەم کارە دەکات لە کتێبی: عقیدة ختم النبوة ٢٥٥ _ أحمد سعد حمدان.

(٢) مورجیئە شەرعزانەکان: کۆمەڵێکن لە شەرعزانانی عێراق، بەتایبەت شەرعزانەکانی کوفە، پێیان وایە ئیمان بەڕاستدانانی دڵ و وتنی زمانە، کرداری ئەندامەکان لە حەقیقەتی باوەڕ دەخەنە دەرەوە، لەوانە ئەبو حەنیفە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ (دەوترێ پاشگەز بووەتەوە لەم بۆچوونەی) و جگەلەویش.

بەوەی بریتییە لە: ((ناسینی خواو، دانان بە بوونی خوا، ناسینی پێغەمبەر، دانان بەو پەیامەی لەلایەن خواوە هاتووە بە پوختی بێ لێکدانەوە))[1]. ئەمە ئاماژەیە بۆ دەرکردنی کردار لە حەقیقەتی ئیمان، پێشینە چاکەکان بە مورجیئایەتیان ناو ناوە، زۆر بە توندی سەرزەنشتیان کردووە، لەوانە ئەم وتەیەی زوهری: ((هیچ شتێك لە ئیسلامدا دانەهێنراوە کە زیانی زۆری بە موسڵمانان گەیاندبێ خراپتر لە مورجیئایەتی))[2]، (شەریکی قازی[3]) لەبارەی ئەوانەوە وتویەتی: ((پیسترین کەسن))، قەتادە وتویەتی: ((هیچ شتێك لە هەواو هەوەسەکان مەترسیدارتر نییە لەسەر ئوممەت لە مورجیئایەتی))[4].

ئەوانە ڕاستیان وت لەم بارەوە، بەڕاستی شوێنەوارەکانی مورجیئایەتی زۆرتر بوون لە شوێنەوارەکانی سەرجەم داهێنراوە بیروباوەڕی و کردارییەکانی تر، وەك چۆن دەخرێتەڕوو.

بەڵام شتەکە لە ئاست کاردانەوە نەوەستا، کە پێشینان هەڵوێستێکی توندیان لەبارەوە هەبوو بەهۆی زانینیان سەبارەت بە مەترسییەکەی، بەڵکو لەسەر دەستی پەیڕەوانی زانستی کەلام لە کاردانەوە تێپەڕی، ئەوانەی بۆ ئەم

(١) بڕوانە: مقالات الإسلاميين ١/ ٢٢١.
(٢) الإيمان – لإبن تيمية ٣٣٩.
(٣) باوکی عەبدوڵا، شەریکی کوڕی عەبدوڵای نەخەعی کوفی، دادوەر، یەکێکە لە پێشەوا زاناکان، نەرم و نیانە لە هەمبەر فەرموودەی لاوازدا، هەندێك لە پێشەوایان بەڵگەیان بەو فەرموودانە نەهێناوەتەوە کە تەنها خۆی گێڕابێتیەوە، ساڵی ٩٥ك لە دایك بووە، کەمێك لایەنگیری شیعەگەرایەتی تێدابووە، ساڵی ١٧٧ك مردووە. سير أعلام النبلاء ٨/ ٢٠٠.
(٤) الإيمان – لإبن تيمية ٢٦٧.

شتە داهێنراوە دانیشتن و ڕێبازێکی تەواویان لەسەر دانا لە بابەتی ئیمان و هەڵوەشێنەرەوەکانی.

زانستی کەلام لە دەرەنجامی کاریگەر بوون بە فەلسەفەی یۆنانی لە دوای وەرگێڕدرانی و پەسەندکرانی بیرۆکەکانی لەلایەن هەندێ کۆمەڵەوە دەرکەوت، جا لە ناو ئوممەتدا کەسانێك دەرکەوتن _ کە لە ئایین تێنەگەیشتبوون، بیروباوەڕی ڕاست و دروستیان لە سەرچاوە پاکەکەی کە (سروشی خواییە) نەناسیبوو _ فەلسەفەی وەرگرت وەك ئامرازی بەڵگە هێنانەوە، کۆمەڵێك لە پێشەکییەکانی پەسەندکرد کە کاریگەری هەبوو لەسەر تێڕوانینی دەربارەی خوای مەزن و پێغەمبەرایەتی و ئیمان و جیهانی نەبینراو.

بەمەش لادانی مەزن لەلای زانایانی کەلام دروست بوو لە بیروباوەڕدا، لەوانە: ڕەتکردنەوەی ناوو سیفەتەکانی خوا یان تەئویلکردنیان، ڕەتکردنەوەی قەدەر یاخود چسپاندنی تا ئەندازەی دانان بە بیرۆکەی ناچاری (جەبرییەت)، پەسەندکردنی بیرۆکەی مورجیئایەتی لە ئیماندا[1].

---

(1) پێم سەیرە، دانەر باس لە لادانەکان دەکات و پێشتریش باسی لەوە کرد کە پێشینان سەرکۆنەی ئەم لادانانەیان کردووە، جا خۆ ئەم لادانانە هەموویان ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشینان، دانەر وشەی پێشینانی هێناوە بێ زیادەی (چاکەکان)، کەواتە پێشینان ئەو لادەرانەش دەگرێتەوە.
سەیرتر لەوەدایە کە دانەر یان بێ ئاگایە یاخود نایەوێت ئەم ڕاستییە بدرکێنێت کە چەندین کەس لە پێشینان و تەنانەت پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش تەئویلیان کردووە، ئیمامی نەوەوەی ئاماژەی بەوە کردووە لە شەرحی صەحیح موسلیمدا کە تەئویل ڕێگەی بەشێك لە پێشینە چاکەکان بووە.
بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دانەر دەڵێت دوورە لە ڕاستییەوە ئەوا خوێنەر ئاڕاستە دەکەم بۆ خوێندنەوەی کتێبی (التجسيم والمجسمة: عبدالفتاح بن صالح قديش اليافعي).
هەندێك حاڵەت هەیە مرۆڤ ناچارە لێکدانەوە (تەئویل) بکات، بۆ نموونە: لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە خوای گەورە لە سێیەکی شەودا دادەبەزێت....تاد. جا خوێنەری بەڕێز هەروەك

**ئەمە ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەکانەوە، سەبارەت بە بەڵگەکان ئەوا تاکە سەرچاوەی بیروباوەڕ لای ئەوان عەقڵە، دەقە شەرعییەکان بە بەڵگە ناچن لەلای ئەوان لە بواری بیروباوەڕدا، جا یان ئەوەتا لە ڕووی هاتن و چەسپانەوە گوماندار وەك (فەرموودەی تاقانە: ئاحاد) یانیش واتاکەی ناڕۆشن و گوماندارە وەك: (دەقی ڕێژنەیی: متەواوتر)، لە کاتی تێکگیرانی عەقڵ و نەقڵ ئەوا عەقڵ پێش نەقڵ دەکەوێت، نەقڵ لێکدانەوەی بۆ دەکرێ تا بگونجێ لەگەڵ عەقڵ.**

**ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان بە گەورەترین تاقمی کەلامی دادەنرێن کە ئێستا هەن، وایلێهاتووە کاتێ چەمکی (کەلام یان موتەکەلیمەکان) دەردەبڕدرێ مەبەست لێی ئەوانە.**

**وایلێهاتووە ئەم دوو تاقمانە زاڵبوونە بەسەر گەورەترین و دیارترین ناوەندەکانی زانست لە جیهانی ئیسلامیدا وەك ئەزهەر و زانکۆی زەیتونە و جگەلەوانیش، بەتایبەت لە سەدەکانی دواییدا[1].**

**هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی ڕێبازی ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:**

**١ _ ئاوابوونی ئەستێرەی موعتەزیلایەتی لە دوای ئاشوبی بانگەشەی ئەوەی گوایە قورئان بەدیهێنراوە، دەرکەوتنی ڕێبازی ئەشعەرییەت وەك دژی**

---

دەزانیت زەوی بازنەیی و گۆییە، ئەگەر لایەکی شەو بێ لایەکەی تری ڕۆژە، ئەگەر ئەو لای ڕۆژ بێ لایەکی تری شەوە. کەواتە هەردەم شەو لەلایەکی زەوی هەیە، بەم پێیە دەبێ خوای مەزن هەر لە ئاسمانی یەکەمدا بێ، جا ئەمە چۆن دەبێ لە کاتێکدا دەڵێن خوا لەسەر عەرشە!!!!. (وەرگێڕ).

(1) بڕوانە چەندین نموونە و گەواهی تر لە بارەی ڕوونکردنەوەی ئەمە: الإنحرافات العقدية والعلمية ٦٧٠ و لاپەڕەکانی دواتر.

موعتەزیلایەتی، ڕێبازی کیلابیەت دەرکەوت کە بنچینەی ڕێبازی ئەشعەرییەتە و دەدرێتە پاڵ فەرموودەناسان، کاتێك (ئەبو حەسەنی ئەشعەری[1]) لە موعتەزیلایەتی پاشگەزبووەوە ئەو ڕۆیشتە سەر ڕێبازی ئیبن کلاب، جا لەبەرچاوی خەڵك وادەرکەوتن کە ئەوان لە پەیڕەوانی سوننەن[2]، کە بەڵگە عەقڵییەکان و شێوازی ژیربێژانە بەکاردێنن بۆ بەرپەرچدانەوەی موعتەزیلەکان، کەچی لە ڕاستیدا پێچەوانەی سوننەت هەڵسوکەوت دەکەن[3].

---

(١) باوکی حەسەنی عەلی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیسحاقە، لە ڕەچەڵەکی هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ ئەبو موسای ئەشعەرییە (ڕەزای خوای لێبێت)، یەکێکە لە پێشەوایانی زانستی کەلام، دامەزرێنەری ڕێبازی ئەشعەرییەتە، ساڵی ٢٦٠ك – ٨٧٤ز لە شاری بەصرە لە دایك بووە، ڕێبازی موعتەزیلایەتی وەرگرت و تێیدا ڕۆیشتە پێشەوە دواتر پاشگەزبووەوە بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ موعتەزیلایەتی ڕاگەیاند، ئەشعەری لەسەر ڕێبازی کیلابی بوو دواتر لەویش پاشگەزبووەوە گەڕاوە سەر سوننەت. وتراوە دانراوەکانی سێ سەد کتێبن، لەوانە: (مقالات الإسلاميين) و (الإبانة في أصول الديانة) و (والرد على المجسمة) و (اللمع في الرد على أهل الزيغ والبدع) بە (اللمع الصغير) ناسراوە، (الرد على ابن الراوندى). لە بەغداد کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ٣٢٤ك – ٩٣٦ز. الأعلام ٤/ ٢٦٣.

(٢) وا دەردەکەوێت کە دانەر باوەڕی هەر وانیە ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان لە ئەهلی سوننە بن! بەداخەوە ئەمەیە عەقڵیەتی سەلەفییە ئاسۆ تەسکەکان، کە پێیان وایە شوێنکەوتنی ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێ) شوێنکەوتنی پێشینانە، بەڵام شوێنکەوتنی ئەشعەری و شافیعی و ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خوایان لێبێ) پێچەوانەی سوننەتە، کەچی ئەوانە لە سێ سەدەی سەرەتا بوونە، و ئیبن تەیمیە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، کەم وایە سەلەفییەك ببینی بە ویژدان بێ، جا چۆن کەسێك دەتوانێ یان دەوێرێ بڵێ ئەشعەری و ماتوریدییەکان ئەهلی سوننەن لە کاتێکدا لە سعودییە کە کانگای سەلەفیەت و بیرتەسکییە نامەی دکتۆراکەی بێنێتەوە.
لە ڕاستیدا زانایان دەڵێن ئەهلی سوننە بریتین لە: ئەشعەرییەکان و ماتریدییەکان و حەنبەلییە پایەبەرزەکان. (وەرگێڕ).

(٣) بڕوانە: موقف ابن تيمية من الأشاعرة ٢/ ٤٩٩ و لاپەڕەکانی تریش.

٢_ ڕێبازی ئەشعەرییەت لە ناوەندی دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسی (شاری بەغداد) سەریهەڵدا، ئەم شوێنە ناوەندێکی زانستی بوو، زانستخوازان دەهاتنە ئەوێ و لەوێ بارەگەیان دادەنا بۆ سوودمەند بوون لە زانایانیان[١].

٣_ هەندێك دەوڵەتی ئیسلامی ڕێبازی ئەشعەرییەت و ماتوریدییان کردە بنەما و سەرچاوە، وەك: دەوڵەتی موەحیدین لە مەغریب، دەوڵەتی ئەیوبی، دەوڵەتی مەمالیك، وایلێهات ڕێبازی ماتوریدی بووە ڕێبازی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتی عوسمانی کاری کرد لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبازە و دەرخستنی کتێبەکانی و پێشخستنی زاناکانی، پەیڕەوی خوێندنی لە قوتابخانە فەرمییەکانی لەسەر ئەم ڕێبازە دامەزراند.

٤_ پشت پێبەستنی کۆمەڵێك لە زانایان، تا ئەو ئەندازەیەی کە ڕێبازی ئەشعەری و ماتوریدی بە ڕێبازی فیقهی بەسترانەوە، جا ڕێبازی شافیعی و مالیکییە پاشینەکان لەسەر ڕێبازی ئەشعەرت بوون، حەنەفییەکان ڕێبازی ماتوریدیان پەسەندکرد وەك بنەمای خۆیان، هەروەك چەندین زانای ناوداری تر ئەم ڕێبازە کەلامیانەیان وەرگرت وەك: ((باقلانی))[٢]، ((بەیهەقی))[٣]،

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٢) ئەبو بەکر، محەممەدی کوڕی تەیبی کوڕی محەممەدی کوڕی جەعفەر، دادوەر بووە، یەکێك بووە لە گەورە زانایانی کەلام. سەرکردایەتی ڕێبازی ئەشعەریەتی ڕادەستکرا، لە شاری بەصرە لە ساڵی ٣٣٨ك – ٩٥٠ز لە دایك بووە، لە دانراوەکانی: (إعجاز القرآن) و (التمهيد في الرد على الملحدة المعطلة والخوارج والمعتزلة) و (دقائق الكلام). ساڵی ٤٠٣ك – ١٠١٣ز لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٦/ ١٧٦.

(٣) ئەبو بەکر، ئەحمەدی کوڕی حوسەینی بەیهەقی خسروجردی، خسروجرد: گوندێکە لە ناوچەی بەیهەق، زانای لەبەرکاری چەسپاوی شەرعزان، شێخی خوڕاسان، خاوەنی چەندین دانراو، ساڵی ٣٨٤ك

**((ئیسفەرایینی))، ((غەزالی))، ((ڕازی))، ((عیزی کوڕی عەبدوسەلام))[١]، ((سەعدەددینی تەفتازانی))[٢] و جگەلەوانیش، دواتر بازنەکانی زانست و زانکۆکان و بازنەی وانەکانی مزگەوتەکان کردیانە بناغە و بنچینە و بەتایبەت لە ماوەی دوورو درێژی حوکمی عوسمانییەکان.**

**٥_ پشت بەستنی کۆمەڵێك لە فەرمووودەناس و زانایان بنەماکانی فیقه بە زانستی کەلام، کە وایلێهات ئەم زانستە بووە مەحەکی پاکانەکردن، لەگەڵ ئەوەی ئەو زانایانە زانای کەلام نەبوون، هەر بۆیە ئەم زانستە نەویستراوە بە زانایانێکەوە بەستراوە کە خاوەنی پێگە و پلەو پایەن لە ناو ئوممەتدا[٣].**

---

لە دایك بووە، لە دانراوەکانی: (السنن الكبير) و (السنن والآثار) و (شعب الإيمان) و (الأسماء والصفات)، لە ساڵی ٤٥٨ك کۆچی دوایی کردووە. سير أعلام النبلاء ١٨/ ١٦٣.

(١) عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدوسەلامی سەلیمی دیمەشقی، عیزەددین، خاوەنی نازناوی (سلطان العلماء)، شەرعزانێکی شافیعییە، گەیشتۆتە پلەی کۆشش (إجتهاد)، لە ساڵی ٥٧٧ك – ١١٨١ز لە دیمەشق لە دایك بووە، لەوێ پێگەیشتووە، دادوەری میصرِی گرتەئەستۆ، ناوبانگی دەرکرد بە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، لە کۆتایی ژیانیدا خۆی لە خەڵك دوورگرت و لە ماڵی خۆی دەرنەهات، لە قاهیرە لە ساڵی ٦٦٠ك – ١٢٦٢ز کۆچی دوایی کرد، لە کتێبەکانی: (قواعد الأحكام في إصلاح الأنام) لە فیقهدا، (بداية السول في تفضيل الرسول) لە تەصەوفدا. الأعلام ٤/ ٢١.

(٢) مەسعودی کوڕی عومەری کوڕی عەبدوڵای تەفتازانی، سەعدەدین، یەکێکە لە پێشەوایانی زمانی عەرەبی و ڕوونبێژی و ژیربێژی، تێکگیرانێکی کەمی لە زمانیدا هەبوو، لە تەفتازان لە وڵاتی خوراسان لە ساڵی ٧١٢ك ١٣١٢ز لە دایك بووە، لە ناوچەی (سەرخس) نیشتەجێ بوو تا تەیمورلەنگ دووریخستەوە بۆ سەمەرقەند، لەوێ لە ساڵی ٧٩٣ك ١٣٩٠ز کۆچی دوایی کرد، لە سرخس نێژرا، لە کتێبەکانی: (شرح التصريف العزى) لە زانستی گەڕدانی وشە (صرف)دا. ئەم کتێبە یەکەم دانراوی بوو، لە تەمەنی شازدە ساڵیدا ئەمەی نووسی، (تهذيب المنطق) و (شرح العقائد النسفية) و (شرح الأربعين النووية). الأعلام ٧/ ٢١٩.

(٣) بێگومان ئەمە بۆچوونی دانەرە سەبارەت بە زانستی کەلام، من تەواو بۆچوونم جیاوازە. (وەرگێڕ).

٦_ کەمتەرخەمی و دەستەوەسانی کە بەسەر ئەوانەی درانە پاڵ سوننەدا هات لە ماوەی دواییدا، یەکێك لەم وێنانە: شارەزا نەبوون لە بیروباوەڕی ڕاست و دروست، یان نەتوانینی ڕوونکردنەوەی یاخود وەستان دژی عەقڵ بەهۆی زیادەڕەوەی لە بەکارهێنانی لەلایەن دژەکانیانەوە، ئەمە وایکرد ئەوانی تر وا بڕواننە سوننەت کە دژی عەقڵە و لەسەر تێڕامان و وردبوونەوە دانەمەزراوە[1].

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی فەراهەم بوونی هەل و فرسەت بۆ بڵاوبوونەوەی ڕێبازی کەلام لە ناو ئوممەتدا، لە قۆناغەکانی دواییدا گەیشتە لوتکەی بڵاوبوونەوە، بەشێوەیەك کە کتێب و بەرنامە و پەیڕەوەکانی بەشێوەیەکی گشتی هەموو وڵاتانی ئیسلامی ڕووماڵکرد، زانا و موفتی و دادوەرو وتاردەرو ئامۆژگاریکەرو نووسەرو ڕێنماییکارو خەڵکی پێشەنگی ناو ئوممەت لەسەری دەرچوون، بەسروشتی بارودۆخەکە کە چەند نەوەیەکی یەك لە دوای یەك ڕێبازی کەلامی پەسەند بکەن ئەوا دەبێ ئەم ڕێبازە دابەزێتە ناو کۆمەڵگە بە هۆکاری ڕێنماییکردنی فەراهەم بوو، بەمەش کۆمەڵگە دەبێتە وێنەیەکی جێبەجێکاری ڕێبازی کەلامی، ئەو کاتە دروستە ئەم ڕێبازو پەیڕەوە دادگایی بکرێ لە میانەی ڕوانینە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە ناو ئوممەتدا[2].

---

(١) بڕوانە: مجموعة الفتاوى ١٢/ ٣٣.

(٢) بڕوانە: نموونەی گەواهیدەری جێبەجێکاری لەسەر شوێنەواری بیروباوەڕی کەلامی لە ناو ئوممەتدا لە کتێبی: الإنحرافات العقدية والعلمية (هەموو کتێبەکە)، ئەمە کتێبەکە لەوەدا سوودبەخشە کە وێنەیەکی تێرو تەسەلی ئەو لادانەی کردووە لە ناو ژیانی ئوممەتدا بەر لە داگیرکردانی ڕاستەوخۆ، هەروەها وێنای ئەو زەمینەیە دەکات کە وای لە ئوممەت کردووە بە خودی خۆی ڕێبازە هزرییەکانی خۆرئاوا پەسەند بکات، بەڕاستی زۆر سوودم بینیوە لەم کتێبە، با بەدواداچوونی بۆ بکرێ لەبەر گرنگییەکەی.

ڕێبازی کەلامی (مورجیئایەتی) لەوپەڕی زیادەڕۆچوونی ئاستیدا پەسەندکرد، بەشێوەیەك کە وێنای باوەڕی کرد کە بریتییە لە تەنها بە ڕاستدانانی دڵ، کرداری دڵ و ئەندامەکانی لە ڕاستی ئیمان بەدەرناوە، تەنانەت زیادەڕۆچوونەکە گەیشتە ئەوەی کە دەربڕینی شایەتمانی بە بەشێك لە ڕاستی ئیمان دانەنا، بەڵکو پێی وابوو بریتییە لە هۆکارێکی جێبەجێکاری بۆ جیاکردنەوەی موسڵمان و نا موسڵمان لە حوکمەکانی دونیادا، سەبارەت بە دوارۆژ ئەوا دەکرێ ڕزگاری ببێ ئەگەر شایەتمان دەریش نەبڕێ.

ئەم وتەیەی ((جوەینی))[1] ئەوە ڕوون دەکاتەوە: ((ئەوەی لای ئێمە پەسەندە ئەوەیە کە ڕاستی ئیمان باوەڕهێنان و بە دڵ داننانە بە بوونی خوای پایەبەرز، ئەو کەسە باوەڕداری بەخوایە کە بە دڵ باوەڕی پێ هەیە. لە دوای لێکۆڵینەوە بەڕاستدانانی دڵ وتەی دەروونە، بەڵام لەگەڵ شارەزایی و زانستدا دەچەسپێت، ئێمە ئەوەمان ڕوونکردەوە کە وتەی دەروون بەپێ بیروباوەڕ دەچەسپێ))[2].

ئەمە کورت هەڵهێنانی ئیمانە بەهەموو بەش و بنچینە و بەرنامەکانی لە وتەی ڕووتی دەرووندا، کاتێك ویستویەتی کێشە لەسەر وێناکردنەکەی هەڵبگرێت

---

(١) باوکی مەعالی، عەبدولمەلیکی کوڕی عەبدوڵای جوەینی، بنچنەی ئایین، یەکێك بوو لە هاوەڵانی شافیعی، لە جوەین (یەکێکە لە ناوچەکانی نیسابور) لە ساڵی ٤١٩ك – ١٠٢٨ز لە دایك بووە. چوار ساڵ لە مەککە و مەدینە مایەوەو نازناوی پێشەوای حەرەمەینی لێنرا. چەندین دانراوی هەن لەوانە: (الورقات) لە زانستی بنەماکانی فیقهدا، (العقيدة النظامية في الأركان الإسلامية) و (الشامل) لە زانستی بنەماکانی ئاییندا لەسەر ڕێبازی ئەشعەری. لە گوندی (بشتغال) کە دەکەوێتە نیسابوور لە ساڵی ٤٧٨ – ١٠٥٨ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٤/ ١٦٠.

(٢) بڕوانە: مجموعة الفتاوى ١٢/ ٣٣.

بۆ ئیمان کە وتەی دەروونە لەوە زیاتر ڕوونکردنەوەی نەدا کە وتەی دەروون بریتییە لە زانست و زانین، ئەم کورت هەڵهێنانەی ئاینی ئیسلام بریتییە لە بنچینەی ئەو کارەساتەی بەسەر موسڵماناندا هات دوای ئەوەی ئەم تێگەیشتنە بووە بنچینەیەکی جەماوەری لە میانەی فێرکردن و زانایانەوە، وایلێهات ئەوەی دژی ئەم ڕێبازە بووبا ئەوا بە دوژمن سەیری دەکرا و ڕووبەڕوو بوونەوەی بە پێویست دادەنرا وەك چۆن ڕووبەڕووی بانگەوازی سەلەفییەت بوونەوە.

باقلانی بە ڕاشکاوی کرداری دڵ و ئەندامەکانی لە ئیمان دەرخستووە کاتێك ڕاستینەی ئیمانی ڕوون کردۆتەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە، جا باقلانی لە پێناسەکەی بۆ ئیمان وتویەتی: ((بزانە ڕووی ڕاستەقینەی ئیمان بریتییە لە بەڕاستدانان... بشزانە شوێنی بەڕاستدانان دڵە))[1]، هەروەها وتویەتی: ((زماناناسان کۆك بوون لە پێش دابەزینی قورئان و نێررانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئەوەی ئیمان لە زمانەوانیدا بریتییە لە بەڕاستدانان بێ کرداری دڵ و ئەندامەکان))[2].

سەبارەت بە (دەربڕین) ئەوا تەفتازانی ڕاشکاوانە دەریبڕیوە کە بەشێك نییە لە باوەڕو ئیمان، هەروەك ((دەسوقی لە پەراوێزەکەیدا لەسەر ڕاڤەی سەنووسی ئەوەی پەسەندکردووە کە دەربڕینی شایەتمان مەرجی ڕاست و دروستی باوەڕو ئیمان نییە و بەشێك نییە لە چەمکەکەی، بەڵکو مەرجێکی جێبەجێکارییە بۆ جیاکردنەوەی موسڵمان لە نا موسڵمان لە حوکمەکانی دونیادا، بەم پێیە دەکرێ کابرا تەنها بەهۆی بەڕاستدانانی دڵەوە باوەڕدار بێ و بچێتە بەهەشتەوە سەرباری

---

(١) بڕوانە: مجموعة الفتاوى ١٢/ ٣٣.
(٢) بڕوانە: مجموعة الفتاوى ١٢/ ٣٣.

دەرنەبڕینی شایەتمان و هەر چەندە تواناشی هەبێ لەسەر دەربڕینی، بەڵام ئەگەر شایەتمان دەرنەبڕێ ئەوا لە دونیادا حوکمەکانی ئیسلامی بەسەردا جێبەجێ ناکرێن لە شۆردن و نوێژ و بەخاك سپاردن لە گۆڕستانی موسڵمانان و میرات و هاووێنەی ئەم حوکمانە، ئەو بۆچوونەش کە دەڵێت ئیمان دروست نابێ ئەگەر کابرا توانای شایەتمان دەربڕینی هەبێ و دەرینەبڕێ، ئەوا بە بۆچوونێکی ناپەسەند دانراوە.

جا ئەگەر ئەمە هەڵوێستیان بێ لە هەمبەر شایەتمان ئەوا دەبێ هەڵوێستیان چۆن بێ لە بەرامبەر بنچینەکانی ئیسلام و بەرنامەکانی تری، بۆ زانیاری پەڕاوێزی دەسوقی و ڕاڤەی سەنووسی بریتین لە بەرنامەی خوێندن لە گرنگترین پەیمانگەی ئیسلامی کە زانکۆی ئەزهەرە، سەدان هەزار کەس لە سەر ئەم دوو کتێبە پەروەردە بوونە کە خاوەنی پێشەوایەتی ئاینین لە ڕێنماییکردن و خوێندن و فێرکردن و فەتوادان و وتاردان.

ماتوریدییەکان لە بابەتی ئیماندا بە تەواوی کۆك بوون لەگەڵ ئەشعەرییەکان، جا تەفتازانی دەڵێت: ((زۆربەی زانا لێکۆڵەرەکان بۆچوونیان وایە کە (ئیمان) بەڕاستدانانی دڵە))[1].

وایلێهات بەڕاستدانانی ڕووت بووە ڕووی ڕاستەقینەی ئیمان لەلای پاشینان، دواتر کوفر تەنها بریتییە لە بەدرۆخستنەوە.

ئەمە ڕەنگی دایەوە لەسەر چەمکی یەکتاناسی بەهۆی پەیوەستبوونە توندو تۆڵەکەی بە چەمکی ئیمانەوە، وایلێهات یەکتاناسی تەنها بریتی بێ لە

---

[1]) شرح العقائد النسفية ٧٩. و بڕوانە: تبصرة الأدلة ٢/ ٧٩٩.

خوابەیەکگرتن لە پەروەردگارێتی و ناوو سیفەتەکاندا، هاوبەشدانانیش بریتییە لە هاوبەش بۆ خوادانان لەم دوو جۆرەی خوابەیەکگرتندا، سەبارەت بە یەکتاپەرستی و خوابەیەکگرتن لە پەرستراوێتیدا ئەوا گەڕاندیانەوە بۆ خوابەیەکگرتن لە پەروەردگارێتیدا و ڕووتیان کردەوە لە واتا کردارییەکەی چ لە دڵ یان لە ئەندامەکاندا[1].

ئەوەی جێگای بایەخ و مەبەستی ئێمە بێ بریتییە لە ڕوونکردنەوەی شوێنەواری مورجیئایەتی دوای ئەوەی بووە دیاردەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی گشتی لە ناو ئوممەتدا، هەروەها خستنەڕووی ئەو دەرەنجامانەی ئوممەت پێیگەیشتن لە دوای سەردەمێکی دوورو درێژ لە پشت بەستن بە ڕێبازی کەلامی جێبەجێکاری لە میانەی فێرکردن و وتاربێژی و ئامۆژگاری و نووسین و جگەلەمانە.

## دەکرێ بە پوختی ئاماژە بکرێ بە شوێنەوارەکانی مورجیئایەتی:

_ کورت هەڵهێنانی چەمکی پەرستش لە دڵدا، لە ڕاستیدا دڵ بە ڕاستدانان و کرداری تێدایە، مورجیئەکان لە بە ڕاستداناندا کورتیان هەڵهێناوە، کردرایان لێ دوورخستۆتەوە، ئەم تێڕوانینە بۆ ئیمان ئەو هەستەی لای موسڵمانان دروستکرد کە نرخ و بەهای کردار لاوازە، خواپەرستی دروشمە کردارییەکان ناگرێتەوە چ جای هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە، کایەکانی ژیان لەسەر بنچینەی بەندایەتی بۆ خوا بنیاتبنرێ.

---

(1) سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بڕوانە: حقيقة التوحيد بين أهل السنة والمتكلمين ٤٤٩ و لاپەڕەکانی دواتر.

**ئەم تێڕوانینە تەسکە بۆ خواپەرستی سەریکێشا بۆ فەرامۆشکردنی بنچینەکانی ئیسلام و ئیمان، وایلێهات کە مرۆڤ دەتوانێ ئەندێشەی باوەڕدارێك بکات کە هیچ کردارێکی ئیسلام جێبەجێ نەکات، ئەمەش هانی خۆدزینەوەیدا لە ئەرکە شەرعییەکان، چونکە دەروونی مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی لە ئەنجام نەدان و فەرامۆشکردنە، جا مورجیئایەتی پاساوی تێدابوو بۆ ئەم فەرامۆشکردنە.**

**ئەمە وایکرد پەرستش لە چاخەکانی دواییدا کورت هەڵبێت لە دروشمەکانی خواپەرستی لە لایەنی کرداریدا، ئەگەرچی مورجیئایەتی پاساو دێنێتەوە بۆ ئەو کەسەی نایکات، هەر بۆیە وایلێهات ئەم دروشمانە وەك نەریتی بەجێماو جێبەجێ دەکران کە هیچ کاریگەریان نەبێ لە ژیاندا.**

**تەصەوفیش ڕۆڵی هەبوو لە مانەوەی ئەم دروشمانە وەك بەشێکی لاوەکی ئیمان، ئەگەرچی بەشێك نەبن لە حەقیقەتی ئیمان، هەر بۆیە بە هەڵسوکەوت ناویانبرد، ئەم وێنەیە سەریکێشا بۆ پەیوەست بوونی تەصەوف بە ڕێبازی کەلامییەوە، جا تەصەوفیش بە سروشتی خۆی کردارییە، ڕێبازی کەلامی حەقیقەتی ئیمانی تەنها کردە بە ڕاستدانانی ڕووت، شتەکە بەوە کۆتایی هات کە پەرستش بریتییە لە هەڵسوکەوتی لاوەکی و نەکردنی نابێتە هۆی دەرچوون لە ئیسلام، بەڵکو تەنها دروشمێکی کردارییە[1].**

---

**(1)** پێویستە تێبینی ئەوە بکرێ کە پەرستش لەلای صۆفییەکان چەندین لادانی تێدایە لەلایەنی: جێبەجێکردنی وەك هاوبەش بڕیاردان لەلای گۆڕی ئەولیا و پیاوچاکان، خەلوەت، زیکری داهێنراو، خۆبەدەستەوەدان بۆ قەدەر بەناوی پشت بەخوا بەستن و صەلاتی فاتح لەلای تیجانییەکان و جگەلەوانیش، لەلایەنی دووەمەوە: دەرەنجامەکانی وەك: کەشف و فەنا و سوکرو جگەلەوانەش لە پێگە پوچەڵەکان. جا پەرستش سەرباری ئەوەی لای صۆفییەکان کورت هەڵهاتووە ئەوا لە جێبەجێکردن و تێڕوانینیان بۆ دەرەنجامەکانی لاڕێبوونە.

پەرستش بە چەمکە فراوانەکەی جیاکراوە لە ئیسلام، تا کورت هەڵهێنرا لە دروشمە خواپەرستییەکان و بەدەر لە بەشەکانی تری پەرستش وەك: تێکۆشان (جیهاد) و بانگەوازی و چاکەکردن و پەیوەندی، زانستخوازی، فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە، حوکم کردن بە بەرنامەی خوا، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، بەوەفا بوون لە گرێبەستەکان و هاوشێوەکانیان لە پەرستشەکان کە دونیا دەکاتە کێڵگەی دواڕۆژ و بە هەموو شێوەیەك ئاوەدان دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کۆك بێت لەگەڵ ڕەزامەندی خوا.

جا _ بەهۆی ئەم لادانە _ هەندێك ئامۆژگاریکارو وتاربێژو مامۆستا بانگەشەیان کرد بۆ پشت تێکردنە شتەکانی تری جگەلە دروشمە خواپەرستییەکان، چونکە تێکۆشان و نکوڵی کردن لە خراپە و بەرپەرچدانەوەی یاخی بوون و دەستدرێژی و بەرهەڵستی کردنی ستەم زیادەن و دەبنە هۆی بێ ئاگایی لە خواپەرست[١].

((ئا بەم شێوەیە ئەم هزرە کە پەرستشی دابڕاند لە بەشەکانی تری سیستەمی ئیسلامی یارمەتی لاوازتر بوونی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیدا))[٢].

ئەم شوێنەوارە مەترسیدارانەی مورجیئایەتی دەرەنجامی نەرێنی و تۆقێنەری هەبوو لە ناو ژیانی ئوممەتی موسڵماندا، لەوانە:

---

(١) بڕوانە: مفاهيم يجب أن تصحح ٦٦، ئەم تێڕوانینە تەسکەی مورجیائەتی هاریکاری ڕێبازی تەصەوفی کرد، کە دواتر تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕێبازی کەلامدا، تەصەوف لایەنی هەڵسوکەوت دەگرێتەوە، کەلامیش لایەنی بیروباوەڕ.

(٢) مفاهيم يجب أن تصحح ٦٧.

ـ فەرامۆشکردنی فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، کە سەریکێشا بۆ خۆسەپاندن و زۆرداری سیاسی، کپکردنی ئازادییەکان[١]، چونکە کاری سیاسی لە ژێر ئەم چەمکە لاڕێیە ناهێتە ناو بازنەی پەرستش بەڵکو لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدایە[٢]، هەر لەبەر ئەمە لە ناو ئومەتدا لێپێچینەوە لەگەڵ حوکمڕان و کاربەدەستان و چاودێری کردنی کارەکانیان و کارکردن لەسەر بە کرچ و کاڵی جێبەجێنەکردنی شەریعەتی ئیسلامی و دادگەری لە نێوان خەڵکدا و دەستوەرنەدانە ناو ئازادییە ڕەواکەیان نەما، تەنانەت ئەو مافە ڕەوایەش بە ئوممەت نەدرا لەکاری ناحکومی خۆبەخشانەی بێ مۆڵەتی حوکمڕان مادەم ئەو کارە ڕێکخراوە بە مەرج و ڕێکخەرە شەرعییەکان.

کورت کردنەوەی چەمکی پەرستش ماوە فراوان دەکات لەبەردەم کاربەدەست و حوکمڕانە ستەمکارو خراپکارەکان بێ ئەوەی چاودێریان لەسەر بێ و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ، ئەم خۆسەپاندنە کەڵەکە بوو تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە دواتر بووە ئاینێك کە بەندایەتی پێی بۆ خوا دەکرا، وەك چۆن دەخرێتەڕوو.

لە دەرەنجامی ئەم تێڕوانینە لاڕێیە کاری باش خراپە دەرەوەی پەرستش، وا لە هەستی مرۆڤدا چەسپا کە کاتێك خوا پەرستی دەکات ئەوا لە کردار دادەبڕێت،

---

(١) یەکێك نەشارەزا بێ وا هەست دەکات لە سعودییە و لە سایەی حوکمڕانی سەلەفییەکان ئازادیی بە تەواوی دابین کراون و دەکرێن. (وەرگێڕ).

(٢) بڕوانە شانازی کردنی هەندێك لە زانایان بەوەی سیاسەتیان فەرامۆشکردووەو شارەزا نین لێی: الإنحرافات العقدية والعلمية ٥٩٥- ٦٠٠. دەکرێ بڕوانرێتە شێوەو وێنەی خەڵوەت لە دیدی غەزالیدا لە کتێبی (إحياء علوم الدين)دا، کە باس لەوە دەکات دەبێ ئەو خواپەرستیانەی خەلوەت ئاڵۆزو سەرقاڵ دەکەن فەرامۆش بکرێن وەك خوێندنەوەی قورئان و فەرموودە و جگەلەوانیش.

**کاتێکیش کار دەکات ئەوا لە خواپەرستی دادەبڕێ، بەمەش دوو بەزنەی بۆ هەبوون: یەکەمیان بۆ پەروەردگاری کە پەرستشە (دروشمەکانی خواپەرستی)، ئەوەی تریان: بۆ خۆی کە (کردارە بەگشتی)، وایلێهات پەرستش خرایەبەردەم کردار[1]، هەر بۆیە قبوڵکردنی دەرچوونی حوکم لە پەرستش ئاسان بوو، هەروەها ئەوەش ئاسان بوو کە ئامادەیی تێدا بێ بۆ قبوڵکردنی هزرە خۆرئاواییەکانی دژی بنەماکانی ئیسلام. _ بەهەمان شێوە _ ئەمە سەریکێشا بۆ دواکەوتنی هزری و شارستانی و سەربازی و تەکنیکی، چونکە هەموو ئەمە لە بەرامبەر پەرستشدا دەوەستێتەوە.**

**((کار بەتەنها _ بە هەموو بوارو لایەنەکانی _ لە چەمکی پەرستشدا نەخرایە دەرەوە، لە کاتێکدا پەرستش لە دروشمەکانی خواپەرستیدا کورت کرابووەوە... بەڵکو کارەساتی مەزن بریتیی بوو لە دەرکردنی ڕەوشت لە بازنەی پەرستش))[2].**

**ئەمە وایکرد کۆمەڵگەی موسڵمان لە بواری پەروەردەی ڕەوشتی سەراو ژێر بێت[3]، ئەمەش بوێری بە حوکمڕاناندا کە ستەم و خۆسەپاندن پیادە بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەر ئازادییە گشتییەکان.**

**تەسککردنەوەی چەمکی پەرستش بووە هۆی بوێری بەخۆدان لە حوکم کردن بە جگە لە بەرنامەی خوا، دۆستایەتی کردنی دوژمنانی خواو یارمەتیدانیان دژی موسڵمانان و فەرامۆشکردنی تێکۆشان لە پێناوی خوادا.**

---

**(1)** بڕوانە: مفاهيم يجب أن تصحح ٢٠٢.

**(2)** هەمان سەرچاوە ٢١٤.

**(3)** هەمان سەرچاوە ٢٢٠ – ٢٢٦.

**ماموٚستا محەممەد قوتب دەڵێت: ((بەدەرنانی کردار لە بازنەی ئیمان لەم ئاینە کە دابەزیوە بۆ ئەوەی واقیعێکی دیاریکراو دروست بکات کە شەریعەت حوکمی بکات و ببێتە پەیڕەوی ژیانی، شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە تەنها ئەگەر ئەندێشە بکرێ، چ جای ئەوەی ئەمە لەلایەن هەندێك زانای پایەدارەوە بێ لە مێژووی ئەم ئوممەتەدا... ئایا خوا بۆ ئەمە ئاینەکەی دابەزاندووەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕەوانە کردووە؟ تا تەنها خەڵك بە دڵ بە ڕاستی بزانن و بەزمانیش دەری ببڕن، دواتر واقیعی ژیان جێبهێڵن بۆ ئەوەی نەفامی حوکمڕانی بکات کە نە دڵ باوەڕی هەیە و نە بە زمان دەری دەبرێ؟ جا چەند لەم واقیعیە نەفامییە دەگۆڕن بێ کردارێکی ئەرێنی بەرهەست و بینراو، کە دەرەنجامەکەی بریتی بێ لە سڕینەوەی ناهەق بە بیروباوەڕە خراپەکانی و سیستەمە نزمەکانی کە خەڵك دەکاتە بەندەی جگەلە خوا، هەروەها نەهێشتنی جۆرو چەشنە جۆراو جۆرەکانی هەڵسوکەوتەکانی کە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە لە ناو هەموو نەفامییەکدا دایدەهێنن، بنیاتنانی سیستەمی خوایی لە جیاتی ئەمە، بە بیروباوەڕە ڕاستەکانی، سیستەمە بێ پێچ و پەناکەی کە لەسەر شەریعەت و بەرنامەی خوا بنیاتنراوە، چەشنەکانی هەڵسوکەوتەکان لە ڕێنماییەکانی (لا إله إلا الله) وەرگیراوە، کە بە تەرازووی خوا جلەوگیرکراوە؟.**

**پاشان چۆن سیستەمی خوایی _ دوای دروستکردنی _ دەپارێزن لە دەستدرێژی نەفامی بەردەوام، هەوڵە نەبڕاوەکەیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خوایی و دامەزراندنی حوکمی تاغوتەکان لە جیاتی حوکمی خوا، بە پشت بەستن بە ئامرازە بەردەوامەکانیان کە پیادەی دەکەن، لە هێرش کردن بە لەشکر، هزری پوچەڵ... بەو سیستەمانەی حوکم بە بەرنامەی خوا ناکەن...**

ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەمە تەنها بەوە دەکرێ بە دڵ بەڕاست بزانین و بە زمانیش دەری ببڕین))[1].

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پوچەڵ بوونەوەی مورجیئایەتی لە خودی خۆیدا، دەرەنجام و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی دەردەخات، کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی بێ هۆشیاری دەروونی ئامادەیی هەبێ بۆ قبوڵکردنی هەر هزرێك کە وا دەرنەکەوێ پێچەوانەی بە ڕاستدانان بێ، چونکە بەڕاستدانان تەنها کاری دڵە و تەنها بانگەشە کردنی بەسە.

_ بڵاوبوونەوەی دیاردەکانی هاوبەشدانان لە ناو ئوممەتدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبازی مورجیئایەتی (ڕێبازی ئەشعەری و ماتوریدییەکان) پێیان وابوو یەکتاناسی تەنها بریتییە لە باوەڕهێنان بە دڵ بە پەروەردگارێتی و ناوو سیفەتەکانی خوا، هاوبەشدانان تەنها بەو دەبێ کە باوەڕ بهێنرێ بەوەی زاتێکی تر سەربەخۆییە لە بەدیهێنان و دروستکردندا[2].

بەم پێیە واتای وشەی یەکتاناسی (لا إله إلا الله) دەبێتە ئەوەی: کە هیچ بەدیهێنراوێك نییە جگە لە خوای گەورە، (إله) بریتییە لەوەی توانای هەیە لەسەر بەدیهێنان دروستکردن، واتاکەی بریتی نییە لە پەرستراو.

(١) بڕوانە: واقعنا المعاصر ١٢٩.

(٢) سەیری چەند دەقێك بکە کە ئەمە ڕوون دەکاتەوە لە: حقيقة التوحيد بين أهل السنة و المتكلمين ٤٩٨ و لاپەڕەکانی دواتر.

**ئەمە وای کردووە پەرستنی گۆڕی پیاوچاکان و وەلییەکان بە هاوبەشدانان دانەنرێ لەبەر ئەوەی بەند و کۆتەکەی پێشوو (سەربەخۆبوون لە بەدیهێناندا) لەخۆی ناگرێت.**

**بەهۆی ئەم هزرەی مورجیئایەتی کۆمەڵگەی موسڵمان هەنگاو دەنێ بەرەو زیندووکردنەوەی گۆڕەکان و گۆڕینی بۆ پەرستگەی پەرستراو جگەلە خوای گەورە.**

**کاتێك تەصەوف بەسترایەوە بە ڕێبازی کەلامی و مورجیئایەتی ئەوا پاساو و ڕێسای زانستی تێدا بەدیکرد بۆ بەرگری کردن لە لادان و هەڵسوکەوتە هاوبەش بڕیاردەکانی.**

**ئەوەی دەڕوانێتە بارودۆخی ئوممەت لە سەدەکانی کۆتاییدا هەست بەو مەرگەساتە دەکات کە پێیگەیشتووە بەهۆی مورجیئایەتی. یەکەم کەس کە هاوبەشدانانیان لە ناو ئوممەتدا داهێنا ڕافیزەکانن، مزگەوتەکانیان پەکخست، گۆڕستانەکانیان ئاوەدان کردەوە، (ئیبن نوعمان) کتێبێکی نووسی لەبارەی (ڕێوشوێن و پێویستییەکانی سەردانکردنی زیارەتگە و گڵکۆکان)[1].**

**ئەم دەردە دواتر گواسترایەوە بۆ موسڵمانان لە ڕێگەی تەصەوفەوە، لەلای زانایانی کەلامییە مورجیئەکان (ئەشعەری و ماتوریدییەکان) بەرگری و پاساودانی ژیرمەندانەی دەستکەوت. عوسمانییەکان هەڵوێستێکی توندیان نەبوو لە هەمبەر شیعەکان لە بارەی بتپەرستی (گۆڕپەرستی)، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانی دارایی خەرج دەکرد بەسەر پەرستگە و گڵکۆ و زیارەتگەکانی شیعە و پارەی لە**

(١) بڕوانە: مجموع الفتاوی ٢٧/ ١٦٢.

فەرمانگەی ئەوقافەوە بۆ دابین دەکرد، لە ڕیزی ئەو پارەیەی کە دابینکرابوو بۆ شوێنەکانی خواپەرستی ئیسلامی (مزگەوتەکان)، چونکە دەوڵەت بەخۆی زیارەتگا و گڵکۆ و گۆڕەکانی صۆفییەکانی خستە ناو فەرمانگەی ئەوقافەوە، جا نەزرو دیاری و قوربانی و تێچووی زەبەلاحی دەستدەکەوت لەسەر ئەم زیارەتگا و گڵکۆ و گۆڕانە[١].

وایلێهات گۆڕەکان بوونە گۆڕەپانی کێبڕکێ کە پاشا و دەوڵەمەندەکان پێشبڕکێیان دەکرد لەسەر زیادەڕەوی کردن لە ڕازاندنەوەی و دروستکردنی مزگەوت و گومبەت لەسەری و پێشکەشکردنی چرای لە زێڕ و زیو و گەوهەری بەهادارو پارچە ئەڵماس و بەردی بە نرخ، لەوانەیە ژووری پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوونترین نموونە بێ لەسەر خەرجی تێچووی زۆر بەسەریدا[٢].

سەبارەت بەو زیارەتگە و گڵکۆ و مەزارانەی کە جگەلە خوای گەورە دەپەرسترێن زیاترن لەوەی سنووردار بکرێن، تەنانەت گەیشتووەتە ئاستی بانگەشەکردنی بوونی گۆڕی پێغەمبەرێك یان وەلییەك لە زیاد لە جێیەك، لە مەشدا پشتیان بەستووە بە خەون یان بوونی بوونێکی خۆش یاخود تەنها بەهۆی چیرۆکی خەڵك[٣]. لەلای ئەم گۆڕانە پەرستش بۆ جگەلە خوا کراوە، وەك

(١) بڕوانە: الإنحرافات العقدية والعلمية ٥٧٨.
(٢) بڕوانە گەواهییەکانی سەر ئەمە لە: هەمان سەرچاوە ٢٧٥ و لاپەڕەکانی دواتر.
(٣) بڕوانە: مجموع الفتاوى ٢٧/ ٤٥٨.

**نوێژکردن و تەواف و هاوارکردن و قوربانی و نەزرکردن، پێشکەشکردنی قوربانی و جەختکردنەوە لە نزاکاندا بێ سنوورە[١].**

**تاغوتەکانی تەصەوف هەڵسان بە پیادەکردنی یاسادانان بەبێ ئەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە لەبەر چاوو گوێی زانا مورجیئەکان بێ ئەوەی نکۆڵی لێ بکەن یان ڕاستی بکەنەوە[٢]. ئەمەش دەرگای واڵاکرد بۆ ئەوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان _ لە دواتردا _ یاسای دەستکرد پەسەند بکەن دوای هاتنی داگیرکەران، هەوڵدان بۆ قەناعەت پێ هێنانی خەڵك بە نموونەی لیبڕالییەکەی داگیرکەران.**

**هەروەها ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆ گەنجەکان هزری خۆرئاوایی وەردەگرن، بەتایبەت لیبڕالییەت؛ چونکە پێچەوانەی ئیسلام نییە لە بیروباوەڕدا. جا ئەگەر زانایانی مورجیئایەتی ئەو بتپەرستیەی کە لەلای گۆڕەکان دەکرێ بە هاوبەشدانان دانەنێن، ئەوا بە چ ڕوویێك عەلمانیەت و لیبڕالییەت بە کوفر دادەنێن لە کاتێکدا بەڕاستدانانی دڵ بوونی هەیە؟ بەمە ئەو پاساوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی لاوانی موسڵمان ڕێبازە هزرییەکان قبوڵ بکەن، بەرگری بیروباوەڕیان نەبێ، پاراستنی ئیمانیان لە ناخدا نەبێ.**

**جا ئوممەت بەر لە ڕووبەڕوو بوونەوەی شارستانی لەگەڵ خۆرئاوا چەندین جۆری هاوبەشدانانی پیادە کردووە لە پەرستش و یاسادانانداا، هەروەها ڕێبازە بێ**

---

**(١)** بڕوانە چەندین گەواهیدەری سەر هاوبەشدانانی لای گۆڕەکان لە دوو سەدەی دواییدا لە کتێبی: الإنحرافات العقدية والعلمية ٢٦٩ و لاپەڕەکانی دواتر.

**(٢)** بڕوانە: الأنوار القدسية ١٢٥. و بڕوانە چەندین گەواهی تر لە : طبقات الشعراني، و جامع كرامات الأولياء للنبهاني.

باوەڕییەکان بڵاوبوونەوە وەك: یەکێتی بوون (وحدة الوجود)، ڕێبازی ڕافیزەکان، زانایانی مورجیئایەتی بوێریان نەبووە لەسەر ئەوەی ئەمە بە کوفر دابنێن، لە باشترین بارو حاڵەتدا هۆشدارییان لەبارەوە داوە ئەگەرچی هەندێك جار خۆشیان بەشداریان تێدا نەکردبێت و بەرگریان لێ نەکردبێت.

هەر بۆیە زانا مورجیئەکان جیاوازییەکیان نەبینی لە نێوان ڕێبازە خۆرئاواییە هاوچەرخەکانی وەك عەلمانیەت و لیبڕالییەت لەگەڵ ڕێبازو مەزهەبەکانی پێشتر مادەم دیواری بەڕاستدانانی دڵ درزی تێنەکەوت بێت، بانگەوازانی ئەم ڕێبازانە بەسەریدا بازنەدەن، جگەلەمە هەر شتێکی تر کاریگەری نابێ لەسەر بناغەی ئیمان[1].

_ بوێری شوێنکەوتووانی ڕێبازە لاڕێیەکان، زۆری لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، چونکە گومانیان وایە کار ناکاتە سەر بناغەی ئایین، لەم بارەوە دکتۆر سەفەر حەوالی دەڵێت: ((ئەگەر زانایانی چاخەکانی ناوەڕاستی ئیسلام _ لە مورجیئەکان یان ئەوانی بە مورجیئایەتی کاریگەر بوون _ خۆیان بگرنەوە لە بەکافر کردنی بێ باوەڕو خوانەناس و ئەوانەی باوەڕیان بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) و هاووێنەکانیان لە خوانەناسان یان ئەو نووسەرو شاعیرانەی گاڵتە بە ئایین دەکەن، بەڵکو لێکدانەوەو پاساویان بۆ دێننەوە، زانایانی مورجیئایەتی لەم سەردەمەماندا بێ نیازبوونە لەم لێکدانەوە (تأويل)انەش، چونکە لە نەریتی ئەواندا ئیسلام بۆماییەکی جیانەبووەوەیە وەك چۆن ناوەکان دەمێننەوە، هەروەك پیتەکان کە لە پێناسدا دەنووسرێنەوەو هیچ کارێك و هیچ وتەیەك نایسڕێتەوە، هەر بۆیە

[1] بڕوانە: الإنحرافات العقدية والعلمية ٥٧٨.

**خوانەناسە سەرکردە و نووسەرەکان بوێیان بەخۆدا سوکایەتی و گاڵتە بە ئاینی خوا بکەن. وایلێهات ئەمە بووە گۆڕەپانێك بۆ سەرکردە و بیرمەندان و شاعیران و ڕۆژنامەوانان، وشە و دەربڕینی گاڵتە و سوکایەتی پێکردن زۆربەی کات لەسەر زمانی کەسانی سادە دێت و دەچێ و بەکاردەهێنرێ وەك ئەوەی کە سڵاو بکەن[١].**

**ئاشووبەکە بەگشتی بڵاوبووەوە، تا بواری گاڵتەپێکردنی تێپەڕاند بۆ بواری بێ باوەڕی ڕاستەقینە و ڕوون کە شتێکی قەدەغەکراو بوو _ ئەگەر تەنها لە ڕووی داب و نەریتیشەوە بێ _، خەڵکی لەبیریان کرد شاراوەگەراکان و قەرامیتەکان و دروز و نەصیری و جگەلەوان کافر بکەن، بە تەواوی کوفری تاغوتەکانی جادووگەرو خوڕافات و سیحریان لە یاد نەما[٢]، سەبارەت بە تاغوتەکانی حوکم و یاسادانان ئەوا بە ئاشکرا شەریعەتی خوایان ڕەتکردەوەو هەڵوەشاندەوە، یاساکانی تاغوتەکانیان پیادەکرد لە بواری خوێن و شەرەف و دارایی و ساماندا، لە پەیڕەو و ئامرازەکانی پەروەردەییاندا خەڵکیان پابەندکرد بە دۆستایەتی و پشتیوانی بێ باوەڕان، خەڵکیان خستە ناو جۆرەها وێنەی شتی**

---

**(١) وەك توانجدان لە ئایین و پەروەردگارو جگەلەمانە، خەڵکی نەرمیان نواندووە لە نکۆڵی کردن لێی، لە کاتێکدا هەندێك چەند جوڵەیەکی سادە لە ناو نوێژدا بە پوچەڵکەرەوەی نوێژ دادەنێن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زانا و وتاربێژو ئامۆژگاریکارو موفتییەکان بایەخیانداوە بە بابەتی جوڵە لە نوێژدا و مەترسیداری توانج یان نەفرەتکردنیان لە ئایین فەرامۆشکردووە، ئەوا بەهۆی مورجیئایەتی و شتی تروەوە بووە.**

**(٢) بەڵکو صۆفییەکان زیاتر لە هەمووان ڕەواجیان بە جادوو و سیحر داوە، کتێبی (شمس المعارف الکبری)ی دانراوی (ئەلبوونی) گەورەترین نموونەیە لەسەر ئەمە.**

لەناوبەر، گاڵتەیان بە سنوورو سزاکان و باڵاپۆشی و فرەژنی و حوکمەکانی میرات و خواپەرستی و ڕەوشت کرد))[١].

((زۆربەی چینی ڕۆشنبیر _ وەك چۆن ناوی دەنێن _ ڕۆیشتنە ناو حیزبی کوفری و ڕێکخراوە بێ باوەڕەکان و ڕێبازە ئەدەبیەکان کە کوفر بە شیعرو هۆنراوە دادەپۆشن... سزای لە هەڵگەڕانەوە لە ئایین پشتگوێ خرا تەنها لە کتێبە جێماوە فیقهییەکاندا نەبێ، لە ناو ڕیزی ئەوانەی دەدرێنە پاڵ بانگەوازی ئیسلامی ئاڕاستەیەکی نوێ دەرکەوت کە نکوڵی دەکرد لە سزای هەڵگەڕانەوە لە ئایین لە چوارچێوەی نکوڵی کردن لە سزاو بنەکانی ئیسلام، چەندین نەوە بەڵکو سەدە بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا ڕۆیشتن کە کەس گوێبیستی ئەوە نەبوو سزای هەڵگەڕانەوە جێبەجێکراوە لەسەر بێ باوەڕێکی ئاشکرا یان خوانەناسێکی نکوڵیکار، لە کاتێکدا هەزاران گیان و ڕۆح دەکێشرێن بەهۆی هۆکاری سیاسی یان ناکۆکی تاکەکەسی))[٢].

ئەوەی لە شێخ سەفەر حەوالیم گواستەوە بە تەواوی واقیع گەواهی بۆ دەدات[٣]، نەدەکرا ڕێبازە هزرییە خۆرئاواییەکان لە ناو ژیانی ئیسلامیدا سەرهەڵبدەن ئەگەر هۆکاری یارمەتیدەر بۆ پەسەندکردنی لە ناو خۆدا نەبووبا، لەوانەیە لیبڕالییەت نزیکترین ڕێباز بووبێ بەهۆی ئەوەی توانای خزانی هەبووە بۆ ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی، چونکە وا دەرناخات دژی ئیمانە بە تێڕوانینە

(١) ظاهرة الإرجاء ١/ ٨٣ ـ ٨٤.

(٢) ظاهرة الإرجاء ١/ ٨٥.

(٣) بڕوانە گەواهی مێژوویی و واقیعی بەڵگەدار لە سەرچاوەکانی، کە وێنای ڕووی ڕاستەقینەی بارودۆخەکە دەکات لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا لە دوای بڵاو بوونەوەی مورجیئایەتی و تەصەوف: الإنحرافات العقدية والعلمية (تەواوی کتێبەکە).

**مورجیئایەتیەکەی، هەروەها پەیوەندی نییە بە کێشی کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانەوە کە مورجیئایەتی بە هۆکارەکەی دادەنرێ وەك: خۆسەپاندن و ستەمی سیاسی و کپکردنی ئازادییەکان.**

**هەموو ئەمانە وایکرد وڵاتی ئیسلامی گونجاند و سازان بۆ ئەوەی ئەم هزرە لاڕێیە وەربگرێت و بەتایبەت لەگەڵ تێکشکانی دەروونی و نە شارەزایی لە ئیسلام و بێ ئاگایی لەوەی ئیسلام ڕزگارکەرە لە داڕووخان و دواکەوتوویی.**

## پ_ تەصەوف و شوێنەوارەکانی:

**تەصەوف لە ماوەیەکی زوو لە مێژووی موسڵماناندا سەریهەڵدا[1]، سەرچاوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ پەرستشکارە هیندۆسەکان و فەلسەفەی یۆنانی ئیشڕاقی و دونیانەویستی مەسیحی و جگەلەوانەش[2]، هەر بۆیە کتێبی (الفرق الأوائل) ناوی (زەندیق: بێ باوەڕ)ەکانی لێناون[3]، زانایان ڕاجیان لەبارەی سەرهەڵدانی تەصەوف و چاوکی داتاشرانی وشەی صۆفیەت، بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە چاوکی تەصەوف بیانیە، وشەی صۆفییەت هیچ بنچینەیەکی نییە لە زماندا، وەك چۆن قوشەیری لە کتێبەکەیدا (الرسالة القشيرية) بە ڕاشکاوانە وتویەتی[4].**

(١) وتراوە: پێش دوو سەدەی سەرەتا (مقدمة ابن خلدون ٤٦٧). و وتراوە: لە سەرەتاکانی سەدەی دووەمدا بەڵام تەنها لە دوای سەدەی سێیەم ناوبانگی دەرکرد (مجموع الفتاوى ١١/ ٥).

(٢) بڕوانە ڕوونکردنەوەی ئەمە بە نموونە: المصادر العامة للتلقي عند الصوفية ٦٢ و لاپەڕەکانی دواتری.

(٣) بڕوانە: التنبيه والرد ٧٣.

(٤) الرسالة القشيرية ١٢٦.

**جا هەر شتێك بێ ئەوا تەصەوف بەو وێنەیەی ئێستا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە کەسانی دونیا بەکەمزان و خواپەرستە سەرتاپییەکانەوە، بەڵکو تەواو دوورە لە گیانی ئیسلام و بیروباوەڕو هەڵسوکەوتەکەی.**

**تەصەوف لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا بڵاوبووە _ هاوپێچ لەگەڵ مورجیئایەتی _ بەشێوەیەکی فراوان، وایلێهات زاڵبوو بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئیسلامی، ئەمەش زانا و کەسانی سادەیان بەیەکسانی گرتەوە.**

## هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی بۆ ئەم شتانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**_ ئەو بارودۆخە خراپەی ئوممەتی ئیسلامی تێدا دەژیا؛ وەك: دواکەوتوویی و ستەم و دەستدرێژی و هەژاری و نەخۆشی و نەزانی کە تەصەوف بە باش دەزانن، چونکە ڕۆڵی بێهۆشکەر دەبینێ و وادەکات لە دەرەوەی ئەو واقیعە تاڵەبن کە تیایدا دەژین[1].**

**ئەمە ڕاستییەکی دەروونی ناسراوە، بە هەڵاتن لە فشاری واقیع دەروون دەحەسێتەوە، جا تەصەوف لە ساتەوەختە سەختەکان و بارودۆخە ناهەموارەکان ئەمەی بەدەستهێناوە.**

**_ پیگەی دونیا بەکەمزانی و پەیوەست نەبوونی بە دونیاوە لەلایەن خەڵك؛ وێنەی کەسی دونیا بەکەمزان وێنەیەکی نموونەییە، چونکە ئەوەی ناوێت کە لە دەستی خەڵکدا هەیە، بەدیهێنراو ئەوەی خۆشدەوێ کە شتی لێ داوا ناکات، پێویستی پێ نییە، هەر بۆیە وتراوە: ((داوا لە هەر کەسێك بکە کە دەتەوێت، ئەوا دەبیتە**

---

**[1]) بڕوانە: الإنحۆافات العقدية والعلمية ٤٣٩.**

**کۆیلەی ئەو، بێ نیاز بە لە هەر کەسێك دەبیتە هاوشانی ئەو، چاکە بکە لەگەڵ هەر کەسێك کە دەتەوێت، ئەوا دەبیتە ئەمیری ئەو))[1].**

**هەر بۆیە دووڕووەکان دونیا بەکەمزانیان بەکارهێنا وەك ئامرازێکی هەڵخەڵەتێنەر و بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵك، چونکە دەیانزانی ئەمە ڕێگەیەکی کاریگەرە لە ناو کۆمەڵگەدا، وەك چۆن عەلی کوڕی فوزەیڵ کاتێك هاتە یەمەن وای کرد، کاتێك خەڵك باوەڕیان پێکرد، ئەوا هەڵسا شۆڕشی کرد و دەوڵەتێکی شاراوەگەرا (باتینی) دروستکرد، دواتر بیروباوەڕی خۆی ڕاگەیاند[2].**

**ـ پاڵپشتی کردنی دەوڵەت و میرنشینەکان بۆی؛ دوایین ئەوەی جێ پێی تەصەوف لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا چەسپاند تورکە عوسمانیەکان بوون، زۆر تەصەوفیان خۆش دەویست و حەزیان دەکرد صۆفییەکان بە پیرۆز بگرن و باوەڕیان بە وەلیایەتی ئەوان هەبوو.**

**دواینیان صۆفی ((باوکی هودای صەیادی))[3] بوو کە یەکێکە لە زیادەڕۆچووە صۆفییەکان کە باوەڕی بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) هەبوو، گۆڕی بە گەورە**

---

**(١) بڕوانە: مجموع الفتاوى ١/ ٣٩.**

**(٢) بڕوانە: دراسة عن الفرق ١٠٥.**

**(٣) باوکی هودا محەممەدی کوڕی حەسەنی کوڕی وادی صەیادی ڕوفاعی حوسەینی، وێژەوانی صۆفییە، لە خان شێخۆ (لە بەڕێوبەرایەتی مەعەڕە) لە ساڵی ١٢٦٦ك ـ ١٨٤٩ز لە دایك بووە، لە حەلەب خوێندوویەتی و سەرۆکایەتی سەندیکای خانەدانەکانی کردووە، پاشان لە ئیستەنبوڵ نیشتەجێ بووە، خزمەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی کردووە، کاتێك سوڵتان لابرا، ئەوا باوکی هودا دوورخرایەوە بۆ دوورگەی میرەکان لە (ڕیکیبۆ) و لەوێ مرد لە ساڵی ١٣٢٨ك ـ ١٩٠٩ز. لە کتێبەکانی (ثلادة الجواهر في ذكر الغوث الرفاعي وأتباعه الأكابر) و (فرحة الأحباب في ذكر الأربعة الأقطاب) و (تنوير الأبصار في طبقات السادة الرفاعية الأخيار) و (الفخر المنير) کە وتەکانی ڕوفاعی لەخۆ دەگرێت. الأعلام ٦/ ٩٤.**

دەگرت، خاوەن پێگە و پایە بوو لەلای سوڵتان عەبدولحەمید، ڕۆڵێکی سیاسی بینی، ئەم ڕۆڵەی لە دژایەتی کردنی بانگخوازانی پەیڕەوانی سوننە بەکارخست.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر پەیوەست بوونی صۆفیگەری بە دەوڵەتی عوسمانی تا داڕووخانی، عوسمانیەکان وازیان لێ نەهێنا هەر چەندە پیلانگێڕی داگیرکردن لە دژی دەوڵەت لە ئارادا بوو، لەگەڵ بەهێزی ڕەوتی عەلمانی لیبڕالی لە ناو جومگەکانی دەوڵەت، چونکە تەصەوف بە ئاینی ڕاست و دروست دادەنێن.

((صۆفیگەری دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد لە ناو کۆمەڵگەی عەبباسی، بەڵام گۆشەیەکی کەنارگیرو لا بەلا بوو لە ناو کۆمەڵگەدا، بەڵام لە ناو دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەت لە تورکیا بووە خودی ئایین.

جا _ لە دوو سەدەی کۆتاییدا بەشێوەیەکی تایبەت _ ئەم وتە سەرسوڕهێنە بڵاوبووەوە: هەر کەسێك شێخی نەبێ، شەیتان شیخەکەیەتی، وایلێهات _ بەشێوەیەکی تایبەت بۆ خەڵکی سادە _ بووە دەروازە بۆ هاتنە ناو ئایین و بووە بواری پیادەکردنی ئایینیان))[1].

ئەوەی کتێبەکانی مێژوو و ژیاننامەکان بخوێنێتەوەو تێبینی ئەوە بکات کە تا چ ئاستێك ڕێبازەکانی صۆفیگەری و کەنارگیری و گڵکۆ و تەرخانکراوەکان بڵاوبوونەتەوە ئەوا سەری سوڕدەمێنێ لەوەی چۆن تەصەوف زاڵبووە بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئیسلامی، ئەمەش وایکرد پەیڕەوانی سوننە لە ناو نامۆییەکەی زۆر تووندا بن لە میانەی ئەم کەش و هەوا خنکێنەرەی پڕ ببوو لە

---

(١) واقعنا المعاصر ١٥٥.

**شتە پڕوپوچەکانی تەصەوف، وایلێهات تەصەوف بووە بەشێك لە قەوارەی خێزان، چونکە تەصەوف واتە خودی ئایین.**

**بڵاوبوونەوەی تەصەوف لە ناو ژیانی ئیسلامیدا شوێنەواری کاولکەرو دەرەنجامی تێکدەری هەبوو، لەوانە(١):**

**_ جیاکردنەوەی ژیانی دونیا لە دوارِۆژ، بەشێوەیەك کە داواکردنی دوارِۆژ دابڕانی دەخواست لە دونیا، خەڵوەتکردن و ڕۆیشتن لە بیابان و چۆڵەوانی، ئازاردانی جەستە بە مەشقە سەختەکان، تێکۆشانە توندەکان، خەڵوەت و دابڕان و فەرامۆشکردنی ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە خاڵی هاوبەش دادەنرێن لە نێوان سەرجەم ڕەوتەکانی صۆفیەکان، کار گەیشتە ئاستی بە ڕەهایی فەرامۆشکردنی دونیا و خواپەرستی کردن بەم فەرامۆشکردنەوە و بە دوژمنایەتی ڕوانینە دونیا، بەوەی گەیشتن بە دوارِۆژ تەنها بە تەواوی فەرامۆشکردنی دونیا دەبێت، دونیا و دوارِۆژ لە هزری صۆفییەتدا دژن و بەیەکەوە کۆنابنەوە، وەك چۆن لە ڕاڤەی (ئەلرِندی)دا هاتووە لەسەر کتێبی (حکم)ی ((ئیبن عەتائەڵای سەکەندەری))(٢) لە**

---

(١) ئەمە بۆچوونی دانەرە و ئێمە بۆچوونمان جیاوازە، ئەوەی شارەزا بێ باش دەزانێ چۆن ڕەوتە سەلەفییەکان هەوڵ دەدەن خەڵك لە سیاسەت دووربخەنەوەو چۆنیش خزمەتی حوکمڕانە ملهوڕەکان دەکەن، دیارترین نموونەش سعودیەیە. (وەرگێڕ).

(٢) ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی عەبدولکەریم، باوکی فەزڵ، تاجەددین، کوڕی عەتائەڵای سەکەندەری، صۆفییەکی شازلییە، لە دوژمنە سەرسەختەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بوو، لە دانراوەکانی: (الحكم العطائية) لە تەصەوفدا، هەروەها (لطائف المنن في مناقب المريسي وأبي الحسن) و (تاج العروس) لە بواری ئامۆژگاری ڕاسپاردە، لە قاهیرە لە ساڵی ٧٠٩ك _ ١٣٠٩ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ١/ ٢٢١.

**((باوکی سولەیمانی دارانی))[1] کە وتویەتی: ((سێ شت هەن هەر کەسێك داوایان بکات ئەوا لای دونیای گرتووە: ئەوەی بژێویەك داوا بکات یان ئافرەتێك مارە بکات یاخود فەرموودەیەك بنووسێت))[2]. لەوانەیە ئەم دەقە ئەو پلەیەی ڕەهبانیەت ڕوون بکاتەوە کە پێی گەیشتوون، ئەوەشیان بۆ ئەمە زیادکردووە کە زانست دەبێ فەرامۆش بکرێ، چونکە زانست داواکردن خۆدانە پاڵ دونیایە.**

**سەهلی تستری[3] وتویەتی: ((نەکەن خۆشی و چێژ بکەن لەگەڵ ئافرەتان، حەزتان بۆ لای ئەوان نەچێت، چونکە ئافرەتان دوورخەرەوەن لە دانایی و نزیککەرەوەن لە شەیتان، ئامرازی ڕاوکردنی ئەون و بەشی ئەون لە ئادەمیزاد))[4] مەبەستی ژنەکانە.**

**ستایشی برسێتی و بێ دەنگی و شەوبێداری و چاو بەخوێکردنیان کردووە بۆ نەخەوتن[5]، ((شەعرانی))[6] لە ((محەممەد ی کوڕی ئیسماعیلی مەغریبی))**

---

(1) باوکی سولەیمان عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی عینسی مەزحەجی دارانییە، لە خەڵکی دارِیای (دەوروبەری دیمەشقە)، دونیا بەکەمزانێکی صۆفییە، ڕۆیشتە بەغداد و بۆ ماوەیەك لەوێ مایەوەو دواتر گەڕایەوە شام، لە داریا لە ساڵی ٢١٥ك _ ٨٣٠ز مردووە. الأعلام ٣/ ٢٩٣.

(2) غیث المواهب العلية في شرح الحكم العطائية ١/ ٢٠٨.

(3) باوکی محەممەد ی سەهلی کوڕی عەبدوڵای تستری، یەکێکە لە پێشەواکانی صۆفییەکان، قسەی کردووە لە زانستی نیازپاکی و مەشق و کەم و کورتییەکانی کردەوەکان، لە ساڵی ٢٠٠ك _ ٨١٥ز لە دایك بووە، لە دانراوەکانی: (تفسیر القرآن) و (رقائق المحبين)، لە ساڵی ٢٨٣ك _ ٨٩٦ز مردووە. ٣/ ١٤٣.

(4) غیث المواهب العلية في شرح الحكم العطائية ١/ ٢٠٩.

(5) بڕوانە: غیث المواهب العلية في شرح الحكم العطائية ١/ ٩٢ _ ٩٣، والرسالة القشير ٢٦، وطبقات الشعراني ١/ ١٩٤.

(6) باوکی محەممەد ی عەبدولوەهابی کوڕی ئەحمەدی حەنەفی، دەدرێتە پاڵ محەممەد ی حەنەفییە، شەعرانییە، وەك درانە پاڵ گوندی باوکی شەعرەت کە یەکێکە لە گوندەکانی مەنوفییەت، هەروەها

**هێناویەتی کە ڕەگ و ڕیشەی پوش و پەڵاشی دەخوارد وەك ئاژەڵ[1]، شێخ تاها دەسوقی کون و ئەشکەوتەکانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خەڵوەت بکات تیایدا[2]، نموونە لەسەر ئەمە گەڵێك زۆرن[3].**

**هەر بۆیە شتێکی سروشتییە صۆفییەکان بەرژەوەندییە باڵاکانی ئوممەت فەرامۆش بکەن، بوونە یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی شارستانی هەمەلایەن کە ئوممەت تووشی هات، چونکە بناغەی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی و گەشەپێدانی بە لایەنگرتنی دونیا دەبێت، لە دەرەنجامی جیاکردنەوەی دونیا لە دواڕۆژ لە بیری صۆفیدا وایلێهات چەمکی خواپەرستی کورت هەڵهات لە چەند دروشم و ڕێوشوێنێکی دیاریکراو، زیکرو نزای سنووردار، بەمە تەصەوف لەگەڵ مورجیئایەتی یەکدەگرێتەوە لە دیدی بەرتەسکیدا بۆ ئایین، ئەمە دەرگای خراپەی بەڕووی ئوممەتدا کردەوە کاتێك هێرشی هزری هات لەگەڵ هەڵمەتی داگیرکەران.**

**بەمە صۆفییەکان پاساوێکی بەهێزیان دایە عەلمانییەکان لە سنووردارکردنی ئایین لە گۆشەی داواکردنی دواڕۆژ بە دروشمەکانی خواپەرستی، جا دونیا هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نییە، ئەگەر خوڕافاتەکانی نەصرانیەت و ڕەهبانیەت**

---

بەو گوندە دەوترێ شەعراوی، لە کەسە دیارەکانی صۆفییەکانە، لە قەلقەشندە لە میصر لە ساڵی ٨٩٨ك _ ١٤٩٣ز لە دایك بووە، چەندین دانراوی هەن لەوانە: (لواقح الأنوار في طبقات الأخيار) بە : (طبقات الشعراني الكبرى)ش دەناسرێ، و (الأنوار القدسية في معرفة آداب العبودية) و (الكبريت الأحمر في معرفة علوم الشيخ الأكبر)، لە قاهیرە لە ساڵی ٩٧٣ك – ١٥٦٥ز مردووە. الأعلام ٤/ ١٨٠.

(1) بڕوانە: طبقات الشعراني ١/ ٩٣.

(2) بڕوانە: حلية البشر ٢/ ٧٥٣.

(3) بڕوانە چەندین گەواهیدەر: الإنحرافات العقدية والعلمية ٤٥٦.

لە بەهێزترین هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەت بن لە خۆرئاوا، ئەوا ڕەهبانیەتی صۆفییەکان و شتە پڕو پوچەکانیان هۆکارێك بوون بۆ دەرکەوتنی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا.

_ تێگەیشتنی صۆفییەکان لە ((قەدەر)) بەوەی بەندە ناچارە لە کردەوەکانیدا؛ هەر بۆیە خواپەرستی ڕاست و دروست بە خۆدانەدەست قەدەر دەبێ، سەرچاوەو پاڵپشتی عەقڵی کە پشتیان پێ بەستووە بریتییە لە ڕێبازی جەبریەتی ئەشعەری و ماتوریدییەکان[١]، هەر بۆیە زانا کەلامییەکان هەڵسان بە بەرگری کردنی عەقڵیانە لە جەبریەتی صۆفییەکان و پاڵدانەوەیان، لەلای ئەوان ئامانجی خوابەیەکگرتن بریتییە لە ملکەچ بوونی ڕەها بۆ کردارەکانی خوا، ڕەتکردنەوەی ویستی سەرپشکی بەندە. ئەمەش وای لەوان کرد هۆکارەکان ڕەت بکەنەوەو نکۆڵی لێ بکەن، چونکە چەسپاندنی هۆکار هاوبەشدانانە لە کارتێکردندا، بەندە ویستی لێ سەنراوەتەوەو کردارێکی ڕاستەقینەی نییە، بکەری ڕاستەقینە تەنها خوای مەزنە.

هەر بۆیە بەهەر واقیعێکی سەپێنراو ڕازی بوون، ڕەتیان کردەوە توانای گۆڕینیان هەبێت، ئەم بنچینە لاڕێیە لە چەندین دەقی بیروباوەڕیاندا هەیە[٢]، یەکێك لەوانە وتەی جورجانی لە ڕاڤەکەی بۆ کتێبی (المواقف) _ لە باسی یەکەمدا _ بەوەی کردارە سەرپشکییەکانی بەندە بە توانا خوای مەزن ڕوودەدەن:

---

(١) بەداخەوە بە ڕاستی ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە: چونکە ئەشعەرییەکان باوەڕیان بە تیۆری بەدەستهێنان (کسب) هەیە نەك جەبریەت، بەڵام نازانم دانەر چۆن شتی وا دەڵێت. (وەرگێڕ).

(٢) بڕوانە: اللمع للأشعري ٩٢، ٧٢؛ ونهاية الإقدام ٧٢، و شرح المقاصد ٤/ ٢٦٣، شرح الجوهرة ٩٨ _ ٩٩، و شرح الخريدة البهية ٢٣ _ ٢٦.

توانای بەندەکان کاریگەریان نییە تێیدا، بەڵکو خوای گەورە یاساکەی وا بەرپاکردووە کە توانا و ویست لە بەندەدا هەبێت، ئەگەر هیچ ڕێگرێك نەبوو ئەوا کردارە توانراوەکە دێنێتە بوون هاوکات پەیوەست لەگەڵ توانا و ویستی بەندە، بەمەش کرداری بەندە بەدیهێنراوی خوایە، تەنها بەندە بەدەستی دەهێنێت))[1].

مەبەست لەوەی بەندە بەدەستی دێنییێت ئەوەیە: کە کردارەکە هاوکات دەبێت لەگەڵ ویست و توانای بەندەکە بێ ئەوەی بەندەکە کاریگەری لەسەر هەبێت، بەندە دەستی لە بەدیهێنانی ئەم کردەوەیەشدا نییە بەڵکو تەنها شوێنی کردەوەکەیە، ئەمەش درانە پاڵێکی ناویە و نرخێکی ڕاستەقینەی نییە.

تەفتازانی بە وشەیەکی پوخت ئەم ڕاستیەی دەربڕیوە: ((مرۆڤ ناچارە لە وێنەی مرۆڤێکی سەرپشکدا))[2].

بەمەش ئەوانە پاساویان بۆ خۆیان هێناوە لەبارەی پاشکۆیایەتی کردار و لێ بەرپرس بوونی، هەروەك خۆیان بەدەرنا لە داواکاری کارکردن بۆ لادانی هەر قەیران و نەهێشتنی هەر نەهامەتییەك، چونکە بەندە _ بەپێی تێگەیشتنی ئەوان _ بەرس نییە لەمە، چونکە ئەمە لە کرداری ئەو نییە، بەڵکو کردەوەی خوای پایەبەرزە.

ئەم پاڵدانەوەیە ئەو بیروباوەڕەی تێکدا کە بەرهەڵستی ترس و لاوازی دەکرد، ئەویش بیروباوەڕی قەزاو قەدەر بوو، کە لە بیروباوەڕێکی ئەرێنی و هێزێکی پاڵنەرەوە گۆڕی بۆ بیروباوەڕێکی نەرێنی سەرشۆڕکەری ملکەچکەر،

---

(1) شرح المواقف _ قسم الإلهيات _ ٢٣٧ (ت المهدي)، ئەمە پەیڕەوێکی دانپێدانراوە لە ئەزهەر.

(2) شرح المقاصد ٤/ ٢٦٣.

**هەروەها بۆ ڕازی بوونی نەرێنی بە واقیع و هەوڵنەدان بۆ گۆڕینی، بە بەرداکردنی پۆشاکی ئایین بە بەریدا[1].**

**خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی ((باوك شتمز)) پەیی بردووە بە جیاوازی شوێنەواری باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر لە ناو نەوەی یەکەمدا و شوێنەوارەکەی لە دوای ڕوودانی لادان و لارێی، جا وتویەتی: ((سروشتی موسڵمان ملکەچ بوونە بۆ ویستی خواو ڕازی بوونە بە قەزاو قەدەرەکەی و خۆبەدەستەوەدان بە هەموو ئەوەی هەیەتی بۆ خوای تاك و باڵادەست و زاڵ، ئەم ملکەچی و گوێڕایەڵییە دوو شوێنەواری جیاوازی هەبوو: لە سەدەی یەکەمی ئیسلامی ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە جەنگەکاندا و سەرکەوتنی گەورەی دەستەبەرکرد، چونکە گیانی خۆبەختکردن و فیداکری کردە بەر جەستەی سەربازدا، بەڵام لە سەدەکاتی دواییدا هۆکاری ئەو چەقبەستووییە بوو کە باڵی کێشا بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، بەرەو کەنارگیری و پێچرانەوەو دوورخستنەوەی برد لە ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهانی))[2].**

**بەمەش ((ناپلیۆن پۆناپەرت)) ئەم بیرۆکە لارێیەی سەبارەت بە قەزاو قەدەر لەلای صۆفییەکان و زانایانی کەلام قۆستەوە، کاتێك لەشکرە خاچهەڵگرەکانی خاکی میصرپیان داگیرکرد، لە بڵاوکراوەکانیدا ئەوەی بە موسڵمانان ڕادەگەیاند کە ئەو داگیرکردنەی ڕوویدا بە قەزاو قەدەری خوا بووە، جا ئەوەی بیەوێت**

---

**(١) بڕوانە: واقعنا المعاصر ١٤٤.**

**(٢) الإسلام قوة الغد العالمية ٧٨.**

ڕووبەڕووی ئەوە ببێتە کە ڕوویداوە وەك ئەوەیە بەرهەڵستی قەزاو قەدەر بکات[1].

لە دەرەنجامی جیاکردنەوەی ژیانی دونیا لە ئایین و تێڕوانینی جەبریانە بۆ قەزارو قەدەر دەرەنجامی کارەساتبار هاتنە ئاراوە، لەوانە: فەرامۆشکردنی تێکۆشان لە پێناوی خوا[2]، تێکۆشان لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەپێی پەیڕەو و بەرنامەی خوای مەزن، پشتگوێخستنی بوارە زیندووەکان لە ناو ئوممەتدا؛ وەك سیاسەت و ئابووری و هزرو ڕۆشنبیری و بنیاتنانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی پرسە هەنووکەییەکان، ئەمەش سەریکێشا بۆ خۆبەدەستەوەدانی تەواو بۆ ستەم و زۆرداری و یاخی بوونی حوکمڕانە ستەمکارەکان، چەندین دەرەنجامی بە ئێش و ئازاری تریان هەبوو[3].

ئەم هزرە لاڕێیانە کۆمەڵگەیەکیان ئامادەکرد کە گونجاو بێ بۆ ڕێبازە بیانیەکان، دوای ئەوەی ئامرازەکانی بەرگری لەو کۆمەڵگەیەدا تێکشێنران، وایلێکرا ببێتە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و لاوازو داڕووخاو.

بەرپرسیارێتی داڕووخانی ئوممەت و دواکەوتوویەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەم تاقمە گومڕایانە، هەروەها دەکەوێتە سەر شانی کەسانی کەمتەرخەم لە

---

[1] بڕوانە: عجائب الآثار ٢/ ٢٣٩ – ٢٩٤، والإنحرافات العقدية والعلمية ٢١٢. ئەمە بەو کارە دەچێت کە ئێستا ئەمریکا پێی هەڵدەستێت لە بڵاوکردنەوەی فەتوای هەندێك شێخ لە ناوچە سوننیەکانی عێراق کە داوای خۆبەدەستەوەدان و دانان بەو حکومەتە دەکەن کە داگیرکەر دایمەزراندووە، هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە ئەم حکومەتە بە حکومەتی شەرعی دابنرێ کە یاخی بوون و دەرچوون لێی دروست نییە.

[2] بڕوانە: موقف الصوفية من الجهاد: الإنحرافات الغقدية والعلمية ٥٣٥.

[3] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ٤٣٥ (هەموو بەشەکە).

پەیڕەوانی سوننە، کە لەوانەیە دەردی خۆبەدەستەوەدان و سەرشۆڕکردن تووشی ئەوانیش بووبێ.

یەکێك لە شتە نامۆکان ئەوەیە کە صۆفییەکان بنچینەی وەرگرتنی بیرۆکەی (دیاریکردنی وەچە) بوون، بەڵکو صۆفییەکان زیادەڕۆچووتر بوون، چونکە بانگەوازیان کرد بۆ ژن نەهێنان کە بناغە و هۆکاری وەچە خستنەوەیە(١). کاریگەری شارستانیش ناشاردرێتەوە لە کارکردنە سەر پێکهاتەی دانیشتوان لە ناو ئوممەتی ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ گەلانی تر.

لەوانەیە هەڵوێستی صۆفییەکان لە زانست و خوێندن(٢) ئەو هۆکارە دەربخەن کە بۆچی خەلیفە عوسمانیەکان تەکنەلۆژیا و پیشەسازییە پێشکەوتووەکانیان فەرامۆشکردووە، لێشی ئاگاداری نەبوونە تا ئەو کاتەی بینیان ئەوروپا خاوەنی چەکی پێشکەوتووەو شارەزایی سەربازی و کارگێڕی بەرزی هەیە، هەر بۆیە عوسمانیەکان لە (سان جۆران) بە ناشرینی تێکشکان، ناپلیۆن زۆر ماندوو نەبوو لە داگیرکردنی میصردا، بەهۆی ئەوەی مەمالیکەکان بە خێراییەکی زۆر تێکشکان لەبەردەم ئامێری سەربازی فەرەنسی، هەر لە سەرەتای داگیرکردن و تا ئەمڕۆ ئەوروپا لە ڕووی سەربازییەوە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلام باڵادەستتر بوو(٣).

---

(١) بڕوانە ئەو دەق و گەواهی و نموونانەی کە تیایدا داوایان کردووە ژنهێنان فەرامۆش بکرێ لە: الإنحرافات العقدية والعلمية ٤٦٦.

(٢) بڕوانە گەواهی لەسەر هەڵوێستی صۆفییەکان لەهەمبەر خوێندن: الإنحرافات العقدية والعلمية ٤٦٩.

(٣) دەوترێ: تێکشکاندنی مەمالیکەکان نیو کاتژمێری خایاند!!.

## دووەم: زۆرداری و خۆسەپاندنی سیاسی[1]:

خۆسەپاندنی سیاسی بریتییە لە تاكڕەوەیی لە دەسەڵاتدا، واتای خۆی بەسەریدا سەپاند واتە: تاكڕەوی پەیڕەوكرد، دەوترێ: (استبد بالأمر، يستبد به استبدادا) واتە: تەنها خۆی شتەكەی كرد بەدەر لەوانی تر[2].

---

(١) لەو چەمكانەی پەیوەندیان بە خۆسەپاندنەوە هەیە، ئەمانەن: چەمكی (خۆسەپاندنی خۆرهەڵاتی) ئەمە پەیوەستە بە ئەرستۆوە، كە خۆسەپاندنی دایە پاڵ خۆرهەڵاتی ئاسیا تا جیاوازی لە نێوان خۆسەپاندن و دەستدرێژی و ستەمكاری بكات وەك چۆن یۆنان ناسیویەتی (بڕوانە: الموسوعة السياسية _ كيالي _) و چەمكی ستەمكاری، تەنها چەمكی ستەمكاری لە ناو كۆمەڵگەی خۆرئاوادا ناسراو بوو تا مۆنتیسكیۆ هات و جیاوازی لە نێوان ستەمكاری و خۆسەپاندندا كرد، لەم ماوەیەدا ئەوە بەدەركەوت كە بە (خۆسەپێنەری بەرچاوڕۆشن) ناسرا بوو، چەمكی (خۆسەپاندنی دیموكراسی) یەكێكە لە چەمكە نوێیەكان كە لە دوای شۆڕشی فەڕەنسییەوە هات، یەكەم كەس كە بەكاریهێنا توفیلێ بوو لە كتێبی ((دیموكراسییەت لە ئەمریكا)) تا ئەو مەترسییانەی پێ وەسف بكات كە لەوانەیە ڕێگە لە ئازادی بگرن لە ناو كۆمەڵگەی دیموكراسیدا، هەروەها ئەمە بە زۆرداری زۆرینەش ناودەبرێ، ئەم بیرۆكەیە بوونی هەیە لە وتەكانی جۆن ستیوارت مێڵ، بڕوانە: مسيرة الديمقراطية... رؤية فلسفية _ مجلة عالم الفكر (مجلد ٢٢، عدد ٢، لا ٣٩، و معجم العلوم الإجتماعية مادة الطغيان. یەكێكی تر چەمكی دیكتاتۆریەت، ئەمە چەمكێكی بیانی هاوچەرخە مەبەست لێی: (حاڵەتێكی سیاسی دیاركراوە، تیایدا هەموو دەسەڵاتەكان دەكەونە دەستی یەك كەس كە بە كەیفی خۆی پیادەی دەكات) (الموسوعة السياسية مادة دكتاتورية)، ئەم چەمكە كۆكە لەگەڵ چەمكی (تاكڕەوی) بەڵام ئەمەی دوایی زیاتر بۆ دیكتاتۆرییەتێك بەكارهاتووە كە جۆرە فیكرێكی دیاركراو دەسەپێنێت وەك چۆن فاشییەت و نازیەت و شیوعییەت ئەنجامیاندا.

یەكێكی تر لە چەمكە هاوچەرخەكان (چەمكی زاڵكردنە) ئەم چەمكە پەیوەستە بە چەمكی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخەوە بەشێوەیەك ((كۆمەڵگەی شارستانی بە تەواوی دەبڕێت و دەیكاتە درێژكراوەی دەسەڵاتەكانی، بەمەش چالاكانە سەرچاوەكانی هێزو دەسەڵات لە ناو كۆمەڵگەدا قۆرغ دەكات)) (الدولة التسلطية في المشرق العربي المعاصر ٨٣).

(٢) بڕوانە: لسان العرب مادة ((بدد)).

**خۆسەپاندن واتا خراپەکانی بەدەستدێنێت لە دەروونەوە، لەوەی کارێك بە تەنها پیادە دەکات کە دەبێ بە هاوبەشی بکرێ، کارگێڕی و بەڕێوبردنی گەل و سەرۆکایەتییەکەی بۆ خودی کەسەکە و ڕەزامەندییەکەی دەگەڕێتەوە، ئەگەر یەکێك هەڵسا بەسەر ئوممەتدا زاڵ بوو و لە کارێکدا کە هی ئوممەتە تەنها بەخۆی ڕاپەڕاند بێ ڕەزامەندی گەل، ئەوا کەوتۆتە ناو زۆرداری و ستەمکارییەوە.**

**ئەم زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی کاروباری ئوممەت بێ ڕەزامەندی ئوممەت دەرگای ستەم و گەندەڵی و جۆرەها دەستدرێژی دەکاتەوە، ئەمەش بە (خۆسەپاندنی سیاسی) ناودەبرێ.**

**حوکمڕانی سەرۆکایەتی گشتی موسڵمانان مافی ئوممەتە، ناکرێ تاکڕەوی تێدا بکرێ بێ ڕاوێژی ئوممەت، وەك چۆن عومەری کوڕی خەتتاب[1] وتویەتی: ((ئەوەی بەڵێن (بەیعەت) بداتە پیاوێك بەدەر لە ڕاوێژی موسڵمانان، ئەوا شوێن پێی هەڵناگیرێ، خۆی ئەوەی بەڵێنی پیداوە یان پاشگەز دەبنەوە یاخود**

---

**(1) باوکی حەفص، عومەری کوڕی خەتابی قوڕەیشی عەدەوی، میری باوەڕداران، خوای گەورە بەهۆی ئەو پشتیوانی ئیسلامی کرد، چەندین وڵاتی پێ ڕزگار کرد، پێغەمبەر ﷺ بە فاروق ناوینآوە، چونکە خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە جیاوازی کردووە لە نێوان هەق و ناهەق، لە کۆتایی مانگی زولحیجەی ساڵی ٢٣ك و لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شذرات الذهب ١/ ١٧٧.**

**دەکوژرێن))[١]، لە بەشێکی تری قسەکانیدا هاتووە: ((خەلافەت تەنها بە ڕاوێژ دادەمەزرێت))[٢].**

**خۆسەپاندنی سیاسی بریتییە لە تاکڕەوی نواند لە دەسەڵاتدا، هەروەها بریتییە لە زاڵبوونی تەواو بەسە جومگەکانی دەوڵەت و داگیرکردنی لەدەست ئوممەت بێ ڕاوێژو ڕەزامەندی ئوممەت.**

**خۆسەپاندن بەشێکە لە ستەمکاری و هاوواتای نییە، لەوانەیە کەسی خۆسەپێن ستەمکارو زۆرداربێ، لەوانەشە دادگەر بێت و تێبکۆشێت لە چاکسازیدا[٣].**

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە: كتاب المحاربين من أهل الكفر والردة، باب رجم الحبلي من الزنا إذا أحصنت ـ ٣ رقم ٦٨٣٠، ٨/ ٢٠٨؛ وأحمد في المسند ١/ ٣٧٢.

(٢) نەسائی گێڕاویەتیەوە لە: الكبرى، كتاب الرجم، باب تثبيت الرجم، رقم ٧١١٦، ٦/ ٤١٠، وابن أبي شيبة في المصنف، باب ما جاء في خلافة أبي بكر وسيرته في الردة، ٧/ ٤١٣، و جاء بلفظ (لا بيعة إلا عن مشورة) تاريخ المدينة لابن أبي شبه ٣/ ٩٣٣.

(٣) دیاردەی خۆسەپێنی دادگەر لە مێژووی موسڵماناندا هەبووە، سەرباری ئەوەی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانیەکان تاکڕەوانە بێ پرسی ئوممەت دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەڵام دادگەری و حوکم کردن بە شەریعەت و پابەند بوونی حوکمڕانان بە داب و نەریت و ڕەوشتی ئیسلامی زۆر نەگۆڕا. کتێبەکانی مێژوو و ژیاننامەکان گەواهی لەسەر ئەمە دەدەن، مێژووی ئەم دەوڵەتانە و ژیاننامەی پاشاکانی بە ڕۆشنی بەڵگەن لەسەر ئەمە، ئەگەرچی خۆسەپاندن ڕێگەی ئەگەری ستەم و گەندەڵی لەبەردەم حوکمڕان دەکردەوە، هەندێك لەم شوێنەوارانەش ڕوویاندا، بەڵام ئیسلام لە ناخەکاندا هەر مایەوە، بەهێزی کاریگەری ئیسلام لە ناخی ئەواندا و دەرنەکەوتنی شوێنەواری لادانی بیروباوەڕی وایکرد دادگەری باوو زاڵتر بێت.

بەڵام لە ئەوروپا ستەمکاری بەهەموو وێنەکانی ـ لەوانە تەماشاکردنی خواییانە بۆ ئیمپڕاتۆر ـ زاڵبوو، بەکارهێنانی چەمکی (خۆسەپێنی بەرچاوڕۆشن) تەنها لە سەدەی هەژدەم و لەسەر دەستی مێژوونووسە ئەڵمانیەکان دەرکەوت، چونکە فریدریکی دووەمی پاشای بروسیا (١٧٤٠ ـ ١٧٨٦ز)

**لە کاتێکی زوودا خۆسەپاندنی سیاسی لە ناو ئوممەتدا دەرکەوت، ئەمەش لە دوای سەرۆکایەتی (موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان _ ڕەزای خوای لێبێت _[1]) کە دواتر خەلافەتی سپارد لە دوای خۆی بە یەزیدی کوڕی[2]، وتی: ((هەر یەکێك دەیەوێ لەم بارەوە قسە بکات ئەوا با قۆچی خۆیمان بۆ دەربخات، بەڕاستی ئێمە لە خۆی و باوکی شایستەترین))[3].**

**ئەمە سەرەتای گۆڕانی ڕێڕەوی حوکمڕانی بوو لە ڕاوێژەوە بۆ میراتگری، ئەمە شتە لە سەردەمی خەلیفە ڕێنوێنی کراوەکاندا بوونی نەبوو، ئەو**

---

نموونەی ئەو وەسفە بوو، کە خۆی بە خزمەتکاری یەکەمی دەوڵەت دەزانی. بڕوانە: الموسوعه السياسيه (كيالى).

(١) موعاویەی کوڕی صەخری کوڕی حەربی قوڕەیشی ئەمەوی، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوییە لە شام، یەکێکە لە بلیمەتەکانی عەرەب، ساڵی ٢٠ پ.ك _ ٦٠٣ز لە شاری مەککە لە دایك بووە، ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری مەککە لە ساڵی ٨ك موسڵمان بوو، ڕەوانبێژو نەرم و نیان و بەڕێز بوو، یەکێك بوو لە نووسەرانی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها یەکێکە لە گەورە ڕزگارکەرەکان لە ئیسلامدا، پرۆسەی ڕزگارکردنەکەی گەیشتە زەریای ئەتلەنتیکی، کاربەدەستەکەی لە میسر وڵاتی سودانیشی ڕزگار کرد، یەکەم موسڵمان بوو سواری کەشتی بوو لە دەریای ڕۆمدا بۆ تێکۆشان، لە سەردەمی ئەودا زۆرێك لە دوورگەکانی یۆنان و دەردەنیل ڕزگارکران، یەکەم کەس بوو دیمەشقی کردە پایتەختی خەلافەت، یەکەم کەسیش بوو پاسەوان و دەرگەوانی دانا لە ئیسلامدا، هەروەها یەکەم کەس بوو میمبەری لە مزگەوتدا دانا، عومەر پێی دەوت کیسرای عەرەبەکان، ١٣٠ فەرموودەی هەیە، بوخاری موسلیم لە چواریاندا هاوبەشن، بوخاری چواری تری بەتەنها و موسلیمیش پێنجی بە تەنها گێڕاوەتەوە، لە ساڵی ٦٠ك _ ٦٨٠ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٧/ ٢٦١.

(٢) یەزیدی کوڕی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی قوڕەیشی ئەمەوی، دووەم پاشای دەوڵەتی ئەمەوییە لە شام، لە ماترۆن لە ساڵی ٢٥ك _ ٦٨٣ز لە دایك بووە، لە دیمەشق پێگەیشتووە، لە دوای باوکی لە ساڵی ٦٠ك خەلافەتی بە دەستەوە گرتووە، لە سەردەمی ئەودا مەغریبی دوورو بوخارا و خوارزم ڕزگار کران، ماوەکەی لە خەلافەتدا سێ ساڵ و نۆ مانگ بوو تەنها چەند ڕۆژێك نەبێ، لە ناوچەی حوارین (لە خاکی حمص) لە ساڵی ٦٤ك _ ٦٨٣ز مرد. الأعلام ٨/ ١٨٩.

(٣) صحيح البخاري، كتاب المغازي، باب غزوة الخندق وهي الأحزاب، رقم ٣٧٩٩، ٥/ ١٣٧.

**خەلیفانەی کە نموونەی جێبەجکراوی هزری سیاسی ئیسلامی بوون. بەمە مافی ئوممەت زەوتکرا لە دانانی کەسی هەرە شایستە بە ڕێگەی کۆمەڵی و پرس و ڕاوێژەوە گۆڕا بۆ دانانی منداڵ و نەوە لەسەر تەخت بە میراتگری، ئەگەرچی لێهاتووش نەبن و کەسانی شیاوتریش هەبن لە ناو ئوممەتدا لەوان.**

**ئەم تاکڕەوییە لە گرتنەدەستی خەلافەتدا دەرگای ئاشوبێکی مەزنی بەڕووی ئوممەتدا کردەوە کە هێشتا هەر لاوازی دەکات تا ئێستاش کە گەیشتۆتە حاڵەتێکی نەخوازراو، خۆسەپاندن تیایدا سەروەر بوو، کەسانێکی خراپ کاریان بەدەستەوە گرت، ڕۆڵی گەلانی موسڵمان لاوازکرا بەمەش ئوممەت لەبەرامبەر گەلانی تر لاواز بوو.**

**هاوەڵە زاناکان دژی ئەم دیاردەیە وەستان کە سەردەکێشێ بۆ ستەمکاری و هەڵوێستێکی بەهێزیان نواندن و ڕەخنەیان لە موعاویە گرت** (ڕەزای خوای لێبێت)[1]**، یەکێك لەوانە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکر وتاری موعاویەی پچڕاند و پێی وت: ((بەخوا پێتخۆشە ئێمە لەبارەی کوڕەکەت بەخوات بسپێرین، بەخوا ئێمە**

---

**(١) پێویستە لێرەدا جەخت بکرێتەوە لەسەر پلەوپایەی هاوەڵی بەڕێز موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان (ڕەزای خوای لێبێت)، پلەوپایەی ناوبراو دەچێتە ناو بازنەی گشتی دەقە شەرعییەکان کە پلەوپایەی هاوەڵان (ڕەزای خوا لە هەموویان بێت) ڕوون دەکاتەوە، بۆ هیچ یەکێك دروست نییە هەڵسانی موعاویە بە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بۆ میراتگری بە پاساو بێنێتەوە بۆ توانج لێدانی، ناوبراو یەکێك بووە لە پاشا هەرە باشەکانی ئیسلام، ژیاننامەکەی یەکێك بووە لە باشترینەکان، ماوەی حوکمڕانیەکەی یەکێك بووە لە ماوە دادگەرە تایبەتمەندەکان لە مێژووی ئیسلامدا، بیروباوەڕی پەیڕەوانی سوننە ئەوەیە لە بارەی هاوەڵان کە دەبێ پلەوپایەیان بزانرێ کە لە دەقەکاندا هاتووە لەگەڵ بڕوابوون بەوەی ئەو کەم و کورتیەی هەیانبووە دەچێتە ناو زەریای پلەوپایەکەیان، لە دوای پێغەمبەرایەتی هیچ پلەیەك هاوتای هاوەڵایەتی نییە، لەبارەی پلەوپایەی موعاویە بڕوانە کتێبەکانی پلەوپایەی هاوەڵان و کتێبی دیکەش.**

**واناکەین، سوێند بەخوا ئەم شتە دەبێ بگەڕێتەوەو بە ڕاویژ لە ناو موسڵماناندا یەکلا بکرێتەوە یان خەراپ بەسەردا دەشکێنینەوە، پاشان ڕۆیشتە دەرەوە))[1].**

**کاتێك مەڕوانی کوڕی حەکەم لە پرۆسەی بەڵێندان بە یەزید وتی: (ڕێبازی ئەبو بەکر)ی[2] ڕێنوێنیکراوی بەرچاوڕۆشن ((عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکر بەرپەرچی دایەوەو وتی: (ئەمە ڕێبازی ئەبو بەکر نییە)، بەڕاستی ئەبو بەکر خزم و خوێشانی بەجێهێشت و کەسێکی لە نەوەی عەدی هەڵبژارد، کاتێك بینی ئەو کەسە شایستەیە، بەڵام ئەو کارەی ئێستاتان هێرقلیەتە))[3].**

**کاتێك موعاویە** (ڕەزای خوای لێبێت) **قسەی لەگەڵ عەبدوڵای کوڕی عومەر[4]** (ڕەزای خوای لێبێت) **کرد لەبارەی دانانی یەزیدی کوڕی لە جێگەی خۆی، ئیبن عومەر پێی وت: ((خەلیفەکانی پێش تۆ منداڵیان هەبوو، کوڕی تۆ لە کوڕەکانی ئەوان باشتر نییە، ئەوان ئەوەیان لە کوڕەکانی خۆدا بەدی نەکرد کە تۆ لە کوڕەکەتدا بەدیت کرد، بەڵام ئەوان هەر کە زانیان کامە بۆ موسڵمانان باشە ئەوا ئەویان**

---

**(١) تاریخ خلیفة ابن خیاط ٢١٤.**

**(٢)باوکی بەکر، عەبدوڵای کوڕی ئەبو قوحافەی قورەیشی تەمیمی، جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ و ڕاستگۆی ئوممەت، پلەوپایە و خاڵە بەرزو باشەکانی گەڵێك زۆرن خەریکە سنووردار نەکرێن، لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا و کە هەشت ڕۆژ مابوون لە مانگی جەمادی کۆتایی ساڵی ١٣ك کۆچی دوایی کرد. شذرات الذهب ١/ ١٥٤.**

**(٣) تاریخ الإسلام للذهبي ١٤٨. و بڕوانە: البدایة والنهایة ٨/ ٩٢؛ فتح الباري ٨/ ٥٧٦ و لاپەڕەکانی دواتر.**

**(٤) باوکی عەبدوڕەحمان عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتابی عەدەوی، پێشەوای پێشەنگ و خواپەرستی شەرعزان، لە تەمەنی منداڵیدا موسڵمان بوو، هێشتان باڵغ نەببوو لەگەڵ باوکی کۆچی کرد، بەهۆی بچوکی بەشداری جەنگی ئوحدی نەکرد، لە جەنگی خەندەقدا بەشداری کرد، یەکێکە لەوانەی لەژێر درەختەکەدا بەڵێنیدا. ساڵی ٧٤ك کۆچی دوایی کرد. سیر أعلام النبلاء ٣/ ٢٠٣.**

**هەڵبژارد، بەڵام تۆ هۆشداریم پێدەدەی لەوەی ڕیزی موسڵمانان لەت و پەت نەکەم، خراپە لە نێوانیاندا بڵاو نەکەمەوە، من هەرگیز شتی وا ناکەم، من یەکێکم لە موسڵمانان، ئەگەر ئەوان لەسەر شتێك كۆك بوون ئەوا من یەکێکم لەوان))[١].**

**ئیبن کەسیر[٢] دەڵێت: ((کاتێك لە ماوەی ژیانی باوکیدا بەڵێن و بەیعەت بۆ یەزید وەرگیرا، ئەوا حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر[٣] و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرو عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس[٤] ڕەتیان کردەوە))[٥].**

---

**١)** تاریخ خلیفة ابن خیاط ٢١٣ _ ٢١٤.

**٢)** باوکی فیدائی ئیسماعیلی کوڕی عومەری کوڕی کەسیری قوڕەیشی بوصرەوی دواتر دیمەشقی شافیعی، کۆڵەگەی ئایین، لەبەرکاری پشت پێبەستراو، مێژوونووس و ڕاڤەکاری لێهاتووی متمانە پێکراو، لە لەبەرکار موزی نزیك بووەوەو بەهۆی ئەوەوە دەرکەوت، بەهۆی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەوە باشتر پێگەیشت، خاوەنی چەندین کتێبی بە نرخە لەوانە: (التفسیر)، (التاریخ)، (جامع المسانید)، ساڵی ٧٧٤ك کۆچی دوایی کرد، ئەو ڕۆژە گەواهی بۆدراو بوو. شذرات الذهب ٨/ ٣٩٧.

**٣)** عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەوامی قوڕەیشی، میری باوەڕداران، یەکەم منداڵی کۆچبەران بوو کە لە شاری مەدینە لە دایك بوو، ساڵی دووەمی کۆچی لە دایك بوو، وتراوە: لە ساڵی یەکەم، لەڕیزی هاوەڵە تەمەن بچوکەکانە، زۆر مەزن بوو لە زانست و ڕێزو شەرەف و خواپەرستی و تێکۆشاندا، نموونە بە بوێرییەکەی دەهێنرایەوە، لە تەمەنی حەفتا و شتێکدا لە جەمادی دواییدا لە ساڵی ٧٣ك کوژرا. سیر أعلام النبلاء ٣/ ٣٦٣.

**٤)** کوڕی عەبباس عەبدوڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبی هاشمی، زانای بلیمەت و شارەزا، پێشەوای ڕاڤەی قورئانی پیرۆز، ئامۆزای پێغەمبەری خوا ﷺ، لە دۆڵی نەوەی هاشم بە سێ ساڵ بەر لە کۆچ کردن لە دایك بوو، پێغەمبەر ﷺ نزای بۆ کرد کە خوای گەورە لێکدانەوەی واتاکانی قورئانی فێر بکات و لە ئایین شارەزای بکات، لە تائف لە ساڵی ٦٨ك کۆچی دوایی کرد. سیر أعلام النبلاء ٣/ ٣٣١١.

**٥)** البدایة والنهایة ٨/ ١٥٣.

ئەم هاوەڵانە لە کاتێکدا زاناترین کەسی سەردەمی خۆیانن، کە ئەمەیان ڕەتکردۆتەوە بەهۆی ئەوە بووە کە تەواو شارەزا بووینە سەبارەت بە شوێنەواری خۆسەپاندن بەسەر ئوممەتدا، مەترسیەکەی بەسەر موسڵماناندا، بەڵکو کار گەیشتە دەرچوونی چەکداری لە دوای مردنی موعاویە (ڕەزای خوای لێبێت)، دەوڵەت بۆ یەزید بە تەواوی جێگیر نەبوو، یاخی بوونی چەکداری دژی خۆسەپاندن بۆ کاتێکی دوورو درێژ بەردەوام بوو[1].

ئەم هەڵوێستە بەهێزانە لە دژی خۆسەپاندن بەڵگەن لەسەر: پوچەڵی ئەوەی خۆسەپاندن بردێتە پاڵ ئایین، ئایین فەرمانی بە خۆ زاڵکردن و ستەمکردن نەکردووە، بەڵکو فەرمانی بە ڕاوێژ کردووە: ﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ ١٥٩﴾ آل عمران. واتە: (لەکارو پێشهاتدا ڕاوێژو پرس و ڕایان پێ بکە)، ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشورى. واتە: (کاروباریان هەردەم بە ڕاپرسی و ڕاوێژکارییە). هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) کۆك بوون لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتی گشتی تەنها بە ڕاوێژو ڕەزامەندی ئوممەت دەبێت، هەر بەم شێوەیەش گرێبەستی سەرۆکایەتیەکەی ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەنجامدرا.

پێشەوایەتی تەنها بە بەڵێن (بەیعەت) دەبێت، کە گرێبەستێکە لە گرێبەستەکان، ڕێسای شەریعەتی ئیسلامی لە گرێبەستەکاندا بریتییە لەوەی دەبێ هەر دوو گرێبەستکەرەکە ڕازی بن، لە ڕەگەزی بریکارێتییە.

---

(1) بڕوانە: دەرچوونی حوسەین، عەبدوڵاوی کوڕی زوبەیر، عەبدوڵای کوڕی حەنزەڵە، کوڕی ئەشعەس، خاوەن دەروونی پاك (النفس الزكية) و جگەلەوانیش لە: البداية والنهاية ١١/ ٤٤٦٧ و لاپەڕەکانی دواتریش، تاريخ الطبري ٣/ ٢٧٥، تاريخ الإسلام للذهبي (عهد معاوية بن أبي سفيان (حوادث ووفيات ٤١ – ٦٠هـ، لا ١٦٧).

**حوکمڕان بریکاری ئوممەتە لە جێبەجێکردنی حوکم و یاساکانی ئیسلام، موسڵمانان بۆیان هەیە لایبدەن ئەگەر پێچەوانەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە جوڵایەوە بە کوفر کردن یان ستەمکردن[1].**

**ناکرێ سنووربەزێنی حوکمڕانان و گۆڕینی سیستەمی پێشەوایەتی بۆ میراتگری لە جیاتی ڕاوێژو هەڵبژاردنی ئوممەت بدرێتە پاڵ ئیسلام[2]، پێشتر**

---

(١) بڕوانە: الجامع لأحكام القرآن ١/ ٢٧١؛ الأحكام السلطانية ١٩؛ غياث الأمم ١٠٦.

(٢) دکتۆر عەلی دەباغ لە توێژینەوەکەیدا ((جذور الدينية للإستبداد: "الإستبداد في نظم الحكم العربية المعاصر: ٤٩")) ئەمەیکردووە، هاتووە جیاوازییەکی نامۆی کردووە، جا خۆسەپاندنی داوەتە پاڵ ڕێبازو پەڕەوی سوننی و بەڵگەی بە چەند هەڵسوکەوتێکی هەڵەی حوکمڕان و کاربەدەستەکان هێناوەتەوە، پێی وایە ڕێبازی شیعە بانگەشە دەکات بۆ ئازادی و دیموکراسی، سەرباری ئەوەی دانی ناوە بەوەی کە ڕێبازو مەزهەبی شیعە دامەزراوە لەسەر ئەوەی کە پێشەوایەتی تەنها بۆ پێشەوای پارێزراو دەبێت، جا ئەگەر پێشەوا پارێزراو بێ چۆن دەکرێ چاودێری بکرێ و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ، لەگەڵ ڕۆشنی تێڕوانینی خۆسەپاندن لە بیروباوەڕی شیعەدا بەڵام دەمارگیری دزێو دەباغی کوێر کردووە بەمەش وێنای ڕێبازی شیعەی کردووە بە دیموکراسییانە!!. لە هەمان کاتدا ماوەی خەلافەتی ڕێنوێنی کراوی فەرامۆشکردووەو پشتی بە هەڵەکانی پاشاو حوکمڕانان بەستووە، بە یەکدەنگی ئەوانە بە بەڵگە ناهێنرێنەوەو بەهۆی هەڵسوکەوتەکانیان ڕێبازی سوننی هەڵناسەنگێنرێت، دکتۆر حەیدەر ئیبراهیم درۆی هەڵبەستووە بە ناوی ئیسلام و پۆشاکی خۆسەپاندنی بەبەردا کردووە بە زۆردرانە، پێی وایە ئیسلام تەماشای جێنشین دەکات بەوەی تەواوکەری پێغەمبەرە ﷺ، ئەمە بیرۆکەیەکی شیعەکانە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نییە، بەڵام ناوبراو جگە لەمە هیچ نازانێ بۆیە ئەمەی داوەتە پاڵ ئیسلام و موسڵمانان، دواتر تێکەڵ و پێکەڵی نواندووە لە نێوان پاساودانی خۆسەپاندن و باسکردنی هەندێك خاڵی باشی حوکمڕانان و دادگەریان و تێکۆشانیان لە قۆناغی (خۆسەپێنی دادگەردا)، باسی ئەوەی کردووە کە چاکەکان واتای پاساودان نییە بە خۆسەپاندن، خۆسەپاندنیش مانای ڕەتکردنەوەی چاکەکانی نییە، لەوانەیە نەشارەزایی دکتۆر سەبارەت بە ئیسلام و جێبەجێکردنەکانی لە مێژووی ئیسلامیدا هۆکارێك بووە بۆ ئەو وێنە ناشرینەی کێشاویەتی، هەر بۆیە پێی وایە تیۆری گرێبەست لە مێژووی ئیسلامیدا نەناسراوە، ئەمەشی گەڕاندۆتەوە بۆ تێڕوانینە شیعەگەرییەکەی کە جیاوازی ناکات لە نێوان حوکمڕان و پێغەمبەر ﷺ، هەر دووکیان بە پارێزراو

ڕوونکرایەوە کە ئیسلام فەرمان بە ڕاوێژ دەکات، پێداگیر لەسەر پێویستی ڕەزامەندی سەرپشکانەی ئوممەت دەکات دەربارەی ئەوەی کاروباری ئەوان ڕادەپڕێنێ و سەرپەرشتیان دەکات.

لەوانەیە هەندێك کەس واگومان ببەن کە ڕێگری کردن لە دەرچوون لە دژی حوکمڕان ئەگەر خۆسەپێن و خۆ زاڵکەریش بێ بەڵگەیە لەسەر پاساودان بە خۆسەپاندن، ئەم گومانە ناڕاستە؛ چونکە ڕێگری کردن لە جەنگ بەهۆی ئەوەوەیە کە ئاشوبێکە مایەی پەرتەوازەیی و ڕیزپەڕی موسڵمانانە، پێوانەکردن لە نێوان خۆسەپاندن بەو هەموو مەترسی و دەستدرێژیەی هەیەتی لەگەڵ جەنگ کردن کە خوێنی موسڵمانانی تێدا دەرێژرێ و وشەیان پەرت دەکات وا دەکات ئارامگرتن لەسەر خۆسەپاندن و بەرهەڵستی کردنی بە ڕێگری کردن لە خراپە و فەرمانکردن بە چاکە باشتر بێ لە کوشتار، چونکە زیانی کەمترە، تاوانی کوشتار گەورەترە لە خۆسەپاندن، هەر بۆیە لە فەرموودەدا هاتووە: ((وإن تأمَّر عليكم عبد حبشي فاسمعوا وأطيعوا))[1] ئەگەر کۆیلەیەکی حەبەشی بووە پێشەواو کاربەدەستتان ئەوا گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بن. ئەم فەرمایشتەی: ((تأمَّر)) واتە: خۆی کردە پێشەوای ئێوە بێ پرس و ڕاوێژکردن پێتان.

ئەمەش واتای پاساودان نییە بە خۆسەپاندن و زۆرداری، بەرەنگاربوونەوەی جێی شەڕکردن هێشتا لە ئایندا هەر ماوە، کە دەروازەیەکی مەزنە و بە بنەمای

---

دادەنێن کە قسەیان ڕەت ناکرێتەوە. بڕوانە توێژینەوەکەی: الإستبداد في نظم الحكم العربية المعاصر، بعنوان: تجدد الإستبداد في الجزيرة العربية ١٧٥.

[1]) بوخاری گێڕاویەتیەوە: كتاب الأحكام، باب السمع والطاعة للإمام ما لم تكن معصية، رقم ٦٦٠٩ _ ٩/ ٧٨، من حديث أنس رضي الله عنه.

**ئیسلام هەژمارکراوە کە برتییە لە: ((فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە)).**

**جەنگ نەکردن لەبەر بەرژەوەندی ئوممەت مانای داننان نییە بە خۆسەپاندن، ئەگەر تاکڕەوی نواند لە دەسەڵاتدا و دروشمەکانی ئاینیشی بەرپاکرد، یاسا و حوکمەکانی جێبەجێ کرد، هەر بۆیە ئەگەر کرا حوکمڕانی خۆسەپێن بێ شەڕو ئاشوب لەسەر دەسەڵات لابرێ ئەوا ئەمە پێویست دەبێ؛ چونکە گێڕانەوەی کاروبارە بۆ خاوەنەکەی.**

**خۆسەپاندن لە ناو ئوممەتدا بەردەوام بوو هەر لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی تا دەوڵەتی عوسمانی، شوێنەوارەکانی بە پلەبەندی لە ناو ئوممەتدا هاتن تا ئەمڕۆ گەیشتنە چڵەپۆپە.**

**چەندین هۆکار هەبوون کە یارمەتیدەر بوون بۆ گەشەکردنی، پاساویاندا بە بوونەکەی، بەرگریان لێکرد، پاڵپشتیان کرد تا گەیشتە ئەم ئاستە دزێوە لە ناو ئوممەتدا.**

**لەو هۆکارانە:**

**١_ فەرمان نەکردن بە چاکە و ڕیگری نەکردن لە خراپە، خوای پایەبەرز دەفەرمووێت:** ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ٧٨ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ٧٩ ﴾ المائدة. **واتە: (نەفرین کراوە لەوانەی: بێ باوەڕ بوون لە نەوەی ئیسڕائیل لەسەر زاری داود و عیسای کوڕی**

مەریەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەوان یاخی و سەرکەش بوون و دەستدرێژیان دەکرد. ئەوانە ڕێگریان لە یەکتر نەدەکرد لە خراپە و تاوانێك کە دەیانکرد، سوێند بێت بەخوا ئەوەی دەیکەن زۆر خراپ و ناپەسەندە!).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: ((کەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی ئەوا با هەوڵبدات بەدەستی بیگۆڕێت ئەگەر نەیتوانی بە دەستی ئەمە بکات، ئەوا با بەزمانی بیگۆڕێت، ئەگەر هەر نەیتوانی ئەوا با بەدڵ ڕقی لێ ببێتەوەو ڕەتی بکاتەوە، ئەمەش لاوازترین پلەی باوەڕو ئیمانە))[1]، هەروەها فەرموویەتی: ((ئەگەر ئوممەتی منت بینی ترسە لەوەی بە ستەمکار بڵێت: ستەمکار، ئەوا دەستی لێ بشۆ و بێ کەڵ بووە))[2]، فەرموویەتی: ((ئەگەر خەڵك ستەمکاریان بینی و دەستیان نەگرت، ئەوا خوای گەورە سزای خۆی بەسەر هەموویاندا دەبارێنێت))[3]، فەرموویەتی: ((یان ئەوەتا دەستی ستەمکار دەگرن، ناچاری دەکەن لەسەر ڕاستی و هەق بڕواو لێی دەرنەچێ یاخود خوای گەورەی دڵی هەندێکتان بە هەندێکدا دەدات و دواتر نەفرینتان لێدەکات وەك چۆن نەفرینی

---

(١) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

(٢) ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا گێڕاویەتیەوە ٢/ ١٩٠؛ والطبراني في معجم الوسيط، رقم ٧٨٢٥، ٨/١٨، من حديث عبدالله بن عمرو رضي الله عنه، قال الشيخ أحمد شاكر: إسناده صحيح، تحقيق مسند ١١/ ٤٩.

(٣) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە سونەنەکەیدا: كتاب الملاحم، باب الأمر والنهي، رقم ٤٣٣٨، ٥/ ٥٦، والترمذي في السنن، كتاب الفتن، باب الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، رقم ٤٠٠٥، ٢/ ١٣٢٧، والبيهقي في السنن الكبرى ١٠/ ٩١، من حديث أبي بكر الصديق رضي الله عنه، قال الترمذي: حديث حسن صحيح، وقال الشيخ أحمد شاكر: إسناده صحيح _ مسند أحمد ١/ ١٥٣؛ وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن الترمذي، رقم ١٧٦١، ٢/ ٢٣٢.

**لەوانەی پێش ئێوە کرد))[١]، هەر لەبەر ئەمە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پلەوپایەی فەرمان کردن بە پێشەوایان بەوەی چاکە بکەن و دەستگرتنیان لەوەی خراپە بکەن ڕوون کردۆتەوەو فەرموویەتی: ((گەورەی شەهیدان حەمزەیە، لەگەڵ پیاوێکی تر کە لەبەردەم پێشەوایەکی ستەمکار بوەستێت و فەرمانی پێ بکات بە چاکە و ڕێگری لێ بکات لە خراپە، ئەویش بیکوژێت))[٢]، هەروەها فەرموویەتی: ((باشترین تێکۆشان وتنی قسەی ڕاست و دروستە، لەبەردەم دەسەڵاتدارێکی ستەمکار))[٣].**

**ئوممەت لێپێچینەوەی لەگەڵ حوکمڕانان کردووە[٤]، کاربەدەستانیان گەڕاندۆتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و ماستاوچیایەتیان نەکردووە لەسەر حیسابی حەق و ڕاستی، ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە ژیانی ئوممەتدا، هۆکاریش**

---

(١) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە: كتاب الملاحم، باب الأمر والنهي، رقم ٢١٦٦، ٤/ ٤٠٧، والترمذي، كتاب تفسير القرآن عن رسول الله ﷺ، باب ومن سورة المائدة، رقم ٣٠٤٨، ٢٣٦/٥، وابن ماجه، كتاب الفتن، باب الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، رقم ٣٩٩٦، ٢/ ١٣٢٥؛ والبيهقي في السنن الكبرى ١٠/ ٩٣، والطبراني في المعجم الكبير، رقم ١٠١١٥، ٨/ ٤٨٦، والحديث ضعفه الشيخ الألباني في ضعيف سنن الترمذي، رقم ٥٨٢ _ ٣٦٨، والأحاديث السابقة شواهد له.

(٢) حاکم لە موستەدرەکدا گێڕاویەتیەوە: كتاب معرفة الصحابة، باب ذكر إسلام حمزة رضي الله عنه ٣/ ١٩٥، والطبراني في الأوسط، رقم ٤٠٧٩، ٤/ ٢٣٨، من حديث جابر بن عبدالله رضي الله عنهما، قال حاكم: صحيح الإسناد؛ و صححه الشيخ الألباني في الصحيحة، رقم ٣٧٤، ١/ ٧١٦.

(٣) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە سونەنەکەیدا: كتاب الملاحم، باب الأمر والنهي، رقم ٤٣٤٤، ٥٩/٥؛ والترمذي في السنن، كتاب الفتن، باب ما جاء أن أفضل الجهاد كلمة عدل عند سلطان جائر، رقم ٢١٧٤، ٤٠٩/٤، والنسائي في السنن، كتاب البيعة، باب فضل من تكلم بالحق عند إمام جائر، رقم ٤، ٧/ ١٦١؛ وابن ماجه في السنن، كتاب الفتن، باب الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، رقم ٤٠٠١، ٢/ ١٣٢٦؛ وأحمد في مسنده رقم ٥٦٠٣، ٢٥١/٥، من حديث أبي سعيد رضي الله عنه، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن ابن ماجه، رقم ٣٢٤، ٣٦٩/٢ وانظر السلسلة الصحيحة، رقم ٤٩١.

(٤) بۆ گەواهی لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ کتێبەکانی ژیاننامەکان.

بوو بۆ بەردەوام بوونی جێبەکردنی حوکمەکانی ئیسلام لەگەڵ بوونی خۆسەپاندن و حوکمڕانی پشتاوپشت.

بەڵام لەگەڵ پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەت و بە تایبەت زانایان لە سەدەکانی دواییدا لە هەمبەر لێپێچینەوە کردن لەگەڵ حوکمڕانان، فەرمان پێکردنیان بە چاکە و ڕێگری لێ کردنیان لە خراپە، ئەوا خۆسەپاندن و زۆرداری زیاتر بوو، دەستدرێژی و ستەمکردن بۆ سەر ئازادی و مافەکان کەڵەکە بوون و ئەنجامدانی هەڵوەشێەرەوەکانی ئیمان زۆر بوو بێ ترس و دوودڵی.

شتەکە زیاتر خراپتر بوو کاتێك هەندێك لە زانایان بینران لە پاڵ دەسەڵات ڕاوەستان سەرباری ستەمکاری دەسەڵات، ئەوا پاساوی بۆ دەهێنایەوەو ستایشی کارەکانی دەکرد و فەتوای لەبەرژەوەندی ستەمکاری ئەو دەدا.

ئەم بارودۆخە چڕو پڕە وای لە حوکمڕانان کرد ستەمکاری ئەنجام بدەن بێ هیچ کەمترین لێپێچینەوە، لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئازادییەکان و لێپێچینەوەی حوکمڕانان و دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە ئەوڕوپا، ئەم وێنەیە سەرەنجی هەندێك لە ڕۆشنبیرانی ڕاکێشا، بۆیە وای بۆچوو کە ئەم خۆسەپاندنە دەرەنجامی جێبەجێکردنی ئیسلامە، هەر بۆیە لە هزری ئیسلامی کۆچی کرد و وای زانی تاکە ڕزگارکەری ئەم ئوممەتە بریتییە لەوەی هزری لیبڕالی و نموونەکەی وەربگرێت لە سیاسەت و ئابووریدا، فرسەتی بۆ خۆ نەهێشتەوە کە بیر بکاتەوە لە بنچینەی کێشەکە ئەویش بریتییە لە پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئیسلام، هەروەها بیرشی نەکردەوە لە خاڵە نەرێنیەکانی ڕێبازە دەستکردە هاوچەرخەکان کە لە عەقڵێکی تێکگیراوەوە هاتۆتە ئاراوە.

**٢_ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مورجیئایەتی و جەبرییەت؛ بەهۆی صۆفییەکان و ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان، ئەم دوو بیروباوەڕە کاریگەری زۆریان هەیە لە دەرکەوتنی گیانی خۆبەدەستەوەدان بۆ ستەم، بە کەم سەیرکردنی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، مورجیئایەتی پاساو بۆ ستەمکاری دێنێتەوەو بیانوی بۆ دێنێتەوە، هەر بۆیە بە موڕجیئایەتی وتراوە ((ئاینی پاشاکان))، حوکمڕانی خۆسەپێن و ستەمکار هەرچەندە ستەم و دەستدرێژی ئەنجام بدات بۆ سەر ماف و ئازادییەکان، هەروەها هەر چەندە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیمان ئەنجام بدات ئەوا تەنها لە چەند شتێکی لاوەکیدا کەمتەرخەمە، سەبارەت بە ئیمان و باوەڕەکەی ئەوا کامڵە بە تەنها بەڕاستدانانی دڵ و دەربڕینی شایەتمان _ لای ئەوان _.**

**ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر موڕجیئایەتی و خۆبەدەستەوەدان بۆ حوکمڕانی خۆسەپێن ئەوەیە کە دەرکەوتنی موڕجیئایەتی لە دوای شکستی کوڕی ئەشعەس بوو لە بەرامبەر حەجاج لە (دێری جماجم) لە ساڵی ٨٣ك، بزوتنەوەی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەس لە بەهێزترین بزوتنەوەکانی فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە بوو بەشێوەی چەکداری دژی خۆسپاندن[1]، کاتێك بزوتنەوەی ناوبراو تێکشکا ترس لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەوە، لە دوای ئەو کات مورجیئایەتی و تەصەوف و هەستکردن بە بێ ئومێدی لە گۆڕینی ستەمکارییەکانی حوکمڕان دەرکەوتن، لەوانەیە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی زانا و شەرعزانان کە لەگەڵ عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسدا بوون، لەگەڵ**

---

**(١) دەربارەی بزوتنەوەی ئیبن ئەشعەس بڕوانە: تاريخ ابن جرير ٣/ ٦٢٢ و لاپەڕەکانی دواتر؛ البداية والنهاية ٩/ ٤٠.**

ئەوەشدا تێكشكان و زۆرێكیان لێ كوژران[1]، ئەوانەی مانەوەش هەڵاتن، قەتادە[2] دەڵێت: ((مورجیئایەتی لە دوای شكستی عەبدوڕەحمانی كوڕی ئەشعەس ڕوویدا))[3].

سەبارەت بە بیروباوەڕی جەبریەت ئەوا خۆبەدەستەوەدانی لێكەوتەوە لەبەرامبەر داگیركەری بیانی، گوایە باوەڕ بوون بە قەدەر وادەخوازێ بەرهەڵستی داگیركەرە بیانیەكان نەكرێ و تێكۆشان دژ بەوان ئەنجام نەدرێ، بەڵكو قەدەر خۆبەدەستەوەدان دەخوازێ.

هزری صۆفی لە بەهێزترین هۆكارەكانی خۆبەدەستەوەدانە بۆ خۆسەپێنەكان، چونكە هانی تێنەكۆشان و فەرمان نەكردن بە چاكە و ڕێگری نەكردن لە خراپە و دووركرتنەوە لە كاروبارە گشتییەكان دەدات بە كاروباری سیاسیشەوە، ئەی چی دەبێ ئەگەر هزری صۆفیگەری زیاتر پشت هەڵبكات لە ژیان و كاروبارەكانی بەهۆی بروباوەڕی جەبریەتی خۆبەدەستەوەدەر.

بەهۆی زاڵ بوونی تەصەوف و مورجیئایەتی و جەبریەت لە ناو ژیانی ئیسلامی گشتیدا، ئەوا هەموو بەها و بنەماكانی ملكەچ بوون بۆ حوكمڕانی

---

(1) بڕوانە: تاريخ خليفة ابن خياط ٢٨٦؛ وتاريخ ابن جرير ٣/ ٦٣١.

(2) باوكی خەتتاب، قەتادەی كوڕی دعامەی دەسوسی بەصرِی نابینا، لەبەركاری بلیمەتی ڕاڤەكار، ساڵی ٦٠ك لە دایك بووە، یەكێك بوو لە دەفرەكانی زانست، یەكێك بوو لەوانەی نموونەیان پێدەهێنرایەوە لە بەهێزی لەبەر كردندا، بە یەكدەنگی زانایان ئەگەر ڕاشكاوانە وتبێتی بیستووە گێڕانەوەكەی بە بەڵگە دەچێت، بۆچوونی وەك قەدەرییەكان بوو، ساڵی ١١٧ك كۆچی دوایی كرد. سير أعلام النبلاء ٥/ ٢٦٩.

(3) السنة، عبدالله بن محمد ١/ ٣١٩؛ وابن بطة في الإبانة ٢/ ٨٨٩.

**خۆسەپێن کامڵ بوون، بەڵکو لەوەش زیاتر بووو کە بریتی بوو لە پاساودان و بیانو هێنانەوەی جۆراو جۆری پوچەڵ بۆ ستەمکاری و دەستدرێژی.**

**٣_ پاساودان و لێکدانەوە (تەئویل)ی شەرعی، کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ڕەوایی بە خۆسەپاندنی حوکمڕان و تاکڕەوییەکەی لە دەسەڵات و زەوتکردنی لە ئوممەتدا بدات، هەروەها هاریکار بوو بۆ پاساودان بە ڕایکردنی کارەکانی ئوممەت بێ ڕاوێژ و ڕەزامەندی ئوممەت.**

**ئەمە دەستی پێکرد لەگەڵ یەکەم وەرچەرخان لەناو ئوممەتدا لە خەلافەتی ڕێنوێنی کراوی ڕاوێژکارییەوە بۆ حوکمڕانی خۆسەپێنی پشتاو پشتییەوە، هەر بۆیە موعاویە دانانی یەزیدی کوڕی خۆی لە جێگەی خۆیدا پاساودا بەم وتەیەی خۆی: ((ترسام لەوەی هاوڵاتیانم وەك مێگەڵی بەڕەڵا جێبهێڵم کە بێ شوانە))[1]، موعاویە پاساو بۆ کارەکەی دێنێتەوە کە مەبەستی بەرژەوەندی ئوممەتە، جا ئەم بەرژەوەندییە مەبەستێکی ڕەوای شکۆمەندە، ناوبراو زۆر تێدەکۆشا لەوبارەوە، بەڵام هاوەڵە دیارەکانی سەردەمی خۆی بەرهەڵستیان کرد بەوەی ئەمە پێچەوانەی کرداری پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەکرو عومەرو خەلیفە ڕێنوێنی کراوەکانی دیکەیە، بەجێهێشتنی کاروبارەکە بۆ ویستی ئوممەت نابێتە هۆی ونبوون، بەڵکو پارێزەرە لە ئاشوب و فیتنە[2].**

**لەوەتەی خۆسەپاندن سەریهەڵداوە هەوڵی دەستخستنی پاساوی شەرعی و ڕەوایی پێدان دەدات، هەر بۆیە هەندێك بۆچوونی شوێنکەوتووانی هەندێك لە**

---

**(1)** البداية والنهاية ٨/ ٨٣.

**(2)** بڕوانە: تاريخ الإسلام ١٥١ _ ١٥٢.

**ڕێبازە فیقهییەکان پاساویان بۆ هێناوەتەوە، یەکێك لەوانە بەڵگە هێنانەوەکەی ماوردیە[١] کە بەرەهایی جێنشین دانان بەشێوەی پشتاو پشت بە دروست دادەنێت بە بەڵگەی ئەوەی موسڵمانان ئەم کارەیان کردووەو نکۆڵی کردنیش لەمە بە پێویست دانەنراوە[٢]، بەڵام ئەمە بەڵگە هێنانەوەیەکی کەم و کورتە بەهۆی ئەوەی هاوەڵان بەرهەڵستی موعاویەیان کرد _ وەك چۆن خرایەڕوو _ و هەروەها بەهۆی دەرچوونی کۆمەڵێك لە قورئان خوێنان و شەرعناسان لە دژی دەوڵەتی ئەمەوی _ وەك چۆن خرایەڕوو _، تەنها سەرچاوەی یاسادانان ڕەچاو دەکرێ کە سروشە، بانگەشەی بوونی یەکدەنگی پوچەڵە بەوەی خرایەڕوو. هەروەك بەڵگەی بە کارەکەی ئەبو بەکر** (ڕەزای خوای لێبێت) **هێناوەتەوە کاتێك خەلافەتی بە عومەر** (ڕەزای خوای لێبێت) **ڕاسپارد[٣]، ئەمە هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە، چونکە خەلافەتی عومەری دامەزرا لە دوای ڕازی بوون و ڕێکەوتنی موسڵمانان، هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە ئەم کارە کرابێ بێ ڕاو ڕەزامەندی ئوممەت.**

**ئەم وتەیەی ئەبو بەکر** (ڕەزای خوای لێ بێت) **بەڵگەیە لەسەر ئەمە کە بە هاوڵاتی وتوە: ((ڕازی دەبن بەوەی دەکەم بە جێنیشنی خۆم بەسەرتانەوە؟ بەخوا ئەمە حەزو ئارەزووی کەسی خۆم نییە[٤]، یەکێك لە خزمانیشم دانەناوە، بەڵکو عومەری کوڕی خەتابم کردۆتە جێنشین، کەواتە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری**

---

**(١)** باوکی حەسەن عەلی کوڕی محەممەدی ماوردی، دراوەتە پاڵ فرۆشتنی ئاوی گوڵان، ساڵی ٣٦٤ك _ ٩٧٤ز لە شاری بەصرە لە دایك بووە، ڕۆیشتۆتە بەغداد، ئەرکی دادوەری لە چەندین شاری موسڵمانان گرتۆتە ئەستۆ، ساڵی ٤٥٠ك _ ١٠٥٨ز کۆچی دوایی کردووە. لە کتێبەکانی (الإقناع) لە فیقهدا، (أعلام النبوة) و (أدب الدنيا والدين) و (الأحكام السطانية). الأعلام ٤/ ٣٢٧.

**(٢)** بڕوانە: الأحكام السلطانية ١١.

**(٣)** بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(٤)** بڕوانە گەواهی لەم بارەوە لە: الثقات لإبن حبان ٢/ ١٩١.

**ببن)) وتیان: گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارین))** [١]**، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ((هەموویان دانیان بەمە دانا و پێی ڕازی بوون و بەڵێن و بەیعەتیان پێدا))**[٢]**، بەڵێن پێدانی عوسمانیش** (ڕەزای خوای لێ بێت) **بەوشێوەیە بوو، لەم بارەوە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف**[٣] (ڕەزای خوای لێبێت) **پرس و ڕاوێژی بەخەڵك کرد بە چەندین شێوەی جۆراو جۆر، بە تاك و کۆ و بە نووسرا و خەڵکی دەشتەکی و سوارەوەکانی دەرەوەی شاری مەدینە**[٤]**، هەروەها عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب**[٥] (ڕەزای خوای لێبێت) **لە دوای کوژرانی عوسمانی**[٦] (ڕەزای خوای لێبێت) **وتی: ((بەڵێنی من تەنها بە ڕەزامەندی موسڵمانان دەبێت، کاتێك ڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە ئەوا کۆچبەران و پشتیوانان ڕۆیشتنە ژوورەوەو بەڵنیان پێدا، دواتر خەڵك بەڵێنیان پێدا))**[٧]**.**

---

(١) تاريخ الطبري ٢/ ٣٥٢.

(٢) طبقان ابن سعد ٣/ ١٤٩.

(٣) باوکی محەممەد عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی کوڕی عەبد عەوفی زوهری قوڕەیشی، یەکێکە لەو دە کەسانەی مژدەی بەهەشتیان پێدراوە. هەروەها یەکێك بوو لە شەش کەسە ڕاوێژکارەکان کە عومەر خەلافەتی لە ناو ئەواندا دانا. یەکێك بوو لەوانەی زوو موسڵمان بوو، ساڵی ٤٤ پ.ك _ ٥٨٠ز لە دایکبووە. لە سەردەمی نەفامیدا ناوی عەبدولکەعبە یان عەبد عەمرو بوو، جا پێغەمبەر ﷺ ناوی نا عەبدوڕەحمان. یەکێك بوو لە بەخشندە و بوێرو ژیرمەندەکان، ئامادەی جەنگی بەدرو ئوحد و هەموو ڕووداوەکانی تر بووە، لە دەوڵەمەندەکانی هاوەڵان بوو. ٦٥ فەرموودەی هەیە. لە شاری مەدینە لە ساڵی ١٢ك _ ٦٥٢ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٣/ ٣٢١.

(٤) بڕوانە: البداية والنهاية ٧/ ١٥١.

(٥) باوکی حەسەن و حوسەین، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی هاشمی میری باوەڕداران، بەدەستی پێغەمبەری خوا ﷺ خەتەنە کراوە، سوارچاکی ئیسلامە، ساڵی ٤٠ك لە حەقدەی ڕەمەزان شەهید کراوە لە تەمەنی شەست و شتێکدا. شذرات الذهب ١/ ٢٢١.

(٦) تاريخ الطبري ٢/ ٦٩٦، ٧٠٠.

(٧) بڕوانە: الأحكام السلطانية ١١.

**ماوردی ئەوەی پەسەند کردووە کە میراتگری و پشتاوپشت پێکردنی پێشەوایەتی دروستە و پێشی وایە ڕەزامەندی ئوممەت لەکاتی ڕاسپاردن و دانانی جێنشینی میراتگر مەرج نییە، چونکە پێشەوایەتی مافی میراتگرەکەیە[١]، لەگەڵ ئەوەی یەکدەنگی دامەزراوە لەسەر ئەوەی نابێ پێشەواتی بە میراتگرتن بێت[٢].**

**لەلای هەندێك لە شوێنکەوتووانی مەزهەبەکان ئەو بۆچوونە بڵاوبووەوە کە دان دەنێ بە دروستی پێشەوایەتی حوکمڕانی کەسی خۆسەپێن و زاڵبوو، ئەوەی دیارە ئەم بۆچوونە لە ژێر فشاری واقیع هاتۆتە ئاراوە، ئەگەرنا زاڵبوو لە ڕەگەزی داگیرکەرە، کەسی داگیرکەریش بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو شتەی داگیری کردووە دروستە[٣].**

**پێویستە نکۆڵی لە هەر حوکمڕانێك بکرێ کە پێشەوایەتی دەگرێتەدەست بێ ڕەزامەندی و ڕاوێژی ئوممەت، چونکە مانەوەی ڕاوێژ مسۆگەرکەری دادگەری و کارکردنە بە حوکم و یاساکانی ئیسلام، خۆسەپاندن دەرگای ستەم دەخاتە سەرپشت، لەوانە حوکمڕانێك دادگەر بێت و کوڕەکەی دابنێت و ئەو کوڕەی ستەمکار دەربچێت.**

---

(١) بڕوانە: حكاية ابن حزم للإجماع في الفصل ٤/ ١٥٣.

(٢) بۆ نموونە بڕوانە: روضة الطالبين ١٠/ ٤٦.

(٣) لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان وتنی ئەوەی کە پێشەوایەتیەکەی دروستە لەگەڵ گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداربوون، بۆیە لە دوای جێگیربوونی دەسەڵات بۆ ئەو، گوێڕایەڵ بوون بۆی لە دوای دەسەڵات گرتنەدەست مانای وانیە دەسەڵاتگرتنە دەستی بە زەبری هێز دروست بوو بێت، لە پێناو ڕێگەگرتن لەو ئاشوبەی دروست دەبێ لە یاخی بوون گوێڕایەڵی بۆ ئەو حوکمڕانە خۆسەپێنە پێویستە، سەبارەت بە پێشەوایەتیەکەی ئەوا دروست نییە، چونکە زاڵبوونی بە زەبری هێز لە ڕەگەزی ستەم و تاوانکارییە.

٤ــ زیادەڕۆچوون لە گوێڕایەڵی کردنی حوکمڕاندا؛ گومان لەوەدا نییە گوێڕایەڵی کردنی پێشەوا لە چاکەدا پێویستە، بەڵام زیادەڕۆچوون لەمەدا سەریکێشا بۆ پلەی گوێڕایەڵی کردنی پێشەوا لە سەرپێچی کردنی خوا بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە لە تاوانی پێشەوایان خۆش دەبێت بەهۆی پلەو پایەیان لە ناو ئوممەتدا، زیادەڕۆچوونەکە گەیشتە ئاستی دەست ماچکردن و بەگەورەگرتنی حوکمڕان(١).

نموونە لەسەر ئەمە ئەو وتەیەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە کە دەڵێت: ((زۆرێك لە شوێنکەوتووانی بەنی ئوممەییە ــ یان زۆرینەی هەرە زۆریان ــ باوەڕیان وابوو کە پێشەوا لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێ، خوای گەورە ئەوان سزا نادات لەو شتەی گوێڕایەڵی پێشەوای تێدا دەکەن، بەڵکو پێویستە فەرمانبەرداری پێشەوا بکەن، خوا ئەم فەرمانەی بەوان کردووە، وتەی شوێنکەوتووانی بەنی ئوممەییە لەم بارەوە زۆرو زانراوە.

یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان ویستی بە ڕێبازی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا بڕوات، بەڵام کۆمەڵێك لە ڕیش سپییەکانیان هاتنە لای یەزید، سوێندیان بۆ خوارد بەو خوایەی کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلەو، ئەگەر بووە پێشەوای خەڵك ئەوا خوای گەورە کارە چاکەکانی لێوەردەگرێت و لە خراپەکانیشی دەبورێت.

---

(١) بڕوانە: سیر أعلام النبلاء ٨/ ٦٧.

هەر بۆیە لە وتەی زۆرێك لە گەورە شوێنكەوتووانی بەنی ئوممەییەدا دەبینی فەرمان دەكەن بە گوێڕایەڵی كردنی حوكمڕان بە شێوەیەكی ڕەها، گوایە ئەوەی گوێڕایەڵی پێشەوا بكات ئەوا گوێڕایەڵی خوای كردووە))[1].

هەندێكیان وا هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بابەتی گوێڕایەڵی حوكمڕان و پێشەوا كردووە وەك ئەوەی لە بنەما و بنچینەكانی ئایین بێت، لەگەڵ ئەوەی پرسی پێشەوایەتی لە بابەتە لاوەكییەكانی ئایینە، نەك لە بنچینەكانی، تەنها لای ڕافیزەكان نەبێ كە لە بنەماكانی ئاینە[2].

بەهۆی ئەم زیادەڕۆچوونەوە فەرمانكردن بە حوكمڕانان بە چاكە و ڕێگری لێكردنیان لە خراپە لاواز بوو، وای لێهات زانایان بوونە بوكەڵەیەك بە دەستی

---

(1) منهاج السنة ٦/ ٤٣٠ _ ٤٣١، لەبارەی هەمان بابەتەوە بڕوانە ئەم لاپەڕانە: ٢/ ٤٧٦_ ٤٧٩، ٣/ ٣٨٩، ٤/ ٥٢١، ئەم تاقمە زیادەڕۆچووە لە گوێڕایەڵی كردنی حوكمڕاندا دەدرێتە پاڵ سوننە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە ڕافیزەكان دەچێ لە بانگەشەكردنی پارێزراوی پێشەوادا، زۆر زیانی بە ئوممەت گەیاند، بەوەی خۆسەپاندنی جێگیركرد و پاساوی بۆ هێنایەوە، ڕۆڵی ئوممەت لاوازو پەكخست، ئەم تاقمە بووە ئامرازێك بۆ ستەمكارە حوكمڕانەكان لە ملكەچ پێكردن و سەرشۆڕكردنی، حوكمڕانان بێ بەش كران لە خێرو چاكەی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی كردن و ناچاركردن لە پەیڕەوكردنی ڕاستی و حەق، بێگومان ئەمە بۆ ئەو باشترە لە ڕازی بوون بە نا حەق و گوێڕایەڵی كردن لە ناحەقیدا، ئەم بیرۆكانە تا ئەمڕۆش بوونیان هەیە، لەلای هەندێك بە ڕێژەی زۆر لەلای هەندێكی تر بە ڕێژەیەكی كەمتر هەیە، یەكێك لەو شتانەی كە دەبێ دانی پێدابنرێ ئەوەیە كە بەرپرسیارێتی ڕەگ داكوتانی خۆسەپاندنی سیاسی كورت هەڵنەهاتووە لەسەر مورجیئایەتی و تەصەوف و جەبریەت و هاووشێوەكانی، بەڵكو هەندێك لە شێخەكانی سوننەش لە كۆن و نوێدا بەشداربوونە تێیدا، بەڵام ئەم هەڵە و پێخلیسكانە نمایشی خودی سوننە ناكات، پێویستە ڕاستی ڕوون بكرێتەوەو پوچەڵی ڕەتبكرێتەوە لە هەر كوێیەك بێت، ئەوەی ئاگاداری هەندێك بۆچوونی پەیڕەوانی سوننەی هاوچەرخ بێت لە هزری سیاسیدا ئەوا گومڕاییەكی زۆری تێدا بەدی دەكات كە كێشەی ئوممەت و دەردەكەی قوڵتر دەكاتەوەو واقیع گەواهی دەدات لەسەر ئەمە.

(2) بڕوانە: منهاج السنة ١/ ١٠٦ _ ١١٠.

کاربەدەستەوەو بە کەیفی خۆی ئاڕاستەیان دەکات بۆ ئەو شوێنەی بیەوێ بەناوی بەرژەوەندی و دووربوون لە ئاشوب و فیتنە، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی ڕاست و دروست بریتییە لە پابەندبوونی پێشەواو کاربەدەست بە ڕاوێژی زانایانی ئوممەت.

قورِەکە خەستتر بوو، بەوەی حکومەتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان هەڵسان بە وەرگرتنی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کە حوکمڕانی بەسەر خەڵکەکەیەوە دەکات بە شێوەیەکی ناوەندی (مرکزی) ورد، بەشێوەی کارگێڕی توووند هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاك ڕێکدەخات، وایلێهاتووە تاك ناتوانێت بە هیچ کارێك هەڵسێت تەنها بە مۆڵەتی ڕاشکاوی دەسەڵاتی حوکمڕان نەبێت، ئەم وێنەیە پێشتر لە دەوڵەتان ناسراو نەبوو بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا، ئەو کات سیستەمی سیاسی نا ناوەندی (لا مرکزی) بوو و تاك دەیتوانی لە شوێنێکەوە بچێتە شوێنێکی تر و چی بیەوێت ئەوە بکات بێ مۆڵەتی فەرمی، ئازادییەکان بە قەبارەیەکی زۆر فەراهەم ببوون، بەڵام لە دوای سیستەمی دەوڵەتی هاوچەرخ، وایلێهات تاك کۆت و بەندکرا لە هەموو شوێنێك بە سیستەم، لەو بارودۆخەدا ئەگەر وترا: پێویستە گوێڕایەڵی ئەم سیستەمە تێروتەسەلانە بکرێ کە ئازادییەکان کۆت و بەند دەکەن، ئەوا بێگومان ئەمە بە وردی تاك دەبەستێتەوەو تواناکانی دەکوژرێن و داهێنانەکانی لە گۆڕ دەنرێن بەناوی گوێڕایەڵی کردنی حوکمڕان.

ئا لێرەوە جیاوازی نێوان گوێڕایەڵی کردنی حوکمڕانان لە وتەی شەرعزانە کۆنەکان ڕوون دەبێتەوە کە پێیان وایە نابێ دەرچوونیان لە دژ ئەنجام بدرێ بەشمشێر و لە چاکەدا دەبێ فەرمانبەرداری بنوێنرێ لەگەڵ وتنی گوێڕایەڵی

**کردنی حوکمڕان لە سایەی سیستەمی دەوڵەتی هاوچەرخدا کە لە دەسەڵاتیدایە هەر کارێك قەدەغە بکات ئەگەر خێرخوازی یان فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردنیش بێ لە خراپە یاخود بانگەوازیش بێ، تەنها بە مۆڵەتی پێشوەختە نەبێ.**

**٥_ بانگەشەی شایستە نەبوونی ئوممەت بۆ پیادەکردنی ڕاویژ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست؛ دەکرێ تێبینی ئەم پڕوپاگەندەیە بکرێ لە وتەکەی موعاویەدا کە پێشتر خرایەڕوو کاتێك ویستی یەزیدی کوڕی خۆی بکاتە جێنشین، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا کەسانێك پەیدابوون پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیان کرد و پاساویان بۆ هێنایەوە لە ڕوویکی ترەوە ئەویش کامڵ نەبوونی بنیات و دامەزراوەکانی دەوڵەتە، لە دیارترینیان دکتۆر محەممەد جابر ئەنصاری کە پێی وایە: ((بابەتی خۆسەپاندن و دەسەڵاتداریێتی و زاڵبوونی سیستەمە عەرەبیەکان _ بە ڕادیکاڵی و لاسیکەرەوەکەیەوە _ ناگەڕێتەوە بۆ بابەتی تێنوێتی حوکمڕانی عەرەبی بۆ دەسەڵات، بەڵکو بۆ لایەنێکی تری بابەتی دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە: ((ڕووکاری گەشەی مێژوویی لە ناوچەکەی کە کامڵ بوون و پێگەیشتنی دەوڵەت و دەسەڵات و دامەزراوەکانی پێویست دەکات)). هەروەها دەڵێت: ((دەوڵەتی ئێستای قەتەر لە زۆربەی ژینگە و شوێنەکانیدا هێشتا هەر پرۆژەی دەوڵەتە و بە پوختی نەگەیشتۆتە قۆناغی پێکهاتن و پێگەیشتنی کامڵ و بە دامەزراوەیی و سیستەمداری... بە سروشتی بارودۆخ کامڵ کردنی بنیاتنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی گەشەی مێژووییە ناکرێ لە نێوان ئێوارەو سەر لە بەیانیەکدا ئەنجامبدرێ لە ژێر ڕۆشنایی نەبوونی مێژووی بۆ دەوڵەتەکە))[1].**

---

**(١) تكوين العرب السياسي ومغزى الدولة القطرية ١٨٩. و بڕوانە: ١٩٠، ١٨٧. هەروەها بڕوانە کتێبی هەمان دانەر: بحث ضمن المسألة الديمقراطية في الوطن العربي ١٠٥ – ١١٥.**

**دکتۆری ناوبراو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی خۆسەپاندنی حکومەتەکان شتێکی سروشتییە تا بە تەواوی بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت کامڵ دەبن، گوایە ئەم جێگیرییە دەبێ هەبێ، چونکە دەچێتە ناو گەشەی مێژووییەوە[١]، تا کاتی پێگەیشتنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە ئەوا پێویستە وێنەی خۆسەپاندن وەك خۆی بهێڵرێتەوە.**

**٦ـ پشتیوانی هێزە داگیرکەرە بیانیەکان؛ لە بەرژەوەندی ئەودایە کە ئوممەتی ئیسلامی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە خۆسەپێنەکاندا بمێنێتەوە، خەریکە چاو هەڵە نەکات لە بینینی ئەم پاڵپشتی و پشتیوانیە، بیرو هزریش بەسەریدا باز نادات، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك شوێنگرەوەی داگیرکەری ئینگلیزی و فەڕەنسی هاتە ناوچەکە، ئەوا سەرەتای هاتنەکەی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بوو، لە میانەی کودەتای سەربازی خۆسەپێن لە پەنجا و شەستەکاندا، دواتر بەردەوام بوو لە پشتیوانی کردنی ڕژێمە خۆسەپێنەکان و ڕاوەستان لە پاڵیدا تا ئەمڕۆ[٢].**

**ئەم هۆکارانە ئوممەتی گەیاندە قۆناغێکی هاوچەرخی خۆسەپاندن، ئەویش قۆناغی ئەوپەڕی تێپەڕاندن بوو لە زۆرداریدا، ستەمکاری گەیشتە ئاستی بەلاوەنانی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر تەختی حوکمڕانی، هاریکاری و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ کافری دوژمن لە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی بە مەبەستی**

---

**(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە.**

**(٢) بڕوانە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی تێروتەسەل لە: لعبة الأمم (مایلزکوبلند)، و إعاقة الدیمقراطیة (نعوم تشومسکي).**

**دەستخستنی دەستکەوتی کەسی[١]، دەستدرێژی کردنە سەر ئاینی خەڵك و ڕەوشتیان لە میانەی ڕاگەیاندن، دزینی پارەو سامانی گشتی و خراپ بەکارهێنانی، کپکردنی ئازادییە ڕەواکان، ڕێگەگرتن لەوەی چاکەکاران چاکسازی بکەن، دەستوەردانە ناو دادگا بۆ بەرژەوەندی تایبەت، سزاو ئەشکەنجەدان و ستەمکردن لە لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەدا، خنکاندنی هەناسە و کوشتنی توانا لێهاتووییەکانی کۆمەڵگە، جەنگی دڕدانە دژی بانگەوازی ئیسلامی، کردنەوەی دەرگا بۆ ڕێبازە بێ باوەڕەکان و گەندەڵی ڕەوشتی و ستەمی و زۆرداری تری جگەلەمە.**

**لە بەردەم ئەم وێنە ناشرینەدا هەندێك گومانیان برد بەوەی دەرچوون و ڕزگار بوون نییە تەنها بە پەسەندکردنی ڕێبازی لیبڕالییەت نەبێ بۆ دەرچوون لە قەیرانەکە، گوایە ڕێبازی ئیسلام دەرچەکی دروستی پێ نییە ئەگەر هەر یارمەتیدەریش نەبێ بۆ خۆسەپاندن، گومان لەوەدا نییە کە ئەم وێنەی ناشرینە کە بۆ ئیسلام کێشراوە وایکرد ئەم دەستەیە هزرێکی دەستکردی بیانی هەڵبژێرێت، بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەر خودی ئەستۆی ئەم دەستەیە، چونکە شارەزایی لە حەقیقەتی ئیسلامی ڕاست و دروست نییە، زانیاری تەواوی نییە دەربارەی تاقمە گومڕاکان و زانا خراپەکان و کەمتەرخەمەکان لە ناو ڕیزی پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت.**

---

**(١) خۆزگە کاکی دانەر کەمێك بوێر دەبوو ناوی ڕژێمی خۆسەپێن و زۆرداری سعودییەی دەخستە ناو بازنەی وتەکانیەوە، هەر سعودیە بوو لە جەنگی کوەیتدا بە فەتوای ئیبن باز (خوای لێخۆش بێت) ئەمەریکا هێنا بۆ جەنگ لە دژی عێراق، خۆ صۆفی و ئەشعەرییەکان ئەمەیان نەکرد. بەڵام نا خەیاڵمان خاوە ئەگەر وابزانین سەلەفیەکی لە چەشنی ئەم دانەرە بەرێزە ساتێك زمانی بەڕاست بگەڕێ دژی گەورەکانی خۆیان لە سعودییە و هەر شوێنێکی تر. (وەرگێڕ).**

ئەوەی هانی ئەم تاقمەی دا بۆ دەستگرتن بە ڕێبازی لیبڕالییەوە تێڕوانینەکەیان بوو بۆ جێبەجێکردنە خاوەن ڕووە ڕۆشنەکان لە ناو سیستەمە هاوچەرخەکانی خۆرئاوادا، وەك: ئازادییەکان، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دەستەبەرکردنی لێکۆڵینەوە، سەربەخۆیی دادگا، بەشداری جەماوەری، بێ ئاگا بوون لەلایەنە تاریکەکانی دیکەی.

## سێیەم: چەقبەستوویی و لاساییکردنەوە (الجمود والتقليد):

بوونی (کۆشش: إجتهاد) و (نوێکاری و نوێسازی) لە ناو پەیڕەوی ئیسلامدا، یەکێکە لە گەورەترین بەڵگەکان لەسەر گونجاوبوونی بۆ هەموو شوێن و سەردەمێك، ئاماژەیە لەسەر ئەوەی پەیڕەوی هەرە شایستەیە بۆ بارودۆخی خەڵکان لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵگەکانیان و گەشەکردنی چەشنی ژیانیان.

ژیانی مرۆڤایەتی جوڵاو و گەشەسەندووە، بە گوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێت؛ چونکە مرۆڤ بارودۆخی هەردەم لە گۆڕاندایە؛ ئیسلام هاتووە لە هەموو بارودۆخەکاندا چاکی بکات و ڕێنمایی بکات.

خوای پایەبەرز دەفەرمووێت: ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾ الملك. واتە: (مەگەر خوا نازانێت کێی دروستکردووەو چۆنی دروستکردووە، کاتێکدا ئەو زاتە وردکارو بەسۆزو ئاگایە). لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ﴿٩﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنوێنیکارە بۆ

چاکترین ڕێگە و ڕێبازو بەرنامە). هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ﴿٣٨﴾ ﴾ الأنعام. واتە: (هیچ شتێکمان پشتگوێ نەخستووە لە کتێبەکەدا).

لە شەریعەتی ئیسلامیدا دەروازەی گرنگ هەن، کە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی هەموو بارودۆخەکانی مرۆڤایەتی دەکرێ هەڵوێستی ئیسلامی لەبارەوە بزانرێ، پەیی بەوە ببرێ چەند لە ئیسلام نزیك یان دوورە، ئەمانە بنچینە و یاسای چەسپاون، پێوەری وردن بۆ تێڕوانینی ئیسلامی دەربارەی هەموو ڕووداوە هەنووکەیی و گەشەسەندووەکان.

لەوانە: یەك واتاکان و بڕاوەو سەلمێنراوە شەرعییەکان، بێژە گشتییەکان، قیاس، یاساکانی بەرژەوەندی، مەبەستەکانی شەریعەت، ئەستۆپاکی ڕەسەن و جگەلەوانە.

ناکرێ پشت ببەسترێ بە بۆچوونی هەندێك وتەی شەرعزانانی پێشوو لەبارەی پرس و بابەتە هەنووکەییە جۆراو جۆرەکان، کە جیاوازن لەگەڵ ئەو چەقبەستووییەی شەرعزانەکانی پێشوو لەسەری ڕۆیشتوون، بەڵکو گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی خواپەرستی (سروش: وەحی) پێویستە، هەروەها کۆششکردن لە بناغەی دەقەکاندا و لەگەڵ هێنانەوەی وتەی شەرعزانانی پێشوو بۆ دڵئارامی زیاتر، ئەمە بە کۆشش (إجتهاد) ناودەبرێ، بەتایبەت کە شتە تازەکان و ڕووداوە نوێیەکان و واقیعە تازە زۆربوونە، هەر کاتێك خەڵك شتێکیان داهێنا ئەوا دەبێ بابەت و فەتوا هەڵبهێنجرێن کە حوکم و ئەندازەی شەرعی بوونی ئەم کارەی خەڵك دیاری بکات.

هەروەك لە نازو نیعمەتی خواوەیە، کە ئەم ئوممەتە ناتوانێت لەسەر پوچەڵ و ناحەقی کۆببێتەوە، چونکە تاقمی ڕزگاربووی تێدایە کە هەردەم پەیامی ڕاستی و حەق بەرپا دەکات، وەك چۆن لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ((لا تزال طائفة من أمتي على الحق ظاهرين، لا يضرهم من خذلهم ولا من خالفهم حتي يأتي أمر الله وهم على ذلك))[1] واتە: هەردەم کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر ڕاستین و پشتگیری لێ دەکەن، ئەوەی دەیەوێت سەرشۆڕیان بکات و دژیان بوەستێت ئەوا زیانیان پێ ناگەیەنێت تا فەرمانی خوا دێت ئەوان هەر بەوشێوەیەن. نوێکەرەوەش لە ناو ئەم تاقمەدایە، کە لە هەموو سەردەمێکدا دەردەکەوێت، وەك چۆن لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ((إن الله يبعث على رأس كل مائة عام لهذه الأمة من يجدد لها أمر دينها))[2] واتە: خوای گەورە لەسەر هەر سەدساڵێك یەکێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت کە ئاینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە. نوێکردنەوەی ئایین واتە: زیندووکردنەوەی ئەوەی فەرامۆشکراوەو کاڵ بووەتەوە، ڕاستکردنەوەی ئەو لادانانەی تێیدا ڕوویداوەو خەڵك گێڕانەوە سەر ڕێگەی ڕاست، ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام لەبارەی بارودۆخە نوێیەکان کە پێشتر شتی وا لە ئارادا نەبووەو نەزانراو بووە.

---

(١) موسلیم گێڕاویەتیەوە: كتاب الإمارة، باب قوله ﷺ ((لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق))، رقم ١٧٤، ٣/ ١٥٤٢، واللفظ له من حديث ثوبان رضي الله عنه، والبخاري، كتاب الإعتصام بالكتاب والسنة، باب قول النبي ﷺ: (لا تزال طائفة من أمتي) رقم ٦٧٦٧، ٩/ ١٢٤، من حديث المغيرة بن شعبة رضي الله عنه.

(٢) ئەبو داود لە سونەنەکەیدا گێڕاویەیتەوە: كتاب الملاحم، باب ما يذك في قر الائة، رقم ٤٢٩١، ٤/ ٤٨٠، والحاكم في المستدرك، كتاب الفتن والملاحم، ٤/ ٥٢٢، والطبراني في المعجم الكبير، رقم ١١١٨، ١٩/ ٤٦٧، وفي الأوسط، رقم ٦٥٢٧، ٦/٣٢٤، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة رقم ٥٩٩، ٢/ ٩٨.

هەموو ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پەیڕەوی ئیسلام دژی چەقبەستوویيە کە ڕێگرە لە نوێسازی، دژی لاساییکردنەوەیە کە ڕێگرە لە کۆشش کردن، نوێسازی و کۆششکردن هاودەمن و لە یەکتر جیا نابنەوە، نوێسازی تەنها بە کۆشش دەبێت، کۆشش کردنیش جۆرێکە لە نوێسازی.

کۆششکردن و نوێسازی کاردەکەن بەپێی مەرج و ڕێکخەری شەرعی و ڕێوشوێنی دیارکراو، دەبێ ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێت لێوەشاوە بێت، نەك لە ڕووی ئاینیەوە بەرەڵا بێ یان لە ڕووی هزریەوە لە ناو گێژەلووکەدابێ، چونکە ئەمە لە لادان دەژمێردرێ نەك لە نوێسازی.

چەقبەستوویی لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا سەریهەڵدا لەگەڵ داخستنی دەرگانی کۆششکردن (إجتهاد)، لەوانەیە سەرەتا پاڵنەری داخستنی دەرگای کۆششکردن هەستکردن بووبێ بە گەورەیی زانا کۆششکارەکان، لەگەڵ هەستکردن بە نەتوانینی گەیشتن بە پلە زانستییەکانیان، بەڵام ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئەم ئاینە بۆ نەوەیەك لە نەوەکان نەهاتووە کە زانا تەنها لە ناو ئەم نەوەیەدا دروست بکات و بەس، بەڵکو ئەمە ئاینێکە هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە تا بەرپابوونی ڕۆژی دوایی.

چەندین سەدە تێپەڕین بەسەر ئوممەتەدا و دەرنەدەچوون لە وتەی زانایانی پێشوو، ئەمەش گیانی شوێن پێهەڵگرتن و لاساییکردنەوەی بڵاوکردەوە، وایکرد هۆش چەقببەستێ لەسەر چەند بۆچوونێکی دیاریکراو و لێیان تێنەپەڕێت.

سەرباری ئەوەی داخستنی دەرگای کۆششکردن (إجتهاد) بووە تایبەتمەندی گشتی لە ناو ئوممەتدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایانێکی کۆششکار لە ناو ئوممەتدا

**هەبوون دژی ئەم هەڵبەستنە بوون بەناوی ئیسلام، خەڵکیان بەستەوە بە سەرچاوەی خواپەرستی (سروش) و چارەسەری کێشەکانی چەرخی خۆیان کردووە لە میانەی دەقە شەرعییەکان.**

**هۆکارەکانی داخستنی دەرگای کۆششکردن (إجتهاد) بۆ زۆری ئەو دەستە و پێرِو تاقمانە دەگەڕێتەوە کە دەقە شەرعییەکانیان بەگوێرەی هەواو ئارەزووی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ دەکرد، بۆیە لە پێناو ڕێگەگرتن لە بیانو دەرگای کۆششکردن داخرا، لەگەڵ هەستکردن بەوەی دەستگرتن بە کۆششەکانی زانایانی پێشوو بەسە، هەروەك حوکمڕانان هانی ئەم ئاڕاستەیەیاندا، چونکە دەتوانرێ زانا خواناسەکان دووربخرێنەوە و زانایانی دەسەڵات نزیك بکرێنەوە بەناوی قەدەغەکردنی کۆششکردن، هەر بۆیە حکومەتەکان پلەی فەتوادان و دەسەڵاتی شەرعی گشتییان قۆستەوە بۆ دووپاترکردنەوەی سیاسەتەکەیان و جێگیرکردنی سیستەمەکەیان.**

**داخستنی دەرگای کۆشش (إجتهاد) شوێنەواری مەزنی بەجێهێشت لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا، لەوانە:**

**یەکەم: چەقبەستوویی و دوورکەوتنەوە لە نوێسازی لە توێژینەوەی زانستە شەرعییەکاندا، ئەمەش کاریگەری کردە سەر ڕێبازو پەیڕەوەکانی خوێندن لە ناو ئوممەتدا، وایلێهات نەوەکان دیاردەی چەقبەستووییان دەگواستەوە، گەورە لەسەری پیر دەبوو، منداڵ لەسەر گەنج دەبوو، هەر بۆیە لە ناو پەیڕەوەکانی خوێندندا دیاردەی (پوختە و پەراوێز) سەریهەڵدا، کە توانای بیرکردنەوەو هەڵهێنجان و داهێنان و نوێسازی پەکخست، چونکە تەنها پش بە لەبەرکردن**

دەبەستێت، لەبەر ئەوەی خاوەن ڕێگەیەکی لاساییکەرەوەیە، سەرقاڵ بوون تێیدا زیاتر بە کردنەوەی نهێنی وشەکان دەبێ لەوەی بایەخ بدرێ بە پرسە توێژراوەکان و گەشەپێدانیان و لێکۆڵینەوەیان بەشێوەیەکی واقیعیانە.

نموونە لەسەر ئەمە کوڕی ئەبو زەیدی قەیرەوانی کتێبی (المدونة) پوخت کردەوە، دواتر بەرادعی هات و کتێبی (التهذیب)ی دانا، کە پوختەکراوەکەی کوڕی ئەبو زەیدی قەیرەوای پوختەکردەوە، پاشان ئیبن حاجب[١] هات پوختەکراوەکەی بەڕادعی کورت کردەوە، ئینجا خەلیل هات ئەویش پوختەکراوەکەی ئیبن حاجبی کورت کردەوە، پوختەکراوەکەی خەلیل گەڵێك کورت بووەوە، چونکە پوختەکراوی پوختەکراوی پوختەکراوەو بە دووبارەکردنەوەی زیادەکان بۆ سێ جار، وایلێهات پوختەکراوەکەی خەلیل بووە پشت پێبەستراو لە توێژینەوەو خوێندنی مەزهەبی پێشەوا مالیك لە مەغریبدا، حەجاوی لەبارەی پوختەکراوەکەی خەلیل دەڵێت: ((کەم و کورتی بە ڕەوانبێژیەکە گەیاندووە، خەریکە زۆربەی دەربڕینەکانی ببنە مەتەڵ))[٢].

کاتێك کتێب و دەقە پوختەکان نووسران ئەوا ڕاڤە و پەراوێزەکان هاتن، بۆ کردنەوەی نهێنی پوختەکراوەکان و سەرنج لەسەر دانی، چاککردنەوەی هەڵەکان

---

(١) باوکی عەمرو عوسمانی کوڕی عومەری جەمالەددینی کوڕی حاجب. باوکی دەرگەوان بوو بۆیە بەمە ناوی دەرکرد. شەرعزانێکی مالکییە، لە زانایانی زمانی عەرەبییە، بە ڕەچەڵەك کوردییە و لە ئەسنا (لە میصر) لە ساڵی ٥٧٠ك _ ١١٧٤ز لە دایك بووە. لە قاهیرە پێگەیشتووەو لە دیمەشق نیشتەجێ بووە. ساڵی ٦٤٦ك _ ١٢٤٩ز لە ئیسکەندەرییە مردووە. لە کتێبەکانی: (الكافية) لە ڕێزمانی عەرەبیدا، (الشافية) لە زانستی گەڕدانی وشەدا (الصرف)، (منتهى السول والأمل في علمي الأصول والجدل) لە زانستی بنەماکانی فیقهدا. الأعلام ٤/ ٢١١.

(٢) بڕوانە: الفكر السامي ٢/ ٣٩٢.

**((بەمەش درێژبڕی هاتە کایە، فیقهی ڕاستەقینە ونبوو، هەروەك زۆربەی کاتی خوێندن و توێژینەوە بەفیڕۆچوو لە کردنەوەی گرێ و قوفل و ڕوونکردنەوەی کورتبڕ))[١].**

**لە پاڵ سەرقاڵ بوون بە وشەکان و ونبوونی ئامانجی سەرەکی خوێندن، ئەوا عەقڵیەتی زانستی لەسەر یەك ئاڕاستە چەقی بەست، لەسەر ڕێگەیەکی بەرنامەدار وەستا کە شایستەی گەشەپێدان و نوێسازی نییە، ئەم چەقبەستوویيە هۆکاری ڕق لێبوونەوەیە لە شتی نوێ، خۆشنەویستنی گۆڕنکاری و لێترسانیەتی.**

**شێخ عەبدولحەمیدی کوڕی بادیس لە میانەی ڕەخنەگرتن لە ڕێگەی لاساییکەرەوە لە خوێندندا دەڵێت: ((تەنها هەڵساوین بە خوێندنەوەی لق و پۆپە فیقهییەکان بێ تێڕوانین، بە وشك و برشکی و بێ دانایی، لە پاڵ چەند دیوارێك لە وشەی کورتبڕ تەمەنەکان بەفیڕۆ دەدرێن پێش پێگەیشتنیان))[٢].**

**وایلێهات پوختەکراو و ڕاڤە و لێکدانەوەو پەڕاوێزو سەرنج و ڕوونکردنەوەکان و مۆڵەتە ڕووکارییەکان _ کە هیچ نرخێکی زانستی نییە، پڕە لە نەزانراو و نەناسراوەکان، لەسەر زنجیرەکەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بنیات نانرێ _ بوونە خەسڵەتی زاڵ لە دانراوەکاندا لە سەدەکانی دواییدا.**

**چەقبەستوویی زیاد بوو بە زیادبوونی نەزانی و نەخوێندەواری، لاوازبوونی ناوەند و پەیمانگە زانستییەکان، میراتگرتنی پۆست و پلەی زانستی وەك وانە وتنەوەو فەتوادان و پێشەوایەتی و وتاربێژی و دادوەری، ئەمە دیاردەیەکی**

---

**١) هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە.**

**٢) ابن باديس حياته وآثاره ١/ ١٠٨.**

نامۆیە، ژمارەیەکی زۆر کەسی نەفام و نەزانی داناوەتە پێگەی ڕێنوێنی کردن و فێرکردن و کارتێکردن[1].

بەم پەیڕەو و ڕێگانەی کە چەندین نەوە لە ناو ئوممەتدا لەسەری ڕۆیشتن، وایلێهات کۆششکردن و نوێسازی بووە شتێکی نامۆ و ڕەخنەلێگیراو و سەرزەنشتکراو، هەر لەبەر ئەمە چەقبەستوویی و پەنگخواردنەوە لە ناو ئوممەتدا جێگیر بوو و خراپە و ئاشووبەکەی لە ناو ئوممەتدا زیاد بوو.

دووەم: بڵاوبوونەوەی دەمارگیری مەزهەبی، لایەنگری تووندی هزری، لەسەر ئەمە دژایەتی ئاینی و جەنگی کاوڵکەرو شەڕی مەزهەبی دروست بوو، وایلێهات پەیمانگە و ناوەندەکانی خوێندن بوونە شانۆی ململانێ و ناکۆکییە مەزهەبییەکان، ((هەر یەکێك دەمارگیر بوو بۆ ئەو مەزهەبەی لەسەر پێگەیشتووە، هەموو تواناکەی لە پێناوی ئاینەکەیدا لەوەدا خەرج دەکرد بالادەستی مەزهەبی خۆی و شێخەکانی بەسەر مەزهەبەکانی تردا بچەسپێنێت، بچێتە ناو هەندێك جەنگەوە لە پێناو مەزهەبدا کە زۆربەی جار سنووری گفتوگۆو مشتومەڕ بە زمان تێدەپەڕێنێت بۆ لێکدان بە دەست و جەستە، پەرتەوازەیی و تاقمگەرایی لە نێوان خاوەن مەزهەبە جۆراو جۆرەکان بڵاببووەوە، تا ئەو ئاستەی یەکێکیان ڕەت دەکاتەوە نوێژ لە دوای پشەوایەك بکات جگە لە پێشنوێژکاری مەزهەبی خۆی، تەنانەت دەکرێ جەنگ لەگەڵ براکەی بکات لە نوێژدا، چونکە براکەی لە تەنیشت خۆیەوە دەبینێت دەستی بەرز دەکاتەوە یاخود دایدەنێتە سەر سینەی بە پێچەوانەی مەزهەبی ئەو، هەستیش دەکات کە جەنگ

[1]) بڕوانە چەندین گەواهیدەر لەسەر ئەمە لە: الإنحرافات العقدية والعلمية ٦٢٩ _ ٦٩١.

لەگەڵکردنی لەگەڵ براکەی لەسەر ئەوەی بەوشێوەیە ئیسلام پیادە دەکات خزمەتکردنە بە ئیسلام))[١].

لەم وەسفەدا هیچ زیادەڕەوییەك نییە، بەڵکو کار گەیشتۆتەوە لەوەش گەورەتر، بەوەی وتەی پێشەواکایان کردۆتە پەردە لە پێش فەرمایشتی خوای پایەبەرز، دەقە شەرعییەکانیان لەکارخستووە تەنها لە میانەی چەند نێوەندگیرێکی دیارکراو نەبن، کە پێشەواکانن، ئەمەش ئەوپەڕی پەکخستنی فەرمایشتی خوای مەزن و فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ).

وایلێهاتووە ئەوەی حوکمەکان لە قورئان و سوننەت وەردەگرێت دزێوە، تەنانەت کار گەیشتۆتە تەکفیر کردنی. ئەو هەموو چەقبەستوویی و وەستانە لە ئاست وتەی هەندێك لە شەرعزانان، ئەی ئەم نەوە چەقبەستووانە و بیر تەسکانە چی دەکات لەهەمبەر بابەتە تازە و هەنووکەییەکان کە گەشەی ژیانی سروشتی دەیانسەپێنێ؟.

ئەم بێ بەشکردنەی ڕای بەرامبەر، لەگەڵ ئەوەی تێگەیشتن ئەو بۆچوونە پەسەند دەکات، ئەوا وای لە عەقلی ئیسلامی کرد _ لە زۆری هەرە زۆردا _ بوەستێت لە ئاست یەك بۆچوون و پێی وابێت هەر ئەمە ڕاستە و ئەوەی تریان هەڵەیە؛ ئەمەش گیانی لێبوردەیی و برایەتی ئیمانی لەناوبرد، بەمەش جیاوازییەکی بێزلێکراو و دزێوی هێنایە ئاراوە کە زانست و زانین تێکدەشکێنێ، گەشە و فراوانی زیاد ناکات.

---

[١]) بڕوانە: واقعنا المعاصر ١٧٦. و الإنحرافتا العقدية والعلمية ٦٩٣ ولاپەڕەکانی دواتر.

سێیەم: هەڵوێستی نەرێنی لەهەمبەر نوێسازی، بەرهەڵستی کردنی بزوتنەوەو هزرە نوێخوازییەکان کە لاساییکردنەوەو چەقبەستووی فڕێدەدەن، بانگەوازی دەکەن بۆ ئاسۆ فراوانی هزرو بیری ئازاد کە لە قورئان و سوننەت سەرچاوەی گرتووە.

هەر بۆیە دەوڵەتی عوسمانی هەڵوێستێکی نەرێنی هەبوو لە هەمبەر بانگەوازی پێشەوا محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب[1] و زانای بلیمەت شەوکانی[2] و شێخ ئالوسی و جگەلەوانیش، چونکە زانایانی دەوڵەت بە تەواوی پشتیان دەبەست بە مەزهەبی حەنەفی، ئەم مەزهەبە لە هەموو مەزهەبان زیاتر ڕێگە لە کۆششکردن دەگرێت و دەمارگیرترە، لە هەموو مەزهەبەکان دوورترە لە واقیعی بوون، چونکە گریمانەی زۆر تێدایە، شتەکە خراپتر بوو کە پشتیان بەست بە مەزهەبی ماتوریدی کەلامی لە بیروباوەڕدا، هەروەها بە تەصەوفی زیادەڕۆچوو لە بواری هەڵسوکەوتدا.

ئەم سێ شتانە: (لاساییکردنەوە، کەلام، تەصەوف) بە توونـدی دەروازەی لەباربوونی کاری نوێسازی داخست لە ناو ئەنجومەنی باڵای زانستی و دەسەڵاتی سیاسی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی.

---

(١) دوو کتێبم وەرگێڕاون لەبارەی بانگەوازی وەهابیەت، یەکەمیان بەناوی (محەممەد عەبدولوەهاب بانگخوازە و پێغەمبەر نییە)، دووەمیان: (تەوژمی فیکری سیاسی وەهابی). (وەرگێڕ).

(٢) محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی محەممەدی شەوکانی، شەرعزانێکی کۆششکار بوو، لە زانا مەزنەکانی یەمەن بوو، لە خەڵکی صەنعایە، لە شەوکان لە دایك بووە لە ناوچەکانی خەولان لە ساڵی ١١٧٣ك ـ ١٧٦٠ز، لە صەنعا پێگەیشتووەو دادوەری ئەوێی لە ئەستۆگرتووە، لە کاتێکدا دادوەری ئەوێ بوو کۆچی دوایی کرد، پێی وابوو لاساییکردنەوە حەرامە، ١١٤ دانراوی هەیە، لەوانی: ((نیل الأوطار من أسرار منتقى الأخبار)) و ((فتح القدير)) و ((إرشاد الفحول)). الأعلام ٦/ ٢٩٨.

ئەم هەڵوێستە دوژمنکارانە لە هەمبەر کۆششکردن و نوێسازی شوێنەواری گەورەی هەبوو لە واقیعی هاوچەرخ لە دوای ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆرئاوای هاوچەرخ و پێشکەوتوو، لە شوێنەواەکانی دژایەتی کردنی کۆششکردن و نوێسازی:

١_ بەردەوام بوونی حوکم کردن بە ڕێگەی حوکمڕانی پشتاوپشتی میراتگری خۆسەپێن، بێ گەڕانەوە بۆ ئوممەت لەوەی تایبەتە بە ئەو، دانەنانی ڕاوێژ وەك بنچینەی حوکمڕانی، ئەمەش وایکرد بارودۆخ بسازێ بۆ دەستدرێژی و ستەم، خەلیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتادا تێکۆشەر بوون و وەسفی (خۆسەپێنی دادگەر)یان بەسەردا دەچەسپا، بەڵام تێکۆشانیان بەرەو لاوازی ڕۆیشت لەگەڵ لاوازی دەوڵەت، چونکە سیستەمی حوکمڕانی ڕاست نەکرایەوە بۆ ئەوەی دەستەبەری بەردەوام بوونی دادگەری و قەدەغەکردنی ئامرازو هۆکارەکانی ستەم بکات.

نوێسازی سیاسی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی _ بەلایەنی کەمەوە _ پێویست بوو، چونکە بارودۆخی جیهانی ئەمەی دەسەپاند، هاوچەرخەکانی عوسمانیەکان لە پاشا و حوکمڕانانی خۆرئاوا تەختەکانیان لەرزی گرتبوو لە ژێر چەکوژی بانگەوازەکانی نوێسازی و داواکردنی بەشداربوون لە حوکمڕانیدا، ئاواتی گەل لە دەستنیشانکردنی کاربەدەستاندا، دەبوایە دەوڵەتی عوسمانی پەندی وەرگرتبا لەمە و ڕێگەی بگرتایە لە بانگخوازانی خۆرئاواخواز بە گەڕانەوە بۆ بنەما ڕۆشنەکانی ئیسلام[1].

---

(1) بڕوانە: العلمانية ٥١١.

**بەڵام پەروەردەی هزری چەقبەستوو کە زانا و حوکمڕانان لەسەری پێگەیشتبوون، ڕێگەی لە دەوڵەت گرت لە بنیاتنانی پرۆژەیەکی سیاسی چاکسازی کە پشت ببەستێت بە قورئان و سوننەت لە ئامانج و ئامرازدا تا ببێتە نموونەیەکی جیهانی کە گەلان شوێن پێی هەڵبگرن.**

**ئەم قەبەستوویی و کەم و کورتییە هزررییە لە ڕۆیشتن لەگەڵ واقیع و ڕووداوە نوێیەکان دەرەنجامی داخستنی دەرگای کۆششکردن و بۆچوونی سەرلێشێواوانە بوو، کە وایکرد هزری زیندووی ئوممەت وشك و ڕەق و مەنگ بێت و نەڕوات لەگەڵ کاروانی نوێسازی و پێشکەوتن کە خوا لە بوونەوەردا دایناوە.**

**غەزالی دەڵێت: ((لەگەڵ ئەوەی کات ناوەستێت، لەگەڵ ئەوەی شت بۆ خەڵك دێنە پێش و ڕوودەدەن بە ئەندازەی ئەو شتە دزێوانەی دایدەهێنن، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی دەچێتە قۆناغی جیاوازەوە لەلایەنی پەیوەندی نێودەوڵەتی و بارودۆخی کارگێڕی و ئابووری و سیاسی، لەگەڵ پێویستی مانەوەی ئایین بەشێوەیەکی زاڵبوو بەسەر ئاڕاستەکردنی کاروانی ڕۆیشتن، لەگەڵ هەموو ئەمانە ئەوا بیرکردنەوەی فیقهی ئیسلامی لە زۆربەی بوارەکانی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتدا وەستاوە ئەگەر لە هەموو گۆڕەپانەکانی چەقی نەبەستبێت، دەرگاکانی کۆششکردن داخراون لەوەتەی چەند سەدەیەکەوەیە، تا لە کۆتاییدا لە ژێر فشاری پێویستییە زۆرەکان دەرگاکەی شکا، ئەم شکانەش ئاژاوەی لەگەڵ بەرپا بوو لە تێگەیشتن و جێبەجێکردندا))[1].**

---

[1] الإسلام والطاقات المعطلة ٩٨.

سەدەی هەژدەم و نۆزدەمی زاینی هەڵکشانی لیبڕالییەتی بەخۆوە بینی لە ئەوڕوپا، توانی بگاتە سەر تەختی حوکمڕانی لە زۆربەی کیشوەری ئەوڕوپادا، تووندی پەیوەندی نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی زیاد بوو، دەرکەوتنی نیشانەکانی سەرسام بوون بە خۆرئاوا و دەستکەوتە شارستانیەتەکانی دەستی پێکرد، لە بەردەم ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا زانایانی کەلام و تەصەوف دەستەوەسان وەستان لەوەی هەڵبستن بە ئەنجامدانی بزوتنەوەیەکی نوێسازی، بەرپاکردنی کاری چاکسازی گشتگیر لە ناو ئوممەتدا، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دوانگە و مینبەرو ڕێنماییکردن و کارتێکردن بوون، پەیوەندی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی و کاربەدەستە هەرێمییەکانی، بەڵام کەم و کورتی بیروباوەڕی و پەیوەست بوون بە دونیاوەو پەروەردەی هزری چەقبەستوو زۆرترین کاریگەری هەبوو لە کۆت و بەندکردنیان و بەستنەوەیان لە ئاست نوێسازی و چاکسازی.

ئەمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت بە تواناترین خەڵکن لەسەر کۆششکردن و نوێسازی لە گۆشەنیگای سروشی خوایی، ئەمەش ئەگەر هاتوو پابەندبوون بە سوننەت و جەماعەتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نەك بە بانگەشە.

٢_ دەرکەوتنی بانگەوازی نوێسازی و چاکسازی لەسەر دەستی بانگخوازانی خۆرئاواخواز، ئەمەش لەبەر ئەوەی زانا و حوکمڕانەکانی دەوڵەتی عوسمانی وازیانهێنابوو لە نوێسازی و چاکسازی بەشێوەی شەرعی، چونکە ئەگەر پرۆژەیەکی گشتگیری چاکسازی لەلایەن زانا و حوکمڕانە عوسمانییەکان هەبووبا ئەوا بانگخوازانی خۆرئاواخواز هیچ بەڵگە و پاساوێکیان نەدەبوو لە داواکردنی

**چاکسازی بەپێی نموونەی خۆرئاوایی، بەڵام چاکسازی پێویست بوو، گۆڕەپانەکەش چۆڵ بوو، بۆیە وتەی ئەو خۆرئاواخوازانە کاریگەریان هەبوو لە ناو ئوممەتدا، وایلێهات ئەوان بوونە ((بانگخوازانی نوێسازی)) و ((ئەستێرەی چاکسازی)).**

**ئەم پرۆسەیەی کە گوایە چاکسازییە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا دەستی پێکرد لە میانەی ڕێکخستنی کارگێڕی لە دەوڵەتدا، ئەم ڕێکخستنانە لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان وەرگیران، سەرەتا بە ڕێکخستنی لەشکر دەستی پێکرد، دواتر چاکسازی کردن لە دەزگای کارگێڕی و زانستیدا، هەروەك چۆن سیستەمی حوکم چاککرا بەپێی ڕێگەی خۆرئاوایی و ئەمەش لە میانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو و دەستوورێکی نووسراو و جگەلەوانەش.**

**ڕەخنەکە ئاڕاستەی خودی چاکسازییەکە ناکرێ، چاکسازی داوایەکی ڕەوایە، هەروەها ڕەخنەکە ئاڕاستەی ڕێکخسنی لەشکرو دەزگای کارگێڕی و بوونی ئەنجومەنی نوێنەران یان دەستتورێکی نووسراویش ناکرێ، بەڵکو ئاڕاستەی ئەوە دەکرێ کە ئەم چاکسازییە کارو بەرهەمێکی خودی لە دەرەنجامی داهێنانی عەقڵیەتی عوسمانی نەبوو، پشتی نەبەستبوو بە شەریعەتی ئیسلامی، بەڵکو پرۆسەیەك بوو بەرهەمی فشاری شارستانی بوو، هەروەها بەهۆی کاریگەربوون بوو بە لیبڕالییەتی ئەوروپا، ئەم چاکسازییە لەسەر دەستی کەسانی نا ئەمیندار ئەنجامدرا، هەر بۆیە ئەوەی ناوبرا بە پرۆسەی چاکسازی دەرەنجامی کارەساتباری لێکەوتەوە کە سەریکێشا بۆ جێبەجێکردنی نموونەی لیبڕالی عەلمانی لە حوکمڕانیدا، ڕەتکردنەوەی کارکردن بە شەریعەتی ئیسلامی، چەندین لادانی تریش بەهۆی ئەمەوە ڕوویاندا کە موسڵمانان تا ئەمڕۆش بە ئاگرەکەی دەسووتێن.**

**بەمە دەزانین کە چەقبەستوویی و لاساییکردنەوە لە دیارترین هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەتن لە ناو جیهانی ئیسلامیدا، چونکە وایکرد ئوممەت گرنگترین پاڵپشتی خۆی لە دەست بدات کە هۆکاری شایستەبوونیەتی بۆ هەموو کات و سەردەمێك ئەویش کۆششکردن و نوێسازییە، کە وادەکات ئوممەت جوڵاو و زیندوو بێ و ڕووبەڕووی شتە هەنووکەییەکان و بارودۆخە پێشکەوتووەکان ببێتەوە بە پەیڕەو و بەرنامەی ئیسلامی ڕێنوێنی کراو کە دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننەت.**

## چوارەم: هێزی داگیرکەرەکان:

**دوژمنایەتییە قوڵەکەی نێوان ئەورووپای نەصرانی و وڵاتانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاینی، قورئانی پیرۆزو مێژوو و واقیع دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە، خوای پایەبەرز دەفەرموێت:** ﴿ وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴿١٢٠﴾ ﴾ البقرة. **واتە: (هەرگیز جولەکە و گاورەکان لە تۆ ـ ئەی محەممەد** (ﷺ)، **ئەی ئیماندار ـ ڕازی نابن، هەتا بە تەواوی شوێن ئایین و بەرنامەیان نەکەویت). هەروەها:** ﴿ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ﴿٢١٧﴾ ﴾ البقرة. **واتە: (بێگومان بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتا واتان لێبکەن لە دین و ئاینتان پاشگەز ببنەوە، ئەگەر بۆیان بکرێت). هەر بۆیە جەنگی خاچهەڵگرەکان هەڵگیرساون لە کۆن و نوێدا.**

**کاتێك ئەورووپا وازی هێنا لە ئاینی نەصرانی وەك ئاینێکی لاهوتی، دەستی گرت بە لیبڕالییەتی ماددی عەلمانی ئەوا گیانی دەمارگیری نەصرانیەتی هەر**

**لەگەڵ مایەوە، ئەمەش ڕاڤەی هەڵسوکەوتی ئەوڕوپای خاچپەروەر دەکات لەگەڵ جیهانی ئیسلامی، هەر چەندە وڵاتانی ئەوڕوپا دەوڵەتی عەلمانی خوانەناسی ماددین.**

**مامۆستا محەممەد ئەسەد[1] لەبارەی جەنگی خاچهەلگرەکانەوە دەڵێت: ((جەنگی خاچهەلگرەکان ڕوویدا لە میانەی ساوایی ئەوڕوپا لەو کاتەی خاسیەتە ڕۆشنبیرییەکان تێیدا دەستیان بە خۆ نواندن دەکرد، هێشتا لە قۆناغی دروست بووندا بوو. گەلانیش وەك تاکە کەس وان، ئەگەر وا دامانئا کارتێکەرە تووندەکان کە لە سەرەتای تەمەنی ساواییدا ڕوودەدەن بەردەوام دەبن بە درێژایی ژیان چ بە شاراوەیی یان بە ئاشکرا، ئەم کارتێکەرانە بەشێوەیەکی قوڵ هەڵدەکەندرێن لە ناخدا بەشێوەیەك کە تاقیکردنەوەو ئەزموونە عەقڵییەکان لە قۆناغەکانی دواتری ژیان کە تایبەتمەندە بە بیرکردنەوە زیاتر لە سۆزداری ناتوانێت بیسرێتەوە مەگەر بە زەحمەت نەبێت، تەنانەت زۆر دەگمەنە شوێنەوارەکانی لە ناوبرێن))[2]، ((جەنگی خاچهەلگرەکان هەمان شتی هەبوو، کاریگەرییەکی قوڵی بەجێهێشت لە دەروونی گەلانی ئەوڕوپیدا، دەمارگیری نەفامی گشتی کە ئەو جەنگانە لە سەردەمی خۆیاندا ورووژاندیان ناکرێت بەراورد بکرێت بە هیچ شتێکی تر لەو کات لە ئەوڕوپا و دواتریش هیچ شتێك لە ئەوڕوپا ئەوەی بۆ ڕێك نەکەوتووە ئەو جۆرە کاریگەرییەی هەبێ، شەپۆلێکی هەڵسانەوە لاشەی کیشوەرەکەی داگرت، _ لە کاتێکی کەمتردا _ کە لە هەڕەتی لاویدا بوو سنووری**

---

**[1]** خۆرهەڵاتناسێکی نەمساویە، بە (لیوبولد فایس) ناسراوە، خوا بەرەو ئیسلام ڕێنوێنی کرد، بە جوانی موسڵمان بوو، چەندین کتێبی لەبارەی ئیسلام و بەرگری لێکردنی نووسیووە، لە دوای موسڵمانبوونی ناوی لە خۆنا (محەممەد ئەسەد). بڕوانە: المخططات الإستعمارية لمكافحة الإسلام ٩١.

**[2]** الإسلام على مفترق الطرق ٥٥.

نێوان وڵاتانی ئەورووپا و هێڵی نێوان گەلان و چینەکانی بڕی، ئەمە تەنها ئەو کاتە ڕوویدا و ڕێکەوت، بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەورووپادا یەکێتی لە خودی خۆیدا بەدی بکات، بەڵام ئەمە یەکێتیەك بوو لە هەمبەر جیهانی ئیسلامی، دەکرێ بێ زیادەڕەوی کردن بڵێین: ئەورووپا لە گیانی جەنگە خاچهەڵگرەکانەوە لە دایك بوو))[١].

ئەورووپای هاوچەرخ بەرهەمی ئەم گیانە خاچهەڵگرەیە، هەموو خۆرئاوا گەڕایەوە بۆ ئایین وەك دەمارگیرییەکی دەروونی لەگەڵ مانەوەی لەسەر لیبرالییەتی عەلمانی، ئەمڕۆ ئێمە گیانی دەمارگیری ئاینی لەلای سەرکردە خۆرئاواییەکان دەبینین، کە چۆن پاڵپشتی دامەزراوەو ڕێکخراوە بنەماگەراکانی خۆیان دەکەن. هەروەها چۆن ڕووداوە هاوچەرخ و هەنووکەیی و ئایندەییەکان دەبەستنەوە بە کتێبی پیرۆز، پێیان وایە ئایین پێکهێنەرێکی سەرەکییە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پرسە نێودەوڵەتییەکان، لەو کاتەی کە هێشتان خۆرئاوا دەستگرە بە هزری لیبرالییەتی عەلمانیەوە[٢].

سەرەتای یەکەمی داگیرکردن خۆی دەبینیەوە لە بزوتنەوەی دۆزینەوەی جوگرافی، کە پۆشاکی زانست و دۆزینەوە لەبەرکردبوو، لەگەڵ ئەمە هەڵمەتی سەربازی دەستی پێکرد کە ئامانجی پاکسازی بوونی ئیسلامی بوو لە ئەندەلوس.

---

(١) هەمان سەرچاوە ٥٥ _ ٥٦.

(٢) بڕوانە: البعد الديني في السياسة الأمريكية (يوسف الحسن).

پێشەنگی داگیرکردن لە گیانی خاچهەڵگری ڤین لە دڵ دژ بە ئیسلام دەستی پێکرد، ئەمەش خۆی نواند لە وتاری پاپا (نیکۆلای پێنجەم) دەربارەی لێدانی موسڵمانان و لەناوبردنی ئیسلام.

لە ساڵی ١٤٥٤ز نووسراوێکی فەرمی پاپایی نارد بۆ پاشای پرتوگال کە ناسراو بوو بە (پلانی هیند) ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە دانان و ئامادەکردنی هەڵمەتێکی خاچهەڵگری کۆتایی، دوای ئەوەی دۆزینەوە پرتوگالییەکان ئامانجی خۆیان دەستخست، پاشاکان بەشدار بن لە پاڵپشتی و یارمەتیدانی ئەم هەڵمەتە بە پارەو پیاو، بەمەش وڵاتانی موسڵمانان گەمارۆ دەدرێن[1].

وتەی سەرکردەی پرتوگالی (بوکرك) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٥١١ز بەر لە داگیرکردنی مەلەگا کە بە سەربازەکانی وت:

((باشترین خزمەتە بۆ تێکشکانی شکۆی ئیسلام، بەشێوەیەك کە بەم کارەمان لەمڕۆ بەدواوە هیچ کۆڵەگەیەکی نامێنێت، من دڵنیام ئەگەر بەهاراتمان لە دەستی عەرەب دەرهێنا، ئەوا کاوڵ بوون قاهیرە و مەککە لە باوەش دەگرێت و بازرگانی بوندوقییەش لەگەڵ عەرەبەکان دەوەستێت))[2].

ئەم دۆزینەوە جوگرافیانە _ لەگەڵ هۆکارەکانی تر _ کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆرئاوا، بەوەی چینی ناوەند دەرکەوت، لەسەر دەستی ئەم چینەش لیبڕالییەت دروست بوو، هەر لەسەر دەستی

(١) بڕوانە: أوروبا في مطلع العصر الحديث ٦١.
(٢) الإسلام والحضارة ٦٥.

درێژەپێدەرانی لیبڕالییەت (سەرمایەداران) لە سەدەی نۆزدەمدا پرۆسەی داگیرکاری بەشێوەیەکی هاوچەرخ ڕووی لە وڵاتانی ئیسلامی کرد.

ناکرێ ئاماژە نەکەین بە ڕاستییەکی گرنگ کە بریتییە لە ڕێکەوتنی مێژوویی نێوان جولەکەکان و خاچهەڵگرەکان لەسەر وەستان دژ بە ئیسلام، بۆ داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی، گۆڕینی بیروباوەڕو داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی.

ئەم ڕێککەوتنە دەرەنجامی وەرچەرخانە گەورەکە بوو کە لە ئەوروپا ڕوویدا، بەهۆیەوە سەردەمی دەرەبەگایەتی و هزرو بیروباوەڕەکەی کۆتایی هات، هەروەها لە میانەی ئازادی ئابووریدا جولەکە زاڵ بوو بەسەر ئابووری کۆمەڵگەی ئەوروپی، جا لەلایەنی سیاسییەوە جولەکەکان بوونە خاوەن کاریگەری سیاسی بەهێز بەهۆی ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندیان دەستخست، بوونە خاوەنی سەرمایەش کە گەورەترین کارتێکەرە لە گەمەی دیموکراسیدا، هەر بۆیە سیاسەتمەدار خۆرئاواییەکان لە جولەکەکان دەترسێن، حەزیان لە بەدەستهێنانی خۆشەویستی ئەوانە، سورن لەسەر ڕازی کردنیان.

ئەم ڕێککەوتنە کۆڕبەندی مەسکونی لێکەوتەوە لە ساڵی ١٩٦٤ز، تیایدا بڕیاردرا ((جولەکەکان پاکن لە ڕژاندنی خوێنی عیسا))، بەمەش پلانی کار یەکی گرت و نەخشەکەی جولەکە و خاچهەڵگرەکان هاوبەش بوو، دەوڵەتە ئەوروپییە سەرمایەدارەکان ئەوەیان خستە ئەستۆی خۆیان کە هەڵبستن بە خزمەتکردنی جولەکەکان و ئامانجەکانیان، بەهۆی بەهێزی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپی هاوچەرخ.

**بایەخ پێدانی خۆرئاوای خاچهەڵگر زیاتر بوو بە وەستان لە ڕیزی جولەکە دوای هەڵکشانی ڕەوتی بنەماگەرای ئینجیلی، هەروەها زیاتر بوونی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و کارتێکردن لە سەرکردەکان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی و ئاراستە سیاسییەکانی ناو دامەزراوەکان.**

**ئەم بنەماگەرا خاچهەڵگرە نەصرانیە پاڵپشتی کردنی جولەکە لە داگیرکردنی فەڵەستین بە ئامانجێکی ستراتیژی دادەنێ؛ چونکە بیروباوەڕیان وایە هاتنە خوارەوەی عیسا** (سڵاوی خوای لێبێت) **لە دوای کۆبوونەوەی جولەکەکان دەبێ لە فەڵەستین.**

**بەمەش جەخت لەسەر خوێن و گۆشتی خۆرئاوایی و هاریکاری هاوبەشی نێوان جولەکایەتی و نەصرانیەت کرایەوە لە دژی ئیسلام و موسڵمانان.**

**داگیرکەری هاوچەرخ بەوە تایبەتمەند بوو کە هەڵسا بە داگیرکردنی وڵاتانی موسڵمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دژی سەروەت و سامانەکەی، تاڵانکردنی خێرو بێرەکانی لەگەڵ دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ئەم وڵاتانە تا لە دوای دەرچوونی داگیرکەریش هەر لە ژێر فشاری ئەودا بمێنێتەوە، داگیرکردنی ڕاستەوخۆ پێویستی بە پارە و پیاو و زەخیرەی گەڵێك زۆرە، ئەم تێچووە دەکەوێتەی سەر باجدەر (هاوڵاتی خۆرئاوایی)، سوودەکانی تاڵانکاری سەرمایەداران و هاوڵاتی خۆرئاوایی ناکرێ قوربانیەکانی لە دەستدان و زیانی داگیرکردنە قبوڵ بکەن، ئەمەش وایکردووە کە حکومەتە داگیرکەرەکان دڵنیا بوونە کە داگیرکاری بەردەوام نامێنێتەوە، سەرباری ڕۆڵی بزوتنەوە تێکۆشەرەکانی**

دژی داگیرکەران، جا ئەم پلانە داریژرا بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی وڵاتانی ئیسلامی لە ژێر سایەی داگیرکردنی ناڕاستەوخۆ.

بنچینەی ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ قەشە لویسی پاشای فەڕەنسا و سەرکردەی هەڵمەتی دووەمی خاچهەڵگران کە تێکشکا و بە دیل گیرا لە مەنصورە و دواتر بە پارە خۆی ڕزگارکردن، گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی تا ڕێگەیەکی نوێ لە بیرکردنەوە دابنێ سەبارەت بە کێشەکە.

مێژوونووسانی خۆرئاوا و لە سەروشیانەوە ((جوانفیل))[1] کە هاودەمی لویسی نۆیەمی کرد دەڵێن: ((مانەوەکەی لە بەندیخانە بە تەنیا لە مەنصورە هەلێکی ئارامی بۆ هەڵڕەخساند بۆ ئەوەی بە قوڵی بیربکاتەوە لەو سیاسەتەی باشترە خۆرئاوا پیادەی بکات لە هەمبەر عەرەبە موسڵمانەکان))[2].

خەسڵەت و نیشانەکانی سیاسەتە تازەکەی و ئاڕاستە و بنچینەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم: گۆڕینی هەڵمەتە خاچهەڵگرە سەربازییەکان بۆ هەڵمەتی خاچهەڵگری ئاشتیانە، کە خاوەنی هەمان ئامانج بن، جیاوازی نییە لە نێوان دوو هەڵمەتەکە تەنها لە جۆری ئەو چەکە نەبێ کە لە جەنگەکەدا بەکاردێت...

---

(١) شارب جوانفیل، چاکسازێکی ئینگلیزییە و یەکێکە لە بیانگخوازانی ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی، ساڵی ١٧٣٠ز لە دایك بووە، سەرکەوتوو بوو لە جێگیرکردنی بنەمای بەدەستهێنانی کۆمەڵگەیەك بۆ ڕەش پێستەکان لە سیرالیون، کۆمەڵەیەکی دانا بۆ کتێبی پیرۆز، بایەخی داوە بە چاکسازییەکان، لە ساڵی ١٨١٣ز مردووە. موسوعة عظماء ومشاهیر ٨٢.

(٢) وەرگیراوە لە: معرکة المصحف ٢٠٤.

دووەم: بە سەربازکردنی بانگخوازە خۆرئاواییەکان لە جەنگێکی ئاشتیانەدا بۆ دژایەتی کردنی ڕێنماییەکانی ئیسلام، بەرهەڵستی کردنی بڵاوبوونەوەی، دواتر زاڵ بوون بەسەریدا لە ڕووی مەعنەوییەوە، دانانی ئەم سەربازە بانگخوازانە لەو جەنگانەدا بە سەربازی خۆرئاوا.

سێیەم: کارکردن لەسەر بەکارهێنانی مەسیحییەکانی خۆرهەڵات لە جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆرئاوا.

چوارەم: کارکردن لەسەر دروستکردنی بنچینەیەك بۆ خۆرئاوا لە ناو جەرگەی خۆرهەڵاتی عەرەبی، تا خۆرئاوا بیکاتە خاڵی کۆگیری خۆی، بیکاتە ناوەندێك بۆ هێزە سەربازییەکانی و بانگەوازە سیاسی و ئاینیەکەی، لەوەوە دەکرێ ئیسلام گەمارۆ بدرێ و هەڵی بکوترێتەسەری هەر کاتێك هەل و فرسەت فەراهەم بوون بۆ هێرش کردنەسەری[1].

هێزی داگیرکەری نوێ بە پاڵنەرە جولەکایەتی و خاچهەڵگرایەتیەکەی و هاندانی لیبڕالییەکان هەنگاوی نا بۆ تاڵان کردنی سەروەتی گەلانی تر بەپێی ((پلانی تازە))، هەنگاوی کرداری لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم بوو، لە ڕێگەی کۆمپانیای هیندی هۆڵەندی لە ساڵی ١٦٠٢ز، بەوەی هۆڵەندا دەستی گرت بەسەر ئیندۆنیسیا، پاشان بەریتانیا هیندی داگیرکرد لە ساڵی ١٨٥٧ز، لە ساڵی ١٧٩٨ز فەرەنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپەرت دەستی گرت بەسەر میصردا، بەڵام دوای سێ ساڵ میصر لە ژێر باری داگیرکردندا دەرچوو[2].

---

(١) بڕوانە: العلمانية ٥٣٦.

(٢) بڕوانە: الفكر الإسلامي الحديث و صلته بالإستعمار الغربي ٢٩.

ئەوەی سەرەنجڕاکێشە ئەوەیە کە داگیرکردنەکە لەسەرەتادا لەسەر دەستی کۆمپانیای تایبەتی بوو، کۆمپانیای خۆرهەڵاتی هیند وڵاتی هیندی داگیرکرد، دوای ئەوەی شاژنی بەریتانیا (ئیلیزابیسی یەکەم)[1] ماف و جیاوکێکی پێدا لە ساڵی ١٦٠٠ز سەبارەت بە بازرگانی کردن لە هیند، دواتر شتەکە زۆری نەخایەند بووە داگیرکردن، دواتر بە فەرمی حوکم لە ساڵی ١٨٥٧ز لە هیند گواسترایەوە بۆ دەستی بەریتانیەکان[2].

دەبینین داگیرکردنی هاوچەرخ پەیوەستە بە هەڵشکانی لیبڕالییەت بۆ سەر تەختی حوکمڕانی لە دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا، جا هۆڵەندا و بەریتانیا بە سەد ساڵ پێش فەرەنسا حوکمیان بە ڕێبازی لیبڕالییەت دەکرد، هەر بۆیە داگیرکردن سەرەتا لەسەر دەستی بەریتانیا لە پێش فەرەنسا دەستی پێکرد، دواتر فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ز دەستی پێکرد.

لیبڕالییە جەنگاوەرەکان کاریان کرد بە وەسیەتی لویسی نۆیەم بە هۆشیارییەکی تەواو، زانیاریەکی کامڵ، (جەلاد ستۆن) سەرکردەی حیزبی ئازادیخوازی بەریتانی[3] و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەرامبەر ئەنجومەنی

---

(1) ئیلیزابیسی یەکەم، شاژنی ئینگەلتەرا، کچی هینری هەشتەم لە ئان بۆڵین، ساڵی ١٥٣٣ز لە دایك بووە، سەردەمی ئەو بە یەکێك لە گەشاوەترین سەردەمەکانی مێژووی بەریتانیا دادەنرێت، سەردەمی ئەو سەردەمی فراوانخوازی بەریتانی بوو لە دەریاکاندا، هەروەها سەردەمی ڕابوونی ئەدەبی ئینگلیزی و گەشەسەندنی بوو، پایەکانی پرۆستانیەتی جێگیرکرد، بەڵام زۆر توندی نەنواند دژی کاسۆلیکی، وازی لە مێردکردن هێنا و هەموو ژیانی بە بێ مێردی بەرێکرد، ساڵی ١٦٠٣ز مرد.معجم أعلام المورد ٦٤.

(2) بڕوانە: الفكر الإسلامي الحديث و صلته بالإستعمار الغربي ٢٩.

(3) حیزبێکی لیبراڵییە بە واتای زاراوەییەکەی، یەکەم حیزبی لیبڕالی بوو کە لە بەریتانیا بگاتە تەختی دەسەڵات.

**گشتیدا لە کاتی قسەکردنی لەسەر پلانە داگیرکارییەکەی ڕاشکاوانە وتی: ((مادەم ئەم قورئانە لە ناو دەستی موسڵماناندا هەیە، ئەوا ئەوروپا ناتوانێت زاڵبێت بەسەر خۆرهەڵاتدا، خۆشی پارێزراو نابێت))[1].**

**ناپلیۆن فێڵی لە موسڵمانان کرد لە میسرِ، ڕایگەیاند کە ئەو موسڵمانە و ناوی لە خۆنا محەممەد، ئامادەی جێگەی یاد و زیکر دەبوو و پۆشاکی زانا و صۆفییەکانی لەبەر دەکرد.**

**داگیرکردن هۆکاری ڕاستەوخۆ بوو بۆ هاتنە ناوەوەی لیبڕالییەت بۆ ناو وڵاتانی ئیسلامی، جا لەگەڵ هاتنی هەڵسا بە ڕەتکردنەوەو دوورخستنەوەی شەریعەتی ئیسلامی لە حوکمڕانی، حوکمڕانی ڕێکخست بە ڕێگەی لیبڕالییەتی باوی ئەوروپا، حوکمی کردە نوێنەرایەتی (پەرلەمانی)، هەروەك _ بەهەمان شێوە _ عەقڵی ڕووتی کردە تاکە سەرچاوەی لە دانانی دەستوورو کردنەوەی بواری ئازادییە کەسییە ڕەهاکان، گەشەی بە چینی ناوەنددا و بواری بەرهەم هێنانی بۆ کردەوە بە ئازادی و بێ کۆت و بەند.**

**هێزی داگیرکەری خۆرئاوایی هەڵسا بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی موسڵمان، دووبارە داڕشتنەوەی لەسەر بنچینەی لیبڕالی، بەم پێیە ئەم داگیرکردنە هۆکاری هەرە بەهێز بوو لە دەرخستنی لیبڕالییەت لە ناو جیهانی ئیسلامیدا، هەروەها لیبڕالییەتی کردە پرسێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە خەڵك وەك واقیعێکی کرداری تێیدا دەژیان.**

---

**[1]) بڕوانە: قادة الغرب يقولون ٣٨.**

**ئەمە ڕووی نەدەدا ئەگەر گونجانی خودی و لاوازی بەرگری و هۆکارەکانی تر نەبووبان کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا.**

**لیبڕالییەتی عەرەبی بەرهەمێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو هزرو بیرێکی بیانیە هێزی داگیرکەر سەپاندی، هەندێکی کەس بەهۆی ئەوەی لەلایەنی هزری یان ڕەوشتی کەم و کورتیان هەبوو ئەمەیان قبوڵ کرد، لەبەر ئەمە هزری لیبڕالی عەرەبی لە هزرێکی دووبارە بووەوەو لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی شارستانیەتی خۆرئاوا دەرنەچوو.**

**دەکرێ لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژە بکرێ بە هەوڵ و کۆششی هێزی داگیرکەر سەبارەت بە سەپاندنی لیبڕالییەت لە ناو جیهانی ئیسلامیدا:**

**أ_ ڕەتکردنەوەی حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلامی، دانانی یاسا دەستکردەکان لە شوێنیدا، ئەمەش لە میانەی حکومەتێکی نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دەستووری لەسەر شێوەی خۆرئاوایی، ئەمە ئەنجامدرا لە تورکیا لە دوای ڕووخانی خەلافەت لەسەر دەستی کەماڵ ئەتاتورك، هەروەها لە میصرِ دوای ئەوەی ئینگلیز نموونەی پاشایەتی دەستووری سەپاند بەتایبەت لە وەزارەتی دەرەوەدا.**

**پرۆژەکانی هێزە داگیرکەرەکان لە سەپاندنی لیبڕالییەت لەسەر جیهانی ئیسلامی بە ناوی سەپاندنی دیموکراسییەت بەردەوامن، وەك: پرۆژەی مەزنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆڕبەندی ئاینده.**

**ب_ زاڵ بوون بەسەر ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئیسلام، گۆڕینی پەیڕەوەکەی، بنیاتنانی قوتابخانەی بیانی، دروستکردنی قوتابخانەی بانگەشەکەر**

بۆ نەصرانیەت لە ناو وڵاتانی موسڵماندا بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر نەوەی موسڵمانان تا بە ئاسانی بیرو هزری لیبڕالی پەسەند بکەن، کۆسپ و لەمپەڕەکانی بەردەمی تێکبشکێنن.

لە بەناوبانگترین پیلانەکانی هیزە داگیرکەرەکان لەم بارەوە: نەخشەی کرۆمر، دەنلوب لە میصر، تا ئێستاش داوای گۆڕینی بەرنامەی خوێندن دەکات لە ڕێگەی فشاری ئەمریکی بۆ تێکشاندنی هەموو لەمپەڕێك لەبەردەم قبوڵ کردنی هزری لیبڕالی و بەتایبەت بیروباوەڕی: دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء و البراء)، تێکۆشان، ڕق بوونە لە بێ باوەڕان، باوەڕبوون بە پوچەڵی هەموو ئاینەکان جگەلە ئاینی ئیسلام، هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام و ئیمان، پێویستی کارکردن بە شەریعەت، قەدەغەکردنی سوو (ڕیبا) و کڕین و فرۆشتنە حەڕامەکان، سزای لە ئایین هەڵگەڕانەوەو حوکمەکانی لە ئایین هەڵگەڕاوان، فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و جگەلەوانەش.

هێزی داگیرکەر هەڵساوە بە کردنەوەی قوتابخانە و کۆلیژو زانکۆ، وەك: زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت و قاهیرە و جگەلەو شوێنانەش[1]، هۆکاری پێشڕەوی ڕەوڕەوەی بزوتنەوەی بانگەشەی نەصرانیەت بوو.

پ_ هەڵسان بە دیارخستن و دەرخستنی دەستە و ڕێبازە نا موسڵمانەکان، بەناوی ((مافی کەمایەتییەکان))، ئەم کارە و جگەلەویش وا دەردەکەوێت

---

(1) خوێندنی بیانی لە ناو وڵاتی موسڵمانانندا بڵاوبووەوە لە قۆناغەکانی کۆتاییدا بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە میانەی قوتابخانە جیهانیەکان و زانکۆ خۆرئاواییەکان، تەنها لە کەنداو زیاتر لە بیست زانکۆی خۆرئاوایی هەیە، سەبارەت بە قوتابخانە جیهانیەکان ئەوا نایەنە ژماردن، شوێنەواری خوێندنی بیانی لەسەر ناسنامەی موسڵمانێتی و زمانی عەرەبی و بەهاکانی کۆمەڵگەی موسڵمان نایەنە شاردنەوە.

ڕووپۆشەکەی پاراستنی ئازادییەکان بێت و فرێدانی تاقمگەرایی و دەمارگیری بێ، بەڵام شتێکی تر دەشارێتەوە کە بریتییە لە دەرخستنی ئەم تاقمانە، کارپێسپاردنیان و کردنیان بە کاربەدەستی موسڵمانان، لاوازکردنی گیانی ئاینی لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا.

جا شاراوەگەراکانی بە تاقمە جۆراو جۆرەکانی دەرخست: ئیسماعیلییەکان، دروز، نەصیرییەکان، نەصرانیە عەرەبەکانیان دەرخست وەك قیبتیەکان و موارنەت و ئەرمن و جگەلەوان.

چوارەم: پێکهێنانی نەوەیەك لە موسڵمانان کە هەڵگری هزری لیبڕالی بن، ئەمە لە میانەی نێردە زانستییەکان و ئەو زانکۆیانەی لەسەر ئەم هزرە دامەزراون ئەنجامدرا، هەروەها بە هێنانی خۆرهەڵاتناسان تا ببنە مامۆستا و فێرکاری نەوەی تازە.

## دەروازەی دووەم

# دیمەنەکانی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا

## یەکەم: لیبڕالییەت لە حوکم و دەسەڵاتدا:

بەشێوەیەکی پلەبەندی لیبڕالییەت هاتە ناو وڵاتی موسڵمانانەوە، ئەمە لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوویدا کە ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە پاراستنی وڵاتی ئیسلام، حوکم تێداکردنی بەشێوەیەکی گشتی بە شەریعەتی ئیسلام[1].

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی لادانی بیروباوەڕی جێگیرکرد لە میانەی پەسەندکردنی مورجیئایەتی و تەصەوف، ڕاوێژو بەشداری سیاسی فەراموٚش کرد، ئەمە وایکرد دەوڵەت و کۆمەڵگە زۆر پێویستیان بە چاکسازی هەبێت، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشانی دەوڵەتە ئەوروپییەکان و هەڵسانی بزوتنەوە

---

(1) دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتادا دەوڵێکی تێکۆشەر بوو، ئیسلامی بڵاو دەکردەوە، لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی پارێزگاری لە ئیسلام دەکرد، لەگەڵ ئەوەی حوکمی خۆسەپاندنی سیاسی تێیدا هەر مابووەوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بارودۆخەکە گۆڕا، بەتایبەت دوای وابەستەبوونی بە ڕێگە صۆفییە خۆرئاوایەکان لە دامەزراوە زانستی و شەرعییەکانیدا، هەندێك لە زاناکانی ڕێبازی ئیبن عەرەبی تائییان پەسەندکرد لە بارەی (یەکێتی بوون: وحدة الوجود)، لە پاڵ بتی گۆڕپەرستی کە بە ستەم و زۆرداری دەدرایە پاڵ ئایین، لەگەڵ دژایەتی کردنی بانگەشە نوێخوازییەکان کە کۆرك بوون لەگەڵ سوننەت، وەك: بانگەوازی پێشەوا محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە کاریگەری هەبوو لەسەر بزوتنەوەی زیندووکردنەوەی کۆششکردن و نوێسازی بە یەکدەنگی مێژوونووسان.

ئازایخوازەکان بە کۆمەڵێك شۆڕش دژی سەردەمی کۆن کە بووە هۆی گۆڕانکاری مەزن لە دامەزراوە سیاسییەکان و پێکهاتە هزری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەوڕوپا.

لەم سەروبەندەدا داوا چاکسازی کرا لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام کرداری چاکسازی بە شێوەی ڕاست و دروست ئەنجام نەدرا، بەڵکو بە شێوەو ڕێگەی ئەوڕوپی ئەنجام درا. سەرەتا مەبەست لێ جێبەجێکردنی لیبڕالییەت نەبوو وەك سیستەمێکی سیاسی لە دەوڵەتدا، دەکرێ بەدواداچوون بکرێ بۆ هاتنە ناوەوەی لیبڕالییەت لە میانەی تیشك خستنە سەر سەرەتاکانی کە بریتی بوو لە کاریگەر بوون بە سیستەمی لیبڕالی و قۆناغەکانی هەر لە لاساییکردنەوەی شێوەیی سیستەمی خۆرئاوایی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تا پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن و کۆڕبەندی ئایندە لە واقیعی هاوچەرخماندا، ئەمەش لە میانەی ئەمانەی خوارەوە:

### أ_ سەردەمی ڕێکخراوەکان:

سەردەمی ڕێکخستنەکان دەستی پێکرد، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی هەستی بە لاوازی و بێهێزی زۆر کرد، لە کاتێکدا چەسپاندی کە بەهێزو باڵادەسترە لە گۆڕەپانی سەربازی و سیاسی و زانستی، ئەمەش وایکرد دەوڵەتی عوسمانی بیر بکاتەوە لە گەڕان بەدوای ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە دەوڵەتە ئەوڕوپییەکان لە پێشکەوتنی پیشەسازی و کارگێڕیدا. ئەمەش لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم[1]) دەستی پێکرد دوای زاڵبوونی بەسەر هێزی

[1] سوڵتانێکی عوسمانیە، ساڵی ١٨٧٥ز لە دایك بووە، چاکسازی گرنگی ئەنجامدا لە کارگێڕو لەشکردا، زاڵبوو بەسەر سەربازە ئینکشاریەکان، هەوڵیدا زاڵ بێت بەسەر شۆڕشی یۆناندا، بەڵام لە کۆتاییدا ناچار بوو دان بنێت بە سەربەخۆیی یۆنان، ململانێ لە نێوان ئەو و محەممەد عەلی سەرۆکی

**ئینکشاری[١]، دەستی کرد بە دانانی لەشکرێکی فەرمی تازە لەسەر چەشنی ئەوروپی نوێ[٢]، دواتر کە سوڵتان (عەبدولمەجیدی دووەم[٣]) حوکمڕانی گرتەدەست هەڵسا بە دەرکردنی یەکەم دەستوور بۆ وڵات لە ساڵی ١٨٣٩ز، ئازادی تاکەکەسی و ئازادی هزرو بیرو یەکسانی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانی لە خۆ گرتبوو، بەڵام سەرقاڵ بوو بە جەنگی ڕوسا کە بە جەنگی قرم ناسراو بوو، لە ساڵی ١٨٥٦ز جەختی لەسەر دەستووری ڕابردوو کردەوە لەگەڵ چەند زیادەیەکی تر کە پەیوەست بوو بە مافەکانی نەصرانیەکان و ڕێکخستنە کارگێڕییەکانی نوێی وڵات[٤].**

---

هەرێمی میصر دروست بوو، محەممەد عەلی یارمەتیشی دابوو لە جەنگی یۆناندا، میصرییەکان بەشێوەیەکی زۆر خراپ لەشکری عەبدولحەمیدی دووەمیان تێکشکاند لە ساڵی ١٨٣٩ز، لە ساڵی ١٨٣٩ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ٤٢٠.

(١) ئینکشاری، تاقمێکی پیادەی سەربازی بوون، لە سەدەی چواردەمی زاینی دروست بوون، بووە بەهێزترین هێز کە عوسمانیەکان پشتیان پێدەبەست لە پرۆسەی ڕزگارییە فراوانەکان کە پێی هەڵدەستان، هێزی ئەوانە زۆر زیادی کرد تا ئاستی دروستکردنی کاریگەری سیاسی، جا هەڵدەستان بە کاریگەری دروستکردن لە دانان و لادانی خەلیفە و ئەو بڕیارانەی لەلای ئەوەوە دەردەچوون، زۆر تاڵانکاری و ئاژاوەیان نایەوە، سوڵتانەکان لێی دەترسان، بەڵام لەناوبران لەسەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ساڵی ١٨٢٦ز لە قەسابخانەیەکی مەزندا. بڕوانە: معجم أعلام المورد ٢٨٣.

(٢) بڕوانە: تاريخ الدولة العلية ٧٠١.

(٣) سوڵتانێکی عوسمانیە، ساڵی ١٨٢٣ز لە دایك بووە، زۆر ڕۆشنبیر بووە، لایەنی ئازادیخوازی گرتووە، لەسەر ڕێگەی باوك خۆی ڕۆیشت (عەبدولحەمیدی دووەم) لە چاکسازی کردن لە دەوڵەتدا، دووبارە لەشکری ڕێکخستەوە، خوێندنی بەهێزوکرد، یەکسانی لە نێوان هەموو هاوڵاتیان ڕاگەیاند بە جیاوازی ئاینەکەیان، کۆمەڵێك یاسای سزادان و بازرگانی و دەریایی دەرکرد، ئەم چاکسازییەی بە ناوی (ڕێکخستنەکان) ناسرا، لە ساڵی ١٨٦١ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ٢٨٣.

(٤) بڕوانە: تاريخ الدول العلية ٧٠٢.

**یاسای بازرگانی لە یاسا سەرەتاییە دانراوەکان بوو کە لەو ماوەیەدا دەرچوو، ئەم یاسایەی بەستەوە بە بوونی یاسای سیاسی خۆرئاوایی[1].**

**کەم و کورتی لەم ڕێکخستانەدا بریتی بوو لە بنیاتنانیان لەسەر نموونەی خۆرئاوایی، پێویست بوو عەقڵیەتی ئیسلامی بجوڵێنرێ بۆ داهێنان بەپێی پێویست و ئەوەی دەگونجێت لەگەڵ دەوڵەت، فراوانکردنی چاکسازی تا نوێسازی ئایین بگرێتەوەو پاك بکرێتەوە لە پاشماوەکانی مورجیئایەتی و تەصەوف و کردنەوەی دەرگای کۆششکردن و جگەلەویش.**

**ئەم ڕێکخستنانە بریتی نەبوون لە جێبەجێکردنی مەزهەبی لیبڕالی، بەڵکو ئاماژە دەکەن بۆ سەرەتای کاریگەر بوون بە خۆرئاوا، هەروەها هێمان بۆ پەیڕەوێکی تازە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەستکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆرئاوا.**

**کێشەکە لە ڕێکخستنی سەربازی یان کارگێڕی تازەدا نەبوو، بەڵکو لە بنچینەیەکی تازەدا بوو کە دەستی کردبوو بە هاتنە ناو ئوممەت و خۆی دەبینیەوە لە وەرگرتنی ئەم سیستەم و ڕێکخستنانە بێ بەتاڵکردنەوەیان لە چەمکە هزرییەکەیان؛ چونکە زۆر بە گەورە و سەرسامیەوە ئەم ڕێکخستنانەیان وەرگرت، کۆمەڵە خەڵکێکی لاڕێ بە نهێنی و شاراوە کە (حیزبی تورکیای لاو بوو)**

---

**(1) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٢٩٨ _ ٢٩٩، زانایانی دەوڵەتی عوسمانی زۆر بەتووندی ڕووبەڕووی ئەم یاسای بوونەوە، ڕوونیان کردەوە کە پێویست ناکات لە یاسای ئەورلاوپی وەربگیرێت، چونکە شەریعەتی ئیسلامی بە تێروتەسەلی و وردی ئەم لایەنەی چارەسەر کردووە، ئەمە ڕوویدا لە دەرەنجامی دواکەوتن لە جێبەجێکردنی یاساکە.**

لە پاڵ هێنانە ناوەوەی ئەم ڕێکخستنانە بوو بەوشێوەیە، ئەمەش ئەنجامدەدرا لە سایەی بێ ئاگاییەکی تەواوی سوڵتان و زانایان و ئوممەتی موسڵمان بەگشتی.

ئەوەی جەخت لەسەر بوونی بێ سەروبەری دەکاتەوە لەلای هەندێك لە خەلیفە عوسمانیەکان لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێکخستنانە هەڵسانی (سوڵتان عەبدولعەزیز[1]) بوو بە لەسەر کار لادانی (مەدحەت پاشا[2]) لە وەزارەت و دوورخستنەوەی کاتێك هەوڵیدا قەناعەت بە سوڵتان بکات سەبارەت بە دانانی دەستوورێکی نوێ بۆ دەوڵەت کە داتاشرابێ لە ڕێکخستنی لیبڕالی خۆرئاوایی[3].

وایلێهات ئەم ڕێکخستنانە بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە سیستەمی نوێنەرایەتی و حکومەتی دەستوورییەوە بووە پرسێکی سەرەکی بۆ بەرهەڵستکارانی لیبڕالی لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمای[4]، تەنانەت ئەمە بووە

---

(١) سوڵتانێکی عوسمانیە، ساڵی ١٨٣٠ز لە دایك بووە، خوێندنی فەرمی بەهێز کرد و هەوڵیدا چاکسازی لە دەوڵەتدا بکات، لە سەردەمی ئەودا یەکەم یاسای شارستانی عوسمانی دانرا، لە ساڵی ١٨٧١ز ڕێبازی لە حوکمڕانیدا گرتەبەر کە مۆرکی خەسڵەتی خۆسەپاندنی ڕەهای پێوە بوو، زێدەڕەوی کرد لە خەرجیدا، بەمەش قەرزەکانی دەوڵەت گەڵێك زۆر بوون، کەرت و چینەکان زۆر لێی نیگەران بوون، دواتر وەزیرەکانی ئەویان لە تەختی دەسەڵات داماڵی، دواتر بە چەند ڕۆژێك کوژرا (یان خۆی کوشت)، ساڵی ١٨٧٦ز مرد. معجم أعلام المورد.

(٢) سیاسەتمەدارێکی عوسمانیە، لە ساڵی ١٨٣٢ز لە دایك بووە، بە گەورەترین پیاوی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت لە سەدەی نۆزدەمدا، بە کاربەدەستی بەغداد دیاریکرا، دواتر بووە پێشەنگی مەزن یان سەرۆك وەزیران، لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا یەکەم دەستووری عوسمانی دارشت، بەهۆی ئەمە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا درا، دواتر حوکمەکەی گۆڕا بە دوورخستنەوەی هەتا هەتایی، ساڵی ١٨٨٣ز کۆچی دوایی کرد. معجم أعلام المورد ٤٢١.

(٣) بڕوانە: تاريخ الدولة العثمانية ١٦٤.

(٤) بەرهەڵستکارو ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بە کۆمەڵەی تورکیای لاو و دواتر ئیتحاد و تەرەقی دەستیان پێکرد، بە تێروتەسەلی لەسەری دەدوێین.

بابەت و دۆزی سەرەکی هێزە داگیرکەرەکانیش، وەك چۆن لە جەنگی ڕوسیادا لە ساڵی ١٨٧٧ز ئەمە ڕوویدا کاتێك دەوڵەتە ئەوڕوپییەکان فشاریان خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕاگەیاندنی دەستوور.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕێکخستنەکان کە کۆك بوون لەگەڵ ڕێگەی خۆرئاوایی سەرەتا مەبەستدار نەبوو، بەڵام دواتر بووە بیرۆکەیەکی هۆشیارو داواکارییەکی جەخت لەسەرکراوی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە لیبڕالییەکانی وەك کۆمەڵەی تورکیای لاو و ئیتحاد و تەرەقی، پاڵپشتییەکی گەورەی بەدەستهێنا لەلایەن دەوڵەتە ئەوڕوپییە داگیرکەرەکان.

پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە ئەوڕوپییە هاوچەرخەکان پەیوەندییەکی کۆن بوو، بەشێك لە کیشوەری ئەوڕوپا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان، سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەوەی بۆ عوسمانیەکان ڕەخساند کە تۆڕێکی پان و پۆڕی زانیاری و پەیوەندی دیبلۆماسی و تایبەت دروست بکات، ئەمەش وایکرد کاریگەر بوون بە ئەوڕوپا بەهێز بێت لە قۆناغەکانی دواییدا. لە میانەی ئەم پەیوەندیانە نەوەیەك لە عوسمانیەکان دروست بوو کە پڕو تێر بوو بە بیرۆکە و هزری کۆمەڵگەی ئەوڕوپی، سەرباری کاریگەری دەوڵەتە ئەوڕوپییەکان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دوای گۆڕانی تەرازووی هێزی جیهانی لەبەرژەوەندی ئەوڕوپا کە وایکرد عوسمانیەکان هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە لەسەر قۆستنەوەی خاڵی ململانێی نێوان ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەدا بۆ پاراستنی کەمێك سەربەخۆیی لە کاردا، دەوڵەتانی خۆرئاوا لەوەتەی سەدەی هەژدەمی زاینی دەستیان کرد بە داگیرکردنی بەشەکانی خاکی دەوڵەتی عوسمانی وەك: قرم و میصر و جگەلەوانیش.

**ئەوەی زیاتر یارمەتی بە هێزبوونی کاریگەری دەوڵەتە خۆرئاواییەکانیدا سیستەمی ماف و جیاوك (امتیازات)ی بیانیەکان بوو، کە ڕێگەی بۆ خۆرئاواییەکانی سازاند زیاتر دەستوەربدەنە ناو کاروباری تایبەتی دەوڵەتدا، وا بکەن کە کەمایەتی نەصرانی ببنە خاوەن پێگەیەکی کاریگەر بەسەر زۆرینەی موسڵماندا[1].**

**ئەم بارودۆخانە و جگەلەوانیش چاکسازی گۆڕی لە تەنها ڕێکخستنی ڕووکاری لاساییکردەوەی نموونەی خۆرئاوایی بۆ گۆڕینی ڕێگەی حوکمڕانی تا بگونجێت لەگەڵ هزری لیبڕالی بە هۆشیارییەکی مەبەستدار.**

**هەنگاوی چاکسازییەکانی سەرەتا لەگەڵ ئەو کەم و کورتیانەی تێشیدا هەبوون هەنگاوێکی تەواو ئیسلامی بوو[2]، بەڵام وایلێهات هەنگاوەکە تەواو جیاواز بوو دوای ئەوەی لیبڕالییە عوسمانیەکان ئەم دەرچەیەیان قۆستەوە تا ئەم ڕێکخستنانە بکەنە خاڵی وەرچەرخان بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی لیبڕالییەت لە حوکمدا.**

**خۆکاری و بێ سەروبەری سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی کون کرابوو لەلایەن ئاڕاستەی لیبڕالییەوە کە پشتی دەبەست بە قۆستنەوەی دەسەڵاتە زۆرەکەی لە ناو جومگەکانی دەوڵەتدا، تا حوکمڕانی دەوڵەت بۆ سیستەمی لیبڕالی بگۆڕێت، وەك: حکومەتە ئەوروپییەکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و خواستەکانی بارودۆخەکە.**

---

**(١) سەبارەت بە ماف و جیاوك (امتیازات)ی بیانیەکان بڕوانە: الإنحرافات العقدية والعلمية ٧٤٠.**

**(٢) ئەمە لە میانەی وتارو ڕوونکردنەوەکانی سوڵتانەکان دەردەکەوێت. بۆ نموونە بڕوانە: تاریخ الدولة العلية ٢٥٤.**

بۆ ڕوونكردنەوەی ئەمە، یەك نموونە دێنینەوە، ئەویش دەستووری ساڵی ١٨٧٦ز بوو، ئەم دەستوورە نووسرا بە كاریگەری سەركردەی لیبڕالی كە كاریگەری هەبوو لە دانان و لادانی سوڵتانەكان، ئەویش سەرۆك وەزیران مەدحەت پاشا بوو، جا (ئەحمەد وەفیق پاشا[1]) بریتی بوو لە سەرۆكی یەكەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراو، دەكرێ پەیڕەوی هزری ئەحمەد وەفیق بزانرێ لە میانەی ئەم وتەیەی باڵوێزی بەریتانیا سێر هینری لیارد كە دۆستێكی خۆشەویستی ئەحمەد وەفیق بوو: ((ئێمە بەیەكەوە باشترین كلاسیكییە ئینگلیزەكانمان دەخوێندەوە، بە جیبۆن و ڕۆبرتسۆن و هیۆمیشەوە، زانستی ئابووری سیاسی لە كتێبەكانی ئادەم سمیس و ڕیكاردۆدا دەمانخوێندەوە، وامان لێكرد گێڕانەوەكانی شكسپیر بخوێنێتەوەو ئەویش خوێندیەوەو وەریگرت، چیرۆكەكانی دیكنسیشی خوێندەوەو بە تەواوی لە گیانی چیرۆكەكان گەیشت... چێژی بینی لە خوێندنەوەی بیكۆك و دانراوەكانی تری دیكنس كە ئەو كات دەرچوون، تا ئەندازەیەك لەو كتێبانەی خوێندنەوە كە دواتر بە گەواهی دەیهێنایەوە))[2].

كاتێك بۆ سوڵتان عەبدولحەمید مەبەستەكانی ئەم ئاڕاستەیە و پەیوەندییەكەی بە ئینگلیزو جولەكەكانەوە زانی هەڵسا بە لەسەر كار لادانی مەدحەت پاشا ١٨٧٧ز، سوڵتان دەستووری لە كارپێكردن خست و كۆبوونەوەكانی

---

(١) سیاسەتمەدارو زانایەكی توركییە، ساڵی ١٨٢٣ز لەدایك بووە، سەرۆكایەتی یەكەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی كردووە، دواتر سەرۆك وەزیرانی گرتەدەست. كۆمەڵێك شانۆی مۆلیبێری وەرگێڕاوە، فەرهەنگێكی پوختی بۆ زمانی توركی داناوە، ژمارەیەك كتێبی مێژوویی و جوگرافی نووسیوە. ساڵی ١٨٩١ز مردووە. معجم أعلام المورد ٤٩.

(٢) وەرگیراوە لە: الفكر العربي في عصر النهضة ٦٣.

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی لەساڵی ١٨٧٨ز ڕاگرت، دوای ئەوەی پیلانگێڕی مەزنی بۆ ڕوون بووەوە کە لیبڕالییە عوسمانیەکان هەوڵی بۆ دەدەن[١].**

**لەو کاتەوە لیبڕالییەتی عوسمانی بووە ئۆپۆزیسیۆن و لە نێوان پایتەختە ئەوروپیەکاندا دەهات و دەچوو.**

**لە ناو هەرێمەکانی عوسمانیدا هەرێمی دوورە دەست هەبوون کە خاوەنی خۆڕێبەری بوون، گرنگترین ئەو هەرێمانە هەرێمی میصر بوو، کە چاکسازی ڕێکخستنی تێیدا ڕوویدابوو دوای داگیرکرانی لەلایەن فەرەنساوە، ئەمەش لەسەر دەستی (محەممەد عەلی پاشا[٢]) کە لە دوای ڕۆیشتنی فەرەنسییەکان دەسەڵاتی گرتە دەست لە ساڵی ١٨٠٥ز، ناوبراو کاریگەر بوو بە کارگێڕی فەرەنسی، بۆیە هەڵسا بە ڕێکخستنی لەشکرو کارگێڕی لەسەر شێوەی ئەوروپی، سیستەمەکەی**

---

(١) بڕوانە: تاريخ الإسلامي ٨/ ١٨٨، تركيا الجديدة ١٢٨.

(٢) محەممەد عەلی (پاشا)ی کوڕی ئیبراهیم ئاغا، کە بە محەممەدی گەورە ناسراوە. دامەزرێنەری دوایین دەوڵەتی پاشایەتیە لە میصر، بە ڕەچەڵەك ئەلبانیە، لە ناوچەی (قولەت) _ کە ئێستا سەر بە یۆنانە _ لە ساڵی ١١٨٤ك _ ١٧٧٠ز لە دایك بووە، بازرگانی جگەرەی دەکرد و پێی دەوڵەمەند بوو. لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا فێری خوێندن و نووسین بووە. دەوڵەتی عوسمانی بە سەرکردایەتی لەشکرێك ڕەوانەی کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی جەنگاوەرو لەشکری فەرەنسا لە میصر، ساڵی ١٢٢٠ك کرایە کاربەدەستی میصر، لە ئەسکەندەرییە خانەی پیشەسازی (ترسانە)ی بۆ کەشتی دروستکردن دانا، زۆربەی سوودانی خۆرهەڵاتی خستەسەر میصر، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی شڵەژا لەبەر فراوانخوازی سعودییەکان (لە دەوڵەتی یەکەمی حیجازو جگەلەویش) محەممەد پاشا دەستی کرد بە دژایەتی سعودییەکان و چەندین ڕووداو لە نێوان ئەو و سعودییەکان ڕوویاندا. لە سەردەمی ئەودا قوتابخانە و کارگە لە میصر زۆر بوون، ئەو فەرەنسیانەی لە میصر بوون ناچاری کردن پۆشاکی عەرەبی (میصری) لەبەر بکەن و بە زمانی عەرەبی قسە بکەن. دەستی بەسەر سوریادا گرت، بەڵام زۆری نەخایاند لێی سەنرایەوە، لە کۆشکی (ڕەئسی تیبن) لە ئەسکەندەرییە بە نەخۆشی مایەوە تا لەوێ لە ساڵی ١٢٦٥ك _ ١٨٣٩ز کۆچی دوایی کرد و لە شاری قاهیرە بە خاك سپێردرا. الأعلام ٦/ ٢٩٨.

سیستەمێکی لیبڕالی نەبوو بەڵکو پشتی دەبەست بە ستەم و زۆرداری و خۆسەپاندن، بەڵام ئەوەندە هەبوو سەرسام بوو بە ئەوڕوپا، کرداری گۆڕانکاری دەستی پێکرد بەپێی چەشن و جۆری ئەوڕوپی، ئەمەش لە میانەی: شاند و قوتابخانەی خاوەنی ڕەنگ و ڕووخساری ئەوڕوپی و خوێندنی کتێبەکانی گەورە پیاوانی هزری لیبڕالی لە وێنەی ڤۆڵتێرو ڕۆسۆ و مۆنتسکیۆ.

ئەلبێرت حوڕانی[1] دەڵێت: ((زۆربەی قوتابیەکانی خوێندنگاکان و شاندە سەرەتاکان لە تورکە مەسیحییە یان خۆرهەڵاتییەکان بوون، بەڵام دواتر ڕەگەزی میصڕی زیادی کرد، کە چینی یەکەمی ڕۆشنبیری هاوچەرخی میصڕی لێ دروست بوو، ئەم چینەی کە لە سییەکانی سەدەی نۆزدەمەوە دەستی کرد بە گێڕانی ڕۆڵ لە کاروباری دەوڵەتدا، ئەندامەکانی ئەم چینە کتێبی دیکەیان دەنووسی لە پاڵ کتێبی تەکنەلۆژیای ڕووت، بەشێوەیەکی تۆکمە هاوکاریان دەگۆڕیەوە لەگەڵ شوێنکەوتووانی سان سیمۆن لە دووبارە دارشتنەوەی ڕێکخستنی قوتابخانەکاندا، لە ناو ڕیزی ئەوانەدا یەکەم بیرمەندی سیاسی مەزنی میصڕی هاوچەرخی لێدەرکەوت کە مەبەستم پێی ڕوفاعەی تەهتاویە[2]))[3]. ئەم چاکسازییە

(1) خۆرهەڵاتناسێکی ئەڵمانیە، بە بنەچە لوبنانیە، خاوەنی کتێبی (مێژووی گەلانی عەرەب)ە.

(2) ڕوفاعە ڕافعی کوڕی بەدەوی تەهتاوی، زانایەکی میصڕی بوو، لە تەهتا لە ساڵی ١٢١٦ك _ ١٨٠١ز لە دایك بووە، لە ئەزهەر خوێندوویەتی، حکومەتی میصڕی وەك پێشەواو ئامۆژگاریکاری ڕەوانەکرد لەگەڵ شاندێکی لاوان کە حکومەت ڕەوانەی کردبوو بۆ ئەوڕوپا بۆ وەرگرتنی زانستە هاوچەرخەکان، ناوبراو زمانی فەرەنسی و زانستی جوگرافیا و مێژووی خوێند، لە میصر سەرۆکایەتی وەرگێڕانی گرتەدەست لە قوتابخانەی تیبە، ڕۆژنامەی (وەقائیعی میصری) دانا، چەندین کتێبی فەرەنسی وەرگێڕا، لە کتێبەکانی: (نهاية الإيجاز) لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەر، (أنوار توفيق الجليل) لەبارە مێژووی میصر، (التعريفات الشافية لمريد الجغرافيا). الأعلام ٣/ ٢٩.

(3) الفكر العربي في عصر النهضة ٧٥.

**ڕێکخستنیانەی محەممەد عەلی پاشا تۆوی یەکەمی لیبڕالییەت بوون کە کاریگەری هەرە مەزنیان هەبوو لە سەروبەندی داگیرکاری ئینگلیزیدا، ڕۆڵی هەبوو لە ڕێکخستنی حکومەتی دەستووری لە سەروبەندی داگیرکرانی میصرِدا، هەروەك چۆن جڵەوی حوکمی بۆ گەڕێندرایەوە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەبێ جەنگ.**

**بەڵام سەبارەت بە هەرێمەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئەوا درەنگتر هزری لیبڕالییەتی ڕۆیشتە ناوەوە، تا هەرێمە عوسمانیەکان یەك لە دوای یەك ڕووخان لەسەر دەستی بەریتانیا و فەرەنسا لە سەدەی بیستەمدا.**

## ب_ ڕێبازی گونجاندن لە نێوان ئیسلام و شارستانیەتی خۆرئاوای لیبڕالی:

**لەسەردەمی ڕێکخستنەوەدا، هاودەم لەگەڵ ئەو بانگەوازانەی چاکسازی کە دەکران بۆ خۆ چاککردن لەسەر شێوەو چەشنی ئەوروپی، پۆلێك لە مامۆستا و ئەفسەرو فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی پێگەیشتن و بیرۆکەی چاکسازیان وەرگرت، باوەڕیان وابوو ئەم چاکسازییە ڕوونادات تەنها بە وەرگرتن و پەسەندکردنی هەندێك شێوە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ئەوروپی نەبێ[1].**

**ئەم بزوتنەوە هزرییە نوێیە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتی گرتەوە لە میانەی دەرکردنی ڕاگەیەندراوی چاکسازی و ئەو یاسایانەی لێی دێنە بەرهەم، هەروەها لە میانەی ئەو کاربەدەستە عوسمانیانە کە باوەڕیان بەم هزرە هەیە و خاوەنی پلە و پۆستن لە هەرێمە عەرەبیەکان و هەرێمەکانی دیکەش.**

**(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٨٩.**

**ئەم بزوتنەوەیە دەستی پێنەکرد بە جیاواز بوونەوە لە ئیسلام، ئەمەش وایکرد چاوبخشێنرێتەوە بە چاکسازییە نوێیەکان کە لە ئەوروپا وەرگیراون و هەوڵی بەسترانەوەی دەدرێ بە حوکم و بیروباوەڕەکانی ئیسلام.**

**لەلایەنی هزرییەوە ((زیاد پاشا)) و ((نامیق کەمال))[١] گوزارشتیان لەم لایەنە هزرییە کرد، ئەوانە بریتین لەوانەی شارەزایی داب و نەریتی ئەوروپین و پێی سەرسام بوون و حیزبێکی سیاسیان پێکهێنا کە بریتییە لە ((حیزبی لاوی عوسمانی))[٢]، هەوڵیاندا هزری لیبڕالی و ئیسلام بەیەکەوە ببەستنەوە.**

**ئەلبێرت حورانی دەڵێت: ((گەنجە عوسمانیەکان لیبڕالی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانی تورك بوون و نیشتمانی خۆیان خۆشدەویست... لە شاری قاهیرە پۆلێکی تر دروست بوو لەسەر هاوشێوەی ئەم چەشن و ڕێبازە، تیایدا لیبڕالییەتی ئیسلامی عوسمانی لەگەڵ شتێکی دیکە ئاوێتە بوو، ئەو شتەی دیکە بریتی بوو لە خۆشویستنی نیشتمانی میصری... یەکەم نووسەر کە هەوڵیدا بیرۆکەی گەلی میصری شی بکاتەوەو شرۆڤە بکات و پاساوی بۆ بێنێتەوە بە**

---

**(١)** نووسەرو شاعیرێکی تورکییە، ساڵی ١٨٤٠ز لە دایکبووە، بە یەکێك لەو کەسانە دادەنرێت کە زۆرترین کتێبی شۆڕشگێڕی لە سەردەمی خۆیدا نووسیوە، کۆمەڵێك گێڕانەوەی مێژووی و ژیاننامەی داناوە، کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی ئەوروپی وەرگێڕاوە، نووسینەکانی کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لە ئاشناکردنی ئەدەبی تورکی بە ڕەگەزە خۆرئاواییەکان، لە دیارترین کارەکانی: شانۆی (نیشتمان)، ساڵی ١٨٨٨ز مردووە. معجم أعلام المورد ٣٦٩.

**(٢)** سەرەتا حیزبەکە لە ئیستەنبۆڵ دامەزرا، ناوەندەکەی گوازرایەوە بۆ پاریس، ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد، بەڵام حیزبەکە هەڵوەشایەوە لە دوای ساڵی ١٨٧١ز کاتێك مۆڵەت بە سەرکردەکانی درا لە شوێنی دوورخرانەوەیان بگەڕێنەوە. بڕوانە: الفكر العربي في عصر النهضة.

**پشتبەستن بە ڕەچاوکارییە ئیسلامییەکان: ڕوفاعەی بەدەوی ڕافعی تەهتاوی بوو))[١].**

**هەوڵ و کۆششیاندا ئیسلام و چەمکەکانی لیبڕالییەتی تازە بەیەکەوە ببەستنەوە، وەك: چەمکی ئازادی، ئەنجومەنی نوێنەران، هاوڵاتی بوون، ئازادکردنی ئافرەت و شتەکانی دیکە.**

**ڕوفاعەی تەهتاوی دەوڵێت: ((ئەوەی لای ئێمە بە زانستی بنەماکانی فیقھ ناودەبرێ بەوە دەچێت کە لەلای ئەوان بە مافە سروشتییەکان یان یاسا خۆارسکەکان ناودەبرێ، ئەمە گوزارشتە لە کۆمەڵێك یاسای ژێری سەبارەت بە بەچاك دانان و بەخراپ دانان، لەسەریشی حوکمە شارستانیەکان بنیات دەنێن. ئەوەی ئێمە بە دادگەری و چاکەکاری ناوی دەبەین ئەوان بە ئازادی و یەکسانی گوزارشتی لێدەکەن، ئەوەی موسڵمانان دەستی پێوەدەگرن لە خۆشویستنی ئایین و هۆگری و ئالۆدەبوون بە پاراستنی کە مایەی گەورەتربوونیانە لە هەموو گەلانی تر، ئەوان بە خۆشویستنی نیشتمان ناوی دەبەن))[٢].**

**تەهتاوی یەکێك بوو لەوانەی هزری لیبڕالی بڵاودەکردەوەو زۆر پێی کاریگەرو سەرسام بوو، لە گەشتەکەیدا بۆ پاریس شارەزایی پەیداکرد لەسەر هزری لیبڕالی و کتێبی مێژوو و فەلسەفە و هزری سیاسی بە زمانی فەڕەنسی خوێندەوە، هزری ڤۆڵتێرو ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ و جگەلەوانیشی ناسی لە ماوەی مانەوەی لە فەڕەنسا.**

---

**١) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.**
**٢) المرشد الأمين ٣٦.**

**تەهتاوی بریتی نەبوو لە تەنها تیشکدانەوەو ڕەنگدانەوەیەکی ئەو هزرانەی لە پاریس وەریگرت، بەڵکو ئەم هزرانەی دەرخست بە ڕێگەی لاساییکەرەوە لە دانان و نووسیندا، پەیوەستیشی کردن بە دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە. تەهتاوی شارەزایی پەیداکرد لەسەر دیموکراسییەتی لیبڕالی، بەڵام پێی وایە ناگونجێ لەگەڵ کێشەکانی میصرِ لەو ماوەدا، تەهتاوی بانگەشەی سنووردارکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی نەکرد بە گەلەوە بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ ئەو قۆناغدا[١].**

**تەهتاوی پەیڕەوێکی نوێی دانا، ئەویش گونجاندنە لە نێوان بنچینەکانی ئیسلام و بنچینەکانی یاسای سروشتی کە یاسا هاوچەرخەکانی ئەوڕوپا پشتی پێدەبەستن[٢]. ئەمە ئەو وتەیە مسۆگەر دەکات کە دەڵێت دەکرێ ڕاڤەی شەریعەتی ئیسلامی بکرێ بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخە تازەکانی سەردەم، ((بەکرداری بنەمایەکی پێشنیازکرد کە دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ بۆ پاساودانی، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێ باوەڕدار لە بارودۆخی تایبەتدا ڕاڤەیەکی شەریعەت وەربگرێت کە سەرچاوەی گرتووە لە مەزهەبێکی جیاواز لە مەزهەبی خۆی[٣]، نووسەرانی دواتر پشتیان پێبەست بۆ دروستکردنی سیستەمێکی نوێ و یەکگرتوو بۆ شەریعەتی ئیسلامی لە میصرو جگەلەویش))[٤].**

---

**(١) بڕوانە: الفكر العربي في عصر النهضة ٩٦، هەر لەم سەرچاوەیەدا بڕوانە: لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل دەربارەی هزرە لیبڕالییەکانی تەهتاوی ٩١ _ ١٠٩.**

**(٢) بڕوانە: المرشد الأمين ٣٨.**

**(٣) دواتر ئەم چوارچێوەیەی فراوان کرد تا لیبڕالییەکان بڵێن شەریعەت چەند لێکدانەوەیەکی هەیە و ئێمە ئەو لێکدانەوەو ڕاڤەیە هەڵدەبژێرین کە بگونجێت لەگەڵ گیانی سەردەم بێ ئەوەی ڕێکخەرو مەرج یان پێوەر هەبن بۆ ڕاڤەی پەسەند و ناپەسەند.**

**(٤) الفكر العربي في عصر النهضة ٩٩.**

ئا بەم شێوەیە وایلێهات تەهتاوی چەمکەکانی لیبڕالییەتی ڕاڤە دەکرد بە زاراوەو چەمکی شەرعی، زاراوە شەرعییەکانیشی بە ڕاڤەیەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە شرۆڤە دەکرد کە بگونجێ لەگەڵ شارستانیەتی خۆرئاوا.

نیشتمانی بوون لە وتەی تەهتاویدا جیاوازی نییە لەگەڵ واتاکەی لە لیبڕالییەتدا، بەوەی بریتییە لە ڕایەڵ و بەستەرەوەی نێوان تاکەکانی شارێکی دیاریکراو و کۆبوونەوەیان لە یەك نیشتماندا، هاوڵاتیان لە ئەرك و مافەکاندا یەکسانن و جیاوازیان لە نێواندا نییە، ئەمەش لە ئەستۆگیراوان (أهل الذمة) و هەموو موسڵمانان بەیەکەوە یەکسان دەکات، دواتر تەهتاوی خۆشەویستنی ئایین بۆ ئەم چەمکە دادەنێت وەك چۆن خرایەڕوو[1].

ئەلبێرت حورانی دەڵێت: ((کتێب و نووسینەکانی تەهتاوی هزری نوێی لەخۆگرتووە کە دواتر بوونە شتی پەسەندکراو لە ناو هزری عەرەبی و ئیسلامیدا؛ وەك وتنی ئەوەی لە ناو ئوممەتی کۆمکاردا کۆمەڵانی نەتەوەیی هەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن نەوەکانی لایەنگیری ئەو دەکەن، هەروەها بەوەی مەبەست لە حوکم خۆشگوزەرانی مرۆڤە لە دونیا و دوارۆژدا بە یەکسانی، هەروەها خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی دەستەبەر دەبێت بە دامەزراندنی شارستانیەت کە بریتییە لە ئامانجی کاتی کۆتایی حوکمڕانی، ئەوروپای هاوچەرخ و بەتایبەت فەڕەنسا نموونەی شارستانیەتە، هەروەها پێشکەوتن و گەورەیی ئەورووپا خۆی دەبینێتەوە لە ئالودەبوون بە زانستە عەقڵییەکان، خودی موسڵمانەکان کە پێشتر سەرگەرمی زانستە عەقڵییەکان بوون ئێستا فەرامۆشیان کردووە، بەمەش

[1]) بڕوانە: مناهج الألباب ٩٩ _ ١٨٧.

دواکەوتن لە کاروانی پێشکەوتن بەهۆی زاڵبوونی تورك و مەمالیکەکان، موسڵمانان توانایان هەیە بەڵکو پابەندن بە هاتنە ناوەوەی ڕەوتی شارستانیەتی نوێ، ئەمەش بە پەسەندکردنی زانست و بەرهەمە ئەوڕوپییەکان))[١].

یەکێك لەوانەی کاریگەر بوو بەم ڕێبازی گونجاندنە ((خەیرەددینی تونسییە[٢])) کە لە بارەی دەوڵەتانی ئەوڕوپا دەڵێت: ((ئەوان بەو ئامانج و پێشکەوتنە گەیشتوون لە زانست و پیشەسازییەکاندا بە ڕێکخستنی بەرنامەدارو دامەزراو لەسەر دادگەری سیاسی و خۆشکردنی ڕێگەکانی شۆڕش))[٣].

بەهەمان شێوە ناوبراو دەڵێت: ((وتەیەکم لە هەندێك لە کەسایەتییەکانی ئەوڕوپا گوێ لێ بوو کە ئەمە واتایەکەیەتی: شارستانیەتی ئەوڕوپی شەپۆڵ و لێشاوەکەی بەسەر زەویدا دەڕوات و هەر شتێك دژی بوەستێت ئەوا بەهۆی هێزی شەپۆڵە یەك لە دوای یەك و بەردەوامەکانی ڕیشەکێشی دەکات، جا مەترسی وڵاتانی دەوروبەری ئەوڕوپا دادەگرێت بەهۆی ئەم شەپۆڵە، جا ئەگەر ئەم

---

(١) الفكر العربي في عصر النهضة ١٠٧ _ ١٠٨.

(٢) خەیرەددین (پاشا) توونسی، وەزیرو مێژوونووس بووە، بە ڕەچەڵەك شركسییە، ساڵی ١١٢٥ك _ ١٨١٠ز لە دایك بووە. بە منداڵی هاتۆتە تونس. فێری هەندێك زمان بووە، پۆستی بەرزی بەدەستەوە گرتووە، دواترین پۆست وەزارەت بووە، بە هەوڵەکانی ئەو دەستوری شانشینی تونسی ڕاگەیەندرا. دواتر لە وەزیرایەتی لادرا، ڕۆیشتە ئیستەنبۆڵ، کرایە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، لەوێ لە ساڵی ١٣٠٨ك _ ١٨٩٠ز کۆچی دوایی کرد. خاوەنی کتێبی: (أقوم المسالك في معرفة أحول الممالك)ە. الأعلام ٢/ ٣٢٧.

(٣) أقوم المسالك في معرفة أحوال الممالك ٩٨.

**شەپۆڵەیان پەسەندکرد و بە ئاڕاستەی ئەو هەنگاویاننا لە ڕێکخستنی دونیاییدا ئەوا دەکرێ ڕزگاریان بێ لە نغرۆ بوون))[1].**

**خەیرەددین کەمتر پەیوەست بوو لە تەهتاوی بە هزری خۆرئاواوە، لە تەهتاوی هۆشیارتر بوو لە پرسە سیاسییەکان و وردبینتر بوو لە لێکدانەوەی شت و بارودۆخەکاندا.**

**تێڕوانینی خەیرەددین لە زۆربەی وتەکانیدا کورت هەڵهاتبوو لەسەر ڕێکخستنی دونیایی نەك بە گەورەگرتنی بەها لیبڕالییەکان، هەر بۆیە پێی وابوو چاکسازی ئەستەمە مادەم فشارو دەستوەردانی ئەوڕوپی بەردەوامی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی[2].**

**پێی وایە هیچ ڕێگرییەك نییە لە وەرگرتنی دامەزراوە ئەوڕوپییەکان، جا ((پرسیار دەکات: ئەو دامەزراوانە چین کە ئەوڕوپا پێی جیا دەکرێتەوە؟ بریتین لە وەزارەتی بەرپرسیار، پەرلەمان، ئازادی ڕۆژنامەوانی. لە واقیعیدا بیرۆکەی هاوچەرخ سەبارەت بە بەرپرسیارێتی وەزیر زۆر جیاواز نییە لە بیرۆکەی ئیسلامی سەبارەت بە وەزیری چاکەکار کە ئامۆژگاری بێ ماستاوچایەتی وەردەگرێت، بەهەمان شێوە پەرلەمان و ڕۆژنامەوانی یەکسانە بە ڕاوێژ لە ئیسلامدا، ئەندام پەرلەمانەکانی ئەمڕۆ بریتین لە زانا و کەسایەتییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کۆن؛ واتە: (پسپۆڕانی هەڵوەشاندنەوەو گرێدان)، بەم پێیە**

---

**(١)** أقوم المسالك ١١٦.

**(٢)** بڕوانە: الفكر العربي في عصر النهضة ١١٧.

**پەسەندکردنی وەرگرتنی دامەزراوە ئەوڕوپییەکان لە ڕاستیدا تەنها بریتین لە جێبەجێکردنی گیانی شەریعەت و بەرپاکردنی ئامانجەکانی))(١).**

**بەڵام خەیرەددین بەم ئەندازەیە لە کورت کردنەوەی وتەکانی بەسەر ڕێکخستنی کارگێڕی ڕووت و داواکردنی ئازادی ڕێکخراو بە مەرجەکانی شەرع وازی نەهێنا، بەڵکو ئەمە تێپەڕاند بە ستایشکردنی سەرمایەداری فەرەنسا (بانکی فەرەنسا) و ئینگەڵتەرا (کۆمپانیای هیند)(٢).**

**هەر چۆنێك بێت ئەوا خەیرەدین هۆشیارترو ڕێکخراوترە لە تەهتاوی(٣)، لەوانەیە ئەو دەرگایەی کە ویستویانە لێی بدەن بریتی بێ لە گونجاندنی ئیسلام و شارستانیەتی لیبڕالی هاوچەرخ.**

---

**(١) هەمان سەرچاوە ١١٨.**

**(٢) بڕوانە: الإسلام والحضارة الغربية ٢٦، لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیەك لەسەر تەهتاوی و خەیرەددین هەیە لە ١٩ _ ٤٠.**

**(٣) لە ڕاستیدا خەیرەددین خاوەنی هۆشیاری و زانست و بیرکردنەوەی قوڵ بوو، ئەو دەیزانی ئەوڕوپا چی لە هەمبانەیدایە بۆ جیهانی ئیسلامی، خاوەنی تێڕوانین بوو بۆ پرۆژەی سیاسی چاکسازی و بنیاتی نابوو لەسەر ئەوەی ئەوڕوپییەکان پێیگەیشتوون لە سیستەمە سیاسییەکان، وا بۆم دەردەکەوێت کە کۆششکارێك بووە بە دوای ڕاستیدا گەڕاوە، ئەگەر پرۆژەکەی بنیات نابا لەسەر بنچینەکانی سوننەت و بەزانستی شەرعی دروست دایڕشتبا و نەیبەستبایەوە بە هزری خۆرئاوایی و ئەو تێکگیرانانەی تێدا ڕاست کردبایەوە کە لە ئامرازەکانی دیموکراسییەتەوە تێیکەوتووە، ئەوا دەبووە پرۆژەیەك کە شایستەی پێداهەڵدان و ستایش دەبوو، چونکە ئامرازی دیموکراسی بەشێوەیەك ساختە و پوچەڵیەکەی دەرکەوت کە پێشتر خەڵك شتی وای نەبینی بوو، هەروەها لەگەڵ کردنەوەی بوار بۆ داهێنان بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی دابین بکات و ڕێگە لە خراپە بگرێت، لەگەڵ جیاوازبوون و دووربوون لە خاڵە نەرێنیەکانی نموونەی خۆرئاوایی، بەمەش سەریدەکێشا بۆ ڕێگەی نموونەیی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەپێی پێوەری شەرعی، بەها ئیسلامییەکانی وەك: دادگەری، ڕەوشت، ئازادی ڕێکخراو، ڕاوێژ، فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، بەشداری سیاسی. هەموو ئەمە دوور لە**

**ئەم قوتابخانەی گونجاندنە بەردەوام بوو، شوێنکەوتووانی ڕاجیا بوون لە بارەی ئەندازەی دووری و نزیکیان لە هزری لیبڕالی کە دەستی کرد بوو بە هاتنە ناو جیهانی ئیسلام و فراوان بوونی بازنەی دەسەڵاتەکەی.**

**ئەوەی دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ لەم لایەنەوە (محەممەد عەبدە[1])یە، خاوەنی قوتابخانەیەکی سەربەخۆ بوو کە ژمارەیەك لە کەسایەتی لیبڕالی لێی دەرچوون لە وڵاتانی ئیسلامیدا.**

**محەممەد عەبدە لیبڕالی و عەلمانی نەبوو، بەڵام ڕێگەی بۆ ئەم هزرە خۆشکرد و قبوڵکردنی ئاسانکرد، لەوانەیە پەیوەست بوونی لیبڕالییەکان بە قوتابخانە هزرییەکەی و کاریگەر بوون پێی بەڵگە بێت لەسەر ئەمە.**

**وردترین گوزارشت لەبارەی ئەم ڕاستییە بریتیە لەوەی مێژووسی لیبڕال عەرەبی هاوچەرخ ئەلبێرت حورانی وتویەتی: ((ویستی دیوارێك لە دژی**

---

هەڵخەڵەتان و بەرەڵایی دیموکراسی و دەستدرێژی کردنی دەوڵەمەند بۆ سەر هەژار، پشت بەستن بە ڕاگەیاندن و فرەیی و جگەلەوە.

(١) محەممەد عەبدەی کوڕی حەسەن خەیرواڵا، لە خانەوادەیەکی تورکمانە. موفتی وڵاتی میسر بوو، لە شەنرا کە گوندێکی خۆرئاوای میسرە لە ساڵی ١٢٦٦ك _ ١٨٤٩ز لە دایك بووە. لە ناوچەی (بوحەیرە) لە گەڕەکی نەصر پێگەیشت، لە مزگەوتی ئەحمەدی لە تەنتا و دواتر لە ئەزهەری پیرۆز خوێندوویەتی. سەرنووسەرایەتی ڕۆژنامەی (وەقائیعی میسری) گرتەئەستۆ، کاتێك ئینگلیز میسری داگیرکرد محەممەد عەبدە دژیان وەستا و بەشدار بوو لە سەرخستنی شۆڕشە عەرەبییەکان. بۆیە سێ مانگ بەندکرا، دواتر بۆ شام دوورخرایەوە، گەشتی کرد بۆ پاریس و لەگەڵ جەمالەددینی ئەفغانی ڕۆژنامەی (العروة الوثقى)یان دەرکرد، دواتر گەڕایەوە میسر، بە دادوەر دانرا، دواتر کرایە ڕاوێژکار لە دادگای تێهەڵچوونەوە، ئینجا بووە موفتی وڵاتی میسر، لە ئەسکەندەرییە لە ساڵی ١٣٢٣ك _ ١٩٠٥ز کۆچی دوایی کردووە، لە قاهیرە نێژرا. لە کتێبەکانی: (ڕاڤەی قورئانی پیرۆز) تەواوی نەکرد، (پەیامی خوابەیەکگرتن)، (بەرپەرچدانەوەی هانۆتۆ)، هەڵسا بە وەرگێڕانی پەیامی (بەرپەرچدانەوەی ڕۆژگارگەڕاکان). الأعلام ٦/ ٢٥٢.

**عەلمانیەت دابنێت، کەچی لە ڕاستیدا پردێکی بنیاتنا کە عەلمانیەت بەسەریدا تێدەپەڕی تا شوێن لە دوای شوێن داگیر بکات. شتێکی ڕێکەوت نییە کە کۆمەڵێك لە شوێنکەوتووانی بیروباوەڕەکانی ئەو بەکاربهێنن لە پێناو بەرپاکردنی عەلمانیەتی تێرو تەواو))[١].**

**لەلایەنی کەسییەوە بۆچوونەکانی محەممەد عەبدە لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە خاوەن ڕەهەندی لیبڕالی نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕاستە، پێی وایە پێویستە حوکمڕانێکی خۆسەپێنی دادگەر هەبێت تا ئوممەت لە گێژاوەکەیدا ڕزگار بکات، لەوانەیە پێی وابووبێ ئەمە شتێکی قۆناغییە، بەڵام کاریگەری هەرە مەزنی محەممەد عەبدە لەو پەیڕەوە نوێیەدا بەدیکرا کە داینا[٢].**

## ڕەوتەکانی ڕابوون:

**قوتابخانەی محەممەد عەبدە لەو ماوەیەدا سەریهەڵدا کە داگیرکەری ئینگلیز میصری داگیر کرد، ڕاوبۆچوون و ئاڕاستە هزرییەکان جیاواز بوون سەبارەت بەو ڕێگەیەی کە ڕاست و دروستە بۆ ڕابوون و ڕزگارکردنی ئوممەت و لادانی گێژاو و ئاشوبەکەی ئەو کات، ئەم ڕەوتە هزرییانە بریتی بوون لە[٣]:**

یەکەم: بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر؛ **چونکە چاوکی ئاشوبەکەیە، ناکرێ ڕابوون ئەنجام بدرێ تەنها بە دەرکردنی ئەو داگیرکەرە نەبێ کە بەسەر ئوممەتی داداوە،**

---

(١) الفكر العربي في عصر النهضة ١٧٩.

(٢) بڕوانە: تاريخ الأستاذ الإمام ٢/ ٣٩٠، وتاری: (حوكمڕانی خۆسەپێنی دادگەر خۆرهەڵات ڕادەكاتەوە سەر پێ)، والفكر العربي في عصر النهضة ١٩٥.

(٣) سەبارەت بەم ڕەوتانە بڕوانە: الإتجاهات الوطنية في الأدب المعاصر ١/ ٢٥٤ _ ٣٧٠.

**کە بەرهەڵستی هەر بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ دەکات کە ئامانجی ڕابوون بێت، جا هیچ چارەسەرێك نییە جگەلە تێکۆشان (جیهاد) بۆ دەرکردنی دوژمن.**

**بەڵام ئەم ڕەوتە لاواز بوو، ڕۆڵێکی کارای نەبوو، لەوانەیە هۆکارەکانی لاواز بوونی بریتی بووبێ لە: لادانی بیروباوەڕی، لاوازی ویست و ورە، جیاوازی لە هێزی سەربازیدا.**

دووەم: داوای چاکسازی کردن لە کۆمەڵگەدا؛ **چونکە هەڵوەشانەوەو لاوازی و تێکشکانی خودی پڕۆسەی داگیرکردن ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو داگیرکران دەرەنجامی لاوازییە نەك هۆکاری لاوازی، پێیان وابوو تێکۆشانی چەکداری لە تواناادا نییە، چونکە دوژمن بەهێزو دەسەڵاتدارو خاوەن چەك و جبەخانەیە و سەربازەکانی ڕاهێنراون. کرومر هانی بیرۆکەی چاکسازیدا، چونکە ڕای گشتی بێ ئاگا دەکات لەبارەی بەرگری چەکداری و ئەوەی لەسەر کەڵکە دەبێت لە پەرەپێدانی گیانی سەربەرزی و ڕق بوونەوە لە دوژمن، لەهەمان کاتدا سور بوو لەگەڵ ئاڕاستەکردنی بیرۆکەی چاکسازی لەگەڵ ڕەوڕەوەی کات، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئامانجی ئاشکراو ڕاگەیەندراوی داگیرکەری ئینگلیز بریتی بوو لە کارکردن لەسەر پەرەپێدان و چاکسازی کردن لە میسڕدا، ناوبراو تەواو دەیزانی توانای کارتێکردنی هەیە لەسەر بیرۆکەی چاکسازی، ئاڕاستەکردنی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز، هەر بۆیە هێزی داگیرکەر ئازادی ڕەهای دایە ڕۆژنامەوانی لە بارەی دوان سەبارەت بە دەرد و کەم و کورتییەکانی کۆمەڵگە و ڕێگەکانی چاککردنی و بەرنامەداری چاکسازی.**

**ئەم ڕەوتە لەم ماوەیەدا زاڵ بوو بەسەر هزرو بیری عەرەبیدا، لە ناو ڕەوتی چاکسازی سێ ئاڕاستەی جیاواز هەبوون، کە ئەمانە:**

**١_ ئاڕاستەی پارێزکار، کە لە هزری گشتی ئیسلامەوە هەنگاوی ناوە، شێخەکانی ئەزهەرو قوتابخانەی زانستە شەرعییەکان و کۆمەڵگەی موسڵمان بەشێوەیەکی گشتی لەو کاتدا ئەم ئاڕاستەیەیان پێکدەهێنا، ئەم ئاڕاستەیە دەیناڵاند بەدەستی داگیرکەرەوە، فێڵ و پیلانی بۆ دادەنرا، ئەم ئاڕاستەیە داوای کرد شەریعەت و پەیوەندی ئیسلامی و هاووێنەکانیان بکرێنە حوکمڕان.**

**٢_ ئاڕاستەی لیبڕالی نەتەوەیی، کە بانگەشە دەکات بۆ دەستگرتن بەشێوازەکانی شارستانیەتی خۆرئاوا، جا ((خاوەن ڕۆشنبیرییە ئەوڕوپییەکان کە لە میسر نیشتەجێ ببوون، هەندێکیان بریتی بوون لەو میسریانەی لە ئەوڕوپا یان لە خوێندنگە ئەوڕوپییەکان یاخود لە قوتابخانە نێرراوە ئاینیەکان کە ژمارەیان لە زیادبووندا بوو خوێندبوویان))[1]. نوێنەرایەتی ئەم ئاڕاستەیە دەکەن. ئەم ئاڕاستەیە داوایکرد ڕێگەی ئەوروپا بگیرێتەبەر، داوای ئازادی سیاسی و ژیانی نوێنەرایەتی و پەرلەمانی کرد و پێشی وابوو ئەمە بنچینەی پێشکەوتن و شارستانیەتە، بانگەوازیشی کرد بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە شارستانیەت. لە میانەی ئەم دوو ئاڕاستەیەی پێشوودا ناکۆکی دەرکەوت لە نێوان کۆن و نوێدا، لە نێوان خاوەن بیرو هزرە ئیسلامییەکان و شوێنکەوتووانی هزری خۆرئاوا.**

**٣_ ئاڕاستەی بەیەکەوە گونجاندنی ئیسلام و شارستانیەتی خۆرئاوا، ((شێخ محەممەد عەبدە سەرکردایەتی ئەم ئاڕاستە نوێیەی کرد، بەمەش کەوتە بەر ڕق**

---

(١) الإتجاهات الوطنية في الأدب المعاصر ١/ ٢٥٤ _ ٣٧٠.

**و کینەی فەڕەنسییەکان، تەنانەت کەوتە بەر ڕەقی ئەوانەش کە بانگەوازیان بۆ ئیسلام دەکرد، _وە کرۆمەر باسی دەکات _ ئەگەرچی ڕق و کینەی فەڕەنسییەکان کەمتر بوو لەوانەی بانگەوازیان بۆ ئیسلام دەکرد))[١].**

**مەبەستی محەممەد عەبدە ڕووبەڕوو بوونەوەی لیبڕالییەکان بوو، بەرپەرچدانەوەکەی محەممەد عەبدە بۆ (فەرح ئەنتۆن[٢]) بەڵگەیە لەسەر ئەمە، بەڵام ناوبراو وێنای ئیسلامی کرد بەشێوەیەکی بەزێنراو، بەمەش مەبەستی وابوو کە ئیسلام هەڵدەستێت بەکارێکی نوێخوازی، لە ڕاستیدا بەم کارە محەممەد عەبدە ئیسلام نزیك دەکردەوە لە شارستانیەتی خۆرئاوایی، ئەمەش وای لە شوێنکەوتووانی محەممەد عەبدە کرد بانگەشە بکەن بۆ لیبڕالییەت بێ ئەوەی هیچ هەستێك بکەن بەبوونی جیاوازی لە نێوان شارستانیەتی خۆرئاواو ڕاستینەی ئیسلام[٣].**

---

**(١)** هەمان سەرچاوە ١/ ٣٢٨.

**(٢)** فەرح ئەنتۆنی کوڕی ئیلیاس ئەنتۆن. نووسەرو توێژەرو ڕۆژنامەنووس و گێڕەرەوە بوو، لە ساڵی ١٢٩١ك _ ١٨٧٤ز لە تەڕابلوسی شام لە دایك بووە، لەوێش پێگەیشتووەو خوێندوویەتی. ڕۆیشتووەتە ئەسکەندەرییە، گۆڤاری (جامعە)ی دەرکرد، سەرنووسەرایەتی (دەنگی ئەهرام)ی گرتەدەست. چەندین گێڕانەوەی شانۆیی هەیە. ساڵی ١٣٤٠ك _ ١٩٢٢ز لە شاری قاهیرە مردووە. لە کتێبەکانی: (ئیبن ڕوشد و فەلسەفەکەی)، گێڕانەوەکەی (ئایین و زانست و سامان)، گێڕانەوەکەی (ئۆرشەلیمی نوێ)، (مێژووی عیسای مەسیحی) لە فەڕەنسیەوە وەرگێڕایە سەر عەرەبی. الأعلام ٥/ ١٤١.

**(٣)** ئەوەی یارمەتی محەممەد عەبدەی دا بۆ گەیشتن بەم قۆناغە بریتی بوو لە پەسەندکردنی ڕێبازی ژیرمەندی ئەشعەری و موعتەزیلەکان، هەر بۆیە محەممەد عەبدە هەڵسا بە لێکدانەوە (تأویل) کردنی فریشتە و جنۆکە و باڵندەکانی ئەبابیل و جگەلەوانەش. لەبارەی بۆچوونەکانی محەممەد عەبدە بڕوانە: منهج المدرسة العقلية في التفسير (فهد الرومي).

ئەوەی ئەمە ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە بە فەتوای تەرنسفالیەت ناسراوە کە تیایدا سەربڕاوەکانی نەصرانیەکانی حەڵاڵ کرد کە بە شێوازی ڕێگەی نا موسڵمانان سەردەبڕن، هەروەها فەتوای صندوقەکانی دەستەبەری سوودار، کافر نەکردنی نەصرانیەکان[١]، ڕازاندنەوەی توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتناسان لەبارەی ئیسلام، ڕەواییدان بە پەیکەرەکان، بانگەشەکردنی بۆ بیرکردنەوەی بێ کۆت و بەند[٢]، لاوازکردنی چەمکی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولائ والبراء) و وڵاتی ئیسلام و وڵاتی کوفر و بانگەشەکردنی بۆ دۆستایەتی ئینگلیزو جگەلەوانەش.

هەر بۆیە دەسەڵاتداری ئینگلیزی لە میسر کرۆمەر لە پاڵ محەممەد عەبدە وەستا و پشتیوانی لە زۆرێك لە پرۆژەکانی کرد، لەوانە کرۆمەر محەممەد عەبدەی لە خۆگرت کاتێك خۆی کێشا بە خدێوی عەبباسدا، تەنانەت کرۆمەر بووە پاڵپشتی محەممەد عەبدە لە هەموو پرۆژەکانی سەبارەت بە پێشخستنی ئەزهەرو قوتابخانەی دەرچوونی دادوەران.

کرۆمەر لە کتێبەکەیدا (میسرِی هاوچەرخ): لە ماوەی مانەوەی لە میسردا هەموو جۆرە پشتگیری و پشتیوانیەکی بە محەممەد عەبدە بەخشی[٣]، ئەگەر ئەم

---

(١) بڕوانە: تاريخ أستاذ الإمام ١/ ٦٤٨ _ ٦٦٦.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١/ ٦٦٨ _ ٢/ ٧١٢، ٧٦٢ _ ٧٦٣، ٩٢٧ و جگەلەوانیش.

(٣) سەیر لەوەدایە دەمارگیرە سەلەفییەکان تا ئێستاش وا هەست دەکەن لە وڵاتی سعودیەدا لەسایەی سێبەری جێنشینایەتی پێغەمبەردا ژیان بەرێ دەکەن، پێم سەیرە بۆچی باسی ئەو پشتیوانیە ناکەن کە ئینگلیز لە محەممەد عەبدلوەهاب و خانەوادەی سعودی کرد. بەڵام نا من بەهەڵەداچووم چۆن کەسێکی خزمەتکار باسی گەورەی خۆی دەکات. لە کاتێکدا لەگەڵ ئەو هەموو ڕێزەی هەمە بۆ شێخ محەممەد عەبدولوەهاب و هەوڵدانەکەی، ئەوا بەرێزیان هۆکارێك و کارتێکی ئینگلیز بوو لە هەڵوەشاندنەوەی گیانی خەلافەت و یەکێتی وڵاتی ئیسلام و بوژاندنەوەو زیندووکردنەوە گیانی عەرەبایەتی پەست و نزم. بەداخەوە کە سەیری وەسفی سەلەفییەکان دەکەیت لەبارەی شێخ محەممەد

**پشتیوانیە نەبووایە ئەوا (محەممەد عەبدە) نەیدەتوانی پلەوپۆستی خۆی بپارێزێت لە فەتواداندا.**

**هەروەها کرۆمەر دەڵێت: ((محەممەد عەبدە دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی هزری هاوچەرخە لە میسرِ کە زۆر نزیك و وێکچووە بەو قوتابخانەیەی سەید ئەحمەد خان لە هیند دایمەزراندووە "دامەزرێنەری زانکۆی عەلیکرەت")). دواتر ناوبراو دەڵێت: ((بایەخ و گرنگی سیاسەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی محەممەد عەبدە هەڵدەستێت بە بەرتەسك کردنەوەی ئەو درزەی خۆرئاواو موسڵمانان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەڕاستی محەممەد عەبدە و قوتابیانی قوتابخانەکەی شایستەی ئەوەن هەموو جۆرە پشتگیری و پشتیوانیەکیان پێشکەش بکرێ، ئەوان هاوپەیمانی سروشتی بەرژەوەندی ئەوروپین))[1]. خۆرهەڵاتناس (جیب) کە یەکێکە لە ڕاوێژکارانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز گرنگی بزوتنەوە نوێخوازییەکانی ڕوونکردۆتەوە کە ئامانجیان لێکدانەوە (تأویل)کردنی ئیسلامە بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ شارستانیەتی خۆرئاوا، بە تایبەت ستایش و بایەخی بە بزوتنەوە چاکسازییەکەی محەممەد عەبدە داوە[2].**

**گومان لەوەدا نییە بەرنامە و ڕێبازی گونجاندن، کە محەممەد عەبدە و قوتابیانی پەیڕەویان کرد، وای لەوان کرد بەرنامە خۆرئاواییەکان هاوردە بکەن، چەمکە لیبڕالییەکان بگوازنەوە بێ ئەوەی هەست بکەن کە پێچەوانەی ئیسلامە،**

---

**عەبدولوەهاب وا هەست دەکەیت پێش هاتنی ئەو موسڵمانێتی و ئیسلام لەسەر زەوی هەر نەبووەو ئەو وەك نیمچە پێغەمبەرێك هاتووە ئاینی دووبارە بە خەڵك ڕاگەیاندووە!!. (وەرگێڕ).**

**(1) الإتجاهات الوطنية ٢/ ٣٠٧.**

**(2) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢/ ٢١١ _ ٢٢١.**

**دیموکراسییەت _ لای ئەوان _ بریتییە لە ڕاویژ، ڕای گشتی بریتییە لە: یەکدەنگی، ئەمە وایکرد قاسم ئەمین بەڕەڵایی و دەرکەوتنی ئافرەت بە ڕەسەن دابنێت لە کتێبەکەیدا "ئازادکردنی ئافرەت"، دواتر بنچینەی ڕەواییدان دابتاشێت بۆ ڕووت و قوتی ئافرەت و لاساییکردنەوەی خۆرئاوا لە کتێبەکەیدا "ئافرەتی نوێ"، هەر بۆیە (جیب) وتی: ((قوتابییە ڕاستەقینەکانی محەممەد عەبدە لە ڕیزی عەلمانیەکان بوون))[١].**

**کرۆمەر ئەم ئاراستە و ڕەوتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە چەسپاندنی لیبڕالییەت لە ناو دەوڵەتی نوێدا کە هێزی داگیرکەر بنیاتی دەنا، کرۆمەر ناوی نا میسری تازە، بۆ میسرییەکانی دووپات کردەوە ((کە ئەو موسڵمانەی هەڵگری ڕەوشتی ئەوروپی نەبێ ئەوا شایستەی حوکمڕانی میسر نییە، هەروەك جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی ئایندەی وەزارەت بۆ ئەو میسریانە دەبێ کە پەروەردەی ئەوروپی کراوان))[٢].**

**بە کردار ئەمە بەجێگەیەنرا لە میانەی قوتابخانەی دادوەران و دادگا شەرعییەکان، کە وایکرد شەریعەت تەنها لە باری کەسێتی حوکمڕان بێ، لە هەموو کاروبارەکانی تردا ئەو یاسایانە کاریان پێ بکرێ کە شارستانین و لە یاسا ئەوروپییەکان وەردەگیرێن، ئەم پرۆژەیە جێبەجێکرا لەسەر دەستی محەممەد عەبدە بە یارمەتی کرۆمەر[٣].**

---

**(١) دراسات في حضارة الإسلام ٣٣٠.**

**(٢) الإتجاهات الوطنية ١/ ٢٦١.**

**(٣) لەبارەی ئەم بابەتە بڕوانە: الفكر الإسلامي دراسة وتقويم ٣٠؛ محمد عبده (العقاد) ١٠٩؛ العلمانية ٥٧٦ _ ٦٧٧.**

**کرۆمەر کارگێڕی ئەم قوتابخانەیەی زۆر پێ باش بوو، داگیرکەران لە میسڕدا نەچوونە دەرەوە تا دوای ئەوەی جڵەوی حوکمڕانیان دایە دەست حیزبێکی لیبڕالی، کە لەلایەن قوتابیانی محەممەد عەبدەوە سەرکردایەتی دەکرا، ئەویش حیزبی وەفد بوو.**

**عەبدوڕەحمان کەواکبی[١] لە بەهێزترین کەسەکانی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت، لە ڕوونکردنەوەی مەترسی خۆسەپاندنی سیاسی و داواکردنی ئازاد سیاسی لە گۆشە نیگایەکی تەواو عەلمانییەوە.**

**کەواکبی دەڵێت: ((لێمان بگەڕێن دونیای خۆمان بەڕێوە ببەین و با ئاینەکانیش تەنها حوکمی دواڕۆژ بکەن، دەی با لەسەر چەند وشەیەکی یەکسان کۆببینەوە ئەویش ئەوەیە: هەردەم ژیان بۆ ئوممەت، ژیان بۆ نیشتمان، با بە ئازادی و سەربەرزییەوە بژین))[٢]. ئا بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە ئەو ئازادیانەی کەواکبی بانگەشەی بۆ دەکات لە بواری سیاسی بریتین لەو ئازادیانەی جیان لە ئایین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەندازەی نزیکی لە نێوان قۆتابخانەی گونجاندنی هاوچەرخ و ئەو لیبڕالییانەی داوایان کردووە شەریعەتی ئیسلام فڕێ بدرێت و دووربخرێتەوە لە تەختی حوکمڕانی.**

---

**(١)** عەبدوڕەحمان کەواکبی ئەحمەدی کوڕی مەسعودی کەواکبی، بە سەید فراتی ناوزەد دەکرێ، گەشتکەر بووە، یەکێکە لە نووسەرو وێژەوانەکان، لە ساڵی ١٢٦٥ک _ ١٨٤٩ز لە حەلەب لە دایك بووە. لەوێش خوێندوویەتی، هەر لەوێ هەڵسا بە دروستکردن و دەرکردنی ڕۆژنامەی (شەهبا)، دادگا ڕۆژنامەکەی داخست، دواتر ڕۆژنامەی (ئیعتدال)ی دەرکرد، چەندین پلەی پێدرا، دواتر دوژمنانی چاکسازی تەنگیان پێهەڵچنی، بەمەش هەموو سامانی لە دەستدا و خرایە بەندیخانەوە، بۆیە ڕۆیشتە میسڕ، تا کاتی کۆچی دواییکردنی لە ساڵی ١٣٢٠ک _ ١٩٠٢ز لە شاری قاهیرە جێگیر بوو، لە کتێبەکانی: (أم القرى) و (طبائع الإستبداد). الأعلام ٣/ ٢٩٨.

**(٢)** طبائع الإستبداد ١١٢ _ ١١٣.

**کەواکبی لەو زانا شەرعیانە دەژمێردرێت کە کاریگەرن بە شارستانیەتی خۆرئاوا، یەکێکە لە بانگخوازانی نوێسازی و چاکسازی.**

**شێخێکی دیکە دەرکەوت کە دەدرێتە پاڵ ئەزهەر، جەختی کردەوە کە ئیسلام پەیڕەوێکی نییە لە حوکمڕانیدا، بانگەشەی کرد بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بە تەواوی، ئەویش عەلی عەبدورەزاق بوو لە کتێبەکەیدا (ئیسلام و بنچینەکانی حوکمڕانی)، لەم کتێبەدا پشتی بە خۆرهەڵاتناسەکان و دەرەنجامە هزرییەکانی ئەوانی بەستووە[1].**

**ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆڵە مەترسیدارەی ئەم قوتابخانەیە گونجاندنکارە پێی هەڵسا لە دەرکەوتنی ڕەوتی لیبڕالییەت؛ چونکە ئەم قوتابخانەیە لەلای خەڵك بە زانا و شێخی شەرعی دادەنرێن.**

**ئەوانە پاساویاندایە هزرەکانی لیبڕالییەت، پۆشاکێکی ئیسلامیان بەبەردا کرد، ڕەواییەکی شەرعیان بۆ داتاشی، دواتر لیبڕالییەکان ئەم پاساوپێدانەیان فراوان کرد تا ئاستی دژایەتی کردنی ڕاشکاوی ئیسلام، گومان لەوەدا نییە ئەم شێخانە نەیانویستووە بگەن بەم پلەیە، بەڵام ئەوان ڕێگە و دەرچەیان بۆ فەراهەم کرد.**

**هەر لەبەر ئەمە ئەوان بەرپرسیارن لە هەڵوەشاندنەوەی حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلامی، چونکە هیچ خراپی و نەنگیەکیان لە یاسای شارستانیدا**

---

**(١) لەبارەی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی فراوان بڕوانە کتێبی: نقض كتاب الإسلام وأصول الحكم (محمد الخضر حسين)، والإتجاهات الوطنية ٢/ ٨٦ وما بعدها، العلمانية ٥٨٢.**

نەدەبینی[١]، هەندێکیان ڕاشکاوانە بۆچوونی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتیان دەربڕی[٢]، هەندێکی تریان بەشداربوون[٣] لە ئامادەکردنی ئەو یاسایانە، کە دواتر بوونە تاغوت و حوکم کردن بە جگەلەو بەرنامەیەی خوا دایبەزاندووە.

محەممەد عەبدە لە هەڵوێستەکەیدا لەهەمبەر کەسی بەرامبەر (بێ باوەڕ)[٤] دەرگای لیبڕالییەتی کردەوە لەوەی پەیوەستە بە بانگەشەی لێبوردەیی ئاینی کە خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئاینەکان لادەبات، کافرکردنی خاوەن کتێبەکان ڕەت دەکاتەوە بە بەڵگەی لێبوردەیی لەگەڵ کەسی بەرامبەر.

قوتابخانەی شێخ محەممەد عەبدە کۆتایی هات، دوای ئەو چەندین قوتابخانەی گونجاندنکاری دیکە سەریانهەڵدا: گومانیان وابوو نوێسازی و هاوچەرخێتی نزیك بوون لەگەڵ هزری خۆرئاوایی و دەستکەوتە شارستانیەکانی پێویست دەکات، هەندێك ئەم ئاڕاستە عەلمانیەیان وەرگرت بەشێوەکی لاوەکی لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی بانگەوازو هزرو ڕۆشنبیری ئیسلامی دەکات[٥].

---

(١) وەك محەممەد عەبدە و هاریکاریەکەی لەگەڵ کرۆمەر لە قوتابخانەی دادوەران و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بۆ یاساکان. بڕوانە: الفکر الإسلامي دراسة والتقویم ٣٠؛ محمد عبده (العقاد) ١٠٩، والعلمانیة ٥٧٧.

(٢) وەك کەواکبی و عەبدلرەزاق.

(٣) وەك عەبدلرەزاق سەنهوری. سەبارەت بە پرۆژەکەی بڕوانە: الشریعة الإلاهیة لا القوانین الجاهلیة (الأشقر).

(٤) لە دەقی فەتواکەیدا ئاماژەی کردووە بە کافر نەکردنی خاوەن کتێبەکان، ئەم فەتوایە لە کتێبی (تاریخ الأستاذ الإمام ١/ ٦٦٦)دا هەیە، ئەم بۆچوونە تا ئەمڕۆش لای قوتابخانەی سەردەمی هەر هەیە.

(٥) بڕوانە: سەردەمگەراکان (محەممەد حامد ناصر)، لەبارەی ئەم ئاڕاستەیە نامە و تێزی زانکۆیی لە بواری جیا جیادا نووسراون. ئەم دەستەیە کۆششیان هەیە لە بەرهەڵستی کردنی عەلمانیەکان، بەڵام

## پ_ ڕێکخراو و کۆمەڵە و حیزبە سیاسییە لیبڕاڵییەکان:

لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی هەندێك کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبی سیاسی نهێنی دەرکەوتن، کە پاڵپشتی و هاریکاریان لە وڵاتانی داگیرکەر وەردەگرت، ئەو داگیرکەرانەی لە بۆسەدا بوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هێزە داگیرکەرەکان ئەم حیزب و کۆمەڵانەیان بەکاردەهێنا بۆ گوشارو فشار دروستکردن بەوشێوەیەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان گونجاو بوو[1]، عەرەبە نەصرانیەکانی وڵاتی شام زۆرێك لەم کۆمەڵانەیان دروست کرد، هەروەك هەندێك حیزب پەیدابوون موسڵمان و نەصرانیەکان بەیەکەوە تێیدا کۆببوونەوە[2]، هەندێك لەم حیزبە سیاسیانە بۆ هزری سیاسی کاتی دروست بوون و دواتر لەناوچوون[3].

---

هەندێك شێوەو هزری عەلمانیەکان وەردەگرن، شوێنکەوتووانی ئەم قوتابخانەیە زۆر جیاوازن لە بۆچوون و هەڵوێستەکانیاندا، ئەمە ڕاستییەکی زانستییە دەبێ درکی پێ بکرێت لە کاتی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لێی.

(١) وەك: کۆمەڵەی عەرەبی لاو و کۆمەڵەی بەیروتی فارس نەمر، حیزبی نەتەوەیی سوری ئەنتوان سەعادە، حیزبی بەعسی میشێل ئەفلەق. دەربارەی ئەم کۆمەڵە و حیزبانە بڕوانە کتێبی: القومية العربية في ضوء الإسلام. صالح العبود؛ والإتجاهات الوطنية ٢/ ١٠٢؛ والعلمانية وآثارها على الأوضاع الإسلامية في تركيا ١٩٠ _ ١٩١.

(٢) وەك: حیزبی وەتەنی: یەکەم حیزبی سیاسی بوو لە میسرڕدا، حیزبێکی عەلمانی بوو، بەپێی ڕایەڵ و پەیوەندی نیشتمانی میسری موسڵمان و جولەکە و نەصرانیەکان بەیەکەوە لەخۆدەگرێ. بڕوانە: الإتجاهات الوطنية ١/ ١٥٤، ئەم حیزبە دژی داگیرکەران وەستا، کەچی حیزبی وەتەنی ئازاد لەپاڵ هێزی داگیرکەر وەستا، حیزبی وەتەنی ئازاد: حیزبێکی عەلمانی بوو، نەصرانیەکانی شام لە میسرڕدا دروستیان کرد، گۆڤاری (موقەتەتەف) زمان حاڵیەتی. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١/ ٩١.

(٣) وەك: حیزبی نا مەرکەزی عوسمانی، حیزبێکی سیاسی بوو، ئامانجی بریتی بوو لە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ مانەوەی لە ناو چوارچێوەی گشتی دەوڵەتدا، بەڵام لەگەڵ

**تەنها لەسەر دوو حیزبی لیبڕالی دەدوێین، کە خاوەن کاریگەرییەکی زۆر مەزن بوون لە ژیانی موسڵمانانددا، توانیان جڵەوی حوکمڕانی بگرنەدەست بە پاڵپشتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەتایبەت بەریتانیا.**

## ١ _ کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی:

**کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی بریتییە لە درێژبووەوەی کۆمەڵەی تورکیای لاو، مێژوونووسان ناوی (تورکیای لاو) بۆ سەرەتاکانی بزوتنەوەکە بەکاردێنن، بەتایبەت کە زۆربەی چالاکییەکانی لە ئەوروپا بوو.**

**کاتێك چالاکییەکانی گوێزرانەوە بۆ ناوەوەی وڵات و بەشێوەیەکی تایبەت سەربازییەکان ڕۆیشتنە پاڵی، وایلێهات ناوی (ئیتحاد و تەرەقی) لێنرا.**

**ئەمە یەکەم کۆمەڵەی ڕێکخراوە کە پشت ببەستێت بە هزری لیبڕالی بەشێوەی چەمکە گشتییەکەی، سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی (ئازادیخوازان) کە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز دروست ببوو، لە ساڵی ١٨٦٤ز گۆڤاری لەندەنی دروستکرد و دەرکرد بەناوی ((حورییەت))[١].**

---

بەڕێوبردنی ناوچەیی سەربەخۆ، ئەم حیزبە کاردانەوەی حیزبی نەتەوەیی توڕانیەت بوو، کە حیزبی ئیتحاد و تەڕەقی هێنای، بەڵام ئەم پرۆژە کۆتایی هات لەگەڵ کەوتن و هەڵوەشانەوەی خەلافەت. بڕوانە: العلمانية وآثارها على الأوضاع الإسلامية في تركيا ١٩٠ _ ١٩١.

(١) بڕوانە: تركيا الفتاة ٣٩ _ ٤٠، نقلا عن الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٣٠.

**پاشان لە ساڵی ١٨٨٩ز کۆمەڵێکی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی پێکهێنا لە قوتابیانی قوتابخانەی پزیشکی سەربازی[١] لە ئەستانە (ئیستەمبۆڵ[٢])، ئامانجی لەکارلادانی سوڵتان عەبدولحەمید بوو[٣].**

**لە ساڵی ١٨٩٤ _ ١٨٩٨ز چالاکی کۆمەڵەی تورکیای لاو گوازرایەوە شاری پاریس، ئەحمەد ڕیزاش ڕۆیشتە پاڵی، دواتر ناوبراو بووە ناودارترین پیاوی ئەم کۆمەڵەیە[٤].**

**ئاراستە هزرییەکانی شوێنکەوتووانی ئەم کۆمەڵەیە جیاواز بوو، ئەحمەد ڕیزا دڵی وابەستەی هزری دەستکردی ئۆگست کۆنت بوو تا ئاستی ئەوەی مێژووی بڵاوکراوەکانی بە مێژووی تایبەتی پەیڕەوانی یاسا دەستکردەکان دانا و مێژووی کۆچی سڕیەوە[٥]، بەڵام نامیق کەمال و زیاء کوك ئەلب... جگەلەوانیش بانگەشەیان کرد بۆ نەتەوایەتی تورکی (تورانیەت)[٦].**

**لەگەڵ ئەم جیاوازییە هزرییەدا ئەوا شوێنکەوتووانی ئەم کۆمەڵەیە ڕێککەوتن لەسەر لیبڕالییەت بە واتا گشتییەکەی کە ئازادی ڕەها و وابەستە نەبوون دەخوازێ، دامەزرانی حکومەتی دەستووری پێویست دەکات، وەك:**

---

(١) لەوانە: ئیبڕاهیم تەمۆ، ئیسحاق سکوتی، عەبدوڵا جەودەت، نازم سلانیکی، هەندێکیان بوونە خاوەن دەسەڵات لە ناو دەوڵەتی ئیتحادییەکان لە دوای لەسەرکار لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم.

(٢) وەرگێڕ.

(٣) بڕوانە: الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد

(٤) هەمان سەرچاوە ٣٣.

(٥) بڕوانە: القومية والغزو الفكري ٢٦٢ _ ٢٦٣، العلمانية ٥٦٦.

(٦) بڕوانە: الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٤٠.

**حکومەتە خۆرئاواییەکان کە پشتیان بەستووە بە یاسای شارستانیەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نییە.**

**بەم پێیە ئەم کۆمەڵەیە بە یەکەم بزوتنەوەی لیبڕالی ڕێکخراو دادەنرێ لە ناو وڵاتانی ئیسلامیدا، لە میانەی ئەم بزوتنەوەیە وەرچەرخان ڕوویدا لە حوکم کردن بە شەریعەت _ سەباری کەمتەرخەمی و بەزایەدان و سەرپێچی _ بۆ حوکم کردن بە تاغوت و یاسادان بە جگەلەو بەرنامەیەی خوای مەزن دایناوە.**

**جولەکەکانی دۆنمە لە سیلانیك لە پاڵ ئەم بزوتنەوەیەوە بوون، لە میانەی ناوەندە ماسۆنیەکان ئەم بزوتنەوە لیبڕالییە دروست بوو، زۆرێك لە جولەکە و نەصرانیەکان بوونە ئەندام تێیدا.**

**سوڵتان عەبدولحەمید پەیی بەمە برد و دەیوت: ((دەبێ ڕۆژێك مێژوو پەردە لابدات لەسەر ناوەڕۆك و چییەتی ئەوانەی ناویان لەخۆ ناوە "تورکە لاوەکان" یان "تورکیای لاو" و ماسۆنی بوونی ئەوان، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان توانیم نزیکەی بزانم کە ئەوان لە ماسۆنیەکانن، سەریان بە ناوەندی ماسۆنی ئینگلیزییەوەیە، پاڵپشتی دارایی لە ناوەندی ناوبراو بەدەست دەخەن، دەبێ مێژوو دەمامکی سەر ڕووخساری ئەم پاڵپشتییە لابدات و ئەوە بخاتەڕوو کە ئایا پشتیوانیەکە مرۆیی یان سیاسی بووە))[1]. ئەم کۆمەڵەیە کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدا لە ماڵ و خانەکانی جولەکە خۆرئاواییەکان بۆ بەدەستهێنانی ماف و جیاوك (امتیازات)ە بیانیەکان وەك: ملکەچ نەبوون بۆ فەرمانەکانی دەستگیران لەلایەن سوڵتانەوە، نەپشکنین و دادگایی نەکردن، چونکە ئەو ماڵ و خانانە لە سەرووەری**

---

**(<sup></sup>[1]) مذكرات سلطان عبدالحميد ٤٩.**

دەوڵەتە بیانیەکان هەژمار دەکران، ئەندامانی کۆمەڵەکە پارێزراویان بەدەستدەهێنا لەلایەن ئەو بیانیانەوە، هەروەك چۆن پاڵپشتی ماددیان لەلایەن جولەکەکانەوە پێ دەدرا لەسەر شێوەی یارمەتی و بەخشش[1].

سوڵتان عەبدولحەمید لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت: ((هەروەك چۆن ئینگلیز بێ ئاگایی ئەندامانی تورکیای لاوی قۆستەوە لە ڕێگەی ناوەندە جولەکەییەکانەوە، ئەڵمانیەکانیش هەمان شتیان لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەی ئەو بێ ئاگایانە کرد بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ناوەندە ماسۆنیەکانەوە، بەم شێوەیە ئەڵمانیەکان زاڵبوون بەسەر پێکهاتەی تورکیای لاو لە سالۆنیك، ئینگلیزیش زاڵ بوو بەسەر پێکهاتەی تورکیای لاو لە مناستر، ئینگلیزەکان ئیتحادییەکانی مناسترو ئەڵمانیەکان ئیتحادییەکانی سالۆنیکیان دەوروژاند دژی من، ئەوان کاریان دەکرد بۆ هەڵسان بە کودەتا تا لە ناوەوە بەسەر دەوڵەتدا بدەن))[2]. بەڕاستی ئەمە ڕوویدا، ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەستیان گرت بەسەر کەرتەکانی لەشکری عوسمانی و گەیشتە ئاستێك کە لە زۆر لایەنەوە ڕابەرایەتی گشتی لەشکریان دەکرد، کاتێکیش سوڵتان ڕەتی کردەوە دەوڵەتێك بۆ جولەکەکان دابمەزرێنێت لە فەڵەستین، جولەکەکان گەیشتنە ئەوەی کە باشترین ڕێگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان بریتییە لە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوەوە، ئەمەش لە میانەی ئەم ڕێکخراوە لیبڕالییە (ئیتحاد و تەرەقی)، لەژێر هەڕەشەی لەشکر بە کودەتاکردن بەسەر سوڵتاندا، سوڵتان ناچار بوو ڕازی ببێ لەسەر حکومەتێکی

---

[1]) بڕوانە: الذئب الأغبر ٢٩؛ وتركيا الفتاة ٢٠٠، نقلا عن الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٣٤ _ ٣٥.

[2]) مذكرات السلطان عبدالحميد ٦٩.

دەستووری لەسەر چەشنی خۆرئاوایی، جا لە دێسەمبەری ساڵی ١٩٠٨ز دەستوورەکە دەرچوو.

بەڵام ئەمە ڕێگە لە کودەتا نەگرت کە لە ئەپریلی ساڵی ١٩٠٩ز ئەنجامدرا، جا ئەو لەشکرەی لە سلانیك وەستابوو بەسەرکردایەتی (مەحمود شەوکەت پاشا[١]) یاخی بوون و جولەکە خۆبەخشەکانیش ڕۆیشتنە پاڵ لەشکرەکە، سوڵتان لەسەر تەختی دەسەڵات لادرا، (عەمانویل قەرء سو)ی جولەکەی ماسۆنی بڕیارەکەی بە سوڵتان ڕاگەیاند، بڕیاری ناوبراو خرایە بەردەم شێخی ئیسلام بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێ تا سیفەتێکی یاسایی وەربگرێت، شێخ ڕەزامەندی لەسەردا لە کاتێکدا دەورەدرابوو بە نێزەی تفەنگەکان[٢]. ئەوەی مەبەستمانە بریتییە لە دەرەنجامە وەرگیراوەکان لە ڕۆڵی لیبڕالییەتی تورکی کە خۆی دەبینێتەوە لە نیشانە دیارەکەی کە (کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی)یە، وا دەردەکەوێت ئەم دەرەنجامانە زۆر نەرێنی بن، دەکرێ ئەم دەرەنجامانە ڕوون بکرێنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

(١) سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی عێراقییە، لە شاری بەغداد لە ساڵی ١٨٥٨ز لە دایك بووە، ڕۆیشتە قوتاخانەی جەنگی لە ئەستانە (ئیستەمبوڵ) و گەیشتە پلەی فەریق، وەك کاربەدەست دیاریکرا، دواتر کرایە سەرکردەی فەیلەقی سێیەم. یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆمەڵی فەتات، لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ز هەڵیکوتایە سەر ئەستانە (ئیستەمبوڵ)، بە زەبری هێز ڕۆیشتە ناوی و سولتانی لەکار لادا، محەممەد ڕەشاد دانا جێگەی ئەو، بە وەزیری جەنگ دیاریکرا، دواتر کرایە سرۆك وەزیران. لە سەردەمی ئەودا ئیتحادییەکان زۆر زاڵ بوون. لە ساڵی ١٩١٣ز کوژرا. موسوعة العظماء والمشاهير ٣٠.

(٢) بڕوانە: الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٢٩ _ ٣٠.

**_ ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و ڕەتکرنەوە خەلافەت، پەکخستنی کارکردن بە شەریعەتی ئیسلامی، گۆڕینی سیستەمی حوکمی ئیسلامی بۆ سیستەمی کۆماری، کە بە یاسای مرۆیی کار بکات[1].**

**_ دژایەتی کردنی ئیسلام و بیروباوەڕو بەرنامە و هەڵسوکەوت و شارستانیەتەکەی، خۆ لێداماڵین و لێ هەڵگەرانەوە بەرەو بیروباوەڕەکانی هزری خۆرئاوایی و داب و نەریتی شارستانیەتەکی[2].**

**_ جێبەجێ کردنی پلانی جولەکە و دەوڵەتە خاچهەڵگرەکان، کەمتەرخەمی نواندن و بەزایەدانی زۆرێك لە بەشەکانی خەلافەتی عوسمانی، بەرەڵاکردنی ئەم بەشانە وەك تاڵان بۆ دەوڵەتە داگیرەکەرە خاچهەڵگرەکان[3]، دامەزراندنی دەوڵەتی**

---

**(1) بڕوانە تێروتەسەلی ئەوەی ئەتاتورك پێی هەڵسا: النكير على منكري النعمة من الدين والخلافة والأمة (مصطفى صبري)، وموقف العقل والعلم والعالم من رب العالمين، والإتجاهات الوطنية ٢/ ٣١ _ ٩٨، والشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٤٨ _ ٥٧، والمخططات الإسعمارية لمكافحة الإسلام ١٧٤ وما بعدها، والصراع بين الفكرة الغربيية والفكرة الإسلامية ٣٦؛ والعلمانية ٥٦٣ _ ٥٧٣.**

**(2) بڕوانە: سەرچاوەکانی پێشوو.**

**(3) نەخشەی بەڕیتانیا و فەڕەنسا زاڵبوونی تەواوی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا ڕەت دەکردەوە لەگەڵ کەوتنە ناو دەستی هاوپەیمانان وەك: ئەڵمانیا، ئەمەش لە ترسی ڕووسیا بوو، کاتێك حکومەتی ئیتحاد هاتە ناو جەنگی جیهانی دووەمەوە لە پاڵ ئەڵمانیا، ئەوا ئەمە تەنها واتای بریتی بوو لە جێبەجێکردنی پیلانی جولەکەکانی سلانیك کە جڵەوی بەدەست ناوەندە ئەڵمانیە ماسۆنیەکانەوە بوو، دواتر دەوڵەتەکە دەکەوێت دەستی هاوپەیمانانەوە، ئیتحادییەکان لە چەندین شوێنی وڵاتی موسڵمانانەوە زیادەڕەویان کرد لە ناپاکیدا، جەنەڕاڵ جەواد ڕەفعەت ئەتلەخان وتویەتی: ((تەڕابلوسی خۆرئاوا _ لیبیا _ کەوتە ژێر نینۆك و چەپۆکی ئیتاڵییەکان بە پیلانگێڕییەکی پیس و پۆخڵ کە ماسۆنی جولەکە (مىز سالم) دایڕشت بوو، ناوبراو پلەی سی و سێیەمینی لە ماسۆنیەت دەستخست، ڕۆیشتە ئیتاڵیا، چاوی کەوت بە سەرۆك شارەوانی ڕۆما، لە پێناو ڕازیکردنی بۆ کێشانەوەی چەك و**

**نەتەوەیی تورکی لە پاڵ دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوڕوپا کە پشتی بەستبوو بە یاسای شارستانی، کە لەلایەن نوێنەرانەوە دادەڕێژرا، ئەمە ئەو شتە بوو کە موستەفا کەمال پێی وابوو شایستەی گەلی هاوچەرخە لە ڕووی یاسادانان و دادوەرییەکەی، وەزیری دادی دەوڵەتی کەمالی ڕاشکاوانە وتی: ((گەلی تورکی شایستەی ئەوەیە خۆی بیر بکاتەوە بێ وابەستەبوون بە بیرکردنەوەی کەسانی پیش خۆی، بەڵام ئێستا هەر گرنگ نییە لامان کە لە ڕابردوودا چیان وتوە، ئەوەی مایەی بایەخە لای ئێمە ئەوەیە بیر بکەینەوەو قسەی خۆمان هەبێت))[1]، سەبارەت بە وڵاتانی تری ئیسلامی کە کۆمەڵەی ئیتحاد وەك تاڵان خستییە بەردەم هێزی داگیرکەر، ئەوا هێزی داگیرکەر لەو وڵاتانەدا حوکم کردنی بە شەریعەت ڕەت کردەوەو یاسایەکی دەستکری هێنا کە داندەنێ بە حکومەتی نوێنەرایەتی دەستووری لەسەر شێوەی خۆرئاوای.**

**_ پەیوەست بوونی بەهێز بە جولەکەکان و ماسۆنیەت، وەرگرتنی هاریکاری و پاڵپشتی ماددی و سیاسی لێیان، پیلانگێڕان لەگەڵیان لەسەر بنچینەی تێکدانی بیروباوەڕو وڵاتی موسڵمانان[2]، ئەمە ناپاکی مەزنە، بانگەشەی گۆڕینی ڕژێمە خۆسەپێنەکان پاساوی پێ نادات، چونکە دواتر ئەم لیبڕالیانە بوونە حوکمڕانی**

---

تفاق لە تەڕابلوسی خۆرئاواوە بۆ ئیستەمبۆڵ بە پاساوی ئاوەدانکردنەوەو چاکسازی))، أسرار الماسونية ٥٩.

(١) بڕوانە تێروتەسەلی ئەمە لە: حاضر العالم الإسلامي ٣/ ٣٣٦.

(٢) بڕوانە: مذكرات السلطان عبدالحميد ٤٩، ٦٩؛ وتاريخ الدولة العثمانية ١٩٧؛ وأسرار الماسونية (كله)، والذئب الأغبر ٢٩، وتركيا الفتاة ٢٠٠، القومية والغزو الفكري ٢٦٩ _ ٢٠٧؛ صحوة الرجل المريض ٢٤٢ وما بعدها، والشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٣٤ _ ٣٥.

**خۆسەپێن تا ئەندازەی بڕیاردان لەسەر شێوەی پۆشاك و ڕووخساری دەرەکی مرۆڤ.**

**_ پابەند نەبوونی لیبڕالییەکان بە بانگەشەکانی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسییەت و دەستوور، تەنانەت بوونە ستەمکارترین حوکمڕان، یاریان بە یاسا کرد، دەستیان وەردایە ناو کاروباری کەسی تایبەتەوە، ئەو ئازادیەیان بە خەڵك نەدا کە پێی دەنازن، تەنانەت بەشداری سیاسیان ڕەتکردەوە، بانگدانیان بە زمانی عەرەبی قەدەغە کرد، دژایەتی زانا و بانگخوازانی موسڵمانانیان کرد[١].**

**لەوەی خستمانەڕوو قەبارەی ئەو کارەساتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لیبڕالییەکان بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هێنایان، دەردەکەوێت کە چ ناپاکیەکی مەزنیان کردووە، فێڵ و تەڵەکەبازی نابەجێیان پیادەکردووە لەگەڵ ئوممەتی موسڵمان، پێویستی و ڕاستییەکانی ئیسلامیان ڕەتکردەوەو پەکخست، خۆسەپاندنی دزێویان پیادەکرد بەناوی ئازادییەوە.**

## ٢_ حیزبی وەفد[٢]:

**حیزبی وەفد بریتییە لە درێژبووەوەی یەکەم حیزبی لیبڕالی کە لە میسر دروست بوو لەو ماوەیەی بەریتانیا ئەوێی داگیر کرد، ئەویش حیزبی ئوممەت**

**(١) لەبارەی خۆسەپاندن و زۆرداری حکومەتی ئیتحاد بڕوانە: النكير على منكري النعمة ١١٨؛ أسرار الماسونية ٦٨؛ أسرار الإنقلاب العثماني ٥٥؛ الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد ٣٧ _ ٤٤.**

**(٢) دیارترین ئەندامانی حیزبی وەفد: مستەفا فەهمی، سەعد زەغلول، ئەحمەد لوتفی سەید، مستەفا نحاس و جگەلەوانیش، حیزبی وەفد ڕۆشت بۆ دانوستان کردن لەگەڵ بەریتانیا بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.**

**بوو[١]، حیزبی ئوممەت هەڵسا بە کۆکردنەوەی گەورە خاوەندارەکان[٢] لەگەڵ هەندێك کەسایەتی دیکەی ڕۆشنبیری لە سەروشیانەوە ((ئەحمەد لوتفی سەید))[٣]، ڕۆشنبیرەکان خاوەنی ڕێبازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون ئەویش**

---

**(١)** حیزبی ئوممەت پێش جەنگی جیهانی دووەم دروست بوو، بەڵام دوای جەنگەکە حیزبی ئوممەت لەناوچوو، حیزبی وەفد و ئەو حیزبانەی لێی جیاببوونەوە دەستیان پێکرد وەك حیزبی ئازادیخوازە دەستوورییەکان و جگەلەوانیش ((ئەوەی بڕوانێتە ناوەکانی حیزبی وەفد و سەرکردەکانی، ئەوا دەبینێت زۆربەی کەسایەتیەکانی حیزبی ئوممەت بوونە، ئەوەندە بەسە کە بزانیت سولەیمان پاشا سەرۆکی حیزبی ئوممەت بووە سەرۆکی لیژنەی ناوەندی حیزبی وەفد، کوڕەکەیشی محەممەد مەحمود پاشا و نووسەری یەکەمی حیزب ئەحمەد لوتفی سەید بوونە دوو ئەندامی دامەزرێنەری حیزبی وەفد، لە ساڵی دواتریشیدا بەو بۆنەوە ئاهەنگیان دەگێڕا لە کەسانی حیزبی ئوممەت بوون، ئەوانیش عەلی شەعراوی پاشا و عەبدولعەزیز فەهمی پاشا بوون، ئەندامی سێیەمیش کە سەعد زەغلول بوو، خۆی و براکەی ناسراو بوون بەوەی زۆر لایەنگیری و پشتگیری ئەم حیزبەیان دەکرد، بەڵام پلەی فەرمی ئەوان ڕێگر بوو لەوەی ببنە دوو ڕەگەزی چالاك بەشێوەیەکی فەرمی و دیار)). الإتجاهات الوطنية ١/ ٩٤ _ ٩٥.

**(٢)** وەك: مەحمود سولەیمان، حەسەن عەبدولڕەزاق، حەمەد باسل، فەخری عەبدی نوور، سولەیمان ئەبازە، عەبدوڕەحیم دەمیرتاش، عەلی شەعراوی و جگەلەوانیش. بڕوانە: الإتجاهات الوطنية ١/ ٩٤/ ٩٥.

**(٣)** ئەحمەد لوتفی کوڕی سەیدی باوکی عەلی، ناوی (مامۆستای نەوە)ی لێنرا، سەرۆکی کۆڕبەندی زمانی عەرەبی بوو لە قاهیرە، لە کاتێکدا یەکێکە لە بانگخوازانی دیار بۆ ساکاری و مرۆڤی ئاسایی!! لە گوندی بەرقینی سەر بە ناوەندی سنبلاوین لە میسڕ لە ساڵی ١٢٨٨ك _ ١٨٧٠ز لە دایك بووە، کاری پارێزەرایەتی کردووە، بەشداربوو لە دروستکردنی حیزبی ئوممەت لە ساڵی ١٩٨٠ز، بووە ئەمینداری حیزب، سەرنووسەرایەتی ڕۆژنامەی حیزبەکەی کرد کە ناوی (جەریدە) بوو، هەروەها یەکێك بوو لە ئەندامانی وەفدی میسڕی، دواتر ڕۆیشتە ڕیزی ئازادیخوازە دەستوورییەکان، بە بەڕێوبەری خانەی کتێبی میسڕی دیاریکرا، دواتر چەندین جار بووە سەرۆکی زانکۆ، ئینجا بووە وەزیری دەرەوەو ناوخۆ، دواتر بووە ئەندامی ئەنجومەنی پیران، دواتر بووە سەرۆکی کۆڕبەندی زمانی عەرەبی تا کۆچی دوایی کرد، کاریگەربوو بە هاوەڵێتی کردنی جەمالەددینی ئەفغانی لەو ماوەیەی هاودەمی ئەوی کردبوو لە میسڕ، کاریگەریش بوو بە کتێبەکانی ئەڕستۆ، یەکەم کەس بوو کە ئاسانکاری کرد بۆ ئافرەتان بۆ چوونە ناو زانکۆ لەسەرەتا دروستکردنیدا، ساڵی ١٣٨٢ك _ ١٩٦٣ز

**(لیبڕالییەت) بوو، هەوڵیاندا لیبڕالییەت بگونجێنن لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانی ئەم کەسایەتیانە.**

**ئا بەم شێوەی ڕێکەوتن دەردەکەوێت لە نێوان بۆرژوازییەت و لیبڕالییەت و هەڵسانی ئەم چینە بە قۆستنەوەی ئەم بیرۆکەیە کە ملکەچی ئارەزووەکانی ئەوانە، بەم شێوەیە سروشتی پێکهاتنی لیبڕالییەت لە ئەوروپا لەگەڵ میسرِ یەك دەگرێ لە ڕووی هەڵسانی لیبڕالییەت بە خزمەتکردنی حەزو ئارەزووی سەرمایەداران.**

**ئەم حیزبە هەڵسا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (جەریدە) لە ٩ی مارسی ساڵی ١٩٠٧ز، لە میانەی ئەم ڕۆژنامەیە دەکرێ ڕووی ڕاستەقینەی هزری حیزبی ئوممەت بزانرێ.**

**حیزبی ناوبراو بانگەشە دەکات بۆ نەتەوایەتی بەرتەسك لەسەر بنچینەی بێ ئاینی، هەر بۆیە داوای زیندووکردنەوەی فیرعەونایەتی کرد، داواشی کرد کەلەپوری فیرعەونی بە گەورە بگیرێ لەسەر بنچینەی نیشتمانی، هەروەك بانگەشەیان کرد بۆ زاراوەی خەڵکی سادە و خوێندنی زمانی عەرەبی بێ پاساوە، عەبدولعەزیز فەهمی داوایکرد نووسینی عەرەبی بە پیتی لاتینی ئەنجام بدرێت، تێڕوانینی عەلمانی بۆ نەتەوایەتی جەخت لەسەر هەڵوێستی ئەحمەد لوتفی سەید دەکاتەوە لە کۆنگرەی میسرِی لە ساڵی ١٩١١ز، ناوبراو بانگەوازی کرد بۆ لێبوردەیی لە میانەی ئاشناکردن و خۆشەویستکردنی ڕەگەزەکانی ناو یەك**

---

لە شاری قاهیرە کۆچی دوایی کرد. لە کتێبەکانی: (المنتخبات) و (تأملات في الفلسفة والأدب والسياسة والإجتماع). الأعلام ١/ ٢٠٠.

نیشتمان، بانگەشەی ئەوەشی کرد نەتەوایەتی لەسەر بنچینەی ئایین دانامەزرێ، بەڵکو لەسەر بناغەی ڕێبازە سیاسییەکان دەبێت، ڕێبازی سیاسی وەك جیاکەرەوەی زۆرینەی دانا، جا هەر ڕێبازێکی سیاسی زۆرترین تاك و ئەندامی ڕۆیشتنە پاڵ ئەوا زۆرینەیە و ئەوەی تریش کەمینەیە[1].

ئەحمەد لوتفی سەید باوکی (لیبڕالییەتی میسری) بوو لەو ماوەیەدا، مامۆستای زۆرێك لە لیبڕلییەکان بوو، هەر بۆیە بە مامۆستای نەوە ناوی لێنرا، هاوپەیمانی دڵسۆزی داگیرکەری ئینگلیزی بوون، ملکەچ بوونیان بۆ حوکمڕانی ئینگلیزیان بە سیفەتێکی ژیرمەندی پاساو دەدا، هێرِیان دەکردە سەر حیزبی وەتەنی (حیزبی عورابی شۆڕشگێڕ[2]) و بە یاخی بوو دایاندەنا کە نەهامەتی بەسەر میسرِدا دێنێت. ئەم ژیرمەندییە ئامانجی خزمەتکردنی خاوەندارو دەوڵەمەندەکانە، کۆششکردن لەسەر دەستخستنی ڕەزامەندی داگیرکەر لە پێناو بەدەستهێنانی پۆست و پلە لەو حکومەتەی بەپێی دیدو بۆچوونی داگیرکەر دامەزراوە.

حیزبی ئوممەت بەوە ناسرا کە خاوەنی پەیوەندییەکی تایبەتە لەگەڵ لۆرد کڕومەر (کاربەدەستی ئینگلیزی کرداری لە میسر)، حیزبی ناوبراو ئارەزووەکانی

---

(١) بڕوانە: الإتجاهات الوطنیة ١/ ١٣٦.

(٢) حیزبی عورابی هەرچەندە دژی داگیرکەر بوو ئەوا حیزبێکی ئیسلامی نەبوو، بەڵکو حیزبێکی عەلمانی بوو، پێی وابوو باشترین شێوەی حوکمڕانی بەپێی ڕێگەی خۆرئاوایی دەبێ، کە ڕژێمی کۆمارییە، هەر بۆیە سەرکردەکانی ڕاشکاوانە دەریانبڕی ئامانجی شۆڕشەکەیان (گۆڕینی میسرە بۆ سیستەمی کۆماری وەك: سویسرا)، ئەوان زانایانی ئیسلامیان بە پاشکەوتوو دادەنا، چونکە ئەو زانایانە ئامادە نەبوون ئەم بانگەوازە پەسەند بکەن. بڕوانە دەقەکانیان لە: الإتجاهات الوطنیة ١/ ١٥٩.

**بەلای ئینگلیزدا دەڕۆیشت، دید و بۆچوونی خۆرئاوایی پەسەندکرد لەلایەنی هزری و سیاسییەوە.**

**ئەم حیزبە هێرشی کردە سەر بیرۆکەی یەکێتی ئیسلامی، ئەمەی بە بیرۆکەیەکی خەیاڵاوی دانا؛ چونکە ڕێگەی ڕابوون بە بۆچوونی ئەوان بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەبێت وەك چۆن لە ئەوروپا لە دوای شۆڕشی فەڕەنسی ڕوویدا.**

**زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی ناوی حیزبی (ئوممەت) لە قوتابییەکانی محەممەد عەبدە و لەوانە بوون کە بە هزرە نوێخوازییەکانی ناوبراو کاریگەر ببوون، کەچی گەیشتنە قۆناغێك کە محەممەد عەبدە بەرپەرچی خاوەنەکانی دەدایەوە.**

**لە دوای جەنگی جیهانی دووەم حیزبی وەفد لەم حیزبە دروست بوو، حیزبی وەفد هەر لەسەر تێڕوانینە هزرییەکانی حیزبی ئوممەت مایەوە لەبارەی حکومەتی نوێنەرایەتی دەستووری بەپێی نموونەی خۆرئاوایی، ئەمەش وای دەخواست شەریعەتی ئیسلامی لە کارپێکردن پەکبخرێت، یاسای دەستکرد پیادە بکرێت.**

**حکومەتی وەفد _ بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانیەکەی لە ژێر سایەی داگیرکەردا مایەوە _ حکومەتێکی لیبڕالی بوو لە بۆچوونی سەبارەت بە حوکمڕانی و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی، ئەمە ئەو تێڕوانین و بۆچوونەیە کە داگیرکەر دایناوەو پەسەندیان کردووە. جا (سەعد زەغلول)[1] دۆستێکی دڵسۆزی**

---

**(١) سەعدی کوڕی ئیبڕاهیمی زەغلول، سەرکردەیەکی سیاسی میسرییە، وتاربێژێکی کاریگەرە، لە ئیبانە کە یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی غەربیە لە میسرِ لە ساڵی ١٢٧٣ك _ ١٨٥٧ز لە دایك**

**ئینگلیزو تێکڕای خۆرئاواییەکان بوو، ئەوەی نامەکانی بخوێنێتەوە کە بۆ سەرۆکی ئەمریکی (ویڵسۆن) نووسیویەتی پەیی بە ئەندازەی ملکەچی و سەرشۆڕکردنەکەی زەغلول دەبات.**

**هێزی داگیرکەر وای کرد حیزبە سیاسییەکان بەهۆی ململانێیانەوە لەبارەی دەستوورو حوکمەتی پەرلەمانی بێ ئاگابن لەوەی تێبکۆشن دژی داگیرکەرو بنیاتنانی ئوممەت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و سەربەخۆ.**

**دواتر هێزەی داگیرکەر حوکمڕانی ڕادەستی لایەنێکی ئەمیندار کرد (ئەویش حیزبی وەفد بوو)، بەوەی حیزبی ناوبراو هەموو بۆچوون و تێڕوانینەکانی هزری خۆرئاوایی پەسەندکرد، ئەمە لە هزرو بیرۆکەکانی حیزبدا ڕۆشنە[1].**

**حیزبی سیاسی لیبڕالی لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا دروست بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی زۆرێك لە حکومەتەکان هەڵسان بە جێبەجێکردنی هەندێك جۆری**

---

بووە، بە بێ باوکی پێگەیشتووە، لە نووسینگەکان و دواتر لە ئەزهەری پیرۆز فێری خوێندن بووە، پەیوەندی کرد بە شێخ جەمالەددینی ئەفغانی و بۆ ماوەیەك هاودەمی کرد، سەرقاڵ بوو بە نووسین لە ڕۆژنامەی وەقائعی میسری لەگەڵ شێخ محەممەد عەبدە، لە ساڵی ١٢٩٨ك لە شۆڕشی عەرابی بەشدار بوو، چەند مانگێك بەندکرا بە تۆمەتی بەشدار بوون لە کۆمەڵەی نهێنی (وترا: هەوڵی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بوون)، دواتر بەبێ تاوانی ئازادکرا، سەرقاڵی کاری پارێزەرایەتی بوو، دواتر وەك دادوەرو ئینجا وەك ڕاوێژکار دانرا، وەزیرایەتی وەزارەتی زانست و زانیاری (مەعارف)ی گرتەئەستۆ، ئینجا بووە سەرۆکی کۆمەڵەی یاسادانان، داوای سەربەخۆیی کرد، بۆیە ئینگلیز دووریانخستەوەو گواستیانەوە بۆ ناوچەی ماڵتە، دواتر بۆ دوورگەکانی (سیشل)، ناوی بووە نیشانەی ڕابوونی نەتەوەیی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی گرتەدەست، ساڵی ١٣٤٦ك _ ١٩٢٧ز لە شاری قاهیرە مرد. الأعلام ٣/ ٨٣؛ وموسوعة عظماء والمشاهیر ٢٤.

(١) لەبارەی ئەوەی خرایەڕوو بڕوانە: الإتجاهات الوطنیة ١/ ٩٤ _ ٩٥، ١٠٥، ١٣٦، ١٥٢، ٢/ ٣٨٩، ٤٢٩.

دیموکراسییەتی لیبڕالی، ئەم حیزبانە بەشداربوون لەو حکومەتانەی هەڵبژاردنیان فەراهەم کرد، حیزبە لیبڕالییەکانی تر بەنهێنی مانەوە[١].

## ت_ گۆڕانی دیموکراسی و پرۆژەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

وڵاتانی ئیسلامی لیبڕالییەتیان نەناسی تەنها لە ڕێگەی بانگخوازانی خۆرئاواگەرا نەبێ، چەمکە سیاسییەکانی لیبڕالییەت جێبەجێ نەکران لەسەر زەمینەی واقیع تەنها لە ڕێگەی داگیرکەری خۆرئاواوە نەبێ.

ماوەی پرۆسەی داگیرکردن (إستعمار) بریتی بوو لە (چەرخی زێڕینی لیبڕالییەت) لە هەموو ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی داگیرکرابوون[٢].

هێزی داگیرکەری ئینگلیزی و فەڕەنسی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بە ناچاری لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕۆیشتنە دەرەوە، دەرچوونیشیان دەگەڕێتەوە بۆ بەرگری و بەرهەڵستی و تێکۆشان دژیان لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا، هەروەها خەرجییە داراییەکانی مانەوەی هێزەکانیان هۆکارێك بوو بۆ ڕۆیشتنیان لە کاتێکدا ئابووری دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەیناڵاند بەدەست جەنگی جیهانی دووەمەوە، سەرباری پاشەکشەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و دەرکەوتنی دەوڵەتانی تر

---

(١) بڕوانە چەند نموونەیەکی حیزبە لیبڕالییەکان لە ناوچەی کەنداو لە کتێبی: التيارات الفكرية في الخليج العربي ٨٩ _ ١٦١.

(٢) وەسف کردنی ئەم ماوەیە بە چەرخی زێڕین، مانای وانیە بە کرداری لیبڕالییەت جێبەجێ کراوە، لیبڕالییەت بەشێوەیەکی تەواو لە وڵاتانی ئیسلامیدا جێبەجێ نەکرا، هێزی داگیرکەر لە هەمووان زیاتر پێشێلی دیموکراسییەتی دەکرد و پەکی دەخست، ئەمەش کاتێك دیموکراسییەت پێچەوانەی بەرژەوەندییەکی سیاسی ئەو دەبوو، بەڵام ئەم ماوەیە لە گرنگترین ماوەکانی سەپاندنی لیبڕالییەت بوو بەسەر جیهانی ئیسلامیدا لە مێژووی هاوچەرخدا، لەوانەیە زۆرداری و خۆسەپاندنی حکومەتی ئیتحادی لە تورکیا گەواهیدەر بێ لەسەر ئەم ڕاستییە.

کە هزری سیاسی جیاوازیان هەبوو، ئەویش یەکێتی سۆفیەتی شیوعی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی لیبڕالی بوون.

بوونی هەڕەشەی شیوعی کە دژی لیبڕالییەت بوو وایخواست هێزی داگیرکەر پاشەکشە بکات و وڵات ڕادەستی بژاردەیەکی سیاسی و هزری بکرێ کە دەستکەوتەکانی داگیرکەری لیبڕالی بپارێزێت[1].

ویلایەتە یەکگرتووەکان هاتە ناوچەکەوە لە میانەی پاڵپشتی کردنی کودەتا سەربازییەکان[2] لە ساڵی پەنجا و شەستەکاندا، ڕژێمە سەربازییەکان هەموو ڕووخسارو مەشخەڵەکانی لیبڕالییەتیان سڕیەوە لە ژیانی سیاسیدا وەك ئەنجومەنی نوێنەران، حیزبە سیاسییەکان، ئازادی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگەی مەدەنی و شتی دیکەش، تەنها یەك پاشماوەی حوکمی لیبڕالی مایەوە ئەویش پەکخستنی شەریعەتی ئیسلامی و دوورخستنەوەی بوو لە حوکمڕانی، کارکردن بە یاسا دەستکردەکان. ئەم بارودۆخە تا ناوەڕاستی حەفتاکان مایەوە لەوێ دەستکرا بە قسەکردن لەبارەی پێویستی وەرچەرخانی دیموکراسی، بەم پێیە دەکرێ قۆناغەکانی لیبڕالییەت لە ژیانی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکرێت:

_ **قۆناغی یەکەم:** لە هاتنی هێزی داگیرکەر بۆ ناو وڵاتانی ئیسلامی دەستپێ دەکات تا دوای کەمێك لە ساڵی ١٩٥٠ز، ئەمە چەرخی زێڕینی لیبڕالییەت بوو لە حوکمڕانیدا.

---

(١) بڕوانە: مستقبل الرأسمالية ٢٦٥.

(٢) بڕوانە : لعبة الأمم (كله).

_ **قۆناغی دووەم:** نزیکەی لە ساڵی ١٩٥٢ز تا ساڵی ١٩٧٦ز دەستپێدەکات، ئەمە قۆناغی پاشەکشە و داڕووخانی لیبڕالییەت و دەرکەوتنی حیزبی تاکڕەو بوو، هەروەها لەم قۆناغەدا ڕاگەیاندن کۆت و بەندکرا، بەشێوەیەکی زۆرو فراوان مافەکانی مرۆڤ و شتی دیکەش پێشێل کران.

_ **قۆناغی سێیەم:** لە ساڵی ١٩٧٦ز _ ٢٠٠٢ز، لەم قۆناغەدا قسەکردن دەستپێکرا لەبارەی وەرچەرخانی دیموکراسی و دەرکەوتنی هەڵبژاردن، پێدانی جۆرێك لە ئازادی و هەندێك شێوەی دیموکراسییەت بە ڕاگەیاندن(١).

_ **قۆناغی چوارەم:** لە ٢٠٠٢ز دەستپێدەکات تا ئێستا، جەنگەکانی ئەمریکی لە ئەفغانستان و عێراق دەستیان پێکرد، جەنگ دژی ئەوەی بە تیرۆر ناودەبرێ هەڵگیرسا، جیهانگیری فراوان بوو لە میانەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و بارودۆخی دیکەی نێودەوڵەتی، ئەم قۆناغەی کۆتایی گوزارشت دەکات لە ئامادەکردن ناوچەکە بۆ سەپاندنی نموونەی لیبڕالی لە بواری سیاسی و ئابووریدا، ئەوەی بەدوایدا دێت لە شوێنەوارو ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان.

ئەم قۆناغە بە دواین و زیندووترین و گرنگترین قۆناغ دادەنرێ، تایبەتمەندە بە گۆڕانکاری و هەموارکردن بەپێی بارودۆخە هەنووکەییەکان، فرە ڕووبەڕوو بوونەوەو تەحەدداکان.

لەم قۆناغەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واقیعی داڕووخاوی جیهانی ئیسلامی قۆستەوە لە بواری ئازادییەکان و گەشەی ئابووری، خراپی پلاندانان و

---

(١) لەبارەی تیۆری وەرچەرخانی دیموکراسی بڕوانە: التحول الديمقراطي والتحدي الإسلامي ١٧ وما بعدها.

**جگەلەوانەش بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی نوێ پێشکەش بکات بە ناوی چاکسازی لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەویش پرۆژەی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزنە)، ئەمریکا هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت لە جیهاندا بەپێی دید و تێڕوانینی سوودگەرا.**

**چەمکی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست[١]) پێشتر لەلایەن هێزی داگیرکەری بەریتانی و فەرەنسی بەکارهات لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەمەش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی، کە یەکەم جار پێکهات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پرۆژەی نەتەوەیی تورانی، هەروەها بە تورککردنی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی ئیتحا و تەرەقیەوە، ئەمەش پێش**

---

**(١) چەمکی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) لە کاتی پرۆسەی داگیرکردندا دەرکەوت، بێ ئەوەی واتایەکی جوگرافی دیارکراو ببەخشێت، بێ ئەوەی ئاماژە بکات بە مێژوویەکی هاوبەشی گەلانی ناوچەکە، بەڵکو پشتی بەست بە تێڕوانین بەشێوەیەکی باڵاتر بۆ خۆرئاوا، بەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خۆرئاوا دەکرد وەك چەق و ناوەندێك کە ناو لەوانی تر دەنێ، هەر بۆیە چەمکی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و (خۆرهەڵاتی نزم) هاتن، کاتێك قەوارەی جولەکە لە فەلەستین دروستکرا، ئەوا زیاتر گرنگی بە زاراوەکە درا تا جولەکە و دەوڵەتەکەشیان بێنە ناو بازنەی زاراوەکە؛ چونکە بەکارهێنانی زاراوەیەکی دیکەی دژی ئەم زاراوەیە وا دەکات جولەکەکان ببنە بەشێکی نامۆ لە نێوان بەشە هەماهەنگەکانی خاوەن یەك زمانی دیاریکراو یان یەك ئاینی دیاریکراو، بۆیە ئەم زاراوەیە هات بە مەبەستی پایەدارکردنی دەوڵەتی جولەکە و هەماهەنگ و گونجاندنی لەگەڵ دەوروبەری. جا زاراوەکە بەکارهێنرا بۆ ئەوەی دەوڵەتە نا عەرەبییەکانی وەك ئێران و تورکیا بچنە ناویەوە، هەندێك جار بەپێی بەرژەوەندی سیاسی بازنەی چەمکەکە زیاد و کەم دەبێت، جا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ((گوزارشتە لە ناوچەیەکی خاوەن جوگرافیای گۆڕاو)).**

**سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە: ((الشرق الأوسط: الأبعاد السياسية والثقافية)) بحث في كتاب ((مصر ومشروعات النظام الإقليمي الجديد في المنطقة)) وهو أوراق عمل للمؤتمر السنوي العاشر للبحوث السياسية القاهرة ٧ _ ٩ ديسمبر ١٩٩٦م، لا ٢٠٥.**

**ئەوەی نەتەوایەتی عەرەبی ببێتە خاوەنی ڕەوتێکی هزری تەواو و پشتبەستوو بە سەرچاوەی عەلمانیەت[١].**

**پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن پرۆژەیەکی ئەمریکی بوو، بەڵام یەکێتی ئەوروپا و بەتایبەت ئەڵمانیا و فەڕەنسا[٢] بەشداری کارا بوون، بەتایبەت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پرۆژەکەی خستەبەردەمی هەشت دەوڵەتە گەورەکە[٣]، لە میانەی (کۆڕبەندی ئایندە[٤]) دەستکرا بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە.**

---

(١) لەبارەی نەتەوایەتی بڕوانە: فكرة القومية العربية (صالح عبود).

(٢) بۆچوونی ئەمریکا و ئەوروپا کۆك بوو لەسەر ئەم پرۆژەیە، دەکرێ بەدواداچوون بۆ ئەمە بکرێ لە میانەی دەستپێشخەرییەکەی ئەڵمانیا کە لە وتاری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانی (یوشکا فشەر)دا هاتووە کە لە بەردەم کۆنگرەی میونیخی چلەمدا هاتووە دەربارەی سیاسەتی ئاسایش (٧ فێبرایەر/ شوبات ٢٠٠٤ز)، هەروەها دەکرێ ئەمە ببینرێ لە دەقی پرۆژەی فەڕەنسی _ ئەڵمانی لە پێناو ئایندەیەکی هاوبەش لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دەکرێ ببینرێ لە بەڵگەنامەی (هاوبەشی لە پێناو پێشکەوتن و ئایندەیەکی هاوبەش لەگەڵ ناوچەی ناوەڕاستی مەزن و باکوری ئەفریقیا)، ئەمە بەڵگەنامەی لوتکەی هەشت دەوڵەتە مەزنەکەیە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرواری ١١/ ٦/ ٢٠٠٤ز گرێدرا. بڕوانە: مشروع الشرق الأوسط الكبير أعلى مراحل التبعية ١٦٦ _ ٢٢٦. تەواوی دەقەکان لە سەرچاوەی ناوبراودان.

(٣) هەشت دەوڵەتە مەزنەکان بریتین لە: ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، یابان، ڕووسیا، کەنەدا.

(٤) کۆڕبەندی ئایندە: کۆڕبەندێکە ئامانجی توێژینەوەیە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی لوتکەی کۆمەڵەی هەشت دەوڵەتەکە پەسەندیان کردووە تایبەت بە دەستپێشخەرییەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن، کۆڕبەندەکە سەرکردەکانی هەشت دەوڵەتەکە و سەرۆکەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەش لەخۆی دەگرێ، هەروەها نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بازرگانانیشی تێدایە، کۆڕبەندەکە _ وەك چۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکی لە ڕۆژی هەینی بەرواری ٢٤/ ٩/ ٢٠٠٤ز وتویەتی _: ((هەوڵدانە بۆ ڕەواجدان و گەرم کردنی بازاری چاکسازی سیاسی و ئابووری)). بیرۆکەی کۆڕبەندەکە لە میانەی گرێدانی لوتکەی هەشت دەوڵەتەکە لە یەکەم چاوپێکەوتندا لە ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکی لە یۆنیۆی ٢٠٠٤ز پێشنیازکرا. وڵاتی مەغریب میوانداری یەکەم چاوپێکەوتنی کۆڕبەندی ئایندەی کرد

- **بنەماكانی پڕۆژەی ناوەڕاستی مەزن[١]:**

**بنەماكانی پڕۆژەكە لە میانەی ئەو دەقە ئەمریكییەدا ڕوون دەبێتەوە كە پێشكەشی لوتكەی هەشت دەوڵەتە مەزنەكەی كرد لە یۆنیۆ/ حوزەیرانی ٢٠٠٤ز[٢]، پڕۆژەكە ئەوەی ڕوونكردەوە كە ئەو پاساوەی پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە گرنگی ناوچەكە لە ڕووی ستراتیژییەوە، هەروەها بوونی مەترسی كە هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانیەكانی هەر دەوڵەتێك لە هەشت دەوڵەتەكە، كە دواتر زیادەڕەوی و ترس و تۆقاندن و تاوانی نێودەوڵەتی و كۆچی نا یاسایی زیاد دەكات، پڕۆژەكە لە ئامارەكانی دەربارەی جیهانی عەرەبی پشتی بەست بە ڕاپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكان سەبارەت بە گەشەپێدانی مرۆیی لە نیشتمانی عەرەبی بۆ ساڵانی ٢٠٠٣ _ ٢٠٠٣ز لە بارەی بابەتەكانی: ئازادی، زانین و هۆشیاری، پایەداركردنی ئافرەتان))، جا لەم ئامارانەدا هاتبوو:**

---

لە بەرواری ١١/ ١٢/ ٢٠٠٤ز. سەرباری ڕەتكردنەوەی ئامادەبوونی شاندی ئیسرائیلی ئەوا ناڕەزایی گەل و جەماوەر سەبارەت بە لەخۆگرتنی ئەم كۆڕبەندە لەلایەن مەغریبەوە زۆر توند بوو، جەماوەر كە ئەم كۆڕبەندەی ڕەتكردەوە لەسەر بنچینەی ئەوە بوو كە هۆشیاری تەواوی هەبوو دەربارەی ئامانجە شاراوەكانی كۆڕبەندەكە، بەتایبەت كە ڕای گشتی موسڵمانان هەموو پڕۆژەیەك ڕەت دەكاتەوە كە سەرچاوەكەی بریتی بێ لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەمەش بەهۆی ئەو ستەم و زۆرداری و دەستدرێژییەی لە دژی وڵاتانی ئیسلامی دەنوێنێت، لەگەڵ پاڵپشتی بێ سنوور بۆ هێزی داگیركەری ئیسڕائیلی، ئەمەش كۆسپ دروست دەكات لەبەردەم ڕێگەی سەركەوتنی پڕۆژەكە، ڕێكەوتن ئەنجامدرا لەسەر ئەوەی كۆڕبەندی دووەم لە وڵاتی بەحرەین ئەنجام بدرێت، بەڵام شكستی هێنا لە دەستەبەركردنی ئامانجەكانی. لەبارەی هەواڵەكانی كۆڕبەندەكە بڕوانە: وكالات الأنباء، والصحف المحلية والعالمية في التاريخ ١١/ ١٢/ ٢٠٠٤، وموقع إسلام أون لاين _ الأخبار _ في ٣/ ١٢ / ٢٠٠٤.

(١) خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن ئەمانە دەگرێتەوە: دەوڵەتە عەرەبییەكان، پاكستان، ئەفغانستان، ئێران، توركیا، ئیسڕائیل.

(٢) ڕۆژنامەی حەیات _ لەندەن _ تەواوی دەقەكەی بڵاوكردەوە لە مێژووی ١٣ فێبرایەر/ شوبات ٢٠٠٤ز، لوتكە دانوستانەكەی گرێدا لە سی ئایلاند لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

**_ دەرامەت و داهاتی ناوخۆیی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی (٢٢ دەوڵەت) کەمترە لە داهاتی ناوخۆیی ئیسپانیا.**

**_ نزیکەی ٤٠٪ لە عەرەبە پێگەیشتووەکان (٦٥ملیۆن کەس) نەخوێندەوارن، ئافرەتا سێ یەکی ئەم ڕێژەیە پێکدێنن.**

**_ ئەگەر ڕێژەکانی بێکاری بەپێی ئەوەی ئێستا هەیە بەردەوام بێت، ئەوا ئەندازەی ڕێژەی بێکاری لە ناوچەکەدا دەگاتە ٢٥ ملیۆن لە ساڵی ٢٠١٠ز، چەندین ژمارە و ئاماری تر کە تیشك دەخەنە سەر قەبارەی داڕووخان و پاشکەوتنی مەزنی ناوچەکە. ئەوە لەو پڕۆژەیە وەرگیرا کە ئەم بارە ناهەموارە دەبێتە هۆی ((هەڕەشە و گوڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر دامەزراوی ناوچەکە و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامانی کۆمەڵەی هەشت)).**

**جێگرەوە دیاریکرا بەوەی دەبێ چاکسازی بکرێ، پرۆژەکە پێشوازی لێکرا لەلای هەندێك لە سەرکردەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە هەنگاونان بەرەو چاکسازی، هەروەك ڕۆڵی (هاوبەشی ئەوروپی ناوەندی) ڕوونکردەوە، تەنانەت ئاماژەش کرا بە جەنگی ئەمریکا دژی ئەفغانستان و عێراق، کە گوایە ئامانجی بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت و ئازادییە. هەموو ئەمە وایکرد هەل بڕەخسێت بۆ داڕشتنی هاوبەشی دوور مەودا لەگەڵ دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.**

**دواتر مەشخەڵ و بنەماکانی ئەم پرۆژەیە دیاریکرا بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١_ هاندانی دیموکراسییەت و حوکمڕانی چاك، ئەمەش لە میانەی پابەند بوون دەبێ بەمەی خوارەوە:**

**أ_ دەستپێشخەری کردن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، ئەمەش بە پێشکەشکردنی هاریکاری تەکنیکی و گۆڕینەوەی سەردان دەبێ بۆ دروستکردنی لیژنەکانی هەڵبژاردنی سەربەخۆ بۆ چاودێری و سکاڵا، هەروەها یارمەتیدانی تەکنیکی بۆ تۆمارکردنی پاڵێوراوان.**

**ب_ سەردانی یەکتر کردن و مەشقکردن لەسەر ئاستی پەرلەمانی، بە بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمانەکان لە بە دیموکراسی کردنی وڵاتان، کۆمەڵەی هەشت ڕەچاوی سەردانکردنی یەکتری ئەندامانی پەرلەمان لەبەرچاو دەگرێ، لەگەڵ زیادە جەختکردنەوە لەسەر بایەخدان بە یاسادانان و جێبەجێکردنی چاکسازی یاسایی و نوێنەرایەتی پاڵێوراوان.**

**پ_ چەند پەیمانگەیەك بۆ مەشقدانی سەرکردایەتی تایبەت بە ئافرەتان، لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی هەشت کە بایەخ دەدەن بە بەشداری لە کێبڕکێی هەڵبژاردن لەسەر پۆستەکانی حوکمڕانی، دروستکردنی سەرکردایەتی ئافرەت بۆ ئامانجی دیموکراسی.**

**ت_ هاریکاری یاسای بۆ خەڵکی سادە بە دروستکردن و پارەدارکردنی چەند ناوەندێك بۆ تاکەکان تا بتوانن تێیدا ڕاوێژکاری یاسایی بەدەست بخەن، پەیوەندی بە پارێزەرەوە بکەن، ئەم ناوەندانە پەیوەستن بە کۆلیژەکانی ماف لە ناوچەکەدا.**

**ج_ دەستپێشخەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ، بەوپێیەی ئەم هۆکارانە سەربەست بن، ئەمەش بە سەردان کردنی یەکتری ڕۆژنامەنووسان دەبێت، بەرنامەی مەشقدان بۆ سەربەخۆکان دابنرێ، بەخشش بدرێ بۆ ناردنی شاند بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی.**

ح_ دژایەتی کردنی گەندەڵی و پەسەندکردنی بنەماکانی ڕاستگۆیی و ڕەوایی و شەفافییەت، پاڵپشتی کردنی ڕێکخراو و بەرنامەکان لەم بارەوە.

خ_ هاندانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ مۆڵەت پێدانی، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، مافەکانی ئافرەت و شتی تریش بێ هەراسان کردن یان کۆت و بەند کردن. یارمەتی و پارەدارکردنی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێکخراوانەی بایەخ بە دیموکراسییەت دەدەن، پێشکەش کردنی ڕاهێنانی تەواو و پێویست بۆ ئەم ڕێکخراوانە.

٢_ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیارو خاوەن زانست: گرنگی زانین و هۆشیاری خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕێگەیەکە بۆ گەشەپێدان، کۆمەڵەی هەشت دەتوانێت هاریکاری پێشکەش بکات بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەرپابوونی خوێندن لە ناوچەکە، ئەمەش بۆ ئەوەی ناوچەکە بێتە ناو جیهانگیری بەبێ ڕوودانی بارودۆخی ڕووخان و کەوتنی ڕژێم یان کۆمەڵگە، ئەمەش لە میانەی ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

أ_ دەستپێشخەری خوێندنی بنەڕەتی، لە میانەی سڕینەوەی نەخوێندەواری و بەتایبەت لەبەرچاوگرتنی کچان و ئافرەتان، ئەمەش لە میانەی دروستکردنی پەیمانگە بۆ مەشقدانی ئافرەتان لەسەر پیشەی خوێندن و فێرکردن، هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەم بوارەدا، هەروەها پارەدار کردنی بەرنامەی وەرگێڕانی نووسراوە کلاسیکییەکان لە بواری فەلسەفە و وێژە و زانستی کۆمەڵناسی و هاریکار بوون لەگەڵ کەرتی تایبەت، دواتر بەخشینی ئەم وەرگێڕدراوانە بە قوتابخانە و زانکۆ و کتێبخانە گشتییەکان.

ب_ دەستپێشخەری کردن سەبارەت بە قوتابخانە دۆزەرەوەکان، وەك چۆن لە ئوردن ڕوویدا، ((کۆمەڵەی هەشت هەوڵ دەدات بۆ فراوان کردن و گواستنەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە لە ڕێگەی پارەدارکردنی کەرتی تایبەت)).

پ_ چاکسازی کردن لە کەرتی خوێندندا، کۆمەڵەی هەشت دەتوانێت بەشدار بێت لە ((دەستپێشخەری ئەمریکیدا بۆ هاوبەشی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا))، هەروەها ئامادە بێ لە ((لوتکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چاکسازی لە کەرتی خوێندندا))، ئەمە خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕەوتەکانی ڕای گشتییە کە هەوڵی چاکسازی دەدەن لە کەرتی خوێندن و کەرتی تایبەت و سەرۆکی دەستە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەکە، لەگەڵ هاوبۆچوونەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی و یەکێتی ئەوروپا، ئەم بەیەکگەیشتنە لە پێناو دیاریکردنی ئەو شوێنانەی پێویستن بۆ چارەسەرکردن.

ت_ دەستپێشخەری خوێندن لە ئینتەرنێتدا، ئامانجی نەهێشتنی ئەو بۆشاییە ژمارەییەیە کە لە نێوان ناوچەکە و تێکڕای جیهان و بەتایبەتی دەوڵەتە پیشەسازییەکاندا هەیە، ڕۆڵی کۆمەڵەی هەشت بە فەراهەم کردنی پەیوەندی کۆمپیوتەری دەبێ لە ناوچەکەدا، بەهەمان شێوە دابینکردنی ئەم پەیوەندییە لە نێوان لادێ و شارەکانی یەك وڵات، زیاتر هەوڵەکانی لەسەر ئەو وڵاتانە چڕ دەکاتەوە کە کەمتر کۆمپیوتەر بەکاردێنن[1].

ج_ دەستپێشخەری خوێندنی کارگێڕی کار، لە میانەی دامەزراندنی هاوبەشی لە نێوان قوتابخانەکانی کار لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان و پەیمانگە

[1] وەك: عێراق، ئەفغانستان، پاکستان، یەمەن، سوریا، لیبیا، جەزائیر، میسڕ، مەغریب.

**پسپۆڕەکانی ناوچەکە، بایەخدان بە پێشخستنی ئەم پەیمانگە تایبەتانە، نموونەی ئەم دەستپێشخەرییە ((پەیمانگەی بەحرەین بۆ دراوگۆڕینەوەو سەرمایە))، کە لەلایەن بەڕێوبەرێکی ئەمریکی دامەزراوە، پەیوەندی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك زانکۆی ئەمریکی.**

**٣_ فراوانکردنی هەلی ئابووری: ئەم بنەمایە کار دەکات لەسەر ڕاهێنانی ناوچەکە بۆ پەسەندکردنی ئازادی بازرگانی وەك چۆن لە دەوڵەتە شیوعییەکانی پێشتر لە ئەوروپای خۆرهەڵات ڕوویدا و هاتنە ناو ئابووری بازارەوە، ((کلیلی وەرچەرخانەکە ئازادکردنی تواناکانی کەرتی تایبەت دەبێ لە ناوچەکە، بەتایبەت پرۆژەکانی کاری بچوك و مام ناوەند)).**

**گەشەکردنی چینێکی ڕاهێنراو لە بواری کاردا ڕەگەزێکی گرنگە بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی و ئازادی، دەکرێ کۆمەڵەی هەشت لە میانەی ئەمەدا بڕیاری دەستپێشخەرییەك بدات سەبارەت بە پارەدارکردنی پەرەسەندن، ئەمەش لە میانەی ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە:**

**_ قەرزدان بە پرۆژە بچوکەکان، نەهێشتنی کەم و کورتی تێیاندا، بەتایبەت ئەو پرۆژانەی ئافرەتان پێی هەڵدەستن.**

**_ دامەزراوەی دارایی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن، ئەمە دامەزراوەیەکی هەرێمییە بۆ گەشەپێدان لە پاڵ ((بەنکی ئەوروپی بۆ کارو گەشەپێدان)) بۆ یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتانەی هەوڵی چاکسازی دەدەن، هەروەك چۆن ئەم دامەزراوەیە دەبێتە لایەنێکی ماددی بۆ پاڵپشتی و پارەدار کردنی دەوڵەتانی**

**ناوچەکە لە بواری چاکسازی و جێبەجێ کردنی تێڕوانینی پێشوو (هاندانی دیموکراسییەت، کۆمەڵگەی هۆشیارو خاوەن زانست).**

**_ هاوبەشی لە پێناو سیستەمێکی دارایی باشتر، بۆ ئەوەی وڵاتان بتوانن بێنە ناو سیستەمی دارایی جیهانەوە بێ ئەوەی کێشەی وای هەبێت کاری تێبکات، ئامانجی هاوبەشییەکە ئازادکردنی خزمەتە داراییەکانە و فراوان کردنیەتی لە ناوچەکە، هەروەك دەکرێ کۆمەڵەی هەشت دەستپێشخەرییەکی نوێ بکات بۆ هاندانی بازرگانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن، ئەمەش لە میانەی: چوونە پاڵ ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، فەراهەم کردنی یارمەتییە تەکنیکییەکان و دامەزراندنی ناوچە بازرگانیەکان، دروستکردنی ناوچەی دیاریکراو بۆ هاندانی لەسەر پیشەسازی، کردنەوەی دەلاقە و ڕێگە لە بازارەکانی خۆرئاوا بۆ ئەم بەرهەمانە بە مەبەستی باشکردنی بارودۆخی بازرگانی، پێکهێنانی چینێکی مام ناوەند کە کار بکات لەسەر بە دیموکراسی کردنی ناوچەکە، هەروەها دامەزراندنی ((دوانگەی هەلە ئابووریەکان[1])) کە لەوێ گەورە بەرپرسانی دەوڵەتە پیشەسازییەکان لەگەڵ سەرکردەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن بەیەکەوە کۆدەبنەوە (لەگەڵ گرێدانی کۆبوونەوەی لا بەلا بۆ بەرپرسان و کەسانی نا حکومی لە بازرگانان) بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بابەت و پرسانەی پەیوەستن بە چاکسازی ئابوریەوە[2].**

---

(1) وەك: کۆڕبەندی داڤۆس و کۆڕبەندی جەددەی ئابووری.

(2) ئەمە نمایشکردێکی کورتی بنەماکانی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزنە بە تۆزێك دەستکارییەوە، کە وەرگیراوە لە دەقی پرۆژەکە، کە لە ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی بڵاوکراوەتەوە لە بەرواری ١٣ فێبرایەر/ شوبات ٢٠٠٤ز.

## ▪ ئامانجە ڕاستەقینەکانی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن:

پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن پرۆژەیەکە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری هەیە، بە پلەیەك لە گۆشەنیگای سوودگەرایی خۆرئاواییەوە سەرچاوە دەگرێ، بەپێی دیدو بۆچوونی میکافیلی خۆرئاوایی ئامانج ڕەوایی دەدات بە هۆکار، ئەم پرۆژەیە هۆشداری دەدات سەبارەت بەو مەترسییەی هەیە لەسەر بەرژەوەندییە خۆرئاواییەکان، ڕووخساری خۆی دەڕازێنێتەوە بە سووربوون لەسەر چاکسازی و بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت و ئازادی لە جیهاندا.

ئەوەی بەدواداچوونی هەیە بۆ سیاسەتەکانی خۆرئاوا بەدڵنیاییەوە دان بەوەدا دەنێت کە بەرژەوەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پرۆژەکەدا نەهاتووە، هێزی داگیرکەری بەریتانی و فەرەنسی سەروەت و سامانی گەلانیان تاڵان کرد، خەڵکیان بە کۆیلە کرد بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

ئەمڕۆش هێزی داگیرکەری ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات، ترس و تۆقاندن پیادە دەکات بە هەموو جۆرو شێوەکانی، پاڵپشتی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان دەکات، هەڵدەستی بە ئەنجامدانی کودەتا دژی ئەو حکومەتانەی بەشێوەیەکی دیموکراسیانەی دروست هەڵبژێردراون[1]، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پرسی

---

(1) بڕوانە ڕوونکردنەوەی ئەمە بە نموونە: إعاقة الديمقراطية (نعوم تشومسكي)، والدولة المارقة (وليام بلوم) و جگەلەوانەش.

بانگەشەکردن بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسییەت تەنها بریتییە لە دروشمێکی ڕووکەشی لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانج و مەبەستی داگیرکاری(١).

دەکرێ لە خوارەوەدا ئامانجە ڕاستەقینەکانی ئەم پرۆژەیە ڕوون بکەینەوە:

_ دووبارە ڕێکخستنەوەی بارودۆخی ناوچەکە بۆ ئەوەی نموونەی لیبڕالی پەسەند بکات لە ڕووی سیاسیەوە (دیموکراسی)، لە ڕووی ئابووریشەوە (سەرمایەداری)، چونکە گومانیان وایە جێبەجێکردنی لیبڕالییەت لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گرژی جەماوەری کەم دەکاتەوە، دواتریش تیرۆرستەکان (تێکۆشەران) کاریگەریان نابێ لەسەر گەلانی موسڵمانی ناوچەکە.

جێبەجێکردنی لیبڕالییەت لە ناوچەکەدا بەشداری سیاسی لاوەکی دابین دەکات، بوارێکی سنووردار دەکاتەوە بۆ ئازادییەکان، ئەمەش وا دەکات فشاری سەر گەلانی ناوچەکە کەم ببێتە کە تووڕەن لە ستەمکاری حوکمڕانان و زۆرداری ئەمریکی، هەروەك هەل دەڕەخسێنێت بۆ دەرچوونی ئافرەت و دەرکەوتنی سەرکردایەتی ژن کە داوای خۆچوواندن دەکەن بە ئافرەتە خۆرئاواییەکان.

---

(١) ئەوەی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ئەوەیە: کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانی کودەتا سەربازییەکانی کرد لە نیشتمانی عەرەبی، ئەم کودەتاچیانە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە و خۆسەپێن حوکمڕانیان کرد، لەگەڵ ئەوەی ئەو حکومەتەی کودەتای بەسەردا کرا حکومەتی لیبڕالی و دەستکردی هێزی داگیرکەری بەریتانی و فەرەنسی بوو، خاوەنی دەستوورو ئەنجومەنی نوێنەران بوون، لەگەڵ ئەم مێژووە ڕەشەی ئەمریکی دژی دیموکراسییەت ئەوا ئێستا داوای جێبەجێکردنی دیموکراسییەت دەکات لە خودی ئەو ناوچەیەی کە پێشتر تیایدا پشتیوانی حوکمڕانی تاکڕەوی کردبوو، بەمە دەزانن کە ئامانجەکە بەرژەوەندی ئەمریکایە، هەندێك کات بەرژەوەندییەکەی بەدەست دەخات بە پاڵپشتی کردنی حوکمڕانی تاکڕەوی، هەندێك جار بەرژەوەندی لەوەدایە دژی بوەستێت، گومان لەوەدا نییە کە ئەمریکا پاڵپشتی دیموکراسییەتێك ناکات کە سەربەخۆیی بداتە گەلان لە بڕیاردا؛ چونکە ئەوەی سەربەخۆیە لە بڕیارەکەی ئەوا ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەمریکا چاودێری ئەو بێت و جڵەوگیری ئەو بکات.

**بەهەمان شێوەیە کارکردن بە دیموکراسییەت دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلامی، گۆڕینەوەی بە یاسایەکی دەستکرد، هەموو ئەمە دەچێتە ناو چوارچێوەی هێرشی هزری بۆ سەر ناوچەکە، خەست کردنەوەی ئەمانە لەم کاتەدا ئامانجی بریتییە لە ڕێگەگرتن لە هەڵکشانی ئیسلامی پەرەستێن لە ساڵانی دواییدا.**

**_ سازاندنی ناوچەکی بۆ جیهانگیری و هاتنی کۆمپانیا خۆرئاواییەکان بۆ ناو بازاری ناوچەکە، چارەسەرکردنی زیادە لە ئابووری خۆرئاوادا، گەڕان بەدوای دەستی کاری هەرزان، کە خاوەن مەرجی سووك بێت لەوەی پەیوەستە بە کرێیەکان و دابینکردن و مەترسیداری کارەکە، سەرباری بایەخ نەدانی دەوڵەتانی ناوچەکە بە ژینگە، لاوازی تایبەتمەندی و پێوەرەکان تێیدا بەهۆی گەندەڵی و هەڵنەستانی گەلان بە لێپێچینەوەی حکومەتەکان.**

**سەرکردەکانی وڵاتانی پیشەسازی لە میانەی ئەم پرۆژەیە هەوڵ دەدەن ئەو شێوە ئابووریەی کە لە ئەوڕوپای خۆرهەڵاتدا جێبەجێ کرا لەسەر وڵاتانی ناوچەکە جێبەجێ بکەن، نامۆیی لەوەدایە کە ئەم شێوە ئابووریانە هەژاری و تاوان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی و جگەلەوانەشی بەسەر ئەوڕوپادا هێنا، لەگەڵ ئەوەی بنچینەی پرۆژەکە ڕادەگەیەنرێ بەوەی هاتووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە وڵاتانی ناوچەکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئامانجی ئەمە سازاندی هەل و فرسەتە بۆ هێرش و هەڵمەتی کۆمپانیان لە پێناو قازانج بەدەستهێنان لەم ناوچەیەدا، لاواز کردنی ئابووری ناوچەکە بەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبێتە ئابوورییەکی کێبڕکێکەر.**

_ کارکردن لەسەر ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، لە میانەی ئابووری و هاوبەشی لە هاوپەیمانیەکی نوێدا کە پەیوەست نەبێ بە پێناسی ئاینی یان نەتەوەیی، ئەوەی جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە دەکاتەوە ئەوەیە کە ئیسرائیل ئەم پرۆژەیەی لە ساتێکی زوودا پێشنیاز کرد لە ڕێگەی (شیمۆن پێریز) لە کتێبەکەیدا (خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تازە)، هەروەها لە ڕێگەی (بنیامین نەتەنیاهۆ) لە کتێبەکەیدا (شوێنێك لە ژێر خۆردا)، ئەم دوو کتێبە لە ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ز بڵاوکرانەوە.

پرۆژەکە ئامانجی گۆڕینی نەخشە و داماڵینی پێناسی ئاینی و نەتەوەیی ناوچەکەیە، بەوەی ببێتە ((ناوچەیەك تایبەتمەندییە جوگرافییە مێژوویەکی بسڕێتەوە، خەسڵەتە مێژوویی و شارستانی و ڕۆشنبیرییەکەی لێ دابماڵرێت، تیایدا پێداگیری بکرێت لەسەر جوگرافیای ئابووری هاوچەرخ کە خۆی لە سیستەمی بازاری جیهانیدا دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی پێکهێنەرەکانی بازاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکرێ و پلە پلە فراوان ببێت هەر لە ئیسرائیلەوە وەك پێکهێنەری سەرەکی و خاوەن ڕۆڵی کێشندە و زاڵ لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆژی و ئاسایش و شارستانیەتی))[1].

بەمە ویلایەتە یەکگرتووەکان و تێکڕای وڵاتانی خۆرئاوا توانیان داگیرکاری ئیسرائیلی سەربخەن و بەهێزو پتەوی بکەن، بەرهەڵستێکیشی نەبێت، بەهێزو

(1) بڕوانە: گۆڤاری توێژینەوەی فەلەستینی _ ژمارە ٢٣ _ هاوینی ١٩٩٥ز لا ٩.

باڵادەستییەکەی بەسەر وڵاتانی ناوچەکە مسۆگەرکرا، ئەمەش وای کرد داگیرکەر ڕەواو زاڵ بێت بەسەر ئەوانی دیکەدا[1].

_ بیرۆکەی پرۆژەکە تێکگیراوە، چونکە هیچ پاساوێك نییە بۆ ناونانی هەندێك دەوڵەت تا بێنە ناو ئەم ڕایەڵە و ئەوانی دیکەش پشتگوێ بخرێن، هەروەك ئەم ڕایەڵ و چوارچێوەیە پاساوێکی دڵنیاکەرەوەی نییە، ئەوەی ئەم وڵاتانە کۆ دەکاتەوە بریتی نییە لە پێناسی ئاینی یان نەتەوەیی یاخود جوگرافی، لەگەڵ بوونی نزیکایەتی جوگرافی ڕۆشن، بەڵام دەتوانرێ هەندێك دەوڵەتە ئەفریقییەکان بخرێنە ناویەوە وەك: ئەسیوبیا، سەنیگال و جگەلەوانیش، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پرۆژەکە مەبەستی دیاریکراوی تری هەیە نەك ئەو مەبەستە ڕووکەشیەی بەدەردەخرێت.

لەلایەکی ترەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی بەستووە بە ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی وەك پاساوێکی پرۆژەکە، لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتەکە تایبەتە بە هەندێك وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەی ئامانجی فراوانکردنی بازنەی پرۆژەکە چییە؟ بۆچی هەڵوەستە لەسەر هەندێکیان کرا و ئەوانی تر فەرامۆش کران؟!.

لەوەی خرایەڕوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لیبڕالییەت بەشێوەیەکی تەواو لە بواری سیاسیدا جێبەجێ نەکرا[2]، بەڵام چەند بەشێکی لێ جێبەجێ کرا، نموونەی لیبڕالی سەپێنرا لە ڕێگەی پڕۆسەی داگیرکردن و بریکارەکانی لە وڵاتانی

---

(١) بڕوانە: الشرق الأوسط الكبري، د. أحمد ثابت، موقع إسلام أون لاين.

(٢) بڕوانە ئەو گەواهیانەی جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە لەسەر زاری نووسەرە خۆرئاوایی و عەرەبە لیبڕالییەکان لە کاری کۆنگرەی شەشەمی عەرەبی/ فەڕەنسی دەربارەی (لیبڕالییەتی نوێ) کە لە نێوان ١٨ _ ٢٠ مایۆی ساڵی ١٩٩٥ز ئەنجامدرا، لا ٣٧ _ ٤٢، ٢٣٢ _ ٢٣٣ و جگەلەوەش.

ئیسلامیدا، ناکرێ هێزی داگیرکەر شتێك بێنێت ئازادی و سەربەخۆیی بداتە وڵاتەکە، چونکە ئەگەر شتی وایکرد ئەوا وڵاتە داگیرکراوەکە دەبێتە دەوڵەتی سەربەخۆ و کێبڕکێکەر، بەتایبەت کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان پشت دەبەستن بە سیاسەتی میکافیلی و سوودگەرایی خۆپەسەندی، لەبەر ئەمە شێوەیەك لە لیبڕالییەتیان سەپاند کە مەبەستە داگیرکارییەکانیان دەستەبەر بکات[١] کە ئەمانەن: پەکخستنی کارکردن بە بەرنامەی خوایی، کارکردن بە یاسا نەفامی و دەستکردەکان، بانگەوازی کردن بۆ تێکدانی ئافرەت بە ناوی ئازادی ئافرەت، کردنەوەی دەرگای خوانەناسی و بێ باوەڕی بە ناوی ئازادی بیروڕا، کارکردن لەسەر واڵاکردنی وڵاتانی ئیسلامی بۆ دەستێوەردانی بەردەوام لە میانەی پاڵپشتی کردنی دامەزراوەی دیارکراو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ئابووری بازارو ئازادی بازرگانی، پەرتەوازەکردنی وڵاتانی ئیسلامی بە ناوی مافی کەمینەکان و بەوشێوەیە.

ئەو لیبڕالییەتە _ کە چەند بەشێکی لێ جێبەجێ کرا _ بریتییە لەو لیبڕالییەتەی کە هەڵگری چەند پێوەرێکی گونجاوە لەگەڵ هێزی داگیرکەرو ئامانجە ستراتیژییەکانی لە وڵاتانی موسڵماندا.

ئەم چەند بەشەی لیبڕالییەت نەهامەتی بوو لەسەر موسڵمانان، مەترسیدارترینیان دوورخستنەوەی شەریعەتی ئیسلامی بوو لەسەر تەختی حوکمڕانی، هاوردەکردنی چەند دەستوورێکی خۆرئاوایی بوو، بەپێ ئەم

---

(١) بۆیە هەندێك جار دەبینین پاڵپشتی خۆسەپاندن و تاکڕەوی دەکەن ئەگەر بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان مسۆگەر بکات، هەندێك جاریش پشتیوانی وەرچەرخانی دیموکراسی سنووردار دەکەن بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندییە قۆناغییەکانیان دەستەبەر دەکات.

**دەستوورانە یاسادانان بێ گەڕانەوە بۆ شەریعەتی خوا دروست بوو، لەبەر ئەمە حەڕام حەڵاڵ کرا، حەڵاڵ حەڕام کرا لەو یاسا دەستکردانەی جێبەجێ دەکران لە وڵاتانی ئیسلامیدا، سوو (ڕیبا) و مەیی و بڵاوکردنەوەی خوانەناسی بەڕەوا دانران لە سایەی ئازادی ئابووری و تاکەکەسی و ڕادەربڕین، وەك چۆن پێشتر خرایەڕوو.**

**لەگەڵ مانەوەی خۆسەپاندن بە پلەی جیاوازە لەسەر بانگخوازو چاکخوازان ئەوا مۆڵەتدان بە کوفر کردن لە ڕۆژنامە و کتێب و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ڕەوا دانرا لە سایەی ئازادی ڕادەربڕین، ئا بەم شێوەیە لیبڕالییەت لە بواری سیاسیدا بووە هەلێك بۆ دوورخستنەوەی شەریعەت لە حوکمڕانی، کارکردن لەسەر بە خۆرئاواکردنی کۆمەڵگە لە ڕووی هزری و ڕەوشتی و جێبەجێ کردنی بەرنامە خۆرئاواییەکانی وەك: سەرمایەداری و ئابووری بازار یان ئیشتراکییەتی دیموکراسی لە وڵاتانی موسڵماندا[1].**

## دووەم: لیبڕالییەت لە دارایی و ئابووریدا:

**لیبڕالییەت هاتە ناو ئابووری وڵاتانی ئیسلامییەوە لە میانەی زاڵبوونی وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان بەسەر ئابووری جیهانی، خزاندنی وڵاتانی تریش بۆ ناو ئەم بازنەیە، هەروەها تێکۆشان بۆ ئەوەی دەوڵەتە پیشەسازییەکان ببنە ناوەندی جوڵەی دارایی لە جیهاندا، دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان پەراوێز و کلێگەی تاقیکردنەوەی ئەم دەوڵەتانە بن، ئەمەش وایکردووە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان**

---

**(1) لەبارەی دەستکەوتەکانی بانگخوازانی ڕۆشنگەری لە ئازادی سیاسیدا بڕوانە: قضية التنوير في العالم الإسلامي ٧٦ _ ٨٥.**

بە تەواوی ملکەچ و ژێردەستی هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی وڵاتانی خاوەنی ئابووری مەزن بن.

گومان لەوەدا نییە کە وڵاتانی ئیسلامی لە ڕیزی وڵاتە تازە پێگەیشتووە لاوازەکان دادەنرێن، ئابووری وڵاتانی ناوبراو ڕێکخراوە لە چوارچێوەی ئابووری جیهانیدا، بەتایبەت کە _ وەك وڵاتانی تری تازە پێگەیشتوو _ دووچاری داگیرکرانی ڕاستەوخۆ بووەتەوە لەلایەن وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانەوە، دواتر دامەزراوە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە داگیرکراوانە دروستکراون بەشێوەیەك کە بگونجێن لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە.

ئەم بابەتە ڕوون دەکەمەوە لە میانەی دوو پرسی زۆر گرنگدا:

_ پاشکۆیەتی ئابووری.

_ بەرنامەی چەسپاندن و گونجاندنی پەیکەری.

## أ_ پاشکۆیەتی ئابووری:

بارودۆخی پاشکۆیەتی ئابووری لە جیهانی ئیسلامیدا بۆ وڵاتانی سەرمایەداری سەریهەڵدا بەپێی چوارچێوەیەکی مێژوویی، کە تیایدا زاڵبوونی جیهانی وڵاتانی ئیسلامی گۆڕا بۆ زاڵبوونی جیهانی خۆرئاوایی، ئەم پاشکۆیایەتییە لە چەند قۆناغێکی[1] جیاوازدا بە ئەنجام گەیەنرا تا لە سەردەمی هاوچەرخماندا کە ناسراوە بە (جیهانگیری) بە تەواوی ئەم پاشکۆیایەتیە زاڵ بوو[1].

---

(1) هەندێك لە ئابووریناسان پێیان وایە قۆناغەکانی سەرمایەداری پێنجن: ١_ قۆناغی دۆزینەوە جوگرافییەکان (کۆتایی سەدەی پازدەم _ ١٦٥٠ز)، ٢_ قۆناغی میرکانتیلیە (بازرگانی) (١٦٥٠ز _

**لەوەتەی هەڵکشانی سەرمایەداری لە ماوەی دۆزینەوە جوگرافییەکان ئەوا قۆناغی زاڵبوونی ئابووری خۆرئاوایی دەستی پێکرد بەسەر جیهانی ئیسلامی و وڵاتە لاوازەکانی تری وەك: ئەمریکای باشوورو وڵاتانی ئەفریقیا کە دەکەونە پاڵ بیابانە گەورەکان و جگەلەوانیش.**

**سەرەتای کرداری زاڵبوون لە ماوەی گەشتە دەریاییەکانەوە بوو لە میانەی کاری چەتەیی و دزی، بەوەی ئەوڕوپییەکان دەرامەتێکی زۆری زێڕو زیوی وڵاتە دۆزراوەکانیان تاڵان کرد، چەندین کۆمەڵگەی ژێردەستیان تێدا بنیاتنران کە ملکەچی تاقمی گەشتە دەریاییە مەشق پێدراوەکان بوون، وێستگەی بازرگانی لەو شوێنانە دامەزران بۆ ئەوەی ئاڕاستە و ڕەوتی بازرگانی بەپێی بەرژەوەندی ئەوان بڕوات بەڕێوە[٢]، وێنەی پاشکۆیایەتی لەم قۆناغەدا لە میانەی ((ناچارکردنی دانیشتوانە خۆجێییە ڕەسەنەکان بوو لەسەر بەرهەم هێنانی هەندێك بەرهەمی کشتوکاڵی کە خواستی زۆر لەسەر زیاد ببوو لە ئەوڕوپا، وەك: تووتن، چا، شیر،**

---

١٧٤٠ز)، ٣_ قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی (١٧٥٠ز _ ١٨٧٠ز)، ٤_ قۆناغی داگیرکاری (١٨٨٠ز _ جەنگی جیهانی یەکەم)، ٥_ قۆناغی ئیمپریالیەت (١٩٤٥ز _ تا ئێستا). بڕوانە: العولمة الإقتصادية ٨، دەکرێ قۆناغی جیهانگیریشی بۆ زیاد بکرێت.

(١) بنچینەی هزری جیهانگیری بریتییە لە لبیڕالییەتی تازە، کە بە نوێسازی لیبڕالییەتی کلاسیکی دادەنرێت.

(٢) سەبارەت بە دۆزینەوە جوگرافییەکان و گەشتە دەریاییە ئەوڕوپییەکان و شوێنەواری لە وەرچەرخانی ئابووری و دانانی وەك بەرەبەیانی سەرمایەداری هاوچەرخ بڕوانە: التاريخ النقدي للتخلف _ رکزي زکي _ من سلسلة عالم المعرفة ١١٨.

شەکر، پەموو، بۆیەکان، سەرباری ناچارکردنیان لەسەر کارکردنی بێ بەرامبەر[١] لە کانەکانی زێڕو زیو[٢]))[٣].

لە قۆناغی دووەمدا زاڵبوونی سەرمایەداری زیادی کرد، ئەویش قۆناغی بازرگانی بوو، سەرمایەداری بازرگانی ئەوروپی زاڵبوو بەسەر بازارەکانی جیهاندا، کۆمپانیای قۆرغکاری مەزن دەرکەوتن وەك: کۆمپایای خۆرهەڵاتی هیند، ئەم زاڵبوونە بە ئەنجام گەیەنرا لە میانەی داگیرکردن و هێز و بەکۆیلەکردنی خەڵك[٤].

کاتێك شۆڕشی پیشەسازی[٥] هات، جیاوازییەکی سەرەکی دروست کرد لە نێوان وڵاتە ئەوروپییەکان و وڵاتانی تر بە دەوڵەتانی ئیسلامیشەوە لە بواری ئابووریدا، جا پایتەختە ئەوروپییەکان گۆڕان بۆ ناوەندی سەروەت و سامانی جیهانی و وڵاتانی دیکەش بوونە پەراوێزو تەنها بوونە بازاری بەکاربەری بەرهەمە نوێیەکانی ئەوروپا.

---

(١) وەك چۆن کۆیلەکان بۆ گەورەکانیان دەیکەن.

(٢) دەربارەی دەستدرێژی و تاوانکاری خۆرئاوایی لەم قۆناغەدا لە هەمبەر دانیشتوانی شوێنە داگیرکراوەکان بڕوانە: التصدع العالمي ١/ ٨٨.

(٣) الليبرالية المستبدة ٢٣.

(٤) سەبارەت بە کردارە دڕندانەکانی هێزی داگیرکەری سەرمایەداری ئەوروپی بڕوانە، نووسینەکەی: الكشوف الجغرافية والنهب الوحشي للذهب من العالم الثالث _ مجلة العربي عدد ٤٠٥، أغسطس ١٩٩٢.

(٥) یەکەم کەس کە زاراوەی (شۆڕشی پیشەسازی) بەکارهێنا مێژوونووسی ئینگلیزی ئەرنۆڵد توینبی بوو لە وتارێکیدا لە ساڵی ١٨٨١ز، واتە: دوای زیاتر لە سێ دەیە لە پاش شۆڕشەکە. بڕوانە: العولمة الإقتصادية ٨.

**بازرگانی دوو چەندانەی خۆی لێهات لە دوای شۆڕشی سی و یەك لە ماوەی نێوان ساڵی ١٨٣٠ز _ ١٩٠٠ز[1]، دەوڵەتە داگیرکەرە سەرمایەدارەکان سوربوون لەسەر بە تاڵان بردنی کەرستە خاوەکانی دەوڵەتە داگیرکراوەکان و گۆڕینی ئەم کەرستانە بۆ شت و مەکی بەکاربردن بە مەبەستی فرۆشتنیان لە وڵاتانی هەژار، ئەمەش وایکرد جیاوازی لە نێوان وڵاتانی ناوەند (پیشەسازی) و وڵاتانی پەراوێز (دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان) ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاد بێت.**

**لە میانەی شۆڕشی پیشەسازی و داگیرکردنی ڕاستەوخۆ ئەوا وڵاتانی ئیسلامی خرانە ناو ئابووری سەرمایەداری جیهانی، ئەمەش بە زەبری هێز ڕوویدا لە میانەی سەپاندنی سیاسەتی دەرگای کراوە[2] یاخود لە میانەی ماف و جیاوك (امتیازات)ە بیانیەکان و هاوپەیمانیە بازرگانیە زۆردارەکان[3]، کە لە ژێر فشارو هەڕەشە و گوڕەشە و چاوسورکردنەوە ئەنجامدرا[4].**

**یەکێك لە شوێنەوارەکانی سەپاندنی لیبڕالییەت و ئازادی بازرگانی بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا بریتی بوو لە داڕووخانی فراوان کە دووچاری بەرهەمهێنانی پیشەیی هات، دیارترین نموونە لەم بارەوە بەرهەمهێنانی لۆکەیە لە هیند، هاری ماگدۆف ئابووریناسی ئەمریکی دەڵێت: ((هیند گوزارشت دەکات لە نموونەی کلاسیکی و کۆنی ئەم سیاسەتە _ سیاسەتی دەرگای کراوە _. بە درێژایی چەندین**

---

**(١) بڕوانە: وجهة نظر الماركسية حول مشكلات تنمية العالم الثالث ١١٦.**

**(٢) ئەم سیاسەتە واتە: سەربەستی بزارگانی بێ کۆت و بەند و سنور.**

**(٣) وەك: ماف و جیاوك (امتیازات)ە بیانیەکان لە وڵاتی عوسمانیدا، هەروەها وەك: ئەو ئاشتەواییەی ئەنجامدرا لە نێوان چین و بەریتانیا لە دوای جەنگی تلیاك، کە بەریتانیا هەڵیگیرساند لە ژێر دروشمی ئازادی بازرگانی، ئەمەش پاش ئەوەی چین بازرگانی مادده هۆشبەرەکانی قەدەغە کرد.**

**(٤) بڕوانە: الليبرالية المستبدة ٢٦.**

سەدە هیند سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەو کەل و پەلانە بوو کە لە لۆکە دروست دەکران، تا ئاستێك بەریتانیا باجێکی گومرگی تووندی سەپاند بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە پێناو پاراستنی بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان لە کێبڕکێ کردن لەگەڵ هیندییەکاندا. لەگەڵ ئەمەشدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا وایلێهات هیند چارێگی کۆی هەناردەی بەرهەمی لۆکەی بەریتانیای هاوردە دەکرد، هیند ئەو بازارە تایبەتیانەی خۆی لە دەستدا کە هەڵدەستان بە هەناردەکردنی لۆکە))[1].

لە قۆناغی داگیرکردنی ڕاستەوخۆی وڵاتانی ئیسلامیدا پلەی کەڵەکە بوونی بەرهەم و سەرمایە لە وڵاتە پیشەسازییە داگیرکەرەکاندا زیاد بوو، هەروەك دزینی کەرەستە خاوەکانیش ڕووی لە زیادی کرد، کۆمپانیای مەزنی بازرگانی و پیشەسازی دەرکەوتن، بەمە سەرمایەکان لە وڵاتانی پیشەسازیدا بێ ئەندازە زۆر بوون، ئەمەش وایکرد نەخۆشی و کێشەی ئەندامی سەرمایە دەربکەوێت ئەویش: (زیادەی سەرمایە)یە، ئەمە وایخواست دەرگای بازاری نوێ بکرێنەوە بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی زیادەی سەرمایە، هەر بۆیە لە ماوەی نێوان ساڵی ١٨٧٥ز تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم دیاردەی گەرم و گوڕی پێشبڕکێ دەرکەوت لە نێوان دەوڵەتە پیشەسازییەکان لە هەمبەر دابەشکردنی جیهان لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەمەش وایکرد جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی دیکەش ببنە کێڵگەیەك بۆ ململانێی گەرمی نێوان وڵاتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکان.

داواکرا وڵاتە داگیرکراوەکان (بە وڵاتانی موسڵمانیشەوە) ملکەچ بکرێن بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ پێویستیەکانی زیادەی سەرمایە و ئەنجامدانی گۆڕانکاری

---

[1]) الإمبريالية من عصر الإسعمار حتى اليوم ٢٩.

ڕیشەیی ناوخۆیی کە _ وەك دکتۆر ڕەمزی زەکی دەڵێت _ بریتییە لە : ((هێنانە ناوەوەی سیستەمی خاوەنداریێتی تایبەت بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان، قوڵکردنەوەی پسپۆری ئەم وڵاتانە لە بەرهەمهێنانی چەند دراوێك (بۆ ناردنە دەرەوە)، ڕەتکردنەوەی سیستەمی ئاڵوگۆڕی و بەکارهێنانی دراو بە ئەندازەیەکی فراوان، دامەزراندنی سیستەمێکی دراو و ئاڵوگۆڕ کردن کە ملکەچ بێت بۆ ئامرازو ڕێ و شوێنەکانی سیستەمی دراوی نێودەوڵەتی، کە ئەو کات ((یاسای زێڕ))[1] بوو، لەناوبردنی سیستەمی کۆمەڵەی پیشوەران، دروستکردنی چینێکی کارکردنی بەکرێگیراو بۆ کارکردن لە کانە و کێڵگەکان، هەروەها کارکردن لەسەر پێکهێنانی چین و توێژ و دەستەی کۆمەڵایەتی پاشکۆ کە بەرژەوەندییەکانی بەستراو بێ بە بەرژەوەندی داگیرکەرەوە. هەروەك سیاسەتی نغرۆکردنی ئەم وڵاتانە بەکارهێنرا لە قەرزە دەرەکییەکانەوە _ وەك بارودۆخی میسرو تونس و جەزائیر... _ بۆ زیاتر زاڵبوون بەسەریدا و ڕاستەوخۆ دەستوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی، دواتر داگیرکردنی لە ڕووی سەربازییەوە))[2].

بەمەش دەوڵەتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکان توانیان بارودۆخی خنکانی زیادەی سەرمایەی کەڵەکە بوو چارەسەر بکەن، سەرباری زیاتر حوکم کردن بەسەر دەوڵەتە لاوازەکان لە میانەی لاوازو بێهێزکردنی بەرهەمەکەی، کێشانەوەی زیادەی ئابووریەکەی، دەستخستنی کەرستە خاوەکان بێ ماندووبوون[3].

---

(١) ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٠ز ئەم بەرنامەیان گۆڕی، پابەند نەبوو بەوەی بناغەی دراوەکەی زێڕ بێت.
(٢) الليبرالية المستبدة ٢٩ _ ٣٠.
(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٣٢.

## شێوازی تازەی پاشکۆیەتی:

دوای ڕۆیشتنە دەرەوەی هێزی داگیرکەری ڕاستەوخۆ و سەربەخۆبوونی وڵاتە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی لاوەکی، ئەوا شێوازو ئامرازەکانی زاڵبوون جیاواز بوون، فرە جۆریان بەخۆوە بینی، ئەمەش بە مەبەستی بەردەوامی زاڵبوونی باڵادەستی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، پاشکۆبوونی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان (بە وڵاتانی موسڵمانیشەوە) بۆ ئەو وڵاتانەی چەقی سەرمایە بوون.

دکتۆر ڕەمزی زەکی باسی ئەم شێوازو ئامرازە تازانە کردووە، کە ئەمانەن:

_ هەوڵدانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بۆ دۆزینەوەی جۆرێك لە (پەیوەندییە تایبەتە دوو لایەنەکان) لەگەڵ ئەو شوێنانەی پێشتر داگیریان کردبوو. ئەمانە بریتیی بوون لەو پەیوەندیانەی کە ڕێکخستنی دیارکراوی لەخۆ دەگرت لە بواری دراو (ناوچەی نەختینەیی)دا، کە ئاڵوگۆڕی دارایی و بازارگانی نێوانیان ئاسان دەکات، هەروەها پەیوەست بوو بە ڕێککاری لە بواری زیادەی گومرگی (پێناسە و پشکەکانی) بۆ بە بەزارکردنی بەرهەمەکانی ئەو وڵاتانەی پێشتر داگیر کرابوون. چ جای بەردەوام بوونی پەیوەندییە تایبەت و ڕۆشنبیری و فێرخوازی و مەشقییەکان.

_ بەکارهێنانی چەکی ئەوەی ناودەبرێت بە ((هاریکاری ئابووری)): یارمەتییە خۆراکییەکان و بەخشش و قەرزو ئاسانکاری پێ سپاردن، کە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بە مەرجی سیاسی نرخ گران ئەنجام دەدران. لە

دەرەنجامی ئەمەدا دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کە ئەم یارمەتیانەیان دەبەخشی سەرکەوتن لە کێشکردنی ئەم وڵاتانە لە لایەك، لادانی سەرەنجی لەسەر ئەرکی چارەسەکردنی زیادەی ئابووری شیاو و ئەوەی ئەم ئەرکە دەیخوازێت لە گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەلایەکی ترەوە.

_ دۆزینەوەی ڕایەڵ و بەستەری بەهێز لەگەڵ دەستە و چینە کۆمەڵایەتییەکان و پیاوانی دەسەڵات و هێزی سەربازی، تا بکرێ پشتیان پێ ببەسترێ لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیارە گرنگەکان و پاراستنی ئەو بارودۆخەی کە هەیە.

_ بەکارهێنانی شێوازی (هاریکارییە سەربازییەکان) کە پێشکەشی زۆر ڕژێمی دیکتاتۆری کراوە...بۆ پاراستن و ئاسایشی ناوخۆیی ئەم ڕژێمانە و سەرکوتکردنی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە ناوەخۆدا، هەروەها کێشکردنی ئەم ڕژێمانە بۆ ناو ستراتیژیەتی سەربازی سەرمایەداری جیهانی، هەروەها ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕێگەی دامەزراندنی بناغەی سەربازی و ڕۆیشتنە ناو هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنە تەنهاییە ئاڵوگۆڕکراوەکان))[1].

ئەگەر هەر وڵاتێك ڕەتی کردەوە بچێتە ناو بازنەی ئابووری سەرمایەداری جیهانی کە دەوڵەتە پیشەسازییە مەزنەکان بەسەریدا زاڵن، بەوەی نەبێتە پاشکۆی ئەم زلهێزانە، ئەوا دوو جۆر دەستدرێژی لە دژی بەکاردەهێنرێن:

---

(1) هەمان سەرچاوە ٣٧.

یەکەم: دەستدرێژی ئابووری[1].

دووەم: دەستدرێژی ئاشکرازی سەربازی[2].

((دەستدرێژی ئابووری لە چەندین وێنەدا خۆی بینیەوە، وەك: کێشانەوەی شارەزا بیانیەکان لەو پرۆژانەی خۆماڵی کراون، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و بازرگانی و دارایی و تەکنەلۆژی، کاریگەری دروستکردن لەسەر نرخە جیهانیەکانی هەناردەی دەوڵەتەکە و خواست لەسەر کەل و پەلەکانی، لەگەڵ کەم کردنەوەی قەرزو ئاسانکارییە بیمەکراوەکان لە جیاتی دەوڵەت... تاد.

کاتێك ئەم شێوازانە سەرکەوتوو نابن، ئەوا دەستدرێژی سەربازی چەکدار یان دروستکردنی کودەتا و پیلانگێڕی ناوخۆیی دەبێتە یەکێك لە بژاردەکان))[3].

دەوڵەتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکان بەرنامەیەکی بەهێزیان بەکارهێنا، کە بووە هۆی ئەوەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان هەر بە پاشکۆیایەتی وڵاتە

---

(١) لە نموونە دیارەکانی ئەمرۆ ١٤٢٧ ك / ٢٠٠٦ز بڕینی یارمەتییە خۆرئاواییەکان (ئەمریکی و ئەوروپی) بۆ گەلی فەلەستین و ڕێگەگرتن لە حکومەت و گەلانی عەرەبی و ئیسلامی لە هاریکاری کردنی براکانیان لە فەلەستین، ئەمەش وەك سزادانی ئەوان، چونکە بزوتنەوەی بەرگری ئیسلامی (حەماس)یان هەڵبژارد لەو هەڵبژاردنەی خۆرئاواییەکان وەسفیان کرد بە پاك و بێگەرد، شێوازی بڕینی پەیوەندی ئابووری کە دژی گەلی عێراق و لیبیا بەکارهێنرا شتێکی زانراو و بینراوە.

(٢) وەك: هەڵسانی ئەمریکا بە داگیرکردنی ئەفغانستان بەهۆی ئەوەی حکومەتی تالیبان ڕەتی کردەوە کۆمپانیا ئەمریکیەکان سەرپەرشتی دەرهێنانی نەوت بکەن، هەروەها بەهۆی ئەوەی تالیبان گرێبەستی کرد لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەمریکای باشوور، هەروەها وەك داگیرکردنی عێراق بۆ تالانکردنی داهاتە نەوتییەکانی، ئەم تالانکردنە لە ژێر چەندین پاساوی وەك: تیرۆر یان چەکی کۆمەڵکوژ یاخود شتی دیکە بوو.

(٣) الليبرالية المستبدة ٣٨ _ ٣٩.

سەرمایەدارەکان بمێننەوە، خۆرئاوا هەر زاڵ بێت، دیارترین شەقڵ و تایبەتمەندییەکان ئەم بەرنامەیە ئەمانەن[1]:

* ئاڵوگۆڕ پێکردنی لاوەکی چینی کارکەر و کۆچکردنی ژیرمەندەکان[2]:

کۆمپانیا وەربەرهێنەرە پیشەسازییەکان لە وڵاتانی خۆرئاوا هەڵسان بە پێشوازی کردن لە هێزی کار لە وڵاتە دواکەوتووەکان بە وڵاتانی موسڵمانیشەوە، ئەمەش بەهۆی پێویستە بە دەستی کارو بەتوانا و بەهێزییەکەی، هەروەها بەهۆی گەورەیی ڕۆڵی سەندیکا کرێکارییە خۆویستە سەرمایەدارەکان، ئەمە بووە هۆی زیادبوونی کرێ کرێکارەکان و پێداویستییە بیمەکراوەکانیان، هەروەها ئەوەی ئەم هەوڵەی زیاتر کرد بریتی بوو لە هەڵسانی حکومەتەکان بە جێبەجێکردنی تیۆری کینزی، هەموو ئەمە کۆمپانیاکانی هاندا بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان بەهۆی کرێ کەم لە بەگەڕخستنیان.

ئەم هەنگاوە شوێنەواری نەرێنی هەبوو لەسەر وڵاتانی ئیسلامی لەوانە: ((کۆچکردنی عەقڵ و ژیرمەندەکان)) و ڕۆیشتنی هەزاران ئەندازیارو پزیشك و زانا و تەکنیککارو مامۆستایانی زانکۆ[3]، ((کەمتەرخەمی ئەم وڵاتە تازە

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٤٢.

(٢) بڕوانە: العمال المهاجرون والبنية الطبقية في أوروبا الغربية ١٠٢ _ ١١٤.

(٣) لە هەندێك سەرچاوەدا هاتووە کە سودان: ١٧ ٪ پزیشکان و ٢٠٪ مامۆستای زانکۆ و ٣٠٪ ئەندازیار و ٤٥٪ ڕووپێوی لە دەستداون (بڕوانە: ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی بۆ ساڵی ١٩٩٢ز لا ٥٧) ئەم کۆچکردنە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە لە (تونس، جەزائیر، مەغریب) و میسرو جگەلەونیش، مەترسییەکەشی سەرباری ئەوەی خراپەڕوو بریتییە لە: لاوازبوونی توانای وڵاتانی ئیسلامی لەسەر مەشقدان بە نەوە تازەکان لە بوارە تەکنیکی و پیشەییەکان.

پێگەیشتووانە لەهەمبەر هێزی کاریاندا)) زیاتر ئەم وڵاتانە لاواز دەکات، بەتایبەت کە هێزی کار تێچووی زۆری پێویستە لە ڕووی مەشق و ئامادەکارییەوە، لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە[١] دەرەنجامی ئاڵوگۆڕو وەرچەرخانی دارایی کەمرە لە تێچووی مانەوەیان لە وڵاتدا ئەگەر سوودیان لێ وەرگیرابا.

## * سەپاندنی دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی:

بە دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی وایلێهات جیاوازی نێوان وڵاتە سەرمایەدارەکان و دەوڵەتە ئیسلامییەکان بەرچاو بوو، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نا هاوتا لە نێوانیاندا ئەنجام دەدرێ لە ڕووی نرخی کەل و پەلی هاوردەکراو و ڕەوانەکراو، زیاد لەمە بەکارهێنانی هێزی داگیرکاری لە قەدەغەکردنی پاراستنی بازرگانی لە وڵاتە ئیسلامیەکان و وڵاتانی دیکەش و پابەندکردنیان بە ئازادی بازرگانی لەو کاتەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هەڵدەستن بە دانانی ڕێوشوێنی تووند لەسەر کەل و پەلی هاوردەکراو، ئەمەش زیانی بێ ئەندازەی گەیاندووە بە وڵاتانی ئیسلامی، دواتر ڕۆڵی پیشەوەری بازرگانی تێدا لاواز کردووە[٢].

ئەم کەش و هەوایە دابەشێکی تازەی کاری نێودەوڵەتی سەپاند، کە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان (بە وڵاتە موسڵمانەکانیشەوە) هەڵدەستن بە هەناردنی کەرستە خاوەکان و هاوردەکردنی کەل و پەلەکانی بەکاربردن بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمە وایکردووە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان

---

(١) بڕوانە: تقرير التنمية البشرية ٥٦.

(٢) پێشتر دەقی وتەی ئابووریناسی ئەمریکی هاری ماگدۆف خرایەڕووە لەبارەی کێشانی بە دوو پێوانە بۆ بانگخوازانی ئازادی و لیبڕالییەت لا ٣٩٨.

**هەمیشە لاواز بن، بە بەردەوامی بکەونە ژێر دەسەڵاتی زلهێزەکان، ببنە پاشکۆی دەوڵەتە پیشەسازییەکان لە بواری ئابووریدا.**

### * قەرزە دەرەکییەکان[١]:

**قەرزە دەرەکییەکان بە بەهێزترین و مەترسیدارترین ئامراز دادەنرێ کە سەرمایەداری جیهانی بەکاریهێناوە بۆ زاڵبوون بەسەر دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان، لە هەشتاکاندا کە ماوەی هەڵکشانی لیبڕالییەتی تازە (تاتشریەت و ریگانیەت) بوو قەیرانی قەرزە دەرەکییەکان ڕوویدا.**

**بەڵام ڕەگەکانی قەیرانەکە دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی حەفتاکان، بەوەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان پێویستیان بە قەرزکردن هەبوو، بەهۆی دابەزینی خواستی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان لەسەر کەرستەی خاو لە دەرەنجامی شەپۆلی بێ بازاری جیهانی، بەرزبوونەوەی نرخی کەل و پەل، هەژاری و دواکەوتوویی ئەم وڵاتانە. دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان بە وڵاتانی موسڵمانیشەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان قەرزیان لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان کرد، ئەم دەوڵەتە پیشەسازیانەش دەرگای قەرزیان خستە سەر پشت، لەوانەیە ئەوەی گرنگ بێت لای بانك و دامەزراوە داراییەکانی خۆرئاوا بریتی بێ لە قەرزدان بە نرخێکی سووداری بەرز[٢].**

---

**١) بڕوانە: أزمة القروض الدولية _ رمزي زكي _ (كله)، وأزمة الديون الخارجية، رؤية من العالم الثالث _ رمزي زكي _ (كله) وغيرها.**

**٢) قەبارەی قەرزی جیهان لەم ماوەیەدا گەیشتە دوو و چارێگێك ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی، نزیکەی ٢٠٪ ئەم قەرزانە وڵاتانی موسڵمان ئەنجامیان دابوو. بڕوانە: الليبرالية المستبدة ١٦٢.**

دەوڵەتە قەرز دەرەکان سوودمەندبوون لە ڕووی دابەزاندنی زیادە، بە بازارکردنی کەل و پەلەکانی بەرکابردن، چونکە زۆربەی قەرزەکان ئەنجامدران لە ڕێگەی قەرزکردنی کەل و پەل بەشێوەی سوودار، بەمە هەناردەی دەوڵەتە پیشەسازییەکان زیادی کرد، لەوانەیە گەورەترین دەستکەوت بۆ ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە بریتی بێ لە تووندو بەندکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم وڵاتانە لە سایەی خشتەی قەرزەکان و بەرنامەی چەسپاندن و گونجاندنی پەیکەری، ئەویش لە ڕێگەی صندوقی دراوی نێودەوڵەتی.

دەوڵەتە قەرز وەرگرەکان دووچاری زیانی زۆر گەورە بوونەوە، وایلێهات قازانجی سووکاریەکە زیاتر بوو لە قەرزە بنەڕەتییەکە، دواتر ئەم وڵاتانە دەستەوەسان بوون لە دانەوەی قەرزەکانیان، ئەمەش هەلی فەراهەم کرد بۆ ئەوەی دەوڵەتە پیشەسازییە قەرزدەرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستوەربدەنە ناو ئابووری ئەم وڵاتانە[١].

بەمە لە ڕووی ئابوورییەوە بەشێوەیەکی توووند و تۆڵ زاڵبوون بەسەر وڵاتانی ئیسلامی و دەوڵەتانی تریش لە ڕووی ئابووریەوە، تەنانەت بوونە پاشکۆی ڕژێمی سەرمایەداری خۆرئاوایی.

لە کاتی بەراوردکردنی زاڵبوونی سیاسی و ئابوور بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینین کۆکن، _ لەگەڵ دەرچوونی هێزی داگیرکەر بە ڕووکەش _[٢] لە جیهانی

---

(١) بڕوانە: الليبرالية المستبدة ٦٣.

(٢) داگیرکەری ڕاستەقینە لە ڕێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گەڕایەوە، بەهۆی ئەو جەنگە داگیرکەریانەی ئەم دواییانە ئەنجامیدا، بۆ ماوەیەك صۆماڵی داگیرکرد، دواتر ئەفغانستان و عێڕاقیشی داگیرکرد.

ئیسلامیدا، ئەوا هێشتا جیهانی ئیسلامی هەر پاشکۆی هێزە داگیرکەرە خۆرئاواییەکانە.

## ب_ بەرنامەی چەسپاندن و گونجاندنی پەیکەری[1]:

بەرنامەی گونجاندنی پەیکەری بەسترایەوە بە قەیرانی قەرزە دەرەکییەکان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا (بە وڵاتانی ئیسلامیشەوە)، هەندێك لەم وڵاتانە نەیانتوانی قەرزەکان بدەنەوە، ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٢ز بوو، بەم پێیە خشتەی قەرزی ئەم وڵاتانە بەپێی بەرنامەیەکی ئابووری تووند و بەند (بەرنامەی گونجاندن) خرایەپاڵ هەر دوو دامەزراوەی بریتون ودز (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی _ بەنکی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە)[2].

---

(١) لەبارەی ئەم بەرنامەوە بڕوانە: عولمة الفقر _ میشیل شوسودوفسكي _ (كله)، المديونية الخارجية (المستقبل العربي العدد ١٣٣، السنة (١٢)، و مدخل صندوق الدولي والبنك الدولي في التكييف الإقتصادي للبلدان النامية))، آفاق اقتصادية العدد ٦٩، مجلد ١٨، ((ومصيدة الديون الخارجية ودورها في عمليات التكييف الدولية للبلاد المتخلفة)) مجلة الأهرام الإقتصادي ٢٨ / ١٢/ ١٩٨٣ز.

(٢) سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بەنکی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوە لە ساڵی ١٩٤٤ز دامەزرا، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان و لەسەروویانەوە ئەمریکا ویستیان بەمە زاڵبن بەسەر جیهاندا، لە پێناو ئەمەدا کۆنگرەی سیاسی ماڵتا بەسترا، هەروەها کۆنگرەی بریتۆن ودز کە شارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بەسترا، لەم کۆنگرەوە بیرۆکەی سندوق و بەنکەکە گەڵاڵە بوون کە دەوڵەتە پیشەسازییە مەزنەکان بەسەریدا زاڵبوون، چونکە خاوەنی نیوە پارەدارکردنی ئەم دامەزراوەن، ئەرکی سندۆقەکە بریتی بوو لە ((پێشکەشکردنی قەرزی کورت خایەن بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی بودجەی خەرجییەکان)) سەبارەت بە ئەرکی بەنکەکە ئەوا ((کار دەکات وەك ئامرازێك بۆ قەرزدان، هەروەها وەك دەستەبەرێك بۆ پرۆژە دیاریکراوەکان کە دەبێ بەشداربن لە گەشەپێداندا))، لەلایەنی کردارییەوە سندوق بەرپرس بوو لە قەرزدان و خشتەی قەرزەکان، کەچی کاری بەنکی نێودەوڵەتی تەنها بریتی بوو لە خزمەتی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان.

ئەم بەرنامە دەستێوەردانی بیانی لەخۆدەگرێ بۆ هەموارکردنی پەیکەری ئابووری دوای ئەوەی دەوڵەتە قەرزدارەکان ئەمەیان بەناچاری قبوڵکرد، ئەو قەیرانە خنکێنەرە کە ئەم وڵاتانە بەهۆی دەوڵەتە پیشەسازییەکان پێیگەیشتن وای لەو وڵاتانەکرد لە پلیکانەکانی گەشە و نەش و نماوە دابەزن(١).

دەکرێ ئەمە ڕوون بکرێتەوە: بەوەی ئەو فێڵەی ڕۆژو شەو کە هێڵەکانی تەنران لەلایەن سەرمایەداری جیهانیەوە تا بەرژەوەندی ئابووری زیادە (زیادەی دەستکەوت _ چارەسەرکردنی کێشەی زیادەی سەرمایە) دەستەبەر بکات، هەروەها بۆ پتەوکردنی پاشکۆیایەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەشێوەیەکی گشتی و وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی ئەوا _ بەپێی بەرنامەیەکی دارێژڕاو _ وڵاتانی تازە پێگەیشتووی گەیاندە قەیرانی قەرزی دەرەکی، لە هەمان کاتدا هێشتا پێویستیان بە قەرزکردن هەبوو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، بەڵام قەرزدەرە سەرمایەدارەکان چیتر قەرزیان نەدا، ئەمەش وایکرد دەوڵەتە قەرزدارەکان پارە پاشەکەوتەکراوە نێودەوڵەتیەکەیان بکێشنەوە، بەڵام ئەم ئامرازە کارتێکردنی خۆی لەدەستدا بەهۆی کەمی پاشەکەوتەکەی، بەم پێیە هەندێك جار پەنای بۆ قەرزی کورت خایەن دەبرد، ئەمەش وایدەکرد قەیرانەکە توندتر بێت، هەندێك کاتی تر کرێکاری ناوخۆیی ڕەوانەی دەرەوە دەکران، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وڵات توانا شارەزاییەکانی دەستەی پێگەیشتوو لە دەست بدات، ئەمانە وایکرد دەوڵەتە قەرزدارەکان خۆیان ڕادەستی هێزی بیانی بکەن لە میانەی ڕەزامەندی

(١) ئەم بەرنامەیە بەسەر حەفتا دەوڵەتی تازە پێگەیشتوودا جێبەجێکرا، لەوانە سی و سێ دەوڵەتی ئیسلامی بوون وەك: میسڕ، سودان، پاکستان، بەنگلادش، سۆماڵ، مەغریب و جگەلەویش.
مالیزیا بەرنامەی سندوقی ڕەتکردەوە دوای ڕوودانی قەیرانی ئاسیا، بۆیە توانی بە سەلامەتی بە ویستی خوا لە قەیرانەکە بچێتە دەرەوە.

**دەربڕین لەسەر دامەزراوەی بریتۆن ودز، کە بریتییە لە بەرنامەی گونجانی پەیکەری[١].**

**دەکرێ ئەو ڕێککارییانەی بەرنامەی گونجاندنی پەیکەری لەخۆی دەگرێ پوخت بکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە[٢]:**

**_ دابەزاندنی خەرجی گشتی لە میانەی کەم کردنەوەی خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەتکردنەوەی پاڵپشتی کردنی کەل و پەل و خزمەتگوزاری گشتی.**

**_ زیادکردنی داهات.**

**_ دابەزاندنی دراوی نیشتمانی.**

**_ هاندانی هەناردنکاری لە میانەی لادانی کۆت و بەندەکانی سەر ئاڵوگۆڕی دەرەکی.**

**_ وەرچەرخان بەرەو کەرتی تایبەتی، فرۆشتن و پاکتاوکردنی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی.**

**لە ڕووکەشدا وادیارە کە ئامانجی بەرنامەکە بریتییە لە دابینکردن چارەسەر لە بودجەی دەوڵەتەوە بۆ توانای دانەوەی قەرزەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم چارەسەرێکی ڕووکاری کێشەیەکی قوڵە کە بنچینەی قەیرانەکەیە، بەڵام ئەم**

---

**(١) بڕوانە: الليبرالية المستبدة ٦٨، ٧٢ بە تۆزێك دەستكارییەوە.**

**(٢) بڕوانە: سياسات التشويه الهيكلية محاولة لحصر محتواها الإقتصادي والإجتماعي وأسسها النظرية (الإنتقادات والتحديات) _ أمين شفير _، الطريق، العدد (٤) لا ٣١.**

**ڕێککاریانە هاتن تا خزمەتی سەرمایەداری بکەن و دەرگای زاڵبوون و داگیرکاری بۆ زلهێزەکان بکەنەوە بەسەر ئەم دەوڵەتە لاوازانەدا، لەوانەیە ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەوەی مەبەستی ئەم تێڕوانینە دیاریکراوە (لیبڕالییەت) خزمەتکردنی سەرمایەدارییە ئەوەیە کە ئەم ڕێککاریانە بەسەر وڵاتاندا جێبەجێ دەکرێن بێ ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازیانەی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا هەن لە ڕووی بارودۆخ و خواست و خاڵە بەراییە جۆراو جۆرەکان[1].**

**ئەم بەرنامەیە پشت بە هزری لیبڕالی دەبەستێت لەلایەنی لاوازکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا، خستنەسەر پشتی دەرگای بازرگانی، فراوانکردنی چوارچێوەی کەرتی تایبەت.**

**ئەمەش وایکرد وڵات بکرێتەوە بە ڕووی بەرهەمهێنانی بیانی بەپێی مەرجە تایبەتیەکانی، فرۆشتنی دامەزراوەکانی کەرتی بەرهەمهێنانی گشتی چ بە بەرهەمهێنەری بیانی لە بەرامبەر قەرز یان بە کەرتی تایبەتی ناوخۆیی.**

**دکتۆر ڕەمزی زەکی لەبارەی ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم بەرنامەیە دەڵێت: ((ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم بەرنامەیە، بۆ ماوەی مام ناوەند و درێژخایەن بریتییە لە دووبارە خزاندنەوەی ئابووری ئەم وڵاتانە بۆ ناو بازنەی ئابووری سەرمایەداری جیهانی و پەڕاوێزخستنی لە میانەی زیاتر لاوازکردنی و کەم کردنەوەی سەروەریەکەی و کردنی بە ئامرازێکی گوێڕایەڵ بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە سەرمایەدارییەکان _ گێڕانی ئەم وڵاتانە بە کانگای کەرستە خاوەکان،**

---

**(1) بڕوانە: الأبعاد الإقتصادية والإجتماعية والسياسية لبرنامج التكيف الإقتصادي الدولية ١ / ٢ (موقع الإسلام اليوم / بحوث ودراسات).**

بازاری فراوانی ئاڵوگۆری، سەرچاوەی دەوڵەمەندی قازانجەکان لەبەردەم چالاکی دارایی بیانی _، هەموو ئەمە تەنها لە میانەی ئەوەوە دێت کە ئەم وڵاتانە بگۆڕدرێن بۆ چەند ئابوورییەك کە پشت ببەستن بە ئامرازەکانی بازارو چالاکییە بەرهەمێنەکەی بەرەو دەرەوە ئاڕاستە کرابێ، سەرمایەی تایبەت (ناوخۆیی یان بیانی بێ) تێدا کەڵەکە ببێ و ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ، لەگەڵ ئەوەی دەخوازێ لە سنووردارکردنی نیمچە کاملی خاوەندارێتی دەوڵەت و ڕۆڵەکانی لە چالاکی ئابووریدا، پێدانی ماف و جیاوك "امتیازات"ی زۆر بە سەرمایەی تایبەت. ئێستا هەماهەنگییەکی تەواو هەیە لە نێوان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ئەم هەماهەنگییەش مەرجێکی سەرەکییە لە ڕێککارییەکانی گونجاندنی پەیکەری))[1].

ئازادی بازرگانی مەبەستی کردنەوەی بازارەکانی ئەو وڵاتانەیە کە بەرنامەکە جێبەجێ دەکەن لەبەردەم کەل و پەلە بەرهەم هێنراوەکانی وڵاتانی سەرمایەدار لەگەڵ بەردەوامی پاراستنی بازارەکانی[2]، هەروەها کردنەوەی هەل لە بەردەم وەبەرهێنانی بیانی، گۆڕانی سیستەمە ئابوورییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ حەزەکانی بگونجێت، بە پاساوی ئەو گەشە ئابوورییەی کاتیەی بەدەستەوە دەدات، ئەمە بۆ کەسێك ڕاستە کە بڕوانێتە بەر پێیەکانی، بەڵام ئەگەر بڕوانێتە ئایندە و نەوەکانی داهاتوو، ئەوا وەبەرهێنانی بیانی زیادەی ئابوری وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی بەمەش وەربەهێنانی هەژار جێگای دەگرێتەوە کە هەڵگری کێشەی ئابووری و ئاسایش و کۆمەڵایەتی زۆرە.

---

(١) الليبرالية المستبدة ٧٣.

(٢) بڕوانە: أفاق اقتصادية العدد ٦٩ لا ١٣٣.

## شوێنەواری بەرنامەی گونجاندنی پەیکەری:

شوێنەوارەکانی ئەم بەرنامەیە جۆراوجۆرن لەسەر ئەو وڵاتانەی لەسەریان جێبەجێ کراوە، دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لەم شوێنەوارانە بکرێت:

١ _ لاوازکردنی ڕۆڵی دەوڵەت و دوورخستنەوەی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری، وازهێنانی دەوڵەت لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: چاودێری و خوێندن و تەندروستی و هاوشێوەی ئەمانە لە مافە سەرەکییەکانی دانیشتوانی دەوڵەت، ئامانجی هێزی داگیرکەر لەبارەی ئەم بەرنامەیە بریتییە لە پەکخستنی دەوڵەت لە میانەی بێ هێزکردنی دەزگا کارگێڕییەکەی[١] یان بێ بەشکردنی لە قازانج و زیادەی ئابووری کە دەکرێ لە ئایندەدا وای لێبکات ئابوورییەکەی بەهێز بێت ئەگەر ویستێکی پتەو بوونی ببێت.

٢ _ وروژاندنی شڵەژان و نا سەقامگیری ئارامی و ئاسایش، کە هەندێك یاسای هەڵاوێردراو دەخوازێ کە ئازادییەکان قەدەغە دەکات و چەشنێکی خۆسەپاندن لە حوکمڕانیدا دەسەپێنێت[٢]، دکتۆر ڕەمزی زەکی دەڵێت: ((بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی داکشانی ناچاری کە بەرنامەی چەسپاندن و گونجاندنی پەیکەری لەخۆی

---

(١) بڕوانە تێروتەسەلی کاریگەری ئەم بەرنامەیە لەسەر دام و دەزگای دەوڵەت لە: الليبرالية المستبدة ٨٢.

(٢) ئەمە نموونەیەکی کرداری تێکگیرانی لیبڕالییەتە لە ئابووری و سیاسەتدا، چونکە لە بواری سیاسیدا بانگەشەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی هەڵی کار دەکات، کەچی لە ڕاستیدا دەرد و نەخۆشی و تەنگوچەڵەمە و جەنگ و خراپە بڵاودەکاتەوە.

دەگرێت لەگەڵ سەختی خواستە کۆمەڵایەتییەکانی، هەروەها ئەو نا دادگەرییەی تێیدایە _ دابەزاندنی بەکاربردنی تایبەت، لەسەر کار لادانی کرێکارانی حکومی و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، کەم کردنەوەی خەرجی گشتی کە ئاڕاستەکراوە ڕووەو خزمەتی کۆمەڵایەتی، بەرزبوونەوەی نرخی وزە و گواستنەوەو گەیاندن، زیادبوونی باجە نا ڕاستەوخۆکان، گۆڕینی یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی و گەڕانەوە بۆ یاساکانی بازار لە دیاریکردنی پەیوەندی خاوەندارو کرێ گرتە، زیادبوونی نرخی سوو و قازانج و کەم بوونەوەی بەهای دراو... تاد_ سوربوون لەسەر جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم بەرنامەیە، دەبێ لە کۆتاییدا خۆی بکێشێت بە ناڕەزایەتی جەماوەری بەرفراوان لە کرێکارو خاوەندارە بچوکەکان و هەژارە جوتیارەکان و چینی ناوەند. ئەم ناڕەزایەتی و ڕەتکردنەوەیە هەندێك دیاردەی تووند و تیژی لەخۆگرت _ وەك خۆپیشاندانی بەناوبانگی نان _ و ناڕەزایی زیاد لە میانەی مان گرتن و کارنەکردنی کرێکاران، ناڕەزایی جوتیاران و سکاڵا و هاواری چینی ناوەند. لەبەر ئەمە و لە ژێر سایەی هاوپەیمانیە کۆمەڵایەتییە نوێیەکەیدا دەوڵەت خێرا دەستی کرد بە دەرکردنی چەندین یاسای تایبەت کە ئازادییەکانی سنووردار دەکرد، خاوەنی سروشتی نا دیموکراسی بوون. دەبینین چەندین جبەخانە هەیە لەبەر ئەم یاسایانە لەو وڵاتانەی ئەم بەرنامەیان جێبەجێ کردووە، ئەم جبەخانانە بەکاردەهێنرێن دژی هەر جوڵەیەك کە بەرهەڵستی ڕێنماییەکان ئەم بەرنامەیە بکات))[1].

٣_ هێزی داگیرکەر ڕووپۆشکراوە بەم بەرنامەیە، بڕیاری سیاسی چیتر سەربەخۆ نامێنێتەوە لە سایەی ڕۆشنایی ئەم پەیکەرە پابەندکەرە و لە میانەی

---

[1]) الليبرالية المستبدة ٩٣.

**پابەندبوونی مەرجدار[1]، بەهەمان شێوە فرۆشتنی بنیاتەکانی وەبەرهێنانی کەرتی گشتی بە کۆمپانیا بیانیەکان بەو مەرجەی لەو بنیاتانەبن کە دەستکەوتی بەرز فەراهەم بکەن، نەك هەڵبەزو دابەز بێت. جا داگیرکردن چییە ئەگەر دامەزراوەکانی حکومەت موڵکی کۆمپانیایەکی بیانی یان بەلایەنی کەمەوە خاوەنی زۆربەی پشکەکانی بێت؟.**

**٤_ هەژاری لە دەرەنجامی واز هێنانی دەوڵەت لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەی، هەڵگرتنی پاڵپشتی کردنی کەل و پەلە پێویستەکان، زیادکردنی باجەکان لەسەر گواستنەوەو خزمەتگوزارییە حکومییەکان، سەرباری کەم کردنەوەی نرخی دراو و بەوەی بەدوایدا دێت لە بەرزبوونەوەی نرخی کەل و پەلی هاوردەکراو و سەپاندنی باجی نا ڕاستەوخۆ[2].**

**سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێی وایە هەژاری یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەم بەرنامەیە کە دەبێ هەر هەبێت، بەڵام ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشتی بەرنامەکە وایە تەنها بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سوود و کەڵك دەگەیەنێت[3]، لەگەڵ ئەوەی واقیع گەواهی نادات بە چاکە بۆ ئەم بەرنامەیە چ لە ماوەیەك کورت یان درێژخایەن.**

---

**(1) مەرجدار (المشروطیة): بریتییە لە ڕێکەوتنێکی پابەندی لە نێوان سندوق و بانك لەلایەك، دەوڵەتی قەرز وەرگر لەلایەکی ترەوە، بەپێی ئەمە بەردەوامی زیادبوونی دارایی دەرەکی لە بەخشین و قەرزەکان دەبەسترێنەوە بە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی قەرز وەرگر. بڕوانە: الأبعاد الإقتصادیة والإجتماعیة والسیاسیة لبرامج التکیف الهیکلي ١/ ٢ (موقع الإسلام الیوم/ بحوث ودراسات).**

**(2) شبکات الحمایة الإجتماعیة، تجارب بعض الدول العربیة ٢.**

**(3) بڕوانە: الأبعاد الإقتصادیة والإجتماعیة والسیاسیة لبرامج التکیف الهیکلي ١/ ٢ (موقع الإسلام الیوم/ بحوث ودراسات).**

هەژاری سەردەکێشێت بۆ شوێنەواری نەرێنی کۆمەڵایەتی دیکە وەك: زیاد بوونی ڕێژەی کۆچکردن بۆ دەرەوە (کۆچکردنی ژێرمەندان)، بڵاوبوونەوەی تاوانکاری، دەرکەوتنی دەستە و چەتەی ترسێنەر، خراپ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ منداڵ و ئافرەتان و گاڵتە پێکردنیان[١]، بڵاوبوونەوەی پەستی و نزمی (داوێن پیسی ڕێکخراو) و چەندین شوێنەواری تری تێکدەر.

٥_ خراپ دابەشکردنی داهات، چونکە ئەم بەرنامەیە کار دەکات لەسەر بەهێزکردنی دەستە و کۆمەڵانی کۆمەڵگە، کە سەرمایەدارەکانن، پەراوێزخستنی دەستە و پێڕەکانی دیکە کە هەژارەکانن لە میانەی چەسپاندنی کەرتی تایبەتی لەو کاتەی داوا لە دەوڵەت دەکرێ دەست هەڵبگرێت لە هاریکاری کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی کردنی کەل و پەلی پێویست.

بەمەش چینی ناوەند ون دەبێت لە نێوان هەژاران و سەرمایەدران، لە ناو کۆمەڵگەدا کەسانێك دەردەکەون کە پێداویستی سەرەکی لە دەست دەدەن وەك (خواردن، نیشتەجێ بوون، پۆشاك)، لەگەڵ گەشانەوەی بازارە نوێکان کە ئەم بەرنامەیە دایمەزراندووە بە کەل و پەلە جوانکارییەکان[٢] .

٦_ بێکاری، ئەمە ئەو شتەیە کە دامەزوەکانی بریتون ودز دانی پێدا دەنێت، بەڵام سورە لەسەر ئەوەی ئەم بەرنامەیە سەردەکێشێت بۆ پاڵپشتی کردنی کار بەپێی کاتێکی درێژ، دوای ئەوەی ئابووری ئاڕاستەی گەشەکردنی بێ سنوور

---

[١] الأبعاد الإقتصادية والإجتماعية والسياسية لبرامج التكيف الهيكلي ١ / ٢ (موقع الإسلام اليوم/ بحوث ودراسات).

[٢] هەمان سەرچاوە.

وەردەگرێت[١]. دیاردەی بێکاری بەدەردەکەویت لە میانەی لەسەرکار لادانی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە کەرتی گشتی کە دەگۆڕێت بۆ کەرتی تایبەت و هەوڵی کەم کردنەوەی کرێکاران و نزم کردنەوەی کرێ و تێچووە ماددیەکانیان دەدات.

کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی بیانی و فراوانکاری لە پاڵپشتی کردنی کەرتی تایبەت سەردەکێشێ بۆ دیاردەی بێکاری، چونکە مەرجەکانی خاوەن سەرمایە توند و سەختن، بە دیدی قازانج دەڕوانێتە فەرمانبەران، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ لادانی کرێکاران یان لەخۆنەگرتنی لەکار لادراوان، ئەمەش لە دوای گۆڕانی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت، کەرتی تایبەتیش لە بارودۆخی ئاسایدا فەرمانبەران لەکاردەخات ئەگەر قازانجی باشیان دەست نەکەویت، هەر چەندە ئەم فەرمانبەرانەیان لێهاتوو و شارەزا بن.

لەوەی خرایەڕوو بۆمان ڕوون بووەوە کە لیبڕالییەت تێکەڵی ئابووری بووە لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە میانەی سەپاندنی لیبڕالییەت و ڕاکێشانی ئابووری ئەم وڵاتانە بۆ ناو سیستەمی سەرمایەداری، کە لەسەر هزری لیبڕالییەت وەستاوە.

لەبەر ئەمە بانکە ناوەندییەکانی ئەم وڵاتانە بوونە بانکی سووکار، سەرباری ئەو بانکە نا حکومییەکانی سەر بەو بانکانە، وایلێهات ڕژێمەکان ڕاشکاوانە سوو بە ڕەوا دادەنێن بێ نارەحەتی یان پەیی بردن، بەرژەوەندییەکانی خەڵك و کارە بازرگانیەکانیان بەسترانەوە بە تیۆری خۆرئاواییەوە، بەرنامەی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە بازرگانیەکان و جگەلەوانیش پاڵپشتی دەرەنجامەکانی سووکاری دەکەن

---

١) هەمان سەرچاوە.

و بەرگریشی لێ دەکەن، ئەمەش دەرەنجامێکی سروشتی پاشکۆیایەتی ئابوورییە بۆ سیستەمی سەرمایەداری جیهانی.

لەبەر ئەمە دەبینین بانکی ئیسلامی و بەرنامەی ئابووری ئیسلامی بە شتێکی هەڵاوێردراو دادەنرێت کە ناچێتە ناو ناوەڕۆکی ئەو سیستەمە ئابووریانەی حکومەت پەسەندیان دەکات لە وڵاتانی ئیسلامیدا. ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر بەهێزی لیبڕالییەت لە ناو ئابووری وڵاتانی ئیسلامی بریتییە لەو ڕێژە زۆرەی بیرمەند و ڕۆشنبیرانەی بەرگری دەکەن لە جیهانگیری و کرانەوەی ئابووری[1].

## سێیەم: بانگەشەی ئیسلامی لیبڕالی:

ڕەگ و ڕیشەکانی نزیك کردنەوەی ئیسلام و لیبڕالییەت لە یەکتری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەمی زایینی، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، زۆربەی وڵاتانی موسڵمان داگیرکران، هێزی ماددی خۆرئاوا تێیدا دەرکەوت، وڵاتانی موسڵمان لاواز بوون، پرسیارە هزرییە ناودارەکە تێیدا دەرکەوت: ((بۆچی موسڵمانان دواکەوتن و جگەلەوانیش پێشکەوتن؟)).

کرداری نزیك کردنەوەی ئیسلام و لیبڕالییەت لە یەکتری ئەنجامدرا لە کەش و هەوای تێکشکاوی دەروونیەوە لە بەرامبەر خۆرئاوای سەرکەوتوو، کە ژێری زۆرێك لە نەوەکانی موسڵمانانی لەم ماوەیەدا بە کۆیلەکرد، وایکرد بەراورد کردن

---

[1]) بۆ نموونە عەلی حەرب لە کتێبەکەیدا (حديث النهايات، فتوحات العولمة ومآزق الهوية)، لەگەڵ ئەوەی عەلی حەرب شوعی بووە، بەڵام دوای دارمانی شوعییەت بووە لیبڕالی!! و بورهان غەیلون (بڕوانە: العولمة وعولمة الثقافة)، هەروەها هەزاران نووسەری بەناوبانگ و ڕۆژنامەوانان لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

بە خۆرئاوا ستایش و گەورەیی بێت، بەتایبەت کە ئەم نەوانە بەر چەندین جۆری زانست و زانیاری کەوتن لە سەردەمی لاوازی زانست و بڵاوبوونەوەی نەزانی و چەقبەستوویی بیرکردنەوەو دەرکەوتنی لاساییکردنەوە لە میانەی بۆچوونی تاقمە گومڕاکان و دەمارگیری مەزهەبی، خۆسەپاندنی سیاسی کە پێشتر قسەی لەبارەوەکرا.

هەوڵی نزیککردنەوەی ئیسلام و لیبڕالییەت دراوە لە دوو لایەنەوە:

یەکەمیان: ((بزوتنەوەی هەڵبەستن: الحركة التلفيقية)) کە لەسەر دەستی محەممەد عەبدە و قوتابیانی ئەنجامدرا لە نزیك کردنەوەی ئیسلام و شارستانیەتی خۆرئاوا لە یەکتری، ئەم بزوتنەوەیە بە ((بزوتنەوەی چاکسازی)) ناسراوە، ئەم بزوتنەوەیە کۆتایی هات بەوەی زۆرێك لە قوتابیانی محەممەد عەبدە بوونی کەسانی لیبڕالی تەواو.

دووەم: داگیرکردن، بەتایبەت دوای هاتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا، لە دوای دەرچوونی هێزی داگیرکەری بەریتانی و فەڕەنسی لە ناوچەکە لە پاش جەنگی جیهانی دووەم، هەروەها دەرکەوتنی شیوعییەت کە خۆی دەبینیەوە لە یەکێتی سۆفیەتی وەك بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێی لیبڕالییەتی خۆرئاوایی.

هێزی داگیرکەر سوودی بینی لە بزوتنەوە چاکسازییەکان و هەڵسا بە ئاڕاستەکردنی ئەم بزوتنەوانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سەبارەت بە لاوازکردنی چەمکە ڕاست و دروستەکانی ئیسلام لە ناخ و دەروونەکاندا و لەناوبردنی یەکێتی ئیسلامی.

لە میانەی هەوڵەکانی لەیەکتر نزیککردنەوەی ئیسلام و لیبڕالییەت ئەوا ئیسلامی لیبڕالی یان لیبڕالییەتی ئیسلامی پێکهات، لەم بڕگانەی خوارەوەدا بابەتی ئیسلامی لیبڕالی دەخەمەڕوو:

### أ_ پرۆژەی ئەمریکی بۆ پرسی ئیسلامی لیبڕالی:

لە کاتێکی زوودا ویلایەتە یەکگرتووەکان بایەخیدا بە ڕاڤەکردنی ئیسلام بە لێکدانەوەیەکی لیبڕالیانە، چونکە ئەمە زۆرێك لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی زاڵبوونی ئەو دەستەبەر دەکات، چاك دەزانێ تەواو پەراوێزخستنی ئیسلام لە وڵاتانی موسڵماندا شتێکی ئەستەمە، بەهۆی بەهێزی کاریگەریەکەی و پەیوەستبوونی موسڵمانان پێیەوە، جا بۆیە بینی گۆڕین و شێواندن سەرکەوتووترین ڕێگەن بۆ زاڵبوون و لەناوبردنی کارایی و کاریگەری ئیسلام.

لەلایەکی ترەوە ڕاڤەکردنی ئیسلام و لێکدانەوە بۆ کردنی بەشێوەی لیبڕالیانە پەیوەندی ئەم وڵاتە موسڵمانانە و گەلەکانیان بەهێز دەکات لەگەڵ شارستانیەتی خۆرئاوا، کە دەستەبەری پرۆسەی بەردەوام بوونی ملکەچ بوون بۆ خۆرئاوا دەکات.

لەلایەکی دیکەوە ویستی سوود لە ئیسلام وەربگرێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی شوعییەت[1]، بەڵام ئەم سوود وەرگرتنە لە دوای هەموارکردنی ئیسلام و

---

(1) لەوانە هاندان و پاڵپشتی کردنی پرۆژەی (گفتوگۆی نێوان ئاینەکان)، ئەمە پرۆژەیەکی نەصرانی داگیرکارییە، مەبەست لێی کردنەوەی چەند ئاسۆیەکی تازەیە بۆ بە نەصرانی کردن لە ژێر سایەی گفتوگۆدا، سەرقاڵ و بێ ئاگاکردنی بانگەوازی ئیسلامی لە بڵاوبوونەوە، ئاراستەکردنی پێشەنگەکانی ئاینەکان بۆ بەدەستهێنانی چەند خواستێکی سیاسی دیاریکراو. بڕوانە: دعوة التقريب بين الأديان (د. أحمد القاضي)، و الأبعاد السياسية للحوار بين الأديان (سامر أبو رمان).

**هەڵاواردنی ئەم شتانە دەبێت کە کار دەکەنە سەر بەردەوامێتی زاڵبوونی دەسەڵاتی ئەمریکی وەك: تێکۆشان (جیهاد)، دۆستایەتی و دوژمنایەتی، برایەتی ئیسلامی، باوەڕ نەبوون بە تاغوت، قەدەغەکردنی سوو و زینا و هەڵگەڕانەوە لە ئایین، جگەلەمانەش لەو شتانەی پێچەوانەی پرۆژە ئەمریکییەکانن لە ناوچەی ئیسلامیدا.**

**ئەمە ئەو شتەیە کە مامۆستا ((سەید قوتب))[1] لە کاتێکی زوودا پەیی پێ بردووە، جا لەبارەی ئەم بابەتەوە لە ژێر ناونیشانی (ئیسلامێکی ئەمریکی)دا دەڵێت: ((ئەمڕۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بایەخ بە ئیسلام دەدەن[2]، ئەوان پێویستیان بە ئیسلامە تا دژایەتی شوعییەتی پێ بکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوای ئەوەی خۆیان دژایەتی ئیسلامیان دەکرد بە درێژایی نۆ سەدە و زیاتر، هەر لە ڕۆژانی جەنگی خاچهەڵگرانەوە! ئەوان پێویستیان بە ئیسلامە، وەك چۆن پێویستیان بە ئەڵمانی و یابانی و ئیتالیەکانە، لە کاتێکدا پێشتر ئەوانیان تێکشکاندبوو، بەڵام ئەمڕۆ بە هەموو ئامرازێك دەیانەوێ ئەوانە ڕابکەنە سەرپێ،**

---

**(١)** سەید قوتبی کوڕی ئیبراهیم، بیرمەندێکی ئیسلامی میسرییە، لە گوندی موشا لە ئەسیوت لە ساڵی ١٣٢٤ك _ ١٩٠٦ز لە دایك بووە. لە کۆلیژی زانست دەرچووە، لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە کاری کردووە، دواتر چاودێرێکی هونەری وەزارت بووە، ڕەخنەی لە بەرنامەی خوێندنی میسرِی گرتووە، پێی وابوو ئەم بەرنامەیە دەستکردی ئینگلیز بووە، داوای بەرنامەیەکی کرد کە لەگەڵ ئاینی ئیسلام بێتەوە، ئەمەش سەریکێشا بۆ دەست لەکارکێشانەوەو ڕۆیشتنی بۆ ناو ڕیزی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین. بووە سەرۆکی بەشی بڵاوکردنەوەی باگەوازو سەرنووسەرایەتی ڕۆژنامەی ئەوانی گرتەدەست، تا ئەو کاتەی خرایە بەندیخانەوەو لە سێدارەدرا لە ساڵی ١٣٨٧ك _ ١٩٦٧ز. چەندین کتێبی هەن لەوانە: (في ظلال القرآن) و (المستقبل لهذا الدين) و (معالم في الطريق). الأعلام ٣/ ١٤٧ _ ١٤٨.

**(٢)** مامۆستا سەید قوتب لەبارەی ئەم بابەتی نووسیوە لە کۆتاییەکانی پۆنیوی ساڵی ١٩٥٢ز.

**تا بیانوەستێنن لە دژی شەپۆڵی شوعییەت. لەوانەیە سبەینێ بگەڕێنەوە بۆ تێکشکاندنی ئەوەی ئەمڕۆ خستوویانەتەسەر پێ.**

**ئەو ئیسلامەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەیانەوێت بریتی نییە لەو ئیسلامەی کە دژی هێزی داگیرکەر دەوەستێت، ئەو ئیسلامە نییە دژی دەستدرێژی هەڵوێستی دەبێت، بەڵکو تەنها ئەو ئیسلامەیە کە دژی شوعییەتە! ئەوان نایانەوێ ئیسلام حوکمڕانی بکات، بەرگەی ئەوەش ناگرن ئیسلام حوکمڕانی بکات؛ چونکە کاتێك ئیسلام حوکم دەکات ئەوا گەلانی تر دروست دەکات، فێری ئەو گەلانەش دەکات کە ئامادەکردنی هێز پێویستە، وەدەرنانی هێزی داگیرکەر واجب و ئەرکە، شوعییەتیش وەك هێزی داگیرکەر دەردو بەڵایە، هەر دووکیان دوژمن و دەستدرێژکەرن))[1].**

**ئاماژە بە هەندێك لە بەڵگەنامە و کاری ئەمریکی دەکەین لەم بوارەدا:**

**ـ کۆنگرەی خۆرهەڵاتی نزیک، کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریەکەی، مارسی ساڵی ١٩٤٨ز:**

**ئەم کۆنگرەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چاودێری زانکۆی برنستۆن ئەنجامدرا، ئەم زانکۆییە لە پێشەنگی ئەو زانکۆیانەیە کە بایەخ دەدات بە توێژینەوەی ئیسلامی، ئەمەش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بوو، بە**

---

[1]) دراسات قرآنية ١١٩.

دیارکراوی لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٧ز بوو بۆ توێژینەوەی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتی نزیك[1].

توێژینەوەکانی کۆنگرەکە ئەوەیان لەخۆگرتبوو کە ئاماژەی دەکرد بە پێویستی ئاوێتەکردنی شارستانیەتی خۆرئاوای لیبڕالی لەگەڵ ئیسلام، تا هزری ئیسلامی لەگەڵی گەشە بکات تا دەخزێتە ناو شارستانیەت و بەهای خۆرئاوایی و تێکەڵەیەکی لێ دروستت ببێت، بەمە ئاراستە هزرییەکەی ئیسلام پێکبهێت.

حەبیب کوڕانی _ مامۆستا لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت _ لە میانەی ئامادەبوونی لە کۆنگرەکەدا وتی: ((هەر چاکسازییەکە ئاینی کە ئامانجی نزیکردنەوەی موسڵمانان بێ لە شارستانیەتی هاوچەرخ دەبێت فەلسەفەی کلاسیکی و فەلسەفەی مەسیحییەت و فەلسەفەی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەچاو بکات))[2].

کۆنگرەکە پێی وایە پێویستە هزرو بیر ئازاد بن بۆ ئەوەی پرۆسەی کارلێکی نێوان شارستانیەتی خۆرئاواو هزری ئیسلامی ئەنجام بدرێ، هەروەك چۆن عەبدولحەق عەدنان ئەدیوار وادەڵێت: ((کاتێك تورکیا دەتوانێت گیانێکی ئازاد و ڕەخنەگر لە باوەش بگرێ، ئەو کاتە دەکرێ چاکسازی هزری ئاینی بوونی ببێ. ئەگەر بۆ تورکیا کرا ئەم جۆرە ئازادییە بەدەستبخات ئەوا دەتوانێ

(١) توێژینەوەکانی کۆنگرەکە وەرگێڕدراونەتە سەر عەرەبی، لە پرۆژەی هەزار کتێبدا لە چاپدرا بە ژمارەی ١١٦ بە سەرپەرشتی کارگێڕی ڕۆشنبیری گشتی لە میسر، هەندێك لە موسڵمانان لە پاڵ خۆرهەڵاتناسان بەشداریان تێدا کرد، لە موسڵمانان: حەبیب کوڕانی، عەبدولحەق عەدنان ئەدیوار (تورکی) و جگەلەوانیش.

(٢) وەرگیراوە لە: الإسلام والحضارة الغربية ١١١.

بەیەکگەیشتنی هەر دوو ڕەوتی ڕۆشنبیری لەوێ ئەنجام بدرێ، یەکەمیان: لە خۆرئاواوە، دووەمیان: لە کەلەپوورە ڕۆشنبیرییە تایبەتەکەی، لە بەیەکگەیشتنی ئەم دوو ڕەوتانە ئەوا ژیانی عەقڵی لە تورکیا ئاڕاستەیەکی تازە وەردەگرێت))[١].

## _ کۆنگرەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و ژیانی هاوچەرخ ١٩٥٣ز:

ئەم کۆنگرەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زانکۆی بریستۆن گرێدرا، ((ژمارەیەك لە کەسایەتیە موسڵمانەکانی ناوچە جیا جیاکانی جیهانی ئیسلامی تێیدا بەشدار بوون، لە ئیندۆنیسیا و هیند و پاکستان و عێراق و ئێران و لوبنان و میسر، هەموو ئەوانە دەستنیشان کرابوون و بانگهێشتی تایبەتیان بۆ هاتبوو بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەکە بە توێژینەوەی ئیسلامی. لە پاڵ ئەم موسڵمانانە هەمان ڕێژە لە کەسانی ئەمریکی بەشداربوون کە سەرقاڵ بوون بە توێژینەوەی ئیسلامی))[٢].

کۆنگرەکە هەوڵی دەدا بۆ گەشەپێدانی ئیسلام تا بگونجێ لەگەڵ هزرەکانی شارستانیەتی خۆرئاوای لیبڕالی، ئەمە هەمان ئەو ئامانجەیە کە کۆنگرەی یەکەمی لە پێناودا بەسترا، بەڵام ئەم کۆنگرە بەهێزتر بوو لەوەی پێشتر لە ڕووی ژمارە و جۆری بەشداربووان و بەهێزی ئەو پرسانەی خرابوونەڕوو.

یەکێك لەو بەشداریانەی پەیوەستن بە بابەتەکەمانەوە بەشداری مامۆستا موستەفا زەرقا بوو، کە وەسفی بەرنامەی حوکمڕانی ئیسلامی کرد بەوەی کۆکە

---

١) وەرگیراوە لە سەرچاوەی پێشوو ١١٦، و لەبارەی کۆنگرەکە بە تێروتەسل بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٠١ _ ١٢٤.

٢) الإسلام والحضارة الغربية ١٢٥.

**لەگەڵ بەرنامەی حوکمڕانی دیموکراسی هاوچەرخ و ڕژێمی کۆماری[١]، لەبارەی جێبەجێ کردنی سزاکانەوە وتی: ((ئەگەر تێبینی کرا کە ناتوانرێ لە هەندێك کات یان شوێندا چەند سزایەك لە چوار سزاکان جێبەجێ بکرێن، ئەوا دەکرێ سزایەکی تر لە جیاتی ئەوان جێبەجێ بکرێ، ئەمەش فەرامۆشکردنی هەموو شەریعەت ناگەیەنێ))[٢].**

**زەرقا بۆچوونێکی نامۆی هەیە سەبارەت بە سوو (ڕیبا)، کاتێك ویستویەتی چارەسەری کێشە هاوچەرخەکانی ئاڵوگۆڕی بکات، جا وتویەتی: ((گەڕانەوە بۆ حاڵەتی دیاریکردنی سووکاری کە عەرەبەکان لەسەری بوون و شەریعەت هات قەدەغەی کرد، ئەو کات سووکاران بە کەیفی خۆیان هەڵسوکەوتیان بەسەر هەژاردا کردووەو ئەوانیان ناچارکردووە قەرزی بەرکاربردن بکەن نەك وەبەرهێنان))، سەبارەت بە چارەسەر وتویەتی: ((خۆماڵی کردنی بانکەکان لە خزمەتی دەوڵەتدا، ئەو کاتە واتای سوو نامێنێ و ئەو قازانجە لاوەکییەی کە لە بەرامبەر قەرزەکە وەردەگیرێ دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و بۆ بەرژەوەندی هەمووان))[٣].**

---

**(١) لەوانەیە مامۆستا زەرقا ویستی وابوبێ تایبەتمەندییەکانی شەریعەتی ئیسلامی دەربخات، بەڵام گیانی تێکشکاوی وایلێکرد بگاتە بۆچوونی نامۆ کە پێچەوانەی یەکدەنگی موسڵمانان بوو، بە ڕاشکاوانە لەگەڵ دەقەکانی شەریعەت تێکدەگیرا.**

**(٢) وەرگیراوە لە: الإسلام والحضارة الغربية ١٢٨، ئەمە بۆچوونی تێکڕای شوێنکەوتووانی قوتابخانەی چەرخگەراکانە.**

**(٣) وەرگیراوە لە: الإسلام والحضارة الغربية ١٢٩، بۆچوونێکی نامۆی هەیە لەبارەی ڕەوایی یاسا دەستکردەکان لە دوای بەستنەوەی بە ڕێبازە فیقهییە هەڵبەستراوەکان. بەشێوەیەکی فراوان سەبارەت بەم کۆنگرەیە بڕوانە: الإسلام والحضارة الغربية ١٢٥ _ ١٤٥.**

**_ توێژینەوەی ((ئیسلام لە سەردەمی هاوچەرخدا)) "ویلفرد کانتویل سمیس"[1]:**

خۆرهەڵاتناسان بایەخیان داوە بە توێژینەوەکان لە بواری ((گەشەپێدانی شەریعەتی ئیسلامی)) لە میانەی گۆڕینی ئیسلام لە ناوەوە تا بگونجێت لەگەڵ ڕێبازو بەرنامە هاوچەرخەکانی خۆرئاوا.

دیارترینیان لەم بوارەدا خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی (جیب) لە کتێبەکەیدا (تێڕوانینی ئیسلام) و (ئاراستە هاوچەرخەکان لە ئیسلامدا)[2].

یەکێك لەم توێژینەوانە کتێبی ((ئیسلام لە سەردەمی هاوچەرخدا)) ئەم توێژینەوەیە سەرمایەکەی بۆ دابینکرا لەلایەن دامەزراوەی ڕوکفلەری ئەمریکی، سمیس بۆ ئەم مەبەستە خۆی یەکلاکردەوە، گەشتی بۆ زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی کرد[3].

---

[1] ویلفرد کانتویل سمیس، بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا لە زانکۆی برینستۆن لە ساڵی ١٩٤٨ز لە ژێر سەرپەرشتی خۆرهەڵاتناسی ناسراو هـ. ا. ر. جب، پێشتر قوتابی ئەو بووە لە زانکۆی کامبریج، بابەتی دکتۆراکەی بریتی بوو لە ((گۆڤاری ئەزهەر: خستنەڕوو و ڕەخنە لێگرتن)) دواتر بووە: بەڕێوبەری پەیمانگەی توێژنەوەی ئیسلامی و مامۆستای وانەی بەراوردکردنی ئاینەکان لە زانکۆی ماکجیل لە کەنەدا. بڕوانە: الإسلام والحضارة الغربية ١٤٧.

[2] لەبارەی توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتناسان سەبارەت بە گەشەپێدانی شەریعەت بڕوانە کتێبی: خۆرهەڵاتناسەکان _ د. عابد سوفیانی.

[3] بڕوانە: الإسلام والحضارة الغربية ١٤٨.

لەم کتێبەدا جەختی کردۆتەوە لەسەر پرسی گەشەپێدانی ئیسلام، زۆر ستایشی ڕاڤەی نوێی کرد بۆ ئیسلام کە لەسەر دەستی ئەتاتورك ئەنجامدرا، ناوبراو پێی وایە پاکستان وەك دەوڵەتێك سەرکەوتوو نابێت تا ئەو کاتەی خەڵك بەوە ڕازی نەکات کە دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕاستیدا بریتییە لە دەوڵەتی عەلمانی.

دانەری ناوبراو بەرگی لە لیبڕالییەت و عەلمانیەت کردووە بەوەی دژ نین لەگەڵ ئیسلام، پێی وایە پێویستە ئەم ڕێبازانە بە ئاینەوە ببەسترێنەوەو بە شێوەیەکی ئیسلامیانە ڕاڤە بکرێن کە قبوڵ بێت، ئەمەش تاکە ڕێگەیە بۆ پاڵپشتی کردنی بوونی ئەم ڕێبازانە و قوڵ کردنەوەی ڕەگ و ڕیشەکانیان لە جیهانی ئیسلامیدا[1].

زۆر بە ڕوونی دەڵێت: ((ئازادیخوازی و مرۆڤایەتی ئەگەر بایەخیان پێدراو بازاڕیان گەرم بوو لە جیهانی ئیسلامیدا ئەوا دەچنە سەر وێنەی ئازادیخوازی ئیسلامی و مرۆڤایەتی ئیسلامی یان بە هەر حاڵ لەسەر بنچینەیەکی ئاینی بنیات دەنرێن))[2].

((ئەو ئازادیخوازییەی لە مێژووی ئیسلامەوە وەردەگیرێ بەشێك لەو ئازادی خوازیەی هێشتۆتەوە کە لە خۆرئاواوە سەرچاوەی گرتووە))[3].

(1) بڕوانە: الإسلام والحضارة الغربية ١٦١.

(2) هەمان سەرچاوە.

(3) وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوەو لاپڕە، بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە بابەتەکانی کتێبەکە بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٤٧ _ ١٦٩، والمستشرقون ٤٦ _ ٥١ ولاپەڕەکانی دواتریش.

**_ توێژینەوەی ((لیبڕالییەتی ئیسلامی: ڕەخنەگرتن لە هزری گەشەپێدان "لیۆنارد بایندەر[1]")):**

ئەم توێژینەوەیە گوزارشتە لە کتێبێك کە لە ساڵی ١٩٨٨ز دەرچووە لە چاپخانەی زانکۆی شیکاگۆ، بایەخی داوە بە توێژینەوەی پەیوەندی نێوان لیبڕالییەتی ئیسلامی و لیبڕالییەتی سیاسی، لە ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە هەنگاو دەنێ، بەوەی ڕێژەی قبوڵکردنی عەلمانیەت دادەبەزێت، زۆر دوورە عەلمانیەت وەك بنچینەیەکی هزری بۆ لیبڕالییەتی سیاسی بگونجێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرکەوتنی لیبڕالییەتی سیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە سەرهەڵدانی ڕەوتێکی لیبڕالی ئیسلامی بەهێزەوە بەستراوەتەوە[2].

---

[1] کەسایەتیەکی ئەکادیمی ئەمریکییە.

[2] بڕوانە: مقال نظرية الإسلام الليرالي _ السيد يس _ صحيفة الأهرام المصرية _ الأربعاء ٢١ يوليو ٢٠٠٤م.

## _ ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڕاندی ئەمریکی[1] لەبارەی ئیسلامی دیموکراسی:

ئەم ڕاپۆرتە بە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی ئەمریکی دادەنرێ لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئیسلامدا، ئەم ڕاپۆرتە لە ساڵی ٢٠٠٣ز بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی ((ئیسلامێکی شارستانی دیموکراسی، هاوبەشەکان و دەرامەت و ستراتیژییەکان))[2]، ((شیریل بینارد))[3] ڕاپۆرتەکەی نووسی بوو.

ڕاپۆرتەکە لەم وتەیەیدا ئامانجی خۆی ڕوون کردەوە: ((داهێنانی نزیککردنەوەی بەرچاوڕۆشن پێویستی بە ورد و درشتی ململانێی ناوخۆی بەردەوامی هزریی ئیسلامی هەیە، بە مەبەستی ناسینی هاوبەشە شیاوەکان و

---

(١) دامەزراوەی ڕاند پێناسەی خۆی دەکات بەوەی بریتییە لە: ((دامەزراوەیەك کە مەبەستی قازانج نییە، بایەخ دەدات بە توێژینەوەو فەراهەم کردنی چارەسەری بابەتی و چاڵاك بۆ ئەو بەرەنگاریانەی کەرتی تایبەت و گشتی دووچاری دەبن لە هەموو شوێنێکی جیهاندا. لە چاپدراوەکانی دامەزراوەکە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و بیرۆکەی فەرمانبەران و پاڵپشتەکانی نین)). بڕوانە: إسلام حضاري ديمقراطي ٢.

(٢) لە وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکەدا پشتم بەستووە بە وەرگێڕاوەکەی دامەزراوەی ڕاند لە خودی پێگەکەیدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (www.rand.org).

(٣) نووسەری ڕاپۆرتەکە ((شیریل بینارد)) کەسایەتیەکی نزیکە لە دروستکەری بڕیار لە کارگێڕی ئەمریکیدا، هەروەها خێزانی باڵوێزی ئەمریکیە لە عێراق ((زاڵمای خەلیل زاد)) کە دواتر گوازراوە بۆ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك نوێنەی ئەمریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

دیاریکردنی ئامانجەکان و ئامرازە واقیعییەکان بۆ بەهێزکردنی پێشکەوتنەکەی بەشێوەیەکی ئەرێنی))[١].

ڕاپۆرتەکە لەوەوە هەنگاوی ناوە کە ئیسلام چەندین ڕاڤەی هەیە، خوێندنەوەی جیاوازیشی هەیە، خۆرئاوا هەوڵ دەدات بۆ ئیسلامێك کە بگونجێت و بڕوات لەگەڵ بارودۆخە نێودەوڵەتیە هەنووکەییەکان دوور لەو ڕەگەزانەی وای لێدەکات دژی خۆرئاوا بێت و ناجێگر بێ و ببێتە مۆڵگەی تیرۆر، ئەمە بەپێ دیدی ڕاپۆرتەکە.

ئەو چارەسەرانە دیاریکران کە دەستەبەری دەرچوون دەکەن لە کێشەی ئەو دواکەوتوویی و قەیرانەی جیهانی ئیسلامی تێیدا دەژی لە میانەی چوار هەڵوێستدا، هەر هەڵوێستێك گوزارشت دەکات لە ڕەوتێکی هزری دیاریکراو.

ڕاپۆرتەکە هەڵوێستە سەرەکییەکانی دیاریکردووە بەوشێوەی خوارەوە:

_ بنەماگەراکان (الأصولیون): ((بەها دیموکراسییەکان و ڕۆشنبیری خۆرئاوای هاوچەرخ ڕەتدەکەنەوە، ئامانجیان دەوڵەتێکی دەمارگیری نەگۆڕە، بۆچوونە توندڕەوەکانی ئەوان جێبەجێ بکات کە هەڵیانهێنجاوە لە شەرع و ڕەوشتی ئیسلامی، ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ بەکارهێنانی داهێنان و ئامرازە تەکنەلۆژییە هاوچەرخەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە))[٢].

---

(١) إسلام حضاري دیمقراطي ٤.

(٢) بڕوانە: إسلام حضاري دیمقراطي ٨.

**_ لاساییکەرەوەکان: خواستیان کۆمەڵگەیەکی خۆپارێزە. گومانیان هەیە لە هەرچی تازە و نوێی و داهێنراو و گۆڕاوە[١].**

**_ نوێخوازان[٢]: حەزیان لەوەیە جیهانی ئیسلامی بەشێك بێ لە نوێسازی جیهانی، هەروەك چۆن هیوایان وایە نوێسازی ئیسلامیش بگرێتەوەو گەشەی پێبدات تا لەگەڵ سەردەمی خۆیدا بڕوات[٣].**

**_ دونیاگەراکان (العلمانیون): بانگەوازی دەکەن ((بۆ ئەوەی جیهانی ئیسلامی بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت پەسەند بکات لەسەر شێوەی دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییە خۆرئاواییەکان کە ئاینیان تایبەت کردووە بە باری کەسێتی تایبەت))[٤].**

**سەبارەت بە بنەماگەراکان ئەوا ڕەتکراوەن و بەهیچ شێوەیەك پاڵپشتیان ناکرێ، چونکە ئەوان دوژمنن، لە کاتێکدا لاساییکەرەوان دەبنە دوو بەش، هەندێکیان بۆچوونیان لە بنەماگەراکان نزیکتر بوو، هەشیان بوو دیموکراسییەتی لە پەسەندە، ڕۆشنگەری نوێسازی و بەهاکانی قبوڵە، ڕاپۆرتەکە ناوی لەوانە ناوە ((لاساییکردنەوەی چاکخواز))[٥]. سەبارەت بە عەلمانیەکان و نوێخوازان ئەوا لە**

---

(١) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە، نموونە بۆ ئەمە هێنراوەتەوە بە تێکۆشەران و شوێنکەوتووانی سوننە و جەماعەت بە (وەهابیەکان) ناویان براوە.

(٢) بڕوانە: إسلام حضاري دیمقراطي ٨، نموونە بۆ لاساییکەرەوە خۆپارێزەکان هێنراوەتەوە بە شێخی ئەزهەر (تەنتاوی)، قەرزاویش وەك نموونە هێنراوەتەوە بۆ لاساییکەرەوە نوێخوازەکان.

(٣) بڕوانە: إسلام حضاري دیمقراطي ٩، باسی چەند نموونەیەك لەوانە کراوە: محەممەد شەحرور، نەوال سەعداوی، هەندێك نووسەرانی خۆرئاوا.

(٤) بڕوانە: إسلام حضاري دیمقراطي ٩.

(٥) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ١٦.

**هەمووان نزیکترن لە خۆرئاوا و هەڵوێستیان لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر، ((چونکە عەلمانیەکان پێویستیان بە پاڵپشتی بەهێزو داهاتی دارایی و ژێرخانێکی کارا و بەرنامەیەکی سیاسی گشتی هەیە))[1].**

**ڕاپۆرتەکە وای پێ باشە پاڵپشتی نوێخوازان بکرێ نەك عەلمانیەکان، چونکە عەلمانیەکان لە ناو کۆمەڵگەدا ڕەتکراوەن، هەروەها عەلمانیەکان توانایان نییە ئیسلام بەشێوەیەکی نوێ بخوێننەوە کە بگونجێ لەگەڵ دیموکراسییەت و نوێسازی خۆرئاوا، لەگەڵ ئەوەی عەلمانیەکان بەشێوەیەکی گشتی کۆکن لەگەڵ بیرۆکەی خۆرئاوا[2].**

**لەوانەیە ئەوەی گرنگ بێ لەم ڕاپۆرتەدا و پەیوەندی بە توێژینەکەمانەوە هەبێ بریتییە لە ڕوون کردنەوەی ڕای نوێخوازان بەپێی دیدی ڕاپۆرتەکە، هەروەها ستراتیژی پێشنیازکراو بۆ هێنانەکایەی ئیسلامێکی دیموکراسی کۆك لەگەڵ هەواو هەوەسی ئەمریکی.**

**ڕاپۆرتەکە دەڵێت: ((سەبارەت بە نوێخوازان، هەوڵ دەدەن بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاری بازنە فراوان  بە ڕێگەی تێگەیشتن لە ئیسلامی ڕەسەن و پیادەکردنی لە ڕۆژانی ئێستاماندا، دەیانەوێ زاڵ بن بەسەر ئەو فشارەی دروست بووە لە لاساییکردنەوەی ناوخۆیی و هەرێمی کە چڕو پڕو تێکئاڵاوە بە درێژایی کات لەگەڵ ئیسلام.**

**(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٩.**

**(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.**

زۆربەیان باوەڕیان بە مێژوویی بوونی ئیسلام هەیە، واتە: پێیان وایە ئیسلام وەك چۆن لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (ﷺ) جێبەجێ دەکرا بریتی بوو لە ڕەنگدانەوەی ڕاستییە نەمرەکان و چەند بارودۆخێك کە لەگەڵ ئەو قۆناغدا دەگونجا، بەڵام ئێستا ئیسلام کاراییەکەی لەدەستداوە.

هەروەها باوەڕیان بەوە هەیە کە دەکرێ خاڵێکی سەرەکی بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی دیاری بکرێ، گوایە ئەم خاڵە سەرەکیەش ناکرێ بە سەلامەت و دوور لە کەم و کورتیەکان بمێنێتەوە، بەڵکو بەهۆی گۆڕانکارییەکان بەهێز دەبێت، کە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی کات و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕووداوە مێژووییەکان.

ڕاپۆرتەکە پێی وایە ڕێزگرتن و سەرسام بوونی نوێخوازان بە تایبەتمەندییەکانی تا ئاستێك جیاوازە لەو خەسڵەتانەی بنەماگەراکان و لاساییکەرەوان پێی سەرسامن، چونکە بەها سەرەکییەکانی نوێخوازان _ واتە: گرنگی ویژدانی مرۆڤ، ئەو کۆمەڵگەیەش کە لەسەر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادی وەستاوە _ بە ئاسانی دەڕوات لەگەڵ یاساکانی دیموکراسییەتی هاوچەرخ))[1].

هەروەها وتی: ((نوێخوازان خەون بە کۆمەڵگەیەکەوە دەبینن کە هاوڵاتی تێیدا بتوانێت گوزارشت بکات لە پارێزکاری و باوەڕەکەی بەوشێوەیەی کە خۆی پێی وایە شیاوە، بە خودی خۆیشی دان بنێ بە پرسە ڕەوشتییەکان و ئەو شێوازە ژیانەی کە ویژدانی دەیەوێت، ڕەوشتی ڕێك و پێك بێت بە ڕەزامەندی خودی

(1) بڕوانە: إسلام حضاري ديمقراطي ١٧.

خۆی نەك بە ناچارکران لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە، سیستەمە سیاسییەکەی لەسەر بنەمای دادگەری و یەکسانی دابمەزرێنێ، لەسەر سیستەمەکەشی پێویستە بە ئاشتیانە بژیت لەگەڵ سیستەم و ئاینەکانی تر))[1].

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی کرد بوو بە بۆچوونی نوێخوازان لە چەندین بابەتێکدا، ئەمەش چەند نموونەیەك:

_ ((ئیسلام هەندێك چەمکی دیموکراسی لەخۆدەگرێ، پێویستە ئەم چەمکانە دەربخرێن و دابنرێنە ڕیزی پێشەوە))[2].

_ ((ئیسلام چەمکە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەسی لەخۆ دەگرێت، بە ئازادی ئەنجامدانی هەڵەوە))[3].

_ فرەژنی ڕەتدەکەنەوە بەوپێیەی ((هەڵسوکەوتکردنێکی کۆنە کە لە قۆناغەکانی دێریندا ئەنجامدراوە، هەروەك لە ئاینەکانی تردا دەقی لەسەر هاتووە، ئێستا فرەژنی چیتر شیاو نییە، بەڵگە هەن لەسەر ئەوەی پێغەمبەر هەوڵی ڕەتکردنەوەی فرەژنی داوە))[4]. بەپێی گوزارشتی ڕاپۆرتەکە.

---

(١) بڕوانە: إسلام حضاري ديمقراطي ١٧.
(٢) إسلام حضاري ديمقراطي ٢٣.
(٣) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
(٤) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

_ سزاو تۆڵەسەندنەوەکان ڕەتدەکەنەوەو پێیان وایە ((ئەم سزایانە یان کۆن و دەروونین کە لەگەڵ داب و نەریتی تایبەتی قۆناغەکاندا دەڕۆن یاخود هەر لە سەرەتاوە بە خراپ ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە))[1].

_ ((ئیسلام داوا لە ئافرەت ناکات کە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان خۆی دابپۆشێت، یان لەچك بپۆشێت، هیچ بەڵگە و نیشانە بوونیان نییە تا ئەم ڕێسایانە بچەسپێنێت، شت لەبەرکردن دەگەڕێتەوە بۆ حەزی تاك کە حەزی لە چییە.

نابێ سەرزەنشت و لۆمەی ئافرەتان بکرێ لەسەر ئەو هزرە خراپانەی دەکرێ لە بیرو هۆشی پیاواندا بێن و بچن، لەبەر ئەوەی گوتاری قورئان ڕۆشن بووە سەبارەت بە پیاوان بەوەی ((چاویان دابگرن)) واتە: نەڕوانینە ئافرەت بە مەبەستی ئارەزوو، بەپێچەوانەشی ڕاستە))[2].

_ بە نایاسایی دانانی لێدانی ژن ((گوایە ئەمە لەسەر ڕاڤەیەکی ئاینی هەڵە وەستاوە، ئەمەش بە ڕوونی تێکدەگیرێ لەگەڵ گیانی ئیسلام سەبارەت بە ژن و مێرد و پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزەکە))[3].

_ لەبارەی کەمایەتیەکان بۆچوونیان وایە کە ((دەبێ بە یەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ))[4]. بەپێی بنەمای هاوڵاتی بوون.

---

1) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
2) هەمان سەرچاوە ٢٦.
3) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
4) هەمان سەرچاوە ٢٦.

_ ((مەبەست لە ئیسلام ئەوە نەبووە ببێتە دەوڵەت، بەڵكو مەبەستی یاسا و فەلسەفەیەكی ڕێنوێنیكەر بووە بۆ ژیان. كە تاك خۆی بەرپرس بێت لە هەڵسوكەوت و بڕیارەكانی لە ناو كۆمەڵگەیەكی بەردەوام گۆڕاو و پێكهاتوو لە كەسانی ژیرمەند))(١).

_ ((خێزان و كۆمەڵگە لە ئیسلامدا زۆر بایەخدارن، لەسەر پیاو و ئافرەت پێویستە لەم دووانە بەرپرس بن، دەبێ هەموو پیشە و پلە و پۆستە گشتی و سیاسییەكان لەبەردەم ئافرەتان كراوە بن، بارودۆخەكە بەم شێوەیە بووە لە سەردەمی پێغەمبەردا كاتێك ئافرەتان بەشداربوونە لە لەشكردا لە كاتی جەنگدا، ئافرەت پلەی دادوەریی پێدراوە، تەنانەت ئافرەت پێشنوێژی بۆ پیاوان كردووە، گومان لەوەدا نییە هەمان بارودۆخ ئەمڕۆش هەیە))(٢).

_ ((تێكۆشان "جیهاد" زاراوەیەكی ڕووكارییە، ئاماژە بە گەشەی تاكە كەسی دەدات لە ڕووی ڕۆحییەوە))(٣).

_ سەبارەت بە سەرچاوەكانی لێوەرگرتنی بیروباوەڕو شەریعەت پێیان وایە ئەم سەرچاوانە بریتین لە: ((قورئان و سوننەت، فەلسەفەی مێژوویی و هاوچەرخ، هەروەها یاسا و بنەما ڕەوشتییەكان لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە كرۆكی ڕۆحی ئیسلام لە ناوكۆی كات و ساتی هەنووكەدا))(٤).

---

(١) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
(٢) هەمان سەرچاوە ٢٨.
(٣) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
(٤) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**ڕاپۆرتەکە جیاوازی کردووە لە نێوان دیدی نوێخوازان _ کە چاودێری و بایەخیان پێدەدرێ لەلایەن ئەمریکاوە بەشێوەیەکی تایبەت _ بۆ دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان، لەگەڵ تێڕوانینی جگەلەوان، لەوانەی بانگەشەی گونجانی ئیسلام لەگەڵ دیموکراسییەت دەکەن.**

**ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرە ئیسلامییەکان ڕاشکاوانە دەریانبڕیوە کە ئیسلاک دژی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان نییە، بەڵکو لەگەڵیان گونجاوەو بانگەشەیان بۆ دەکات، تەنانەت یەکەم جار ئیسلام بانگەوازی ئەم شتانە کردووە[1].**

**لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپۆرتەکە ئەوانە بەو کەسانە دانانێ کە ئیسلامی دیموکراسی پەسەند دەکەن، لەم بارەوە ڕاپۆرتەکە دەڵێت: ((لە پاڵ ئەم شێوەزارە کۆکەرەوە پلە جیاوازە و بەرگرییە بێ شەرمانە و پاساودەرە، ئەوا هەردەم ئەم نووسینانە هەندێك هەڵوێست و فەلسەفەی ڕیزپەڕ لەخۆدەگرن کە لە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخدا جێگەیان نابێتەوە. کێشەی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە هاوئاواز نەبوونی خاڵە سەرەکییەکانی فەلسەفەی دوو ڕەوتەکە. لەبەر ئەوەی دیموکراسییەتی هاوچەرخ جەخت دەکاتەوە لەسەر بەهاکانی ڕۆشنگەری لە کاتێکدا ڕەوتی لاساییکەرەوە تێکدەگیرێ لەگەڵ ئەم بەهایانە و پێی وایە سەرچاوەی گەندەڵی و خراپەکارین.**

---

**[1]) بۆ نموونە بڕوانە: شێخ یوسف قەرزاوی (پێگەی ئیسلام ئۆن لاین)، و ئیسلام و دیموکراسییەت _فەهمی هوەیدی_.**

ڕەوتی لاساییکەرەوە[1] دژە لەگەڵ خواستە سەرەکیەکانی ڕەوتی هزری دیموکراسی هاوچەرخ کە هزری ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی داهێنراو و ئازادی تاکەکەسی و عەلمانیەت لەخۆدەگرێت. لەوانەیە بۆ ماوەیەك ئەم کێشانە پشتگوێ بخەین، بەڵام لە ناوناچن و زوو یان درەنگ دەگەنە خاڵی جیاواز))[2]، هەروەها دەڵێت: ((کۆمەڵگەی مەدەنی شارستانی هاوچەرخ یارمەتی پێشکەشی ئەو شەریعەتە ناکات کە لاساییکەرەوان داوای دەکەن، ڕەوتی نوێخواز حوکمی لە سێدارەدان یان جەڵدە بۆ زینا و پەلدانی ئەندامەکانی جەستە بە پەسەند دانانێ وەك سزای تاوان، بەمەش ناگونجێ لەگەڵ سەپاندنی جیاوازی نێوان نێرینە و مێینەکان یان جیاکاری تووندڕەو و ئابڕووبەری ناو یاسای خێزان و دادگەری تاوانباری و ژیانی گشتی و سیاسی))[3].

ڕاپۆرتەکە ناوی هاوپەیمانی بنەڕەتی هێناوە کە پشتی پێدەبەستێ لە دامەزراندنی ئیسلامێکی دیموکراسی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی خۆرئاواییەکان، جا وتویەتی: ((دید و بۆچوونی نوێخوازان لەگەڵ دیدو بۆچوونمان کۆکە. لە ناو

[1] ڕاپۆرتەکە شێخ یوسف قەرزاوی هەژمار دەکات لە ڕیزی ئەوەی لاساییکەرەوەیەکی چاکخوازە، بەڵام پێشی وایە قەرزاوی تێکگیراو و ناجێگیرە، نموونەی بۆ ئەمە بە سزای لە ئایین هەڵگەڕانەوە هێناوەتەوە کە قەرزاوی بەشێوازێکی تەواو لیبراڵیانە بۆی ڕووانیوە لە ئازادی بیروڕاوە، بەڵام بەدەوری سزای زینا سوڕاوەتەوەو پاساوی بۆ هێناوەتەوە لەگەڵ ئەوەی مەرجەکانیشی توندن. بڕوانە: إسلام حضاري و ديمقراطي ٤٦.

[2] هەمان سەرچاوە ٤٥ _ ٤٦.

[3] هەمان سەرچاوە ٤٦.

**هەموو کۆمەڵەکان ئەم کۆمەڵەیە جیاوازە بەوەی زۆر هەماهەنگ و گونجاوە لەگەڵ بەها و گیانی کۆمەڵگەی دیموکراسی هاوچەرخ))[1].**

**هەروەها دەڵێت: ((بە پشت بەستن بە بنچینەکانی هزری، نوێخوازان بە ئامرازی هەرە باش دادەنرێن بۆ گەشەپێدان و گواستنەوەی ئیسلامی دیموکراسی، بەڵام لەم کاتەی ئێستادا لە ژێر چەندین کۆسپدا چالاکیەکانیان پەککەوتووە))[2].**

**دواتر کۆسپەکانی ڕوون کردۆتەوە کە بریتین لە: لاوازی پاڵپشتی دارایی، کەمی هاریکاری سیاسی، دووچاری مەترسیبوون وەك تۆمەتبارکردن بە پاشگەزبوونەوە لە ئایین، ملدانەواندن بۆ دادگایی کردن، ڕێگری کردن لە نووسین و کارکردن و جگەلەوەش[3].**

**ڕاپۆرتەکە ئامرازو شێوازەکانی پاڵپشتی کردنی ئەم کۆمەڵەیەی لەخۆگرتووە بەشێوەیەکی تایبەت و بەم شێوەیەی خوارەوە[4]:**

**_ بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی کارەکانیان بە نرخێکی هەرزان.**

**_ هاندانیان لەسەر ئەوەی نووسینەکانی ڕوو لە جەماوەری گشتی و لاوان بکات.**

**_ دانانی بۆچوونەکانیان لە ناو بەرنامەی پەروەردەی ئیسلامی.**

---

**(1)** هەمان سەرچاوە ٤٩.

**(2)** هەمان سەرچاوە ٥١.

**(3)** هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**(4)** بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٥٤.

**_ دابینکردنی دوانگەیەکی گشتی بۆیان[1].**

**_ گشتاندنی زانیاری بەهۆی بۆچوون و بڕیارەکانیان لەبارەی پرسە گرنگەکان کە پەیوەندیان هەیە بە ڕاڤەی شەرعەوە، بەشێوەیەك کە کێبڕکێ بکات لەگەڵ بۆچوونی بنەماگەرا و لاساییکەرەوەکان کە خاوەنی پێگەی ئەلیکترۆنی و خانەی بڵاوکردنەوەو پەیمانگە و قوتابخانە و زۆرێکی دیکەن لەو ئامرازانەی کە هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانیان.**

**_ ناساندنی عەلمانیەکان و نوێخوازان کە بژاردەی (دژی ڕۆشنبیری) لاوانی ئیسلامی تورەن.**

---

**(1)** ئەم ئامرازو شێوازە هاتەجێ لە ((دامەزراوەی عەرەبی بۆ نوێسازی هزری))، ئەمە دامەزراوەیەکە بۆ نووسەرە لیبڕالییەکان و عەلمانیەکان وەك چۆن خاوەنانی ئەم دامەزراوەیە باسیان کردووە، کۆنگرەی یەکەمی بەست لە بەیروت لە ٢٩ _ ٣٠ ئایاری ٢٠٠٤ز بە ناونیشانی ((نوێسازی و نوێسازی عەرەبی))، نەسر حامدی باوکی زێد سەرۆکایەتی کرد، ئەمانەش تیایدا بەشداربوون: محەممەد ئەرکون، جۆرج ترابیشی، محەممەد شەرەفی، عەبدولەجید شەرەفی و جگەلەوانیش، ئەم کۆمەڵەیە مەبەستی ڕاپۆرتەکەیە کە بە نوێخوازان ناوی ئەوانی بردووە، دامەزراوەکە هەڵدەستێت بەکاری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەو دانانی کتێب، دامەزراوەکە هەڵساوە بە دەرکردنی کتێبی ((أعلام النبوة))ی باوکی حاتەمی ڕازی، ئەم کتێبە بەرپەرچدانەوەی ئەبو بەکری رازی خوانەناسە، گرنگی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کتێبە دەقەکانی ئەبو بەکری ڕازی لەخۆگرتووە، چونکە ئەم دەقانە بەهۆی لەناوبردن و ڕیشەکێش کردن _ بەپێی گوزارشتی ئەوان _ ونبوون. بڕوانە: ڕۆژنامەی ئیلاف ئەلیکترۆنی لە بەرواری ٦ مایۆی ٢٠٠٤ز، دواتر ئەم دامەزراوەیە گۆڕا بۆ ناونیشانێکی تر ئەویش بریتی بوو لە ((ڕابەڵی ژیرمەندانی عەرەب)) تا ئێستاش بەردەوامە، هەندێك لە چاپدراوی هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی عەرەبی، بارەگاکەی لە پاریسە.

**_ ئاسانکاری و هاندان و گشتاندنی زانیاری سەبارەت بە مێژوو و ڕۆشنبیری نا ئیسلامی و ژیاری پێش ئیسلام لە ئامرازو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیڕەوی دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان.**

**_ یارمەتیدان لە گەشەپێدانی ڕێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕۆشنبیری مەدەنی و کردنەوەی بوار لەبەردەم هاوڵاتیە ئاساییەکان بۆ ئەوەی خۆیان فێری ڕێ و شوێنی سیاسی بکەن و گوزارشت لە ڕاکانیان بکەن.**

**دەکرێ ستراتیژیەتەکە بەدەق لە ڕاپۆرتەکە بگوازینەوە تا چوارچێوەی گشتیمان بۆ ڕوون ببێتەوە کە هەوڵی بۆ دەدات، بینارد دەڵێت: ((ئەم نزیکردنەوەیە هەوڵدەدات بۆ بایەخدان و بەهێزکردنی ئیسلامی مەدەنی دیموکراسی، هەروەك چۆن نوێسازی و گەشەپێدان و فەراهەمکردنی گونجانی پێویست ڕەچاودەکات بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان و نزمکردنەوەی ئاستی مەترسی کاریگەرییە نەرێنیە نەویستراوەکان. لەخوارەوەدا وەسفی ستراتیژیەتی پێشنیازکراو خراوەتەڕوو:**

**_ پاڵپشتی کردنی نوێخوازان بە پلەیەك، لە میانەی بەهێزکردنی دیدو تێڕوانینیان بۆ ئیسلام لەسەر حسابی بۆچوونی لاساییکەرەوەکان، ئەمەش لە ڕێگەی بەهێزکردنی دوانگەیەکی بنکە فراوان بۆیان تا لێیەوە گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن و بڵاوی بکەنەوە. هەروەك دەبێ نوێخوازان نەك لاساییکەرەوان بەهێز دەربکەون لەبەرامبەر جەماوەر بەوپێیەی بریتین لە وێنەی هاوچەرخی ئیسلام.**

**_ پاڵپشتی کردنی عەلمانیەکان بەپێی بارودۆخەکان.**

**_ هاندانی دامەزراوەو بەرنامە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکانی عەلمانیەکان.**

**_ تەواو پاڵپشتی کردنی لاساییکەرەوان تا بەهێز بمێننەوە لەبەردەم بنەماگەراکان (لەو بارەدا ئەگەر لاساییکەرەوان ئەوانە بوون کە خۆمان هەڵمانبژارد بوون)[1]، خۆدوورگرتن لە دامەزراندنی هاوپەیمانی تۆکمە لە نێوانیاندا، بەڵام لە ناو کۆمەڵەی لاساییکەرەواندا ئەوا پێویستە هەوڵی هاندانی هەڵبژاردنی هەر کەسێ بدرێ کە پێدەچێ زیاتر دەگونجێ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ. بۆ نموونە، هەندێك هێڵی سەرەکی شەریعەتی ئیسلامی زیاتر ملکەچ بێ لە بۆچوونەکانماندا دەربارەی دادگەری لە هەندێك هێڵی سەرەکی دیکە.**

**_ لە کۆتاییدا: بەرەنگاربوونەوەی بنەماگەراکان بەشێوەیەکی توند بەوەی لە خاڵی لاوازیان بدرێ لە هەڵوێستە ئیسلامی و هزرییەکانیاندا، دەرخستنی ئەوەی کە دەبێتە مایەی ڕەتکردنەوەی لاوە نموونەگەراکان (المثاليين الشباب)، لاساییکەرەوان زۆربەی ڕێژەیان پێك ناهێنن، ئەمەش لە میانەی دیارخستنی گەندەڵی و توندی و نەزانی و هەڵە دیارەکانیان لە جێبەجێکردنی ئیسلامدا، هەروەها دەستەوەسانیان لە ئاست جڵەوگیری سەرکردایەتی و وەرگرتنی تەختی حوکمڕانی.**

---

**[1] ڕاپۆرتەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی لاساییکەرەوان و بەتایبەت چاکخوازان دەکرێ ببنە بژاردەیەکی ستراتیژی بۆ ئەمریکا، بەتایبەت ئەو لاساییکەرەوە چاکخوازانەی بۆچوونیان نزیکە لە بۆچوونی نوێخوازان، چونکە ئامانجەکە دەپێکێ کە بریتییە لە بەها و هزرە ئەمریکییەکان و ڕێگە بۆ پرۆژە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا خۆش دەکات.**

**لەوانەیە هەڵسان بە هەندێك چالاكی زیاتر پێویست بێت بە مەبەستی پالپشتی كردنی نزیكبوونەوەی هەمەلایەن وەك:**

- **هاریكاری كردن لەسەر شكاندنی قۆرغكاری بنەماگەرا و لاساییكەرەوان لە ناساندنی ئیسلام و ڕاڤە و لێكدانەوە بۆ كردنی.**
- **دیاریكردنی ناوی عەلمانیە نوێخوازە گونجاوەكان بۆ بەڕێوەبردنی پێگەی ئەلیكترۆنی، هەڵیشبستێ بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە هەڵسوكەوتی ڕۆژانە و خستنەڕووی بۆچوونی شەرعی ئیسلامی نوێخواز.**
- **هاندانی زانا عەلمانیە نوێخوازەكان لەسەر نووسینی كتێبی پەیڕەوی و دانانی بەرنامەی خوێندن.**
- **بڵاوكردنەوەی كتێبی ناسێنەر بە نرخی كەم، تا بە ئەندازەی توێژینەوەی كتێبی بنەماگەراكان بوونیان هەبێت.**
- **بەكارهێنانی ئامرازو دەزگاكانی ڕاگەیاندنی هەرێمی جەماوەری وەك ڕادیۆ بۆ بڵاوكردنەوەی هزری موسڵمانە نوێخوازەكان و چالاكیەكانیان بە مەبەستی فراوانكردنی ئاسۆی نێودەوڵەتی بۆ واتای ئیسلام))[1].**

## ب_ چەند نموونەیەكی كرداری بانگخوازانی (ئیسلامی لیبڕالی):

**كتێبەكانی خۆرئاواگەراكان _ بەهەموو ڕەوتەكانیانەوە _ فرە جۆرن دەبارەی پرسە ئیسلامییەكان، گەڕانەوە بۆ كتێبی زانایانی پێشوو، بەلگە هێنانەوە بە دەقە شەرعییەكان بە ئامانجی گەشەپێدانی ئیسلام و ئەنجامدانی**

---

[1] إسلام حضاري ديمقراطي ٥٩ _ ٦٠.

**خوێندنەوەیەکی تازە بۆی، خوێندنەوەیەك کە تەنها بەناو ئیسلام هەڵبگرێ و لە ناوەڕۆك ڕاستینە و حەقیقەتەکەی ڕەتبکاتەوە.**

**ڕوویان کردە دەقی شەرعی و مەبەستەکەیان ڕەتکردەوە، پەیڕەوێکی تازەیان دانا لە ڕاڤە و لێکدانەوەی ئیسلام، بەمەش حەقیقەتی خواپەرستی و پێغەمبەرایەتی و جیهانی نەبینراو و حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلامیان ڕەتکردەوە. لە ڕاڤەی قورئاندا پشتیان بەست بە ڕێبازێکی ماددی کە "هێرمۆنتیکا"یە، لە میانەی ئەم ڕێبازە نکۆڵیان لە ئایین کرد، مرۆڤیان بە سەرچاوەی ئایین دانا، ئەمەش بەوەی ئادەمیزادیان دانایە شوێنی خوا، خوێنەریان دانایە پێگەی سروش، سروشی دەقی ئاینیان بەو ئاڕاستەیە دانا کە خوێندنەوە خودیەکەی خوێنەر بەدەستیەوە دەیدا[١]، نموونە لەسەر ئەمە ئەوەی حەسەن حەنەفی نووسیویەتی: ((خوا وشەیەکە گوزارشتی لێدەکەین لە هاواری ئازارو دەنگی خۆشی و دەروو کرانەوە)) واتە: زیاتر دەربڕینێکی ئەدەبییە لەوەی وەسف بێ بۆ واقیعێك، گوزارشتێکی داڕشتنە زیاتر لەوەی باسکردنی وەسفێك بێ... گوزارشت لە واتایەکی دیاریکراو ناکات، هاوارێکە زیاتر لەوەی واتایەك بێت و لە ڕووی زمانەوانیەوە دەربڕدرێت یان لە عەقڵدا ئەندێشە بکرێ، بریتییە لە کاردانەوەی بارێکی دەروونی یان گوزارشت کردنە لە هەست پێکردن زیاتر لەوەی گوزارشت کردن بێ بە لەدەستدان، ئەمە لە هەستی جەماوەردا خوایە، هەروەها هەرچی دانراوەو ناتوانرێ لە ڕاستیدا مرۆڤ دەستی پێ بگات ئەوا لە ئەندێشەی جەماوەردا خوایە))[٢]، هەروەها دەڵێت: ((حەوت سیفەتەکانی خوا لە ڕاستیدا**

**(١)** بڕوانە: مقالات الغلو الديني واللاديني ٧٨.
**(٢)** من العقيدة إلى الثورة ٢/ ٦٣٩.

**سیفەتی مرۆیین، جا مرۆڤ زانا و تواناداروو زیندوو بیسەرو بینەرو ویستەرو قسەکەرە... ئەم سیفەتانە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لە مرۆڤدا هەن، بەشێوەی خوازراو _ مجاز _ دراونەتە پاڵ خوا))[1].**

**لەگەڵ ئەم خوانەناسی و بێ باوەڕی و نکۆڵی کردنە لە بوونی خوای گەورە کە پێچەوانەی بنچینەی ئیسلامە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی حەسەن حەنەفی هەر دەیبەستێتەوە بە ئیسلام، ناوبراو بەڵگە دێنێتەوە بە کتێبەکانی ئیبن عەرەبی و ئیبن سەبعین و حەلاج و جگەلەوانیش لە خوانەناسان کە بڕوایان بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) هەیە، هەروەها کتێبی فەیلەسوفەکانیش وەك ئیبن سینا بە بەڵگە دێنێتەوە، ئەمەش بە خوێندنەوەی ئیسلام دادەنێ بەشێوەیەکی جیاواز لە خوێندنەوەی سەلەفییەتی نا عەقڵانی بۆ ئیسلام[2]. بەمەش بناغەیەکی ئیسلامی دادەنێت بۆ بێ باوەڕی شیوعی[3]. بەم ڕێگەیەش گەنگەشەی پرسی پێغەمبەرایەتی دەکات لەگەڵ ئەبو زەید و پێغەمبەرایەتی بە شتێکی تەواو مرۆیی دادەنێت، بەوەی ناکرێ تێپەڕ بکات لەوەی پەیوەندییەك بێت لە نێوان هزرو واقیع، تەنانەت بریتییە لە پلەیەکی بەهێز لە پلەکانی خەیاڵ کە دروستبووە لە ((کارامەیی خەیاڵی مرۆڤ))[4]. بناغەی ئەم هزرە بێ باوەڕە ئەوەیە کە لێکدانەوەی دەق هیچ ڕاستییەکی بابەتی و پێوەرێکی بۆ نییە بۆ جیاکردنەوەی حەق و نا حەق، چونکە دەق ئاوێنەی بێدەنگەکەیەتی ((دەق بێ دەنگە، دانرەکەی مردووە، لێکدەرەوەی دەق وا لە دەقەکە دەکات بێتە دووان))، لە**

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢/ ٦٠٢ _ ٦٠٤.

(٢) بڕوانە: التراث والتجديد، الكتاب كله، ودراسات الإسلامية. الكتاب كله.

(٣) لەبارەی بابەتی کتێبەکە بڕوانە: التفسير الماركسي للإسلام، محمد عمارة.

(٤) بڕوانە: مفهوم النص، دراسة في علوم القرآن ٣٨، ٦٥.

**دەرەنجامدا لەگەڵ فرە جۆری خوێندنەوە دەکرێ هەر خوێندنەوەیەك گوماناوی بێ و شیاوی بەڕاست دانان یان بە درۆخستنەوە بێ، ناکرێ بەڵگەی لەسەر بەرپا بکرێ[1].**

**دەکرێ نموونەیەك بۆ ئەم لێکدانەوە نامۆیانە بێنینەوە، جا حەسەن حەنەفی لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەوە دەفەرموویت: ﴿ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ٢١ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ٢٢ ﴾ البروج. ((ئەمە وێنەیەکی هونەرییە، مەبەست لێی نووسینەوەی زانستە، زانستی نووسراو وردبینی زیاترە لەو زانستەی ئەزبەرکراوە لە یاد "ذاكرة" یان لە هۆشدا وێنەی بۆ کێشراوە))[2].**

**بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە بە خواکردنی مرۆڤ و عەقڵ و بە مرۆڤکردنی سروش و ئیسلام و جیهانی نەبینراو بریتین لە ڕاڤەی نوێ و گەشەپێدانی هاوچەرخ بە ئیسلام. (مێژوویی بوونی دەق) گوزارشتە لەم هزرە خوانەناسییە، کە پێیان وایە دەق مرۆییە و بارودۆخی مێژوویی هەیە، پێویستە لێکدانەوەو واتای نوێی بۆ دابتاشرێ کە گونجاوبێ لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی چەرخ، ئەم کردارەش بە ((نوێ کردنەوەی گوتاری ئایینی))[3] دادەنێن. قوتابیەکەی حەسەن حەنەفی کە ناوی نەسرِ حامدی باوکی زەیدە پێی وایە ڕێبازی مامۆستاکەی بریتییە لە ترسان لە وتنی ڕاستی، زەید پێی وایە ئەم لێکدانەوەیە دەربارەی سروش بەوەی بارودۆخێکی مێژوویی سروشتی و ئەزموونێکی مرۆیی و**

---

**(١) بڕوانە: مجلة قضايا إسلامية معاصرة _ عدد ١٩ لا ٩٠ _ ١٠٠.**
**(٢) من العقيدة إلى الثورة ٤/ ١٣٥.**
**(٣) بڕوانە: دراسات إسلامية ١٢٨، ٣٠٠ و لاپەڕەکانی دیکەش.**

چالاکییەکی هۆشمەندێتی بووەو هیچ پەیوەندییەکی نەبووە بە جیهانی نەبینراوەوە، ئەمە کەم و کورتی دروستکردنە لە بناغەی هزری ئاینی زاڵ، بەپێی ڕای ئەبو زەید ئەمە لێکدانەوە نییە بەڵکو ڕەنگ کردنە؛ چونکە لە دوای وتن و پەسەندکردنی بۆچوونی: ((مێژوویی بوونی دەق)) هیچ بەرهەمێك نامێنێ لە بەردەوام بوونی سروش بە هەموو بیروباوەڕەکانیەوە لەبارەی یەکتاناسی و زیندووبوونەوەو سزاو پاداشت[1].

ئەم بوێرییەی ئەبو زەید ڕایگەیاند وای لێنەکرد بە ڕاشکاوانە لە ڕووکاردا پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامدا بپچڕێنێت، بەڵکو ناوبراو بەردەوام بوون لە نووسین دەربارەی دەقی ئاینی و ئامرازەکانی لێکدانەوەی[2].

ئەمە جەخت دەکاتەوە کە ئەم خوانەناسانە ئامانجیان پوچەڵکردنەوەو دارماندنی ئیسلامە لە ناوەوە، وەك چۆن خوانەناسەکان پێشتر ئەم هەوڵەیاندا لە شاراوەگەرا (باتینیەکان) و ئەوانەی باوەڕیان بە تێکەڵبوونی خواو مرۆڤ هەیە، لەگەڵ فەیلەسوفەکان.

یەکێك لە نموونەی کرداریەکانی ئەم بیرۆکە بریتییە لە ((جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت))، ((لادانی شەریعەتە و جێبەجێکردنی یاسا دەستکردەکانە))، هەر بۆیە ئەوە سەریهەڵدا کە بە ((ئیسلامی عەلمانی)) ناودەبرێ[3].

---

(1) بڕوانە: نقد خطاب الديني ١٧٢، ١٧٤ _ ١٧.

(2) لە کتێبەکانی لەم بوارەدا: مفهوم النص: دراسة في علوم القرآن.

(3) بڕوانە چەندین دەق لەم بوارەدا لە کتێبی: العصرانيون ٢٧٤ _ ٢٨٤.

**حەسەن حەنەفی دەڵێت: ((عەلمانیەت سەریهەڵدا بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ، تا ئازاد بێ لە هەڵسوکەوت و دەربڕین و تێگەیشتن و پەیی پێبردن و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە خۆبەسەردا سەپاندنێك، هەروەها تا سەربەست بێت لە ڕەتکردنەوەی هەر دەسەڵاتێکی بەرز جگەلە دەسەڵاتی عەقڵ و ویژدان نەبێ!! کەواتە عەلمانیەت بناغەی سروش "وحی"یە، سروش لە ناوەڕۆکەکەیدا عەلمانیە، کە پۆشاکی ئاینیشی بەسەردا هاتووە شتێکی کاتییە و دەستکردی مێژووە))[1]. جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و دانانی ئایین بە لایەنێکی کەسی و دانانی دەوڵەت بە کارێکی مەدەنی و بەوەی دەبێ لەسەر عەقڵ و بەرژەوەندی بنیاتبنرێ، ئەمانە لەو خاڵانەن کە نووسەرانی قوتابخانەی سەردەمگەرایی هاوچەرخ[2] لەسەری کۆکن، هەر لە ڕۆژانی عەلی عەبدوڕەزاقەوە لە کتێبەکەیدا (ئیسلام و بنچینەکانی حوکم) تا سەردەمی هاوچەرخمان لەسەری کۆکن[3].**

**گومان لەوەدا نییە سەردەمگەرایی ئامرازێکی گەیەنەر بووە بە عەلمانییەت لە ڕابردوودا، بەڵام ئێستا سەردەمگەرا و عەلمانیەکان ڕێککەوتن لەسەر لێکدانەوەی بیروباوەڕو حوکم و ڕەوشت و بەهاکانی ئیسلام تا بگونجێت لەگەڵ نوێسازی خۆرئاوایی، ئەمە ئەوەیە کە بە ئیسلامی لیبڕالی ناسراوە.**

---

**(١) التراث والتجديد ٦٩.**

**(٢) سەردەمگەرایی (العصرانية: modernism): بزوتنەوەیەکی نوێسازی بەرفراوانە، لە ناو ئاینە گەورەکان دەستی بە چاڵاکی کرد، لە ناو ئاینی جولەکە و نەصرانی و ئیسلامدا، ئەمە زاراوەیەکی تایبەتە، مەبەست لێی تێڕوانینێکی ئاینیە کە دامەزراوە لەسەر باوەڕ بوون بەوەی پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری هاوچەرخ پێویست دەکەن کە دووبارە لێکدانەوە بکرێ بۆ ڕێنماییە ئاینیە نەریتییەکان لە ژێر ڕۆشنایی چەمکە فەلسەفی و زانستییە باوەکان. بڕوانە: المورد ٥٨٦.**

**(٣) بڕوانە: العصرانيون معتزلة اليوم (يوسف كمال)، والعصرانيون بين مزاعم التجديد وميادين التغريب (محمد حامد الناصر)؛ ومفهوم تجديد الدين (بسطامي محمد سعيد).**

بابەتی هەڵوێست لەهەمبەر کەسی بەرامبەرو دان پێدانانی یەکێکە لەو پرس و بابەتانەی کە تیایدا بانگخوازانی ئیسلامی لیبڕالی تێکدەگیرێن لەگەڵ بنەماکانی ئایین و ڕاستی ئیسلام و دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء والبراء).

ئاینە ئاسمانیەکان لە ڕووی ڕاستی و پەسەندییەوە _ لەلای ئەوان _ یەکسانن، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە بەرامبەر لە بنچینەی ئایندا کافر نەکرێ، عەبدولعەزیز کامل دەڵێت: ((ئێمەش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا باوەڕمان بە یەکتاناسی هەیە بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان. زۆر بە ڕوونی دەڵێم: یەکتاناسی لە ئیسلام و مەسیحییەت و جولەکایەتیدا وەك یەکە، تەنانەت باوەڕبوون بە بیروباوەڕی سێکوچکەیی لە هزری مەسیحیدا بە تاقانەیی خوا کۆتایی دێت، ئەمە یەکتاناسییە و تەنها وێنەکان جیاوازن، تەنانەت لە میسری کۆنیشدا لەگەڵ فرە خواوەندی ڕووکەشدا ئەوا خواوەندەکان خواوەندێکی مەزنیان هەبوو بەناوی ئۆزیر))[1]. بیرۆکەی داننان بە بەرامبەرو باوەڕبوون بە ڕاست و دروستی ئیمانەکەی و بەلایەنی کەم سورنەبوون لەسەر پوچەڵی بیروباوەڕی بەرامبەر دامەزراوە لەسەر بناغەی فرەیی و جۆراوجۆری و ڕاجیایی.

فرەیی و جۆراوجۆری ڕاستی لای ئەوان ئەوەندە فراوان دەبێ تا ئاستی بە ڕاستدانانی ئاینەکانی تری جگەلە ئاینی ئیسلام یان بەلایەنی کەمەوە سورنەبوون و پێداگیری نەکردن لەسەر ئەوەی بیروباوەڕیان پوچەڵە، چونکە ئەم پێداگیرییە هزرێکی دڵنیابوو و خۆبەبەرزگرە و داننانێ بە بەرامبەر.

---

[1]) بڕوانە: الإسلام والعصر ١٩٤. بڕوانە چەندین دەقی تر لە: العصريون معتزلة اليوم ٣٠ _ ٤٠.

**ئەم پێداگیری و بڕاندنەوە بریتییە لە ڕێگەی بنچینەیی و توونه لە هەموو ئاینەکاندا و بە ئاینی ئیسلامیشەوە وەك چۆن بانگخوازانی ئیسلامی لیبڕالی پێیان وایە، چونکە کرانەوەی ژیری سەردەکێشێ بۆ فرەجۆری، داننان بە ڕاجیایی، گریمانەی ڕاست بوونی ڕاو بیروباوەڕی بەرامبەر[١] و پرسی هەڵوێست لەهەمبەر کەسانی بەرامبەر و کافر نەکردنیان یان بێ بەش نەکردنیان یەکێکن لەو پرس و بابەتانەی نووسەرو بیرمەندانی قوتابخانەی (ئیسلامی لیبڕالی) لەسەری کۆکن.**

**دکتۆر عەبدولَّا ئیبڕاهیم[٢] ئەم بۆچوونی لەبارەی هەڵوێست لەهەمبەر بەرامبەرو باوەڕبوون بە فرەیی و بە عەلمانیکردنی ئایین بەیەکەوە کۆ دەکاتەوەو دەڵێت: ((من ڕوون و ڕاشکاو دەبم، فرەیی ئاینی بە عەلمانی کردن دەخوازێ، بە عەلمانیکردنی ئایین، ملکەچکردنی دیاردەی ئاینی بۆ توێژینەوەی مێژوویی و ڕەخنەیی داوا دەکات، ئەمەش تەنها بە جیاکردنەوەی دەقی ئاینی بناغە و ڕاڤە پاشکۆکان دەبێ. ئەم ڕاڤانە دەبێ ڕەخنەی ڕیشەییان لێ بگیرێ، بەوەی تا چەند دەگونجێ لەگەڵ ئەو سەردەمەی تیایدا سەریهەڵداوە، ئەم ڕاڤەیە پەیوەستە بە سەردەم و خەڵکەکەیەوە، پەیوەست نییە بە ئێمەوە، مەبەستم لە لێکدانەوەو ڕاڤەکانە. هەر کاتێ سەرکەوتین بە ڕەخنەگرتن لەو ڕاڤانەی کە بریتین لە**

---

**(١)** بڕوانە: گۆڤاری پرسە ئیسلامییە هاوچەرخەکان (هەر دوو ژمارەی ٣١ _ ٣٢) (وەرزی زستان، ڕەبیعی یەکەمی ٢٠٠٦)، بابەتی (ژیان بە یەکسانی لە سایەی فرەجۆری و ڕاجیاییدا: چەند نزیك کردنەوەیەك لە فرەیی ئاینی و ڕۆشنبیری).

**(٢)** مامۆستای زانکۆیە، بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە لە زانکۆی بەغداد، کاری کردووە لە هەندێك زانکۆی عێراقی و لیبی و قەتەری، ئێستا پسپۆرە لە ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیری و هونەرو کەلەپور لە قەتەر، کۆمەڵێك کتێبی هەیە لەبارەی ڕەخنەگرتن لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان. بڕوانە: گۆڤاری پرسە ئیسلامییە هاوچەرخەکان (هەر دوو ژمارەی: ٣١ _ ٣٢) ٢٠٠٦.

**بۆچوون و چەمك و وتە و شتی ڕۆشنبیری تایبەت بە ڕاڤەكار یان خاوەنی مەزهەب لە سەردەمی خۆیدا، پێم وایە ئایین ئازاد دەكەین لەو كۆسپانەی دەبنە ڕێگر لەوەی ئاینمان پێ بگات، كاتێك سەركەوتوو دەبین لە: ئەركی بە عەلمانیكردنی ئایین، ئەوا زەمینە خۆش دەبێت بۆ فرەیی ئاینی و ڕۆشنبیری، ئەو كاتە ئایین دەبێتە ئەزموونێكی كەسی، نەوەك ئەزموونێكی لاهوتی كە لەسەر هەمووان پێویست بكات ملكەچ و گوێڕایەڵ بن))[1].**

**قوتابخانەی ئیسلام خاوەن فرە جۆرییەكی سەرسوڕهێنە لە كەس و ئامانج و مەبەست و پەیوەستبوونیا و ئاستی بۆچوونەكانیان لە ڕووی زیادەڕۆچوونەوە، پێكهاتووە لە دارِشتەیەكی فرە جۆر كە لێكدانەوەی ئیسلام لەخۆدەگرێ بۆ گونجان لەگەڵ سەردەم و ئەمەش بنچینەی هاوبەشی پێكهاتەكانیەتی.**

**_ لوتكەی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە كۆمەڵێك خوانەناس و بێ باوەڕ كە بیروباوەڕیان دژە لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەی ئیسلام و بنچینە سەرەكییەكانی[2]، كەسی واشیان تێدایە لە ڕووی هزرو بیروباوەڕەوە تێكەڵ و پێكەڵن، هەشیانە لە نووسەرو شەرعزان و بانگخوازە تێكشكاوەكانی ئیسلامە.**

**_ جۆراوجۆری هزرەكانیان: هەیانە بۆچوونی كۆكە لەگەڵ فەیلەسوف و ئەوانەی باوەڕیان بە ئاوێتە بوونی خواو مرۆڤ هەیە، هەشیانە هاوڕایە لەگەڵ شاراوەگەراكان (باتینیەكان) و خوانەناسەكان لە ڕەتكردنەوەی ڕاستی خوایەتی و**

---

**(١) بڕوانە: گۆڤاری پرسە ئیسلامییە هاوچەرخەكان _ كۆڕبەندی ساڵانە لە حەجی ساڵی ٢٠٠٥ز.**
**(٢) وەك: محەممەد ئەركون، حەسەن حەنەفی، نەسر حامد ئەبو زەید، خەلیل عەبدولكەریم، عەفیف ئەخزەر، سەید قومنی، نەوال سەعداوی، ئەحمەد بەغدادی، محەممەد سەید عەشماوی، تاریق ڕەمەزان و جگەلەوانیش.**

پێغەمبەرایەتی و سروش و جیهانی نەبینراو، تەنانەت حوکم کردن بە شەریعەت ڕەتدەکەنەوە، هەیانە ئایین و دەوڵەت لە یەکتر جیا دەکاتەوە، پێی وایە یاسای دانراوی شارستانی پێویستە، سوو (ڕیبا) بۆ ئابووری سەردەم پێویستە، باڵاپۆشی ئافرەت ڕەت دەکاتەوەو پێی وایە بەکەمزانینی ئافرەتە، هەیانە پێی وایە دەبێ تەنها بەڵگە بە قورئان بهێنرێتەوە، سوننەت و یەکدەنگی زانایان ڕەتدەکاتەوە، داوا دەکات زانستی بنەماکانی فیقھ و جگەلەویش لە زانستە پێوەرییەکان نوێ بکرێنەوە، هەندێك بۆچوونیان هەیە دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء والبراء) و کافرکردنی هاوبەشدانەران ڕەتدەکەنەوە، نکۆڵی لە تێکۆشان (جیهاد) دەکەن، باوەڕیان بە دیموکراسییەت و فرەیی و ئازادییەکان هەیە تا ئاستی ڕاشکاوانە بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی و هزرە ڕیزپەڕەکانی دیکەش.

_ پەیوەستبوونیان جیاوازە: هەیانە بەکرێ گیراوی خاچهەڵگری جیهانییە، پارمەتی ماددی لە دوژمنەوە وەردەگرن، هاریکاری ئاڵوگۆڕ دەکەن، هزرو شێوازەکانی کاری دوژمن دەگوازنەوەو بەرگری لە سیاسەتی ئەوان دەکەن، هەیانە بە شارستانیەتی دوژمن سەرسامە، هەشیانە لە ڕووی هزرییەوە تێکشکاوەو لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانە و گەواهییەکانی دوژمنایەتی دوژمن ئەوا ئامادە نییە داژیەتی بکات، چونکە ئەگەر وایکرد هیچ قەرەبووێکی ماددی وەرناگرێ، ئەمە سەریهەڵداوە لە تێکشکانی هزری و دەروونی لەگەڵ کەم و کورتی لە زانستی شەرعی و تێکەڵ و پێکەڵی لە پێکهاتە ڕۆشنبیرییەکەیدا، هەشیانە دژی پرۆژەی ئەمریکی دەوەستێت و چەند بۆچوونێکیشی هەیە نزیکی دەکاتەوە لە پرۆژە ئەمریکییەکە، بەڵام لە باشبوون و هۆشیاربوونەوەیەکی بەردەوامدایە، ڕاستی بۆ

دەردەکەوێت، ئەمەش مایەی گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕاستی ئەگەر گفتوگۆی زانستی سوودبەخشی لەگەڵ ئەنجامدرا.

_ ئاستی بۆچوونەکانیان جیاوازە: هەیانە بۆچوونەکانی دژە لەگەڵ بنەماکانی ئایین لە بیروباوەڕو حوکمەکان و ڕەوشت و کاروبارە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەمە ئەو کەسەیە کە ئاماژەی پێکراوە لە ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڕاندی ئەمریکی وەك ئەوەی نکۆڵی دەکات لە خوایەتی و پێغەمبەرایەتی و جیهانی نەبینراو و باوەڕی بە ((مێژوویی بوونی دەق)) هەیە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە شەریعەت حوکمڕان بێت، باڵاپۆشی پێ نامۆیە، سووکاری پێ ڕەوایە. هەیانە بۆچوونەکانی دژن لەگەڵ بنەماکانی ئایین بە پلەیەکی کەمتر لە زیادەڕۆچوون وەك: ئەوەی هاوبەشدانەران کافر ناکات، دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء والبراء) ڕەت دەکاتەوە، پێی وا یاسا دەستکردەکان و سوو و جگەوانەیش پێویستن، هەشیانە پێی وایە حوکم کردن بە دیموکراسییەت و جگەلەویش دروستە و ڕەتدەکاتەوە ڕق لێبوونەوەی بێ باوەڕان پێویست بێت[1].

---

[1]) هەندێك کە بەشێوەیەکی فراوان چەمکی سەردەمگەرایی تا ئاستێکی مەزن بەکاردێنن، وایلێهاتووە هەندێك بەکاری دێنن بۆ زانایان و بانگخوازان و شەرعزانان، ئەوانەی بۆچوون و کۆششی لاوەکییان هەیە و پێیان وایە پێویستە نوێسازیان تێدا بکرێ بەشێوەیەك لەگەڵ پێویستیەکانی ڕۆژگار بگونجێت، لەوانەیە لە هەندێکیاندا خلیسکانی قبوڵ نەکراو هەبێ و ناچێتە ناو بازنەی کۆششکردنی ڕەوا، پێم وایە پێویستە خۆپارێزی بکرێ لەکاتی بەکارهێنانی حوکمەکان و بڕیاردان لەسەر کەس و دامەزراوەکان و شتە جیاوازەکان لە یەك دەفردا کۆنەکرێنەوە، چونکە خوای گەورە فەرمانی بەدادگەری کردووە: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ ﴿١٥٢﴾﴾ واتە: (کاتێك شتێکتان وت دادگەربن). بەکارهێنانی حوکم و وەسفەکان بێ بەڵگە یان گەواهی نادادگەریە و سەرپێچی فەرمانی خوایە.
بۆ هیچ کەسێك دروست نییە کەسی خوانەناس و بیدعەچی و ئارەزووپەرستەکان یەکسان بکات بە زانا کۆششکارەکان کە لە هەندێك بۆچوونیاندا هەڵەیان کردووە، ئەگەرچی هەندێك جار خاڵی وێکچوو

## چوارەم: ڕەوتە لیبڕالییەکان:

لیبڕالییەت هاتە ناو وڵاتانی ئیسلامی لە میانەی داگیرکردنی ڕاستەوخۆ و دووبارە ڕێکخستن و دارشتنەوەی وڵاتە داگیرکراوەکان لەسەر بنچینەکانی لیبڕالییەت کە گونجاوبوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی داگیرکەر، خۆرئاواگەراکان کاریگەرییەکی مەزنیان هەبوو لە فراوان کردنی بازنەی لیبڕالییەت و داواکردنی ئەم هزرە.

هیچ پێویستییەکی خودی بۆ هزری لیبڕالی نەبوو لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەو کەم و کورتیانەی لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا هەبوو لە بواری ئازادییەکاندا ئەوا دەکرا چارەسەر بکرێ لە ڕێگەی پابەندبوون بە ئیسلام بەشێوەیەك ڕاستەقینە، ئەم پێوە پابەندبوونە دەستەبەری ئازادی و دادگەری دەکات، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بانگەشەکردن بۆ لیبڕالییەت سەرچاوەیەکی دەرەکی بیانی

---

هەبێ لە ناو وتەی زانایەك لەگەڵ قسەی بیدعەچییەك، مادەم زاناکە لە بنچینەکانی و وتە پوختەکانی کۆك بێ لەگەڵ سوننەت و پابەند بێت پێیەوە، پێویستە پشت بە پەیڕەوی زانستی ورد ببەسترێ لە وەسفکردنی و وتە و دەرەنجامەکان و حوکمی لەسەر بدرێ بەپێی پەیڕەوی شەرعی بێ زیادەڕەوی و کەمرەوی، جیاوازیش بزانرێ لە نێوان ئەو شتەی دژە لەگەڵ بنەماکانی ئایین و ڕێسا گشتییەکانی لەگەڵ کۆششکردن و هەڵهێنجان کە دەکرێ هەڵە یان ڕاست بێ.

پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت لە تێکرای کەسانی تر میهرەبانیان زیاترە بەسەر مرۆڤایەتیدا، خەڵکێکی بەویژدان و دادگەرو تەواو پابەندن بە قورئان و سوننەتەوە بە کردارو گوفتار، هەر لەبەر ئەمە تاقم و دەستە و پێڕەکان لە ڕاجیاییەکانیاندا پەنا بۆ ناوبژیوانی پەیڕەوانی و سوننە و جەماعەت دەبەن، ئەوانیش ئەو شتە دەکەنە بڕیاردەر لە نێوان خۆیاندا کە خوا فەرمانی پێکردووە نەك هەواو هەوەس و ئارەزوو یان حیزب و تاقمگەرایی بەرتەسك.

**هەیە و لە ناوەوەش کۆمەڵێك پشتیوانی لێکرد کە سەرسامن بە خۆرئاواو تێکشکاون لە بەرامبەر شارستانیەتە ماددیەکەی.**

**سەرەتای بانگەشەکردن بۆ لیبڕالییەت پشتی بەست بە بانگەوازی کردن بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئازادییەکان و شوێنکەوتنی خۆرئاوا لە بواری گەشەسەندنی تازە بۆ گەیشتن بە ئاستی شارستانیەتە ماددییەکەی.**

**ئەم سەرەتایە لەسەر دەستی دوو ڕەوت دەستی پێکرد، کە بریتین لە:**

**_ ڕەوتێکی سەردەمگەرایی: بانگەشەکەی بۆ ئازادی و ئیسلام بەیەکەوە دەبەستێتەوە، سەرسامیشە لەگەڵ شارستانیەتی خۆرئاوا، لەگەڵ هەوڵدان بۆ گرێدانی هەندێك دەستکەوتی دیاریکراو بە ئیسلامەوە وەك: ئازادی دیموکراسی، فرەیی، داننان بە بەرامبەرو جگەلەوەش.**

**تەهتاوی دەڵێت: ((ئازادی لەو ڕووەی کە مۆڵەتی ئەنجامدانی کاری ڕەوایە بێ ڕێگرێکی ڕەوا... ئەوا دەبێتە پێنج بەش: ئازادی سروشتی، ئازادی هەڵسوکەوت، ئازادی ئاینی، ئازادی سیاسی... ئازادی سروشتی بریتییە لەوەی کە لەگەڵ مرۆڤ دروستکراوە، مرۆڤ لەسەری پێکهاتووەو سروشتی پێگرتووەو مرۆڤ توانای وەلانانی نەبێ مەگەر بە ستەمکاری نەبێ... تاد))[1].**

**خەیرەددین تونسی دەڵێت: ((ئازادی و ورەی مرۆڤایەتی دوو حەزن لە ناخی موسڵماندا کە وەرگیراون لە هونەرەکانی خۆپاککردنەوە لە شەریعەتدا))[2].**

---

**(١) المرشد الأمين _ الأعمال الكاملة للطهطاوي ٣/ ٣٧٣ _ ٣٧٤.**
**(٢) أقوم المسالك ١٥٨.**

**کەواکبیش دەڵێت: ((بەڕاستی ئازادی بریتییە لە درەختی نەمر، کە بە دڵۆپەکانی خوێن ئاو دراوە))[1].**

**وا دەردەکەوێت کە قسەکە لەبارەی ئازادی گشتی بێت، بەڵام مەبەست لێی ئازادی خۆرئاواییە کە جادووی لە ژیرییەکانی کردووەو سەرنجەکانی ڕاکێشاوە لەم سەردەمەماندا وەك چۆن پێشتر ڕوون بووەوە، ئەم ڕەوتە بنەماکانی ئیسلامی لیبڕالییان دانا کە هەڵدەستێ بە نزیککردنەوەی ئیسلام و شارستانیەتی خۆرئاوا لە یەکتری، لەوانە: (ئازادی)، ئەم ڕەوتە دەرگای بێ باوەڕی کردەوە، ئەو دەرگایەی گاڵتە و یاری بە ئایین دەکات بە ناوی ((مێژوویی بوونی دەق)) و ((فرە خوێندنەوەی دەقی ئاینی)) و ((ڕەخنەگرتن لە گوتاری ئاینی)) و جگەلەوانەش. لەگەڵ ئەوەی بەراییەکانی ئەم ڕەوتە و هەندێك شوێنکەوتووانی نەگەیشتووەتە ئەم بێ باوەڕییە بەڵام ئەوە هەیە کە دەرگایان کردۆتەوە، هەروەك زانایانی کەلام _ بەهەمان شێوەیە _ لە ڕابردوودا لە میانەی لێکدانەوەی (تأویل) دەرگایان بۆ شاراوەگەرا (باتینی) و خوانەناسەکان کردەوە.**

**_ ڕەوتێکی جیهانگەرایی (عەلمانی): داوای ((ئازادی)) دەکات بەپێی ڕێبازی لیبڕالی خۆرئاوا و وابەستەنەبوون بە ئاینەوە، ئەحمەد لوتفی سەید دەڵێت: ((دەروونمان بە ئازادی دروستکراون، خوای گەورە بەسروشت لەسەر ئازادی دایناوە، ئازادیمان بریتییە لە خودی خۆمان... واتای خودی خۆمان**

---

**[1]) طبائع الإستبداد _ الأعمال الكاملة للكواكبي ٥٧.**

**بریتییە لە مرۆڤ، ئازادیمان تەنها بریتییە لە بوونمان، بوونیشمان تەنها بریتییە لە ئازادی و سەربەستی))[1].**

**تاها حوسەین[2] ڕێبازی ڕابوون و گەشەسەندنی لەم وتەیەی خۆیدا دارِشتووە: ((بریتییە لەوەی بە ڕێگەی ئەوروپییەکاندا بڕۆین، شوێن پێیان هەڵگرین، تا دەبینە هاوشێوەیان، تا ببینە هاوبەشیان لە شارستانیدا: بە چاك و خراپ، شرین و تاڵ، جوان و ناشرینەکەیەوە))[3].**

**بەم وتەیەی دووپاتی دەکاتەوە: ((دەمانەوێ پەیوەندی بە ئەوروپا بکەین بەشێوەیەك کە ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیەکە زیاد ببێت، تا دەبینە بەشێك لێی، بە دەربڕین و واتا و ڕووکارو ڕاستەقینە))[4].**

**بەمە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ڕەوتە داوای ئازادی خۆرئاوایی دەکات بێ گۆڕانکاری یان پوختەکردن، نەصڕانیە عەرەبەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە جێگیرکردنی ئەم هزرە لە میانەی ڕۆژنامە و گۆڤارو دانراوەکانیاندا[5].**

---

(1) مبادئ في السياسة والأدب والإجتماع نقلا عن مفهوم الحرية ٥٠.

(2) وێژەوان و ڕەخنەگرێکی میسرییە، ساڵی ١٨٨٩ز لە دایك بووە، لە تەمەنێکی بچوکدا چاوەکانی لەدەستدا، ناوبانگی دەرکرد بە بۆچوونەکانی لە ئەدەب و ژیان و هەڵوێستە خراپەکانی لەبارەی پرسە ئیسلامییەکان، لە دیارترین شوێنەوارەکانی: (الأيام) و (في الشعر الجاهلي) و (والمعذبون في الأرض) و (من تاريخ الأدب العربي). ساڵی ١٩٧٣ز مردووە. معجم أعلام المورد ١٧٢.

(3) مستقبل الثقافة في مصر ٤٣.

(4) هەمان سەرچاوە ٤٨، دەکرێ بڕوانرێتە ئەو ڕەخنەیەی مامۆستا سەید قوتب لێی گرتووە؛ هەروەها کتێبی: تحت راية القرآن لمصطفى الرافعي.

(5) نەصڕانیەکانی عەرەب بەیەکەم کەس دادەنرێن کە ڕۆژنامەگەرییان داناوە لە نیشتمانی عەرەبیدا، بەتایبەت لە میسردا، لە میانەی ڕۆژنامەکاندا بۆچوونە لیبڕالییەکانیان بڵاوکردۆتەوە، لەو ڕۆژنامانە: موقتەتەف، ئەلهیلال، ئەلئەهرام، ئەلموقتەم و جگەلەوانیش.

ئەم ڕەوتە بایەخ دەدات بە بانگەشەکردن بۆ هزری لیبڕالی بەشێوەیەکی گشتی، بەشێوەیەکی زانستی قووڵ تاوتوێی لیبڕالییەتی نەکرد، ئەوەی جەخت دەکاتەوە ئەوەیە کە هەڵگشانی لیبڕالییەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا نەبووە هۆی ناساندنی ڕێبازو ڕەوتە هزرییەکانی لیبڕالییەت و ناکۆکییە بیروباوەڕییەکەی، هەر بۆیە کاریگەر نەبوو بە شەپۆڵەکانی تەسك و درێژبوونەوەی لیبڕالییەتی خۆرئاوایی.

عەبدوڵا عەرِوی دەڵێت: ((بەرهەمهێنانی قۆناغی لیبڕالی لە مێژوویی عەرەبیدا شتێکی بانگەشەییە و هەڵدەستێت بە قۆستنەوەی هەموو جۆرەکانی داب و نەریت و ڕۆژنامەگەری و دانان و نووسینی یاسایی. کە پێکهاتووە لە وەرگێڕانی سەرچاوە هەرە بەهێزەکانی لیبڕالییەتی خۆرئاوایی، پەڕاوێزو سەرەنج و ڕوونکردنەوەکانی سەر ئەم کتێبانە، هەروەها ئەو گێڕانەوەو شیعرانەی کە بە ئازادی هەڵدەدەن، ئەو توێژینەوانەش مەزهەبە کۆنەکانی ئیسلام زیندوو دەکەنەوەو لێکدانەوەی دیکەی بۆ دەکەن، هەموو ئەو جۆرانە لە دانان و نووسینانە هەمان ڕۆڵ دەگێڕن و بازاری لیبڕالییەت گەرم دەکەن لە ناو خوێنەرانی هزری لیبڕالی))[1].

عەرِوی هۆکاری بایەدانی هزری عەرەبی بە لیبڕالییەت دەگێڕێتەوە بۆ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە کە ئازادی بوونی تێدا نییە، جا دەڵێت: ((تایبەتمەندی گشتی لیبڕالییەت ئەوەیە کە پێی وایە لە ئازادیدا بنچینەی ڕاستی مرۆڤایەتی هەیە کە پاڵنەری مێژوو و چاکترین چارەسەرە بۆ هەر کەم و کورتی یان تێکشکان

[1]) مفهوم الحرية ٥١.

**یاخود خلیسکانێك. تایبەتمەندی لیبڕاڵی عەرەبیش ئەوەیە کە سەربەستی و ئازادی دەپەرستێت بە پاڵنرانێك کە هاوڕێ ئەوروپییەکەی هەستی پێ ناکات. هۆکاری ئەمەش بریتییە لە بارودۆخی کۆمەڵگاکەی کە هێشتا هیچ جۆرە وێنەیەکی ئازادی تێدا نەهاتۆتەدی))[1].**

**گومان لەوەدا نییە کە لاوازی ئازادی لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبی لە کاتی هاتنی لیبڕالییەت بۆ ناویدا شتێکە نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام بەم ئاستەش نییە، ئەمەش پاڵنەر نەبووە بۆ پەسەندکردنی لیبڕالییەت، دەکرێ ئازادی بەوشێوەیە بەرپاکرابا کە گونجاوبێ لەگەڵ ئیسلام، گەڵاڵەبووبێ لە بەها و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی کۆمەڵگەی موسڵمان، پێویستی بەوە نەدەکرد پەنا ببرێتە بەر هزرێك کە ناگونجێ لەگەڵ ئایین و بەها و شارستانیەتەکەی.**

**بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە کەسانێکی بژاردە قەناعەتیان کرد بە هزری لیبڕالی و هاریکاری هێزی داگیرکەریان کرد بۆ سەپاندنی لیبڕالییەت بەسەر ئوممەتدا، لادانی بیروباوەڕی و خۆسەپاندن و چەقبەستوویی ڕۆڵیان هەبوو لەوەی هەندێك ئەم هزرە وەربگرن و هەندێکی تریش بەشێوەیکی پێویست ڕووبەڕووی نەبنەوە.**

**ئەگەر بڕوانینە واقیعی هاوچەرخمان دەبینین بارودۆخەکە گۆڕاوە، جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی زیاتر لیبڕالییەتی ناسیوە، لەبەر ئەمە چەند ڕەوتێکی جیا جیا دامەزران، لێرەدا باسی دیارترین ئەم ڕەوتانە دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:**

---

**(1) هەمان سەرچاوە ٥١ _ ٥٢.**

## ١_ ڕەوتی لیبڕالي ئیسلامی[1]:

ئەم ڕەوتە هەوڵ دەدات بۆ گونجاندنی لیبڕالییەت و ئیسلام لەگەڵ یەكتر و ڕەتكردنەوەی تێكگیران لە نێوانیاندا، سەرەتا ئەم ڕەوتە دروست بوو لە میانەی بزوتنەوەیەكی چاكسازیدا لەسەر دەستی محەممەد عەبدە و قوتابیەكانی، دواتر دەركەوت لە میانەی (قوتابخانەی نوێسازی) كە لەوەتەی ساڵانی شەستەوە دەست بەكاربووبوو، لە دوای ڕووداوەكانی ١١ ئەیلول وایلێهات ئەم هزرە زیاتر لە پێشتر دەركەوت، دەوڵەتە خۆرئاواییەكان گرنگیان بەمەدا بە مەبەستی سوود لێوەرگرتن بۆ بە بازاركردنی پرۆژەكانیان لە جیهانی ئیسلامیدا.

دیدو تێڕوانینی ئەم ڕەوتە یەك شت نییە، بەڵام چوارچێوە گشتییەكەی بریتییە لە گونجاندنی ئیسلام لەگەڵ نوێسازی خۆرئاوایی، چاكسازی ئایینی بەشێوەیەك كە بگونجێ لەگەڵ نوێسازی، هەر بۆیە بۆچوونیان جیاواز بوو بەپێی ئاستی شارەزاییان سەبارەت نوێسازی خۆرئاوایی و گەشە بەردەوامەكەی.

عەبدوڕەحمان ئەلحاج دەڵێت: ((هۆشیاری سەبارەت بە مێژوو لێرەدا خۆی نابینێتەوە لە هەستكردن بە گۆڕانكاری شۆڕشگێڕی كە لە جیهاندا ئەنجامدران، هەموو جۆرو شێوەكانی گوتاری ئیسلامی "چاكسازی" و "نوێخوازی" بێ دوودڵی باوەڕی بەم گۆڕاكارییە هەیە، بەڵام لێكدانەوەو ڕاڤە و شرۆڤەكردنی ئەم گۆڕانكارییە بووەتە خاڵی ڕاجیایی لە هەموو قۆناغێكدا، ئەمە پەیوەندیش هەیە

[1] لەبارەی ئەم بابەتە بڕوانە: دعوى الإسلام الليبرالي ٤١١.

بە ئەندازەی شارەزابوونی سەبارەت بە نوێسازی و گەشە زۆر خێراکەی، جا (گوتاری گەشەخوازی) هێڵی پێشکەوتنی خۆرئاوایی لە کەرتە ڕێکخستنی و ماددییەکەیدا (تەهتاوی و تونسی) پێیان وابوو کە گەشەپێدانی گوتاری ئیسلامی پێویست نییە، جا مەسەلەی (چاکسازی ئاینی) دوور نەخستەوەو بەس، بەڵکو پێی وابوو کە پێویستیش ناکا بیری لێ بکرێتەوە، خێرا چاکسازخوازان "محەممەد عەبدە و قوتابییەکانی" پەییان بەوەبرد لە میانەی قوناغی داگیرکاریدا مەسەلەکە دوورترە لەوەی تەنها بریتی بێت لە گواستنەوەی شارستانیەتی خۆرئاوا، درزو بۆشاییەکەی نێوان ئێمە خۆرئاوا زۆر فراوانە، ئەم بۆشاییەش تەنها بریتی نییە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و کارگێڕی ڕێکخستنی، ئەمە بەهەمان شێوە مەسەلەی گەشەیە لە زانست و زانیاری مرۆڤایەتیدا، نەك تەنها لە زانستە ماددییەکاندا، بەڵام ڕاڤەکردنی پێشکەوتنی خۆرئاوایی بەو وەسفەی پێشکەوتنە لە ململانێکردن لەگەڵ کلێسا، چاکسازخوازان و گوتاری ئیسلامی خستە بەردەم بژاردەی دووبارە بەرهەمهێنانی گەشەسەندن لەسەر ئاوازو شێوە ژەنینی خۆرئاوا، ئا بەم شێوەیە سەرکردەکانی چاکسازیخوازان "محەممەد عەبدە و قوتابیەکانی" بڕیاریاندا بەوەی دەبێ ڕۆڵێکی لۆسەری بگێڕن، بەڵکو ڕاشکاوانە دەریانبڕی کە چاکسازی ئاینی تەواو هاووێنەی چاکسازی پرۆستانتیە، ئا لێرەوە وا دەردەکەوێت کات لە هۆشیاری چاکسازیدا دەبێتە کاتی خۆرئاواو شارستانیەتەکەی نەك کات و سەردەمی تایبەتمان...))[1].

---

() التجديد الإسلامي وخطاب ما بعد الهوية _ إسلام أون لاين _ الإسلام وقضايا العصر _ ٢٣/ ٢/ ٢٠٠٤ز.

**بەشی قوتابخانەی نوێخوازی کەمتر نەبوو لە بەستینەوەی گوتارەکەی بە گۆڕانکاری نوێسازی خۆرئاوایی، جا لەسەر هێڵی قوتابخانەی محەممەد عەبدە ڕۆیشت لەگەڵ زیادەڕۆچوونی لە لێکدانەوە (تأويل)کردنی دەقی ئاینی، هەروەها دانانی ئامرازی تازە لە لێکدانەوەی دەق و لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی[١].**

**بەمە لەلای گوتاری نوێخوازی[٢] بووە شتێکی ئاسایی کە بەهاکانی لیبڕالییەت و ڕۆشنبیری دیموکراسی بە شتی پێویست و گونجاو دابنێ لەگەڵ ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلام، تەنها کەسێك نکۆڵی لەمە دەکات کە توندڕەو و پەڕگیر بێت.**

**یەکێکی دیکە لەمانە تەماشاکردنی بەرامبەر بێ تەکفیر کردن یان بێ بەشکردنی چ جای لەگەڵ جەنگان و تێکۆشان لە دژی، دانانی دیموکراسییەت و ئەوەی دەیخوازێت لە یاسا شارستانیەکان بەوەی گونجاوە لەگەڵ هزری سیاسی ئیسلامی.**

**ئەوانە دەڕواننە پێکهاتەی جیهانی و زاڵبوونی بێ باوەڕان و سیستەمەکانی نوێسازی خۆرئاوایی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەوەی تێکناگیرێ لەگەڵ**

---

**(١) پەیمانگەی جیهانی بۆ هزری ئیسلامی بە یارمەتی لەگەڵ کۆڕبەندی هزری بۆ داهێنان کۆنگرەیەکی بەست لە ١١ _ ١٢ی فێبرایەری ٢٠٠٥ز، لە شاری بەیروت دەربارەی ((گەشەسەندنە هاوچەرخەکان لە توێژینەوەی قورئانی پیرۆزدا)) بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە تیۆرە خۆرئاواییە نوێیەکان لە زانستەکانی زمان و خوێندنەوەی دەق و زمانەوانیەکان و پەیڕەوی بەراوردکاری لە ڕاڤە و زانستەکانی قورئاندا.**

**(٢) بگەڕێوە بۆ بەرهەمی ئەم گوتارە لە هەندێك لە چاپدراوی پەیمانگەی جیهانی بۆ هزری ئیسلامی، هەروەها پێگەی کۆڕبەندی هزری بۆ داهێنان، و گۆڤاری کۆشش و ڕۆژنامەی نوێسازی؛ گۆڤاری موسڵمانی هاوچەرخ و هەندێك بۆچوونی دیکە لە پێگەی ئیسلام ئۆن لاین و جگەلەویشدا.**

ئیسلام، پێویستە موسڵمانان هەوڵ نەدەن بۆ نکۆڵی لێکردنی بە پاساوی پێویستی کارکردن بە شەریعەت، ئیسلام بریتییە لە پەیوەندییەکی ڕۆحی نەك سیستەمێکی سیاسی هەمەلایەن کە حوکم بەسەر ژیانی خەڵکدا بکات بەشێوەیەکی تەواو، کاروباری یاسادانانی شارستانی یان کارگێڕی بۆ خەڵك بەجێهێڵراوە و ئەوان دەزانن چیان لەگەڵ گونجاوە[1].

## ٢_ ڕەوتی لیبڕالی نەتەوەیی:

ئەم ڕەوتە لە کاتێکی زووەوە سەریهەڵدا[2]، نەصرانیە عەرەبەکان لە پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتە بوون، نەتەوایەتی بە لیبڕالیانە سەریهەڵدا تا پەنجاکان و دواتر قۆناغی نوێ دەستیان پێکرد، سەرەتا لە ڕێگەی کودەتای سەربازی بوو لە نیشتمانی عەرەبی، ئەم ماوەیە و دواتریشی شەپۆلێکی چەپگەرای بەهێزی بەخۆوەدەبینی، هەڵسا بە بنیاتنانی چەندین حکومەتی سەربازی خاوەن تێڕوانینی ئیشتراکی بە پاساوی سەربەخۆبوون و جیاواز بوون لە ئیمپریالیەتی خۆرئاوایی، بەمەش زۆرێك لە ئامرازەکانی وەبەرهێنان خۆماڵیکران، لەم قۆناغەدا حکومەتە سەربازییەکان بە تەواوی پەیوەندیان پچڕاند لەگەڵ لیبڕالییەت[3].

لە بواری سیاسیدا پشتی بەست بە هزری تاك حیزبی لەگەڵ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و قەدەغەکردنی حیزبەکان و بە نیشتمانی کردنی

---

(١) سەرچاوەکانی پێشوو و کتێبی: العصرانیون ١٧٥ _ ٣٤١.

(٢) لەبارەی سەرهەڵدانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و بە ڕەوتی لیبڕالی نیشتمانی و نەتەوەییەوە بڕوانە: الإتجاهات الوطنية في الأدب المعاصر ١/ ٦٧ _ ٢٤١، ٢/ ٩٩ _ ١٨٩، ورسالة القومية العربية، صالح العبود.

(٣) بڕوانە: الإتجاهات الوطنية ١/ ٩٠، ٢/ ٩٩ و لاپەڕەکانی دیکەش.

**ڕۆژنامەگەری، لە بواری ئابووریشدا هەڵسا بە فراوان کردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕێکخستنی ئابووریدا، خۆماڵی کردنی هەندێك ئامرازی وەبەرهێنان، بەڵام ئەم ئەزموونە شکستی هێنا، بای گۆڕانکاری و گەڕانەوە بەرەو دیموکراسییەت دەستیان پێکرد، بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەمە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە بوو[١].**

**ئەگەر لایەنی جێبەجێ کردنی کرداری لە ڕژێمە حوکمڕانەکان و سیاسەتی ئابووری فەرامۆش بکەین، چونکە دووچاری گۆڕانکاری دووبارەبووەوە دەبێ[٢] ئەوا تا ئاستێك لایەنی هزری ڕێکخراو بوو.**

**ئەم ڕەوتە تایبەتمەندە بەوەی لیبڕالییەتی پەسەند کردووە لە لایەنی سیاسیدا لە میانەی بانگەشەکردنی بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسییەت، هەروەها ڕەتکردنەوەی لیبڕالییەت لە بواری ئابووری کە خۆی دەبینێتەوە لە ئابووری بازاری ئازاد و سیستەمی سەرمایەداری، لەوانەشە نزیکترین ئاڕاستە لە ئەوروپا کە بە هزری ئەم ڕەوتە دەچێت ئەوەیە کە بە ((دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی)) یان ((دیموکراسییەتی ئیشتراکی)) لاناودەبرێ.**

---

**(١)** بڕوانە: الندوة المصرية _ الفرنسية السادسة (الليبرالية الجديدة) ٢٥٩ _ ٢٦٠.

**(٢)** شێوەی سیاسی بۆ وڵاتانی عەرەبی پێکهێنرا لە ڕێگەی هێزی داگیرکەر (سایکس بیکۆ)، ئەمە هاوپەیمانییەکە تایبەتە بە داگیرکەرەوە، ڕایەڵێکی نەتەوەیی بۆ ئەم وڵاتانە دامەزرا کە (کۆمکاری وڵاتانی عەرەب)ە، دوای ڕۆیشتنە دەرەوەی هێزی داگیرکەر بەستراوەی ئەم دەوڵەتانە بە وڵاتە پیشەسازییەکانەوە مایەوە لە جۆرێکی نوێی داگیرکردندا (بەسترانەوەی ناوەند بە پەراوێزەوە)، قەیرانی ئەم دەوڵەتانە زیاد بوو دوای ئەوەی ئەمریکا عێراقی داگیرکرد، پلەی داگیرکاری نوێ دەرکەوت، بەمەش بارودۆخی سیاسی عەرەبی گوزارشتی نەك لەم ڕەوتە، چونکە بەشێوەیەکی سوودگەرایی تایبەت دەڕوات بەڕێوە دوور لە بنەماکان و پابەندی هزری، ئەگەرچی جەخت بکاتەوە لەسەر گەندەڵی هزرەکە و نەبوونی ئاسۆیەکی کرداری بۆی.

ئەم ڕەوتە ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبوو لە ڕوونکردنەوەی مەترسی لیبڕالییەتی ئابووری و ڕۆڵی تێکشکێنەرەکەی بۆ ئابووری نیشتمانی، هەروەها زیانی پەسەندکردنی بەرنامە گونجاندنی لیبڕالی بەسەر ئوممەتی عەرەبیدا[1]، ئەمە بەڵگەیە لەسەر گیانی نیشتمانی ڕاستگۆیانە و دوور لە بە بازارکردنی پرۆژەکانی داگیرکەر، کە دەیەوێت زاڵ بێ بەسەر ئوممەت و سەروەت و نرخ و ڕۆشنبیری و شارستانیەتەکەیدا.

توێژەر بە سەرسامییەوە دەوەستێت لەبەردەم بەرهەمە زانیارییەکانی ئەم ڕەوتە پێشکەشی کرد لە ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری لیبڕالی، هەروەها ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی گێڕای لە دۆزینەوەو ئاشکراکردنی گاڵتە و گەپ و فێڵەکانی سەرمایەداری لیبڕالی.

بەڵام _ بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە _ گۆشەنیگای ئەم ڕەخنانە لە گۆشەنیگایەکی عەلمانیەوەیە، ئەم ڕەوتەش ڕاستی تەنها لە میانەی هزرو دەرەنجامەکانی خۆرئاوا بەدیدەکات، کاتێك ڕەخنەی گرت لە دڕندایەتی و دەستدرێژی لیبڕالییەت و هەڵسانی ئەم هزرە بە داڕماندنی ئایندەی گەشەپێدانی سەربەخۆ، ئەوا بەدوای ڕاستیدا نەگەڕا لە شەریعەتی ئیسلامی دەوڵەمەندا، بەڵکو ڕووی کردە ئیشتراکییەتی خۆرئاوا لە میانەی پەسەندکردنی لایەکی تر لە هزرەکانی لیبڕالییەت (دیموکراسییەتی ئیشتراکییەت)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم ڕەوتە پێی وایە ڕاستی تەنها لە ناو هزری خۆرئاوادایە، هەروەها ئەم

---

(1) بڕوانە: الدراسة الموسعة في مجلة الأهرام الإقتصادي ما بين سبتمبر ١٩٨٢ ومارس ١٩٨٣ وة المصرية _ الفرنسية السادسة (الليبرالية الجديدة) ٢٥٩ _ ٢٦٠.

ڕەوتە نەبووە ئاماژەکار بەو نەزانی و نەشارەزاییەی هەیە سەبارەت بە حەقیقەتی ئیسلام و بەرنامەی خوایی.

ئەم ڕەوتە هەوڵ دەدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندنی نێوان دیموکراسییەت و لیبڕالییەتی تازە، هەروەها ڕزگارکردنی چەمکی دیموکراسی لە کۆت و بەندی هزری لیبڕالی، چونکە دیموکراسییەت بەهاکانی داد و یەکسانی لەخۆی دەگرێت، لە کاتێکدا لیبڕالییەت جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی تاکەکەسی[1].

ئەم شێوەیە لە پەیوەندی نێوان ئازادی و یەکسانی لە هزری خۆرئاوادا بوونی هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە لیبڕالییەت دابەشبووە بۆ: ئاڕاستەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی کە لایەنی یەکسانی بەسەردا زاڵە، داوای دەستوەردانی دەوڵەت دەکات لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی)، هەروەها ئاڕاستەیەکی سەرمایەداری کە دەستێوەردانی دەوڵەت ڕەتدەکاتەوەو دژی ئەوەیە دەوڵەت هەڵبستێت بە کاری چاودێری کۆمەڵایەتی، تەنانەت سەرمایەداری پێی

---

(١) بڕوانە: لماذا يخلط المثقفون العرب بين الليبرالية والديمقراطية؟ _ برهان غليون _ مقال في صحيفة النهار اللبنانية، بەدرێژیی بیست و پێنج زنجیرە لە ژێر ناونیشانی ((تەنگوچەڵەمەی سیستەمی سەرمایەداری))ی دکتۆر ڕەمزی زەکی، ئەم زنجیرانە بریتین لە جوانترین ئەو شتانەی نووسراون لەبارەی سەرمایەداری و ڕۆڵەکەی لە زاڵبوون بەسەر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت، نووسەر چەند توێژینەوەیەکی پێشەنگی هەیە لەبارەی ئابووری سەرمایەداری و شوێنەوارەکانی لەسەر نیشتمانی عەرەبی، لەوانە: أزمة الديون الخارجية، رؤية من العالم الثالث، والأزمة الإقتصادية الراهنة، هەروەها توێژینەوەی بەسوودی دیکەش. هەروەها سەیری نووسینەکانی دکتۆر سەمین ئەمین بکە لەوانە: التطور اللامتكافئ، والطبقة والأمة في التاريخ وفي المرحلة الإمبرالية. هەروەها بڕوانە: العولمة الإقتصادية (هيمنة الشمال والتداعيات على الجنوب) الدكتور محمود المسافر (مطبوعات بيت الحكمة) و جگەلەوانەش.

وایە کە یەکسانی واتە: یەکسانی لە ئازادی تاکەکەسیدا لە ڕووی فەراهەم بوونی کارکردنەوە، ئەگەر هەندێك خەڵك دەوڵەمەند بوون و ئەوانی دیکەش هەژار بوون مانای وانییە دەستێوەردان بکرێ لە ئازادییەکاندا بۆ سەپاندنی یەکسانی، چونکە ئەو کاتە ئازادییەکان دادەڕمێن، لە بازنەی یەکسانی دەردەچێت بۆ بازنەی کۆیلایەتی.

هیچ هزرێکی نوێ نییە لەلایەن ئەم ڕەوتە جگەلە ڕاکێشانی ئەو هزرانەی لەلای خۆرئاواییەکان هەیە، لەوانەیە ئەم ڕەوتە کرێگرتەیی دوورترن لە نیشتمانی بوون نزیکترن لە (لیبڕالییە نوێیەکان) بەلایەنی کەم لەسەر ئاستی تیۆری، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە سەرچاوەی هزری لای ئەوان یەك شتە کە عەلمانیەتە[1].

## ٣_ ڕەوتی لیبڕالییە نوێیەکان:

سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە لەم زووانە بوو، ئەم ڕەوتە دروست بوو لە دوای داڕووخانی شوعییەت و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆفییەت، ئامادەیی ئەم ڕەوتە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك زیاتر بوو، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ز.

(١) لەبارەی ئەم ڕەوتە بڕوانە: موقع التجديد العربي، وإنتاج مركز دراسات الوحدة العربية وبرنامج ((مشروع دراسات الديمقراطية)).

**ئەم ڕەوتە پشت دەبەستێت بە کەلەپوری هزری لیبڕالی عەرەبی هەر لەوەتەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت هزری حیزبی ئوممەت[1].**

**هزرەکانیان لەمەدا کورت دەبێتەوە: ((ئازادی ڕەهای هزری، سەربەستی ڕەهای دینداری، ئازادی ئافرەت و یەکسان بوونی لە ئەرك و مافدا لەگەڵ پیاودا، فرەیی سیاسی، داواکردنی چاکسازی ئاینی و خوێندن و سیاسی، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، ملکەچکردنی شتی پیرۆزو کەلەپور بۆ ڕەخنە، هەروەها جێبەجێکردنی داخوازییەکانی دیموکراسییەت))[2].**

**هەروەك پشت بەدەستێت بە هزری نوێ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن وەك: ((دژایەتی کردنی کۆمەڵگە دیکتاتۆرییە سەربازی و هۆزگەرایی و حیزبی خۆسەپێن، بانگەوازی کردن بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، زیندووکردنەوەی بانگەشەکردن بۆ چاکسازی ئاینی سەر لە نوێ، جەختکردنەوە لەسەر عەلمانیەت و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت))[3].**

---

(1) لەم ماوەیەدا حیزبی ئوممەت دەرکەوت، کە حیزبێکی لیبڕالی و هاریکاری داگیرکەر بوو، بە لیبڕالییە نوێیەکانی ئەمڕۆ دەچێت، هەروەها حیزبی وەتەنیش دەرکەوت، ئەم حیزبە دژی داگیرکەر وەستا، لە کۆنەوە ڕاجیایی کەوتە نێوان دوو حیزبی ناوبراو، لەبارەی دوو حزبەکە بڕوانە: الإتجاهات الوطنية ١/ ٩٤ و ١/ ١٧٥ و لاپەڕەکانی دواتری.

(2) بڕوانە: الليبراليون الجدد: جدل فكري _ شاكر النابلسي ٢١ و لاپەڕەکانی دواتر.

(3) الليبراليون الجدد: جدل فكري ٢٠. و بڕوانە: الفكر العربي في القرن العشرين ١٩٥٠ _ ٢٠٠٠م _ شاكر النابلسي _.

**ئەم ڕەوتە لیبڕالییە لە ڕەوتە لیبڕالییەکانی تر جیابووەتەوە بە چەند شتێك لەوانە[١]:**

**یەکەم: ((وەستان لە ڕیزی پرۆژەی ئەمریکی لە ناوچەکەدا، پشتگیری و هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی خواستەکانی پرۆژەی ناوبراو وەك: گۆڕینی پەیڕەوەکانی خوێندن، بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ گۆڕینی ڕژێمە عەرەبییەکان، سەپاندنی دیموکراسییەت لە ڕێگەی داگیرکردنی ڕاستەوخۆ ئەو وڵاتانە، هەر بۆیە زۆر دڵخۆش بوون بەوەی ئەمریکا عێراقی داگیرکرد، هەندێکیان ڕاشکاوانە دەریبڕی کە چێژ وەردەگرێت بە بیستنی دەنگی بۆمبەکان و هاژە و هۆڕەی تەقینەوەکان لە شاری بەغداد، وەك ئەوەی مۆسقای بێتهۆڤن بێ))[٢].**

**شاکر نابلسی دەڵێت: ((پێویست بە سەغڵەت بوون ناکات لە یارمەتی وەرگرتن لە هێزە دەرەکییەکان بۆ داپۆڵسین و سڕینەوەی دیکتاتۆریەتی سەرکەش و ڕیشەکێش کردنی برینی خۆسەپاندنی زۆردارانە و جێبەجێکردنی دیموکراسییەتی خۆرئاوایی، ئەمە لەو کاتەی بژاردەی ناوخۆیی و حیزبە کارتۆنەکان توانای ئەوەیان نەبوو دیکتاتۆرییەت ڕاماڵن و دیموکراسییەت جێبەجێ بکەن))[٣].**

---

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٢١ _ ٢٥.

(٢) بڕوانە: جەزیرە نێت، ئاڕاستەی جیاواز: لیبڕالییە عەرەبە تازەکان، پارێزگارە نوێیەکان. لەم بەرنامەیەدا نابلسی ڕەتی کردەوە جولەکایەتی شەرمەزار بکات، لە هەمان کاتدا ناوی لە تێکۆشەران نا تاقمی مەرگ و بانگوازانی ترس و تۆقاندن.

(٣) الليبراليون الجدد: جدل فكري ٢٤.

**هیچ شەرم و سەغڵەت بوونێك لە هێنانی چاکسازیدا نییە لەسەر پشتی دەبابەیەکی بەریتانی یان چەکێکی ئەمریکی.**

**دووەم: جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ڕەخنەگرتنی خۆرئاوایی لەسەر دەقەکانی سروش، ملکەچ کردنی شتی پیرۆز بۆ ژیربێژی عەقڵی، ئەمە لایی ئەوان بریتییە لە بنچینەی زانستی لە ناسین و ڕەوایی حەق.**

**سێیەم: ڕەتکردنەوەی دژایەتی کردنی ناموسڵمانان، لێکدانەوەی ئەو هەڵوێستە دوژمنایەتیەی کە موسڵمانان هەیانە لە دژی ناموسڵمانان بەوەی بەرهەمی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، ئێستا چیتر ئەم گیانی دوژمنکارییە نەماوە، هەر بۆیە ناکرێ ئەم هەڵوێستە دژایەتیانە کە لە دەقە پیرۆزەکاندا هەن وەربگیرێن، هێرشی نا موسڵمانان بکرێ و خوێنیان برێژرێ، چونکە بەرژەوەندییەکان لە گۆڕاندان، هەڵوێستەکانیش جێگیر و چەقبەستوو نین، بۆیە دەبێ ئەم بیروباوەڕانەش بگۆڕدرێن.**

**چوارەم: ((ڕوانینە حوکمە شەرعییەکان، بەو چاوەی کە بۆ کات و شوێنی خۆیان دانراون، نەك ئەو حوکمانە پەردەکانی مێژوو ببڕین و پەیوەست نەبن بە قۆناغێکەوە وەك چۆن پیاوانی ئاینی وا بانگەشەی بۆ دەکەن، نموونەی هەرە مەزنی ئەمە بالاپۆشی و میراتی ئافرەت... تاد))[1].**

**پێنجەم: ڕەتکردنەوەی خۆبەستنەوە بە ئیسلام، چونکە ئیسلام ڕابردووە، ئەوەی ئێستاش هەیە گوزارشتە لە بیرۆکەی زانایانی ئایین _ بەپێی گوزارشتی**

**(1) الليبراليون الجدد: جدل فكري ٢٢١.**

**ئەم ڕەوتە _ نەك ئاینی پێغەمبەر، بیرۆکەی زانایانی ئایینی کۆسپە لەبەردەم هزری ئازاد و لەدایکبوونی هزری زانستی.**

**شەشەم: نەتەوەیی بوون، ڕق بوونەوە لە عەرەب و تۆمەتبارکردنیان بە هەموو کەم و کورتییەك و باسکردنی کرچ و کاڵیان، ڕوانینە بانگەشەی سەربەخۆیی وەك بانگەوازێکی بێ سەروبەر کە هیچ پەیوەندی بە ژیرمەندییەوە نییە[1].**

**بەدواداچوونم کردووە بۆ بۆچوونەکانی ئەم ڕەوتە[2] بینیم ئەم ڕەوتە بەکرێگیراوی دەوڵەتە داگیرکراوەکانە، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی داگیرکەردا دەرناچێت، هێزی بەرگیرکاری فەلەستینی و عێراقی ترس و تۆقانیان لایە، ناکرێ ناکۆکی عەرەبی و صەهیۆنی چارەسەر بکرێ تەنها لە ڕێگەی دانوستان نەبێ بەپێی ڕێ و شوێنی ئەمریکی و پێویستی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکان لەگەڵ ئیسرائیل، چوونە ناو جیهانگیری و ئابووری بازاری ئازاد لە دەرەگا هەرە فراوانەکانیەوە، بۆچوونەکانی دیکەی جگەلەوەش، هیچ پرس و بابەتێکی سیاسی نییە کە ئەم ڕەوتە تیایدا هاوبۆچوون**

---

**(١) لەبارەی گوتاری لیبڕالییە نوێیەکان بڕوانە: کتاب اللیبرالیون الجدد: جدل فکري ١٩ _ ٢٨، ئەم کتێبە گوزارشتە لە کۆمەڵێك وتار کە پێشتر بڵاوکرابووەوە لە ڕۆژنامەی ئیلاف ئەلیکترۆنی شاکر نابلسی و سەییار جەمیل و کەمال غبریال و هاشم ساڵح و خالد شوکات و هانی نسیرە و ئەحمەد بەغدادی.**

**(٢) بەرهەمی ئەم ڕەوتە بەردەستە لە: ڕۆژنامەی ئیلاف ئەلیکترۆنی و پێگەی گفتوگۆی شارستانی و پێگەی ئەوانی سەر بە ڕایەڵی ژیرمەندە عەرەبەکان، هەروەها ڕۆژنامەی شەرقلئەوسەت، ڕۆژنامەی ڕووداوەکانی مەغریبی و ڕۆژنامەی سیاسەتی کوەیتی و ڕۆژنامەی یەکێتی ئیماراتی، هەروەها لە کتێبەکانی: شاکر نابلسی و عەفیف ئەخزەرو ئیحسان تەربلسی و مەئمون فەندی، فوئاد عەجەمی و کەنعان مەکی و جگەلەویش.**

نەبێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنانەت لەسەر ئاستی ڕاجیایی ئەمریکا لەگەڵ چین و هیندیش یاخود بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت و هەڵوێست لە بەرامبەر شافێز (ی سەرۆکی ڤەنزوێلی).

ئەمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم ڕەوتە گوزارشتە لە زەخیرەیەکی ڕاگەیاندنکاری کە ئەمریکییەکان بەکاری دەهێنن بۆ بە بازارکردنی هزرو سیاسەتەکانیان، هەروەها ئەم ڕەوتە کەرتێکی هزری و پشتیوانێکی ڕۆشنبیرییە بۆ پرۆژەکانی داگیرکەر لە ناوچەی ئیسلامیدا.

لە دیارترین دەستکەوتەکانیان (ڕاگەیەندراوی نێونەتەوەییە) کە نووسیان[1] و پێشکەشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیان کرد، تیایدا سەرنجی ئەم ڕێکخراوەیان ڕاکێشا بۆ سەرچاوەیەکی گرنگی تیرۆر کە (ئەو فەتوایانەن هانی تیرۆر) دەدەن، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە فەتوای ئەوانەی داوای ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر دەکەن، یاسای نێودەوڵەتیش ئەمە لەخۆی دەگرێت. ناوی هەندێك لەو زانا و بانگخوازانەشیان[2] تێدا هێناوە کە پێیان وایە بانگەشە دەکەن بۆ ترساندن و تۆقاندن، بەهۆی ئەوەی داندەنێن بە مافی گەل لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر، دواتر وتویانە: ((بەلەبەرچاوگرتنی سەختی یان ئەستەم بوونی دادگایی کردنی شەڕعزانانی تیرۆر لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا، کە فەتواکانیان لە ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆن و لاپەڕەکانی ئینتەر نێت زۆر بە ئاسانی بڵاو دەکرێنەوە، وەك ئەوەی ئەرکێکی ئاینی بێ و بکەرەکەی پاداشت

---

(١) ئەوانە نووسیویانە: دکتۆر شاکر نابلسی، دکتۆر جەواد هاشم، عەفیف ئەخزەر. بڕوانە دەقی بڵاوکراوەی نێو نەتەوەیی لە ڕۆژنامەی: ئیلاف.

(٢) لەوانە: شێخ یوسف قەرزاوی، شێخ سەفەر حەوالی، شێخ عەلی خوزەیر، دکتۆر ڕاشد غەنووشی.

وەربگرێ و ئەوەی فەرامۆشیشی دەکات تاوانبار ببێ، جا لەبەر ئەوەی ئەو فەتوا ئاینیانەی پیاوە ئاینیە چەقبەستووەکان دەریدەکەن یارمەتی کاری تیرۆرستی دەدەن بە پاڵنەری دەمارگیری و توندڕەوی ئاینی، هەروەها لەبەر گرنگی پەلەکردن لە دژایەتی کردنی کاری توانکاری کە تیرۆرستان ئەنجامی دەدەن، ئەوا ئێمە واژوو لەسەر ئەم پەیامە دەکەین و داواش لە ئەنجومەنی ئاسایش و تاقمی کار دەکەین بەپێی برگەی نۆ لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ١٥٦٦ سەبارەت بە پێویستی پەلەکردن لە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە دادگایی کردنی تاك و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تیرۆرست، تەنانەت ئەو کەسانەش بە دەرکردنی فەتوا بە ناوی ئاینەوە هانی کاری تیرۆرستی دەدەن))[1].

---

[1] البيان الأممي _ جريدة إيلاف _.

# بەشی پێنجەم

# هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر لیبڕالییەت

**دوو دەروازەیە:**

**دەروازەی یەکەم: هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئازادییەکان.**

**دەروازەی دووەم: حوکمی شەرعی سەبارەت بە لیبڕالییەت.**

# ســـەرەتا

**پێشتر حەقیقەتی لیبڕالییەتم ڕوون کردەوەو ئاماژەم بەوەدا کە بریتییە لە ڕێبازێکی ماددی و پشت دەبەستێ بە ئازادی تاکەکەسی، لە ژێری مرۆییەوە هەنگاو دەنێت بێ ڕەچاوکردنی پەیڕەوی خوایی، هەروەك ئەوەشم ڕوونکردەوە کە لیبڕالییەت لەسەر بیرکردنەوەی ئازاد دامەزراوە، کەواتە دیدێکی کراوەو فرە تێڕوانینە، خاوەنی وەڵامێکی دیاریکراو نییە بۆ بابەتە مەزنەکانی بیروباوەڕ، کەواتە شتێکی دڵنیاکەرەوەو سەلمێنراو نییە بەپێی تێڕوانینی لیبڕالییەت.**

**هەروەك پێشتر ئەوەشم ڕوون کردەوە کە لیبڕالییەت بۆچوونی وایە کە عەقڵی مرۆیی بە تەنها بەسە بۆ دەرکردنی یاساکان، دەبێ ئەم یاسایانەش ئازادییە مەدەنییەکانی تاك بپارێزن، دیارترینیان ((خاوەنداریێتی تاکەکەسی))، هەر بۆیە لیبڕالییەت پاڵپشتی سەرمایەداری کرد لە میانەی ئازادی بازرگانی و کردنەوەی بازارەکان بێ دەستێوەردانی دەوڵەت.**

**لە میانەی خستنەڕووی هزرەکانی ڕابردوو و ئاماژەم کرد بە مەترسیەکەی و شوێنەوارە ڕووخێنەرەکانی، باسی ئەوەشم کرد کە ئەمانە بریتین لە هزرانێك کە ئیسلام دانی پێدانانێ، ئەمانە بەشێوەیەکی سروشتی هاوپێچی هەر ڕێبازێك دەبن کە لابدات لە بەرنامەی خواو پشت هەڵکات لە ڕێگەی ڕاست، خوای پایەبەرز دەفەرموویێت:** ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ١٢٤ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرۡتَنِيٓ أَعۡمَىٰ وَقَدۡ كُنتُ بَصِيرٗا ١٢٥ ﴾ طه. **واتە: (ئەو**

**کەسەش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی دوایی بە کوێری زیندوو دەکرێتەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ. "جا" دەڵێت: پەروەردگارا بۆ بەکوێری زیندووت کردمەوەو لێپێچینەوەت لەگەڵ کردم خۆ من کاتی خۆی ساغ و بینابووم).**

**هەر بەرنامەیەك بۆ ژیان دژ بێت لەگەڵ شەرعی خواو پشتببەستێ بە بەرنامەیەك دوور لە بەرنامەی خوا، ئەوا تێکگیران و دژیەکی و شڵەژانی تێدەکەوێت، ئەمەش بەڵگەی خراپی و گەندەڵییەکەیەتی، خوای مەزن دەفەرموویت: بۆیە خوای گەورە دەفەرموویت:** ﴿ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ٨٢ ﴾ النساء. **واتە: (خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوە بوایە، جگەلە خوا، بێگومان جیاوازی و دژایەتیەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە).**

**لەم بەشەدا هەڵوێستی ئیسلام لە هەمبەر لیبڕالییەت دەخەمەڕوو لە میانەی دوو پرس و مەسەلەدا:**

**یەکەم: هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئازادییەکان، لیبڕالییەت پشت دەبەستێت بە بەهایەکی گرنگی مرۆیی کە ئازادییە، بەڵام بە پەیڕەوێکی خراپ، کە شوێنەواری نەرێنی و کۆمەڵگە تێکدەری لەسەر بەرپادەبن، ئەو کەسەش بە هەڵە دادەنێ کە پێی وایە دژایەتی پەیڕەوی لادەر لە ئازادیدا پێویستی بە دژایەتی خودی ئازادییەکەیە، ئیسلام ئازادییەکان بەگەورە دەگرێت لە چوارچێوەیەکی هاوسەنگدا کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشت و گەشە بە کۆمەڵگە**

**بدات، هەر بۆیە پێویستی بەوەبوو بە تێروتەسەلی لەبارەی هەڵوێستی ئیسلام لە هەمبەر ئازادییەکان بدوێم.**

**دووەم: ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی لەبارەی لیبڕالییەت، لەم دەروازەیەدا تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی ئیسلام لەبارەی لیبڕالییەت و پەیوەندییەکەی بە بیروباوەڕو ڕەوشتی ئیسلامەوە، هەندێکیان هەوڵیاندا ئیسلام بە پەیڕەوە خواییەکەی لەگەڵ لیبڕالییەتی خاوەن ڕێبازی ماددی خوانەناس کۆبکەنەوە، لە میانەی ئەم هەڵبەستنە ((بانگەشەی ئیسلامی لیبڕالی)) دەرکەوت.**

## دەروازەی یەکەم

# هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئازادییەکان

ئازادی[١] وەسفێکی سروشتی و ڕەوشتێکی بەرزو بەڕێزو خەسڵەتێکی سەرەکییە لە مرۆڤدا، خوای مەزن مرۆڤی لەسەر ئەم سیفەتە ڕێزدارە بەدیهێناوە، تەنانەت خوای پایەبەرز ئەندازەگیری بۆ مرۆڤ کردووە کە بێ هەڵبژاردنی پێشوەختە ئازاد بێت وەك ڕێزلێنانێك و ئامادەسازییەك بۆ هەڵگرتنی ئەرکی هەرە مەزن کە بریتییە لە تەنها خواپەرستی و هاوبەش بڕیارنەدان بۆی.

مەسەلەی ڕێزگرتنی خوای مەزن شتێکی زۆر ڕۆشنە لە سروشتی خواییدا، هەروەك پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلٗا ٧٠﴾ الإسراء. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا هەڵمانگرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراوجۆر

---

(١) ئازادی لە زمانەوانیدا گوزارشت دەکات لە واتای چاك و بەرز، ئازاد لە خەڵك بریتین لە: کەسە چاك و خانەدان و پایەبەرزەکانیان، هەر بۆیە هەندێك لە خانەدانەکان بەمە ناوزەد دەکرێن، ئازاد لە ئافرەتان: ئەو ئافرەتانەن خاوەن ڕێزو دوورن لە خراپەکاری، هەر بۆیە هیند وتویەتی: ئایا ئافرەتی ئازاد داوێنپیسی دەکات!؟ ئازادی لە بەرامبەر کۆیلایەتی دەردەبڕدرێ، وشەی ئازادی لە دەقە شەرعییەکاندا نەهاتووە بەڵام واتاکەی هاتووە... بابەتی ئەم دەروازەیە ڕیشەداکوتانی ئەم واتایانەیە.

بەهرەوەرمان کردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمانداوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون). خوای گەورە باوکی مرۆڤایەتی (ئادەمی) بەدیهێنا بە دەستی توانستی خۆی و لەو گیانەی خۆی بەدیهێنەریەتی بەبەریدا کرد و فریشتەکانی بە سوژدەدابردن بۆی[1]، لەسەر جوانترین شێوە دروستی کرد، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤﴾ التين. واتە: (بەڕاستی مرۆڤمان لە جوانترین شێوەو ڕێك و پێکترین شێوازدا دروست کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە). مرۆڤی گێڕا بە شوێنگەی ئەرکدارکردن و ئاڕاستەکراوی گوتاری خۆی و جیایکردەوە لە هەموو بەدیهێنراوەکانی تر بە پەیام و پەیامبەران، خوای زانا و دانا دەفەرمووێ: ﴿إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا بَصِيرًا ٢﴾ الإنسان. واتە: (بێگومان ئێمە مرۆڤمان دروستکردووە لە تێکەڵەیەك، لە کاتێکدا دەمانەوێت تاقی بکەینەوە، هەر بۆیە دەزگای بیستن و بینینمان پێبەخشی). خوای تاك و پاك دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ٦﴾ الإنشقاق. واتە: (ئەی مرۆڤ؛ بەڕاستی خۆت زۆر ماندوو دەکەیت، زۆر ڕەنج و زەحمەت دەکێشیت، سەرەنجامیش دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ لای پەروەردگارت). خوای بێ وێنە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ٦ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ٨﴾ الإنفطار. واتە: (ئەی مرۆڤ!! چی وای لێکردوویت کە سەرکەش بیت بەرامبەر

---

(١) سەحیحی بوخاری، کتاب التفسیر، باب تفسیر سورة البقرة، باب قول الله: (وعلم ءادم الأسماء كلها)، رقم ٤٤٧٦، ٦/ ٢١ و کتاب الرقائق، باب صفة الجنة والنار، رقم ٦٥٦٥، ومسلم، کتاب الإيمان، باب أدنى أهل الجنة منزلة _ شرح النووي رقم ٤٧٤، ٣/ ٥١.

**پەروەردگاری میهرەبان و بەڕێزت؟! چی وای لێکردوویت وەك پێویست قەدری نەزانیت؟. لە کاتێکدا ئەو پەروەردگارە تۆی دروستکردووە، بەجوانترین شێواو ڕێك و پێکترین شێواز). هەروەها دەفەرموویت: ﴿ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦ ﴾ المطففين. واتە: (ئەوڕۆژەی هەموو خەڵکی بەپێوە دەوەستن لەبەردەم دەسەڵاتی پەروەردگاری جیهانیاندا). ئەم بەدیهێنراوە وەك بەدیهێنراوەکانی تر نییە، خوا گەورە پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیدانی لە ناویاندا هەڵخستووە، هەر بۆیە خوا ئەوانی خۆشدەوێت و زۆر پلە بەرزترو پایەدارتری کردوون لە بەدیهێنراوەکانی دیکە: ﴿ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ٥٤ ﴾ المائدة. واتە: (پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێن، ئەوانیش ئەویان خۆشدەوێت). مرۆڤ دروستکراوێکە، خاوەنی ڕێزو حورمەتێکی خوایی تایبەتە.**

**خوای مەزن ئەم دروستکراوەی بەدیهێناوە لەسەر ئازادی و سەربەستی لە هەڵسوکەوت و هەڵبژاردندا، لێ سەندنەوەی ئەم سیفەتە پیرۆزە داماڵینیەتی لە مرۆڤایەتی و ئەرکدارییەکەی[1]، تاهری کوڕی عاشور[2] دەڵێت: ((ئازادی...**

---

**(1)** ئەگەر هاتوو ئازادییەکەی بە تەواوی لێ بسەنرێتەوە بەوەی سەرپشك نەبێ، بەڵام سەبارەت بە کۆیلە ئەوا بە تەواوی ئازادی لێ نەسەنراوەتەوە، ئازادی کۆیلە بەستراوەتەوە بە فەرمانی گەورەکەی تەنها لە پەرستشە ڕووتەکاندا نەبێت، لە پەرستشەکاندا گوێڕایەڵی گەورەکەی نابێ، بۆ گەورەی کۆیلەکە نییە بیروباوەڕ یان بۆچوونێکی بەسەردا بچەسپێنێت یاخود بەکاری بهێنێت بەشێوەیەکی ناچاری نامرۆڤانە، هەروەك گەورەکە بە تەواوی خاوەنی کۆیلەکە نییە، ئەوا کۆیلایەتییەکەشی بۆ گەورەکەی بە تەواوی نییە، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی بوترێ: ((بەندەکەم و کەنیزەکەکەم، بەڵام مۆڵەتی داوە بوترێ: خزمەتکارەکەم)).

**(2)** محەممەد تاهر عاشور سەرۆکی موفتی مالیکییەکانە لە تونس، شێخی زانکۆی زەیتوونە و لقەکانیەتی، لە ساڵی ١٢٦٩ك _ ١٨٧٩ز لە تونس لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٢ بە شێخی ئیسلام لەسەر مەزهەبی مالیکی و بە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبی مالیکی لە دیمەشق و قاهیرە

خەسڵەتێکی سروشتییە، مرۆڤ لەسەری بەدیهاتووە، هەر بەم خەسڵەتە لە سەرەتای بوونیان لەسەر زەوی هەڵسوکەوتیان کرد تا کێشمەکێش لە نێوانیاندا دروست بوو، بەمەش بەرتەسك بوونەوە ڕوویدا))[١]. هەروەها دەڵێت: ((ئازادی ڕازێکی سروشتیە لە ناخی مرۆڤدا، بەهۆیەوە هێزی مرۆڤایەتی گەشە دەکات، لە بیرکردنەوەو گوفتارو کرداردا. ناکرێ کۆت و بەندێکی بۆ دابنرێ تەنها بە کۆت و بەندێك نەبێ کە خراپەیەك لە خاوەنەکە دووربخاتەوە یان سوودێکی بۆ بهێنێت))[٢]، بەم وتەیەی ئەمە دووپاتدەکاتەوە: ((ئازادی.. بە ڕووە جوانەکەی مافی خەڵکە؛ چونکە کاتێك خوا ژیری و ویستی بە مرۆڤدا، توانای کارکردنی پێبەخشی، حەقیقەتی ئازادی لە ناخیدا دانا و ڕایسپاردووە بە بەکارهێنانی ئەم سەربەستییە بە بڕیارە گەردوونیەکەی کە چەسپاوە لە بوونەوەردا))[٣].

ئەم خەسڵەتە سروشتییە بەستراوەتەوە بە داخوازییەکانی بەدیهێنان و دروستکردن، خوای گەورە بە هاکەزایی و بێ مەبەست مرۆڤی دروست نەکردووە، بەڵکو بۆ ئەوەی دروستی کردووە تا تەنها ئەو بپەرستن، خۆیان دابڕنن لە پەرستنی جگەلەو، ئەم خواپەرستییە تەنها بە ئازادییەك دەستەبەر دەبێت کە بەهۆیەوە بتوانرێ ئەم داناییە قەشەنگە ئەنجامبدرێ، ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە ئاماژە بەمە دەکات: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾﴾

---

دانرا، لە دیارترین دانراوەکانی: (مقاصد الشريعة الإسلامية) و (أصول النظام الإجتماعي في الإسلام) و (التحرير والتنوير) لە ڕافەی قورئاندا، ساڵی ١٣٩٣ _ ١٩٧٣ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٦/ ١٧٤.

(١) أصول النظام الإجتماعي في الإسلام ١٦٢.

(٢) هەمان سەرچاوە ١٦٢.

(٣) هەمان سەرچاوە ١٦٩.

المؤمنون. واتە: (ئایا گومانتان وادەبرد کە بەڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست دروستکردووە، ئێوە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە. بەرزی بڵندی بۆ خوا، پاشای ڕەوای حەق، هیچ خوایەك نییە جگەلەو زاتە، خاوەنی عەرشی شکۆدارو بەڕێزە). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ الذاريات. واتە: (بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن).

کۆت و بەندکردنی ئازادی پشت دەبەستێت بە سروش و نیگای خوایی، هەر بۆیە ئازادی مرۆڤ سنووردارکرا لە سەرەتای بەدیهێنانیدا ((کاتێك خوای گەورە مۆڵەتی بە ئادەم و هاوسەرەکەیدا _ کاتێك دروستکران و لە بەهەشتدا نیشتەجێ کران _ سوود وەربگرن بەوەی لە بەهەشتدا هەیە تەنها درەختێك نەبێ لە درەختەکانی بەهەشت، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَقُلْنَا يَـٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾﴾ البقرة. واتە: "وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنەسەرو نیشتەجێ بن لە هەر کوێ حەز دەکەن بخۆن و بخۆنەوە بە تێرو تەسەلی، بەڵام نزیکی ئەم درەختە نەکەون ئەگەرنا دەچنە ڕیزی ستەمکاران". دواتر بەرە بەرە سنوور دادەنرا بۆ بەکارهێنرانی ئازادی لەلایەن مرۆڤەکان بەهۆی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی دادەنران و ڕەچاوی باشی باری مرۆڤ دەکرا لە بارەی خودی خۆی و کەسانی دەوروبەری، بە جیاکردنەوەی مافی هەمووان و ڕەچاوکردنی پێدانی مافی هەر یەکێك))[1]، پێگەی ئازادی لە ئیسلامدا ڕوون دەبێتەوە بە ناسینی ئەو ڕێسا و

---

(1) أصول النظام الإجتماعي في الإسلام ١٦٢.

**یاسایانەی لە ئیسلامدا ئاماژە بە ئازادی دەکەن، دەکرێ سەرنج بخەینەسەر ئەم ڕێسا و یاسایانە و ئاماژەکانیان لە خوارەوەدا:**

## ئەو ڕێسا و یاسا و بنچینانەی بەڵگە و ئاماژەن لەسەر ئازادی لە ئیسلامدا:

### ١ _ ئاماژەی مەبەستەکانی بەرنامەی ئیسلام(١):

**ئازادی لە بنەڕەتدا لە پێداویستییە سەرەکییەکانە؛ چونکە نەبوونی ئازادی دەبێتە مایەی پوچەڵی ئایین، ناکرێ مرۆڤ باوەڕو یەکتاناسی و تێکڕای بەرنامە و یاساکانی تری ئیسلام بەرپا بکات بێ ئازادییەکی تەواو، کردارەکانی مرۆڤ لە دەرەوەدا پەیدانابن تەنها بە هێزو ویست نەبێ، لە کاتی دواکەوتنی یەکێکیان کردار نابێ.**

---

(١) مەبەستەکانی شەریعەت، ئەو ئامانجانەن کە شەریعەت لە پێناویدا دانراون بۆ بەرپاکردنی بەرژەوەندی بەندەکان. تیۆری مەبەستەکان لەلای شاتبی هاتووە لە لا ١٩ و سێ جۆرە: ((پێویستییە سەرەکییەکان: کە دەبێ هەبن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی دین و دونیا دەستەبەر ببن، ئەگەر نەبوون ئەوا بەرژەوەندییەکان بەشێوەیەکی چەسپاو ڕاناکێشرێن بەڵکو بەشێوەیەکی گەندەڵ و ناجێگیر و فەوتانی ژیان بەدەستدێ، لە پێویستییەکانی پێچەوانەی ئەمانە سەرنەکەوتن و زیانی ئاشکرا هەیە))، پێویستییە نا سەرەکییەکان: ((مرۆڤ پێویستی بەمەیە لە ڕووی فراوانکاری و لادانی ئەو تەنگهەڵچنینەی کە زۆربەی کات سەردەکێشێت بۆ سەغڵەتی و ناڕەحەتی ئەرکداران، بەڵام ناگاتە ئاستی گەندەڵی ئاسایی کە لە بەرژەوەندی گشتیدا پێشبینی دەکرێت. ((جوانکارییەکان)): وەرگرتنی نەریتە باشەکان و خۆدوورگرتنە لەو پیس و پۆخڵیانەی کە عەقڵە دروستەکان ڕەتیان کردۆتەوە)).
بڕوانە: الموافقات ٢/ ١٧ _ ٢٣، شفاء العليل ١٦١ _ ١٧١ و جگەلەوانەش.

**ئەگەر مرۆڤ ناچاکراو و ئازاد نەبوو لە هەڵسوکەوتەکانیدا ئەوا ئەرکدار و دوێنراو نابێ بە فەرمان و ڕێگری خوا. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بناغەی ئازادی لە پێویستییەکانە.**

**زۆربەی بەش و لق و پۆپەکانی ئازادی دەچنە ناو بازنەی (پێویستییە نا سەرەکییەکان)، دواکەوتنی بەم بەش و لقانە دەبێتە هۆی نارەحەتی و سەغڵەتی، وەك: ئازادی بیروبۆچوون و خاوەندارێتی و جگەلەوانەش لە ئازادییە گرنگەکان لە بنیاتنانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی.**

**لەکاتی وردبوونەوەدا دەبینین زۆرێك لە یاسا و بەشەکانی ئیسلام بە ئازادی نەبێ بەرپا نابن، لەکاتی لاچوون و نەمانی ئەم ئازادییە ئەوا ئەم یاسایانەش نامێنن، ئەم ڕێسایانە لاواز دەبن بە ئەندازەی لاوازی و بێهێزی ئازادی.**

## ٢_ ئاماژەی ڕێپێدراوی ڕەسەن:

**گوزارشت لەم یاسایە دەکرێ بە دەربڕینی ((بناغە لە داب و نەریتدا ڕەواییە))، واتە ئازادبوون لە کردن و نەکردن، ڕێپیدرا (مباح) لە فراوانترین حوکمە شەرعییەکانە[1] لەڕووی هەبوونەوە، یاساکەی پێشوو ئاماژە دەکات بەوەی**

---

**[1] زانایان ڕاجیان لەبارەی هەژمارکردنی ڕێپێدراو (مباح) لە حوکمە شەرعییەکان، بۆچوونی زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەی کە بەشێك نییە لێی، ئیسفەرایینی پێی وایە بەشێکە لێی، ڕاجیاییەکە زیاتر لە دەربڕیندایە، هەژمارکردنیشی لە حوکمە ئەرکدارییەکان (تکلیفی)یەکان وتراوە لەبەر لایەنی زاڵبووە، بەڵام ڕاست ئەوەیە کە ڕێپێدراو دوو جۆرن: ڕێپێدراوییەکی شەرعی بەدەق ئاماژە بۆکراو، ئەمەیان ڕاجیایی لەسەر نییە کە دەچێتە ناو حوکمە ئەرکدار (تکلیفی)یەکانەوە، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ ﴿١٨٧﴾ ﴾ البقرة. واتە: (لە شەوگاری ڕەمەزاندا تێکەڵ بوونتان لەگەڵ هاوسەرانتاندا حەڵاڵکراوە). جگەلەم دەقەش، ڕێپێدرانێکی دیکە هەیە ڕەسەنە**

**بنچینە و بناغە ڕەواییە و جگەلەوەش هەڵاوێردراوە دەکرێ بزانرێ و سنووردار بکرێ.**

**ئەم فەرمایشتانەی خوای گەورە ئاماژە بەم یاسایە دەکەن: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة. واتە: (خوای مەزن ئەو زاتەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە). ﴿ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾ ﴾ البقرة. واتە: (تا ماوەیەکی دیارکراو نیشتەجێ دەبن لە زەویدا و لە نازو نیعمەتەکانی سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن). بۆیە خوای گەورە بەمە منەتی کردووە بەسەر بەندەکانی، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية. واتە: (خوای مەزن ئەو زاتەیە، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ ئێوەی ڕام و دەستەمۆو ژێردەست کردووە). واتای ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار ڕوون دەکاتەوە: ﴿ أَلَمْ تَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ﴿٢٠﴾ ﴾ لقمان. واتە: (ئایا بەڕاستی سەرنجتان نەداوە کە بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروستکردووەو ملکەچی کردووە، هەروەها بە فراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندوون). خوای گەورە جەخت**

---

کە دەگەڕێتەوە بۆ مۆڵەتپێدانی شەرعی گشتی کە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە ئاماژەی پێدەکات: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة. واتە: (خوای مەزن ئەو زاتەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە). بڕوانە: الإحكام في أصول الأحكام للآمدي ١/ ١٢٦؛ ومذكرات الشنقيطي ٤٣.

**لەسەر ئەوەی خرایەڕوو دەکاتەوە بە گوزارشت کردن لە شتە قەدەغەکراوەکان بە دەربڕینی تێرو تەسەل (التفصيل)، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِۗ ﴿١١٩﴾﴾ الأنعام. واتە: (لە کاتێکدا بەڕاستی ئەوەی حەڕام کراوە لەسەرتان خوا بۆی جیا کردونەتەوە بە تێروتەسەلی، مەگەر ناچار بکرێن بۆی). شتە قەدەغەکراو و پێویستەکان بە تێروتەسەلی ئاماژەیان پێکراوە، ڕێپێدراو (مباح)ەکان بە پوختی ئاماژەیان پێکراوە، چونکە ڕێپێدران بناغەیە، ئیبن حەزم[1] ئایەتی پێشووی سوڕەتی ئەنعام و ئایەتی پێشووتری سوڕەتی بەقەڕەی کۆکردۆتەوە تا ئەمە هەڵبهێنجێت: ((هەر شتێك لەسەر زەوی و هەر کارێك ڕێپێدراو ڕەواو حەڵاڵە تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە بەتێروتەسەلی و بە هێنانی ناوی[2] لە دەقی قورئانی پیرۆز یان لە فەرموودەدا حەڕامی کردووە))[3]. ئەم یاسایە واتای ئەوەیە کە ((مرۆڤ مۆڵەتی پێدراوەو سەربەستە لە**

---

[1]) عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەزمی زاهیری، باوکی محەممەد، زانای ئەندەلوس بووە لە سەردەمی خۆیدا، لە قورتوبە لە ساڵی ٣٨٤ك _ ٩٩٤ز لە دایك بووە. خۆی و پێشتر باوکی سەرۆك وەزیران و بەڕێوبەری کارەکانی شانشین بوون، پشتی لەم کارەی کرد، خۆی یەکلاکردەوە بۆ زانست و زانیاری نووسین، لە ئەندەلوس خەڵکێکی زۆر شوێن ڕێبازی ئەو دەکەوتن، پێیان دەوترا حەزمییەکان، ڕەخنەی لە زۆر زانا و شەرعزان گرت، ئەوانیش هۆشیاریاندایە دەسەڵاتدارەکانیان لەهەمبەر ئیبن حەزم و ڕێگریان کرد لە نزیك کەوتنەوە لێی، بەمەش پاشاکان دووریان خستەوەو ڕاوەدوویاننا، بۆیە ڕۆیشتە لادێی لەیلەت لە وڵاتی ئەندەلوس، لەوێ لە ساڵی ٤٥٦ك _ ١٠٦٤ز کۆچی دوایی کرد، لە ناودارترین دانراوەکانی: ((الفصل في الملل والأهواء والنحل)) و ((المحلى)) و ((جمهرة الأنساب)) و ((الناسخ والمنسوخ)). سير أعلام النبلاء ١٨/ ١٨٤، الأعلام ٤/ ٢٥٤.

[2]) حەڕام بوونی شت بە هاتنی دەق دەبێت لەسەر ناو یان وەسفی شتێك یاخود ڕۆیشتنە ژێر یاسایەکی گشتی وەك: شتە پیسەکان. لەوانەیە ڕووکەشی (زاهیری) بوونی ئیبن حەزم وایلێکردبێ کە شتە حەڕامەکان کورت هەڵبهێنێت لەوانەی ناویان لە دەقدا هاتووە.

[3]) بڕوانە: الإحكام في أصول الأحكام ٨/ ١٣.

هەڵسوکەوت کردن سەبارەت بەخۆی و ئەوەی لەم گەردوونەدا هەیە لە خێرو بێرو سوود و بەهرەکان. ئەمە بنچینەی پشتپێ بەستراوە تا دەقێکمان بۆ دێت و یەکێك لە شتەکان جیادەکاتەوە یان بەخۆی خراپیەکەی دەردەکەوێت))[1].

## ٣_ ئاماژەی بنچینەی ئەستۆپاکی:

ئەستۆپاکی واتە ئەستۆی مرۆڤ پاك و خاوێنە لە هەر ئەرکێك یان مافێك کە پێی پابەند بێ، تا بەڵگە و نیشانە نەیەت لەسەر ئەوەی پێویستە لەسەر مرۆڤ. ئەم ڕێسایە تەواوکەری ڕێسای پێشووترە، یاسای یەکەم ڕێگە دەگرێ لەوەی شت لە بنەڕەتدا قەدەغە بکرێ، ئەم ڕێسایەش واتاکەی بریتییە لەوەی هیچ شتێك لەسەر کەس قەدەغە نییە تەنها بە بەڵگە نەبێ، هیچ شتێکیش ئەرك نییە لەسەر ئەستۆی کەس تەنها بە بەڵگە نەبێ[2].

لەم بارەوە (ئیبن قەییم[3]) دەڵێت: ((تەنها شتێك پێویست و واجبە کە خوای گەورە پێویستی کردووە، تەنها شتێکیش حەڕامە کە خوای گەورە حەڕامی

---

(1) ئازادی لە ئیسلامدا؛ ڕەسنایەتی و بنچینەکانی، گۆڤاری ئیسلامی مەعریفە، ژمارە ٣١، ٣٢، لا ١٧.

(2) بڕوانە: ئازادی لە ئیسلامدا؛ ڕەسنایەتی و بنچینەکانی، گۆڤاری ئیسلامی مەعریفە، ژمارە ٣١، ٣٢، لا ٢٠.

(3) موحەممەدی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی ئەیوبی زەڕعی دیمەشقی، باوکی عەبدوڵا، شەمسەددینی کوڕی قەیمی جوزی، یەکێکە لە زانا و پێشەوا لێکۆڵەرەکان، لە دیمەشق لە ساڵی ٦٩١ك _ ١٢٩٢ز لە دایك بووە، زانستی لە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە وەرگرتووە، لە وتەکانی شێخەکەی دەرنەدەچوو، پشتگیری لە بۆچوونەکانی دەکرد، ئیبن قەیم هەڵسا بە پوختەکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و زانستی شێخ ئیبن تەیمیە، لەگەڵ ئیبن تەیمیە لە قەڵای دیمەشق بەندکرا، سزادرا و لەسەر وشترێك سوڕێنرایەوەو بە دارێك لێیدەدرا، دواتر لە دوای مردنی شێخی ئیسلام کۆچی دوایی کرد، چەندین کتێبی هەن لەوانە: ((إعلام الموقعين عن رب العالمين)) و ((مدارج السالكين في منازل إياك نعبد وإياك

**کردووە، هیچ ئاینێکی ڕاست و دروست نییە جگەلەوە نەبێ کە خوای گەورە دایناوە))(١).**

**ئەستۆی مرۆڤی ئەرکدار پاکە لە هەر داخوازی و پابەندییەك تەنها لەوە نەبێ کە خوای گەورە خستووەتیە ئەستۆی یان خوای گەورە لەسەر شانی داناوە لە ماڤی بەندەکان، جگەلەمانە ئەوا مرۆڤ تەواو ئازادە.**

**بەم پێیە بیدعە و شتە داهێنراوەکان بە کۆت و بەندی قەدەغەکراو دادەنرێن لەسەر ئازادی و سەربەستی؛ چونکە پایەندبوونە بەشتێك کە خوای گەورە فەرمانی پێ نەکردووەو داینەناوە، خوای پایەبەرز دەفەرمووێت:** ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ٢١﴾ الشورى. **واتە: (یان پەنا دەبەن بۆ بت و پاڵپشتەکانیان تا بەناوی ئاینەوە ڕێنموورییان بکەن! _ حەڵاڵ و حەڕامیان بۆ دیاری بکەن _ بێ ئەوەی خوا مۆڵەتی دابێت).**

**لە بنەڕەتدا ئەستۆی خەڵك پاك و ئازادە، هیچ شتێکیان لەسەر پێویست نییە دەربارەی دارایی و خاوەندارێتییەکەیان تەنها بە بەڵگەی شەرعی نەبێت، تەنها شتێکیان لەسەر پێویستە لەبواری دارایی و مافەکانیان کە گونجاو بێت لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەت، چونکە سەرچاوەی پابەندکردنیان بریتییە لە خوای گەورە کە تاکە ناز پێدەرو بەخشەریانە.**

---

نستعین)) و ((إجتماع الجیوش الإسلامیة علی غزو الجهمیة والمعطلة))، لە دیمەشق لە ساڵی ٧٥١ _ ١٣٥٠ کۆچی دوایی کرد. الأعلام ١/ ٣٤٤.

(١) بڕوانە: إعلام الموقعین ١/ ٣٤٤.

تاهرِی کوڕی عاشوڕ دەڵێت: ((هەڵوێستی دیارکردنی ئازادی زۆر سەخت و وردە لەسەر ئەستۆی ئەو یاسادانەرەی کە پارێزراو نییە، ئەرکی دەسەڵاتدارانە هێمن بن و پەلە نەکەن، چونکە زیاد سنووردارکردنی ئازادی بەوەی وەلاتانی خراپەکان و کێشکردنی بەرژەوەندییەکان دەیخوازێ بە ستەم دادەنرێت))(١).

## چەند نموونەیەکی جێبەجێکاری لە هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئازادییەکان:

### یەکەم: ئازادی ویست:

ویستی ئازاد بریتییە لە سەرچاوەی سەرەکی ئازادی، چونکە هەڵبژاردن لە ویستی ئازادەوە گەڵاڵە دەبێت، ئەگەر ویست ئازاد بوو ئەوا هەڵبژاردنی پێ ئەنجام دەدرێ، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ویست ئازاد نابێت تا پەیوەست نەبێت بە بەدیهێنەرو پەیداکەرەکەی، بەم پەیوەستبوونە بەختەوەری و حەسانەوەی تەواو دەستدەخات، کەچی پەیوەست بوون بە بەدیهێنراوان لە جیاتی خوای گەورە ئەوا دەبێتە هۆی هێنانی بەدبەختی و سەرشۆڕی.

ئازادی ویست بە دوو شت دەستەبەر دەبێت: یەکەمیان: خوابەیەکگرتن لە پەرستندا، دووەم: باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر، بەوەی بەندە بەرپرسە لە کردەوەی خۆی، چونکە ئازاد و سەرپشکە. دەکرێ ئەم ئازادییە لە میانەی ئەم دوو شتانە ڕوون بکەینەوە:

---

(١) بڕوانە: أصول النظام الإجتماعي ١٧٧.

## أ_ یەکتاناسی ویستی (یەکتاپەرستی، خوابەیەکگرتن لە پەرستندا):

یەکێك لە شتە سەلمێنراوە سەرەکییەکانی بیروباوەڕ پێویستی خوابەیەکگرتنە لە پەرستندا، هاوبەش بۆ دانەنانە لە پەرستشدا، ئەم ڕاستییە ڕەوایە یەکێکە لەو شتانەی خوای گەورە خستۆتیە ئەستۆی بەندەکانی.

ژیری و عەقڵە سەلامەتەکان و سروشتە ڕێك و پێکەکان[1] گەواهیانداوە کە خوای گەورە بەدیهێنەرو دروستکەری بوونەوەرە لە نەبوونەوە بۆ بوون و پەروەردگارو سەروەرو ناز پێدەریانە، هەر لەبەر ئەمە دەبێ بیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، ئەم ڕاستییەش، واتە: حیکمەتی بوونیان لە قورئانی پیرۆزدا چەسپاوە، هەروەك خوای پایەبەرز دەفەرموویێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ الذاريات. واتە: (بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن). خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانەکردووەو کتێب و نامەی دابەزاندووە بۆ چەسپاندنی ئەم پرسە مەزنە، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ۝٣٦﴾ النحل. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لە ناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووە، پێمان

---

1) بڕوانە تێروتەسەلی بەڵگە عەقڵی و سروشتییەکانی سەر بوون و پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی خوا لە: الأدلة العقلية النقلية على مسائل الإعتقاد ١٨٩ _ ٤٥٠.

ڕاگەیاندوون کە پێیان بڵێن: تەنها خواپەرستن و خۆتان دووربگرن لە هەموو جۆرە پەرستراوێکی تر).

ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێ تەنها ببێتە بەندەی خوا، بەهۆی تەواوی و کامڵی سیفەتەکانی خوا لە خودی خۆیدا، تەواوی بەهرە و نیعمەتەکانی بەسەر بەدیهێنراوەکانی[١]، ئەمە بەندایەتی بۆ خوا پێویست دەکات.

بنچینەی ئەم بەندایەتییە بۆ خوا بە پەیوەستبوونی خواست و ملکەچی و خۆشەویستی مرۆڤ دەبێ تەنها بۆ خوا نەك بۆ یەکێکی دیکە، جا ویست و خواست بناغەی جوڵە و کاری مرۆڤە، کارو فرمان تەنها لە کاتێکدا لە دەرەوەی مرۆڤ دێنە کایە کە مرۆڤ خواستی لەسەر بێ و توانای بەسەردا بشکێت[٢].

ئەمەش ئەوە دەخوازێت مرۆڤ بەتەواوی ئازاد بێت لە خواستی جگەلە خوای گەورە، پەیوەست نەبێ بە هیچ دروستکراوێکەوە، مرۆڤ هەر چەندە زیاتر ئازاد بێ لە پەیوەست بوون بە دروستکراوەوە ئەوا بەندایەتیەکەی بۆ خوا بەهێزو تەواوتر دەبێت، هەر چەندیشە وابەستەبوونی مرۆڤ بە بەدیهێنراو و دروستکراوان زیاتر بێ ئەوا بەندایەتیەکەی بۆ خوا بە ئەندازەی پلەی وابەستەبوونەکەی کەم دەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤ بە تەواوی بەستراوە بە دروستکراوانەوە ئەوا بەندایەتی بۆ خوا لە گۆڕێدا نامێنێت.

---

(١) سەبارەت بەو شتانەی بەندایەتی کردن بۆ خوا پێویست دەکەن بڕوانە: مفتاح دار السعادة ٤٩١.

(٢) هەر لەبەر ئەمە زانایان خوابەیەکگرتن لە پەرستندا بە چەندین ناویان ناو ناوە، کە ئەو ناوانە لە دەوری خواست و ویست دەخولێنەوە، لەوانە: یەکتاناسی لە خواست و ویستدا، یەکتاناسی لە ویستدا، یەکتاناسی لە ویست و کرداردا، ویستی خواستی داواکاری. بڕوانە: بیان تلبیس الجهمیة ١/٤٧٩، ومدارج السالکین ١/ ٣٣، شرح العقیدة الطحاویة ٨٨؛ شرح الفقه الأکبر ١٥.

**هەر بۆیە ئیسلام هات بۆ پاراستنی ئەم یەکتاناسییە، دوورخستنەوەی خەڵك لە هەر هاوبەشدانانێك کە دەبێتە مایەی بوونی کرچ و کاڵی تێیدا، هەر بۆیە خوای مەزن هۆشداری داوە لەبارەی هاوبەشدانان و مەترسییەکەی، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿١١٦﴾ ﴾ النساء. واتە: (بەڕاستی خوا خۆش نابێت لەوەی هاوەڵ و هاوبەشی بۆ بڕیار بدرێت و جگەلەو _ هاوبەشدانانە _ لە گوناهانی تر بۆ هەر کەسێك بیەوێت و شایستە بێت خۆش دەبێت). هەروەها فەرموویەتی: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ ﴿٧٢﴾ ﴾ المائدة. واتە: (دڵنیا بن ئەوەی هاودەم و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوا بێگومان خوا بەهەشتی لێ قەدەغە کردووە). ﴿ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ الأنعام. واتە: (خۆ ئەگەر هاوبەش و هاوڵ بۆ خوا بڕیار بدەن، ئەوە هەرچی کارو کردەوەیەکی _ چاکیشتان _ هەیە، هەمووی بێ نرخ و پووچ دەبێت). خوای گەورە _ لە گێڕانەوەی ئامۆژگاری لوقمان بۆ کوڕەکەی _ فەرموویەتی: ﴿ يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ ﴾ لقمان. واتە: (کوڕی شیرینم؛ نەکەیت شتێك یان کەسێك بە هاوتا و هاوبەشی خوا بڕیار بدەیت، چونکە بەڕاستی هاوبەش و هاوڵ بڕیاردان بۆ خوا ستەمێکی زۆر مەزن و ناڕەوایە).**

**ئیسلام مرۆڤی ڕزگار کردووە لە بەندایەتی کردن بۆ هەر دروستکراوێکی تر، جا ئەو دروستکراوە خاوەنی هەر پێگە و پلە و پایەیەك بێت، وەك: پێغەمبەران**

**و پیاوچاکان و جگەلەوانیش، تەنانەت هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە کە سەردەکێشێت بۆ بەندایەتی کردن بۆ جگەلە خوای گەورە، لەوانە:**

**١ــ زیادەڕۆچوون لە پیاوچاکاندا؛ خوای زانا و دانا فەرموویەتی:** ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ ﴿٧٧﴾﴾ المائدة. **واتە: (بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان زیادەڕەوی لە ئاینەکەتاندا مەکەن). ڕوونیشی کردۆتەوە کە پیاوچاکان تەنها خوا دەپەرستن، جا فەرموویەتی:** ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾﴾ الإسراء. **واتە: (ئا ئەوانەی هانا و هاواریان لێ دەکەن، کامیان لە خوا نزیکترە؛ لە کاتێکدا ئەوان خۆیان هاوار لە خوا دەکەن و داوای نزیك بوونەوە لە پەروەردگاریان دەخوازن و چاوەڕوانی ڕەحمەتی دەکەن، لە سزاو تۆڵەشی دەترسن، بەڕاستی سزای پەروەردگارت مەترسی لێکراوە). پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەگەورەم مەگرن و مەمفرێنن وەك چۆن نەصرانیەکان عیسای کوڕ مەریەمیان گەورە گرت و فراندیان، من تەنها بەندەیەکم، جا بۆی ببڵێن: بەندە و پێغەمبەری خوا))[1].**

---

**[1]) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب أحادیث الأنبیاء، باب قول الله عز وجل:** ﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَرْيَمَ﴾**، رقم ٣٤٤٥، ٦/ ٤٧٨، وکتاب الحدود، باب رجم الحبلى من الزنا، رقم ٦٨٣٠، ١٢/ ١٤٤ ــ ١٤٥، وکتاب المظالم، باب ما جاء في القائف، رقم ٢٤٦٢، ٥/ ١٠٥، وکتاب مناقب الأنصار، باب مقدم النبي ﷺ وأصحابه المدینة، رقم ٣٨٢٨، ٧/ ٢٦٨، وکتاب المغازي، رقم ٤٠٢١، ٧/ ٣٢٢ و کتاب الحدود، باب الإعتراف بالزنا، رقم ٦٨٢٩، ١٢/ ١٣٨، وکتاب الإعتصام بالکتاب والسنة، باب ذکر النبي ﷺ على اتفاق أهل العلم، رقم ٧٣٢٣، ١٣/ ٣٠٣، ومسلم، کتاب الحدود، باب رجم الثیب في الزنا، ٥/ ١٦٩١.**

**٢_ هۆشداریدان لەبارەی دروستکردنی پەرستگە و گۆمبەت لەسەر گۆڕ، هەروەك لەم فەرمایشتەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە: ((خوا نەفرینی لە جولەکە و نەصرانیەکان کرد، بەوەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت و پەرستگە))[١]. هەر بۆیە فەرمانی کرد بە ڕووخاندنی گومبەت و مزگەوتەکانی سەر گۆڕ، ڕاستکردنەوەی تەپۆڵکەکانی لەگەڵ زەوی، هەروەك لە فەرموودەی باوکی هەیاجی ئەسەدیدا هاتووە، وتویەتی: عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب (ڕەزای خوای لێبێت) پێی وتم: ((ئا ڕەوانەت نەکەم، بەو شتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بۆ ڕەوانەکرد، ئەویش بریتییە لەوەی هەر بتێکت بینی ئەوا لەناوی ببە، هەر گۆڕێکی بەرزیش لەگەڵ ڕووی زەوی ڕاستی بکەوە))[٢].**

**٣_ ڕێگەگرتن لە بە گەورەدانانی گۆڕ بەشتێك کە شەرع مۆڵەتی پێنەداوە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەرەو گۆڕەکان نوێژ مەکەن، لەسەریشی دامەنیشن))[٣]، هەروەك ڕێگری کردووە گۆڕ گێچ بکرێت و شتی لەسەر بنیات بنرێ و لەسەر دابنیشرێ[٤].**

---

**(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب المغازي، باب مرض النبي ﷺ و وفاته، رقم ٤٤٤٣ و ٤٤٤، ٨/ ١٤٠؛ ومسلم، كتاب المساجد، باب النهي عن بناء المساجد على القبور، رقم ٥٣١، ١/ ٣٧٧.**

**(٢) موسلیم گێڕاویەتیەوە، کتاب الجنائز، باب الأمر بتسوية القبر رقم ٩٦٩، ٢/ ٦٦٦، و أبو داود، كتاب الجنائز، باب في تسوية القبور، رقم ٣٢١٨، ٣/ ٥٤٨، والترمذي، كتاب الجنائز، باب ما جاء في تسوية القبور، رقم ١٠٤٩، ٣/ ٣٦٦، والنسائي في سننه، كتاب الجنائز، باب تسوية القبور إذا رفعت، ٤/ ٨٨؛ وأحمد رقم ٧٤١، ٢/١٠٥، قال الشيخ أحمد شاكر: إسناده صحيح.**

**(٣) موسلیم گێڕاویەتیەوە، کتاب الجنائز، باب النهي عن المشي على القبور، رقم ٩٧٢، ٣٧٥، وأبو داود، كتاب الجناءز، باب في كراهية القعود على القبور، رقم ٣٢٢٩، ٣/ ٥٥٤، والترمذي كتاب الجنائز، باب ما جاء في كراهية المشي على القبور والجلوس عليها و الصلاة إليها، رقم ١٠٥٠، ٣/ ٣٦٧، والنسائي، كتاب الجنائز، باب التشديد في الجلوس على القبور، ٤/ ٩٥؛ وأحمد، ٤/ ١٣٥، وابن حبان، كتاب**

**٤_ ڕێگەگرتنی لە گەورەگرتن و بەرزکردنەوەی مرۆڤ بۆ سەرەوەی پێگە ڕاستەقینەکەی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەسێك پێی خۆش بێت پیاوانی بۆ بەپێوە ڕابوەستن، ئەوا با جێگای خۆی لە ئاگردا خۆش بکات))[٢].**

**هەروەها پێغەمبەری خوا ڕێگری کردووە لە گوێڕایەڵی کردنی بەندە لە سەرپێچی کردنی خوای پایەبەرزدا، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای مەزندا هاتووە:** ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ التوبة: ٣١.

**واتە: (_ گاورو جوو _ حاخام و قەشەکانیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا). پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی ڕوونکردۆتەوە لە وەڵامەکەی بۆ عەدی کوڕی حاتەم[٣]، کاتێك عەدی پێی وت: نەمانپەرستوون، جا پێغەمبەر (ﷺ)**

---

الجنائز، باب ذكر الزجر عن الجلوس على القبور تعظيما لحرمة ما فيها من المسلمين رقم ٣١٦٥، ٧/ ٤٣٥.

(١) موسلیم گێڕاویەتیەوە، كتاب الجنائز، باب النهي عن تجصيص القبر والبناء عليه، رقم ٩٤/ ٩٧٠، ٢/ ٦٦٧، والترمذي في السنن، كتاب الجنائز، باب ما جاء في كراهية تجصيص القبور والكتابة عليها، رقم ١٠٥٢، ٣/ ٣٦٨، وأبو داود، كتاب الجنائز، باب الزيادة على القبر، رقم ٢٢٧٤، ٤/ ٨٦، وباب البناء على القبر، رقم ٢٧٩٦، ٤/ ٨٦، وابن ماجه، كتاب الجنائز، باب النهي عن البناء على القبور وتجصيصها والكتابة عليها، رقم ١٥٦٢، ١/ ٤٩٨، وأحمد ٣/ ٢٩٥.

(٢) تورمزی گێڕاویەتیەوە، كتاب الأدب، باب ما جاء في كراهية قيام الرجل للرجل، رقم ٢٧٥٥، ٥/ ٩٠ _ ٩١، وأبو داود، كتاب الأدب، باب في قيام الرجل للرجل، رقم ٥٢٢٩، ٥/ ٣٩٥ _ ٣٩٨، وصححه الألباني في صحيح سنن أبي داود، رقم ٤٣٥٧، ٣/ ٩٨٢.

(٣) عەدی کوڕی حاتەمی کوڕی حەشرەجی تائی، باوکی وەهەب و باوکی تەریفە؛ ئەمیرو هاوەڵ بووە، لە بەخشندە و ژیرمەندەکان بووە، سەرۆکی تیرەی تەی بووە لە سەردەمی نەفامی و ئیسلامدا، لە ناوچەی تەی لە دایك بووە، ساڵی ٩ك موسڵمان بووە، چەندین کاری مەزنی کرد لە جەنگی هەڵگەڕاواندا، بەشداربوو لە ئەرکی ڕزگارکردنی عێڕاقدا، لە کوفە نیشتەجێ بوو، بەشداربوو لە جەنگی صەففین و جەمەل و نەهرەوان لەگەڵ عەلی (ڕەزای خوای لێ بێ)، چاوی کوێرکرا لە جەنگی

**فەرمووی: ئایا حەڕامیان بۆ حەڵاڵ نەدەکردن، حەڵاڵیشیان لێ حەڕام نەدەکردن و ئێوەش شوێنیان نەدەکەوتن؟ عەدی وتی: بەڵێ وابوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئا ئەمە پەرستنیانە[1].**

**ئیسلام ڕێگری کردووە لە شوێنکەوتنی شوێنەواری پێغەمبەران چ جای پیاوچاکان بۆ تەبەڕوك پێکردن بە ماچکردنی و دەستلێدانی و خولانەوە بەدوریدا، بە گەورەو پیرۆز دانانی یان پەرستش لەلا کردنی یاخود شت لەسەر بنیاتنانی و جگەلەمانەش[2]، ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئیسلام هاتووە مرۆڤ ڕزگار بکات لە هەموو جۆرە کۆیلایەتی و سەرشۆڕی و ملکەچ بوونێك بۆ جگەلە خوای گەورە، ئەوەیە خوای مەزن پەیامبەرانی ڕەوانەکردووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە چاڵی کۆیلایەتی کردن بۆ پاشا و سەرکردە و خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەکان دەربهێنن، هەر ئەم بەکۆیلەکارانە بوون بەرەنگاری بانگەوازی نێردراوانی خوا بوونەوە، لە قورئانی پیرۆزدا بە (الملأ: چینی ڕیش سپی و دەسەڵاتدار) وەسفیان کراوە، فیرعەونیش یەکێکە لەوان کە بانگەشەی خوایەتی و پەروەردگارێتی دەکرد، جا فیرعەون وتی: ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٢٤﴾** النازعات. **واتە: (جا وتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم). هەروەها وتویەتی: ﴿مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي ٣٨﴾** القصص. **واتە: (کەسی تر شك نابەم**

---

صەففین، خاوەنی ٦٦ فەرموودەیە، زیاتر لە سەدساڵ ژیا، لە شاری کوفە لە ساڵی ٦٨ك _ ٦٨٧ز کۆچی دوایی کرد، الأعلام ٤/ ٢٢٠.

[1] تورمزی گێڕاویەتیەوە، کتاب تفسیر القرآن، باب ومن سورة التوبة، رقم ٣٠٩٥، ٥/٢٥٩، قال أبو عیسى هذا حدیث غریب لا نعرفه إلا من حدیث عبدالسلام بن حرب و غطیف بن أعین لیس بمعروف الحدیث، وقال العلامة الألباني سنده حسن، صحیح الترمذي ٢٤٧١ _ ٣٣٠٦، ٣/ ٥٦.

[2] بڕوانە: البدع والنهي عنها ٤٣، اقتضاء صراط المستقیم ٢/ ٧٤٥.

بەوەی کە شایستە بێت بەوەی خواتان بێت جگەلە خۆم). مەبەستی ئەم سەرکردە و دەسەڵاتدارانە داواکردنی (گوێڕایەڵی ڕەهایە) لە گەلانیان دەربارەی هەر شتێك بێت، گوێڕایەڵی ڕەهاش تەنها بۆ خوا دەبێت، هەر کەسێکیش بە ڕەهایی و تەواوی گوێڕایەڵی جگەلە خوای گەورە بوو ئەوا جگەلە خوای مەزنی پەرستووە، هەر بۆیە موسا بەمە وەسفی نەوەی ئیسرائیلی کردووە لە ژێر چەتری حوکمڕانی فیرعەوندا، جا وتویەتی: ﴿ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ ﴾ الشعراء. واتە: (جا ئەوە نازو نیعمەتە منەتم بەسەردا دەکەیت، کە تۆ نەوەی ئیسرائیلت کردووە بە بەندەی خۆت و بە کۆیلەت کردوون). بۆیە ئیسلام ڕێگری کردووە لە ناوهێنانی کۆیلە بە (بەندە[1])، بەهۆی ئەوەی بەندایەتی ڕەها بە ئەندێشەدەدا دەهێنێت کە دەبێ تەنها بۆ خوا بێت.

بەمە دەزانین یەکتاناسی کە بنچینە و بناغەی ئاینە ئازادی و ڕزگاربوون لە خۆیدەگرێ لە هەموو جۆرە بەندایەتی و پەیوەست بوونێك بە جگەلە خوای مەزنەوە، هەر بۆیە ڕێگری کردووە لە پەیوەست بوون بە هۆکارەکانەوە لەگەڵ ئەوەی فەرمانی کردووە هۆکارەکان بگرنەبەر، چونکە پەیوەست بوون بە هۆکارەکانەوە دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە پشت بەخوابەستندا، جا لاوازی دڵ و بینینی شوێنەواری هۆکارەکە دەبێتە هۆی کرچ و کاڵی لە کامڵبوونی پشت بەخوا بەستن، ئەمە ئەوپەڕی وێنەی ئازادی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەی فەرمانی پێکراوە هۆکارە گەردوونی و ڕەواکان بگرێتەبەر.

---

[1]) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب العتق، باب كراهية التطاول على الرقيق وقوله عبدي أو أمتي، رقم ٢٥٥٢، ٥/ ٢١٠، ومسلم، كتاب الألفاظ من الأدب، باب حكم إطلاق لفظه العبد، ٤/ ١٧٦٤ الحديث، ١٣ _ ١٤/ ٢٢٤٩، ٤٢/ ١٧٦٥، ١٥/ ٢٢٤٩.

**یەکێك لە وێنەکانی ئازادی لەم لایەنەدا، ڕێگری کردن بوون لە ملکەچ بوون بۆ داب و نەریتەکان کە لە باوو باپیران وەرگیراوە، بەوەی میراتێکی بەجێماوی باوانە، چونکە دەکرێ ببێتە هۆی شوێنکەوتن و لاساییکردنەوەی کوێرانە و کۆسپ لەبەردەم وەرگرتنی بیروباوەڕی دروست، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای مەزدا هاتووە:** ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلۡ نَتَّبِعُ مَآ أَلۡفَيۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ١٧٠﴾ البقرة. **واتە: (ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانەکراوە، دەڵێن: نا، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوو باپیرانمان پێیەوە ئاڵوودەبوون و لەسەر ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باوو باپیرانیشیان تێنەگەیشتوو و هیچ نەزان و ناشارەزا و ڕێنموویش وەرنەگرن _ هەر شوێنیان دەکەون ؟!_).**

**هەروەها ڕێگری کراوە لە: مکلەچ بوون بۆ هەواو ئارەزوو و حەزەکانی دەروون، شوێنکەوتنی ئاواتەکانی، چونکە دەبێت هۆی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ، پەرستنی ئارەزووەکان، خوای پایەبەرز دەفەرمووێت:** ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ٢٦﴾ ص. **واتە: (فەرمانڕەوایی و حوکمڕانی لە ناو خەڵکدا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام بدە، هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی خوا). پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەفەرمووێت: ((سەرشۆڕو خەجاڵەت بێت بەندەی دینار، بەندەی دیرهەم،**

بەندەی پەڕو پاتاڵ، ئەگەر دڕك چوو بە جەستەیدا كەسی دەست نەكەوێت بۆی دەربهێنێت))(١).

وێنەیەكی دیكە: ڕزگاركردنی عەقڵ و ژیری مرۆڤ لە خوڕافیات و شتی پڕو پوچ و ئەفسانە و خەیاڵ و هەموو جۆرە گومانێكی پوچەڵ و ڕێڕەوی گومڕا لە هزردا، خوای پایەبەرز لەم بارەوە دەفەرموویت: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَـٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (_ ئەی مرۆڤ _ لە شتێك مەدوێ و شوێن شتێك مەكەوە كە زانست و زانیاریت لەبارەی نییە، چونكە بەڕاستی دەزگاكانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەمووی بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە). ﴿ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا ﴿٢٨﴾ ﴾ النجم. واتە: (لە كاتێكدا كە گومان بە هیچ شێوەیەك جێگەی حەق و ڕاستی ناگرێتەوە).

هەموو ئەوەی ڕابردوو جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی (یەكتاناسی، خوابەیەكگرتن) ئازادی و ڕزگاربوون لە كۆت و بەندی بەدیهێنراوان لە خۆدەگرێت، بەندایەتی بۆ خوا پاساوی خۆی هەیە، ئەویش كامڵ و تەواوی خوایە لە زات و سیفەت و كردارەكانیدا، بەدیهێنەرو ڕۆزیدەریەتی، سەبارەت بە بەدیهێنراوەكانی دیكە ئەوا لەگەڵ مرۆڤ یەكسانن بەوپێیەی دروستكراو و پەروەردەكراوی خوان، بۆیە هیچ پاساوێك نییە بۆ ملكەچ بوون و پەیوەست بوون پێیانەوە، هەر چەندە مرۆڤ زیاتر پەروەردگاری بناسێت ئەوا زیاتر سەربەخۆ و ڕزگاری دەبێت لە دروستكراوانی تر، گوێڕایەڵی و شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەران پێویست بوو، چونكە خوای گەورە فەرمانی پێكرد، جا بەم شێوەیە

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە، كتاب الجهاد، باب الحراسة، رقم ٢٨٨٧، (٦/ ٩٥ مع الفتح).

هەر گوێڕایەڵییەکی پێوست وەك: گوێڕایەڵی باوان و جگەلەوانیش لقێکە لە گوێڕایەڵی کردنی خوا، چونکە فەرمانی پێکردووە، بەمەش دەزانین یەکتاناسی مرۆڤ ڕزگار دەکات، ئیسلام ئازادی ڕاست و دروستی هێناوە کە گونجاوە لەگەڵ سروشت و عەقڵ و بناغەی دەروونی مرۆڤایەتی.

## ب_ ئازادی هەڵبژاردن (قەزاو قەدەر):

خوای گەورە مرۆڤی بە ئازاد و سەرپشك دروستکردووە لە ئەنجامدانی کردارەکەیدا، لە بەرامبەریشیدا بەرپرسە، هەر لەبەر ئەمە شوێنەواری پاداشت و سزا لەسەر کردەوەکانی کەڵەکە دەبن لە دونیا و دواڕۆژدا لەبەر ئەوەی بە تەواوی بەرپرسە لێی، ئازادی مرۆڤیش لە هەڵبژاردندا پێویستییەکی سروشتییە مرۆڤ هەستی پێدەکات و ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات.

هەر بۆیە دەبینین خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا کردەوەکان دەداتە پاڵ بکەرەکانیان؛ بۆ نموونە لەم فەرمایشتەدا: ﴿وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ ﴿٦٣﴾﴾ المؤمنون. واتە: (کارو کردەوەی دیکەشیان هەیە، بەردەوام ئەنجامی دەدەن). ﴿هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾ المطففين. واتە: (باشە ئایا بێ باوەڕان پاداشتی ئەوەی کردیان درانەوە). ﴿وَيَصْنَعُ ٱلْفُلْكَ ﴿٣٨﴾﴾ هود. واتە: (کەشتییەکەی دروست دەکرد). ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٢٨٥﴾﴾ البقرة. واتە: (پێغەمبەرو باوەڕداران باوەڕیان هەیە بەوەی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە)، جگەلەم ئایەتانەش. ئەمە لەگەڵ قەزاو قەدەری خوای مەزن تێکناگیرێت، بەڕاستی خوای مەزن بەدیهێنەری کردەوەی

بەندەکانە، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ٦٢﴾ الزمر. واتە: (خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەویش سەرپەرشتیارو پارێزەری هەموو شتێکە). ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ٩٦﴾ الصافات. واتە: (خوا بەدیهێنەری خۆتان و کردەوەکانتانە). گشتگیری ئایەتی یەکەم پارێززراوەو هیچ شتێکی لێ تایبەت نەکراوە، خود و ڕووکەش و کردارو جوڵە و وەستانەکانی ئەم جیهانە دەگرێتەوە[1]، ئایەتی دووەمیش ئاماژە دەکات بەوەی خوای مەزن کردەوەی بەندەکانی دروستکردووەو واتای ئایەتەکە بەم شێوەیەیە: (خوا ئێوەو کردەوەکانی ئێوەشی بەدیهێناوە)[2].

کە خوای گەورە کردەوەی بەندەکان دروست دەکات نابێتە ڕێگر لەبەردەم چەسپانی توانا و ویستی ئازاد بۆ بەندە کە کاریگەری ببێ لەسەر بوونی توانراوەکە (ئەو شتەی توانای بەسەردا دەشکێت)، چونکە کارتێکردن و ویستی بەندە کارتێکردنێکی تەواو سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە ویست و خواستی پەروەردگارەوە، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای بێ هاوەڵ و هاوتادا هاتووە: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٩﴾ التكویر. واتە: (ویستی ئێوە نایەتەدی، مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت). چەسپاندنی کاریگەری توانا و ویست بۆ بەندە، بەو پێیەیە کە بە هۆکار دانراوە، جا لقێکە لە مەسەلە و پرسی ((هۆو دەرەنجامەکان))، جا چۆن کاریگەری هۆکارە سروشتی و

---

(1) شفاء العلیل ٩٦.

(2) بڕوانە: جامع البیان ١٠/ ٥٠٤.

**شەرعییەکان لەسەر دەرەنجامەکانیان دەچەسپێنین، بەهەمان شێوە شوێنەواری ویست و توانای بەندە لەسەر کردەوەکەشی دەچەسپێنین.**

**ئیبن قوتەیبە[١] دەڵێت: ((ئێمە دەزانین هەموو شتێك بە قەزاو قەدەری خوایە، بەڵام کردەوەکان دەدەینە پاڵ بکەرەکانیان، ستایشی چاکەکار دەکەین لەسەر چاکەکردنەکەی، سەرزەنشتی خراپەکاریش دەکەین لەسەر خراپەکارییەکەی، کابرای تاوانکاریش بە تواناکەی تۆمەتبار دەکەین))[٢]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باشترین و ڕێڕۆشنترین ڕێباز لە بیروباوەڕدا، بریتییە لە ڕێبازی پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت کە وەرگیراوە لە دەقەکانی نیگا و سروش، پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت نکۆڵی ناکەن لە هۆکارەکان و ویستی ئازادی مرۆڤیش، پێشیان وایە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هۆکارەکان و چەسپاندنی پەیوەستبوونیان بە دەرەنجامەکانیەوە شتێکی پێویستە و تەنها نەزانێکی سەرکەش نکۆڵی لێ دەکات، هۆکاری وا هەیە باوەڕی مرۆڤ بەبێ بوونی ئەم هۆکارە تەواو نابێت وەك تەنها خواپەرستی، هەروەها چەند شتێکی پێویستی بەرهەست وەك کارتێکردنی ئاگر بە سووتاندن، هەڵسانی ئاو بە تێنوشکاندن، خۆراك بە تێرکردن. لە سەردەمی هاوچەرخیشدا دۆزینەوەی هۆکارەکان وایلێهاتووە بووەتە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕابوون و گەشەی شارستانی**

**(١)** ناوی عەبدوڵای کوڕی موسلیمی کوڕی قوتەیبەی دەینوری باوکی محەممەدە، یەکێکە لە پێشەواکانی ئەدەب و لەوانەی زۆر دانراویان هەن، ساڵی ٢١٣ك _ ٨٢٨ز لە شاری بەغداد لە دایك بووە، لە شاری کوفە نیشتەجێ بوو. بەرپرسیارێتی دادگای دەینوری گرتەئەستۆ، بۆیە درایە پاڵ ئەوە، لە دانراوەکانی: (مشكل القرآن) و (الرد على من يقول بخلق القرآن) و (تأويل مختلف الحديث) و (أدب الكاتب)، لە ساڵی ٢٧٦ك _ ٨٨٩ز لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کرد. سير أعلام النبلاء ١٣/ ٢٩٦، والأعلام ٤/ ١٣٧.

**(٢)** تأويل مختلف الحديث ١٦٠.

ماددی، نکۆڵی لێکردنی دەبێتە هۆی گەندەڵی لە بیروباوەڕدا و دواکەوتن لە بواری دۆزینەوەو داهێنانی ماددیدا.

هەر بۆیە پەیڕەوانی سوننە ڕاستڕەو بوون لە نێوان ئەشعەری و ماتوریدی و موعتەزیلەکاندا، ئەشعەری و ماتوریدییەکان نکۆڵیان کرد لە توانا و ویستی مرۆڤ لە ڕووی ڕاستەقینەوە[١]، توانا و ویستیان بۆ مرۆڤ چەسپاند تەنها وەك ناوێکی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینە، ئەمەش لە میانەی تیۆری بەدەستهێنان (الكسب)، ناوەڕۆکی تیۆرەکە ئەوەیە کە بەندە لە ڕووکەشدا سەرپشکە بەڵام لە ناوەڕۆکدا ناچارکراوە، هەروەك تەفتازانی وتویەتی: ((مرۆڤ ناچارکراوە لە شێوەی سەرپشکدا))[٢]، بەغدادی[٣] ڕاستینەی بەدەستهێنان (الكسب)ی نزیك کردۆتەوە لە تێگەیشتن بە چواندن بە ڕێکەوتن و بەیەکگەیشتنی توانای خوا و بەندە ((بەوەی بەردی گەورە لەوانەیە کەسێك هەبێ بە تەنها پێی هەڵنەستێت، کەچی یەکێکی دیکە بە تەنهاش پێی هەڵدەستێت، بەڵام ئەگەر هەر دووکیان بە یەکەوە دەستیاندا بەردەکە ئەوا بەهێزەکەیان هەڵیگرتووە، ئەگەرچی لاوازەکەش هەر پێی دەوترێ بەرد هەڵگر))[٤].

---

(١) تأويل مختلف الحديث ١٦٠.

(٢) هۆکاری نکۆڵی کردنیان زیادەڕۆچوونیانە لە چەسپاندنی ئەوەی خوا کرداری بەندەکان دروست دەکات. بڕوانە: الإنصاف ٦٦، والإرشاد ١٨٧، والعقائد النسفية ٥٤ _ ٥٦.

(٣) عەبدولقاهری کوڕی تاهیری بەغدادی تەمیمی، باوکی مەنصور، زانایەکی کەلامی ئەشعەرییە، لە شاری بەغداد لە دایك بوو و لەوێش پێگەیشت، ڕۆیشتە خوراسان و لە نیسابوور نیشتەجێ بوو، بەهۆی ئاشوبی تورکمان ئەوێی بەجێهێشت، لە ساڵی ٤٢٩ك لە ئیسفەرایین کۆچی دوایی کرد. سير أعلام النبلاء.

(٤) أصول الدين ١٣٤.

**ئەشعەری و ماتوریدییەکان ناوی کردەوەیان داوەتە پاڵ بەندە تا لە گێژاوی جەبرییەت و ناچاری تەواوی بەندە دەربچن، کەچی لە ڕاستیدا کۆکن لەگەڵ جەبرییەکاندا، هەر بۆیە ئیجی[1] وتویەتی: ((جەبرییەتی میانڕەو، بەدەستهێنان _ الکسب _ بۆ بەندە دەچەسپێنێت وەك تیۆری ئەشعەرییەت، جەبرییەتی تەواویش ئەوەیە کە باوەڕ بەوەش نییە بەندە کردەوە بەدەست بهێنێت))[2]. ئەم بیروباوەڕانە هۆکارێك بوون بۆ دواکەوتنی زانستی و سەربازی ئوممەت، هەروەك هۆکارێکیش بوون بۆ پاڵپشتی کردنی خۆسەپاندن و زۆرداری سیاسی لە ناو ئوممەتدا.**

**موعتەزیلەکان دەرکەوتن بەوەی بانگخوازی ئازادی مرۆڤایەتین، چونکە بەوە وەسفی بەندەیان کرد کە بەدیهێنەری کردەوەکەیەتی، گومان لەوەدا نییە موعتەزیلە ئازادی مرۆڤی دەرخست، بەڵام مرۆڤیان کردە هاوبەش لەگەڵ خوا لە بەدیهێنان و دروستکردندا، ئەمەش بریتییە لە بە خواکردنی مرۆڤ، بەشدارپێکردنی مرۆڤە لە تایبەتمەندی هەر دیاری خوای پایەبەرز. موعتەزیلە پێشینەکان بەهۆی نزیکبوونیان لە پێشینە چاکەکان مرۆڤ بە دروستکەری کردەوەکەی وەسف نەدەکرد، بەڵام پاشینەکانیان بوێری ئەوەیان بەخۆدا بڵێن بەندە دروستکەری ڕاستەقینەی کردەوەکانیەتی[3].**

---

**(1) محەممەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئیجی شافیعی، دانیشتووی ناوچەی (ئیج)ە لە دەوروبەری شیراز، ڕاڤەکارو زانایەکی کەلامی ئەشعەرییە، ساڵی ٨٣٢ك _ ١٤٢٩ز لە دایك بووە، لە دانراوەکانی: (المواقف في علم الكلام) و (بيان في المعاد الجسماني والروح)، لە ساڵی ٩٠٥ك _ ١٥٠٠ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٦/ ١٩٥.**

**(2) المواقف ٤٢٨.**

**(3) بڕوانە: الإرشاد ١٨٧ _ ١٨٨.**

بیروباوەڕەکانی موعتەزیلە لەلایەن سەردەمگەراکان خوازراوە، ئەوانەی کاریگەرن بە شارستانیەتی ماددی خۆرئاوا، چونکە پێیان وایە بانگخوازی ئازادی و خەباتی سیاسی و بەرگاریکارن لە مافە کۆمەڵایەتییەکان[١].

ڕاستی مێژوویی ئەوە دەچەسپێنێت کە موعتەزیلەکان دژەکانیان پێ ڕم دەکەن و دان بە بەرامبەردا نانێن، ئاشوبی بەدیهێنراوی قورئانیان وروژاند، دەسەڵاتیشیان بەکارهێنا بۆ چەسپاندنی بیرۆکە پوچەڵەکانیان، ئەشکەنجەدانی فەرموودەناسان و پەیڕەوانی سوننە و ناچارکردنیان بۆ داننان بە ڕای موعتەزیلەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موعتەزیلەکان ستەمکاری و خۆسەپاندن و بێ بەشکردنیان پەیڕەوکردووە لە ناشرینترین وێنەکانیدا، گەواهیدەریشە لەسەر ئەوەی دوژمنی ئازادین نەوەك بایەخ پێدەری سەربەستی[٢].

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بانگخوازانی ڕاستەقینەی ئازادی پەیڕەوانی سوننە و جەماعەتن، هیچ تاقمێك نییە وەك ئەوان ماوەیان واڵا کردبێت بۆ ئازادی و دادگەری، چونکە گۆشەنیگای ئەوان دەقەکانی سروشن.

## دووەم: ئازادی سیاسی:

حوکم لە ئیسلامدا هۆکارو ئامرازێکە بۆ بەرپاکردنی فەرمانی خوای باڵادەست لەسەر زەوی، جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی، بەرجەستەکردنی بەندایەتی بۆ خوا، ئازادکردنی مرۆڤ لە بوون بە بەندەی تاغوت و خەیاڵ و ئەفسانە و بیروباوەڕە گومڕاکان.

---

(١) بڕوانە: التراث في ضوء العقل ١٩٣.

(٢) لەبارەی ئاشوب و ڕووداوەکانی بڕوانە: سير أعلام النبلاء (ترجمة الإمام أحمد بن حنبل).

**ئەمە مەبەست و ئامانجی هەموو بەرپرسیاریەتییەکانە ((کە چاککردنی ئاینی بەدیهێنراوانە کە هەر کاتێك ئەم ئاینەیان لە دەستچوو ئەوا زیانێکی ئاشکرا دەکەن و سوود و کەڵك وەرناگرن لەو نیعمەت و بەهرانەی پێیان دراوە لە دونیادا، هەروەها چاککردنی ئەو کاروبارانەی دونیا کە ئایین بەبێ ئەمان بەرپا نابێ و لەسەر پێ ناوەستێت))[١]، مەبەستی پێشەوایەتی و سەرۆکایەتی: ((بەرپاکردنی ئایین و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دونیای))[٢]، ئیبن عەقیلی حەنبەلی[٣] دەڵێت: ((سیاسەت کارێکە کە بەهۆیەوە خەڵك لە چاکسازی و چاکەکاری نزیکترو دوورتر بێت لە گەندەڵی))[٤]، ئیبن عابدین دەڵێت: ((سیاسەت چاکسازی کردنە لە ناو خەڵکدا بە ڕێنوێنی کردنیان بۆ ڕێگەی سەرفرازبوون لە دونیا و دواڕۆژدا))[٥].**

**حوکمڕان و کاربەدەست کەسێکی پارێزراو نییە کە گوفتارو کردارەکانی ڕەت نەکرێنەوە، بەڵکو بریکاری گەلە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بەشێوەیەك کە بەرژەوەندییەکان دەستەبەر بکات و بەر لە خراپەکان بگرێت، ئەگەر کاربەدەست**

---

**(١)** مجموع الفتاوى ٢٨/ ٢٦٢.

**(٢)** بروانە تێروتەسەلی مەبەستەکانی پێشەوایەتی: الإمامة العظمى ٧٩ _ ١٢٢.

**(٣)** عەلی کوڕی عەقیلی کوڕی محەممەدی بەغدادی زیفری باوکی وەفا، بە ئیبن عەقیل ناسراوە، زانای عێراق بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا، شێخی حەنبەلییەکان بووە لە شاری بەغداد، ساڵی ٤٣١ك _ ١٠٤٠ز لە دایك بووە. زۆر بەڵگە بەهێز بوو، لەسەرتای تەمەنیدا سەرقاڵ بوو بە ڕێبازی موعتەزیلەوە، حەلاجی بە مەزن دادەنا، لە دانراوەکانی: کتێبی (الفنون) زەهەبی لە کتێبە مێژووییەکەیدا وتویەتی لە دونیادا کتێبێك لەم کتێبە مەزنتر نەنووسراوە، و (الجدل على طريقة الفقهاء)، و (الفصول) لە فیقهی حەنبەلیدا، ساڵی ٥١٣ك _ ١١١٩ز. الأعلام ٤/ ٣١٣.

**(٤)** وەرگیراوە لە: الطرق الحكيمة ١٣.

**(٥)** حاشية الرد المحتار على الدر المختار ٤/ ١٥.

دادگەری بەرپاکرد و ڕاستگۆ و دڵسۆز بوو لە کاری گەل و ئوممەتدا ئەوا پاداشتێکی زۆری دەستدەکەویت، وەك چۆن لە فەرمووودەدا هاتووە: ((حەوت کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی لەو ڕۆژەی هیچ سێبەرێك نییە جگەلە سێبەری ئەو نەبێت))، یەکێك لەو کەسانەی باسکردووە کە ((کاربەدەستی دادگەر))ە[1]، ئەگەر کاربەدەست سەرپێچی کرد، ئەوا بەپێی سەرپێچییەکەی سزا دەدرێت و لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە[2]، نابێ لەسەر گوتە و کردارە نابەجێکەی بمێنێتەوە. گرنگی حوکم و پێشەوایەتی و سیاسەت بەدەردەکەوێت لەو لایەنەی کە بەهێزترین ئامرازن بۆ بەرپاکردنی مەبەستە شەرعییەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەی خوا، هەر بۆیە دانانی پێشەوا ئەرك و واجبێکی شەرعییە[3]، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ئاینی و دونیاییەکان و سەروەری داد و نەهێشتنی ستەم و بە دادوەردانانی شەریعەت لە پەرستشە هەرە باش و خواپەرستییە هەرە مەزنەکانن و پتەوترین هۆکارن بۆ پاراستنی بەردەوام بوونی ئایین و بەختەوەر بوونی مرۆڤ بەپێی سروشتە دەروونی و پێکهاتە جەستەییەکەی، ئەمەش بە حوکمردن بە ئیسلام و لانەدان لێی بەدەستدێت.

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: كتاب الآذان، باب فضل من جلس في المسجد ينتظر الصلاة وفضل المساجد، رقم ٦٦٠، ٢/ ١٦٨، وكتاب الزكاة، باب الصدقة باليمين، رقم ١٤٣٣، ٣/ ٣٤٤، ومسلم، كتاب الزكاة، باب فضل إخفاء الصدقة، رقم ٢٣٧٧، ٤/ ١٢١.

(٢) بڕوانە تێروتەسەلی پرسی لەسەر کار لادانی پێشەوا و هۆکارو ڕێگەکانی: الإمامة العظمى ٤٦٨ _ ٤٨٩.

(٣) بڕوانە: الإمامة العظمى ٤٥ _ ٧٣.

هەر بۆیە دووپات دەکەینەوە گرنگترین ئامانجەکانی کاربەدستی و حوکمڕانی پاراستنی ئازادی مرۆڤ[١] و ڕێزو حورمەتیەتی، ئازادییە مرۆڤایەتییەکان بە حوکمی ئەرکدار (تکلیف)ی و مەبەستی شەرعی دادەنرێن، قەدەغەکردنی ئەم ئازادیانەش بە دزێوترین ستەم دادەنرێ، چونکە ڕاستی قەدەغەکردنی ئازادی تەگەرە و کۆسپ دروستکردنە لەبەردەم بەندایەتی تەواو بۆ خوای پایەبەرز.

حوکم و ئازادی پەیوەندیەکی هەماهەنگ و ئاوێزانیان هەیە، حوکم هۆیەکە بۆ بەرپاکردنی بەندایەتی بۆ خوای پایەبەرز، بەندایەتی بۆ خوا کردن بەبێ ئازادی نابێ، چونکە هەر دووکیان لە یەك چاوگەوە پەلیان هاوێشتووە.

بەمە دەزانین تێکگیران لە نێوان ئەو حوکمەی لەسەر ئیسلام بەرپابووە لەگەڵ ئازادی ڕەوا بوونی نییە تەنها بەهۆی خراپ تێنەگەیشتن یان جێبەجێکردنەوە نەبێت، جا ستەم و قەدەغەکردنی مرۆڤ لە پیادەکردنی ئازادی ڕەوا لە هەموو بوارەکاندا وەك ئازادی بیرو بۆچوون و بانگەوازی و چاکسازی و خاوەندارێتی و بازرگانی و جگەلەمانەش هیچ فرِی بەسەر ئیسلامەوە نییە، بەڵکو دژی ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامە، بەهەمان شێوەیە ئەو ئازادییەش کە خوانەناسی و کردەوەی خراپ و ملنەدانە حوکم و بەرنامەی خوا بڵاودەکاتەوە بەهەمان شێوە ئازادی نییە، چونکە لەلایەکی دیکەوە بەندایەتی کردنە بۆ هەواو هەوەس و شەیتان و ژێری دەستکورت و جگەلەمانەش.

---

(١) مەبەستمان لە ئازادی لەو وتانەماندا ئازادی شەرعییە کە بەندایەتی کردن بۆ خوا بە تێرو تەواوی و خۆڕزگارکردن لە پەرستنی جگەلەو دەخوازێت، مەبەستمان شوێنکەوتنی هەواو هەوەس و حەزو ئارەزووەکان نییە، چونکە دەبێ ڕێگری لە شوێنکەوتنی هەوەس بکرێ، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی فەرمانی خوایە.

لەلایەکی دیکەوە حوکم لەگەڵ ئازادی کۆك دەبێ لە ڕووی ئامانج و مەبەستەوە، چونکە هەر دووکیان ئاوەدانکردنەوەی زەوی و جێنشینایەتی تێدا لەسەر پەیڕەو و بەرنامەی خوا دەستەبەر دەکەن، دەبنە هۆی ئەوەش مرۆڤ بە بەندایەتی کردن بۆ خوا و خۆدارِنین لە بەندایەتی کرد بۆ جگەلە خوا هەڵبستێت. لەلایەکی دیکەوە ((ئازادی لە بوون و بەرایی ڕەچاوکردنەوە پێش دەسەڵات دەکەوێت، ئازادی لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤ پەیدابووە، بووەتە بەشێك لە پێکهێنەری سروشتەکەی، خوای مەزن مرۆڤی بە ئازادی بەدیهێناوەو سەربەستی مرۆڤایەتی ویستووە، بەڵام سیستەمی سیاسی هاتووە وەك پاشکۆی بوونی مرۆیی لە پێناو پاراستنی بوون و ڕێکخستنی پێویستی و ئاڕاستەکردنی کۆششەکانی بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی دونیا و دوارۆژی بەندەکانی تێدایە، بەرنامەی سیاسی هاتووە تا ئازادی مرۆڤ بپارێزێت و بەرەو مەبەستی خۆی ئاڕاستەی بکات، پیادەکردنی ئازادیش ڕێك بخات بەشێوەیەك ستەم و زۆرداری قەدەغە بکات و ئەو ناکۆکیانە نەهێڵێت کە سەردەکێشن بۆ گەندەڵی و بەهەدەردان و خراپەکاری.

ئازادی بەرهەمێکی دەسەڵات نییە، دەرەنجامێکی بەرنامەی سیاسیش نییە، هەروەك خەڵات و بەخششێکیش نییە کە خاوەن هێزو دەسەڵات کەی حەزی لێبێت بیبەخشێت و کەی حەزیشی لێ نەبێت بیگرێتەوە، بەڵکو بەهرە و بەخششێکی خوای گەورەیە، خوای بەدیهێنەر بە مرۆڤی ڕێزداری بەخشیوە، هیچ کەسێك مافی زەوتکردن یان کەم کردنەوەی نییە))[1].

---

[1] بابەتی ئازادی لە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا، گۆڤاری (إسلامية المعرفة) ژمارە ٣١ _ ٣٢، لا ١٦٠.

ئا لێرەوە هەر بڕیارێك دژی ئازادی ڕەوا پەسەند نییە، چونکە پێچەوانەی یاساکانی ئیسلامە، شاتبی[1] لەو بارەوە دەڵێت: ((هەر کەسێك مەبەستی ئامانجێك بێ لە ئەرکە شەرعییەکان جگەلەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دانراوە، ئەوا پێچەوانەی شەریعەت هەڵسوکەوتی کردووە، هەر کەسێکیش پێچەوانەی شەرع هەنگاوبنێ ئەوا کارەکەی بێ بنەما و پوچەڵە))[2].

ئەم پوچەڵیەش بەرهەمی بەیەکدادانی مەبەستەکانی شەریعەتە، هۆکارەکەشی خراپ جێبەجێکردنی شەریعەتە لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەڵکدا.

## بنچینەکانی ئازادی لە حوکمڕانیدا:

حوکم لە ئیسلامدا لەسەر ئازادی ڕەوا دامەزراوە، تا هەڵبستێت بە پاراستنی و بایەخپێدانی بۆ ئەوەی بەندایەتی تەنها بۆ خوای پایەبەرز بکرێ، ملکەچی و سەرشۆڕی و ترس و پەیوەست بوون دەبێ تەنها بە خوای تاك و تەنهاوە بێت. دامەزراندنی حوکم لە ئیسلامدا لەسەر ئازادی و پاراستنی بەوشێوەیە پێگە باڵاکانی ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دەستی مرۆڤ و تەنها خواپەرستی ڕوون دەکاتەوە.

ئەمە لە میانەی ئەم بنچینانەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

---

(١) ئیبراهیمی کوڕی موسای محەممەدی خومی غەرناتی مالکی، زانایە لە بواری زانستی بنەماکانی فیقهدا، لە کتێبەکانی: ((الإعتصام)) و ((والموافقات في أصول الفقه))، ساڵی ٧٩٠ك _ ١٣٨٨ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ١/ ٧٥.

(٢) الموافقات ٢/ ٣٣٣.

## أ_ بەرپاکردنی دادگەری و ڕەتکردنەوەی ستەم:

**دادگەری ناوێکی گشتییە بۆ دانانی شتەکان لە شوێنی ڕاست و دروستی خۆیان، ستەمیش پێچەوانەیەتی، خوای پایەبەرز دەفەرموویێت:** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٩٠﴾﴾ النحل. **واتە: (بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و ڕێگری لە گوناه و تاوان و دەستدرێژ دەکات، ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن و تێبفکرن _ هەر چاکە بکەن _).** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾﴾ النساء. **واتە: (بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو سپاردەکان بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان، هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە بڕیار بدەن، چونکە بەڕاستی خوا بە چاکی و جوانی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خوا هەمیشە بیسەرو بینایە).** ﴿وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾﴾ الأنعام. **واتە: (کاتێك قسەتان کرد ئەوا داپەروەر بن _ ئەگەر لایەنی نا حەق _ خزمی نزیکیش بێ، بەوەفا بن لەگەڵ ئەو بەڵێن و پەیمانەی لەگەڵ بەستووتانە، خوا فەرمانی بەو شتانەداوە تا یادەوەری وەرگرن).** ﴿يَٰٓأَيُّهَا

ﭐلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٨﴾ المائدة. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر بەچاکی هەڵسن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ لایەنێك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەری لابدەن، دادپەروەر بن ئەوە نزیکترە لە پارێزکاری و لە خواترسی، دەی کەواتە لە خوابترسن، بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوەی کە دەیکەن). لە فەموودەدا هاتووە _ خوای گەورە فەرموویەتی _[1]: ((هۆ بەندەکانم، من ستەمم لەسەر خۆم قەدەغەکردووە، لە نێوان ئێوەشدا یاساغم کردووە، بۆیە ستەم مەکەن))[2]. پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرموویەتی: ((کەسێك ببێتە کاربەدەستی ئوممەت، جا کارەکەی کەم و بچوك بێ یان زۆر گەورە بێ دادگەری تێدا بەرپا نەکات، ئەوا خوای پایەبەرز ڕووخساری دەخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە))[3]. دەقە شەرعییەکان کە هاتوون و فەرمان بە دادگەری و ڕێگری لە ستەم دەکەن گەلێك زۆرن.

دادگەری کارێکی سەرپشکی (اختیاری) گونجاوە لەگەڵ یاسا گەردوونیە نەگۆڕەکانی خوا، ستەمیش پێچەوانەیەتی، نەبوونی دادگەری دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گەندەڵی و کاوڵکاری و شڵەژان، هەروەك شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە

---

(١) وەرگێڕ.

(٢) موسلیم گێڕاویەتیەوە: كتاب البر، باب تحريم الظلم، رقم ٦٥١٧، ١٦/ ٣٤٨؛ من حديث أبي ذر رضي الله عنه.

(٣) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە، ٥/ ٢٥، الفتح الرباني ١٤/ ٤٣ و ٢٣/ ١٤؛ وابن أبي شيبة في مصنفه، كتاب السير، باب في الإمارة، رقم ٣٢٥٤٥، ٦/ ٤٢٣، والطبراني في الكبير رقم ١٦٩١٠، ١٥/ ١٥٥، من حديث معقل بن يسار رضي الله عنه.

وتویەتی: ((داد بەرنامەی هەموو شتێکە، ئەگەر کاروباری دونیا بە دادگەری بەرپاکرا ئەوا شتەکان بە ئاسایی دەکەونە سەرپێ، ئەگەرچی کەسە دادوەرەکە لە دواڕۆژدا هیچ پاداشت و بەشێکیشی نەبێت، ئەگەر دادگەری بەرپا نەکرا ئەوا کاروبارەکان بە ڕێك و پێکی ڕایی ناکرێن، ئەگەرچی نا دادگەرەکە خاوەنی باوەڕێکی وا بێت کە لە دواڕۆژدا پاداشت دەستبخات))[١].

کارکردن بە بەرنامەی خوا لە ناو خەڵکدا لە دادگەرییەوەیە، چونکە نابێ خەڵك ملکەچی هەواو هەوەسە مرۆییە دەستکردەکان ببن، بەڵکو ملکەچ بوونیان دەبێ بۆ خوای بەدیهێنەریان بێت، خوای گەورەش یاسا و بەرنامەی وای بۆ ئەوان دارشتووە کە بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر بکات و خراپەکانیان لێ دووربخاتەوە.

یەکێکی دیکە لە دادگەری پێدانی ئازادییە بە تاکەکان و دەستێوەرنەدانیەتی، چونکە لە مافە تایبەتیەکانە و نابێ بێ مۆڵەتی خوای مەزن[٢] یان خاوەنەکەی دەستی تێوەربدرێت.

ئەمانەش دەچنە ناو بازنەی دادگەریەوە: سەربەخۆبوونی دادگا، بێ تاوان بوونی تۆمەتبار تا تاوانەکەی لەسەر نەچەسپێ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەستۆی پاکە، ڕێگرگرتن لە ڕوودانی ستەم لەکاتی گرتنەبەری ڕێ و شوێنی لێکۆڵینەوە،

---

١) الحسبة ٩٤.

٢) مۆڵەتی خوا لە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) دەناسرێ، تێگەیشتنی کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر بە چەند زانستێکی پێوەری ڕێکخراون، کە ئەو زانستانە لەوپەڕی وردی و ڕێك و پێکی و چاکیدان: (زانستی زاراوەی فەرموودە، زانستی بنەماکانی فیقە، زانستی زمان)، بۆ هەر کەسێك ڕەوا نییە لەو گۆڕەدا هەڵسێت چۆن بیەوێت ئاوا ڕاڤەیان بکات.

**یەکسانی لەبەردەم دادگای شەرعی، جیاوازی نەکردن لە نێوان خەڵکدا جا خاوەنی هەر پێگە و تایبەتمەندییەك بن، جگەلەمانەش لە ڕێوشوێنەکانی سزاو پاداشت کە ڕێگرن لە ڕوودانی ستەم و زۆرلێکردن و شوێن کەوتنی هەواو هەوەس و ماستاوچیایەتی کردن بۆ خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەکان.**

**هەر ستەمێك لە دادگایی کردن و ناوبژیوانیدا بکرێ ناکرێ بدرێتە پاڵ ئیسلام، چونکە شەریعەت هەرگیز ستەم و زۆرداری پەسەند ناکات، بەڵکو ڕەتی دەکاتەوە.**

**یەکێك لە پرسە سەرەکییەکانی دادگەری پێدانی مافەکانە، وەك: مافی خوێندن و خاوەنداریێتی و جێگۆڕین و هاتوچوون و کارکردن، دەستەبەری پێداویستییەکانی مرۆڤ و پاراستنیان، دابەشکردنی سەروەت و دەرامەتی گشتی بە یەکسانی لە نێوان موسڵمانان، ڕێگەگرتن لە شکاندنی شەرەف و ڕێزو پێشێلکردنی مافەکانی خەڵك تەنها بە مافی ڕەوا نەبێت، چەندین مافی زۆری دیکەش کە دەقە شەرعییەکان ئاماژەیان پێکردووە[1].**

**کۆی دادگەری بریتییە لە کارکردن بە ئیسلام، چونکە یاسا و ڕێساکانی سەرتاپای دادگەرین، ڕەوشت و بەهاکانی بەرزن، ئیسلام هاتووە تا دین و دونیای مرۆڤ چاك بکات.**

**(1) بڕوانە تێروتەسەلی ئەم ماف و ئازادییانە لە: كفالة الحريات في الإسلام ٥٦ ـ ١٧٢.**

## ب_ هەڵبژاردنی دەسەڵاتدار (دیاریکردنی حوکمڕان):

دامەزراندنی دەوڵەت شتێکی پێویستە بۆ بەرپاکردن و پاراستنی ئاینی خواو کارکردن بە بەرنامەکەی لە ناو خەڵکدا، هەروەها بۆ پاراستنی ماف و سنوورەکان، یەکدەنگی براوە[1] دروستبووە لەسەر پێویستی پێشەوایەتی و دانانی حوکمڕانێك کە مەبەستەکانی پێشەوایەتی دەستەبەر بکات. غەزالی دەڵێت: ((دەسەڵاتدار پێویستە لە بەرنامەی دین و دونیادا، بەرنامەی دونیاش پێویستە بۆ بەرنامەی ئایین، بەرنامەی ئاینیش پێویستە بۆ بردنەوەی بەختەوەری دوارۆژ، ئەمەش مەبەستی تێکرای پێغەمبەرانە، جا پێویستی بوونی پێشەوا یەکێکە لە پێویستییەکانی شەرع کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ))[2].

هەڵبژاردنی حوکمڕان گوزارشتە لە گرێبەستێك کە لە نێوان گەل و حوکمڕاندا گرێدەدرێت، حوکم بۆ خودی هیچ کەسێك وەك میرات نەماوەتەوە، بەڵکو گەل بەوپەڕی ئازادییەوە ئەو کەسە هەڵدەبژێرێت کە تایبەتمەندییە شەرعییەکانی تێدا دێنەجێ و بەهۆیەوە مەبەستی پێشەوایەتی لە بەرپاکردنی ئایین و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەستەبەر دەبن.

(١) بڕوانە: الأحكام السلطانية ٥، والجامع لأحكام القرآن ١/ ٢٦٤؛ المقدمة ١٩١ و غيرها.

(٢) الإقتصاد في الإعتقاد ١٩٩.

**هەر بۆیە هاوەڵان** (ڕەزای خوایان لێبێت) **لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر** (ﷺ) **پێشەوایەتیان بە ئەبو بەکری سدیق سپارد، ناوبراو نەبووە پێشەوا تا ئەم گرێبەستە ئەنجام نەدرا بە ئازادییەکی تەواو**[1].

**لەم بارەوە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: ((ئەگەر وا ڕێك بکەوتایە عومەرو کۆمەڵێك لە هاوەڵان بەڵێنیان بە ئەبو بەکر دابا و تێکڕای هاوەڵانی دیکەش بەڵێنیان پێ نەدابووبا، ئەوا نەدەبووە پێشەوا، ئەبو بەکر بە بەڵێن پێدانی زۆربەی هاوەڵان کە خاوەنی ڕێزو حورمەت و پێگە بوون بووە پێشەوا... هەمان شت سەبارەت بە عومەریش کاتێك ئەبوبەکر وەك پێشەوا ڕایسپارد ئەوا کاتێك بووە پێشەوا کە هاوەڵان بەڵێنیان پێدا و گوێڕایەڵیان کرد، ئەگەر وا ڕێك بکەوتایە هاوەڵان ڕاسپاردنی ئەبو بەکریان جێبەجێ نەکردبا و بەڵێنیان پێ نەدابووبا ئەو عومەر نەدەبووە پێشەوا... بەهەمان شێوە عوسمانیش نەبووە پێشەوا تەنها بە بۆچوون و بەڵێنی چەند کەسێك، بەڵکو بەوە بووە پێشەوا کە خەڵك بەڵێنیان پێدا، تێکڕای موسڵمانانیش بەڵێنیان بە عوسماندا و هیچ یەکێك دوانەکەوت))**[2].

**ئەمە گرێبەستێکە واتاکەی ڕوونە، چونکە بریکارییە و پێشەوا هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئوممەت بەشێوەیەك کە بەرژەوەندییەکان دەستەبەر بکات و پێش لە گەندەڵی و خراپە بگرێت، لەم بارەوە ((بەهوتی))**[3]

(١) بڕوانە: البخاري مع الفتح، كتاب الأحكام، باب الإستخلاف، رقم ٧٢١٩، ١٣/ ٢١٨.
(٢) منهاج السنة ١/ ١٤١ _ ١٤٢.
(٣) مەنسوڕی کوڕی یونسی کوڕی سەڵاحەددینی بەهوتی، دەدرێتە پاڵ بەهوت کە دەکەوێتە خۆرئاوای میسڕ، ساڵی ١٠٠٠ك _ ١٥٩١ز لە دایك بووە، شێخی حەنبەلییەکان بووە لە میسڕ لە سەردەمی

**دەڵێت: ((سەرپەرشتی کردنی پێشەوا بەسەر خەڵکدا بەوەیە کە بریکاری خەڵکە، ئەو بریکاری موسڵمانانە، پێشەوا بۆی هەیە دەستلەکار بکێشێتەوە، ئەگەر پێشەوا داوای لەکار دوورخستنەوەی خۆشی کرد ئەوا بۆی هەیە، بە بەڵگەی ئەم وتەیەی ئەبو بەکر کە وتی: لەسەرکار لام بدەن، لەسەر کار لام بدەن، موسڵمانانیش وتیان: شتی واناکەین و دوورت ناخەینەوە))[1].**

**بناغەی گرێبەستەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا دامەزراوە لەسەر ئەوەی ڕەزامەندی بنچینەیەکی سەرەکی دروستی گرێبەستە، گرێبەستێك دروست نییە کە ناچاری تێدا بێت[2]، هەروەك خوای پایەبەرز دەفەرموویێت: ﴿إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَـٰرَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ ٢٩﴾ النساء. واتە: (مەگەر بازرگانیەك بێت لەسەر ڕەزامەندی هەموو لایەکتان بێت).**

**گومان لەوەدا نییە پێشەوایەتی و حوکم زۆر گرنگترو لەپێشترە لە کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و تێکڕای گرێبەستەکانی دیکە، چونکە بەستراوەتە بە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانانەوە، ئەندێشە ناکرێ گرێبەستی پێشەوایەتی دروست بێ لەکاتێکدا ناچاری لە گۆڕێدا هەبێت.**

---

خۆیدا، لە دانراوەکانی: (الروض المربع شرح زاد المستنقع) و (کشاف القناع عن متن الإقناع) و (دقائق أولی النهی لشرح المنتهی)، ساڵی ١٠٥١ك _ ١٦٤١ز کۆچی دوایی کردووە، الأعلام ٧/ ٣٠٧.

(١) کشاف القناع ٦/ ١٦٠.

(٢) سەلەفی و وەهابییەکان ئەم قسەیە دەکەن، بەڵام ئەگەر تۆ وتت: معاویە موسڵمانانی ناچارکرد لەسەر ئەوەی بەڵێنی جێنشینایەتی بدەنە یەزیدی کوڕی، کارێکی باشی نەکردووە، ئەوا ڕاستەوخۆ لێت قیت دەبنەوەو دەڵێن تانە و توانجدان لە هاوەڵانی پێغەمبەر کوفرە، یەزید ئەمیری باوەڕدارانە، کتێبەکانیان تا ئێستاش یەزید بە ئەمیر دەزانن. قەیناکا ئەگەر وەك ئەمیری عەرەبە دەشتەکییەکان سەیری بکەن، بەڵام یەزید و ئەمیربوونی موسڵمانان کوجا مەرحەبا. (وەرگێڕ).

ناكرێ بڕیار بدرێ لەسەر پوچەڵی كرین و فرۆشتێك لە شتێكی كەمدا بێ ڕەزامەندی، گرێبەستی پێشەوایەتیش بە ناچاری و بێ ڕەزامەندی بە دروست دابنرێ.

جا ئەگەر ڕێگەی هەڵبژاردن و دیاریكردنی پێشەوا بریتی بێ لە بۆچوونی ئوممەت، ئەوا دیاریكردن و هەڵبژاردن واتە ئازادی، چونكە بە بوونی ناچاری هەڵبژاردن لە گۆڕێدا نامێنێت، هەڵبژاردن بریتییە لە پەسەند كردنی شتێك لە نێوان دوو یان چەندین شتدا.

## پ_ دەسەڵاتدار پێویستە پابەند بێت بە ڕاوێژەوە:

پرس و ڕاوێژ لە كاروبارەكانی حوكمدا یەكێكە لە مافەكانی ئوممەت، پرس و ڕاوێژ ئەم شتانە دەگرێتەوە: سەرەتا لە هەڵبژاردنی پێشەواوە، ڕەچاوكردنی بۆچوونی زۆرینەیان، بۆیە عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) بە پسپۆڕانی هەڵوەشاندنەوەو گرێدان (أهل الحل و العقد)ی وت كە ڕایسپاردبوون بۆ ئەوەی پێشەوایەك لە دوای مردنی خۆی دیاری بكەن: ((هەر كەسێك پێشەوایەتی گرتەدەست بێ ڕاوێژی موسڵمانان ئەوا لە ملی بدەن))[1]، لە گێڕانەوەیەكی دیكەدا هاتووە: ((_ ئەوەی بێ ڕاوێژ دەبێتە پێشەوا _ نەخۆی بەڵێنی هەیە، نە ئەوانەش كە بەڵێنیان پێداوە))[2]، پێشتر قسەكرا لەسەر پێویستی پرس و ڕاوێژكردن لەبارەی هەڵبژاردنی پێشەوا لەسەرەتادا.

---

(١) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەكەی كراوە.

(٢) ئیبن ئەبو شەیبە لە موسەننەفەكەیدا گێڕاویەتیەوە: باب ما جاء في خلافة أبي بكر في الردة، رقم ٣٧٠٣٢، ٧/ ٤٣٢.

سەبارەت بە پێویستی پابەندبوونی پێشەوا بە ڕاوێژی پسپۆڕانی هەڵوەشاندنەوەو گرێدان (أهل الحل و العقد) ئەوا ڕاجیایی تێدا نییە، ئەگەر ئەو ڕاوێژە لە شتێکدا بوو پێشەوا شارەزایی تێدا نەبوو، چونکە پێویستە لەسەری پرسیار لە زانایان بکات، هەروەك خوای تاك و پاك لە هاوەڵ فەرموویەتی: ﴿ فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل: ٤٣. واتە: (ئەگەر نایزانن ئەوا لە زانایان و شارەزایان بپرسن).

جوەینی دەڵێت: ئەگەر ((کۆششکار نەبی لە ئاینی خوادا، ئەوا دەبێ شوێن پێی زانایان هەڵبگرێ، گوێڕایەڵی فەرمان و ڕێگرییەکانی ئەوان و چەسپاندن و ڕەتکردنەوەکانیان بێت))[1].

ئەگەر پێشەوا خۆیشی لە زانایان بوو، ئەوا ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە پرس و ڕاوێژکردن هەر لەسەری پێویستە، دەبێ پێیەوە پابەند ببێت، چونکە بنچینەی دەستنیشانکرانی دەگەڕێتەوە بۆ ئوممەت، کاریشی ڕاییکردنی کاروبارەکانی ئوممەتە، بۆیە دەبێ بۆیان بگەڕێتەوە، گوێڕایەڵی ڕای زۆرینەیان بێت، ئەمە لەو شتانەدا کە پەیوەستە بە کاروباری چارەنووسسازو بەرژەوەندییە گشتییەکان و پرسە مەترسیدارەکان، بەڵام لە کاروبارە ئاساییەکاندا ئەوا بێ پرس و ڕاوێژیش دەتوانێت بەڕێیان بکات، چونکە دانرانی وەك پێشەوا بەڵگەیە لەسەر ڕاسپێررانی.

---

[1]) غیاث الأمم ٤٧.

ئەم فەرمایشتانەی پەروەردگاریش ئاماژەن بۆ ئەمە: ﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ ١٥٩﴾ آل عمران. واتە: (لەکارو پێشهاتدا ڕاوێژو پرس و ڕایان پێ بکە، ئەگەر بڕیارتدا _ کارێك ئەنجام بدەی _ پشت بەخوا ببەستە)، ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشورى. واتە: (کاروباریان هەردەم بە ڕاپرسی و ڕاوێژکارییە). هەروەها لە فەرموودەی عەبدوڕەحمانی کوڕی غونمدا (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئەبو بەکرو عومەری (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمووە: ((ئەگەر بە ڕاوێژ لەسەر شتێك کۆك بن، ئەوا هەرگیز تێدا سەرپێچی ئێوەم نەدەکرد))[1].

ژیاننامەی کرداری پێغەمبەر (ﷺ) گەواهی لەسەر ئەوە دەدات کە پرس و ڕاوێژی بە هاوەڵانی نەکردووەو ڕای زۆرینەیانی پشتگوێ خستبێت[2]، گومانیش لەوەدا نییە پابەندبوون بە بۆچوونی ڕاوێژکارانەوە دەستەبەری نەکەوتنە ناو خۆسەپاندن و ستەم و هەڵەکاری دەکات، چونکە وتەی زۆرینە لە بۆچوونی تاك لە ڕاستی نزیکترە[3].

ناکرێ بەڵگە بهێنرێتەوە بەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێچەوانەی بۆچوونی هاوەڵانی جوڵاوەتەوە لە پەیماننامەی حودەیبییەدا، چونکە ئەوە شتێك بوو بواری

---

(١) ئەسەدی کوڕی موسا لە (فضائل الصحابة) و فسوی لە (المعرفة والتاريخ)دا گێڕاویانەتەوە،حافز وتویەتی: (ڕشتە و زنجیرەکەی لەکەی لێ نییە)، بڕوانە: الفتح ١٣ / ٣٥٢.

(٢) بڕوانە: الإمامة العظمى ٤٥٧، بڕوانە چەندین گەواهی دیکە لە بارەی پابەند بوون بە ڕاوێژەوە لەسەردەمی پێغەمبەرو جێنشینە سەرڕاستەکان: الحرية والطوفان ٣١ _ ٤٥.

(٣) بڕوانە: أصول النظام الحكم في الإسلام ٢١٤.

ڕاو بۆچوونی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەی پەیماننامەکەی حودەیبیە لەسەر سروش و نیگای خوایی ئەنجامدرا و بۆچوون هیچ ڕۆڵێکی تێدا نەبوو[١].

ئەم ڕاوێژکردنە کە دەبێ پێشەوا پێیەوە پابەند بێ، نابێ ناچارکردنی تێدابێ، بەڵکو دەبێ ئەوپەڕی ئازادی تێدا بنوێنرێ، چونکە دەرەنجام و بەرهەمەکانی بەدەستەوە نادەن بەبێ ئازادی و سەربەخۆیی دوور لە فشارەکان.

مەبەستی سەرەکی ڕاوێژکردن گەیشتنە بە باشترین ڕێگە و ڕاسترین ئەو ڕێبازەی مەبەستە شەرعییەکان دەستەبەر دەکات، ئەمەش وادەکات پێشەوا سەربەخۆ و تاکڕەو نەبێ لە دیاریکردن و بڕیاردان لە بەرژەوەندییەکانی ئوممەت، ئەم خۆسەپاندن و تاکڕەوییە چاوگی ستەم و پەسەندکردنی حەزە تایبەتەکانە بەسەر حەزە گشتییەکانی ئوممەتدا، ئەمەش ئاماژە دەکات بەوەی ڕاوێژ هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی دەسەڵاتی پێشەوا لە چوارچێوەی گوێڕایەڵی کردنی خوادا، ئەمەش بناغەیەکی شەرعییە لە باسی پێشەوایەتیدا و دەقی شەرعی زۆری لەسەر هاتوون، وەك ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ((گوێڕایەڵی کەسێك ناکرێ کە فەرمان بکات بە سەرپێچی کردنی خوای بەدیهێنەر))[٢]، ئەم واتایە بەشێوەی ڕێژنەیی (متواتر) لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزدا هاتووە.

---

(١) بڕوانە: فتح الباري، كتاب الشروط، باب الشروط في الجهاد والمصالحة مع أهل الحرب وكتابة الشروط، ٥/ ٤٠٨.

(٢) تەبەرانی گێڕاویەتیەوە لە نواسی کوڕی سەمعان (ڕەزای خوای لێبێت) لە: المعجم الكبير عزاه له السيوطي في جمع الجوامع، ١/ ٩١٣ في الجزء المفقود ٢١ والبغوي في شرح السنة، كتاب الإمارة والقضاء، باب الطاعة في معروف، رقم ٢٤٥٥، ١٠/ ٤٤، وأبو داود الطيالسي في المسند، رقم ٨٥٦ ص ١١٥،

((بەڕاستی ڕاوێژ _ الشورى[١] _ لە ڕاستیدا گوزارشتە لە ڕاگۆڕینەوەی نێوان خاوەن بۆچوون و شارەزا و داناکان لەکاتی هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی کاروبارەکانی ئوممەت و بەرژەوەندییە گشتییەکانی، هەر بۆیە دەبینین ڕاوێژ دەستەبەر نابێت تەنها بە هاتنەجێی ئازادی نەبێت، بەشێوەیەك کە هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی ڕاوێژ بتوانێت بە ئازادی تەواو گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات، ئەگەر ئەو ئازادیەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژ نەما، ئەوا ناتوانن ئازادانە گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن و مەبەست و ئامانجی ڕاوێژیش ون دەبوو. ڕاوێژ بوونی نییە بەبێ ئازادییەك کە وایان لێ بکات ئازادانە بۆچوونەکانیان بەبێ ترس و بیم بخەنەڕوو))[٢].

## ت _ چاودێری کردنی دەسەڵاتدارو ڕاستکردنەوەی:

پێشتر ئەوەم ڕوون کردەوە ئوممەت لەسەرەتادا خاوەنی مافی هەڵبژاردنی پێشەوایە، بەهەمان شێوەیە خاوەنی ڕاوێژپێکرانیشە و بەتایبەت لە بەرژەوەندییە گشتییەکان و کارە گرنگەکاندا، دەبێ پێشەوا پابەندیش بێ بە بۆچونی ئوممەتەوە، بەم پێیە گەل و ئوممەت بەرپرسە لە چاودێری و ڕاستکردنەوەو پابەندکردنی حوکمڕان بە مەبەستەکانی پێشەوایەتییەوە، وەك: کارکردن بە بەرنامەی ئیسلام و پابەندبوون بە دادگەری و دەستەبەرکردنی

---

والحاكم في المستدرك، كتاب معرفة الصحابة، باب كان سبب حكم بن عمرو _ و قال: صحيح الإسناد، ٣/ ٤٤٣، قال العلامة الألباني: صحيح. انظر صحيح جامع الصغير، رقم ٧٥٢٠، ٢/ ١٢٥٠.

(١) ڕاغبی ئەسفەهانی لەبارەی ناساندنی ڕاوێژەوە دەڵێت: (بریتییە لە دەرهێنان و هەڵهێنجانی بۆچوون بە گەڕانەوە بۆ یەکی دیکە). مەبەستی لە بۆچوون: بۆچوونی ڕاست و دروستە.

(٢) مسألة الحرية في النظام السياسي الإسلامي، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ٣١، ٣٢، ص ١٠٩.

بەرژەوەندییەکانی ئوممەت و لادانی خراپە لێی، هەروەها دابینکردنی هەموو ئەو ئامرازو هۆکارانەی ئەم مەبەستانە فەراهەم دەکەن.

ئەم ئازادییە پشت ئەستوورە بە بنچینە مەزنەکانی ئیسلام و ڕاستییە گەورەکانی، وەك فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و دڵسۆزی و ئامۆژگاری، باوەڕبوون بەوەی کە لێپرسینەوە لەگەڵ ناکرێ لەسەر کردەوەکانی تەنها خوای گەورەیە، بەڵام بەدیهێنراوان بەرپرسن لە هەڵسوکەوتەکانیان[1]، هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە (كُلّكُمْ راعٍ، وكُلُّكُم مَسؤولٌ عن رَعِيَّتِهِ، الإمامُ راعٍ وهو مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)[2] واتە: هەمووتان چاودێرو شوانن، هەمووشتان بەرپرسیارن لە ژێر دەستەکانتان، پێشەوا چاودێرەو بەرپرسیارە لە ژێر دەستەکانی. جا ئەم بەشە: (وهو مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ) دونیا دەگرێتەوە بە لێپێچینەوەو هەڵسەنگاندن، دواڕۆژیش دەگرێتەوە بە پاداشت دانەوە لەسەر کردەوەکانی.

هەر بۆیە فەرموودە هاتن لە بارەی جەختکردنەوە لەسەر ئەم واتایانە، ئەمانەش هەندێك واتان کە یەکدەنگیان لەسەرە بێ ڕاجیایی، یەکێك لەو فەرموودانە: (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە دەبێ فەرمان بەچاك و ڕێگری

(١) ئەمانە چەند بنەمایەکن زۆر دەق گەواهی لەسەر دەدەن، یەکێکە لە بنەما نەگۆڕو براوەکان، دەکرێ لە شوێنی خۆی بەدواداچوون بۆ تێروتەسەلی بکرێ.
(٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: كتاب النكاح، باب (قوا أنفسكم وأهليكم نارا)، ٥١٨٨، ٩/ ٦٣ مع الفتح، ورواه مسلم، كتاب الإمارة، باب فضيلة الإمام العادل، رقم ١٨٢٩، ص ٨٦٣.

لە خراپە بکەن یان خوای گەورە سزایەکی خۆی بۆتان ڕەوانە دەکات، پاشان لێی دەپاڕێنەوەو لێتان وەرناگرێت و وەڵامتان ناداتەوە)[1].

هەروەها ئەم فەرمایشتە: (ئەگەر ئوممەتی منت بینی ترسا لەوەی بە ستەمکار بڵێت: ئەی ستەمکار، ئەوا ماڵئاوایی لە ئوممەتەکەم کراوە)[2].

هاوەڵان ئەم بنچینە شەرعییەیان پەسەند کردووە بۆ چاودێری کردنی ئوممەت بەسەر ئەو هاوەڵانەی حوکمڕان بوون، جا لە یەکەم وتاری ئەبو بەکری سدیقدا (ڕەزای خوای لێبێت) دوای بوونی بە جێنشین وتی: ((من دانراوم بە سەرپەرشتیاری ئێوەو باشترینتان نیم، جا ئەگەر چاکم کرد یارمەتیم بدەن، ئەگەر خراپیشم کرد ڕاستم بکەنەوە))[3]، عومەری کوڕی خەتابیش (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: ((ئەگەر خوارو خێچییەکتان تێدا بینیم ڕاستم بکەنەوە))[4].

هەموو ئەو چاودێری و ڕاستکردنەوەی باسی لێوەکرا تەنها لە میانەی ئازادییەکی تەواو و بێ تەنگ پێهەڵچنین دەبێت، ئەگەرنا ناکرێ ئەم چاودێری و ڕاستکردنەوەیە ئەنجام بدرێ.

---

(١) تورمزی لە سونەنەکەیدا گێڕاویەتیەوە: كتاب الفتن، باب ما جاء في لأمر بالمعروف، رقم ٢١٦٩، ٤/ ٤٦٨، والبغوي في شرح السنة، كتاب الرقائق، باب الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، رقم ٤١٥٤، ١٤/٣٢٥، وأحمد في المسند ٥/ ٣٨٨؛ الفتح، ١٤/ ١٧٢.

(٢) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: المسند ٢/ ١٩٠؛ الفتح ١٩/ ١٧٥، الشرح ٦٧٧٦، ١١/٤٦، ٦٧٨٤، ١١/ ٤٩، قال الشيخ أحمد شاكر: إسناده صحيح.

(٣) تاريخ الطبري ٣/٢٠٣.

(٤) تاريخ الخلفاء ١٣٠.

نابێ بوترێت: ڕەخنەگرتن لە پێشەوا لە شتێکدا یان لێپرسینەوە لە هەڵسوکەوتەکانی دژە لەگەڵ گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری، چونکە گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بەستراونەتەوە بە شەریعەتی ئیسلامیەوە، سەرباری پوچەڵی ئەو بانگەشەی ڕەخنەگرتن لە پێشەوا بە یاخی بوون دادەنێ یان ڕەخنەگر بە خەواریج تۆمەتبار دەکات(١).

دوای ئەوەی بنچینەکانی ئازادیمان لە سیاسەت و پێشەوایەتیدا ڕوونکردەوە کە لە ئیسلامدا چییە، ئەوە ماوەتەوە ئاگاداری بدەم لەسەر مەسەلەیەکی گرنگ ئەویش ئەوەیە زۆرێك لەوانەی لە بارەی پرسی حوکم و سیاسەت لە ئیسلامدا نووسیویانە کەوتوونەتە ناو خلیسکانێکی گەورەوە ئەویش هەوڵدانە بۆ گونجاندن لە نێوان نموونەی دەوڵەت و حوکم لە ئیسلامدا لەگەڵ سیستەمە دیموکراسییە خۆرئاواییەکان، ئەمەش بۆ شکستی دەروونی دەگەڕێتەوە لە بەرامبەر خۆرئاوای سەرکەوتوو لە ڕووی ماددیەوە.

جیاوازی نێوان پێشەوایەتی و سەرۆکایەتی لە ئیسلام و دیموکراسییەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوی یەکەم و سەرەکی هەر یەکێکیان، جا لۆژیکی دیموکراسی لۆژیکێکی ماددی دوورەپەرێزە لە ئایین و ڕەوشت و بەهاکان، پشت بە عەقڵی کەم و کورتی مرۆڤ دەبەستێت، پێی وایە عەقڵ تاکە یاسادانەرە بتوانێت مرۆڤ بە بەختەوەری بگەیەنێت، لەکاتێکدا پێشەوایەتی لە ئیسلامدا لەوەوە هەنگاو دەنێ کە یاسادانان کاری خوایە، خوای گەورە ئەوەی بۆ خەڵك داناوە کە بۆ ئەوان باشە،

---

(١) بڕوانە بەڵگە و گەواهی کرداری لەسەر ڕەخنەگرتنی پێشینە چاکەکان لە حوکمڕانان: صحيح البخاري رقم ١٥٦٣، ومسلم ٦/ ٤١٧، شرح النووب؛ وتفسير ابن كثير ٢/ ٢٣٠، وسير أعلام النبلاء ١٤٣/٧_ ١٤٤ وغيرها.

مەبەستی پێشەوایەتیش بەرپاکردنی بەندایەتییە بۆ خوا بە واتا گشتگیرەکەی، پەیوەستیشە بە بەها و ڕەوشتەوە.

هەوڵدان بۆ جیاکاری کردن لە نێوان بیرۆکەی دیموکراسییەت و ئامرازەکانی، پەسەند نەکردنی دیموکراسییەت و وەرگرتنی ئامرازەکانی بەو پاساوەی گوایە گونجاوە لەگەڵ حەقیقەتی ئیسلام، ئەم هەوڵدانە شتێکی پوچەڵە و ئامانج لێی بەیەکەوە گرێدانی ئیسلام و دیموکراسییەتە؛ ئەوەی ئەمە دەکات دەکرێ وا لێکی بداتەوە کە ئەمە پێداهەڵدان و دەرخستنی بەها شارستانیەتەکەی ئیسلامە، کەچی دەکرێ ئەم کارە ئەنجام بدرێ بێ گرتنەبەری ئەم شێوازە تێکشکاوە[1].

پێشتر قسەی (شیریل بینارد) خرایەڕوو لە بارەی ڕەخنەگرتن لەم ئاڕاستەیە و ڕوونکردنەوەی ئەوەی سیستەمی ئیسلامی لە حوکمڕانیدا جیاوازە لە سیستەمی دیموکراسییەتی هاوچەرخ، قسەکەشی ڕاستە[2]، گونجاندن لە نێوان شتی جیاوازدا شێواندنی هەمووانە بەیەکسانی، ئەمەش تایبەت نییە بە دیموکراسییەت، بەڵکو

---

(١) سەبارەت بە بەراوردی ئەم دوو تیۆرەی ڕابردوو بۆ نموونە بڕوانە: الإسلام والديمقراطية (فهمي هويدي)؛ فتوى القرضاوي في الديمقراطية (إسلام أون لاين)؛ و مجلة المسلم المعاصر (العدد الإفتتاحي)، بەراوردکردن لە نێوان ئیسلام و دیموکراسییەت بووەتە تایبەتمەندی هەموو ئەو نووسەرانەی شت دەنووسن لەسەر حوکمڕانی لە ئیسلامدا.

(٢) مەبەست ئەوەیە قسەکەی ڕاستە لە بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا، لەگەڵ ئەوەی بینارد بە دروستی تێنەگەیشتبوو لەوەی بنچینەکانی حوکم لە ئیسلامدا چیین، هەروەك ئەمە حاڵی گشتی خۆرئاواییەکانە کە پێیان وایە ئیسلام داندەنێ بە ڕژێمە خۆسەپێنەکان، چونکە باوەڕیان وایە قەدەغەکردنی تاکەکان لە پیادەکردنی هەواو هەوەسە حەرامەکانیان خۆسەپاندنە، ئەمە تێڕوانینێکی پوچەڵە و ئیسلام دان بە خۆسەپاندندا نانێت، ڕێگەگرتن لە هەواو هەوەسیش بە خۆسەپاندن دانانێت، چونکە چاکەی مرۆڤی تێدایە، ئەم قەدەغەکردنەی ئیسلام بۆ هەواو هەوەسەکان پشتی بەستووە بە سەرچاوەیەکی دڵنیاکەرەوە، بەڵام سیستەمە خۆرئاواییەکان هەواو هەوەسی خەڵك سنووردار دەکەن بە یاسای دەستکردی عەقڵی کە پشتی نەبەستووە بە سەرچاوەیەکی دڵنیاکەرەوە.

**هەموو چەمك و زاراوە خۆرئاواییەکان دەگرێتەوە، وەك: ئازادی، فرەیی، حیزب، ئۆپۆزسیۆن و ئازادی بازرگانی و جگەلەویش.**

**لەبەر ئەوەی چەمکە خۆرئاواییەکان وەستاون لەسەر چەق بوونی مرۆڤ و سوودگەرایی و تاکایەتی ماددەگەرایی، دواتر ئەم چەمکانە داماڵران لە بەها و ڕەوشت و ئایین و جگەلەوانیش.**

**ڕێسای بەراوردکردنیش بریتییە لەوەی: ((بەراورد و پێوانەکردن تەنها لە نێوان شێوە وێکچوو و گونجاوەکان دەکرێت))[1]، لەسەر بەراوردکردنی چەمکەکانی خۆرئاوا لەگەڵ چەمکی ئیسلام چەندین خاڵی نەرێنی گەڵاڵە بوون لەوانە:**

**١_ گۆڕینی چەمکی شەرعی و بەراوردکردنی بە چەمك و زاراوە نەفامییەکان بەهۆی بوونی کەمترین وێکچوون لە نێوانیاندا، شتێکی زانراوە کە بوونی وێکچوون لە نێوان دوو شت مانای یەکگرتوویان نییە، چونکە هیچ بیرو بۆچوونێك نییە کە خاڵی وێکچوونی لەگەڵ شتێکی دیکە تێدا نەبێت، بەڵام ئەمە مانای گونجانیان نییە لەگەڵ یەکتری، بوونی نیمچە ئازادی و هەڵسانی ئوممەت بە هەڵبژاردنی حوکمڕان و لێپرسینەوەو ڕاستکردنەوەو مافی بەرهەڵستی کردنی پێشەوا لە بۆچووندا مانای وا نییە پێشەوایەتی لە ئیسلامدا هەمان ئامرازەکانی دیموکراسییەت جێبەجێ دەکات.**

**٢_ بەکارهێنانی چەمکەکان لە جگەلە شوێنی خۆیان، بێ سەروبەری لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا، ئەم گۆڕانکاریی کردنە لە چەمکەکاندا جۆرێك لە گومڕاکردن و سەرلێشێواندنی تێدایە سەبارەت بە ڕاستی ئەم چەمکانە، بۆ**

---

[1]) الإعلام بمناقب الإسلام ١٥٠.

**نموونە: بانگەشەی ئەوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە گونجاوە لەگەڵ واتای (ئۆپۆزسیۆن) لە پرۆسەی دیموکراسیدا، دواتر بەڵگەی هێنانەوە لەسەر ڕاست و دروستی ئۆپۆزسیۆن بەو بەڵگانەی ڕێگریان لە خراپە کردووە، ئەم بانگەشەیە چەند بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی چەمکی ئۆپۆزسیۆن ڕەتدەکاتەوە، ئۆپۆزسیۆن هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەر چەندە دەسەڵاتەکە باش بێت، لە کاتێکدا ڕێگری کردن لە خراپە پەیوەستە بە گەندەڵی و خراپی حوکم و دەسەڵات، جا بەم پێیە ئەمە بەکارهێنانی چەمکێکی شەرعییە لە جگەلە شوێنی خۆی، لادان و شێواندنی مەبەست و واتای چەمکێکی دەستکردە، بەراوردکردنیشیان نا زانستین.**

**٣_ بەڵگەهێنانەوەی هەڵە بە دەقە شەرعییەکان لەسەر چەمکەکانی دیموکراسییەت، وەك: نموونە هێنانەوە بە بوونی دووڕووان لەسەر ئازادی بیروڕا، بەوەی ئەمە بەڵگەیە لەسەر دروستی پێکهێنانی حیزبی بێ باوەڕ لە ناو دەوڵەتی ئیسلامیدا بێ نکۆڵی لێکردن، بەڵگەهێنانەوە بە بوونی خەواریجەکان لەسەر دروستی بەرهەڵستی سیاسی چەکدار، لەگەڵ ئەوەی کردەوەی خەواریجەکان نابێتە بەڵگە، نەچەسپاوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب** (ڕەزای خوای لێبێت) **دانی بەواندانابێ بەڵکو بەرهەڵستی ئەوانی کردووە، بەمەش خەواریجەکان لە دەرەوەی سیستەم و یاسا بوونە، ئۆپۆزسیۆن بە چەمك و زاراوە دیموکراسییەکەی لە سەردەمی هاوەڵاندا ناسراو نەبوو. هەروەها بەڵگە هێنانەوە بە تاقمە گومڕاکان لەسەر دروستی فرەیی**

(التعددية)، جگەلەمانەش لە بەڵگە هێنانەوە پوچەڵەکان کە دژن لەگەڵ پەیڕەو و ڕێبازی پەیڕەوانی سوننە لە بەڵگەهێنانەوەدا[1].

دکتۆر عەبدولحەمید عیرفان دەڵێت: ((هەوڵدان بۆ بەخشینی ڕوویێکی شەرعی و ڕووپۆشێکی ئیسلامی بەو چەمك و تێڕوانینانەی لە خۆرئاواوە ڕوواون، ئاڕاستە و ئامانجیان عەلمانیەتە، سەریکێشا بۆ هەڵبەستنی پێکهاتەی هاکەزایی، بووەتە هۆی هێنانە کایەی دەرد و نەخۆشی خودی کە خۆی دەبینێتەوە لە جیاوازی ڕۆشنبیری و ڕۆحی لە ناخی موسڵماندا، سەرباری ئەوەی هەوڵێکی بێ سەروبەر بوو و زیاتر بە کرداری چاندن دەچوو لە ناو دەریادا، چونکە سەرکەوتوو نەبوو لە چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی سەر گۆڕەپانی ئیسلامی))[2].

دیموکراسییەت یەکێکە لە شتە دەستکردەکانی مرۆڤ، ناکرێ لە حوکمدا بەراورد بکرێ بە بەرنامەی خوایی لە حوکمدا، سەبارەت بە ئامرازەکانی ئەوا شیاوی کۆشش تێداکردن و داهێنانن، ئامرازو پەیکەرەکان وەك چۆن ناسراوە لە زانستی کارگێڕیدا ئامانجی خزمەتکردنە بە ئامانجە سەرەکییەکانی دامەزراوەکە، ئامانجەکانی حوکمی ئیسلامی و بەرپاکردنی ئازادییەکان جیاوازە لە بنەڕەتدا لەگەڵ مەبەستەکانی حوکمی دیموکراسی، هەر بۆیە پەیکەری دیموکراسی هات بێ جیاوازی کردن لە نێوان تاکەکانی خەڵك، جا دەنگی زانا و نەزان یەکسانە،

---

(١) بڕوانە چەند نموونەیەك لەم بەڵگە هێنانەوانە لە: الحريات في الدولة الإسلامية (راشد الغنوشي)؛ والحقوق والحريات السياسية في الشريعة الإسلامية (رحيل غرايبة)، والحرية أو الطوفان (حاكم المطيري) وغيرهما.

(٢) الحرية في العقل الكلامي والفلسفي الإسلامي؛ مجلة إسلامية المعرفة عدد ٣١، ٣٢، ص ٦٧.

پەیکەرەکانی دیموکراسییەت بواری فراوانی کردەوە بۆ سەرمایەداران تا تاڵاو دەرخواردی هەزاران بدەن، هەروەك زەوی خۆشکرد بۆ خوانەناسی و لادانی ڕەوشتی و پەرستنی جگەلە خوا، هەڵسوکەوتی لەگەڵ پرسە دەرەکی و ناوخۆییەکان کرد بەپەیڕەویکی بێ ڕەوشتانە.

شێوازەکانی کار ڕاییکردنە ڕێکخەرەکان دەگەڕێنەوە بۆ پێویستی مرۆڤ، ئەمەش بوارێکی فراوانە بۆ داهێنان و گەشەپێدان، پێویست ناکات مرۆڤ خۆی ببەستێتەوە بە بەرنامەیەکی کار ڕاییکردنی دیاریکراو (ئامرازەکانی دیموکراسییەت) وەك ئەوەی عەقڵ و زیرەکی کارگێڕی لە وڵاتی ئیسلامی بێ توانا بێ لە داهێنانی بەرنامەیەکی کار ڕاییکردنی گونجاو لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی و پێویستییە جیاوازەکانی مرۆڤ[1].

بەتایبەت کە زانیمان ڕێ و شوێنەکانی دیموکراسیەت کۆدەنگیان لەسەر نییە، بەڵکو شێوەکانی ئەم ڕێو شوێنانە زۆر جیاوازن لە نێوان وڵاتانی خۆرئاوادا، هێشتا هەر لەژێر چەکوژی گۆڕانکاریدان.

## سێیەم: ئازادی ئابووری:

ئازادی بازرگانی بە یەکێك لە شتە ڕۆشنەکان دادەنرێ لە بەرنامە و پەیڕەوی ئیسلامدا، ئەوەی ورد بووبێتەوە لە حوکمە شەرعییەکانی پەیوەست بە خاوەندارێتی تاکەکەسی و ئازادی کڕین و فرۆشتن و دەستوەرنەدانە ناو بازارەکان،

(١) قسەکردن لەسەر ڕێوشوێنەکان دوای ویستێکی ڕاست دەبێت لەلایەن ڕژێمەکانەوە بە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، هێشتا ئەم ویستە _ لە باشتریندا حاڵدا _ شلەژانی پێوەیە، قسەکردن لەسەر ئامرازەکان تا ئێستاش هەر تیۆرییە.

**ئەوا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بنچینە و بناغە لە پرسە ئابوورییەکاندا ئازادییە لە ئاڵوگۆڕی و گرێبەست کردندا جگەلەوەی بە دەق قەدەغەکراوە، لەمەشەوە ڕێسای شەرعی هات کە دەڵێت: ((بناغە لە هەڵسوکەوت و ئاڵوگۆڕیدا ڕەواییە))، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) **دەڵێت: ((هەڵسوکەوتی بەندەکان لە کردارو گوفتاردا دوو جۆرن: یەکەمیان: پەرستشن کە ئاینی خۆیان پێ چاك دەکەن، دووەمیان: داب و نەریتن کە بۆ دونیای خۆیان کاریان پێ هەیە. بە وردبوونەوە لە بنچینە سەرەکییەکانی شەریعەت دەزانین ئەو پەرستشانەی خوای گەورە پێویستی کردووە یان خۆشی ویستووە تەنها بە فەرمانی شەرع دەچەسپێن، سەبارەت بە داب و نەریتەکانیش: ئەوا بریتین لەو شتانەی خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون لە دونیادا لەو شتانەی پێویستیان پێ هەیە، بناغە لە داب و نەریتدا قەدەغە نەبوونە، تەنها ئەو نەریتە قەدەغەیە کە خوای گەورە یاساغی کردووە... بناغە لە داب و نەریتدا ڕێپێدراوییە، تەنها ئەوە لێی قەدەغە کە خوا حەرامی کردووە، ئەگەرنا دەچنە ژێر ئەم فەرمایشتەی خوای زانا و دانا:** ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا ﴿٥٩﴾ ﴾ یونس. **واتە: "پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ، ئێوە چۆن لە خۆتانەوە ئەو ڕزق و ڕۆزیەی خوا پێی بەخشیون دابەشی دەکەن و هەندێکی بە حەرام دادەنێن و هەندێکی بە حەڵاڵ". ئەگەر وابوو: ئەوا خەڵك چۆن بیانەوێ ئاوا کڕین و فرۆشتن و هەڵسوکەوت دەکەن کە بیانەوێت، مادەم شەریعەت حەرامی نەکردبێ. چۆن حەزیان لێیە بەوشێوەیە دەخۆن و دەخۆنەوە مادەم شەریعەت یاساغی نەکردبێ، ئەگەر هەندێك لەو شتانە**

**سوننەت یان ناپەسەند بێ، جا ئەگەر شەریعەت سنوورێکی دانەنابێ لەم بوارەدا ئەوا لەسەر ڕەهای ڕەسەن و بنەڕەتی خۆیان دەمێننەوە))[1].**

**ئەم ڕێسایە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ ئازادە لە خاوەندارێتی و هەڵسوکەوت کردن لە ماڵ و سامانەکەیدا، نابێ دەستدرێژی بکرێتەسەر مادەم کاسبیەکەی و هەڵسوکەوتەکەی کۆکە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی.**

**هەر بۆیە باجەکان هیچ بنەما و بناغەیەکیان لە شەرعدا نەبوو، چونکە دەستوەردانە لە دارایی و سامانی خەڵك بێ ڕەزامەندی ئەوان، ئەم باجانە ستەمی ڕۆشن و دیارن[2]، بەم شێوەیە نابێ دەوڵەت دەستوەربداتە ناو بازارەوە مادەم بازار وەستا بێت لەسەر یاساکانی خواست و خستنەڕوو و یاری بە نرخەکان نەدەکرا، لەم بارەوە ئیبن تەیمیە** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) **دەڵێت: ((خەڵك کەل و پەلیان دەفرۆشت بەو شێوەیەی کە ناسراوە بێ ئەوەی ستەمی تێدا بکەن، نرخ بەرز دەبێتەوە یان بەهۆی کەمی شتەکە یاخود بەهۆی زۆری خەڵك، ئەمە بەخوا ڕاسپێرراوە، پابەندکردنی خەڵك بەوەی شت بفرۆشن بە نرخێکی دیاریکراو ناچارکردنێکی نا حەقە))[3]، هەروەها دەڵێت: ((زانراوە کە شتێك خواستی خەڵکی**

---

**(1)** مجموع الفتاوی ٢٩/ ١٦ _ ١٨، هەروەها دەڵێت: ((بنەڕەت لە پەرستشەکان ئەوەیە تەنها ئەوە دابنرێ کە خوا دایناوە، بنەڕەت لە نەریتەکان ئەوەیە تەنها ئەوە قەدەغە بکرێ کە خوا حەڕامی کردووە)). اقتضاء الصراط المستقیم ٢/ ٥٨٥.

**(2)** بڕوانە: مجموع الفتاوی ٢٨/ ٥٩٠.

**(3)** الحسبة ١٨.

**لەسەر زیاد بوو، خاوەنی شتەکە هەر بەپێی نەریت فرۆشتی و خەڵکیش هەر زیادی کری ئەوا نرخی بۆ دیاری ناکرێ))[1].**

**ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی بازارو حەڕامی دەستێوەردان بۆ کارتێکردنی ئەم فەرمایشتەی ئەنەسە[2]** (ڕەزای خوای لێبێت) **کە وتویەتی: ((خەڵك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نرخ گران بوو، نرخێکمان بۆ دیاری بکە، پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **فەرمووی: بەڕاستی خوای نرخ دانەرو ڕۆزی بەخشە و بەهرە گرەوەیە، هیوام وایە بگەمەوە خوا هیچ یەکێکتان داوای مافی لێم نەکات لە خوێن یان ماڵ و دارایی))[3]، ئەم ڕێگریەی پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **لە نرخ دانان لەگەڵ بوونی گرانی ئاماژەیە بۆ پێویستی مانەوەی بازار دوور لە کارتێکردنی مەبەستدار، دەستوەردان لە بازار بە ستەم دانراوە، پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **هۆشداری داوە لە دەستوەردان لە ئازادی بازار بە کارتێکردنێکی دەرەکی جا چ بە نرخ دانان بێت لە**

---

(1) الحسبة ٣٦.

(2) ئەنەسی کوڕی مالیکی کوڕی نەزری نەجاری خەزرەجی ئەنساری، باوکی سەمامە یان باوکی حەمزە، هاوەڵ و خزمەتکاری پێغەمبەر بووە، ساڵی ١٠ پ.ك _ ٦١٢ز لە شاری مەدینە لە دایك بووە، خاوەنی ٢٢٨٦ فەرموودەیە، ڕۆیشتە دیمەشق و دواتر چووە بەسرە و لەوێ کۆچی دوایی کرد، دوایین کەس بوو لە هاوەڵان کە لە شاری بەسرە کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لە ساڵی ٩٣ك _ ٧١٢ز بوو. الأعلام ٢/٢٤،

(3) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە، كتاب البيوع، باب في التسعير، رقم ٣٤٥١، ٣/ ٧٣١، والترمذي، كتاب البيوع، باب ما جاء في التسعير، رقم ١٣١٤، ٣/ ٦٥ _ ٦٠٦، وابن ماجه، كتاب التجارات، باب من كره أن يسعر، رقم ٢٢٠٠، ٢/ ٧٤١، وأحمد ٣٨٦، ٣/ ١٥٦، والدارمي، كتاب البيوع، باب في النهي عن أن يسعر للمسلمين ٢/ ٢٤٩، والبيهقي في السنن الكبرى، كتاب البيوع، باب التسعير ٦/ ٢٩، قال الترمذي: حسن و صحيح، قال الحافظ: إسناده على شرط مسلم. التلخيص ٥٨؛ وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود، رقم ٢٩٤٥، ٢/ ٦٦٠.

کاتی گرانی یاخود بەهۆی قۆرغکاری و ساختەکاری و فێڵەوە بێ بۆ نرخ بەرز کردنەوە.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەرنامە و پەیڕەوی ئیسلامی ڕێگری لە دەوڵەت دەکات لە دەستوەردان لە نرخ و ڕێکخستنی، هەروەها ڕێگری لە بازرگانان دەکات لە یاری کردن بە نرخ لە ڕێگەی جۆرەکانی قۆرغکاری و ساختەکارییەوە، بەمەش دەردەکەوێت بەرنامەی ئیسلامی جیاوازە لەگەڵ تێکڕای قوتابخانە لیبڕالییەکان چ ئەوانەی بانگەوازی بۆ ئابووری ڕەها دەکەن (لیبڕالییەتی کلاسیکی)، یاخود ئەوانەی بانگەوازی دەکەن بۆ لیبڕالییەتی مەبەستدار (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی)، ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی و یەکسانی و کارکردن لەسەر دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی بەندەکان، لادان و دوورخستنەوەی خراپە لێیان، هەنگاونان لە پەیڕەوێکی ڕەوشتییەوە، کە ستەمکردن لە لەسەر هەموو لایەکان ڕەت دەکاتەوە، سوود بۆ هەمووان دابین دەکات لە بازاردا بە کڕین یان بەفرۆشتن.

لە ناو ڕێسا فیقهییەکاندا شتی وا هەیە کە ئاماژەیە لەسەر ڕێزگرتن لە خاوەندارێتی تاکەکەسی، پوچەڵی دەستوەردان لە موڵکەکەی بێ مۆڵەتی ئەو، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئیسلام خاوەندارێتی تاکەکەسی بە گەورە دادەنێت.

لەم ڕێسایانە: (فەرمان کردن بە دەستوەردان لە موڵکی یەکێکی دیکە پوچەڵە)، (دروست نییە بێ مۆڵەت دەستوەر بدرێتەوە موڵکی هیچ یەکێك)، (بۆ هیچ یەکێك نییە ماڵ و سامانی یەکێکی دیکە ببات بەبێ هۆکارێکی شەرعی)[1].

---

[1]) بڕوانە ئەم ڕێسایانە و ڕاڤەکانیان لە: شرح القواعد الفقهية ٤٥٩ _ ٤٦٦.

**ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز ئاماژەیە بۆ ئازادی ئابووری:** ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُۥنَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ ﴾ النحل. **واتە: (خوا نموونەی هێناوەتەوە بە کەسێکی بەندە کە بێ دەسەڵاتە و هیچ شتێکی نییە، لە بەرامبەر ئەو کەسەدا کەسی وا هەیە کە لە ڕزق و ڕۆزی چاك و زۆر بەهرەوەرمان کردووە، بە ئارەزووی خۆی لێی دەبەخشێت بە نهێنی و ئاشکرا، ئایا ئەو دوو کەسە وەك یەکن؟! سوپاس و ستایش بۆ خوا _ کە پەروەردگارێکی کاربەجێیە _ بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە نازانن و سەریان لەم ڕاستییە دەرناچێت _ چونکە تەنها دونیا دەبینن _). ئەم نموونەیە بۆ بێ باوەڕو باوەڕداری هێنراوەتەوە، ئەو بەندەیەی بێ دەسەڵاتە ئەوا وەك کەسی بێ باوەڕ وایە، ئەوەش کە ڕۆزیەکی باشی پێدراوەو بە نهێنی و ئاشکرا لێی دەبەخشێت ئەوا وەك باوەڕدارە[1]، موجاهید[2] و زوحاك وتویانە: (نموونەی هێناوەتەوە بەوەی بەندەی خۆیەتی و بەوەش کە بەندەی بت و پەیکەرە)[3]، بەپێی هەر دوو بۆچوونەکان ئەو کەسەی ئازادە لە بەخشینی ماڵ و سامانەکەی باشترە لەو بەندەی دەستی بەستراوەتەوە لە هەڵسوکەوت کردن لە موڵکەکەیدا، لەم ئایەتەدا ستایشی ئەو کەسە ئازادە کراوە کە هەڵسوکەوت دەکات بە سەربەستی لە موڵکی خۆیدا،**

---

**(١) بڕوانە: تفسیر القرآن العظیم ٤/ ٥٠٧.**

**(٢) موجاهیدی کوڕی جەبری باوکی حەجاجی مەککی، خزمەتکاری نەوەی مەخزوم، شوێنکەوتوو و ڕاڤەکاری قورئانە، شێخی قورئان خوێنان و ڕاڤەکارانە، ساڵی ٢١ك _ ٦٤٢ز لە دایك بووە. سێ جار قورئانی لەلای ئیبن عەبباس خوێندووە، لە سەر هەر ئایەتێك دەوەستا و پرسیاری لێ دەکرد، ساڵی ١٠٤ك _ ٧٢٢ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٥/ ٢٨٧.**

**(٣) تفسر أبي المظفر السمعاني ٣/ ١٨٩.**

**ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بناغە ئازادییە لە هەڵسوکەوتدا، چونکە باشترو تەواوترە.**

**لە گشتگیرترین ئەو ئایەتانەی کە هاتوون لە بارەی ڕوونکردنەوەی پەیڕەوی تەواو و هاوسەنگی ئیسلام لە ئابووریدا ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزە:** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ﴿٢٩﴾ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ عُدۡوَٰنٗا وَظُلۡمٗا فَسَوۡفَ نُصۡلِيهِ نَارٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾﴾ النساء. **واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بە ناحەق مەخۆن لە نێوانتاندا، مەگەر بازرگانیەك بێت لەسەر ڕەزامەندی هەموو لایەکتان بێت، خۆتان مەکوژن، بە ڕاستی خوا میهرەبانە پێتان. هەر کەسێك وا بکات _ سامانی خەڵك بخوات و خۆی یان خەڵك بە نا حەق بکوژێت _ بە دوژمنایەتی و ستەمکردن، ئەوا لە ئایندەدا دەیخەینە دۆزەخەوەو بە ئاگر دەیسوتێنین، ئەو کارەش بۆ خوا ئاسانە). ئەم دوو ئایەتە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مەرجی دروستی ئاڵوگۆڕی و بازرگانی ڕەزامەندییە، بازرگانی لە کاتی ناچارکران و بەستنەوەی ئازادیدا دروست نییە، ڕەزامەندی و هەڵبژاردن بە مانای ئازادی دێت لە ئاڵوگۆڕیدا.**

**لە دوو ئایەتەکەدا ڕوونکردنەوە دراوە لەسەر ئەوەی تانە لە ئازادی و ڕەزامەندی دەدات وەك خواردنی سامانی خەڵك بە ناحەق، جا ئەمە: داگیرکردن و زەوتکردن و دزی و بەدەستهێنان بەهۆی قومار و شتی پەست و نزمیش دەگرێتەوە، تەنانەت ئەوەش دەگرێتەوە کابرا خواردنی خۆی بخوات بەشێوەی**

زێدەڕەوانە؛ چونكە ئەمەشیان پوچەڵە، گرێبەستی سووش هاووێنەی ئەمانە پوچەڵە، چونكە لەسەر ڕەزامەندییەكی ڕاستەقینە دانەمەزراوە، فرۆشتنی ساختە، چونكە تەواوی ئازادی لەوەدایە ئەو شتەی گرێبەستی لەسەر كراوە دەبێت زانراو بێت، لە بوونی نەزانیدا ئازادی بوونی نابێت[١].

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی ئازادی پاراستووە بەشێوەیەكی ڕاستەقینە، كە فرۆشیارو كڕیار دەگرێتەوە، هەر بۆیە هەموو وێنەكانی خواردنی خەڵك بە بەشێك دانراون لە دەستدرێژی و ستەمكاری.

شتێكی دیكە كە گەواهی دەدات لەسەر ئازادی ئابووری هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەن كە ئاماژە دەكەن بۆ سزای بەدەستهێنانی سامان و دارایی بە شێوەیەكی نا دروست، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تاكەكان دەتوانن ببنە خاوەنی دارایی و هەڵسوكەوتی تێدا بكەن، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ ﴾ المائدة. واتە: (دەستی پیاوی دزو ئافرەتی دز ببڕن لە پاداشتی كاری ناڕەواياندا، ئەمەش تۆڵەیەكە لەلایەن خواوە، بەڕاستی خوا باڵادەست و دانایە).

ئیبن خەلدون[٢] كاریگەری پاڵنەری خودی و ئازادی ئابووری ڕوون كردۆتەوە لە هەنگاونان لە بنیاتنانی شارستانیەتدا، هەروەك ڕۆشنایی خستۆتەسەر

---

(١) بڕوانە: تيسير كريم الرحمن ٢٥٤ _ ٢٥٥.

(٢) عەبدوڕەحمانی كوڕی محەممەدی كوڕی محەممەدی كوڕی خەلدون، باوكی زەید، وەلییەددینی حەزڕەمی، فەیلەسوف و مێژوونووسی پشكنەرو لێكۆڵەرەوە، لە تونس لە ساڵی ٧٣٢ك _ ١٣٣٢ز لە دایك بووە، بەناو شارو وڵاتاندا گەڕاوەو سوڕاوەتەوە، دادگای مالیكییەكانی لە تونس گرتەئەستۆ، لە ناودارترین دانراوەكانی: ((العبر وديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والعجم والبربر)) و ((شرح

جێکەوتی ستەم و دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی لە کاوڵکاریدا، ناوبراو دەڵێت: ((بزانە دەستدرێژی کردنە سەر خەڵك لە ماڵ و سامانیاندا، دەبێتە هۆی لەناوبردنی هیواکانیان لە بەدەستهێنانی داراییدا، جا خەڵك دەگەنە ئەم قەناعەتە کە چارەنووسی دارایی و سامانیان تالآنکرانە، بۆیە دەستیان دەنوقێنن و تێناکۆشن بۆ دەستخستنی، بە ئەندازەی دەستدرێژیەکە خۆگرتنەوە لە کاسبی دێتە کایە، ئەگەر دەستدرێژییەکە لە هەموو بوارەکانی بژێویدا بوو، ئەوا خەڵك لە هەموو بوارەکان خۆی دەگرێتەوە لە هەوڵ و تێکۆشانی دەستخستن.

ئاوەدانی و بەربڵاوی بازارەکانی بە کارو تێکۆشانی خەڵك دەبێت لە پێناو بەرژەوەندی و کاسبی، ئەگەر خەڵك دانیشت و دەستیان لە کاسبی گرتەوە ئەوا بێ بازاری زاڵ دەبێت بەسەر بازارەکاندا، بەمەش بارودۆخەکان تێدەچن و کەم و کورتی خۆی دەئاژنێت بە ناو هەموو کون و کەلەبەرەکانی دەوڵەتدا))[1].

لە وتەکەی ئیبن خەلدوندا واتایەکی گرنگ هەیە ئەویش پاڵنەری خودی و هاندانی کەسییە لەلای تاك کاتێك کارە جیاوازەکان پیادە دەکات[2]، پاڵنەر سەردەکێشێ بۆ بنیاتنانی شارستانیەت و گەشەکردنی، چونکە بناغەی چالآکی و داهێنانە، لاوازی ئەم پاڵنەرە یان نەبوونی نیشانەی تێکچوونی ئاوەدانی و کەوتنی دەوڵەتەکانە، وتەکەی ئیبن خەلدون ئەوە بەدەستەوە دەدات کە ئازادی و

---

البردة))، لە ناکاو کۆچی دوایی کرد لە شاری قاهیرە لە ساڵی ٨٠٨ك _ ١٤٠٦ز. شذرات الذهب ٧/ ٧٩؛ الأعلام ٣/ ٣٣٠.

(1) المقدمة _ فصل الظلم مؤذن بخراب العمران _ ٣٢٠.

(2) بڕوانە: الحرية الإقتصادية وتدخل الدولة في نشاط الإقتصادي في الإسلام ٣٣٧.

سەربەستی پێویستە بۆ پڕۆسەی بنیاتنان، نەبوونی ئازادیش مەترسی زۆرە لەسەر نەمان و لەناوچوونی گەلان.

## دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا:

بنچینە ئەوەیە کە تاکەکان سەربەستن لە سامان و داراییاندا، لە هەڵسوکەوت تێداکردنیدا، ئەگەر لە سنووری شەریعەتی ئیسلامیدا بوو، ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی ئەم ئازادییە لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئیسلام، دەستدرێژی نەکردنە سەری بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان.

هەروەك شافیعی[١] (ڕەحمەتی خوای لێبێت) وتویەتی: (خەڵك دەسەڵاتدارن بەسەر دارایی و سامانیاندا، بۆ هیچ یەکێك نییە هیچ شتێکی لێ ببات بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکە، تەنها لەو شوێنانەدا نەبێ کە پێویستە)[٢].

سەرخەسی[٣] دەڵێت: ((بۆ پێشەوا نییە بڕوانێتە خاوەنداریێتی تایبەتی بەوەی جگەلە خاوەنەکەی تێیدا پێش بخات، بەڵکو ئەمەش وەك هەموو شتەکانی

(١) محەممەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عەبباسی هاشمی، باوکی عەبدوڵا، یەکێکە لە چوار پێشەواکە لای پەیڕەوانی سوننە، هەموو شافیعییەکان دەدرێنە پاڵ ئەو، لە شاری غەززە لە وڵاتی فەڵەستین لەساڵی ١٥٠ك _ ٧٦٧ز لە دایك بووە، بلیمەت بوو لە شیعرو زمان و مێژووی عەرەبدا، دواتر بووە شارەزا لە فیقھ و فەرموودەدا، لە تەمەنی بیست ساڵیدا فەتوایدا، پێشەوا ئەحمەد وتویەتی: هەر کەسێك مەرەکەب یان پەڕاوی لە دەستدابێ ئەوا شافیعی چاکەی بەسەردا هەیە، لە ناودارترین دانراوەکانی: ((الأم)) و ((الرسالة)) و ((المسند))، لە ساڵی ٢٠٤ك _ ٨٢٠ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٦/ ٢٦.

(٢) مختصر المزني (حاشية الأم) ٢/ ٢٠٩.

(٣) محەممەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی سەهلی سەرخەسی، ئەبو بەکر، خۆری پێشەواکان، لە گەورە دادوەرانی حەنەفییەکان بوو، لە خەڵکی سەرخس بوو لە خوڕاسان، لە دانراوەکانی: ((المبسوط)) لە

**دیکەیە، تەنها کاتێك بۆ پێشەوا هەیە هەندێك لە دارایی تایبەت ببات کە پێویست بێت، مەترسی لە ناوچوونی موسڵمانان لە گۆڕێدا بێت، بەو مەرجەی قەرەبوو بکرێتەوە دواتر))[1].**

**ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بناغە و بنچینە بریتییە لەوەی خەڵکی ئازادن لەهەمبەر ئەوەی هەیانە، ئازادییەکەیان لە بازرگانی و ئاڵوگۆڕیدا لە سنووری شەرعدایە، بەڵام ئەم بنچینەیە نابێتە ڕێگر لەبەردەم دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەندێك کاتدا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکی شەرعی براوە. ئازادی بێ سنوورو بەرەڵا نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە سنوورو مەرجەکانی شەرع.**

**ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت لە ئابووریدا بریتییە لە چاودێری کردنی چالاکی ئابووری، ڕاستکردنەوەی سەرپێچییە شەرعییەکان، وەك: کڕین و فرۆشتنە قەدەغەکان، قۆرغکارییەکان، یاری کردن بە نرخەکان لە میانەی فێڵ و ساختەکاری بێ ڕەوشتی، پاراستنی خاوەن سەرمایە و بەکاربەر بە یەکسانی لە میانەی پاراستنی بارودۆخی سروشتی بازار بێ دەستێوەردان کە دەبێە مایەی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی یەکێکیان.**

**دەستی فرۆشیار دەبەستێتەوە لە فرۆشتنی شتی حەرام و بەکارهێنانی سەرمایە بۆ زیان گەیاندن بە هەژاران و بەکاربەران یان درۆ لەگەڵ کردنیان لە وەسفکردنی شتومەکەکەی یاخود فێڵکاری و ساختەکاری بە هەموو شێوەکانی،**

---

**فیقه و شەرعدا، ((الأصول)) لە زانستی بنەماکانی فیقهدا، و ((النکت)). لە فرغانە لە ساڵی ٤٨٣ك _ ١٠٩٠ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٥/ ٣١٥.**

**[1]) المبسوط ٢٣/ ٢٠٣.**

بەڵام نرخەکان دیاری ناکات ئەگەر بازار بجوڵێت بەپێی ئامرازی خستنەڕو خواستی دوور لە قۆرغکاری یان کاریگەری لەسەر دروستکردنی نا سروشتی.

مەرج و ڕێکخەری ئەم دەستێوەردانەش بریتییە لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکان و وەلانانی زیانەکان[1]، جا ڕێکخستنی بازار بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکان بە پاڵپشتی ئازادی ڕەوا دادەنرێت، چونکە کاری پێشەواو حوکمڕان بەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەتە لە ژێر ڕۆشنایی ئایین.

قەرافی[2] دەڵێت: ((بزانە واڵاکردنی دەستی حوکمڕانان لە حوکم و یاسا سیاسییەکاندا پێچەوانەی شەرع نییە))[3]، دواتر چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە لەسەر ئەمە لەوانە: بەرژەوەندییە ڕەهاکان، زۆری گەندەڵی کە پێویستی بە ڕێکخستن و وەلانانی ئاشوب هەیە، پێویستی نەهێشتنی زیان، جیاوازی حوکمەکان بە جیاوازی کات و شوێن، ئەمانە چەند ڕێسایەکن چەندین دەقی زۆر گەواهی بۆ دەدەن.

---

(١) بڕوانە: پێوەرەکان و ڕێکخەرەکانی بەرژەوەندییەکان بە شێوەیەکی سادە لە وتەی زانایانی بنەماکانی فیقهدا بۆ نموونە: ضوابط الصلحة (للبوطي).

(٢) ئەحمەدی کوڕی ئیدریسی صەنهاجی قەڕافی، شیهابەددینی باوکی عەبباس، دراوەتە پاڵ تیرەی صەنهاجییە لە بەربەرییەکانی مەغریب، هەروەها دراوەتە پاڵ قەڕافە کە گەڕەکی تەنیشت گۆڕی پێشەوا شافیعییە لە شاری قاهیرە، یەکێکە لە زانا مالیکییەکان، لە میسڕ لە دایك بووە، لە دانراوەکانی: (أنوار البروق في أنواع الفروق) و (شرح تنقيح الفصول) و (الأحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرف القاضي الإمام)، لە میسڕ لە ساڵی ٦٨٤ك _ ١٢٨٥ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ١/ ٩٤ _ ٩٥.

(٣) وەرگیراوە لە: تبصرة الأحكام _ لابن فرحون _ ٢/ ١٥٠ _ ١٥٢.

**لە نموونەی ئەو دەستێوەردانانەی بەرژەوەندی تێدا ڕەچاوکراوە: چاودێرییە بەسەر دەرکردنی دراو یان چاودێرییە بەسەر دراوی بیانی یاخو سیاسەتەکانی گەشەپێدانی ئابووری[١].**

**ئەم دەستێوەردانانە کە بەرژەوەندیان تێدا ڕەچاوکراوە بریتی نین لە بنچینەی چەسپاو، چونکە لە شوێن و کاتێکەوە بۆ شوێن و کاتێکی دیکە دەگۆڕێن بەپێی بەرژەوەندی، لەبەر ئەمە ئیبن قەییم _لەبارەی ڕێبازی هەندێك لە جێنشینە ڕێنوێنی کراوەکانی وەك عومەری کوڕی خەتاب کە دوکانی مەیی سوتاند و تەڵاقی سێ بەسێی بە تەڵاقی گەورە دانا _ دەڵێت: ((مەبەست لەمە و هاووێنەکانی ئەوەیە کە سیاسەتێکی لاوەکییە بەپێی بەرژەوەندییەکان و بەگۆڕانی کاتەکان دەگۆڕێن، هەندێکیان گومانیان وابوو ئەمانە یاسای گشتین و دەبێ ئوممەت پێیانەوە پابەند بێت تا ڕۆژی دوایی، هەر کەسێك پاسا و پاداشتی خۆی هەیە))[٢].**

**ئەم هەڵسوکەوتانە کە بەرژەوەندیان تێدا ڕەچاوکراوە لەلای حوکمڕانانەوە دەگەڕێتەوە بۆ یاسایەکی شەرعی کە بریتییە لە (هەڵسوکەوت کردن و بڕیاردان بەسەر خەڵك پەیوەستە بە بەرژەوەندییەوە) واتاکەی ئەوەیە: ((جێبەجێ بوونی هەڵسوکەوت و بڕیاری سەرپەرشتیا بەسەر خەڵکدا، جا خەڵك حەزیان لێ بێت یان نا وەستاوەتە سەر بەرهەم و بەروبوومی هەڵسوکەوتەکە، جا شتەکە ئاینی یان دونیایی بێت. جا ئەگەر بەرژەوەندی لە خۆگرت ئەوا پێویستە خەڵك جێبەجێیان بکات، ئەگەر نا ڕەتکراوەیە؛ چونکە سەرپەرشتیار دەڕوانێتە ئەوەی**

---

**(١) بڕوانە: تالحرية الإقتصادية وتدخل الدولة في النشاط الإقتصادي في الإسلام ٣٠٩.**

**(٢) الطرق الحكمية ٢٥.**

**کامە باشترە، هەڵسوکەوتەکەشی دێت و دەچێت لە نێوان زیان و بێ سەروبەریدا، هەر دووکیشان ناچنە ناو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەوە))[1].**

**((ئەم یاسا و ڕێسایە سنووری کارگێڕی گشتی و سیاسەتی شەرعی لە دەسەڵاتی کاربەدەستان و هەڵسوکەوتیان بەسەر خەڵکدا دەکێشێت، ئەوە بەدەستەوە دەدات کە کارو هەڵسوکەوتی ئەم کاربەدەستانە کە لەسەر خەڵکدا پیادە دەکرێ، پێویستە مافی گشتی و تایبەتی تێدا ڕەچاو بکرێ، بەرژەوەندی کۆمەڵ ئامانجی بێت. لەبەر ئەوەی کاربەدەستان لە جێنیشنەکانن و فەرمانبەرانی دیکەش لە لق و پۆپەکانی دەسەڵاتی حکومەتدا کارمەندی خودی خۆیان نین، بەڵکو بریکاری ئوممەتن لە هەڵسان بە چاکترین ڕێوشوێن بۆ بەرپاکردنی دادگەری و لادانی ستەم و پاراستنی مافەکان و ڕەوشت و ڕێکخستنی ئاسایش و بڵاوکردنەوەی زانست و فەراهەم کردن و ئاسانکاری کردن لە بواری کەرتی گشتی و پاککردنەوەی کۆمەڵگە لە گەندەڵی، دەستەبەرکردنی ئەوەی باش و بەسوودە بۆ ئێستا و ئایندە بە هۆی چاکترین ئامرازەوە، هەر هەڵسوکەوتێك یان کارێك بە پێچەوانەی ئەم بەرژەوەندییە کە مەبەست لێی خۆسەپاندن یان گەندەڵی یاخود زیان بێ ئەوا دروست نییە))[2].**

**لە پرسی پەیوەندی نێوان ئازادی ئابووری و دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا دوو بابەتی گرنگ ماون کە جەخت دەکەنەوە لەسەر لایەنی ئازادی شەرعی بەشێوەیەکی هاوسەنگ و جێگیر:**

---

**(١)** شرح القواعد الفقهية ٣٠٩. لەبارەی ئەم ڕێسایەوە بڕوانە: الأشباه والنظائر (السيوطي) ٢٣٣.
**(٢)** المدخل الفقهي العام ٢٩٥ _ ٢٩٦.

## ١_ هەڵسانی دەسەڵاتدار بە بەندداركردنی ڕێپێدراو (المباح):

بناغە و بنچینە لە شتە ڕێپێدراوەكاندا ڕەواییە، كردن و نەكردنی پێویست و قەدەغە نییە، ئەم ڕەواییە چاكە و بەهرەیەكی خوایە، هەر بۆیە ئەوەی ڕاست و دروستە[١] ئەوەیە كە نابێ كاربەدەست بازنەی ڕێپێدراو سنووردار بكات تەنها لەبەر بەرژەوەندییەكی بەرجەستە و ڕەچاوكراو نەبێت[٢].

بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە كە گوێڕایەڵی حوكمڕان ڕەها نییە، بەڵكو بەستراوەتەوە بەوەی فەرمانی حوكمڕان لە چاكەدا بێت، فەرمان كردن بە گوێڕایەڵ بوون بۆ حوكمڕان كە لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ النساء. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕیەڵی خواو پێغەمبەرو حوكمڕانەكان بكەن كە لە خودی خۆتانن). بەستراوەتەوە بەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ): ((بەڕاستی

---

١) ئەم بابەتە ڕاجیایی تێدایە لە نێوان زانایاندا بڕوانە تێرو تەسەلی بابەتەكە لە: طاعة ولي الأمر ٢٦، والتعبير عن الرأي ضوابطه ومجالاته في الشريعة الإسلامية ١/ ٢٣٣، والحرية الإقتصادية ١٠١ _ ١١٩.

٢) بڕوانە: حاشية الدسوقي على الشرح الكبير ١/ ٤٠٦ _ ٤٠٧؛ والمدخل الفقهي العام ١/ ٤١٧.

**گوێڕایەڵی تەنها لە چاکەدایە))[١]. هەروەها ئەم فەرمایشتە: ((گوێڕایەڵی بۆ کەسێك نییە لە سەرپێچی خوادا))[٢].**

**ئەو گوێڕایەڵیەی پێویستە ئەوا لە چاکەدایە، ئەمەش مانای وایە ئەگەر موسڵمانان فەرمانیان پێکرا لەلایەن کاربەدەستانەوە بە گوێڕایەڵی کردنی خوای مەزن بە ئەنجامدانی کارێکی پێویست یان سوننەت یاخود شتێکی ڕێپێدراویان سنووردارکرد لە پێناو بەرژەوەندییەکی گشتی ئەوا ئەو کاتە گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەستان پێویستە.**

**بەڵام ئەگەر شتێکی ڕێپێدراویان سنووردارکرد لە پێناو حەزێکی تایبەت یان بەرژەوەندییەکی خەیاڵی ئەوا گوێڕایەڵی کردنیان پێویست نییە، بەهۆی دەرچوونی لە واتای ((چاکە: المعروف)).**

**((ناوەڕۆکی گرێبەستی پێشەوایەتی: بەرپاکردنی ئایین و بەڕێوبردنی کاروباری دونیایە، فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و هێنانی بەرژەوەندی و وەلانانی خراپەیە، دواتر هەموو ئەو فەرمانانەی لە کاربەدەستەوە دەردەچن دەبێ گونجاوبن لەگەڵ داخوازی گرێبەستی پێشەوایەتی، ئەگەر فەرمانێك لەلایەن پێشەواوە دەرچوو سەرپێچی تێدا بوو یان شتێکی ڕێپێدراوی**

---

**١)** بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: كتاب الأحكام، باب السمع والطاعة للإمام مالم تكن معصية، رقم ٧١٤٥ (١٣/ ١٣٠ مع الفتح)؛ ومسلم، كتاب الإمارة، باب وجوب طاعة الأمراء في غي معصية وتحريمها في المعصية، رقم ١٨٤٠، لا ٧٦٩.

**٢)** پێشتر ژێدەرەکەی ئاماژە پێکراوە.

قەدەغەکرد بێ ئەوەی تیایدا بەرژەوەندی موسڵمانان ڕەچاوکرابێت، ئەو کاتە بڕیارو فەرمانەکە بەها نییە و گوێڕایەڵیش پێویست نییە))[1].

لەبەر ئەوەی لەوە تێپەڕ ناکات کە مرۆڤێك بێ گوێڕایەڵی کردنی پشت ئەستوور بێت بە گوێڕایەڵی کردنی خوای پایەبەرز، ئەگەر لە سنووردارکردنەکەی پێشەوادا گوێڕایەڵی خوای تێدا نەبوو ئەوا نابێ شوێن پێی هەواو ئارەزووی خەڵکی هەڵبگیرێ، چونکە دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە ئازادی ئەوانی دیکە و ئەو ڕەواییەی خوا بەوانی داوە.

خوای پایەبەرز دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأعراف. واتە: (_ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) _ بڵێ: ئەوە کێیە پۆشاك و ڕازاوەیی و جوانیە خوایەکانی لە بەندەکانی حەڕام کردووە، کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون؟ هەروەها کێیە ڕزق و ڕۆزی چاك و پاکەکانی حەڕام کردووە). هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحَرِّمُوا۟ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ المائدة. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو نازو نیعمەتە چاکانەی کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانی حەڕام مەکەن و لە سنوور دەرمەچن و دەستدرێژی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا دەست درێژکارانی خۆش ناوێت). هەڵاواردن و جیاکردنەوەکە لە پێناو بەرژەوەندیدا ئەنجامدراوە، چونکە بەرژەوەندییە چەسپاوەکان لە شەرشعدا پشتیان بەستووە بە چەندین دەقی شەرعی، یەکێکە لە ڕێسا گشتییەکان، بەمەش سنووردارکردنەکە

[1] الطرق الحكمية ٢٥.

**دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەیەکی شەرعی نەك بۆ هەواو حەزو ئارەزووەکان، فەرمانمان پێنەکراوە شوێن حەزو ئارەزووی بەندەکان بکەوین هەر چەندە پلە و پایەیان بەرز بێت بەڵکو ڕێگریمان لێکراوە.**

**هەڵسانی عوسمانی کوڕی عەففان** (ڕەزای خوای لێبێت) **بە کۆکردنەوەی خەڵك لەسەر یەك پیت لە حەوت پیتەکان (الأحرف السبعة) بە یەکێك لە بەرژەوەندییە ڕەچاوکراوەکان دادەنرێن، چونکە ڕێگری کرد لە دروست بوونی مشتومڕ و ڕاجیایی لەسەر قورئان**[1].

**ئا لێرەوە دروستە دەوڵەت دەستوەربدات لە پرسە ئابوورییەکاندا بۆ جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی لە قەدەغەکردنی شتە حەرامەکان، وەك: کڕین و فرۆشتنە حەرامەکان، هەڵسوکەوتە قەدەغەکانی وەك قۆرغکاری و جگەلەوانیش، هەروەها بۆ ئەنجامدانی ئەوەی بەرژەوەندی ئوممەتی تێدایە بەپێی مەرجەکانی بەرژەوەندییە ڕەچاوکراوەکان چ بە فەرمان پێکردن یان ڕێگری لێکردن.**

## ٢_ پاڵپشتی و هاریکاری دەوڵەت بۆ هەژارو دەستکورتان:

**ئیسلام هات سەروەتی دارایی دابەش کرد لەسەر بنچینەی دادگەری، هەروەك ڕێگری لەوەش کرد دەسەڵات کە مەترسیدارترە لە دارایی کۆببێتەوە لە دەستی چینێك یاخود خانەوادەیەك یان حیزبێکی دیاریکراو، ئیسلام بنەماکایەکی گرنگ بڕیار دەدات لە دارایی و ساماند ئەویش بریتییە لەوەی:** ﴿كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ﴾ الحشر: ٧. **واتە: (بۆ ئەوەی ئەو سامانە تەنها لە دەستی**

---

[1]) بڕوانە: الطرق الحكمية ٨٩.

دەوڵەمەندەکانی ئێوە کۆ نەبێتەوە). بەوەی دارایی دەستاو دەست بکرێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەستی بەسەردا نەگیرێت، سەرچاوەکانی دارایی زەوت نەکەن تا بەهۆیەوە خەڵکی بکەنە کۆیلەی دارایی[١].

هەر بۆیە ئیسلام هەڵساوە بەدانانی هاریکاری کۆمەڵایەتی لە میانەی فەرمان کردن بە زەکات و بەخشین و یارمەتیدان و پرسینی بارودۆخی دراوسێ و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ئەمەی لەم فەرمایشتەیدا ڕوون کردۆتەوە: (ئەوەی سامان و داراییەکی لە دوای خۆی جێهێشتووە ئەوا بۆ میراتگرەکانیەتی، ئەوەش کە شتێك یان خاوخێزانی لە پاش بەجێماوە ئەوا خۆم خەمیان لێدەخۆم و سەرپەرشتیان دەکەم)[٢].

هەر تاکێکی موسڵمان مافی هەیە لە خانەی دارایی (بیت المال) و دەبێ بەدەستی بخات، خانەی دارایی مافێکی گشتی موسڵمانانە دەبێ بەپێی بەرژەوەندی موسڵمانان هەڵسوکەوتی تێدا بکرێت، چونکە سامانی تایبەتی کاربەدەست نییە[٣].

ئەم بەخشینە لە خانەی دارایی زیان ناگەیەنێت بە خاوەن سەرمایەکان، بەڵکو سەرمایە دابەشکردنە لە نێوان تاکەکاندا، لەبەر ئەوەی هەر تاکێك مافی هەیە لە دەوڵەتدا.

---

(١) بڕوانە: الحرية والطوفان ٧٥.

(٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە: كتاب الفرائض، باب ميراث الأسير، رقم ٦٧٦٣، ١٢/ ٤٩، ومسلم، كتاب الفرائض، باب من ترك مالا فلورثته ٣/ ١٢٣٨.

(٣) بڕوانە چەندین گێڕانەوە لە سەردەمی جێنشینە ڕێنوێنیکراوەکان کە ئاماژەن بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامان و پاراستنی سامانی گشتی لە: الحرية والطوفان ٧٦ _ ٨٧.

لە میانەی ئەوەی خرایەڕوو دەردەکەوێت کە: بناغە لە خاوەندارێتی تاکەکەسی و هەڵسوکەوت و کارکردندا بریتییە لە ئازادی و هەڵبژاردن و ڕەزامەندی، دەوڵەتیش دەستوەرنادات لە پرس و مەسەلە ئابوورریەکاندا مەگەر لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکی شەرعی نەبێ وەك سەپاندنی زەکات و هاریکاری هەژاران، قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنە قەدەغەکان و قۆرغکارییەکان و جگەلەوانیش.

بنچینە دەستوەرنەدانە لە بازار، ئەگەر هاتوو بازارەکە وەستا بوو لەسەر خستنەڕو و خواست بێ کاریگەریەکی دیکە، نرخ دانان ستەمێکە خۆ لێ دوورگرتنی پێویستە. پەیڕەو و بەرنامەی ئابووری ئیسلامی وەستاوە لەسەر دادگەری و قەدەغەکردنی ستەم، هەڵسوکەوت کردن و ئاڵوگۆڕی چاك و دروست ئەنجامدان و بەهای بەرز، هەروەها ئامانجی دەستەبەرکردنی بەندایەتی تەواوە بۆ خوای پایەبەرزو دوورکەوتنەوە لە پەیوەست بوون بە دونیاوە کە سەردەکێشێت بۆ دونیا پەرستی و پێشخستنی بەسەر فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر (ﷺ).

بەرنامە و پەیڕەوی ئیسلام بەرنامەیەکی تایبەتمەندە و بەراورد ناکرێت بە بەرنا و ڕێبازە نەفامییەکانی وەك سەرمایەداری و ئیشتراکییەت، چونکە بەرنامەیەکی خوایی ڕەوشتی هاوسەنگە و بەرژەوەندییەکانی بەندەکان بێ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە ڕەواکانیان دەستەبەر دەکات، مرۆڤ بێ بەش ناکات لە خاوەندارێتی تایبەت کە خوای گەورە مرۆڤی بە سروشت لەسەری بەدیهێناوە، هانی ئادەمیزادیش دەدات لەسەر سامانی سوودبەخش کە زەوی پێ ئاوەدان دەکرێتەوەو فەرمانیشی پێ دەدات بە زەکاتدان و بەخشین و چاکەکاری و ڕەوشت بەرزی و بەسۆزبوون لەگەڵ هەژاران و نەداران، ڕێگری ناکات لە هەڵسانی دەوڵەت

بە دەست تێوەردان لەبەر بەرژەوەندی ڕەوا، چونکە بەرەڵایی وا دەکات بازار وەك دارستانی لێبێت و تیایدا بەهێز لاواز بخوات، ئیسلام فەرمان دەكات بە دابەشکردنی دادگەرانەی سەروەت و سامان و پاراستنی سامانی گشتی، ڕێگریش دەكات لە خواردنی ماڵ و سامانی خەڵك بە نا حەق، هەروەك ڕێگری دەكات لە کڕین و فرۆشتنە قەدەغەکراوەکان، بەڵام ئامرازەکانی بەرهەمهێنان داگیر ناکات یان بە نیشتمانی ناکات، ڕێگە لە خەڵك ناگرێت لە ئەنجامدانی کاسبی پاك، بەڕاستی بەرنامەیەکی بێ وێنەیە لەوەی ئەو شتە دەبەخشێت بە مرۆڤ کە بەختەوەرییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکەی دەستەبەر دەکات.

## چوارەم: ئازادی ڕادەربڕین:

ئازادی ڕادەربڕین بە یەکێك لە ئەرکە شەرعییەکان دادەنرێ، چونکە زۆرێك لە ئەرکە شەرعییەکانی وەك فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و دادگەری و فەتوادان و ڕاوێژو ئامۆژگاری و جگەلەوانەش بەبێ ئازادی ڕادەربڕین بەرپا نابن، هەر ئەرکێك پەکی لەسەر شتێك بکەوێت ئەو شتەش پێویستە.

ڕاو بۆچوون هەیە شەرعی ئاینییە[1]، بۆچوونیش هەیە دونیاییە، جا لە حوکمە ئەرکداری (تکلیف)یەکاندا بۆ جۆرەکانی پێویست و سوننەت و قەدەغە و

() مەبەست لە بۆچوونی شەرعی بەگوێرەی ئەوەیە کە لە عەقڵ و تێگەیشتنی مرۆڤی ئەرکداردا بەرپا دەبێت، بەڵام حوکمی شەرعی لە خودی خۆیدا بریتی نییە لە بۆچوون، ئەوەی کە لە تێگەیشتنی مرۆڤدا بەرپا دەبێ هەیە بڕاوەو سەلمێنراو و پێویستە وەك بنچینەکانی بیروباوەڕو یەکتاناسی، هەشیانە بۆچوونی کۆششکاری گوماندارن، پلەی بەهێزی و لاوازییەکەی دەگۆڕێ بەپێی نزیکی و دوورییەکەی لە بەڵگەی شەرعی. مەبەست ئەوە نییە ئەم حوکمە مەزنان بریتین لە تەنها بۆچوونی هاکەزایی و دەکرێ سەرپێچیان بکرێ وەك ڕاو بۆچوونە مرۆییەکان، هیچ موسڵمانێك ئەمە ناڵێت، لەبەر ئەمە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پرسە شەرعییەکان لە میانەی دروشمی ڕاگەیاندکاری

**ناپەسەند دابەش بوونە. ئەم جۆرە ئازادیانە لە پێویستییە هەرە سەرەکییەکان دادەنرێنن کە بە نەبوونی ناخۆشی و تەنگوچەڵەمە بەرپا دەبێ، خوای مەزنیش دەفەرموویێت:** ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ١٨٥﴾ البقرة. **واتە: (خوا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، نایەوێت شتەکانتان لەسەر قورس و گران بکات).** ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ٦﴾ المائدة. **واتە: (خوا نایەوێت تووشی سەغڵەتی و نارەحەتیتان بکات، بەڵکو دەیەوێت پاکتان بکاتەوەو نازو نیعمەتی خۆی بەسەرتاندا تەواو بکات بەڵکو سوپاسگوزار بن).** ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ٧٨﴾ الحج. **واتە: (لە ئایین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی سەغڵەت و قورسی لەسەر دانەناون).**

**نەبوونی ئازادی دەبێتە هۆی دروستبوونی بێ سەروبەری و گەندەڵی مەزن لە دین و دونیادا، سەرکوت کردنی ئەم ئازادیانە دەبێتە هۆی خەستتربوونەوەی گەندەڵیەکە، لە کاتێکدا سەربەستی نابێ کە بنچینەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.**

**دەکرێ ئەندێشەی ئەوە بکرێ کە بەسەر خەڵکیدا دێت بەهۆی ڕێگری کردن لە ئازادی ڕادەربڕین لە میانەی ئەندێشەکردنی ژیان بەبێ ئەرکە شەرعییە**

---

**(بۆچوون و بۆچوونی بەرامبەر) بە دەستدرێژی و ستەمکردن لە ئایین دادەنرێت، قسەکردن لە ئایندا بەبێ زانست.**

**حوکمی شەرعی بابەتێکە مرۆڤ تێیدا پێوە پابەندە، بۆچوون لە حوکمی شەرعیدا بۆ ئەو کەسانەیە کە شایستەن بۆ وردبوونەوەو ئەنجامدانی کۆششی شەرعی، لەوەرگە و خوانێکی بەرەڵا نییە بۆ هەر کەسێك کە بێت و بچێت.**

گشتییەکانی وەك فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و دادوەری و بانگەوازو فەتوادان و ئامۆژگاری یەکتری کردن، پێشخستنی ئەزموون و شارەزایی لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا، وەك: بوارەکانی پزیشکی و پیشەسازی و کارگێڕی و زانستە مرۆڤایەتییە سوودبەخشەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

سەرکوت کردن و کپ کردنی ئازادی ڕادەربڕین سەردەکێشێت بۆ لادان لە ئاییندا، پەکخستنی ئەو پەرستشەی خوا فەرمانی پێداوە، هەروەك دەبێتە مایەی کاوڵ بوونی دونیا و لادانی لەسەر شاڕێگەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، چونکە هۆکاری پەکخستنی داهێنان و گەشە و هێنانە کایەی شتی سوودبەخشە.

بەڵام ئەم ئازادییە وەك هەموو ئازادییەکان بەرەڵا و بێ ڕێشمە نییە، بێ مەرج و سنوورو ڕێکخەر نییە، بەڵکو ئازادییەکە ڕێکخراوە بە شەرعی مەزن و تیشکەکانی بەرژەوەندی گشتی بەندەکان و ئاماژەکانی بەرگرتن لە خراپەکان.

## ڕێکخەرەکانی ئازادی ڕادەربڕین[1]:

دەبێ ئازادی ڕادەربڕین ڕێکخرا بێت بە مەرجی شەرعی، ئەمە یاسا و ڕێسایەکی سەرەکییە لە هەموو بوارەکانی ژیان و ئازادییەکانی مرۆڤدا، چونکە بۆچوونە نا ڕێکخراوەکان بێ چەند و چوون سەردەکێشن بۆ سەرگەردانی و لادان، وەك: هاوبەشدانان و بێ باوەڕی بە هەموو جۆرەکانی و بیدعە و شتە داهێنراوەکان، هەروەها وادەکات جیهان بکەوێتە ناو شڵەژان و ناکۆکی کە ململانێ

---

(1) لە بارەی ئەم ڕێکخەرانەوە بڕوانە: التعبير عن الرأي ضوابطه ومجالاته في الشريعة الإسلامية ١/ ٤٠ _ ٣٧٥، لەم دەروازەیەدا زۆر سوودم لێ بینیوە.

و پەرتەوازەیی دروست دەکات، بەرەڵایی ئازادییەکان وا دەکات لە هەنگاونان و بەرەوپێشچوون بکەوێت، ئەمە شتێکە یەکدەنگی لەسەرە لەلایەن هەموو خەڵکەوە، هەر بۆیە بوونی مەرج و ڕێکخەری ئازادی یەکدەنگی لەسەرە، بەڵام دیاریکردنی ئەم ڕێکخەرو مەرجانە و خاڵی دەستپێکیان ڕاجیایی تێدایە.

ئازادی ڕادەربڕینی پەسەند بریتییە لەوەی بۆچوونەکە ڕەواو ڕێپێدراو بێت، ڕەچاوی سەرەنجام و ئاکامەکان بکات لە ڕووی باشی و خراپیەوە، هۆکارو ئامرازی ڕەواش بەکاربهێنێت، لە ناو ئەم سنوورەدا مرۆڤ ئازادە بێ هیچ فشار یان ناچارکرانێك، پێویستە لەسەر دەوڵەت ئەم ئازادییە گرنگەی بۆ دەستەبەر بکات.

## ڕێکخەری یەکەم: ڕاو بۆچوونەکە شەرعی و ڕەوا بێت:

ئەم ڕێکخەرە بە کۆت و بەندکردنی ئازادی ڕادەربڕین دادەنرێ لە شتی ڕەوادا، شتێکی زانراوە مەرج نییە هەموو بۆچوونێك شەرعی و ڕەوا بێ، سەرچاوەی جیاکاری کردن لە نێوان بۆچوونی شەرعی و نا شەرعی سروش و نیگای خوایە، چونکە حەڵاڵ ئەوەیە کە خوا حەڵاڵی کردووە، حەرامیش ئەوەیە کە خوا حەرامی کردووە، ئایین و بەرنامەش ئەوەیە کە خوای مەزن دایناوە.

_ ڕاو بۆچوونی شەرعی دوو جۆرە:

یەکەمیان: ڕاو بۆچوون لە پرس و بابەتە شەرعییەکاندا، وەك فەتوادان و دادوەری و جگەلەوانەش، ئەم جۆرە بریتییە لە دەرەنجامی وردبوونەوەو بیرکردنەوەو هەوڵ و کۆشش کردن بۆ زانینی ڕاستی لە مەسەلە شەرعییەکاندا.

دووەمیان: ڕاو بۆچوون لە بابەتە دونیاییەکاندا؛ وەك بوارەکانی: پزیشکی و ئەندازیاری و زانستە سروشتییەکان و بەڕێوبردنی ئوممەت و جگەلەوانیش، ئەمە دەرەنجامی تێڕامان و وردبوونەوەیە لە کاروبارە دونیاییەکاندا و کۆششکردنە لە زانینی ڕێسای بەردەوامی خوا لە بوونەوەرەکەیدا بۆ گەیشتن بە ڕاستی.

## ١ _ ڕاو بۆچوون لە پرس و بابەتە شەرعییەکاندا:

پێشەوا ئیبن قەییم ڕەحمەتی خوای لێبێت ڕاو بۆچوونی لە پرسە شەرعییەکاندا دابەش کردووە بۆ سێ بەش: بۆچوونی دروست، بۆچوونی نا دروست، ئەو بۆچوونەی مایەی تێڕامانە.

- **ڕاو بۆچوونی دروستیش چەند جۆرێکە:**

_ بۆچوونی هاوەڵانی پێغەمبەر، ئەوان ((تێگەیشتووترین چینی ناو ئوممەتن، خاوەنی چاکترین دڵ و قوڵترین زانستن، لە هەموو کەس کەمتر شتەکانیان بە گوێرەی حەزی خۆیان لێکداوەتەوە، خاوەنی مەبەستی هەرە پاك و سروشتی هەرە تەواو و پەیی پێبردنی کامڵ و هۆشی پاکن، دیمەنی دابەزینی قورئانیان بینیوە، لێکدانەوەی دەقەکانی سروشیان زانیوە، لە مەبەستەکانی پێغەمبەر گەیشتوون، جا بۆچوون و زانست و مەبەستەکەیان دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ)چۆن وەك هاوەڵ دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ)، جیاوازی نێوان هاوەڵان و خەڵکانی دوای ئەوان وەك جیاوازی نێوانیانە لە گەورەیدا، بۆچوونی ڕای خەڵکی دوای ئەوان لەگەڵ ڕای ئەوان وەك جیاوازی ڕێزەکەیانە))[1].

---

[1]) إعلام الموقعين ١/ ٧٩ _ ٨٠.

ئەگەر بۆچوونی هاوەڵێك بڵاوبووەوەو پێچەوانەشی نەزانرا ئەوا دەبێتە یەکدەنگی، ئەگەر هاتوو ئەوەی بێ دەنگ بووە لە ئاستیدا تورە نەبێ، وتەی هاوەڵ بەلگەیە ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی هاوەڵێکی دیکە نەبوو، ئەگەرچی بۆچوونی هاوەڵەکەی دیکە زۆر بەناوبانگیش نەبێ ئەوا ئەگەر پێچەوانەی بوو بە بەلگە ناچێ، هەروەك ڕوون و ڕۆشنە لە کتێبەکانی زانستی بنەماکانی فیقهدا[١]، بۆچوونی هاوەڵی پێغەمبەر لە پێشترە لە بۆچوونی موسڵمانێکی ئاسایی، چونکە شارەزاترە لە مەبەستەکانی پێغەمبەرو هەڵسوکەوت و کردەوەکانی پێغەمبەری بینیوە.

_ ئەو بۆچوونەی دەقەکان ڕاڤە دەکات ((ئاماژەکانی ڕوون دەکاتەوەو پەسەندیان دەکات، باشییەکانی ڕۆشن دەکاتەوە، ڕێگە خۆش دەکات بۆ لێ هەڵهێنجانی، هەروەك عەبدان[٢] وتی: "بیستم عەبدوڵای کوڕی موبارەك[٣] وتی: ((با ئەو شتەی پشتی پێ دەبەستی شوێنەواری هەبێت، ئەو بۆچوونە وەربگرە کە فەرموودە

(١) لە بارەی بەلگە بوونی وتەی هاوەڵانەوە بڕوانە: مجموع الفتاوى ٢٠ / ١٤؛ شرح الكوكب المنير ٢/ ٣٥٢ _ ٣٥٤.

(٢) ناوی عەبدوڵای کوڕی عوسمانی ئەزدییە، باوکی عەبدوڕەحمانە، پێشەوایەکی لەبەرکارو فەرموودەناسە، بەخشندە و چاکەکار بووە، هەزار هەزار دیرهەمی بەخشیوە، بە یەك خامە کتێبەکانی ئیبن موبارەکی نووسیوە، ساڵی ٢٢١ك مردووە. بڕوانە: سير أعلام النبلاء ١٠/ ٢٧٠.

(٣) ناوی عەبدوڵای کوڕی موبارەکە، باوکی عەبدوڕەحمانی حەنزەڵییە، پێشەوایەکی بە ناوبانگە، تێکۆشەرێکی ناسراویشە، لە دانراوەکانی: (الزهد والرقائق) و (الجهاد)، هۆنراوەی خۆش و باشی هەی، ساڵی ١٨١ك کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: سير أعلام النبلاء ٨/ ٣٧٨.

**شرۆڤە دەکات))[١]. ئەمە ئەو تێگەیشتنەیە خوای مەزن دەیبەخشێت بە هەر یەکێك لە بەندەکانی کە بیەوێت"[٢].**

**مەبەست لەم بۆچوونە: دەربڕینی بۆچوونە لە هەندێك بابەتدا کە دەقی لەسەر نەهاتووە بە پشت بەستن بە تێگەیشتنێکی ورد لە دەقەکاندا نەك تەنها بۆچوونێکی ڕووت بێ.**

**_ کۆششکردنی بە کۆمەڵ کە بریتییە لەوەی: ((ئوممەت لەسەری کۆبووەتەوە، پاشینەکان لە پێشینەکانی ئوممەت وەریانگرتووە، ئەو بۆچوونەی ئوممەت لەسەر کۆدەبێتەوە بێگومان هەر ڕاستە... ئەگەر ڕووداوێك پێش هاتبا بەسەر میری باوەڕداران عومەری کوڕ خەتاب _ ڕەزای خوای لێبێت _ و هیچ دەقێکی لەبەر دەست نەبووبا لەبارەیەوە لە قورئان و سوننەتدا، ئەوا هاوەڵانی پێغەمبەری کۆدەکردەوەو ڕاوێژی ئەنجام دەدا))[٣].**

**ئەم کۆششکردنە لە بابەتێکدا نییە کە دەقی ڕاشکاوی لەسەر هاتبێت، چونکە ئەگەر دەقی ڕاشکاوی لەسەر هەبوو ئەوا تەنها دەقەکە بایەخی دەبێت، ڕاوێژو کۆششکردن لە شتێکدایە کە دەقی لەسەر نەبێت، ڕای کۆششکاران یەکبگرێ لەسەری، جا ئەگەر کۆششی یەك کۆششکار بایەخی و سەنگی هەبێ ئەی چی بۆ ئەوەی ئەگەر کۆششی تێکڕای کۆششکاران یەکبگرێ لەسەر شتێکی دیاریکراو؟[٤].**

(١) ئەبو نەعیم بە زنجیرەیەکی دروست گێڕاویەتیەوە لە کتێبی: الحلية ٨/ ١٦٥.
(٢) إعلام الموقعين ١/ ٦٥.
(٣) هەمان سەرچاوە ١/ ٦٦.
(٤) وەك: کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە سەردەمی ئەبو بەکرو عوسماندا (ڕەزای خوایان لێبێت).

_ کۆششکردن (الإجتهاد) لە دوای بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو بۆچوونی هاوەڵان پاساوی خۆی هەیە و پشت دەبەستێت بە شتە هەمەکییەکانی ئایین و یاساکانی و مەبەستەکانی شەریعەت[1].

ئەوانە چەند جۆرێکی ڕاو بۆچوونی دروستن کە پشتیان بەستووە بە هەڵهێنجان لە قورئان و سوننەت و بۆچوونی هاوەڵان و یاسا گشتییەکانی ئایین، ئەم بۆچوونە تەنها لەلای کەسێکەوە دروستە کە مەرجەکانی کۆششکردن و ڕێککارییەکانی تێدا هاتوونەتەجێ، بۆ کەسێك نییە کە ئامرازی ڕامان و بەڵگەهێنانەوە لە دەقەکاندا پێ نەبێت بدوێت لە بارەی ئایین بەبێ زانست.

- **بەهەمان شێوە ڕاو بۆچوونی نا دروستیش چەند جۆرێکە[2]:**

_ ڕای پێچەوانەی دەق.

_ قسەکردن لەبارەی ئایین بەبێ زانست، کەمتەرخەمی لە زانینی دەقەکان و تێگەیشتنیان، هەروەك خوای پایەبەرز دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (_ ئەی مرۆڤ _ لە شتێك مەدوێ و شوێن شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت لەبارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەمووی بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە).

(1) بڕوانە: إعلام الموقعين ١/ ٦٧.

(2) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕە ١/ ٦٦.

_ بۆچوونی داهێنراو، وەك: لێکدانەوە (تأویل) کردنی سیفەتەکانی خوا، ڕەتکردنەوەی سیفەتەکان، بیدعەی گۆڕو هاوشێوەکانی.

_ بۆچوون دەربڕین لەبارەی حوکمەکانەوە لە بەچاك دانان و گومان و پێوانە و بەراوردە دژەکان لەگەڵ دەق.

- ئەو بۆچوونەی کە مایەی تێڕامانە، لەو بابەتانەدا دەبێت کە هیچ دەقێك یان وتەی هاوەڵان ئاماژەی لەبارەی بابەتەکە تێدا نەبێت، دەریش نەکەوتبێت کە بابەتەکە دەچێتە ناو بنچینە گشتییەکانی شەریعەت، بەمەش کۆششی تێدا دەکات، ئەم جۆرەیان لە بازنەی پێویستی تێپەڕ ناکات، پێشەوا ئەحمەد[1] وتویەتی: پرسیارم لە شافیعی کرد لەبارەی بەراورد و پێوانە (قیاس)ەوە، پێی وتم: لە کاتی پێویستیدا بەکارهێنانی مۆڵەت پێدراوە[2].

## ٢_ ڕاو بۆچوون لە بابەتە دونیاییەکاندا:

ئەم جۆرە لە ڕاو بۆچوون داهێنان و بیرکردنەوە بەهێز دەکات ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی ڕامان و وردبوونەوەدا بوو، بەڵام ئەگەر بە ڕێگەی دڵنیا بوونەوەو لێکۆڵینەوە بوو ئەوا پێویستی بە شارەزاییەکی تەواو و ئەزموونێکی سەلامەت

---

(1) ناوی ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی حەنبەلی شەیبانی وائیلی باوکی عەبدوڵایە، یەکێکە لە چوار پێشەواکە، حەنبەلییەکان دەدرێنە پاڵی، بە بنەچە خەڵکی مەڕوەیە، لە بەغداد لە ساڵی ١٦٤ك _ ٧٨٠ز لە دایك بووە، پێگەیشت لەسەر زانستخوازی و گەڕان بە ناو شاراندا، هەژدە مانگ لە دەرەنجامی ئاشوبی بیرۆکەی (بەدیهێنراوی قورئان) بەندکرا، لە دانراوەکانی: (المسند) و (الرد علی الزنادقة فیما ادعت بە من تشابه القرآن) و (الزهد)، ساڵی ٢٤١ك _ ٨٥٥ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ١/ ٢٠٣.

(2) بڕوانە: إعلام الموقعین ١/ ٥٣.

**هەیە، ، دواتر نابێ قسە لەوبارەوە بکرێ بەبێ شارەزایی و زانست، بۆچوون دەربڕین بەبێ زانست بەپێی سروشت و شەرع نەخوازراوە، سروشتی پاك بانگەشە و درۆ ڕەتدەکاتەوە، شەرع قسەکردن بەبێ زانست حەرام دەکات، هەروەك لەم فەرمایشتەدا هاتووە: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (_ ئەی مرۆڤ _ لە شتێك مەدوێ و شوێن شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت لەبارەی نییە). هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە: ((ڕاوێژ پێکراو ئەمینداره))[1]، واتاکەی ئەوەیە تێبکۆشێت لەوەی زانسی ڕاست و دروست بداتە ئەوەی پرس و ڕاوێژی پێکردووە.**

**شافیعی دەڵێت: ((هەر کەسێ خۆی لە شتێك هەڵقورتاند و شارەزایشی تێدانەبوو، ئەوا ئەگەر ڕاستیش بپێکێت ئەوا هەر ستایشی ناکرێ... ئەگەر هەڵەشی تێدا کرد پاساوی نییە، ئەگەر قسەیەکی کرد نەیزانی ڕاست و ناڕاستی قسەکە چییە ئەوا بیانۆی نییە))[2].**

**ڕێگری کردن لە ساختەکاری و فێڵ و درۆ و بانگەشەی پزیشکایەتی بەبێ زانستی پزیشکی دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، هەر لەبەر ئەمە هەر کەسێك بانگەشەی زانینی شتێك بکات و نەزانیش بێت ئەوا ئەگەر شتێکی بەوهۆیەوە بەفیڕۆدا ئەوا دەبێ قەرەبووی بکاتەوە.**

---

**[1] ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە: كتاب الأدب، باب في المشورة، رقم ٥١٢٨، ٥/ ٣٤٥، والترمذي، كتاب الأدب، باب إن المستشار مؤتمن، رقم ٢٨٢٢، ٥/١١٥، وابن ماجه، كتاب الأدب، باب المستشار المؤتمن، رقم ٣٧٤٥، ٢/ ١٢٣٣، وأحمد في المسند ٥/ ٢٧٤؛ والبيهقي في السنن الكبرى ١٠/ ١١٢، والحاكم في المستدرك ٤/ ١٣١، والطبراني في الكبير رقم ١٨٤٦، ٢/ ٣٠٤، قال الحاكم صحيح الإسناد على شرط الشيخين ولم يخرجاه، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن ابن ماجه رقم ٣٠١٩، ٢/ ٣٠٨.**

**[2] الرسالة ٥٣.**

## ڕێکخەری دووەم: هەبوونی شایستەیی ڕاوبۆچوون:

ڕاو بۆچوون کاریگەری دیاریان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، جا چ لە کاروبارە ئاینیەکان یا دونیاییەکاندا، هەر لەبەر ئەمە مرۆڤ سوودمەند دەبێ بە ڕاو بۆچوونی سوودبەخش، زیانبەخش دەبێت بە بۆچوونی پوچەڵ، هەر بۆیە ئەوەی بۆچوون دەردەبڕێ دەبێ شایستەیی هەبێ بۆ ئەم کارە تا بۆچوونەکە شەرعی و دروست و چاك بێت.

مەرجەکانی شایستەیی ڕادەربڕین لە پرسە شەرعییەکاندا زانایان خستوویانەتەڕوو لە مەرجەکانی فەتواداندا کە بریتین لە: موسڵمانێتی، ئەرکداری (التكليف)، دادگەری، کۆششکردن، زیرەکی[١].

کابرای خوانەناس و شوێنکەوتووانی ڕێبازە لاڕێکان بۆچوونیان هەرچەندە ڕێك و پێك بێت ئەوا هەر دروست نییە، بۆچوونی کەسی لاساریش پەسەند نییە، چونکە متمانە بە قسەکانی ناکرێ، لە هیچ شتێکدا پشتی پێ نابەسترێ[٢]، هەروەك بۆچوونی کەسێکیش وەرناگیرێت کە کۆششکار نەبێ لە ئایندا[٣]، وەك: کەسی سادە و سەرەتاییەکان و خاوەن تێشووە کەمەکان لە زانستدا، چونکە

---

(١) بڕوانە: الفقيه والمتفقه ٢/ ٣٣٠؛ والفتيا ومناهج الإفتاء، والتعبير عن الرأي ١/ ١٢١.

(٢) بڕوانە: غياث الأمم ١٨٠.

(٣) کۆششکردن (الإجتهاد) مەرجی هەن لەوانە: شارەزایی لە: قورئان و سوننەت، هۆکارەکانی دابەزینی ئایەتەکان، هەڵوەشاوەو هەڵوەشێنەرەوە (الناسخ والمنسوخ)، زمانی عەرەب، هەڵهێنجان و بەڵگە هێنانەوە (بنەماکانی فیقه)، پەیی بردن بە مەبەست و یاسا سەرەکییەکانی شەریعەت.

**شایستە نین ڕابمێنن لە بابەت و بەڵگەکان، زیرەکی خۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتن و ڕاست بڕیاردان لەسەر شتەکان(١).**

**سەبارەت بە شایستەیی ڕاو بۆچوون لە کاروباری دونیایدا ئەم مەرجانەی هەن: ئەرکدار بێ، چونکە شێت ڕاو بۆچوونی لەسەر خۆشی وەرناگیرێت، زارۆکیش چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت ئاکامی شەکان نەزانێت، هەروەها ئەمانەش چەند مەرجێکی دیکەن: شارەزایی، ڕاستگۆیی، درۆزن قسەی وەرناگیرێت، تەنها بۆچوونی کەسی ڕاستگۆو دڵسۆز وەردەگیرێت(٢).**

**بابەتێکی گرنگ دەمێنێتەوە، ئەویش وەرگرتنی بۆچوونی کابرای بێ باوەڕە لە کاروباری دونیادا، ڕای ڕاست ئەوەیە کە ئەگەر گومانی ئەوە زاڵ بوو کە بێ باوەڕەکە ڕاستگۆیە ئەوا بۆچوونەکەی وەردەگیرێت، ئەم فەرمایشەی خوای مەزن ئاماژە بەمە دەکات:** ﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٧٥﴾ آل عمران. **واتە: (لە شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان هەن ئەگەر ماڵ و داراییەکی زۆری لەلا دابنێیت بە ئەمانەت، _ هەر کاتێك داوای بکەیت _ ئەوا بۆت دەگێڕێتەوە بە تەواوی، هەشیانە ئەگەر یەك دیناری بە ئەمانەت لەلای دابنێیت ئەوا بۆت ناگێڕێتەوە مەگەر بەسەریەوە ڕاوەستابیت و کۆڵی لێ نەدەیت، ئەوانە بۆیە وادەکەن، چونکە دەڵێن لە بەرامبەر دەستەی نەخوێندەوارانداا _ مەبەستیان**

---

**(١) بڕوانە: الفتيا ومناهج الإفتاء ٤٢.**

**(٢) بڕوانە: التعبير عن الرأي ١/ ١٢٨.**

موسڵمانانن _ بەرپرسیار نین، ئەوانە بەدەم خواوە هەڵدەستن و دەشزانن کە درۆ دەکەن)، لەم ئایەتەدا ئەوە هاتووە کە خاوەن کتێبەکان کەسی ناپاك و پاکیان تێدایە، وەك یەك نین، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی بێ باوەڕ کە هەمان بڕوای قوڕەیشییەکانی هەبوو بەکرێی گرت وەك ڕێنیشاندەر[١].

هەروەك ئوممەت کۆك بووە لەسەر وەرگرتنی وتەی بێ باوەڕ لە مامەڵە دارایيەکاندا[٢]، لە شتەکانی دیکەشدا بەهەمان شێوە[٣]. بەمەش ئەوە دەچەسپێت کە بۆچوونی بێ باوەڕ ئەگەر وا دەرکەوت ڕاستگۆیە وەردەگیرێت لە هەموو کاروبارە دونیاییەکاندا بەتايبەت کە پێویست بێت.

## ڕێکخەری سێیەم: ڕەچاوکردنی ئەو دەرەنجامەی بۆچوونەکە سەری بۆ دەکێشێت:

ڕاستینە و حەقیقەتی ئەم مەرج و ڕێکخەرە ئەوەیە کە خاوەن بۆچوون ڕەچاوی دەرەنجام و شوێنەواری بۆچوونەکەی بکات کە ئایا خراپە یان باش، لەوانەیە بۆچوونەکە لە خودی خۆیدا باش دروست بێت، بەڵام لەوانەیە دەربڕینی لە هەندێك بارودۆخدا ببێتە هۆی لاچوونی بەرژەوەندیەك یان هێنانی خراپەیەك، ((شەریعەت بنیاتنراوە لەسەر بەرژەوەندی دین و دواڕۆژی بەندەکان، سەرتاپای دادگەری و میهرەبانی و بەرژەوەندی و داناییە، هەر مەسەلەیەك لە دادەوە بۆ ستەم و لە میهرەبانیەوە بۆ نا میهرەبانی و لە بەرژەوەندییەوە بۆ

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: باب استئجار المشركين عند الضرورة أو إذا لم يوجد أهل الإسلام و عامل النبي ﷺ يهود الخيبر، رقم ٢٢٦٣ (٤/ ٥١٧) مع الفتح.

(٢) بڕوانە: أحكام القرآن _ للجصاص _ ٣/ ٣٩٩؛ فتح الباري ٥/ ٤٧٨.

(٣) بڕوانە: التعبير عن الرأي ١/ ١٢٩ _ ١٣٣.

خراپە و لە حیکمەتەوە بۆ بێ سەروبەری دەرچوو ئەوا لە شەریعەت نییە، ئەگەر بە لێکدانەوە _ تأویل _ بخرێتە ناو شەریعەتەوە، شەریعەت دادگەری خوایە لە ناو بەندەکانی و میهرەبانیەکەیەتی لە نێو بەدیهێنراوانی و سێبەرەکەیەتی بەسەر زەویەکەیدا، حیکمەتی شەریعەت و ڕاستگۆیی پێغەمبەر (ﷺ) جوانترین و ڕاسترین ئاماژەن لەسەر ئەمە))[١].

بەڵگەکانی سەر ئەوەی ئیسلام ڕەچاوی بەرژەوەندی بەندەکان و لادانی خراپەکانی کردووە لە هەزار تێپەڕ دەکەن[٢]، وردبوونەوە لە پێناو هەڵهێنجانی حوکمەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا ئەم حوکمانەی داناوە لە پێناو بەرژەوەندی بەندەکان[٣].

شاتبی دەڵێت: ((بەڵگە شەرعییەکان و ڕامان و وردبوونەوە ئەوە بەدەستەوە دەدات کە ئاکامەکان سەنگیان لە شەرعدا هەیە و ڕەچاوکراون))[٤]، لەو بەڵگانە: ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٢١ ﴾ البقرة. واتە: (ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بپەرستن، ئەو زاتەی ئێوەو پێش ئێوەشی دروستکردووە، بۆ ئەوەی پارێزکار بن). هەموو ئەو ئایەتانەی پیتی (لام)ی هۆدارکردن (تعلیل)یان تێدایە دەچنە ناو ئەم بازنەیەوە، هەروەها ئەم فەرمایشتەش: ﴿ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ

---

(١) إعلام الموقعين ٣/ ١١.
(٢) بڕوانە: مفتاح الدار السعادة ٢/ ٣٤٠.
(٣) بڕوانە تێرو تەسەلی بەڵگەکان لە: مقاصد الشريعه الإسلاميه (اليوبى) ١٠٦ _ ١٢٠.
(٤) الموافقات ٥/ ١٧٩.

﴿فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدْوَۢا بِغَيْرِ عِلْمٍۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ١٠٨﴾ الأنعام. واتە: (_ ئەی ئیمانداران _ نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی _ نەفامان _ هاواری لێ دەکەن و دەیپەرستن بێجگە لە خوا، نەوەکو ئەوانیش بە نا حەق و نەفامی جوێن بە خوا بدەن، چونکە نایناسن و قەدری نازانن، ئا بەم شێوەیە بۆ هەر گەل و ئوممەتێك کردەوەیەکمان ڕازاندۆتەوە، لەوەو دوا گەڕانەوەیان هەر بۆ لای پەروەردگاریانە، ئەوسا ئاگاداریان دەکاتەوە بەو کارو کردەوانەی دەیانکرد). لەو فەرموودەیەی لەبارەی کوشتنی دووڕووانەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دەترسم لەوەی خەڵك بڵێت محەممەد هاوەڵەکانی دەکوژێت))[١]، هەروەها فەرمووی ((ئەی عائیشە، ئەگەر هۆزەکەت تازە لە کوفرەوە نەهاتبانە دەرەوەو موسڵمان بوونیان ساوا نەبووبا، ئەوا کەعبەم هەڵدەوەشاندەوە، دوو دەرگام تێ دەکردەوە، دەرگایەك بۆ ڕۆیشتنە ژوورەوەو دەرگایەکیش بۆ ڕۆیشتنە دەرەوە))، ئیبن زوبەیر ئەوەی کرد[٢].

جا ڕەچاوکردنی ئاکامەکان ((ڕێسای: بڕینی پاساو "سد الذرائع"یش)) دەگرێتەوە، ئەو ڕێسایەش ئەوەیە لە بنەڕەتدا قسەکە یان کردەوەکە دروست بێ بەڵام هۆکارێك بێ بەرەو حەرامێك و ئاکامەکەی نادروست بێت، جا بەهۆی دەرەنجام و ئاکامەکەی ڕێگری لێ دەکرێ[٣].

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: کتاب المناقب، باب ما ینهى من دعوى الجاهلیة، رقم ٣٥١٨ (٦/ ٦٣١ مع الفتح).

(٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: کتاب العلم، باب من ترك بعض الإخبار مخافة أن یقصر فهم بعض الناس عنه فیقعوا في أشد منه، رقم ١٢٦ (١/ ٢٧١ مع الفتح).

(٣) الموافقات ٥/ ١٨١ _ ١٨٢، وإعلام الموقعین ٣/ ١٢٦.

**شاتبی دەڵێت: ((ڕوانینە ئاكامەكانی كردەوەكان بایەخی خۆیان لە شەرعدا ڕەچاوكراوە، بەوەی كۆششكار حوكم لەسەر كردەوەی ئەركدار نادات بەوەی بیكات و بەردەوام بێ لەسەری یان خۆی لێ بگرێتەوە تەنها دوای ئەو ئاكامە نەبێت كە ئەو كردەوەیە سەری بۆ دەكێشێت))[1].**

**هەروەها ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز كە دەفەرمووێت:** ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ۝١٠٨ ﴾ الأنعام. **واتە: (_ ئەی ئیمانداران _ نەكەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی _ نەفامان _ هاواری لێ دەكەن و دەیپەرستن بێجگە لە خوا، نەوەكو ئەوانیش بە نا حەق و نەفامی جوێن بە خوا بدەن، چونكە نایناسن و قەدری نازانن). ئاماژەیە بۆ ڕێگری كردن لە ڕاگەیاندن و دەربڕینی بۆچوونێك ئەگەر باشیش بێ بەڵام ببێتە هۆی خراپەیەكی گەورەتر.**

**لە فەرموودەی موعازی كوڕی جەبەلدا[2]** (ڕەزای خوای لێبێت) **هاتووە: ((مافی خوا لەسەر بەندەكانی ئەوەیە بیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، مافی**

---

**(١) الموافقات ٥/ ١٧٨.**

**(٢) ناوی موعازی كوڕی جەبەلی كوڕی عەمرووی ئەنساری خەزرەجی باوكی عەبدوڕەحمانە، هاوەڵێكی پایەدارە، شارەزاترین كەسی ناو ئوممەتە لە حەڵاڵ و حەرامدا، یەكێكە لەو شەش كەسانەی لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) قورئانیان كۆكردەوە، ساڵی ٢٠ پ.ك ٦٠٣ز لە دایك بووە، لە تەمەنی لاویدا موسڵمان بوو، ئامادەی عەقەبە و جەنگی بەدرو ئوحد و خەندەق و دیمەنەكانی دیكە بوو لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) وەك بانگخوازو دادوەر بۆ خەڵكی یەمەنی ڕەوانەكرد، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) وتویەتی: ئەگەر موعاز نەبێ عومەر تیاچووە، ئەمەش ئاماژەدانە بە زانستداری موعاز، بە نەزۆكی مرد لەو شوێنەی كە ئێستا وڵاتی ئوردنە لە ساڵی ١٨ك _ ٦٣٩ز، لە كۆشكی ئەلوعینی لە (ئەلغور) نێژرا. ١٥٧ فەرموودەی هەیە. الأعلام ٧/ ٢٥٨.**

بەندەکانیش لەسەر خوا سزانەدانی ئەوانەیە کە هاوبەشیان بۆ بڕیار نەداوە، موعاز وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مژدە بە خەڵکد نەدەم؟ فەرمووی: نا مژدەیان پێ مەدە، چونکە پاڵ دەدەنەوە؟))، عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) وتویەتی: ((بە شتێك لەگەڵ خەڵك بدوێن کە شارەزاییان تێدا هەیە، ئایا پێتان خۆشە خواو پێغەمبەرەکەی بەدرۆ بخرێنەوە)).

ئیبن حەجەر وتویەتی: ئەمە ئەو بەڵگەیەی تێدایە کە شتی وێکچوو و فرەواتای ئایین ناکرێ لەلایەن خەڵکی سادە و جگەلەوانیش باس بکرێ.

هەموو ئەوەی خرایەڕوو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاکام و سەرەنجام لە دەربڕینی بۆچووندا ڕەچاوکراوە هەر چەندە بۆچوونەکە لە خودی خۆیدا دروست بێت.

## ڕێکخەری چوارەم: ئەو ئامرازەی ڕاو بۆچوونەکەی پێ دەردەبڕدرێت شەرعی و ڕەوابێ:

تەنها ڕاست و دروستی خودی بۆچوونەکە بەس نییە لە دەربڕیندا، بەڵکو دەبێ ئەو ئامرازەی بەکار دەهێنرێ شەرعی و دروست بێت، ئامانج ڕەوایی بە هۆکارو ئامراز نادات لە شەریعەتی ئیسلامیدا، شێخی ئیسلام دەڵێت: ((هەر هۆکارو ئامرازێك کە مرۆڤ پێداویستی خۆی پێ دابین دەکات شەرعی و ڕەوا نییە، کاتێك دەبێتە شەرعی کە شەرع ڕێی پێداوە باشییەکەی بەسەر خراپەکەیدا زاڵ بێت))[1].

[1] مختصر الفتاوى المصرية ١٧٤.

**لێرەدا کۆمەڵێك بنچینە و ڕێسای شەرعی هەن لەبارەی ئامرازو هۆکارەکان و پەیوەندیان بە ئازادی ڕاو بۆچوونەوە هەیە، کە کۆت و بەندن لەسەر ئازادی، هەروەها بایەخەکەشی دەسەلمێنن، لەوانە[1]:**

**_ ڕێسای ((ئامرازەکان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە))، عیزی کوڕی عەبدسەلام دەڵێت: ((هۆکارو ئامرازەکان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە، ئەو ئامرازەی هۆکارە بەرەو باشترین ئامانج ئەوا باشترین ئامرازە، ئامرازێك هۆکار بێ بەرەو خراپترین مەبەست خراپترین ئامرازە...))[2].**

**بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە ڕاو بۆچوونی پێویست و واجب ئەگەر پەکی لەسەر ئامرازو هۆکارێك کەوتبێ ئەوا ئەویش پێویستە، سوننەت و ڕێپێدراویش بە هەمان شێوە، ئەم یاسایە ئاماژە بەوە دەکات کە بۆچوونی قەدەغە و ناپەسەند هۆکارو ئامرازەکانیشی قەدەغە و ناپەسەندن.**

**_ ڕێسای ((ڕەوچاکردنی ئامانجەکان لە پێشترە لە ڕەچاوکردنی هۆکارو ئامرازەکان))، ئەگەر دەربڕینی بۆچوونێك بووە هۆی کەم و کورتی دروست بوون لە مەبەستێکی شەرعیدا ئەوا ئەو بۆچوونە ڕەتکراوەیە.**

**لە مەرجە گرنگەکان کە دەبێ لە ئامرازەکاندا هەبێ ئەوەیە کە داهێنراو و بیدعە نەبێ، ئەگەر هۆکاری بۆچوونەکەی بیدعە بوو ئەوا نابێ بەکار بهێنرێ، ئامرازە قەدەغەکان سوودیان لە هیچ بوارێکدا لێ وەرناگیرێ، ئەمە بنچینەیەکی شەرعی سەرەکی و گشتگیرە و هەموو ئامرازو هۆکارەکان دەگرێتەوە، لێرەدا**

---

**(1)** بڕوانە: التعبیر عن الرأي ١/ ٢٠٦ _ ٢١٤.

**(2)** قواعد الأحكام ١/ ٧٤.

**جیاوازی هەیە لە نێوان بیدعە[١] و بەرژەوەندییە ڕەهاکان[٢]، ئەم جیاوازییە لە میانەی بواری هەر یەکێکیان دەزانرێ، بەرژەوەندییە ڕەهاکان پەیوەست نین بە خواپەرستییەکان چ لایەنی بیروباوەڕ یاخود لایەنی کردار، بەڵکو پەیوەستە بە داب و نەریتەوە کە بنەڕەت تێیدا ڕەواییە، بەپێچەوانەشەوە بیدعەیە.**

**بەڵام داب و نەریتەکان ئەگەر مرۆڤی ئەرکدار ئەنجامیدا بە مەبەستی خواپەرستی، بەوەی لە خودی خۆیاندا خواپەرستی بن، ئەوا ئەم خواپەرستییە خوای مەزن داینەناوە، ئەمەش حەقیقەتی بیدعەیە[٣].**

**ڕاو بۆچوون لە کاروبارە دونیاییەکاندا زۆربەی کات لە بەرژەوەندییە ڕەهاکاندا دەبێت، زۆر بە دەگمەن خودی بۆچوون یان ئامرازەکەی بە پەرستش**

---

**(١)** شاتبی پێناسەی بیدعەی کردووە بەوەی بریتییە لە: ((داهێنانی ڕێگەیەکە لە ئایندا کە هاوشانی شەریعەت بێ، گرتنەبەری ئەم ڕێگە داهێنراوە بە هەمان ئەو مەبەستە بێ کە ڕێگەی شەرعی لە پێناویدا دەگیرێتەبەر)) الإعتصام ١/ ٢٧. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حقیقة البدعة وأحكامها ١/ ٢٥٢.

**(٢)** بەرژەوەندی رەها: ئەو بەرژەوەندییە کە بەڵگەیەکی تایبەت لەلایەن خوای یاسادانەرەوە لەسەری نەهاتووە لەسەر چەسپاندنی یان ڕەتکردنەوەی، بەڵام هەر دەچێتە ناو چوارچێوەی مەبەستەکانی شەریعەت، بۆ نموونە: کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە سەردەمی ئەبو بەکرو عوسمان (ڕەزای خوایان لێبێت). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الإعتصام ٢/ ٣٧٦؛ والمصالح المرسلة للشنقيطي؛ والتعبير عن الرأي ١/ ١٦٠ _ ١٦٢.

**(٣)** بەرژەوەندی رەها: ئەو بەرژەوەندییە کە بەڵگەیەکی تایبەت لەلایەن خوای یاسادانەرەوە لەسەری نەهاتووە لەسەر چەسپاندنی یان ڕەتکردنەوەی، بەڵام هەر دەچێتە ناو چوارچێوەی مەبەستەکانی شەریعەت، بۆ نموونە: کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە سەردەمی ئەبو بەکرو عوسمان (ڕەزای خوایان لێبێت). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الإعتصام ٢/ ٣٧٦؛ والمصالح المرسلة للشنقيطي؛ والتعبير عن الرأي ١/ ١٦٠ _ ١٦٢.

بەکاردەهێنرێت، بەمەش بیدعە هیچ پەیوەندییەکی بەم بابەتەوە نابێ لەم ڕووەدا.

## پێنجەم: ئازادی بیروباوەڕ:

مەبەست لە ئازادکردنی بیروباوەڕ ئەوەیە: مرۆڤ ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی ڕاستییەکاندا بێ بەسترانەوە بە داب و نەریت و ڕێبازی باوو باپیران و هەواو هەوەس یان شتی پڕو پوچ و خوڕافیات و ئەفسانە، بەوەی هەڵبژاردنی مرۆڤ هەڵبژاردنێکی دروست بێت و بە هیچ شێوەیەك کۆت و بەندی لەسەر نەبێت.

هەروەك مەبەست لێی ناچار نەکردنی هیچ یەکێکە لەسەر وەرگرتنی ئیسلام مادەم سەرانە (الجزية) دەدات، بەڵام ئەگەر موسڵمان بوو ئەوا بۆی نییە بیروباوەڕەکەی بگۆڕێت، ئەگەر بیروباوەڕەکەشی گۆڕی ئەوا سزاکەی کوشتنە وەك سزا نەك وەك تەمبێ کردن.

لە میانەی ئەم دوو چەمکە ئازادی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەکرێ ئەم دوو چەمکەش بەم شێوەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

### أ_ ڕزگارکردنی بیروباوەڕ لە داب و نەریت و هەواو هەوەس:

بەڕاستی گەیشتن بە ڕاستی دروست تەنها بە خۆ یەکلاکردنەوە بۆ ڕاستی و ملکەچ نەبوون دەبێ بۆ داب و نەریتە بەجێماوەکانی باوو باپیران و هەواو هەوەسی دەروون دەبێ، داب و نەریتەکان کە لە دەرەوەی دەروونی مرۆڤەوە دێن و هەواو هەوەسیش کە لە ناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێن لە گەورەترین و کاریگەرترین کۆسپی بەردەم ڕێگەی ڕاستین. هەر بۆیە ئیسلام هات مرۆڤی ئاڕاستەکرد بۆ خۆ

**داماڵین لە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم ڕێگەی حەقخوازی، خوای پایەبەرز دەفەرمووێت:** ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾ ﴾ سبأ. **واتە: (پێیان بڵێ: بەڕاستی من هەر یەك ئامۆژگاری ئێوە دەکەم، کە بۆ خواو لەبەر خوا، دوو قۆڵی یان بە تەنیایی، هەڵوێستە بکەن و پاشان بیربکەنەوە _ لەم قورئانە، لەم پێغەمبەرە، لەم بەرنامەیە _ ئەم هاوەڵەتان _ محەممەد** (ﷺ) **_ شێت نییە، ئەو تەنها ترسێنەرێکی ئێوەیە هیچی تر، پێش ئەوەی سزایەکی سەخت ڕووبەڕووتان ببێت). بەیەکەوە بەستنەوەی (ڕاستگۆیی و دڵسۆزی) بە بیرکردنەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عەقڵی سەلامەت و دوور لە هەواو هەوەس سەردەکێشێ بۆ یەکتاناسی.**

**خوای مەزن کاریگەری لاساییکردنەوەی ڕوون کردۆتەوە لەسەر لادان لە حەق و ڕاستی لەم فەرمایشتانەیدا:** ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۗ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ ﴾ البقرة. **واتە: (ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانەکراوە، دەڵێن: نا، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوو باپیرانمان پێیەوە ئالوودەبوون و لەسەر ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باوو باپیرانیشیان تێنەگەیشتوو و هیچ نەزان و ناشارەزا و ڕێنموویش وەرنەگرن _ هەر شوێنیان دەکەون ؟!_).** ﴿ بَلْ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا

عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ﴿٢٣﴾ قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾﴾ الزخرف.

**واتە: (ئەوانە هیچ وانییە، بەڵكو هەر تەنیا ئەوەیە كە دەڵێن: ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئایین و بەرنامەیەكی ئاوا بینیوە، بێگومان ئێمەش بەشوێن ڕێبازی ئەواندا هەنگاو هەڵدەگرین. هەر كاتێك پێغەمبەرێكمان ناردووە بۆ هەر شوێنێك، خۆشگوزەرانەكان وتویانە: باوانی خۆمان بینیوە پابەندی بیروباوەڕێك بوون، ئێمەش چاو لەوان دەكەین. پێغەمبەرەكە وتویەتی: باشە.. ئەگەر لە ڕێبازو بەرنامەی باوانتان چاكتریشم بۆ هێنان، هەر كوێرانە شوێنیان دەكەون؟! لە وەڵامدا وتویانە: ئێمە باوەڕ بەو بەرنامە و پەیامە ناكەین كە بەئێوە نێردراوە. جا ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندنەوەو سزاماندان، جا سەرەنج بدە سەرەنجامی ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامی ئێمە نەبوو چۆن بوو). ئەم واتایە لەم فەرمایشتەی پێغەمبەردا (ﷺ) بوونی هەیە: ((هەر منداڵێك لەسەر سروشتی پاك لە دایك دەبێت، جا باوانی یان دەیكەنە جولەكە یاخود نەصڕانی یان ئاگرپەرست))[1]. هەروەك خوای مەزن شوێنەواری شوێنكەوتنی هەواو هەوەسی ڕوونكردۆتەوە لەسەر لادان لە ڕاستی، جا فەرموویەتی:** ﴿أَفَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمۡعِهِۦ وَقَلۡبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةٗ فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا

**(1) بوخاری گێڕاویەتیەوە لە: كتاب الجنائز، باب إذا أسلم الصبي فمات هل يصلى عليه وهل يعرض على الصبي الإسلام، حەسەن و شورەیح و ئیبڕاهیم و قەتادە وتویانە: ئەگەر دایك یان باوك یەكێكیان موسڵمان بوون، منداڵەكە لەگەڵ ئەودایە، رقم ١٣٥٨ _ ١٣٥٩ (٣/ ٢٦٠ مع الفتح) وكتاب التفسير، باب لا تبديل (لخلق الله): لدين الله (خلق الأولين): دين الأولين، والفطرة الإسلام، رقم ٤٧٧٥، (٨/ ٣٧٢ مع الفتح) ٦٥٩٩؛ ومسلم، كتاب القدر، باب معنى كل مولود يولد على الفطرة وحكم موت أطفال الكافر وأطفال المسلمين، رقم ٢٦٥٨، ١٠٦٦ ط. بيت الأفكار.**

تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾﴾ الجاثية. واتە: (ئایا مەگەر نەتبینیوە ئەوەی هەواو هەوەس و ئارەزووی خۆی دەکاتە خوای خۆی و شوێنی دەکەوێت؟! هەر چەندە زانست و زانیاریشی هەبێت، هەر خوا گومڕای کردووە لە ئەنجامی بەدهەڵوێستی خۆیدا و مۆری ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەروونیدا، پەردەی هێناوە بەسەر دەزگای بینین و چاویدا، جا ئیتر کێ هەیە جگە لە خوا هیدایەت و ڕێنموویی بکات، ئایا بیر ناکەوەو هۆش وەرناگرن). ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕزگار بکات لەم گومڕایی و سەرگەردانی و وێڵیەی دروستبووە بەهۆی شوێنکەوتنی هەواو هەوەسەوە، تا مرۆڤ بگەیەنێتە بیروباوەڕی ڕاست و دروست بێ ئەوەی هیچ کۆسپی لەپێش بن.

خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴿٢٦﴾﴾ ص. واتە: (هەرگیز شوێن ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی خوا). ﴿فَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُوا۟ ﴿١٣٥﴾﴾ النساء. واتە: (نەکەن شوێن ئارەزوو و هەواو هەوەسی دەروون بکەون و لە دادپەروەری لابدەن). ﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴿١٤﴾﴾ النمل. واتە: (جا ئەوانە هەر ڕق ئەستووریان کرد و باوەڕیان پێ نەبوو، بە زۆرداری و خۆبەزلزانی، لە کاتێکدا لە ناخی دەروونیانەوە هەستیان دەکرد و ڕاست و دروستە)، هۆکاری ئەم سەرکەشییە شوێنکەوتنی ئارەزووە.

هەر بۆیە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە وردبوونەوەو سەرەنجدان و بەکارهێنانی ژیری و بیرکردنەوە لە دەرو دەروون، چونکە بێ چەند و چوون

**ئەمە سەردەکێشێ بۆ خوابەیەکگرتن و باوەڕهێنان بە پێغەمبەر. هەروەك خوای بێ هاوەڵ فەرموویەتی:** ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ١٠١ ﴾ يونس. **واتە: (پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروستکرووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانەکان سوودیان نییە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن).**

## ب_ زۆرلێنەکردن بۆ موسڵمان بوون:

**شتێکی زانراوە ناچارکردنی مرۆڤ لەسەر وەرگرتنی ئاینێك یاخود هزرێکی دیاریکراو و چەسپاندنی لە ناخدا، ئەوا هەرگیز شتی وا لە واقیعدا ڕوونادات، بیروباوەڕو هزرو قەناعەتە دەروونیەکەی مرۆڤ لە توانایدا کەسدا نییە ئاڕاستەی بکات جگە لە خودی مرۆڤ، ناچارکردن و زۆرلێکردنیش بریتییە لە هێنانە گۆی تاکێکی دیاریکراو بەوەی بە زمان دەربڕێت کە باوەڕ بە فڵانە شتە هەیە، بەڵام سەبارەت بە ناخی مرۆڤ ئەوا تەنها خوای پەروەردگار پێی زانایە، ڕێ نیشاندان و سەرخستنی مرۆڤ بەرەو ڕێنوێنی وەرگرتن تەنها لە توانای خوای پایەبەرزدایە:**

﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦ ﴾ القصص. **واتە: (بەڕاستی _ ئەی محەممەد _ تۆ ناتوانیت باوەڕ ببەخشیت بەو کەسی خۆشت دەوێت، بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت دەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ئیمانی پێ دەبەخشێت، خوایش ئاگادارە بەوانەی کە ڕێبازی هیدایەتیان گرتووە).**

﴿ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِي ٱلۡعُمۡيِ عَن ضَلَٰلَتِهِمۡۖ إِن تُسۡمِعُ إِلَّا مَن يُؤۡمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسۡلِمُونَ ٨١ ﴾ النمل. **واتە: (ناتوانیت ڕێوێنی کوێرو نابیناکان بکەیت و لە**

تاریکی ڕزگاریان بکەیت _ ئەوانەی دڵیان کوێرەو سەرنجی ڕاستییەکان نادەن _ تۆ دەتوانێت _ ئەم ڕاستیانە _ تەنها بدەیت بە گوێی ئەو کەسانەدا کە باوەڕ بە فەرمان و ئایەتەکانی ئێمە دەهێنن _ لە قورئان و بوونەوەردا _، چونکە ئەوانە هەمیشە ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورەن). ﴿أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ٩٩﴾ یونس. واتە: (جا تۆ _ ئەی محەممەد _ دەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەیت بۆ ئەوەی باوەڕدار بن). جگەلەم ئایەتانەش کە ئەوە ڕوون دەکەنەوە بیروباوەڕی دڵ و دەروونی مرۆڤ ناگۆڕدرێ تەنها بە ڕەزامەندی دەروونی خودی مرۆڤ نەبێت.

بەڵگە شەرعییەکان ئاماژەیان بەمە داوە کە ئەم ئاینە هاتووە وەك ڕەحمەت بۆ جیهانیان، ئەوەندە بەڵگە و نیشانە و گەواهی تێدایە کە سەلمێنەری ڕاستی و دروستییەکەیەتی، هەر بۆیە زۆر لێکردن لە ئایندا نییە، کەس نابێ ناچار بکرێ لەسەر وەرگرتنی ئیسلام، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ٢٥٦﴾ البقرة. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆرکردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاك و دروست ڕوون و ئاشکراو جیابۆتەوە لە ڕێبازی گومڕایی و سەرکەشی). ﴿أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ٩٩﴾ یونس. واتە: (جا تۆ _ ئەی محەممەد _ دەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەیت بۆ ئەوەی باوەڕدار بن). تێکۆشان (جیهاد) لە پێناوی خوا

دانراوە[1] بۆ لادانی ئەو کۆسپانەی دەبنە ڕێگر لە وەرگرتنی ئایینی ڕاست و دروست، جا ئەم کۆسپانە بانگەشەی درۆیین یان ئەشکەنجەدانی باوەڕداران بێ یاخود پەروەردەکردنی خەڵك بێ بە کۆت و بەندکردنی ئازادییەکانیان لە تێدا وردبوونەوەو سەرنجدانە بیروباوەڕو یاساکانی.

حوکمی تاغوت ڕێگە لە خەڵك دەگرێ ئیسلام وەربگرن، بۆیە تێکۆشان دانراوە تا ئەو تاغوتانە نەهێڵرێن کە بە چەندین جۆر ئازادی خەڵك کۆت و بەند دەکەن، لە دوای لەناوچوونی ئەم ڕژێمە تاغوتیانە ئەوا خەڵك بەرەو ئیسلام بانگ دەکرێن بەبێ ناچاری و زۆرلێکردن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵان و شوێنکەوتووان لەسەر ئەمە ڕۆیشتن.

ئیبن جەریر[2] لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز دەفەرمووێت: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة. ((هیچ کەسێك لە وەرگرتنی ئاینی ئیسلامدا زۆری لێناکرێ))[3]، ئیبن کەسیریش دەڵێت: ((واتە: هیچ کەسێك ناچار مەکەن بۆ هاتنە ناو ئاینی ئیسلام، چونکە بەڵگە و نیشانەکانی ڕۆشن و ئاشکران، پێویست بەوە

(١) تێکۆشان لە پێناوی خوا چەندین ئامانج و مەبەستی هەن، لەوانە: (لادانی سیستەمە تاغوتییەکان)، ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکان نەك بریتی بێ لە هەموو ئامانجەکە. لەبارەی ئەم بابەتە بڕوانە کتێبی: گرنگی تێکۆشان ١٥٨ و لاپەڕەکانی دواتری.

(٢) ناوی محەممەدی کوڕی جەریری کوڕی یەزیدی تەبری باوکی جەعفەرە، مێژوو نووس و ڕاڤەکاری قورئان بووە، لە ئامل تەبرستان لە ساڵی ٢٢٤ك _ ٨٣٩ز لە دایك بووە، ئیبن ئەسیر وتویەتی: باوکی جەعفەر متمانەپێکراوترین کەسە کە مێژووی گێڕابێتەوە، لە دانراوەکانی: (جامع البیان في تفسیر القرآن) و (أخبار الرسل والملوك) کە بە مێژووی تەبەری ناسراوە، ساڵی ٣١٠ك _ ٩٢٣ز کۆچی دوایی کردووە. سیر أعلام النبلاء ١٤/ ٢٦٧؛ والأعلام ٦/ ٦٩.

(٣) جامع البیان ٣/ ١٤.

**ناکات هیچ یەکێك ناچار بکرێ بۆ هاتنە ناوی، بەڵکو ئەوەی خوا ڕێنوێنی بکات بۆ ئیسلام و سینەی گوشاد بکات و چاوەکانی ڕووناك کردەوە، ئەوا لەسەر بناغەی بەرچاوڕوونی دێتە ناو ئیسلام، ئەوەش خوا دڵی کوێر کات، مۆر بنێ بەسەر ئامرازی بیستن و بینینیدا، ئەوا هاتنی بۆ ناو ئیسلام بە زۆرلێکردن بێ کەڵکە))[1].**

**ئیبن جەڕیر لەبارەی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە لە ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی جوبەیر[2] و سودی[3] و موجاهید و شەعبی[4] و حەسەنی**

---

(1) تفسیر القرآن العظیم ١/ ٤٥٩.

(2) ناوی سەعیدی کوڕی جوبەیری ئەسەدییە، بە درانەپاڵ، خەڵکی کوفەیە، باوکی عەبدوڵایە، یەکێك بووە لە شوێنکەوتووان، زاناترین کەسی ناو شوێنکەوتووان بووە بەرەهایی، ساڵی ٤٥ك _ ٦٦٥ز لە دایك بووە، بە بنەچە حەبەشییە، لە خزمەتکارەکانی بنەماڵەی والیەی کوڕی حارسە لە تیرەی ئەسەد. زانستی لە ئیبن عەباس و ئیبن عومەر وەرگرتووە، دواتر کە خەڵکی کوفە دەهات پرسیاریان لە ئیبن عەبباس دەکرد، لەوەڵامدا دەیوت: پرسیارم لێدەکەن لە کاتێکدا سەعیدی بلیمەتتان لە ناودایە، کاتێك ئەشعەس دژی عەبدولەلیکی کوڕی مەڕوان دەرچوو، سەعید لەگەڵیدا بوو تا ئیبن ئەشعەس کوژرا، سەعید ڕۆیشتە مەککە، خالیدی قەسری لەوێ دەستگیری کرد و ڕەوانەی لای حەجاجی کرد، حەجاجیش ئەوی کوشت لە شاری واسیت، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وتی: حەجاج سەعیدی کوشت لە کاتێکدا هەرچی لەسەر ڕووی زەوییە پێویستی بە زانستی ئەو هەیە. ساڵی ٧٥ك _ ٧١٤ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٣/ ٩٣.

(3) ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڕەحمانی سودی، کەسایەتییە مەزن و شوێنکەوتووە ڕاڤەکارەکە، بە بنەچە خەڵکی حیجازە، لە کوفە نیشتەجێ بوو، ساڵی ١٢٨ك لەوێ کۆچی دوایی کرد، طبقات ابن سعد ٦/ ٣٢٣.

(4) ناوی عاملی کوڕی شراحیل (وتراوە: عەبدوڵا)ی شەعبی حمیرییە، باوکی عەمروە، دەدرێتە پاڵ شەعب کە پشتێکە لە هەمەدان، یەکێکە لە شوێنکەوتووان، فەرموودەناس و لەبەرکار بووە، نموونە بە زیرەکی لەبەرکردنەکەی دەهێنرایەوە، ساڵی ١٩ك _ ٦٤٠ز لە شاری کوفە لەدایك بوو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز داوای لێکرد ببێتە دادوەر. لە ناکاو لە ساڵی ١٠٣ك _ ٧٢١ز لە شاری کوفە کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٣/ ٢٥١.

**گێڕاوەتەوە کە: لەبارەی کۆمەڵێك لە پشتیوانان _ یان یەکێکیان _ دابەزیوە کە منداڵیان هەبووەو بە زۆری کردوویانەتە جولەکە[1] یان مەسیحی، کاتێکیش خوا ئیسلامی ڕەوانەکرد، ئەو کۆمەڵەیە لە پشتیوانان ویستیان زۆری بکەن لە منداڵەکانیان بۆ هاتنە ناو ئیسلام، بەڵام خوای گەورە ڕێگری لەوان کرد تا منداڵەکانیان پێدەکەن و سەرپشك دەبن لە هاتنە ناو ئیسلام[2].**

**ڕەتکردنەوەی ناچارکردن کە لە دەقەکاندا هاتووە پێچەوانەی ئەو دەقانە نییە کە لەبارەی جەنگان لەگەڵ بێ باوەڕاندا هاتووە، وەك ئایەتی شمشێر: ﴿ تُقَٰتِلُونَهُمۡ أَوۡ يُسۡلِمُونَ ١٦ ﴾ الفتح. واتە: (یان دژیان دەجەنگن، یاخود _ خۆیان لە ئەنجامی بیرکردنەوە _ موسڵمان دەبن). ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ ٣٩ ﴾ الأنفال. واتە: (_ ئەی باوەڕداران _ بجەنگن لەگەڵ دژ بە کافرو خوانەناسان تا فیتنە و ئاشوب پەرە نەسەنێت). ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٥ ﴾ التوبة. واتە: (جا کاتێك مانگە حەڕامەکان بەسەرچوون _ کە بریتین لە: زولقەعدە، زولحیجە، موحەڕەم، ڕەجەب _ ئەوە هاوەڵگەری پەیمانشکێن بکوژن لە هەر کوێیەك دەستتان لێگیر بوو، یاخود بە بارمتە بیانگرن، سنووردانێن بۆ چاڵاکیان، هەروەها کەمین و بۆسەیان لە هەموو شوێنێکی لەباردا بۆ دابنێن، جا ئەگەر _ پێش ئەوەی دەستی**

---

**(1)** ئەم کارەیان کاتێك ئەنجام دەدا کە منداڵی ئافرەتێك بە ڕێژەیەکی زۆر دەمردن، ئەمەیان بۆیە دەکرد وەك خۆپاراستنێك لە مردنی منداڵەکە.

**(2)** جامع البیان ٣/ ١٥ _ ١٧.

ئێوەیان بگاتێ _ تۆبەیان کرد و وازیان هێنا لەو کارە و نوێژیان کرد و زەکاتیاندا، ئەوە وازیان لێ بهێنن و ڕێگەیان بۆ چۆڵ بکەن، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو و دلۆڤانە). هەروەها وەك ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ((فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵك بجەنگم تا گەواهی دەدەن کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن نەبێ و محەممەدیش نێرراوی خوایە و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، ئەگەر وایان کرد خوێن وماڵیان پارێزاو دەبێ تەنها بە ماڤی ئیسلام نەبێ و لێپێچینەوەشیان لەسەر خوایە))(١).

مەبەست لە جەنگ، جەنگ کردنە لەگەڵ بێ باوەڕاندا تا موسڵمان دەبن یان سەرانە (جزیە) دەدەن، جا ئەگەر سەرانەیاندا ئەوا هیچ ڕێگرێك نییە لە مانەوەیان لەسەر ئاینی خۆیان بەو مەرجەی بانگەشەی بۆ نەکەن، چونکە ئەگەر بانگەشەی بۆ بکەن ئەوا پەیمان و بەڵێنەکە هەڵدەوشێننەوە.

خوای پایەبەرز دەفەرمووێت: ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾ التوبة. واتە: (_ ئەی باوەڕداران _ دژی ئەوانەی باوەڕی _ ڕاست و دروستیان _ بەخواو ڕۆژی دواییە نییە و ئەو شتانەی خواو پێغەمبەرەکەی بە حەڕامیان داناوە بە حەڕامی نازانن و پەیڕەوی ئاینی ڕاست ناکەن، لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە لە _ گاورو جوو _

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب الإیمان، باب (فإن تابوا وأقاموا الصلاة وءاتوا الزكاة فخلوا سبيلهم)، رقم ٢٥ (١/ ٩٤ مع الفتح)؛ ومسلم، كتاب الإيمان، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله محمد رسول الله و يقيموا الصلاة، رقم ٣٦، ص ٤٣.

**بجەنگن، هەتا ئەو کاتەی بە ناچاری باج پێشکەشی دەوڵەتی ئیسلام دەکەن). ئەم ئایەتە لە ساڵی هەشتەمدا دابەزی، لە دوایین ئایەتەکانی تێکۆشان و جیهادە کە دابەزیبێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرانەی لە خاوەن کتێبەکان[١] و ئاگرپەرستەکانیش وەرگرتووە[٢].**

**هەندێك لە زانایان جۆرێك لە بێ باوەڕان و خوانەناسانیان تایبەت کردووە کە دروستە سەرانەیان لێوەربگیرێت نەك هەموو جۆرەکانی خوانەناسان[٣]، بەڵام دروستترین بۆچوون ئەوەیە کە ئیبن قەییم هەڵیبژاردووە کە پێی وایە دروستە لە هەموو هاوبەشداران وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرانەی وەرنەگرتووە لە بتپەرستەکان هۆی ئەوەبووە کە سەرانە لە دوای جەنگی تەبوك دابەزی، لەم ماوەیەشدا هیچ هاوبەشدانەرێك لە دوورگەی عەرەبیدا نەبوو، سەرانەی وەرنەگرت لە هیچ بێ باوەڕێك تا دوای دابەزینی سوڕەتی بەرائەت، بەڵام پێش دابەزینی سوڕەتی ناوبراو لە بتپەرستان و جگەلەوانیش لە جولەکەکانی خەیبەرو مەدینە وەرنەگرت، کاتێك سەرانە**

---

**(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب الجزیة والموادعة، باب الجزیة والموادعة مع أهل الذمة والحرب، رقم ٣١٥٨، ٦/ ٢٩٧ طرفاه ٤٠١٥، ٦٤٢٥ مع الفتح.**

**(٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب الجزیة والموادعة، باب الجزیة والموادعة مع أهل الذمة والحرب، رقم ٣١٥٦، ٣١٥٧ (٦/ ٢٩٧ مع الفتح).**

**(٣) شافیعی و ئەحمەد لە گێڕانەوەیەکدا بۆچوونیان وایە سەرانە بەس لە خاوەن کتێب و ئاگرپەرستەکان وەردەگیرێت نەك بێ باوەڕەکانی دیکە، تەنها موسڵمان بوون لە بێ باوەڕانی دیکە وەردەگیرێت، ئەبو حەنیفە و ئەحمەد لە گێڕانەوەیەکدا بۆچوونیان وایە لە هەموو بێ باوەڕان وەردەگیرێت بێجگەلە بتپەرستە عەرەبەکان، مالیکیش بۆچوونی وایە لە هەموو بێ باوەڕان وەردەگیرێت جگەلە بێ باوەڕانی قورەیش. بڕوانە: زاد المعاد ٣/ ١٥٣ _ ١٥٤. شوێنی یەکدەنگی ئەوەیە کە نابێ کەس ناچار بکرێ لەوانەی سەرانە دەدەن، کە خاوەن کتێب و ئاگرپەرستەکانن بە کۆدەنگی زانایان، سەبارەت بەوانی تر ڕاجیاییان هەیە وەك چۆن خرایەڕوو.**

**پێویستکرا ئەوا بتپەرستەکان ملکەچ ببوون بۆ ئیسلام، کەواتە پێغەمبەر لە کێ وەردەگرێت؟.**

**کە سەرانە و باجی وەرگرتووە لە ئاگرپەرستان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە لە هەموو هاوبەشدانەران وەربگیرێت؛ چونکە ((جیاوازی نییە لە نێوان ئاگرپەرستان و بتپەرستان، بەڵکو بتپەرستەکان باشترن لە ئاگرپەرستەکان؛ لە ناو بتپەرستان کەسی وا هەبوو کە دەستی گرتبوو بە ئاینی ئیبراهیمەوە، کەچی کەسی وا لە ناو ئاگرپەرستاندا نەبووە، تەنانەت بتپەرستان دوژمنی ئیبراهیمی خۆشەویستی خوان، جا بۆیە وەرگرتن سەرانە لە بتپەرستان لە پێشترە لە ئاگرپەرستان، ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاماژە بەمە دەکات وەك چۆن لە سەحیحی موسلیمدا چەسپاوە کە وتویەتی: ((ئەگەر گەیشتیت بە دوژمنی خۆت لە هاوبەشدانەران ئەوا بانگیان بکە بۆ سێ شت، هەر یەکێیان پەسەندکرد ئەوا لێیان وەربگرە و وازیان لێبهێنە)). دواتر فەرمانی پێکردن بێ باوەڕان بانگ بکەن بۆ موسڵمان بوون یان دانی سەرانە و باج یاخود جەنگ لەگەڵ کردنیان[1].**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە قوڕیشیەکانی فەرموو: ((وشەیەکتان دەوێت کە عەرەب پێی ملکەچ ببێ بۆ ئێوەو نا عەرەبەکانیش بەهۆیەوە سەرانەتان بدەنێ.**

**(١) موسلیم گێڕاویەتیەوە، کتاب الجهاد والسیر، باب تأمیر الإمام والأمراء علی البعوث، ٣/ ١٣٥٧، ٣/ ١٧١٣.**

**وتیان: ئەوە چییە؟ فەرمووی: لا إله إلا الله: هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن نەبێت[1]))[2].**

**بەم سەرنجدانە بۆمان دەردەکەوێت کە دروستە سەرانە لە هەموو بێ باوەڕان وەربگیرێت، نابێ ناچار بکرێن بۆ موسڵمان بوون، دروستە وازیان لێ بهێنرێ کە لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە، بەپێی یاساکانی لەئەستۆگیراوان (أهل الذمة)، بەو مەرجەی بەڵێن و پەیمانەکە نەشکێنێت بە بانگەشەکردن بۆ ئاینی خۆی یان سیخوڕی کردن لەسەر موسڵمانان بۆ بەرژەوەندی هاوبەشدانەران یان زیناکردن لەگەڵ ئافرەتێکی موسڵمان یاخود تانە و توانجدان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان جگەلەمانە[3].**

**بەڵام دەرچوون لە ئیسلام حوکمەکەی جیاوازە لەگەڵ هاتنە ناوەوەی، کە بە لە ئایین هەڵگەڕانەوە ناسراوە، قورئانی پیرۆز هەڵگەڕانەوەی بە واتای دەرچوون لە ئیسلامی بەکارهێناوە لەم فەرمایشتە پیرۆزانەدا:** ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾﴾ البقرة. **واتە: (جا هەر یەکێك لە ئێوە**

---

**(1) تورمزی گێڕاویەتیەوە، کتاب تفسیر القرآن، باب ومن سورة ((ص)) رقم ٣٢٣٢، ٥/ ٣٤١ الجامع؛ والنسائي الكبرى، كتاب التفسير، باب سورة ((ص)) رقم ١١٣٧٢، ١٠/ ٢٣٣، وأحمد رقم ٣٦٢، ٢٢٧؛ وابن أبي شيبة، رقم ٣٦٥٥٣، ٧/ ٣٣٣، وابن حبان في صحيحه، كتاب التاريخ، باب الإخبار عن أداء العجم الجزية إلى العرب رقم ٦٦٨٦، ١٥/ ٧٩، وأبو يعلى في مسنده، رقم ٢٥٨٣، ٤/ ٤٥٥، والطحاوي في مشكل الآثار، رقم ٢٠٢٩، ٥/ ٢٦٤.**

**(2) زاد المعاد ٣/ ١٥٤ _ ١٥٥.**

**(3) بڕوانە: أحكام أهل الذمة ٧١٣ _ ٧١٤، ٧٦٠، ٧٩٠، ٨٢٠.**

پاشگەز ببێتەوە لە ئاینەکەی و بە بێ باوەڕیش بمرێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان پوچەڵ دەبێتەوە لە دونیا و قیامەتدا، ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخ و تیایدا دەبن بۆ هەمیشە). ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤﴾ المائدة. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەر کەسێك لە ئێوە لە ئاینەکەی وەرگەڕێت و پاشگەز ببێتەوە، ئەوە _ هەر خۆی زەرەر دەکات _ و لە ئایندەدا خوا کەسانێك دەهێنێتە کایەوە _ ئەوەندە ڕێك و پێك و باوەڕ دامەزراون _ پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێن، ئوانیش ئەویان خۆش دەوێت، هەروەها ملکەچ و فەرمانبەردارو بەسۆزن بۆ ئیمانداران، سەربەرزو شکست نەخۆر و سەربەرزن بەسەر بێ باوەڕاندا، لە پێناو ڕێبازی خوادا و بۆ ڕەزامەندی ئەو هەوڵ دەدەن، لە لۆمەی لۆمەکارانیش ناترسن، _ ئەم خۆشەویستی و سۆزو تێکۆشانە _ فەزڵ و ڕێزی تایبەتی خوایە کە دەیبەخشێت بە هەر کەسێك کە بیەوێت، بەڕاستی خوا فراوانگیرو زانایە).

زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی سزای کەسی لە ئایین هەڵگەڕاوە کوشتنە[1]، پاڵپشتی ئەم یەکدەنگیەش ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنە: ﴿وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ ٢١٧﴾ البقرة. وشەی (فیمت) لەم فەرمایشتەدا بە پیتی (ف) خراوەتەپاڵ کە بەدوای یەکداهاتن و ڕیزبەندی بەدەستەوە دەدات، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی مردن لە دوای هەڵگەڕانەوە ڕوودەدات، بەمەش بیسەر

[1] ئەمەش لە دوای لێکۆڵینەوە لە هەڵگەڕانەوەو داوای تۆبە لێکردنی و شایستە بوونی. بڕوانە: حكم المرتد من حاوي الكبير ٢٧.

**دەزانێ کەسی لە ئایین هەڵگەڕاوە بە سزای مردنی شەرعی سزا دەدرێ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێویستی حوکمی کەسی لە ئایین هەڵگەڕاوە[١].**

**هەروەها ئەم فەرمووودانەش: ((هەر کەسێك ئاینەکەی گۆڕی بیکوژن))[٢]، ((خوێنی هیچ موسڵمانێك کە گەواهی بدات هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن و منیش پێغەمبەری خوام ڕەوا نییە مەگەر بەو سێ شتە نەبێ: کوشتنەوە لەبڕی کوشتن، پیرێکی زیناکەر، ئەوەی لە ئاینی پاشگەزبووەتەوەو کۆمەڵی موسڵمانانی جێهێشتووە))[٣]، جەنگ کردنی ئەبوبەکر** (ڕەزای خوای لێبێت) **لەگەڵ هەڵگەڕاوان ئاماژەیە لەسەر ئەمە[٤]، ((کاتێك پێغەمبەری خوا ئەبو موسای ئەشعەری ڕەوانەی یەمەن کرد، دوای ئەویش موعازی نارد، کاتێك موعاز گەیشتە لای ئەبو موسا، ئەوا ناوبراو دۆشەگێکی پێدا تا لەسەری دابنیشێت، بینی کەسێك لەوێ بەندکراوە، وتی ئەمە چییە، ئەبو موسا وتی: ئەمە جولەکە بوو و بووە موسڵمان و دواتر بووەوە جولەکە، دەی تۆ دانیشە موعاز، موعاز وتی: دانانیشم تا**

---

**(١) بڕوانە: التحرير والتنوير ٢/ ٣٣٣ _ ٣٣٧.**

**(٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە: كتاب الجهاد والسير، باب لايعذب بعذاب الله، رقم ٣٠١٧، (١٧٣/٦ مع الفتح)، وكتاب استتابة المرتدين والمعاندين وقتالهم، باب حكم المرتد والمرتدة واستتابتهم، رقم ٦٩٢٢، (١٢/ ٢٧٩ مع الفتح).**

**(٣) بوخاری گێڕاویەتیەوە، كتاب الديات، باب قول الله تعالى: (أن النفس بالنفس والعين بالعين)، رقم ٦٨٧٨ (١٢/ ٢٠٩ مع الفتح)؛ ومسلم، كتاب القامة المحاربين، باب ما يباح به دم المسلم، رقم ١٦٧٦، ٦٩٤، ط. بيت الأفكار الدولية.**

**(٤) بڕوانە: حكم المرتد من الحاوى الكبير ٢٨.**

نەكوژرێ، ئەمە بڕیاری خواو پێغەمبەرە، سێ جار ئەمەی وت، بۆیە فەرمان كرا بكوژرێ، كابرا كوژرا))[1].

ئەم سزایە دژ نییە لەگەڵ ئازادی بیروباوەڕ، چونكە پێش ئەوەی بێتە ناو ئیسلام ناچار نەكراوە لەسەری، بەڵام دوای ئەوەی هاتۆتە ناو ئیسلام و شارەزایی بووە، ئەوا بۆ پاراستنی ئاین لە گاڵتەپێكردن بەرپاكردنی ئەم سزایەیە، ئەگەر ئەم سزایە فەرامۆش بكرێ ئەوا ئاینەكان دەبنە گاڵتەی گاڵتەجاران، بەتایبەت ئەوانەی مەبەستی خراپیان شاردۆتەوە بە سوك سەیركردنی ئایین بە هاتنە ناوەو لێ چوونە دەرەوەی، ئەمە پیلانگێڕییەكی جولەكەیە، هەروەك خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ءَامِنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓا۟ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾ آل عمران. واتە: (دەستەیەك لە خاوەن كتێبەكان _ جوولەكان _ وتیان بە تاقمێكیا: ئێوە لەسەرەتای ڕۆژدا _ بەدرۆوە _ باوەڕ بهێنن _ بەو قورئانەی _ بۆ باوەڕداران ڕەوانەكراوە، بەڵام لە كۆتایی ڕۆژدا و دەمەو ئێوارە پاشگەز ببنەوە _ تا دوودڵی گومانیان تێدا دروست بێت _ تا هەڵگەڕێنەوە).

زۆرێك لە نووسەرە ئیسلامییەكان كاریگەربوون بە تێڕوانینی لیبرالی بۆ ئازادی بیروباوەڕ، بەوەی وایان دانا مافی هەر خاوەن بیروباوەڕێكە یان هزرێكە بانگەشە بۆ هزرەكەی بكات، بیروباوەڕەكەی بگۆڕێت چۆن دەیەوێت، ئیسلام

---

[1] بوخاری گێڕاویەتیەوە، كتاب استتابة المرتدين والمعاندين وقتالهم، باب حكم المرتد والمرتدة وقتالهم، رقم ٦٩٢٣، (١٢/ ٢٨٠ مع الفتح)، ومسلم، كتاب الإمارة، باب النهي عن طلب الإمارة والحرص عليها، رقم ١٨٢٤، ص ٧٦٢.

دەستەبەری ئەم مافە دەکات، دەوڵەت ((لایەنێکی بێ لایەنە)) ئەم ئازادییە بۆ هەموو خاوەن بیروباوەڕێك فەراهەم دەکات.

هەندێکیان باسی مەرجەکانی ئەم ئازادییەیان کردووە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مافی مرۆڤە خاوەنی هەر بیروباوەڕێك بێت و بانگەشەی بۆ بکات ئەگەر بەو مەرجانە پابەند بوو ئەویش بریتییە لە: خۆدوورگرتن لە فریودان لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێگەی سەرنجڕاکێشانی ئەوەی گوتاری ئاڕاستەکراوە بە بەکارهێنانی ئامرازە دەرەکییەکانی بانگەشە، بەمەش ئەم بیروباوەڕە لە نێوان خەڵکدا بازاری گەرم دەکرێ نەك بە هێزی خودی خۆی، بەڵکو بە کارتێکەرە دەرەکییە فریودەرەکان. وەك: فریودان لە ڕێگەی ماددیەوە یان جێبەجێکردنی ئارەزووەکان لە بەرامبەر وەرگرتنی بیروباوەڕەکە یاخود لە خشتەبردنی لاوازەکان بە دوورخستنەوەیان لە کۆمەڵگاکەیان.

یەکێکی تر لەو مەرجانە: یەکسانی فەراهەم بوونی هەل و فرسەتە، بەوەی هەمووان لەو شتانەی بەردەستتان بە یەکسانی لێ سوودمەند ببن، لەوانە: دەستپاکی لە خستنەڕوو دوور لە هەڵخەڵەتاندن و درۆ، ڕێزگرتن لە هەستی ئاینی دوور لە توانج و تانە گۆڕینەوە، خۆدوورگرتن لە هەڵسوکەوتی پیلانگێڕانە و هاوشێوەکانی[1].

ئەم مەرجانە ئاماژەن لەسەر ئەوەی دوورە شتی وا لە واقیعدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەرجانە لەسەر بناغەیەکی نا دروست دامەزراون کە بریتییە لەوەی

---

(1) بڕوانە: حرية التفكير والإعتقاد في المجتمع المسلم، مجلة إسلامية المعرفة العدد ٣١، ٣٢، لا ٣٨ _ ٤٩.

**خاوەنی بیروباوەڕێك مافی ئەوەی هەیە ڕایبگەیەنێت، ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە و پێچەوانەی مەبەستەکانی شەریعەتە لە پاراستنی عەقڵ و ئایین، هەروەها دژی ڕۆڵی حوکمڕانی موسڵمانە لە فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و بەرپاکردنی ئایین، مەبەستی بەرپاکردنی ئاینیش دوورخستنەوەی هەموو ئەو ئامرازانەیە کە دەبنە هۆی لە ڕێ لادان، ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی یەکدەنگیان لەسەرە، ڕاجیایی لەسەر ئەمە نەبووە تەنها لەلای پاشینان نەبێ، ئەمەش بەهۆی کاریگەربوون بە شارستانیەتی خۆرئاوای لیبڕالی.**

**ئەوانەی باسی ئەم مەرجانەیان کردووە نکۆڵیان کرد لە سزای هەڵگەڕانەوە لە ئایین، هەندێکیان وتیان: سزایەکە بۆ تەمبێ کردنە و بەدەستی حوکمڕانە، بە پێی بارودۆخ حوکم پێ دەکات، سزایەکی سیاسییە نەك ئاینی[1]. گومانیان وابوو ئەم سزایە تێکدەگیرێ لەگەڵ ئازادی بیروباوەڕ، لە کاتێکدا ئەم ئازادیە لە قورئانی پیرۆزدا چەسپاوە، بەڵام سزاکە هەواڵێکی تاقانەیە و ناکرێ لە بەرامبەر قورئاندا بخرێتەڕوو[2].**

**ئەمە تێڕوانینێکی پوچەڵە، سزای هەڵگەڕانەوە دژ نییە لەگەڵ ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی چەسپاوە پێش هاتنە ناو ئیسلام ئەگەر هاتوو سەرانەیدا، بەڵام ڕۆیشتنە دەرەوە لە ئیسلام ناچێتە ناو ئایەتی : ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ٢٥٦ ﴾ البقرة. ((هیچ کەسێك لە وەرگرتنی ئاینی ئیسلامدا زۆری لێناکرێ))، چونکە ئەم ئایەتە گشتییە و تایبەت کراوە بە سزای چەسپاوی لە ئایین هەڵگەڕانەوە.**

---

**(١)** بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٤٩، وحق الحرية ١٥٢، بڕوانە چەند وتەیەکی دیکە لە: مفهوم الحرية في الفكر الإسلامي ٣٥٨.

**(٢)** بڕوانە: الإسلام عقيدة وشريعة ٢٨١.

سەبارەت بە بانگەشەی ئەوەی سزای هەڵگەڕانەوە بە خەبەرو هەواڵی تاقانە چەسپاوە، ئەوا خوای مەزن فەرمانی کردووە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و فەرموویەتی: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ۝٧﴾ الحشر. واتە: (ئەوەی پێغەمبەر پێی بەخشیون وەری بگرن، هەر فەرمانێکی پێدان بە گوێی بکەن، قەدەغەی هەر شتێکی لێکردن مەیکەن). ئایەتەکانی دیکەش کە گوێڕایەڵی کردن و فەرمانبەرداربوون بۆ پێغەمبەر پێویست دەکەن.

هەندێك بەڵگەیان هێناوەتەوە بەشێوەیەك کە لە جێگەی خۆیدا نییە، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ۝٢٩﴾ الكهف. واتە: (ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت، ئەوەش دەیەوێت با بێ باوەڕ بێت). ئەمە دانپێدانان و سەرپشك کردن نییە، بەڵکو هەڕەشە و گوڕەشە و ترساندنە، هەروەها ئەم ئایەتە: ﴿لَئِن رَّجَعۡنَآ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ لَيُخۡرِجَنَّ ٱلۡأَعَزُّ مِنۡهَا ٱلۡأَذَلَّ ۝٨﴾ المنافقون. واتە: (سوێند بەخوا ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، دەبێت ئەوەی کە دەسەڵاتدارو بەڕێزو پیاو ماقوڵە، ئەوە دەربکات لە شار کە بێ ڕێزو دەسەڵاتە)، لەم ئایەتەدا هیچ ئاماژەیەك نییە لەسەر ئەوەی دروست بێت کابرا بەناوی ئازادی بیروباوەڕێکی هەبێ پێچەوانەی بنچینەی ئاین، چونکە پێغەمبەر دانی پێدانەناوە، دووڕوو ئەم وتەیەی ڕەتکردۆتەوە، بەڵگەش نییە لەمەدا لەسەر ئەوەی مەبەستیانە.

بەمەش ڕوون دەبێتەوە ئازادی بیروباوەڕ دەستەبەرە بۆ خودی مرۆڤ، بەڵام ماڤ گومڕاکردن و بانگ کردنی موسڵمانانی نییە بۆ سەر بیروباوەڕە لاڕێیەکەی یان گۆڕینی بیروباوەڕە ئیسلامییەکەی، هەر کەسێك پێشی وابێت ئەمە ڕاستە

**ئەوا ئەم بیرۆکەیەی وەرگرتووە لە تێروانینێکی لیبڕالی و دواتر دەستی کردووە بە بەڵگە لەسەر کۆکردنەوەو لێکدانەوە داتاشین بۆیان تا بگونجێ لەگەڵ ڕێبازو بۆچوونەکەی، ئەمە ڕێگەی ئارەزووپەرستان و بیدعەچییەکانە.**

## دەروازەی دووەم

# حوکمی شەرعی سەبارەت بە لیبڕالییەت

### ســەرەتا:

لیبڕالییەت بیرۆکە و هزرێکی هاوردەی نامۆیە، بەرهەمی موسڵمانان نییە، ئەو بیرۆکە ڕەتدەکاتەوە پەیوەندی بە هیچ ئاینێکەوە هەبێت و هەموو ئاینەکان بە کۆت و بەندی قوڕس و گران دادەنێ ئازادییەکان و دەبێ فڕێبدرێن.

پێشتر قسەی تێروتەسەل کرا لەبارەی حەقیقەتی ئەو هزرە، تێڕوانینی بۆ چەمکی لیبڕالییەت، لە میانەی ئەوەی خرایەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە لیبڕالییەت پێچەوانەی بنچینەکانی ئیسلام و پەیڕەوەکەیەتی لە بەها و ڕەوشتدا.

هەوڵدان بۆ گونجاندن لە نێوان لیبڕالییەت و ئیسلام بریتییە لە پڕۆسەی گۆڕینی چەمکی هەر دووکیان، سەراوژێرکردنی واتاکەی کە دایدەماڵێ لە حەقیقەتەکەی بەرەو چەمکێکی شێوێنراو و تابلۆیەکی نا دروست بۆ هەر دووکیان.

شتێکی سروشتییە کە بڵێین: فەیلەسوف و بیرمەندەکانی لیبڕالییەت، ئەوانەی کە بنچینەکانی ئەم هزرەیان دانا لە ماوە جیاوازەکاندا، ئەوا لە دەرەوەی

بازنەی ئاینەکان پێکهاتن، هیچ یەکێکیان بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە پابەند بە ئاینێکەوە ئەگەرچی ئاینێکی شێوێنراویش بێت.

لەگەڵ ئەم ڕۆشنیەش کەسانێك لە ناو موسڵماناندا هەر دەمێنن کە سوربن لەسەر ئەوەی دەکرێ گونجاندن و کۆکردنەوە بکرێ لە نێوان پەیڕەوێکی ماددی کە کۆت و بەندی ئاینەکان ڕەتدەکاتەوە لەگەڵ پەیڕەوی ئیسلامی خوایی، لەبەر ئەمە بەشێوەیەك کە گومان بەجێ نەهێڵێت ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە لیبڕالییەت لە ئیسلامدا واتە چەندین جۆرو ڕەنگی جیاواز لە بێ باوەڕی و هاوبەشدانان کە پێچەوانەی حەقیقەتی ئیسلامن، هەروەها بریتییە لە شێوە جیا جیا دژ بە ڕەوشت و بەها ڕێزدارەکانی.

بەر لە دەستپێکردن دەربارەی قسەکردن لەسەر ئەوەی لیبڕالییەت چەندین جۆری جیاوازی کوفر لە خۆی دەگرێ، پێم باشە بە پێشەکییەکی کورت دەستپێ بکەم کە حەقیقەتی ئیسلام و یەکتاناسی ڕوون دەکاتەوە تا ئەندازەی تێکگیرانی ئیسلام و لیبڕالییەت دەربکەوێت.

## حەقیقەتی ئاینی ئیسلام:

ئیسلام بریتییە لە ملکەچ بوون و خۆبەدەستەوەدان بۆ خوا لە ڕێی بەیەکگرتنی و گوێڕایەڵی کردنی و خۆداڕنین لە هاوبەشدانان لە پەرستشدا و پەسەند کردنی ئەوەی خوا دایبەزاندووە، واتای ملکەچ بوون: بریتییە لە ملکەچی تەواو بۆ فەرمان و حوکمەکانی و ڕەخنە لێنەگرتنی، بەڕاستدانانی هەواڵدانەکانی، خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ

فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٢٢﴾ ﴾ لقمان. **واتە: (ئەو کەسەی ڕوویکاتە پەروەردگاری و کارەکانی هەمووی بگێڕێتەوە بۆ لای ئەو، لە کاتێکدا ئادەمیزادێکی چاکەخوازە، ئەوە بەڕاستی مانای وایە کە دەستی بە بەهێزترین هۆکارەوە گرتووە، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە).** ﴿ فَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَلَهُۥٓ أَسْلِمُوا۟ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾ الحج. **واتە: (خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، هەمووتان ملکەچی ئەوبن، مژدەش بدە بە بەندە فەرمانبەردارو ملکەچ و دڵ ئاوەدانەکان).** ﴿ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الزمر. **واتە: (هەوڵ بدەن هەمیشە دڵتان لای خوا بێت و بگەڕێنەوە لای پەروەردگارتان و ملکەچی ئەوبن، پێش ئەوەی کە سزای خوا یەخەتان بگرێت و لەوەودواش سەرکەوتوو نابن و کەس نابێت بەرگریتان لێ بکات).** ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴿١٩﴾ ﴾ آل عمران. **واتە: (بەڕاستی ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئیسلامە).** ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ آل عمران. **واتە: (جا ئەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی دیکە بکات، لێی وەرناگیرێت، لە دواڕۆژیشدا لە زیانمەندانە).** ﴿ رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ البقرة. **واتە: (پەروەردگارا؛ هەر دووکمان وا لێبکە تەنها فەرمانبەردارو ملکەچی تۆبین، لە نەوەکانیشماندا ئوممەتێکی موسڵمان و فەرمانبەردار بۆ خۆت فەراهەم بهێنە).** ﴿ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ

**رَبِّهِۦ ﴿١١٢﴾ البقرة. واتە: (نا وانییە، هەر کەسێك بەڕاستی خۆی بداتە دەست خواو لە هەمان کاتدا چاکەکارو موسڵمان بێت، ئەوە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری دەستدەکەویت). ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ ﴿١٢٥﴾ النساء. واتە: (کێیە ئاینی پەسەندترو چاکترو جوانتر بێت لەو کەسەی ڕووی کردۆتە خواو خۆیشی ڕادەستی ئەو کردووە، لە کاتێکدا کار جوان و کار پەسەندە)، چەندین ئایەتی دیکەش جگەلەمانە.**

**هەر لەبەر ئەمە هەموو پێغەمبەرانی بە موسڵمانێتی وەسف کردووە، لە کاتێکدا کۆکن لە ملکەچی و خۆڕادەستکردنی خواو پەسەندکردنی هەموو ئەوەی لای خوا هاتووە. موسڵمانێتی بەندە تەواو نابێ تەنها بە خوابەیەکگرتن نەبێ، ئەمە واتای وشە مەزنەکەیە کە ناکرێ موسڵمان بە موسڵمان دابنرێ بەبێ دەربڕینی و پابەندبوون بە واتاکەی، ئەویش (لا إله إلا الله)یە.**

## خوابەیەکگرتن دوو لایەنی گرنگی هەیە:

یەکەم: خوابەیەکگرتن لە ناسین و چەسپاندندا:

**مەبەست لەمە خوابەیەکگرتنە لە پەروەردگارێتی و ناوو سیفەتەکانی، بەوەی باوەڕی وابێ کە خوا بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرو مشورگێڕی کارەکانیەتی، خاوەنی ناوی پیرۆزو سیفەتی باڵای تایبەت بە خۆیەتی، باوەڕیشی وابێ لە هەموو ئەمەدا خوا هاوبەشێکی نییە، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ﴿٥٤﴾ الأعراف. واتە: (هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە). ﴾**

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢﴾ الفاتحة. **واتە: (سوپاس و ستایش هەر شایستەی خوایە و بۆ خوایە، کە خاوەن و پەروەردگاری هەموو جیهانیانە).** ﴿هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ٣﴾ فاطر. **واتە: (ئایا دروستکارو بدیهێنەرێکی تر هەیە، جگەلە خوا لە ئاسمان و زەویەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێ ببەخشێت؟ جگەلەو زاتە خوایەکی دیکە نییە، جا ئەوە چۆن لەو بیروباوەڕە دروستە لادەدەن).** ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَا﴾ الأعراف: ١٨٠. **واتە: (هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان بەو ناوانە دوعا و نزا بکەن و هاناو هاواریش بۆ بەرن).** ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ٢٢ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٢٣ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٢٤﴾ الحشر. **واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە جگەلەو خوایەکی دیکە نییە، زانایە بە هەموو نهێنی و ئاشکراکان، ئەو خوایە بەخشندە و میهرەبان و دلۆڤانە و کانگای سۆزو بەزەییە. خوا ئەو زاتەیە کە جگەلەو خوایەکی تر نییە، پاشای هەموو بوونەوەرە، پاك و بێگەرد و پوختە، ئاشتی خوازو ئاشتی پەروەرە، ئاسایش بەخش و پەناگەی ئیماندارانە، دەسەڵاتدارە و چاودێری دروستکراوەکانیەتی، باڵادەستە و خاوەنی خێری بێ سنوورە، گەورەیە و خۆی بە مەزن دەزانێت، پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایە لەوەی تێنەگەیشتووان هاوەڵ زو هاوبەشی بۆ بڕیار دەدەن. هەر ئەو خوایە بەدیهێنەرو دروستکارە، نەخشەساز و**

**وێنەکێشە، ناوە پیرۆزو جوانەکان هەموو شایستەی ئەون، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ستایشی ئەو دەکەن، بەڕاستی ئەو زاتە خوایەکی باڵادەست و زانایە).**

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ البقرة. **واتە: (خوا زاتێکە جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە کە شایەنی پەرستن بێت و هەمیشە زیندووەو ڕاگرو سەرپەرشتیاری "هەموو دروستکراوەکانیەتی"، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو ـ چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بونەوەرە ـ، هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە هەر ئەو زاتە خاوەنیانە، کێیە ئەوەی "دەتوانێت" تکا بکات لەلای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نییە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەو زاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خوای گەورەوە هیچ گران نییە و ماندووی ناکات و هەر خوایە بەرزو بڵند و گەورەیە).** ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤ ﴾ الإخلاص: ١_٤. **واتە: (ـ ئەی موحەممەد** (ﷺ)**، ئەی ئیماندار ـ بڵێ: ئەو خوایەی کە ناوی ـ الله ـیە خوایەکی تاك و تەنهایە "بێ هاوەڵ و هاوتایە". خوا زاتێکی پایەدارو دەسەڵاتدارە، نیازی بە کەس نییە هەمووان ئاتاجی ئەون ـ هەر ئەو دەتوانێت بەڵاو ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و**

داخوازیەکانمان جێبەجێ بکات _. هیچ کەسی لێ نەبووەو لە کەسیش نەبووە، هەرگیز هاوتاو هاوشێوەو دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لە بەرامبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت)، ئەمانەش دەگرێتەوە: باوەڕبوون بەخواو فریشتەکانی و کتێب و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر. جگەلەمانەش لە باوەڕبوون بە جیهانی نەبینراو، ئەمە بنچینەی دەربڕین گوفتارە(١) لە حەقیقەتی باوەڕ ((کە گوفتارو کردارە)).

ئەمانەش لەخۆدەگرێ: دانان بەو واجب و سوننەتانەی خوا دایناوەو ئەو شتە ڕەوایانەی ڕێی پێداوەو ئەو شتە قەدەغانەی یاساغی کردووە، هیچ بەرنامەیەکی ڕاست و دروست و پەسەند نییە جگەلەوەی خوا نەبێت.

ئەم لایەنە بریتییە لە بیروباوەڕی دڵ لە چوارچێوەی حەقیقەتی ئیسلامدا.

دووەم: خوابەیەکگرتن لە مەبەست و داواکردندا:

واتە بە تاك و تەنها گرتنی خوا لە پەرستندا و نەپەرستنی جگەلەو، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا ٣٦﴾ النساء. ئەم یەکتاناسییە بریتییە لە واتای (لا إله إلا الله). یەکتاناسی ناسین و چەسپاندن لەخۆی دەگرێت، وشەی یەکتاناسی پێشوو ئەمە دەگرێتەوە: ڕەتکردنەوە (لا إله) واتە خۆبەریکردن لە هاوبەش و هاوبەشدانەران، چەسپاندن

(١) دەربڕین لە حەقیقەتی باوەڕدا واتە (گوفتاری دڵ)، کە بەڕاستدانانی هەموو ئەو شتانەیە کە خوا هەواڵی لەبارەوە داوە، باوەڕبوونە بەوەش کە هەواڵەکە دەگەیەنێت، (گوفتاری زمان) وتنی: لا إله إلا الله، و زیکرو نزا و جگەلەمانەش لە پەرستشە گوفتارییەکان دەگرێتەوە.

**(إلا اللّه) واتە بە تاك و تەنها گرتنی خوا لە پەرستشدا، ئەم یەكتاناسییە لە ڕاستیدا لە دوو بنچینە پێكهاتووە:**

## ١_ بە تەنها خواپەرستن:

**پەرستشكردن بریتییە لەوپەڕی سەرشۆڕی و ملكەچی نواندن لەگەڵ خۆشەویستی، هەروەها ((ناوێكە بۆ هەموو ئەو قسە و كردارە دەروونی و دەرەكیانەی خوا خۆشی دەوێت و پێیان ڕازییە))[1]، پەرستش هەموو كردارەكانی مرۆڤ و ئەندامەكانی دەگرێتەوە، حەقیقەتەكەشی خۆبەدەستەوەدانی دڵ و ئەندامەكان و ملكەچبوونیانە بەتەنها بۆ خوای گەورە، ئەو فەرمایشتانەی خوای مەزن ئاماژەن بۆ ئەمە: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ١١ ﴾ الزمر. واتە: (_ ئەی پێغەمبەر ﷺ _ پێیان بڵێ: بەڕاستی فەرمانم پێدراوە، هەر خوا بپەرستم و لە هەموو ژیانمدا ملكەچ و فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەی ئەو بم). ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ ٣ ﴾ الزمر. واتە: (ئاینی پاك و خاوێن تەنها بۆ خوایە). ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصٗا لَّهُۥ دِينِي ١٤ ﴾ الزمر. واتە: (بڵێ: من هەر تەنها خوادەپەرستم و ملكەچی ئایین و بەرنامەكەی ئەو دەبم). ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ٥ ﴾ البينة. واتە: (فەرمانیشیان پێ نەدرابوو جگە لەوەی كە خواپەرستی بكەن و بە پاكی و دڵسۆزی و ملكەچیی فەرمانبەرداری ئایین و بەرنامەكەی بن و لابدەن لە هەموو ئاینێك و تەنها پابەندی ئاینی ئیسلام بن). ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا**

---

[1] العبودية ٤.

تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴿٢٣﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (پەروەردگاری تۆ فەرمانی داوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا). ئایەتی دیکەی جگەلەمانەش.

بە تاك و تەنهاگرتنی خوا لە پەرستندا واتە کارەکانی دڵ تەنها بۆ ئەوبن، وەك: خۆشویستن و دڵسۆزی و ملکەچی و وەرگرتن و ڕەزامەندی و پشتبەستن و هانا بۆ بردن، هەروەها بە تاك و تەنهاگرتنیشی لە کرداری ئەندامەکاندا وەك: نوێژو پەرستشە ڕووتەکان و حوکمڕانی و یاسادانان[1]، گوێڕایەڵی ڕەها و جگەلەمانەش، ئەمە بنچینەی کردارە لە حەقیقەتی باوەڕدا.

## ٢ـ خۆبەریکردن لە هاوبەش بۆ خوادانان و هاوبەشدانەران:

خۆبەریکردن لە هاوبەشدانان و هاوبەشدانەران واتە فڕێدانی هاوبەشدانان و باوەڕبوون بەوەی پوچەڵە، ڕق لێبوونەوە لە هاوبەش و هاوبەشدانەران و دژایەتی کردنیان، ئەمە بنچینەیەکی سەرەکییە لە بارەی چەسپانی موسڵمانێتی بەندە و خوابەیەکگرتن و باوەڕەکەی، ئەمە بەبێ خۆبەریکردن بۆی ناچەسپێت، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ ﴿٢٥٦﴾ ﴾ البقرة.

---

[1] هەروەك خوای پایەبەرز دەفەرموویێت: ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ﴿٤٠﴾ ﴾ یوسف. واتە: (بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە خوا شایستەی کەسی تر نییە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن)، ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکات مافی یاسادانانی هەیە ئەوا بە تێڕوانینی قورئان خۆی بە پەروەردگار داناوە: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ التوبة. واتە: (ـ گاورو جوو ـ حاخام و قەشەکانیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا). العبودية ٤.

واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆركردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا، چونكە بەڕاستی ڕێبازی چاك و دروست ڕوون و ئاشكراو جیابۆتەوە لە ڕێبازی گومڕایی و سەركەشی، جا ئەوەی باوەڕی بە تاغوت نەبێ و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخوا، بەڕاستی ئەو كەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆكاری ڕزگارییەوە، كە پچڕان و هەڵوەشانەوەی بۆ نییە). ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾ النحل. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لە ناو هەر گەل و نەتەوەیەكدا پێغەمبەرێكمان ڕەوانە كردووە، پێمان ڕاگەیاندوون كە پێیان بڵێن: تەنها خواپەرستن و خۆتان دووربگرن لە هەموو جۆرە پەرستراوێكی تر). لە گێڕانەوەی ڕاست و دروستدا لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە كە فەرموویەتی: ((هەر كەسێ وتی: هیچ پەرستراوێك نییە جگەلە خوا، باوەڕی نەهێنا بەوەی بێجگە لە خوای گەورە دەپەرسترێ، ئەوا ماڵ و خوێنی حەڕام دەبێ، لێپرسینەوەشی لەسەر خوای پایەبەرزە))[1]، تێبینی دەكەین لەم فەرموودەیەدا ((كە تەنها دەربڕینی شایەتمانی بە زمان بە پارێزەری ماڵ و خوێنی دانەناوە، تەنانەت زانینی ماناكەشی لەگەڵ دەربڕینی، بەڵكو دانپێدانانیشی، تەنانەت ئەوەش كە تەنها لە خوای بێ هاوەڵ دەپاڕێتەوە، ماڵ و خوێنی حەڕام نابێت تا ئەمەش زیاد نەكات كە بریتییە لە: باوەڕ نەكردن بەوەی جگەلە خوای مەزن دەپەرسترێت، ئەگەر گومانی هەبوو یان وەستا لە باوەڕ

---

(1) موسلیم گێڕاویەتیەوە، كتاب الإيمان، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لاإله إلا الله محمدا رسول الله ويقيموا الصلاة، رقم ٢٣ (٤٣) ط. بيت الأفكار الدولية.

**نەکردن بەوەی بێجگەلە خوای مەزن دەپەرسترێت ئەوا ماڵ و خوێنی حەرام نابێت))[١].**

**تاغوت: ئەو شتەیە کە بێجگە لە خوای گەورە دەپەرسترێت و ڕازیشە پێی، ژمارەیان زۆرە، تاغوتە سەرەکییەکانیش پێنجن[٢]:**

**یەکەم: شەیتان، کە بانگەوازی دەکات بۆ پەرستنی جگەلە خوا، بەڵگەش ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنە:** ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾﴾ يس. **واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، مەگەر من پێم ڕانەگەیاندوون کە شەیتان نەپەرستن، چونکە ئەو بەڕاستی دوژمنی ئاشکراتانە).**

**دووەم: حوکمڕانی ستەمکار، کە یاساکانی خوا دەگۆڕێت، بە بەڵگەی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز:** ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾﴾ النساء. **واتە: (ئایا نەتڕوانیوە _ ئەو دووڕووانەی _ لاف ئەوە لێ دەدەن کە بەڕاستی باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانەکراوەو بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانەکراوە _ بۆ پێغەمبەران _!!، کەچی ڕوویان دەکەنە زۆردارو جادووگەرو خوانەناسان تا دادوەریان لە نێوانیاندا بکەن و**

---

**(١) کتاب التوحید (مجموعة التوحید ١/ ٢٠٧).**

**(٢) ئەم جۆرانە لە نووسینی شێخ محەممەدی کوڕی عەبدلوەهابە کە وەریگرتووە لە وتەی زانایان دەربارەی تاغوت. بڕوانە وتەی زانایان لە: جامع البیان ٣/ ١٩ _ ٢١.**

چارەسەری کێشەکانیان بکەنە کاتێکدا فەرمانیان پێدراوە باوەڕیان بە تاغوت نەبێت، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی درێژو بێ سنوور).

سێیەم: ئەوەی حوکم دەکات بە جگەلەو بەرنامەیەی خوا دایبەزاندووە، بەپێی ئەم فەرمایشتەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ المائدة. واتە: (بێ گومان ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە بێ باوەڕن).

چوارەم: ئەوەی بانگەشەی زانینی زانستی پەنهان دەکات بێجگە لە خوا، ئەم فەرمایشتەی خوای زانا بەڵگەیە لەسەر ئەمە: ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾﴾ الجن. واتە: (خوا زاتێکە زانای نهێنی و شاراوەکانە، مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت _ بەوەی هەندێك نهێنی بزانێت _ ئەو کاتە فریشتە دەکاتە پاسەوانی لە بەرو پشتەوە _ تا پەری و شەیتانەکان نەتوانن زەفەری پێ ببەن _).

پێنجەم: ئەوەی بێجگەلە خوا دەپەرسترێ و بەو کارەش ڕازییە، بە بەڵگەی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَـٰهٌ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾﴾ الأنبياء[1]. واتە: (خۆ ئەگەر یەکێك لە فریشتەکان _ لەخۆی بایی ببێت _ و بڵێت: منیش خوام بێجگەلەو، ئەوە

---

[1]) بڕوانە: مجموعة التوحيد ١/ ١٥.

**پاداشتی دەدەینەوە بە دۆزەخ، هەر بەو شێوەیە پاداشتی یاخی و ستەمکاران دەدەینەوە).**

**ڕق بوونەوە لە هاوبەشدانەران و دۆستایەتی نەکردنیان ئەگەر لە خزمە نزیکەکانیش بن دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیە، هەروەك خوای مەزن دەفەرموویێت:** ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ المجادلة. **واتە: (کەسانێکت دەستناکەوێت باوەڕبهێنن بە خواو بە ڕۆژی دوایی، لە کاتێکدا کەسێکتان خۆشبوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی کردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باوو باپیران بن یان نەوەیان بن یاخود برایان بن یان هۆزیان بن، ئەوانە کە بەوشێوەن _ ئیمان و باوەڕیان لا لە هەموو کەسێك بەڕێزترە _ خوا ئیمانی لە دڵیاندا چەسپاندووەو جێگیر کردووە لە بەهرەو میهرەبانی خۆی، بەهێزو گیانێکی تایبەت لەلایەن خۆیەوە پشتگیری کردوون و یارمەتی داون، سەرەنجامیش دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیاندا تێدەپەڕێت، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، ئەوانە خوایان لێ ڕازییە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئا ئەوانە دەستە و تاقم و حیزب و لایەنی خوای گەورەن، ئاگاداربن بەڕاستی هەر لایەن و حیزب و دەستەو تاقمی خوا سەرکەوتوو و سەرفرازە).** ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ

أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ ﴾ المتحنة. **واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان مەکەنە دۆستی گیانی بەگیانی، لە کاتێکدا خۆشەویستی و سۆزی خۆتانیان بۆ دەردبڕن، بەڕاستی ئەوان بێ باوەڕیش بوون بەوەی کە لەلایەن خواوە بۆتان هاتووە، ئەوانەی پێغەمبەرو ئێوەش دەردەکەن لە مەککە، لەبەر ئەوەی کە باوەڕ دەهێنن بە خواو پەروەردگارتان، ئەگەر ئێوە دەرچوون بۆ تێکۆشان لە پێناوی من و لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مندا، بەنهێنی خۆشەویستی خۆتانیان پێ دەگەیەنن، لە کاتێکدا من ئاگادارم بەوەی شاردوتانەوەو بەوەش کە ئاشکراتان کردووە، جا هەر کەس لە ئێوە کاری وا بکات ئەوا بەڕاستی ڕێبازی ڕاستی ون کردووە).** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ ﴾ **واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، جولەکە و گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان، ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان دەبەستێت ئەوا هەر لەوانە و حیسابی ئەوانی بۆ دەکرێت، بەڕاستی خوا ڕێنوێنی گەلی ستەمکار ناکات). ئەم بنچینەیە بریتییە لە حەقیقەتی دۆستایەتی و دوژمنایەتی کە بەبێ ئەمە موسڵمانێتی تەواو و دروست نابێت.**

بەمە ڕوون دەبێتەوە کە ئاینی ئیسلام باوەڕو کردەوەی مرۆڤ لەخۆی دەگرێت، دەبێ هەموو گوفتارو بیروباوەڕو کردارێکی مرۆڤ دەبێ ملکەچی فەرمان و یاسای خوابن، هەروەك خۆبەری کردنیش لە هەموو ئاینێکی دیکە لەخۆی دەگرێ، باوەڕی بەندە دروست نییە، باوەڕی موسڵمان تەواو نابێ ئەگەر باوەڕی وانەبێ کە بیروباوەڕو ڕێبازەکانی جگەلە ئیسلام پوچەڵن.

لە میانەی ئەوەی خرایەڕوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناکرێ لیبڕالییەت لەگەڵ ئیسلام بگونجێت، دەکرێ ئەمەش ڕوون بکرێتەوە بە خستنەڕووی هەڵوەشێنەرەوەکانی باوەڕ، کەم و کورتییە ڕەوشتییەکانی لیبڕالییەت.

## یەکەم: هەڵوەشێنەرەوەکانی باوەڕ لە لیبڕالییەتدا:

ئەوەی توێژینەوە لە بارەی لیبڕالییەتەوە کردبێت دەبینێت کە ئەم هزرە بانگەشەیە بۆ خوانەناسی و ڕەتکردنەوەی ئاینەکان، بەشێوەیەك کە داننانێت بە زاڵبوونی ئایین بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئەم بیرۆکەیە گەشەی کرد لە کەش و هەوایەکدا کە ئاینی ڕەتدەکردەوە، دەیویست ئازادی ڕەها بداتە مرۆڤ بە خۆدارنین لە کۆت و بەندی ئاینەکان و بەها و ڕەوشت، بناغەی بیرۆکەکە دامەزراوە لەسەر بەگەورەدانانی عەقڵی مرۆڤ و ماددەگەرایی، هەر بۆیە گوزارشتی ((هزری ئازاد)) لە نووسینەکانی خۆرئاواییەکان بەستراوەتەوە بە بێ باوەڕی و ڕەتکردنەوەی ئایین و بەهاکان، بەم پێیە لیبڕالییەت ناگونجێت لەگەڵ ئیسلام .

لەم برگەیەدا باسی هەندێك لە جۆرەکانی کوفرو هاوبەشدانان بۆ خوا دەکەم کە لە لیبڕالییەتدا هەن، تا لە میانەیدا حوکمی شەرعی دەربارەی لیبڕالییەت ڕوون ببێتەوە:

## أ_ کوفری بە حەڵاڵدانان:

واتای بە حەڵاڵدانان ئەوەیە: مرۆڤ بڕوای وابێت کە شتە حەرامەکان ڕەوان، دروستە ئەنجامیان بداتە لەگەڵ ئەوەی دەشزانێ خوای مەزن قەدەغەی کردووە[١]، زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی شتێك حەڵاڵ بکات کە خوا حەرامی کردووەو ئەو شتەش زانینی بە پێویست دانراوە لە ئایندا ئەوا کەسێکی بێ باوەڕە و دەرچووە لە ئاینی ئیسلام[٢]. قازی عیاز[٣] دەڵێت: ((موسڵمانان ڕێککەوتوون لەسەر بە کافردانانی هەر کەسێك کوشتن یان مەییخۆری یاخود زینا حەڵاڵ بکات لە کاتێکدا بزانێت خوا حەرامی کردووە، وەك بەرەڵاگەڕاکان لە قەرامیتەکان و هەندێك لە زیادەڕۆچووە سەلەفییەکان))[٤].

قازی ئەبو یەعلا باسی ئەوەی کردووە کە هەر کەسێك باوەڕی وابێت ئەو شتە حەڵاڵە کە بە دەقی ڕاشکاوی فەرمایشتی خوا یان سوننەتی پێغەمبەری خوا

---

(١) بڕوانە: الصارم المسلول ٣/ ٩٦٢.

(٢) زۆرێکیان یەکدەنگیان لەسەر ئەمە گواستۆتەوە لەوانە بەغەوی لە کتێبی: شرح السنة ١/١٠٣، و ئیبن سەحمان لە کتێبی: الضیاء الشارق ٣٤٩.

(٣) ناوی عیازی کوڕی موسای کوڕی عیازی یەحصەبی سەبتی باوکی فەزڵە، دراوەتە پاڵ شارۆچکەی سەبتە، زانای مەغریب و پێشەوای فەرموودەناسان بووە لە سەردەمی خۆیدا، لە ناوچەی سەبتە لە ساڵی ٤٧٦ك _ ١٠٨٣ز لە دایك بووە، ئەرکی دادوەری ناوچەی سەبتەی گرتۆتەئەستۆ، دواتر دادوەری غەرناتەی وەرگرتووە، لە دانراوەکانی: (الشفا بتعریف حقوق المصطفی) و (وترتیب المدارك وتقریب المسالك في معرفة أعلام مذهب الإمام مالك) و (الإلماع إلى معرفة أصول الرواية وتقييد السماع)، لە مەراکیش بەهۆی دەرخواردکردنی ژەهرەوە مرد، وتراوە: کابرایەکی جولەکە ئەوی ژەهراوی کردووە، ساڵی ٥٤٤ك _ ١١٤٩ز. الأعلام ٥/ ٩٩.

(٤) الشفا ٢/ ١٠٧٣.

حەڕام کرابوو، یان موسڵمانان لەسەر حەڕام بوونی کۆك بوون ئەوا بێ باوەڕە، وەك ئەو کەسەی خواردنەوەی مەیی و هیتدیشی حەڵاڵ کردووە ئەوا بە یەکدەنگی زانایان بێ باوەڕە[1].

بەکافردانانی ئەو کەسەی شتی حەڕام بە حەڵاڵ دەزانێ ڕاجیایی تێدا نییە لە نێوان زانایاندا، زانایانی تێکڕای مەزبەکان ئەو کەسەیان بە کافر داناوە، ئیبن قودامە[2] دەڵێت: ((هەر کەسێك باوەڕی بە حەڵاڵی شتێك هەبێت کە یەکدەنگی لەسەر حەڕام بوونی هەبێت، حوکمەکەی لە ناو موسڵمانان دیارو ئاشکرا بێت، گومانی لەسەر لاچووبێت بەهۆی ئەو دەقانەی لەبارەیەوە هاتوون، وەك: گۆشتی بەڕازو زینا و هاووێنەی ئەمانە کە ڕاجیاییان تێدا نییە کوفرە))[3].

مەلا قاری حەنەفی دەڵێت: ((ئەوەی حەڕامێك حەڵاڵ بکات کە لە ئاینی پێغەمبەردا زانراوە حەڕامە، وەك: مارەکردنی ئەوانەی حەڕامن یان مەیی خواردنەوە یاخود خواردنی گۆشتی مردار یان خوێن یاخود گۆشتی بەراز بێ ئەوەی ناچار بێ ئەوا کافرو بێ باوەڕە))[4].

---

(١) بڕوانە: المعتمد في أصول الدين ٢٧٢.

(٢) ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەحمەدی قودامەی جماعیلی مەقدیسی دواتر دیمەشقی حەنبەلیی باوکی ئەحمەدی موەفەقەددینە، شەرعزانە و یەکێکە لە زانا حەنبەلییە گەورەکان، ساڵی ٥٤١ك _ ١١٤٦ز لە دایك بووە، لە دانراوەکانی: ((المغني)) پوختەی ئەلخەرقی پێ ڕاڤە کردووە، (الكافي) و (المقنع) و (عمدة الفقه) هەموویان لە زانستی فیقهدا، و (ذم ما عليه مدعو التصوف)، لە دیمەشق لە ساڵی ٦٢٠ _ ١٢٢٣ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٤/ ٦٧.

(٣) المغني ٨/ ١٣١ (ط التركي).

(٤) شرح الفقه الأكبر ١٢٦.

هەر بۆیە زانایان ((کوفری بە حەڵاڵدانان))یان[1] بە جۆرێك لە جۆرەکانی کوفر داناوە، جیاوازی نییە لە نێوان حەڵاڵ کردنی حەرامێکی گەورە یان بچوك، مەلا قاری دەڵێت: ((بە حەڵاڵ دانانی تاوان بچوك یان گەورە کوفرە ئەگەر بە بەڵگەی بێ چەند و چوون چەسپا کە تاوانە))[2].

ناسێنەری شتی حەڵاڵکراو ئەوەیە کە شتەکە دیارو بەرچاوو بەشێوەی ڕێژنەیی هاتبێت کە ڕاجیایی و گومانی تێدا نەبێت، وەك: حەرام بوونی زینا و سوو و خواردنی گۆشتی بەرازو جگەلەمانەش[3].

هۆکاری کافربوونی ئەوەی شتێکی حەرام بە حەڵاڵ دەزانێت بە درۆخستنەوە یان سەرڕەقییە، ئەگەر باوەڕی وابوو شتێکی حەرام حەڵاڵە ئەوا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێی وایە حەرام بوونی شتەکە درۆیە یان دانی پێدانانێت، هەر دووکیشیان پێچەوانەی باوەڕن[4].

مەرج نییە بۆ بەکافردانانی ئەوەی شتێکی حەرام بە حەڵاڵ دادەنێ ڕاشکاوانە دەری ببڕێت، چونکە نکۆڵی کردن خۆی لە خۆیدا کوفرە و مایەی دەرچوونە لە بازنەی ئیسلام، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەڵێت: ((هەر کەسێك نکۆڵی بکات لە پێویست بوونی هەندێك ئەرك و واجبی دیار کە بەشێوەی ڕێژنەیی _ متواتر _ چەسپاون وەك: پێنج نوێژەکان و بەرۆژووبوون لە مانگی

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە: مدارج السالکین ١/ ٣٦٧؛ ومعارج القبول ٢/ ٥٩٣.
(٢) بڕوانە: شرح الفقه الأکبر ١٢٦.
(٣) بڕوانە: نواقض الإیمان الإعتقادیة ٢/ ٦٦ _ ٦٨.
(٤) سەبارەت بە جیاوازی نێوان بە حەڵاڵ دانان و بەدرۆخستنەوە بڕوانە: نواقض الإیمان الإعتقادیة ٢/ ٥٩.

ڕەمەزان و حەج كردن یان نكۆڵی كرد لە حەرام بوونی هەندێك شتی حەرامی دیارو حاشا هەڵنەگری وەك: كارە خراپەكان و ستەم و مەییخواردنەوەو قومار و زینا و جگەلەمانەش، یاخود نكۆڵی كرد لە حەڵاڵی هەندێك شتی حەڵاڵ و ڕەوای دیارو زانراو وەك: نان و گۆشت و مارەیی. ئەوا كەسێكە كافرو لە ئایین هەڵگەڕاوەیە، داوای تۆبەی لێدەكرێ، ئەگەر تۆبەی كرد ئەوە باشە، ئەگەرنا دەكوژرێ))[1].

ئەم جۆرە كوفرە لە لیبڕالییەتدا بوونی هەیە، چونكە یەكێك لە چەمكەكانی لیبڕالییەت ڕێگەگرتنە لە قەدەغە بوون یان نەهێشتنی قەدەغەیە، ناكرێ هزری لیبڕالی كۆببێتەوە لەگەڵ قەدەغەی خوایی كە ئازادی تاك سنووردار دەكات، هەروەك جۆن میل دەڵێت: ((قەدەغە و حەرام كردن پەیوەندی بە ئازادی تاكەوە هەیە، چونكە وادەگرێ كە تاك بەرژەوەندی خۆی نازانێ))[2]. یەكێك لە شتە بەلگەنەویستەكانی لیبڕالییەت ڕێگەدانە بە سوو (ڕیبا)، ئەمە ڕێگە پێدانێكی بیروباوەڕییە، نەك تەنها پیادەكردنێكی كرداری، ناكرێ كابرا لیبڕالی بێ و باوەڕیشی وابێ سوو و مامەڵە قەدەغەكان حەرامن؛ چونكە ئەمە تێكدەگیرێ لەگەڵ ئازادی بازرگانی و ئابووری، هەروەك ناكرێ مرۆڤ لیبڕالی بێ و باوەڕیشی وابێت زینا و بەڕەڵایی و لادانی جنسی حەرامن، چونكە ئەمانە تێكدەگیرێن لەگەڵ ئازادی تاكەكەسی.

---

(١) مجموعة الفتاوى ١١/ ٤٠٥.

(٢) الحرية ٦٤.

لیبڕالییەت ڕێبازێکە هزرییە، شتە پێویست و قەدەغەکان بۆ تاك دیاری دەکات، ئەمەش پێش ئەوەی پیادەکردنێکی کرداری بێت، بیروباوەڕو تێڕوانینێکی هۆشیارە بۆ تێکڕای چەشنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی.

## ب_ کوفری گومان:

گومان دڵنیانەبوونە، دوودڵییە لە نێوان دوو شتدا، بڕیارنەدانە بە دروستی یان پوچەڵی، هەڵەبوون یاخود ڕاستبوون و هاوشێوەی ئەمانە، نەبوونی دڵنیایی و ساغبوونەوە لە گومان و دوودڵییەوەیە.

یەکێك لە شتە سەرەکییەکانی ئیسلام بوونی دڵنیاییە لە یەکتاناسی و باوەڕدا، یەکتاناسی و ئیمان پێویستی بە دڵنیایی تەواو هەیە، هەر بۆیە زانایان بە مەرجێکیان داناوە لە مەرجەکانی (لا إله إلا الله).

خوای پایەبەرز دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ١٥ ﴾ الحجرات. واتە: (بێگومان باوەڕدارانی ڕاست ئەوانەن کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا هێناوەو پاشان نەکەوتوونەتە هیچ گومان و دوودڵییەکەوە، بەخۆیان و ماڵ و سامانیان تێکۆشاون لە پێناوی خوا، تەنها ئا ئەوانە ڕاستن). مەرجی ڕاست و دروستی باوەڕیان گومان نەبوونە، گومانیش دوودڵی و یەکلانەبوونەوەیە[1]، هەر بۆیە گومان و دوودڵی وەك وەسفی دووڕووان هاتووە، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ

---

[1] بڕوانە: لسان العرب مادة ((ش ك ك)).

ﭐلۡأٓخِرِ وَٱرۡتَابَتۡ قُلُوبُهُمۡ فَهُمۡ فِي رَيۡبِهِمۡ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾ التوبة. **واتە: (بەڕاستی تەنها ئەوانە مۆڵەتت لێدەخوازن کە باوەڕ بە خواو بە ڕۆژی دوایی ناهێنن، ئەوانە هەمیشە دڵەڕاوکێیانە، بەردەوام لە گومانی خۆیاندا ویڵن و دێن و دەڕۆن).**

**لە فەرمووودەدا هاتووە: ((هەر بەندەیەك بە شایەتیدان کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای مەزن و منیش پێغەمبەری خوام بگاتەوە خزمەت خوای مەزن ئەوا دەچێتە بەهەشت))[1]. لە فەرموودەی ئەبو هورەیرەدا هاتووە: ((بە هەر کەسێك گەیشتیت لە پشت ئەم دیوارە و گەواهی دەدا کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگەلە خوای گەورە و دڵی دڵنیابوو بەم ڕاستییە ئەوا مژدەی بەهەشتی پێبدە))[2].**

**((مەرجی داناوە بۆ ئەوەی شایەتمان دێنێت و دەچێتە بەهەشتەوە دەبێ دڵنیا بێ و دڵی لەسەر دامەزرابێ، گومانی لەبارەوە نەبێت، ئەگەر مەرج نەما بە مەرج گیراوەکەش نامێنێ))[3].**

**هەروەها ئەمانەش دەچنە ناو ئەم باسەوە، کە هەر کەسێك گومانی هەبێت لە یەکێك لە شتە نەبینراوەکانی جیهانی پەنهان وەك بنچینەکانی باوەڕ یان جنۆکە یاخود قەزاو قەدەر و جگەلەوانەش، هەروەها ئەوەش کە گومانی هەیە لە**

---

**(1)** موسلیم گێڕاویەتیەوە، کتاب الإیمان، باب الدلیل علی أن من مات علی التوحید دخل الجنة قطعا، رقم ١٤٦، (١/ ١٨٠ شرح النووي).
**(2)** معارج القبول ١/ ٣٧٨ _ ٣٧٩.
**(3)** بڕوانە: مجموع الفتاوی ٢/ ٣٦٨.

بێ باوەڕی هاوبەشدانەرە ڕەسەنەکان یان کافرە ئاشکراکانی وەك شاراوەگەرا (باتینی)یەکان و زیادەڕۆچووە سۆفییەکان لە دوای ناسینی بیروباوەڕیان[١].

قازی عیاز دەڵێت: ((هەر کەسێك درۆ بداتە پاڵ پێغەمبەرمان لەوەی ڕایگەیاندووەو هەواڵی لەبارەوە داوە یان گومانی لە ڕاستگۆیی پێغەمبەر هەبوو یان تانە و توانجی لێدا... ئەوا بە یەکدەنگی کافرە... ئەو کەسەش کافر دەکەین کە پەیڕەوی ئاینێکی جیا لە ئاینی موسڵمانان دەکات یان وەستاوە لە کافرکردنی بێ باوەڕان یان گومانی لە بێ باوەڕی کافران هەبوو یان ڕێبازی ئەوانی پێ دروست بوو، ئەگەر ئەمانەی هەبوو هەرچەندە موسڵمانێتی دەربخات و باوەڕیشی پێ هەبێت و پێی وابێت هەموو ڕێبازەکانی دیکەی جگەلە ئیسلامیش پوچەڵن، ئەوا ئەمە کەسێکی کافرە بە پێچەوانەی ئەو ڕووکەشەی دەریخستووە))[٢].

کوفری گومان لە لیبڕالییەتدا هەیە، ئازادی هزری وادەخوازێ کە بڕیار لەسەر هیچ شتێك نەدرێ بەوەی ڕاست یان پوچەڵە، چونکە دانی بڕیاری لەم جۆرە سەردەکێشێ بۆ زەوتکردنی بۆچوونی ئەوانی دیکە، پێشتر چەند دەقێکی لیبڕالییەکان لەم بارەوە گواسترانەوە.

ئەمەش لەلای لیبڕالییەکان بە زەوتکردنی ئازادی بەرامبەر دادەنرێ کە جگەلە موسڵمانان بە کافر دابنرێن و خۆیان لێ بەری بکرێ، ئەم دڵنیاییە بە دژی ئازادی هزرو بیر دادەنرێ، ئا ئەمە چەمکی لێبوردەیی ئاینیە.

---

(١) الشفا ٢/ ١٠٦٩ _ ١٠٧١.

(٢) موسلیم گێڕاویەتیەوە، کتاب الإيمان، باب الدليل على أن من مات على التوحيد دخل الجنة قطعا، رقم ١٤٦، (١/ ١٨٠ شرح النووي).

هزری لیبڕالی هیچ بیروباوەڕێکی دڵنیاکەرەوە پەسەند ناکات جگەلە مافی تاك لە ئازادی تاکایەتی، هەر چەندە بگات بە چەندین بیرو بۆچوونی دیکە، لیبڕالییەت بیروباوەڕێکی دڵنیایی دیاریکراوی نییە، چونکە هەموو بیروباوەڕێك شیاوی گۆڕانە، بەرامبەر مافی ئەوەیان هەیە باوەڕیان بە پێچەوانەکەی هەبێت، ئەم هزرە وەڵامێکی پێ نییە لەسەر ڕوونترین شتی وەك: بوونی خوا، پەروەردگارێتی خوا، چونکە ئەو ڕێبازەی بەرێکردنە کە پشتی پێ دەبەستێت پێی وایە هەموو شتێکی شیاوی ڕاست و هەڵە بوونە، لەوانەیە پەیڕەوکاری لیبڕالی سەریکێشابێ بۆ بیروباوەڕی دژیەك.

بەمە ڕوون دەبێتەوە کە لیبڕالییەت هەموو بیروباوەڕە دژ بە یەکەکان بە دروست دادەنێت، هزرە پێچەوانەکان بە ڕەوا دەزانێ، هیچ بیروباوەڕێك پەسەند ناکات، ئەم یاسایە وەك سەرچاوە وەردەگرێ کە دەڵێت: ((قسەی من ڕاستە و دەکرێ هەڵە بێت، وتەی تۆش هەڵەیە و دەکرێ ڕاستیش بێت))، ئەمە بە ڕێسایەکی گشتی دادەنێ لە بنچینەکانی بیروباوەڕو تێکڕای ئاینەکانیشدا.

ئەو موسڵمانەی پەیڕەوی لیبڕالییەت دەکات پێی وایە موسڵمانێتیەکەی ڕاستە و دەکرێ هەڵە بێت، بیروباوەڕی بەرامبەر هەڵەیە و دەکرێ ڕاست بێت، ئەوە ڕەت دەکەنەوە لە ڕووی بیروباوەڕدا ڕاست و نا ڕاست یەکلا بکەنەوە[1]. ئەمەش خودی گومانە.

---

[1]) بۆ نموونە بڕوانە: گۆڤاری پرسە هاوچەرخە ئیسلامییەکان، ژمارە ٣١، ٣٢، زستان و بەهاری ٢٠٠٦ز.

## پ_ کوفری دانپێدانەنان و نکۆڵی لێکردن:

حەقیقەتی دانپێدانەنان و ملنەدان و ڕەتکردنەوە بریتییە لە ملکەچ نەبوون و خۆبەدەستەوەنەدان بۆ فەرمان و یاسای خوای پایەبەرز، شتێکی زانراوە باوەڕ هەندێك هەواڵ لە خۆ دەگرێ کە پێویستە بە ڕاست دابنرێن، هەندێك فەرمانیشی تێدایە پێویستی بە خۆبەدەستەوەدان و ملکەچ بوونە، پێچەوانەی بەڕاستدانان بە درۆخستنەوەیە، دژی ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان ڕەتکردنەوەو دانپێدانەنانە[1].

هەندێك جار لەوانەیە خۆبەزلگرتنیش بخرێتە پاڵ دانپێدانەنان و ڕەتکردنەوە وەك: کوفرەکەی شەیتان و فیرعەون و جولەکە[2]، لەوانەشە دانپێدانەنان و نکۆڵی کردن هەبێت بەبێ فیزلێدان)) [3].

زانایان بڕیاریانداوە کە ئەو تاقمەی نکۆڵی دەکات و ئەوە ڕەت دەکاتەوە پابەند بێت بە ڕێسایەك لە ڕێسا دیارە بێگومان چەسپاوەکانی شەریعەت، ئەوا دەبێ جەنگیان لەگەڵ بکرێت، تەنانەت کۆکن لەسەر ئەمە، هەروەك هاوەڵان لەگەڵ زەکات نەدەران ئەمەیان پیادەکرد، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە ئەوەی پەسەندکردووە کە ئەو تاقمەی پابەند نابێت بە یاسایەکی شەریعەت و پێشەوا

---

(1) بڕوانە: نواقض الإيمان الإعتقادية ٢/ ١٨٠.
(2) بڕوانە: مدارج السالكين ١/ ٣٦٦، ومعارج القبول ٢/ ٢٢ _ ٢٣.
(3) بڕوانە: نواقض الإيما الإعتقادية ٢/ ١٨٣.

لەگەڵیان جەنگا و ئەوانیش جەنگیان لەسەر ئەمە کرد ئەوا ئەوانە بێ باوەڕو کافرن نەوەك كەسانی یاخی[١].

بوخاری[٢] لە بەشی داوای تۆبەکردن لە هەڵگەڕاوانی باسی ئەمەی کردووەو وتویەتی: ((بەشی: کوشتنی ئەوەی قبوڵ ناکات فەرزەکان جێبەجێ بکات، ئەوانەش کە هەڵگەڕاوەن)). دواتر باسی چیرۆکی جەنگ کردنی ئەبو بەکری سدیقی کردووە لەگەڵ هەڵگەڕاوان و زەکات نەدەران[٣].

گومان لەوەدا نییە هزری لیبڕالی بناغە دادەمەزرێنێ بۆ ڕەتکردنەوەو ملنەدان بۆ شەریعەتی ئیسلامی لە بواری سیاسی و ئابووریدا، هەر بۆیە دەوڵەتە لیبڕالییەکان دروست بوون دوور لە ڕێسا سیاسی و ئابوورییەکانی ئیسلام.

لەوانەیە ملنەدانی دەوڵەتە لیبڕالییەکان بۆ جێبەجێکردنی سزاو سنوورە شەرعییەکان، هەروەها ڕەتکردنەوەی حەرام بوونی سوو لە بەنکەکان و دامەزراوە داراییەکان، ئا بەم شێوەیە.

---

(١) بڕوانە: مجموع الفتاوى ٢٨/ ٥٤٨ _ ٥٥١.

(٢) بڕوانە: مجموع الفتاوى ٢٨/ ٥٤٨ _ ٥٥١.

(٣) ناوی محەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی بوخاری باوکی عەبدوڵایە، زانای بلیمەتی ئیسلامە، لەبەرکارێکی وردکارە، خاوەنی ڕاسترین کتێبە لە دوای کتێبی خوای مەزن، لە بوخارا لە ساڵی ١٩٤ك _ ٨١٠ز لە دایك بووە، بە هەتیوی پێگەیشتووەو لە شاراندا گەڕاوە بۆ داواکردنی زانست، لە دانراوەکانی: (الجامع الصحيح) کە بە سەحیحی بوخاری ناسراوە، یەکەم کەسە کە کتێبی بەو شێوەیە دانا، (التاريخ) و (الادب المفرد) و (خلق أفعال العباد)، لە خەرتەنك لە گوندەکانی سەمەرقەند کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ٢٥٦ك _ ٨٧٠ز. الأغلام ٦/ ٣٤.

## ت_ حوكم كردن بە جگەلەو بەرنامەیەی خوا داییەزاندووە:

مەبەست لەمە: دانانی یاسای دەستكردی دژی بەرنامەی خوایە یان بە حەڵاڵ دانانی حوكم كردنە بە جگەلە پەیامی خوا[1] _ پێشتر قسە لەسەر بە حەڵاڵدانان كرا _، مەبەست لەم برگەیە ئەوە نییە: دادوەرێك كە پابەندە بە كاركردن بە شەریعەت، دواتر بە هەواو ئارەزووی خۆی حوكم دەكات بێ گۆڕین یان شێواندنی حوكمەكان.

یاسادانان مافێكی تایبەتی خوایە، ئەمە فەرمانێكی شەرعییە لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا: ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ ﴿٥٤﴾﴾ الأعراف. واتە: (هەرچی دروستكردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە). هەر كەسێك خۆی وەك یاسادانەر دابنێت بێجگە لە خوای مەزن، ئەوا چووەتە نێو ململانێیەوە لەگەڵ خوا لە پەروەردگارێتیدا، هەروەك خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٣١﴾﴾ التوبة. واتە: (_ گاورو جو _ حاخام و قەشەكانی خۆیان كردۆتە پەروەردگار لە جیاتی خوا، هەروەها مەسیحی كوڕی مەریەمیش _ بە كوڕی خوا دەزانن _، لە كاتێكدا كە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاكە خوایەك، بێگومان

---

[1] لەبارەی بە حەڵاڵ دانانی حوكم كردن بە جگەلەو بەرنامەیەی خوا دایبەزاندووە: مجموع الفتاوی ٢٧ / ٥٨، الحكم بغیر ما أنزل الله أحواله وأحكامه ١٦٥.

**جگەلەو زاتە خوایەکی دیکە نییە، پاك و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەیە کە ئەو نەفامانە هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن). حەقیقەتی کردارەکەیان ئەوەیە کە ئەوان شتی حەڕامیان حەڵاڵ و حەڵاڵیشیان حەڕام کردووە، لەسەر ئەمەش خەڵك شوێنیان کەوتوون.**

**خوای مەزن کارکردن بە شەریعەتی خۆی پێویست کردووە، بە پەرستشی داناوە، جا فەرموویەتی: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ٤٠﴾ یوسف واتە: (بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگەلە خوا شایستەی کەسی تر نییە، فەرمانیشی داوە جگەلە خوی نەپەرستن). ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧﴾ الأنعام. واتە: (حوکم و فەرمانڕەوایی هەر بەدەست خوایە، ئەو زاتە ڕاستییەکان دەخاتەڕوو، چاکترین جیاکەرەوەشە). مەترسی پشت لە حوکم کردن بەشەریعەتی خوای ڕوون کردۆتەوە: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤﴾ المائدة. واتە: (بێ گومان ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە بێ باوەڕن). ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُدۡعَوۡنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ ٱللَّهِ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ وَهُم مُّعۡرِضُونَ ٢٣﴾ آل عمران. واتە: (ئایا نابینی ئەو کەسانەی بەشێك لە کتێبی ئاسمانیان پێدراوە کاتێك بانگ دەکرێن بۆ لای کتێبی خوا تا فەرمانڕەوایی بکات لە نێوانیاندا، پاشان دەستەیەکیان پشت هەڵدەکەن و لە کاتێکدا ئەوان سەرپێچیکەرن). ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ**

وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ﴿٥١﴾ النساء.

واتە: (ئایا نەتڕوانیوە ئەوانەی بەشێك لە كتێبی ئاسمانیان پێدراوە، باوەڕیان بە جادووگەر و فاڵچی و بت و پەیكەرو شەیتان هتد.. هەیە، هەموو دەربارەی ئەوانەی بێ باوەڕن دەڵێن ڕێبازی ڕاستریان گرتووە لە باوەڕداران). كوفری مەزن لە حوكم كردن بە جگەلە بەرنامەی خوا سێ جۆرە[1]:

یەكەم: بە حەڵاڵ دانانی حوكم كردن بە جگەلە بەرنامەی خوا، ئەمە شتێكە یەكدەنگی لەسەرە، ئەمانەش دەگرێتەوە: نكۆڵی كردن لە شایستەتربوونی حوكمی خواو پێغەمبەرەكەی، یان باوەڕ بوون بەوەی حوكمی جگە لە پێغەمبەر باشترە لە حوكمی پێغەمبەر، یان باوەڕ بوون بەوەی حوكمەكانیان یەكسانن، یان باوەڕی وایە دروستە حوكم بكرێ بەو حوكمەی جیاوازە لەگەڵ هی پێغەمبەر، یاخود باوەڕ بوون بەوەی حوكمی خواو پێغەمبەر شیاوی ئەوە نین جێبەجێ بكرێن لە سەردەمی هاوچەرخ و نوێسازیدا، یان حوكمی ناوبراو هۆكاری دواكەوتنە یاخود ئیسلام ڕێبازێكی لەخۆ نەگرتووە بۆ حوكمڕانی، چونكە ئایین پەیوەندییەكی ڕۆحییە لە نێوان بەندە و خوای گەورە، هاوشێوەی ئەمانە لەو بیروباوەڕانەی پەیوەستن بە حەڵاڵ كردنەوە[2].

دووەم: دانانی یاسای پێچەوانەی شەرعی خوای پایەبەرز، ئەمەش بە گۆڕین و شێواندنی حوكمەكان دەبێت، ئەمە لە سیستەمە دیموكراسییەكاندا ڕوودەدات، بەوەی پێیان وایە گەل یاسادانەرە.

---

(١) بڕوانە: الحكم بغير ما أنزل الله أحواله وأحكامه ١٥٩ _ ٢١٠.

(٢) بڕوانە: تحكيم القوانين ٥ _ ٦، مجموع فتاوى ابن باز ١/ ١٣٧، ٤/ ٤١٦.

**شێخ محەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی خانەوادەی شێخ[1] لەبارەی ئەم جۆرە دەڵێت: ((ئەمە گەورەترین و گشتگیرین جۆریانە، لە هەمووان زیاتر سەرپێچی شەرعی تێدایە، ڕەتکردنەوەی بەرنامەی خوا لە خۆی دەگرێت، ململانێ خواو پێغەمبەری خوا دەکات، خۆهێنانە ڕیزی دادگای شەرعییە لە: ئامادەکاری و هاریکاری و دەرکردن و ڕەسەنایەتی و لق و پۆپ دەرکردن و شێوەو جۆر و حوکم و پابەندی و سەرچاوەو پاڵپشتەوە، هەروەك دادگا شەرعیەکان سەرچاوەیان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر، ئەوا ئەم دادگایانەش سەرچاوەیان هەیە کە لە چەندین یاسای دەستکردەوە دروستکراوە، وەك: یاسای فەڕەنسی و ئەمریکی و بەریتانی و جگەلەو یاسانەش، هەروەها لە ڕێبازی بیدعەچییەکان کە دراونەتە پاڵ شەریعەت.**

**ئەم دادگایانە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی موسڵماندا ئامادە و تەواوکراون، دەرگاکانیان واڵان، خەڵکیش لە دوای یەکەوە ڕیزیان بەستووە، دادوەرانی ئەم دادگایانە حوکم لە نێوان ئەم خەڵکەدا دەکەن بە یاسایەك کە پێچەوانەی حوکمی**

---

**[1]) ناوی محەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی عەبدوڵەتیفە، لە خانەوادەی شێخ محەممەدی کوڕی عەبدلوەهابە، موفتی وڵاتی یەکەمی سعودییە بوو، لە ڕیاز لە ساڵی ١٣١١ك _ ١٨٩٣ز لە دایکبووە، لەوێ فێری زانست بووە، لە تەمەنی یازدە ساڵیدا چاوی لەدەستدا، بە موفتی شانشین دیاریکرا، دواتر کرایە سەرۆکی دادوەران، ئینجا کرایە سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی لە شاری مەدینەی پیرۆز، هەروەها دەیاریکرا وەك سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەری یەکێتی جیهانی ئیسلامی و سەرۆکی فێرکردنی ئافرەتان لە شانشین، لە دانراوەکانی: ((تحكيم القوانين)) و ((الجواب المستقيم))، لە شاری ڕیاز لە ساڵی ١٣٨٩ _ ١٩٦٩ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٥/ ٣٠٦.**

**قورئان و سوننەتە، خەڵك بەم یاسا و بڕیارانەوە پابەند دەکەن، چ کوفرێك لە سەرووی ئەم کوفرەوەیە؟! چ شتێك وەك ئەمە هەڵوەشێنەرەوەی شایەتمانە؟!))[1].**

**ئەوەش دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە ماڤی یاسادانان یان بەرنامەیەك بە خۆی دەدات کە جگەلە بەرنامەی شەریعەتی ئیسلام کاری پێبکرێ.**

**سێیەم: گوێڕایەڵی کردنی بگۆڕانی حوکمی خواو پێغەمبەر، لەگەڵ زانینی ئەوەی ئەوان پێچەوانەی شەریعەت و حوکمی خوا جوڵاونەتەوە[2]. هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی:** ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ التوبة. **واتە: (_ گاورو جو _ حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگار لە جیاتی خوا، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش _ بە کوڕی خوا دەزانن _، لە کاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاکە خوایەك، بێگومان جگەلەو زاتە خوایەکی دیکە نییە، پاك و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەیە کە ئەو نەفامانە هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن).**

**لیبڕالییەت گوزارشتە لە کۆبوونەوەی تێکڕای ئەم جۆرە کوفرانەیە؛ چونکە حوکم کردن بە جگەلە بەرنامەی خوا بە حەڵاڵ دەزانێ، پێی وایە ماڤی تاکە یاسا و بەرنامە بۆ خۆی دابنێت بەوپێیەی کە باوەڕی وایە باشترە بۆ ئەو، هەر لەبەر ئەمە ئەو سیستەمە سیاسیەی لەسەر ئەم هزرە دامەزراوە سیستەمی**

---

**(١)** تحكيم القوانين ٦ _ ٧، دکتۆر عەبدڕەحمان مەحمود دەقی وتەی پازدە زانای گواستۆتەوە کە ئەم جۆرە لە حوکم کردن بە جگەلە بەنارمەی خوا بە بێ باوەڕی دادەنێن. بڕوانە: ٧٥ _ ٢٠٤.

**(٢)** سەبارەت بە تێروتەسەلی ئەمە بڕوانە: الحكم بغير ما أنزل الله أحواله وأحكامه ٢٠٥ _ ٢٠٩.

**دیموکراسییە، دیموکراسیش سیستەمێکە پشت دەبەستێت بەوەی گەل تاکە سەرچاوەی یاسادانانە، ئایین پەیوەندی نییە بە حوکمڕانی بەڵکو تەنها پەیوەندییەکی ڕۆحییە لە نێوان بەندە و پەروەردگار.**

**هەر کەسێك ئەندێشەی لیبڕالییەت بکات و شارەزا ببێت لە حەقیقەتەکە دان بەوەدا دەنێت کە لیبڕالییەت داننانێت بە حوکمی خواو شەریعەتەکەی، پێشی وایە ئازادی مرۆڤایەتی بەسە بۆ دەرکردنی یاساکان بێ گەڕانەوە بۆ لایەنی خوایی دەرەوەی سنووری عەقڵ مرۆڤ.**

**گومان لەوەدا نییە کە پێوەرەکانی زانایانی ئیسلام لە بارەی حوکمەکانی کوفر لەسەر لیبڕالییەت دێنەجێ بە تەنها ناسینی حەقیقەتی ئەم هزرە، یەکێك لەم شتانە ئەوەیە کە لیبڕالییەت پێی وایە حوکم کردن بە جگەلە بەرنامەی خوای گەورە حەڵاڵە.**

**ئەگەر یەکێك وتی: لیبڕالییەت شەریعەت و بەرنامەی خوا جێبەجێ دەکات لەبارەی سزاو سنوورو دارایی و خێزان و جگەلەمانەش، ئەوا هەر توێژەرێك بەخۆی پێدەکەنێ کە شارەزابێ لە چەمك و مێژوو و سەرچاوەی وشەی لیبڕالییەت.**

**پێشتر خستنەڕوویەکی تێروتەسەلمان کرد لەبارەی لیبڕالییەت و ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە لیبڕالییەت بیروباوەڕێکە لەبارەی ئازادی تاکەکەسی و پشت دەبەستێت بەو عەقلگەراییەی نکۆڵی لە سروش دەکات، پاڵی داوەتەوە بە ماددگەرایی دژی بەها و ڕەوشت.**

## ج_ هاوبەشدانانی مەبەست و ویست[١]:

کاتێك خوای گەورە مرۆڤی دروستکرد ئەوا بە خواست و ویستەوە دروستی کرد کە لە هەموو ساتێکدا خاوەنی ئەم ویستە بووە. مرۆڤ بە هەر کارێك هەڵدەستێت لە کارە سەرپشکەکان ئەوا دەبێ پشتر خواستی هەبوووبێت. ئەمە سروشتێکی دەروونیە خوای مەزن مرۆڤی لەسەر سروشتاندووە.

لەوانەیە ئەم خواستە بۆ خوا بەگەڕ بخرێت، ئەو کاتە دەبێتە یەکتاناسییەکی پوخت و تەواو، دەشکرێ بۆ جگەلە خوا بێ، ئەوسا دەبێتە هاوبەشدانانێکی تەواو. سازێنراویشە بۆ ئەوەی لەسەر یەکتاناسی یان هاوبەشدانان بڕوات. بەڵام ئەستەمە دەروون خاوەن ویست بێت لەهەمان کاتدا نە لەسەر یەکتاناسی و نە لەسەر هاوبەشدانان بێت.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: ((هەر یەکێك لوتبەرزی بنوێنێ لە ئاست خواپەرستی، ئەوا دەبێ جگە لە خوا بپەرستێ و ملکەچی بۆ بنوێنێ. مرۆڤ هەستیارە و بە ویست دەجوڵێتەوە. لە گێڕانەوەی ڕاست و دروستدا چەسپاوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((أصدق الأسماء حارث و همام)).

حارث: کاسبکارە، همام: خاوەن خولیا، سەرەتای ویستە، مرۆڤ هەردەم خاوەنی ویستە، هەموو ویستێکیش بە مەبەستێك کۆتایی دێت، هەر بەندەیەك دەبێ مەبەستێکی خوازراوی هەبێت، کە زۆری خۆشبوویت. هەر کەسێك خوا نەبێتە

[١] بڕوانە: العبودية لابن تيمية، كاملا.

مەبەست و ئەوپەڕی خۆشەویستی، بەپێچەوانە لوتبەرزی نواندن لە ئاست ئەمە ئەوا دەبێ جگەلە خوا ببێتە مەبەست و خۆشەویستی، جا ئەم شتە یان سەروەت و ماڵ[1] یاخود پلەوپایە[2] یان پەیکەرو وێنە دەبێ[3]، یاخود هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدات وەك: خۆر، مانگ، هەسارە، بتەکان، گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان، فریشتە، پێغەمبەر، پیاوچاك، جگەلەمانەش لەو شتانەی جگەلە خوا پەرستراون.

جا ئەگەر بەندایەتی بۆ جگەلە خوای گەورە کرد ئەوا هاوبەشدانەرە، هەموو کەسێکی لوتبەرز هاوبەشدانەرە، هەر بۆیە فیرعەون لە هەموو خەڵك زیاتر لوتبەرزی نواند لە ئاست خواپەرستی و لە هاوەڵ دانەران بوو...

ڕامان و وردبوونەوە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ هەر چەندە لوتبەرزی زیاتر بنوێنێ لە ئاست خواپەرستی ئەوا هاوبەشدانانەکەی مەزنترە، چونکە زیاتر هەژاری و پێویستی خۆی دەنوێنێ بۆ خۆشەویست و مەبەستە یەکەمەکەی دڵی، بەمەش هاوبەشدانەرە، دڵ بێ نیاز نابێت لە هەموو بەدیهێنراوان بە جگەلەوەی تەنها خوا بە خۆشەویستی خۆی دادەنێت کە جگەلەو کەسی دیکە ناپەرستێت))[4].

بەم پێیە: هەر کەسێك خوا بکاتە مەبەست و ئامانجی ویستی خۆی ئەوا یەکتاناسی بەدەستهێناوە؛ چونکە ئەو ویستەی سەریهەڵداوە لە خۆشویستنی خواو

---

(١) لەبارەی پەرستنی سامان و ماڵ بڕوانە: العبودیة ٢٧، و شرح حدیث: ((ما ذئبان جائعان)) لابن رجب الحنبلي، کاملا.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

(٣) دەربارەی پەرستنی وێنەکان بڕوانە: العبودیة ٣١، والجاب الکافي لان القیم، کاملا.

(٤) العبودیة ٣٨ _ ٣٩.

پێویست پێ بوونی بریتییە لە بنەڕەتی خواپەرستی، ئەگەر ویست و مەبەستی مرۆڤ بۆ خوا نەبێ ئەوا دەبێ بۆ جگەلەو وابێت، بەتاڵ بوونی دڵ لەم دووانە ئەستەمە.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: ((ئەگەر بەندە دڵسۆز بوو بۆ خوا، ئەوا خوای مەزن هەڵیدەبژێرێت، دڵی زیندوو دەکاتەوە بەرەو لای خۆی کێشی دەکات، بەمەش لە خراپە دوور دەکەوێتەوە، دەترسی لە کەوتنە ناو بازنەی شتی ناپەسەندەوە، بە پێچەوانەی ئەو دڵەی بۆ خوا ساغ نەبووەتەوە، هەردەم بەدوای خۆشویستنی شتی ڕەها سەرگەردانە، هەر شتێکی بۆ هەڵکەوێت ئەوا خۆشی دەوێت، دەستی گرتووە بە پوش و پەڵاشی ئارەزووەکەیەوە، وەك ئەو گەڵایەی هەر بایەکی بەر بکەوێت بەگوێرەی ئەم بایە خوار ببێتەوە، بەمەش ئارەزووی خۆی دەکاتە خوای خۆی، شوێن هەوەسی خۆی دەکەوێت بێ ڕەچاوکردنی ڕێنمایی خوای مەزن، هەر کەسێك خوای خۆش نەوێت و بەندەیەکی ملکەچ نەبێت بۆی، دڵی نەبێتە تاکە تەختی خۆشەویستی پەروەردگار، ئەوا دەبێتە بەندەی جگەلە خوا، شەیتانەکان دەست بەسەر دڵیدا دەگرن، دەچێتە ڕیزی برایانی شەیتان، خراپەی وای لێدەپشکوێتەوە کە تەنها خوا زانایە پێی. ئەمە شتێکە دەبێ هەر بێتەجێ))[1].

زانراوە کە مرۆڤ خاوەن ویست و کارایە و دەبێ خواستی هەبێ و سەرپشك بێت، جا یان خواو ڕۆژی دوایی هەڵدەبژێرێت، یاخود دونیا و خۆشییەکانی هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە مەبەست و ئامانجی.

---

[1]) العبودية ٥٢ _ ٥٣.

**هەر لەبەر ئەمە تێبینی بەراوردکاری دەکەین لە نێوان باوەڕ بوون بە خواو ڕۆژی دوایی لەگەڵ پەیوەست بوون بە دونیاوە، لەمەشدا ئاماژەیەکی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی کەسێك خواو ڕۆژی دوایی نەوێت، ئەوا دونیا و خۆشییەکانی مەبەستە.**

**بەم پێیە: ئەوەی بە ڕەهایی شوێن پێی ئارەزووی خۆی هەڵبگرێت، پاڵی دابێتەوە بە دونیاوەو لە پێش هەموو شتێکی دانابێت، ئەوا بێگومان بووەتە بەندەی ئارەزوو و هەوەسی خۆی، هاوبەشی بۆ خوای مەزن بڕیارداوە لە پەرستراوێتیدا، سزاکەشی مانەوەی هەتا هەتاییە لە ئاگری دۆزەخدا، ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار ئاماژەیە بۆ ئەمە:** ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ١٥ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٦ ﴾ هود. **واتە: (هەر کەسێك تەنها ژیانی دونیا و ڕازاوەیی _ و خۆشگوزەرانیەکەی _ بوێت، ئەوا پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو کەسانە دەدەینەوە لە دونیا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێ کەم ناکرێتەوە. ئا ئەوانە ئەوانەن لە ڕۆژی دواییدا جگەلە ئاگری دۆزەخ هیچی دیکەیان بۆ نییە، ئەوەی کردیان لە دونیا پوچەڵ بووەو بێ نرخە، هەروەها ئەو کارو کردەوەیەی کە دەیانکرد بە تاڵ و پوچە).** ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ٢٠ ﴾ الشورى. **واتە: (جا ئەوەی بەرهەمی قیامەتی دەوێت و لە دونیادا کارو کردەوەی چاك دەچێنێت، ئێمە پاداشتی بە زیادەوە پێ دەبەخشین، ئەوەش کە**

**بەرهەمی دونیای دەوێت، بەشی ئەوش دەدەین، بەڵام لە قیامەتدا هیچ جۆرە بەشێکی نییە). ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾﴾ الإسراء. واتە: (ئەوەی تەنها مەبەستی دونیا بێت کە بە پەلە و خێرایی تێدەپەڕێت، ئەوە ئێمە بە زوویی و بەویستی خۆمان بە هەر کەسێکمان بوێت دەیبەخشین، پاشان _ لە دواڕۆژدا _ ئەو جۆرە کەسانە _ دونیاپەرستان _ دەخەینە ناو دۆزەخەوە، بە سەرزەنشت کراوی و ڕاونراویەوە _ کە بەردەوام فریشتەکان ئێش دەکەن بە دڵیدا _). ﴿فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾﴾ النازعات. واتە: (جا ئەوەی خوانەناس و یاخی و لە سنوور دەرچووبێت، ژیانی دونیای زیاتر لە قیامەت مەبەست بووبێت، ئەوا بێگومان دۆزەخ جێگای مانەوەیەتی، بەڵام ئەوەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەواو هەوەس و کرداری نادروست، ئەوا بەهەشت جێگای حەوانەوەیەتی). ئەم هاوبەشدانانە دەبێتە هۆی دەرچوون لە بازنەی موسڵمانێتی، ئەمەش کاتێك پاڵنەری کارەکە و ئامانج لێی دەبێتە دونیا ویستی.**

**ئەم هاوبەشدانانە لە لیبڕالییەتدا هەیە، چونکە بریتییە لە شوێنکەوتنی تەواوی هەواو هەوەس، پێشخستنی دونیا و ژیانە کورتەکەی بەسەر دواڕۆژدا، ئەمە بەدی دەکەین لەکاتی قسەکردن لەبارەی ئازادی تاکەکەسی یان کرداری پیادەکردنی سەرمایەداری چڵێس کە پاڵنەرەکەی لە کارکردنندا دونیاویستییە،**

**بۆیە ناکرێ بوترێت: هزری لیبڕالییەت سەردەکێشێت بۆ خوا ویستی و ملکەچ بوون بۆ بەرنامەکەی.**

**دەبێت جیاوازیش بکرێ لە نێوان شوێنکەوتنی تەواوی هەواو هەوەس کە لە لیبڕالییەت بەشێوەیەکی هۆشیارو بەرنامەدار هەیە لەگەڵ ئەو تاوانکارەی شوێنی هەواو ئارەزووی خۆی دەکەوێت، کابرا کە شوێنی تاوانێك دەکەوێت ئەوا شوێنکەوتنێکی لاوەکییە، دان دەنێت بە تاوانەکەیدا، بەڵام لە لیبڕالییەتدا بریتییە لە شوێنکەوتنی تەواو لەگەڵ باوەڕ بوون بە شایستەبوونی تاك لە شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووەکەی بێ ڕەخنەلێگیران یان ڕێگە لێگرتن، چونکە ئەم دەچێتە ناو ئازادییە کەسییەکەی کە نابێت دەستی تێوەربدرێ و قەدەغە بکرێ، ئەگەر خوای گەورەش قەدەغەی کردبێت.**

## دووەم: تێکدەرە ڕەوشتییەکان لە لیبڕالییەتدا:

**لیبڕالییەت لەسەر بنچینەیەکی ماددی بنیاتنراوە کە پەیوەندی بە بەها و ڕەوشتەوە نییە، لەوەی خرایەڕوو بۆمان ڕوون بووەوە شوێنەواری ئازادی تاك لەسەر کۆمەڵگەی خۆرئاوایی چەندە، خۆویستی و شوێنکەوتنی هەواو هەوەس و ئەو شتانەی لەسەری کەڵەکە دەبن شتی باشن لای ئەوان، چونکە مەبەستەکانی مرۆڤ و خواستی تاکایەتیەکەی دێنێتەجێ، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە هەڵسوکەوت بکات بە شێوەیەکی نا ڕەوشتی لە سیاسەت و ئابووریەکەیدا، وایلێهات قسەکردن لە بارەی ڕەوشت لە بازاری دارایی و ئابووریدا بووە مایەی گاڵتەجاری و زۆر دەگمەن بوو لەلای لیبڕالییەکان؛ چونکە هیچ بوارێك بۆ قسەکردن لەسەر بەها ڕەوشتییەکان نییە لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەوشت بریتییە لە کار،**

**جا باش یان زۆر خراپ بێ، مرۆڤی بەڕەوشت بریتییە لە مرۆڤی بەرهەمهێن (مرۆڤی ئابووری)، ئەمە وایکرد ڕەوشت لە ڕاستیدا هیچ نرخێکی نەبێت.**

**دەکرێ باسی خاڵە خراپە ڕەوشتییەکان بکەین لە لیبڕالییەتدا، بەم شێوەی خوارەوە:**

## أ_ خۆویستی:

**خۆویستی و خۆپێشخستن، تایبەتبوونە، کە دەوترێ فلان لە هەمبەر شتەکەی خۆی پێشخست، واتە: تەنها خۆی بەسەردا سەپاند، وتراوە: فلان شتەی بەس بۆ خۆی دانا جگەلەوانی دیکە، واتە تەنها بۆ خۆی تایبەت کرد، کە دەوترێ: پیاوێکە خۆویستە، واتە: لە دابەشکردندا خۆی پێش هاوەڵانی دەخات، "استئثار": بەتەنها دەستگرتنە بەسەر شتدا[1]، وتەکەی عومەریش** (ڕەزا ی خوای لێبێت) **لەوەوە هاتووە: ((سوێند بەخوا بە تەنها ئەمە لە دەستی خۆماندا نابێت و فەرامۆشتان بکەم، بێی ئێوە وەری ناگرم))[2].**

**خۆویستی خۆپەسەندی و خۆشویستنی خودە، خووێکی بێزراوە، چونکە چرنووکی و دەستنووقان لەخۆدەگرێت، ڕق و کینە لە نێوان هەمووان دەروێنێت، خۆویستی کۆنابێتەوە لەگەڵ بەخشندەیی و چاکەخوازی و دەستکراوەییدا، بەڵکو پێچەوانەیەتی.**

---

**(١) بڕوانە:** الصحاح مادة (أ ث ر)؛ ولسان العرب مادة (أ ث ر).

**(٢) موسلیم گێڕاویەتیەوە:** كتاب الجهاد والسير، باب حكم الفيء، رقم ١٧٥٧ ٧٢٨، ط. بيت الأفكار الدولية.

خۆویستی پشت دەبەستێت بە تاکایەتی بێزراو، ڕەوشتێکە هاوپێچی یاخی بوونە، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ النازعات. واتە: (جا ئەوەی خوانەناس و یاخی و لە سنوور دەرچووبێت، ژیانی دونیای زیاتر لە قیامەت مەبەست بووبێت، ئەوا بێگومان دۆزەخ جێگای مانەوەیەتی)، ئەم چوارچێوەیە بەڵگەیە لەسەر بەیەکەوە پەیوەست بوونی تێکدەرو خاڵە ڕەوشتییە خراپەکانی ناو لیبڕالییەت، پێشخستنی دونیا هۆکاری شوێنکەوتنی هەوەسە، سەریش دەکێشێت بۆ یاخی بوون، کەواتە هەر خاڵی خراپ (خۆویستی، شوێن هەواو هەوەس کەوتن، ستەم) لە لیبڕالییەتدا کۆبوونەتەوە.

خۆویستی بریتییە لە جۆرێکی چروکی و دەستنوقاوی شوێن ئارەزوو کەوتن، هەر بۆیە خوای گەورە بەراوردکاری کردووە لە نێوان لە خۆربوردەیی و خۆویستی و فەرموویەتی: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحشر: ٩. واتە: (فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریش بن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن).

ئەم ڕەوشتە خراپە پەیوەستە بە بنچینە فەلسەفییەکەی لیبڕالییەتەوە (ئازادی تاکەکەسی)، لیبڕالییەکان خۆویستیان کردۆتە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ، هەر بۆیە پێویستی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە ئەم خەسڵەتە (خۆویستی) بەبێ بوونی گرێبەستێك ئەوا کۆمەڵگە لەناودەبات.

دادگەریش لای لیبڕالییەکان بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی بەهێزتر، چونکە مانەوەی بۆ شیاوترو بەهێزترە، جا ئەو بەهێزترە پیاوی کار یان بازرگان یاخود سیاسەتمەدارێکی زیرەك یان جگەلەمانە بێت، ئەوا بە خۆویستی و کۆشش کردن گەیشتووەتە بەرژەوەندی تاکە کەسی، سوودگەرایی بێ ڕەوشتی، بەمەش دادگەری بەرپا دەبێت.

لە هزری لیبڕالیدا تێبینی شوێنەواری داروینی دەکرێ بە ماددەگەرایی و توونددییەکەی و تێڕوانینە ئاژەڵییەکەی بۆ مرۆڤ و بەوەی گوایە بوونەوەرێکی نا ڕەوشتییە، چەمکی ڕەوشت لە هزری لیبڕالیدا وایلێهات واتای کاری بەدەستەوە دەدا جا هەر جۆرو چەشنە کارێك بێت، بەمەش ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە هزری لیبڕالی ڕەوشتی داماڵیوە بە واتا مرۆییەکەی کە لە ژیاندا ناسراوە، کارکردنی بە بەها و ڕەوشت داناوە، هەر چەندە ئەم کارە پێچەوانەی ڕەوشتە ڕاستەقینەکان بێ بە ستەم و چڕنووکی و نا مرۆڤانەبوون لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەژاران و خاوەن پێداویستییەکان، ئەمەش وێنەیەکی وردمان پێدەدات سەبارەت بە شوێن و پێگەی ڕەوشت لە ناو هزری لیبڕالیدا، ئەویش نەبوونی ڕەوشتە.

تێڕوانینی ماددەگەرایی بۆ لیبڕالییەت لەو گۆشەنیگایەوە سەریهەڵداوە کە مرۆڤی بە نەزان داناوە سەبارەت بە دەرەنجامە ئایندەییەکان، تا مرۆڤ بە کاری هاکەزایی هەستێت، چونکە ناتوانێت پێشبینی کردەوەکانی خۆی بکات، ئەمەش ئەوە ڕەت دەکاتەوە پێوەری ڕەوشتی چەسپاو بوونیان هەبێت، ئەمە دەرەنجامێکە گەڵاڵە بووە لەوەی لیبڕالییەت ئازادی هاکەزایی و نەبوونی ڕەوشتی چەسپاوی بەیەکەوە گرێداوە.

**لەلایەی دیکەوە لیبڕالییەکان خۆویستیان بە هێزێکی پاڵنەریان داناوە بۆ مرۆڤایەتی، ئەم هێزە پاڵنەرە دەچێتە ناو چوارچێوەی هێزی خۆکاری کە پێشتر ناسراو نەبووە، جا مرۆڤ بە خۆویستییەکی بێزراو لە ناو بازنەی ئازادیەکی نا ڕێکخراودا هەوڵ بۆ بەرژەوەندییە خودییەکانی دەدات، دواتر یاسای سروشتی ماددەگەرایی بەرپرسە لە ڕێکخستنی ئەم خۆویستییە دژیەکانە، مرۆڤ بەرپرس نییە.**

## ب_ شوێنکەوتنی هەواو هەوەس:

**وشەی (الهوى) چاوگی ئەم وتەیەیە کە دەوترێت: هوى یهوى، کە ئاماژ بە کەوتن دەکات، کەفەوی دەڵێت: ((هەوا حەزکردنی دەروونە بە ئارەزووەکان بێ ئەوەی شەرع ویستبێتی))[1].**

**ڕاغبی ئەسفەهانی[2] دەڵێت: ((حەزکردنی دەروونە بە ئارەزوو، وتراوە: بۆیە بەمە ناونراوە، چونکە لە دونیادا مرۆڤ بەرەو هەموو فریودەرێك دەخزینێت و لە دواڕۆژیشیدا بۆ ناو دۆزەخ شۆڕی دەکاتەوە))[3].**

**شوێنکەوتنی هەوەس دەبێتە هۆی کەوتن و هەڵبەزین و دابەزینی خاوەنەکەی، هەروەك شەعبی ڕەحمەتی خوای لێبێت وتەیەتی: ((بۆیە هەواو**

---

**(١)** الكليات ٩٦٢.

**(٢)** ناوی حوسەینی کوڕی محەممەدی کوڕی فەزڵی باوکی قاسی ئەسفەهانیە (باوکی ئەسفەناهی)، بە ڕاغیب ناسراوە، زانا و ئەدەبناسی خەڵکی ئەسفەهان بووە، لە دانراوەکانی: (محاضرات الأدباء) و (المفردات في غريب القرآن) و (تفصيل النشأتين) لە زانستی دانایی و دەروونزانیدا، لە ساڵی ٥٠٢ك _ ١١٠٨ز کۆچی دوایی کر. الأعلام ٢/ ٢٥٥.

**(٣)** مفردات ألفاظ القرآن ٨٤٩.

هەوەس بەو ناوە ناونراوە، چونکە دەبێتە مایەی کەوتنی خاوەنەکەی))[1]. خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە هەر یەکێك شوێن هەر شتێك بکەوێت کە دەیەوێت ئەوا کردوویەتیە خوای خۆی، جا فەرموویەتی: ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴾ الفرقان: ٤٣. واتە: (ئایا نابینیت ئەو کەسەی کە ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی _ شوێنی نەفس و دەروونی بەدکرداری کەوتووە _ ئایا تۆ دەتوانیت ئەوانە بپارێزیت لەلادان و سەرکەشی؟!).﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الجاثیة. واتە: (ئایا مەگەر نەتبینیوە ئەوەی هەواو هەوەس و ئارەزووی خۆی دەکاتە خوای خۆی و شوێنی دەکەوێت؟! هەر چەندە زانست و زانیاریشی هەبێت، هەر خوا گومڕای کردووە لە ئەنجامی بەدهەڵوێستی خۆیدا و مۆری ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەروونیدا، پەردەی هێناوە بەسەر دەزگای بینین و چاویدا، جا ئیتر کێ هەیە جگە لە خوا هیدایەت و ڕێنموویی بکات، ئایا بیر بۆ ناکەنەوەو هۆش وەرناگرن). قەتادە ڕەحمەتی خوای لێبێت وتویەتی: ((مرۆڤ هەر کات حەزی لە شتێك بوو سواری ئارەزووەکەی دەبێت و بەهۆیەوە بۆی دەچێت))[2].

---

(١) دارمی گێڕاویەتیەوە لە: السنن، المقدمة، باب اجتناب أهل الأهواء والبدع والخصومة، رقم ٤٠١، ١/١١٥، واللالكائي في شرح أصول الإعتقاد أهل السنة، رقم ٢٢٩، ١/ ٢/ ٤٧، وأبو نعيم في الحلية ٤/ ٣٢٠.

(٢) أضواء البيان ٦/٣٣٠.

ئیبن کەسیر لە ڕاڤەی ئایەتی فورقاندا دەفەرموویێت: ((واتە هەر چەندە شتێکی بە باش زانی و لە ناخی خۆیدا پەسەندی کرد ئەوا ئەو شتە ڕێبازو ئاینی ئەوە، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًاۖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۖ فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَيۡهِمۡ حَسَرَٰتٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ﴿٨﴾ ﴾ فاطر))[1].

شەنقیتی[2] دەڵێت: ((ئەو واجبەی پابەندبوونی پێوە پێویستە ئەوەیە دەبێ کرداری هەموو بەندە ئەرکدارەکان ڕێك بێت لەگەڵ فەرمانی پەروەردگاری پایەبەرز، بەڵام ئەگەر هەموو کردارەکانی ڕێك بەپێی هەواو هەوەسەکانی بوون، ئەوا هەموو ئەو شتەی شیاوە بۆ بەدیهێنەرەکەی بکات ئەوا بۆ هەوەسەکەی ئەنجامی دەدات))[3].

هەر لەبەر ئەمە خوای گەورە وەسفی بێ باوەڕو هاوبەشدانەرانی کردووە بە شوێنکەوتنی هەواو هەوەسەکەیان، هەروەك لەم فەرمایشتەی پەروەردگاردا هاتووە: ﴿ فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ

(١) تفسير القرآن العظيم.

(٢) ناوی محەممەد ئەمینی کوڕی محەممەد موختاری جەکنی شەنقیتییە، زانایەکی پسپۆڕ بووە لە زانستی بنەماکانی فیقهـ و زمانزان و ڕاڤەکاری قورئان بووە، بیروباوەڕی سەلەفی بووە، لە شەنقیت لە مۆریتانیا لە ساڵی ١٣٢٥ك _ ١٩٠٧ز لە دایك بووەو هەر لەوێش فێری زانست بووە، لە دانراوەکانی: ((أضواء البيان في تفسير القرآن))، و ((دفع إيهام الإضطراب عن آي الكتاب)) و ((المذكرة)) لە زانستی بنەمەکانی فیقهدا، ((آداب البحث والمناظرة))، لە شاری مەککەی پیرۆز لە ساڵی ١٣٩٣ك _ ١٩٧٣ز کۆچی دوایی کردووە. الأعلام ٦/ ٤٥.

(٣) أضواء البيان ٦/ ٣٣٠.

بِغَيۡرِ هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾ القصص. واتە: (خۆ ئەگەر بەدەم بانگەوازی تۆوە نەهاتن، ئەوە چاك بزانە كە ئەوانە هەر شوێنی ئارەزووی خۆیان دەكەون، كێش هەیە لەوە گومڕاتر كە شوێنی ئارەزووی خۆی كەوتبێت دوور لە ڕێنوێنی خوا، بێگومان خوا ڕێنموویی گرۆهی ستەمكاران نادات). ﴿ بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَهۡوَآءَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٖۖ فَمَن يَهۡدِي مَنۡ أَضَلَّ ٱللَّهُۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ الروم. واتە: (نەخێر ئەوانە ژیر نابن، بەڵكو ئەوانە ستەمیان كردووەو شوێنی ئارەزووی خۆیان دەكەون دوور لە هەموو بنەمایەكی زانست و زانیاری، جا ئیتر كێ دەتوانێت ڕێنموویی ئەو كەسانە بكات كە خوا گومڕای كردوون، كەسیش پشتیووانیان نییە كە لە سزای دۆزەخ بیانپارێزێت). ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴿١٦﴾ ﴾ محمد. واتە: (ئا ئەوانە خوا مۆری ناوە بەسەر دڵیاندا، شوێنی ئارەزوو و ویستی نەگونجاویان كەوتوون). ﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾ النجم. واتە: (ئەوانە تەنها شوێن گومان و ئارەزووی دەروونە نەخۆشەكانیان كەوتوون، لە كاتێكدا لەلایەن پەروەردگاریانەوە ڕێنموویيان پێگەیشتووە). هەروەك خوای گەورە لە میانەی سەرزەنشت كردن و هۆشداریدان لە بارەیەوە باسی شوێن كەوتنی هەواو هەوەسی كردووەو فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ﴿٢٨﴾ ﴾ الكهف. واتە: (بە گوێی ئەو جۆرە كەسە مەكە كە دڵمان بێ ئاگا كردووە لە یادی خۆمان، شوێنی ئارەزووی خۆی كەوتووەو هەرچی كاروباری هەیە بێ سەروبەرو لە سنوور دەرچووە). ﴿ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ

فَتَرۡدَىٰ ﴿١٦﴾ طه. واتە: (نەیەڵێت ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە دواڕۆژ نییە، شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوون، وێڵت بکەن، چونکە تیادەچیت)، جگەلەم ئایەتانەش.

تێبینی ئەوە دەکرێ کە لە وەسفکردنی ئارەزوو و هەوای بێ باوەڕان بە کۆ هاتووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕاغیب وتویەتی: ((وەك سەرنجڕاکێشان بۆ ئەوەی کە هەر یەکێك هەواو هەوەسێکی جیاوازی هەیە لەوەی دیکە، دواتر ئارەزووی هەر یەکێکی دیکە بێ کۆتایە))[1].

هەرگیز خوای پایەبەرز ستایشی شوێنکەوتنی هەواو هەوەسی نەکردووە، هەروەك ئیبن عەبباس (ڕەزای خوای لێبێت) وتویەتی: ((خوای گەورە لە هەر کوێیەکی کتێبەکەیدا باسی هەواو ئارەزووی کردبێت ئەوا سەرزەنشتی کردووە))[2]، ئەمەش لەبەر ئەوەی: ((هەموو تاوانەکان سەرهەڵدەدەن لە پێشخستنی ئارەزووی دەروون بەسەر خۆشویستنی خواو پێغەمبەر))[3].

یەکێك لە نزاکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمە بووە: ((خوایەگیان؛ پەنات پێدەگرم لە ڕەوشتە ناپەسەندەکان و کارە خراپەکان و ئارەزوو))[4]، هۆشداری لەبارەی مەترسییەکەی داوە، ترسی هەبووە لە کاریگەریەکەی لەسەر ئوممەت،

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن ٨٤٩.

(٢) ذم الهوى _ لابن الجوزي _ ١٢.

(٣) جامع العلوم والحكم ١/ ٨٠.

(٤) ترمزی گێڕاویەتیەوە: كتاب الدعوات، باب دعاء أم سلمة، رقم ٣٥٩١، ٥/ ٥٣٦؛ والحاكم في المستدرك ١/ ٥٣٢، قال أبو عيسى هذا حديث حسن غريب، قال الحاكم: صحيح الإسناد على شرط مسلم، وقال العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي: صحيح، رقم ٢٨٤٠، ٣/ ١٨٤.

**هەروەك لە فەرموودەی باوكی بەرزەی ئەسلەمیدا[١] (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە كە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((لەو شتانەی ترسم هەیە زاڵبێت بەسەرتاندا هەواو هەوەسی لادانە لە سك و دامێنتان و ئارەزووە گومڕاكەرەكانە))[٢].**

**هەواو هەوەس بە هەموو بەشەكانیەوە سەرزەنشت كراوە، جا هەوەسی ئارەزوو بێ یان گومان[٣]، لەوانەیە ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەكەن ژیرمەندن و لێكدانەوەی تر بۆ دەقەكان دەكەن پێیان وابێ پشتیوانی عەقڵن، كەچی لە ڕاستیدا دژی عەقڵن، هەر بۆیە پێشینان ناویان دەنێن ((ئارەزوومەندان)).**

**ئیبن حەببان دەڵێت: ((عەقڵ و هەوەس دژی یەكن، پێویستە لەسەر مرۆڤ لە هەمبەر بۆچوونی خۆی بە پەلە و هەوەسی خۆیشی وەلا بنێت، ئەگەر دوو شتی لێ تێكەڵ بوو ئەوا خۆی لەوە دووردەگرێت كە لە هەوەسی نزیكترە، چونكە بە خۆدوورگرتن لە هەوەسی دەروونەكان چاك دەبن و بە عەقڵیش ناخەكان باش دەبن))[٤].**

---

**(١)** ناوی نەزڵەی كوڕی عبیدی كوڕی حارسی ئەسلەمی باوكی بەرزەیە، هاوەڵێكی پایەداربوو، نازناوەكەی بەسەر ناوەكەیدا زاڵ بوو و زیاتر بە نازناوەكەی ناوبانگی دەركرد، لەگەڵ عەلی ڕەزای خوای لێبێت جەنگی نەهرەوانی بینی، هەروەها جەنگی ئەزاریقەكانی بینی لەگەڵ ملهبی كوڕی ئەبو سەفرە، لە خوراسان لە ساڵی ٦٥ك _ ٦٨٥ز كۆچی دوایی كرد، ٤٦ فەرموودەی هەیە.

**(٢)** ئەحمەد گێڕاویەتیەوە، ٤٢٣، ٤٢٠/٤، و ابن أبي العاصم في كتاب السنة _ قوله ﷺ في مضلات الأهواء، رقم ١٤، ١/ ١٢؛ والطبران في الصغير، قال الشيخ الألباني: إسناده صحيح _ تحقيق كتاب السنة.

**(٣)** بڕوانە: مجموع الفتاوى ١/ ٨٠.

**(٤)** روضة العقلاء ونزهة الفضلاء ١٩.

ماوردی جەخت لەسەر ئەم مانایە دەکاتەوەو دەڵێت: ((هەواو هەوەس بێ خێرە، دژی عەقڵە، چونکە ڕەوشت خراپی بەرهەم دێنێت، کردارە خراپەکان دەڕوێنێت، پەردەی جوامێری ئەتك دەکات، دەرگای خراپە واڵا دەکات، لەبەر ئەمانە عەقڵی مرۆڤی کردۆتە چاودێرو تێکۆشەر، سەرنجی خلیسکانەکانی دەکات، ڕێگری لە سنووربەزاندنی دەکات، فێڵکارییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە دەسەڵاتی هەواو هەوەس بەهێزە و فێڵ و تەڵەکەشی نهێنیە))[1].

تێرکردنی ئارەزوو و هەوەسی دەروون هیچ ڕێزێکی بۆ تێدا نییە، چونکە ئەگەر بەردەوام حەزەکانی دەروون تێرکران ئەوا دەبێتە هۆی لارێ بوون و دووری دەخاتەوە لە ڕێنوێنی، جۆرەها چەشنی سەرشۆڕی و چاوشۆڕی بە خاوەنەکەی دەچێژێت، چونکە دەیبات بەرەو شتانێك کە ناگونجێت لەگەڵ عەقڵ و ئایین و بەها و ڕەوشت، بەمەش ململانێ دروست دەبێت لە نێوان دەروونی بەرەڵا کە کۆت و ئەوساری ناوێت لەگەڵ کۆت و بەندە بابەتییە دانراوەکان کە ڕێك و پێکی کۆمەڵایەتی و یاسای ڕەوشتی بۆی دەگەڕێتەوە، ئەم ململانێیەش بەهۆی گومانە هەڵەکان دروست بووە لەبارەی ڕێزگرتن لە دەروون و پێدانی حەزەکانی ئارەزووی، هەر بۆیە حەسەنی بەسری وتویەتی: ((باشترین تێکۆشان تێکۆشانە لەگەڵ ئارەزوو و هەواو هەوەسدا))[2]، هەروەها لەبارەی شێوازی بەخواکردنی ئارەزوو لە ئایەتی فورقان کە پێشتر ئاماژەی پێکرا وتویەتی: ((ئارەزووی هەر شتێك بکات شوێنی دەکەوێت))[3].

---

(1) أدب الدنيا والدين ٤٥.
(2) هەمان سەرچاوە ٤١.
(3) أضواء البيان ٦/ ٣٣٠.

**ئەمە مانای سەرکوت کردنی دەروون نییە لەو ئارەزووانەی حەزیان لێ دەکات لە چوارچێوەی شەرع و ڕەوشت و ژیریدا، چونکە خوای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢ ﴾ الأعراف. واتە: (_ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) _ بڵێ: ئەوە کێیە پۆشاك و ڕازاوەیی و جوانیە خوایەکانی لە بەندەکانی حەڕام کردووە، کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون؟ هەروەها کێیە ڕزق و ڕۆزی چاك و پاکەکانی حەڕام کردووە، بەو خەڵکە بڵێ: هەموو ئەو شتانە بۆ ئیمانداارانە لە ژیانی ئەم دونیایە، لە کاتێکدا پاڵفتەن لە دواڕۆژدا، ئا بەو شێوە ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێك کە هۆشیار بن)، بەڵام ئەمە شوێنکەوتنی ئارەزوو نییە، شوێنکەوتنی ئارەزوو بێ بەندوبارییە لە دەستەبەرکردنی حەز بێ ڕەچاوکردنی مەرجی شەرعی یان ڕێگری کۆمەڵایەتی، بەم مانایە سەرزەشتکراوە.**

**لیبڕالییەت تاك ڕادەکێشێت بەرەو شوێنکەوتنی هەواو هەوەس لە ژێر دروشمی ئازادی تاکەکەسی، جێبەجێکردنی تاکایەتی و خودگەرایی مرۆڤ، لیبڕالییەت پێی وایە شوێنکەوتنی مرۆڤ بەدوای هەوەسی خۆی یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، نابێ مەرجدارو کۆت و بەند بکرێ یان ئاڕاستە بکرێ، چونکە ئەمانە هەمووی دەستدرێژین بۆ سەر ئازادی مرۆڤ و کۆت و بەند کردنیەتی، لە تێڕوانینی لیبڕالییەتدا شوێنکەوتنی هەواو هەوەس ستایشکراوە، چونکە تاك ئازادییەکەی دەستەبەر دەکات.**

بانگەوازی لیبڕالییەت بۆ شوێنکەوتنی هەواو هەوەس شتێکی ڕۆشنە بۆ ئەو کەسەی ئەندێشەی واتای ئازادی تاکەکەسی کردبێ لای ئەوان، هەروەها ڕۆشنە بۆ ئەو کەسەش کە دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان ئازادی تاك و کۆمەڵگا و بوونی ترس لەوەی کۆمەڵگا ئازادییە تایبەتەکانی تاکەکان ببەستێتەوە، ((جۆن ستیوارت میڵ)) یەکێك بوو لە دیارترین ئەوانەی هۆشدارياندا لەوەی کۆمەڵگە و لایەنی زۆرینەی هەواو هەوەسی تاکەکان کۆت و بەند بکەن، ناوبراو ئەمەی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە بەناوی (ئازادی)، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە، ژێدەرێکی پشت پێبەستراوە لەلایەن لیبڕالییەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا[1].

### ٣_ ستەم:

ستەم هەڵسوکەوت کردنە لە ماف بەرامبەر بە ناڕەوایی، دانانی شتە لە شوێنی ناشایستەی خۆی، بەزاندنی سنووری ڕەوایە[2]، ڕاغیب دەڵێت: ((ستەم لادانە لە دادگەری، هەر بۆیە پێناسەکراوە بەوەی بریتییە لە دانانی شت لە جگەلە شوێنی تایبەتی خۆی، لەوانەیە ئەم لادانە بە زۆرداریش ناوببرێ، لەبەر ئەوەی دادگەری وەك چەقی بازنەیە، ئەوا بەزاندنی سنوورەکەی دەستدرێژییە و لادان لێی لە هەندێك لاوە ستەم و زۆرداریيە، ستەم لە هەموو وشەکانی دیکە بۆ ئەم پێناسەیە زیاتر بەکاردێت))[3].

---

(١) بڕوانە: مفهوم الحرية ٤٢.
(٢) بڕوانە: الكليات ٥٩٤.
(٣) الذريعة ٣٧٥.

**جاحز دەڵێت: ((ستەم دەرچوونە لە دادگەری و زۆردارییە لە کاروبارەکاندا، هەروەها بریتییە لە زیادەڕەوی و دەستبڵاوی و تاڵانکاری و داواکردنی مافێك کە شایستە نییە و ئەنجامدانی کار لە شوێنێك جگە لە شوێن و کاتی خۆی و دوور لە ئەندازە و شێوازی خۆی))(١).**

**هاوبەش دانان بۆ خوا گەورەترین ستەمە، چونکە دانانی خوایەتییە لە شوێنێك کە شایستەی نییە، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ لقمان. واتە: (بەڕاستی هاوبەش و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا ستەمێکی زۆر مەزن و ناڕەوایە). ﴿وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٥٤﴾ البقرة. واتە: (بەڕاستی بێ باوەڕان خۆیان لە ڕیزی ستەمکاراندان). سەرکردەی ستەمکاران هاوبەشدانەرەکانن، دەستدرێژیان بۆ سەر بەدیهێنراوان لقێکە لە دەستدرێژیان بۆ سەر خوایەتی پەروەردگار.**

**خوای گەورە سەرزەنشتی ئەم ڕەوشتە پەست و نزمەی کردووە لە چەندین شوێندا لە قورئانی پیرۆزدا، جا فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٦﴾ آل عمران. واتە: (بەڕاستی خوا ڕێنوێنی گەل و گرۆهی ستەمکاران ناکات). ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٧﴾ آل عمران. واتە: (بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت). ﴿فَمَنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٩٤﴾ آل عمران. واتە: (جا ئیتر دوای ئەم هەموو ڕوونکردنەوەیە، ئەوەی بەدەم خواوە درۆ**

---

(١) تهذيب الأخلاق ٣٤.

هەڵبەستێت، ئا ئەوانە هەر ستەمکارن). ﴿وَبِئْسَ مَثْوَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٥١﴾﴾ آل عمران. واتە: (ئای کە چەند ناخۆشە جێگە و شوێنی ستەمکاران). ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾﴾ البقرة. واتە: (ستەمکاران هیچ پشتیوانێکیان نییە). ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢١﴾﴾ الأنعام. واتە: (بەڕاستی خوا ستەمکاران سەرناخات). ﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾﴾ الأنعام. واتە: (ئینجا ئەو گەلەی ستەمکار بوون بنبڕکران، سوپاس و ستایش هەر بۆ خوای جیهانیانە). ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢١﴾﴾ الأنعام. واتە: (کێ لەوە ستەمکارترە درۆ بۆ خوا هەڵبەستێت یان ئایەتەکانی بە درۆ بخاتەوەو بڕوای پێ نەهێنێ، بەڕاستی خوا ستەمکاران سەرناخات). ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّى بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾﴾ الأنعام. واتە: (هەر بەو شێوەیە ستەمکاران دەکەینە پشتیوان و هاریکارو خۆشەویستی یەکتر، بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کە دەیانکرد). ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾﴾ الأعراف. واتە: (ئەوانە لە ناو دۆزەخدا ڕایەخی ئاگرینیان هەیە، لە سەروشیانەوە _ سەقف و لێف و سەرینی ئاگرین _ داپۆشەریانە، بێ گومان هەر بەوشێوەیە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە). جگەلەمانەش لەو ئایەتانەی هۆشداری دەدەن لەبارەی سەرەنجامی ستەمکاران، لە پێناو خۆدوورگرتن لەم ڕەوشتە کە مەترسی هەیە لەسەر ژین و دین، هەروەك خوای مەزن لەبارەی فیرعەون و سەربازەکانی فەرموویەتی: ﴿فَأَخَذْنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ

عَـٰقِبَةُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ القصص[١] واتە: (سەرەنجام فیرعەون و دەستەو پێوەندیمان پێچاوەو فڕێماندایە ناو دەریاکە، سەرنج بدە: کە سەرەنجامی ستەمکاران چۆن بوو).

ئەم خووە چەندین ڕەوشتی ناشرین و کردەوەی پەست لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، کە ئەستەمە هەژمار بکرێن وەك: هاوبەشدانان، بێ باوەڕی، بیدعە، تاوانکاری، دەستدرێژی، جەنگی بەناحەق، ڕێگە بڕین، داگیرکردن، ساختەکاری و فێڵکردن، خواردنی سامانی خەڵك بە ناڕەوا، لوتبەرزی و بەخۆسەرسام بوون و شوێن ئارەزوو کەوتن و جگەلەمانەش لە سیفەتە پەستەکان.

ستەم بنچینەی ڕەوشتە نابەجێیەکانە، هەروەك دادگەری بناغەی تێکڕای ڕەوشتە چاکەکانە، بنەچەی لادانەکان بۆ ستەمکردن دەگەڕێتەوە، بناغەی ڕێنوێنیش بۆ دادگەری دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە پێغەمبەری هەڵبژێردراو (ﷺ) هۆشداری لەبارەوە داوەو فەرموویەتی: ((خوا بوار بە ستەمکار دەدات تا دەیگرێت، جا کە گرتی بەرینادات. دواتر ئەمەی خوێندەوە: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخۡذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلۡقُرَىٰ وَهِيَ ظَٰلِمَةٌۚ إِنَّ أَخۡذَهُۥٓ أَلِيمٞ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾ هود. واتە: "ئا بەو شێوەیە تۆڵەسەندنەوەی پەروەردگاری تۆ، کاتێك تۆڵە دەسەنێت لە خەڵکی شارو دێهاتەکان کە ستەم پیشە بوون، بەڕاستی تۆڵە سەندنەکەی زۆر بە ئێش و بە

---

[١]) لە قورئانی پیرۆزدا هۆشداری لەبارەی ستەم دراوە بە گوزارشتی (ستەم) تا نزیکەی دوو سەد کەڕەت، بەڵام بە واتا ئەوا لە زۆربەی شوێنی قورئاندا هۆشداری لەبارەوە دراوە.

هێزو تووندە"))[١]، ستەم و چڵێسی بەیەکەوە بەستۆتەوە، ئەمەش تەواو لەسەر لیبڕالییەتی دڕندە لە وێنە سەرمایەدارییەکەیدا جێبەجێ دەبێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خۆتان لە ستەم بپارێزن، چونکە ستەم تاریکاییە لە ڕۆژی دوایی، خۆشتان دووربگرن لە چرنووکی و چڵێسی، چونکە ئەوانی پێش ئێوەی لەناوبرد، وای لەوان کرد خوێنی یەکتر بڕێژن و شتە قەدەغەکانیان حەڵاڵ بکەن))[٢].

لەبەر ئەوەی لیبڕالییەت پاڵنەری هزری سەرمایەدارییە لە میانەی تاکایەتی خۆویست، بۆیە چڵێسی پێوە نووساوە، دوژمنی هەژاران و دەستکورتانە، چونکە داوا دەکات هاریکاری و یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە ڕابگیرێت، دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتەوە، چونکە پاڵپشتی دابینکردنی کەل و پەلی پێویست دەکات، ئەم چڵێسییە مەزنە پاڵنەری ستەمی ئەم دەستەیەیە، لیبڕالییەکان پێیان وانییە هەژاران بەشیان هەیە هاریکارییەکاندا، مافی دەستکورتان کورت دەکەنەوە لە ئازادی کارکردن لە بازاردا، بەڵام دەرەنجامەکانی کار یان نەبوونی توانای کارکردن شوێنی نییە لە ناو مافەکاندا.

ئەم چڵێسییە زاڵە ململانێی هێنایە کایە، کۆتاییش هات بە جەنگی کاولکەر بۆ ملکەچ پێکردنی گەلانی دیکە بۆ بەکارهێنانی بەرهەمەکانی دەوڵەتە

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب التفسیر، ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَٰلِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾﴾، رقم ٤٦٨٦، (٨/ ٢٠٥ مع الفتح)، ورواه مسلم، کتاب البر والصلة والآداب، باب تحريم الظلم، رقم ٢٥٨٣، ط. بيت الأفكار، ٦٥٢٤ (١٦/ ٣٥٢ شرح النووي).

(٢) موسلیم گێڕاویەتیەوە، کتاب البر والصلة، باب تحريم الظلم، رقم ٦٥١٩، (١٦/ ٣٥٠ شرح النووي) دار المعرفة لبنان، ٢٥٧٨، ١٠٤٠، ط. بيت الأفكار الدولية.

**بەرهەمهێنەکان، هەروەها بۆ کردنەوەی بازاری نوێ، جا ورد ببەوە لە جێبەجێ بوونی ئەم فەرموودە گەورەیە بەسەر واقیعی ئەم ڕێبازە دڕندەیە.**

**پێغەمبەر (ﷺ) بێ دەنگی نواندن لەسەر ستەمی حوکمڕانانی وەك بەڵگەی لاوازی ئوممەت داناوەو فەرموویەتی: ((ئەگەر بینیت ئوممەتەکەم ترسا لەوەی بە ستەمکار بڵێت: بەڕاستی ستەمکاری، ئەوا دەستی لێشۆردراوەو خێری پێوە نەماوە))[١].**

**ترسان لە ستەمکار نابێتە پاساو بۆ ئەوەی ئوممەت بە گشتی بێ دەنگی بنوێنێ، فەرموودەی بەشیری کوڕی خەساسییە (ڕەزای خوای لێبێت) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، دەڵێت: هاتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی بەڵێنی پێبدەم لەسەر موسڵمان بوون، ئەویش ئەو مەرجەی بۆ دانام: ((شایەتی بدەیت کە هیچ خوایەك بە حەق نییە جگەلە خوای مەزن، محەممەدیش بەندە و نێردراوی ئەوە، پێنج نوێژ بکەیت، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت، زەکاتیش بدەیت، حەجی ماڵی خوا بکەیت، تێبکۆشیت لە پێناوی خوادا))، خەساسییە وتی: وتم: تاقەتی دوو شتم نییە، سەبارەت بە زەکات ئەوا تەنها کەمێك پارەم هەیە کە خەرجی خێزان و سواریەکەمە، ئەوەی تریان تێکۆشانە کە هەر کەسێك پشتی تێبکات ئەوا تووڕەیی خوا دەیگرێتەوە، منیش دەترسم کە بچمە جەنگ لە مردن بترسم و بە قسەی دەروونم بکەم، پێغەمبەری خوا دەستی نوقاند و ئینجا کردیەوەو پاشان فەرمووی: ((کە بەخشین و تێکۆشان نەبێ، کەواتە بەچی دەچیتە بەهەشتەوە؟))،**

**(١) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە، ٢/ ١٦٣، ١٩٠٢، وفي الشرح ٦٥٢١، زانای بلیمەت ئەحمەد شاکر وتویەتی: زنجیرەکەی ڕاست و دروستە، ٦٥٢١، ١٠/ ٢٩.**

**خەساسییە وتی: پاشان وتم: پێغەمبەری خوا بەڵێنت پێدەدەم، ئەویش بەڵێنی پێدام لەسەر هەمووان))[١].**

**ئەم فەرمودە و ئەوەی پێشتریش ئاماژەن لەسەر گرنگی گیانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم، تا ببێتە دیوارێکی پتەو لەبەردەم لاواز نەبوونی ئوممەت، پەککەوتنی هێزەکانی و لەبارچوونی سامانەکانی، هەروەها بەڵگەن لەسەر ئەوەی بێ دەنگ بوون لەسەر ستەم بریتییە لە دواین قۆناغی لاوازی و بێ هیوا بوون لە ڕابوون.**

**هەر بۆیە هاوەڵان** (ڕەزای خوایان لێبێت) **سوربوون لەسەر دادگەری و دوورکەوتنەوە لە ستەم لە کار بەڕێکردنیاندا، ئەوەی لە کتێبی دادوەری عومەری کوڕی خەتابدا هاتووە[٢] بەڵگەیە لەسەر ئەمە، جا تێیدا هاتووە: ((پاشان، دادگەری ئەرکێکی چەسپاوە، سوننەتێکی پیادەکراوە، تێبگە ئەگەر کارت پێسپێردرا ئەوا تەنها بە قسە دادگەری بەرپا نابێ، بەڵکو بە جێبەجێ کردنە. یەکسانی پیادە بکە لە نێوان خەڵکدا لە ڕوانین و دانیشتن و دادگەریتدا، تا خانەدانێك باشییەکەی بەکارنەهێنێت، لاوازێکیش لە ستەمی تۆ نەترسێت))[٣].**

---

**(١) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە ٥/ ٢٢٤، والطبراني في الكبير رقم ١٢٣٣، ٢/ ٤٤، والأوسط رقم ١١٢٦، ٢٨/٢، والبيهقي في السنن الكبرى ٩/ ٢٠، وأبو نعيم في معرفة الصحابة رقم ١١٩٧، ١/٤٠٠، وابن عساكر في تاريخ دمشق ١٠/ ١٦٩ _ ١٩٠، والحاكم في المستدرك ٢/ ٨٠، قال الحاكم: هذا حديث صحيح ولم يخرجاه. و وافقه الذهبي. قال الهيثمي في مجمع الزوائد: رجال أحمد موثقون ١/ ٤٢.**

**(٢) ئەمە نووسراوێك بوو جێنشینی سەرڕاست بۆ ئەبو موسای ئەشعەری ڕەوانەکرد، ئیبن قەییم لە کتێبی ((إعلام الموقعين)) بە تێروتەسەلی ڕاڤەی کردووە.**

**(٣) بەیهەقی گێڕاویەتیەوە، السنن الكبرى، كتاب آداب القاضي، باب إنصاف الخصمين في المدخل عليه والإستماع منهما والإنصات لكل واحد منهما حتى تفد حجته وحسن الإقبال عليها ١٠/ ١٣٥، ومعرفة**

ئیبن جوزی[1] شوێنەوارەکانی ڕوون کردوونەتەوەو فەرموویەتی: ((ستەم و زۆرداری دوو تاوان لەخۆی دەگرێت: بردنی سامانی کەسێك بە نا ڕەوا، ململانێ کردن لەگەڵ خوا بە تاوانکاری و سەرپێچی، سەرپێچی کردنی خوا لە تاوانەکەی دیکە مەزنترە. ستەم لە تاریکایی دڵەوەیە ئەگەرچی خۆی ڕووناك کردبێتەوە بە برێك لە ڕۆشنایی ڕێنوێنی کە تاریکایی نابڕێت، جا ئەگەر لەخواترسان بە ڕۆشناییەکەیان تێکۆشان ئەوا ستەمی ستەمکار بارگەی تێکدەنێت و ستەمەکەی سوودی بۆ نابێت))[2].

ئیبن تەیمیە دەڵێت: ((بێگومان خەڵك ڕاجیا نین لەسەر ئەوەی سەرەنجامی ستەم نا هەموارە، چارەنووسی دادگەریش ڕێزدارە، دەگێڕدرێتەوە کە: خوا دەوڵەتی دادگەر سەر دەخات ئەگەر بێ باوەڕیش بێت، دەوڵەتی ستەمکاریش سەرناخات ئەگەر موسڵمانیش بێ))[3].

ئەم خووە پیسە هاودەمی لیبڕالییەتە؛ چونکە ڕەگ و ڕیشەکانی لە خودگەرایی و تاکایەتی پوخت سەرچاوەی گرتووە، بەمەش ستەم لە هەژاران و نەداران کرا، جەنگی دژوار لە میانەی ململانێی ئابووری ئەنجام دران، لە

السنن والآثار، كتاب أدب القاضي، باب ما على القاضي في الخصوم والشهود، رقم ٥٨٧٣، ٧/ ٣٦٦، والخطيب في الفقيه والمتفقه ١/ ٤٩٢.

(١) ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەلی کوڕی محەممەدی جوزی قرشی باوکی فەرەجە، بلیمەتی سەردەمی خۆی بووە لە فەرمووده و مێژوودا، لە شاری بەغداد لە ساڵی ٥٠٨ك _ ١١١٤ز لە دایك بووە، نزیکەی سێ سەد دانراوی هەیە، لەوانە: ((تلبيس إبليس)) و ((تلقيح فهوم أهل الآثار في مختصر السير والأخبار)) و ((صيد الخاطر))، لە شاری بەغداد لە ساڵی ٥٩٧ك _ ١٢٠١ز کۆچی دوایی کرد. الأعلام ٣/ ٣١٦.

(٢) وەرگیراوە لە: فتح الباری ٥/ ١٢١.

(٣) مجموع الفتاوی ٢٨/ ٦٢ _ ٦٣.

خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ دەرەنجامەکانی هزری لیبڕالیی قەبارەی مەزنی دەستدرێژی ئەو هزرەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەیکاتە سەر بەها و شارستانیەتی مرۆڤایەتی، جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم گەورەترین جەنگی مێژوون لە ڕووی کاولکاری و لەناوبردنەوە، سەختترین چەکی کۆمەڵکوژ تێیاندا بەکارهات وەك بۆمبی گەردیلەیی (نەووی)، ملیۆنان مرۆڤی تێدا کوژرا، هەموو ئەم شتە نابەجێیانە و جگەلەوانیش لە دەرهاوێشتە و ڕەنگدانەوەکانی لیبڕالییەتن.

شوێنەوارە کاولکەرەکانی داگیرکەرە ڕۆژئاواییەکانیش دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیە، کە تاکە پاساوی ئەم داگیرکردنە بریتی بوو لە سەرپەرشتی کردنی گەلانی پاشکەوتوو کە پێویستیان بەوەیە فێر بکرێن چۆن خۆشی لە ئازادی ببینن، جا بەهۆی ئازادی ئەوا خۆرئاواییەکان ملیۆنان مرۆڤ بەزەبری چەکی کۆکوژ دەکەنە کۆیلە و سەروەت و خێرو بێراتیان تالان دەکەن[1].

بەڵام لەوانەیە هەندێك کەس هەڵبخەڵەتێت لە دروشمەکانی دیموکراسییەت یان بە چەند لایەنێکی مرۆڤ دۆستی لەکاتی لێپێچینەوە بە مەبەستی بڕیاردان لەسەری لە دادگاکان، ئەمە وەك بڕێکی کەمی هەنگوینە لە ناوەڕاستی شتی پیس و پۆخڵ و زبڵدان.

لە ڕاستیدا لیبڕالییەت دەستکەوتی بەدەستهێناوە لە بواری مافەکانی مرۆڤ بەپێی باروودۆخی ئەوروپی لە سەروبەندی دەرەبەگایەتی و کڵێسا و پاشایەتی خۆسەپێندا، بەڵام ئەو کاولکاری و بێ سەروبەرییەی هێنایە کایە لە ئایین و بەها و ڕەوشت و سەروەت و ساماندا زۆر لە دەستکەوتەکانی زۆرترن.

---

(١) بڕوانە ئەم شوێنەوارە خراپانە لە لیبڕالییەتی ئابووریدا.

یەکێك لە دەستکەوتەکانی لیبڕالییەت ئەم شارستانییە ماددییە بوو وەك پەیوەندییەکان و گواستنەوەو گەیاندن و ئامرازە پزیشکییەکان و جگەلەوانیش لە ئامێرەکانی حەسانەوەی مرۆڤ، بەڵام لە هەمان کاتدا ملیۆنان کەسی کوشت، ئاوەدانی کاولکرد، بەهاکانی گەندەڵ کرد، بێ باوەڕی بڵاوکردەوە، ستەمی لە نەتەوە داگیرکراوەکان کرد، مافی دەوڵەتە ژێردەستەکەی پێشێل کرد، ڕەوشتی تێکشکاند، وایکرد بزوتنەوەی جولەکەی جیهانی زاڵ بێ بەسەر ئابووریدا، بەکورتی ستەمی لەگەلان کرد، بەمەش دەزانین تای تەرازوو بەو لایەدا دەکەوێت کە وەسفی لیبڕالییەت بکەین بە ستەم و زۆرداری و دەستدرێژی.

## _ چەند گومانێك و بەرپەرچەکانیان:

لەبارەی ئەو حوکمەی خرایەڕوو سەبارەت بە لیبڕالییەت چەند گومانێك دەخرێنەڕوو لەلایەن ئەوانەی بە لیبڕالییەت کاریگەرن، بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەم حوکم و بڕیارە دادگەرانە نییە، ئەمانە چەند گومانێك و بۆ سەر یەکتریان دەگێڕینەوەو دیارترین و گرنگترینیان وەردەگرین بەم شێوەیەی خوارەوە:

## گومانی یەکەم: گومانی تەکفیر:

ئەم گومانە دەردەکەوێ لە کاتی حوکم دان بەسەر هەر ڕێبازێکی خوانەناسدا کە دێتە ناو وڵاتی ئیسلامەوە، جا دەڵێن: هەندێك لە لیبڕالییەکان شایەتمان دێنن، نوێژ دەکەن، جروشمەکانی خوا پەرستی پیادە مکەن، جا وتنی ئەوەی لیبڕالییەت بیروباوەڕێکی کوفرە وەك ئەوەیە موسڵمانان کافر بکرێن، کافرکردنیش بیروباوەڕی خەواریجە گومڕاکانە.

**وەڵامی ئەم گومانە دەدەینەوەی بەوەی چەسپانی موسڵمانێتی مەرجدارە بەوەی سەرباری ئەنجامدانی واجبە ناوبراوەكان ئەوا دەبێ ئەو شتانەش ئەنجام نەدرێن كە حەقیقەتی باوەڕو ئیسلام پوچەڵ دەكەنەوە، كێ ئەم واجبانە ئەنجام دەدات، لە كاتێكدا لیبڕالییەت دامەزراوە لەسەر هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام.**

**هەر بۆیە شەریعەتی ئیسلام هۆشداریداوە لەبارەی هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام، مەترسییەكەی ڕوون كردۆتەوە، لەوانە مرۆڤ كافر ببێ هەر چەندە شایەتمان بێنێ و واجبەكان بكات، ئەمە ڕاستییەكی شەرعی چەسپاوە.**

**ئەم ڕاستییە لە هەموو ئاینێكدا هەیە، چونكە هەر ئاینێك هەڵوەشێنەرەوەی هەیە، ئەگەر ئەنجامدران بنچینەی ئاینەكە هەڵدەوەشێتەوە، هەمان شت لەبارەی خواپەرستییەكانیش هەیە وەك نوێژو دەستنوێژ كە ئەگەر هەموو واجبەكانیان ئەنجام بدرێ بەڵام هەڵوەشێنەرەوەكانی ئەنجامدران ئەوا ئەم واجبانە سوودیان نابێت.**

**پێشتر گۆڕپەرستەكان ئەم گومانەیان وروژاندووە، پێشتر خستمانەڕوو كە مەرجە موسڵمان بێ باوەڕی دەربڕێ دەربارەی تاغوت و خۆ داڕنین لە هاوبەشدانان[1]. یەكێك لەو شتانەی كە لەلای پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت چەسپاوە ئەوەیە كە وشەی شایەتمان چەند مەرجی گەورەی هەن و تەنها بریتی نییە لە وشەیەك كە بە زمان دەوترێ، وەك ئەم مەرجانە: ملكەچی و قبوڵ كردن و دڵسۆزی و دڵنیایی و زانین... .**

---

**(**[1]**) بڕوانە: كشف الشبهات، ئەمەش یەكێكە لە گەورەترین گومانەكان، بڕوانە: مجموعة التوحید ١/ ١٠٤.**

هەر بۆیە پێغەمبەر دانپێدانانی دوو زاناکەی جولەکەی پەسەند نەکرد، چونکە پابەندی ئیسلام نەبوون، لە فەرموودەکەدا هاتووە کە هەر دوو زاناکە دەستی پێغەمبەریشیان ماچ کردووەو وتویانە: گەواهی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری، پێغەمبەریش بەوانی وت: چی ڕێگەتان لێدەگرێ لەوەی بەڵێنم پێ نەدەن، وتیان: داود (سڵاوی خوای لێبێت) نزای کردووە کە پێغەمبەر تەنها لە ڕەچەڵەکی ئەو دابەزێ، ئێمە دەترسین ئەگەر موسڵمان ببین جولەکە بمانکوژن[1].

ئا بەم شێوەیەی خوارەوە ئەبو تالیب دانی ناوە بە ڕاستگۆیی ئاینی ئیسلام لەم وتەیەیدا:

بانگی منت کرد بۆ موسڵمان بوون، دڵنیاش بووم کە دڵسۆزی بۆ من، پێشتریش دەستپاك و ئەمیندار بوویت، ئاینێکت خستەڕوو زانیم کە لە چاکترینی ئاینەکانە، ئەگەر لۆمەکاری نەبووبا و لەبەر قسەو توانجی خەڵکی نەبا دەتبینی بە ڕاشکاوانە ئاینەکەتم قبوڵ دەکرد[2].

هەروەك داننانی هێرقل بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان (ﷺ)[3]، چونکە تەنها بریتی بوو لە دانپێدانان بە زمان ئەوا مانای پابەندبوونی کرداری نەبوو.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەنگی کرد لەگەڵ هۆزەکەی و هەموو عەرەب، کاتێك واتای (لا إله إلا الله)یان ڕەتکردەوەو وتیان: ﴿ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ٥ ﴾ ص. واتە: (_ پێتان سەیر نییە _ هەموو خواکانی کردووە بە یەك،

(١) نەسائی گێڕاویەتیەوە، کتاب تحريم الدم، باب السحر، رقم ٤، ٧/ ١١.
(٢) السيرة النبوية لإبن كثير ١/ ٤٦٤.
(٣) بوخاری گێڕاویەتیەوە، کتاب بدء الوحي، باب ٧، ١/ ٤٢ مع الفتح.

بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە). پێغەمبەر ئەمەی نەکرد تەنها بۆ دەربڕینی شایەتمان، هاوبەشدانەرانی سەردەمی پێغەمبەر باش لەمە تێگەیشتبوون، هەر بۆیە ئەمەیان قبولڵ نەکرد و ملکەچ نەبوون بۆی.

ئەم گومانە بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی نا دروست لە ئیسلام، ئیسلام پابەندبوونێکی ڕاستەقینە و تێکۆشانە دژ بە ناحەق و پەیڕەوانی، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو کەسەی وت کە لە تێکۆشان لە پێناوی خوادا دەترسا: ((بەخشین و تێکۆشان نەبێ ئەی بەچی دەچیتە بەهەشتەوە))[١]، ژیاننامەی کرداری پێغەمبەر سەرمەشقێکی باشە کە حەقیقەتی ئیسلام و ئیمان ڕوون دەکاتەوە[٢]، ڕاڤەیەکی واقیعییە بۆ حەقیقەتی ئیمان لە هەموو بوارەکاندا، لە: بواری دەروون و کۆمەڵگەی موسڵمان و پەیوەندی لەگەڵ بێ باوەڕو دووڕوودا، هەروەها لە حوکمڕانی و ئابووری و بوارەکانی تریشدا.

ئەو تەکفیرەی لەسەر ئەم ڕێبازەدا دەچەسپێ ئەوا ئەم لایەنانەی دەگرێتەوە: بیروباوڕ، هزرەکان، ئەو بۆچوونانەی لەخۆی دەگرێت، ئەمە بە کوفری جۆر ناودەبرێ، ئەویش ڕووماڵکردنی بابەتە کوفرییەکانە بێ سەرنجدانە کەسی دیاریکراو، بەڵام ئەگەر کەسێکی دیاریکراو ئەم بیروباوەڕو بۆچوون و هزرانەی هەبوو ئەوا بە کافر دانانرێ تەنها لە دوای هاتنەجێی مەرجەکان و لاچوونی پەرچەکان نەبێت[٣].

---

(١) پێشتر ئاماژەی بە سەرچاوەکەی کرا.

(٢) بڕوانە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لە: ظاهرة الإرجاء في الفكر الإسلامي ١/٣٧.

(٣) وەك بەرپابوونی بەڵگە و لاچوونی گومان و لێکدنەوەی دیکە (تأويل) و زۆرلێنەکران و هاوشێوەی ئەمانە، بڕوانە: ضوابط التكفير ٢٧٥ _ ٣٨٥ ط ٢؛ ونواقض الإيمان الإعتقادية ٢/ ٢٠١ _ ٣١٣.

ئەمە کاتێك کابرا ئەم کوفرانەی پەسەند کردبێت، بەڵام تەنها درانەپاڵ ئەم ڕێبازە و بێ دانانان بە ناوەڕۆکەکەی ئەوا بەس نییە، چونکە واقیع گەواهی لەسەر ئەوە دەدات کە کەسی وا هەیە دەدرێتە پاڵ ئەم مەزهەبە و ئەگەر پرسیاری لێکرا لەبارەیەوە ئەوا بەپێچەوانەی حەقیقەتەکەی باسی دەکات بێ دانانان بەو کوفریانەی بنچینەی کوفرن.

بەم پێیە حوکمی کەسەکە بەگوێرەی بارودۆخ دەگۆڕێت، بەڵام حوکمی بیروباوەڕو هزر وەك خۆی دەمێنێتەوەو دەکرێ حوکمێکی دیاریکراوی لەسەر بدرێت.

قسەی ئێمە لەم بەشەدا لەبارەی بیروباوەڕو هزرەکانەوە دەبێت نەوەك کەسە دیاریکراوەکان.

ئەمە شتێکی ناسراو بووە لای زانایانی پێشینە چاکەکان کە حوکمی کوفر دەدەن لەسەر گوتە و بۆچوون، ڕووی تێکگیرانی لەگەڵ بنچینەکانی ئایین ڕوون دەکەنەوە بێ ئەوەی حوکمی کوفر بەسەر هەر کەسێکدا بدەن کە ئەم وتەیە بڵێت، چ جای ئەوەی کەسێك کافر بکەن کە تەنها بەشێوەیەکی سادە دەدرێتە پاڵ بۆچوون و ڕێبازێك[1].

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: ((لەوانەیە کردار یان گوفتارێك کوفر بێ، حوکمی کوفریش بدرێ لەسەر ئەوەی ئەم گوفتارە دەربڕێ یان ئەم کردارە ئەنجام بدات و بوترێ: هەر کەسێك شتێکی وای وت ئەوا بێ باوەڕە یان ئەوەی فڵانە شتە

[1]) بۆ نموونە بڕوانە: مجموع الفتاوى ١٢/ ٤٨٨ _ ٤٨٩.

**بكات ئەوا كافرە. بەڵام كەسێكی دیاریكراو كە ئەم كردارە یان گوفتارە كوفرییە بكات ناكرێ تەكفیر بكرێ تا بەڵگەی لەسەر بەرا نەكرێ.**

**ئەمە شتێكە لە دەقە هەڕەشە ئامێزەكانی پەیڕەوانی سوننە و جەماعەت بە ڕەهایی هاتووە، شایەتی نادرێ لەسەر كەسێكی دیاریكراو لە خەڵكی قیبلە كە لە دۆزەخیانە، بەهۆی نەبوونی مەرجێك یان هەبوونی پەرچێك))[1]، زانایانی پێشین[2] هۆشداریان داوە لە كافركردنی كەسێكی دیاریكراو بێ بەڵگە، بەم فەرمایشتەی خوای مەزن بەڵگەیان هێناوەتەوە:** ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴿٩٤﴾ ﴾ النساء. **پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ: ((ئەگەر یەكێك بە براكەی وت: كافر، ئەوا بەسەر یەكێكیاندا دێتەوە))[3]، شاتبی دەڵێت: ((ئەگەر ئەو كەسەی پێی وتراوە كافر، كافر بوو بەهۆی ئەنجامدانی كوفرەوە ئەوا قسەكە بەسەر ئەودا دێتەوە، ئەگەر كافریش نەبوو ئەوا بەسەر قسەكەرەكەدا دێتەوە وەك پاداشتی تاوانەكەی))[4].**

---

(١) مجموع الفتاوى ٣٥/ ١٦٥.

(٢) بڕوانە: فتح البارى ١٠/ ٤٦٦، ٥١٥، وشرح الطحاوية ٣٥٧ _ ٣٥٨، ومجموعة التوحيد ١/ ٥٤.

(٣) بوخارى گێڕاویەتیەوە، كتاب الأدب، باب من أكفر أخاه من غير تأويل فهو كما قال، رقم ٦١٠٣ (١٠/ ٥٣١ مع الفتح) ط ٢، دار البيان، ومسلم، كتاب الإيمان، باب بيان حال إيمان من قال لأخيه المسلم يا كافر، رقم ٦٠ (٥٦) ص ٥٧.

(٤) وەرگیراوە لە فتح البارى ١٠/ ٤٦٦.

**کافرکردن حوکمێکی شەرعییە، ئەرکی دونیایی و قیامەتی بەدوای خۆیدا دێنێت، بۆیە دەبێ مرۆڤ دووربین بێ لە هەمبەری، ترسی هەبێ لە پەلە تێداکردنی، هەر بۆیە لەوانەیە قسەیەك کوفری بێ و مرۆڤ پێی لە ئیسلام دەربچێت، بەڵام ئەوەی ئەم قسەیە دەکات لەوانەیە کافر نەبێ بەهۆی بەرپا نەبوونی بەڵگە لەسەری یان لێکدانەوە تری کردبێ.**

**ئیبن تەیمیە دەڵێت: ((لەگەڵ ئەمەشدا ئەوانەی لە حوکمڕانان بوون، ئەوا بۆچوونی جەهمیان دووبارە دەکردەوە کە پێی وابوو قورئان دروستکراوە، خوا لە دوارۆژدا نابینرێ و جگەلەمانەش، خەڵکیش بانگ دەکەن بۆ دانانان بەمەدا و سزاشیان دەدەن لەسەر ئەمە ئەگەر پەسەندی نەکەن، ئەوەی وەڵامیان نەداتەوە کافریشی دەکەن، تەنانەت کابرای دیلیان دەگرت و بەرەڵایان نەدەکرد تا نەیوتبا قورئان دروستکراوە، یارمەتی هیچ یەکێکیان نەدەدا جگەلەوانەی ئەم قسەیەیان کردبا، لەگەڵ ئەمەدا پێشەوا ئەحمەد بەزەیی بەواندا هاتەوەو داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەوان کرد، بەهۆی ئەوەی ئەحمەد دەیزانی ئەوان نەزانن بەوەی بەم کارەیان پێغەمبەر بەدرۆ دەخەنەوە، بەڵام ئەوان تەئویلیان کرد و بە هەڵەدا چوون، لاسایی پێشەواکانیان کردۆتەوە))[1]، بەڵام ئەمە مانای وانییە ئەگەر کەسێکی دیاریکراو مەرجەکانی تێدا هاتنەجێ و پەرچەکانی لەسەر لاچوون ئەوا کافر ناکرێ، ئەگەر بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕوویدا ئەوا کافر دەکرێ، زانایانی ئیسلام فەتوانیان داوە سەبارەت بە هەڵگەڕانەوەی ژمارەیەك لەو کەسانەی کوفریان**

---

**[1]) مجموع الفتاوی ٢٣/ ٣٤٨ _ ٣٤٩.**

دەربڕیوەو مەرجەکانیان تێدا هاتۆتەجێ[1]، جەنگ کردنی هاوەڵانیش لەگەڵ هەڵگەڕاوان و فەتوای شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە سەبارەت بە جەنگان و تەکفیرکردنی تەتەر دەچێتە ناو ئەم بازنەیەوە[2]، جگەلەوانیش[3].

سەبارەت بە تەکفیرکردنی ڕێبازە بێ باوەڕە هاوچەرخەکان، ئەوا شتێکی پێویستە بۆ ئەوەی ئوممەتی ئیسلام فێری مەترسی ئەم ڕێبازانە ببێ، لەوانە: ئەوەی کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی دانی پێدانا کە لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلام[4] گەڵاڵە بوو لە تەکفیر کردنی عەلمانیەت، عەلمانیەتیش ئەو سەرچاوەیەیە کە هەموو ڕێبازە هاوچەرخەکانی لێ هەڵقوڵاون بە لیبڕالییەتیشەوە، کۆڕبەندەکە بڕیاریدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: عەمانیەت (کە جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت) وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر کارە زۆرەملێیەکانی کڵێسا سەریهەڵداوە.

دووەم: عەلمانیەت بەهێزو بازوی داگیرکەرو پشتیوانانی و کاریگەری خۆرهەڵاتناسی لە وڵاتانی موسڵماندا بڵاوبووەوە، ئەمەش بووە هۆی

---

(١) زانایانی پێشین ئەمانەیان بە کافر داناوە: جەهمی کوڕی سەفوان، شێخەکەیشی جەعدی کوڕی دیرهەم، غەیلانی دیمەشقی. بڕوانە: شرح أصول إعتقاد أهل السنة ٢/ ٣١٩؛ والرد على الجهمية للدارمي ٣٥٢ _ ٣٥٣. هەروەها ئەوانەش: ئیبن عەرەبی، حەلاج، تاغوتەکانی سۆفییەکان. بڕوانە: تنبيه الغبي في تكفير إبن عربي _ للبقاعي _، هەروەك ئەزهەر فەتوای دەکرد بە کافرکردنی ژمارەیەك لە عەلمانی و لیبڕالییەکانی وەك: فەرەج فۆدە، نەسر ئەبو زێج، حەیدەر حەیدەرو جگەلەوانیش.

(٢) بڕوانە: الفتاوى الكاملة: مجموع الفتاوى ٢٨/ ٥٠١ _ ٥٤٣.

(٣) بڕوانە: مجموعة التوحيد ١/ ٥٠١.

(٤) الدورة الحادية عشر المنقعدة باليمامة في دولة البحرين من ٢٥ _ ٣٠ رجب ١٤١٩ك، ١٤ _ ١٩، نوفمبر ١٩٩٨.

هەڵوەشانەوەی گەلانی موسڵمان و گومان دروستکردن بە دەوری بیروباوەڕی ڕاستدا، ناشرینکردنی مێژووی پڕشنگدارمان و وا پیشاندان بە نەوەی تازە کە تێکگیران لە نێوان عەقڵ و دەقە شەرعییەکاندا هەیە، بەمەش کاریکرد لەسەر حەڵاڵ کردنی سیستەمە دەستکردەکان لە شوێنی شەریعەتی پیرۆز و ڕەواج دان بە بەرەڵایی و هەڵوەشاندنەوەی ڕەوشتی و دارمانی بەها باڵاکان.

سێیەم: زۆربەی هزرە لەناوبەرەکان لە عەلمانیەتەوە گەڵاڵە بوون، کە لە ژێر ناوی جیا جیا لە ناو وڵاتماندا بڵاوبوونەوە، وەك ڕەگەزپەرستی، شیوعییەت، سەهیۆنیەت، ماسۆنیەت و جگەلەمانەش، کە بووە مایەی لەبارچوونی سەروەتی گەل و ناهەمواری بارودۆخی ئابووری، هەروەها یارمەتیدەریش بوو بۆ داگیرکرانی بەشێك لە وڵاتانمان وەك فەلەستین و قودس، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر شکستی ئەم چەمکە لە دەستەبەرکردنی هەر خێرو بێرێك.

چوارەم: عەلمانیەت سیستەمێکی دەستکردە، پشت دەبەستێت بە بنچینەیەکی بێ باوەڕ کە پێچەوانەی ئیسلام لە ورد و درشتیدا، یەکیش دەگرێت لەگەڵ بانگەوازی سەهیۆنیەتی جیهانی و بانگەوازە بەرەڵا کاولکەرەکان، هەر لەبەر ئەمە ڕێبازێکی خوانەناسییە، خواو پێغەمبەرو باوەڕداران ڕەتی دەکەنەوە.

پێنجەم: ئیسلام دین و دەوڵەتە، پەیرەو و بەرنامەیەکی تەواوە بۆ ژیان، شیاوە بۆ هەموو کات و شوێنێك، دان نانێت بە جیاکردنەوەی دین لە ژین، بەڵکو وا پێویست دەکات کە هەموو حوکمەکانی لەوەوە دەربچن، ژیانی کرداری بە بۆیاخی ئیسلام ڕەنگ بکرێت، جا لایەنی سیاسی یان ئابووری یاخود کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی یان جگەلەمانە بێ.

## ڕاسپاردەکان:

کۆڕبەندەکە ئەم ڕاسپاردانەی لێکەوتەوە:

أ_ لەسەر دەسەڵاتدارانی موسڵمان پێویستە ڕێگە بگرن لە شێوازو ڕێگەکانی عەلمانیەت بۆ ئەوەی تێکەڵ بە موسڵمانان و وڵاتیان نەبێت، دەبێ ڕێوشوێنی پێویستیش بۆ ئەم مەبەستە بگیرێتەبەر.

ب_ لەسەر زانایان پێویستە هەوڵ و کۆششە زانستییەکانیان بڵاوبکەنەوە بۆ ئاشکراکردنی عەلمانیەت و هۆشداریدان لەبارەیەوە.

پ_ دانانی پلانی پەروەردەیی ئیسلامی گشتگیر لە قوتابخانە و زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوەو تۆڕی زانیاری لە پێناو یەك گوتاری پەروەردەیی و پێویستی بایەخدان بە زیندووکردنەوەی پەیامی مزگەوت و گرنگی دان بە وتاربێژی و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردن و ئامادەکردنی سەرپەرشتیارانی بۆ دابینکردنی داخوازییەکانی سەردەم و بەرپەرچدانەوەی گومانەکان و پاراستنی مەبەستەکانی شەریعەت.

لە ناوکۆی ئەم ڕاسپاردانەدا ئەنجومەنی زانایانی ئەندۆنوسیا فەتوایاندا سەبارەت بە کوفربوونی عەلمانیەت[١]، دەقی فەتواکە کە لە کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی ئەنجومەن دەرچوو ئەمەی تێدا هاتبوو کە ((ئەو خوێندنە ئاینیانەی کاریگەرن بە هزرە عەلمانیەکان و لیبڕالییەکان پێچەوانەی حەقیقەتی ئاینی

(١) ئەم فەتوایە درا دژی ڕێکخراوێکی نوێ لە ئەندۆنوسیا کە ناوی (تۆڕی ئیسلامی لیبڕالی) بوو، کە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرا، ئەمریکا لە میانەی ئەم ڕێکخراوەو دامەزراوەی عەرەبی بۆ نوێسازی هزری دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پیلانی ناوەندی ڕاند.

ئیسلامن، لەسەر موسڵمانیش پێویستە باوەڕی وابێت ئاینی ئیسلام تاکە دینی ڕاست و دروستە، جگەلەویش پوچ و بێ بنەمایە))[1].

## گومانی دووەم: لیبڕالییەت تەنها ئامرازێکە و بیروباوەڕ نییە:

ئەم گومانە بەرپا دەبێت لەسەر ئەوەی لیبڕالییەت بیروباوەڕێك نییە تا بتوانرێ بە ئیمان یان کوفر وەسفی بکرێت، بەڵکو تەنها ئامرازێکی سەردەمیانەیە، کە دەکرێ سوودی لێوەربگیرێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە و پێشخستنی.

شێوازی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن بەسەر ئەم شێوازە و هەڵاتن لە ڕاستی پێوە دیارە، ئەوەی لە لیبڕالییەت بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە بیروباوەڕێکی هزری تەواوە، فەلسەفەیەکی ماددەگەرای خوانەناسە، جا بانگەشەی ئەوەی ئەمە تەنها ئامرازێکە ئەوا هەڵاتنە لە ناوەڕۆکی لیبڕالییەت کە پێچەوانەی بنچینەکانی ئیسلامە، ئەم بانگەشەیە جێگەی ڕەزامەندی هیچ یەکێك لە بیرمەندانی ناسراوی لیبڕالییەت نییە.

ئەگەر هەندێك لە لیبڕالییەکان خۆیان هەڵبخەڵەتێنن بە بانگەشەکردنی ئەوەی لیبڕالییەت تەنها ئامرازێکە، ئەوا کەسی لیبڕالی وا هەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لیبڕالییەت بەرنامەی ژیانە، هەروەك دکتۆر محەممەد رمیحی ئەمەی دەربڕی لەم وتەیەیدا: ((لەگەڵ ئەوەی لیبڕالییەت چەمکێکی فەلسەفییە، ئەوا زیاتر ڕێگەیەکی بیرکردنەوەو هەڵوێستە لە ژیاندا لەوەی بریتی بێ لە تەنها

---

[1]) بڕوانە: الخبر فی (جزیرة نت/ تقاریر وحوارات/ الأحد ٢/ ٧/ ١٤٢٦ك الموافق ٧/ ٨/ ٢٠٠٥).

ئامرازێك بۆ حوكمڕانی، دیموكراسییەت لە واتا گشتییەكەیدا بریتییە لە دەرەنجامێكی سروشتی هزری لیبڕالی))[١].

پێشتر بە تێروتەسەلی قسەكرا لەسەر حەقیقەتی لیبڕالییەت و بنچینە هزرییەكانی[٢] و بەوەش ڕوون بووەوە كە لیبڕالییەت بەرنامەیەكی هزری كاملە، بیروباوەڕێكی سیاسی و ئابووری دیاركراوە، نەوەك تەنها ئامرازێك وەك چۆن هەندێك گومان دەبەن.

## گومانی سێیەم: لیبڕالییەت هەندێك شتی باشی هەیە:

ئەم گومانە پێی وایە لیبڕالییەت شتی ئەرێنی لەخۆی دەگرێت وەك ڕێزگرتن لە مرۆڤ و بەفیڕۆنەدانی مافەكانی و هاندانی پاڵنەری خودی مرۆڤ كە بووەتە هۆی لەدایك بوونی ململانێیەكی بەهێز لە نێوان كۆمپانیا مەزنەكان بەشێوەیەك كە بووەتە هۆی جوڵەی ئابووری و دۆزینەوەی داهێنراوە هاوچەرخە بەسوودەكان بۆ مرۆڤ، سەرباری بەشداری سیاسی و ئازادی لە دامەزراوەكانی كۆمەڵگە و ڕۆژنامەوانی و پێكهێنانی حیزب و ئۆپۆزسیۆن و جگەلەمانەش، بەمەش ناكرێ پێچەوانە و دژی ئیسلام بێت.

دەكرێ لە چەند ڕوویەكەوە وەڵامی ئەم گومانە بدرێتەوە:

یەكەم: بوونی چەند خاڵێكی ئەرێنی و باش نابێتە بەڵگە لەسەر ڕاست و دروستی ئەم ڕێبازە یان هەر ڕێبازێكی دیكە، چونكە هیچ هزرێكی پوچەڵ یان داهێنراوێكی ناپەسەند نییە كە بەشێك لە ڕاستی تێدا نەبێت، هەروەك خوای

---

[١]) مجلة حوار العرب، عدد ١٧، إبريل ٢٠٠٦، لا ٥.

[٢]) بڕوانە بەشی دووەمی: مفهوم الليبرالية واتجاهاتها.

مەزن فەرمووویەتی: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٧١﴾ آل عمران. واتە: (ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی بەرگی بەتاڵ و ناحەقی دەکەن بە بەر حەق و ڕاستیدا و دەیشارنەوە، لە کاتێکدا خۆتان چاك دەزانن حەق و ڕاستی کامەیە). خەریکە ڕێبازێك نەبێ کە بەشێك لە خاڵی باشی نەبێ، بەڵام ئەمە مانای ڕاست و دروست بوونی نییە، هەروەك خوای پایەبەرز لەبارەی مەیی و قومارەوە دەڵێت: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَا ٢١٩﴾ البقرة. واتە: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عەرەق و قومار، بڵێ: لەم دوانە تاوان و گوناهێکی گەورە هەیە، هەر چەندە هەندێك سوودیشی تێدایە بۆ خەڵکانێك، بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لە کەڵك و سوودیان). چەسپاندوویەتی کە خاڵی باشی تێدایە کەچی هەر قەدەغەی کردووە، چونکە خراپەکەی مەزنترە.

دووەم: خاڵە خراپەکانی لیبڕالییەت و لایەنە نەرێنیەکەی زۆرترن، گەورەترینیان کوفرو هاوبەشدانانە بۆ خوا، خۆویستی و شوێن هەوەس کەوتن و ستەمکردن لە هەژاران و چینە نزمەکان و جەنگ و داگیرکاری و جگەلەمانەشن[1].

سێیەم: لایەنە ئەرێنییەکانی لیبڕالییەتیش بێ خاڵی نەرێنی نین، چونکە ئازادی کراوەو نا ڕێکخراون، جا ئازادی بۆچوون بواری خوانەناسی کردەوە[2]، ئازادی تاکەکەسی سەریکێشا بەرەو تێکچوونی ڕەوشتی تا ڕاددەی لادانی ڕەوشتی،

---

(١) چەندین جار پێشتر قسە لەسەر خاڵە خراپەکانی کرا وەك ئەمانە: قەیرانی سیستەمی دیموکراسی، قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری.

(٢) ڕێبازە هزرییەکانی خۆرئاواییەکان گەواهی لەسەر ئەمە دەدەن.

تاکایەتی ئێستا بووەتە بڕیاردەر و فەرمانده و خۆویستی بێزراو، دیموکراسییەتیش خاوەن سەرمایەکانی بەرزکردەوەو وایکرد جڵەوی کۆمەڵگە بگرنەدەست لە ڕێگەی سامانەکانیان.

چوارەم: هەر خەسڵەتێکی باش کە لە هەر ڕێبازێکی پوچەڵدا هەبێت، ئەوا ئەو خەسڵەتە لە ئیسلامیشدا هەیە و هانیشی لەسەر داوە بەتەواوترین شێوە، ئەمەش تەواوی ئایینە کە بە دەق لەسەری هاتووە: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ المائدة. واتە: (ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو ئاینتان). ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ ٩﴾ الإسراء. واتە: (بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنموویی بەخشە بۆ چاکترین بەرنامە و ڕێباز). ﴿هَٰذَا بَيَانٞ لِّلنَّاسِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٞ لِّلۡمُتَّقِينَ ١٣٨﴾ آل عمران. واتە: (ئا ئەمە بەیاننامە و ڕوونکردنەوەیە بۆ خەڵك بە گشتی، ڕێنموویی و ئامۆژگاریشە بۆ پارێزکاران بە تایبەتی). جگەلەم دەقانەش، پێویست ناکات شت لە ڕێبازو مەزهەبە لاڕێیەکانی دیکە وەربگرین بە پاساوی بوونی چەند خاڵێکی ئەرێنی تیایاندا، هیچ خێرو بێرێك نییە کە ئیسلام پیشانی ئێمەی نەدابێت، هیچ خراپەیەك نییە لێی ئاگادار نەکردبینەوە، هەموو خێرێك لە ئیسلامدا بوونی هەیە بەبێ کەم و کورتی.

پێنجەم: ئێمە دژی شتی چاك و ئەرێنی نین، وەك هەڵبژاردنی حوکمڕان، لێپرسینەوەی، دەستەبەری دادگایی و قەرەبووکردنەوەو فەراهەم کردنی

ئازادییەکان و هاندانی پیشەسازی و بازرگانی و بنیاتنانی شارستانیەت، ئەمانە شتی باشن هیچ ژیرمەندێك ڕەتی ناکاتەوە چ جای موسڵمانێك، بەڵام ئەمە مانای لایەنگیری بەرنامەی لیبڕالییەت نییە، چونکە لیبڕالییەت وەك پێشتر خرایەڕوو بنیاتنراوە لەسەر بناغەیەکی ماددی عەلمانی نەفامی، چەندین شتی پوچەڵ لەخۆی دەگرێت، خاڵە ئەرێنیەکانیشی جێبەجێکران لەسەر بناغەیەکی نا ڕەوشتی، بەمەش دەرەنجامەکانی لەناوبەربوون وەك (ئازادی بازرگانی) و جگەلەویش.

شتێکی زانراوە کە هەر کۆششێکی عەقڵی ئەوا بەشێك لە شتی باش لەخۆی دەگرێت، بەڵام ئەمە مانای پابەندی هزری ناگەیەنێ، ئەگەرنا هەر کەسێك بیرۆکەیەك بخوێنێتەوەو پێی سەرسام ببێت ئەوا دەبێتە دەستگر بە بنچینەی ڕێبازی هزرەکە، ئەمەش هیچ کەسێك قسەیەکی لەو جۆرە ناکات کە ڕێبازەکانی ناسیبێ و شارەزابێ لە حەقیقەتی پابەندبوون بە بنەما و هزرەکان، چونکە بەمە پابەند دەبێ بە چەندین ڕێبازی دژ یەك لە یەك کاتدا، بەمەش ئەمە پوچەڵ دەردەکەوێت.

هەروەك زانراوە ئەم ئاینە کە خوای گەورە دایبەزاندووە ئەوا هەموو شتێکی ئەرێنی و چاك لەخۆی دەگرێت، بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەکات بە ڕێگەیەکی ئیمانی و ڕەوشتی گونجاو لەگەڵ بنەڕەت و سروشتی مرۆڤ.

ئەو کەسەش کە خاڵە ئەرێنیەکانی لیبڕالییەت دووبارە دەکاتەوە ئەوا پێویستە شتە ئاینیەکانی خۆی بزانێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، زیاتر لێی

تێبگات، چونکە خێرو بێرو چاکە و سەرکەوتنی دونیا و دوارۆژی تێدایە، ئەوەندە خاڵی باشی تێدا بەدی دەکات کە نا ژمێردرێن.

سەبارەت بەوەی مرۆڤ شارەزا بێ لە ڕێبازە دەستکردەکان و بێ زانیاری بێ لەبارەی ئاینەکەی، ئەوا ئەمە نیشانەی دۆڕان و سەرشۆڕییە، پەنا بەخوا.

# کۆتایی

سوپاس و ستایش بۆ خوا لە سەرەتا و کۆتادا، بە نهێنی و ئاشکرا، لەسەر تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە و بە ئەنجام گەیاندنی، ئەمە لەو بەخشش و نازو نیعمەتانەی خوایە کە لە ژمار نایەن. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا باسی گرنگترین دەرەنجامەکان دەکەم کە لە میانەی توێژینەوەکەم لەسەر ئەم بابەتە پێی گەیشتووم، لەگەڵ باسکردنی گرنگترین ڕاسپاردەکان کە پێم وایە پێویستن بۆ تەواوکردنی بەرهەمی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی زانستییەوە:

## یەکەم: دەرەنجامەکان:

لە خوارەوەدا دیارترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بەکورتی دەخەمەڕوو:

١_ لیبڕالییەت وەك کاردانەوەیەکی بارودۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا دەرکەوت، کە دەچوو بەرەو ڕزگار بوون لە کۆت و بەندەکانی ئایین و سیستەمە ئابووری و سیاسەتە نەگۆڕەکانی دەرەبەگایەتی و پاشایەتی، بەڵام دواتر ئەم چەمکە گەشەی کرد و بنچینەی گشتی هزری بۆ داتاشران، ئەویش: ئازادی تاکەکەسی ژیرمەندانەیە.

٢_ لیبڕالییەت لەگەڵ سەرهەڵدانی بەستراوە بە چینی سەرمایەداران، بووە خزمەتکاری هزری ئەم چینە، پاساوی دەدا بە سنووربەزێنی و خۆویستییەکەی بەشێوەیەکی عەقڵانی، هزرەکانی لیبڕالییەت لە ڕووی شوێن و کاتەوە گۆڕان

**بەپێی بەرژەوەندی سەرمایەداران، ئەمەش ڕاڤەی ئەو جۆراو جۆرییە نامۆیە دەكات كە لە هزری لیبڕالییدا بوونی هەیە.**

**٣_ لەوەتەی لیبڕالییەت دروست بووە لە دەرەوەی ئاینە و پشتی بەستووە بە عەقڵ بەشێوەیەكی تەواو، چونكە سەرچاوەیەكی سەرەكییە لە سوودگەراییدا، گوایە عەقڵ سەربەخۆیە لە زانینی بەرژەوەندییەكانی مرۆڤ بێ ئەوەی پێویستی هەبێت بە هێزێكی دەرەكی كە بەرژەوەندییەكەی بۆ ڕوون بكاتەوە، لیبڕالییەت لە منداڵدانی عەلمانیەتدا دروست بووە لە ڕووی هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر ئایین و بەها و ڕەوشت.**

**٤_ لیبڕالییەت بەستراوەتەوە بە دیموكراسییەت وەك سیستەمێكی سیاسی كە ئازادی تاكەكەسی دەستەبەر دەكات، ئەم سیستەمە بەشێوەیەكە دەگونجێت لەگەڵ ئاراستەی جیاوازدا، هەر لەبەر ئەمە دیموكراسییەت فرە ئاراستەیە وەك لیبڕالییەت، لیبڕالییەت و دیموكراسییەت وەك دەرەنجامی بزوتنەوەی پیشەسازی دەركەوتن كە سەرمایەداری دروستی كرد، هەر لەبەر ئەمە دیموكراسییەت وەك لیبڕالییەت خزمەتی سەرمایەداری كرد، لەگەڵ ئەوەی لیبڕالییەكان لە سەرەتادا بەشێوەیەكی ڕاستەقینە دژی دیموكراسیەت و دیموكراسیخوازان وەستانەوە؛ چونكە هزری لیبڕالی لەسەر ئازادی و دیموكراسییەتیش لەسەر یەكسانی دەوەستێت، كێشەی بوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئاراستە جیاوازەكان، دواتر لیبڕالییەت وێنەیەكی گونجاوی وەرگرت لەگەڵ دیموكراسییەت كە لەگەڵ چەمكەكانی یەكی دەگرت و بە دیموكراسییەتی لیبڕالی ناسرا.**

**٥_ تاکایەتی بە بنچینەی فەلسەفی و گۆشەنیگای هزری لیبڕالییەت دادەنرێت، ئازادی کرۆکەکەیەتی، ئا لێرەوە لیبڕالییەت هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی تاك بەشێوەیەکی ئازاد و ڕەها پیادەی خودی خۆی بکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆویستی و بەرەڵایی ڕەوشتی و هزری شتی خودین لە ناو هزری لیبڕالییدا.**

**٦_ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت جیاوازن لە هەڵوێستگرتن لە هەمبەر دەوڵەتدا، شێوەی ڕەسەنی لیبڕالییەت بریتییە لە دەستوەرنەدانی دەوڵەتدا تەنها لە شتە هەرە پێویستەکاندا نەبێت، دەوڵەتی کردە پاسەوانی جێبەجێکردنی ئازادی بە تێگەیشتنی لیبڕالیی، بەڵام لیبڕالییەت پێستی خۆی گۆڕی دوای دەرکەوتنی شوێنەوارە کاولکەرەکانی، جۆرێکی تری لیبڕالییەتی دەرخست کە بەپێویستی دەزانی دەوڵەت دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنی ئازادی، ئەمە دیارترین دوو ئاڕاستەی لیبڕالییەتن: (کلاسیکی و کۆمەڵایەتی).**

**٧_ هزری لیبڕالی و جێبەجێکردنی لە سەدەی نۆزدەم ڕووە دڕندانەکەی بەدەرخست لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەژاران و دەستکورتان، پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەم هزرە ناچار بوو خۆی هەموار بکاتەوە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە پاش دەرکەوتنی قەیرانەکانی و ڕوویکردە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامانجی هاندانی خواست تا خستنەڕوو زیاد بێت، ئەمەش ئامانجی سەرەکی سەرمایەدارییە.**

**٨_ لیبڕالییەت هزرێکی داگیرکارییە، دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر گەلانی جیهاندا ە سەروەتەکانیان تاڵان بکات، هەر لەبەر ئەمە سەدەی نۆزدەم سەدەی**

**داگیرکاری بوو، سەردەمی زێڕینی لیبڕالییەتیش بوو، پیادەکردنە هاوچەرخەکانی (کە جیهانگیرییە) بەڵگەیە لەسەر ئەمە.**

**٩_ لیبڕالییەت هزرێکی کراوەیە و مەسەلەی دیاریکراو لەخۆی ناگرێت، چونکە بانگەشە دەکات بۆ ئازادی بیرو بۆچوون و لێبوردەیی، هیچ هزرێکی دیاریکراوی ڕاست یان بیروباوەڕی نەگۆڕو چەسپاوی نییە، پێی وایی متمانەبوون بە هزرەکان پێچەوانەی ئازادییە، هەر بۆیە لەلای هزری لیبڕالیی وەڵام نییە بۆ پرسیارە مەزنەکانی ژیانی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی مافی هەر مرۆڤێکە هەر جۆر وەڵامێك بداتەوە، مافی کەسانی تر نییە ڕێگری لە وەڵامەکەی بکەن هەر چەندە ڕیزپەڕو ناپەسەند بێ، ئەمەش بە پشت بەستن بە ئازادی بەڕەڵا.**

**١٠_ لیبڕالییەت هاتە ناو جیهانی ئیسلامی لە ڕێگەی داگیرکەرو بەکرێگیراوانی لە حیزب و کۆمەڵە نهێنیەکان کە بە بێ ئاگای موسڵمانان دروست بوون، نەسرانییە عەرەبەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان تێدابوو.**

**١١_ ئەم هزرە لە وڵاتی موسڵماناندا نە دەڕوا ئەگەر پێشتر زەمینە سازی نەبووبا، ئەویش بریتی بوو لە لادان لە بیروباوەڕدا (مورجیئایەتی و تەسەوف)، خۆسەپاندنی سیاسی، چەقبەستوویی و لاساییکردنەوە، کە لە ناو گەلی ئیسلامی لە ماوەیەکی نزیکدا سەریهەڵدا و لە ناخی موسڵماناندا جێگیر بوو تا بووە دیاردەیەکی ڕۆشن.**

**١٢_ زانستی کەلام و تەسەوف و زیادەڕۆچوونی هەندێك لە پەیڕەوانی سوننە و جەماعە لە گوێڕایەڵی کردنی حوکمڕانان پاڵپشتی خۆسەپاندنی کرد و وێنەی پرشنگداری ڕاوێژی ئیسلامی لەبیری ئوممەت سڕییەوە لە هەڵبژاردنی**

حوکمڕان و ڕاستکردنەوەو پابەندکردنی بە شەریعەت و بەستنەوەی دەسەڵاتەکانی بە حوکمەکانی ئیسلام، لە جیانی موسڵماناندا خۆسەپاندنی سیاسی تێکەڵ بە حەقیقەتی ئیسلام بوو بە شێوەیەکی هەڵە کە بووە هۆی سەرسام بوونی گەنج و لاوانی موسڵمان بە دیموکراسییەتی خۆرئاوا سەرباری تێکگیران و ماددەگەرابوونی، تەنانەت ڕقی لە ناخی ئەم لاوانەدا ڕرواند دژی بیروباوەڕو حوکمەکانی ئیسلام، وای لەوان کرد بڕواننە ئیسلام وەك نەسرانیەتی شێوێنراو، سەرباری نەشارەزابوونیان بە حەقیقەتە مەزنەکە.

١٣_ لیبڕالییەت بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ نەکرا لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەڵکو ئەوەندە لێی جێبەجێ کرا کە خزمەتی کرد بە بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران دوای ڕۆیشتنیان، بەتایبەت ئەوەی دەستدرێژی تێدایە بۆ سەر بیروباوەڕ وەك خوانەناسی و هزرەکانی بەخۆرئاوایی کردن کە بەکرێگیراوانیان هێنابوویان، بە کەمترین تێڕوانین بۆ وڵاتانی موسڵمان ئەوا دەرەنجامە خراپە ڕەوشتییەکان و تێکەڵکردنی ئابووری لەگەڵ سیستەمی جیهان و زاڵ بوونی وڵاتان بەسەر سەروەتەکانی دەردەکەوێت،لەگەڵ نەبوونی مافەکانی مرۆڤ و دابەشکردنی سەروەت بەشێوەیەکی دادگەرانە و بەستنەوەی دەسەڵاتی حوکمڕان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و جگەلەمانەش.

١٤_ وڵاتانی ئیسلامی بوونەتە کێڵگەی تاقیکردنەوەی هزرە دژ بەیەکە خۆرئاواییەکان.

١٥_ ئازادی نرخ و بەهایەکی مەزنە لە پەروەردەی ئیسلامیدا، مەبەستەکانی شەریعەت و بنچینە سەرەکییەکان بەڵگەن لەسەری، تەنانەت ئازادی

بناغەی ئەرکداری (تکلیف)ە، چونکە کەسی زۆرلێکراو ئەرکدار نییە، هەر لەبەر ئەمە شەریعەت ئازادی سیاسی و ئابووری و بیروبۆچوون و بیروباوەڕی هێنا لە کامڵترین شێوەو بە وێنەیەکی ڕەوشتدار کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و دەستەبەری بەختەوەرییەکەی بکات بە شێوەیەکی هاوسەنگ بێ زیادەڕەوی و بەزایەدان، هەموو فەلسەفە ماددەگەراکان کە بانگەشەی ئازادی دەکەن گوزارشت ناکەن لە هیچ بەرنامەیەکی ڕەوشتی یان هاوسەنگ بەڵکو گرنگی بەلایەك دەدەن لەسەر بەرژەوەندی لایەکی تر.

١٦_ هزری لیبڕالی هزرێکی ستەمکارە، گەلانی لاوازە دەکاتە کۆیلە، هزرێکی ئیمپریالی جەنگخوازە تەنها ڕووبەڕووبوونەوە دەیوەستێنێت لە میانەی تێکۆشان، یان بە فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە کاتێك پیادەی فشاری سیاسی یان ئابووری دەکات لەسەر وڵاتانی ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی دیاریکراو، یاخود لە میانەی ئاشکراکردنی پیلان و خواستەکانی.

١٧_ گەلانی موسڵمان لەم قەیرانەی ئێستا ناچنە دەرەوە تەنها بە گەڕانەوەی ڕاست و دروست نەبێ بۆ ئیسلام و دوور لە بۆچوونی گومڕاکەر یان هەوەسی لادەر، ئەمەش بە پەروەردەی نەوەکان و یەکڕیزی گەل دەبێ بۆ ڕەتکردنەوەی هەڵمەتی دوژمنان.

١٨_ لیبڕالییەت پێچەوانەی بناغەی ئاینە، چەندەها جۆری کوفری مەزن لەخۆی دەگرێت وەك: کوفری بەحەڵاڵ دانان، کوفری گومان، کوفری ملنەدان و ڕەتکردنەوە، هاوبەشدانان لە ویستدا، هەر یەکێك لەمانە بەسە بۆ دەرچوون لە ئیسلام.

**جگەلەمانەش لە ئەنجامە گرنگەکان کە ئەم توێژینەوەیە لەخۆی گرتووەو لە بەش و دەروازەکانیدا خراونەتەڕوو.**

## دووەم: ڕاسپاردەکان:

ئەمانەش گرنگترین ڕاسپاردەکانن:

**١_ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستییەکان لە زانکۆ ئیسلامییەکاندا بەرەو لێکۆڵینەوە لە هزرەکان و ڕێبازو ئاڕاستە هزرییە هاوچەرخەکان و هۆشیارکردنەوەی موسڵمانان لە مەترسییەکەی، هەروەها ئاشکراکردنی کەم و کورتییەکانی و پیلانەکانی بۆ کاولکردنی کۆمەڵگەی موسڵمان.**

**٢_ گرنگی دەرخستنی چەمکە ئیسلامییەکان کە لە ناو کۆمەڵگەدا ونبوون و لیبڕالییەت تۆزاوی کردوون وەك: ئازادی، لێبوردەیی، کرانەوە، گفتوگۆ، بەشداری سیاسی و جگەلەمانە، ڕێکخستنی پەیڕەوی ئیسلامی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زاراوە هاوچەرخەکان.**

**٣_ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە هزرییەکانی لیبڕالییەت لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوەیەکی تێروتەسەل و بەتایبەت لە دوای گۆڕانی مەزن لە ڕێبازی بیرمەندە لیبڕالییە عەرەبەکان، هەروەها گەڕانەوە بۆ کەلەپوری ئیسلامی بۆ ڕەسەنکردنی نوێسازی لیبڕاڵی لە میانەیدا، وەك: پرۆژەی مێژووی لای محەممەد ئەرکون، ڕاڤەکاری لای نەسر ئەبو زەید، نوێسازی لای هزری حەسەن حەنەفی، ڕەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبی لای جابری و جگەلەویش.**

٤_ زیندووکردنەوەی گیانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و زۆرداری لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا، چونکە دەستەبەری بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی لیبڕالییەت دەکات بۆ سەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، جا ئەگەر وڵاتێك داگیرکرا ئەوا لەسەر نیشتمانیان پێویستە دژی داگیرکردنەکە بوەستنەوە، هەروەك پێویستە لە دژی فشاری سیاسی هەڵوێست هەبێ لە گۆڕینی پەیڕەو و بەرنامەکان بە ئامۆژگاری و فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە.

٥_ گرنگی ڕۆڵی زانایان و بیرمەندان و ڕۆشنبیریان بۆ پاراستنی گەلانی موسڵمان لە هزرە تێکدەرەکان، هەڵسان بە کاری بنیاتنەر کە ئوممەت بەپارێزراوی بهێڵێتەوە وەك: چاکسازی ئاینی، پەروەردە و فێرکردن، دروستکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی کارا، جوڵاندنی گەل بۆ ئەوەی ببێتە بەرهەمهێن.

٦_ بنیاتنانی ناوەندی توێژینەوەی هزری و ڕۆشنبیری پسپۆر بۆ پێشکەشکردنی توێژینەوەو ڕاپۆرت لەبارەی پرس و بابەتە پارەنووسسازەکانی ئوممەت، دانانی چارەسەری پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتەکانی بەخۆرئاواکردن و شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر ئوممەت.

٧_ پێویستی کۆبوونەوەی ئوممەتی موسڵمان لەسەر ڕێبازی پەیڕەوانی سوننە و جەماعە و فڕێدانی تاقمگەرایی و پەرتەوازەیی، جیاکردنەوەی پەرتەوازەیی و ڕاجیایی لەگەڵ یەکتر، سووربوون لەسەر کۆبوونەوەو یەك ڕیزی، دووربوون لە حیزبایەتی و دەمارگیری، چونکە هۆی لاوازییە، لەگەڵ ئەوەی ڕەوتی لیبڕالییەتی گەورە بە پەرتەوازەیی بەرەنگاری ناکرێ بەڵکو بە یەك ڕیزی و یەك گوتارییە.

٨_ پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوەی دەدرێتە پاڵ لیبڕالییەت و ئامانجەکانیشی نازانێت، لەگەڵ ئەوەی چاك شارەزایە تێیدا، پێم وایە گفتگۆ کردن لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی ئەم ئاڕاستانە پێویستە، دەبێ خراپ لێکتێگەیشتن بسڕێتەوە، هەندێك لەوانە تێگەیشتنی خراپیان هەی بەهۆی گفتوگۆوە نامێنێ.

لە کۆتاییدا خوایەگیان درودو سڵاو و بەرەکەت بڕژێنە بەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرو خانەوادە و یارەکانی، ئامین.

# سەرچاوەکان

١_ أبطال من التاريخ، ول ديورانت، ترجمة: سامى الكعكي، و سمير كرم، الناشر دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣م.

٢_ إبن باديس (حياته وآثاره)، د. عمار الطالبي، ط٢، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٤٠٣هـ.

٣_ أثر العلم في المجتمع، برتران يل، ترجمة: تمام حسان، مصر.

٤_ أثر الحضارة العربية الإسلامية على أوروبا، منتجمري واط، ترجمة: جابر أبي جابر، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨١م.

٥_ أحكام الإجتهاد في الشريعة الإسلامية، د. عبدالحميد مهيوب، دار الكتاب العربي، القاهرة، ط ١، ١٣٩٨ هـ.

٦_ أحكام أهل الذمة، ابن القيم الجوزية، ت: صبحي صالح، ط ٢، ١٤٠١هـ _ ١٩٨١م، دار العلم للملايين، بيروت.

٧_ إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، محمد ناصر الدين الألباني، ط٢، المكتب الإسلامي، ١٤٠٥هـ.

٨_ أزمة الديون الخرجية رؤية من العالم الثالث، د. رمز زكي، الناشر: الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٨م.

٩_ أسرار الماسونية، جواد رفعت، ترجمة: نورالدين الواعظ، و سليمان القابلي، العراق، كركوك، ١٩٥٦م.

١٠_ أسرار الإنقلاب العثماني، مصطفى طوران، ترجمة: كمال خوجة، ط ٤، دار السلام، القاهرة، ١٩٨٥م.

١١_ أسس الليبرالية السياسية، ترجمة إمام عبدالفتاح إمام، وميشيل مبشاس، مكتبة مدبولي، القاهرة (وهو يضم كتاب: في الحرية، و كتاب: مذهب المنفعة العامة).

١٢_ إسلام بلا مذاهب، مصطفى الشكعة، تقديم: محمد شلتوت، دار القلم، ١٩٦١م.

١٣_ إسلام حضاري ديمقراطي، تقرير مؤسسة راند الأمريكية، ترجمة المؤسسة، موقع راند على الإنتر نت.

١٤_ أصول الدين، أبو منصور عبد القاهر بن طاهر البغدادي، ط ٣، ١٤٠١هـ، دار الكتب العلمية، بيروت.

١٥_ أصول النظام الإجتماعي في العالم الإسلامي، الطاهر بن عاشور، الشركة التنوسية للتوزيع، ط ٢، ١٩٨٥م.

١٦_ أصول نظام الحكم في الإسلام مع بيان التطبيق في المملكة العربية السعودية، د. فؤاد عبدالمنعم أحمد، مركز الإسكندرية للكتاب.

١٧_ أصول مذهب الشيعة، ناصر القفاري، ط ٢، ١٤١٥هـ، دار الحرمين للطباعة، مصر.

١٨_ اضمحلال الإمبراطورية الرومانية، إدوارد جيبون، ترجمة: محمد علي أبو درة، ط ١، بيروت.

١٩_ أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، محمد الأمين الشنقيطي، عالم الكتب بيروت.

٢٠_ أعمال الندوة المصرية الفرنسية السادسة حول (الليبرالية الجديدة)، تحرير: أ.د. نازلي معوض أحمد، مركز البحوث والدراسات السياسية، جامعة أزهر، ٢٠٠م.

٢١_ إعلام الموقعين عن رب العالمين، ابن القيم الجوزية، ت: محمد محيي الدين عبدالحميد، توزيع دار الباز بمكة.

٢٢_ إقتضاء السراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم، ابن تيمية، ت: ناصر العقل، ط ٢، ١٤١١هـ، مكتبة الرشد، الرياض.

٢٣_ أهمية الجهاد في نشر الدعوة الإسلامية والرد على الفرق الضالة فيه، د. علي بن نفيع العلياني، دار الطيبة، الرياض.

٢٤_ الإبانة عن الشريعة الفرقة الناجية و مجانبة الفرق المذمومة، أبو عبدالله محمد بن بطه العكبري الحنبلي، ت: رضا نعسان و عثمان الأثيوبي، و يوسف الوابل، دار الرياض، ط ١، ١٤١٥ هـ.

٢٥ _ الإتجاهات الوطنية في الأدب المعاصر، محمد محمد حسين، ط٧، ١٤٠٥هـ، مؤسسة الرسالة، بيروت.

٢٦ _ الأحكام السطانية والولايات الدينية، أبو الحسن الماوردي، دار الكتب العلمية، بيروت.

٢٧ _ الإحكام في أصو الأحكام، ابن حزم، دار الكتب العلمية، بيروت.

٢٨ _ الأدلة العقلية النقلية على أصول الإعتقاد، د. مسعود العريفي، ط ١، دار عالم الفوائد، مكة المكرمة.

٢٩ _ الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الإعتقاد، إمام الحرمين الجويني، ن: محمد يوسف، الناشر مكتبة الخانجي، مصر، ١٣٦٩هـ.

٣٠_الأزمة الإقتصادية العالمية الراهنة، د. رمزي زكي، ط ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٦م.

٣١ _ الإسماعيلية المعاصر الأصول، المعتقدات، المظاهر الدينية والإجتماعية، لمحمد أحمد الجوير، ١٤١٤هـ_ ١٩٩٤م. (ليس على الكتاب معلومات عن دار النشر).

٣٢ _ الأشباه والنظائر، السيوطي، ط ١، دار الكتب العلمية، بيروت.

٣٣ _ الأعلام، خير الدين الزركلي، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، ط ١١، ١٩٩٥م.

٣٤_ الإقتصاد السياسي، د. سمير حسون، ط ٢، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ٢٩٩٤م.

٣٥_ الإقطاع والعصور الوسطى في أوروبا، كويلاند و منوغراد، ترجمة: محمد مصطفى زياد، ط ٣، مكتبة النهضة العربية، ١٩٥٨م.

٣٦_ الإقتصاد في الإعتقاد، أبو حامد الغزالي، ط ١، ١٤٠٣هـ، دار الكتب العلمية، بيروت.

٣٧_ الإمامة العظمى عند أهل السنة والجماعة، عبد الله الدميجي، ط ١، دار الطيبة، الرياض، ١٤٠٧ هـ.

٣٨_ الإمبريالية من عصر الإستعمار حتى اليوم، هاري ماجدوف، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨١م (بدون إسم للمترجم).

٣٩_ الإنحرافات العقدية والعلمية في القرنين الثالث عشر والرابع عشر الهجريين وآثارهما في حيات الأمة، علي بخيت الزهراني، الناشر: دار الرسالة، مكة المكرمة.

٤٠_ الإنصاف فيما يجب اعتقاده ولا يجوز الجهل به، أبو بكر الباقلاني، ت: عماد الدين حيدر، ط ١، ١٤٠٧ هـ، عالم الكتب، بيروت.

٤١_ الانهيار يوم الإثنين الأسود، مهيربوز، ترجمة: عفيف تلحوق، دار الحمراء، بيروت، ١٩٩٠م.

٤٢_ الإيمان، ابن تيمية، أخرج أحاديثه: محمد ناصر الدين الألباني، النشر طبعة المدني.

٤٣_ البداية والنهاية، الحافظ ابن كثير، ت: عبدالله التركي، دار هجرة للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان، ط ١، ١٤١٨ هـ.

٤٤_ أدب الدنيا والدين، أبو الحسن الماوردي، دار الكتب العلمية، بيروت.

٤٥_ ألف شخصية عظيمة، بلانتا جيت وسومو سيت فراي، ترجمة: د. مازن طليمات، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق، ط ٣، ١٩٩٩م.

٤٦_ أوروبا في مطلع العصور الحديثة، عبدالعزيز الشناوي، دار المعارف، مصر، ١٩٦٩م.

٤٧_ بيان تلبيس الجهمية، ابن تيمية، تصحيح وتعليق: محمد عبدالرحمن بن قاسم، مؤسسة قرطبة.

٤٨_ تاريخ الإسلام ووفيات مشاهير الأعلام: الحافظ الذهبي، ت: د. عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت، ط ١، ١٤٠٩ هـ.

٤٩_ تاريخ الثورة الفرنسية، البيرسول بول، ترجمة: جورج كوي، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٧٠م.

٥٠_ تاريخ الدول العثمانية، علي حسون، ط ٣، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٤٠٣ هـ.

٥١_ تاريخ الدولة العلية العثمانية، محمد فريد بيك المحامي، ت: إحسان حقي، ط ٢، دار النفائس، بيروت، ١٩٨٣م.

٥٢_ تاريخ الرسل والمولك، أبو جعفر محمد بن جرير الطبري، ت: محمد أبو الفضل إبراهيم، ط ٦، دار المعارف.

٥٣_ تاريخ الطبري (تاريخ الأمم و الملوك)، أبو جعفر محمد بن جرير الطبري، دار الكتب العليمة، بيروت، ط ١، ١٤٢٢ هـ.

٥٤_ تاريخ الفكر السياسي، جان جاك شوفالييه، ترجمة: د. محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٥م.

٥٥_ تاريخ الفكر السياسي، جان توشار وآخرون، ترجمة: د. علي مقلد، الدار العالمية، بيروت، ١٩٨٧م.

٥٦_ تاريخ المذاهب الإسلامية، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، بيروت.

٥٧_ تاريخ أوروبا في عصر الحديث، هربر فيشر، ترجمة: أحمد هاشم، ووديع الضبع، ط٣، دار المعارف بمصر، ١٩٥٨م.

٥٨_ تاريخ أوروبا في عصور الوسطى، هربرت فيشر، ترجمة: محمد زياد، والباز العريني، ط ٤، القاهرة، ١٩٦٦م.

٥٩_ التاريخ النقدي للتخلف، د. رمزي زكي، الناشر: سلسلة العالم المعرفة، برقم ١١٨، المجلس الأعلى للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٨٧م.

٦٠_ تاريخ اليوناني، د. عبداللطيف أحمد علي، در النهضة العربية، ١٩٧٦م، بيروت.

٦١_ تأويا مختلف الحديث، أبو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة، ت: محمد محيي الدين أصفر، ط١، ١٤٠٩ ه، الكتب الإسلامي، بيروت.

٦٢_ تبصرة الأدلة في أصول الدين، أبو حسين ميمون النسفي، ت: كلود سلامة، نشر المعرفة العلمي الفرنسي، للدراسات العربية، دمشق، ١٩٩٠م.

٦٣_ التحرير والتنوير، الطاهر بن عاشور، منشورات المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية، القاهرة، ١٩٧٥م.

٦٤_ التحول الديمقراطي والتحدي الإسلامي، د. نجيب الغضبان، ط ١، دار المنار، الأردن، ٢٠٠٢م.

٦٥_ التراث والتجديد، د. حسن حنفي، طبعة القاهرة، ١٩٨٠م.

٦٦_ تراث الإسلام، جدون تراند، عربه و علق عليه: جرجيس فتح الله، ط ٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٢م.

٦٧_ تراث الإنسانية، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة.

٦٨_ تركيا الجديدة، جميل معلوف، ط سان باولو، ١٩٠٨م.

٦٩_ التصدع العالمي (العالم الثالث يشب عن الطوق) ل. س. ستافريانوس، ترجمة: موسى الزغبي، وعبدالكريم محفوظ، دار حلاس، سوريا.

٧٠_ التضخم المستورد (دراسة في أثر التضخم المستورد بالبلاد الرأسمالية على البلاد العربية)، د. رمزي زكي، دار المستقبل العربي، القاهرة، ١٩٨٦م.

٧١_ تطور الفكر السياسي، جورج سباين، ترجمة: راشد البراوي، دار المعارف، مصر، ١٩٧١م.

٧٢_ تطور الفكر السياسي من الإشتراكية إلى الليبرالية الجديدة، عدنان السيد حسن، ط ١، ٢٠٠٢م، دار أمواج للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

٧٣_ التعبير عن الرأي ضوابطه و مجالاته في الشريعة الإسلامية، دراسة فقهية تأصيلية، خالد بن عبدالله بن دايل الشمراني، رسالة دكتوراه، كلية الشريعة، جامعة أم القرى، ١٤٢٣ هـ.

٧٤_ تفسير القرآن العظيم، الحافظ ابن كثير الدمشقي، ت: محمد ابراهيم البنا وآخرون، طبعة دار الشعب.

٧٥_ التفسير الماركسي للإسلام، د. محمد عمارة، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٢م.

٧٦_ التنبيه والرد، الإمام الملطي، قدم له وعلق عليه: الكوثري، ط عام ١٤١٣ هـ، الناشر: المكتبة الأزهرية للتراث.

٧٧_ تكوين العقل الحديث، ج. ه. راندال، الترجمة: جورج طعمة، دار الثقافة.

٧٨_ تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، عبدالرحمن السعدي، ت: عبدالرحمن اللويحق، ط ٢، دار السلام للنشر والتوزيع، الرياض، ١٤٢٢ هـ _ ٢٠٠٢م.

٧٩_ الثورة الفرنسية، حسن جلال، ط ٤، الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٠م.

٨٠_ الجامع لأحكام القرآن، محمد بن أحمد القرطبي، دار الكتب العلمية، بيروت.

٨١_ جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر بن عبدالبر، ت: أبو الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزية، الدمام، ط ٤، ١٤١٩ هـ.

٨٢_ الجفوة المفتعلة بين العلم والدين، محمد علي يوسف، منشورات دار مكتبة الحيات، بيروت، ١٩٦٦م.

٨٣_ حاضر العالم الإسلامي، د. محمد جميل المصري، دار إشبيليا للنشر والتوزيع، الرياض، ط ١، ١٤٢٢ هـ.

٨٤_ حاضر العالم الإسلامي، ثروب ستودارت، ترجمة: عجاج نويهض، تعليق: شكيب أرسلان، ط ٤، دار الفكر، بيروت، ١٩٧٣م.

٨٥_ حياة الحقائق، غوستاف لوبون، ترجمة: عادل زعيتر، مصر، عام ١٣٦٨م.

٨٦_ حياة الفكر في العالم الجديد، وكي نجيب محمود، ط ٢، دار الشروق، القاهرة، ١٩٨٢م.

٨٧_ الحركات الباطنية في العالم الإسلامي، د. محمد أحمد الخطيب، مكتبة الأقصى، الأردن، ط ٢، ١٤٠٦ هـ.

٨٨_ الحريات العامة في الدولة الإسلامية، د. راشد الغنوشي، مركز دراسات الواحدة العربية، بيروت، ١٩٩٣م.

٨٩_ الحرية الإقتصاد وتدخل الدولة في النشاط الإقتصادي في الإسلام، عبداالله مصلح الثمالي، رسالة دكتوراه، قسم الإقتصاد الإسلامي، كلية الشريعة، جامعة أم القرى، ١٤٠٥م.

٩٠_ الحرية الثقافية، جون ديوي، ترجمة: أحمد أمين قنديل، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

٩١_ الحرية أو الطوفان، د حاكم المطيري، ط ١، ٢٠٠٤م، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

٩٢_ الحيبة، ابن تيمية، دار المسلم، رياض، ط ١، ١٤١٢ هـ.

٩٣_ الحضارة العربية، جاك ريسو، ترجمة: عنيم عبدون، الدار المصرية للتأليف و الترجمة، ١٩٥٥م.

٩٤_ الحقوق والحريات السياسية في الشريعة الإسلامية، للدكتور: رحيل محمد غرايبة، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط ١، ١٤٢١ هـ.

٩٥_ حقيقة البدعة وأحكامها، سعيد بن ناصر الغامدي، مكتبة الرشد، ط ٢، ١٤١٤ هـ.

٩٦_ حقيقة التوحيد بين أهل السنة والمتكلمين، عبدالحكيم بن صاميل السلمي، ط ١، ١٤٢١ هـ، دار المعلمة للنشر والتوزيع، الرياض.

٩٧_ الحكم بغير ما أنزل الله (أحواله وأحكامه)، عبدالرحمن المحمود، ط ٢، ١٤٢٠ هـ، دار الطيبة للنشر والتوزيع، الرياض.

٩٨_ حكمة الغرب، برتراند رسل، ترجمة: فؤاد زكريا، ج ٢، عالم المعرفة، ١٤٠٤ هـ.

٩٩_ حلية البشر في تاريخ القرن الثالث عشر، عبدالرزاق البيطار، ت: محمد بهجت البيطار، مطبوعات مجمع اللغة العربية، دمشق، ١٩٦١م.

١٠٠_ دراسات الإسلامية، د. حسن حنفي، طبعة بيروت، ١٩٨٢م.

١٠١_ دراسات إسلامية، سيد قطب، ط ٥، ١٤٠٣ هـ، ١٩٨٢م، دار الشروق، بيروت، قاهرة.

١٠٢_ دراسات في الحضارة الإسلامية، جب، ترجمة: إحسان عباس وآخرون، بيروت، ١٩٧٤م، دار المعرفة.

١٠٣_ دراسات عن الفرق في تاريخ المسلمين، أحمد محمد جلي، ط ١، مركز ملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية، ١٤٠٨ هـ.

١٠٤_ دليل الفكر الإقتصادي (دليل الرجل العادي إلى التاريخ الإقتصادي)، د. حازم البيلاوي، ط ١، دار الشرلاوق، القاهرة، ١٤١٥ هـ.

١٠٥_ دور الدولة في الإقتصاد، د. حازم البيلاوي، ط ١، ١٤١٨ هـ، دار الشروق، القاهرة.

١٠٦_ الديمقرلطية مالها وما عليها، أ. د. محمد توهيل سعيد، ط ١، مكتبة الفلاح، الكويت، ٢٠٠١م.

١٠٧_ الذئب الأغبر، مصطفى كمال، هـ. س. آرمترويخ، طبعة دار الهلال.

١٠٨_ الرأسمالية ضد الرأسمالية، ميشيل آلبير، ط ١، مكتبة الشروق، القعرة، ١٩٩٥م.

١٠٩_ الرأسمالية الناشئة، د. أحمد جامع، دار المعارف، مصر، ١٩٦٨م.

١١٠_ الرأسمالية والحرية، ميلتون فريدمان، ترجمة يوسف عليان، مركز الكتب الأردني، ١٩٨٧م.

١١١_ رد المحتار على الدر المختار، محمد أمين المعروف بابن عابدين، ت: عادل عبد الموجود و علي معوض، دار الكتب العلمية، بيروت.

١١٢_ الرد على المنطقين، شيخ الإسلام ابن تيمية، نسخة مصورة عن الطبعة الهندية، دار المعرفة، بيروت.

١١٣_ الرسائل الشخصية (مجموع مؤلفات محمد بن عبدالوهاب)، جمع: عبدالعزيز الراجحي وآخرون، ط ١، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض.

١١٤_ الرسالة، محمد بن إدريس الشافعي، ت: أحمد شاكر، المكتبة العلمية، بيروت.

١١٥_ الرسالة القشيرية، أبو القاسم القشيري، ت: عبدالحليم محمود و محمود الشريف، الناشر: دار الكتب الحديثة، مصر.

١١٦_ روضة الطالبين و عمدة المفتين، يحيى بن شريف النووي، ت: عادل عبدالموجود و علي معوض، دار الكتب العلمية، بيروت.

١١٧_ رؤية إسلامية في الصراع العربي الإسرائيلي (الزء الأول: مؤامرة الدويلات الطائفية)، محمد عبد الغني النواوي، ط ١، ١٤٠٣ ه _ ١٩٨٣م، ليس على الكتاب معلومات عن الناشر.

١١٨_ زاد المعاد في هدي خير العباد، ابن قيم الجوزية، ت: شعيب الأرناؤوط، و عبدالقادر الأرناؤوط، ط ٢، ١٤٠١ ه، مؤسسة الرسالة.

١١٩_ السبيل إلى عالم أفضل، د. كارل بيكر، ترجمة: عبدالعزيز إسماعيل، طبعة القاهرة، ١٩٤٨م.

١٢٠_ سلسلة الأحاديث الصحيحة، محمد ناصر الدين الألباني، ط ٢، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٣٩٩ ه.

١٢١_سلسلة التراث الإنسانية، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة.

١٢٢_ سنن ابن ماجه، طبعة عيسى البابي الحلبي، ط ١، ١٣٧٣ هـ، ت: محمد فؤاد عبدالباقي.

١٢٣_ سنن أبي داود، مراجعة و ضبط و تعليق: محمد محيي الدين عبدالحميد، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت.

١٢٤_ سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، ت: عبدالوهاب عبداللطيف و عبد الرحمن محمد عثمان، بيروت، دار الفكر، ط ٢، ١٤٠٣ هـ.

١٢٥_ سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، دار الكتب العلمية، بيروت _ لبنان، ط ١، ١٤٠٨ هـ _ ١٩٨٧م.

١٢٦_ سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، ت: أحمد شاكر و محمد فؤاد عبدالباقي وإبراهيم عطوة عوض، القاهرة، ط ١، ١٣٥٦ هـ _ ١٣٨١ هـ.

١٢٧_ السنن لغبن أبي عاصم، طبعة المكتب الإسلامي، ط ٣، ١٤١٣ هـ _ ١٩٩٣م.

١٢٨_ السنن الكبرى، البيهقي، دار المعرفة بيروت _ لبنا، ١٤٠٦ هـ_١٩٨٦م.

١٢٩_ السنة، عبدالله بن الإمام بن أحمد بن حنبل، ت: محمد القحطاني، ط ١، عام ١٤٠٦ هـ، دار ابن القيم، الدمام.

١٣٠_ السنة، ابن أبي العاصم، ت: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، بيروت.

١٣١_ السياسة الشرعية، ابن تيمية، دار المسلم، الرياض، ط ١، ١٤١٢ ه.

١٣٢_ سير أعلام النبلاء، الحافظ شمس الدين محمد الذهبي، ت: شعيب الأرناؤوضط، ط ٤، مؤسسة الرسالة، ١٤٠٦ ه.

١٣٣_ شذرات الذهب في أخبار من ذهب، ابن عماد الحنبلي الدمشقي، ت: محمود الأرناؤوط، وإشراف: عبدالقادر الأرناؤوط، دار ابن كثير، دمشق، ١٤٠٦ ه _ ١٩٨٦م، دار الكتب العلمية، بيروت _ لبنان.

١٣٤_ شرح السنة، حسين بن مسعود البغوي، ت: زهير الشاويس و شعيب الأرناؤوط، المكت الإسلامي، بيروت.

١٣٥_ شرح أصول الإعتقاد أهل السنة والجماعة، أبو القاسم اللالكائي، ت: أحمد سعد حمدان، الناشر دار طيبة، الرياض.

١٣٦_ شرح الخريدة البهية، أبو البركات أحمد الدردير، الناشر: مكتبة محمد علي صبيح، القاهرة.

١٣٧_ شرح العقائد النسفية، سعد الدين التفتازاني، ت: أحمد حجازي السقا، ط ١، ١٤٠٧ ه، الناشر مكتبة الكليات الأزهرية، القاهرة.

١٣٨_ شرح العقيدة الطحاوية، ابن أبي العز الحنفي، ت: شعيب الأرناؤوط، ط ١، ١٤١٠ ه، الناشر: مكتبة دار البيان، بيروت.

١٣٩_ شرح السنة، الإمام البغوي، ت: الشاويش والأرناؤوط، ط ٢، ١٤٠٣ ه، المكتب الإسلامي.

١٤٠_ شرح القواعد الفقهية، الشيخ أحمد محمد الزرقا، ط ٣، دار القلم، دمشق، ١٤١٤ ه.

١٤١_ الشيخ مصطفى صبري وموقفه من الفكر الوافد، د. مفرح القوسي، مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية، ط ١، ١٤١٨ ه.

١٤٢_ صانعوا الأوربا الحديثة، م. ب، هولث، ترجمة موفق شفير، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دمشق، ١٩٨٠م.

١٤٣_ الصارم المسلول على شاتم الرسول، ابن تيمية، ت: محمد الحلواني، ومحمد شودري، دار المؤتمن، ط ١، ١٤١٧ ه، الدمام، رمادي للنشر.

١٤٤_ صحوة الرجل المريض أو السلطان عبدالحميد الثاني والخلافة الإسلامية، موفق بني المرجة، الناشر: أحمد عبدالله الفليج، مؤسسة صقر الخليج للطباعة والنشر، الكويت.

١٤٥_ صحيح ابن حبان، ت: شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، ط ١، ١٤١٢ ه_ ١٩٩١م.

١٤٦_ صحيح ابن حبان، المكتبة السلفية، ط١، ١٣٩٠ ه.

١٤٧_ صحيح البخاري مع الفتح، ط السلفية، الناشر دار الريان للتراث، القاهرة، مصر، ١٤١٢ ه _ ١٩٨٨م.

١٤٨_ صحيح البخاري أو الجامع الصحيح المسند المختصر من الحديث الرسول ﷺ مع شرحه فتح الباري ابن الحجر العسقلاني، ت: محمد فؤاد عبد الباقي ومحب الدين الخطيب، المطبعة السلفية، القاهرة، ط ١، ١٣٧٩م.

١٤٩_ صحيح مسلم، ط: بيت الأفكار الدولية للنشر والتوزيع، الرياض ١٤١٩ هـ _ ١٩٩٨م.

١٥٠_ صحيح مسلم بشرح النووي، ط: دار المعرفة، بيروت _ لبنان، ط ٧، ١٤٢١ هـ _ ٢٠٠٠م.

١٥١_ الصراع بين البرجوازية والإقطاع، د. محمد فؤاد شكري، دار الفكر العربي.

١٥٢_ الصراع الطبقي و قانون التجار، ثروة الأسيوطي، دار النهضة العربية.

١٥٣_ صفة الفتوى والمفتي والمستفتي، ابن حمدان الحنبلي، المكتب الإسلامي، بيروت.

١٥٤_ ضوابط التكفير عند أهل السنة والجماعة، د. عبدالله القرني، ط ٢، مؤسسة الرسالة.

١٥٥_ ضوابط المصلحة، د. محمد سعيد رمضان البوطي، ط ٢: مؤسسة الرسالة، بيروت.

١٥٦_ طاعة أولي الأمر، د. عبدالله إبراهيم الطريقي، دار المسلم، الرياض، ١٤١٢ هـ.

١٥٧_ طبائع الإستبداد ومصارع الإستعباد، عبدالرحمن الكواكبي، دار النائس، بيروت.

١٥٨_ الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ابن القيم الجوزية، ت: بشير عيون، دار البيان، دمشق.

١٥٩_ الطريق إلى العبودية، فريدريك هايك، ترجمة: إدوارد وهبة، توسعة رينة معوض، ط ١، ٢٠٠١م.

١٦٠_ الطريق الثالث: تجديد الديمقراطية الإجتماعية، أ. أنتوني جيدنز، ترجمة: أحمد زايد و محمد محيي الدين، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة.

١٦١_ ظاهرة الإرجاء في الفكر الإسلامي، سفر الحوالي، رسالة دكتوراه قسم العقيدة جامعة أم القرى، ط ١، توزيع مكتبة الطيب، القاهرة، ١٤٠٧م.

١٦٢_ العالم الإسلامي، محمود شاكر، ط ٣، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٤٠٣هـ.

١٦٣_ العبودية، شيخ الإسلام ابن تيمية، ط المدني، جدة.

١٦٤_ عجائب الآثار في تراجم والأخبار، عبدالرحمن الجبرتي، بيروت.

١٦٥_ العصرانيون بين مزاعم التجديد وميادين التغريب، محمد حامد الناصر، ط ١، ١٤١٧ هـ _ ١٩٩٦م، مكتبة الكوثر، الرياض.

١٦٦_ عقيدة ختم النبوة بالنبوة المحمدية، أحمد سعد حمدان الغامدي، ط ١، دار الطيبة، الرياض، ١٤٠٥ هـ.

١٦٧_ عقيدة ختم النبوة بالنبوة المحمدية، د. عثمان عبدالمنعم عيش، مكتبة الأزهر، ١٩٧٨م.

١٦٨_ العلم أسراره وخفاياه، هارولد شابلي وآخر معه، ترجمة: الفتدي، طبعة القاهرة، ١٩٧١م.

١٦٩_ العلم والدين في الفلسفة المعاصرة، إميل بوثرو، ترجمة: أحمد الأهواني، مصر، ١٩٧٣م.

١٧٠_ العلمانية الجزئية والعلمانية الشاملة، عبدالوهاب المسيري، ط ١، دار الشروق، القاهرة، ١٤٢٣ هـ.

١٧١_ العلمانية نشأتها و تطورها وآثارها في الحياة الإسلامية المعاصرة، سفر بن عبدالرحمن الحوالي، مكتبة الطيب، ط ٢، ١٤٢٠ هـ _ ١٩٩٩م.

١٧٢_العلمانية وآثارها على الأوضاع الإسلامية في تركيا، عبدالكريم المشهداني، المكتبة الدولية، الرياض، ١٤٠٣ هـ.

١٧٣_ العمال المهاجرون والبنية الطبقية في أوروبا الغربية، سيفن كاسلز وجود ولاكوسال، ترجمة: محمود فلاحة، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومي في سوريا، دمشق، ١٩٧٩م.

١٧٤_ عولمة الفقر، ميشيل دوفسكي، ترجمة: جعفر الرواني، بيت المحكمة، بغداد، ٢٠٠١م.

١٧٥_ العولمة الإقتصادية (هيمنة الشمال والتداعيات على الجنوب)، د. محمود خالد المسافر، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢م.

١٧٦_ الغرب والعالم (القسم الثاني)، كافين رايلي، ترجمة: د. عبدالوهاب المسيري، و د. هدى حجازي، سلسلة العالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الآداب، الكويت، ١٩٨٦م.

١٧٧_ الغرور القاتل، فريدريك هايك، ترجمة: محمد مصطفى غنيم، دار الشروق، القاهرة، ١٩٩٣م.

١٧٨_ غياث الأمم في تياث الظلم، أبو المعالي الجويني، دار الكتب العلمية، بيروت.

١٧٩_ فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني، المطبعة السلفية، القاهرة.

١٨٠_ فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، محمد الشوكاني، المكتبة التجارية، مكة المكرمة، ط ١، ١٤١٢ هـ.

١٨١_ الفتح الرباني في ترتيب مسند الإمام أحمد الشيباني، الساعاتي، مطبعة الفتح الرباني، ط ١، القاهرة، ١٣٥٦ هـ.

١٨٢_ الفجر الكاذب (أوهام الرأسمالية الكاذبة)، جون جراي، ترجمة: أحمد فؤاد بلبع، ط ١، ١٤٢٠ هـ، مكتبة الشروق، القاهرة، كوالالمبور، جاكرتا.

١٨٣_ الفروق، لشهاب الدين القرافي، نشر: عالم الكتب، بيروت.

١٨٤_ فضائح الباطنية، أبو حامد الغزالي، ت: عبدالرحمن البدوي، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٤م.

١٨٥_ الفكر الإسلامي الحديث وصلته بالإستعمار الغربي، د. محمد البهي، دار المعارف، مصر، ط ١٠، ١٩٨٩م.

١٨٦_ الفكر الإسلامي دراسة وتقويم، غازي التوبة، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٧م.

١٨٧_ الفكر السامي في تاريخ الفقه الإسلامي، الشيخ محمد بن يوسف الحجاوي، ت: عبدالعزيز القاري، المكتبة العلمية، المدينة المنورة، ط ١، ١٣٦٩ هـ.

١٨٨_ الفكر العربي في النهضة، ألبرت حوراني، ترجمة: كريم عزوقيل،دار النهار، بيروت.

١٨٩_ الفلسفة السياسية من أفلاطون إلى ماركس، د. أميرة حلمي مطر، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٧م.

١٩٠_ في طلب التوابل، سويناي هاو، ترجمة: محمد عزيز رفعت، (سلسلة الألف الكتاب) رقم ٩٨، مكتبة النهضة مصر، القاهرة، ١٩٥٧م.

١٩١_ في ظلال القرآن، سيد قطب، دار العلم، ط ١٢، ١٤٠٦م.

**١٩٢_ في العقد الإجتماعي، جان جاك روسو، ترجمة: ذوقان قرقوط، دار القلم بيروت، ١٩٧٣م.**

**١٩٣_ في الفلسفة السياسية، أميرة حلمي مطر، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٥م.**

**١٩٤_ القاموس المحيط، الفيروزآبادي، ط ٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤٠٧م.**

**١٩٥_ قادة العرب يقولون دمروا الإسلام أبيدوا أهله، جلال العالم، بيروت.**

**١٩٦_ قراءة في أزمة دول النمور، د. سمير صارم، دار الفكر، بيروت، ط ١، ١٩٩٨م.**

**١٩٧_ قصة الحضارة، ول ديورانت، ترجمة: محمد بدران، طبعة القاهرة، ١٩٥٧م.**

**١٩٨_ قصة النزاع بين الدين والفلسفة، توفيق الطويل، ط ٢، مصر.**

**١٩٩_ قضية التنوير في العالم الإسلامي، محمد قطب، ط ١، دار الشروق، القاهرة، ١٤٢٠ هـ.**

**٢٠٠_ قواعد الأحكام في إصلاح الأنام، العز بن عبد السلام، ت: نزيه حماد، دار القلم، دمشق.**

**٢٠١_ كانت أول الفلسفة النقدية.**

**٢٠٢_ كتاب الصحوة (النفوذ اليهودي في الولايات المتحدة)، ديفيد ديوك.**

٢٠٣_ الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار، أبو بكر ابن أبي شيبة، دار الكتب العربية، بيروت.

٢٠٤_ كتب غيرت وجه العالم، روبرت داونز، ترجمة: أحمد صادق وآخر، طبعة إدارة الثقافة.

٢٠٥_ كشاف القناع على متن الإقناع، منصور البهوتي، دار عالم الكتب، بيروت.

٢٠٦_ الكليات، أبو البقاء الكفوي، ت: عدنان درويش، و محمد المصري، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤١٢ هـ.

٢٠٧_ لسان العرب، ابن منظور، دار إحياء التراث، بيروت.

٢٠٨_ اللمع في الرد على أهل الزيغ والبدع، أبو الحين الأشعري، ت: حمود غرابة، ط مجمع البحوث الإسلامية، القاهرة، ١٩٧٥م.

٢٠٩_ اللبراليون الجدد جدل فكري، شاكر النابلسي وآخرون، منشورات الجمل، المانيا، ٢٠٠٥م.

٢١٠_ اللبرالية إشكالية مفهوم، ياسر قنصوة، الناشر دار قباء، القاهرة، ٢٠٠٤م.

٢١١_ اللبرالية المتوحشة، د. رمزي زكي، ط ١، دار المستقبل العربي، القاهرة، ١٩٩٣م.

٢١٢_ اللبرالية المستبدة (دراسة في الآثار الإجتماعية والسياسية لبرنامج التكيف في الدولة النامية)، د. رمزي زكي، ط١، دار سيناء، القاهرة، ١٩٩٣م.

٢١٣_ ماذا خسر العالم بإنحطاط المسلمين، أبو الحسن الندوي، ط ٤، ١٩٨٤م.

٢١٤_ المبسوط، محمد بن أحمد السرخسي، دار المعرفة، بيروت.

٢١٥_ المثقفون والديمقراطية، فلوران إفتاليون و آخرون، تعريب: د. خليل أحمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ط ٢، ١٩٨٨م.

٢١٦_ مجموعة الإمبراطورية الأمريكية، مجموعة المؤلفين، نكتبة الشروق، القاهرة.

٢١٧_ مجموعة التوحيد، ت: رشيد عيون، مراجعة: عبدالقادر الأرناؤوط، مكتبة المؤيد الرياض.

٢١٨_ مجموع الفتاوى، شيخ الإسلام ابن تيمية، ط ١، ١٣٨١ هـ، مطابع الرياض.

٢١٩_ محمد عبده العقاد، سلسلة أعلام العرب، مصر.

٢٢٠_ مختصر الفتاوى المصرية، بدر الدين البعلي، دار الكتب العلمية، بيروت.

٢٢١_ المخططات الإستهمارية لمكافحة الإسلام، محمد محمود الصواف، دار الإعتصام القاهرة.

٢٢٢_ المدخل الفقهي العام، مصطفى الزرقا، دار القلم، دمشق، ط ١، ١٤١٨هـ.

٢٢٣_ مدخل لدراسة التاريخ الأوروبي، د. محمد مخزوم، ط ١، دار الشمال، بيروت، ١٩٩٠م.

٢٢٤_ مدخل مذهب المنفعة العامة، ليندساي، (ضمن أسس اللبرالية السياسية).

٢٢٥_ المذاهب الإقتصادية، جوزيف لاجوجي، ترجمة: ممدوح حقي، ط ١، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، ١٩٧٠م.

٢٢٦_ مذاهب فكرية المعاصرة، محمد قطب، ط١، دار الشروق، ١٤٠٣م.

٢٢٧_ مذكرات سلطان عبدالحميد، ترجمة: محمد جرب، دار الوثائق، الكويت، ط ٢، ١٤٠٢ هـ.

٢٢٨_ مذكرات في أصول الفقه، محمد الأمين الشنقيطي، المكتبة السلفية، المدينة المنورة.

٢٢٩_ المستدرك على الصحيحين، الحاكم، دار الكتب العلمية، بيروت.

٢٣٠_ مستقبل الرأسمالية، د. ليستر ثرو، ترجمة: فالح عبدالقادر حلمي، مطبوعات بيت الحكمة، بغداد.

٢٣١_ مسند الإمام أحمد، الشيخ أحمد شاكر، دار المعارف، مصر، ١٩٥٨م.

٢٣٢_ مشكلة الحرية، د. زكريا إبراهيم، مكتبة مصر، القاهرة، ١٩٧٢م.

**٢٣٣_ المصائر التاريخية، بودلي سوتشكوف، ترجمة: محمد عيتاني، وأكرم الرافعي، در الحقيقة، بيروت، ١٩٧٤م.**

**٢٣٤_ المصالح المرسلة، محمد الأمين الشنقيطي، مطابع الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة، ط ١، ١٤١٠ هـ.**

**٢٣٥_ مصنف ابن أبي شيبة، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٩٥م.**

**٢٣٦_ مصنف عبدالرزاق، المكتب الإسلامي، بيروت، لبنان، ١٩٨٧م.**

**٢٣٧_ معارج القبول بشرح سلم الوصول، حافظ حكمي، مطبوعات دار الإفتاء، الرياض.**

**٢٣٨_ معالم التنزيل، أبو محمد البغوي، ت: محمد النمر، عثمان ضميرية، سليمان الحرش، ط ١، دار الطيبة، الرياض، ١٤٠٩ هـ.**

**٢٣٩_ المعجم الأوسط، الطبراني، دار الحرمين، القاهرة، ١٤١٦ هـ _ ١٩٩٥م.**

**٢٤٠_ المعجم الفلسفي، د. جميل صليبا، ط دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٧١م.**

**٢٤١_ معالم التاريخ الإنسانية، هـ. ج. ويلز، ترجمة: عبدالعويو جاويد، القاهرة، ١٩٦٧م.**

**٢٤٢_ معركة المصحف، محمد الغزالي، طبعة القاهرة.**

٢٤٣_ المغني، ابن قدامة المقدسي، ت: د. عبدالله التركي، و د. عبدالفتاح الحلو، دار هجر، القاهرة، ط ١، ١٤٠٩ هـ.

٢٤٤_ مفاهيم يجب أن تصحح، محمد قطب، ط ٧، دار الشروق، القاهرة، ١٤١٢ هـ.

٢٤٥_ مفهوم الحرية، عبدالله العروي، ط ٦، ٢٠٠٢م، النشار المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب.

٢٤٦_ مفهوم الحرية في اللبرالية المعاصرة، ياسر قنصوة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٠م.

٢٤٧_ مفهوم اللبرالية عند جون ديوي، ياسر قنصوة، رسالة ماجستير في قسم الفلسفة، كلية الآداب، جامعة القاهرة، ١٩٩١م.

٢٤٨_ مقالات الإسلاميين، أبو الحسن الأشعري، ت: محيي الدين عبدالحميد، مكتبة النهضة المصرية، مصر.

٢٤٩_ مقالات الغلو الديني واللاديني، د. محمد عمارة، ط ١، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ١٤٢٤ هـ.

٣٥٠_ مقدمة ابن خلدون، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

٢٥١_ مقاصد الشريعة الإسلامية، د. محمد سعد اليوبي، ط ١، دار الهجرة، الدمام.

٢٥٢_ من العقيدة إلى الثورة، د. حسن حنفي، طبعة القاهرة، ١٩٨٨م.

٢٥٣_ منهاج السنة النبوية، ابن تيمية، ت: رشاد سالم، طبعة جامعة الإمام محمد بن سعود، الرياض.

٢٥٤_ الموافقات، أبو إسحاق الشاطبي، ت: مشهور سلمان، دار ابن عفان، الخبر، ط ١، ١٤١٧هـ.

٢٥٥_ المواقف في علم الكلام، الإيجي، عالم الكتب، بيروت.

٢٥٦_ الموسوعة السياسية، د. عبدالوهاب الكيالي، كامل الزهيري، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٤م.

٢٥٧_ الموسوعة العربية الميسرة، إشراف: محمد شفيق غربال، دار النهضة، لبنان، بيروت، ١٩٨١م.

٢٥٨_ موسوعة العضماء والمشاهير، خليل البدوي، دار الإسامة للنشر والتوزيع، الأردن، عمان، ط ١، ١٤١٩ هـ.

٢٥٩_ موسوعة لالاند الفلسفية، تعريب: خليل أحمد خليل، ط ١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٩٦م.

٢٦٠_ موقف ابن تيمية من الأشاعرة، عبدالرحمن المحمود، ط ١، ١٤١٥ هـ، دار الرشد، الرياض.

٢٦١_ موقف العقل والعلم والعالم من رب العالمين و عباده المرسلين، مصطفى صبري، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط ٢، ١٤٠١ هـ.

٢٦٢_ النكير على منكري النعمة من الدين والخلافة والأمة، مصطفى الصبري، المطبعة العباسية، بيروت، ١٣٤٢ هـ.

٢٦٣_ نواقض الإيمان القولية والعملية، د. عبدالعزيز آل عبداللطيف، دار الوطن، الرياض.

٢٦٤_ نواقض الإيمان الإعتقادية وضوابط التكفير عند السلف، محمد بن عبدالله الوهبي، ط ١، ١٤١٦ هـ، ١٩٩٦م، دار المسلم للنشر والتوزيع، الرياض.

٢٦٥_ نهاية الإقدام في علم الكلام، الشهرستاني، ت: الفرد جيوم، نسخة مصورة عن طبعة ليدن.

٢٦٦_ هداية الحيارى في أجوبة اليهو= والنصارى، ابن قيم الجوزية، ط ١، ١٤٠٧ هـ، دار الكتب العلمية، بيروت.

٢٦٧_ هذه هي الرأسمالية، فرانسوا بيرو، ترجمة: محمد عيتاني، دار بيروت للطابعة والنشر، بيروت، ١٩٥٣م.

٢٦٨_ واقعنا المعاصر، محمد قطب، مؤسسة المدينة للصحافة، جدة، ط ٣، ١٤٠٧ هـ.

٢٦٩_ وجاء دور المجوس (الأبعاد التاريخية والعقائدية والسياسية للثورة الإيرانية)، عبدالله محمد الغريب، ط ٦، ١٤٠٦ هـ.

٢٧٠_ وجهة نظر الماركسية حول مشكلات تنمية العالم الثالث، م. فالكون وسكي، ترجمة: د. كمال الغالي، دار الحقيقة، بيروت، ١٩٨٢م.

**ئەمانە چەند سەرچاوەیەكن، سەرچاوەكانی تر لە توێژینەوە ڕەسەنەكەدا هەن.**

**دووەم: گۆڤار و بڵاوكراوەكان:**

**١_ آفاق اقتصادية، ژمارە ٦٩، گۆڤارێكی زانستی وەرزییە، یەكێتی هۆبەی بازرگانی و پیشەسازی لە دەوڵەتی ئیماڕات دەریدەكات.**

**٢_ الأهرام الإقتصادي، ژمارە ٢٢٧، ٢٢٨، ژمارەكانی تری جگە لەمانەش.**

**٣_ كۆشش (الاجتهاد) و نوێكاری.**

**٤_ ڕۆژنامەی هەواڵی میصری لە ٢٤ نۆفەمبەری ١٠٨٢ز.**

**٥_ ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی بۆ ساڵی ١٩٩٢ز.**

**٦_ ڕۆژنامەی موسڵمانان، ژمارە ٢٣٧.**

**٧_ ڕۆژنامەی ئەهرامی میصری، چوار شەممە ٢١/ یۆلیۆی/ ٢٠٠٤ز.**

**٨_ ڕۆژنامەی ژیان، بەرواری ١٣ فەبرایەری، شوباتی ٢٠٠٤ز.**

**٩_ ڕۆژنامەی ڕۆژی لوبنانی، دوو شەم، ٣١ تشرینی یەكەمی ٢٠٠٥ز.**

**١٠_ ڕێگە، ژمارە ٤. گۆزڤارێكی سیاسی مانگانەیە، لە ساڵی ١٩٤١ز دامەزراوە، ئەنتوان سابت لە لوبنان دایمەزراندووە.**

**١١_ پرسە ئیسلامییە هەنووكەییەكان، ژمارە ١٩، ٣١، ٣٢.**

١٢ _ گۆڤاری (إسلامية المعرفة، المعهد العالمی للفكر الإسلامی) ژمارە ٣١، ٣٢.

١٣ _ گۆڤاری توێژینەوەی فەلەستینی، ژمارە ٢٣. گۆڤارێکی وەرزیە، لە ساڵی ١٩٩٠ز دەرکراوە لەلایەن دامەزراوەی توێژینەوەی فەلەستینی، لە یەك کاتدا لە بەیروت و لەندەن دەنوسرایەوە.

١٤ _ گۆڤاری جیهانی هزر، ژمارە ٢.

١٥ _ گۆڤاری عەرەبی، ژمارە ٤٠٥، ٤٠٩.

١٦ _ گۆڤاری عەرەبی بۆ زانستی مرۆیی، ژمارە ٧٧.

١٧ _ گۆڤاری هزری ستراتیژی عەرەبی، ژمارە ٤١.

١٨ _ المستقبل العربي، ژمارە ١٣٣.

١٩ _ المسلم المعاصر (ژمارەی دەستپێك).

سێیەم: پێگەکانی ئینتەر نێت:

١ _ إسلام أون لاين www.islamonline.net

٢ _ الإسلام اليوم www.islamtoday.net

٣ _ التجديد العربي www.arabenewal.org

٤ _ جريدة إيلاف الإلكترونية www.elaph.com

٥_ الجزيرة نت www.aljazeera.net

٦_ شبكة القلم المصرية www.alqlm.com

٧_ الليبرتارية www.libertarianism

٨_ معهد لوك _ سيمث www.locksmithinstitute.com

٩_ الملتقى الفكري للإبداع www.almultaka.net

١٠_ مؤسسة راند www.rand.org

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەڕە**

پێشەکی وەرگێڕ

پێشەکی نووسەر

**بەشی یەکەم: سەرهەڵدان و پەرەسەندنی لیبڕالییەت**

سەرەتا

دەروازەی یەکەم: ئەوروپا لە نێوان لادانی ئاینی و زۆرداری سیاسی

یەکەم: لادانی ئاینی

١ _ دەستکاری کردنی ئینجیل

٢ _ بڕواهێنان بە بیروباوەڕی سێکۆچکەیی

٣ _ شتە داهێنراوەکانی ناو نەصرانیەت

_ بیروباوەڕی لە خاچدان و کردنە قوربانی

_ دەسەڵاتی کەهەنوتی

_ ڕەهبانیەت

_ نهێنیە پیرۆزەکان

دووەم: زۆرداری سیاسی

١_ زۆرداری کڵێسا

_ وەستان دژی ئازادی هزری

_ زاڵبوونی سیاسەتی ستەمکارانە

_ کۆکردنەوەی باجەکان و کاری بەخۆڕایی

٢_ زۆرداری خانەدانەکان

٣_ زۆرداری پاشایەتی

دەروازەی دووەم: وەرچەرخانە هزریەکانی ئەوڕوپا بەرەو لیبڕالییەت

یەکەم: بزوتنەوەی ئەدەبی هەڵگری ئاڕاستەی مرۆیی (زیندووکردنەوەی داب و نەریتی ئیغریقی)

١_ زیندووکردنەوەی کەلەپوری ئیغریقی

٢_ ئاڕاستەی مرۆیی

٣_ ئازادی بەرەڵایی

٤_ ڕۆڵی بۆرژووازیەت لە پاڵپشتی کردنی بزوتنەوەی ئەدەبی مرۆیی

**دووەم: بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی**

**سێیەم: هزری تاقیکاری ماددی**

**دەروازەی سێیەم: ڕۆڵی چینی ناوەند لە دەرکەوتنی لیبڕالییەت**

**یەکەم: شۆڕشی ئینگلیزی (١٦٨٨ز)**

**دووەم: شۆڕشی ئەمریکی (١٧٧٥ز)**

**_ کتێبی (عەقڵی سەلامەت) دانراوی (تۆماس بین)**

**_ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (١٧٧٦/٧/٤ز)**

**_ دەستووری ئەمریکی و بەڵگەنامەی مافەکان ١٧٨٧/٩/١٧ز**

**سێیەم: دەستووری فەڕەنسی**

**دەروازەی چوارەم: لیبڕالییەت لە نێوان هەڵکشان و داکشان**

**قۆناغی یەکەم: پێکهاتنی لیبڕالییەت (لە سەدەی ١٥ز تا سەدەی ١٨ز)**

**قۆناغی دووەم: هەڵکشانی لیبڕالییەت (لیبڕالییەتی کلاسیکی) (١٧٧٦ _ ١٩١٤ز)**

**قۆناغی سێیەم: داکشانی لیبڕالییەت (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی) (١٩١٧ _ ١٩٧٠ز)**

**قۆناغی چوارەم: دووبارە هەڵکشانەوە (لیبڕالییەتی نوێ) (١٩٨٠ تا ئێستا)**

**بەشی دووەم: چەمکی لیبڕالییەت و ئاڕاستەکانی**

دەروازەی یەکەم: واتای چەمکی لیبڕالییەت

_ چەند چەمکێکی نزیك لە لیبڕالییەت

نارۆشنی چەمکی لیبڕالییەت و هۆکارەکانی

یەکەم: نارۆشنی بنەمای ئازادی

دووەم: ناتەبا بوون و نەگونجان (دژیەك بوون)

سێیەم: فرە بۆچوونی سەبارەت بە چەمکی لیبڕالییەت

چوارەم: دروشمی خۆکاری کرداری مرۆیی

پێنجەم: پەیوەست بوونی چەمکی لیبڕالییەت بە سەرمایەداریەوە

دەروازەی دووەم: بنچینە هزرییەکانی لیبڕالییەت

بنچینەی یەکەم: ئازادی

یەکەم: ئازادی ویست

دووەم: ئازادی شارستانی

چەمکی ئازادی لە نێوان ئەرێنی و نەرێنیدا

یەکەم: واتای نەرێنی ئازادی

دووەم: واتای ئەرێنی ئازادی

**ئازادی و یەکسانی**

**بنچینەی دووەم: تاکایەتی**

**یەکەم: تاکایەتی لاساییکەرەوە**

**دووەم: تاکایەتی نوێ**

**بنچینەی سێیەم: ژیرمەندی (عەقڵانیەت: عەلمانیەت)**

**دەروازەی سێیەم: ئاڕاستەکانی لیبڕالییەت**

**سەرەتا**

**ئاڕاستەکانی لیبرالیەت**

**یەکەم: لیبرالیەتی کلاسیکی**

**_ قۆتابخانەی سروشتی (فیزیۆقرات) (١٧٤٨ز _ ١٧٨٩ز)**

**_ قۆتابخانەی ئیسکۆتلەندی (١٧١٤ز _ ١٨١٧)**

**_ ڕۆشنگەری فەرەنسی (١٧١٧ز _ ١٧٨١ز)**

**_ قوتابخانەی مانشستەر (١٨٣٢ز _ ١٨٤٩ز)**

**دووەم: ڕادیکاڵی فەلسەفی (ڕێبازی سوودگەرای یاسایی)**

**سێیەم: لیبڕالییەتی هزری**

**چوارەم: شرۆڤەی پێناسەیی (قوتابخانەی کلاسیکی هاوچەرخ)**

**پێنجەم: لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی**

_ **قوتابخانەی کینزی**

_ **قوتابخانەی ڕێگای سێیەم**

**شەشەم: لیبڕالییەتی براگماتی**

**حەوتەم: لیبڕالییەتی نوێ**

_ **قوتابخانەی ڕەخنەیی (قوتابخانەی شیکاگۆ)**

_ **قوتابخانەی هەڵبژاردنی ئازاد**

**بەشی سێیەم: بوارەکانی لیبڕالییەت**

**سەرەتا**

**دەروازەی یەکەم: لیبڕالییەتی سیاسی**

**یەکەم: تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی**

**دووەم: مافە سەرەکییەکانی تاك**

**سێیەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان**

**چوارەم: سنووری دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەسەر تاك**

**پێنجەم: ئازادی هزرو ڕاوبۆچوون**

**شەشەم: لیبڕالییەت لە بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسیەت**

حەوتەم: قەیرانی سیستەمی دیموکراسی

دەروازەی دووەم: لیبڕالییەتی ئابووری

یەکەم: ڕێبازی سروشتی کلاسیکی

دووەم: ڕێبازی کینزی (لیبڕالییەتی کۆمەڵایەتی)

سێیەم: تیۆری ڕێگەی سێیەم

چوارەم: لیبڕالییەتی نوێ (قوتابخانەی شیکاگۆ)

١_ خەسڵەتە سەرەکییەکانی هزری نەختینەگەراکان

٢_ جێبەجێکردنەکانی لیبڕالییەتی نوێ و شوێنەوارەکانی (دەرەنجامی کرداری ڕەخنەگران)

تاتشریەت

ریگانیەت

لایەنەکانی لیبڕالییەتی نوێ

أ_ سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت و دەست تێوەردانی لە چالاکی ئابووری

ب_ دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و سەرمایە لەبەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان

پ_ ڕەخنەگرتن لە دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی

**پێنجەم: قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری**

**بەشی چوارەم: لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا**

**پێشەکی**

**دەروازەی یەکەم: هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا**

**یەکەم: لادانی بیروباوەڕی**

**أ_ تاقمە شاراوەگەرا (باتینیە) لاڕێبووەکان و شوێنەوارەکانیان**

**ب_ مورجیئایەتی و شوێنەوارەکانی**

**پ_ تەصەوف و شوێنەوارەکانی**

**دووەم: زۆرداری و خۆسەپاندنی سیاسی**

**سێیەم: چەقبەستوویی و لاساییکردنەوە**

**چوارەم: هێزی داگیرکەرەکان**

**دەروازەی دووەم: دیمەنەکانی لیبڕالییەت لە جیهانی ئیسلامیدا**

**یەکەم: لیبڕالییەت لە حوکم و دەسەڵاتدا**

**أ_ سەردەمی ڕێکخراوەکان**

**ب_ ڕێبازی گونجاندن لە نێوان ئیسلام و شارستانیەتی خۆرئاوای لیبڕالی**

**پ_ ڕێکخراو و کۆمەڵە و حیزبە سیاسییە لیبڕاڵییەکان**

١_ کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی

٢_ حیزبی وەفد

ت_ گۆڕانی دیموکراسی و پرۆژەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

دووەم: لیبڕالییەت لە دارایی و ئابووریدا

أ_ پاشکۆیەتی ئابووری

ب_ بەرنامەی چەسپاندن و گونجاندنی پەیکەری

سێیەم: بانگەشەی ئیسلامی لیبڕالی

أ_ پرۆژەی ئەمریکی بۆ پرسی ئیسلامی لیبڕالی

ب_ چەند نموونەیەکی کرداری بانگخوازانی (ئیسلامی لیبڕالی)

چوارەم: ڕەوتە لیبڕالییەکان

١_ ڕەوتی لیبڕالی ئیسلامی

٢_ ڕەوتی لیبڕالی نەتەوەیی

٣_ ڕەوتی لیبڕالییە نوێیەکان

**بەشی پێنجەم: هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر لیبڕالییەت**

سەرەتا

دەروازەی یەکەم: هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئازادییەکان

**ئەو ڕێسا و یاسا و بنچینانەی بەڵگە و ئاماژەن لەسەر ئازادی لە ئیسلامدا**

**١_ ئاماژەی مەبەستەکانی بەرنامەی ئیسلام**

**٢_ ئاماژەی ڕێپێدراوی ڕەسەن**

**٣_ ئاماژەی بنچینەی ئەستۆپاکی**

**چەند نموونەیەکی جێبەجێکاری لە هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئازادییەکان**

**یەکەم: ئازادی ویست**

**أ_ یەکتاناسی ویستی (یەکتاپەرستی)**

**ب_ ئازادی هەڵبژاردن (قەزاو قەدەر)**

**دووەم: ئازادی سیاسی**

**بنچینەکانی ئازادی لە حوکمڕانیدا**

**أ_ بەرپاکردنی دادگەری و ڕەتکردنەوەی ستەم**

**ب_ هەڵبژاردنی دەسەڵاتدار**

**پ_ دەسەڵاتدار پێویستە پابەند بێت بە ڕاوێژەوە**

**ت_ چاودێری کردنی دەسەڵاتدارو ڕاستکردنەوەی**

**سێیەم: ئازادی ئابووری**

دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا

١_ هەڵسانی دەسەڵاتدار بە بەنددارکردنی ڕێپێدراو (المباح)

٢_ پاڵپشتی و هاریکاری دەوڵەت بۆ هەژارو دەستکورتان

چوارەم: ئازادی ڕادەربڕین

ڕێکخەرەکانی ئازادی ڕادەربڕین

ڕێکخەری یەکەم: ڕاو بۆچوونەکە شەرعی و ڕەوا بێت

ڕێکخەری دووەم: هەبوونی شایستەیی ڕاوبۆچوون

ڕێکخەری سێیەم: ڕەچاوکردنی ئەو دەرەنجامەی بۆچوونەکە سەری بۆ دەکێشێت

ڕێکخەری چوارەم: ئەو ئامرازەی ڕاو بۆچوونەکەی پێ دەردەبڕدرێت شەرعی و ڕەوا بێت

پێنجەم: ئازادی بیروباوەڕ

أ_ ڕزگارکردنی بیروباوەڕ لە داب و نەریت و هەواو هەوەس

ب_ زۆرلێنەکردن بۆ موسڵمان بوون

دەروازەی دووەم: حوکمی شەرعی سەبارەت بە لیبڕالییەت

سەرەتا

_ حەقیقەتی ئاینی ئیسلام

یەکەم: هەڵوەشێنەرەوەکانی باوەڕ لە لیبڕالییەتدا

أ_ کوفری بە حەڵاڵ دانان

ب_ کوفری گومان

پ_ کوفری دانپێدانەنان

ت_ حوکم کردن بە جگە لەو بەرنامەیەی خوا دایبەزاندووە

ج_ هاوبەشدانانی مەبەست و ویست

دووەم: تێکدەرە ڕەوشتییەکان لە لیبڕالییەتدا

أ_ خۆویستی

ب_ شوێنکەوتنی هەواو هەوەس

٣_ ستەم

_ چەند گومانێك و بەرپەرچەکانیان

گومانی یەکەم: گومانی تەکفیر

گومانی دووەم: لیبڕالییەت تەنها ئامرازێکە و بیروباوەڕ نییە

گومانی سێیەم: لیبڕالییەت هەندێك شتی باشی هەیە

کۆتایی

**سەرچاوەکان**

**ناوەڕۆك**

# حەقیقەتی لیبرالیەت و هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەریدا

هزری لیبڕالی هزرێکی داگیرکارییە، مەبەست لێی دەستگرتنە بەسەر تەواوی جیهاندا، ئەم هزرە پشت دەبەستێت بە تاکێتی خۆویست و کێبڕکێ و ڕەچاوکردنی هێز وەك پێوەری ڕاستی هەق، چونکە مانەوە بۆ چاکترو شیاوترە، هەر بۆیە سەدەی نۆزدەمی زایینی (سەدەی جەنگە جیهانییەکان) و (داگیرکردنی ڕاستەوخۆ) بوو، ئەم سەدەیە سەدەی زێڕینی لیبڕالیەت بوو، دوای دەرچوونی داگیرکەر بەبێ حەزی خۆی، ئەوا وڵاتە داگیرکراوەکان خرانە ناو سیاسەت و ئابووری دەوڵەتە مەزنەکان لەسەر بنچینەی (ناوەند و دەورووبەر)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مانەوەی داگیرکاری بەشێوەیەکی نوێ.

وایلێهاتووە وڵاتانی ئیسلامی دەناڵێنن بەدەست پاشماوەکانی ئەم هزرە جا ئەمەش چ بە لە دەستدانی ئازادییەکەی بێت لە داڕشتنی دامەزراوەو بەرنامەکانی بەپێی بەرژەوەندییەکان و پەیڕەوی خوایی کە بەهۆیەوە خواپەرستی دەکات یان بەهۆی بوونی هەندێك دەستە و پێڕی پاڵپشتی کراو بێت لەلایەن دەوڵەتە مەزنەکان کە دامەزراوەکانی وڵاتانی ئیسلامی دروست دەکات بەشێوەیەك کە پێچەوانەی ئایین و بەرژەوەندی گەلانی وڵاتانی ئیسلامی بێت.

بەمەش ئوممەتی ئیسلامی کەوتۆتە نێوان دوو ڕاکێشەردا، لایەکی بریتییە لە لایەنی دەرەکی کە خاوەنی هێزێکی سەربازی و ئابووری مەزنە، هەڵدەستێت بە فشاری بەردەوام بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی، گەمارۆدانی هەر هەوڵێك لە پێناو ڕابوون و بە ئاگاهاتنەوە و سەربەخۆیی ، لایەنەکەی تر: لایەنی ناوخۆییە، کە هەڵدەستێت بە کرچ و کاڵی و کەم و کورتی خستنە ناو ڕیزەکان و دژایەتی کردنی هەر یەکێك کە هەوڵدەدات ڕابکات لە حوکمڕانی و قەڵەمڕەوی نەفامی خۆرئاوا.


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com



trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN
/TafseerOffice



14000 دینار